تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە 2001/1/1 تا 2007/10/31

عەلی کەندی

بەرگی چوارەم - چاپی دووەم

بژارکراو و پترکراو

باشووری کوردستان - هەولێر

2709 - 2009

گەنجینەیەکی پڕ لە مێژووی ڕووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدە دا

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لـــە

٢٠٠١/١/١ تـــا ٢٠٠٧/١٠/٣١

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە ٢٠٠١/١/١ تـــا ٢٠٠٧/١٠/٣١

عــەلی کــەندی

بەرگی چوارەم – چاپی دووەم
بـــژارکـراو و پتـــرکـراو
باشـــووری کوردستان – هەولێر
٢٠٠٩ - ٢٧٠٩

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری مێژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی چوارەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر رەخنەیەك یان پێشنیارێك یان هەر زانیارییەك لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایـــــل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یـــــان ژمـــــارەی ئاریـــــافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یـــــان ئیمێلی:Alikendi@yahoo.com

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

* ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. com

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لە گەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشـەکردن و بووژانـەوەی بـەردەوام بـە پێـی تێپـەر بـوونی قۆناخـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی مرۆڤایـەتی لـە هـەموو بوارەکـانی رامیـاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکـەلتوورو داب و نـەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و .... هی دیکە .
ئەمـەش پێویـستی بـە زانیـاری تـەواو هەیـە لـەم بوارانـەدا ، لـە پێنـاو هەڵسەنگاندن و شێکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بـوارە جیاجیاکـان و گوونجانـدنی لەگـەڵ ئێستا دا .؟
ئـەویش لـە پێنـاو هێنانـە کایـەوەی بـارێکی لـە بـارەو گوونجـاوتر بـۆ خزمـەتکردنی مرۆڤایـەتی، بـە دابـین کـردن و سـەقامگیرکردن و مـسۆگەر کردنـی داد پـەروەری کۆمەلایـەتی و دانـان بـە مـافی مـرۆڤ و چارەسـەر کردنـی کێـشە تەشـەنە دارەکـانی لـەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، بە تایبەتی لە بوارەکـانی نەتـەوەیی ونیـشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونـەریت و شـووێنەوارو شارسـتانیەت وئاین وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەسـت لـەناو دەسـتدا و رازی بـوون بـە بەرامبەرەکـە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کـردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگـۆو دایلـۆگ ودانـی مافـە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .
جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسـەکەم ، بـەلکوو دەسپەکەی چاپی یەکـەم وبـەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئاماژەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بـە شـێووەیەکی لـە بـار لـە بوارەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .
وادیارە ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتـەوە لـە دەرونـی خووێنـەوەران وسەراکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بـە دەسـت هێنـاوە ، لـە سـەر بـاری کوردو کوردسـتان لـەو هەموو بوارانـەدا . بەلگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تـیراژی ٤٥٠٠ دانـەی لەلایـەن وەزارەتـی پـەروەردەی حکوومـەتی هـەرێم لـە باشـووری کوردسـتان کڕاوەتـەوە و بۆتـە سەرچـاوەیەکی سـوود لێـوەرگرتن وەك سەرچـاوەیەك . کـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە داواکاری زۆری لە سەر بێت .

جا منیش بەو پەری دڵخۆشیەوە ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەم ، لە چوار بەرگدا دەخەمە بەردەستتان بە شێوەیەکی تێرو تەسك لە هەموو بوارەجیاجیاکان . بە ناوێکی دیکە کە — ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە — یە ئەمەش لە سەر داوای مامۆستایانی شارەزا بە هۆی لە خۆگرتنی هەموو بوارێك بەتایبەتی لە سەر کوردو خاکی کوردستان .

وەك بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاین و جووگرافی و زمان و کەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گەردوون و یاساو شەڕو ئاشتی و بە بەلگە نامەکان . ئافرەت و رووداوەکانی تیرۆرستەکان و فرۆکەو پزیشك و .... ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لە ناوەرۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا .

کە بەرگی یەکەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەکات تا ٣١ / ١٢ /١٩٠٠ ، هەروا بەرگی دووەم لە ١٩٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ١٩٥٠/١٢/٣١ ، بەرگی سێیەم لە ١٩٥١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هەروا بەرگی چوارەم لە ٢٠٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ .

لە هەمان کات بە پێی پێویست وێنەکانیشی لەگەڵ دانراوە لەگەڵ نەخشە جیاجیاکان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ .

بەلام بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەکان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیکە سەیری بکەیت لە ناوە رۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا . لە بەر ئەوەی دانەنراوە ، یا وێنەکە دەست نەکەوتووە یا وێنەکە زۆر کۆن بووە ، لە هەمان کات نەم ویستووە وێنەکان دووبارە ببنەوە . وەك بەلگەیەکی راست و دروست و رێك و پێك لەم کتێبە دانراون .

لە هەمان کات داوای لێبووردن لە خوێنەرانی هەلگری ئەم کتێبە دەکەم لە هەر کەموو کوریەك ، لە بەر ئەوەی مرۆڤ گەر هەڵە نەکات پێش ناکەویت .

لە کۆتایی هیوادارم خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی کوردی و خووێنەری کوردم کردبێت لە کوردستان و وولاتانی دراوسێی کوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عەلی کەندی

نووسەرو رۆژنامەنووس

دانەری ئینسکلۆپیدای مێژوونامە

٣١ / ١ / ٢٠٠٩

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئەم خەمخۆریە تاقە کەسییە کە لایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لە وولاتاندا بۆ هەر بوارێك لەم بوارانەدا دەزگایەك بە کۆمەڵێ پسپۆرو شارەزاو لێزان بەماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێ هەموو کاتێکیان بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی ئینسکلۆپیدیا تەرخان دەکەن وەك (ئینسکلۆپیدیای زمان ، فۆلکلۆر ، سیاسەتمەداران ، شاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد) ئەم ئینسکلۆپیدیانە لە کتێبخانەکانە و لەسەر تۆری ماڵپەرەکان هەن و هەروەختێ یەکێك ویستی لە چ بوارێك پێویستی پێی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ ، بەلام بەداخەوە لایەنی پەیوەندار لە کوردستان چ حکوومەت و دەزگاکانی تایبەتمەند نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هەبێ کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قووڵی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ ، ئینجا چاپ و بلاوبکرێنەوەو جارێ خەرمان بەرەکەتی زمانی کوردی بەهەموو شێووە زارەکانی کۆنەکراونەتەوەو تاکو لەبەردەست دابێ ، ئەوجا دەزانین چ زمانێکی زەنگین و رەنگینمان هەیە .

لە بەر ئەوەی زمان ناسنامەو گیانی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەك بێ ، بۆیە هەرچەندی بایەخ و گرنگی و بەها بەزمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکە کە لە کوردستان دەژین بدرێ هێشتا کەمە ، چونکە هێندەی تر هزرو رۆناکبیری و ووشیاری نەتەوایەتی پێگەیشتن و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینێ و گەر خاك نیشتمان و وولات بێ ، ئەوا زمان گیانەکەیەتی و هەڵگری ناسنامەی تایبەمەندیەتی لەنێوو زمانانی جیهاندا هەیە .

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
باشووری کوردستان – هەولێر
٢٠٠٩/٨/١٠

کارێــــکی کەلتـــووری مـــەزن

••• ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :

((ئینسکلۆپیدیایە – مێژوونامە))

قەلآیەکی کلتووری مێژووی مەزنە ،

وەکو قەلآکەی شاری مێژوو – هەولێر

– ، هەردەم زیندووە .

بەڵێ ، کارگە ووشە سازیەکەی

مامۆستا عەلی کەندی ، مەزنترین

سەرمایەی کوردو کوردستان و

مرۆڤایەتیە . لە لایەنی داڕشتن و

زمانەوانییەوە ، خۆزگە باشتر بوایە .


الزمان
AZZAMAN.COM
... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :
((ئینسکلۆپیدیایە – مێژوونامە))
قەلآیەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکو
قەلآکەی شاری مێژوو – هەولێر – ،
هەردەم زیندووە .
بەڵێ ، کارگە پیشەسازییەکەی
مامۆستا عەلی کەندی ، مەزنترین
سەرمایەی کوردو کوردستان و مرۆڤایەتییە .
لە لایەنی داڕشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە
باشتر بوایە ..
مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

مومتاز حەیدەری

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٩/٧/٧

پێشەکی

لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەکم لە سەر چاپی یەکەمی کتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی کەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە ، چونکە ئەگەر بزانم کتێبێك لاوازە و کەم بایەخە کاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناکوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەڵام دیارە کتێبەکەی نووسەر عەلی کەندی لەم جۆرە نییە ، پاش ماوەیەك عەلی کەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەوە کردم و باسی لەوە کرد کە مێژوونامەکەی کردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحاڵی خۆم پێشانداو کاتێکمان بۆ یەکتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەك سەردانی بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستانی کردو دڵخۆش بووم بەوەی کە هاورێیەکی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەڵام بینیم کە چوار بەرگەکە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەکانی زۆرە ، بۆیە داوای کاتێکی باشم کرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم ، بەڵام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە کاتێکی کەمتردا ئەرکەکەم ئەنجام بدەم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم و کەمی کات و گەورەیی بابەتەکە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەکەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی تر لە هەڵەی چاپ و هەندێ جاریش هەڵەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەڵام لە هەمان کات کارێکی مەزنە بە ماندووبوونێکی زۆر ئەنجام دراوە . نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە ، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات ، بە تایبەتی کە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە کوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی کوردی دەزانن ، بۆیە چاپکردنی کتێبی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا بەشداریکردنە لە بەرەو پێشبردنی رەوتی رۆشنبیری کوردی ، بۆیە داوا لە خوێنەران و رەخنەگرانی کورد دەکەم کە بە بایەخەوە سەیری ئەم بەرهەمە

بکەن و بیخوێننەوە و لە سەری بنووسن و لایەنە چاك و خراپەکانی بە دیار بخەن ، تاوەکو گەر هەر کەم و کوریەکیشی هەبێت لە چاپەکانی تردا ڕاست بکرێتەوە .
نووسەر کارێکی زۆر باشیش دەکات کە نووسینی خۆی پێش چاپ کردن بە خەڵکانی تر پێشان دەدات ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەکانی خۆی ببینیٚ ، لە کۆتایشدا هیوادارم کە عەلی کەندی ئەم توانا باشەی هەیەتی لە بواری کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت . بەمەش بابەتەکانی نووسینی لە باشەوە بەرەو باشتر دەچێت و هەر نووسەرێکیش لە پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د . محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور
جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان و
سەرنووسەری گۆڤاری مێژوو
سەرۆکی بەشی مێژوویی ئێواران / کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی
سەلاحەدین ٢٥ /٧/ ٢٠٠٩

پێشەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

فەرهەنگی زمان و ئەدەب و زانستی و هونەر بەهەموو بابەتەکانیەوە، هەروەها ئەنسیکلۆپیدیاو ڕێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبەتی و گشتی لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ نرخیان گرانترو پێویستیان زیاتر دەبێ. ئەگەر لەڕۆژگاری ئەمڕۆی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری کەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەکانی فەرهەنگی زمان و ئەنسیکلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئەو نرخەیان نامێنێ، یا کەس پێویستی پێ یان نابێ بەهەڵە چووە، چونکە هێشتا ئەم ئامارە تازە داهاتوانە بەسەرهات و کردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیان تۆمار نەکردووە لەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەییەکی زۆری دەوێ، جگە لەوەی ئەم ئامارانەش لەبەردەستی هەموو کەسێك نین، تەنیا خوێندەوار کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئەدی نەخوێندەوار لەسەر ڕووی زەوی ژمارەیان چەندە! نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو بەتایبەتی لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە!

لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی باسم لێوەکردن لەناو کۆمەڵی ئێمەی کوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لەم لایەنەوە نامەخانەی کوردی هەژارە، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکان ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان بە نەتەوە (الأمة Nation) بزانن پێویستە تۆماری زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیاو کولتووری نەتەوەیی یان هەبێ، ئەوەی ئەم هەموو مەرجە کولتووریانە دەپارێزێ و ڕێکی دەخا ئەو کارەیە کە بەشێکە کەوتۆتە ئەستۆی عەلی کەندی.

تاقیکردنەوە لەناو کوردەواری ئێمەدا لەم بابەتەوە کەمە، ئەوەی کراوە لەو پلەیەدا نییە باوەڕی تەواوی پێ بکرێ، چونکە دوو هۆی سەرەکی دوژمنی ئەم جۆرە کارە زانستییانەن، یەکەمیان ئیدۆلۆجییەت و دووەمیان سۆزی نەتەوەیی (قەومی)، ئەم دیاردانە هەوێنی کاری داهێنانی ئەدەبی و هونەرین، بەلام پێویستە زۆر دووربن لە کاری لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا. لەناو میللەتانی کەم پێشکەوتوودا شوێنەواری ئەم دوو ڕەوشتە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیە تا پلەیێك دەمێنێ.

عەلی کەندی خۆی لەم کارە قورس و پڕ هەوەس و بە کەڵکە داوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی

نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی ڕێز لێنانەوە پێی خۆش بوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی ڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کارەی دانەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئەنجام. ئەم سەرچاوانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، سەرچاوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی. ئەوانەی ڕۆژئاوا مەرجی ڕاستی و بابەتیان تێدا هەیە.

بەڵام سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان، بەتایبەتی کوردییەکان هەندێ جار جێی متمانە نین، چونکە ئیدیۆلۆجییەت و سۆزی نەتەوەیی تیایاندا کاری خۆیان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتەوە دوور بکەونەوە .

هەر چۆنێ بێ ئەگەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عاتیفی لەهەندێ جێگە لەم کارە گرنگەدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان، هەروەها ئەم دیاردەیە هەندێ جار لەسەرچاوە ئەورووپاییەکانیش دەکەونەبەرچاو، بەوەی ئەو کتێبانەی لەزمانانی ئەورووپاییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ ڕۆشنبیری کورد عەلی کەندی کارێکی گەورەی کردووە، ئەمە تەنیا لە کتێبی "مێژوونامە"دا ناکەوێتە ڕوو، بەڵکو لەپێش ئەوە هەندێ کاری دیکەی لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگو ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لەم مەیدانە گرنگەی کولتووری هەموو نەتەوەیێك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە.

ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو گێتی دا سوود بەخوێندەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن، کەچی نووسینەکانیان دەبن بەسەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك، بەڵام ناویان ناچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشی لەبەڕێز عەلی کەندی دەکەم، هیوام وایە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٤ ی مایسی ٢٠٠٧

دەسـپێك بۆ چاپی یەکەم

خووێنەری بەڕێز :- ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان کارێکی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەکانی کوردو کوردستانو وولاتانی جیهان لە ۲۰۰۱/۱/۱ زاینی تاکوو ۲۰۰٦/٦/۱ بەپێی قۆناخە تێپەڕ بووەکانی پەرەسەندنو پێشکەووتنو گەشەکردن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەییو نیشتمانیو ڕامیاریو ئابووریو سەربازیو زمانو مێژوو کەلتوورو دابو نەریتو شووێنەوارو شارستانیەت.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی کەسایەتی تاكو خێزانو بنەماڵەو کۆمەڵگاو نیشتمانو نەتەووەو زمانو مێژوو و دابو نەریتو کەلتوورو شووێنەوارو بەرەو شارستانیەت، بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان ، کە هەر هەمووی لە ئەنجامی کێشەو ململانێی بەردەوام بووە چ لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتو سەلماندنی بوونی خۆییو چ لە ململانێی ناو خوودی مرۆڤایەتی . لەپێناو پێك هێنانی یەکەم:- نیشتمانو، دووەم :- نەتەووەو دووایی بە چەسپاندنی سنوورو دەسەلاتو دەووڵەتو بەرەو دامو دەزگاکان .

کە کوردیش نەتەوەیەك بووە لەپێشەوەی بەر لە نەتەوەکانی دیکەی سەر زەوی لەناو ئەو کێشەوململانێیەدا خوولایتەوە ، کورد بەر لە ۲۸٤٥ ساڵ خاوەنی ۲۷ وویلایەتی خۆیی بووەو ۲۷ سەرۆكو شانشین دەسەلاتداریەتی نیشتمانو گەلەکەیان کردووەو بەردەوام بوونە لە پاراستنی دەسەلاتەکەیان ، کە پایتەختەکەیان هەمەدانی ڕۆژهەلاتی کورستان بووە، خاکی کوردستانو گەلەکەی سەرچاووەی یەکەمی بە دەست هێنانی باری پیشەسازیو کشتووکاڵو بناسازیو بازرگانی بوونەو سەرچاووەی پەرەسەندنو پێشکەووتنو گەشەکردنی گەلانی دیکە بوونە . بە تایبەتی سۆمەریو بابلیو هەروا ،... هەتا

لە بوواری نووسین بەهەموو بووارەکانی کە بەر لەو مێژووەی سەرەوە لەسەر خاکی کوردستان گەلەکەی نووسین و خوێندنی بەدەست هێناوە . لە بەرئەوەی مێژوو و جووگرافیا جەستەیەکی زیندووی هاوبەشن لە دوو ڕێگای هاوسەنگ بە سەلماندنی بوونی یەکیان بۆ ئەویدیکە بە پێچەوانەش ڕاستە.

جا هەر کارێکی سەربازی یاخوود نەتەوەیی . یاخوود جووگرافی و ئابووری ، کە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی هەبووەو هەیە لە کاردانەوەی لەسەر لایەنەکەی دیکە بە هۆی دابەش بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدوو بەشی دژ بەیەکتر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتایی نایەت تا کووتایی مرۆڤ ئەویش بە نەمانی ژیان لەسەر زەویدا .

زانستەکانی مێژوو سرووشت و کۆمەڵایەتی ئەوەیان سەلماندووە کە مێژوو گەنجینەیەکەو باش و خراپ دەچێتە ناو لاپەرەکانی... مێژووی پەرەسەندنی قۆناخە یەك لە دووای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە کردارە نالەبارو لەبارەکان ... لە نێووان چەووسانەوەو چەووسێنەرەوە ... لە داگیرکردن و لە ڕزگار کردن... لە سەرکەووتن و لە ژێرکەووتن و بەزاندن... لەئاوەدان کردنەووەو لە ووێرانکردن ... لە دەووڵەمەند بوون و لە بەهەژار کردن... لە بوون و لە مردن... لە سەرهەڵدان و لە تووانەوە ... لە قەدەخەکردن و لە ماوەدان ... لە دادپەروەری و لە ستەمدیدەیی ... لەدزین و تالانکردن و لە یارمەتیدان و پێدان و دابین کردن... لە ڕاست گۆیی و لە ناڕاستی و فرت و فێل ... لەخۆشی و لە کارەسات ... لەداگیرکردن و لە ئازادکردندا.

ئەمانە هەرهەمووی بەکاری مێژوویی دەچێتە ژوورەکانی تۆمارکردن هەر یەکەو لە لاپەرەکانی خۆی بەجیاو ، هەر یەکێش لەووانە بەیەکەوە بەستراووەنەتەووەو هێزیش نیە بتووانێ یەك دێر لە دێرە تۆمارکراوەکانی مێژووی تۆمار کراو بشێووێنێ، چونکە بە ملیۆنەها لاپەڕە خۆی تۆمار کردووەو بێ ئەوەی کرداری کارەکە هەستی پێ بکات لە بەرامبەریدا.

بەڵام لە دوای خۆتۆمار کردنەکانی وردە وردە خۆی دەردەخات و ڕاست و

چەووتەکان و باش و خراپەکان بە رووی کرداری کارەکە دا دەداتەوە بەپێی قۆناخە یەك لەدوای یەکەکاندا .

خووێنەری بەڕێز :- چ سرووشت و چ مرۆڤ ، دوو جەمسەری بەیەکەوە بەستراون لەخەبات و هاوبەشی بەیەکەوە ژیان و یەکیان بەبێ ئەویدیکەیان بەمردوو دەمێنێتەوە، لەهەمان کات دژ بە یەکترن لەپێناو خزمەتکردنی یەکتری لە ناو هەر یەکیان ، بە مانایەکی دیکە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیدا کێشەو ململانێیە لە دوو جەمسەردا ، هەروا لەناو سرووشتیشدا... بەپێی یاساکانی کۆمەڵ و سرووشت وەك یاساکانی (وحدة وصراع الاضداد- نفي نفي- كمية و نوعية- الشكل والمحتوى- الصدفة والضرورة).

جا لە بەرئەوە بەپێی پەرەسەندنی تەمەن ، پەیتا پەیتا ساتەکان و کاتەکان و رۆژەکان و چاخەکان ، سەرکردەکان دێن و دەڕۆن و رادەبوورن... چونکە هەر کارێك گەر سەرەتای هەبێت کۆتایی هەیەو بەپێچەوانەش زۆر راستە ... لەبەر بوونی کێشەو ململانێ و تەنگ و چەلەمەی نێووان ئایین و زانست لەناوچەو هەرێم و جیهان ، لە پێناو سەرکەووتنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان و لەناووبردنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان بەردەوامە.

ئەوەی من بیری لێدەکەمەووەو کردوومەتەوە . هیچ شتێك کۆتایی نیەو مالانهایەیەو هەردەم لە گۆڕیندایە بۆ گۆڕانێکی دیکە ، گەر وونیش بێت لە قۆناخێك بۆ قۆناخێکی دیکە... واتە مێژوو خوول دەخوواتەووەو ژیانیش بەردەوامەو بەردەوام دەبێ ، گەر قەدەری لێك ترازانی گۆی زەوی لەگەڵ کۆمەڵەی رۆژەکانی دیکەو بە بوونی بەزریانێکی خوڵاوی و بەرەو ئەستێرەیەکی دیکەی بەهێزتر، ئەوکات ژیان لە سەر ئەو زەویە کۆتایی دێت لە سەر ئەم هەسارەیەدا .

دڵنیاشم لەووەی کە ژیان لە سەر ئەستێرەی دیکە لە گەردوون دا هەیە وەك ئێستای ئێمەو هەمان بارو دۆخ دەگرێتە خۆ، بەڵام لە شێووەو شێووازێکی دیکە ، بە هەمان یاساکانی کە لە سەرەوە باسم کردووە . کە ئەو پێنج یاسایە

بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سرووشت... سەرجەم رۆژەکانی هەفتەو مانگ و ساڵ پڕن لە رووداو کارەساتی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی و فرمێسک رشتن و پێکەنین لە هەموو بووارو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیان چ بە نەخشێنراو چ بەخۆڕسکیەوە.

خووێنەری بەڕێز:– بەر پابوونی رووداوەکان چ ناخۆش و جەرگبڕبن یاخوود رووداوی مووژدەبەخش و دلخۆشکەر بن ... لاپەرەکانی مێژوو بەدەست پاکی و بەئەمانەتەوە لە لاپەرەکانی رۆژنامەی ژیانی خۆی تۆماریان دەکات ، گەر تۆو هەر کەسێکی دیکەو لایەنێک و هێزێک و بنەماڵەیەک بەرگری لە خۆی بکات... چونکە مێژوو لە گەڵ پەرەسەندنی ژیان بەردەووامە، مرۆڤ مێژوو دورست دەکات بەپێچەوانەش راسترە ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و مردنی بۆ نیە ، تەنیا مرۆڤ و ئاژەڵ و گیان لەبەروو داروودرەخت و شاخ و داخ نەبێت . کە بوون و مردنی تیا بەردەوامە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخی تەمەن.

کارووانی پەرەسەندن و پێشکەووتنی مرۆڤایەتی لە قۆناخە جیاجیاکاندا ،. کە نەتەوە سەرهەڵدەدەن و دەتووێنەوە ، چیاو شاخ و دۆڵ تەخت دەبن و چیاو دۆڵ و شاخی دیکە سەرهەڵدەدەن، دەریا لەجێگەی خۆی وون دەبێ و لەجێگەی دیکە سەر هەڵدەدەن ،. هەروا بەرامبەر بە سرووشت و گەردوون و مرۆڤ و کەش و هەواو ئەستێرەکان ، کە هەر هەمووی بە یاساکانی سەرەوە بەستراوەتەوە ،. لەهەمان کات مێژووش لەناو ئەو یاسایانە لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێ ، لە بە ئەنجام گەیاندنی کاری فەرمانبەریەتی خۆی لەکات وساتەکان و کاری ئەمرۆی ناخاتە رۆژی دوواتر لەهەموو بووارە جیاجیاکاندا.

جا بە هەر حاڵ ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین ، کەبارودۆخی ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان و وولاتانی جیهان بەقۆناخێکدا تێپەدەڕێت کە لەژێر دەستی سەرەک کۆمارو شانشین و ئەمیرو سەرەک پارت و گرووپ و رێکخراوی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئیسلامی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بنەماڵە بەبوونی داد پەروەری و نەبوونی دەکەوونە بەر دەستی سزای گەل بەپێی تۆمارکراوەکانی

مێژوو بۆ دادگایکردنیان لەدزینی سامانە هەمەجۆرەکانی گەل ونیشتمان ، لە هەموو بوارە جیاجیاکانو هەنگاوننان بەرەو چەسپاندنی دادپەروەری بەرێنماییەکانی مێژوو، بەراماڵینی بیروو بۆچوونی چەووتی خۆپەرستیو خۆویستیو فەسادو دزی وگەندەڵی، بەهێنانەکایەوەی دادپەروەری لەکارو ژیانو لەئەرکو مافدا...!!

بۆ مێژوو دەڵێم تورکو فارسو عەرەب ، لە هەمووکاتو ساتێکدا دووژمنی یەکتر بوونە بەپێێ رووداوەکانی مێژوو . لە هەموو بوارەجیاجیاکان،.. تەنیا لەسەر چاسەرەنەکردنو پێشێل کردنی مافی کورد، هاوخەباتو هاوبەشو هاوخەمی یەکتر بوونە ، . بەتایبەتی لە دوای دروست کردنی سنووری جووگرافی وولاتەکانیان لەسەر خاکی گەلانی هەرێمەکە بەتایبەتی لە سەرخاکی کوردستان...!

سەرکردایەتی کوردیش بگرە لە سەرەتای بوونی دەسەلاتیان لەسەر تیرەو هۆزو ئیمارتو بنەماڵەو پارتو رێکخراو لە هەموو بووارە جیاجیاکان دژی یەکتر بوونەو مێژوو بوونی گەلو نیشتمانیان پرکردۆتەوە لە شەڕی خۆکووژیو کێشەو ململانێ ، لە ئاسانکاری کردن بۆ دووژمنانی گەلو نیشتمان، تەنیا لە سەر دەسەلاتو سامان کۆك بوونە ، کە ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی بنەڕەتی بوونە لە نەگەیشتنی کورد بە وولاتێکی سنووورداری قەوارە سەربەخۆ . وەك وولاتانی دیکەی جیهان، کە کورد لەکیشووەری ئاسیا لەنەتەوە یەکەمەکانی ئەو کیشووەرە بوونەو دوا نەتەوەش بوونە لە بەدەستهێنانی وولاتێکی سەربەخۆدا..!!..!!..

جا هیووادارم لەناوەرۆکی پێشەکیەکەم گەیشتبن ، کە ئەوەی لەتووانامدا هەبووەو دەستم کەوتووە لە مێژووی رووداوەکانی کوردو کوردستانو داگیرکەرانی کوردستانو ناوخۆی کوردستان و گەلانی جیهانم کۆکردۆتەوە بەرۆژو مانگو ساڵ لەو کتێبە تۆمارم کردووە بەدڵنیاییەوە .

دڵنیاشم لەووەی کە مێژووەکان لە ٩٩٪ راستن بەپێی مێژووی سەرچاوە

کوردیــەکان و عەرەبیەکان وبــە تایبــەتی بیانیــەکان ، وەك لــە کۆتــایی کتێبەکــە سەرچــاوەکان هــەمووی تۆمــار کــراوە ... لــە هــەمان کــات بەشــێوەیەکی ڕێــك و دورست لە زجیرەیەکی یەك لە دووای یەك و ساڵ بەساڵ بەپێی دەست کەووتن و بروروا پی بوون تۆمارکراون..

خووێنــەری بــەڕێز:- لــە کۆتاییــدا هیــوادارم خزمــەتێکی بچووکی مێــژووی گــەل و نیــشتمانەکەم و ســەرجەم مێــژووی گــەلانی دیکــەی جیهــان و مرۆڤایــەتیم کردبــێ ، بــە دەوولەمەنــد کردنــی کتێبخانــەی کــوردی، هیــوادارم کــە ئــەم کتێبــە ببێتە هۆکارێکی زیاتر دەوولەمەند کردن و پەرەپێدان بە پەرتووکخانەی کوردی و بیانی . بەتایبەتی وولاتانی دراووسێیی داگیرکەری کوردو خاکی کوردستان ، بە تێگەیــشتنیان لــە راســتیەکان و هەڵــەی رابردوویــان و گەرانــەوە بــە گرتنەبــەری بنەماکانی ژیانی بەیەکەوەی سەردەمیانە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی خۆیی و بوونی دراووسێیەتی برایانە...

هیوادارم کە یارمەتی دەرم بن لە هەر رەخنەیەك یاخوود کەمووکووریەك کە لـە نــاوەرۆکی کتێبەکــەم بــەدی دەکــرێ ... تــا بــەهاووکاری و یارمــەتی ئێــووەی بــەڕێز راستبکرێتەوە ، بۆ زیاتر پووختکردنی ، کە مایەی خۆشحاڵی و دەستخۆشییە... ئــەویش بــە پەیووەنــدی کــردن بــەژمارە مۆبــایلی ٤٥٤٨٠٩٨ یــاخوود ئاریــافۆنی ژمارە (٠٦٦٠٢٥٣٣٥٢٢)..

لەگەڵ رێزم بۆ هەڵگری ئەم مێژوونامەیە.

عەلی کەندی

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٣/٣/ ١

٢٠٠١

٢٠٠١/١/٥ مــۆرکرنی رێکەوتننامــەی نێــوان بــەریتانیاو ئیتاڵیــا دژی ڕووتێکردنــی کۆچبەران لـە وولاتـانی هـەژارو توندرەو لـە دەسـەلات بۆ وولاتـەکانیان بـە تایبەتی کۆچبەری کوردو قەدەخە کردنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بە هۆی نا لە باری باری ژیانیان لە هەموو بارە جیاجیاکان لە وولاتەکانیاندا .



٢٠٠١/١/٢٠ سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلنتۆن لە دوای هەشـت سـاڵ لـە دەسـەلات وتــاری مالئــاویی بــۆ گــەلانی ئەمـەریکا خوێنـدەوەو لـە هـەمان کــات جــۆرج بــۆش ســووێندی یاســایی خــوارد بــە وەرگرتنــی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە چل‌و دوومــین ســەرۆك بــوو بــۆ ســــەرۆکایەتی ئەمــــەریکا. لــــە کێشووەرەکەو لە جیهاندا .

تێبینی :– من ئەم ویستووە وێنەکان دووبارە بکەمەوە یاخوود دەستم نەکەوتووە بۆیە دانەنراوە.

٢٠٠١/١/٢١ پەرلەمانی کۆماری خاکی سـۆماڵ داوای کـرد ، کـە دان بـە نووێنـەری نەتـەوە یـەکگرتووەکان – دیڤیـد ســـتیڤن – نــــەنێ ... ئـەویش بـە هـۆی تێبینیـە نادروســتەکانی لــەبارەی ئـەو کۆمـارە لـە سـۆماڵ ... جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە پەرلـەمانی خـاکی سۆماڵ یەك لایەنە ئەو کۆمارەی راگەیاند ... کە خاکی سۆماڵ ژێر دەستەی

بــەریتانیا بــووەو ســـەربەخۆیی خـــۆی لـــە ســـاڵی ١٩٩١ راگەیانـــد لەچوارچێووەی سنووری سۆماڵ .

هـەروا بـەردەوام بـووە لـە بەرهەڵـستکاری کردنـی دەسـت پێشخەریەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان . دوای ئـەوەش لـە ٢٠٠١/٥/٣١ دانیـشتووانی ئـەو سنووره بەرەو سندوقەکانی دەنگدان رۆیشتن بەدەنگدانی راپرسـی لـە سەر دەستووری نوێی کۆمارەکە .

ئـــەم راپرســـیەش دووپاتکردنـــەوەی ســـەربەخۆیی ئـــەو کۆمارەیـــە بـــوو سـەرەرای ئـەوەی ئـەم کۆمـارە لەلایـەن هـیچ دەوڵـەتێك لـە دەوڵـەتـەکانی جیهان دانیان بەم کۆمارە نەنا ... ئەم راپرسیەش بووە هۆی سەرهەڵدانی مشتوومرێکی زۆر چ لەناوخۆی هەرێمەکەو چ لەنێوو وولاتانی جیهان .

بەلام سەرۆکی خاکی سۆماڵ – محەمەد ئیبراهیم عـەقال – گووتی :- ئەم راپرسیە لە سەر دەستووری نوێ بوو کە ئامانجی دووپاتکردنەوەیە ، لە پێناو سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە سۆماڵ .

کە سۆماڵ بۆتە مۆڵگەی شەرو ئاژاوەو وێرانکردنی ژێر خانی ئابووری و لێـك ترازانـدنی پەیوەندیـە کۆمەلایەتیـەکان لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکـان ، هەروا سەرۆکی کۆمارەکە محەمەد عەقال بەڵێنی دا بەهەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمەکەدا.

ئـەم هەرێمـەش بەشـێکە لـە باشـووری سـۆماڵ و راگەیاندنەکـەش هۆکـاری شەری بەردەوامی ناوخۆی وولاتی سۆماڵە .

بەلام حکوومەتی سۆماڵ ئەو راپرسیەی بە پیلانێکی دا بەشکردنی سۆماڵ داناو دژایەتی کرد ، لەهەموو لایەنێك و ئەم کێشەیەش بەردەوامە بە هۆی بـاری نـاوخۆی سـۆماڵ و دەسـت تێـوەردانی لـە لایـەن هەنـدێ وولاتـی دراوسێیدا .

٢٠٠١/١/٣٠ ئەندامی لۆردانی بەریتانیا– نەزیر ئەحمەد – سـەردانی هـەرێمی باشووری کوردسـتانی لکێنـراو بـەئێراقی کـرد . کـە لـە لایـەن بەرپرسـانی هـەرێم پێشوازی لێکرا لە شاری هەولێری پایتەخت .

٢٠٠١/٣/١ دادگای باڵای دوورگەی ڤیژی لە بریارێکیدا ئەو حکوومەتەی کە لە رێگای کودەتای سەربازی دەسەلاتی ڤیژی وەرگرت



یاسایی نیە ... لە بریارەکەیدا هاتووە ، کە ئەو حکوومەتەی هێزی سەربازی پشتیووانی لێکردووە و دەکات یاسایی نیە .

کە هێزەکانی سووپای ڤیژی سالّی پار یەکەم سەرۆکی وەزیران بۆ وولاّتەکەی دانا کە ئەویش لە نژاد هندیە .

لە لایەکی دیکە دەستەی قەزاکەو ئەندامانی قەزای ئوستراليا و نیوزیلەندە و تۆنگا و بابوانیووگینا پێکهاتوون ، لە راگەیاندنێکیدا رایگەیاند کە سەرکردەکانی سەربازی لە ڤیژی هەلّس و کەوتێکی یاساییان ئەنجام نەداووەو وازیان لە دەستووری فرە نەتەوەیی هێناوە لە ولاّتەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە سەرکردەی کودەتا سەربازیەکە – جۆرج سبیت – وولاّتەکەی تووشی ئاژاووەو لێك ترازان کرد ئەویش بەلادانی سەرەك وەزیران – لازانیا کواراسال – لە سەر دەسەلاّت لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠١/٣/٢٤ زیاتر لە ٣٠ وولاّتی جیاجیا لە کێشووەری ئەفریکیا یاسای دامەزراندنی یەکیەتی ئەفریکیایان مۆر کرد ، بە دەست پێشخەری سەرۆك کۆماری لیبیا سەرهەنگ معەمەر قەزافی لە پێناو یەك هەلویٚستیدا لە کێشووەرەکە .

٢٠٠١/٣/٤ جولاّنەوەی تالّیبان دەستی کرد بە رووخاندنی پەیکەرە مێژوویەکان لە ئەفگانستان ، بە تایبەتی پەیکەری – بوزا – کە بەگەورەترین و مەزنترین پەیکەر دادەنرێت لە جیهانی شووێنەوارەکان.

ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئەمانە – بتن ، اصنام – و دژایەتی بوونی ئاییني ئیسلام دەکات . بەلاّم ئەو پەیکەرانە دژی هیچ ئاینێك نیە

وبەڵکوو ئەمە بەرهەمی مێژووی هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی مرۆڤایەتیـە ، لە پێناو بەرز راگرتن و پەرەپێدان و گەشەپێدانی شارستانیەتە لە جیهان.

٢٠٠١/٣/١٦ لوتکـەی هەشـت وولآتـی زلهێـزی ئـابووری و سـەربازی لـە شـاری نـاپۆلی ئەنجامـدرا ، کـە ١٢٢ وولآت بەشـداریان تێـدا کـرد لـە گـەڵ ١٥ ڕێکخـراوی ناحکومی دژ بە جیهانگەری و رەگەزپەرستی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و نەتەوەو گرفتەکان لە جیهاندا .



٢٠٠١/٢/٢٣ کـــەوتنی وێـــستگەی ئاسمـانی مـیری ڕووسـی لـە سـەر زەریـای هـادی دوای ١٥ســـاڵ لـــــە سووڕانەوەی لە بۆشایی گەردوون ، کە میر یەکـەم کەشـتی ئاسمـانی بـووە بـــە درێـــژترین مـــاوە کارەکانی ئەنجام بدات لەگەردوون بەگۆڕینی کەشتیەوانەکان.

٢٠٠١/٤/٢٧ ملیـۆنێری ئەمـەریکی - ژێـنکس تیـۆ - گەشـتێکی گـوزاری بـۆ بۆشـایی ئاسمـان ئەنجامـدا ، ئـەویش بـە کەشـتی ئاسمـانی ڕووسـی بەرامبـەر/ ٢٠ ملیۆن دۆلار ، کە یەکەم کاری گەشت و گوزاری بێت لە جیهاندا.

٢٠٠١/٤/٢٨ حکوومـــەتی فلـــپین دەســـــتی کـــــرد بەگفتووگۆکردن لـە گـەڵ بەرهەڵـــــــستکارە کۆمۆنیـــستەکان ، لـــە پێنـــاو چارەســـەرکردنی ئـــەو کێـــشەیەی کـــە بەکۆنترین کێشە لـە وولآتەکـە دادەنرێـت ... هـەردوو لایـەنی حکوومـەت و

بەرهەڵستکارەکان کە لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ ئەنجام دەدرا و هەردوو لا گەشبین بوون لەم گفتووگۆیەدا .
ئەمەش لە دوای لە دەسەلات لابردنی سەرۆکی فلیپین - جۆزێف ئەسترادا - هات لە ٢٠٠١/١/٢٠ ، بە وەرگرتنی دەسەلاتی حکوومەتی فلیپین لەلایەن خاتوو - گلۆریا ئارو - بوو لە وولاتەکەدا .
لە بەر ئەوەی وولاتی فلیپین بە کێشەیەکی دژواردا تێدە پەری . ئەویش لەخۆپێشاندان و دەربرینی نارەزایی لە وولاتەکەدا .
ئەم گفتووگۆیەش دەست نیشان کرا تاکوو مانگی ٢٠٠٢/١٠/ بە ئامانجی گەیشتن بەرێکەووتن لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی دیموکراتی رووەو بیری کۆمۆنیسیەت ... ئەمەش لە دوای هەڵوێستی گلۆریا هات ، بەچارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان لەم وولاتەدا .
لە گەڵ ئەوەشدا بەرەی نەتەوەیی و دیموکراتی چەندین پێشنیارو داواکاری پێشکەش بەحکوومەتی فلیپین کرد ، لە بوارەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و گۆرین لە رامیاریەتی حکوومەت و دەستووری وولات .
کە مەرجی سەرەکی گفتووگۆکان بوون لە کۆتایی پێهێنانی لە گەڵ بەرەی نەتەوەیی کە هەڵگری بیری ماویەکانەو ئەم جولانەوەیە زیاتر لە ٣٢ ساڵە خەبات دەکات لە پێناو هێنانە کایەوەی رژێمێکی دیموکراتی دژ بە ئەمەریکا... لە بەر ئەوەی حکوومەتەکانی فلیپین لایەنگیری ئەمەریکا بوونە ، جگە لە جۆزیف ئەسترادا ، کە رامیاریەتی دوو لایەنەی گرتبووە بەر لە وولاتەکەدا .
لەگەڵ ئەوەشدا باری کشتووکاڵ و دابەشکردنی زەوی بە سەر جووتیاران یەکەم بەندەکانی گفتووگۆکان بوون . هەروا بەرەی نەتەوەیی دیموکراتی داوای لەحکوومەتی فلیپین کرد . کە هەموو پەیوەندیە سەربازیەکانی لەگەڵ ئەمەریکا ببرێ .
بەلام لەلایەکی دیکە ئامانجی سەرەکی سەرۆکی فلیپین ئەوە بوو ، کە دەسەلاتی هەبێ لە سەر هەموو خاکی فلیپین . ئەوەی کە لە ژێر دەستی بەرەی ماویەکان بوون ... کە سووپای بەرەی نەتەوەیی دیموکراتی بەناوی سووپای گەل پێکهاتبوو کە ژمارەیان لە ١١ هەزار چەکدار زیاترە ... کە سەرۆکی حکوومەتی فلیپین یەك لەداواکانی ئەوە بوو ، کە بەرەی نەتەوەی

چەك و تەقەمەنی بداتەوە دەست حکوومەت و سووپای فەرمی دەسەلاتی هەبێ لە سەر هەموو خاکی ئەم وولاتەدا .

٢٠٠١/٥/١ حکوومەتی فلیپن باری نا ئاسایی راگەیاند بە هـــۆی گـــەمارۆدانی کۆشـکی سـەرۆکایەتی حکوومـــەتی فلـــیپن . ئەمەش لـە ئاکامی خۆ پێـــشاندانی هـــەزارا کـــەس لەلایـــەنگرانی ســـەرۆکی پێـــشووی فلـــیپن – جۆزێـــف ئەســـترادا – لەدەسەلات لە شاری مانێلای پایتەختی وولاتەکە . ئەم خۆپێشاندانەش لـە پێنـاو لادانـی سـەرۆکی وولاتەکـە خـاتوو – گلۆریـا – بـوو ... لـە وکاتەشـدا حکوومـــەتی فلـــیپن بریـــاری دەســـتگیرکردنی ســـەرکردەکانی حکوومـــەتی پێشووی دابوو بە سەرکردایەتی ئەسترادا.

که ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی فلـیپن خـاتوو گلۆریـا دەسـەلاتی حکوومـەت زیـاتر بکـات و دەسـتکرا بـە دەسـتگیرکردنی چـەندین سـەکردەی حکوومـەتی ئیسترادا . لـە ئاکـام سـێ هـاوولاتی کـوژران و چـەندین دیکـە زامداربوون ... ئەو خۆ پێشاندانەش لە پێناو ئازادکردنی جۆزێف ئیسترادا بوو ، کە بە ناوی گەندەڵی خرابووە بەندیخانە لە وولاتەکەدا.

٢٠٠١/٥/١٥ یـــــاخی بـــــووە چـــەکدارەکان لـــــە جووڵانـــــەوەی دادی دیموکراتی لە وولاتـی تشاد لە گردۆڵکەکانی بـــاکووری تـــشاد ، هەڵوێـــستی خۆیـــان نیشاندا بەدەسـت پێکردنـی گفتووگـۆ لەگـەڵ حکوومـەتی تـشاد ، بەمـەرجێ

سەرۆکی تشاد – ئیدریس دوبی – خۆی نە پاڵێوریۆیّ بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە تشاد ، کە بریارە لە رۆژی یەك شەممەی داهاتوو ئەنجام بدریّت ... ئەمەش لە سەر زاری ووتەبیّژی فەرمی جووڵانەوەی دادی دیموکراتی – گەیلان ئەحمەد توبر – هات و گووتی :–

جووڵانەوە ئامادەیە گفتووگۆ لەگەڵ هەر شەش پاڵێوراوەکەدا بکات کە هەر یەکێکیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە وولاتەکەدا ... لە بەر ئەوە جووڵانەوەی دادی دیموکراتی تشادی لە سەر هەڵوێستەکانی خۆی بەردەوامە لە هەموو بوارەکان ...لە هەمان کات لەو بارودۆخەی ناوخۆی تشادو دراوسێکانی شەرو پێکدادان لە نێوو هێزەکانی سووپای تشادو جووڵانەوەکە بەردەوام بووە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە حکوومەتی سوودان بە سەرکردایەتی عومەر حەسەن بەشید یارمەتی دەری جووڵانەوەکەیە و ، حکوومەتی تشادیش یارمەتی دەری بەرهەڵستکارانی حکوومەتی سوودانە ، جگە لە وولاتەکانی دیکەی ئەفەریکیا لەکێشووەرەکەدا.

٢٠٠١/٥/٣٠

لە ئاکامی شەڕی نێوان هێزەکانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیەکانی لە کوردستان و دەست بە سەراگرتنی بە سەر شاری هەڵەبجەی شەهید بە دەرپەراندنی ئەم بزووتنەوانە لە شارەکەداو هەڵاتنیان بۆ سەرسنوورەکانی نێوان باشووری کوردستان و ئێران .

ئەم بزووتنەوانەش کە لە لایەن پارتی دادو گەشە پێدانی تورکیا و رژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران و سعوودیەو چەندین وولاتی دیکەی ئیسلامی عەرەبی یارمەتیان دەدرا ، لە پێناو شێواندنی باری کورد لە باشووری کوردستان ، بە لە باربردنی ئەو بارودۆخەی کە بە هەوڵ و توانای خوێن

رشتنی گەنجی کورد و یارمەتی دۆستانی کورد لە ناوچەو هەرێم و جیهان بۆی بەردەوام بوو لەم هەرێمەدا .



٢٠٠١/٦/٧ لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا لە نێوان پارتی کرێکاران و پارتی پارێزگاران .
پارتی کرێکارانی بەریتانیا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست هێناو دووبارە سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر پۆستی سەرەك وەزیرانی بەریتانیای گرتەوە دەست بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە لە بەریتانیا.



٢٠٠١/٦/٩ لە دوای لێك جیا کردنەوەی دەنگی دەنگدەران لە لایەن لیژنەی تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکان ، وەزارەتی ناوخۆی ئێران سەرکەوتنی سەروکی ئێران محەمەد خاتەمی ڕاگەیاند لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئێران ، کە لە ٨٥٪ دەنگی بەدەست هێنا بۆ پۆستی دووەم جار لە سەرۆکایەتی کردنی ئێران .

٢٠٠١/٥/٢٦ وێستگەی دەنگی میزۆبۆتامیا ، ئەم رادیۆیەش زمانحاڵی پارتی کارگەرێن کوردستانە و ، کە بۆ یەکەم جار دەستی کرد بە پەخش کردنی بەرنامەکانی و دوای ماوەك پەخشەکەی بوو بە ٢٤ کاتژمێر ، بەڵام ئێستا رۆژانە ١٢ کاتژمێر پەخشی خۆی بڵاودەکاتەوە بە سەر وولاتەکانی جیهان.

٢٠٠١/٦/٢٣ خاتوو میگاواتی سوکارتۆ سووێندی یاسایی دەستووری بەرامبەر

پەرلەمانی ئەندۆنوسیا خوارد ، ئەویش بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وولاتەکە ، کە گەورەترین دەووڵەتی ئیسلامیەو – ٢٠٧– ملیۆن کەسی تێدا دەژیو کە لە چەندین نەتەوەو مەزهەب ئایینی تیانیشتەجێیە .



٢٠٠١/٧/٧ سەرەك وەزیرانی کرواتیا – ئیڤیتشاراکان – لە راگەیاندنێکیدا رایگەیاند و گووتی :– حکوومەتی کرواتیا رازیە لە سەر دەستگیرکردنی تاوانبارانی کروات کە بە کاری تاوانی جەنگ هەڵساون و بیانداتە دەست دادگای نێوو دەووڵەتی لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندا .

ئەمەش لە دوای گەیشتنی سەرۆکی دەستەی داواکار لەدادگای تاوانەکانی جەنگ – کارلا دیل بۆنتی – بۆشاری زەگربی کرواتی .

ئەمەش لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرەك وەزیرانی کرواتیا هات و پاڵەپەستۆی خستە سەر حکوومەتی کرواتیا ، لە پێناو بەدەستەوەدانی تاوانبارانی جەنگ لەکرواتیا . کە لە ساڵی ١٩٩٥ ئەنجامیان دابوو لە ناوچەکانی سلامۆنیای رۆژهەلات و کراتژینا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠١/٧/٨ ســـــەرەك وەزیرانــــــی تــەیمووری رۆژهــەڵات – زانانا گۆسماو – لە دوای دەســت كێـشانەوەی لــە پۆسـتی سـەرەك وەزیـران لـە تـەیمووری رۆژهـەڵات لـە لێدوانێكیـدا رایگەیانـد كـە – خۆسـییا رامـۆس هۆرتـا – كـە خـاوەنی خـەڵاتی نۆبڵی پـیٚ بەخـشراوە بۆ ئاشتی بـە سـەرەك وەزیرانـی تـەیمووری رۆژهەڵات دەست نیشان كرا – ئیلاو داسینا – بە جێگیری یەكـەمی سـەرەك وەزیران دەست نیشانكرا لە سەر وڵاتەكەدا

جێگەی باسكردنە كە هەرێمی تەیمووری رۆژهـەڵات لـە دوای خـەباتێكی بیٚ ووچـان تـووانی لـە سـاڵی ١٩٩٩ سـەربەخۆیی خـۆی بـە جیابوونـەی لـە ئەندۆنووسـیا راگەیـەنیٚ وەك وڵاتێكـی سـەربەخۆی نێوودەوڵـەتی لــە ناوچەكەدا ... سەرەرای بەردەوام بوونی كێشەكان لەو هەرێمەدا بە تایبـەتی لە نێوان هەردوو بەشی رۆژئاواو رۆژهەڵات .

ئەویش بە بوونی بەرهەڵستكاری دەسەڵاتی ناوەنـدی تەیمووری رۆژهـەڵات بە سەركردایەتی – ئەلفرید رینـادۆ – لـە گـەڵ ئەوەشـدا هێزەكـانی سـووپای ئاشتی پارێزی ئوسترالیا بەردەوام بوو لـە راگـرتنی ئارامی لـە وڵاتەكـەدا و بەرەو باشـبردنی لـە هـەموو بوارەكـانی رامیـاری و ئابووری و بازرگـانی ، بـە بووژاندنـــەوەی ژێرخـــانی ئـــابووری و گەراندنـــەوەی هاوســـەنگی و هاوكێشەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە وڵاتەكەدا .



٢٠٠١/٧/١٨ پـــارتی موونتـــەدای دیمـــــــــوكراتی و گەشــــــــەپێدانی بەرهەڵـــــــستكاری دەســـەڵاتی تـــشیلۆبا ســــەركەوتنیان لــــە هەڵبژاردنــــــەكانی

تەواوکەری بەدەست هێنا ، ئەمەش لە دوای شەڕو پێکدادان هات لە نێوان لایەنگرانی حکوومەت و بەرهەڵستکاران لە پارتی ناوبراو لە زامبیا ... ئەمەش لە پێناو بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە زامبیا ... ئەمەش لەو کاتەدا هات کە لایەنگرانی حکوومەت و لێژنەی سەر پەرشتیاری سندووقەکانی هەڵبژاردن، سەر لە زوو سندوقەکانی هەڵبژاردنیان داخست و بردیان بۆ جێگەی مەبەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان .

سەرەرای ئەوەش جووڵانەوەی دیموکراتی فرەلایەنی یەکەم تاقی کردنەوەی بوو لە بەزینی لەو هەڵبژاردنەو . لە دوای کەرت بوونی ئەو پارتە بە هۆی خۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی زامبیا تشیلۆبا بۆخوولی سێیەم لە سەرۆکایەتی کردنی وولاتەکەدا .

٢٠٠١/٧/٢٢ هەردوو حکوومەتی ئەمەریکاو بەریتانیا پرۆژەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەووڵەتی کرد ، بە دانانی– سزای زیرەکانە – لە سەر رژێمی بەعس لە ئێراق ، ئەویش بە هەڵگرتنی هەموو گەمارۆیەك لە سەر بازرگانی مەدەنی و چاودێری کردنی زیاتر بۆسەر ئەو کەلوپەلانەی کە گومانی سەربازیان لێدەکرێت . لە رێگەی بازرگانی لە هەناردەو هاتوودا بۆ ئێراق .

٢٠٠١/٨/٦ کۆچی دوایی نووسەرو رۆماننووسی بە ناوبانگی جیهان و بەرازیلی – جۆرج ئەمادۆ – لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە بەرازیل ... شایانی باسە ئەم نووسەرو رۆماننووسە لە ١٩١٢/٨/١٠ لە یەکێك لە کێلگەکانی کاکاوی باشووری وویلایەتی باهیای ناوەراستی رۆژهەلاتی وولاتی بەرازیل کە مەڵبەندی بازرگانی کردن بوو بە کۆیلەی ئەفەریکیەکان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... نووسینەکانی بەشداری کردن بوو لە پێکهێنانی هۆشی

جیهانی دەرەوە لە سەر وولاتەكەیدا .
هەروا ئەمادۆ لە هەموو رۆماننووسەكانی دیكەی بەرازیل زیاتر بایەخی بە كێشە هاوچەرخەكانی خۆی دەداو بەهرەی داهێنانی لە زمان و هونەرو دیاریدەی تاڵی ژیانی نەتەوەكەی وەر دەگرت . بۆیە لە ناو خوێنەرانی بەرازیل بە چاكترین و خۆشەویسترین رۆماننووس دادەنرێت .
ئەم نووسەرە كارەكانی بۆ ٤٨ زمان وەرگێردرابوو لە هەمان كات كتێبەكانی كەچاپكرابوون گەیشتنە ٢٠ ملیۆن دانە ... كە سلڤادۆریش وولاتی یەكەمی بوو بۆ نووسینەكانی ... چەندین جار ئەمادۆ پاڵێوراوبوو بۆ پاداشتی نۆبڵ ...لە ساڵی ١٩٣١ یەكەم رۆمانی بەناوی – خاكی كەرنەڤاڵ – بلاوكردەووە و دووەم رۆمانی لە ساڵی ١٩٣٤ بە ناوی – كاكانۆ --- بلاو دەكاتەوە .
دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٥ دەچێتە ریزی بزووتنەوەی جەماوەری لە وولاتەكەیدا لە پێناو بەرگری كردن لە مافەكانی گەلەكەی . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٩ خەلاتی ستالینی لە مۆسكۆ پێدەدرێت .
لە نێوان ساڵەكانی ١٩٣٠ تاكوو ١٩٥٢ لە وولاتەكەی دوورخرابووەوە بە هۆی بوونی بە ئەندامی پارتی كۆمۆنیستی بەرازیلی ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ گەرایەوە بەرازیل ، كە لە پاریس و براگ ژیانی بەسەر بردووە .
لە ساڵی ١٩٩٥ پاداشتی نۆبڵی پێ بەخشرا – جۆرج ئەمادۆ – ژنەكەی – زیلیا – كە ٥٦ ساڵ تەمەنی بوو خاوەن كچ و كورێك بوو ، ئەویش نووسەرو رۆماننووس بوو ... كە ئەم خێزانە ببوونە جێگەی سەرسوورمانی گەلانی بەرازیل و ئەو وولاتانەی كە تیای ژیابوون . نەك هەر لە بەر ئەوەی نووسینەكانیان جێگەی سەرنج راكێشان بوون ، بەڵكوو بە هۆی پەیوەندیان لەگەڵ دانیشتووانەكەدا .

٢٠٠١/٨/٦ كۆچی دوایی كەسایەتی ناودارو سەركردەی نەتەوەیی و نیشتمانی سالح حەیدەری لە شاری هەولێر... شایانی باسە سالح حەیدەری رۆشنبیرو روناكبیرێكی بەهرەدارو لێهاتوو بووە ، نووسینەكانی شایەتی ئەوە دەدەن ... سالح حەیدەری لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەكی رۆشنبیرو شۆرشگێر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە هەرێمی باشووری كوردستان .

٢٠٠١/٨/٣١ لە شاری ڕۆیانی باشووری ئەفریکیا کۆنگرەی نێوو دەووڵەتی گرێدرا لە لایەن ڕێکخراوە نا حکوومیەکانی دژ بە داگیر کردنو ڕەگەز پەرستی ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا دژی کۆنگرەکە وەستاو لایەنگیری ئیسرائیلی کرد لە ناوەندی کۆنگرەکەدا.

٢٠٠١/٩/٦ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە ناو شۆڕشی ڕژێمی بەعس لە ئێراق بە ژمارە/١٩٩ دەڵێ... هەموو ئێراقیەك تەمەن – ١٨ – ساڵ بۆی هەیە داوا بکات نەژادەکەی خۆی بکاتە بە عەرەب.

بەڵام لە راستیدا مەبەست ئەوە بوو کە نەژادی کوردو ناسنامەی کورد بسرێتەوە لە باشوری کوردستان ، شان بە شانی وولاتانی داگیرکەری کوردستان ، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی مووسڵ و ، دیالە بە تایبەتی پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشوری کوردستان .

٢٠٠١/٩/١٠ لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەوویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرکەوتن کە زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ هەزار مندالی ئەمەریکی دەکەونە بەر چەوسانەوەی رەگەزی – سکسی – لە ساڵێکدا ... یەکێك لەو لێکۆڵنەرانە – ریتشارد ئیستیسی – بوو ، کە هەڵسا بەو لێکۆڵینەوەو دەرخستنی راستیەکانی ژیانی هەزاران و ناچار بوونیان بە پەیداکردنی قووتی ژیان ... کە هەرچەند دەسەڵاتداران نایانەوێ ئەو راستیانە دەربخەن و خۆیان لەگێلی بدەن و میدیای دەسەڵات پروپاگندەی ئەوە دەکەن ، کە ئەمەریکا رزگارکەری مرۆڤایەتی و بەرگری کەری مافی مرۆڤە .

بەڵام لە راستیدا رژێمی سەرمایەدار لە ماوەی سەدا ساڵ ئەوەی سەلماندووە کە سەرچاوەی بوونی برسیەتی و کارە نامرۆڤایەتیەکانە لە سەر گۆی زەوی بە پێی ئامارە جۆراو جۆرەکان ... ئەم کارە سکسیانەو لە شفرۆشیەش لە رێزی قوتابیان دەرکەوتووە .

ئەویش لە پێناو پەیداکردنی خەرجیەکانی قوتابخانە و قووتی رۆژانەی ژیان بۆخۆیان و خێزانەکانیان لەم وولاتەدا بە هۆی گرانی شمەکەکان و کالاکان و پێداویستیەکانی ژیان بە تایبەت خۆراکی ژیانی رۆژانەیان .
ئەم لێکۆلینەوەیەش لە بارەی ناچارکردنی منداڵ لە کاری سکسیدا لە هەردوو وولاتی کەنەداو مەکسیکە ، لە دوای ئەوە ئەمەریکاو دوایی وولاتانی دیکەی سەرمایەدارو هەندێ لە وولاتانی ئیسلامی و عەرەبی ... بەلام بە شێوەیەکی فەرمی ئاشکرا نەکراووە بە هۆی شاردنەوەی راستیەکان لەم وولاتانەو چەواشەکردنی مرۆڤایەتی لە جیهاندا .

٢٠٠١/٩/١١ لە کارێکی تیرۆریستی چوار فرۆکەی نەفەرهەلگری ئەمەریکا فرێندران لە لایەن تیرۆریستانی سەر بەرێکخراوی قاعدە ، کە دوان لەو فرۆکانە خۆیان دا بە باڵەخانەی بازرگانی جیهانی لە شاری نیویۆرک ، یەکێك لەو فرۆکانە خۆی بە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا – پنتاگۆن – و چوارەم فرۆکەش خرایە خوارەوە لە خوارووی شاری پەنسلفینیا.

شایانی باسە لەم رۆژەدا ئیدارەی ئەمریکا بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بێ سەرۆك مایەوە ، بە خۆشاردنەوەی جۆرج بۆش ، کە بووە هۆی هەژاندنی ئیدارەی ئەمەریکاو وولاتانی دیکەی زلهێزی لە جیهان ، کە لە هەشت وولات پێك دێت .



٢٠٠١/٩/١٢ لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوو دەوڵەتی مافی بەکار هێنانی هێزی سەربازیو چەکی گرانی بە ئەمەریکا بەخشی ، بۆ لە ناو بردنی بنکەکانی تیرۆریستان لە جیهان ، بە تایبەتی لە ئەفگانستانو ، ئێراق و ، سووریاو ، ئێران ، لە گەڵ چەندین پارتو ڕێکخراو گروپی ئیسلامی دیکە ، لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان .

٢٠٠١/١١/١٥ کۆمپانیای تەکنەلۆژیای شانەی پێشکەوتوو لە ئەمەریکا لە ڕاگەیاندنێکیدا بڵاوی کردەووە ، کە بۆ یەکە مجار مەلۆتکەیەکی مرۆڤ کۆپی کرا لە جیهان ... کە ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتنێکی بیٚ وێنە لە سەردەمی تەکنەلۆژیای سەردەمی .

ئەمەش نەك لە پێناو کۆپی کردنی شانەکانی مرۆڤ بەڵکوو بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی شانە بنەرەتیەکان .

ئەم کۆمپانیایە هیوای خواست کە ئەم شانانە هۆکاری چارەسەرکردنی نەخۆشیە تەشەنەدارەکان بێت ، کە مرۆڤ تووشی دەبێت . بەڵام ئەم کۆمپانیایە کە بارەگای لە — ورستر بماساستس — ە دووپاتی کردەووە ، کە ئامانج لەو تاقیکردنەوەیە بۆ کۆپی کردنی مرۆڤ نیە ، بەڵکوو بۆ ئەو شانە بنەرەتیانەن کە نەخۆشیەکانی مرۆڤ چارەسەردەکەن .

هەروا ئەو شانە سەرەکیانە بۆ بەکارهێنانی بە هێزکردن و نشوونماکردنی شانە لاوازەکانی مرۆڤە ، کە دەبێتە هۆکاری تووشبوونی بە نەخۆشیە هەمە لاینەکانە .

هەروا بەرپرسانی کۆمپانیاکە کە لە زاناو تووێژەنەرەکان پێك هاتوون ئەوەیان دووپاتکردەووە کە مەبەست لەوکارە گەیشتنە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ نەك دروستکردنی مرۆڤ ، کە ئەمەش لەگەڵ داب و نەریتی هیچ کۆمەڵگایەك ناگونجێت لە سەر ڕووی زەوی لەجیهاندا

٢٠٠١/٩/٢١ وەزیری دارایی فەرەنسا لە ڕاگەیاندنێکی گووتی:- جیهانگەری چەکێکە لە دەست وولاتانی گەوورە بۆ دزینی بەرو بوومی وولاتانی تازە پێگەیشت و و هەژارەکان و ژێردەستەکان ، لە پێناو بەهێز کردنی یەکیەتی نێوان وولاتانی سەرمایەدارو فراوانکردنی چەوساندنەوەی میللەتان ، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی هاوبەشی خۆیان ، لە هەموو بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری و سەربازی لە جیهاندا .

٢٠٠١/٩/٢٢ سەرکرادایەتی یەکیەتی ئەورووپا لە کۆتایی لوتکە نا ئاساییەکەی پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ نەخشەکانی ئەمەریکا ڕاگەیاند ، دژی تیرۆر لە جیهان ، بە تایبەتی لە ئەفگانستان و ، ئێراق و ، ئێران و سووریا.لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .



٢٠٠١/٩/٢٤ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش سامانی زیاتر لە ٢٧ پارت و ڕێکخراوی گومان لێکراوی بە پەیوەندی لە گەڵ ئوسامە بن لادن و تالیبان بلۆك کرد لە جیهانی ئیسلامی ، لەوانە پارتی کریکارانی کوردستان لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا ، کە تاکە پارتە بەرگری بە ڕەسمی و بە خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە باکوور بە بەرگری کردن لە گەڵ و نیشتمانی داگیرکراوی لەلایەن رژێمی تورکیادا .

٢٠٠١/٩/٢٥ شانشینی سعوودیە شا فەهد عەبدول عەزیز هەموو جۆرە پەیوەندیەکی لە گەڵ دەسەڵاتی ئیسلامی توونڕەوی تاڵەبان لە ئەفگانستان پچڕاند ، گەرچی سعوودیەو چەندانی لە وولاتی دیکەی عەرەبی سەرچاوەی پارمەتیان بوون ، بە ئامۆژگاری ئەمەریکاو هاوپەیمانانی ، بۆ دژایەتی کردنی یەکیەتی سۆڤیەت و جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی ، لە هەمان کات هاوکاری ڕژێمی بەعسی سەدام

حوسێن بوون لە مامەلە کردن لە گەڵ گەلانی ئێراق بەئاگرو ئاسن ، بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستان بەگشتی لە هەموو بوارە جیاجیاکان.

٢٠٠١/٩/٢٧ ئەنجوومەنی گشتی ئاسایشی نێوو دەووڵەتی لە سەر داوای ئەمەریکا بڕیاری ژمارە/ ١٣٧٣ی دەرکرد ، بە پێی ئەو بڕیارە ئەمەریکا چۆنی بوێت لە ئامانجەکانی جێبەجێی دەکات بەرامبەر هەر پارتو ڕێکخراوەیەك لەناوچەو وولاتە جیاجیاکان لەجیهان ، ئەوەی لە هێلی ڕامیاریەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانان لابدات .

٢٠٠١/١٠/٧ کاتژمێر ٧ر٤٥ دەقیقەی ئیوارە فڕۆکە جەنگیەکانی هێزەکانی سووپای ئەمەریکاو بەریتانیا دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی شارەکانی کابووڵو قەندەهارو مەزار شەریف لە ئەفگانستان ، لە ئەنجام دا کۆتایی بە دەسەلاتی ئیسلامی مەلا محەمەد عومەر – تالەبان – و ئوسامە بن لادن هێنرا لە ئەفگانستان .

٢٠٠١/١٠/١٧ کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ یەکەم جار لە مێژوی دەسەلاتی ئەمەریکا بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر دەرگاکانی داخرا بە هۆی مەترسی کردن بە تێدانی میکرۆبی – ئەنتراکس – لە دوای هێرشەکەی ١١ی ئەیلول .لە ساڵی / ٢٠٠١دا لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

٢٠٠١/١٠/٢٦ زاناکانی ئاژەڵناسی لە هەوڵێکی بێ ووچان ، ئەویش بە دۆزینەوەی ئێسقانی جەستەی تیمساحێکیان ڕاگەیاند ، کە تەمەنی بۆ ١١٠ ملیۆن ساڵ پێش ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە ، کە ژیاوەو کێشەکەی بە هەشت تەن

مەزەندە دەکرا ، بە پێی لێکۆلینەوەکانی هەمەجۆری زانستی لە سەر پاشماوەکەیدا .

٢٠٠١/١١/٦ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەڵمانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بڕیاریدا بە ٣٩٠ سەرباز بەشداری شالاوی بە ناو دژ بە تیرۆر بکات لە ئەفگانستان شان بەشانی هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان . لە پەیمانی ئەتلەسی – ناتۆ – لە جیهان .

٢٠٠١/١٢/١ لە دوای کۆبوونەوە چڕە یەك لە دوای یەکەکانی حکوومەتی کاتی ئەفگانستان ، لە شاری بۆنی پایتەختی ئەڵمانیا ڕاگەیاندرا بە سەرۆکایەتی حامد کارازای ، کە حکوومەتێکی فیدرال بوو لە پێك هاتەکانی گەلانی ئەفگانستان ، لە دوای ڕووخاندنی دەسەلاتی تالیبان و ئوسامە بن لادن ، کە دژ بە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و دیموکراتی و هەموو بوارە جیاجیاکان بوون لە ئەفگانستان .

٢٠٠١/١٢/١٣ کۆمەلێك چەکداری تیرۆریست پەلاماری پەرلەمانی هندستانیاندا لە شاری نیوودەلهی پایتەختی هندستان ، کە بووە هۆی تەنگەژیەکی نا لە بار لە نێوان هندستان و پاکستان ، بە هەڕەشە لە یەکتری کردن بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و لە سەر کێشەی کشمیری داگیر کراو دابەشکراو لە نێوان هەردوو وولاتدا .

٢٠٠١/١٢/١٧ لە شاری – نامبۆڤای – ڕووسیای یەکگرتوو کەسایەتی ناوداری ڕووسیا ، جەمال شامۆیان کە کوردێکی ڕووسیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووسیای یەکگرتوو لە هەلبژاردەکانی پەرلەمانی ڕووسیا ، بە ئەندامی پەرلەمانی ڕووسیا– دۆما – هەلبژێردرێت ، کە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتیان دەکرد لە وولاتەکەدا .



٢٠٠١/١٢/٢٢ سەرۆکی کاتی ئەفگانستان حامد کارازای سووێندی یاسایی خوارد لە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ، کە ژمارەی ئەندامانی حکوومەتەکەی ٢٩ وەزیر بوون ، هەر لەو کاتیشدا بورهانەدین ڕەبانی ئەفگانستانی جێ هێشت و بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران ، کە لە کاتی دەسەڵاتەکانیان پشتگیریان لێدەکردن .

٢٠٠١/١٢/٢٤ گۆڤاری – الزمان الجدید – بڵاوی کردەوە ، کە لە ئەفگانستان زیاتر لە ٣٥٠٠٠٠ هەزار کوردی تیا نیشتەجێن‌و داوای مافی نەتەوایەتیان دەکەن . کە لە کاتی خۆی بە خۆرستانی کورد ناسراوبووە ، هەروا لە پاکستانیش کورد هەن‌و کە زۆربەی زۆری لە ناوچەی کوێتەن‌و لە ئەفگانستان لە شارەکانی– لاهورو کەرای‌و قەندەهار – نیشتەجێن .

٢٠٠٢

٢٠٠٢/١/٢ سەرۆکی نوێ سویسرا – کاسیر فیلیگر – داوای لە گەلی سویسرا کرد ، کە ڕەزامەندی بکات لە سەر چوونە ڕیزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ... ئەم داوایەی سەرۆکی سویسرا بە بۆنەی ساڵی نوێ بوو ... ئەویش بە بە دەست پێکردنی گفتووگۆ لە مبارەیەوە ، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . یەکەم ڕێکخراوە بتووانێ کێشە نێوو دەووڵەتیەکان چارەسەر بکات لە جیهان.

هەوا واش بریارە کە لە مانگی /٢٠٠٢/٣ گەلانی سویسرا ئەنجامی

راپرسـی بـدەن لـە رێگـەی سـندوقەکانی دەنگـدان بـۆ چـوونە رێـزی ئـەم رێکخـراوە نێـوو دەوڵەتیـە بـە نـا یـان بـەڵێ لـە دەنگدانەکـەدا... جێگـەی باسـکردنە کـە گـەلانی سویـسرا بـەر لـە ١٥ سـاڵ لـە رێگـەی سـندوقەکانی دەنگدان رەزامەندیان لە سەر چوونە رێزی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکرد .

ئەمەش بە هۆی دوورکەوتنـەوەی سویـسرا بوو لـە بێلایەنیەکـەی لـە کێشە هەمەلایەنەکانی نێوو دەوڵەتی و دەست تێوەر نە دان لە کاروباری وولاتـان لە رێگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

سویسرا یەکەم دەوڵەتە لە جیهان تاکوو ئێستا نەیوویستووە بچێتە رێـزی نەتـەوە یـەکگرتووەکان . بـەلام لـە دوای رووداوەکـەی ٩/١١ لـە ئەمـەریکا رێکخـراوە جۆراوجۆرەکـان لـە سویـسرا داوایـان لەحکوومـەت و گـەلی سویسرا کرد کە بچنە رێزی ئەم رێکخراوە جیهانیەدا .

٢٠٠٢/١/٤ دەستووری نوێی ئەفگانستان بە راپرسیەکی گەلانی ئەفگانستان بڕیاری لەسەر درا ، کە لە چەندین هۆزو تیرە پێك هاتوون بە پەسەند کردنی و بە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەرۆکایەتی لە دوای هەلبژاردن .

٢٠٠٢/١/١٠ روناکبیرو دیموکراتیخوازی کورد حوسێن جەمیل کۆچی دوای کرد ، کە رۆلی گرنگی هەبوو لە دارشتنی دەستووری کاتی ئێراق ، بۆ یەکەم جار کە تیایدا هاتبوو لە بڕگەی/ ٣ی دەستوورەکە ، بە هاوبەشی کوردو عەرەب لە خاکی ئێراق .

تێبینی :- لە بارەی بەندەکانی پەیوەندن بە مافی کورد دەتوانی بگەرێیتەوە بۆ بەرگی سێیەم کە باس لەو ماددەو خالانە کراوە .

٢٠٠٢/١/١١ دامەزرانـــــــدنی گرتووخانەی گوانتانامۆ لــە لایــەن ئیــدارەی ئەمــەریکاو هێزەکــانی سووپای ئەمەریکا . جێگـەی روونکردنەوەیە

بەندکراویکی گوانتانامو

کە گرتووخانەی گوانتانامۆ دەکەوێتە بنەکەیەکی دەریاوانی ئەمەریکی لە کەنداوی کووبا ... کە ئێستا وەکوو سومبوولی زیادە ڕۆییەکانی شەڕی دژە تیرۆر لێی دەرواندرێت ، کە ئیدارەی ئەمەریکا بە سەرکردایەتی جۆرج بۆش بەڕێوەوە دەچێت ... پێش دامەزراندنی ئەم گرتووخانەیە ، بنکە سەربازیەکە تەنها ٥٠٠ سەربازی لەخۆ دەگرت ... بەڵام ئەمڕۆ هەزاران سەربازو فەرمانبەری ئەمەریکی تیا کاردەکات.

گوانتانامۆ دەکەوێتە بنکەیەکی دەریاوانی ئەمەریکیەوە لە کەنداوی کووبا کە لە ساڵی ١٩٠٣ کووبا دەستی لیَ هەڵگرتووە بۆ ئەمەریکا وەکوو سوپاسگوزاریەك و لەو هاوکاریەی کە لە شەڕی دژ بە ئیسپانیادا ئەمەریکا پێشکەشی کردن .

هەروا گوانتانامۆ ئێستا ٨٠٠ بەندکراوی تیایە کە هێشتا ٢٧٠ یان چەند ساڵێکە لەو گرتووخانەیە ماونەتەوە ، بەبیَ ئەوەی تۆمەتیان ئاراستە بکرێت . هەروا لە ساڵی ١٩٣٤ ڕێکەوتنامەیەکی نویَ هاتە کایەوە بەوەی کە کووبا ساڵانە ٥٠٠٠ هەزار دۆلار لە ئەمەریکا وەردەگرێت وەك کریَ ، بەمەرجێك هیچ لایەنێك بۆی نەبێت ئەو ڕێکەوتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە .

کە لە ساڵی ١٩٦٠ کووبا کریَی ئەم دورگەیە وەردەگرێت ... لە گەڵ ئەوەشدا وولاتانی جیهان بە تایبەتی وولاتانی ئیسلامی و عەرەبی داوای داخستنی گرتووخانەی گوانتانامۆ دەکەن بەهۆی بوونی خەڵکی ئەو وولاتانە لەو گرتوو خانەیەداو هەوڵەکان بەردەوامن لە وولاتە جیاجیاکان لە جیهان.



٢٠٠٢/١/١٢ دەرچوونی بڕیاری هەڵووەشاندنەوەی لە سێدارەدانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی باکووری کوردستان – p.k.k – عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ زیندانی درێژخایەن ، بەهۆی پاڵە پەستۆی دەسەلاتی نێوودەووڵەتی بە تایبەتی ڕێکخراوی ماف

مرۆڤو یەکیەتی ئەوروپاو کەسایەتی دیکەی نێودەوڵەتی لە هەرێمە جیا جیاکانی جیهان .

٢٠٠٢ ١ ١٢ ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکی – محەمەد عەلی پیران – لە ڕۆژنامەی – تورکیش دیلی نیووز – دا گووتی:– پارتی کرێکاران لە باکووری کوردستان لەناوبراو ، بەڵام گەلی کوردی باشوور لە بیر کران و بۆچی داواو نیازی گەلی کورد بە پێی بەڵێنەکان جێبەجێ ناکرێت ، کە سوودمەندی بۆ دوا ڕۆژی تورکیا هەیە لە هەرێمەکدا .

٢٠٠٢/١/١٤ دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، داوای لە ڕژێمی تورکیا کرد ، کە یارمەتی ئەمەریکا نەدات لە هەر هێرشێك بۆ سەر ئێراق لەو کاتەش سەرەك وەزیرانی

تورکیا بلند ئەجەوید سەردانی ئەمەریکای کردو باسی لە کێشەی ئێراق و بوونی ناوچەیەکی ئازاد لە باشووری کوردستانی کرد ، بە مەترسی لە بوونی دەووڵەتێکی دوا ڕۆژی کوردو کاردانەوەی بۆ سەر ڕژێمی تورك و وولاتانی دیکە لە هەرێم و ناوچەکەدا .

٢٠٠٢/١ ٢٤ سەرەرای گومانی لێکردن لە دەستووری نوێی کۆنگۆ بەرازافیل و ڕەزامەندی لە لایەن گەلی کۆنگۆی لە سەرکرا کە لە ٨٤,٢٦٪ دەنگدەران دەنگیان بۆ



دەستوورەکەدا لە ڕاپرسیەکدا کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەنجامدرا .
بەلام لە ١١,٢٩٪ دەستوورەکەیان رەتکردەوە ، دوای ئەوە حکوومەتی

کۆنگۆ بەرازافیل لەراگەیاندنێکیدا رایگەیاند ، کە بەشێوەیەکی گشتی ٧٨٪ی دەنگدەران بەشداریان لەو راپرسیەدا کرد بۆ دەنگدان بە رەزامەندیان لە سەر ئەم دەستوورە کە ژمارەی دانیشتوانی ١,٦٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە سەرەرای بوونی دەیا پارت و رێکخراو بەداواکردنیان بە بەشداری نەکردن لەو راپرسیەدا .

بەلام راپرسیەکە ئەنجامدراو سەرکەووتنی بەدەست هێنا ... کە ئەم دەستوورەش ماوە بە دەسەلاتی سەرۆکی کۆنگۆ – دینیس ساسۆ – دەدات دەستووری نوێی کۆنگۆ بەرازافیل ماوەی دەسەلاتی سەرۆکی وولات لە پێنج ساڵ بۆ حەوت ساڵ درێژکردەووە .

هەروا دەسەلاتی سەرۆکی وولاتەکە دەتوانێ پلەی سەرەك وەزیران هەڵووەشێنێتەوەو سەرەك وەزیران دەربکات و دابمەزرێنێت .

هەروا دەسەلاتی سەرەك کۆمار بە پێی دەستووری نوێ دەتوانێ پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوەو پەرلەمانێکی نوێ لە گەڵ ئەنجوومەنی پیران دابمەزرێنێت ... هەروا لە دەستووری نوێی وولاتەکەدا هاتووە کە پەرلەمان ناتوانێ سەرەك کۆمار دەربکات و دابمەزرێنێت .

٢٠٠٢/١/١٦ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ناوی ئەنجوومەنی کوردستان بانگەوازێکی ئاراستەی پەرلەمانتاران و رێکخراوو ئەنجوومەنە جیهانیەکان کرد ، لە بارەی هێرشە راگەیاندنەکانی رژێمی تورکیا لە سەر ئەو بارو دۆخەو ئەو ئەزمونەی کە لە باشووری کوردستان هەیەو مەترسیدارە بۆ دوا رۆژی ئەو وولاتانەی کوردیان پێ لکێنراوە بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٣/٢٤. مۆرکراو لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە سەر کردایەتی بەریتانیا .



٢٠/١/٢٨ سەرۆکی ئەمەریکا لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکا– جۆرج بۆش– گووتی:– ئەمەریکا بە دوای ئازادیو دادپەروەری هەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا دەگەڕێو هیچ دەوڵەتێك مافی ئەوەی نیە مافی نەتەوەکانی دیکە زەوت بکات... ئەی کورد...!.

٢٠٠٢/٢/١٨ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە پێناو هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتری و بەلاوەنانی کێشەکان .

ئەم ڕێکەوتنەش لە ٢٠٠٢/٢/١٨ مۆرکرا لە دوای زنجیرەیەك لە کۆبوونەوەو چاوپێکەوتن ... بە پابەندبوونی هەردوو لا بە ڕێکەوتنامەکەی تارانی پایتەختی ئێران لە ١٩٩٧/٤/٣٠ ، لە لایەن یەکیەتی نیشتیمانی

کوردستان و لە گەڵ کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی لە باشووری کوردستان . کە ئەم ڕێکەوتنەش لە ١٤ خاڵ پێکهاتبوو لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە هەرێمەکەدا .

تێبینی :- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ هەردوو ڕێکەوتنامەکە .



٢٠٠٢/٢/١٨ سەرەك کۆماری سیرالیۆن – ئەحمەد تیجان کەیا – ووتارێکی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی وولاتەکەی لە دەرەوەی پایتەختی سیرالیۆن – فریتاون – بەرامبەر بە دەیا هەزار کەس خوێندەوە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شەڕی ناوخۆی سیرالیۆن بەدژوارترین شەڕ دادەنرێت لەم وولاتە لە کیشوەری ئەفەریکیا .

هەروا لەم ووتەی سەرۆکی سیرالیۆن دا بەشێوەیەکی فەرمی بە کۆتایی هاتنی شەری ناوخۆی راگەیاند ...لەم ئاهەنگەشدا هەردوو لایەن – سەرۆکی سیرالیۆن و سەرکردەی بەرەی شۆرشگێری یەکگرتووی سیرالیۆن پیرۆزباییان پێشکەش بەیەکترو گەلی سیرالیۆن کرد بەم بۆنەیە ... هەروا حکوومەتی سیرالیۆن و بەرەی شۆرشگێر بەڵێنی ئەوەیاندا . کە لە دوای رۆیشتنی هێزی نێوو دەووڵەتی لەم وولاتەدا هاوکاری و کاری هاوبەش زیاتر بکەن لە بەرەو پێشبردنی وولاتەکە لە هەموو بوارەکاندا .

لە دوای کۆتایی پێ هاتنی شەڕی ناوخۆو دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە ٢٠٠٢/٥/١٥ ئەنجامدراو سەرۆکی سیرالیۆن ئەحمەد تیجان بە پلەی یەکەم دەنگەکانی بە دەست هێنا و بە پلەی دووەمیش باڵێوراوی پارتی مللی گشتی – ئیرنست کروما – و پلەی سێیەم پارتی شۆرشگێری سیرالیۆن ... ئەم هەڵبژاردنەش لە بارو دۆخ و کەشێکی لە بار ئەنجامدرا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٢/٢/٢٢ نووسراوی پارێزگای مووسڵ به ژماره/٨٠٣ ، که ئاراستەی یەکەکانی کارگێری کردووەو تیایدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە بۆ زیاتر کردنی ئەم ناحیانەی خوارەوە ئەوانیش:
فاروق- ئەلقوش- زمار- رەبیعە- مەرجی ئەم بەڵگەنامەش بۆ جوتیاران ئەوەیە ، کە پەیوەست بن بەگواستنەوەی تۆمارگاکانیان و باری شارستانی و پسولەی خۆراك ، ئەم زەویە کشتووکاڵیانەش بە هیچ جۆرێك نەدەن بەکوردی ناحیەکان له ناوچەکەدا .

٢٠٠٢/٢/٢٥ حکوومەتی ئەنگۆلا لە راگەیاندنێکیدا کوژرانی سەرکردەی شۆرشگێری – یۆنیتا – جۆناس سافیمبی – راگەیاند ، له لواندای پایتەخت ، بە هۆی شەری نێوان

هێزەکانی سووپای ئەنگۆلاو شۆرشگێرانی بەرەی رزگاری ئەنگۆلا ... بەڵام لە لایەکی دیکە وتەبێژی فەرمی جووڵانەوەکە کوژرانی سەرکردەی بەرەی بە درۆخستەوە .
جێگەی ئامارژە پێکردنە کە – جۆناس سافیمبی – یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئەم وولاتەو هەوڵ و خەباتی لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵات بوو لە ئەنگۆلا لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داگیرکەری پرتوگاڵی لە سەر ئەم وولاتەدا لە ساڵی ١٩٧٥ .
سەرەرای هەرەس هێنانی کاری سەربازی بەرامبەر بە هێزی سووپای ئەنگۆلا و بە بروا پێکردنی گەلانی ئەنگۆلا بە دەنگ پێدانی لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان کە سافیمبی کۆسپ بووە لە بەردەم هەموو هەوڵە خێرخوازیەکانی ناوخۆی ئەنگۆلاو دەرەوەی ئەنگۆلا ... کە کێشەی نێوان جووڵانەوەی یۆنیتاو حکوومەتی ناوەندی بووە هۆکاری گیان لە دەستدانی زیاتر لە نیوو ملیۆن کەس بەر لە ٢٥ ساڵ تاکوو ئێستا لەم وولاتەدا .

٢٠٠٢/٣/٩ وەزیری بەرگری مەدەغەشقەر – ژەنەراڵ مارسیل رانگیڤا – دەستی لە کار کێشایەوە بە هۆی دەست بە سەراگرتنی باڵەخانەی وەزارەتەکە لە لایەن ئیدارەی نویٚ ، کە – مارك رافالۆماناتا – لە راگەیاندنێکیدا بەخۆکردنە سەرۆکی مەدەغەشقەر – هەروا سەرۆکی وولاّتەکە – دیدی راتسیراکا – رایگەیاند کە حکوومەت لەو وولاّتەدا رۆڵی نەماوەو ئەو ئیدارە توانای خۆی لەدەست داوە لە سەر وولاّتەکەدا .

لەو کاتەشدا باران و زریانێکی گەورە لە وولاّتەکە نزیك دەبێتەوە بە شێووەیەکی زاکزیکی – حلزونی – کەمەرەیی لە دوورگەی مەدەغەشقەر کە دەکەوێتە زەریای هیندی ... هەروا لەوکاتەشدا دەسەلاّتەکەی سەرۆکی وولاّت – راتسیرکا – دەسەلاّتی لە سەر وولاّت نەما ... جێگەی باسکردنە کە دەست بەسەراگرتنی باڵەخانەکە لەلایەن جێگری وەزیری بەرگر – ژەنەراڵ جۆلی مامبزارا – بوو لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠٢/٣/١٤ مۆرکردنی رێکەوتنامە لە نێوان هەردوو کۆماری سربیا و چیای رەش – جبل الاسود – کە ئەم دوو کۆمارە یەکیەتی یۆگسلافیا پێك دێنن ، ئێستا کە هەردوو دەوڵەت نیمچە سەربەخۆن لە گەڵ یەکترو هەر یەك لەو دوو کۆمارە کاروو باری ناوخۆو دەرەووەو دەبەن بەرێووە لە بواری ئابووریدا .

ئەم رێکەوتنەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ناوی وولاّتی یۆگسلافیا تەنیا لە لاپەرەی مێژوو تۆمارکراو و ناوی نویٚ بووە یەکیەتی نوێی سربیا و جەبەل

ئەســوەد . بـەڵام هاوبەشــن لــە هەنـدێ دام و دەزگــای ســەرۆکایەتی وەك سەرۆکی یۆگسلافیاو وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە .

ئـەم ڕێکەوتنـەش بەبـژیووانی ئـەوروپا بـوو کـە لـە سـەرۆکی یۆگـسلافیا – فویـــسلاڤ کۆشنۆنیتـــسا – و ســـەرۆکی جەبـــەل ئەســـوەد – میلـــۆ دیووکانۆفیتش – و سەرەك وەزیرانی سربیا – زووران دینـدیتش – لەگـەڵ ڕێکخەری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی ئەوروپا – خافێز سۆلانە – مۆرکرا . هـەر چەند ئەو ڕێکەووتنە بە ڕێکەووتنێکی مێـژوویی ناوزەنـدکرا ، کـە جەبەل ئەسوەد ماڤ خۆی پارێزراو بوو لە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی لە بارەی سەربەخۆیی ، دوای سێ ساڵ لە وولاتەکەداو جیابوونـەوەی لـە دەووڵـەتی یۆگسلافیا بـە شـێوەیەکی فـەرمی و بـوونی بـە دەووڵـەتێکی سـەربەخۆ لـە ناوچەی بەلکان .

سەرەرای ئەوەش وولاتانی ڕۆژئاوا لە گەڵ جیابوونـەوەی جەبەل ئەسـوەد نەبوونـە لـە سـربیا بە هـۆی ئـەوەی کـە هـەنگاوێك بێـت بـۆ ئەلبانیـەکان لـە هەردوو هەرێمی مەکدۆنیا و کۆسـۆفۆ و سـربەکان لـە بۆسـنەدا ، لـە هـەمان کـات دەتـوانرێ سـەر لـە نـوێ هێڵـی سـنووری دابرێـژرێت لـە نێـوان ئـەو هەرێمانەدا .

جێگــەی ئامــاژە پێکردنــە کــە کۆمــاری یۆگــسلافیا لـــە دوای مردنـــی دامەزرێنـەری ئـەم وولاتـە – جۆزێـف تیتـۆ – لـە سـاڵی ١٩٨٠ کـەرت بـوونی بـەخۆوە بینی کـە چـوار کۆمـارە لـە نـاو سـنووری یۆگسلافیا سـەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند .ئەوانیش :– کرواتیا و ، سلوڤینیاو ، بۆسنەو ، مەکدۆنیا بوو لەو وولاتەدا ... کە جیابوونەوەی مەکدۆنیا و سلوڤینیا بەشـێووەیەکی ئاشتیانە بـوو ، بـەڵام جیابوونـەوەی کرواتیاو بۆسـنە بـووە هۆکـاری شـەڕی ناوخۆیی لـە دوو قۆنـاخ لـە بـەلکان و تاوانـەکانی جـەنگی دژ بـە مرۆڤایـەتی لێکەووتەوە ، کە بێ وێنە بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهاندا .

٢٠٠٢/٣/٢٥ ڕووداني گومە لەرزە بە هێزی ٦/ پلە بە پێوەری ریختەر لە ناوچەی دووزێ لە چیاکانی کۆشی هند ، لە ئەنجام بووە هـۆی کوشـتنی ١٠٠٠ هـاوولاتیو برینـدار کردنـی بـە دەیـا هـاوولاتیو وێرانکردنـی چـەندین گونـدو دارو دارستانو کێڵگەی کشتووکاڵی لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٢/٣/٢٩ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر پێشوازی لە شێخی ئەزهەر محەمەد سید قەرەزاوی کرد لە بارەگای تایبەتی خۆی لە شاری لندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئیسلام و مەسیحیەکان لە جیهاندا .

٢٠٠٢/٤/٣ هەلبژاردنی پەرویز مشەرەف بۆ پۆستی سەرەك کۆماری پاکستان لە دوای راپرسی بە مانەوەی لە دەسەلات ، کە خۆی لە رێگەی کودەتای سەربازی دەسەلاتی گرتە دەستو نەواز شەریفی لە دەسەلات لابردو بە پەنابەر رەوانەی شانشینی سعوودیە کرا .

٢٠٠٢/٤/٣ بالوێزی ئێراق و سووریای پێشوو ، نووسەری بەناو بانگ ولیەم ئیکلتن ، کە خاوەنی کتێبە بە ناوبانگەکەی – کۆماری مەهاباد – و دۆستی کورد لە گەڵ – چارلس ئەی فۆرێست – سەردانی باشووری کوردستانیان کردو لە گەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆبونەوەیان ئەنجامدا .لە شاری هەولێری پایتەخت .

٢٠٠٢/٤/٤ مۆرکردنی رێکەوتننامەی شەڕ وەستان لە نێوان حکوومەتی ئەنگۆلاو بەرەی رزگاری ئەنگۆلا – یۆنیتا – ئەمەش بەکۆتایی پێ هێنانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هەردوو لایەن کە ماوەی ٣٠ ساڵی خایاند ...ئەم رێکەوتنەش لە دوای کوژرانی سەرکردەی جوڵانەوەکە – جۆناس سافیمبی – دەبێت ، کە سێ هەفتە بەر لەو مێژووە کوژرانی راگەیاندرا لە لایەن حکوومەتی ئەنگۆلا لە لواندای پایتەخت .

هەروا هەردوو لایەنی مۆرکەر لە سەر رێکەوتنەکە بەندێك دەست گیربوونیان پابەند دەکات بە ٩٤ بەندەکەی دیکە ، کە بەر لەو رێکەوتنە رێکەوتنەکانی دیکە هەرەسیان هێنابوو سەرەرای مۆرکردنی لە نێوان حکوومەتی ئەنگۆلاو جووڵانەوەی یۆنیتا .

هــەروا لــە رێــوو رەسمــی مــۆرکردنی رێکەوتننامەکــە چــەندین نووێنــەری وولاتــانی دراوســێی کۆمــاری ئــەنگۆلاو نووێنــەری رێکخــراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان ئامــادەی بــوون ... یــەکێك لــە بەنــدەکانی رێکەوتنەکــە هێزەکانی سووپای یۆنیتا کە ٥٠ هەزار سەرباز لەخۆ دەگرێ بچێتە رێزی سووپا و پۆلیس و ئاسایشی ئەم وولاتە.



٢٠٠٢/٤/١٧ ســــــەرۆکی نــــــوێی هەڵبــژێراوی تــەیمووری رۆژهـــــەلات – زنانـــــا جۆسمــاو – لــە وتەیەکیدا بــە بۆنــەی ســەرکەوتنی وگووتی:-

بە هەموو توانایەك هەوڵی سەرکەوتنی پرۆگرامەکانم دەدەم لە ماوەی پێنچ ساڵی داهاتوودا لە هــەموو بوارەکــان ... جێگــەی ئامــاژە پێکردنــە کــە ئەمــە یەکــەم هەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتیە لــە تــەیمووری رۆژهــەلات ئــەنجام دەدرێــت لــە دوای جیابوونــەوەی لــە ئەندۆنیــسیا ، کــە جۆسمــاو تیایــدا ســەرکەوتنی لــێ بەدەست هێنا .

تــەیموری رۆژهــەلات هــەژارترین دەووڵــەتی نوێیــە لــە ئاسیا ، لــە دوای راگەیانــدنی ســەربەخۆیی ... ئــەم هەڵبژاردنــەو ســەرکەوتنی جۆسمــاو لــە نــاووەوەو دەرەووەی تــەیمووری رۆژهــەلات پێــشوازی گــەرمی لێکــرا .لەوانەش ئوستراليا .

کــە ئوســترالیا وولاتێکــی پــارێزەری تــەیمووری رۆژهــەلات بــوو بــە هۆکارەکانی تووندو تیژی لەم وولاتە نوێیەدا . لەم هەڵبژاردنەی جۆسماو کــە لــە ٨٣٪ دەنگــی بەدەســت هێنــا بەرامبــەر بــە بەرهەڵــستکارەکەی فرانسیــــسکۆ زافــیر بــە ١٧٪ ی دەنگـــەکان کـــە رێکخـــراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان کاروبارەکــانی تــەیمووری رۆژهەلاتی گرتە دەست تاکوو راگەیاندنی تەواوی سەربەخۆیی لە ٢٠٠٢/٥/٢٠ لەم کێشوورەدا .

٢٠٠٢/٤/٢٢ مـــۆرکردنی ڕێکـــەوتنی هــــەردوو ســــەرۆکی

مەدەغەشـــقەر – مـــارك ڕافالۆمانانــا – ســـەرۆکی بەرهەڵـــستکارو ســـەرۆکی کودەتـــای ئاشـــتی لـــەم وولاتـــەو – دیـدیر ڕاتـسیراکا – سـەرەك کۆمـاری مەدەغەشـقەر، لـە پێنـاو بەرەو ئاشتبوونەوەی گشتی . کە سەرۆك مارك ڕەزامەندی خۆی بۆ دیدیر نیـشاندا کـە واز لـە سـەرۆکایەتی وولاتەکـە بهـێنێ لـەدوای خـۆکردن بـە سەرۆکی وولاتەکە ، کە بەچەند مەرجێکی هاوبەش لە نێوانیاندا .

کە ئەمەش لە دوای شەڕو پێکدادان هات کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٣٥ کەس گیانیـان لەدەسـتداو بـەدەیا کەسـیش زامـداربوون لـە – ئـەنتاناناریڤۆ - ی پایتەختی مەدەغەشقەر ... هەروا ڕەزامەندی سەرۆك دیدیر بە دووبارە لێك جیاکردنـــەوەی دەنگـــەکانی هەڵبـــژاردنی مـــانگی/٢٠٠١/١٢ ... هـــەروا گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە وەك باری پێشوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٢ ٥ ٤ بەرپرســـانی – خـــاکی سۆماڵ – کـە یـەك لایەنـە



لـەو هەرێمـەدا کۆمـارێکی ســـەربەخۆییان لـــە نـــاو چوارچـێووەی سـنووری وولاتـی سۆماڵ ڕاگەیانـد و تـاهر ریـال کیهانیـان بـە ســـــەرۆکی نـــــوێی کۆمارەکەیان دامەزراند ، لە دوای مردنی سەرۆکی دامەزرێنـەری کۆمارەکـە – محەمەد ئیبراهیم ئیگال – کە تاهیر جێگری سـەرۆك کۆمـاری کۆچـکردوو بوو . ئەمەش لە دوای کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی بەرپرسانی ئەم هەرێمـەدا بەپێی دەستوورەکەیان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کـە محەمـەد ئیبراهیم بە سـەرۆکی سـەربەخۆیی و

جیاکەرەوەی هەرێمەکە لە ساڵی ١٩٩٣ هەڵبژێردرا ... گەرچی وولاتانی جیهان دانیان بەو کۆمارە نەنا لە ناو خاکی سۆماڵ ... هەڵژاردنی ئیگال لە لایەن ئەنجوومەنی ئەعیان بوو ، کە لە کەسایەتیە سەرەك هۆزو تیرەکانی هەرێمکە پێك هاتبوون .

لەوکاتەی کە سۆماڵ دابەش بوو بۆ ٢٠ پارچە و هەر پارچەیەکیش سەرکردایەتی جەنگی سەرکردایەتی دەکردو زانیاریان نەبوو لە هیچ بوارێك لە بوارەکانی هەڵسووراندنی کاروبارە جۆراو جۆرەکان . تەنیا شەڕکردن نەبێت لەم وولاتەدا .

٢٠٠٢/٦/٥

لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی تێروو تەسەل لە سەر بازرگانی کردن بە مرۆڤ ، کە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەی ئاشکرا کرد ، کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١ زیاتر لە ٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن مرۆڤ بازرگانی پێوە کراوە بەکرین و فرۆشتن ...بەم هۆیەش ١٩ وولات تاوانبار کران کە هەڵنەستاون بەرێگەگرتن لەم کارە نا مرۆییە لە جیهاندا .

لە هەمان کات وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە سەر بازرگانی کردن بە مرۆڤ ، کە ئەم وولاتانەش ، ئەفگانستان – ئەرمینیا – قرغیزستان – کە لە لیستی رەش ناویان تۆمارکراون . هەروا راپۆرتەکەش ئەوەی ئاشکراکرد کە لە ماوەی ساڵی رابردوو زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەس لە ژن و پیاو و منداڵ فرۆشراون و کراون .

ئەم بازرگانی پێوە کردنەش لە پێناو بەکارهێنانیان بووە بۆ کاری سکسی و کاری خراپەکاری لە بارودۆخێکی نادیار و لە دام و دەزگا گەشت و گوزاریەکان کاریان پێوە دەکەن .

ئەویش لە پێناو بەدەست هێنانی قازانج و هەروا لە بوارەکانی دیکەی بیناسازی و کشتووکاڵ بەرامبەر بە رۆژانەیەکی زۆر کەم ، کە تەنیا بەشی

ئەوەیان بکات کە نەمرن ... ئەم وولاتانەی کە بەم کارانە هەڵدەستن بۆ سێ کۆمەڵ دابەشکراون ئەوانیش ... ئەفگانستان و ، ئەرمینیا و ، بەحرێن و ، رووسیای سپی و ، بۆسنەو ، میانمار و ، کەمبۆدیاو ، یۆنان و ، ئەندۆنیسیا و ، ئێران و ، قرغیزستان و ، لبنان و ، قەتەرو ، رووسیا و ، سعوودیەو ، سوودان و ، تاجاکستان و ، تورکیا و ، ئیماراتی عەرەبی ... بەڵام ئەو وولاتانەی کە دەست گیرن بە یاسای قەدەخەکردنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ئەمانەن :- فەرەنساو ، بەلژیکا و ، ئەلمانیا و ، سویسرا و ، کۆریای باشوور و ، کۆلۆمبیا.

٢٠٠٢/٦/٨ کۆنفرانسی کورد – کورد کلیلی سەقامگیری ئێراقە – کە لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمەریکا بە رێووە چوو. لە پێناو ئاسانکاری کردن لە چارە سەر کردنی کێشەکان لە ئێراقدا .

٢٠٠٢/٦/٨ لە دوای زیاتر لە مانگێك لە پشکنینی بەردەوام لە گردی وەستا عارەب لە باکووری رۆژئاوای شاری هەولێر لە باشووری کوردستان ، توانرا کەلوپەلی شووێنەواری بەر لە ٦٠٠٠ هەزار ساڵ بدۆزرێتەوەوئەو کەلوپەلانەش لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر پاراستراوە ، کە هۆکاری بەهێز بوونی کەلەپووری کوردەواریە لە کوردستان .

٢٠٠٢/٦/٩ کۆچی دوایی نووسەرو فۆلکلۆر پەروەری کورد مامۆستا – محەمەد کەریم شەریف – شایانی باسە ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی گاینجی سەر بەناحیەی خەبات سەر بەقەزای دەشتی هەولێری سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... لە ساڵی ١٩٥٤ باوکی ماڵی لە گوند بار دەکات و دێتە شاری هەولێر و لێی نیشتەجێ دەبێت لە گەرەکی تەیراوە .

لە ساڵی ١٩٥٦ دەچێتە قوتابخانەو لە ساڵی ١٩٦٩ کۆتایی بە قۆناخەکانی خوێندن دێنێ و دەبێتە مامۆستاو بۆ یەکەم جار لە گوندی بیشەی بناری چیای حەسەن بەگ لە دە قەری سۆران بە مامۆستا دادەمەزرێ ... پێنووسەکەی بۆ یەکەم جار دەست دەکات بە کۆکردنەووەو تۆمارکردنی گەلێك دەقی چیرۆك و شیعری فۆلکلۆری کوردی و بەچاپیان دەگەیەنێ ... کە بەرهەمەکانی یەکەم فۆلکلۆری یاریەکانی کوردەواری لە

سـاڵی ١٩٧١ بـه چـاپدەگەیەنێ . دووەم بەرهـەمی فۆلکلۆری هۆنراوەکـانی کـوردەواری لـــه سـاڵی ١٩٧٤ بەچـاپدەگەیەنێ ... سـێ یـەم بەرهـــەمی سوارچاکی له لاوکی کوردەواری دا له ساڵی ١٩٧٨ بەچاپدەگەیەنێ له گەڵ چەندین بەرهەمی دیکه .

لـه دوای دامەزرانـدنی یەکیـەتی نووسـەرانی کـورد لـه ١٩٧٠/٢/١٠ و بەستنی یەکەم کۆنگره له ٢٣-١٩٧٠/٦/٢٤ ، به بوونی به ئەندامی ئەو یەکیەتیـه و لـه کـۆنگرەو کۆنفرانسەکان بەشداری کـردووه و رۆڵـی بـاڵای هەبووه له بوارەکانی نووسینی فۆلکلۆری کوردی له کوردستان .

٢٠٠٢/٧/١١ تـابلۆی قەسـابخانەی بـێ تاوانـەکان لـه فرۆشـتنێکی ئاشـــکرا گەیـــشته ٤٩,٥ ملیـــــۆن جوونـــــەی ئیــــستەرلینی – ئـــەم تابلۆیـەش کـه لـه لایـەن هونەرمەنـــدی نـــاوداری جیهـان – روبنـز – کێشرا بـوو لـه مـەزادی ئاشکرا لـه شـاری لەنـدەنی پایتەختی بەریتانیا له – سزبی – فرۆشرا

ئـەم تابلۆیـەش تـوانی سـەرکەوتنی بـێ وێنـه بەدەسـت بـێنێ نـەك لـه بەریتانیا بەڵکوو له هەموو جیهان ، سەرەرای ئەوەی که ناوی کریاری ئەم تابلۆیانەشیان ئاشکرا نەرکرد .

ئـەم تابلۆیـەش لـه نێـوان ساڵەکانی ١٦٠٩ – ١٦٦١ وێنەکـەی کێشرابوو ... که بەگرنگترین و نایابترین تابلۆ ژمێردرا له جیهان ... که ئەمەش یەکەم تـابلۆی هونەرمەنـد – روبنـز – بـوو کـه لـەو ماوەیـه دەفرۆشـێت لـه مـاوەی بیست ساڵی رابردوودا له جیهان .

٢٠٠٢/٧/١٢ خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین لە ژێر دەستەی – چیای تارق – رۆژ بە رۆژ بەرەو توندو تیژتر هەنگاو دەنێ بە هۆی ئاشکراکردنی نیازەکانی بەریتانیا بەدابەشکردنی سەربەخۆیی ئەو هەرێمە لە نێوان بەریتانیاو ئەسپانیا ... ئەم



ئاشکراکردنەش لە لایەن دادوەری بەریتانیا بوو لە – چیای تارق – دیڤید دووری – هات لە ڤیستیڤاڵێکی سەربازی ئەویش بە خوێندنەوەی ووتەکەی بەرامبەر بە هێزەکانی سەربازی بەریتانیا لەم هەرێمەدا .

لەو کاتەش حکوومەتی چیای تارق دەیەوێ کێشەی هەرێمەکە بەرای گشتی جیهان رابگەیەنێ .

ئەویش لە دیاریکردنی داهاتووی ئەو هەرێمە لە رێگەی راپرسی مللی لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو و دەربرینی نارەزایی دانیشتووانی هەرێمەکە دژی دابەشی ئەو هەرێمە لە نێوان بەریتانیاو ئسپانیا.

لە بەر ئەوەی وەزیری دەرەوەی شانشینی بەریتانیا جاکسترۆ لە راگەیاندنێکیدا گووتی :- بەریتانیا رازیە لە سەر دابەشکردنی سەربەخۆیی هەرێمەکە لە ئەسپانیا ... ئەمەش بۆ یەکەم جارە بە شێووەیەکی ئاشکرا رابگەیەنرێ بە دابەشکردنی سەربەخۆیی هەرێمی چیای تارق لە نێوان ئەسپانیاو بەریتانیا . هەر لەکاتی ووتەکەیدا ، جاکسترۆ بەرامبەر پەرلەمانی بەریتانیا لە لەندەنی پایتەخت رایگەیاند ، کە لە لەندەن و مەدرید لە سەر ئەمە رێکەوتوون و داوا لە دانیشتووانی

چیای تارق دەکات کە پێشنیاری هەر ڕێکەووتنێك بکەن و هەروا هەر ڕێکەوتنێك بۆ داهاتووی چیای تارق بێت دەبێ هەمیشەیی و هەمەلایەن بێت ئەویش لە پێناو سەقامگیری و بووژانەوەی ئەو هەرێمە ژێر دەستەیە بێت .

هەروا جاکسترۆ گوتی :- دەمانەوێ هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە بنکەکانی خۆیان جێگیربن لە ژێر سایەی بەریتانیا .

جێگەی باسکردنە کە چیای تارق ژێر دەستەی بەریتانیایە بەر لە ٣٠٠ ساڵ تاکوو ئێستا لە ناوچەکەدا . لەو کاتەشدا سەرۆکی حکوومەتی – چیای تارق – بیتر کاروانا – گووتی :- مەبەست لەو ڕاپرسیە دووپاتکردنەوە یە بۆ دانیشتووانی چیای تارق بەرەتکردنەوەی هەر ڕێکەوتن و دابەشکردنێك کە ئەنجام دەدرێت لە نێوان بەریتانیاو ئەسپانیا .

هەروا گووتی :- هەر ڕێکەوتنێك لە نێوان ئەو دوو وولاتەدا دژی تاوان و ئامانجەکانی گەلی چیای تارقە ... لەوکاتەشدا وەزیری کاروباری ئەورووپی بەریتانیا لە راگەیاندنێکیدا گووتی :- دان بە هەر ڕاپرسیەك نانرێت کە لەچیای تارق ئەنجام بدرێت .

چیای تارق دەکەوێتە باشووری ئەسپانیا و کە ناوچەیەکی بچووکی ڕووبەر کەمەو ژمارەی دانیشتوانی ٣٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا لە ساڵی ١٨٣٠ بەریتانیا دەستی بە سەر ئەو هەرێمە بچوکەدا گرت و لە ساڵی ١٩٦٩ ماوەی پێدا کە حکوومەتێکی تایبەتی بۆخۆیان دابمەزرێنن کە سەر بە حکوومەتی بەیتانیا بێت .

٢٠٠٢/٧/٢٠ کۆچی دوایی گۆرانی بێژی ناوداری کورد عیسا بەرواری لە شاری دهۆك لە هەرێمی باشووری کوردستان و تەرمەکەی لە گۆرستانی شاری دهۆك بە خاك سپێردراوە لە شارەکەدا .

٢٠٠٢/٧/٢١ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی سوودان و جوولانەوەی ڕزگاری باشووری سوودان ، بە پێك هێنانی حکوومەتێکی فیدراڵی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەووڵەت و دابەشکردنی دەسەڵات و سامان ، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان باشوورو باکوورو گەلانی دیکەی

پێك هاتەكانی سوودان .

تێبینی:- دانەنانی وێنە لە گەڵ هەر مێژوویەك ، لە بەر ئەوەی لە جێگەی دیكە دانراوە . لە گەڵ رێزدا .

٢٠٠٢/٨/٢ پەرلەمانی توركیاو رژێمی توركیا لە بڕیارێكیدا یاسای لە سێدارەدانی هەڵووەشاندەوە ، تەنیا لە كاتی جەنگ نەبێت ، واتە – دیزە بەدەرخۆنەیە – چونكە رژێمی توركیا هەردەم لە جەنگە لە گەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردو ئەرمەن لە باكووری كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەڵاتی توركیای بێ وێنە لە جیهان ، لە ئازاردان و ئەشكەنجەدانی گەلانی توركیا . بە تایبەتی ئەرمەن و كوردو ئەوەی لە نژاد تورك نین لە و وولاتەدا .

٢٠٠٢/٨/٣ پەرلەمانی توركیا لە دوای گەیشتن بەڕاستیەكان و بوونی نەتەوەیەكی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن كورد گەلی دیكە بڕیاری دان پێنان بە خوێندنی زمانی كوردی وبلاوكردنەوەی پەخشەكانی هەردوو بەشی وێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەكوردی لە دوای سەدان ساڵ لە كاری قڕكردنی كوردو كوردستان.



٢٠٠٢/٨/٢٨ دەست پێكردن بەجێ بەجێكردنی پرۆگرامی لە ناوبردنی مین لە وولاتی تشیلی كە زیاتر لە نیوو ملیۆن مین چێنراوبوو ، كە دژ بە مرۆڤ بوون لەو ناوچە سەر سنووریانەی كە كەوتوونەتە سەر سنووری نێوان تشیلی و ئەرژەنتین و ، پۆلۆنیاو ، پیرۆ ، كە لە ساڵەكانی ١٩٧٠ چێنراوبوون ... بەم بۆنە سەرۆكی تشیلی – ریكاردۆلیگۆس لە ئاهەنگی تەقاندنەوەی زیاتر لە ٧٠ هەزار مین بەشداری كرد لە وولاتەكە دا .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە سەرۆكی پێشووی تشیلی دكتاتۆر – ئۆگستۆ

بینۆشیە – ئەو مینانەی چێنراو کرد بوو لە ترسی هێرش کردنە سەر حکوومەتەکەی لە سەر سنووری ئەو وولاتانە ... بە هۆی زۆری چێنراوی مینەکان کە ماوەی ١٠ساڵی دەویّ بۆ ئەوەی ئەو مینانە بە تەواوی خاوێن بکرێنەوەو جێگەی مەترسیدار نەبن بەرامبەر بە هاو ولاتیان و خەرجیەکانی هەڵگرتنن و تەقاندنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی مینانە کە بەدەیا ملیار دۆلار خەرجی دەوێت .

هەروا حکوومەتی تشیلی بە سەرۆکایەتی لیگۆس ئاواتە خوازە وولاتەکەی پەیوەندی دراووسێیەتی لە سەر بنکەکانی ئاشتی بە یەکەوە ژیان بێت .

ئەمەش لە دوای بەرەو باش چوونی پەیوەندی تشیلی لە گەڵ حکوومەتەکانی ئەرژەنتین و ، بۆلۆنیا و ، پیرۆ دێت ، کە بەرەو باشی هەنگاو دەنیّ لە ناوچەکەدا ، سەرەرای بوونی کێشەی سنووری لە نێوان تشیلی و ، بۆلۆنیا و ، پیرۆ و هەوڵەکان بەردەوامن لە پێناو کەمکردنەوەی ئەو بارە گرژییەی کە لە نێوان ئەو وولاتانە لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە لایەن سنووریدا .

٢٠٠٢/٨/٢٩ لە راگەیاندنێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێزەکانی سوپای روندا و ، ئۆگەندا . دەستیان کرد بە

کشانەوە لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی ...هەروا ووتەبێژ بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان گووتی :– ئەو دوو وولاتە پشتگیری شەرکەرە هەمەلایەنەکانی ناوخۆی ئەو وولاتەیان دەکرد ... کە رواندا و ، ئۆگەندا لە ساڵی ١٩٩٨ بە دەیا سەربازیان رەوانەی ناو خاکی کۆنگۆی دیموکرات کرد بۆ پشتیووانی کردنی بەرهەڵستکارانی دژ بەحکوومەتی لۆرانت کابیلا لەو وولاتەدا .

هێزەکانی سووپای رەوانەکراو بۆ کۆنگۆی دیموکراتی زیاتر لە ١٥٠٠ هەزار سەرباز دەبوو بۆ پشتیووانی کردنی هەردوو لایەنی حکوومی و بەرهەڵستکار لەو وولاتەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شەڕی ناوخۆی کۆنگۆی دیموکرات زیاتر لە ٢,٥ ملیۆن و نیوو کەس گیانیان لە دەستدا لە ئەنجامی ئەم شەڕە درێژخایەنە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٢/٩/٤ گرێدانی کۆبوونەوەی تایبەتی پەرلەمانی ئەوروپا لە شاری ستراسبۆرگ , یەك لە خاڵەکانی لە سەر باری کورد بوو لە باشووری کوردستانی لکێنراو

بەرژێمی ئێراق ، کە ژمارەی دەرکراو راگواستراوەکانی کوردستان لە لایەن رژێمی بەعس بە ٨٠٠,٠٠٠ هەشت سەد هەزار کورد مەزەندەکراو داوای لە رژێمی ئێراق کرد ، کە دەستبەرداری ئەو رامیاریەتە بێت لە بە عەرەبکردن وراگواستن و حکوومەتی ئێراقیش بەردەوام بوو لە کارەکانی بە عەرەبکردن وراگواستن و دەرکردنی خێزانەکان لە سەر ماڵ و ماڵی خۆیان لە هەرێمی باشووری کوردستان.

٢٠٠٢/٩/٨ مۆرکردنی رێکەوتننامەی ئاشتی بنەڕەتی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین لە نێوان بەڕێزان مەسعوود بارزانی و



جەلال تاڵەبانی ، لە پێناو کۆتایی هێنان بە هەموو جۆرە ناکۆکیەك و گیروگرفتێك لە پەیوەندی هەردوو پارت لە هەرێمی باشووری کوردستان ، و دلخۆشکەری پارت و رێکخراەکانی کوردستان و بەرەو پێش بردنی بارودۆخەکە ، لە بەرژەوەندی باڵای کوردو کوردستان .

بەلاّم بە داخەوە تا تەواو بوونی ئەو مێژوونامە کێشەی نێوانیان بەردەوام بوو دوور لە خواست و ویستی بەرزی گەلی کوردو کوردستان . ئەویش بە

پاوانكردنی پارەو سامان و دەسەڵات ...؟...!.

٢٠٠٢/٩/١١ وڵاتـی سویـسرا بـووە ئەنـــدامی ١٩٠ لــــە ڕێكخـــراوی نەتـــەوە یـەكگرتووەكان ... بـەم بۆنەش ئاهەنگی خۆشی لە بارەگای ڕێكخراوەكە لـــە شـــاری نیـــۆركی ئەمەریكا گێردرا ...بەڵام وڵاتـی سویـسرا و گەلانی سویـسرا رووخساری ئاهەنگ گێرانیان پێوە دیارنەبوو ... ئەمەش لە دوای ٥٠ ساڵ هات ، كە وڵاتـی سویـسراو گـەلانی سویـسرا و دەسـەڵاتە یـەك لـە دوای یەكـەكانی سویـسرا بـوونی بـە ئەنـدامی نەتـەوە یـەكگرتووەكانی رەتـدەكردەوەو مانەوەی لەدەرەوەی ئەم ڕێكخراوەیەدا .

چـەندین جـار گـەلانی سویـسرا لـە راپرسـی بـۆ چـوونە نـاو نەتـەوە یـەكگرتووەكانیانی رەتكردۆتـەوە تـا راپرسـی سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٢ لـە دوای هـەوڵ و كۆشـشكێكی زۆر بـوونی بە ئەنـدامی نەتـەوە یـەكگرتووەكان راگەیانـد ... دوای ئـەوە گـەلانی سویـسرا لـە راپرسـی رۆژی ٢٠٠٤/٩/٢٦ یاسای سوككردنی نیشتەجیّ بوونیان رەتكردەوە ... بەر لـەوەش سویـسرا لە ٢٠٠٠/١١/٢٢ باڵیۆزخانەی خۆی لە ئێراق كردەوە ، كە بە هـۆی شـەڕی كەنداوی یەكەم و دووەم باڵیۆزخانەی لە ئێراق داخستبوو ، وەك دەربڕینی نارەزایی دژی شەڕەكانی كەنداو لەناوچەكەدا .

ئاشكرایە كە رژێمی سویـسرا رژێمێكـی زانستی فرەلایەن و فرە پارتیە و رژێمێكـی دیموكراتیـە و لـە هـەمان كـات ڕێكخـراوە جیهانیـەكان بارەگـا سەرەكیەكانی لەم وڵاتانەو دراوی زۆربەی زۆری وڵاتـانی جیهانی لیّ بە چاپدەگەیەنریّ ، ئـەویش بـە هـۆی بـوونی بەهایـەكی بـاڵاو جێگـەی بـروا پێكردن ... وڵاتـی سویـسرا بەدرێژایی مێژوو خۆی بیّ لایـەن گرتـووە لـە هەموو كێشەو شەڕە جیاجیاكانی وڵاتانی جیهان .



٢٠٠٢/٩/١٣ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە پەراوێزی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی/١٠ دە وولات لە ناوەندو رۆژئاوای ئەفەریکیا ئەنجامدا ... ئامانج لەم کۆبونەوەیەش گرێدانی چەندین رێکەوتن لەگەڵ ئەو دەووڵەتانە لە سەر کرینی نەوت و پەرەپێدان و بازرگانی بوولە نێوانیاندا .

ئەویش لە پێناو دابینکردنی یەدەگی نەوت لەم کێشووەرە لە جیاتی وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ، ئەویش بە هۆی ئەگەری لێدانی گورزێکی سەربازی لە رژێمی بەعسی لە ئێراق و بوونی کێشە لە رۆژهەلاتی ناوەراست ... ئەو دەووڵەتانەی کە سەرۆکی ئەمەریکا کۆبوونەوەی لە گەڵ ئەنجامدان زۆربەیان بەرهەمهێنەری نەوتن ، یاخوود بەرو بەرهەم هێنانی نەوت هەنگاو دەنێن .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە زۆربەی بەرهەمی دەرهێنراوی نەوت زۆربەی هەرە زۆری لە رۆژهەلاتی ناوەراستە بە تایبەتی کێڵگە نەوتیەکانی کەنداو رۆژهەلاتی ناوەراستە ... لە ساڵەکانی ئەم دواییە ئەمەریکا نەوتی لە وولاتانی باشووری بیابانی ئەفەریکیا دەکری بە تایبەتی لە هەردوو وولاتی نیجیریا و ئەنگۆلا ... کە رۆژانەی ئەمەریکا زیاتر لە ٨,٥ ملیۆن بەرمیل نەوت دەکرێ لە پێناو دابینکردنی پێداویستیەکانی وولاتەکە ئەم نەوت کرینەش٣/٤ ی لە سعوودیەیە لەگەڵ فنزویلا مەکسیك و کەنەدا ...

هەروا لە وولاتانی دیکەی وەك کوێت و جەزائیر و نەرویژو و بەریتانیا ... لە بەر ئەوەی زۆربەی وولاتانی بەرهەم هێنەری نەوت لە وولاتانی باشووری بیابانی ئەفەریکیا ئەندام نین لە رێکخراوی – ئۆپێك – پەرەسەندنەکەشیان پەلەی بەخۆوە بینیووە لەم دوواییانە بە هۆی گەرانی بە دوای دۆزینەوەی چاوگە نەوتیەکان لە لایەن کۆمپانیە بیانیەکان بە

تایبەتی ئەمەریکا .
ئەم وولاتانەش هاوکاری دەکرێن لەلایەن بانکی دراوی جیهانی لە پێناو بووژاندنەوەی کەرتی نەوتی و بوونی بە یەدەگێك بۆ داهاتووی ئەمەریکا و وولاتانی دیکەی پێویست بەم زێرە رەشە لە جیهاندا .

٢٠٠٢/٩/١٦ میدیاکانی چینی مللی بلاویان کردەوە ، کە هێزەکانی پۆلیسی ئەم وولاتە لە کارێکی فراوانیدا دژی بازرگانی کردن بە مرۆڤ توانی ١٢٣ هەزار کەس لە منداڵ و ئافرەت رزگار بکات لە جێگەی نادیار کە حەشار درابوون لە پێناو بەکارهێنان و کار پێکردنیان لە هەردوو لایەنی سێکسی و کاری بە زۆر بەبێ بەرامبەر ، یاخوود فرۆشتنی بۆ ئەو کەسانەی کە منداڵیان نابێت ، یاخوود بۆ دەرەوەی ئەو وولاتە ...ئەم بازرگانی کردنەش بەمنداڵ و ئافرەت لە زۆربەی لادێکانی وولاتی چینە .
هەروا رۆژنامەی – تشاینادیلی – چینی بلاوی کردەوە کە لە ئەنجامی ئەو پشکنینەی هێزەکانی پۆلیس توانراوە ١١٠ هەزار ئافرەت و ١٣ هەزار منداڵ بدۆزنەوە کە لە ماڵەکانیان شاردرابوونەوە ... هەروا هێزەکانی پۆلیس توانیان یاخیبووەکان لە شاری زوونی لە باشووری رۆژئاوای ئەم وولاتە دەستگیر بکەن ، کە زیاتر لە ٨٤ ئافرەت و منداڵ بشارنەوە و دەست درێژیان بکەنە سەر .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە کارەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ پەرەی سەندووە لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی باری گرانی ژیان و پێداویستیەکانی ژیان زۆربەی زۆری وولاتانی جیهان ، بە تایبەتی وولاتانی سەرمایەدار لە ئەوروپا و وولاتانی عەرەبی لە رۆژهەلاتی ناوەراست .



٢٠٠٢/٩/٢٧ کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ڕاگەیاندنێکیدا ڕەزامەنـدی خـۆی لـە سـەر بـە ئەنـدام بـوونی تـەیمووری ڕۆژهەڵاتـدا لـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە ئەویش دەبێتە ئەندامی ١٩١ لەڕێکخراوەکەدا .
جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە تـەیمووری ڕۆژهـەڵات لـە ٢٠٠٢/٥/٢٠ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و لە ٢٠٠٢/٤/٢٧ بووە ئەندام لە بانکی نێوو دەووڵەتی .
ئەم دوورگەیەش لە ماوەی ٣٠ ساڵ لە شەڕو پێکدادان و ئاژاوە و ململانێی دژواردا دەخوولایەوە ... ئەم هەنگاوەشی لە بوونی بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە دەسـتکەوتێکی مێـژوویی دادەنرێـت بـە جیابوونەوەی لە وولاتی ئەندۆنوسیا .
لەم ئاهەنگەش جگە لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆژهەڵات جۆسماو سەرۆك وەزیرانی ماری کاتیری و وەزیری دەرەوەی خۆزیەراموس بەشداریان تێدا کرد لە گەڵ نوێنەری وولاتی دیکەی جیهان .
ئەمەش لەدوای ڕاپرسی گەلی تەیمور بۆ سەربەخۆیی هەرێمە لە ١٩٩٩ ئەنجامدرا و کەوتە ژێر پارێزگاری و ئامۆژگاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ... تەیمووری ڕۆژهەڵات لە دوای جێهێشتنی لەلایەن پرتووگال ئەنۆنوسیا دەستی بەسەردا گرت ... ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی بەرەو باشبردنی باری ئەم وولاتە نوێیە جیهانیە دەدات لە هەموو بوارە جیاجیاکاند

٢٠٠٢/١٠/٢ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی سەردانی مام جەلال تاڵەبانی لە شارۆچکەی دوکان کرد ، لە پێناو ئاشتبوونەوەی یەك جارەکی و یەکگرتنەوەی ماڵی کوردی ، کە لە دوای چەندین ساڵی نائارامی هەمە جۆری دژایەتی کردنی یەکتری لە سەر بەرژەوەندی گەل و

نیشتمان...!.

٢٠٠٢/١٠/٢ سزای لـه سێدارەدانی عەبدوللا ئۆجەلانی دامەزرێنەرو سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان p.k.k هەڵووەشێندرایەوەو مانەوەی بە بە سزای زیندانی هەتا هەتایە .

٢٠٠٢/١٠/٤ دوای زیاتر لە هەشت ساڵ ناکۆکی و دژایەتی کردنی یەکتری لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، لە گەورەترین ڕووداوی دلخۆشکەر ، پەرلەمانی کوردستان یەکیان گرتەوە بە کۆبوونەوەی هەردوو لایەن ، کە مام جەلال و کاك مەسعوود بارزانی و عەزیز محەمەدو چەندین کەسایەتی دیکەی کورد بەشداریان تێدا کرد لە ئاهەنگی ئەم ڕووداوەدا .

لە هەمان کات خاتوو دانیال میتران هاوسەری سەرۆکی فەرەنسای پێشووی کۆچکردو فرانسوا میتران بەشداری تێدا کرد ، بە وتارێك بەرامبەر بە ئەندامانی پەرلەمان ، کە بە دایکی کورد ناوزەد دەکرێ لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٢/١٠/٥ شاندێکی /٩ نۆ ئەندامی لە کۆنگریسی ئەمەریکی ولە هەردوو پارتی دیموکراتی و پارتی کۆماری بروسکەی پیرۆزبایی ئاشتبوونەوەیان ئاراستەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان کردو هیوای چارەی کێشە هەڵواسراوەکانیان لەهەردوو لایەن کرد لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٢/١٠/١٦ لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری/ ١٩٩١ . تاکو ئەم مێژووە: ١٤٧٣٠ خانەوادەی کوردە پەناهەندەکانی کوردی باشووری کوردستان لە ئێران گەڕانەوە باشووری کوردستان ، بەهۆی دەربەدەر بونیان لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ، کە ژمارەیان لە ٧٨٠٠٠ هاووڵاتی کوردی دانیشتووی باشووری کوردستان دەدا .

٢٠٠٢/١٠/١٨ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جاکسترۆ لە نامەیەکدا ، کە ئاراستەی بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی و پەرلەمانی کوردستانی کردبوو دەڵێ:- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دەسکەوتێکی گرنگە لەناوچەو هەرێمەکە بەرەو گۆڕانکاری دیموکراسی هەنگاو دەنێ لە ئێراق .

٢٠٠٢/١٠/١٨ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا - یوسف بولوژ - لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ، کە بە هیچ جۆرێك بارو دۆخی باکووری ئێراق ، واتە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق مەترسی نیە لە سەر ڕژێمی تورکیا لە ناوچەکەدا..

٢٠٠٢/١٠/١٩ نووسەرو ڕۆژنامە نووسی ناوداری تورکی - محەمەد عەلی پیران - پرسیار دەکاو دەڵێ :- بۆچی تورکیا لە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باکووری ئێراق ، واتە هەرێمی باشووری کوردستان ڕادەوەستێت و دڵگرانە .

٢٠٠٢/١٠/٢٢ سیناتۆری فەرەنسی - مۆن تسکۆ - و سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسی گووتی:- کورد بە خەبات و تێکۆشانی خۆی و بێ یارمەتی گەورەی کۆمەڵگای نێوودەوڵەتی بۆتە نمونەیەکی سەرکەوتووی دروستکەر، کە مافی ئەوەی هەیە ببێتە نمونە لە جیهاندا .

٢٠٠٢/١١/٦ دەسەلاتی ئەمەریکا دانی نا بە کۆماری مەکدۆنیای دیموکراتی فرە نەژادی ، لە دوای ئەشکەنجەدانی بێ وێنە لە شەڕو ئاوارەو دەربەدەری و کێشەی نەژادی و ڕەگەزی و ئایینی لەووڵاتەکەدا .

٢٠٠٢/١١/٧ پێك هاتەی گەلانی کۆماری مەکدۆنیا ڕاپرسی دوا ڕۆژی ووڵاتەکەیان ئەنجامدا ، بۆ بەرەو پێش بردنی ووڵاتەکەیان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

٢٠٠٢/١١/٢٩ لە شاری برۆکسلی پایتەختی بەلژیکا - خافێر سۆلانا - ی ڕێکخەری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی ئەورووپا پێشوازی لە بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی کردو باس لە ئەزمەنی داهاتووی کورد لەناوچەو هەرێمەکە کرا .

٢٠٠٢/١١/٢٩ لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کۆنفرانسی نێوو دەوڵەتی گرێدرا

لـە هـۆڵی – ڤیکتـۆر هۆگـۆ – لـە سـەر بـارودۆخی داهـاتووی باشـووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، کە بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی بەشداریان تێدا کرد . لەو کۆنفرانسەدا بەڕێز مەسعوود بارزانی بەجلی کوردی و بە زمانی کوردی وتارەکەی خۆی پێشکەش بە کۆنفرانسوانان کرد .

٢٠٠٢/١٢/٥ شـاندێکی ئەنجوومـەنی پیرانـی ئەمـەریکا گەیـشتنە هـەرێمی باشـووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، کە پێك هاتبوون لە – جۆزێف ئاریایدن و ، چـل هێگـل – و بـۆ ڕۆژی دوایـی بەشـداری کۆبونـەوەی پەرلـەمانی کوردسـتانیان کـرد ، لـە هـەمان کـات سـەردانی ئاوارەکـانی کـەرکوکیان بەسـەرکردەوە لـە کۆمـەڵگای بنەسـلاوە کـە لـە بـارو دۆخێکـی ناهـەموار دا دەژیان .

٢٠٠٢/١٢/٩ باڵوێزی ڕووسیا – ڤلادیمێر تیتۆ – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق – ئـەلکس سـوورلۆمان – ڕاوێـژکاری ڕامیـاری سـەردانی باشـووری کوردسـتانیان کـردو لە لایەن بەڕێز سەرۆکی حکوومـەتی هـەرێم نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لێکران ، دوای ئەوە دەست کرا بە گفتووگۆو شاندەکەش پشتگیری خۆیان بۆ ئەو ئەزمونەی ئێستای کوردستان دوپاتکردەوە ، لە بوارەکـانی ڕامیـاری و ئـابووری و بـارودۆخی داهـاتووی کـورد لەناوچـەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٢/١٢/١٦ کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق دەستی پێکرد ، بە ئامادە بوونی هەموو لایەنە ڕامیاری و نەتەوەیی و ئایینی و دیموکراتی و بە ئامادە بوونی نوێنـەری ئەمـەریکاو ، بـەریتانیاو ، تورکیـاو ، کوێـت و وولاتـانی دیکـەی جیهانی ، کە ئەو بەشداربوونەش ، لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بوو ، لە پێنـاو دامەزرانـدنی ڕژێمێکـی دیمـوکراتی فیدراڵی یەکگرتوو لە چوار چێوەی سنووری ئێراقدا .

٢٠٠٢/١٢/٢٦ کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاوداری ئـاینی گەلەکـەمان – شـێخ کاکـە شێخ عەبدولکـەریم شێخ مستەفا – دارە خورمـای لـە شـاری هـەولێر لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٢/١٢/٣٠ سەرۆکی نوێی کینیا – مــوای کیبــاکی – سووێندی یاسایی خوارد ... ئەمەش لە ئەنجامی هەڵبــژاردنی ســەرۆکی بەرهەڵستکار مــوای لــە ٢٠٠٢/١٢/٢٧ دا بــوو لــە وولاتەکەدا .

جێگەی ئاماژەیە کە سەرۆکی کینیا – دانیال ئاراب – لە راگەیاندنێکیدا دانی بە هەلاتنەکە و سەرکەوتنی کرد و کورەکەی دانیال – ئاوهوراو کینیاتا – ش سەرکەوتنی لەو بازنە هەڵبژاردنە کرد لە ١٢/٢٧ .

ئەمەش بۆ یەکەم جارە کە گەلانی کینیا بتوانن لە بارێکی دیموکراتی سەرۆك هەڵبژێرن و بە زمانی دایك ئاهەنگ بگێرن لە وولاتەکەدا ... ئەم وولاتە کە ژمارەی دانیشتوانی لە -- ٣٠ – ی ملیۆن کەس پێك دێت و لە بارێکی نا لە باردا ژیان دەبەنە سەر ، کە نیوەی دانیشتووانی ئەم وولاتە بژێوی ژیانی رۆژانەیان لە یەك دۆلاری ئەمەریکی تێپەر ناکات .

سەرۆکی نوێی کینیا پەیمانی بە گەلی ئەم وولاتەدا ، کە باری ژیانی دانیشتووان بەرەو باشی ببات و دژی گەندەڵی و هاوکاری و باشکردنی ژێرخانی ئابووری بێت لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٣

٢٠٠٣/١/٣ ســــەرۆکی کۆمـــاری قـــووبرس – گلافکـــۆس کلیریــــــدی – لــــــه ڕاگەیاندنێکیدا گووتی:– خــۆ بــۆ هەڵبــژاردنی ســـــــەرۆکایەتی دەپاڵێومەوە ، کە بڕیارە لە ٢٠٠٣/١/١٦ ئەنجام بدرێت .

هەروا گووتی بۆ ماوەی ١٦ مـانگ ئەو ئەرکەی لە سەر شانمە هەمووی لە پێناو یەکگرتنەوەی هەردوو کەرتی لێك دابراو تەرخان دەکەم ، بۆ ئەوەی دوا ڕۆژی ئـەم دوورگەیـە بـەرەو پێـشەوە هـەنگاو بـنێ لـە هـەموو بـواره جیاجیاکان .

هەروا وا بڕیارە کە قووبرس لە ساڵی ٢٠٠٤ بچێتە ڕیزی یەکیەتی ئەوروپا سەرەرای ئەوەی کە لە گەڵ ئەو بەشەی کە پێی دەگوترێ کۆماری قووبرسی تورکی لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوانیان هەنگاوی باشنراوە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو قووبرس بە سەر پەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان .

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە دوورگەی قووبرس لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە دووبەش کـە لەوکاتـەی ڕژێمـی تورکیـا بەهێزی سـەربازی دەسـتی بـە سـەر سێیەکی دوورگەکـەدا گـرت ، کـە لـە بـاکووری وڵاتەکـەدا لـە دوای هەوڵـە جـۆراو جۆرەکـانی کودەتـا لـە نیقۆسـیا کـە یۆنـان پـشتگیری لێـدەکرد لـە پێنـاو یەکگرتنەوەی دوورگەکە .

هەر بەم بۆنەش ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان – کۆفی ئەنان – پلانێکی فراوانی لە مانگی/١١ ی بۆ ئامادەکردن لە پێناو بەگەیشتن لەنێوان هـەردوو لایـەنی قـووبرس دژی هەنـدێ برگـەی پلانەکـە وەسـتان کـە دەووڵـەتێکی فیدراڵی لەو دوو دەووڵەتە پێك بهێنرێت لە سەر شێوازی وڵاتـی سویسره ... لەو کاتـە سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا ئۆردەگـان لـە ١/٢ داوای لـە سـەرۆکی قووبرسی تورکی – رەئووف دەلکتـاش – کـرد کـە هەوڵـەکانی بخاتـە گـەر لـە پێناو چوونە ڕیزی یەکیەتی ئەوروپا .

تێبینی :– دەتوانی لە بەرگی سێ وێنەی نەخشەی هەردوو قووبرسی دابەشکراو ببینی .

٢٠٠٣/١/٦ پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆماری – لیتوانیا – رولاندس باکساس – سەرکەوتنێکی ناکاوی بەدەست هێنا بە رێژەی ٥٤,٩ ٪ بەرامبەر سەرۆکی لیتوانیا – فالداس ئەدماکۆس – کە لە ٤٥٪ ی دەنگی بەدەست هێنا و لە هەمان کات دانی بە سەرکەوتنەکەی هێنا بەرامبەر سەرۆکی سەرکەوتوو و دەنگدەرانی لیتوانیا ، سەرەرای بەشدارنەبوونی تەواوی گەلی لیتوانیا بە هۆی کەش و هەوای سارد کە لە ٥١٪ بەشداریان لە دەنگدان کرد .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە سەرۆکی هەڵبـژێردراو تەمەن /٧٦ ساڵ هاووڵاتیەکی ئەمەریکی پێشوو بووە ، کە لە خوولی یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە لە مانگی /٢٠٠٢/١٢ ئەنجامدرابوو ... دوای ئەوەش گەلانی کۆماری لیتوانیا لە دوای هەوڵ و ماندو بوونێکی زۆر توانیان لە ٢٠٠٣/٥/١١ لە راپرسیەکدا رەزامەندی خۆیان لە سەر چوونە ناو یەکیەتی ئەوروپا بدەن لە وولاتەکەیاندا .

کە کۆماری لیتوانیا کۆمارێك بوو لە کۆمارەکانی پێك هاتەی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە ئەوروپای رۆژهەلات ... سەرۆکی نوێی هەڵبـژێردراو فرۆکەوانێکی بە توانا و لێهاتوو بووە ولە هەمان کات سەرەك وەزیرانی لیتوانیا بوو بەر لە هەڵبژاردنی بە سەرۆکی لیتوانیا .

٢٠٠٣/١/٦ وەزیری دەرەوەی تورکیا – یاشار پاکیش – لە لێدوانێکیدا گووتی :– کە خۆبەرای یاسای راسپاردووە لە ئەرشیفدا بە دوای دۆکۆمێنت و قەواڵەدا بگەرێن ، کە داخوا دەکارن دەعوای یاسایی بۆ گەراندنەوەی کەرکوك و مووسڵ قەید بکەن ، کە پێشتر سەر بە دەووڵەتی عوسمانی بوون و لە ساڵی بیستەکاندا خراونەتە سەر ئێراق .

کە ئەو دەمە هەندێ لە کۆمێنتران گوتیان کە ئەو ئاخاوتنە بۆ ئەوەیە تا تورکیا سەفقەیەکی پێ لە گەڵ ئەمەریکا مۆربکا ... بە مەرجێ بەشێکی

نـەوتی پـێ بـدرێ و کوردسـتان نـەبێ بـە دەووڵـەتێکی سـەربەخۆ ... واتـە ئەمەریکا بەڵێن بدا یەکیەتی خاکی ئێراق بپارێزرێ ... هەر لە سەرییەنی ئەم دڵنابوونـەی تورکیـا لـە ئەجینـدای ئەمـەریکا لـە ناوچـەکەدا ، بـە تایبـەتی بەرامبەر بە کورد و خاکی کوردستان .

هـەروا سـەرکردایەتی حکوومـەتی تورکیـا دژی شـەڕی رزگـارکردنی ئێـراق بوون و پەرلەمانی تورکیاش لە ٢٠٠٣/٣/١ دا ڕێگەی بە ئەمەریکا نەدا لـەناو خاکی تورکیا وە پەلاماری ئێراق بدا .

لـە بـەر ئـەوەی دەیـانزانی کـە ئـەو پرۆسـە جـێ پێگـەی کـورد لـە هـەرێمی باشووری کوردستان بەهێز دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆکاری گیانی جیـاخوازی لـە نـاو کوردەکـانی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی توریکـا کـە بـاکووری کوردستانە .

٢٠٠٣/١/٢٠ بەرەی پۆلیساریۆ پێشنیاری نوێنـەری ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان – جێمس پێکەر – ی رەتکردەوە بەو کێشەی کە لە نێوان بەرەی پۆلیساریۆ و حکوومەتی شانشینی مەغرب هەیە لە سەر بیابانی ڕۆژئاوا ، کە حکوومـەتی مەغرب ئەو بیابانە بە پارچەیەك لە خاکی مەغرب دەزانێ .

ڕاگەیاندنی ئەو پێشنیارەش بۆ ماوەی دوو مانگ لە ژێـر لێکۆڵینـەوە دەبێـت بە دەربڕینی بیروو بۆچوون و رەزامەنـدی کـردن لـە سـەری لەلایـەن هـەردوو لایـەن ، بـەڵام بـەرەی پۆلیـساریۆ ئـەو پێـشنیارەی رەتکـردەوە ... ئـەو پێشنیارەش دان نانە بە پێدانی خوودموختاری بە بیابان بۆ مـاوەی چوار ساڵ و دوای ئەوە لە ڕێگەی راپرسی داهاتووی بیابانەکە دیاریـدەکرێت ... بەرەی پۆلیساریۆش ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە بە هـۆی دیارینـەکردنی دوا رۆژی بیابانەکەدا

بـەهۆی کێـشەی نێـوان وڵاتـی مـەغرب و بـەرەی پۆلیـساریۆ زیـاتر لـە ١٠٠ هەزار کەس پەرگەندە بوونە بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهان ، لە دوای ئەوەی کـە مـەغرب لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئـەو بیابانـەی خـستە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی لـە دوای جێهێشتنی لە لایـەن ئەسـپانیا کـە ژێـر دەستەیەکی خـۆی بـوو لـە دێـر زەمانەوە ... لە گـەڵ ئەوەشـدا بـەرەی پۆلیـساریۆ زیـاتر لـە ١٠٠ هـەزار دیلـی مـەغرب لـە ژێـر دەسـتی دەسـەڵاتی بیابانەکـە دایـە ، کـە هـەموو لـە خێوەتگـا

ژیان بە سەر دەبەن
شایانی باسکردنە کە جیمس بێکر پێشوو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە و بژیوانی بووە لە نێوان سەرۆکی رژێمی بەعس لە ئێراق - سەدام حوسێن - و شای ئێران - محەمەد رەزا شا - بە ئەنجام گەیاندنی رێکەوتنامەی جەزائر لە ١٩٧٥/٣/٦ لە جەزائیری پایتەختی جەزائر و نەخشە کێشی ئەو رێکەوتنە بووە ، بە هاوکاری حکوومەتی جەزائری ئەو کات . لە پێناو هەرەس پێهێنانی شۆرشی ئەیلولی مەزن لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا لە هەرێمەکەدا .
دوای ئەوەش جێمس بێکەر لە ٢٠٠٤/٦/١٢ دەستی لە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کێشاوە بە هۆی نەتوانینی بە چارەسەرکردنی کێشەی بیابانی رۆژئاوا لە نێوان بەرەی پۆلیساریۆ و حکوومەتی شانشینی مەغرب ... هەروا بەرەی پۆلیساریۆ لە ٢٠٠٣/٨/١٥ زیاتر لە ٢٤٣ دیلی مەغربی ئازاد کرد ، کە لە ئاکامی شەڕی نێوانیان بەدیل گیرابوون لە بیابانەکەدا .

٢٠٠٣/١/ ٢٣ گرێدانی کۆنگرەی شەش لایەنەکەی نێوان وولاتەکانی ، سعوودیەو ، میسرو ، ئوردنو ، سووریاو ، ئێرانو ، تورکیا ، لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا ، لە بارەی باری ئێراق . ئەویش بە راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکەو بەلێندان بە یەکگرتوویی خاکی ئێراقو گەرانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق ، دژ بە رژێمی ئێراق بۆ کوردستانو چارەسەرکردنی بارۆدۆخەکە ، لە گەڵ رژێمی بەعسو باس نەکردنی کێشەوماف کورد ، کە لە بنەڕەتا دژی مافەرەواکانی گەلی کوردن لە سەر خاکی کوردستان.



٢٠٠٣/١/٢٥ چەند دەوولەتێکی هاورێی وولاتی فەنزویللا کە ژمارەیان لە شەش وولات پێک هاتبووە ئەویش - بەرازیل - شیلی - مەکسیک - پوورتگال - ئەسپانیا - رەزامەندیان لە سەر ئەو بریارە کرد کە شاندێکی باڵای رەوانەی فەنزویللا بکەن ، ئەویش

لە پێناو کۆتایی هێنانی ئەو کێشە رامیاریەی کە لە نێوان حکوومەتی فەنزویللا بەسەرکردایەتی هۆگۆ شافێز و ئۆپۆزسیۆن بەردەوامە لەو وولاتەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە فەنزویللا پێنجەم وولاتی جیهانە لە بەرهەم هێنانی نەوت ... لەو کاتەشدا سەرۆکی فەنزویللا هۆگۆ راگەیاند ، بە پێویستی هەڵبژاردنی بە پەلە لەو وولاتە و ، یاخوود ئەجامدانی راپرسی لە سەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەنزویللا ، ئەویش بە هۆی ئەو کێشە رامیاریە و بەردەوام بوونی خۆ پێشاندان و رێپێوان لەلایەن هێزی ئۆپۆزسیۆن . کە ئەمەریکا پشتگیری دەکات دژی دەسەلاتی شافێز ، کە لە لایەنگر و یارمەتی دەری چینی هەژارە لە وولاتەکەدا دژی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکان و خاوەن موڵکەکان .

ئەم کارەش لەدوای گفتوگۆی نێوان سەرۆکی ئەم شەشە وولاتە و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆلن پاوەل هات ... هەروا لە لایەکی دیکە هێزی ئۆپۆزسیۆن داوای لە سەرۆکی فەنزویللا شافێز دەکات بە دەست کێشانەوەی لە سەرۆکایەتی لە سەر وولاتەکە .

ئەم پێشنیارەش کە لە مانگی/١٠/٢٠٠٢ لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو جیمی کارتەر کرابوو ، لە پێناو کۆتایی پێهینانی ئەو کێشە رامیاریە و بەردەوام بوونی ناردنە دەرەوەی نەوت کە لە ١٣٪ ئەمەریکا ئەو نەوتەی بۆ پێداویستی وولاتەکەی لە فەنزویللا دەکری لەو ناوچەیەدا.



٢٠٠٣/١/٢٧ لە ژێر چاودێری – ئەدمیرال ریچارد – کۆنفرانسی دەزگای pusi بەرێوە چوو لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە سەر دۆزی هەمە لایەنەی کورد ، کە یەکێك لە کۆنترین

دەزگاکانی جیهانیە کە بایەخ بە کاروباری بەرگری کردن لە ئاسایشی نیشتیمانی نێوەدەوڵەتی دەدات ، کە زیاتر لە ٢٣ وولاتی جیهان و عەرەبی بەشداریان تێدا کرد ، لە گەڵ نوێنەری گەلی کورد لە پارچە دابەشکراو داگیرکراو و بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کرودستانی لکێندراو بە ئێراق.

٢٠٠٣/٢/١ تێك شكانی کەشتی ئاسمانی ئەمریکا – کۆلۆمبیا – لە سەر ئاسمانی ناوچەی تیکساسی وولایەتی فلۆریدا ، لە کاتی گەڕانەوەی بەرەو زەوی لە ئەنجامی بوونی چەند کەمو کورییەکی هونەریو کارەبایی لە ناو کەشتیەکەدا.

٢٠٠٣/٢/٣ پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی بە سەرکردایەتی راوێژکاری ئەلمانیا – گیرهارد شرۆدەر – دوو هەلاتنی بەخۆوە بینی ، ئەویش لە یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمایەتی ،

ئەمەش لە دوای پێنج مانگ لە هەڵبژاردنەوەی شرۆدەر بۆ سەرکردایەتی کردنی ئەلمانیا .

ئەویش لە هەردوو وویلایەتی – هیسی و ، سکسۆنیا – کە سکسۆنیا ئەو هەرێمەیە کە راوێژکاری ئەلمانیا – شرۆردەر – لێی لە دایك بووە ... ئەمەش لە دوای هەڵبژاردنەوەی بۆ جاری دووەم و دەرکەوتنی هەستی نا ئومێدی بە بەرزبوونەوەی بێکاری و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکانی ژیان و ، بەتایبەتی وەستان دژی لێدانی رژێمی بەعسی لە ئێراق بەسەرکردایەتی – سەدام حوسێن – و پشتگیری کردن لە هەڵوێستی رووسیا و فەرەنسا دژی هەڵوێستی ئەمەریکا .

ئەم هۆکارانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەلمانیا لە کۆمەڵەی نێوو دەووڵەتی دوورکەوێتەوە ... لە لایەکی دیکە سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسیحی – ئەنگیلا میرکیل – خۆشحاڵی خۆی دەربری بەرامبەر بەو ئامانجەی کە پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکان بە دەستی هێنا بوو لە وویلایەتەکان ... دوای ئەو سەرنەکەوتنەو نزم بوونەوەی باری دەسەلاتی راوێژکاری ئەلمانیا وا

بریــاردرا کــە لــە ٢٠٠٥/٩/١٨ هەڵبــژاردن ئــەنجام بــدرێت بــە دەســت نیـشانکردنی راوێـژکاری نـوێ بۆ ئـەلمانیا ... چاودێران وای بۆ دەچن کـە پـارتی دیمـوکراتی مەسیحی سـەرکەوتن بە دەست بێنێ و خـاتوو میرکیـل سەرۆکایەتی ئەلمانیا بگرێتە دەست لە وڵاتەکەدا .



٢٠٠٣/٢/٤ پەرلــــــەمانی یۆگــــــسلافیا کۆبوونەوەیــــەکی گرێــــدا بـــۆ گفتووگۆکردن لە سەر هەموارکردنی دەســتووری وڵاتەکــە ، کــە دەبێتــە کۆتــایی پــێ هێنــانی یەکیــەتی یۆگسلافیا و مانەوەی لە یەکیەتیەکی بێ چارەنووس لە نێوان سربیا و چیای رەش .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هەردوو پەرلەمانی ناوخۆیی هەرێمەکانی سربیا و چــیای رەش هــەموارکردنی دەســتورەکانیان بریــاردا و پەرلــەمانی یۆگسلافیاش رەزامەندی لە سەر ئەو هەموارکردنە دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سربیا و کۆماری چیای رەش لە چوارچێوەیەکی لاواز دەمێنێتەوە بۆ مـاوەی سـێ سـاڵ و دوای ئـەوە دەتـوانن هەڵبـژاردن ، یـاخوود راپرسـی لەسەر جیابوونەوەیان ئەنجام بدەن و کۆتایی بە یەکیەتی یۆگسلافیا بێنن و هەر یەك لە سربیا و چیای رەش ببنە وڵاتـی سـەربەخۆی سنورداری نێوو دەووڵەتی ... کە سربیا و چیای رەش لە ناو یەکیەتی یۆگسلافیا ماونـەتـەوە لــە دوای جیـا بوونــەوەی سـلۆڤینیا و کرواتیـا و مەکـدۆنیا و بۆسـنە لــە ساڵەکانی ١٩٩٠ لە یەکیەتی یۆگسلافیا .

جێگـەی باسـکردنە کـە یۆگسلافیای یـەکگرتوو لەلایـەن ژەنـەراڵی سـەربازی جۆزێف پرۆس تیتۆ دامەزرابوو لە ساڵی ١٩٢٩ و لە جەنگی دووەمی جیهان دووبارە لەلایەن ئەلمانیا داگیربکرێتەوە ، بەڵام ژەنەراڵ تیتۆ تـوانی لـە دوای جەنگی دووەم ، ئەم وڵاتانە ببەزێنێ و یەکیـەتی یۆگسلافیا بـەهێز بکات و چارەسەری کێشە ناوخۆیەکان چارەسەر بکـات لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکـان بــە تایبــەتی لــە بـواری نەتــەوەیی و نیـشتیمانی و رامیـاری و ئـاینی و کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوبەشی سەرکەوتوو بخات ناو خۆ لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٣/٢/١٤ هانیس بلیکس ئەمینداری گشتی ووزەی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و محەمەد بەرادعی دوا راپۆرتیان پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ، لە بارەی چەکی ئەتۆمی لە ئێراق و بەردەوام بوون لە پشکنین ، کە لەو کاتە فەرەنساو ئەڵمانیاو رووسیاو بەلژیکا دژی لێدانی ئێراق وەستان ، لە بەر ئەوەی ئەمەریکا یەك جەمسەری دەستوزلهێزی یەکەمە لەجیهان ، کە هەموو شتێکی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و رزگار کردنی گەلانی ئێراق بوو ، بە تایبەتی هاوکاری کردن لەگەڵ دەسەلاتی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق .

٢٠٠٣/٢/١٥ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان ، یەکەم خۆپیشاندانی بێ وێنە ئەنجامدرا لە شارە گەورەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا ، لە دژی پەلاماردانی رژێمی ئێراق ، نەك بە هۆی خراپی رژێمەکە ، بەڵکوو بە هۆی زیاتر وێرانکردنی ژێر خانی ئابووری و لەناو چوونی گەلانی ئێراق و مەترسی دوا رۆژ لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٣/٢/٢٥ د . زاڵمای خەلیل زاد بەرەچەڵەك ئەفگانی و نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش گەیشتە هاوینە هەواری سەلاحەدین لە باشووری کوردستان ، دوای گەیشتنی لە لایەن بەرێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال پێشوازی لێکراو چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا لە بارەی بارودۆخی دوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام لە ئێراق .

٢٠٠٣/٢/٢٦ سەرۆکی ئەمەرکا جۆرج بۆش گتوویەتی :– وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ نیەتێکی نیە بۆ ئەوەی بە شێوویەکی ورد شێووەی حکوومەتی تازەی ئێراق دیاری بکات ، ئەم دەست نیشانکردنە دەگەرێتەوە بۆ گەلی ئێراق .

بەلام ئێمە تائکید دەکەینەوە کە دکتاتۆرێکی زۆردار بە دیکتاتۆرێکی دیکە

ناگۆڕین ، دەبێ هەموو ئێراقیەکان لە حکوومەتی تازەدا رای خۆیان هەبێت ، دەبێ سەرجەم هاوڵاتیانیش مافەکانیان پارێزراو بێت لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٣/٢/٢٦ دەست نیشانکردنی کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردو لایەنە ئێراقیەکان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە هەرێمی باشووری کوردستان و لە شاری هەولێری پایتەخت ، بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا زەلمای خەلیکزاد ، لە پێناو دارشتنی نەخشەیەکی هاوبەشی کوردیو لایەنە ئێراقیەکان ، لە دوای رووخانی رژێمی سەدامو لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٣/٢/٢٧ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پەسندی یاسای قەدەخەکردنی کۆپی لە سەر مرۆڤدا ... ئەویش بە بەندکردنی ١٠ ساڵە و سزای ١٠٠,٠٠٠ سەد ملیۆن دۆلار ئەوەی سەرپێچی ئەو یاسایە بکات ... ئەو پرۆژە یاسایەش بەکۆی دەنگی ٢٤١ بەرامبەر ١٥٥ دەنگ ، کە ئەو یاسایانەی رەتکردەووە بەهەندێ کۆپی کە تووێژەرەکان پێی هەڵدەستن لە پێناو چارەسەرکردن و دۆزینەوەی نەخۆشیەکانی وەك – زەهایمز و شەلەل و رعاش و بارکنسۆن و شەرکرە – سەرەرای هەندێ بەرهەڵستکاری کردنی لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا و هەر وەك چۆن لە مانگی ٢٠٠١/٧/ بریاری بۆ درابوو .

بەلام ئەنجوومەنی پیران بریارەکەی رەتکردەووە ... هەروا ئەم یاسایە هەردوو پارتی کۆماری و دیمەکراتی و ئیدارەی جۆرج بۆش رەزامەندی لەسەر کرد ... ئەمەش بەهۆی کۆپی کردنی یەکەم منداڵ لەلایەن کۆمپانیای – کلوند – لە ئەمەریکا ... ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو بیروو بۆچوون :–

یەکەمیان :– قەدەخەکردنی کۆپی لەسەر جۆرەکانی گیانەوەر دەبێتە هۆی کۆسپ خستنە پێش پەرەسەندن و گەشەکردن و تویژینەوەکانی زانستی لە جیهاندا .

دووەمیان :– کۆپی کردنی مرۆڤ تاوانێکی درندانەیە لەگەڵ هەموو ئەو گیان لەبەرانەو دوور لە ئابرووی مرۆڤایەتی و بوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەویدا .

٢٠٠٣/٢/٢٨ ئەمینداری گستی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان بەراوێژکردن لەگەڵ ئەمەریکا و بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپا پرۆژەی یەکلاکردنەوەی کێشەی قووبرسی خستەڕو، کە ئەو پرۆژەیە ناوبانگێکی بەرچاوی هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قووبرس و تورکیا ولەلایەن دانیشتووانی هەردوو هەرێم ، کە دیاری بکرێت لە رێگەی ئەنجامدانی ریفرۆندۆم لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٣/٣/٢ لە شاری هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان ، گەورەترین خۆپیشاندان ئەنجامدرا دژی بریارەکانی رژێمی تورك بە هەرەشە کردن بۆ هاتنە ناوەوەی هێزەکانی سووپا بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان و دەست تێوەردانی لە کاروباری هەرێمەکە ، کە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار هاوولاتی لە چین و توێژەکانی گەل بەشداریان تێدا کرد .

٢٠٠٣/٣/٢ سەرکردایەتی بالای کوردستان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێك هات ، کە بەرێزان جەلال تالَبانی و مەسعوود بارزانی سەرکردایەتیان دەکرد ، بیَ ئەوەی هیچ لایەنێك و پارتێکی کوردستان بەشدار تێدا بکەن..؟..!.

٢٠٠٣/٣/١٠ کۆچی دوایی کەسایەتی کورد مامۆستا – محەمەد فەقێ خدر جوَلە کۆیی – ناسراو بە – حەمەی ئازاد و ، حەمەی تاپۆ – لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، گۆرەکەی لە گۆرستانی – بێرکۆت – ی باکووری ناوەندی شاری هەولێر نێژراوە .



جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا حەمەی ئازادی لە ساڵی ١٩١٥ لە شارۆچکەی کۆیسنجەق چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... خوێندنی سەرەتایی پۆلی سێی ناوەندی لە شارۆچکەی کۆیە و هەولێر لە ساڵەکانی ١٩٢٣ – ١٩٣٥ تەواوکردووە ... لە پشووی هاوینەی ساڵی ١٩٣٤ بە هاوکاری شاعیری ناوداری شارۆچکەی کۆیە – مامۆستا رۆستەم – خوولێکی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریان بۆ کۆمەڵێك لە خەڵکی ناشارەکە لە کاسبکار و دووکاندار و هەژاران کردۆتەوە و لە نە خوێندەواری رزگاریان کردوون .

لەو سەردەمەدا مامۆستا حەمەی ئازادی لە ١٩٣٦/٤/٢٩ بە نووسەری تاپۆ لە شاری سلێمانی بە فەرمانبەر دامەزراوە ... لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧ – ١٩٤٤ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی برایی بووە ، لەگەڵ خوالێخۆش بوو – شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید و مەلا ئەسعەدی مەحوی و سەدیق شاوەیس ... هەروا لە ١٩٤١/٧/١٩ لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردەو ئەندامانی کۆمەڵی برایی لە شارەکانی بەغدا و بەسرە و عیمارە بەندکراون . دوای ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵیش لەکاری فەرمانبەریەتی دوورخراوەتەوە بە هۆی باری رامیاری ئەم کەسایەتیە لە بەرگری کردنی لە مافە رەواکانی گەلی کوردستان و نیشتیمانە داگیرکراوەکەیدا .

لە ساڵی ١٩٤٢ کتێبخانەی ئازادی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە بە هاوکاری خوالێخۆش بوو مامۆستا – مەحمود ئەحمەد – و شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا – گۆران – دوای تەوواوکردنی ماوەی دوور خستنەوەی لەکاری فەرمانبەریەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ گەراوەتەوە سەر کارەکەی پێشووی . لە فەرمانگەی تاپۆ و دادگای سلێمانی .

لە رەشبگیریەکەی ساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی دەستگیر دەکرێت لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی لە هەڤاڵەکانی و دوای ماوەیەکی کەم ئازاد

دەکرێن ... دوای ئەوە لە سەر داوای خۆی لە ١٩٧٤/٥/١٤ خانەنشین دەکرێت ، دوای ئەوە بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر و لە گەڕەکی ڕاپەڕین – حەوتی نیسانی پێشوو – نیشتەجێ دەبێ ، دوای ئەوە لە ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیە کووشندەکەی لە شاری هەولێر ماڵئاوایی لە بنە ماڵە و گەل و نیشتیمانەکەی دەکات ، لە گەڵ ئەوەشدا دوای خۆی چەندین دەست نووس بەجێ دێڵێ و لەبەر دەستدایە بۆ بە چاپگەیاندن .

٢٠٠٣/٣/١٦ لە دوورگەی ئەرخەبیلو لە شاری – ئەزۆیسی – ئەسپانیا کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە نێوان سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆشو ، سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێرو ، سەرەك وەزیرانی ئەسپانیا خۆسی مارتی ، ئەنجامدرا ، دوور لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان . بە وەرگرتنی بڕیاری لێدانی ڕژێمی ئێراقیان داو بڕیارەکە لە کاتژمێر شەشی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٠ جێبەجێکرا ، لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام لە ئێراق .

٢٠٠٣/٣/١٧ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوەی تایبەتی گرێدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان ئێراق و ئەمەریکا ، لە لایەك و لە نێوان ئەمەریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان و هەرەس هێنانی بە هۆی هەرەسی رامیاری ئەمەریکاو کەرت بوونی فەرەنساو ئەڵمانیاو ڕووسیا ، کە دژی رامیاریەتی ئەمەریکا وەستان ، لە دژی لێدانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق کە چی زۆرینەی دەنگیشی بە دەست هێنا...!.

٢٠٠٣/٣/١٩ کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە نێوان کورد بە نوێنەرایەتی کردنی جەلال تاڵبانی و نێچیرفان بارزانی و بەرپرسە سەربازیەکانی ڕژێمی تورکیاو نوێنەری ئەمەریکا زەڵمای خەلیل زاد ، بە بەڵێن دان بە پێدانی تورکمانەکانی دانیشتووانی ئێراق ، وەك کورد تەماشا بکرێت ، کەچی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کورد لە تورکیا هەن بەر لە سەرهەڵدان بوونی تورك و کەچی تاکوو ئێستا ناتوانن بە زمانی دایك ، کە زمانی کوردیە ئاخاوتن بکەن لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٣/٣/٢٠ ئیتاڵیا هاوکاری تەواوی کرد بە پێی توانا بە هێزی سەربازی لە ڕووخاندنی

رژێمی بەعس لە ئێراق لە گەڵ هاوپەیمانانداد .

٢٠٠٣/٣/٢٠ لەە هێرشێکی هێزەکانی ئاسمانی سووپای ئەمەریکاو هاوپەیمانان لە کاتژمێر ٦,١٥ دەقیقەی سەر لە بەیانی لە پاش وتەکەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆچ ، شەڕی دژی رژێمی بەعسی لە ئێراق راگەیاند ، کە لەو شەوەدا – ٣٥ – وولات پشتگیریان لە ئەمەریکا کرد ، بۆ لێدانی رژێمی سەدام و کۆتایی پێ هێنان بەو رژێمە لە ئێراق .

٢٠٠٣/٣/٢٢ رژێمی تورکیا بۆ لێدانی رژێمی بەعس لە ئێراق ، بەرامبەر چەند ملیۆن دۆلارێك و نیازی هاتنە ناو خاکی باشووری کرودستان و چاوبرین لە نەوتی کەرکوك و داگیر کردنی کوردستان ، لە سەر بنەمای کۆنی وولایەتی مووسڵ ، بەڵام سەرکردایەتی ئەمەریکا ئەو داوایەی رەتکردەوەو دووپاتی کردەوە ، کە سووپای تورکیا نابێ بچێتە ناو سنووری باشووری کوردستانی لکێنرداو بە ئێراق .

٢٠٠٣/٤/٩ لە دوای بۆردومان و پەلاماردان لە ماوەی ٢١رۆژ لە شالاوی هەمە جوری هێزی سووپای هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا ، بۆ سەر رژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە رۆژانی کەتن و هەرەس پێ هێنانی رژێمی بەعسی و سەدامی دا دەنرێت ، بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق .

ئەویش لە دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی دکتاتۆری و فاشی لە کوشتن و وێرانکردن و ئەنفالکردن و کیمیاباران و زیندە بەچاڵکردن ، بەرامبەر بەگەلانی ئێراق , بە تایبەتی گەلی کورد لە سەر خاکی باشووری کوردستان .

٢٠٠٣/٤/١٠ پارێزگای کەرکوك لە لایەن هێزی پێشکەرگەی کوردستان بە پشتیووانی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا رزگار کرا ، بە دەرپەڕاندنی هەموو دام و

دەزگاکانی رژێمی بەعسی لە شارەکەو سەربازگە هەمە جۆرەکان .

٢٠٠٣/٤/١١ خۆ بە دەستەوەدانی هێزەکانی سووپای ئێراق ، لە باشووری کوردستان ، بە هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمەریکاو دوای ئەوە بووە هۆی رزگار کردنی هەردوو پارێزگای کەرکوکو ، مووسڵ و شارو شارۆچکەکان لە باشووری کوردستان لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٣/٤/١١ بە پێی سەرکەوتنی سێ قوڵی کوردیو تورکیو ئەمەریکا ، لە دوای هەرەس پێ هێنانی رژێمی بەعس ، هێزەکانی پێشمەرگە لە شاری کەرکوك کشانەوە ، لە دوای دوو رۆژ لە رزگار کردنی بە راگەیاندنێك لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان .

کە ئەمەش ئەنجامی زۆر خراپی کردە سەر دوا رۆژی مافەکانی کوردو کوردستانیەتی پارێزگای کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لە خاکی کوردستان ...؟...!.



٢٠٠٣/٤/١٢ دوای کەوتنی رژێمی بەعس لە ئێراق ، بە تایبەتی یەکەم جار لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ... مۆزەخانەی نیشتیمانی ئێراق لە لایەن هێزەکانی فرە رەگەز و بازرگانە رەشەکان و چەندین بەر پرسانی ناوخۆی هەمەلایەنەی ئێراقی مۆزەخانەکە تالانکرا .

کە لە نێوو مۆزەخانەکە – قیسارەیەکی ئالتوونی سۆمەری لەو مۆزەخانەیەدا هەبوو ، کە مێژووی دروستکردنی بۆ ٤٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەرایەوە ... لە هەمان پەیکەری – دودو – وەزیری یەکەم لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین ... لە گەڵ چەندین پارچە شووێنەواری هەمە جۆری دیکەی ناو مۆزەخانەکە ، کە هەر هەمووی دزران و بە تالان رفاندیان

... لەوانەش ئەفسانەی – گلگامێش – و چەندین شتی دیکەی ماتماتیك کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین ، یاخوود – فیساگۆرس – هەروا پەیکەری خوای جوانی و خوای فەری ڕۆژهەلات ... کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٥٨٠٠ هەزار ساڵ بەر لە زایین ... هەروا گالیسکەیەك کە لە – ئۆرك – لە دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین دروستکراون .

لە دوای گەران و پشکنین دەرکەوت ، کە ژمارەی کەل و پەلە دزراوەکان دەگاتە ١٥٠٠٠ هەزار پارچە ... کە تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ –– ٥٥٠٠ هەزار پارچەیان بۆ مۆزەخانەکە گەراندووتەوە .

ئەم پەیکەرو ئاسەوار و شووێنەوارانە لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ژێر دەسەلاتی سۆمەری و میدیا و بابل و ، بەر لەوانیش حامورابی ... لەوانەش شووێنەوارو ئاسەواری گەلی کوردستانیشی تیابووە ... بەهۆی دۆزینەوەی لە سەر خاکی کوردستان ، لە دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی میدیا لە وولاتی نێوان دوو زێدا – میزۆبۆتامیا – لە ناوچەکەدا

٢٠٠٣/٤/١٦ قۆناخی یەکەمی شەڕی رزگار کردن و داگیر کردنی ئێراق راگەیەندرا بە لە ناو بردنی دسەلاتی بەعسی لە ئێراق و دەستپێکردنی قۆناخی دووەمی دامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراسی فیدرالی نوێ لە ئێراق بە پێی پێك هاتەکانی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی لە نێوان دوو نەتەوەی سەرەکی ، کە لە کوردو عەرەب پێك هاتووە لە ئێراقدا .

٢٠٠٣/٤/١٧ کۆماری مالتە لەدوای هەولێکی زۆر لە یەکیەتی ئەورۆپا بە ئەندامی دەسلاتی وەرگیرا ، لە گەڵ چەند وولاتی دیکەی سەربەخۆ لە دوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت .

٢٠٠٣/٤/٢١ نوێنەری ئیدارەی ئەمەریکا بۆ هەڵسووراندنی کاروباری کارگێری لە ئێراقی نوێی دوای رووخاندنی رژێمی سەدام – جی. گارنەر – بۆ یەکەم جار گەیشتە شاری بەغداو چەندین گەرەکی بەغدای بە سەر کردەوە ، لە پێناو شارەزایی بوون و چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ دام و دەزگاو هاوولاتیان لە شارەکەدا .

٢٠٠٣/٤/٢٢ نوێنەری ئەمەریکا بۆ هەڵسووراندنی کارو باری کارگێری ئێراق – ج. گارنەر – گەیشتە شاری سلێمانی و لە گەڵ بەرێز مام جەلال و بەرێز مەسعوود بارزانی لە شارۆچکەی دوکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لە پێناو کۆك بوون لە سەر بیروو بۆچوونەکان لە سەر داهاتووی چۆنیەتی دەسەلاّت لە ئێراق .

٢٠٠٣/٤/٢٧ لە قەزای فەلوجەی رۆژئاوی پارێزگای بەغدا زیاتر لە ١٨ هاولاّتی کوژران و ٨٥ کەس زامداربوون ، ئەویش لە ئەنجامی گوڵە باران کردنیان لە لایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، کە زۆربەیان قوتابی قۆناخی ناوەندی بوون لە شارەکەدا .

٢٠٠٣/٤/٢٨ بۆ یەکەم جار لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ئێراق ، کۆبوونەوەی یەکەمی پێکهاتەی لایەنە رامیاری و نەتەوەیی و ئایینی و دیموکراسی ئەنجامدرا ، بەسەرپەرشتی – جی. گارنەر – دادەوەری گشتی لە ئێراق ، کە زیاتر لە ٤٠٠ نوێنەر بەشداریان تێدا کرد ، بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کاتی لە ئێراق و داهاتووی لە ئاوەدانکردنەوەو چەسپاندنی ئارامی و دیموکراسیەت لە ئێراقدا .

٢٠٠٣/٤/٣٠ لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس بۆ یەکەم جار لە شاری بەغدا لێژنەی هەماهەنگی و پێداچوونەوە ، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا . کە لە ٦٥ ئەندام پێك هاتبوون و نوێنەری ٥٥ پارت و رێکخراو گروپ و لایەنی رامیاری لە پێك هاتەی گەلانی ئێراق ، لە پێناو تاوتوێکردنی پێشنیارەکانیان بەرەو پێك هێنانی حکوومەتی دیموکراتی فیدراڵی لە ئێراق ، بە سەرپەرشتی هاوپەیمانان بە سەر کردایەتی ئەمەریکا لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠٣/٥/٢ لێژنەی هەماهەنگی وپێداچوونەوە ، کە لە کۆنگرەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا هەڵبژێردرابوون ، لە بەغدا دەستی بە کۆبوونەوەکانی خۆی کرد بە سەرپەرشتی هاوپەیمانان بە نوێنەرایەتی زەلمای خەلیل زادو جی. گارنەر ، بۆ پێك هێنانی حکوومەتی گواستنەوەی ئێراق لە ماوەی یەك مانگ لە

وولاٌتەكەدا .

٢٠٠٣/٥/٥ بە سەرپەرشتنی ژەنەرال – دیڤید پاتریولیس– ی نوێنەری ئەمەریكا لە پارێزگای مووسڵو لە مێژووی بوونی پارێزگای مووسڵ ، بۆ یەكەم جار هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەموو چینو توێژەكانی نەتەوەیی هەلبژێردرا . كە عەرەب بە ٩ نوێنەرو ، كورد بە ٥ نوێنەرو، ئاشوری بە ٢ نوێنەرو ، توركمان بە ١ نوێنەر ، كە غانم ئەیعەسۆ بە پارێزگاری مووسڵو خەسرۆ گۆران بەجێگری پارێزگاو سەرۆكی ئەنجوومەنی شارەوانی مووسڵ هەڵبژێردرا.

شـایانی باســە رێـژەی كـورد لـە سـاڵەكانی ١٩١٨- ١٩٢٠ لــە ٨٠٪ ی دانیشتووانی پارێزگای مووسڵ كورد بوون .



٢٠٠٣/٥/٦ ســەرۆكی ئەمــەریكا جـۆرج بــوش و وەزیــری بــەرگری ئەمەریكا رامسفیلدو دادوەری گـشتی حكوومـەتی ئەمـەریكا لە ئێراق ، پۆل بریمەریان ، بە دادوەری تــەواوی ئێـــراق دامەزراندو، جی. گارنەر ، بە یاریدەدەری لە پێناو باشتر هەڵسووڕاندنی كارو باری هەمەلایەنەی ئێراق .

٢٠٠٣/٥/١٦ سـەرۆكی هێزەكـانی ئەمـەریكاو هاوپـەیمانان – ژەنـەرال تـومی فـرانكس– گەیـشتە شـاری بەغدایٌ پایتـەختی ئێـراق بۆ راگەیاندنی كۆتـایی هـاتن بە شـەڕو دەسـت پێكردنـی قۆنـاخی چوارەم بـە ئاسـایی كردنـەوەی بەغـداو دەورووبەرو شارەكانی دیكەی ئێراق .

٢٠٠٣/٥/١٩ رێكخـراوی لێبـووردنی نێـوو دەوڵـەتی داوای لـە سـەرۆكی ئـەریتیریا – ئاسـیاس ئەفروكی – كـرد ، بـە ئازادكردنی دەیـا بـەنكراوی رامیـاری لـەو وولاٌتە بە بۆنەی یادكردنەوەی دەیـەمین ساڵیادی سـەربەخۆیی وولاٌتەكە . كە نزیكەی ٦٠٠ بەندكراوی رامیـاری دەبێـت و بیٌ ئـەوەی بدرێنە دادگا ... كە بریارە رۆژی ٥/٢٣ ئەم یادە بكرێتەوە .

كــە زۆر لــەو بەنكراوانــە كەســایەتی نـاوداری ئـەو وولاٌتەنـە و خـەبات و

تێکۆشانیان لە پێناو سەربەخۆیی ئەریتیریا کردووە ، کە ئێستا لە بەندیخانەکان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەناڵێنن ... کە لە نێوان ئەو بەندکراوانە پانزە ئەندامی پەرلەمان و دە ڕۆژنامەنووسی تیایە و لەگەڵ ئەو مەسیحیانەی کە چوونە ڕیزی سووپایان ڕەتکردۆتەوە ، کە زۆربەشیان زیاتر لە هەشت ساڵە لە بەندیخانە ژیان بەسەر دەبەن لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٣/٥/٢٢ لە بڕیارێکی ناکاوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە/ ١٤٨٣ بە هەڵگرتنی سزاکانی ئابووری‌و بازرگانی لە سەر ئێراق ، بە دەنگ دانی ١٤ ئەندام بۆ بڕیارەکەی ئەمەریکاو بەریتانیاو ئەسپانیا ، جگە لە سووریا ، کە نوێنەرایەتی هەموو وولاتانی عەرەبی دەکرد لەو ڕێکخراوەدا .

٢٠٠٣/٥/٢٣ بەڕێوەبەری گشتی کارگێری ئیدارەی ئەمەریکا لە ئێراق - پۆل بریمەر- لە بەیاننامەیەکیدا دام‌و دەزگا سەربازی‌و سیخووری لە هەموو لایەنێکەوە لە ئێراق هەڵووەشاندەوە ، کە بە دڕندەترین دام‌و دەزگا دەژمێردرێت لە جیهان‌و گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی بەرامبەر بە گەلی کوردو خاکی کوردستان .

٢٠٠٣/٥/٢٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی پارێزگای کەرکوك ئەنجوومەنی شارەوانی هەلبژێردرا ، بۆ هەر نەتەوەیەك ٦ ئەندام‌و بێ لایەنەکانیش ٥ ئەندام ، کە کوردبوون ، ئەویش بە سەرپەرشتی‌و چاودێری ژەنەرال- وای مۆنی - کە لە هەمان کات سەرپەرشتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی پارێزگای مووسڵ کردبووله شارەکەدا .

٢٠٠٣/٥/٢٨ لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی پارێزگای کەرکوك بۆ یەکەم جار - عەبدولرەحمان موستەفا - بە پارێزگاری کەرکوك‌و دووجێگری لە تورك‌و عەرەب هەڵبژێردران .

٢٠٠٣/٥/٢٨ بەڕێوەبەری ئیدارەی مەدەنی لە ئێراق - پۆل بریمەر - سەردانی باشوری کرودستانی کردو لە فرۆکەخانەی هەولێری نێوودەووڵەتی لە لایەن بەڕێز مەسعوود بارزانی پێشوازی لێکردا .

٢٠٠٣/٥/٢٩ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر لە گەشتێکی ناکاوی گەیشتە شاری بەسەرەو دوای بۆ شاری بەغدا ، کە هەنگاوێکی باش بوو بۆ داهاتووی گەلانی ئێراق‌و ، بە تایبەت لە چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان .

٢٠٠٣/٦/٢ هەڵبـژاردنی ٤٤ ئەنجوومـەنی شـارەوانی لـە شـاری بەغدا ، لـە گەرەكـە جیـا جیاكـان ، بـە سەرپەرشـتیو چاودێری ئیدارەی مـەدەنی ئەمـەریكا ، كـە لـە زانكـۆی موستەنسریە بەرێوەچـوو ، كـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی هەڵبـژاردنی پارێزگـاری بەغـداو بەرێوەبەرایـەتی شـارەوانیو سەرپەرشـتیارانی قـەزاو ناحیەكان ، بەڵام لەو ئەنجوومەنانە رۆڵی كورد بەرچاو نەبوو ، گەرچی زیاتر لە ١,٣٥٠,٠٠٠ ملیۆن هاووڵاتی كورد دانیشتووی شاری بەغدان .

٢٠٠٣/٦/١٩ یەكـەم ئافرەت كـە پۆسـتی سەرەك وەزیران لە فنلەندە بگرێتـە دەسـت ئـەویش خـاتوو – ئـەنیلی گیتینمـایكی – یـەو ، لـە دوای ٦٣ رۆژ لـە پۆستەكەی دەستی لە كاری حكوومەتەكەی كێشایەوە ... بە هـۆی ئاژاوەی رامیاری سەبارەت بە بەڵگەنامەی حكوومـەتی دزراو ، كە پەیوەند بووە بە شـەڕی دژ بـە ئێراق و رژێمـی بەعسی لـە ئێراق بـە سـەركردایەتی – سـەدام حوسێن لە وولاتەكەدا .

جێگەی ئامـاژە پێكردنە كە گیتینمایكی لـە ٦/١٨/ یاداشتنامەی دەست لـە كاركێشانەوەی خۆی پێكەش بە پەرلەمان كرد ، بە هـۆی ئەوەی كـە سەرەك وزیرانـی راستگۆ نـەبووە لـە ووتەكەیدا بەرامبـەر بـە پەرلـەمانی فنلەنـدە بـە بـەكارهێنانی ئـەو بەڵگەنامـەی حكوومـەت ، كـە نهێنی بوونـەو ئـەو بـە دزە پێكردنی دەست كەسانی دیكە كەوتوون .

ئەمـەش كـە سـەرەك وەزیرانـی پێـشوو فنلەنـدە – بـافۆ لیپـۆنن – كـە بەرهەڵستكاری گیتینمـایكی بـووە و پەیوەنـدی بـە هێـزی لەگـەڵ ئەمـەریكا هەبووە – وولاتی فنلەندە كە یەكەم وولاتە لە جیهان ، كە سەرۆكی وولاتەكە و سـەرەك وەزیرانەكـەی ئافرەت حووكمرانی فنلەنـدە بكـەن ... كـە سـەرۆكی فنلەندە – تاریاهالونن – دەست لە كاركێشانەوەی سەرەك وەزیرانـی قبوول كرد و لە هەمان كات داوای لێكرد بە هەڵسووراندنی كاروبـاری وولاتەكە تـا پێك هێنانی حكوومەتێكی نوێ لە وولاتەكە دا.

٢٠٠٣/٦/٢٤ فرۆشتنی تابلۆی وێنەکێشی نەمساوی – ئیگۆن شیل – بە ١١,٣٠٠ ملیۆن جوونەی ئیستەرلینی لە مەزادخانەی – سووتبی –

لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە ٦/٢٣/ لە گەڵ تابلۆیەکی دیکەی وێنەکێش – بۆل گوگان – کە بە ٦,٠٠٠ ملیۆن جوونەی ئیستەرلینی فرۆشرا لەو کێبرکێیەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە تابلۆی – ئیگۆن –لە ساڵی ١٩١٦ وێنەی کێشرابوو ، کە خۆی لە وێنەیەکی سروشتی دەگرت ... ئەم تابلۆیانەش لە لایەن پیاوێکی نادیار کراوون ، کە بە پەیوەندی تەلەفۆنی تابلۆکانی کری و ناوی ئەو کریارە ئاشکرا نەکرا .

لەم رۆژەدا بایی ٣٧ ملیۆن جوونەی ئیستەرلینی تابلۆی هونەرمەندانی وێنەکێشی شێووەکار فرۆشراوە ، یەك لەوانە تابلۆی بابلۆ بیکاسۆ بە ٢,٥٥ ملیۆن جوونەی ئیستەرلینی ... هەروا تابلۆی ئیگۆن کە هێزەکانی سووپای نازی لە ساڵی ١٩٣٨ دزیبوویان و گەراندبویانەوە بۆ خێزانە جوولەکەکە لە ساڵی ٢٠٠٢ ... ئەم تابلۆیەش وێنەی ئەو شارۆچکەیە بووە کە ناوی – کروماو – ە کە وێنەکێش لەو شارۆچکەیە لە دایك بووە ، کە دەکەوێتە سەر کەناری زێی مولداو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٣/٧/١ کردنەوەی فرۆکەخانەی هەولێری نێوودەوڵەتی بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان و ئەمەریکاو ئالای کۆماری ئێراقی کاتی عەبدولکەریم قاسم

کە ئالای کوردستان لە ناوەراست بوو ، کە بەرپرسانی ئەمەریکا بەشداریان تێدا کردوو نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ تەواو کردنی فرۆکەخانەکە تەرخان کرابوو لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٣/٧/٢ وەزیری دەرەوەی بەریتاینا جاك سترۆ گەیشتە شاری بەغداو لە لێدوانێکی رۆژنامەوانی گووتی:- سووپای بەریتانیاو ئەمەریکا لە ئێراق دەمێننیّ و هـەنگاوی یەکـەمیش دابین کردنـی ئـارامی و خزمـەتگوزاری گـەلانی ئێـراق دەبێت لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

٢٠٠٣/٧/٤ رێکخـــراوی نەتـــەوە یـــــــەکگرتووەکان رایگەیاند ، کە شـاری ئاشـــوور لـــە ئێراقـــی ئێـــستا و کەنـــدی یامیـــانی ئـــەفگانی و



هەردوو پەیکەرە مەزنەکەی بووزا ، کە رژێمی بە ناو ئیسلامی تالیبان لە ئەفگانستان کۆری کردەووە و ڕووخاندی لە جێگە شوێنەوارە کۆنەکانی جیهانن .

ئـەم دوو شـوێنەش لـە نێـوان ٢٤ جێگـەی دیکـەی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانن بـۆ فێرکردنـی زانسـت و رۆشـنبیری رێکخـراوی یۆنـسکۆی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان ... کـە بـالێکی رۆشـنبیری نەتـەوە یەکگرتووەکانە و چووە ناو لیستی ساڵانەی رێکخراوەکە.

کە ساڵانە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەسێت بە لێکۆڵینەوەی مێـژوویی لـە سـەر ئـەو شـوێنەوارانەی کـە جێگـەی شایـستەی ئـەوەبن . کـە بخرێنـە نـاو ئـەو لیستە ، بـە تایبـەتی ئەوانـەی بـەر لـە مێـژوو لـە سـەرەتای مێژوو دروستکراون لە لایەن گەلانی ئەو کیشووەرانە ، یاخوود ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان لەسەر گۆی زەویدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە جێگەی دیکەی ئامادەکرا و بۆ یەکەم جار لە گامبیـا و کازاخـستان و مـەنگۆلیا و سـودان ، لـە نێـوو ئـەو شـووێنەوارانە دیاریکراون ، لەلایـەن رێکخـراوی یۆنسکۆی سـەر بە نەتـەوە یەکگرتووەکان ... ئێستاش یۆنسکۆ لیستێکی بە ٧٥٤ شوێن تۆمارکردووە کە هـەموویان بەهایەکی بەرزیان لە جیهاندا هەیە ..

هەروا شووێنەکانی دیکە خراونەتە ناو لیستەکە لە ئێراق و ئەفگانستان ، کە تووشی رووخاندن و کۆرکردنەوە هاتوون . لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆو

بیری تەسکی ئیسلامی ، بە حەرام کردنی پەیکەر و شووێنەوارە گرنگەکان و مەترسی کردن لە وێرانکردنی زیاتر لە لایەن پارت و ڕێکخراو و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان .

ئەویش بە پاراستنی لەم کارە درندانەیەدا ، بەتایبەتی لە وولاتانی ئیسلامی و عەربی لە کێشوەری ئاسیا و ئاسیای بچووك و ناوەڕاست و لە ئەفەریکیا ... هەروا ئەو شووێنانەی کە ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکردوون ئەمانەن :-

١- پارکی نیشتیمانی لە بۆرنۆلولو ، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئوستڕالیا . کە رووبەری ٢٥٠ هەزار هکتار دەگریتە خۆو و پێکهاتووە لە بەردی لمی دروستکراو لە سەر شێوەی شانەی هەنگوین و پێکهاتووە لە سەر بازنەی ٢٠ ملیۆن ساڵ لەم کێشوەرەدا .

٢- هەر سێ زێی هاوکێش کە دەکەوێتە ناوچەی یۆنان ، کە پارێزراویەکی سرووشتی چینیە ... رووبەرەکەی دەگاتە ١,٧٠٠ ملیۆن هکتار زەوی و پێکهاتووە لە بەشەکانی هەر سێ زێی مەزن لە ئاسیا ئەویش :-

- زێی بانگتسی و زێی میکۆنگ و هەروا زێی سالووین ... ئەم سێ زێیەش بە هێلێکی هاوکێش دێنە خوارێ بە کەندەکانی شۆربووەوە لە سەر بەرزایی ٣٠٠٠ هەزار مەتر و ٦٠٠٠ هەزار مەتر لە هەرێمەکەدا .

٣- چیای مۆنتی سان گیورگیۆ لە سویسرا . ئەویش چیایەکی هەرەمیە و پێك هاتووە لە سەر چەندین هەلگەندراوی دەریایی ، کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٢٥٠ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا .

٤- گۆمی یوڤ ئس نوور لە مەنگۆلیا :- کە رووبەرەکەی دەگاتە ١,٠٠٠,٠٠٠ میلۆن هکتار زەوی و پێکهاتەی لە سەر جۆرەها باڵندە ، سەرەرای ئەوەش جێگەی حەوانەوەی گیان لەبەری – گرییل – ە کە بەرەو نەمان دەچێت لە ناوچەکەدا .

٥- پارکی فوونگ بهاکی نیشتیمانی لە ڤیتنام :- ئەویش پێکهاتووە لە زەویەکی بەرز وچەندین ئەشکەووت لەخۆ دەگرێ ، کە لە ژێر ئاوو زەویەو لە دارستانێکی کەمەرەیی دای پۆشیووە لەو وولاتەدا .

٦- کەندی بامیان لە ئەفگانستان :- ئەم کەندەی لە پێش هەردوو پەیکەرە

مەزنەکەی بووزەدا بوون و جێگەیەکی سەرەنج راکێشە نەك هەر لە ئەفگانستان بەڵکوو لە جیهان . کە ئەو دوو پەیکەرەی بوزاش لە لایەن هێزەکانی تاڵیبان لە مانگی ٢٠٠١/١/ وێراکران و بووە هۆی نارەزایی توونـد لـە لایـەن وولاتـانی جیهـان و رێکخـراوی یۆنـسکۆ و نەتـەوە یەکگرتووەکان و ، بەتایبەتی هەڵگری بروای بوزیەکان .

٧- رێگای کیبرادادی هۆماهواکا لە ئەرژەنتین :- ئەم رێگایەش رێگایەکی بازرگانی سەرەکی بووە ، بەر لە ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا و تاکوو ئێستاش ... کە شووێنەوارێکی ئیمپراتـۆری - ئـەنکا - بـووە ، لـە ماوەی سەدەی پانزە و شانزەدا ... لەو ماوەی کە ناو زەندبوو بە خەبات لـە پێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئەرژەنتین لە سەدەی نۆزدەو سەدەی بیست لەم وولاتەدا .

٨- گەرەکی فالیارایسۆی مێژوویی کەناری لە تشیلی :- ئەم گەرەکەش نموونـەی سـەرنج راکێش بووە ، لـە پەرەپێدان و ئاوەدان کردنـەوەی بیناسازی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم لە ئەمەریکای لاتینیدا .

٩- گەرەکی ، جوولەکە و ، گەرەکی ئس تی بروکووبیوس باسیلیکا ، لە تریبك لە کۆماری تشیك :- ئەم دوو گەرەکە هەڵگری نامەی بەیەکەوە ژیـانی ئاشـتیانە بـووە ، لـە نێـوان هـەڵگری هـەردوو ئاینی جوولەکـەو مەسـیحیدا ، لـە سـەدەکانی ناوەراسـتدا تـاکوو سـەدەی بیـست ... گەرەکی جوولەکە بیرخەرەوەیەکی کۆمەڵگا بووە بۆ رابردوو ، هەروا گەرەکی ئـس تـی بروکووبیـوس باسـیلیکاش کـە لـە سـەدەی سیانزە دروستکراوەو بۆتە نموونەیەکی زیندوو لە هونەری بیناسازی ئەورووپی لە هەرێمەکەدا لەم وولاتەدا .

١٠- دورگــەی گــیمس و جێگــەی گەیــشتن لــە گامبیــا :- ئەمــەش بیرخەرەوەیـەکی گـرنگ بـووە لـە پەیوەندیـەکانی سـەردەمی دەسـت پێکردنی بازرگانی بە کۆیلەکان و سەردەمی کۆتایی پێ هێنانی ئەم جۆرە بازرگانیە ، کە دەرگای یەکەم بووە بۆ چوونە ناو کیشووەری ئەفەریکیا .

١١- ژێر زەمینەکانی رۆك ، کە سەر بە هەرێمی لیبهمبیتکایە لە هندستان :- ئەم ژێر زەمینەش دەکەوێتە چیاکانی فینـدیهیان لەسەر لێواری

باشووری ، لە گردۆلکەی هندی سەرەکی ... پێك هاتووە لە پێنج کۆمەڵگای ژێر زەمینی بەردی سروشتی ، کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بەر لە مێژوو لەو هەرێمەدا لە هندستان .

١٢- شوێنی کورسیەکەی سلیمان پێغەمبەری شوێنەوار ، کە دەکەوێتە رۆژئاوای ئێران :- ئەمەش میحرانی سەرەکی ئاینی زەردەشتیەکانە ، کە بەشێوەیەك دروستکراوە لە مادەی خاند :- مەگۆلەکان — لە سەدەی سیانزەدا — سەرەرای ئەوە لە سەر پەرستگایەکە ، کە لە ماوەی دەسەلاتی ساسانیەکان دروستکراوە لە سەدەی شەش و حەوتی زاینی . ئەویش بۆ پەرستنی خواوەند — ئانا هیتا — بوو لەم هەرێمەدا لە رۆژئاوای ئێران ,

١٣- ئاشوور — قەلای ئەلتەسریڤان — لە ئێراق :- ئاشوور شارێکی کۆنە لە ئێراق و مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زاین ... لە سەدەی چواردە تاکوو سەدەی نۆی بەر لە زاین ، شاری ئاشوور یەکەم پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریەکان بووە و لە لایەن دەسەلاتی فارسیەکان لە سەدەی یەکەم و دووەمی زاینی دروستکراووەتەوە لەناوچەکەدا .

١٤- شاری تەل ئەبیبی سپی لە ئیسرائیل :- ئەم شارە لە ماوەی ساڵەکانی سی دروستکراوە تاکوو لە ساڵی ١٩٤٨ دەستکراوە بە نەخشەی بیناسازی شارەکە لەلایەن ئەندازیارە بیناسازیەکان کە بۆتە شارێکی سەرنج راکێش لە هەرێمەکەدا لە ئسرائیل .

جێگەی باسکردنە کە رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ٧٥٤ شووێن و جێگەی شووێنەواری گەلانی جیهانی خستۆتە لیستێکی دیاریکراو و چاکردنەوەو پاراستن و دروستکردنەوەی خستۆتە ئەستۆی خۆی لە جیهان . هەروا ٢٤ جێگە و شووێنی دیکەی لە شووێنەوارە

گرنگەكانی خستۆتە ناو ئەو لیستە لە وولاتە جیاجیاكان لە جیهاندا .

قلعة كركوك

بەلام بەداخەوە لەوەش شۆڤێنی و بەرچاوتەنگی بەر لە چاو دەكەوێت كە تەنیا لە باشووری كوردستان قەلای هەولێر زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە زاین دروستكراوە و قەلای كەركوك زیاتر لە ٢٠٠٠ دوو هەزار ساڵ بەر لە زاین دروستكراوە و شووێنەوارەكانی دیكەی وەك ، بابەگوڕگوڕ و شانەدەر و هەزار مێردوو قەلای شێروانە لە هەرێمەكەدا .

ئەم شووێنەوارانە بە هاوبەرزی و مێژوویەكەیان كەمتر نین لەو شووێنەوارانەی كە خراونەتە ناو لیستی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ... ئەمە و جگە لە شوێنەوارەكانی دیكەی سەر خاكی كوردستان .

ئەمەش نامەیەكە بۆ كورد و سەركردایەتی كورد چ لە رابردوو چ لە داهاتوو ، بۆ ئەوەی كورد لە خۆی بگات كە جێگەو شووێنی لەسەر نەخشەی رامیاری و جوگرافی كەووتۆتە كام شوێن و گرنگی پێنەدان بە كورد و خاكی كوردستان .

هەروا شووێنەوارەكانی كە هەر نەتەوەیەك و دەسەلاتێك ئاستی رۆشنبیری ئەو نەتەوە لە شووێنەوارەكاندا هەلدەقوولێ . كە سەرچاوەی پەرەسەندن و پێشكەوتن و گەشەكردنن لە هەموو بوارە جیاجیاكاندا ، لە نێوو وولاتان و گەلانی دیكەی جیهان ... منیش چەندین نموونەیەكم هێناوە بۆ ئەوەی كورد و سەركردایەتی كورد ئەو نامەیە بە هەند وەربگرن بۆ داهاتووی گەل و نیشتیمان .

٢٠٠٣/٧/٤ لە رێوو رەسمێكی قەشەنگدا بە بۆنەی یادكردنەوەی سەربەخۆیی ئەمەریكا ، لە هاوینە هەواری دوكان سەر بە پارێزگای سلێمانی بەرێووەچوو ، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئیدارەی مەدەنی پۆل بریمەرو كەسایەتی دیكەو ئالای كوردستانو ئێراقو ئەمەریكا بەرزكرایەوە ، كە ئالای كوردستان لە ناوەڕاستی هەردوو ئالاكان بوو لە گۆڕەپانی ئاهەنگەكەدا .

٢٠٠٣/٧/٦ لە مێژووی جیهان و جیهانی ئاژەڵ گەورەترین ئەختەبووت لە وڵاتی تشیلی دۆزرایەوە ، لە لایەن زانایانی ئاژەڵناس و پسپۆران لەو بوارەدا کە کێشەکەی ١٣ تەن و درێژیەکەی ٤١ مەتر بوو ، ئەویش لە کەناری شارۆچکەی – لۆس مۆبرەس – بوو ، کە کاردانەوەی سەرسوورمانی نواند لە نێوان زانایان لە جیهاندا .

٢٠٠٣/٧/٧ لە مێژووی زانستی پزیشکی جیهان نوژداری بۆ دوکچە ئێرانیەکە – لالەو لادن – لە تەمەنی ٢٩ساڵ ئەنجامدرا ، کە جوومجمەی سەریان بەیەکەوە نوسابوون ، پێك هاتبوو کە کە گروپی پزیشکەکان لە ٦ پسپۆری جیهانی و ١٨ پسپۆری سەنگافورا لە نەخۆشخانەی زانکۆی سەنگافورا ئەنجامدراو نەشتەر گەریەکە هەرەسی هێنا بە هۆی سەختی کارو کارە زانستیەکان ...؟...!.

٢٠٠٣/٧/٨ بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و مەدەنی ئەمەریکاو هاوپەیمانان پۆل بریمەر دراوی نوێ ئێراقی راگەیاند ، کە یەك دیناری نوێ بەرامبەر یەك دیناری کۆپی ئێراقی سەدامی و یەك دیناری چاپی سویسری بەرامبەر ١٥٠ دیناری چاپی نوێ ، ئەویش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو ، ١٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر ١٥٠,٠٠٠ هەزار دیناری نوێی ئێراقی بە ناوی پارەی پۆل بریمەر لە وڵاتەکەدا . هەروا کاریگەری خۆی نواند لە سەر پەیوەندی ئابووری لە ناوخۆی ئێراق و کوردستان ، و بە بوونی بەهای نزمی دراوی ئێراقی بەرامبەر بە دراوی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهان .

٢٠٠٣/٧/١٦ بەرپابوونی کوودەتای سەربازی بە رووخاندنی حکوومەتی ساوتوومی وبرینسیب بە سەرۆکایەتی – فرادیك دب مینبزیس – کە یەکەم ئافرەتە ئەو پۆستە بگرێتە دەست لەو وڵاتە بچووکە دا کە وڵاتێکی دوورگەییە لە رۆژئاوای ئەفەریکیا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم وڵاتە داهاتی سەرەکی لە سەر هەناردەی کاکاوەو نەوتیشی لە ناو ئاو لە دەریای هەرێمایەتی لە سەر وڵاتەکەدایە ... لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کودەتایەش سەرەك وەزیران ماریا داس نیفیس و چەندین لە وەزیرانی حکوومەتەکەی دەست بەسەرکراون ... هەروا لەکاتی کودەتایەکە سەرۆکی وڵاتەکە – فرادیك – بە سەردانێکی لە وڵاتی نیجیریا بوو لە گەڵ شاندێکی باڵای وڵاتەکەی ، لە پێناو هاوکاری دوو لایەنە بەسەرکردایەتی – میجوور فرناندۆ بیربیرا – بووە کە کۆلێژێکی سەربازی دەبرد بەرێوەوە لە ریزی سووپای ئەم وڵاتەدا .

٢٠٠٣/٧/٢٠ جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا – بۆو ۆلفرجیۆی – سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانی کرد ، لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوینەهەورای سەلاحەدین پێشوازی لێکرا .

٢٠٠٣/٧/٢١ تاوانبارو ئامۆزای سەدام حوسین ، عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان دەستگری کرا ، لە شارۆچکەی سامەرای سەر بە پارێزگای تکریت – سلاحەدین – ، کە ئەنجامدەری ئەنفال و کیمیا بارانە بەدناوەکەی شاری هەڵەبجەی شەهید بوو ، لە گەڵ ئەنجامدانی بە سەدان کاروکردەوەی دیکەی نامرۆڤایەتی بەرامبەر بە گەلانی ئێراق ، ب ەتایبەتی گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان .



٢٠٠٣/٧/٢٢ دوو کوره لە گورك چووەکەی سەدام حوسین – عودەو ، قوسەی – لە لایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، لە کاتژمێر شەشی بەیانی تاکوو دووی پاش نیوەڕۆ لە ئەنجامی شەڕکردنیان لە گەڵ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، کوژران کە خۆیان لە ماڵی ئامۆزای باوکیان حەشاردابوو لە شاری مووسڵ .

٢٠٠٣/٧/٢٩ پێك هێنانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی لە ئێراق بە ڕێکەوتن لێژنەی سەرکردایەتیان دانا ، لە ٩ ئەندام ، کە /٥ ئەندام لە شیعەو ٢ /دوو ئەندام لە سوونەو مام جەلال و کاك مەسعوود لە کورد ، پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی دەسەڵات پەسەند کرا ، کە ئەمەش تارادەیەك هەنگاوی باش بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانی دیکە بە دیاریکردنی داهاتووی ئێراقی نوێ بەرەو دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵی دیموکراتی یەکگرتووی فرەلایەن لە ئێراق.

٢٠٠٣/٨/١٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری ئەمەریکاو بەریتانیای پەسەند

کرد ، بە داننـان بە ئەنجوومەنی دەسەڵاتی گواستنەوەی ئێراق ، کە تەنها سووریا دەنگی بەو بریارە دانەنا ، کە نوێنەرایەتی وولاتانی عەرەبی لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرد لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ئێراق .

٢٠٠٣/٨/١٩ جێگری سەرۆکی رژێمی بەعس لە ئێراق تەها یاسین رەمەزان بە نەژاد کورد ، ناسراو بە تەها جەزراوی ، کە خوێن مژی گەلانی ئێراق بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستان بوو ، لە شاری مووسڵ لە گەرەکی – الوحدە – لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەستگیر کرا . ئەویش بەجلی عەرەبی و درا دەست هێزەکانی سووپاو ئیداری مەدەنی ئەمەریکا لە ئێراق .

٢٠٠٣/٨/٢٣ کێشەی نێوان کوردو تورکمان بە هاندانی بەرەی تورکمانی لە شاری خورماتووی دابراو لە پارێزگای کەرکوك و لکاندنی بە پارێزگای سلاحەدین ، لە ئاکامی ئەو دەست تێوەردانە ، بووە هۆی شەڕ کردن ، کە لە ئەنجام هەشت تورکمان کوژران لەگەڵ سێ کوردو پانزە زامدارو دوای ئەوە ئەو کێشەیە بەرەو شاری کەرکوك هەنگاوی نا بە ئامۆژگاری رژێمی تور کیا لە رێگەی دارو دەستەکانی و بەکرێ گیراوەکان لە بەرەی تورکمانی لە پارێزگادا .



٢٠٠٣/٨/٢٨ ژمارەیەکی زۆر رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی گرێدراون ، بە مەبەستی روونکردنەوەی ئەو مافانەی کە لەرێکەوتنامەی ڤیەنا هاتوون و بە لابردنی ئەو

ئەگەرانەی تێیدان... گرنگترینیان بەرنامەی کاری – ئەلماتی – یەکە لە کۆنگرەی دەوڵەتانی تازە پێشکەیشتووی داخراو وولاتانی ترانزێتو دەزگا داراییو گەشە پێدەرە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندداربوو لە بواری گواستنەوە .

کە لە شاری ئەڵماتی لە کازاخستان بەسترا... داڕێژراو بڕیاری لە سەر درا ، هەروا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری ژمارە/٢٤٥/٥٩ لە ٢٠٠٥/٣/٣ ، جارێکی دیکە جەختی کردەوە کە دەوڵەتە داخراوەکان ، کە واتە ئەوانەی سنووری وولاتەکانیان ناکەوێتە سەر هیچ دەریایەکە مافیان هەیە خاكو مەڵبەندەکانی گواستنەوەی دەوڵەتانی ترانزێت بەکار بێنن ، بۆ هاتوو چۆو گواستنەوەو پەرینەوە بەرەو دەریاو گەڕانەوە . بە پێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ، کە کوردستانیش بە پێی ئەو بڕیارە ماف خۆی هەیە وەك وولاتانی دیکە لە جیهان .

٢٠٠٣ /٨/٢٩ لە دوای نوێژنکردنی نیوەڕۆی هەینی لە شاری نەجەف ڕۆژئاوای باشووری بەغدا – محەمەد باقر حەکیم – سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق ، تیرۆر کرا لە گەڵ / ٨٢ لە نوێژکەرانو زامداربوونی ٢٣٠ هاو وڵاتیش ، ئەمەش لە دوای ٢٣ ساڵ گەڕانەوەی لە ئاوەرەیی لە ئێران .

٢٠٠٣/ ٩/٣ یەکەم کابینەی حکوومەتی گواستنەوەی حکوومەتی کاتی لە ئێراق لە لایەن ئەنجوومەنی حووکمەتی کاتی ئێراق ڕاگەیاندرا ، کە لە ٢٥ وەزیر پێك هاتبوو ، کە عەربی شیعەو سوونە ١٣ وەزیرو ، کورد ٤ وەزیرو ، وەزێکی تورکمانو ، وزێرێکی ئاشووری ، لە پێناو ئارام کردنەوەی بارو دۆخی وولاتەکە .

٢٠٠٣/٩/١٤ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کوڵن باوڵ بۆ یەکەم جار سەردانی ئێراقی کرد لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سەدامو دەسەڵاتەکەی

، کە رۆڵی گرنگی هەبوو لە رووخاندنی رژێمی بە عسی دیکتاتۆر لە ئێراق .



٢٠٠٣/٩/١٥ وەزیــری دەرەوەی ئەمــەریکا – کــۆڵن بــاوڵ – و پــۆل بریمــەر – دادوەری گشتی مەدەنی ئەمەریکا لە ئێراق ، سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد لە هەرێمی باشوری کوردستان ، کە لە لایەن بەڕیزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی و جەماوەرێکی بەرچاوی شاری هەڵەبەبجە پێشوازیان لێکرا .

سەردانەکەی کۆڵن پاوڵ کاردانەوەی بێ وێنەی بۆ داهاتووی کورد نواند ، لە گەڵ سەردانی شاری کەرکوک و ، بووە هۆی بەرچاوتەنگی دراوسێکانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد کە نامەیەکی کراوە بوو لە پێناو مامەڵە کردن لە گەڵ دەسەڵاتی کوردو هەموو لایەنەکان .

٢٠٠٣/٩/١٥ ســەرۆکی ئــەرکانی ســوپای گینیــا بیــسا و ، ژەنــەراڵ – فیریــسیمۆ کریبیــا ســیابر – رایگەیانــد ، بــە خــۆکردن بــە سەرۆکی وڵاتەکە لە ئەنجامی کوودەتایەکی ســەربازی ، کــە هێــزی ســووپای گینیابیــساو پشتگیری لێکردوو لە هەمان کات کوربیا لە رایگەیاندنەکەیدا دووپاتی کردەووە . کە لە سەرۆکایەتی وڵاتەکە بەردەوام دەبێ تاکوو ئەنجامدانی هەڵبــژاردن ... هــەروا هێزەکــانی ســووپا رایانگەیانــد ، بــە دامەزرانــدنی

حکوومەتێکی گوواستنەوەی نیشتیمانی کە لە هەموو لاینە رامیاریەکان رامیاریەکی نیشتیمانی دەگرێتە بەر ... هەر لەو کاتەشدا سەرۆکی لابراو – کمبایالا – دەست بەسەرکرا سەرەرای بەلێندان بە ئازادکردنی .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرەك کۆماری گینیابیساو کمبایالا لە مانگی ٢٠٠٢/١١/ حکوومەتەکەی هەلووەشاندەوەو بەلێنی دابوو کە لە رێگەی هەلبژاردن باری وولاتەکەی بەرەو ئارامی و ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان ببات ... لە کاتی کوودەتا سەربازیەکە سەرەك وەزیران – ماریۆبیزر – کە لە باشووری وولاتەکە بوو ، نەیتووانی بگەرێتەوە پایتەخت بەهۆی گومان کردنی بەدەست گیرکردنی لەلایەن سەرکردەکانی کوودەتا سەربازیەکە ... گینیابیسا و هەژارترین وولاتە لە جیهان و ، بە هۆی هەژاری و کەمی خۆراك دەنالێنێ . هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم کوودەتایە لەلایەن هێزی سووپا ئەنجام بدرێت بەهۆی نەتووانینی سەرۆکی وولاتەکە بە چارەسەر نەکردنی کێشەکان ، بە تایبەتی کێشەی هەژاری و کەمی خۆراك و کێشە رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٣/٩/١٥ زاناکان بۆ یەکەمجار هەلسان بە کۆپی کردنی مشك لە جیهاندا . ئەویش بە چوونە ناو لیستی کۆپی کردنی ئاژەلْ بە کۆپی کردنی دوو مشك لە شانەیەکی گرنگی ئەم ئاژەلە



بچکۆلەیەدا ، ئەو لیستەش بە کۆپی کردنی – مەر و مشك و بەراز و پشیلە و بزن و ئێستر و ئەسپدا .
بەلام کۆپی کردنی مشك لە شانەیەکی گران بووە بە هۆی دواکەتن لە کۆپی کردنەکەیدا ، بە هۆی نشوونماکردنی هێلکەکانی لە کاتەکانی سەرەتای یەکەم لەکاری کۆپیەکەدا . ئەم ئاژەلەش لە تاقیکردنەوەی بەردەوامی لەسەر بووە . لە پێناو دۆزینەوەی نەخۆشیە تایبەتمەندەکانی وەك بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێن و نەخۆشی شەکرەو باری دیکەی نەخۆشیەکان .

سەرچاوە :- BBC.arabic



٢٠٠٣/٩/٢٥ پارکی سامی عەبدولرحەمان لە شــاری هــەولێر لــە هــەرێمی باشـووری کوردسـتان لـە لایـەن سـەرۆکی حکوومـەتی هـەرێمی کوردســتان نێـچیرڤان بـارزانی کرایــەوە ، بــە تــەواوکردنی بەشـی یەکـەمی لـە سـەر رووبـەری – ٤٠٠ – دۆنمو بـە یـەکێك لـە پارکـە نێوودەوڵەتیەکان دەژمێردرێت لە دروستکردنی کەش و هەوای گوزاری بۆ هاوولاتیان .

٢٠٠٣/٩/٢٧ هەڵــدانی مــانگی دەســتکرد دژی رووداوە سروشـــتیەکانی مرۆڤایـــــەتی لەلایـــــەن رێکخراوەکــان ، لــە تورکیــا و نێجیریــاو بــەریتانیا لەســەر پـشتی مووشـەکی کۆزمۆس لـە کاتژمێر دەو دوانزە چرکەدا ... هـەروا هەڵدانی مانگی دەستکردی نێجیری کە یەکەم مانگی دەستکردە کە لەلایەن نێجیریا بەرەو گەردوون هەڵدەدرێت . ئەم مانگە دەستکردەش پارچەیەکە لە پێکهاتەی تۆری مانگی دەستکرد بە نـاوی – تـاوەری چـاودێری کارەسـاتەکان – دی ئـیم سـی –ئـەویش بـە ئاگادارکردنەوەی ئاژانسەکانی یارمەتیە مرۆیەکان لە سەر زەویدا بەنوێترین زانیاری ... ئەم تاوەرە چاودێریە کاراساتەیە لەلایـەن حـەوت رێکخراو پێك هاتووە ئەویش :–

جەزائر و چینی مللی و نیجیریا و تورکیا و تایلاند و ڤێتنام و بەریتانیا ... کە ئەم کارەش لە لایـەن کۆمپانیای – سیری – بەریتانیا ئەنجام دراوە لە پێناو بەدەست هێنانی قازانجێکی بیٚ وێنە ، کە سەر بەزانکۆی سیریە لە جیلفۆرد لە بەریتانیا .

ئەو مانگە دەستکردانەش ئاگادارکەرەوەی بە پەلەی یارمەتیە خێرایەکانە لە بارەکانی وشکانی و گومەلەرزەو گرکان و هەڵگیرسانی لە هەر وولاتێك لە

وولاّتەکانی جیهان و هەروا چاودێری کردنی هەموو خاڵێکە لە سەر گۆی زەوی بۆ هەر جارێك لە ماوەی دوو رۆژدا .

٢٠٠٣/١٠/٧ پەرلەمانی رژێمی تورکیا رەزامەندی لە سەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا کرد ، بە رەوانە کردنی هێزی سەربازی بۆ باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، سەرەرای نارەزایی گەلانی ئێراق بە تایبەتی گەلی کورد ، کە دوا رۆژێکی ترسناکی هەمەلایەنەی لە داهاتوو لە باشووری کوردستان وئێراق دەبێت .



٢٠٠٣/١٠/١٤دەست پێکردنی گفتووگۆی مێژوویی لە شاری ڤیێنای پایتەختی نەمسا بۆ یەکەم جار لە سەر ئاستێکی بەرز لە نێوان بەرپرسانی سرب لەگەڵ نوێنەرانی ئەلبانیە کۆسۆڤیەکان ... ئەم گفتووگۆیەش لەدوای جەنگی ناوخۆیی دێت کە لە هەرێمەکەدا لەساڵی ١٩٩١ بەرپاکرا ، لە نێوان دژایەتکارانی نەتەوەیی و ئاینیەکان .

لەلایەن سربەکان ، سەرەك وەزیران – زۆران زیفکۆسفیتش – و نوێنەری ئەلبان کۆسۆڤۆ سەرۆك – ئیبراهیم دگۆڤا – بەڵام لە لایەکی دیکە سەرەك وەزیرانی – کۆسۆڤۆ – باگرام رەجەبی – دەستگیر بوو بە بریارەکەی خۆی بە ئامادە نەبوونی لە دانیشتنەکانی ئەم گفتووگۆیەدا .

ئەمەو راوێژکاری نەمسا – لفگانگ شۆسیل – ئەم گفتووگۆیەی کردەووە بە شێووەیەکی فەرمی لە پێناو گەیشتن بە رێگە چارەیەکی گوونجا و بۆ کێشەکان لەو هەرێمەدا ، کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پارێزگاریکردن لە هەرێمەکەدا .

کە لە ساڵی ١٩٩٩ هێزەکان پەرش و بلاوبوون لەو هەرێمەدا ، لەدوای کۆتایی هاتنی شەری ناوخۆی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمەکە . ئەم گفتووگۆیانەش لەسەر چوار تەوەر بوون ئەویش :-

١ – گەراندنەوەی ئاوارەکان . ٢– هەڵدانەوەی دۆسیەی بزربووەکان .٣ – گواستنەوە . ٤ – گەیاندن و ووزە .

لە گەڵ چەندین لایەنی دیکە کە زیاتر لە ٣٧٠٠ کەس بزربوون و سەرو شووێنیان دیارنیە ، کە زۆربەیان لە ئەلبانەکانن و ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ هەزار سرب ... ئەمەش لە ئاکامی کەرت بوونی سربەکان و کۆسۆڤیەکان بوو بەهۆی هەرێمی کۆسۆڤۆ ... هەروا لەم گفتووگۆیەدا نووێنەری یەکیەتی ئەوروپا – خافێز سۆلانە و کریس باین – و سکرتێری گشتی ناتۆ بەشداریان تێدا کرد لە پێناو چارەسەری کێشەکان لە هەرێمەکەدا.

٢٠٠٣/١٠/١٥ چاپی نوێی دراوی ئێراق لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس کەوتە بازار ، کە لە لایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانان ، لە لایەن دادوەری گشتی ئەمەریکا لە ئێراق – پۆل بریمەر– راگەیەنراو لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەچاپکەیندرابوو بۆ ئێراق .

٢٠٠٣/١٠/١٨ دوای سێ رۆژ لە وەرگرتنی دەسەڵات – کارلۆس میسا – لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی پۆلیڤیا – لۆزاد – لیستی ١٥ کەسی لە ئەندامانی حکوومەتەکەی ئاشکرا کرد ، کە ئەمەش لە ئاهەنگێکی قەشەنگ لە هۆڵی پەرلەمان لە – لاباز – ی پایتەختی پۆلیڤیا ئەنجامدرا... هەروا دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە یەکەم رۆژیدا بریاریدا بە کشانەوەی هێزەکانی سووپا لە شەقامەکانی پایتەخت .

ئەویش بەهۆی خۆ پێشاندان و نارەزایی گەلی پۆلیڤیا دژی حکوومەتی هەڵووەشاوە ، بەهۆی گرتنە بەری رامیاریەتی ناراست لە بوارەکانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و سەربازی بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا .

ئەمەش لەدوای ئەوە هات کە سەرۆکی دەست لە کار کێشاوە رامیاریەتی

پێچەوانەی وولاتەکەی گرتبووە بەر . بە هۆی رەوانەکردنی گازی سروشتی بۆ وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکسیک و ، کە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە ٧٠ هاوولاتی گیان لەدەست بدات و بە دەیانیش زامداربن دژی حکوومەتی هەلووەشاوە بەسەرکردایەتی – گۆنزالو سانشیز دی لۆزادا – ... دوای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن کارلۆس میسا گەلی پۆلیڤیا ئاهەنگی رزگاربوونیان لە شەقامەکانی لاباز ئەنجامدا و دژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی وەستان لەم وولاتەدا ، کە رامیاریەتی سەرۆکی رابردوو هاوپەیمانی ئەمەریکا بوو لەگەلّ چەندین پارت و رێکخراو .

بەلام پالە پەستۆی گەلی پۆلیڤی لە رێگەی پارت و رێکخراوەکان توانیان ئەم حکوومەتە برووخێنن و حکوومەتێکی نوێ لە وولاتەکە دابمەزرێنن لە پێناو بووژاندنەوەی ژێر خانی ئابووری وولات و گۆرینی رامیاریەتی کۆن و پەیوەندیە ناوخۆیی و نێوو دەوولەتیەکان .

٢٠٠٣/١٠/٢٧ گرێدانی دووەم کۆنگرەی سۆسیالیست– ئینتەرناسیۆنالّ لە شاری ساوپاولۆی بەرازیل ، کە ١٤٩ پارتو رێکخراوی رامیاری بەسیفەتی ئەندامو ئەندامی چاودێرو ئەندامی راوێژکار لە خۆدەگرێت . بە ئامادەبوونی هەموو ئەو پارتو رێکخراوانە ، کە بەشدارن لەم رێکخراوەیەدا

.

کە باوەڕیان بە ماف چارەنووسی گەلان هەیەو تێدەکۆشن بۆ چەسپاندنی دیموکراسیو ئازادیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئافرەتانو رێز لە یاسا دەگرنودادپەروەری کۆمەلایەتی پەیڕەو دەکەن ، هەولّی بە مەدەنی کردنی کۆمەلگاکان دەدەن ، خۆیان سازدەدەن بۆ ئابووریەکی ئازادو بازارێکی کراوە بۆخزمەت کردنی کۆمەلگاکان لە وولاتە جیاجیاکانی جیهاندا .

تێبینی:– دەتوانی بگرێیتەوە بۆ بەرگی دووەمی ئەم کتێبە لەسەرەتای سالّی پەنجاکان بە شێوەیەکی روون باس لە چۆنیەتی ئەم رێکخراوەیە کراوە .

١٥ /٢٠٠٣/١١ بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مین رێژکراو لە شاری ئەستەمبۆلی تورکی لە پێناو تەقاندنەوەی هەردوو مەزراگەی جوولەکەکان ئەویش مەزارگەی – نیفە شالۆم – لەناوچەی – بیوگلوو – هەروا مەزارگەیەکی دیکەی نزیک لەو ، کە لە ئەنجام بووە هۆی رووخاندن و شکاندنی شووشەکانی پەنجەرە و کوژرانی زیاتر لە ٢٠ هاولاتی .

کــه ئەمــەش لەلایــەن ئیــسلامە توونــدڕەوەکان ئەنجامــدرا بــەناوی – فورسانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی گەورە – کە بەرپرسیاریەتی خۆیان بۆ ئەم کارە لە تورکیا ڕاگەیاند .

٢٠٠٣/١١/٢٩ بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی پارێزگـای سـلێمانی فرۆکەخانـەی سـلێمانی نێوودەووڵـەتی کرایـەوە ، کـە ڕۆڵـی گرنگـی دوا ڕۆژی ژێرخـانی ئـابووری و پەیوەنـدی نێووەدەووڵـەتی دەبیٚ لـە بوارەکـانی بازرگـانی و گواسـتنەوە لـە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٣/١٢/٤ لە ڕاگەیاندێکیدا ووتەبێژ بــــەناوی ئوســــزا بـــــە ڕەزامەنـدکردنی لـە ڕژێمـی بـــەرگری مووشـــەکی – قــەلغان – ی ئەمــەریکی ، کـە ئەمــەریکا زیـاتر لـە ٩ ملیـار دۆلاری دیـاریکرد لـە پێنـاو پەرەپێدانی ڕژێمـی بەرگری مووشـەکی . هەروا وەزیری دەرەوەی ئوستراليا – ئەلکسەندەر دۆنر – لە ڕاگەیاندنێکیدا گووتی :–

بەشداری کردنی ئوستراليا لەم کارە خزمەتی ئامانجەکانی سوبرا دەکات و هـیچ بـیروو بۆچـوونێك نیـە بـۆ دامەزرانـدنی ئـەو بنکـە مووشـەکیە لـە وولاتەکەیدا . لەو کاتەشدا پەرلەمانی ئوستراليا ناوی حکوومەتە نوێیەکەی ئاشـکراکرد کـە لـە هەڵبژاردنـەکانی ١٠/٢٠ ئەنجامـدرابوو بەسـەرکەوتنی پارتی گەلی ڕاسترەوی ئوستراليا.

لـە لایـەکی دیکـە ئەمـەریکا هـەموو هەوڵـەکانی خـستە گـەر لـە پێنـاو دروستکردنی هێڵێکی بەرگری کردن لەخۆ . دژی کۆریای باکوور و ئێران و ڕووسـیای یـەکگرتوو ، ئـەویش بـەهۆی توانـای کۆریـای بـاکوور لـە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و ئەم جۆرە مووشەکانە لە نیمچە دوورگەی کۆریا لە داهاتوودا.



٢٠٠٣/١٢/١٣ دەستگیر کردنی سەرۆکی رژێمی بەعس لە ئێراق سەدام حوسێن لە لایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە شارۆچکەی دۆرەی سەر بە پارێزگای تکریت و لە ژێر زەمینێکی حەوت مەتر قوڵدا لە ناو چەندماڵێکی جووتیاری کشتووکاڵ هەست پێنەکراو لە دەڤەرەکەدا .

٢٠٠٣/١٢/١٧ رۆژنامەی – الرایة – ی قەتەری لە رۆژی چوارشەمە لە هەواڵێکیدا رایگەیاند ، کە سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل شارۆن لە سەردانێکی ناکاوی گەیشتە شاری بەغدا ، بەنهێنی لە رۆژی یەك شەمەی رابردوو چاوی کەوت بە سەدام ، بە یاوەری پۆل بریمەر دادوەری گشتی مەدەنی لە ئێراق ، لە هەمان کات راپۆرتەکەی پۆل بریمەر لە دوای تەواو بوونی چاوپێکەوتنەکە لە گەڵ سەدام لە گەڵ خۆی بردی ... ئەو رۆژنامەیە لە زاری ناسر مەحمود وەری گرتووە ، کە کەسایەتیەکی سیاسی ئێراقیە ، کە نزیکترین کەس بووە لە ئەنجوومەنی کاتی حوکمی ئێراق .

٢٠٠٣/١٢/٢٦ شاندێکی کۆمکاری عەرەبی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد عەلی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد ، کە ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کوردو کۆمکاری وولاتانی عەرەب ، کە لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێشوازی لێکران و لە هەمان کات سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد بە تێگەیشتنیان لە تاوانەکانی رژێمی بەعس لە ئێراق بە سەرکردایەتی سەدام و یاریدەدەرکانی لە هەموو لایەنێك لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٤

٢٠٠٤/١/٧ بــەدەیان هــەزار هــاووڵاتی كەمبۆدی لە شاری – بنۆبنە – ی پایتــــەختی كــــەمبۆدیا كۆبوونەوە بۆ زیندووكردنەوەی یــادی ٢٥ ســاڵەی رووخانــدنی رژێمـی – خـەمیری حومر – لە ووڵاتەكەدا .

جێگـەی باسـكردنە كـە لـەم رۆژەدا و لـە سـاڵی ١٩٧٩ هێزەكـانی سـوپای ڤێتنـام توانیـان ووڵاتـی كەمبۆدیا داگیربكەن و كۆتـایی بـە رژێمـی پـۆل بـۆت بێنن كـە رژێمێكـی دراندانـەی بـێ وێنـە بـوو لـەو سـەردەمەداو لـە مـاوەی دەسـەڵاتی پـۆل بـۆت لەسـاڵی ١٩٧٥ – ١٩٧٩ ، كـە زیـاتر لـە ١,٧٠٠,٠٠٠ ملیـۆن هـاوڵاتی كـەمبۆدیا گیانیـان لەدەسـتدا ، بـەهۆی رژێمـە شـۆڤینی و بەرچاوتەنگەكەی و درندانەییەكەی لەم ووڵاتەدا .

ئەمەش بەدانان بەم كارە نا مرۆڤانەی كە لە لایەن سەركردەكانی خـەمیری حـومر ئەنجامـدرابوو و یـەك لەوانـە – خیووسـامگان – ئەمـەش لـە ئاكـامی رێكـەووتنی نێـوان سـەرۆكی كـەمبۆدیا – تـشی سـم – پـارتی دەسـەڵات لـەم ووڵاتـەدا و رێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان بۆ دادگـایی كردنـی شـەش لـە بەرپرسانی رژێمی خەمیری حومر بەسەركردایەتی پۆل بۆت و گەراندنـەوەی دادپەروەری بۆ كەمبۆدیا

٢٠٠٤/١/١١ رێكخـــــراوی نەتـــــەوە یـــەكگرتووەكان بریاریـــدا بـــەكردنی ســاڵی ٢٠٠٤ بـــە ساڵێكی نێوو دەووڵەتی ، بە ئاهــەنگێران دژی دیـاردەی كۆیلایـەتی لـە جیهانـدا ... ئـەم ئاهەنگـەش لـە شـاری –

کیب کۆست — ی کەناری لە وولاتی گانا ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی — کویتیشر و ماتسورا — سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو رۆشنبیری و زانست — یۆنسکۆ — کە ئەم شارە مەڵبەدی بازرگانی کردن بوو لە کێشووەری ئەفەریکیا بە مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی تەمەن ١٠ ساڵی تا ١٨ ساڵیدا

لە ووتارێکیدا ماتسورا ئەوەی روونکردەوە ، کە دیاردەی کۆیلەیی تاکوو ئێستاش باوە لە زۆربەی وولاتانی جیهان ، بە تایبەتی لە وولاتانی سەرمایەدا رووەو ئیمپریالیزمی . کە بازرگانی بە مرۆڤ دەکرێ ، لە پێناو بەدەست هێنانی سەرمایە جا لەکارپێکردنی مرۆڤ بێت لە کێڵگەو کارگەو پرۆژە جۆراو جۆرەکان و کاری ناو ماڵ و کاری سکسی و چەندین کاری دیکە لە وولاتە جیاجیاکانی جیهان .

ئەمەش لەلایەن ئەم وولاتە هەژارانەی کە توانای دابینکردنی بژێووی ژیانی گەلەکەیان نین بەتایبەتی لە کێشووەری ئەفەریکیا و چەندین وولاتی دیکە لە جیهان .

١٤/١/٢٠٠٤ گەرانەوەی سەرەك وەزیرانی پێشووی حکوومەتی ڤیێتنامی باشوور — نگووین کاوکی — کە ئەمەریکا پشتگیری لێدەکرد بۆ ڤیێتنام و بۆ یەکەم جار دوای ٢٩ ساڵ لەهەڵاتنی لە ڤیێتنام لە

ساڵی ١٩٧٥ ... ئەمەش لە دوای رەزامەندی حکوومەتی ڤیێتنام بوو بە گەرانەوەی بۆ شاری — هۆتشی منە — کە پێشوو پێیان دوگووت — سایگۆن — و بەسەرکردایەتی بنەماڵەکەی و بەشداری کردنی لە ئاهەنگی ساڵانەی مانگی نوێ .

لەدوای کودەتای سەربازی لە ساڵی ١٩٦٥ نگووین کاوکی بووە سەرەك وەزیرانی ڤیێتنام و ، دوای ئەوەش بووە جێگری سەرۆکی ڤیێتنام بۆ ماوەی

چوار ساڵ ... نگووین یەکێك بووە لە نێوان ۲۰۰ هەزار ڤێتنامی کە روویان لە وولاتانی دیکەی جیهان کرد ، بەهۆی رووخاندنی رژێمی سەر بە ئەمەریکا لە ڤێتنامی باشوور و یەکگرتنەوەی هەردوو کەرتی ڤێتنامی باکوور و باشوور بوونی بە دەوولەتی ڤێتنام .

هەر چەندە گەلی ڤێتنام دڵخۆشکەر نەبوو بە گەرانەوەی نگووین بۆ ڤێتنام ، لەگەڵ چەندین بەرپرسانی دیکەی مەدەنی و سەربازی لە حکوومەتی ڤێتنامی دروستکەری ئەمەریکا ... بەڵام حکوومەتی ڤێتنامی کۆمۆنیستی دەرگای گەرانەوەی بۆ ئەو کەسانە کردەوە کە خوازیاری گەرانەوەن بۆ وولاتەکە دوای ۳۰ ساڵ لە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی دژ بە یەکتری لەم وولاتەدا

۲۰۰٤/۱/۱۸ دەست پێکردنی خۆپێشاندان و دەربرینی نارەزایی لەلایەن ئیسلامەکانی دانیشتووی فەرەنساو چەندین وولاتی دیکەی وەك - بەریتانیا و تورکیا و لوبنان و عومان



و سوودان و کوێت و سووریا و بەحرێن و چەندین وولاتی دیکەی ئەورووپی ، کە دانیشتووانی موسلمانی تێدایە ... ئەم خۆ پێشاندانەی فەرەنساش زیاتر لە ۱۵۰۰۰ هەزار موسلمان دەبوو دژی بریاری قەدەخەکردنی سەرپۆشی لەم وولاتە و جێ بەجێکردنی یاساکان و رێنمایەکانی علمانیەت .

ئەم خۆ پێشاندانانەش بەسەرپەرشتی و ئامۆژگاری ئیسلامە توندرەوەکان و گروپ و پارتە ئیسلامیەکان بوو ... لەو کاتەشدا شێخی زانکۆی ئەزهەر پشتگیری لە یاسای فەرەنسای کرد ، کە جیاوازی لە نێوان پۆشتن ناکات کە ئەرکێکی ئاینیە لەگەڵ درووشمە ئاینیەکانی دیکەی جیهان .

ئەمەش لەدوای ئەوە هات کە سەرۆکی فەرەنسا جاك شیراك پشتگیری خۆی بۆ بریاری قەدەخەکردنی پۆشین دەربری ، کە لە قوتابخانە و زانکۆ و

پەیمانگاكان قەدەخەكرا . ئەم بریارەش نەك دژی پۆشینی ئیسلامەكان بوو بەڵكوو دژی هەر جۆرە پۆشینێك بوو لەم وولاتەدا ، كە دژ بە یاساكانی علمانیەت و رژێمی دیموكراتی بیّ لە فەرەنسا .

كە فەرەنسا وولاتێكە لە وولاتە فرە بیرووبۆچوون و فرە نەتەوەو فرە ئایین و رژێمی بەیەكەوە ژیانی دیموكراتیانەی تیا مسۆگەركراوە لە هەموو بوارەكان ، كە لە ٧٠٪ ی دانیشتووانی فەرەنسا پشتگیریان لە بریاری سەرۆكی فەرەنسا كردبوو ... لەبەر ئەوەی بە شێوەیەكی بنەرەتی ئاین و دەووڵەت لەم وولاتە لێك جیایە و سەربەخۆیی بیروورا لە فەرەنسا و وولاتانی دیكەی ئەوروپای علمانی بەرقرارە لە هەموو بوارەكاندا .

٢٠٠٤/١/٢٨ كۆچی دوای خانمە رۆشنبیری ئەمەریكی سوزان یوننتاك لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا ، كە ئافرەتێكی بەهرەدار بوو لە نووسینە جۆراو جۆرەكانی و لە بوارەكانی نووسینی و ژیان .

٢٠٠٤/٢/١ دوو تیرۆرست لە رۆژی جەژن توانیان لە مەڵبەندی - ٣- ی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و لقی - ٢ - ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شاری



هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستانی لكێنراو بە ئێراق خۆیان بخزێننە ناو هەردوو بارەگاو خۆیان بتەقێنەوە ، كە لە ئەنجام بووە هۆی شەهید بوونی - ١٠٧- بەرپرس و كادیرو ئەندامان و هاوولاتی هەردوو پارت و زامداربوونی - ١٥٠ - هاوولاتی ، كە بە گەورەترین كرداری نامرۆڤانەو كارەساتی هەردوو پارت و گەل دادەنرێت لە هەرێمی باشووری كوردستان .

٢٠٠٤/٢/١ نووسەرو شاعیر و رەخنەگری کورد شەهید – مەهدی خۆشناو– بە کارەساتێکی دڵ تەزێن لە هۆڵی بارەگای لقی/٢ ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکارێکی چەپەڵی تیرۆرستی لەگەڵ دەستەیەك لەسەرکردەو کادیرانی ئەم پارتە و لە هەمان رۆژ لە بارەگای مەڵبەندی /٣ ی یەکیەتی نیشتیمانی کۆمەڵێك سەرکردەو کادیرو کەسانی دیکە بەهەمان شێوە شەهید کران ...

شایانی باسە شەهید مەهدی خۆشناو لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەرەکی تەیراوەی شاری هەولێر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە هەرێمی باشووری کوردستان . ئەم نووسەرە لەماوەی ژیانیدا بەردەوام بووە لەخەباتی کوردایەتی و نووسینەکانی ، تا دوای راپەرین کە بۆتە قائمقامی قەزای شەقلاوە و دوایی بووەتە قائمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و دوایی بووە بە جێگری پارێزگا . هەروا لە ١٩٩٧/٨/١٢ لە کۆنفرانسی لقی هەولێری یەکیەتی نووسەرانی کورد بە سەرۆکی یەکیەتی نووسەران هەڵبژێردرا و بەردەوام بوو تاکوو ماڵئاوایی لە نووسەران و گەل و نیشتیمانەکەی کرد لە هەرێمی باشووری کوردستان .



٢٠٠٤/٢/٤ دوای سێ رۆژ لە کۆبوونەوەوگفتوگۆی ٢٧ وڵاتی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی لە شاری ڤیەنا ، سەبارەت بە ناردنی دۆسیەی چالاکیە ئەتۆمیەکانی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی کە ٢٤ دەوڵەت بڕیاریاندا دۆسیەی چالاکیە ئەتۆمیەکانی ئێران رەوانەی

ئەنجوومەنی ئاسایش بکرێت ، تەنیا وولاتانی فەنزویلاو ، سووریا و ، کوبا ، نەبێت دژی ئەوبڕیارەی ئەنجوومەن وەستان .
کە رۆژ لە دوای رۆژ کێشەی ئەو دۆسیە لە نێوان ئێران و وولاتان بەرەو ئاڵۆزو دژوارتر هەنگاو دەنێ و ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە لە بوارەکانی ئابووریو رامیاریو بازرگانی و سەربازی ، لە ناوچەو هەرێمەکە و جیهاندا.

٢٠٠٤/٢/٢٠ ڕووسیای یەکگرتوو لە ڕاگەیاندنێکیدا ئاشکرای کرد ، کە مووشەکی بالیستی نوێی دروستکردووە و لە هەمان کات بەرەو پێشخستنێکی گەورەی بۆ ئەنجام دراوە . کە ڕووبەرووی هەر هێرشێکی بەرگی ببێتەوە

...ئەمەش لە زاری بەرپرسێکی بالای سەربازی ڕووسیا هات ، کە ئەو مووشەکە توواناى بێ وێنەی هەیە لەبەرگری کردن .
دوای ئەوەش ژەنەراڵ – یووری بالۆیفسکی – ئەم راگەیاندنەی پشتراستکردەووە لە مانۆرێکی سەربازیدا . سەرەرای ئەوەی کە ڕووسیا و ئەمەریکا لەکاتی شەڕی سارد رێکەووتبوون لە سەر ئەوەی کە چەکی بەرگری و مووشەکی بالیستی دروست نەکەن بەشێووەیەکی بەرفراوان
بەڵام ئەمەش لەدوای ئەوە هات کە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە ساڵی ٢٠٠٢ لەو رێکەووتنە کشایەوە ... لە هەمان کات سەرۆکی ڕووسیا – ڤلادمێر پوتین – لە ووتەیەکیدا رایگەیاند ، کە ڕووسیا توواناى بەرهەم هێنانی چەکی ستراتیژی هەیە و توواناى بوارەکانی سەربازی بەرەو بەهێزبوون و پێشکەوتن هەنگاو دەنێ لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٤/٢/٢٩ بەهۆی بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان سەرۆکی هاینی – جان برتـــران ئەریـــستید – و بەرهەڵستکارانی لە وڵاتەکەو کار لێکردنی لە پەیوەندیە نـــاوخۆیی و نێـــوو دەوڵەتیەکان ، کە ئەویش بووە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی هاینی ئەریستید دەست لەکاربکێشێتەوە ، ئەویش لەدواگفتووگۆی چڕی لەگەڵ نوێنەرانی ئەمەریکاو فەرەنسا و گابۆن . دوای دەست لەکارکێشانەوەی جان برتران لە ٣/١ ی هەمان ساڵ بەرەو ئەفەریکیای ناوەند لەگەڵ هاوسەرەکەی و چەندین کەسایەتی لەبەرپرسانی حکومەتەکەی کۆچیان کرد و لەلایەن حکوومەتی باشووری ئەفەریکیا پێشووازایان لێکرا .

دوای گەیشتنیان بۆ ئەفەریکیای ناوەند لەلایەن سەرۆکی ئەم وڵاتە – ژەنەراڵ فرنسوا بوزیز – پێشووازی کران ، کە ئەویش لە ڕێگەی کوودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتبووە دەست . بەلابردنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەفەریکیای ناوەند و بە هەمان شێوەی دەسەڵاتەکانی هاینی لەم وڵاتە دووبارە دەبووەوە .

کە ئەمەش وای لە گەلانی ئەم وڵاتانە کردووە ، کە ماوەی ژیانیان لە دڵە ڕاوکێ بەردەوام بێت و بواری ژیان و ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتانە بکەوێتە مەترسی و بڵاوبوونەوەی برسیەتی و هەژاری و گەندەڵی و وێران بوون لەم کێشووەرەدا .

٢٠٠٤/٣/٨ مۆرکردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی ئێراق لە لایەن ئەنجوومەنی گواستنەوە ، کە دان بە ڕژێمی پەرلەمانی فیدراڵی دیموکراتی بۆ کوردو دەسەڵاتی فرەلایەنی نا ، لە

پێناو بەرەو پێشبردن و بە مەدەنی کردنی گەلانی ئێراق ، لە هەموو بوارەکانی نەتەوەیی و رامیاری و ئابووری و کەلتوورو زمان و مێژووو شووێنەوارو داب و نەریت و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری لە وولاتەکەدا .



٢٠٠٤/٣/١٠ تلسکۆبی گەردوونی – هابل – توانی قوولترین ئەستێرە وێنە بگرێت لە دورترین خالی گەردوون ، کە ئەویش چوار ئەستێرە بوون . کە زاناکانی گەردوون بەچاوی خۆیان دیتیان لە رێگەی وێنەی رەوانەکراو لە رێگەی تلسکۆبی هابل بۆ سەر زەوی . ئەم وێنە گرتنەش لەدوای هەولٚ و ماندووبوونێکی بەردەوام بوو لە ماوەی چوار مانگدا ، ئەویش لە پارچەیەکی بچووکی ئاسمان .

ئەو وێنانەش نزیك بوون لە وێنە مێژوویيەکان ، کە زانایانی گەردوونناس لەوە گەیشتن کە ئەم ئەستێرانە لە ئەنجامی تەقینەوەی مەزن دروست بوونە کە ناوزەند بوون بە سەردەمە تاریکەکان ... ئەم کارەش لە ٢٠٠٣/٩/٢٤ تاکوو ٢٠٠٤/١/١٦ لە لایەن تلسکۆبی هابل ئەنجامدراوە .

هەروا ئەم وێنە گرتنەی ئەو ئەستێرانە نزیکەی یەك ملیۆن چرکەی خایاندووە و یەکەم ئەستێرەیە ، کە لە دوای تەقینەوەی مەزن پێك هاتووە و بە ماوەی مێژووی گەردوون بووە ، کە لەوکاتە ئەستێرە یەکەمەکان ، کە توانیان گەرمی گەردوون بگەرێنەوە بۆ بارێکی سارد و تاریك .

هەر لەو کاتەش بەرێوەبەری پەیمانگای زانستی بۆ تلسکۆب – ستیفن بیکۆبز – رایگەیاند :– کە ئەمە یەکەم جارە شتی وا ببینین و بەر لە ئێستا نەبینراوە ... ئەم وێنە گرتنەش نزیکەی ١٠,٠٠٠ دە هەزار ئەستێرەی لەخۆ گرتووە ... ئەم هەولانەش لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و توێژینەوە زانستیەکانی گەردوون بوون لە پێناو بەرەو پەرەسەندن و پێشکەوتن دەبات لە هەموو بورەکان .

٢٠٠٤/٣/١٢ رژێمی بەعسی لە سووریا بە سیخوورو پۆلیسەکانی کەوتە گیانی گەلی کوردی رۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا لە شارەکانی حەماو حەسەکە ، بە تایبەتی قامشلی و دەوروبەری کە لەوکاتەی گەلی کورد بەرگری لە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی دەکرد ، کە بووە هۆی شەهید بوونی ١٤ هاولاتی کوردو زامداربوونی بەدەیان هاوولاتی و بەندکردنی بەسەدان هاوولاتی و ئاوارە بوونی سەدان خێزانی کورد بەرەو ناوچەکانی پارێزگای دهۆك لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٤/٣/١٥ دوای دوو کاتژمێر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەسپانیا ئەنجامی سەرکەوتنی پارتی سۆشیالیستی ئەسپانیا راگەیاندرا بەسەرکردایەتی – خۆسیە بلانکۆ – ئەمینداری گشتی پارتەکە و گەرانەوەی پارتی سۆشیالیست بۆ وەرگرتنەوەی دەسەلات لەدوای هەشت سالْ لە دەسەلاتی پارتی گەل کە راستەوی ناوەندی لە خۆ دەگرت .

جێگەی ئاماژە پێکردنە ، کە پارتی سۆشیالیست رێژەی ٤٢٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا بەرامبەر ٣٨٪ . بۆ پارتی گەل بەسەرکردایەتی خۆسییە ماریا ... ئەم هەڵبژاردنەش لە دوای رووداوەکەی ٣/١٣ هات کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٠١ کەس و زامداربوونی زیاتر لە ١٥٠٠ کەس ... کە سەرۆکی حکوومەت خۆسییە ماریا رێکخراوی ئیتای تاوانبار .

هەروا ئەم رێکخراوە بەردەوام لە تێکۆشانە لە پێناو بەدەست هێنانی ماف سەربەخۆیی لە هەرێمی باسك ... بەر لەوەش سەرۆکی حکوومەتی ئەسپانیا خۆسییە ماریا بە سیْ لایەن لێدانی ئێراقیان بریاردا لەگەڵ سەرەك وەزیرانی

بەریتانیا تۆنی بلێر و سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش .

دوای سەرکەوتنی پارتی سۆشیالیستی سەرۆکی پارتەکە خۆسییە بلانکۆ بریاری کشانەوەی هێزەکانی سووپای ئەسپانی دا لە ئێراق . کە زیاتر لە ١٣٠٠ سەربازی ئەسپانی بەشداری لێدانی ئێراقیان کردبوو ... لەهەمان کات سەرۆکی پارتی سەرکەوتوو لە راگەیاندنێکیدا گووتی :-

لێدانی ئێراق و کووشتنی گەلی ئێراق ، تاوانە و نابێ قبوولّ بکرێت ، بەر لەوەش سەرۆکی ئەمەریکا و سەرەك وەزیرانی بەریتانیا پیرۆزباییان لە خۆسییە بلانکۆ کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی پارتەکەی و داوای هەموو هاوکاریەکیان لەگەڵدا کرد ، دژی کردەووە و کارە تیرۆرستیەکان لە وولاتەکە و لە جیهان .

٢٠٠٤/٣/٢٢ سەرکەوتنی پارتی ئارینای راستـرە و لـە سلڤادۆر بەسەرکردایەتی -- تۆنی سەقا --جێگەی ئامـاژە پێکردنـە کـە پـارتی ئارینـا مـاوەی چـواردە سـاڵە دەسـەڵاتداریەتی سـلڤادۆر دەکـات ... بەڵام شـەفیق حـەنزەل پـالێووراوی چـەپرەوەکان لـە ٢٠٪ ی دەنگـەکانی بـە دەسـت هێنـا ... شـەفیق تەمـەن ٧٣ سـاڵ و سـەرکردەی میلیشای پێشووی کۆمۆنیستەکان بووە ... هەردوو سەرکردەی – تۆنی سەقاو شەفیق حەنزەل – لە رەچەڵەك خەڵکی فەلەستینن ... لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەلایەن هێزی چەپرەو رەتکرایەوە

دوای ئەوەش تۆنی سەقا فانیلەیەکی سێ رەنگی – سوور– سپی– شین – ی لەبەر کردوو خۆی بەسەرۆکی سلڤادۆر راگەیاند و پیرۆزبایی لەسەرۆکی ئەمەریکای ناوەند کرد ... لەگەڵ ئەوەشدا ئێشوو ئازارەکانی شەڕی ناوخۆی سلڤادۆر لە هەستی دەنگدەران رەنگی دەدایەوە و سەرەرای ئەوەش پارتی راسترەو سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٤/٣/٢٧ تـەواو بـوونی کـاری بەرهـەم هێنــانی نموونــەی یەکــەم فرۆکـــــەی ســـــەردەمی و ســـەرکەوت ، کـــە خێرایـــی حـــەوت جـار زیـاتر بـوو لـە خێرایـــی دەنـــگ و لـــە لایـــەن کۆمپانیایەکی دروستکەری فرۆکە لە ئەمـەریکا بەرهـەم هێنرابوو . لە پێنـاو خزمەتکردنی ئامانجەکانیان .

٢٠٠٤/٤/١ لـە دوای رووخانـدنی دەسـەلاتی سـلۆبۆدان میلۆسـۆڤێك خـۆی بـە دەسـت دەسەلاتی نوێی یوگسلاڤیا داو رەوانەی دادگای نێوو دەوولـەتی لـە شـاری لاهـای پایتـەختی هولنـدی کـراو دادگـایی کردنـی بەردەوامـە تـاکوو کۆتـایی نووسینی ئەم کتێبە .



٢٠٠٤/٤/٣ ١- گـــــــــرنگترین رووداوەکانی کەووتنە خووارەوەی فرۆکە لە جیهانـــــدا ... کـــــە رووداوەکــــــــانی کەووتنـــەخووارەوەی فرۆکــــــە بـــــــاڵ هەڵگرەوەکان ... واتە نەفەر هەڵگرەکان بەرەو زیادبوون دەچێ بەهۆی پەککەوتنی ئامێر ، یاخوود تەزووی کارەبا ، یـاخوود هـەر هۆکارێکی دیکەی کە تووشی فرۆکەکان دەبنەووەو بۆتە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی بەهـەزارا هـاولاتی نـاو فرۆکـەکان لەئەنجامی کەووتنـە خووارەوەیـان و تێك شکانیان لە سەر خاکی وولاتـە جیاجیاکان لـە جیهان ، کە ئـەم رووداوانەی خوارەوە دیاریدەکەین :-

٢- لـە ١٩٩٦/١/٨ کەووتنـە خووارەوەی فرۆکـەی بـاڵ هـەڵگر لـە جـۆری ـ ئـەنتۆنۆف /٣٢ لـە بـازارێکی جـەنجاڵ لەناوەراسـتی شـاری کنشاسـای پایتـەختی کۆنگۆی دیموکراتی ـ زائری پێشوو ـ کە بووە هـۆی گیـان

لەدەستدانی ٣٥٠ هاوولاتی ناو فرۆکەکەو کەسانی سەر شەقامەکان لە شارەکەدا .

٣- لە ١٩٩٦/٢/٦ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی بۆینگ ، کە سەر بە کۆمپانیای فرۆکەوانی دۆمینیکان بووە لە کەنارەکانی کۆماری دۆمینیکان ، کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٩٨ هاوولاتی ناو فرۆکەکە لە ئاکامی تێك شکانی لەسەر زەویدا .

٤- لە ١٩٩٦/٢/٢٩ لە ئاکامی خۆ لە شاخ دانی فرۆکەی بۆینگ ، کە سەر بەکۆمپانیای فرۆکەوانی پیرۆ بوو لەکاتی خۆ ئامادەکردنی بۆ نیشتنەوەی لە فرۆکەخانەی - ئەریکوبیا - کە کەووتۆتە دووری ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری شاری لیمای پایتەخت و بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٢٣ کەس لە ناوچەکەدا .

٥- ١٩٩٦/٥/١١ لەئاکامی کەووتنە خووارەوەی فرۆکە لەجۆری - دی سی /٠ - ی سەر بە کۆمپانیای فالۆگت لە نزیك فرۆکەخانەی مەیامی لە ئەمەریکا ، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ١٢٠ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٦- لە ١٩٩٦/٥/١٧ لە ئەنجامی تەقینەوەی فرۆکەی سەر بە کۆمپانیای - تی دبلیوو ئەیە - ی ئەمەریکی لە سەر زەریای ئەتڵەسی لەکاتی فرینی لە فرۆکەخانەی کینیدی لە شاری نیورۆکی ئەمەریکی کە بەرەو شاری پاریس دەرۆیشت و بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٢٣٠ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٧- لە ١٩٩٦/٨/٢٩ لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە جۆری - توبولفی /١٥٤ ، کە لە لایەن کۆمپانیای ئاسنی رووسی بەکری گیرابوو ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٤١ هاوولاتی ناو فرۆکەکە ئەویش لەرێگەی گەرانەوەی بۆ دوورگەی - سبیتزابرگن - لە وولاتەکەدا .

٨- لە ١٩٩٦/١١/٧ لە ئەنجامی کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی بۆینگی نیجیری ، کە لەوکاتەی لە بورت هارکوت دەگەراوە بۆ لاگۆس کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٥١ هاولاتی ناو فرۆکەکە .

٩- له ١٩٩٦/١١/١٢ به هۆی لێکدانی هەردوو فرۆکەی جامبۆی سعوودی لەگەڵ فرۆکەی کازاخستانی لە ئاسمانی هندستان ، کە بووە هۆی گیـان لەدەســتدانی ٣٤٩ هــاووڵاتی نــاو فرۆکــەکان کــە ئەمــە بەکارەساترین کەووتنە خووارەوەی فرۆکە دادەنرێت لە جیهان .

١٠- له ١٩٩٦/١١/٢٣ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی بۆینگی ئەسیوبی کە تیرۆر کرابوو لە ئاوی نزیک کەناری دورگەی قەمەر وبووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٢٥ هاووڵاتی و رزگاربوونی ٥٠ هاووڵاتی لە مردن لە ناو فرۆکەکەدا .

١١- له ١٩٩٧/٨/٦ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی سەر بە هێڵی ئاسمانی کۆریا لە ناوچە شاخاویەکانی نزیک فرۆکەخانەی – گرام – و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٢٨ هاووڵاتی و رزگاربوونی ٢٦ هاووڵاتی لە مردن لە ناو فرۆکەکەدا .

١٢- لە ١٩٩٧/٩/٢٦ کەوتنە خوارەوەی فرۆکەی ئەندۆنوسی لەجۆری – ئەبریاس – لە ناوچە شاخاویەکان لە باکووری هەرێمی سوومەترە کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٢٣٥ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە لە ناوچەکەدا.

١٣- لە ١٩٩٧/١٢/١٩ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی سەنگافورە لە جۆری بۆینگ لە نزیک شاری – بالیمبانگ – ی ئەندۆنسی کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٤٠ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە .

١٤- لە ١٩٩٨/١/٨ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی کۆمپانیای – سیبۆ ئەبراس – لە ناوچەی شاخاوی لە رۆژهەڵاتی فرۆکەخانەی کاجیان دورو لە فلیپین ، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ١٠٤ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە .

١٥- لە ١٩٩٨/٢/١٦ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی جۆری ئەبریاسی چینی مللی ، ئەویش لە رێگەی گەرانەوەی بۆ دوورگەی بالی ئەندۆنوسی لە فرۆکەخانەی – تایبەتی نێوو دەووڵەتی – لە تایوان و بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٩٥ هاووڵاتی و کوشتنی نۆ کەسی دیکە کە لە سەر زەوی بوون و لە ناوباندا پارێزگاری بانکی تایوانی ناوەندی

تیابوو .

١٦- لە ١٩٩٨/٩/٢ لە ئەنجامی ناچار بوونی فرۆکەی سویسری لە نزیك کەناری نوڤاسکونیا بەهاتنەخووارەوەی و تێك شکانی و لە ئەجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٢٩ هاوولاتی ناو فرۆکەکە ... کە لەوکاتەی فرۆکەکە لە شاری نیورۆکی ئەمەریکی بەرەو شاری ژنێڤ دەگەرایەوە.

١٧- لە ١٩٩٨/١٢/١١ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی تایلەندی لەکاتی نزیك بوونەوەی لە فرۆکەخانەی – سورات تانی – لە باکووری تایلاند لە کۆتایی گەشتەکەی لە بانکۆکەوە دەگەرایەوە و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٠١ هاوولاتی و رزگاربوونی ٤٥ هاوولاتی لە مردن لە ناو فرۆکەکەدا .

١٨- لە ١٩٩٩/٢/٢٤ لە ئەنجامی تەقینەوەی فرۆکەیەکی چینی مللی لە ناوەراستی وولاتەکە لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٦١ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

١٩- لە ١٩٩٩/١٠/٣١ لە ئاکامی کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی جۆری بۆینگ ، کە سەر بە فرۆکەخانەی میسری بوو لە نزیك کەناری – ماساتشوستس – ی ئەمەریکی لەدوای یەك کاتژمێر لە فرینەکەیدا کەلە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢١٧ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٢٠- لە ٢٠٠٠/١/٣٠ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی ئەبراسی کینی لە ناو ئاودا لە دوای هەڵسان لە ماوەیەکی کەمدا لە – ئەبیدجان – لە کەنارەکانی ساحل عاج ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لەدەست دانی ٢٧٩ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٢١- لە ٢٠٠٠/٤/١٩ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی فلپینی لە جۆری بۆینگ لە نزیك شاری دافاو لە باشووری وولاتەکە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٣١ هاوولاتی ناو فرۆکەکە.

٢٢- لە ٢٠٠٠/٥/٢٥ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی فەرەنسی لە جۆری کۆنکۆرد ، کە کۆمپانیایەکی گەشت و گوزاری ئەڵمانی بە کرێی

گرتبوو ، ئەویش لەکاتی فرینی بەرەو ئاسمان لە فرۆکەخانەی شارلْ دیگۆلْ ، کە بەرەو شاری نیورۆکی ئەمەریکی دەرۆیشتن ، کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٠٩ هاوولاتی ، کە هەمووی گروپی تایبەتی فرۆکەکە بوون و هەروا لەسەر زەویش ٩ کەسی دیکەی کوشت لەکاتی کەووتنی بەسەر زەویدا .

٢٣- لە ٢٠٠٠/٨/٢٣ کەو تنە خو ارەوەی فرۆکەیەکی کۆمپانیای فرۆکەوانی کەنداو لە فرۆکەخانەی بەحرێن ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٤٣ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٢٤- لە ٢٠٠٠/١٠/٣٠ کەوتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی سەنگافورە ، کە لەوکاتەی لە فرۆکەخانەی – تایبیە – ی تایوانی دەگەرایەوە بەرەو شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکی ، کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٧٩ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٢٥- لە٢٠٠١/٧/٣ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی ڕووسی لە جۆری – تووبۆلف – لە کاتی گەرانەوەی بەرەو فرۆکەخانەی فلادیفستۆك لە ڕووسیاو لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٤٣ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٢٦- لە ٢٠٠١/١٠/٤ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی تووبۆلفی ڕووسی لە سەر دەریای رەش ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٧٨ هاوولاتی ناو فرۆکەکە ، کەلەو کاتەی لە شاری تەل ئەبیبی ئیسرائیلی دەگەرایەوە بەرو سیبیریای ڕووسی .

٢٧- لە ٢٠٠١/١٠/٨ کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی سەر بە هێڵی ئاسمانی ئەسکەندەنافیە لە دوای خۆدانی بە فرۆکەیەکی بچووك بە هۆی باری کەش و هەوا لە فرۆکەخانەی میلانی ئیتالیا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١١٨ هاوولاتی ناو فرۆکەکە.

٢٨- لە ٢٠٠١/١١/١٨ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی سەر بە ئەمەریکان – ئیرلاینز – لە سەر یەکێك لە گەرەکەکانی لاینز لە شاری نیورۆك ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٦٠ هاوولاتی ناو فرۆکەکە ، کە لەوکاتە لە ئەمەریکا بەرەو کۆماری دۆمە نیکان دەگەرایەوە

وولاتەکە.

٢٩- لە ٢٠٠٢/١/٢٩ کەووتنە خووارەوەی فرۆکە لەجۆری بۆینگ /٧٢٧ لە سەر چیای کۆلۆمبیا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٩٢ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣٠- لە ٢٠٠٢/٢/١٢ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئێران لەجۆری تۆبۆلفی ڕووسی لە ناوچە شاخاویەکانی ڕۆژئاوای ئێران کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١١٧ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣١- لە ٢٠٠٢/٤/١٥ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی سەر بەهێڵی ئاسمانی چینی مللی لە کاتی گەرانەوەی لە کۆریای باشوور بۆ بۆسان ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٦٠ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣٢- لە ٢٠٠٢/٥/٤ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی نیجیری لە شاری کانۆی نیجیری ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٤٨ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣٣- ٢٠٠٢/٥/٧ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی میسری ، کە سەر بە کۆمپانیای فرۆکەوانی میسری بوو لە توونس ، لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٥٥ هاوولاتی ناو فرۆکەکە ... لە هەمان ڕۆژدا فرۆکەیەکی چینی مللی کەووتە خووارەوە لە سەر دەریا لە ڕۆژهەلاتی چین و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١١٢ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣٤- لە ٢٠٠٢/٥/٢٥ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی سەر بەهێڵی ئاسمانی تایوان لەدوای کەووتنی لە نزیک کەنارەکانی تایوان و لەجۆری بۆینگ /٧٤٧ و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٢٥ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٣٥- لە ٢٠٠٢/٧/١ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەی ڕووسی لەجۆری توبۆلف ، کە مندالانی هەلگرتبوو بۆ گەشتی گەشت و گوزار بەرەو ئەسپانیا ، هەروا بە فرۆکەی بۆینگ/٧٤٧ لە سەر ئاسمانی ئەلمانیا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٧١ هاوولاتی کە

زۆربەیان منداڵ بوون .

٣٦- لە ٢٠٠٢/٧/٢٧ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی سەربازی لەکاتی مەشق کردنی لە سەر ئاسمانی شاری لفیف لە ئۆکرانیا و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٨٣ هاووڵاتی لە گۆرەپانەکەدا .

٣٧- لە ٢٠٠٢/١٢/٢٣ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی ئێرانی لە ناوچەی ناوەراستی ئێران ، کە ئەم فرۆکەیە شارەزایانی فرۆکەی هەڵگرتبوو لە ئاکامدا بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٤٦ شارەزا لە فرۆکەو فرۆکەوانەکانیدا .

٣٨- لە ٢٠٠٣/١/٨کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی تورکی لە ناوچەی پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٧٦ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە ... لە هەمان رۆژدا کەووتنی فرۆکەیەکی بچووك لە دوای فرینی بەرەو ئاسمان لە فرۆکەخانەی – شاروت – لە وویلایەتی نورت کارۆلینای ئەمەریکی کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٢١ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە

٣٩- لە ٢٠٠٣/٢/١٩ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی سەربازی و لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٧٦ سەربازی ناو فرۆکەکە .

٤٠- لە ٢٠٠٣/٣/٦ کەووتنە خووارەوەی فرۆکە لە جۆری بۆینگ /٧٣٧ ی سەر بەهێڵی ئاسمانی جەزائری ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١٠٢ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە .

٤١- لە ٢٠٠٣/٥/٢٦ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی ئۆکرانی کە نووێنەری شاندی ئاشتی پارێزی ئەسپانی هەڵگرتبوو بەرەو ئەفگانستان دەگەرانەوە و لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٧٤ کەس لە شاندەکەو هاووڵاتیانی دیکەدا .

٤٢- لە ٢٠٠٣/٧/٨ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی سوودانی لە دوای هەڵسانی بە ماوەیەکی کەم لە فرۆکەخانەی سوودانی ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١١٥ هاووڵاتی ناو فرۆکەکە .

٤٣- لە ٢٠٠٣/١٢/٢٥ کەووتنە خووارەوەی فرۆکە لەجۆری بۆینگ ٧٢٧ لەوکاتەی کە لە کەنارەکانی کۆماری بەنین بەرەو کرماری لوبنان

دەگەرایەوە ، کە لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٣٥ هاوولاتی ناو فرۆکەکە .

٤٤- لە ٢٠٠٤/١/٣ کەووتنە خووارەوەی فرۆکەیەکی میسری ، کە گەشتیارانی فەرەنسی هەلگرتبوو ، کە لە شاری شەرمشێخی میسری بەرەو قاهیرەی پایتەخت دەگەرایەوە ، کە لەئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٤٨ هاوولاتی ناو فرۆکەکە.

٤٥- جێگەی باسکردنە کە لە ٤٥ رووداوی کەووتنە خووارەوەی فرۆکە ٥,٩٥٥ هاوولاتی لە هەموو رەگەزو نەتەوەیەکدا گیانی لە دەست داوە ... کە ئەمەش لە ئەنجامی گووێنەدانە بەراست و دروستی فرۆکەکە بەر لە هەلسانی و ئەنجام نەدانی پشکنینێکی وورد و چاو دێریەکی تەوواو ... لە بەر ئەوەی فرۆکە ئامرازێکی گرنگی سەردەمیانەی گوواستنەوەیە لە نێوان وولاتانی جیهان

٤٦- ئەمەو جگە لە رووداوە تیرۆریستیەکان کە بە فرۆکە ئەنجام دەدرێت لە هەموو بوارەکان ... ئەمەو چەند رووداوێکی دلتەزێن کە لە مێژوونامەکە تۆمارکراووەو جگە لە مێژووی دیکەی رووداوی کەووتنە خووارەوەی فرۆکە بەر لەو مێژووەو دوای ئەو مێژووەش بە هەمان شێووە تۆمارکراون .

٢٠٠٤/٤/٣ بە پێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوودان و لە ناوچەی دارفۆر و دەووروبەری هێزە چەکدارەکانی سەر بەحکوومەتی سوودان ، بە تایبەتی چەکدارەکانی جەنجەوید ، کە بە ناشیرینترین شێووەو کرداری هەمەلایەنە ئازاری هاوولاتیانی ناوچەکەیان دەدا ، کە بووە هۆی دەربەدەر بوونی زیاتر لە ملیۆنێك هاوولاتی لە هەرێمەکەدا لە سوودان .

٢٠٠٤/٤/٧ هەردوو سەرکردەی قووبرسیە یۆنانیەکان – تاسۆس بابادوپۆلوس و قووبرسی تورکی – رەئوف دنکتاش – هۆشداریان دا دەنگداران لە سەر راپرسی

یەکگرتنەووەی هەردوو کەرتی قووبرسی یۆنانی و قووبرسی تورکی لە سەر ئەو پلانەی کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاراستەی هەردوو حکوومەتی دژ بە یەکتری کردبوو لەهەفتەی رابردوودا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هێزەکانی سووپای تورکیا کەرتی قووبرسی تورکی ، کە زۆربەی زۆریان تورکن داگیری کردوو حکوومەتێکی تورکی لە ساڵی ١٩٧٤ لێدامەزراند و هیچ ووڵاتێك لە ووڵاتەکانی جیهان دانی بەو حکوومەتە نەناو تەنیا تورکیا نەبێت تاکوئێستا .

ئەمەش لە دوای شەڕێکی دژوار لە نێوان دانیشتووانە تورکەکان و قووبرسیە یۆنانیەکاندا هات ... ئەم راپرسیەش گەرچی ئەنجامی سەرکەوتن نەبوو لە هەر لایەنێك لەو دوو لایەنە ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشی یۆنان دەچێتە ناو یەکیەتی ئەوروپا و کاردانەوەی خراپی لە سەر باری بەشی تورکی و تورکیا دەبێت

سەرەرای ئەوەش سەرۆکی قووبرسی یۆنانی دژی ئەو پلانەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بەهاوشانی تورکەکان ... لە بەر ئەوەی یەکگرتنەوەی ئەو دوو بەشە لێك دابراوە بە هێزی سەربازی تورکیا دەبێتە هۆی ل ەناوچوونی دەسەڵاتی تورکی لە بەشی قووبرسی تورکی لە ناو زۆرینەی قووبرسی یۆنانی لەناوچەکەدا .

٢٠٠٤/٤/٢٥ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفرۆندام لە رێگەی سندوقی دەنگەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی قووبرس ، بە گوێرەی داتای رۆژنامەی رەسمی ژمارە/ ٢٧٧ ی بەشداری هەڵبژاردن کە لە هەمان رۆژ راگەیاندرا نزیکەی ٦٤.٩١٪ لای تورکی دوورگە ، کە دەنگیان بۆیەکگرتنەوەو نزیکەی ٩٣ ٧٥, ٪ ی یوانیەکانی دوورگەکە دەنگیان بۆ ئەو جودایەی هەردووقووبرسدا لە هەرێمە .

٢٠٠٤/٥/٥ حکوومەتی نەمسا گۆرەپانێکی گەوورەو جوانی لە سەر شێوازی نوێی سەردەمی لە سەر بنەماکانی ئەندازەیی بە ناوی سەرکردەی بەناوبانگی جوولەکە – تیوودۆر هرتزل – کردەوە لە شاری ڤێنای پایتەختی نەمسا ... کە ئەمەش بووە هۆی دەربرینی نارەزایی لەلایەن ووڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و بە تایبەتی کۆماری عەرەبی لە جیهاندا .

سەرچاوە:- www.arabic.com

٢٠٠٤/٥/٦ فرۆشتنی تابلۆیەکی وێنەکێشی بەناوبانگی جیهانی – بابلۆ بیکاسۆ – بە ١٠٤ ملیۆن دۆلار ، کە مێژووی وێنەکێشانەکەی بۆ ساڵی ١٩٠٥ دەگەرێتەوە ... کە ئەمەش یەکەم تابلۆیە کە بەم

نرخە بەرزە بفرۆشرێت لەجیهان ... ئەم وێنەیەش کە لە لایەن بیکاسۆ وێنەی کێشرابوو کە تەمەنی بیکاسۆ ٢٤ ساڵ بووە ... کە وێنەی منداڵێکی باریسیا بوو کە بزمارێکی لەدەستی چەپ و دەسکە گوڵێکی لە سەر سەرابوو .

جێگەی باسکردنە کە نرخی لە تابلۆی دکتۆر – جاشیە – زیارتر بوو کە بە ٨٢,٥ ملیۆن لە ساڵی ١٩٩٠ فرۆشا ... تابلۆکانی بیکاسۆ جێگەی گرنگی پێدانە لە لایەن کەسایەتی و ناودارو وێنەکێشانی رابردوو و ئێستای جیهان و رۆژ لە دوای رۆژ بەهای ئەو تابلۆیانە بەرەو بەرزی هەنگاو دەنێن ، لە بەر ئەوەی تابلۆکانی بیکاسۆ لە مەزادە ئاشکراکان جێگەی خۆی کردۆتەوە لەم بوارەدا و زیاتر لە تابلۆی وێنەکێشانی دیکەی جیهان .

٢٠٠٤/٥/١٩ سەرۆکی هندستان – زەین عابدین عەبدولکەریم – مانموهان سینگ – ی راسپارد بە پێک هێنانی حکوومەتی نوێی هندستان لە دوای هەڵبژاردنەکان ، کە پارتی کۆنگرەی هندستان بەسەرکردایەتی – سۆنیاگاندی

– سەرکەوتنی بەدەست هێنا ... سەرۆکی حکوومەتی هندستان لە ئایین سیخیەو بۆ یەکەم جارە لە مێژووی هندستان کەسایەتیەکی سیخی سەرۆکایەتی حکوومەتی هندستان بکات لەم کێشوورەدا .

جێگەی باسکردنە کە نوێنەرانی پەرلەمانی هندستان ئەوانەی سەر بە پارتی کۆنگرەن وەزیری دارایی پێشوو – سینگیان – دەست نیشان کرد بە سەرکردەی حکوومەت لە دوای بەردەوام بوونی سونیا گاندی بەوەرنەگرتنی پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هندستان ، کە خۆی لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست هێناو سینگی پاڵێوراو بۆ ئەم پۆستە لەجێگەی خۆی سەرەرای دەربرینی نارەزایی لەلایەك پارتەکەی و نوێنەری پارتەکەی لە پەرلەمان و بەم هۆیەش چەندین ئەندام پەرلەمان دەستیان لە کاری ئەندامیەتی پەرلەمان کێشاوە و داوایان لە سۆنیا کرد ، کەخۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتەکەی بگرێتە دەست لە وڵاتەکەدا

سۆنیا گاندی هاوسەری راگیف گاندی بووەو بەهۆی تیرۆرکردنی دایکی راگیف گاندی – ئەندیرا گاندی و راگیف گاندی – نەی ویستووە خۆی تووشی هەرەشە لێکردن بکات لەلایەن توندرەوە دژایەتیەکانی لە وڵاتەکەدا ... هەروا سۆنیا گاندی لە رەچەڵەك ئیتاڵیە ... ئەمەش لە دوای سەرکەوتنی پارتی کۆنگرە و بەزاندنی پارتی بەهاراتیاجاناتای دەسەڵاتدار لە هەڵبژاردنەکان لە وڵاتەکەدا.

٢٠٠٤/٥/٢١ یەکیەتی نێوو دەووڵەتی تۆپی پێ بە بۆنەی دامەزراندنی ئەم یەکیەتیە ئاهەنگێکی نێوو دەووڵەتی بە سەر تێپەربوونی ١٠٠ بە دامەزراندنی یەکیەتیەکەدا گێرا .

جێگەی رونکردنەوەیە کە لە ١٩٠٤/٥/٢١ دامەزراندین یەکیەتی نێوودەووڵەتی – فیفا – لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا رایگەیاند ... بارەگای سەرەکی لە شاری – زیوریخە – لە ساڵی ١٩٣٢ وە ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە وەرزشی تۆپی پێ ، یاخوود یاریەکانی تۆپی پێ لە ساڵی ١٨٤٨ لە یاریەکانی دیکەی وەرزشی جیاکرایەوە لە زانکۆی –

کمبریدیـژ – و دوای ئـەو رایەڵـەی تـۆپی پـێ لـە ١٨٦٣/١٠/٢٦ لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا دامـەزرا ... ئـەو وولاَتانـەی کـە میوانـداری کۆتایەکانی جامی جیهانیان لە تۆپی پێ ردووە ئەمانەن :–

یەکەمیان :– ئۆرگوای لە ساڵی ١٩٣٠ و ، ئیتالیا – لە ساڵەکانی ١٩٣٤ – ١٩٩٠ , فەرەنسا لە ساڵی ١٩٣٨ , بەرازیل ١٩٥٠ , سویسرا لە ساڵی ١٩٥٤ , سووید لە ساڵی ١٩٥٨ , تشیلی لە ساڵی ١٩٦٢ , ئینگلترا لە ساڵی ١٩٦٦ , مەکسیك لە ساڵی ١٩٠٧٠ , ئەلمانیای رۆژئاوا لە ساڵی ١٩٧٤ , ئەرژەنتین لە ساڵی ١٩٧٨ و ، ئەسپانیا لە ساڵی ١٩٨٢ , مەکسیك لە ساڵی ١٩٨٦ و ، ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٤ , فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٨ و ، کۆریای باشوور و یابان لە ساڵی ٢٠٠٢ ، ئەلمانیا لە ساڵی ٢٠٠٦ .

هەروا ئەو وولاَتانەی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە بردنەوەی جامی جیهانی ئەویش :–

وولاَتی بەرازیل /٥ جار ... ئەلمانیا /٣ جار... ئەرژەنتین / ٢ جار... ئورگوای /٢ جار... ئینگلتەرا /١ جار.

دوای ئەوەش باشووری ئەفەریکیا میووانداری جامی جیهانی ساڵی ٢٠١٠ دەکات . بەرپرسان لە سەرەتای سەدەی بیست هەڵسان بەرێکخستنی یاری تۆپی پێ و لە سەرەوەی هەموویان – رۆبیرگیران – کە فەرەنسی بوو و هەروا هۆڵەندی – هیرشمان – بە دامەزراندنی کاروباری یاری تۆپی پێ بە ئامادەبوونی /٧ دەووڵەت ئەویش :–

فەرەنسا – بەلژیکا – هۆڵەندا – دانیمارك – ئەسپانیا – سووید – سویسرا . بەم هۆکارەش ئەوروپا توانی زاڵبوونی خۆی مسۆگەر بکات لەکاتی دامەزراندنیەوە ، کە سەرۆکی ئەم یەکیەتیە بۆ ماوەی حەوت جار لە بری هەشت جار پۆستی سەرۆکایەتی فیفا بکات ، کە دووایان جۆزێف بلاتر بوو ... ئەوانەی کە پۆستی سەرۆکایەتی فیفایان گرتە دەست ئەمانەن :–

جۆلی ریمیە – کە فەرەنسی بوو – کە یەکەم جامی جیهانی بە ناوی ئەوکرا کە لە ساڵی ١٩٢١ ئەم پۆستەی گرتە دەست تاکو ساڵی ١٩٥٤ . کە ریمیە رۆڵێکی باڵای هەبوو لە بەرەو پێشبردن و گەشە پێدانی ئەم یاریە نێوو دەووڵەتیە .

دوای ئـەو – سیرسـتانکی راوس – کـە بـەریتانی بـوو لـە سـاڵی ١٩٦١ تـاکو سـاڵی ١٩٧٤ ئـەو پۆسـتەی گرتبـووە دەسـت ... هـەروا دوای ئـەویش یاریزانێکی بەرازیلی بوو بە ناوی – گواوهافیلانگ – کە لە ساڵی ١٩٧٤تاکو ساڵی ١٩٩٨ ئەم پۆستەی گرتبووە دەست .

هەروا ٦٨ وولات بەشداری لە کۆتایەکانی جامی جیهانی تۆپی پێ کردووە لە یەکەم یاری تا دوا یاری لە ساڵی ٢٠٠٢ ... لە گەڵ چەندین کاری دیکەی یاری تۆپی پێ لە جیهاندا .

٢٠٠٤/٦/١ کاتـژمێر ٤,١٥ دقیقـە کابینـەی یەکـەمی حکوومـەتی گواسـتنەوەی ئێـراق راگەیەنردا ، بە دامەزراندنی غازی عجیل یاوەر بە سەرۆك کۆماری ئێـراق و ، ئەیاد عەلاوی بە سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی ئێراق و ، بە دامەزراندنی ٣١ وەزیر ، لەوانە ٦ شەش وەزیر ئافرەت بوون . کە لە مێژووی رژێمە یەك لە دوای یەکـەکانی ئێـراق ، بـەو رێژەیـە ئـافرەت بـە شـداری لـە کابینـەکانی حکوومەتی ئێراق نەکردبوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٤/٦/١ هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان بە سەکردایەتی ئەمەریکا بە نـاوی – هێـزی فرەرەگـەزی – لـە ئێـراق بەرپرسـیاری نەتـەوە یـەکگرتووەکان و مانـەوەو رووبـەرووی شـەڕی تێرۆرسـتانی ئیسلامیە توونـدڕەوەکان بوونـەوەو تـاکو تـەواو بـوونی ئـەو مێژوونامـەو کـارە تیرۆرسـتیەکان بـەردەوام بـووە لـە باشووری ناوەندی ئێراق .

٢٠٠٤/٦/٨ لـە رێـوو رەسمێکـی شـکۆدار پارێزگـاری کـەرکوك مـستەفا عەبـدولرەحمان وێـستگەی تەلـەفزیۆنی ئـازادی – کـەناڵی کـەرکوك – ی کـردەوەو پەخـشی ئاسایی خۆی بلاو کردەوە ، کە زمانی حاڵی پارتی کۆمۆنیـستی کوردسـتانە لە پارێزگاکەدا .



٢٠٠٤/٦/٢ لە ئەنجامی پشکنینی گەردوونی ئامێری کامێرای تلیسکۆبی -هابڵ- تووانی زیاتر لە ١٠٠ ئەستێرەی نوێ دیاریبکات . کە ئەم ئەستێرانەی لە دەووری ئەستێرەکانمان دەسوورێنەوە، ئەمەش لە دوای ئەوە هات ، کە کامێرای تلیسکۆبی هابڵ تووانی وێنەی هەزارا ئەستێرەو رۆژ وێنە بگرێت لە دەووری هێڵی ئەستێرەیی – ریگای کا – درب ئەلتەبانە – دەسوورێنەوە ... ئەو ئەستێرانەی کە لە دەوورووبەری رێگای کا دەسوورێنەوە زیاترن لە ٢٣٠ رۆژو ئەستێرەیە ... کە ئەم کارەش بەکارێکی گەورەی بێ وێنە دادەنرێت لە بوواری دۆزینەوە لە گەردوندا ...

سەرچاوە :- BBC.ARABIC



٢٠٠٤/٦/٧ دادگای قەزائی لە روندا بریاری بەندکردنی ١٥ساڵی بە سەر سەرۆکی رواندا دا – باستوور بیزیمنگۆ – دەرکرد ... ئەمەش لە دوای راگەیاندنی بریاری دادگا هات کە سەرۆکی رواندا – بیزیمنگۆ – ی بە تاوانبار زانی ، ئەویش بەنانەوەی ئاژاوە و کاری گێرە شێووێنی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی .

بەتایبەتی لەنێوان هەردوو نەتەوەی دژ بە یەکتر – هۆتۆو ، توتسی – لە وولاتەکەدا ... کە سەرۆکی رواندا بیزیمنگۆ ، لە هۆزی هۆتۆ بوو ، سەرەرای ئەوەی کە ئەو کەسایەتیە لەم هۆزەدا بە کەسایەتیەکی ئاشتیخواز و ئاشتەوایی نیشتیمان دادەنرا . لە نێووان هەردوو هۆزی توتسی و هۆتۆ .

هەروا سەرۆکی رواندا بیزیمنگۆ لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستی لە پۆستی

سـەرۆکی وولاّتەکـە کێـشابووەوە ، ئـەویش بـە هـۆی سـەرهەڵدانی کێـشەی هەمەلایەنەی نێووان ئەم دوو هۆزە لە وولاّتەکەدا .

هەروا وەزیری گوواستنەوە و شەش لە وەزیرەکانی دیکە بە هەمان شێووە تاوانبارکرابوون ، بە تایبەتی بە پێك هێنانی چەکداری میلیشیا و هاندانی یاخی بوونی مەدەنی لە وولاّتەکەدا .

هەروا داواکاری گشتی داوای کردبوو کە سەرۆکی رواندا بە بەندکردنەکەی هەتا هەتایە بێت .

بەلاّم بە هۆی پاڵە پەستۆی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەندکردنەکەی کرا بە ١٥ ساڵ ... سەرۆکی رواندا یەکێك بوو لە هۆتۆیەکان ، کە چووبووە رێزی جووڵانـەوەی شۆرشـگێری ، کـە ئـەم جووڵانەوەیـەش تووتـسیەکانی لـە هەندەران لە وولاّتی ئۆگەندا دایانمەزراندبوو ... ئەم جووڵانەوەیەش ناسراو بوو بە – بەرەی نیشتیمانی رواندی – کە دەسەلاّتداریەتی رواندی لە ساڵی ١٩٩٤وە بەدەستەوە گرتبوو لە وولاّتەکەدا .

ئەم بەرەیەش دژی بەکارهێنانی کاری توندوتیژ بوو ، کە لەلایەن هۆزی هۆتۆیـەکان دژی تووتیـسیەکان ئـەنجام دەدرا ... بـەلاّم دوای دەسـت لـە کارکێشانەوەی سەرۆکی رواندا بیزیمنگۆ . لە پۆستەکەی بووە دوژمنی ئەم بەرەیە ... سەرەرای ئەوەی کە ئەم بەرەیە توانی ئارامی و ئاسایش بخاتە نـاو وولاّتەکـەدا و بـاری وولاّت و دەسـەلاّت لـە رامیاریـەتی فـرە پـارتی لـەو وولاّتە بەربووە دەبردرا .



٧ ٦/٢٠٠٤ زانـای گـەردووناس و شـوێنەوارناس – دکتـۆر راینرکۆیهن – لـە زانکـۆی – ئۆبرتـال – ی ئـەلمانیا رایگەیاند کە دوورگەی – ئـەتلانتس – لـە بەشـی کـەناری باشـووری ئەسـپانیا – تووشـی وێرانکردن هات ، لە ئەنجامی لافاوێکی گەوورە لە نێووان ساڵەکانی ٥٠٠ – ٨٠٠ ی بـەر لـە زایـین ... ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە ووێنـەکانی مـانگی

دەست کرد .

کە وێنەی ئەو دوورگەیەی گرتبوو و شوێنەواری ئەم شارەی تیادەرکەوتبوو ... گرنگی ئەم وێنانەش لە باشووری ئەسپانیا روو لە زەوی وێنەکانی کێشرابوو ... کە وێنەی شووێنەکە لە گەڵ نووسینەکانی ئەفلاتوون جووت بوونە ، کە ئەفلاتوون لە دایك بووی ئەم شارەبووە .

هەروا – ماریزمادووهینۆخس – ل ەنزیك شاری – کادیز – بەشێووەیەکی لاکێش دەرکەوتووە ، کە چەندین بەشی ئەم شارە ماوە ، کە لەخشت و قوور درووستکرابوون ، هەروا دکتۆر – راینر – دەڵێ :–

ئەفلاتوون ئەو ناوچەیەی لە نووسینەکاندا دیاریکردبوو ... لە سەر دوورگەکەو دەووروبەری . کە باڵەخانەی بازنەیی تیادروستکراوە ... کە هەندێکیان لە قوور بوون و هەندێکیان لە ئاو ، کە ئەمەش لەگەڵ دیاریکراوەکانی ئەفلاتوون جووتن ... هەروا دکتۆر راینر دەڵێ :–

ئەو باڵەخانە لاکێشیانە لەوانەیە پاشماوەی پەرستگای – زیووی – بێت ، کە بۆ خواکانی دەریای – بووسیدوون – یاخوود پەرستگای – زێرینی – کە تەرخان کرابوو بۆ – لیووسیدوون و کیلینۆ – دروستکرابن ... هەروەك لە نووسینەکانی ئەفلاتوون هاتووە ، هەروا دەڵێ :

یەکەم :– ئەفلاتوون قەبارەی ئەتلانتسی کەم کردووە .

دووەم :– یەکەی پێووەری ، کە لەوکات بەکارهێنراوە گەوورەتر بووە . کە ٢٠٪ بووە لە گەڵ پێووەری ئێستا .

هەروا دکتۆر راینر دەڵێ :– ئەگەر خاڵی دووەم راست بێ ، کە یەکێك لە لاکێشەکانی دیار لە دوورگەکە . ئەوە لە گەڵ پێووەرەکە جووتە ، کە ئەفلاتوون دەست نیشانی کردبوو لە نووسینەکانی لە پەرستگای بووسیدوونە لە ساڵی / ١٢ بەر لە زایین روویان داوە .

هەروا دوو پاتی ئەوە دەکاتەوە ، کە ئەو شارە بوونی هەبووە لە سەردەمی

ئاســـنین و ســـەردەمی برۆنـــزی ... هـــەروا دکتـــۆ راینـــز ، داوا لـــە شووێنەوارناسـان دەکـات بـە پـشکنین و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر ئـەو جێگایـە سـەرەرای بـوونی کێـشە و نـەبوونی توانـای دارایـی پێویـست نـەك بـۆ ئەتلەنتس بەڵکوو بۆ دەیا جێگەی دیکەی شووێنەوار ، کە لەئەنجامی شەرو لافاو ئاسەواریان نەماوە لە جیهاندا .

٢٠٠٤/٦/٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا ، رژێمی تورك ماوەی بە بڵاوکردنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بدات ، هەرچەندە ماوەی چەند کاتژمێرێك بوو، لە هەمان کات ئازاد کردنی پەرلەمانتارە کوردە زیندانی کراوەکان یەك لەوان خاتوو لەیلا زانای تێکۆشەر.

٢٠٠٤/٦/٩ کاتژمێر یەکی بەیانی بەکاتی کوردستان بریاری ژمارە/١٥٤٦.ی رێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە لایـەن ئەنجوومـەنی ئاسایـشی نێوودەوڵـەتی دەرچـوو ، بـە دیاری کردنـی دەسـەڵاتی داهـاتووی ئێـراق ، بـە حکوومـەتی دیمـوکراتی فیـدراڵی یـەکگرتوو . بـە پـشت گـوێ خـستنی یاسـای ئیدارەی دەووڵەتو دیارینەکردنی ماف کورد لەم بریارەدا بۆ ئێراق .

ئەویش بەخواستو ویستی عەرەبەو لە سەر داوای عەلی سیستانی بوو ، کە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو یەکیـەتی نیـشتیمانی کوردسـتان لێـی بەرپرسیارن ، لە هەموو لایەنێك لە داهاتووی کورد لە کوردستانو باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق .

٢٠٠٤/٦/١٠ لە دادگایی تایبەتی رژێمـی بەعسی لـە سووریا ٧٥ هـاوڵاتی کورد دادگایی کران ، لە ئەنجامی رووداوەکانی ئادار لە شاری قامشلو ، کە لـە بەندیخانـەی - سـید نـای - گواسـترانەوە بـۆ بەندیخانـەی سـەربازی لـە شـاری دیمەشـقی پایتەختی سووریاو دادگایی کردنیان بە یاسـای سـەربازی رژێمـی بـەعس لـە سووریا .



٢٠٠٤/٦/٢٨ لە ئاهەنگێکی خنجیلانە دادوەری گشتی مەدەنی ئەمەریکا لە ئێراق پۆل بریمەر بەڵگەنامەکانی دەسەڵاتی هاوپەیمانانی دا بەدەست سەرۆکی حکوومەتی کاتی ئێراق بە سەرکردایەتی ئەیادی عەلاوی .

٢٠٠٤/٦/٢٩ نێگرۆپۆنتی بە یەکەم باڵوێزی ئەمەریکا لە ئێراق دانرا ، کە لە بنەڕەتا جێگەی پۆل بریمەری گرتەوەو گەورەترین باڵوێزبوو لە جیهان ، کە زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار فەرمانبەری لەخۆ دەگرت ، لە هەموو دامو دەزگاکانی حکوومەتی ئێراقی دوای رووخاندنی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، راوێژکاری تایبەتی سەربەخۆی لە هەموو دامو دەزگاکانی حکوومەتی نوێ ئێراق دانابوو، بە سەرپەرشتی کردنی کاروبارە هەمەلایەنەکان .

تێبینی :– داوای لێبووردن دەکەین گەر نەمان توانیبێ وێنەکان بە پێی پێویست لە گەڵ رووداوەکان دابنێین ، لە بەر ئەوەی نەمان ویستووە وێنەکان دووبارە ببنەوە چونکە وێنەکان زۆریان دووبارەن ، یاخوود وێنەمان دەست نەکەوتووە بە پێی پێویست.

٢٠٠٤/٧/١ سەدام حوسێنی سەرەك کۆماری رووخێنراوی ئێراق و تاوانبار بەرامبەر گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کوردو نیشتیمانەکەی خرایە بەردەمی دادگای تایبەتی لە ئێراق ، بە خۆیی و ١١ تاوانبار لە دارو دەستەکەی بۆ پیادەکردنی تاوانەکانیان بەرامبەر گەلانی ئێراق ، کە لە ماوەی ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتیان ئەنجامیان دابوو ، لە هەموو بوارەکان . بە تایبەتی ئەنفال و

کیمیاباران و وێرانکردنی شارو شارۆچکەو گوندەکانی هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٤/٧/١٠ کۆچــی دوایــی ســەرۆکی نەمسا – تۆماس کلیستا – لە شــاری ڤێننــای پایتــەختی نەمسا لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا ... جێگــەی باســکردنە کــە سەرۆکی نەمسا کلیستا لە ســاڵی ١٩٩٢ دەســـەڵاتی نەمسای گرتۆتە دەست و دوو رۆژ بەر لە تەواو بوونی ماوەی دەسەڵاتی بەهۆی نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردوو نوێنەرانی وڵاتانی جیهان بەشداریان لە ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆکی نەمسا کرد لە – کاتدرانیەی پیرۆز لە قەدیس ستیڤان – ی پایتەختی نەمسا ... هەروا سەرۆکی پێشووی نەمسا و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – کۆرت ڤالدهایم – بەشداری لە ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆکی نەمسا – کلیستا – کرد .

سەرۆکی نەمسا تووانی باری وڵات بەرەو پێش ببات لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی گرنگی دان بە ڕۆڵی ئافرەت ، کە بەر لە دەسەڵاتی ئەو کۆرت ڤالدهایم دەسەڵاتی نەمسای گرتبووە دەست و دوای لێکۆڵینەوە ، لە رابردووی فالدهایم دەرکەووت . کە لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی ئەلمانی کاری کردووە لە جەنگی دووەمی جیهان و زیانی بە وڵاتەکە گەیاندووە لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

٢٠٠٤/٧/١٤ لــە دوای ٤١ ســاڵ لــە تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم یەکــەم ســەرۆك کۆمــاری ئێــراق و لــە گۆڕنـــانی ڕژێمـــی شانــشینی لــە نــاو باڵەخانــەی وێــستگەی

رادیۆو تەلەفزیۆنی بەغدا لە لایەن ئەحمەد حەسن بەکرو سەدام حوسین ، تەرمەکەی و هەڤاڵەکانی دۆزرانەوە لە لایەن مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بە پارستن و ئاگالێبوون لە گۆڕەکەی لە شاری بەغدا.

٢٠٠٤/٧/٢١ وەزیرەکانی دەرەوەی ئێران و سووریاو تورکیاو کوێت و سعوودیەو ئوردن ، لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر کۆبوونەوە بە سەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی میسر ، کە – ئەخزەر ئیبراهیمی – نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و – خافیر سولانە – نوێنەری یەکێتی ئەوروپا بەشداریان تێدا کردو بنچینەی کۆبوونەوەکە دژی مافەکانی کوردو دابەشنەکردنی خاکی ئێراق بوو لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٤/٧/٢٢ وەزیری دەرەوەی شانشنی ئوردن بەشداری لە کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وولاتانی دراوسێی ئێراق کرد ، لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر.

٢٠٠٤/٧/٢٨ سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردوگان – سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد ، بە هۆی نەخۆشیە خودارییە بەردەوامیەکانیان بەرامبەر بە کوردو داگیرکردنی کوردستان بە بەردەوام بونیان لە هەڵوێستی هاوبەش و رەفتاری نامرۆڤایەتیان بەرامبەر بەکوردو خاکی کوردستان ، لە لایەن چوار دەوڵەتی دروستکراو لە لایەن بەریتانیاو هاوپەیمانان.

٢٠٠٤/٨/٣ تیرۆرستە ئیسلامیەکانی کۆماری شیشانی رووسیای یەکگرتوو توانیا گەمارۆی دوو قوتابخانەی منداڵان بدەن لە ئۆسیناى باکوور لە شاری باسلان ، لە ئەنجام بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ٥٠٠ منداڵ و زامدار بوونی زیاتر لە ٧٠٠ منداڵ و کوژرانی چەند کەسێك لە تیرۆرستەکان .

٢٠٠٤/٨/٧ کردنـــــەوەی کارەکــــانی موونتــەدای ژمــارە /٣٥ لــە شــــاری – ئبیـــــا – ی پایتــەختی – ســاموا – لــە لایــەن دوورگــەکانی زەریــای هــێمن ، کــە بــە بـچووکترین وولات دەناسـرێت لەجیهاندا

، کــە ژمــارەی دوورگــەکان ١٤ دوورگــەی بـچووکەو لــەو کۆبوونەوەیــەش ئوستralیا و نیوزیلەندا بەشداریان لەو مووننتەدایە کرد .

ئەویش لــە پێنــاو هاوکاری و باشـکردنی بـاری ئـابووری و رامیـاری و ئـەو کۆبوونەوەیەش لە پێناو چارەسەرکردنێکی نوێی تووشبووانی نەخۆشی – ئایدز – ە کە ڤایرۆسی – ئێتش ئای من – یە ... هـەروا لـەو کۆبوونەوەیـەی وولاتانی – ناورو – داوای یارمەتی بە پەلە دەکات ، بە هـۆی بـەرەو هـەرەس هێنانی لە بواری ئابووری و کەووتنی ئەم وولاتە .

هەروا سەرەك وەزیرانی دوورگەی – کۆك – داوای کرد کە دوورگەی نـاوروٚ رووبــەرووی کێـشەیەکی گــەورە بــووە ، بــە هــۆی گەنــدەڵی و بــەکارهێنانی کارووبـاری وولاتەکــە لــە بــواری ئـابووری بــە شــێووەیەکی نــا دروســت و دابەزینی نرخی بەشداربوون لە بەرهەم هێنانی فۆسفات ، کە سەرچاوەیەکی ئابووری سەرەکیە لە رووی هەناردە لە وولاتەکەدا .

هەروا باس لە هێزی سەربازی ئوستralیا کرا ، کە لە دوورگەی سۆلۆمۆنە بۆ پاراستنی ئارامی لەو وولاتەدا بەهۆی بوونی کێشەو کاری توونـد و تیژی و هەرەس هێنانی باری ئابووری لە وولاتەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە وولاتانی دوورگەی زەریای هێمن لە بارێکی ناهەموار ژیــان دەبەنــە ســەر بــەهۆی نەخۆشــی و رمــانی ژێرخــانی ئــابووری وبــوونی کێشەی کۆمەلایەتی و کاری توونـد و تیـژی و لێنەوەشـانەوەی دەسـەلاتداران لەبەرێووەبردنی کاروباری وولاتـەکانیان لـەپێناو پەرەپێـدان و پەرەسـەندن و گەشە پێدان لە دوورگەکەدا .

٢٠٠٤/٨/١٣ کردنەوەی پێشبرکێی یاریەکانی جامی جیهانی– ئۆلۆمپیات – لە ئەسینای

پایتەختی یۆنان بۆ ماوەی ١٦ رۆژ بەردەوام بوو. لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاّتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .



٢٠٠٤/٨/١٤ کۆچی دوایی نووسەر و شاعیری بەناوبانگی پۆلەندی و وولاّتانی بەلکان – تشیسلاف میلۆش – لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا ... میلۆش لە ساڵی ١٩٨٠ پاداشتی نۆبلی لە ئاداب پێ بەخشرا ، کە لەو کاتەی جوولانەوەی هاوکاری کرێکارانی پۆلەندا دژی دەسەلاّتی کۆمۆنیستی لە پۆلەندا خۆ پێشاندان و نارەزاییان دەربری .

شاعیری ناوداری پۆلەندا ماوەی ٣٠ ساڵ لە پەناهەندەیی لە فەرەنسا و ئەمەریکا ژیانی بردەسەر لە نێووان ساڵەکانی ١٩٦٠ – ١٩٨٩ ، کە دوای ئەوە گەرایەوە پۆلەندا ... ماوەی ٢٠ ساڵ میلۆش مامۆستای زمان و ئەدەبی سلاڤی بووە لە زانکۆی – بیرکلی – لە کالیفۆرنیا ... میلۆش لە ماڵەکەی خۆی لە شاری – کراکۆ – لە پۆلەندا کۆچی دوایی کردوو ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان و جیهانی شیعر و ئەدەب و نووسین کرد ... کەجێگەی شانازی و سەربەرزی گەلی پۆلەندا و ناوچەکە بوو لە بەلکان.

٢٠٠٤/٨/١٥ گرێدانی کونگرەی نشتیمانی ئێراقی بە ئامادەبوونی ١٢٠٠ کەسایەتی لە پێکهاتەی گەلاّنی ئێراق ، کە نوێنەرایەتی پارێزگاکانی ئێراق و کوردیان دەکرد .

لە ئەنجام ٨١ ئەندام هەڵبژێردران لە گەلّ ١٩ ئەندام لە ئەنجوومەنی کاتی گواستنەوەی ئێراق بۆ تەواوکردنی ١٠٠ ئەندامو فۆئاد مەعسوم بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا .



٢٠٠٤/٨/١٥ لـه دوای هەڵبژاردنـەوەی بـۆ جـاری دووەمـی سـەرۆکایەتی فنـزویلا شـافیز سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، بەڵام بە هۆی کـارتێکردنی رامیاریـەتی دەرەوەی فـەنزویلا ، بـە تایبـەتی لـە لایـەن ئەمـەرکاو لـە ئـەنجامی کێـشەو ململانێـی تووندو تیـژی نێوان لایـەنگرانی ئەمەریکاو لایـەنگرانی سـەرۆکی فـەنزویلا ، گەیـــشتە قۆنــاخی ئەنجامــدانی راپرســی گــشتی لـــە نێــوان شــافێزو بەرهەڵستکارانی ، کـە بـەر لـەوەش بـە ئامـادە بـوونی چـاودێران و سـەرۆکی ئەمـەریکای پێـشوو جیمـی کارتـەر، ئەنجامەکـەی بـووە هـۆی سـەرکەوتنی شـافیز لـە دوا راپرسـی بـە هـۆی خزمـەتکردی چینی هـەژاروبێ دەرامـەت لەووڵاتەکەدا .

٢٠٠٤/٨/١٦ لـه دوای سـەردانەکەی سـەرۆك کۆمـاری ئێـراق غـازی عجیـل بـۆ تورکیـا لـە کونگەریەکی رۆژنامەوانی هاوبەش لە گەڵ سەرەك وەزیرانـی تورکیا رەجەب تەیب ئۆردۆگان ، سەرەك کۆماری کاتی ئێراق بە راشکاوی بەرگری لە ماف نەتەوەو باردۆخی ئێراقی کرد بە ئاشکرا .

بەڵام وتـە نهێنیـەکانی نێوانیـان هـەر خۆیـان دەزانن لـە دارشـتنی نەخشەی داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوانیان .



٢٠٠٤/٨/٣١ تیرۆستانی ئیسلامی شیشان توانیان زیاتر لە ٢٠٠ منداڵ لە قوتابخانەکانی باشووری ڕووسیا گەمارۆ بدەن ، کە بووە هۆی نا لە باری شەقامی ڕووسیا ، ئەویش بە داوا کردنی سەربەخۆی بۆ هەرێمی شیشان , لە پێناو دروستکردنی دەووڵەتێکی ئسلامی و لە ٢٠٠٤/٩/٣ کێشەکە چارەسەر کرا . لە ئۆسیتای باکوور لە شاری بسلان لە هەرێمەکەو وولاّتەکەدا .

٢٠٠٤/٩/٢ بڕیاری ژمارە/ ١٥٥٩ی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان ڕاگەیاندرا کە تایبەت بوو بە باری ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستو لە هەمان کات داواکردن لە ڕژێمی بەعسی لە سووریا بە کشانەوەی هێزەکانی سەربازیو دەزگا سیخوورییەکانی لە کۆماری لوبنان .

٢٠٠٤/٩/٢ دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی نووێنەری سەرۆکی سلۆفینیا لەلایەن حکوومەتی سوودان ... شایانی باسە کە نووێنەری حکوومەتی سلۆفینیا لە ٢٠٠٤/٨/١٤ دەستگیرکرا و ڕەوانەی زیندان کرا ، کە بیّ ئەوەی مۆڵەتی چوونە ناو سوودانی بەدەستەوە بێت .

ئەمەش بە پێی یاسای نێوو دەوولەتی کە هەموو وولاّتێك لە وولاّتانی جیهان قەدەخەیە و بەکاری سیخووری لە قەڵەم دەدرێت جا لە هەر بووارێك لە بوارەکانی بێت لەم وولاتانەی جیهان .

٢٠٠٤/٩/٣ پەرلەمانی لوبنان بە ئامۆژگاری ڕژێمی بەعسی لە سووریا بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی دەسەلاّتی سەرەك کۆماری لوبنانیدا بە گوڕینی چەند بڕگەیەك لە دەستووری لوبنان بە درێژکردنەوەی ماوەی دەسەلاّتی سەرۆکی لوبنان ، لە چوار ساڵ بۆ حەوت ساڵ بە دەسەلاّتی سەرۆك کۆمار، لە بڕگەی/ ٤٥٧ لە ماددەی/ ٤٩ ی دەستوور، کە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی کێشەی زیاتر لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠٤/٩/٦ ڕوودانی لافاو زریانی بـــا و بـــاران لـــە دوورگەکانی کاریبی ... لەوکاتـــەدا بەرپرسـانی ئەمـــەریکا ڕایانگەیانـد کە لافاوی – ئیڤان – بە خێرایـــــــی ٢٠٠ کیلۆمـەترە لـە کاتـژمێرێکا ، کـە بـەرەو دوورگـەکانی بابـادۆیس و سـانت فنسینت و سانت لووشا و تریندادو تۆباگۆ و گۆینـادا و مارتینیک دەڕوات . لە هەمان کات بەرپرسانی ناوخۆیی ئەم دوورگانە کۆبونەوەی بەردەوامیان ئەنجامـدا ، لـە پێنـاو ڕێگـەگرتنی دوورگـەکان لـەو لافـاوە کـە دوورگـەکان دەگەرێتەوە و دەبێتە هۆی زیانی گیانی و مادی .

کـە لافاوەکـە فرانسیـسی لـە ویلایـەتی فلۆریـدای ئەمـەریکی گرتبـووەوە . سـەرەڕای ئـەوەی کـە لافـاوی ئیڤان ٧٠٠ کیلۆمـەتر دووربـووە لـە باشـووری ڕۆژهــەڵات لــە دورگــەکانی بربـادۆس ... لــە هــەمان کــات دەسـەڵاتدارانی وڵاتـەکانی دوورگەکە هۆشداریان دا بە دانیشتووان لە خۆپاراستنیان لـەم لافاوە ، کە زۆربەی دانیشتووانی دوورگەکان لە خانووی لـە دار دروستکرا و نیـشتەجێن و خـۆ لەبـەر ڕووخـان و وێرانکردنـی ناگرێـت ... لـە بـەر ئـەوەی لافـاو و زریانەکـەی فرانـسیس بـووە هـۆی ئـەوەی کـە زیـاتر لـە سـێ ملیـۆن ئەمەریکی لە ویلایەتی فلۆریدا جێگـەو شـووێن و ماڵـەکانیان جـێ بهێڵن بۆ ناوچەی ئارامتر لە ویلایەتەکە دا .



٢٠٠٤/٩/١٦ هـەڵگری بـڕوای ئـاینی ئیسلام لـە چینی مللی بــــــەرەو لاوازی و دوورکەوتنـەوە هـەنگاو دەنـــێ ... جێگـــەی باسکردنە کە هەرێمی – شـــــــینگیانگ –

ناوچەرگەی هەڵگری بروای ئاینی ئیسلامە و زیاتر لە یەك ملیۆن ئیسلام لەو هەرێمەدا نیشتەجێن و رابەرەکەیان – هۆنگ یانگە – لە گەڵ ئەوەشدا نارەزایی هەیە بەرامبەر بە رامیاریەتی رژێمی کۆمۆنیستی لە چینی مللی کە چین دەووڵەتێکی عەلمانیە سەرەرای ئەوەی کە دەستووری چینی مللی ماوەی بە بیروورا ئازادیەکان داوە ، بە تایبەتی ئاینە جیاجیاکان لەوانەش ئاینی ئیسلام .

لەچوار چێوەی دەستوور ، کە سەرکردایەتی پارت و دەووڵەت خوازیارە کە کاروباری ئاینی لەگەڵ کاروباری دەووڵەت بەیەکەوە ببەستێتەوە لە پێناو لانەدان لە هێڵی نەخشەو پلانی ئەو دەووڵەتە ... گەرچی لە چینی مللی ئایین لە دەسەڵات جیاکراوەتەوە بە پێی دەستووری وولاتەکە .

هەروا رابەری ئاینی ئیسلامی – هۆنگ بانگ – راوێژکارە لە رژێمی کۆمۆنیستی ... لەلایەکی دیکە هۆنگ بانگ ئاواتە خوازە کە تەنیا رابەرایەتی ئاینەکە بکات ، بەڵام دەڵێ ئەوە حکوومەتی چینیەو لە هەمان کات دەیەوێ هاوسەنگ و هاوکێشەکانی نێوان ئیسلام حکوومەتی عەلمانی چینی رابگرێ و نوێنەر بێت ، کە بۆ هەردوو لایەنی دەووڵەت سوودمەندە ... لەگەڵ ئەوەشدا لەو هەرێمەدا دادوەری ئافرەت هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ، کە ئەمەش بۆتە سەرە گوریسێك بۆ نووسەرو رۆژنامە نووسان و بەرپرسانی ئەمەریکا لە پێناو نانەوەی ئاژاوە و دروستکردنی دووبەرەکی لە بوارەکانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و ماف مرۆڤ ... گەرچی چینی مللی باشترین رژێمە لەجیهان بۆ رێکخستن و باشبوونی پەیوەندی کۆمەڵگای چینی ، کە ژمارەی ١,٥٠٠ ملیار کەسە لە کێشوورەکەدا .

٢٠٠٤/٩/٢٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئەندۆنیسا بە شێووەیەکی دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وولاتەکە – بۆدویۆنۆ – کە ژەنەراڵی خانەنشین بوو ، بە سەرەك کۆماری ئەندۆنیسیا هەلبژادرا لە لایەن گەلانی ئەم وولاتەدا .

٢٠٠٤/٩/ ٢٠ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سلیڤان شالۆمو سەرەك وەزیرانی ئێراق ئەیاد عەلاوی لە تەك یەك دانیشتن لە کۆبوونەوەی سالانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان .

٢٠٠٤/٩/٢١ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە وتارەکەی بەرامبەر رێکخراوی نەتەوە

یـەکگرتووەکان پـرۆژەی – ڕۆژهـەڵاتی گـەورەی– راگەیانـد ، لـە هـەوڵی ئامانجەکانی هەرێمایەتی ئەمەریکا ، بە بڵاو کردنەوەو سەقامگیری ئازادیو دیموکراتی، لە هەمان کات لە بە ناوبردنی تیرۆر ، کە ئێراق و ئەفگانستان نموونـەی شـاڵاوەکە بـووەو هـەنگاودەنێ بـەرەو وولاتـانی دیکـە لـە ناوچـەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٤/٩/٢٢ تیپـی زەیتـوونی هێـزی سـووپای کۆریـای باشـوور گەیـشتە باشـووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، لە پێناو یارمەتی دانی گەلی کوردستان ، لە هەموو بوارەکانی تایبەتمەند بە یارمەتی دان لەهەرێمی باشووری کورستان .

٢٠٠٤/٩/٢٦ لەم رۆژە – ٣٣ – پارتو گروپ و رێکخراوی ئێراقی و کوردستانی بە ناوی یەکێتی هێزی کۆمەڵەی دیموکراتی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا . لە پێناو چوونە ناو هەڵبژاردنی گشتی لە ئێراق .

٢٠٠٤/٩/٢٨ گرێدانی کۆنگرەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و سەرك وەزیران تۆنی بلێر . وتـاری کردنـەوەی کۆنگرەکـەی خوێنـدەوەو بـەرگری لـە رامیاریـەتی حکوومەتەکەی کرد ، بۆ رووخاندندی رژێمی سەدامو رامیاریـەتی راسـتی نیوودەووڵەتی و هاوپەیمانیەتی لە گەڵ ئەمەریکاو وولاتە هاوپەیمانەکان لە جیهاندا .

٢٠٠٤/٩/٢٩ لە دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ بە دەرچوونی حکوومەتی ئەمەریکا لە رێکخراوی یۆنیسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، دووبارەئەمەریکا گەراوە ناو رێکخراوەکە ، کە لـە خزمـەتی گـەلانی هـەژارو بـێ دەرامەتـە لـە بوارەکـانی ئابووریو پەرەوەردەو زانست هەوڵ دەدات لە جیهاندا .

٢٠٠٤/١٠/٢ رێپێوانێکی مەزن لە شارەکانی کوردستان ئەنجام درا ، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی بـە سەرپەرشـتی لێژنـەی ریفرانـدۆمی کوردسـتان ، بریـاردان بـۆ داهاتووی کوردو گەرانەوەی شارە ئازادکرداوەکان ، دوای رووخـانی رژێمی سەدامو یەك گرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو ئەنجام دانی هەڵبژاردن بۆ دیاری کردنـی چارەنووسـی کـورد ، دوای لـە هـەمان کـات بەیانامـەی داواکاریـان پێـشکەش بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکانو سـەرۆکی ئێـراق و رێکخراوەکـانی دیکـەی جیهـان کـرد ، بـەڵام بەداخـەوە سەرکردایەتی پارتیو یـەکێتی رای میللەتەکەیان وەر ناگرن...؟..!.

٢٠٠٤/١٠/٣ ئەمیری قەتەر شێخ زاید کۆچی دوایی کردو کورە گەورەکەی خەلیفە زاید

جێگەی گرتەوە بە ئەمیری قەتەر ، کە بە هەڵبژاردن بڕیاری بۆ درا بە هۆی خەمخۆریان بۆ گەل‌و وولاتەکەیان لە هەموو بوارەکان .

٢٠٠٤/١٠/٣ سـەرەك وەزیرانـی دەرەوەی بـەریتانیا جـاك سـترۆ سـەردانی پارێزگـای سلێمانی کردو لە لایەن بەڕێز مام جەلال پێشوازی لیّ کرا ، بۆ رۆژی دوایی سـەردانی پارێزگـای هـەولێری کـردو لـە لایـەن بـەڕێز مەسـعوود بـارزانی پێشوازی لێکرا ، ئاشکرایە کە بەریتانیا رۆڵی بنەڕەتی‌و سەرەکی هەبوو لە دابەشکردنی کوردستان‌و دامەزراندنی ئەو چوار دەووڵەت‌و نیووەی خاکی کوردستانی پیّ لکێنراوە ، بە زۆری زۆردار لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٤/١٠/٤ لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا کـە کۆمـەڵیّ زانـا ئەنجامیانـداو لـە گۆڤـاری نیتـشی بـەریتانی بلاّویـان کردۆتـەوە ، ئـەو زانایانـە تەمـەنی ژیانیـان لـە سـەر گـۆی زەوی بـە زیـاتر لـە ٤ ملیـارو ٣٣٠ سـالٚ خەملانـدووە . کـە هـەردوو زانـا – مایکـل تایـسن ، لانـدل – لـە زانکـۆی سـتانفۆرد ئـەم لێکۆڵینـەوەیان هەڵسەنگاندوەو گووتوویانە ، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوورێك بۆ ئەو مشتوومڕە دادەنێت ، کە دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی ژیان لە سەر ئەستێرەی زەوی دا دەکرێت .

٢٠٠٤/١٠/٤ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەندۆنسییا ئەفسەری خانەنیشین سۆسیلۆ یـۆدۆ لـە خـوولی دووەمـی هەڵبـژاردن سەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا لـە گرتنـە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی ئەندۆنیسیا .

٢٠٠٤/١٠/٥ زیـاتر لـە ٢٦ کەسـایەتی نـاوداری ئـایینی لـە سـعوودیە پـشتگیری تـەواوی خۆیـان بـۆ تیرۆرسـتان لـە ئێـراق دووپـات کـردەوە ، بـە نـاوی بـەرگری نیشتیمانی بە ئامۆژگاری دەسەلاّتدارانی رژێمی شانشینی سعوودی .

٢٠٠٤/١٠/٦ کوری شانشینی کەمبۆدیا – نۆردۆم دانارید – لە راگەیاندێکیدا لـە بەردەم کۆمەڵـەی نیـشتیمانیدا گـووتی :– بـاوکم شانـشینی کـەمبۆدیا نـۆردوم سیهانۆك دەستی لەسـەر کورسـی شانشینی کـەمبۆدیا کێشاوە ... هـەروا کـوری شانـشین سیهانۆل گـووتی :– کـە بـاوکم تەمـەنی ٨١ سـاڵە و دوای ئەویش سـەرۆکی ئەنجوومـەنی پیران – تـشیاسیم – وەك سـەرۆکێکی کـاتی جێگەی دەگرێتەوە لە سەر وولاّتەکە داو لە هەمان کات داوای لـە باوکی کـرد لەو بریارەدا پەشیمان بێتەوە .

جێگەی ئامارژە پێکردنە کە رژێمی شانشینی لـە کـەمبۆدیا میراتـی نیـە ... لـە بەر ئەوە ئەنجوومەنی تایبەت کۆدەبێتەوە بۆ بریاردان بە دانانی شانـشین لـە

سەر وڵاتەکەدا ... ئەم بریارەی شانشین سیهانوك لە ئەنجامی بارودۆخی نا لە باری رامیاری و کێشەو گرفتی وڵاتەکە بووە ، کە چەندین جار بەر لەو بریارە هەرەشەی دەست لە کارکێشانەوەی کردووە ، ئەمەش لە ئەنجامی راگەیاندنێك هات کە لە دەرەوەی وڵات بریاری بۆ دابوو ، کە لەو کاتە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی بەردەوام بوو .

ئەمەش لەوکاتەدا هات کە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن – سام رینسی – لە وتارێکیدا کە خۆ پێشاندانێکی توندوتیژ چاوەروانی گەرانەوەی شانشین سیهانۆك دەکات ، ئەویش بەدەست لە کێشانەوەی لە سەر کورسی شانشینی و پارتەکەش دەبێ خۆی هەڵوەشێنێتەوە .

لەلایەکی دیکە بریارەکەی سیهانۆك وڵاتی کەمبۆدیای خستە تەنگو چەڵەمەیەکی دەستووری و ، ئەمەش لە سەر ئەنجوومەنی کورسیەکە لە ٩ ئەندام پێك هاتبوون بەدەست نیشان کردنی جێگری سیهانۆك لە نێوان پاڵێوراوان لە بنەماڵەی شانشین ، لە بەر ئەوەی کەمبۆدیا شانشینێکی میراتی نیە .

بەڵام ئەمەش پێچەوانەی رێنمایەکانە لە بەر ئەوە دەبێ شانشین تاکو مردن لە دەسەڵاتدا بێت ... کە کەمبۆدیا بە ململانێی رامیاری دەسەڵاتدا تێدەپەرێ لە مێژووی بوونی ئەم وڵاتە .

دوای ئەو رووداوەش سەرۆکی چینی مللی جیان زمین بۆ یەکەم جار لە دوای ٣٠ ساڵ لە ٢٠٠٠/١١/١٣ سەردانی کەمبۆدیای کرد ، لە پێناو بەرەو باشبردنی پەیوەندی نێوان هەردوو حکومەتی چین و کەمبۆدیا و مۆرکردنی چەندین رێکەوتنامەی ئابووری بازرگانی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و چەندین بواری دیکە .

٢٠٠٤/١٠/٨ فەیلەسوف ناوداری فەرەنسی – ژاڵ درێر – لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

٢٠٠٤ /١٠/٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی بوونی دەوڵەتی ئەفگانستان هەڵبژاردنی دیموکراسی فرە لایەنی ئەنجامدرا ، کە حامد کارازی بە سەرەککۆماری ئەفگانستان هەڵبژادرا ، لە دوای سێ ساڵ لە سەرۆکایەتی کۆماری کاتی دوای رووخاندنی رژێمی تاڵیبانی ئایینی توندرەو و دوور لە هەموو کارو کردارێکی مرۆڤایەتی لە پێشکەوتن و گەشەکردندا .

٢٠٠٤/١٠/٩ لە هەڵبژاردنەكانی ئوستوراليا پارتی دەسەلاتدار دووبارە توانی سەركەوتن بە دەست بێنێ‌و جۆن هاواردی بە سەرك وەزیران هەڵبژاردرێتەوە ، شايانی باسە كە ئوسترالیا شێوازێكی بەرچاوی هەيە لە رژێمی ديموركراتی ، لە گەڵ ئەوەشدا بە شداری هێزی هاوپەيمانانی كردووە لە رزگاركردنی گەلانی ئێراق لە رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن لە ئێراق.

٢٠٠٤/١٠/١١ سەرۆكی رێكخراوی رزگاری خوازی فەلەستن ياسر عەرەفات لە پاريسی پايتەختی فەرەنسا كۆچی دوايی كرد ، لە ئەنجامی نەخۆشيەكی كوشندە ، كە مرۆڤێكی لێهاتوو بوو لە دامەزراندنی رێكخاوی رزگاری خوازی فەلەستين و گەلی فەلەستينی گەياندە دوا قۆناخی سەركەوتن لە هەرێمەكەدا.



٢٠٠٤/١٠/١٣ كۆچی دوايی نووسەرو شاعير و رەخنەگر مامۆستا – حەميد فقیّ حەسەن – ناسراو بە – حەميد رێبوار – لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان .

جێگەی ئامارە پێكردنە كە مامۆستا حەميد رێبوار لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی – گەورەدێ – ی سەر بەناحيەی ئاغجەلەری سەر بە پارێزگای كەركوك چاوی بەجيهان هەڵهێناوە ... قۆناخی سەرەتايی و ناوەندی لە قوتابخانەكانی شاری كەركوك تەواوكردووە .

دوای ئەوە قۆناخی ئامادەيی بەشی ئەدەبی لە شاری هەولێر تەواوكردووە ... ساڵی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ لە زانكۆی موستەنسرييە بروانامەی بەكالۆريۆسی

له شەریەعەتی ئیسلامی وەرگرتووە ... لە نووسین و بەرهەمەکانی مامۆستا حەمیـد ڕێبـوار پـەرتوێکی بـە نـاوی ڕەخنـەی شـانۆیی بەرهـەم هێنـاوە و ژمارەیەك وتـارو شیعر و ڕەخنـەی شـانۆیی بـە زمانی كوردی و عـەرەبی لـە گۆڤار و ڕۆژنامەکانـدا بلاوکردۆتـەوە تـا ئـەو کاتـەی کۆچی دوایـی دەكـات و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٤/١٠/١٣ گرێـدانی کۆنفرانـسی جینۆسـاید بەرامبـەر بـە کـورد لـە تـەلاری پەرلـەمانی کوردستان له شاری هـەولێر ، بە بەشداری وەزیرەکانی ماف مرۆڤی ئێراقی فیـدڕاڵ و ئیـدرای هـەولێرو سـلێمانی لـە گـەڵ چـەندین کەسـایەتی دیکـەی شارەزا لەو بوارەدا لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٤/١٠/١٤ لە داوی کیشەو ململانێ و شەڕو پێك دادان لە نێوان پێك هاتەکانی گەلانی سۆماڵ بە هاوکـاری و هەماهـەنگی و یارمـەتی دانـی سـۆماڵ لەلایـەن نەتـەوە یـەکگرتووەکان و چـەندین وولاتـی دیکـەی جیهـانی و عـەربی و ئەفـەریکی - عەبـدوللا یوسـف ئەحمـەد - بـە سـەرەك کۆمـاری سـۆماڵ هەڵبـژاردرا لـە سـەر وولاتەکەدا .

٢٠٠٤/١٠/١٧ کۆچـی دوایـی شـاعیرو نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـی کـورد مامۆسـتا - پیربـال مـەحمود - لـە شـاری هـەولێری پایتـەختی هەرێمی باشووری کوردستان .

شایانی باسە ئەم نەمرە لە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر چاوی بە جیهـان هـەلهێناوە ، لەگـەڵ دامەزرانـدنی یەکێتی نووسـەرانی کورد لـە ١٩٧٠/٢/١٠ بوەتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنـەری لقی هـەولێری یـەکێتی نووسـەرانی کـورد و بەشـداری تـەواوی کـۆڕو کۆبونـەوەو کۆنفراسەکانی کردووە و ڕۆڵـی بەرچاوی هـەبووە لـە بواری ڕۆشـەنبیرکردنی گەلی کوردستان .

٢٠٠٤/١٠/٢٢ لـە دوای هەڵبژاردنـەکانی خـولی دووەمـی سـەرۆکایەتی کۆمـاری ئۆکرانیـا

ڤیکتۆر یانکوفیتش سەرکەوتنی بە دەست هێنا لە شۆڕشی پرتوقالی ، کە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی گیروگرفت ، نەك هەر لە ناوەوەی ئۆکرانیان ، بەڵکو کەوتە ناو رامیاریەتی نێوو دەوڵەتی بە هۆی پشتگیری ئەمەریکا لە دەسەڵاتی نوێی ئۆکرانیا ، سەرەڕای دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن و هەر یانکوفیتش سەرکەوتنی بە دەست هێناو وڵات بەرەو تەنگەژەی ئابووری هەنگاو دەنێ لە وڵاتەکە.

٢٠٠٤/١٠/٢٢ خاتوو لەیلا زانای تێکۆشەری ناوداری کورد و جیهان لە باکووری کوردستان لە کۆنفرانسێکیدا لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا پارتێکی رامیاری کوردی راگەیاند لە دوای دادگایی کردنی بۆ سێیەم جار لە لایەن دادگای رژێمی تورکیا.

٢٠٠٤/١٠/٢٢ شاندێکی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان لە کاتژمێر ١١,٣٠ دەقیقە بەکاتی ئەمەریکا سەردانی بارەگای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد لە شاری نیویۆرك کە ١,٧٣٢,٥٢٥ میلۆن مۆریان لە مۆرکراوانی خەڵکی کوردستان پێشکەش بە نوێنەری رێکخراوەکە کرد ، کە لە لایەن خاتوو کارینان برێلێ لیست و سیدیەکان وەرگیرا ، کە لە ١٠ سیدی تۆمار کراو پێك هاتبوو.

٢٠٠٤/١٠/٢٤ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆك کۆماری تونس زەین عابدین بۆ جاری چوارەم بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرایەوە هەرچەندە بەرهەڵستکارانی بەو هەڵبژرادنە رازی نەبوون .

٢٠٠٤/١٠/٢٤ ژنە شۆخ و شەنگ و سەرکردەو شۆرشگێری کورد لە باکوری کوردستان خاتوو لەیلا زانا خەڵاتی مافی مرۆڤی بۆ ئاشتی نێوودەوڵەتی – ساخارۆف – پێ بەخشرا ، لەدانیشتنێکی تایبەتی ئەنجوومەنی گشتی پەرلەمانی ئەوروپا ، لە لایەن یەکێتی ئەورروپا لەوکاتەی کە خاتوو لەیلا زانا لە زیندانەکانی رژێمی تورك بوو و هاوسەرەکەی مەهدی زانا خەڵاتەکەی لەجیاتی هاوسەرەکەی وەرگرت .

٢٠٠٤/١٠/٢٨ نیـوەوەی دانیـشتووانی خڕۆکـەی زەوی لـە ئـەوروپای ڕۆژئـاوای ئـەفریکیا و ئەمەریکای ناوەندو باشووری بە شێك لە ئەمەریکای باکوور تەماشای مانگ گیرانیـان دەکـردەوەو سێ مـانگ گـیران تۆمـار کـرا ، ئـەویش یەکـەم لـە ١٦/ ٢٠٠٣/٥ و ، دووەم لە ٨ ، ٩ /١١/ ٢٠٠٣ و ، سێیەم لـە مـانگی/ ٢٠٠٤/٥ و لە ٢٠٠٧/٣/٤ ڕوودەداتەوە لە جیهان .



٢٠٠٤/١٠/٢٩ لــە ڕۆمـای پایتــەختی ئیتاڵیــا دەســتووری یەکیــەتی ئــەوروپا مــــۆرکرا ، بــــە ئامادەبوونی ٢٥ وڵاتی ئەندام ، کە سەرکەوتنێکی گـەورەرە بوو بۆ یەکێیـەتی ئـەوروپا ، لـە دوای مشتوومڕێکی زور گەیشتنە ئەنجام ، کـە کاردانـەوەی باشـی هەیـە بـۆ سـەر جیهان و بە تایبـەتی داهـاتووی کورد بـە پاڵەپەستۆکردنیان لـە سـەر ڕژێمی تورکیا .

٢٠٠٤/١١/٢ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ئەنجامی پڕۆپاگەندەی نێوان جۆرج بۆش و هەڵبژاردراوی پارتی دیموکراتی کیری و ململانێی کۆماری ، لە ئەنجام جۆرج بۆش بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا بە بەردەوام بوونی لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکاو جیهان ، لـە بەربەرەکانی کردنی گورپـە هەمـە لایەنـەکانی تـیرۆرو جێ بـەجێکردنی ڕامیاریـەتی نەخـشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو ئەفریکیا .

٢٠٠٤/١١/١١ ڕێکخــراوی ئیتــا هەڵــسا بــەکارێکی تیرۆرســتانە بــە تەقاندنــەوەی شەمەندەفەرێکی گواستنەوە لە شاری مەدریدی پایتەختی ئەسپانیا کە بووە هـۆی گیـان لـە دەسـتدانی ١٩١ هـاووڵاتی و زامـداربوونی زیـاتر لـە ٢٠٠٠ هاووڵاتی ، کە بەشەمەندەفەرەکانی مردن ناونران ، هەر لەوکاتە ڕێکخراوی ئیتا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە توندو تیژی ڕێکخراوەکە نایاگەیەنەتە هیچ ئامانجێك و ئاگربەسـتی ڕاگەیانـدو دەسـتیان کـرد بـەگفتووگۆ لـە گـەڵ دەسەڵاتی ئیسپانیا .

/١١/٢٢ گریـدانی کۆبوونـەوەی – ٢٢ – وڵات لـە جیهـان ، کـە وڵاتـانی دراوسێی

٢٠٠٤ ئێراق بە شداریان تێدا کرد ، بە سەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی میسر لە شاری قاهیرە پایتەختی میسر ، کە ٤ ڕێکخراوی نێوو دەوولەتیو هەشت دەوولەتی پیشەسازی ، ناسراو بە کۆمەڵەی – G – وولات ئامادە بوون ، بە پێك هێنانی لێژنەیەك بۆ بە دواداچوونەوەی ...بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە ، کە ١٨ خاڵی لەخۆ گرتبوو ، بۆ یارمەتی دانی ئێراق لە هەموو بوارە جیا جیاکان بە تیابەتی بە پاراستنی یەك پارچەیی خاکی ئێراقی دروستکراو لە سەر خاکی کوردستاو دابەش نەکردنی لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٤/١١/٣٠ لە ئاکامی کۆبوونەوەی بەردەوامی سەرکردایەتی کورد پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتە کوردستانەیەکان بڕیاری بەرزکردنەوەی یەك لیسی هاوبەشی هاوپەیمانیاندا ، لە پێناو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئێراق ، لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ئێراق .



٢٠٠٤/١١/٣٠ وەزیرەکانی دەرەوەو ناوخۆی دراوسێکانی ئێراق لە تارانی پایتەختی ئێران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ تاو تۆ کردنی بارو دۆخی ناوچەو هەرێمەکەو پاراستنی سنووری نێوانیان ، بە هۆی هاتنە ناوەوەی تیرۆرستان بۆ ناو خاکی ئێراقو مەترسیان لەو بارودۆخەی ئێراق ، بە تایبەتی لە بوونی دەستەڵاتی کوردی لە ئێستاو داهاتووی ناوچەو هەرێمەکەدا .

شایانی باسە سنوورەکانی نێوان رژێمەکانی ئێراقو ئێرانو تورکیاو سووریا هەمووی لە سەر خاكو لە ناو خاکی داگیرکراوی کوردستانە ، ئەویش بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٢٤ بە زۆری زۆردار بێ خواستو ویستی گەلی کوردستان .

٢٠٠٤/١٢/٢ بریکاری وەزیر رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بارزانی مەلا خالید بە پەیوەندی تەلەفۆنی ئاگاداری بەراوگەی گەیلانی کرد ، بۆ راگرتنو

نەفرۆشتنی ساڵنامەی کوردستان بۆ ساڵی/ ٢٠٠٥ ، کە لە لایەن دانەری ئەو مێژوونامەدا دانراو ، بە هۆی بوونی مێژووی رووداوی ٣١/ ئابی/ ١٩٩٦. لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ، کەچی بە کارێکی رێك چارەکرا .

٢٠٠٤/١٢/٥ کۆمەڵێك لە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە شاری مووسڵ شەهید کران ، لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مالیبۆی مینکراو ، کە ئەمەش بە یەکێك لەجی بەجێکردنی خواستەکانی دوژمنانی کوردو خاکی کوردستان دادەنرێ .

٢٠٠٤/١٢/٦ گرێدانی کۆنگرەیەکی فراوان لە پارێزگای نەجەف لە باشووری ئێراق کە ٦٠٠ کەسایەتی نوێنەرایەتی پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست – نەجەف ، کەربەلا ، حیلە ، قادسیە ، موسنەنا – یان دەکرد بەرێوەچوو بە مەبەستی پێك هێنانی ئەنجوومەنێکی یەکگرتوو وەك سەرەتایەك ، لە پێناو دامەزراندنی ناوچەیەکی فیدڕال لە چوار چێوەی سنووری ئێراق بە هەمان شێوەو شێوازی . هەرێمی کوردستان .



٢٠٠٤ ١٢ ٦ سەرۆکی رووسیای یەکگرتوو– فلادیمر بوتن – سەردانی تورکیای کردو یادەوەری و رێکەوتنامەکانی کۆنی نێوانیان هەڵسەنگاندەوەوو رێکەوتنامەی نوێیان مۆر کرد . لە پێناو پاراستنی کێشەی وولاتەکانیان و گۆڕینەوەی ، زانیاری سخووری لە بارەی جم و جوڵی شیشانیەکان و کوردو چەسپاندنی ئارامی لە ناوچەکەدا ، لە قەوقازو سنوورەکانیان .

ئاشکرایە سەرەڕای دژایەتی کردنی تورکیا ، بەڵام چ یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو چ رووسیای یەکگرتووی ئێستا یارمەتی دەری دەسەڵاتی تورك زیاتر بووە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی تورك و لێدانی چەندین داستان و شۆڕشەکانی کورد لە رۆژ هەڵات و باکووری کوردستان .

٢٠٠٤ ١٢ ٨ سەرۆکی کۆریایی باشوور بە یاوەری وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور

سەردانی باشووری کوردستانیان بۆ بە سەرکردنەوەی هێزەکانی سووپای کۆریای باشوور لە کوردستان کرد ، لە پێناو خزمەتکردن و یارمەتی دانی گەلی کوردستان .

٢٠٠٤/١٢/١١ گرێدانی کـونگرەی هاوبەشـی نێـوان یاساناسـانی ئێـراق و کوردسـتان لـە هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان ئەنجامدار ، کە کاردانەوەی باشی نوانـد بـۆ کـوردو دەسـەڵاتی کـوردی لـە ئێـراق لـە بـواری یاسـاییەوە لـە وولاتەکەدا.

٢٠٠٤/١٢/٢١ لە گەشتێکی ناکاوی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر بۆ ئێراق گەیشتە شـاری بەغـداو لـە گـەڵ سـەرەك وەزیرانـی کـاتی ئـەیاد عـەلاوی گونگریـەکی رۆژنامـەوانیان ئەنجامـدا ، لـە بـارەی بـارودۆخی ئێـراق و هەڵبـژاردن و یـەك پارچەی خاکی ئێراق و باری ئابووری و بازرگانی لە دهاتووی ئێراق .

٢٠٠٤/١٢/١٣ رێکـەوتنی دابەشـکردن و بـەکارهێنانی ئـاو لـە نێـوان وولاتـەکانی – میسر – ئۆگەندا – سوودان – بۆرەندی – رواندا – کۆنگۆ – ئەسیوبیا – ئـەریتیریا – مۆرکرا لە سەر زێی نیل ... کە ئەم زێیە زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن کـەس ژیانیـان لەسەر ئەم زێیەیە ... بەهۆی بوونی کێشە لە نێوان ئەم وولاتانە رێکـەوتن لـە نێوانیـان لـە ٢/١٣ ی هـەمان سـاڵ مۆرکرابـوو ، بـەڵام بەشـێوەیەکی فـەرمی دەست بـە جـێ بەجێکردن نـەکرابوو ، ئەویش بەهۆی بوونی کێشە لە سـەر خـەرجکردنی ئـاو لـە بوارەکـانی کـشتووکاڵ و کارەبـا و بوارەکـانی دیکـەی پێویست لە کێشووەرەکەدا .



٢٠٠٤/١٢/٢٠ مـــۆرکردنی رێکەوتنامــــەی ئاشـــتبوونە وە لـــە نێـــوان حکوومـەتی ئۆگەنـدا و یـاخی بووەکانی دژ بەو حکوومەتە . جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ســەرۆکی ئۆگەنــدا – یــوری مۆسـیفنی – لـە ٢٠٠٤/١١/١٤ بریـاری شـەڕ وەسـتانی لـە گـەڵ شۆڕشـگێرە ئۆگەندیـەکان کـە سـووپایەکی بـەهێزیان هەیە بەناوی – جـیش الـرب – و مـاوەی ١٦ سـاڵە شـەڕی نـاوخۆ لـەم وولاتـەدا بەردەوامـە و لـە ئـەنجامی ئـەم

شەڕەدا زیاتر لە ٢٠ هەزار منداڵ رفێنرابوو لەگەڵ زیاتر لە ١,٥ ملیۆن کەس لەم وولاتەدا دەربەدەربوون ... جگە لە کوژرا و زامداربوون

بەر لەوەش لە ٢٠٠٣/٣/٣ ئەم شۆرشگێرانەی بەناوی سووپای خوا ، کە لە باکووری ئۆگەندا بارەگا و بنگەکانیان تیایدا جێگیر بوو ، وەستانی شەڕیان راگەیاند و حکوومەتی ئۆگەنداش خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەو بریارە دەربری ، بەڵام بەهۆی نەگەیشتن بە رێکەوتن دووبارە شەڕی نێوانیان دەستی پێکردلە وولاتەکەدا .

هەر لەو نێوانەدا هێزەکانی سووپای حکوومەتی ئۆگەندا بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر شۆرشگێرەکان لە باشووری سوودان ئەمەش بەپێی رێکەوتنی نێوان هەردوو حکوومەتی سوودان و ئۆگەندا بوو .

ئەم شەڕەش لە ساڵی ١٩٨٧ وە بەردەوامە دژی حکوومەتی ئۆگەندا ، کە داوای گۆرین و هەموارکردنی دەستووری وولاتەکە دەکەن ... لە لایەکی دیکە سووپای خوا – جیش الرب – لەو منداڵە رفێنراوانە پێك هاتبوون کە لەلایەن شۆرشگێرەکان فرێنرابوون ، لە پێناو پەروەردە کردنیان و بە چەککردنیان دژی حکوومەتی ئۆگەندا ... ئەم رێکەوتنە هەنگاوێکی باش بوو بۆ پێشەوە لە پێناو گەیشتن بە رێکەوتنی تەواو و بەرەو پێشبردن و بوژانەوەی ژێرخانی ئەم وولاتەو گەرانەوەی ئاوارەکان .



٢٠٠٤/١٢/٢٤ لە ئەنجامی کشانی دەریا بووە هۆی گۆمەڵەرزەیەکی بە هێزی زەوی و ژێر دەریا روویدا ، بەر لە ٤٤ ساڵ پێش ئێستا بە هەمان شێوە وولاتی تیشکیی گرتەوە... ئەمجارەش وولاتەکانی ، سریلانکاو ، هندو ، تایلاندو ، ئەندۆنوسیاو ، مەڵدیڤو ، میانمارو ، مالیزیای گرتەوە ، کە زیاتر وولاتی ئەندۆنوسیا تووشی زیان هات ، لە بواری ئابووری و گیان لە دەستدانی هاوولاتی ، کە بووە هۆی کوژارنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس و دەربەدەر بوونی بە ملیۆنا کەس ، کە بە گەورەترین کارەساتی لافاوی دادەنرێت لە سەر رووی زەوی

لە مێژوودا لە جیهان .



٢٠٠٤/١٢/٢٥ دووبارە هەڵبژاردنەکانی ئۆکرانیا دەستی پێکرد لە ژێر چاودێرییەکی زۆر توند ، لە نێوان سەرەك وەزیران فکتۆریانتیش و ، فکتۆریۆشینکا ، لە دوای هەڵووەشاندنەوەی لە لایەن دادگای باڵای ئۆکرانیا ، لە ئەنجام فکتۆر یۆشینگۆ سەرکەوتنی بە دەست هێنا بە رێژەی ٥٦٪ و بوونی بە سەرۆکی ئۆکرانیا.

٢٠٠٤/١٢/٣١ پرۆتۆکۆڵی جێ بەجێکردنی رێکەوتنامەکان مۆرکرا لە نێوان سەرۆك کۆماری سوودان عومەر حەسەن بەشیرو سەرۆکی بزووتنەوەی باشوور جۆن گەرەنگ ، ئەویش بۆ ئەنجامدانی رێکەوتنەکانی ٢٠٠٤/٧/٢٠، ٢٠٠٣/٩/٢٥، ٢٠٠٤/٥/٢١، ٢٠٠٤/١٢/٥، ٢٠٠٤/٣/٢٦. ئەمەش بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی سوودان ، کە لە ساڵی١٩٨٣ بەردەوام بووە تاکو ئەو رێکەوتنانە لە ماوەی ٢١ ساڵ لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥



٢٠٠٥/١/١ جێگـری وەزیـری بـەرگری ئەمــەریکا – ئــەرمیتاج – ســـەردانی باشـــووری کوردسـانی کـردو لـە لایـەن بـەرێز مەسـعوود بـارزانی پێـــشوازی لێکـــراو گفتووگۆیـەکانیان لـە سـەر بارودۆخی ئێراق و ، بە تایبەتی لە سەر داهاتووی کورد و هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵـەی نیـشتیمانی ئێـراق و پەرلــەمانی کوردسـتان و ئەنجوومــەنی پارێزگاکان بوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/١/٢ راپۆرتەکـەی بەڕێوەبـەری گـشتی ئاژانـسی نێوودەوڵـەتی وزەی ئـەتۆمی محەمەد بەرادعی ئەوەی دووپات کردەوە ، کە ئێران لـە وێستگەی ئـەتۆمی لـە شاری ئەسفەهان دەستی بە پیتاندنی مادەی یۆرانیۆم کردۆتەوە لە وولاتەکەیدا .

٢٠٠٥/١/٢ لــە مێــژووی بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی کــورد ، بــۆ یەکــەم جــار پەرلــەمانی کوردســــتان و کۆمەڵــــەی نیشتیمانی ئێراق لە تەلاری پەرلـەمانی کوردسـتان لــە شاری هـەولێری پایتـەخت ، بە یەکـەوە کۆبوونـەوەو خاڵـەکانی برگـەی/ ٥٨ی ئیدارەی دەووڵەت و کۆچبەران و موڵکداریەتی هەڵسەنگێرنراو لە گەڵ چەندین بابەتی دیکە لە بنیاتنانەوەی ئێراقی فیدراڵ لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/١/٤ وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەبدوللا گول – سەردانی وولاتی ئیسرائیلی کرد ، ئەویش لە پێناو نوێ کردنەوەی ڕێکەوتنامەکانی رابردوویان بە پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان لە ئێراق و ناوچەکە و بەتایبەتی لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق و سووریاو ئێران .

٢٠٠٥/١/٥ گروپێك لە فرۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا پەلاماری ناو شاری هەولێریاندا لە باشووری کوردستان ، بەبێ ئاگاداری حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان ، لە کاتژمێر یەکی بەیانی بە کاتی کوردستان ، ئەویش بە بۆردمانکردنی بەشی ناوخۆی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین ، کە بووە هۆی بەرپاکردنی نائارامی دانیشتووان لە شارەکەدا .

٢٠٠٥/١/٦ وەزیرەکانی دەرەوەی ئێراق و ، تورکیاو ، سووریاو ، ئوردن و ، کوێت و ، سعوودیە ، لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن کۆبوونەوە لە سەر بارودۆخی ئێراق و ناوچەکە ، بە تایبەتی دەسەڵاتی کوردی و ئەزمونی باشووری کوردستان ، کە وەزیری دەرەوەی میسر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو .



الأخ العزيز مسعود بارزاني المحترم
الأخ العزيز جلال الطالباني المحترم

الموضوع: انتخابات محافظة كركوك

تحية أخوية طيبة وبعد

لا بد من التنويه إلى النزاع الحالي القائم حول انتخابات مجلس محافظة كركوك، وتفهم الاسباب السياسية والتاريخية للمشاكل القائمة في هذه المحافظة، ورغم ما يستوجب من الجميع العمل معا لحل هذه المشكلة.

إن الحكومة المؤقتة ملزمة بتطبيق المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ورغم التحديات الأمنية الخطيرة التي تواجهها عرقلة الأداء الحكومي في العديد من المجالات. وبالرغم من ذلك فقد بدأنا بخطة الخطوات الأولية لتطبيق المادة (٥٨) من القانون، وذلك بإلغاء قرار [illegible] المتعلق بقضايا الملكية في كركوك وكذلك إلغاء كافة التوجيهات والتعليمات والأوامر الصادرة في ظل النظام السابق بتعويض [illegible] القسري للمواطنين، وإعطاء الحق لهم بنقل قيودهم الى موطن سكناهم الأصلية في المحافظة التي نقلوا منها.

٢٠٠٥/١/٨ سەرەك وەزیرانی ئێراق ئەیاد عەلاوی لە نامەیەكی رەسمی پشتگیری تەواوی خۆی بۆ مام جەلال و كاك مەسعوود دووپاتكردەوە ، لەجێ بەجێكردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی ئێراق ، بە تایبەتی ماددەی / ٥٨، و چارەسەكردنی كێشەی كەركوك لە هەرێمی باشووری كوردستان ، بە ئاسایكردنەوەی پارێزگاكە . بەڵام نە ماددەی ٥٨/ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی ئێراقیو نە ماددەی/١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، جێبەجێكران كە زیاتر لە ٦٣٪ . گەلانی ئێراق دەنگی بۆدان ...؟!.

٢٠٠٥/١/٩ سەرۆك كۆماری سوودان عومەر حەسەن بەشیرو ، سەرۆكی سووپای مللی باشوور ، جۆن گەرنگ ، لە نایرۆبی پایتەختی كینیا بە ئامادەبوونی كۆمەڵگای نێوودەووڵەتی ریكەوتنامەی ئاشتیان مۆركرد ، بە كۆتایی هێنانی شەری دووژمنكاری نێوان دەسەڵاتی سوودانو سووپای میللی لە ماوەی/ ٢٣ ساڵی رابردوودا .

٢٠٠٥/١/١٥ باڵوێزی ئەمەریكا لە بەغدا – جۆن نگروپۆنت – لە نامەیەكیدا بۆ كاك مەسعوودبارزانی و مام جەلال تاڵەبانی پشتگیری خۆی لە پێناو جێبەجێكردنی یاسای ئیدارەی دەووڵەت ، بە تایبەتی ماددەی /٥٨

دووپات کردەوە بۆ هەرێمی باشووری کوردستان ...؟...!. بەڵام خۆمان قێلْ لە خۆمان دەکەین . راستیەکان لە لاپەرەی مێژوو تۆمار کراوەو راستیەکان دەسەلمێنێ کە کێ بەرپرسیارە لە رابردوو لە ئێستاو لە داهاتوودا ...!. کووووووووورد ...؟.



United States of America
Baghdad, Iraq
January 16, 2005

Excellency:

Pursuant to our discussions on January 13, regarding Prime Minister Allawi's January 4 letter to you about the status of Kirkuk, let me reiterate United States support for the full implementation of the Transitional Administrative Law. As Deputy Secretary Armitage assured you and stated publicly, the U.S. supports the full implementation of the Transitional Administrative Law, in particular all paragraphs of Article 58, and believes its full implementation is essential. The United States Government is, therefore, in agreement with the Prime Minister's letter.

Moreover, the United States Government is ready to do its part to facilitate the [illegible] of Article 58 by assisting institutions responsible for measures outlined in Article 58 [illegible].

Sincerely,

John D. Negroponte

His Excellency,
Jalal Talabani,
President,
Patriotic Union of Kurdistan,
Iraq.

British Embassy
Baghdad

15 January 2005

[redacted]

Mam Jalal Talabani
Head of the Patriotic Union of Kurdistan

Dear Mam Jalal,

[illegible]

Yours sincerely,

Edward Chaplin
HM Ambassador

٢٠٠٥/١/١٦ جوولانەوەی ئیتای ئیسپانی کە داوای سەربەخۆیی هەرێمی باسك دەکات ، داوای گفتوگۆی لە گەڵ دەسەلاتی ئیسپانیا کرد لە جێگەی کارە توندو تیژەکانی کە لە ئەنجامی چەکداری دێتە کایەوە ... بەڵام حکوومەتی ئیسپانیا ئەو پێشنیارەی جوولانەوەی ئیتای رەتکردەوە ... هەروا پارتی باتاسووناش بە هەمان پێشنیار رازیبوو ، کە ئەویش لە لایەنێکی هاوکارە لەگەڵ جوولانەوەی ئیتا ، بەڵام پارتە سەرەکیەکانی ئەسپانیا و سەرەك وەزیران – خۆسیە لویس – ئەو پێشنیارەی جوولانەوەکەی رەتکردەوە بە هۆی نەبوونی پێشبینی راستەوخۆ لە وەستاندنی شەڕ لەلایەن جوولانەوەی ئیتا .

هەروا جوولانەوەی ئیتا دانی بەوە نا کە بەرپرسیارە لە ٢٣ هێرشکردن لە ئیسپانیا لە مانگی /٩/٢٠٠٥ .

جێگەی باسكردنە كە ئەم رێكخراوەیە لە ساڵەكانی ١٩٦٠ بەردەوامە لە شەڕی چەكداری ، یاخوود پارتیزانی دژی حكوومەتی ئیسپانیا لە پێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی باسك ، كە لە ئەنجامی ئەو شەڕانە زیاتر لە ٨٠٠ كەس گیانیان لەدەست داوە لە هەرێمەكەدا لە نێوان هەردوو لایەنی دژ بەیەكتری لەو وولاتەدا .



٢٠٠٥/١/١٦ بە بۆنەی تێپەربوونی ٤٠٠ ساڵ بەسەر لە دایك بوونی یەكەم رۆمان لە ئەسپانیا – دوون كیشووت – كە لەلایەن دانەرەكەی – میگیل دوو ئیربانتس – نووسراوە .

جێگەی باسكردنە كە ئەم رۆمانە بۆ یەكەم جار لە ١٦١٢/١/١٦ لەلایەن میگیل نووسراوە و بەباشترین رۆمان دادەنرێت و یەكەم رۆمانە بە ژمارەیەكی بێ ژماردن بفرۆشێت لە ئەسپانیا و وولاتانی دیكەی جیهان .

هەر بەم بۆنەوە لە ئەكادیمیەكانی ئەسپانیا لە شاری مەدرید هەڵسان بە پێك هێنانی گرووپێك ، كە ماموستایان پەیوەندیەكانی نێوو دەووڵەتی و جووگرافیا و مێژوو و ماتماتیك و زانست و شیّ كردنەوەی زانستی زمان ... كە ماوەی دوو ساڵ

بەردەوام بوون بۆ گەیشتن بە راستیەكانی ئەم رۆمان نووسە كە لە گوندێكی بچووك بە ناوی – فیلانیوفادی لۆس ئینفانتی – كە ٢٢٥ كیلۆمەتر لە شاری مەدریدی پایتەختی ئەسپانیا دوورە .

هەروا ئەم گوندە كرا بەگوندێكی گەشتیاری بۆ سەردانی گەشتیاران لە هەموو وولاتانی جیهان بۆ ئەم گوندە ... بۆ یەكەم جار ئەم رۆمانە لە ساڵی ١٦١٢ بە زمانی ئینگلیزی بلاوكرایەوە و دوای دوو ساڵیش بە زمانی

فەرەنسی بلاوکرایەوە ... هەر بەم بۆنە لە ئەسپانیا و مەکسیك لە ۳۵۰۰ مەڵبەندی ناوخۆیی ئەم رۆمانە دەفرۆشێت بەرەو وولاتانی دیکەی جیهان .

۲۰۰۵/۱/۲۷ سەرکردەکانی جیهان یادی رزگارکردنی سەربازگەی لە سێدارەدان و کوشتنی بە کۆمەڵ بە ناوی – ئۆشفیتز – دەکەنەوە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە کاتەکانی جەنگی دووەمی جیهان رژێمی فاشی ئەلمانیا بە سەرکردایەتی – هتلەر – ئەم سەربازگەیەش کە سەربازگەیەکی ئەلمانیای نازی بوو زیاتر لە یەك ملیۆن لە جوولەکە و رووسی و بۆڵەندی و فەرەکان بە هەموو جۆرێك گیانیان پێ لە دەست دراوە

... جا بە گازی ژەهراوی بێت ، یاخوود بە هێزی وزەی کارەبا بێت ، یاخوود بە لە سێدارەدان بێت ، یاخوود بە توانەوەی لەناو تیزاب بێت.

کە بەشی هەرە زۆری ئەم سەربازگەیە لە جوولەکە بوو بە لە ناوبردنیان . سەربازگەی ئۆشفیتز گەورەترین سەربازگەی لە سێدارەدانی ئەلمانیای نازی بووە لەجیهان ، کە لەلایەن هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت لە ۱۹٤٥/۱/۲۷ رزگار کرا .

لەم بارەش سەرۆکی رووسیا – فلادمیر بۆتین – و – سەرۆکی ئیسرائیل – مۆشیە کاتساف – لەگەڵ چەندین سەرۆکی دیکەی جیهان و لە ناویشیان سەرۆکی ئەلمانیا – هۆرست کۆهلەر – بێ دەنگ لەم یادکردنەوەیە وەستان ... کە ئەم یادکردنەوەیەش بە – محرقە الیهود – ناوزەند کرا لە جیهان . ئەم یادکردنەوەیەش لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا گێردرا ... لە هەمان رۆژ پەرلەمانی ئەلمانیا کۆبونەوەیەکی لە ىناکاوی گرێدا و یەکێك لە رزگاربووەکانی سەربازگەی ئۆشفینز ووتارێکی خوێندەوە لە بارەی چۆنیەتی و بوونی ئەم سەربازگەیە و لە ئەنجامی کارە نامرۆڤەکانی کە بەرامبەر مرۆڤ کراوە ، بەتایبەتی جوولەکە و ئافرەت و منداڵ بە تواندنەوەیان لە رێگەی هەمە جۆری ئەشکەنجەدان .

بەڵام لێرەدا شتێکی زۆر سەیر هەیە ئەویش دووبارە کردنەوەی ئەم کارە نا مرۆڤایەتیە لەلایەن رژێمە جۆراو جۆرەکان :-

وەك کە لەلایەن رژێمی بەعسی لە ئێراق ئەنجامدرا دژی کورد لە کیمیاباران و ئەنفال – هەروا لە دارفووری سوودان – هەروا لە سربیا و ئەفگانستان ... و چەندین جێگەی دیکە ... کە دەسەلآت سەرچاوەی دروستکردن و بوونی تیرۆر و تیرۆرستان لە جیهان .

٢٠٠٥/١/٣٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی دورستکردنی دەوڵەتی ئێراق لە سەر خاکی گەلانی وولاتی نێوان دوو زێو بە تایبەتی لە سەر خاکی کودرستان ، لە لایەن بەریتانیاو هاوپەیمانان هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئێراقی فیدراڵ ئەنجامدرا ، لە گەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان ، لە گەڵ ئەوەشدا راپرسی گەلی کورد لە لایەن ئەنجوومەنی ریفراندۆم ئەنجامدار بۆ داهاتووی کورد کە لە ٩٨ ٪ی گەلی کورد لە گەڵ سەربەخۆیی کورسدتان بوون نەك مانەوەیان لە گەڵ ئێراقدا .

٢٠٠٥/١/٣٠ لە مەزادخانەی – شانگ – کە لە شاری هۆنگ کۆنگ – چینی میللی– ئەنجامدرا ، بە یەکێك لە گەورەترین مەزادخانەکانی جیهان دادەنرێت ، کە وێنەی یەکەم ژنی جەنگیزخانی مەگۆلی بە ٣٥٠ ملیۆن دۆلار بەیەکێك لە وەزیرەکانی وولاتی چین مللی فرۆشا لە مەزاد خانەکەدا .

٢٠٠٥/٢/٣ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هاوینە هەورای سەلاحەدین مام جەلال تاڵەبانی پالێورا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەك کۆماری ئێراق و بەرەو یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەو دام و دەزگاکانی هەولێرو سلێمانی ، بەلآم هەوڵەکان سەرنەکەوتن بەهۆی بوونی کێشەو ململانێ و بەرژەوەندی تایبەتی نێوانیان لەلایەنی یەگرتنەوە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

٢٠٠٥/٢/٥ گرێدانی کونگرەی نێووەدەوڵەتی لە ریازی پایتەختی سعوودیە بە

سەرپەرشتی رژێمی شانشینی سعوودیە ، کە ٥٠ وولاتی جیهانی بەشداریان تێدا کرد لە بارەی تیرۆرو رێگە لێگرتنی ، بەلام لە راستیدا شانشینی سعوودیە خۆی وولاتێکی یاریدەدەری ئیسلامی توندرەو هەروا کوێتو ، ئێرانو ، تورکیاو ، سووریا ، سەرچاوەی یارمەتی دەری تیرۆرو داگیرکردنن ، بە تایبەتی خاکی کوردستان . کە ئاشکرایە بە پێی مێژووی رووداوەکان .

٢٠٠٥/٢/١٠ کۆماری کۆریای باکووری کۆمۆنیستی بوونی چەکی ئەتۆمی خۆی راگەیاند ، سەرەرای کێشەو ململانێی لە گەلْ ئیدارەی ئەمەریکاو هاوپەیمانانو سەرنەکەوتنی گفتووگۆی نێوانیان لەم بوارەدا.

٢٠٠٥/٢/١٣ راگەیاندنی ئەنجامی هەلْبژاردنی کۆمەلّەی نشتیمانی ئێراق بە ٤٨٪ بۆ شیعەو ٢٥٪ بۆ کوردو ١٣,٨ ٪ بۆ لیستی ئێراقیە .

٢٠٠٥/٢/١٤ تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنانو دۆستی کورد رەفیق حەریری لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان ، لە لایەن کەسانی هاندەر ، وەك سووریاو وولاتانی دیکەی عەرەبی ، کە بووە هۆی دروست بوونی کێشەو ململانێی ناو خۆی لوبنان و ناوچەکە ، بە تایبەتی لە نێوان لوبنانو کاردانەوەی لە سەر سووریاو ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/٢/١٥ بە هۆی تەقینەوەی مەنجەمێکی خەلۆزی بەردی لە چینی مللی کە ئەنجامی بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٠٣ کرێکار لە قولایی ٢٤٢ مەتر لە ژێر زەوی ... ئەمەش لەدوای گومەلەرزەی زەوی هات لە شاری مۆکست لە هەرێمی لیاوینگ ... کە ئەم تەقینەوەیە بە گەورەترین تەقینەوەی مەنجەمی دادەنرێت.

روودانی تەقینەوەی مەنجەم لە چین زۆرن کە لە سالّی ٢٠٠٤ زیاتر لە ٦

مەنجەم تەقیوەتەوە ئەویش .

لە ٢٠٠٤/٦/٣ تەقینەوەی مەنجەمی خەڵوز لە هەرێمی – هیبی – کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٤ کرێکاری مەنجەمەکە ... هەروا لە ٢٠٠٤/١٠/٢٠ تەقینەوەی مەنجەمی خەڵوز بەهۆی بۆری غاز لە هەرێمی حینان کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١٤٨ کرێکاری مەنجەمەکە .

هەروا لە ٢٠٠٤/١١/٢٠ گرگرتنی ئاگر لە مەنجەمی ئیرۆن ئرو لە هەرێمی هیبی ، کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ٦٨ کرێکاری مەنجەمەکە ...

هەروا لە ٢٠٠٤/١١/٢٨ تەقینەوە لە مەنجەمی تشیجیاشان لە هەرێمی سانکس کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٦٦ کرێکاری مەنجەمەکە ...

هەروا لە ٢٠٠٤/١٢/١ تەقینەوەی مەنجەم لە هەرێمی گویز . کە ئەویش بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١٨ کرێکاری مەنجەمەکە ، هەروا لە ١٢,١٩ ی هەمان ساڵ تەقینەوەی مەنجەم لە هەرێمی سیتشوان کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١٤ کرێکاری مەنجەمەکە .

سەرچاوە :– BBC.arabic

٢٠٠٥/٢/٢٢ گۆمەلەرزەیەکی بەهێز لە پارێزگاری کرمانشانی ئێران روویدا کە بووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە ٤٥٠ چوار سەدو پەنجا هاووڵاتی و زامدارکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار هاووڵاتی و وێرانکردنی چەندین گوندو خانوو کێڵگەی کشتووکاڵی و کارگەی هەمەجۆری پیشەسازی لە پارێزگاکەدا .

٢٠٠٥/٢/٢٧ پەرلەمانی کوردستان خۆی هەڵووەشاندەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراو کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/٣/١١ بۆ یەکەم جار فرۆکەیەکی گواستنەوەی نەفەر هەڵگر لە شاری – تیانگین – لە باکووری چینی مللی بەرەو شاری – تشانگا – بفرێت ... کە ئەمەش یەکەم کاری ئەنجامدەرە لەلایەن کۆمپانیای – ئۆکی ئیرلاینز – لەدوای ماوە پێدانی

لەلایەن دەسەلاتی كۆمۆنیستی لە چین بە كەرتی تایبەت لە وولاتەكەدا .
بەر لـەوەش كـەرتی تایبـەت توانـای ئـەم جۆرە كارانـەی نـەبوو لـە بەرهـەم هێنـانی فرۆكـەو چـەندین كـاری دیكـەی پیشـەسازی لـە وولاتەكـەدا ... كـە ئەمـەش كـارێكی گونجـاو و لـە باربوو بـۆ دەسـەلاتی چینـی مللـی و بـەرەو پێشبردنی بواری فرۆكـەوانی نـەك هـەر لـەناو خـۆی چین بەڵكو بـۆ دەرەوەی چینیش ... كە چینی مللـی ئێـستا رۆڵـی بـالاّ و گرنگـی هەیـە لـە بوارەكـانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی لە جیهاندا .



٢٠٠٥/٣/١٦ بۆ یەكـەم جار لـە مێژووی ئێراق لـە دوای هەڵبژاردنی كۆمەڵــــەی نــــشتیمانی كۆبوونــەوەی پرۆتۆكـۆڵی خـۆی ئەنجامـداو بـە وتـار خوێندنـــــەوە ، كـــــە ٧٥ ئەندامی كوردی هەلبژێردراو بەشداری تێدا كرد لە وولاتەكەدا.

٢٠٠٥/٣/١٧ لە مێژووی كـوردو ئەمـەریكا بۆ یەكـەمجار سـەرۆكی ئەمـەریكا جۆرج بۆش جـەژنی نـەورۆزی لەگـەلی كـورد پیرۆز كـرد لـە بەیاننامەیـەكی سـەرۆكایەتی رەسمیدا لە شاری واشنتۆنی پایتەختی وئەمەریكا.



٢٠٠٥/٣/٢٣ دوای ١٥ سـالّ لــە دەسـەلات و سـەركردە و بەدەسـت هێنـانی سـەربەخۆیی كۆمـاری نامیبیـا – سـام نكومـا – دەسـەلاتی جـێ هێشت و دایە دەست هاو خەباتِ و سـەركردەی وولاتەكـە – هیفوكۆیوانیـە بۆهامبـا – كـە تەمـەنی ٦٩ سـالّە و مـاوەی ٤٠ سـالّ زیـاتر لـە گـەلّ سـام نكومـا خـەباتی هاوبەش دەكەن و هاورێی یەكترن لە هـەموو بوارەكـانی رامیـاری و ئـابووری و بازرگانی و كۆمەلایەتی و رۆشنبیری وپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەكان .
هـەر بـەم بۆنـە زیـاتر لـە ٢٠ هـەزار هـاوولاتی وولاتەكـە بەشـداریان لـە

سوویێندخواردن بۆ هامبا کرد ، بە بوونی بە سەرۆکی نوێی وولاتەکە لە دوای سەرکەوتنی پارتەکەی پارتی – سوابۆ – لە هەڵبژاردنی پەرلەمان . ئەو رێو رەسم وەستان و داوای دووبارە لێك جیاکردنەوەی دەنگەکانیان کرد بەڵام پارتی سوابۆ و پەرلەمان بۆ هامیایانی بە سەرۆکی نامبیا هەڵبژارد . لە هەمان کات بە راگەیاندنی پرۆگرامی داهاتووی حکوومەتەکەی بلاوکردەوە ، لە پێناو بەرەو باشبردنی وولات لە هەموو بوارە جیاجیاکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و بازاری ئازاد و کشتووکاڵ و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ، هەروا پەیوەندیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وولات بەرەو جیهان .

٢٠٠٥/٣/٢٤ سەرۆك کۆماری قرغیزستان عەسکر باکاییف دەستی لە دەسەڵاتی پۆستی سەرەك کۆماری کێشاوە ، بەهۆی خۆپیشاندان و نارەزایی گەلانی قرغیزیا.

٢٠٠٥/٤/٣ پاپای فاتیکان پاپا یۆحنای دووەم بەر لە بەیانی کۆچی دوایی کرد ، کە لە دایك بوویی وولاتی پۆلەندا بوو ، رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە بەرگری کردن لە گەلانی ماف زەوت لێکراو ، بە تایبەتی گەلی کوردستان .

٢٠٠٥/٤/٦ لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو وولاتانی خاکی کوردیان پێ لکێنراوەو لە مێژووی ئێراق سەرکردەیەکی کورد لە لایەن گەلی کوردو کۆمەڵەی نشتیمانی ئێراق مام جەلال بە سەرەك کۆماری ئێراقی فیدڕاڵ هەڵبژێردرا .

٢٠٠٥/٤/٦ ئەمیری سێیەمی مۆناکۆ – ئەمیر دیتیە – کۆچی دوایی کردو کرۆەکەی ئەمیر – ئەبیر– جێگەی گرتەوە بە ئەمیری وولاتی مۆناکۆ ، ئەو بنەماڵەیە زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ دەسەڵاتداریەتی مۆناکۆ دەکەن لە سەر ئەو ناوچە بچووکە ، کە رووبەری ٤٦٠ کیلۆمەتر چوار گۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانی وولاتەکە بە گشتی ٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە .

٢٠٠٥/٤/٧ دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی بە ژمارە/ ١٥٥٩ بە پێك هێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە خۆی نێوودەوڵەتی لە بارەی باری تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق حەریری ، لە پێناو یارمەتی دانی دەسەڵاتی لوبنان لە بارەی هەموو لایەنەکانی شالاوە تیرۆرەکەی ٢٠٠٥/٢/١٤ لە لوبنان .



٢٠٠٥/٤/١٢ وەزیـری بـەرگری ئەمـەریکا – رامسفیلد – بۆ یەکەم جار لە مێـژووی کـوردو باشـووری کوردسـتان ، بگاتـە هاوینـە هەواری سەلاحەدین ، کە لە لایەن بەرێز مەسعوود بارزانی پێشوازی لێکراو لە هەمان کات لە لایەن سەرەك كۆماری ئێراق بەرێز مام جەلال پێشوازی لێکرا ، ئەویش بە گۆڕینەوەی بیرووبۆچوون لە بارەی باری ئێراق ، لـە کوردسـتان و ناوچـەکەو حکوومـەت و کۆمەڵـەی نـشتیمانی ئێـراق و داهاتووی بەرەو ئارامی و بەرەو پێشەوە بردنی بارودۆخەکە لە ئێراق .

٢٠٠٥/٤/١٣ سـەرەك کۆمـاری تورکیـا – ئەحمـەد نـەژدەت سـیزار– سەردانی کۆماری سووریای کرد ، بـە هـۆی بـارودۆخی ناوچـەو هـەرێم و جیهـان ، لـە داهـاتووی ڕژێمـەکانیان ، کـە لـە بنـەڕەتا دوژمـنی یـەکترین لـە هـەموو بوارێـك ، تـەنیا لـە سـەر بـاری کـودو کێشەی داهاتووی کورد کۆکن لە کوردستان .

٢٠٠٥/٤/١٩ لە دوای کۆچی دوایی پاپای فاتیکان یۆحەنا پۆلیسی دووەم– جۆزیف راترزنگەر – بە نژاد ئەڵمانی و لە دایك بووی ئەڵمانیا بە پاپای فاتیکان هەڵبژاردرا بەناوی – پاپا بندتکتی شانزەهەم – کە لە لابالی پارێزەرانی کاسۆلێکی ئایینی مەسیحە لەجیهان .



٢٠٠٥/٤/٢٣ پـاڵێوراوە ئیـسلامیەکان سـەرکەوتنێکی گـەورەیان لـە کۆتاییـەکانی هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنـەکانی نـاوخۆیی بەدەسـت هێنـا کـە لـە ٤/٢١ ئەنجامدرابوو لە وڵاتەکەدا .

جێگــەی ئامــاژە پێکردنــە کــە پاڵێوراوەکــانی ئیــسلامی بــە پــشتگیری پارێزگاران پیاوانی ئاینی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەشارەکانی وولاتـی سـعوودیە ... کـە حـەوت کورسـیان لـە شـاری جـدە گرتـە دەسـت ، کـە پایتەختی بازرگانی وولاتەکەیە ... هەروا لە شارەکانی مەککە و مەدینە و دەمام و حیجازیش کورسیەکانی ئەنجومەنی ناوخۆیان بەدەست گرت .

بـەڵام لـەو هەڵبژاردنانــە مــاوە بەرەگــەزی ئــافرەت نــەدرا بەشــداری لــە هەڵبژاردنـەکان بکـەن چ بـە خۆپـالاوتن ، یـاخوود بـە دەنگـدان ... هـەروا دەرچوونی ئیسلامیە مام ناوەندیەکان کە لە لابالی وەهابینە لە وولاتەکەدا ... کـە کـۆی کورسـیەکان ٢٤٤ کورسـیە و لـە ٢٤٤ کورسـیە ئیـسلامیەکان توانیان ١٧٨ کورسی بەدەست بێنن لـە هـەموو پارێزگاکانی وولاتەکەدا ... کــە نیــووەی کورســیەکانی دیکــە رژێمــی شانــشین دایاندەمــەزرێنیٚ بــۆ تەواوکردنی پێك هاتەی ئەنجوومەنە ناوخۆییەکانی وولاتی سعوودیە .

٢٠٠٥/٤/٢٥ دوا سـەربازی هێزەکـانی سـووپای کۆمـاری سـووریا لـە وولاتـی لوبنـان لـە شارۆچکەی– عەنجەرە – کشانەوە ، کە لە دوای ٣٠ ساڵ بە ناوی سـووپای پـارێزی وولاتـی لوبنـان ، بـەڵام لـە راسـتیدا بـە شـێوەی داگیرکـردن و جـیٚ بـەجێکردنی خواسـتەکانی رژێمــی بەعــسی لــە ســووریا بــوو لــە هــەموو لایەنێکەوە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٤/٤/٢٧ سـەرۆکی رووسـیا – فلادیمـر پـۆتین – بـۆ یەکـەم جـار سـەردانی کۆمـاری ئیسرائیلی کرد ، لە دوای شۆڕشـی بەلـشەفیەکان لـە سـاڵی ١٩١٧ تـاکو ئـەم سەردانە ، ئەویش لە دوای دامەزراندنی دەووڵەتی ئیسرائل لە ساڵی ١٩٤٨ لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/٤/٣٠ گرێـدانی کۆبوونـەوەی وەزیرەکـانی دەرەوەی دراوسـێی ئێـراق ، لـە پێنـاو تـاوتۆکردنی بـارودۆخی ئێـراق و ناچـەو هەرێمەکـەدا ، بـە تایبـەتی بـە دووپاتکردنـەوەی یـەك پارچـەیی خـاکی ئێـراق ، ئـەویش بـە گـرژ کردنـەوەی داخوازیـەکانی کـورد لـە دەسـەڵاتی نـویٚ لـە داهـاتووی ئێـراق و دەسـتوورە هەمیشیەکەی گەلانی ئێراق ، بە تایبـەتی گـەلی کورد لەهـەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٥ ٥/١ سەرەك وەزیرانی كۆماری توركیا– رەجەب تەیب ئۆردوغان – سەردانی كۆماری ئیسرائیلی كرد ، لە پێناوی نوێ كردنەوەی رێكەوتنە رابردەویەكانیان ، بە تایبەتی لە بواری زانیاری

سخووری و سەربازی ، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی جمووجۆڵی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستان ، بە تایبەتی بە چاودێری كردنی پارتی كرێكارانی كوردستان P.K.K لە باكووری كوردستان .

٢٠٠٥/٥/٤ دادگای دەستووری لە تۆگۆ دووپاتی سەركەوتنی – فووی گناسینگبی – لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی كردەوە ، كە مانگی ٢٠٠٥/٤/ لە لایەن گەلی تۆگۆ دەنگی بۆ درابوو ... ئەم

هەڵبژاردنەش لە دوای كۆچی دوایی باوكی فووری بوو – گناسینگیی ئەبادیما – كە لە هەمان رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكە فووری سوێندنی یاسایی خوارد بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆكی تۆگۆ .

سەرەرای بوونی كێشە و ململانێ لە نێوان فووری و بەرهەڵستكاران لە وڵاتەكە بەتایبەتی سەركردەی ئۆپۆزسیۆن – جیلكر ئایست – بەهۆی بەشداری نەكردنی پارتەكەی لەو هەڵبژاردنە ... هەروا لەلایەكی دیكە بە هەزارا هاووڵاتی تۆگۆ بە هۆی باری توند و تیژی روویان لە وڵاتەكانی بەنین و گانا كرد ... بەهۆی باری نا لە باری رامیاری لە وڵاتەكە لەكاتی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی لە تۆگۆ لە كێشووەرەكەدا .

٢٠٠٥ ٥ ٤ لە ئەنجامی تەقینەوەی مرۆڤێكی خۆ مین كراو لە ناوچەی ناوخۆی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ناوجەرگەی شاری هەولێر ، كە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ٦٠ هاوڵاتی و زامدار بوونی زیاتر لە ١٠٠ هاوڵاتی ، بە هۆی وەرگرتنی رەزامەندی دامەزراندن لە رێزی هێزی ناوخۆی پارێزگای

هەولێر لە باشووری کوردستان.

٢٠٠٥/٥/٥ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا ئەنجامدرا بە سەرکەوتنی پارتی کرێکارانی بەریتانیا ، بە سەرکردایەتی سەرەک وەزیران تۆنی بلێرو سەرۆکی پارتی ناوبراو لە بەریتانیا.

٢٠٠٥/٥/٩ بەبۆنەی سەرکەوتنی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو لە جەنگی دووەمی جیهانی بە سەر فاشیەتی هتلەری ئەلمانیا ، لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیای یەکگرتوو گەورەترین ئاهەنگی نێوودەوڵەتی ئەنجامدار کە ٦٠ دەوڵەتی جۆراو جۆر بەشداریان تێدا کرد ، لەوانە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش و چەندین سەرۆک و سەرەک دەوڵەت و کەسایەتی دیکەی ناوداری نێوودەوڵەتی لە جیهاندا .

٢٠٠٥/٥/١٠ لە بەریتانیا پیلاوێك دۆزراوەتەوە کە تەمەنی بۆ ٣٠٠ ساڵ بەر لە مێژوی زاینی بووەو درێژی پیلاوەکە ٣٠ سەنتیمەتر بوو.

٢٠٠٥/٥/١٠ گرێدانی لوتکەی عەرەبی و ئەمەریکای باشوور لە شاری بەرازیلیای پایتەختی وولاتی بەرازیل ، کە مام جەلال تاڵەبانی سەرەك کۆماری ئێراقی فیدراڵ بەشداری لەوکۆنگرەیە کرد ، بە وتارێکی بە پێز لە بارەی باری ئێراق و کوردو ناوچەکەو هەرێم و جیهاندا .

٢٠٠٥/٥/١٣ لە راگەیاندنێکی دەزگای پۆلیس لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ... ئەویش بە بزربوونی سەدا قووتابی ئەفەریکیەکان لە قوتابخانەکانی شاری لەندەن ...لەم بارەیەوە – سکۆتلاندیلرد – داوای لە دەستەکانی فێرکردن کرد ... لە بارەی چۆنیەتی بزربوونی ئەو ژمارە زۆرەی رەش پێستە ئەفەریکیەکان ، کە تەمەنیان لە نێوان چوار ساڵ

تا حەوت ساڵدایە لە قوتابخانەکاندا .

ئەمەش لە روونکردنەوەیەکی دیار کە لە ماوەی مانگی /٧ تا مانگی /٢٠٠١/٩ زیاتر لە ٣٠٠ منداڵ بزربوونە و ترسیش هەیە کە بەهەزارا منداڵ لەماوەی ساڵێکا بزر بکرێن ، کە ئەمەش کارێکی نامرۆڤانە و دژ بە مرۆڤایەتیە ... لە بەر ئەوەی ئەو مندالانە لە ئەفەریکیاو هەرێمی کاریبی روویان لە بەریتانیا کردووە .

هەروا دەزگاکانی پۆلیس لە ئاکامی پشکنینی بەردەوام توانی تەرمی دوو منداڵ بدۆزێتەوە بە کوژراوی ... بەلام تاکو ئێستاش ئەوانی دیکە نەدۆزراونەتەوە کە ژمارەیان ٢٩٨ مندالە لە وولاتەکەدا ... کە ئەم خێزانانە ئەفەریکیە پێست رەشانە بە هۆی هەژاری روویان لە بەریتانیا و وولاتی دیکەی ئەوروپا کردووە ، لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیان لەم وولاتانەدا .



٢٠٠٥/٥/١٥ کامیرای توێژینەوە کە لە سەر پشتی تلسکۆبی گەردوونی هابڵ قایم کرابوو- advanced camera for surveys- بە دەست نیشان کردنی دوو مانگی نوێ بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەردوونی بەناوی -شارۆن - کە لە دەوری ئەستێرەی بلۆتۆ دەسوورێتەوە بە ناوی p1-2005/5-2, p2-2005/5 کە قەبارەیان لە نێوان ٤٥-١٦٠ کیلۆمەتر دەبێت و بە بەراورد لەگەڵ مانگی شارۆن کە قەبارەی لە نێوان ١٢٠٠کیلۆمەترە ، بەلام ئەم دوومانگە لە مانگی شارۆن ، کە دووریەکەی بە ٤٩ هەزار کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێت ، ئەوە مانگی p2، بەلام مانگی p1، دووریەکەی بە ٦٥هەزار کیلۆمەتر دەژمێردرێت .

هەروا دواجار تلسکۆبی هابڵ دووبارە وێنەکانی گرتیە لە ٢٠٠٦/٢/١٥ ، کە بە هەمان شێووە بە ئاسایی خۆیی دەسوڕێتەوە وەك کۆمەڵەی ڕۆژ لە دەوری مانگی بلتۆدا.

٢٠٠٥/٥/١٥ وەزیـــری دەرەوەی ئەمــەریکا – کۆنـدالیزا رایــس– ســەردانێکی ناکـاوی بـۆ هـەرێمی باشـووری کوردسـتانی لکێنـدراو بە ئێراق ئەنجامـــداو لـــە لایـــەن بـــەرێز مەســـعوود بـــارزانی پێـشوازی لێکراو کاردانەوەی باشـی هـەبوو بۆ دوارۆژی کـوردو کاردانـەوەی لـە سـەر وولاتانی دراوسیٚ کوردی پێلکێندراو لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

٢٠٠٥/٥/١٦ پەرلـەمانی ئۆمـەی کوێـت لـە ئـەنجامی کێشەو ململانێـی نێـوان دەسـەلاتو بەرهەڵستکاران ، بووە هۆی هەموار کردنی بەندێکی دەستووری کوێت ، لـە بارەی مافی ئافرەتو بڕیاردار بە مافی هەڵبژاردنیو خۆپالاوتنی ئافرەتی کوێـت ، کـە ئەمـەش هـەنگاوێکی گـرنگ بـوو لـە رامیـاری نـاوخۆو دەروەی کوێت بەرەو بە دیموکراتی کردنی دەسەلاتەکەیان لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٥/٥/٢٠ سەرەك وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفــەری ئەمینـــداری گـــشتی پـارتی دەعـوەی شیعەی ئێراقی ســەردانی تورکیـــای کـــرد ، بـــە کرنەوەی پەیوەنـدی نوێی نێـوان ئێـــراقو تورکیـــا و کردنـــەوەی دۆســـــیەکانی ســـــوودمەندی هاوبەشــیان ، بــە تایبــەتی لــە بـارەی بـاری کـوردو پارێزگـاری کـەرکوكو کردنـەوەی دۆسـیەی دیکـە ، بـە پەڕینـەوە بـۆ داهـاتوی نێـوان هـەردوو وولات ، کـە کاردانـەوەی ناهـەموار دەکاتـە سـەر بـاری کـورد لـە کوردستان بەگشتیو باشووری کوردستان بە تایبەتی لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٥/٥/٢٠ گرێدانی کۆنگرەی مونتـەدای ئـابووری نێـوو دەوڵـەتی لـە شـاری عەقەبـەی ئـوردن ، کـە ١١٠٠ زانـاو بیرمەنـدی رامـاریو ئـابووری لـە وولاتـانی جیهـان بەشداریان تێداکرد لەو کۆنگرەدا.

٢٠٠٥/٥,٢٧ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری مانگانەی مێرگ لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە شاری هەولێر ، بە سەر نوسەری گۆڤارەکە مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی... گۆڤاری مێرگ گۆڤارێکی هەمەڕەنگو هەمەلایەنە باس لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان دەکات لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٦/٥/٢٧ گرێدانی کۆنگەری میهرەجانی جیهانی کنیسەکان لە شاری هانوفردی وولاتی ئەڵمانیای یەکگرتوو لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٥/٩ ٢٨ پەرلەمانی ئەوروپا داوای لە ڕژێمی تورکیا کرد ، کە دان بە قەسابخانەکەی کۆمەڵ کوژی ئەرمەنو کوردو گەلانی دیکە دابنێ ، کە لە ١٩١٥/٤/١٥ ئەنجامدرا بوو لە باکووری کوردستان لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەو کاتدا.

٢٠٠٥/٥/٢٩ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لوبنان دەستی پێکردو لە خوڵی دووەمو کۆتایی حزب اللەو حزبی ئەمەل سەرکەوتنیان بە دەست هێنا لە ٦/٥ ی هەمان ساڵدا ، ئەمەش لە دوای خۆپیشاندانو کێشەو ململانێی نێوان پێکهاتەکانی گەلانی لوبنانو مەزهەبە ئایینیەکانی نێوان مەسیحیو ئیسلام بوو ، لە دوای تیرۆر کردنی سەرەك وەزیرانی لوبنانی پێشوو ڕەفیق حەریری لە شاری بەیروت لە لوبنان .

٢٠٠٥.٥ ٢٩ بە نووساروی ژمارە/ ٩٠٠/٨ی ئەنجوومەنی وەزیرانی ناوخۆی ئێراقی

کاتی بە ژمارە/ ق /٢٦٨٧ لە ٢٠٠٥/٥/٨ ، کە لە و بڕیاردا هاتووە ، ئەویش بـە دەرکردنـی ٢٥٠٠ ئەفـسەرو پۆلیـسی کـوردو تورکمـان ، لـە پارێزگـاری کەرکوك بە بیانوی ئەوەی کە راژەیـان لـە سلێمانی و هـەولێر گواسـتراوەتەوە بۆ شـاری کـەرکوك ، بـەڵام ئـەو بڕیـارە جـێ بـەجێ نـەکرا ، ئـەویش بـەهۆی نیازی بۆگەنی بە عەرەب کردن لە پارێزگاکەدا .

٢٠٠٥/٦/١ لـــە دوای پێـــنج مـــانگ لـــە هەڵبـــژاردنی پەرلـــەمانی کوردســـتان لـــە هـــەرێمی باشـــووری کوردســـتان ، کۆبوونـــەوەی خـــوولی دووەمی پەرلەمان ئەنجامدرا ، بـەئامادە بـوونی بـەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و سـەرۆکی کۆمەڵـەی نیشتمانی ئێراقی حاچم ئەلحەسەنی و چەندین کەسایەتی دیکـەی ئێراقی و کوردی و جیهـانی بە شداریان تێداکرد لە کۆبوونەوەکەدا .



٢٠٠٥/٦/١ لـە راپرسـیەکی فەرمیـدا لـە وولاتـی هۆڵەنـدا لـە سـەر چوونە ناو یەکیەتی ئەوروپا و رازی بـوون بەدسـتووری یەکیـەتی ئـەوروپا ... بـەڵام لـەو راپرسـیەی گـەلانی هۆڵەنـــدی لـــە ٦٣٪ ی دەنگدەرانی دەستووری یەکیەتی ئەوروپایان رەتکردەوە ... کە لـە ٣٧٪ ی دەنگدەران دەنگیان بۆ دەستوورەکەدا .



ئەمـەش مـاوەی بـۆ پەرلـەمانی هۆڵەنـدی نەهێـشتەوەو پەرلـەمانیش دەنگدەرانی ناچار نەکردبوو کە بەشێوەیەکی فـەرمی دەنگدەران روویـان لـە سندوقەکانی دەنگدان بکەن لـە وولاتەکـەدا ... دوای ئـەوە پەرلـەمان بڕیـاری کۆبونەوەیدا لـە ٦/٢ بۆ بڕیـاردان لـە سـەر راپرسـی فـەرمی گشتی لـە سـەر

دەستووری یەکیەتی ئەوروپا بەدەنگی – بەلێ – یان – نا – جا بەهەر شێوەیەك بێت پەرلەمان و حکوومەتی هۆڵەندا بریاری گەل رەتناکاتەوە لە وولاتەکەدا.

هەروا گەلانی فەرەنساش دەستووری یەکیەتی ئەوروپیان بە ٥٥٪ رەتکردەوە بەرامبەر رەزامەندی ٤٥٪ . کە ئەمەش گورزێکی کوشندە بوو لە یەکیەتی ئەوروپا ... سەرەرای ئەوەش کە ژمارەی وولاتی رێژەی یەکیەتی ئەوروپا /٢٥ وولاتەو /٩ وولات دەنگی لە سەر دەستوورەکەدا ، ئەوانیش : – نەمسا – ئەلمانیا – یۆنانا – مەژەر – ئیتاڵیا – لیتوانیا – سلۆفاکیا – سلۆڤینیا – ئەسپانیا – کە یەکیەتی ئەوروپا رۆڵی بالای هەیە لە جیهان لە هەموو بوارەکاندا .

٢٠٠٥/٦/٢ تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی رۆژنامە نووسی لوبنانی سەمیر قەسیر لە کاتی بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانی ، کە تێکۆشەرو ئازاترین رۆژنامەنوس بووەو کە هەردەم رەخنەی لە دەسەلاتی رژێمی بەعسی لە سووریاو هاوپەیمانەکانی گرتووە ، بە هۆی تاکرەوو توونـد رەوی رژێمی بەعس لە سووریا ، لە داگیرکردن و دەست تێوەردانی لە کاروباری لوبنانو ناوچەکەو لە هەمان کات بە بەردەوامی لە ئازاردانی گەلانی سووریا .

٢٠٠٥/٦/٦ کۆنگرەی دەیەمی پارتی بەعسی لە سووریا گرێدرا ، کە لا باڵێکی پارتی بەعسی لە ئێراق بووەو دامەزرێنەرەکەی میشێل عەفلەقە...پارتی بەعسی لە سووریا و ئێراق جیاوازیان نەبووە لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکان ، لە نێوان دەسەلاتی بەعسی لە ئێراقو سووریا بەرامبەر بەکورد ، تەنیا لە شێووەو شێواز نەبێت ، بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی ئومەی عەرەبی و خواستەکانیان نەبێت لە ناوچەو هەرێمەکەدا.

٢٠٠٥/٦/٧ دەست پێکردنی کارەکانی کــۆنگرەی نیـــشتیمانی دووەم – بــۆ نەخۆشـــی ئایـــدز – لــە باشـــووری ئەفەریکیا لە ناوەندەکانی مـــشتومرو گفتوگــۆدا لــە پێناو دۆزینەوەی باشترین ڕێگا لە چارەسەکردنی ئەم نەخۆشیە ترسناکە لــە ئــەنجامی تووشــبوونی مــرۆڤ بــە ڤیرۆســی – ئیــتش ئــای – ... بــە شداربوونی کۆنگرەکە کە زیاتر لە ٣٠٠٠ توێـژەر و شارەزا و کەسایەتی رامیـاری لەجیهان لـەم کۆنگرەیـەدا بەشـداربوون لەشـاری – دیریـان – لـە کـەنارەکانی باشـوور و کـۆنگرە بـۆ مـاوەی چـوار ڕۆژ بـەردەوام دەبێـت ... ڕێژەی تووشبوان بەم نەخۆشیە دەگاتە /٥ پێنچ ملیۆن کەس .

بەتایبەتی لە نێوو منداڵ و هـەردوو رەگـەزی نێرو مێـی بە سالاچوو لـەو وولاتەدا و وولاتانی دیکە لە جیهان .

جێگـەی باسـکردنە کـە ڕۆژانـە و مانگانـە و سـالانە بەسـەدا ملیـار دۆلار لەکارەکانی سیخوری و شەڕو پێکدادان و داگیرکردن و دروستکردنی چەك و عـەمبارکردنی چەك لـە پێنـاو قـازانج لەلایـەن وولاتـانی سـەرمایەدار و توانـاداری ئـابووری خـەرج دەکرێـت ... کەچـی ئـەو بـرە پارەیـە بـۆ خزمـەتکردی مـرۆڤ لـە بوارەکـانی ژیـان و تەندروسـتی و ئـازوەدان کردنـەوە خـەرج بکرێـت کێشەی هەمـە لایـەن و دژوارەکـانیش چارەدەکرێت دەبێتـە ڕێگەگر لە پێش مەرگەسات و کارەساتی مرۆڤایەتی لە جیهاندا .

٢٠٠٥/٦ ١٢ گرێـــدانی کۆبوونـــەوەی پەرلەمانی کوردستان بە ئامـادەبوونی کەسایەتی کـــــوردیو ئێــــراقو پارچـــەکانی دیکـــەی کوردستانوناوچـــــەو هـــــەرێمو جیهــــان و

نوێنەرانی ئەمەریکاو بەریتانیاو کۆریاو یەکێتی ئەوروپاو بالوێزی نەتەوە یەککگرتووەکان ، کە لە وکۆبوونەوە مێژوویە بەرێز مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا لە باشووری کوردستان .
بەڵام نەك هەڵبژاردنی لە لایەن گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بەلکوو بە رێگەی رێکەتن لە نێوان یەکیەتی و پارتی ، ئەویش بە دابەش کردنی دەسەڵات و سامان و پارە لە سەر بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان ...؟...!.

٢٠٠٥/٦/١٧ هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران ئەنجام درا لە نێوان بیروبۆچوونی پارێزەران و چاکسازەکان ، کە دوو لابالی ئایینی و دەسەلاتی ئسلامی و ئێران پێك دینێ و دوور لە چارەسەری کێشەکان ، بە تایبەتی کێشەی کورد لە رۆژ هەلاتی کوردستان .

٢٠٠٥/٦/١٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردو کوردو دەسەلاتە یەك لە دوای یەکانی ئێراق بەرێز مەسعوود بارزانی وتەیەکی بە نرخی بەرامبەر بە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراقی فیدراڵ خوێندەوەو کاردانەوەی بێ وێنەی کردووەو دەکات، لە داهاتووی کوردو کوردستان و دەسەلاتە داگیر کەرەکان و ناوچەو هەرێم و جیهاندا .

٢٠٠٥/٦/٢٠ ئۆتۆمبێلێکی مینکراو لە گۆرەپانی مشقی فێرکردنی پۆلیسی هاتووچۆ لە گۆرەپانی بەرێوەبەرایەتی هاتوو چۆی هەولێر خۆی خستە ناو جەنجاڵی دامەزرینەری پۆلیسی هاتووچۆ ، لە ئەجام بووە هۆی شەهید بوونی ٣٠ هاوولاتی و زامدار بوونی ٦٠ هاوولاتی زیاتر لە هاوولاتی پارێزگاکە لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٥ /٦/٢١ تیرۆر کردنی سکرتێری پێشووی پارتی کۆمۆنیستی لوبنان جۆرج حاوی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ، کە مرڤێکی نیشتمان پەرەوەری لوبنان و ناوچەو هەرێم و دۆست و لایەنگرانی ماڤ زەوت لێکراوبوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٦/٢٤ لـه هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمـی سـەرۆکایەتی ئێـران – محەمــەد ئەحمـەد نـەژادی – سـەرکەوتنی بـە دەسـت هێنـان بـۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتی ئێران ، کـە مرۆڤێکـی توونـدرەوی نەتـەوەیی و مەزهـەب شـیعەو دژ بەگـەلانی ئێـران ، بـە تایبـەتی گـەلی کورد لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان بوو... شایانی باسە ئەم مرۆڤـە توونـدرەوە بکـوژی سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی رۆژهـەڵات د. قـاسملو بـوو لـە شـاری ڤینـا. هـەروا ئەنجامدەری چەندین کـاری دیکـەی لـە هـەمان شێووە بووە لە ناوەوەو دەرەوەی ئێران .

تێبینی:– خوێنەری بەڕێز نامەوێ وێنەکان دووبارە ببینەوە لـەبەر ئەوە لە گەڵ هەر مێژوویەك وێنە دانەنراوە.

٢٠٠٥/٧/٣ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلـەمانی ئـەلبانیا پارتی دیموکراتی بە سـەرکردایەتی سـالح بریـشا سـەرکەوتنی بـە دەسـت هێنـا ، ئـەویش بـە پێـك هێنـانی حکوومەت لە ١٩ وەزیر ، کە ١٤ وەزیر لە پارتەکەی بوو... سالح بریـشا لـە دایك بووی شاری نزوبایایە لە رووی باکووری ئەلبانیا ، لە سەر کێشەی لە گەڵ کۆسۆڤۆ بە هۆی خۆپیشاندان و مانگرتن لـە سـاڵی ١٩٩٧ دەسـتی لـە کاری سەرۆکایەتی هەڵگرتبوو ، کە زۆرینـەی ئەندامانی پارتەکەی لـە ٦٥٪ موسـڵمانەکانی بـاکووری ئـەڵبانیا بـوون ، کـە لـە باشـوور ٣٥٪ی دانیشتووانەکەی مەسیحین ، کە سەرچاوەی پارتی سۆشیالیستە و هەردەم کێشەوململانێی ئایینی ونەتەوەیی تیا بەردەوامە لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٥/٧/٧ لە کاتی کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی وڵاتـانی زلهێـز لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بەریتانیا ، چـەند تەقینـەوەیك ئەنجامدرا لـە لایـەن تیرۆرسـتانی ئیسلامی توندرەوی سەر بە رێکخراوی قاعیدە ، کە بووە هـۆی کوشـتنی زیاتر لە ٥٠ هاووڵاتی و زامدار بوونی زیاتر لە ٧٦ هاووڵاتی لە شارەکەدا .

٢٠٠٥/٧/٩ هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەناو ئیسلامی ئێران ، لە ڕێگـەی داموو دەزگـای سیخووڕی و ئەمنی لە ناو شاری مەهاباد پەلاماری هاوولاتی کورد شوانە سەید قادریانداو لە ئەنجام



بە ناشیرینترین شێوە شەهیدیان کرد ، دوایی لاشەکەیان لە ئۆتۆمبیل خستو بە ناو شار دەیانسووڕاندەوە ، کە بووە هۆکارێکی گرنگ لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دانیشتووان و بەرپابوونی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی ئیران دژی ڕژێمی ئیران و داموو دەزگاکانی مەلاکان و بەردەوام بوونی لە شارەکانی دیەکەی کوردستان .

٢٠٠٥/٧/١٠ هەلبژاردنی سەرۆکایەتی قرغیزیا ئەنجامدراو باکایف بە سەرەك کۆماری قرغیزیا هەلبژاردرا ، سەرەڕای تەزویر بە هۆی لایەنگیری ئەمەریکاو داوای کشانەوەی ١٠٠٠ سەربازی ئەمەریکای کرد ، کە لە خاکی وولاتەکەی بوو ، لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی وولاتو بەرهەلستکاران لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٧/١٦ سەرەك وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد ، لە پێناو تاوتۆکردنی پەیوەندی دبلۆماسی و دراوسێیەتی و ئاگاداربوون لە ئاسایشی سنووری نێوان ئێراق و ئیران کە کەوتۆتە سەر زۆربەی خاکی باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان .

٢٠٠٥/٧/١٨ كۆچـی دوایـی هونەرمەنـدی ناسـراوی كـورد لـە رۆژهـەلاتی كوردسـتان و مۆزیـكـاژەن – موژتـەبای میرزادە – بە ماڵئـاوایی كردن لە بـواری مۆزیكا و هونەردۆستان و گەل و نیشتیمانەكەیدا .

جێگـەی رونكردنەوەیـە كـە میرزادە لە سـاڵی ١٩٤٥ لـە شاری كرماشـان چاوی بەجیهان هەڵهێناوە , هـەر لـە تەمـەنی منداڵیـەوە لـە گـەڵ ئـامێری مۆزیـك ئاشـنا بـووە , ئەمـەش بـە هۆی گـوێ گـرتنی لـە رادیـۆ بـووە , كـە لـە رێگـەی ئـەو گـوێ گرتنـە لـە رادیـــۆ و گـــوێ لـــە ڤیزلـــۆنی هورنەمەنـدان مامۆسـتا خالیـد و پەروێزیاحەقی دەگرن .

لـە سـەرەتای دەسـت پێكردنـی بـە ئـامێری نـای بووەو دوایـش بـە ئـامێری سـەنتوور , دوای ئـەوە بـەهۆی كـارلێكردنی ئاشـنای مامۆسـتا حەسـەن كامكاری باوكی كامكارەكان , میرزادە دوای گەرانەوەی لـە شاری سنە لـە گەڵ هونەرمەندی گەورەی كورد مامۆستا حەسەن زیرەك و مەزهەری خالقی و ئیبراهیمـی خۆشـناو مورتـەزا تونـدرەو هـاشمی رەبیعـی ... بـەڵام دوای ئاشـنابوون دەسـتی بە تۆماركردنی چەندین بەرهـەمی كـوردس كـرد , كـە ئێـستاش هونـەری كـوردس لـە ئاسـتێكی بـەرزدا دەینـرخێنێ و وەك شـانازیەكی نـەمر لـە مـیرزادەوە بـۆ كـورد گـۆرانی و میـوزیكی كـوردی دەمێنێتەوە . میرزادە لە ساڵی ١٩٦٧ چووە شاری تارانی پایتـەختی ئێران و كتێبێكی نۆت خوێنی لە نووسینی – زیا موختـاری – دەسـت كـەوت ... بەم هۆكارە بەشێوەی سەرەتایی لەگەڵ نۆت ئاشنا بووە .

دوا بە دوای ئەمە و لە درێژەی هەوڵ و تێكۆشـانی زیـاتر و وەدەستهێنانی زانیـاری لـەبارەی مۆزیـك ... بـەردەوام نامەیـەكی بە نـاوی مـۆزیكی ئێرانـی دەخوێندەوە ، كە لە هەر هەفتەیەك نۆتەیەكی گۆرانی بڵاودەكردەوە و ئیدی بەم شێوەیە مامۆسـتا موژتـەبای میرزادە ئـاوازی گۆرانیەكـەی لـە بـەردەكر و

لەگەڵ نۆتەدا رادەهات ... بەو دەنگە بەرەبەرە خۆی فێری خوێندنەوەی نۆتەکرد .

مامۆستا میرزادە لە ماوەی ژیانیدا لەگەڵ ئامێرەکانی مۆزیك بەردەوام بوو بەسەرکەتووانە لە ئاهەنگە گۆرانیەکانی ئۆرکسترا و چەندین لایەنی دیکە بەردەوام بوو تاکو ماڵئاوایی لەبواری مۆزیك و هونەمەندان و گەل و نیشتیمان کرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان .

سەرچاوە :– www.mojtaba-mirzade-tk

٢٠٠٥/٧/٢٠ لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی لە کۆماری یەمەن ئەنجامەکەی بووە هۆی نارەزایی گەلانی یەمەن و بووە هۆی شەرو پێکدادان لە نێوان پارتە بەرهەڵستکارەکان و جەماوەرو هێزی چەکداری دەسەڵات ، لە ئاکام بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٥ کەس و زامداربوونی بە دەیان کەسی دیکە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٧/٢٣ لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینکراو لە هاوینە هەواری شەرمشێخی وولاتی میسر، کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی زیاتر لە ٩٠ هاوولاتی و زامداربوونی بەدەیان هاوولاتی دیکە .

٢٠٠٥/٧/٢٨ کەشتی ئاسمانی ئەمەریکی دیسکەڤەری بە کەشتی ئاسمانی نێوودەووڵەتی لکێنرا ، لە پێناو ئەنجامدانی کارە زانستیەکانی لەگەردووندا .

٢٠٠٥/٨/١ شانشینی سعوودیە شانشین – فەهد عەبدول عەزیز – کۆچی دوایی کرد ، کە لە ماوەی دەسەڵاتی رامیاریەتی شۆڤینی نەتەوەیی توندرەوی عەرەب و مەزهەبی وەهابی ئایینی پەیرەو دەکرد .

دوای خۆی ئەمیر عەبدوللا جێگەی گرتەوە ، بە شانشینی سعوودیە ، کە جێگری شانشینی فەهد بوو بەر

له مردنی له وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٨/١ سـەرۆکی بزووتنـەوی باشـووری سـوودان جـۆن گـەرەنگ لـە ئـەنجامی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە تایبەتیەکەی گیانی لە دەستدا ، لە دوای ئەوەی کە لە ٢٠٠٥/٧/٩ بووە جێگری یەکەمی سەرەك کۆماری سوودان عومەر حەسەن بەشیر.

٢٠٠٥/٨/١ دەسـەلاتدارانی پۆلەنـدا هەلسان بەیادکردنـەوەی / ٦٠ ساڵەی راپەرینەکـەی گـەلی پۆلەنـدا دژی داگیرکـەرانی ئـەلمانیای فاشی له وولاتەکەیاندا ... کـە ئـەو راپەرینـە لـە ١٩٤٤/٨/١ دەسـتی پێکـردوو بـۆ مـاوەی /٦٣ رۆژ بـەردەوام بـوو دژی هێزەکـانی سـووپا و دەسەلاتدارانی ئەلمانیای نازی له سەر پۆلەندا .

هەروا راوێژکاری ئەلمانیا – گیرهارد شرۆردەر – بۆ یەکەم جار بەشداری لـەو رێـو رەسمـەدا کـرد ... هـەروا لـە هـەمان کـات بـەردی بناخـەی نـوێ کردنـەوەی ئـەو سـەربازگەیە درا کـە ئـەو جێگایـە بـوو راپەرینەکـەی بـێ ئەنجامدرا لە ٨/١ ... هەروا سەرۆك و نوێنـەری وولاتـانی دۆست و جیهان بەشداریان لەو ئاهەنگە کرد ... لەوانە وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا – کۆلن باول – و – جێگری سـەرەك وەزیرانـی بـەریتانیا – ژۆن برسکون ... دوای ئـەوەش لـە ٢٠٠٥/١١/٢٥ حکوومـەتی پۆلەنـدا نهێنیـەکانی پـەیمانی وارشۆری بە پەلاماردان و لە ناوبردنی ئەوروپای بەچەکی ئەتۆمی ئاشکرا کرد ... کە سۆڤیەت سەرکردایەتی پەیمانی وارشۆی دەکرد لە پێك هاتووی وولاتانی سۆشیالیست لە جیهان .

٢٠٠٥/٨/١ خەلاتی باشترین رۆژنامەوانی لە جیهان رایگەیاندا ، کە وێنەیەکی دایك و منداڵەکەی بوو لـە یـەکێك لـە بنکەکانی خێرخوازی لـە وولاتـی نیجیر ، کـە

لەلایەن رۆیتەرز گیرابوو ، کە خەلاتی باشترین وێنەی ساڵی ٢٠٠٥ بەدەست هێنا ، کە ئەم وێنەیە لە لایەن وێنەگری کەنەدی – ڤینیا نۆریل – لە باکووری رۆژئاوای وولاتەکە گیرا کە منداڵێك تەمەن یەك ساڵ بوو ، لە برسان بە پەنجە لاوازەکانی دایکی بە لێوەکانی دەگوشێت ، واتە دەی خوارد لە برسان .

٢٠٠٥/٨/٣ خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری سەقزی رۆژهەلاتی کوردستانی لکێنراو بە ئێران ئەنجامدرا ، بۆ پشتیووانی لێکردنی جەماوەری شاری مەهاباد ، کە لە ئەنجام بووە هۆی شەهید بوونی ٥ هاوولاتی کورد لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی رژێمی بە ناو ئیسلامی ئێرانو بە سەدا هاوولاتی دەستگیر کران ، بەهۆی تیرۆرکردنی شوانە سەید قادر لە شاری مهاباد ، لە لایەن سیخوورەکانی رژێمی ئێران .

٢٠٠٥/٨/٣ مەحمودی ئەحمەد نەژاد بە سەرۆکی کۆماری ئێران هەلبژێردرا بە خواردنی سوویێندنی یاسایی کە مرۆڤێکی توندرەوی نەتەوەیو ئایینی بوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٨/٦ وەزیری دەرەوەی پێشووی بەریتانیا –رۆبن کۆك – کۆچی دوایی کرد کە بەرهەلستکاری تۆنی بلێر بوو بۆ لێدانی رژێمی بەعس لە ئێراق.

٢٠٠٥/٨/٧ کەشتی ئاسمانی ئەمەریکی دیسکەڤەری لە دوای ئەنجامدانی کارەکانی لە وێستگەی نێوودەوولەتی جیابووەوە بە مەبەستی گەرانەوەی بۆ سەر زەوی لە گەردووندا .

٢٠٠٥/٨/٨ مەکوکی ئاسمانی ئەمەریکی دیسکەڤەری بەرەو زەوی هاتە خوارێ کە ماوەی سیانزە رۆژ لە گەردوون کارەکانی ئەنجامدا .

٢٠٠٥/٨/١١ سـەرۆکی ڕێکخـراوی شۆڕشـی بـاڵای ئیسلامی لـە ئێراق عەبدولعەزیز حەکیم لـە ووتـەیـەکی بـە بۆنـەی یادکردنـەوەی شـەهید بـوونی براکـەی محەمـەد بـاقر حـەکیم ، داوای دامەزرانـدنی هـەرێمی فیدڕاڵی لە باشوورو ناوەندی ئێراق کرد ، هەروا داوای کـرد کـە ئاییـنی ئیسلام دەبـێ سەرچـاوەی سـەرەکی یاسـاو ڕێنمایـەکانی دەسـتووری هەمیـشەیی ئێراق بێت .



٢٠٠٥/٨/١٢ سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تـەیب ئۆردگـان – سـەردانی پارێزگـاری دیاربـەکری کـردو لـە ووتەیەکیدا بەرامبەر بە جەماوەری شـارەکە ڕایگەیانـد ، بـە بـوونی کێشەی نەتەوەیـەکی داگیر کـراوی کـورد لـە بـاکووری کوردسـتان ، گـووتی: کـە کێشەکە بەنـدە بـە ڕژێمـی تورکیاو چارەسـەرکردن ، کـە ئەمـە یەکـەم جـارە لـە مێـژووی دەسـەڵاتدارانی تورکیـان دان بـە بـوونی کـوردو کوردستان و کێشەکە بێنن لـە پایتـەختی باکووری کوردسـتانی داگیرکـراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا .



٢٠٠٥/٨/١٤ لـــە ڕاگەیانـــدنێکی سـەرۆکی پێـشووی جووڵانەوەی هاوکاری لـە پۆڵەنـدا – لـیخ فالیسا – پـشتگیری خـۆی بـۆ بـەرپابوونی شۆڕشـێکی بــــــەردەوام و

سەرکەووتوانە کرد لە ڕووسیای سپی کە دراوسێی پۆڵەندایە ... ئەمەش لە چاوپێکەوتنێك لە گەڵ کەناڵی ئاسمانی بی بی سی بوو بە بۆنەی /٢١ ساڵەی دامەزراندنی جووڵانەوەکە هات .

هەروا گووتی:- ڕووسیای سپی پشتگیری وولاتانی رۆژئاوای پێویست نیە بەڵکوو دەبێ گەلانی ڕووسیای سپی لە خەبات بەردەوام بن بۆ گەیاندنیان بەم ئاواتە ... هەروا جووڵانەوەی هاوکاری و یەکگرتن لە پۆڵەندا بەسەرکردایەتیلیخ ڤالیسا تووانی یەکەم رژێمی کۆمۆنیستی لە ساڵی ١٩٨٩ هەلووەشێنێتەوە ، کە یەکەم وولاتی کۆمۆنیستی بوو لە ئەورووپای رۆژهەلاتدا.

ئەویش بەر لە رووخاندنی پەرژینی نێوان هەردوو بەرلینی رۆژئاواو بەرلینی رۆژهەلات ... ئەمەش وای کرد کە ڤالیسا ببێتە سەرکردەیەکی لێهاتوو لە جیهان ... هەر بەم بۆنە لە ساڵی ١٩٩٣ پاداشتی نۆبلی ئاشتی پێ بەخشرا ... دوای ئەوە لیخ ڤالیسا بووە سەرۆکی پۆڵەندا و بەردەوام بوو لە دەسەلاتەکەی تا ساڵی ١٩٩٥ لە سەر وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٨/١٤ گەورەترین خۆپیشاندان لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ئەنجامدار بە سەرپەرشتی رێکخراوی ریفراندۆم ، لە پێناو پشتگیری کردنی سەرکردایەتی کورد لە شاری بەغدا ، لە پێناو چەسپاندنی داواکاریەکانی کورد لە دەستنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵ لە ئێراقدا .

٢٠٠٥/٨/١٤ لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی قووبرسی لە ناوچەی قرتابای رۆژهەلاتی ئەسینا ، کە بووە هۆی مردنی ١٢٠ کەس لەوانەی لە ناو فرۆکەکە بوون لەگەڵ تێکشانی فرۆکەکە .

٢٠٠٥/٨/١٥ لە دوای داگیر کردنی کەرتی غەزەی فەلەستین لە ماوەی/ ٣٨ ساڵ لە لایەن رژێمی ئیسرائیل ، لە دوای هەوڵو ماندبوونو قوربانیدانو شەڕو پێکدادانو بە بزێوانی رێکخراوی نێوودەووڵەتی .

بە تایبەتی ئەمەریکا ، کە بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی سووپای ئیسرائیل لە کەرتی غەزە بکشێنەوە بەچۆڵ کردنی کەرتی غەزە ، بەلام لە لایەکی دیکە ئیسرائیل هەر کاتێ بیەوی دەتوانێ وەك جاران بگەرێتە وە جێگەی خۆی لە شارەکەدا .

٢٠٠٥/٨/١٥ کاتــژمێر /١١ی شــەو کۆمەڵــەی نیــشتیمانی کۆبوونــەوەی ٥٥ی تایبــەتی ئەنجامدا ، بە هۆی تەواوبوونی مۆڵەتی بەردەوامی دەسـەڵاتی کۆمەڵـە بـە پێی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی ئێراق و نەگەیشتن بە ئەنجامی ڕێکەوتن لـە سـەر ڕەشنووسـی دەسـتووری هەمیـشەیی، ئـەویش بـە گـۆڕینی بڕگـەی دەسـەڵاتی کۆمەڵـە لـە مـاوەی ١٥ بـۆ ٢٢ ڕۆژ ، لـە پێنـاو تـەواوکردنی دەستووری هەمیشەیی بۆ وڵاتەکە .

٢٠٠٥/٨/١٦ لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی کۆڵۆمبی لە دووری باکووری ڕۆژئاوای فەنزویلاو لە ولایەتی – زولیا – کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٥٢ هاووڵاتی ناوفڕۆکەکە.

٢٠٠٥/٨/١٦ پـەردە لـە سـەر ئـەو سـەفینەیە هـەڵگیرا ، کـە بـە ١٥ ملیـۆن داروچـەکەی ئێـسکرێم دورسـت کرابـوو لـە لایـەن – ڕۆبـەرت باکدۆناڵـدا – لـە شـاری ئەمستردام لە ماوەی دوو ساڵ کە درێژی سەفینەکە ١٥ مەتر بوو.

٢٠٠٥/٨/١٨ گەورەترین پێشبڕکێ – مانۆر – هێزی سەربازی ڕووسیاو چینی میللی ئەنجامدار ، کە لە مێژووی هەردوو وڵات بێ وێنە بوو ، کە بۆ یەکەم جار بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت ، کە ١٠ دە هەزار سەرباز لە هەرسێ لایەنی پیادەو دەریایی و ئاسمانی سەربازی بەڕێوە ببرێت بە ناوی ئاشتی /٢٠٠٥.

٢٠٠٥/٨/٢٢ کاتـژمێر ١١,٥٥ دەقیقە لایەنە نەتەوەیی و ڕامیاری و ئایینی و مەزهەبی و زانستی ، ڕەشنووسـی دەسـتووری هەمیـشەییان پێـشکەش بـە کۆمەڵـەی نیشتیمانی ئێراق کرد ، سەرەڕای چەندین کەم و کوڕی لە وردەکاری لە چەند ماددەو بڕگەیەک وخاڵ ، لە بەندە بنەڕەتیەکانی دەستوورەکە ، بە تایبەتی لە بارەی سێ لایەنی گرنگ ، ئەویش فیدراڵی و داهات و ناسنامەی ئێراقی فیدراڵی داهاتوو لە هەرێمدا .

٢٠٠٥/٨/٢٣ لە کۆدەتایەکی سەربازی لە مۆریتانیا دەسەڵاتیان گرتە دەست و لێژنەی سەربازییان پێك هێنان ، لە پێناو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات ، بۆ ماوەی دوو ساڵ بەلابردنی معاویە ولی ، کە لە ساڵی ١٩٨٤ تاکو ڕۆژی کودەتاکە دەسەلاتدار بوو، کە ئەویش لە ڕێگەی کودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتبووە دەست لە وڵاتەکەدا.

٢٠٠٥/٨/٢٤ رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا ، لە دوای چەند تێبینیەکی پەرلەمان لە سەر دەستوورەکەو وەردەکاریەکان .

٢٠٠٥/٨/٢٥ زانای ئەمەریکی لە زانکۆی واشنتۆنی پایتەخت – ئۆبك ترینکۆس – لە لێدوانێکیدا لەدوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر لە پەرەسەندن و گەشەکردن و پێشکەووتنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، ئەویش بە لە بەرکردنی – پێڵاو – لە نێوان ساڵەکانی ٢٦ هەزار ساڵ و ٤٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ... کە ئەم زانایە تووێژێنەری زانستیەکانی مرۆڤایەتی گووتی :–

لە ماوەیەکی دووروو درێژی رابردوو پەنجەو پێیەکانی مرۆڤ لاواز بوونە بە هۆی بروابوونی بە هۆکارە دەرەکیەکان لە سەر باری دەروونی ئەو کات و پەرەسەندنی ئێسقانە جۆراوجۆرەکانی جەستەی مرۆڤ بەرەو بەهێزبوون و پتەوبوون هەنگاوی دەنا لەگەڵ پەرەسەندنی کارە پێویستیەکانی ژیان .

مرۆڤی سەرەتایی هەستی دروستکردنی پێڵاویان نەبووە بەڵکوو قاچ و پەنجەکانیان بە پەلکەدار دادەپۆشی بۆ ئەوەی لە ساردی و گەرمی ئازار نەخوات ، لەگەڵ پێستی ئاژەڵ ، کە ئەو پێ داپۆشینەش بەتایبەتی بە پێستی ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتەکەیان دەخوارد لە شێووەی پێڵاو بەر لە ٥٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا بەکاریان دەهێنا.

هەروا زانای بەناوبانگ – ترینکۆس – بۆ یەکەم جار مرۆڤایەتی پێڵاوی کردۆتە بەر بەر لە ٩٠٠٠ هەزار ساڵ بووە ، بەڵام ئەم پەرەسەندنەش سەرەتای دەگەرێتەوە بۆ ٣٠,٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ... ئەم کارەش بۆتە بازدانێك لە هەستی رۆشنبیری مرۆڤایەتی بەر لە ٣٥ هەزار ساڵ بە پەرەسەندن و گەشە کردنی جەستە و دروستکردنی جل و بەرگ و کشتووکاڵ و خانوو چەکی بەرگری کردن لەخۆو بازرگانی بە تایبەتی لە سەر خاکی کوردستان

٢٠٠٥/٨/٢٥ ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی– عەمروو موسا –و سەرۆکی ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو بە ناوی عەرەبی دژی ماددەکانی ناسنامەو ئایین و ئیسلامی ئێراق وەستان و بە دوا رۆژی مەترسیداریان دانا بۆ ئێراق .

٢٠٠٥/٨/٢٨ کۆتایی بە نووسینەوەی دەستنووسی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی

ئێراقـی فیـدراڵ هێنـدرا ، بـە مـۆرکردنی لـە لایـەن لێژنـەی نووسـینەوەی دەستوورو بێ دەنگی لە سەر هەندێ ماددەو بڕگەو خاڵ ، بە ئامادەکردنی بۆ دەنگدان لە سەری لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ لە لایەن گەلانی ئێراق .

٢٠٠٥/٨/٢٩ مامۆســـتای نووســـەرو ڕۆنـــاکبیرو کەســـایەتی نـــاوداری کـــوردو ئـــایینی مامۆســـتا – عەبدولکـــەریم مودەرس– لـە شاری بەغدا کۆچی دوایـی کـرد ، کـە لـە سەر تەریقـەتی قادریە بوو ، لە مەزارگـەی شێخ عەبدولقادری گـەیلانی لـە شاری بەغدا .

مامۆستا مـەلا عەبدولکـەیم لـە ماوەی ژیانیدا توانیوویـەتی خزمـەتی زمانی کـوردی بکـات لـە نووسـینەکانیدا لـە بـواری دانـان و وەرگێـران . هـەروا لـە بواری ئەدەب و زانست و زانستی ئاینیدا .



٢٠٠٥/٨/٢٩ گەورەترین لافاوو زریانی بـــاو بـــاران لـــە ناوچـــەی کاترینـــای ئەمـــەریکی ڕوویـــدا ، کـــە بـــە یەکـــەم کارەســـاتی زریـــان لـــە مێـــژووی ئەمـــەریکا دادەنرێت ، کە بووە هۆی کـوژرانی بـە سـەدان هـاووڵاتی و دەربـەدەر بـوونی بـە سـەدان هـەزارو گـەمارۆدانی ئـاوی و ژێـر کـەوتنی سـامانێکی زۆر لـە نـەوت سـامانی هاووڵاتیان ، لە خانوبەرەو کێڵگەی کشتووکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و بە سەدان پرۆژەو کۆمپانیاو کارگەی هەمەجۆر لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٥/٨/٣١ گرێـدانی یەکـەم کۆبوونـەوەی پەرلـەمانی سـوودان لـەدوای کۆتـایی هـاتن

بەشەڕی ناووخۆی سوودان .
لە نێوان حكوومەتی سوودان و جووڵانەوەی مللی لە باشووری سوودان ... لەو كۆبوونەوەیەدا ئەندامانی پارتی كۆنگرەی نیشتیمانی دەسەڵاتدار پۆستی سەرەك ئەنجوومەنی سوودانیان هەڵبژارد .
هەروا ئەندامانی پەرلەمان كە پێك هاتووە لە ٤٥٠ ئەندام و جێگری سەرۆكی پەرلەمانیان لە جووڵانەوەی مللی بۆ بازرگانی سوودان هەڵبژارد .
ئەمەش بە پێی رێنمایەكانی هاوبەشی لەدەسەڵات ، كە لە رێكەووتننامەی ئاشتی لە نێوان باكوور و باشوور مۆركرابوو ... سەرەرای ئەوەش پارتە رامیاریە بەرهەڵستكارەكان دەسەڵاتی سوودانیان پشتگوێ خراوون بە كۆتایی هاتنی باری نا لە بار لە سوودان .
دوای ئەوە حكوومەتی هاووپەیمان و هاووبەشیان پێك هێنا لە ٣٠ وەزیرو ٣٤ وەزیری دەووڵەت .
هەروا ئەو كێشەی لە سەر وەزیری ووزە و ئاسن هەبوو چارەسەركرا ، كە هەر ئەمەش ببووە هۆی دواكەووتن لە راگەیاندنی كابینەی حكوومەتەكە لە سوودان .
ئەمەش لەدوای كووشتاری زیاتر لە ٣٠ هەزار كەس هات كە سەركردەی جووڵانەوەكە – سالفاكیر – پۆسستی جێگری سەرۆكی سوودانی گرتە دەست و بەڵێنی دا بەچارەسەركردنی كێشەكان بە جیٚ بەجێكردنی مادە و برگەكانی رێكەووتنەكە و ووڵاتەكەدا .

٢٠٠٥/٨/٣١ لە ئەنجامی رووخان و تەقینەوەی پردی – ئەلئەئیمە– لە شاری بەغدا لە گەرەكی كازمیە لە لایەن تیرۆرستانی ئیسلامی توندرە ، كە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ١١٥٠ هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و گەنج و پیرو زامداربوونی زیاتر لە ٣٠٠ ، ئەویش لەكاتی سەردانی مەزاری ئیمام كازم بە بۆنەی شەهید بوونی.

٢٠٠٥/٩ ٤ كوردە دانیشتووانەكانی پارێزگای ئەستەنبوڵ توركیا خۆپیشاندانێكی

گەوورەیان ئەنجامدا ، دژی رژێمی توركی داگیرکەر بە لایەنگیری کردنیان لـە پـارتی کریکـانی کوردسـتانی لکێنـراو بـە تورکیـا PKK لـە بـاکووری کوردستان.

٢٠٠٥/٩/٥ لـە ئـەنجامی کەوتنـە خـوارەوەی فرۆکەیـەکی مـەدەنی ئەندەنۆسـی لـە ناوچەیەکی پڕ لە دانیشتووان لـە میدانی باکووری سوومەتری کە بووە هۆی کوژرانی ١٤٧ هاوولاتی ناو فڕۆکەکە .

٢٠٠٥/٩/٧ بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی میسر هەڵبـژاردنی دیمـوکراتی فرەلایـەنی پەرلەمانی میسری ئەنجامدرا ، لە نێوان پارتو رێکخراوو گروپە زانستیو کۆمەڵایـەتیو ئایینـەکان ، بـە تایبـەتی لـە نێـوان پـارتی سـەرەك کۆمـاری میسری محەمەد حوسنی موبارەك وپارتی وەفدی میسر لە وولاتەکەدا .



٢٠٠٥/٩/٨ لـە دوای گەیـشتنی سـەرۆك کۆمـاری لە ئیراق مام جەلال بـــۆ ئەمـــەریکا لـــە رۆژنامەوانیـەکی هاوبەشـی لەگـەڵ سـەرۆکی ئەمـەریکا جـۆرج بـۆش چـەندین لایـەن باس کرا ، لە سەر بارودۆخی ئێـراقو ناوچـەو هـەرێمو جیهـانو هەڵـسەنگاندنی ، کـە لەوکاتـە رادیـۆی کوردی دەنگی ئەمەریکا بە کوردی پرسیاری لە مام جەلال کرد ، بەرامبەر جـۆرج بـۆشو پـەیامنێرانو شاشـەکانی تەلـەفزیۆنو جیهـانو بـە زمـانی کوردی وەڵامی پرسیارەکانی رادیۆی دەنگی ئەمەریکای دایەوە لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا.

٢٠٠٥/٩/١١ هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی یابان ئەنجامـدرا لـە نێـوان پـارتی دەسـەڵاتدار بـە سـەرکردایەتی جۆنیـشیرو کـۆیزۆمیو پـاراتی دیمـوکراتی یابـان بـە سـەرکردایەتی کاتیـسۆیا ئۆکـارا... لـە ئـەنجام سـەرەك وەزیرانـی یابـان کۆیزۆمی سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

شـایانی باسـە سـەرەك وەزیـران لـە ٨/٨ هـەمان سـاڵدا پەرلـەمانی یابـانی هەڵووەشاندەوە ، لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی پرۆگرامی باشتر لە بەرەو پێشبردنی باری وولاتەکەی ، بەتایبـەتی لـە بواری ئابووریو بەهێز کردنـی

ژێرخانی ئابووری یابان .

٢٠٠٥/٩/١٤ تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێکی مین کراو لە شاری بەغدا لە گەرەکی کازمیە ، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٥٠ کەسو زامداربوونی زیاتر لە ٧٥ کەسو وێرانکردنی دەیان ئۆتۆمبێلو دوکانو خانوو کەلوپەلی دیکە ، جگە لە کارە تیرۆرستیەکانی دیکە لەناوچە جیا جیاکانی ناوەندی شاری ئێراق .

٢٠٠٥/٩/١٤ کردنەوەی دانیشتنی یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦٠ ساڵ بە سەر دامەزراندنی ، کە ١٧٠ سەرۆك وولاتو



حکوومەت لە جیهان بەشداریان تێدا کرد ، لەوانە مام جەلال سەرۆك کۆماری ئێراقی فیدراڵ ، ئەویش لە پێناوی دانانی لیژنەیەکی ئاشتی لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و رامیاریو ئابووریو فراوانکردنی ژمارەی ئەندامانی هەمیشەی ڕێکخراوکە ، بڕیاری قەدەخەکردنی کردن بە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ڕاگەیاندرا بە هەموو جۆرەکانی ، بەربەرەکانیو گەمارۆدانی تیرۆرستان بە هەموو توانایەك لەجیهاندا.

٢٠٠٥/٩/١٥ سەرۆك کۆماری ئێران مەحمودی ئەحمەدی نەژادی لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا گووتی: ئێران ئامادەیە زانستی ئەتۆمی بەدەوڵەتە ئیسلامیەکانی دیکە بدات... دوای دوو ڕۆژ لەو لێدوانەی بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاگەیاند ، کە ئێران بە هیچ جۆرێك دەست بەرداری پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم نابێتو دەوڵەتانی دیکەی بانگ کرد ، کە ببنە هاوبەشی بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران .

٢٠٠٥/٩/١٥ بــۆ یەکــەم جـار لــە مێــژووی کوردســتان و پارێزگــای هــەولێری پایتــەختی باشــووری کوردســتان ، لــە لایــەن بەرێز مەسعوود بارزانی پیــشانگای بازرگــانی هــەولێری نێوودەوڵــەتی کرایــەوە ، کـە زیـاتر لـە ٧٠ کۆمپانیـای ئێراقـی و جیهانی و بیانی بەشداریان تێدا کردوو لە هەمان کاتدا کۆنگرەیەك لـە لایـەن بەشـداربوانی پیـشانگاکە گرێـدرا بـە ئامـادەبوونی شـارەزاو زانایـان لـەو بوارەدا .

٢٠٠٥/٩/١٥ لــە کۆبوونــەوەی ئەنجوومــەنی گـشتی نەتـەوە یـەککرتووەکان مـام جـەلال سەرەك کۆماری ئێراق وتەیەکی لە کۆبوونەوەکە خوێندەوە بۆ یەکـەمجار لـە مێژووی کوردو نەتەوە یەککرتووەکان بە زمانی کوردی وتـە بخوێندرێتـەوە کـە رۆڵ و کاردانـەوەی باشـی کـردە سـەر وولاتـانی جیهـان و بـەرەو باشـتری داهاتووی گەلی کوردستان.

٢٠٠٥/٩/١٨ کاتــژمێر ١١ی ســەر لــە بــەیانی هونەرمەندی ئافرەتی دیارو بەتوانای کــورد خــاتوو مەرزیــە فــەریقی بــە نەخۆشــیەکی کوشــندە لــە دوای نەشتەرگەری لە وولاتی سووید دڵە بە سۆزەکەی لـە کـار وەسـتاو ماڵئـاوایی لەگەل و نیشتیمان کرد ، تەرمەکەی بە ئەمانـەت لـە شـاری سلیمانی بەخاك سپێردرا ، بەهۆی ناله باری باردۆخی رۆژهــەلاتی کوردســتان ، چــونکە هونەرمەنـد لـە دایـك بـووی شـاری مەریوانی رۆژهەلاتە .

٢٠٠٥/٩/١٨ هەڵبژاردنەکانی نا ئاسایی پەرلەمانی ئەڵمانیای یەککرتوو دەستی پێکرد ،

لە نێوان راوێژکاری ئەڵمانیا گرهایدەر شرۆیدەرو باڵیۆراوی پارتی دیموکراتی مەسیحی ئەنگیل ماریکل ، بە هۆی ناڵە باری بارودۆخی ئابووری‌و چەندین کێشەی دیکە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەڵمانیا.

٢٠٠٥/٩/١٨ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئەفگانستان ئەنجامدرا لە دوای ٣٦ ساڵ ، کە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی دادەنرێت لە نێوان پێکهاتەی گەلانی ئەفگانستان.

٢٠٠٥/٩/١٨ سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئۆردۆگان لە سەردانێکی گەیشتە وولاتی سعوودیەو لەلایەن شانشین عەبدوللا پێشوازی لێکراو دوای دەستکرا بەگۆڕینەوەی بیووربۆچوونیان ، لە بارەی بارودۆخی ئێراق‌و ناوچەو هەرێمەکە ، بە تایبەتی باری ئێراق ونیمچە دەسەڵاتی کوردی ، لەو کاتەی کە بۆتە مەترسیەکی گەوورە سەر دەسەڵاتیان‌و شەڵەژاندنی ناوچەکە بەرەو دابەش بوون‌و گۆرانکاری نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەوورەو ئەفەریکیا .

٢٠٠٥/٩/١٩ پەرلەمانی تورکیا کۆبوونەوەی نا ئاسایی گریدا ، شایانی باسە دوای دانپێدانانی رەجەب تەیب ئۆردۆگان بە بوونی کێشەی کورد ، کە ئێستا دۆسیەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان بەراشکاوانەتر لە سەر ئاستی تورکیا لە لایەنە پەیوەندارەکان وتووێژی لە سەر دەکرێت‌و لە هەمان کات بۆتە کێشەی نێوودەووڵەتی ، بە تایبەتی لە لایەن یەکیەتی ئەورۆپادا .



٢٠٠٥/٩/١٩ کۆبوونەوە شەش قۆڵیەکەی هەردوو کۆریا ، چین ، ئەمەریکا ، یابان ، رووسیا،.
هەر لە دوای رێکەوتن لەو کۆبوونەوەیە گەیشتنە دەرگایەکی داخراو... هەوڵدانی بیونگ یانگیش بۆ رازیبوون لە سەر

ڕێککـەوتن داواکاریـەکانی زیـادکرد ، هـەر بۆیـە ئەمەریکیـەکان ناچاربوون ڕەتی بکەنەوە .

ڕژێمی کۆریای باکووریش سوورە بوو لە سەر ڕەتکردنەوەی درێژە پێدانی ووتوو وێژ هەتا ئەوکاتەی ئەمەریکا گەمارۆکانی لە سەر هەڵدەگرێت ... کە ئـەم گەمارۆیانـەی ئەمـەریکاش پێویـستی بـە ڕەزامەنـدی ئەنجوومـەنی ئاسایشی نێوودەووڵەتی نیە.

شایانی باسە ئەم کێشەیە بەردەوام بووە تا کۆتایی٢٠٠٦، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵـەکان بـەردەوامن ، لـە پێنـاو گەیـشتن بـە چارەسـەرکردنی ئـەو کێـشە دژوارە لـە هـەموو لایەنـەکانی ، بـە تایبـەتی لەلایەنـە پەیوەنـدیدارەکان بـە پشتیووانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان .

٢٠٠٥:/٩/١٩ لە شاری برۆکسلی پایتـەختی بەلژیکا کۆنگرەکە بە ناونیشانی یەکیـەتی ئەورووپاو تورکیاو کورد لە کوردستانو بە تایبـەتی لـە باکووری کوردسـتان گرێـدرا ، کـە لـە کۆنگرەکـە نوێنـەری حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەشداری تێدا کردو پشتگیری خۆی بۆ بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکیـەتی ئەورووپا ڕاگەیاند .

٢٠٠٥/٩/٢٠ وەزیـــری دەرەوەی شانـــشینی سعوودییە – ئەمیر سعوود فەیسەڵ – لـــە لێـــدوانێکی بەرامبـــەر ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە لـە شـاری نیۆیـۆرکی ئەمـەریکی گووتی:-

ئێستا ئێراق بە قۆناخێکی ناسکو گرنگـــدا تێدەپـــەڕیو ئەگـــەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی هەیە ، بە تایبەتی لە نێوان هـەردوو مەزهـەب شیعەو سوونە ، لە لایەکو لە نێوان کوردو عەرەب لەلایـەکی دیکـە ، ئەمـەش کـە دەبێتـە هـۆی دەسـت تێـوەردانی دەووڵـەتی تورکیـاو عـەرەبیش دەسـت بەردار نابێت لەو کاتەی کورد بیەوێ دەووڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ .

گەرچـی شانـشینی سـعوودیەو وولآتـانی دیکـەی عـەرەبی سەرچـاوەی پارمـەتی دانـی تیرۆرسـتانی ئیسلامی توونـدرەوی عـەرەبن بە پارەو کەل وپەل ... بەلأم بەرامبەر بە ئیسرائیلیش زیاتر لە نیوو سەدەیە هیچیان پێ نەکراوە لە هەرێم و ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٠ یەکەم فرۆکەی گەشتی ئاسمانی گواستنەوە لـە فرۆکەخانـەی هـامبۆرگی نێـوو دەوولـەتی ئـەلمانیا لـە فرۆکەخانـەی هـەولێری نێوودەوولـەتی لـە هـەرێمی باشووری کوردستان نیشتەوەو گەشـتەکانی بەردەوامـە لـە نێوان هەولێرو ئەلمانیادا .

٢٠٠٥/٩/٢٠ دەسـەلآتی کۆریـای باکوور بریـاری راگرتنی بەرهـەم هێنـانی چـەکی ئـەتۆمی راگەیانـد ، بەهەلووەشـاندەنوەی دروستکراوەکانی چەکی ئـەتۆمی بـە مـەرجێ



پەلاماری وولآتەکەی نەدرێت لە لایەن ئیدارەی ئەمەریکاو یارمـەتی بدرێت لـە نـەوت و پێداویستیەکانی کۆریا ، لـە هـەمان کات پێدانی پێویستەکانی شـلەی ئـەتۆمی ئاشـتی ، ئـەوەش چینی میللی رۆلـی هـەبوو لـە لایـەنگیری کۆریاو دلنیا کردنەوەی ئەمەریکا لە دوورگەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٠ لە کۆنگرەی دووەمـی نێوودەوولـەتی لە بارەی تورکیاو یەکیـەتی ئـەوروپاو کـورد – مـیگلان سـکۆبە –ی جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمانی ئـەوروپا لـە وتەکەیـدا رەخنـەی لـە رامیاریـەتی تورکیا گـرت ، کـە بەرامبـەر بـە کـورد لـە باکووری کوردستانو گەلانی دیکە لە تورکیا دەیکات.

٢٠٠٥/٩/٢٠ لە شاری خەرتومی پایتەختی سوودانو لە دوای زیاتر لە ٢١ سالێ لە شەرو پێکـدادانو وێرانکردنـی ژێرخـانی ئـابووریو لێکترازانـی پەیوەنـدی کۆمەلأیـەتیو رامیـاری نەتـەوەیی ، هەلـسان بـە راگەیانـدنی یەکـەم حکوومەتی نیشتیمانی لە دوای ئاشتبوونەوە لە نێوان دەسەلأتی ناوەندی سوودانو جوولانەوەی میللی لـە باشووری سوودان بەسەرکردایەتی جۆن گەرەنگ لە باشووردا.

تێبینی:- وێنەکان دانەنراون لەبەر دووبارە بوونەوەیاندا .

٢٠٠٥/٩/٢٢ فیستڤالی رۆشنبیری لە شاری دهۆك لە هەرێمی باشووری کوردستان گرێدرا ، بە ئامادەبوونی نوێەرایەتی کوردی هەر چوار پارچەو چەندی کەسایەتی دیکە لە رۆشنبیرانی ناوچەوهەرێمەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٣ لە ویلایەتی تکساسی ئەمەریکا تۆفانی ریتا رویدا ، کە لە کەنداوی مەکسیك رووەو شاری نیۆکیورنیز کردو بووە هۆی وێرانکردنی شارەکە ، بە هەموو خانوودامو دەزگاو پرۆژە کشتووکاڵی و کارگە پیشەسازییەکان ، کە بەر لەوە لە شاری پۆستن و دوایی لە باشووری تکسان لە شاری گارستن روویدا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٦ لە شاری عەمانی پایتەخی ئوردن کۆنفرانسی گەورە بە کۆمەڵەکان لە ئێراق و بە تایبەتی لە کوردستان دەستی پێکرد ، کە چەندین دەزگای ناوخۆیی کوردستان و دەزگاکانی ئێراق و وەزیری ماف مرۆڤی ئوردن و کەناڵە ئاسمانیەکانی دەزگا راگەیاندنەکانی نێوو دەووڵەتی و ناوخۆیش ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٦ دەزگای هەواڵگەری سەربازی سووریا لە شاری قامشلی رۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا -حەسەن سالمی- سکرتێری لێژنەی ناوەندی پارتی یەکیەتی کوردی دەستگیر کرد لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٦ راگەیاندنی دانانی چەکی هەمە جۆر لە لایەن سووپای ئێرلەندەی باکووری بەرهەڵستکاری بەریتانیا ، لە دوای دە ساڵ لە کێشەو ململانێ لە لایەن - جۆن رۆشن-سەرۆکی لێژنەی سەربازی لە سووپای لە ژێر دەسەڵاتی شانشینی بەریتانیا ئێرلەندە .

٢٠٠٥/٩/٢٦ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هۆڵەندا پارتی راسترەو سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەرامبەر چەپرەواکانی دەسەڵاتدار.

٢٠٠٥/٩/٢٦ سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئۆردۆگان چاوپێکەوتنی لە گەڵ رۆشنبیران و نووسەران ئەنجامدا ، لە سەر رەوشی تورکیا بە تایبەتی باری کورد لە باکووری کوردستان لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا .

٢٠٠٥/٩/٢٧ سەرۆکی رووسیای یەکگرتوو - فلادیمر پوتن - لە راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی رایگەیاند ، کە پەرەسەندنی رژێمی مووشەکی بێ وێنە دەکات و گرنگی بە هێزی سەربازی دەدات لە هەموو بوارەکانی چەك و تەقەمەنی ، ئەمەش لە پێناو دووبارە هاتنەوە سەر گۆرەپانی نێوو

دەوولەتی لەجیهاندا .

٢٠٠٥/٩/٢٩ كەرتی دەزگای سینەمای هۆلەندی گەورەترین و گرینگرتین دەرهێنەری خۆی لە دەست دا ، بە كوچی دوایی - پەك هایزن - كە رۆلی گرنگی هەبوو لە بواری دەرهێنەری فلیمی سینەمایی جۆراو جۆرەكان لەوولاتەكەو جیهاندا.

٢٠٠٥/٩/٢٩ حكوومەتی بەلژیكا بریاری دەستگیركردنی سەرەك كۆماری پێشووی تشاد - حوسین صبری - دەركرد ... بەوەشی تاوانبار كرد ، كە لە ماوەی دەسەلاتی حوسین سەبری لە نێوان سالەكانی ١٩٨٢ - ١٩٩٠ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی كردووە بە كووشتن و ئەشكەنجەدان وزیندانی كردن لە ولاتەكەدا .

جێگەی باسكردنە كە ئەمەریكا لە ١٩٨٢/٦/٧ زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلاری خەرج كرد ، لە پێناو هێنانە سەر دەسەلاتی حوسین صبری بەرەو دكتاتۆریە هەنگاوبنێ بە پشتیووانی ئەمەریكا . كە حوسین صبری لە دەسەلات بەردەوام بوو تاكوو لەلایەن سەرۆكی تشاد - ئیدریس دبی - لە دەسەلات لادرا ... هەروا رێكخراوەكانی ماف مرۆڤ لەجیهان حوسین صبریان تاوانباركرد كە زیاتر لە ٤٠ هەزار مرۆڤی لەژێر ئازار و ئەشكەنجە و زیندانەكاندا كووشتتووە ، هەروا بەلژیكا داوای ئەوەی كرد كە حوسین صبری بدرێتە دەست بۆ دادگایی كردنی لە وولاتی بەلژیكا .

٢٠٠٥/٩/٢٩ لە مێژووی كورد بۆ یەكەم جار تیپی وەرزشی كوردستان لە باشووری كوردستانی لكێندراو بە ئێراق ، شاندێكی وەرزشی لە سەر داوای كۆریای باشوور بەرەو ئەو وولاتە بەرێ كەوت ، بە مەبەستی ئەنجامدانی یاریەكانی وەرزشی دیاریكراوو هەمە جۆر بۆ ماوەی دە رۆژ لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٥/٩/٢٩ پێــک هاتــەی گــەلانی کۆمـاری جـەزائیر بـەرەو سـندوقەکانی دەنگـدان بەرێکـەوتن ، لـە پێنـاو سەرخـستنی بەڵگـەی ئاشـــتی و ئاشـــت

بوونـەوەی نیـشتیمانی ، بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشە هەمەلایەنـەکان بـە – میساق ئەلسلم ومسالحەی وەتـەنی – و راپرسیەکە سـەرکەوتنی بە دەست هێنا لە ناو کێشەی هەمەلایەنەکان لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٥/٩/٣٠ چەند وێنەیەکی کاریکاتێری کە سووکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام دەکات ، لە چاپە مەنیـەکی دانیمارکیدا بە نـاوی – Jyllahda Posiens – یولانـدس پۆستن ، دەرکەوت و دوایی دوو هەفتە لەچاپەمەنیەکی دیکەی دانیمارکی بڵاو کرایەوەو ئەم وێنانە وەك تۆپە بەفر غلۆل بوونەوە بۆ وڵاتی ، نەرویژو ، فەرەنساو ، ئەڵمانیا وئیسپانیاو ، سویسرا و ، ئیتالیا و ، بەلژیکا و، ، نەمسا و ، نیوزلەنداو ، دوایی بووە هۆکاری نارەزایی وڵاتـانی ئیسلامی ، بە تایبەتی عەرەب لە سەرەتای ساڵی /٢٠٠٦ لە جیهاندا .

٢٠٠٥/١٠/١ لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو دەسەڵاتی کوردی بۆ یەکەم جـار نەتـەوە یـەککرتووەکان بەروون و ئاشـکراو راسـتەخۆ مامەڵـەی لـە گـەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/١٠/٢ کۆبوونەوەی پارێزگاری دیاربەکر لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسـەڵاتی تورکیا ، لـە پێنـاو بـەرەو بە ئەندام بـوونی تورکیـا لـە یـەکێتی ئەوروپا .

٢٠٠٥/١٠/٢ بەرپابوونی خۆپیشاندان و شـەڕو پێك دادان لـە نێوان هێـزی ئـەمنی رژێمـی ئەسـیوبیاو بەرهەڵـستکاران ، بـە هـۆی نارەزاییـان لـە بـاری چـۆنیەتی هەڵبژاردنەکانی زیناوی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەسیوبیا بۆ جاری دووەم و بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە ، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠ هاووڵاتی و بەردەوام بوونی شەڕو پێکدادانە ، کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك لـە وڵاتەکـەدا

٢٠٠٥/١٠/٣ لـە دوای گفتووگـۆی چڕی نێـوان یەكیـەتی ئـەوروپاو ڕژێمـی توركیـا ، یەكیەتی ئەوروپا ڕەزامەندی كرد لە سەر دەستپێكردنی گفتوو گۆی لە گەڵ توركیا ، لـە پێنـاو ئـەوەی كـە توركیا بچێتە ڕیـزی یەكیـەتی ئـەوروپا ، لـە دوای جێ بەجێكردنی ئەو مەرجانەی كە بۆ ڕژێمی توركیا دەست نیشان كرا ، بە چارەسەركردنی كێشە ناوخۆیەكانی توركیا بە تایبەتی كێشەی كورد لە باكووری كوردستان .

٢٠٠٥/١٠/٣ ڕۆژ گیران لـە سـەر وولاتـی توونس و دەووروبەری دەستی پێكرد ، كە لە ٩٠٪ی بـەرمانگ كـەوت ، كـە كەتۆتـە نێـوان ڕۆژو زەوی لـە ناوچـەكەو كێشووەركەدا .

٢٠٠٥/١٠/٤ ڕێكخـراوی نەتەوەیـەكگرتووەكان ڕەخنـەی توونـدی ئاراسـتەی كۆمەڵـەی نـشتیمانی ئێـراق كـرد ، بـە دەسـتكاری كردنـی لـە چـەند بڕگەیـەكی دەستووری ، بە تایبەتی لە بڕگەی /٦١ ی تایبەت بە یاسای ڕاپرسی ، كە ئەم دەستكاریانەش لە بەرژەوەندی گەلانی ئێراق نیەو لە بەرژەوەندی چەند كەسـایەتی و خواسـتی تایبەتیانەیـە ، كـە بـووە هـۆی نـارەزایی چـەند لایـەنێكی نەتـەوەیی و رامیـاری ، بـە تایبـەتی لایـەنی كـوردی ... شایانی ئامـاژە پێكردنە كـە دوای ڕۆژێـك كۆمەڵـەی نیشتیمانی ئێـراق لـە یاسـای هەلبژاردن پاشگەزبووەوە.

٢٠٠٥/١٠/٨ گـەورەترین گومەلـەرزەی زەوی ڕوویـدا بـە ڕێـژەی ٧,٦ پلـە بـە پێـی دیـاریكردنی پێـوەری ڕێختـەر لـە كـەشمیرو هندسـتان ، بـەلام كارەسـاتی گەورە لـە پاكـستان بـوو ، كـە بـووە هـۆی كوشـتنی زیـاتر لـە ٩٠ هـەزار هاولاتی و دەربەدەر بوونی ملیۆنەها كەس و وێران بوونی ژێرخـانی تـەواوی ناوچەكەو كاردانەوەی لە سەرباری هەرێمەكەدا .

٢٠٠٥/١٠/٩ زیـاتر لـە ٣٠ ملیـۆن دەنگـدەر بەشـداری هەڵبژاردنـەكانی سـەرۆكایەتی پۆڵەنـدای كـرد بـۆ دەسـت نیـشان كردنـی سـەرۆكی نـوێی وولاتەكـە ، كـە ئەویش دۆناڵد تۆسك ، بوو كە ٤٨ كۆرسی لە پەرلـەمان بە دەست هێنا لە جیـاتی ئەلكسەندەر كفاجینیفسكی ، كـە بـۆ خـوولی دووەم ئەنجامەكـەی دیار دەكرێت ، كە لە ٢٠٠٥/١٠/٢٣ ئەنجام دەدرێت لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٥/١٠/١٥ گەلانی ئێراق روویان کردە سندوقەکانی دەنگدان بۆ پەسەند کردنی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، کە بە بەڵێ یان نا ئەنجامدرا ، کە زیاتر لە ٦٣ ٪ . دەنگی پێدرا ، لە لایەن گەلی ئێراق بە تایبەتی لە باکوورو باشووری ئێراقی نوێی دوای رووخاندنی رژێمی سەدام ، رەشنووسەکە پەسەندکراو بووە دەستووری هەمیشەیی گەلانی ئێراقی یەکگرتووی فیدراڵی فرە لایەنی دیموکراتی لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/١٠/١٧ دوای زیاتر لە دوانزە ساڵ لە ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ بارزانی و دۆزینەوەی گۆرە بە کۆمەڵەکەیان و هێنانەوەیان بۆ خاکی کوردستان لە رێورەسمێکدا ٥١٢ تەرمی بارزانی لە خاکی کوردستان بە خاك سپێردران لە دەڤەری بارزان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/١٠/١٨ جەماوەری شارۆچکەی ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆك خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان ئەنجامدا دژی گەندەڵی ئیدارەو جێبەجێنەکردنی خواستەکانی ، کە لە ئەنجام بووە هۆی شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و جەماوەر لە ئەنجام دوو بەنزینخانەو چەندین تانکەری تورکی سووتێندران .

٢٠٠٥/١٠/١٩ دەست پێکردنی دادگایی کردنی سەدام و دارو دەستەکەی بە شێوەیەکی رەسمی، کە بووە هۆی دڵخۆشکەری دوژمنانی سەدام و دڵگیری لایەنگرانی سەدام و رژێمەکەی و ... نەخشە لە هەموو سەرکردەیەك بێ کە هاوبیری سەدام دەکەن ، کار بەرامبەر گەلەکەیان و وێرانکردنی نیشتیمانەکەیان ئەنجام دەدەن.

٢٠٠٥/١٠/٢٠ لە سەردانێکی ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی عەمروو موسا گەیشتە شاری بەغدا ، لە پێناو بەشداری کردنی لە کۆنگەری نیشتیمانی لە پێناوی ئاشتبوونەوەی چەند لایەنێك لە پێك هاتەی ئێراق ، نیازو خواستی عەمرۆ

مۆسا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراقەو ناسنامەی ئێراق... چونکە عەرەب داگیرکردن و بە عەرەبکردن بەهیمای ئازایەتی و پیاوەتی دەزانیٚ ، لە دوای دەرچوونیان لە باری حوشترە وانی و بە هەمان عەقلیەت بیردەکەنەوە لە وولاتانی دیکەی جیهان .

٢٠٠٥/١٠/٢٢ سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەکیدا جیاکردنەوەی خۆی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان راگەیاند بۆ چونە ناو هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئێراقی فیدراڵ لە ١٢/١٥و کاردانەوەی ناهەمواری کردە سەر باری کوردو داهاتووی بڕیاری کوردو یەك هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد ، کە لەو کاتە تەمەنی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ١٠ ساڵ تێنەدەپەڕی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/١٠/٢٢ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردو ئێراق و کۆمکاری عەرەبی ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی عەمرۆ مۆسا گەیشتە باشووری کوردستان و لە شاری هەولێر لە لایەن بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و بەڕێز مەسعوود بارزانی پێشوازی لێکراو بیروو بۆچوونی جیاواز ئاڵو گۆڕ کرا ، لە بارەی باری بارودۆخی ئێراق و کوردو داهاتووی ئێراقێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندای دیموکراتی ، لە هەمان کات لەگەڵ شاندنی یاوەری بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانی کرد لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/١٠/٢٥ بۆیەکەم جار لەمێـژووی کـــوردو حکوومـــەتی ئەمەریکاو لـە سـەر داوای حکوومـــەتی ئەمـــەریکا ســـــەرۆکی هـــــەرێمی باشـــووری کوردســـتان مەســـعوود بـــارزانی و شـــــاندێکی یــــاوەری گەیشتنە ئەمەریکاو لـە واشنتون لـە گـەڵ سـەرۆکی ئەمـەریکا جۆرج بۆش چاویان بە یەك کەوت و بیووربۆچوونی خۆیـان ئاڵو گۆڕکرد ، لـە بارەی کوردستان و ئێراق ، لە هەموو بوارە جیا جیاکان و داهاتووی ئێراقی نـوێ ، کـە بـەرێز مەسـعوود بـارزانی بـەجلی کـوردەواری و بـە زمـانی کـوردی چاوپێکەوتنەکەی بەرێوەبرد لە کۆشکی سپی لە ئەمەریکا .

٢٠٠٥/١٠ ٢٥ ئەنجوومـەنی ئاسایشی نێوودەوڵـەتی راپـۆرتی میلیسی هەڵسـەنگاند بـە تاوانبار کردنی رژێمی بەعسی لە سووریا و لە لایەنگرەکانی لە لوبنان . بە هۆی تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق حـەریری و بـوارە جیا جیاکانی دیکە ، بە تایبەتی سەربازی و سیخووری ، کە رژێمی بەعسی لـە سووریا لـە نێـوو رامیاریـەتی رۆژئاوا بـە رژێمێکـی تیرۆریسـت لـە قەڵـەم دراوە لە جیهاندا .

٢٠٠٥ ١٠/٢٦ وەزیـری دەرەوەی تورکیـا عەبـدوللا گـوڵ دڵگرانـی سـەردانەکەی سـەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستانی بۆ ئەمەریکا راگەیانـدو بـووە هـۆی ئـەوەی ، کـە باگهێـشتی جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا – مـارك بنـك – لـە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لـە ئەنکەری پایتـەخت بکـات بـە دەربڕینـی نـارەزایی دژی ئەو سەردانەو دابەزاندنی ئالای کوردستان لە بارگـەی ئیبراهیم خـەلیل ، بـەلام هەوڵـەکانی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا پوچـەڵ کرایـەوە لـە سـەر شەقامی تورکیا.

٢٠٠٥/١٠/٢٧ دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر لە پێناو هەڵدانی مانگێکی دەستکرد لەلایەن ئێران بەیارمەتی ڕووسیای یەکگرتوو ... لە ئەنجام ئێران توونی یەکەم مانگی دەستکرد بەناوی – سینا/ ١ – بەرەو بۆشایی ئاسمان هەڵبدا لە سەر پشتی مووشەکی کۆزمۆس /٣ ئێم – ی ڕووسی ... ئەم مانگە دەستکردە کۆی خەرجی ١٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بووە ... ئەویش بۆ چاودێری کارەساتە سرۆشتیەکان .

جێگەی باسکردنە کە ئەو مانگە دەستکردە لەلایەن کۆمپانیای – بۆلیووت – ی ڕووسی لە شاری – ئۆمسك – لە ناوچەی سیبیریا ، کە بارەگاکەی لەوێ بە ئەنجامگەیاندراوە ... هەروا ئێرانیش چووە ناو یانەی گەردوونی ، کە ئێران بووە ٤٣ یەمین وڵات کە مانگی دەستکردی هەبێ .

هەر بەم بۆنەیەش وەزیری بەرگری ئێران بوونی پرۆگرامی ئەتۆمی لە وڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٩٨ ە وە ڕاگەیاند بەرامبەر بە وڵاتانی جیهان ... کە ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی کاریگەر لە سەر پەیووەندیەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان بەتایبەتی لە گەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا .

٢٨ /١٠/٢٠٠٥ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا خۆپیشاندانو شەڕ بەرپابوو بە تایبەتی لە باکووری شاری پاریس ، بە هۆی کوشتنی گەنجێکی عەربی توندڕەو ، کە بووە هۆی کێشە لە نێوان سەرۆکی حکوومەتو وەزیری ناوخۆی فەرەنسا ، لە دوو بیروبۆچوونی جیاواز، کە گەنجە عەرەبەکان دانیشتووی فەرنسا ئەنجامیاندا ، کە زیاتر لە ١٧ ڕۆژ ئەو کارە بەردەوام بوو ، کە بووە هۆی سووتاندنی هەزاران ئۆتۆمبیلو دوکانو دامو دەزگای خزمەتگوزاری لە شاری پاریس فەڕەنسا.

٢٠٠٥/١٠.٢٩ وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانیا یۆشکا فیشەر پێنجەم ژنی گواستەوە . کە کچێکی ئیرانی بووە بە ناوی – لارا – ئەویش لە ڕۆمای پایتەختی

ئیتاڵیاو له هەمان كات راوێژكاری وڵاتەكەی شرۆیدەر چوار ژنی هێناوه له ژیانیدا .

٢٠٠٥/١٠/٣١ تا ئەو مێژووه ژمارەی هەتیووەكانی ئەسیوبیا گەیشته ٤,٥ میلۆن مرۆڤ ، بـه هـۆی كێشەو ململانـێو برسیەتیو وشكانیو جـێ بـەجێ نـەكردنی مافـەكانی مـرۆڤ ، بەرامبـەر بـه گـەلانی وڵاتەكـه لـه لایـەن دەسـەڵاتداره كۆنەپەرستەكان .

٢٠٠٥/١٠/٣١ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارەی/ ١٦٣٦ی دەركرد ، بـه مامەلـه كردنـی لـه گـەڵ رژێمـی بەعسی لـه سـووریا لـه گـەڵ دەسـتەی لێكۆڵینـەوەی میلیس ، لـه بـارەی تیرۆركردنـی سـەرەك وزیرانـی پێـشووی لوبنان رەفیق حەریریو چەندین بواری دیكه لەدەرەوەوناوەوەی سووریا .

٢٠٠٥/١٠/٣١ لـه سـەر داوەتـی حكوومـەتی بـەریتانیا ، سـەرۆكی هـەرێمی باشـووری كوردستان بەرێز مەسعوود بارزانیو شانده یاوەرەكەی گەیشتنه لەندەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، لـه دوای گفتووگـۆی نێـوان شـاندی هـەرێمی كوردسـتانو سـەركردایەتی سـەرۆكی هـەرێمو سـەرەك وەزیرانـی بـەریتانیا تۆنی بلێر ، كۆنگـەرەی رۆژنامـەوانی هاوبەشیان ئەنجامدا لـه بارەی باری ئێـراقو كوردسـتانو داهـاتووی ناوچـەكەو هەرێمەكـه لـه باشـووری كوردستان ئێراقی فیدراڵو پەیوەندی نێوان كوردو ئەمەریكاو بەریتانیا له داهاتووی جیهان .

٢٠٠٥/١١/١ بۆیەكەم جار له مێژووی باشووری كوردستانو پارێزگای سلێمانی له دوای تـەواو بـوونی فرۆكەخانـەی سـلێمانی نێودەوڵـەتی ، گەشـتی ئاسـمانی فرۆكـه دەسـتی پێكـرد ، بۆ سـلێمانیو بـۆ دەرەوەی سـلێمانی لـه هـەرێمی باشووری كوردستان .

٢٠٠٥/١١/٤ سەرەك كۆماری پیرۆ – ئەلیخانـدرۆ تۆلیـدۆ – یاسـای گەراندنـەوەی سـنووری دەریـایی لەگەڵ تشیلی مۆركرد ... كـه ئەمـەش بـووه

هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی و کێشە لەنێوان هەردوو وولاتی دراوسێدا ...
بەر لەوەش لە ۱۱/۳ پەرلەمانی پیرۆ بڕیاریدا بە خاوەنداریەتی ۳۸ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ئاوی راووکردنی ماسی لە زەریای هێمن ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تشیلی دەسەڵاتی تەوواوی لە رووبەرە ئاویەکەدا هەیە بۆ راووکردنی ماسی لە زەریایەکەدا .
رێکەووتنەکانی نێوو دەوولەتی ناوزەند کرد ، کە لە ساڵەکانی ۱۹۵۰ ی سەردەی بیستەم مۆرکراوە ، لەم بارەیەوە لە جیهان و ناوچەکان و هەرێمەکاندا ... هەر بەم بۆنەش حکوومەتی تشیلی شاڵاوێکی بەرفرەوانی راگەیاندنی دژ بەو یاسایە دەست پێکرد ... هەر لەو کاتەدا هەندێ لە پەرلەمانتارانی پیرۆ رایانگەیاند . کە ئەو یاسایە ماوەی گفتووگۆ خۆشدەکات لەسەر سنووری دەریایی نوێ ... هەر دوای دەرکردنی یاساکە سەرۆکی تشیلی – ریکاردۆ لاگوس – لە راگەیاندنێکیدا گووتی :– ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر کارەکانمان وبە سەر بەخۆیمان لەسەر ئەو ناوچەیە لەزەریای هێمندا
جێگەی باسکردنە کە هەردوو وولاتی پیرۆ و تشیلی کێشەی دووروو درێژیان هەیە بەر لە سەردەی نۆزدەم تاکوو ئێستاش ، کە تشیلی چەندین شەڕی کردووە دژی پیرۆ و پۆلیڤیا لە نێوان ساڵەکانی ۱۸۷۹ – ۱۸۸۳ لە پێناو بەدەست هێنانی رووبەرێك لە زەریای هێمن بە وەرگرتنی لە پیرۆ و پۆلیڤیا لە هەرێمەکەدا

۲۰۰۵/۱۱/٦ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئازربایجان ئەنجامدرا ، لە نێوان پارتی دەسەڵاتدارو بەرهەڵستکاران ، لە ئەنجام پارتی دەسەڵاتدار توانی زۆرینەی کورسیەکان بە دەست بهێنێ و بووە هۆی دەربرینی نارەزایی لە لایەن بەرهەڵستکاران و بەرپابوونی گەوورترین رێپێوان و خۆپیشاندان دژی پارتی دەسەڵاتدار ، ب ەناوی ئەوی کە تەزویریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان کردووە لە وولاتەکەدا .

۲۰۰۵/۱۱/۷ سەرەك کۆماری ئێراق مام جەلال تاڵەبانی گەیشتە شاری رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا ، لە سەردانێکی فەرمی بە چاوپێکەوتن و دیدارو رۆژنامەوانی ئەنجامدان ، لە بوارە جیا جیاکان لە بارەی باری ئێراق و ناوچەو جیهان ، کە کاردانەوەی گرنگی هەبوو بۆ داهاتووی ئێراق و بە تایبەتی کورد لە

کوردســتان بــه تایبــەتی لــه باشــووری کوردســتان لــه هــەمان کــات لــه سەردانەکەی چاوی کەوت بە پاپای فاتیکان لە بارەگای فاتیکان لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا.

٢٠٠٥/١١/٩ بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وڵاتی میسر ئەنجامدرا لە نێوان پارتی نیشتیمان و دیموکراتی دەسەڵاتدارو پارتە بەرهەڵستکارەکانی وەك ، پارتی غەدو ، پارتی ئیخوان مسلمین و ، بەرەی دیموکراتی لە وڵاتەکەدا .



٢٠٠٥/١١/٩ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جاك سترۆ لــه چــاوپێکەوتنی لــه گــەڵ کــەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە ، لە پرۆگرامی – لقاءالیوم – و لە ناوەندی ووتەکانی گــووتی:- شــتێك نیــه بــه نــاوی کوردستان و ماوە بە دەووڵەتی کوردی نادرێت ، کە پێی بڵێن کوردستان ، چونکە کار لە بارودۆخی ، ئێران و ، تورکیاو، سووریا دەکات ، لە لهەرێمەکان و ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/١١/٩ لە عەمانی پایتەختی ئوردن سیٚ تەقینەوە ئەنجامدرا لە لایــــەن ئیــــسلامیە توونــدرەوەکان ، کــه بــووه هۆی شەهید کردنی زیاتر لە ٦٠ هــاووڵاتی و زامــدار بــوونی زیــاتر لــه ٧٥ هاووڵاتی ، کە یەکەم جارە لە مێژووی ئوردن بەو شێوەیە تەقینەوە ئەنجام بدرێت ، کە لە کاتی ئاهەنگی بووك گواستنەوەش بوو ، لە هوتێلێکی گەشتیاری لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن .

٢٠٠٥/١١/١٠ لە دوای سەردانەکەی سەرەك کۆماری ئێراق مام جەلال سەردانی پاپای فاتیکانی کرد ، یەکەم وەك سەرەك کۆماری ئێراق و، دووەم وەك سەرکردەی کوردێکی تێکۆشەر ، رۆڵی گرنگی هەبووە لە کاردانەوەی بۆ سەر ناوچەو هەرێم و جیهان ، بە تایبەتی برامەسیحیەکان ، کە کورد بە دۆستی

راستەقینەی خۆیان دەزانن .

٢٠٠٥/١١/١١ لە دوای بەخشینی خەلاتی ئاشتی بە رۆمان نووسی توركی – ئۆرهان یاموك – لە لایەن حكوومەتی ئەلمانیا ، لە سەر تاسەری جیهان دەنگی دایەوە نەك لە بەر ئەوەی خەلاتەكەی پێ بەخشرا ، بەلكو لە بەر ئەوە بوو كە حكوومەتی توركیای تاوانبار كردبوو بە لەناو بردنی زیاتر لە ١,٥ ملیۆن ئەرمەن و زیاتر لە ٣٠ هەزار كورد ، كە بەو هۆیە ئەو رۆمان نووسە درایە داگا شۆڤینیەكەی توركیا .

٢٠٠٥/١١/١١ كۆچی دوایی دەرهێنەری سینەمایی و ناوداری جیهانی مستەفا حەقاد ، كە لە دایك بووی شاری حەلەبی سووری و دەرهێنەری فلیمی سەركردەی كوردی موسلمان سەلاحەدین ئەیوبی بوو ، بە هۆی تەقینەوەكەی شاری عەمانی پایتەختی ئوردن ، كە ئەم هونەرمەندەو دەرهێنەرە كوردە لە رۆژئاوای كوردستانی لكێنراو بە سووریا چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە شارەكەدا .

٢٠٠٥/١١/١١ وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا كۆندالیزا رایس گەیتشە ئێراق و دوایی سەردانی پارێزگای مووسلی كرد ، بە هۆی گیروگرفتی ئێراق و كونگەری قاهیرەی پایتەختی میسر ، لە نێوان پێك هاتەكانی گەلانی ئێراق و بە بەشداری دراوسێكانی ئێراق و نەتەوە یەكگرتووەكان و بە تایبەتی یەكیەتی ئەوروپا .

٢٠٠٥/١١/١٢ ئەمیندداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان كۆفی ئەنان لە سەردانێكی ناكاو گەیشتە شاری بەغداو لە گەل سەرەك وەزیران ئیبراهیم جەعفەری كۆبووەو لە بارەی بارودۆخی ئێراق و هەلبژاردن و كۆنگەری قاهیرەی نێوان پێكهاتەكانی ئێراق ، لە پێناو ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی ، كە دراوسێكانی ئێراق و نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا بەشداریان لە كۆنگرەكە كرد .

٢٠٠٥/١١/١٣ زیاتر لە ١٠٠٠٠ هەزار هاوولاتی کورد لە پارێزگای دیار بەکری باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجامدا ، بەهۆی توندو تیژی لە شارۆچکەی شەمزینانی سەر سنووری باشووری کوردستانی ئێستا ، کە بووە هۆی شەهید بوونی دووهاوولاتی کورد ، لە لایەن جەندرمەکانی رژێمی تورك ، کە بەر لە دوو رۆژ بەردەوام بوونی لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان ، بە کاردانەوەی لە سەر دەسەلاتی تورکیاو بەرزبوونەوەی کێشەکە بەرەو ئاستێکی راشکاوانەی نێوو دەسەلاتی تورکیا .

٢٠٠٥/١١/١٤ حکوومەتی فەرەنسا ماوەی یاسایی فریاکەوتنی بۆ ماوەی سێ مانگ درێژ کردەوە ، بە هۆی کارە تێکدرەکان لە فەرەنسا ، لە باکووری شاری پاریس ، کە زیاتر لە ١٨ رۆژ بەردەوام بوو، کە بووە هۆی سووتاندنی بە هەزاران ئۆتۆمبیل‌و سووتاندنی چەندین دام‌و دەزگای خزمەت گوزاری‌و بازاری بازرگانی‌و شێواندنی بارودۆخی فەرەنساو ناهەمواری ، کە لە لایەن ئاوارە عەرەبە ئیسلامیەکان ئەنجامدرا بوو سەرەرای خزمەکردنیان‌و یارمەتی دانیان لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٥/١١/١٤ لە دوای سەردانەکەی بۆ ئتالیا سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان بەرێز مەسعوود بارزانی ، لە لایەن پاپا – بیندکتی شازدەهەمی– پاپای فاتیکان لە شاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا پێشوازی لێکرا وەك سەرکردیەکی کورد لەو وولاتەدا .

٢٠٠٥/١١/١٥ هێزەکانی سووپای ئەمەریکاو ئیدارەی جۆرج بۆش دانیان نا بەوەی کە مادەی کیمیاوی سپیان لە هێرشەکانیان بۆ سەر شاری فەلوجەو قائم بەکارهێناوە ، بە ناوی جەنگی دژ بە تیرۆر ، کە بە پێی یاسای نێوودەوولەتی قەدەخەکراو نیە .

٢٠٠٥/١١/١٥ لە پارێزگای تەرابلسی لوبنان دەستەی بەرگری کردن لە هێزە تیرۆرستەکانی ئێراق ، بە ناوە جۆراو جۆرەکان بە ناوی– مقاومەی ئێراق

– کە زۆربەی ئەو دەستەیە لە پیاوە ئایینیەکانو سەربەخۆی شاری تەرابلۆس پێك هاتبوون ، بە ناو بەرگری کردن لە ئێراقی عەرەبی ، کەچی لەو کاتەی عەرەبی ئێراقی بە پێی کەمە نەتەواتیەکانی نەتەوەی کەمیینەنو ، هەروەها لە سووریاو ، لوبنان چەندین نەتەوەی جیا جیا پێك هاتوون ، لەوانە نەتەوەی کورد لە ناو خاکی داگیرکراویدا .

٢٠٠٥/١١/١٥ بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا ئیگۆر ئیڤانۆڤ سوورانەوەیەکی بە ئێرانو ، ئێراقو ، سووریاو، تورکیا دەست پێکرد ، لە پێناو، یەکەم پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ڕووسیاو ، دووەم کەم کردنەوەی ئەو گیرو گرفتانەی لە ناوچەکە بەرزبۆتەوە لە بارەی باری ئێراقو ، ئێرانو ، سووریاو ، لوبنان لە چەندان لایەنی رامیاریو سەربازیو ئابووریو پەیوەندی نێودەوڵەتی ، بە تایبەتی لە نێوان ئەو وولاتانەو ڕووسیاو جیهانو بەرگری کردن لە نەگۆڕینی نەخشەی ناوچەکە ، لە رامیارییەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەووەرەو ئەفەریکیا .

٢٠٠٥/١١/١٥ کۆنگەری لوتکەی زانیاریەکانی ئەنتەرنێت لە شاری توونسی پایتەختی توونس گرێدرا ، بە ئامادە بوونی کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانو نوێنەری ١٧٠ وولات لە جیهان ، لە پێناو بە ئازادکردنو سەربەخۆیی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت ، بە تایبەتی لە وولاتانی عەرەبی بە هۆی دوا کەوتوییان .

٢٠٠٥/١١/١٦ شانشینی مەغریب محەمەدی شەشەم لێبوردنی گشتی بۆ ١٠ هەزار زیندانی راگەیاند ، بە بۆنەی راگەیاندنی سەربەخۆیی مەغریب بە ئازادکردنی ٥٠٠٠ هەزار کەسو کەم کردنەوەی ماوەی بەندکردنی ٥٠٠٠ بەندکراوی دیکە ، لە دوای شەش ساڵ لە دەسەڵاتەکەیدا .

٢٠٠٥/١١/١٦ گۆرانی بێژی بە ناوبانگی باکووری کوردستان و تورکیا و جیهان – ئیبراهیم تاتلی ساز– بۆ یەکەم جار گەیشتە شاری هەولێر ، بۆ پێشکەش کردنی چەند کۆنسێرتێکی گۆرانی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکانی سەر کەوتوو نەبوو لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٥/١١/١٦ سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئۆردۆگان لە پرۆگرامی تەلەفزیۆنی

جەزیرە – بلا حدود – لە دوای ووتە پڕشنگدارەکانی لە سەر تورکیاو دراوسێکانی و پەیوەندی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوودەووڵەتی و ماف و مافی مرۆڤو یەکسانی و دادپەروەری گووتی:–

ماوە نادەین ، باری دیموگرافی کەرکوك بگۆڕدرێ و ماوە بە دابەشکردنی ئێراق نادەین ، کەچی زیاتر لە ۲۰٫۰۰۰٫۰۰۰ ملیۆن کوردو زیاتر لە ۲۱۲ هەزار کلیۆمەتر چوارگۆشەی لە خاکی کوردستانیان داگیرکردووەو بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی لە گەڵ دەکەن لە سەر خاکی خۆیان ، ئەمە ئیسلام و پارتی ئیسلامییە لە رەفتارو کردەوکانی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ماف پێدانی نەتەوەو خاکە داگیرکراوەکانی باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتی رژێمی تورکیا .

٢٠٠٥/١١/١٨ دوو تیرۆرستی دژ بە مرۆڤایەتی لە عەرەبی سووننەکانی بەعس و سوونە ئیسلامەیەکان لە کاتی نوێژی هەینی نیوەڕۆ خۆیان لە دوو مزگەوت تەقاندەوە لە شاری خانەقین لە باشووری کوردستان ، کە بووە هۆی شەهید بوونی ٨٥ هاووڵاتی و زامداربوونی زیاتر لە ٢٠٠ هاووڵاتی ، کە زۆرەبەی هەرەزۆریان کورد بوون لە شارەکەدا .

٢٠٠٥/١١/١٨ جێگری سەرەك کۆمارەی پێشووی میسر جەمال عەبدول ناسرو ئەنورسادات – حسن شافعی– کۆچی دوایی کرد ، کە یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕەکانی شۆرشی/ ١٩٥٢ و یەکێك بوو لە ئەفسەر ئازادەکان و هاوڕێ و سەرۆکی مێژوویی پارتی کۆمکاری چەپی میسر خالد محی الدین بوو لە وڵاتەکەدا.

٢٠٠٥/١١/٢٢ سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسحی– ئەنگیلا میرکل– کە ئافرەتێکی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو بوو ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەڵمانیا ئافرەتێك خۆی بخاتە ناو مێژوو بۆ پۆستی راوێژکاری ئەڵمانیا لە دوای

سەركەوتنی لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی ئەڵمانیا بە سەركەوتنی بە سەر راوێژكاری پێشوو ئەڵمانیای یەكگرتوو گریهایدەر شرۆیدەر لە وڵاتەكەدا

.

٢٠٠٥/١١/٢٩ هـــەردوو ســـەرەك كۆمـــاری فنـــزویللا – هۆگـــۆ شـــافیز – و نووێنـەری سەرۆكی ئەسپانیا – وەزیـــری بـەرگری ئەســپانیا – خۆسیەبوونوو – لە ئاهـەنگێكی قەشـەنگدا رێكـەووتنی هاوكاری سەربازیان مـۆركرد بەبری یـەك ملیار دۆلارلە نێوانیاندا .

جێگـەی باسـكردنە كـە بـە پێـی رێكەووتنەكـە ئەسـپانیا هەڵدەسـتێ بـە فرۆشتنی /٨ كەشتی جەنگی لەگـەڵ ١٢ فرۆكـەی گوواسـتنەوەی سـەربازی بـۆ فنـزویللا ... سـەرەرای ئـەوەی كـە ئیدارەی ئەمـەریكا هەوڵیـدا كۆسـپ بخاتـە پـێش ئـەو رێكەووتنـە بـە بیـانووی ئـەوەی كـە رژێمـی فنـزویللا بـە سەركردایەتی شافیز هەرەشەی تێك چوونی باری ئاشتی لەناوچەكە دەكات

.

بـەڵام هەوڵـەكانی ئیـدارەی سـەرۆكی ئەمـەریكا جـۆرج بـۆش سـەركەوتوو نەبوو لە نێوان هەردوو وڵاتدا .

هــەر لــەو كاتەشــدا بـاڵوێزی ئەمــەریكا لـە شـاری مەدریـدی پایتــەختی ئەسپانیا – ئەدوار ئەگیری – داوای لە ئەسپانیا كرد , كە ئەو رێكەووتنە هەڵبووەشتێنێتەوە ... كە ئەسپانیا هێزەكانی سووپای وڵاتەكەی بە چەك و تەقەمـەنی ئەمـەریكا بەهێزدەكات و مۆڵەتی بە ئەسپانیا نەداوە چەك بە هیچ وڵاتێك بفرۆشێت .

سـەرەرای ئـەوەی كـە ئەسـپانیا سـەربەخۆیە لـە بریـاردان لـە كاروبـاری وڵاتەكــەی لەهــەموو بــوارە جیاجیاكــان ... بــەر لــەوەش حكوومــەتی فـەنزویللا چەكی سـەربازی و فرۆكـەی لـە بـەرازیل و رووسیا كریبوو ، كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە پەیووەندیەكانی نێوان ئەمەریكا و فـەنزویللا

بەرەو ئالۆزی و دژایەتی کردنی یەکتری هەنگاودەنێ لە کێشووەرەکاندا

٢٠٠٥/١١/٢٩ یەکەم بیری نەوت لە شارۆچکەی زاخۆ هەڵکەندرا لە لایەن کۆمپانیای نەرویژی و چینی، کە یەکەم جارە لە مێژووی کورد لەژێر دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کرودستان ئەنجام بدرێت کە کاردانەوەی گرنگی دەبێ بۆ ژێرخانی ئابووری و بژێوی گەلی کوردو دراوسێکانی کوردستان بەتایبەتی وڵاتانی داگیر کەری کوردستان.

٢٠٠٥/١١/٣٠ ئافرەتی تێکۆشەرو خەباتگێر- ناهیدە شێخ سەلام – لە شاری سلێمانی کۆچی دوای کرد ، کە کچی شاعری ناوداری کورد شێخ سەلام و دایکی د. رۆژ جێگری سەرەك وەزیرانی ئێراق بوو.

٢٠٠٥/١٢/١ خۆپیشاندان و پێك دادان لە مەنامەی پایتەختی بەحرین ئەنجامدار بە هۆی نادروستی رامیاریەتی دەسەڵات و وڵات ، لە پێناو هەوڵی بەرەو گورانکاری کردن لە بارودۆخی ئێستاو داهاتووی وڵاتەکە ، کە ببرێت بەرەو دیموکراتییەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کارو لە ژیان لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٥/١٢/١ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆنگەریەکی نێوو دەووڵەتی لە بارەی کێشەی کورد بەسترا ، لە تەلاری پەرلەمانی فەرەنساو ، فەرەنساش ئەم کۆنگریەی لە ئامێز گرت ، کە ئەمەش کاردانەوەی کاریگەری خۆی هەیە بە پێی پەرەسەندن و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی ناوچەو هەرێم و جیهان .

٢٠٠٥/١٢/١ لە خولی سێیەم و کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی میسرو لە بارودۆخێکی پڕ لە گیروگرفت و شەڕ لە نێوان هێزەکانی پۆلیسی میسری و بەرهەڵستکارانی بە تایبەت ئیخوانی مسلیمن و پارتی نیشتیمانی میسری دەسەڵاتدار، کە بووە هۆی کوژرانی ١١ کەس و زامداربوونی ١٨ کەسی دیکە ، کە پارتی دەسەڵاتدار لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بە دەست هێناو پارتەکانی دیکەش بەپێی رێژەی دەنگەکان ، کە ئیخوان دووەم کورسی لە کورسیەکانی پەرلەمانی میسری بە دەست هێنا ، سەرەرای قەدەخەی جمووجۆڵی ئەو پارتە ئیسلامیە توندرەوە لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٥/١٢/٥ لە ناوەندی کۆبوونەوەی قوتابیانی زانکۆو جەماوەرێکی زۆر لە شاری سلێمانی د . بەرهەم سالح ، لە ناوەندی ووتەکانی گووتی:- هەندێ لە پارتو رێکخراوو گروپە عەرەبیەکان دەیانەوێ بارەگا لە شارەکانی کوردستان بکەنەوەو دووبارە دەست لە کاروباری کوردستان وەربدەن ، بەڵام ئەمە مەحاڵەو بۆیان نیە جارێکی دیکە بتوانن دەست لەکارو باری کوردستانو باری کوردستان وەربدەن .

٢٠٠٥/١٢/٥ لە سەر داوای دادگای نێودەووڵەتی لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندای ١٥ هاووڵاتی کورد لە ئیرانو ، ئێراقو ، سووریا بانگ هێشت کران ، بۆ چۆنیەتی بە کارهێنانی کیمیا باران لە شاری هەڵەبجە ، لە سەر هۆڵەندی- فرانز ڤان ئنرات - کە دادگایی دەکرێت بە هۆی پێدانی مادە ژەهراویە هەمە جۆرەکان ، بە رژێمی بەعس لە ئێراق لە ساڵی ١٩٨٤ و بەکارهێنانی لە شەڕی کەنداوی یەکەمو لە سەر گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

٢٠٠٥/١٢/٥ دادگای کردنی خولی سێیەمی سەدام حوسێنو حەوت لە پیاوەکانی بەرامبەر دادگایی تایبەتی ئێراق ، بە سەرکردایەتی دادوەر رزگار حەمدئەمین ئامادەکران ، کە شایەتەکانی دژ بە سەدام ئامادە بوون لە شارۆچەکەی دوجەیلو دەووروبەریو ، لە هەمان دانیشتن وەزیری پێشووی ئەمریکا - رامزی کلار- و وەزیری دادی قەترەی ئامادە بوون ، بۆ بەرگری کردن لە سەدامو دەسەڵاتەکەیو یارمەتی دەری تیرۆرستان لە ناو ئێراقو ووڵاتانی دیکەی جیهان ، لە لایەن ئیسلامە عەرەبە توندڕەوەکان .

٢٠٠٥/١٢/٥ جەماوەری شاری دهۆك پەلاماری بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیان دا بە هۆی هەڵوێستی یەکگرتوی ئیسلامیو چونەدەر لە ئامانجە بەرزەکانی گەلو نیشتیمانو لیستی هاوپەیمانی کوردستان ، بە سەر کردایەتی ، سەلاحەدین بەهائەدین ، ، بە هاوکاریکردنی لە گەڵ پارتو رێکخراوە ئیسلامیەکانی عەرەبی ئێراق ، کە لە ئەنجام بووە شەڕو پێك دادان لە نێوان جەماوەرو لایەنگرانی یەکگرتووی ئیسلامی، لە ئەنجام بووە هۆی سووتاندنی بارەگاکەیانو زامداربوونی زیاتر لە ٢٥ هاووڵاتیو کوژرانی ٤

بەرپرس و لایەنگرانی یەكگرتوو ئیسلامی لە كوردستان .

٢٠٠٥/١٢/٦ بارەگاكانی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە پارێزگای دهۆك و زاخوو ، ئاكرێ و ، ئامێدی و ، بەدەردەش ، كەوتنە بەر هێرشی گێرە شێوێن و پلان ، لە پێناو دروستكردنی باروودخێكی دوور لە هەستی نەتەوەیی ونیشتمانی ، بە پێی رێنمایەكانی ئیخوان موسلمین و پارتە ئیسلامیە عەرەبەكان لە ئێراق و ، بە تایبەتی سعوودیەو ، ئیمارات و پارتە ئیسلامیەكانی توركیای داگیركەری خاكی كوردستان .

٢٠٠٥/١٢/٦ كەوتنەخوارەوەی فرۆكەیەكی نەفەر هەڵگری ئێران لەگەڕەكێكی باشووری تارانی پایتەختی ئێران كە بوە هۆی گیان لەدەست دانی زیاتر لە ١٠٠ هاوڵاتی و تێكدانی چەندین خانوو و ئوتۆمبیل.

٢٠٠٥/١٢/٧ گرێدانی سێەمین كۆنگرەی نا ئاسایی رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی لە شاری مەككەی وولاتی سعوودیە ئەنجامدرا ، بە بەشداری هەر ٥٧ وولاتی ئەندام لە كۆشكی سەفا .

بەڵام بەر لە گرێدانی كۆنگرەكە شانشینی سعوودیە شانشینی عەبدوڵلا پەردەی لە سەر تەلاری نوێی رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی كە لە ناوچەی خوزام لە باشووری شاری جدەی سعوودی دروست دەكرێت هەڵدایەوە لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٥/١٢/٨ هەروا لەم رۆژەدا كۆنگرەی لوتكەی رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی لە شاری مەكەی پیرۆزی سعوودی لە لایەن شانشین عەبدوللا كرایەوە بە بەشداری ٥٧ وولات لە وولاتانی عەرەب و ئیسلامی و جیهان .

شایانی باسە رژێمەكانی عەرەب كە خۆیان بە دامەزرێنەری ئیسلارم دەزانن و لە هەمان كاتدا خۆیان بە دامەزرێنەری پارت و رێكخراوە تیرۆرسیتەكانی ئیسلامی لە پێناو بەرزكردنەوەی جیهانگەریەتی ئیمپرتۆریەتی ئیسلامی دژی ماڧ هەموو مرۆڤ و میللەتێكی ماف خوراو .

بە تایبەتی گەلی کورد ، لە وولاتە ئیسلامیەکان وەك ، تورکیاو ، ئێرانو ، ئێراقو ، سووریاو ، دروشمی بەرزیان – رێکەوتن لە پێناو رێك نەکەوتن .
لە کۆنگرەی شاری مەککەی وولاتی سعوویە ... بە رەسمی داننرا بە سەرجەم مەزهەبە جیاجیاکان لە ئاینی ئیسلام ... بەڵام ئەم دانپێدانانە تاکوو ئێستاش نەبووەتە هۆی سرینەوەی سنوورەکانی ئەو پارچە پارچەییەی کە لە نێوو بریاری رامیاری وولاتە ئیسلامیەکاندا هەیە .
کە کۆنگرەی مەککە نەیتووانیووە تا ئەم چرکە ساتە لە رووی رامیاریەوە کاریگەری خۆی لە سەر باری ناووخۆیی و دەرەکی وولاتە موسلمانەکان دەبنێت و رۆژ لە دوای رۆژ کێشەو ململانێ لە نێوان ئەو مەزهەبە جیاجیانەی ناو ئاینی ئیسلام پەرە دەسەنێ ، بە تایبەتی لەنێوان مەزهەبی شیعە و سووننە و وەهابی و کاردانەوەی نا لە باری کردۆتە سەر پەیووەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە نێوان ئەو وولاتانەی کە بەتایبەتی ئەو دوو مەزهەبەی تیایدا هەنە .

٢٠٠٥/١٢/٨ ئەمینداری گشتی یەککرتووی ئیسلامی کوردستان سەلاحەدین بەهائەدین بە هۆی رووداووەکانی شاری دهۆك لە راگەیاندنێك داوای لە کۆمۆسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد .
ئەویش بە راگرتنی هەڵبژاردن لە پارێزگای دهۆكو ئارامکردنەوەی باری پارێزگای دهۆك ، بە هۆی ئەم رووداوە لە هەرێمەکەدا .
بەڵام باری دهۆك بەرەو بەرزتر هەنگاوی نا لە هەڵبژاردنو بە هێزی هۆشمەندی نەتەوایەتیو ریسواکردنی هەڵوویستەکانی یەککرتووی ئیسلامی کوردستانو رامیاریەتیەکەی ، کە لە پێناو خزمەتکردنی دووژمنانی گەلو نیشتیمان ، بە پاڵپشتی لایەنە پارتو رێکخراو گروپی عەرەبو ئیسلامیەکانی دژ بەکوردو خاکی کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

٢٠٠٥/١٢/٨ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئیران ئەحمەدی نژاد لە دووەم راگەیاندنی لە لوتکەی رێکخراوی کۆنگەری ئیسلامی لە وولاتی سعوودیە ، دوپاتی کردەوە ، کە پێویستە ئیسرائیل لە جێگایەکی دیکە دەووڵەتی بۆ دروست

بکرێت و له سەر رووی زەوی رەش بکرێتەوە ، له هەمان کات گووتی:-
له جەنگی دووەمی جیهان ئەڵمانیای هتلەری نزیکەی ٦ ملیۆن جوولەکەی کوشتیه له نێوان ساڵەکانی ١٩٣٩ - ١٩٤٥ , که بووە هۆی رەتکردنەوەی ئەولێدوانه له لایەن راوێژکاری ئەڵمانیا میرکل و ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، ئیسرئیل ، ئەحمەد نژادو دەسەڵاتەکەی داگیرکەری خاکی رۆژهەڵاتی کوردستانه له هەموو بواره جیاجیاکان به تایبەتی له بواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا .

٢٠٠٥/١٢/١٢ تیرۆرکردنی سەرنووسەری رۆژنامەی - النهار - ی لوبنانی جیران توینی له شاری بیروتی پایتەختی لوبنان ، که یەکێك بوو له رەخنه لێگرەکانی رژێمی بەعسی له سووریاو لایەنگرەکانی له ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/١٢/١٣ حکوومەتی لوبنان به رەسمی داوای له رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ، به دامەزراندنی دادگایەکی دادپەروەرانەی بۆ لایەنی نێوودەووڵەتی به دادگایی کردنی تاوانبارانی تیرۆکەری سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق حەریری و هەڤاڵەکانی و دوای ئەو له ئەندامانی پەرلەمان و کەسایەتی زۆر له رۆژنامەنووسانی لوبنان .

٢٠٠٥/١٢/١٤ له لێداونێکی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش ، که بۆ یەکەم جار دان به هەڵەی پێگەیاندنی ئیستخباراتی ئەمەریکا دەکات و بەرپرسیەتی لێدانی ئێراق و رووخاندنی سەدامی خسته ئەستۆی خۆی و گووتی:- لێدانی ئێراق له بەر داگیرکردنی نەوت نیەو دەبوایه سەدام له ناوبچێت به هۆی هەبوونی مەترسی داهاتووی له سەر ناوچەکەو هەرێم و جیهان ، له دوا رۆژدا له ناوچەکەدا .

٢٠٠٥/١٢/١٥ له کاتی دیایکراو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نشتیمانی ئێراق ، له لایەن پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق ئەنجامدار ، به تایبەتی له هەرێمی باشووری کوردستان و بەشەکانی

دیکـەی ئێـراق ، لـە پێشبرکێیەکی بـە هێزانـە ، لـە نێوان پـارت و ڕێکخـراوو گروپەکانی ڕامیاری و نەتـەوەیی و مەزهـەبی و زانستی و کۆمەڵایـەتی بـەپێی هاوپەیمانیەتی و لیستە جۆراو جۆرەکان لە ئێراقدا .

٢٠٠٥/١٢/١٧ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە مەرسومێکی یاسایی بە پێی دەستووری ئەمـەرکیای مـۆرکرد ، لـە بـەخۆگرتن لـەو کەسـانەی پەیوەنـدیان هەیـە ، یاخوود دەبەستن بە ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەمەریکایەکان و غەیرە ئەمەریکی بۆ لە ناوبردن و پەلاماردانیان .

٢٠٠٥/١٢/١٨ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دیك چینی بۆ یەکەم جار سەردانی ئێراقی کردو لە بەغدای پایتـەخت لـە لایـەن سـەرەك کۆمار مـام جـەلال و سـەرەك وەزیـران ئیبراهیم جەعفـەری پێشوازی لێکـراو گفتووگـۆی نێوانیـان لـە بـارەی بـاری ئێـراق و هەڵبـژاردن و کۆمەڵـەی نیـشتیمانی و حکوومـەتی هەمیـشەیی و داهاتووی ئێراقی فێدراڵ و یەکگرتووی فرە لایەنی ئالووگۆر کرا .

٢٠٠٥/١٢/١٨ نازناوی مێگەل لێرەدا بە تەواوی بەسەر هزرڤانە تازەکان خۆیان دەسەپێنن , نـەوەك بەسـەر ئـەو جـەماوەرەی کـە گوتـارە میکـری و کلتووریـەکانیان ئاراسـتە دەکـەن ... هـەروا سـکاڵایەکی گـشتیش لـە ئەگـەری وون بـوونی ڕەسەنایەتی و تاکرەوی لەداهاێنان لەلای نەوەی تازەی هزرڤانانـدا هەیـە ، کـە دەیانـەوێ بابەتـە گـەرم و گـوورو خێزانـەکان زۆر بـە پەلـەو خاکیانـە چارەسەر بکەن .

کە هەوڵەکانیان زیاتر لە داخوازیەکانی نووسینی ڕۆژنامەگەری و پەخش کردنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و شێوازەکانی دیکە لە میدیا تازەکان دەکات و بەکارهێنانی چەکی -- مێگەل -- یش لە درێژەی ئەو وتارانەدا هات ، کە -- بۆون هاریش -- ی نووسەر لە ڕۆژنامـەی -- نیوودالاس مۆرنینگ -- لە بارەی هزرڤانە تازەکان بڵاوی کردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە هزرڤانە تازەکان دوو جۆرن :--

یەکـەم :-- ئـەو هزرڤانـەی کـە نـاتوانن لـە مەسـەلە گشتیەکان حـالی بـن و ڕووبەڕووی ببنەوە بۆیە زۆر جار بەشێوازێکی هەڵە و نارێك باسیان لێوە دەکەن ...

دووەم :-- هزرڤـانی دیکـە هـەن شـانازی بـە بیرۆکـە تازەکانیانـەوە دەکـەن و

دەبنــە دیــل و کۆیلــەی ئــەو هزرانــە بــەبێ تێگەیــشتن و لێکۆڵینــەوە و شــیکردنەوە و قبووڵیــان دەکــەن و لــە لێــدوان و نووســینەکانیان وەکــوو مۆدەیەکی تازە دەیلێنەوە ... کە دەبێ خەڵك شووێنیان بکەوێ و ملکەچی ووشەو برگەکانیان بن .

٢٠٠٥/١٢/١٨ بە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنیەکانی بەنزین‌و ، نەوت‌و ، غازو ، گازو ، رۆن ، بە بڕیاری حکوومەتی ئیبراهیم جەعفەری لە سەر داوای بانکی دراوی نێوودەووڵەتی بە رێژەی خەیاڵی ، کە بە نزین لە ٥٣ دینار بۆ ٢٥٠ دینارو ، بەرهەمەکانی دیکەی سووتەمەنی بە هەمان شێوە ، هەر یەك بە رێژەیەك ، کە بووە هۆی خۆپیشاندان‌و نارەزایی گەلانی تێکرای ئێراق‌و حکوومــــەتی هــــەرێمی کوردســــتان‌و ســــەرنەکەوتنی بڕیارەکــــەو هەڵووەشاندنەوەی لە پاش دوو رۆژدا .

٢٠٠٥/١٢/١٩ بە ئامۆژگاری جۆرج بۆش هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئێراق هەشت لە تاوانبــارانی یاریــدەدەری ســەرۆکی رژێمــی بەعــسی رووخێنــدراو ســەدام حوسێن ئازاد کرا ، کە دوانیان ئافرەتە تاوانبارە کە بوون بە بەرهــەمهێنانی چەکی بایلۆژی‌و کۆکردنــەوەکانیان لە گەڵدا بوو ئەوانیش – هــودا مەهــدی عــەماش ناســراو بەخاتوو ئــەنتراکس– و – ریحــاب تــەها ناســراو بــەخاتوو مکرۆب – لــە راستیدا ئەمانــە ٢٤ کــەس بوون نــەك ٨ کــەس لە زینــدانی کراوەکان .

٢٠٠٥/١٢/٢٢ دادگاییەك لە ئەستەنبۆڵ دادگایی نووسەری تورك زویکۆڤلیسی کـرد... لـە ســەر ئــەو کێــشەی کــە دەربــارەی کێــشەی خوێنــاوی نێــوان هێزەکــانی ئاسایــشی تــورك‌و چــەکدارنی کــورد بــڵاوی کردبــووەوە ، کــە گوایــە تیایــدا سوکایەتی بە نەتــەوەی تــورك کــردووە ، لــە بــەر ئــەوە بــە بــڕی ١٨٦٠ هــەزار دۆلاری ئەمەریکی سزای درا .

٢٠٠٥/١٢/٢٣ دادگـــای لاهـــای نێوودەوڵەتی لە وڵاتی هۆڵوندا دادگای زیندانی خستە سەر فرانز ڤان ، بـۆ مـاوەی ١٥ سـالٚ . ئەویش بە دان نانی بە فرۆشتنی مادەی ژەهراوی بە رژێمی سەدام و بەکارهێنانی دژی گەلی کورد لە باشوور کوردستان .

٢٠٠٥/١٢/٢٣ بە هۆی هەڵوویستە تیرۆرو ئازاردانەکانی گەلی ئێراق و زینـدانی کردن و ئازاردان و بەند کراوەکانی سـووپای ئێراق ، لـە سـەر داوای هێزەکانی سووپای ئەمەریکا بە ئامۆژگاری سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە ڕێگەی بالوێزی ئەمەریکا خەلیلزاد وەزیری ناوخۆی ئێراق بەیان جەبر دەستگیر کرا... بەڵام دوای چەند رۆژێك ئازاد کرا .



٢٠٠٥/١٢/٢٤ دادگـــایی کردنـــی دامەزرێنـەرو سکرتێری پـارتی غـەدی میسری ئەیمەن نور بۆ ماوەی پێنج سالٚ ، بـە هـۆی دۆزینـەوەی چـەندین بیاونۆی فێل کردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی میسر زیندانی کرا ، بەڵام لە بەر ئەوەی ناوبراو رۆلی کاریگەری لە گۆڕەپانی رامیاری و کۆمەلایەتی میسر هـەبوو ، کـە دووەم پـارت بـوو کـە ژمـارەی کورسی بـە دەست بێنێ لـە دوای پـارتی نیشتیمانی دەسەلاتدار بە سەرکردایەتی محەمەد حوسنی موبارەك ، کە زیاتر لـە حـەوت خـول بـە زۆر خـۆی هەڵبژارد بـۆ سـەرۆکایەتی کۆمـارو دەسەلاتە جۆراو جۆرەکانی لە سەر وڵاتی میسر .

٢٠٠٥/١٢/٢٥ شاندێکی تەوافقی ئێراق بە سەرۆکایەتی عەدنان دلێمی و ئەیاد عەلاوی لە پایتەختی ئوردن کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو گەیشتنە ئەوەی ، کـە

هەڵبــژاردن لــە شــارەکانی ، دیالــەو ، بەغــداو ، بەســراو، کــەرکوك ، هەڵبووەشێنێتەوەو دووبارە بکرێتەوە.

بەڵام بەربەستەکەش هەبوو بە بڕیاریاندانی چەندین کاری ناکاوی دیکە بە هــۆی نەهاتنــە دی ئاواتــەکانیان لــە دەســەڵاتو پەرلــەمانی ئێــراق و دامو دەزگاکانیدا .

٢٠٠٥/١٢/٢٧ لە ئەنجامی گفتووگۆی چڕو هەڵسەنگاندنی کیشە جۆراوجۆرەکانی نێوان وولاتــانی عــەرەب ، یەکــەم کۆبوونــەوەی پەرلــەمانتارانی عــەرەب لــە شــاری قاهیرەی پایتــەختی میسر ئەنجامدرا ، بە ســەرکردایەتی جاسم ســەخوور ، کــە بــە تێکــڕای دەنگــی ئەنــدامانی پەرلــەمان دیــاری کــرا بــە ســەرۆکی هەڵبژێردراو ، لە پێنــاو چارەســەرکردنی کێشەی پەرلەمانەکانی ووڵاتــانی عەرەب و هاوسەنگی پەرلەمانەکان وەك پەرلەمانی ، ئەورووپی و ، ئەفریکی و ، پەرلەمانی دیکە لە جیهاندا .

٢٠٠٥ /١٢/٣٠ جێگری سەرۆك کۆماری پێشووی ڕژێمی بەعسی لە سووریا عەبدولحەلیم خــەدام ، دەســتی لــە کــاری جێگــری ســەرۆك کۆمــار کێشاوەو هــەموو تاوانــە جۆارو جۆرەکانی خستە ئەستۆی سەرەك کۆمــاری سووریا بەشار ئەســەد ، لــە تیرۆرکردنــی ســەرەك وەزیرانــی پێشووی لوبنــان ڕەفیــق حــەریری و ، بــە ســەدان کــاری تیرۆرســتی نامرۆڤانــەی دژ بەگــەلانی ســووریا لــە دەرەوەو ناوەوەی ووڵات ، کە بە ئــەنجامی گەیاندوە ، بە تایبــەتی بەرامبــەر بە گــەلی کوردو خاکی رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦

٢٠٠٦/١/١ ســـەرەك وەزیرانـــی ئێراقـــی فیـــدڕاڵ کـــاتی ئیـــبراهیم جەعفـــەری و ســـەرۆکی پـــارتی دەعـــوەی ئیـــسلامی ئێـــراق ، بـــــەیاوەری شـــــاندێکی حکوومـــەتی ئێـــراق ، دوای هەڵبـــــژاردنی کۆمەڵـــــەی

هەمیشەی لە سەردانێکی گەیشتە هەولێری پایتەختی هـەرێمی باشووری کوردســتان و لەلایــەن ســەرۆکی هــەرێمی کوردســتان بـەڕێز مەســعوود بارزانی پێشوازی لێکرا .

دوایـی ئـەوە دەسـتیانکرد بـە گفتووگـۆی نێوانیـان لـە ئـالۆگۆڕی بـیروو بۆچـوونو هەڵوویـست ، لــە بـارەی بـاری ئێراقــی فیـدراڵی ڕامیـاریو نەتـــەوەیی و نیـــشتمانیو ئـــابووریو ئاســـایشو ئاوەدانکردنـــەوەو پەیوەندیـەکانی نێـوان حکوومـەتی هـەرێمو سـەرکردایەتی کـورد لـە گـەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئێراقی فیدڕاڵ . بە جێبەجێکردنی مافەکانی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی ماف کورد ، ئەویش بەجێ بەجێکردنی ماددەی/٥٨ لـە یاساکانی ئیدارەی دەووڵەتی ئێراق.

شایانی باسە جەعفەری هۆکاری سەرەکی بوو لە دروستکردنی کۆسپو تەگـەر لـە بوارەکـانی ئاسـایشو بنیاتنانـەوەی ئێـراق بـە تایبـەتی لـە جێبەجێنەکردنی ماددەی/٥٨ سەرەڕای دروست بوونی لیژنەی ئاسـایی کردنەوەی شاری کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بە سەرکردایەتی سکرتێری پـارتی کۆمۆنیستی ئێراقو ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراق حەمید مەجید موسا.

بـە هـەمان بـیروو بۆچـوونی سـەدامو دامو دەزگاکـانی مامەڵـەی لـە گـەڵ مافـەکانی کـورد دەکـردو هۆکـاری بـەرپابوونی شـەڕی ناڕاسـتەوخۆی ناوخۆی نێوان هەردوو مەزهەبی دژ بەیەکتری شیعەو سوونە بووە جگە لە بە دەیان کێشەو گرفتی دیکە لە ئێراقدا .

٢٠٠٦/١/١ جــەماوەری دانیــشتووانی گــەرەکی ڕەحیمــاوەی شــاری کــەرکوکی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامـدا، لە پێناو چارەسـەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکـانی گەڕەکەکـە ، لـە ئـەنجام بـووە هـۆی شـەهید بـوونی دوو هـاوولاتی کـوردو زامـدار بـوونی چـەندین هـاوولاتی ، کـە بـووە هـۆی بـەردەوامبوونی خۆپیـشاندانەکە لـە گەڕەکـەکانی شـۆریجەو قۆریـە بـۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە شاری کەرکوک .

٢٠٠٦/١/١ کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی ، ڕۆژهەلات TV – پەخشی بە پڕۆگرامـی – تێـست – بـە کوردســتانو جیهـان بلأوکـردەوە ، کـە لـە لایــەن بـەرەی کوردستانی ، ئەویش بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستان لە

ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران .

٢٠٠٦/١/١ سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس و پارتی بەعس لە سووریا لە ئەنجامدا بڕیارێکی ڕایگەیاند ، بە دەرکردنی جێگری سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسی لە سووریا - عەبدولحەلیم خەدام - لە دەسەلات و پارتی بەعس و تاونبارکردنی بە تاوانی دژ بە نیشتمان و پارتەکە ، کە ناوبراو ماوەی ٣٠ ساڵ زیاتر خزمەتی بەعس و ڕژێمەکەی کرد ، دژی گەلانی سووریا . بە تایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بەسووریا .

ئەویش لە ئەنجامی چاوپێکەوتنێك لە گەڵ تەلەفزیۆنی کەناڵی ئەلعەرەبیە و تاوانبارکردنی سەرۆك کۆمارو ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی لە سووریا - حافز ئەسەد - و - بەشار ئەسەد - و دارودەستەکەی لەو گیرووگرفت و کێشە هەمەلایەنەکانی سووریا بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی لوبنان و تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی لوبنان ڕەفیق حەریری.

هۆکاری ناوزەند بوونی سووریا بە پاڵپشتی کردنی تیرۆر لە ناوچەو هەرێم و جیهان ... شایانی باسە عەبدولحەلیم خەدام جیاوازی نیە لە گەڵ بەشار ئەسەدو دارو دەستەکەی لە بەرپرسیاریەتیان لە بەردەوام بوونی ئێش و ئازارو ئەشکەنجەدانی گەلانی سووریا ، بە تایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان .

٢٠٠٦/١/٢ ئەندامی پەرلەمانی پێشووی ئێران - بەهائەدین ئەدب - یەکێ بوو لە پەرلەمانتارانی گرووپی کوردی و دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران ، ڕاگەیاند لە پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە پێناو داکۆکی کردن لە مافی دووەم نەتەوە لە ئێران ، کە کوردەو پشت گوێ خراوە لە لایەن کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران ،

ئەویش بە تێکۆشان لە چوارچێوەی دژ بە توونڈو تیژیو چەوسانەوەی نەتەوەییو نیشتمان .

٢٠٠٦/١/٣ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە زاری پارێزەرێکی سەرۆکی ڕژێمی بەعسی ڕووخێندراو لە ئێراق – سەدام حوسێن – بلاویکردەوە ، کە سەدام حوسێن گوللە بارانی زۆرلاخۆشترە لە جیاتی لە سێدارەدانی گەرهاتوو دادگای دادگایکردنی سەدام بە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەربکات ، بە تاوانبارکردنی بە تاوانەکانی جەنگو کۆمەڵکوژیو زیند بەچاڵو کیمیابارانی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

٢٠٠٦/١/٤ سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل – ئێریل شارۆن – بە هۆی نەخۆشیە کوشندەکانی کەوتە ژێر چاودێری پشکنینو لێکۆڵینەوە پزیشکیەکانو چونە نەخۆشخانە .

تاکوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامەیە هەر لە نەخۆشخانە مایەوە ، کە دامەزرێنەری پارتی ئەکادیمیای ئیسرائیل بوو، لە دوای ئەو ئۆلمرت بە سەرەك وەزیران لە ئیسرائیل دامەزرا ، لە پێناو هەڵسووڕاندنی کاروباری حکوومەت کە بە پێی یاسای ئیسرائیل هەر سەرۆکێك لە گەر ماوەی ١٠٠ ڕۆژ نەیتوانی کارەکانی دەسەلاتی حکوومەت ببات بەڕێوە ئەوا لە دەسەلات لادەبرێ لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/١/٤ لە بڕیارێکی ڕژێمی بە ناو کۆماری ئیسلامی لە ئێران ، زمانی کوردی لە فێرگەو دامو دەزگاکانی حکوومەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان قەدەخەکرد.

شایانی باسە بە پێی ماددەی/ ١٥ لە دەستووری ئێران ، کە هەموو نەتەوەیەك بۆی هەیە بە زمانی– دایك – ی خۆی ئاخاوتن بکاتو فێری ببێ لە هەموو بوارەکانی فێربوونو ڕۆشنبیریدا .

٢٠٠٦/١/٥ کۆنگرەیەکی پارتو ڕێکخراوە کوردستانیەکانی باکوری کوردستانی

لکێندراو بەتورکیا ئەنجامدراو لە ڕاگەیاندنێکی دژی ڕەفتارو هەڵوێستی شـۆڤینی ڕژێمـی تـورك، کـە بەرامبــەر سـکرتێرو دامەزرێنــەری پـارتی کرێکارانی کوردستان عەبدبولاَ ئۆجەلان و گەلی کوردی خۆڕاگر ئەنجامی دەدات لەهەموو بوارە جیاجیاکان لەباکوری کوردستان.

٢٠٠٦/١/٥ لـە ئـەنجامی خۆتەقاندنـەوەی تیرۆرسـتێکی خـۆمینکراو لـە بەر دەگـای مەرقـەدی ئیمـامی حەسـەن و عـەلی ئـەلهادی لـە شـاری سـامەڕا ، کــە ١٠٠ هاوولاَتی گیانیان لە دەستداو زیاتر لە ٤٩ هاوولاَتیش زامداربوون ، لە گەڵ یەك سەربازی ئەمەریكاو وێرانکردنی چەند ئۆتۆمبێلَو خانوو دوکان لە شارەکەدا .



٢٠٠٦/١/٥ لە ئەنجامی ڕووخـانی هـوتێلێکی ئامـادەکراو بۆنیـشتە جێکردنـی حاجیـانی مـاڵی خـوا لـە شـاری مەککـە لـە سـعوودیە ، کـە بـووە هــۆی گیـان لــە دەســتدانی ٧٦ حـاجی و زامـداربوونی زیـاتر لـە ٦٠ حـاجی کــە لــەو حاجیانــە حاجی کوردیشی تیا بوو ، کە هەندێکیان خەڵکی شاری هەولێر بوون لە باشـووری کوردسـتان و پارێزگاکـانی دیکـەی کوردسـتان بـوون لــە هەرێمەکەدا .



٢٠٠٦/١/٥ لە سەر داوای ئیدارەی حکومەتی ئەمەریکا سەرۆکی شارەوانی پارێزگای ئامەد – دیاربەکر- ئۆسمان بایدەمیر بەرەو ئەمەریکا بەڕێکەوت ، کە ڕژێمی تورکیای شۆڤینی زۆر دڵگران بوو بەو داوەتە بە یاوەری شاندێکی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٦/١/٦ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جاکسترۆ لە سەردانێکی گەیشتە ئێراق لە پارێزگای بەسرە هاتە خوارەوەو چاوی کەوت بە بەرپرس و سەربازانی بەریتانیاو دوایی لە بەغدا کۆبوونەوەی لە گەڵ بەرپرسانی ئێراق لە بەغدا کرد ، ئەویش چاوپێکەوتنی بە سەرەك كۆمار مام جەلال و سەرەك وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ ئەنجامدا .

٢٠٠٦/١/٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند ، بە گەیشتن بە ڕێکەوتنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر ، کە ئیدارەی سلێمانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتداریەتی تیا دەرکردو ، ئیدارەی هەولێریش پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتداریەتی تیا دەرکرد .

ئەویش بە بە لاوەنانی چەندین کێشەی نێوانیان ، داوای لە سەرۆك وەزیرانی ئیدارەی هەولێر نێچیرڤان بارزانی کرد ، بەپێکهێنانی حکوومەتێکی هەمە لایەنەی یەکگرتوو لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لە سەر بکات ... بەلام دوای چی

و... بۆ چی ...؟...!. لە پێناو گەل و نیشتیمان . یا ...؟.

٢٠٠٦/١/٧ جێگری سەرۆك كۆماری ڕژێمی بەعسی لە سووریای پێشوو عەبدولحەلیم خەدام لە برۆكسلی پایتەختی بەلژیكا كۆبوونەوەی لە گەڵ نوێنەری چەندین لایەنی ڕامیاری و نەتەوەی و كۆمەڵایەتی لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا ئەنجامدا ، بە تایبەتی چاودێری سەركردایەتی ئیخوان مسلمین بەرەو پێكهێنانی بەرەیەكی دیموكراتی و ڕاگەیاندنی بەیاننامەیەكی هاوبەش ، بە ناوی ڕاگەیاندنی دیمەشق ... بێ ئەوەی باس لە كورد و كێشەی كورد لە كوردستانی لكێندراو بە سووریا بكرێت .

كە زیاتر لە ٢٫٥٠٠٫٠٠٠ ملیۆن كورد دانیشتووی بەر لە عەرەبن لەو وولاتەو زیاتر لە ١٧٠٠٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشەی لەخاكی ڕۆژئاوای كوردستانی پێلكێندراوە... ئەنجامدان و بە ئاوات گەیشتنی دەسەڵات لە دەستی ڕاست بۆ دەستی چەپ ، كە بە هیچ جۆرێك گۆڕانكاری نە لە باری كورد و كێشە ڕەواكەی ناكرێت و لە سەر هەمان ڕامیاریەت بەردەوام دەبن لە شێوازێكی دیكە هەر وەك دەڵێن – گورگەو لە پێستی مەڕدا – ...!.

٢٠٠٦/١/٨ لە نێوان شارۆچكەی بەرتلەو گوندی خازر كاروانێكی هێزی سووپای ئەمەریكا ، بێ ئەوەی هیچ ئاگاداریەك بدات دەستڕێژێكی گوللە بارانی كردە سەر ئۆتۆمبێلی شاندێكی یەكیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لقی دهۆك .

كە لە ئاكامدا مامۆستا مەلا محەمەد عوسمان مزوری گیانی لە دەستدا ، دوای چەند ڕۆژێك بەرپرسانی ئەمەریكا لە پارێزگای مووسڵ داوای لێبووردنیان لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان و بنەماڵەو یەكیەتی مامۆستایانی ئاینی كرد لە هەریمی باشووری كوردستان.

٢٠٠٦/١/١٠ سەرۆکی فەرەنسا جاك شیراك لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ووتی:- ئێران و کۆریای باکوور مافی خۆیانە کە ماددەی ئەتۆمی ئاشتی پەرەپێبدەن لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی ئابووری ، بەلاَم پێویستە لە چوارچێوەی رێکەوتنامەکانی بلاَوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەرنەچێت ، کە لە سەر ئەو رێکەوتنامەیە مۆریانکردووە .

٢٠٠٦/١/١٠ وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدولاَ گول لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند ، کە حکوومەتی تورکیا زاڵە بە سەر نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە... شایانی باسە ئەو نەخۆشیە لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاَتی تورکیا بلاَو بۆتەوە ، کە ئەمەش بە هۆی گرینگی نەدان بە باکووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی تورکیا ، لە هەموو بوارەکان ، کە بۆتە هۆی بلاَو بوونەوەی هەژاری و بێکاری و نەبوونی بژێوی ژیانی کورد ، بە تایبەتی لەگوندو شارۆچکەکان و هۆی دووەمیش بوونی نژادی کوردایەتیان لە ناو سنووری ئەو وولاَتەدا .

٢٠٠٦/١/١٠ لە پرۆگرامی - ماوراءالخبر - لە تەلەفزیۆنی جەزیرە ، کە چاو پێکەوتنی لە گەڵ دکتۆرە - ئەمانی قەندیل - ووتە بێژی یاسایی رێکخراوی ئافرەتان و بەرگری کەری مافی مرۆڤ لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسرو ، دکتۆر- زەخەر ئیسلام خان - سەرنووسەری ڕۆژنامەی مللی جازیتی هیندی لە شاری نێودلهی پایتەختی هیندستان کرد.
کە لە هیند لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن ئافرەت کوژراون بە هۆی نەویستی ڕەگەزی ئافرەت لە لایەن گەلانی هیندو مەزهەبی

ئاینیو ئاینەكان ، بە تایبەتی هیندۆسەكان كە ڕقیان لە ڕەگەزی ئافرەتە... دوای ئەوەی بە هۆی ئامێری كۆمپیوتەر ، ئەویش بە دیاركردنی منداڵ لە سكی دایك بە نێر ، یاخوود بە مێ، كە دەزانێ ڕەگەزی مێیە بە پەلە لە باری دەبەنو نایەڵن ئەو منداڵە ڕەگەز مێیە لە دایك ببێ.

ئەمەش ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠,٠٠٠ هەزار مەلۆتكە ، لە ناوسكی دایكی بە هۆی دەركەوتنی بە مێینە لە ڕێگەی كۆمپیوتەر لە بار دەبرێنو بەڵكو دەگاتە ٥ر٠٠٠ر٠٠٠ ملیۆن ، هەروا لە بەریتانیا ساڵانە زیاتر لە ٦٠٠ر٠٠٠ هەزار مەلۆتكەو ، لە ئەمەریكا زیاتر لە ٥٠٠ر٠٠٠ هەزار مەلۆتكە .

ئەویش بە هۆی ڕگەزی مێینەیان لە بار دەبرێنو ، هەروا لە چینی میللیو باشووری ئاسیا بەگشتی ، هەتا لە وولاتانی عەرەبیو ئیسلامی ، بە هۆی دیایكردنی لە لایەن ئەو ئامێرە ، كە ئەمەش كارێكی تیرۆریستیانەی بێ وێنەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی لە سەر زەوی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١/١٠ سەرۆكی ئەمەریكا جۆرج بۆش لە كۆنگرەی - شەڕكەرە كۆنەكانی شەڕی بێگانەكان - كە لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریكا بەستراو لەو كۆنگرەیە وتارێكی خوێندەوەو بۆش گووتی:- ڕەگەزە ئاسایشو ڕامیاریو ئابووریو ستراتیژی سەركەوتنیان لە ئێراق بە دەست هێناوە... بەڵام...!.

٢٠٠٦/١/١٠ ڕژێمی كۆماری ئیسلامی لە ئێران ، دەستی كرد بە پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوچەی كەرەجی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ، لە پێناو دروستكردنی بۆمبی ئەتۆمی، لە هەمان



كات بە كارهێنانی وزەی گەردیلە و بەكارهێنانی بۆ وێستگەی ئەتۆمی كارەبای ئاشتی . بەڵام لە ئاكامی پاڵە پەستۆی نێوودەووڵەتی ، بە تایبەتی ، ئەڵمانیاو ، فەڕەنساو ، بەریتانیاو ، ئەمەریكا ، كە هەرچی پارەی لە بانكەكانی نێوودەووڵەتی دیاریكراو هەیە ، بۆ ئاسانكاری بلۆك كردنی ئەو بڕە پارەیە لە لایەن ئەمەریكاو بانكی نێوودەووڵەتی بگواسترێتەوە ئەو

بانکانەی کە دەسەڵاتیان بەسەردا ناشکێ لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا .



٢٠٠٦/١/١٢ بە هۆی جەنجاڵیو پاڵەپەستۆی حاجیان لە کاتی ڕووچومکردنی شەیتانی نەفرەت لێکراو لە شاری مەککە لە لایەن حاجیانو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی مەڕاسیمی تەواوکردنی حەج لە و وڵاتەدا . لە ئەنجام زیاتر لە ٣٦٢ حاجی گیانیان لە دەستدا بە هۆی بەربوونەوەو کەوتنە ژێر پێیان لەو شوێنەدا ، کە زۆربەی زۆریان حاجیانی وڵاتی میسر بوونو لە هەمان کات حاجیانی کوردی باشووری کوردستانی تێدابوو لە ڕێو ڕەسمەکەدا.

٢٠٠٦/٦/١٣ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆشو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا خاتوو – میرکل– لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا بەرامبەر ڕۆژنامە نوسانو ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی ، داوایان لە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران کرد ، بە دەست هەڵگرتنی لە کارەکانی ئەتۆمی، لە هەمان کات داوایان کرد ، کە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران ڕەوانەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی بکرێت ، لە پێناو چارەسەری کێشەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە .

لە هەمان کات ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆفی ئەنان ماوەی ٤٠ دەقیقە گفتووگۆی لە گەڵ باڵوێزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان عەلی لاریجانی ئەنجامدا ، لە پێناو هێورکردنەوەی کێشەکە ، بە ڕێگەی گفتووگۆی ئاشتیانەو دەستگیربوون بە یاساو ڕێنمایەکانی نێوودەوڵەتی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١/١٤ وەزارەتەکانی کشتووکاڵو تەندروستی ئێراقو حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیلی نێوان هەرێمی کوردستانو

تورکیایـــان داخـــست لـــه ڕووی هاتنـــه ژوورەوەی گۆشـــتی پەلـــەوەر بـــەرو کوردستانو ئێراق ، بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندەو نەگواستنەوەی نەخۆشـیەکە ، کـە تـاکو ئێـستا لـە هـەرێمی باشـووری کوردستانو ئێراق ، هیچ دیاریدەی ئەو نەخۆشیە بەدی ناکرێ .

٢٠٠٦/١/١٥ کۆچی دوایی ئەمیری کوێت – شێخ جابر ئەحمەد جابر ئال سەباح– لە دوای ٢٧ ساڵ لە حکوومڕانی وولاّتی کوێت ، لە دوای ئەو سەباح ئەحمەد ساڵح ئەلسەباح جێگەی ئەمیری کوێتی کۆچکردوی گرتەوەو بوو بە ئەمیری کوێت لە ٢٠٠٦/١/٢٤ دەست بە کاربوو لە سەر دەسەلاتی کوێت .

٢٠٠٦/١/١٥ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری تشیلیو لە خۆلی دووەم خاتوو – تارجاها لونین – سەرکەوتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی تشیلی بە دەست هێنا ، لە پێناو بەرو باشبردنی باری وولاّتەکە .

٢٠٠٦/١/١٥ ڕژێمـی ئیسلامی لـە ئێـران بـە هـەزاران کێڵگـەی پەلـەوەری لـە ڕۆژهـەلاّتی کوردســتانی داگیرکـراوی ژێــر دەســەلاّتی ڕژێمەکـەی داخــستو دوایــی سووتاندی ، کە کەوتبووە سەر سنووری نێوان ڕژێمی ئێرانو ڕژێمی تورکیا ، لـە سـەرخاکی کوردسـتانی لـە تکـراو بـە هـۆی قەدەخـەکردن ، بـە بـلاّو نەبوونەوەی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای باڵندە لە وولاّتەکەدا .

هـەروا لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانی لکێنـدراو بەسـووریاو بـە تایبـەتیش لـە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی تورکیا ، کە هەمووی هەر لە سەر خاکی کوردستان و بووە بە هۆی پشت گوێ خستنی هەرێمەکانی کوردستانی ژێر دەسەلاّتەکانیان لە ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانو پاکوخاوێن کردنو باش نەکردنی باری ژیانی گەلی کورد .

لە پێناو ناچارکردنیان بەکۆچکردن بەرەو هەندەرانو دەربەدەر بوونی کورد لە سەر نیشتمانی دایک .

٢٠٠٦/١/١٥ بە بۆنەی کۆچبەرانی جیهان ، کەنیسەی پاپای ڤاتیکان ئاهەنگی گێڕاو پاپا – بندکتی– شازدەهەمی پاپای ڤاتیکان . پاش نوێژی بەشارە ڕایگەیاند ، کە کۆچبەران بونەتە دیاردەی سەردەمو داوایکرد ، کە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ ، لە پێناو نەهێشتنی جیاوازیو چەوسانەوە ، لەو وولاتانەی کە کۆچبەران ڕوویان تێکردووەو تێدەکەن . هەروا گووتی:–

ڕەنگە کۆچو پەنا بەری بە ئارەزوو ، یاخوود بە زۆرەملیۆ شەرعیو ، یاخوود نهێنیو قاچاغ بێت ، پێویستە ڕێز لەیەکتر بگیرێتو جیاوازی نەمێنێت ، بە تایبەتی ڕێزگرتن لە ئافرەت چونکە بازرگانی پێوەوە دەکرێت بەقەدەخەکردنو بنبڕکردنی بازرگانی کردن بە ئافرەتو منداڵو کەسانی بێتوانا لەو وولاتانەی ڕوویان تێدەکەن لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١/١٦ بە هۆی کێشەو ناکۆکی ناوخۆی سەرکردایەتی پارتی یەکودی ئیسرائیلی ، لە ئاکام ئەو پارتە کەرت بوو بۆ دووپارتی لێك جیا ئەو لاباڵی لایەنگرانی ئیریل شارۆن بوون .

کە بووە هۆی دامەزراندنی پارتی ئەکادیمە ، بە سەرکردایەتی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئیریل شارۆن ، دوایی شارۆن بە هۆی نەخۆشیە دژوارەکەی کەوتە نەخۆشخانەو جێگرتنەوەی لە لایەن – ئیهود ئیلمرت – بە سەرەك وەزیرانی کاتی ئیسرائیل .

٢٠٠٦/١/١٦ بۆ یەکەم جار لە ئەفریکیا لە دوای هەڵبژردنەکانی سەرۆکایەتی خاتوو – ئالین جۆنسۆن سیریف– پۆستی سەرۆکایەتی لیبیریای نوێی بگرتە دەستو سووێندی یاسایی بەرامبەر پەرلەمانی وولاتەکە خوارد ، لە پێناو خزمەتکردنو بەرەوپێش بردنی وولاتەکە ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

٢٠٠٦/١/١٧ گرێدانی کۆنگرەی نێوودەوڵەتی لە شاری پەکینی پایتەختی چینی میللی ئەنجامدرا ، لە پێناو چارەسەرکردنی ئەنفلەوەنزای باڵندە بە سەرپەرشتی

لیژنەی تەندروستی جیهان ، لە پێناو بەرگریکردن لەو نەخۆشیە لێگرەوەیە .

ئـەویش بـە تـەرخانکردنی بـڕی پـارەی گونجـاو و یارمـەتی دانـی ئـەو وولاتانەی کە توشی بوونەو دەبن بە تایبەتی وولاتانی هەژار لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١/١٧ کۆچی دوایی هونەرمەند – جەلیل مستەفا عەبدولاّ – لە شـاری هـەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان بـە نەخۆشـیەکی کتـوپڕ ...کـە مامۆسـتای پـەروەردەیی بـووەو دەسـتی لـە مۆمیـاکردن و پەیکەرتاشـی هـەبووەو ڕۆڵـی باڵای هەبووە لەو دووبوارەدا .

٢٠٠٦/١/١٨ ڕێکخـراوی – هیـومن رایـتس ووتـش– ی بـەرگری کـەر لـە مـافی مـرۆڤ لـە راپـۆرتێکی سـاڵانەی/ ١٦ی ، بەرامبـەر ڕامیـاری ئەمـەریکا و هەنـدێ لـە وولاّتانی هاوپـەیمان ، بـە پشتگوێ خستن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەبێ ڕێزلێگرتنی .

ئـەم ڕاپۆرتـەش کـە لـە ٥٠٠ لاپـەڕە پێکهاتبوو لـە بارەی باری مـرۆڤ و مافی مـرۆڤ لـە ٦٨ وولاّتـدا ، ئـەویش بـە دیـاریکردنی چـەند لایـەنێك لـە وتـاری سـەرۆکی ئەمـەریکا جۆرج بۆش بە نانەوەی دووڕوویی و چاندنی دژایـەتی کردنـی ڕێکخراوەکـە کـە بارەگـای لـە شـاری نیۆیۆرکـە ، لـە لایەنـەکانی مـافی مرۆڤ و داهاتووی لە ژیان .

هەروا بەریتانیاو ، کەنەداو ، ئوسترالیا بە دەرکردنی یاسـای ئاسـانکاری و دەستگیربوون پێی ، بە تایبەتی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ لە وولاّتەکانیاندا .

٢٠٠٦/١/١٩ سـەرۆکی ڕێکخـراوی توونـدڕەوی ئیسلامی ئوسـامە بن لادن لـە وتـارێکی تۆمارکراو لە سەر سیدی و بلاّوکردنـەوەی لە سـەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەکانی جیهان ، بە تایبەتی لە تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبیەو جەزیرە ، بە هەڕەشەکردنی لە سەر ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بە دەست بەکاربوونیان .

لە پێناو پەلاماردانی دامو دەزگاکانی ئیدارەی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی ئەمەریکاو لە ئێراق و ئەفگانستان و ولاّتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی لە جیهان ، گەر ئەمەریکاو هاوپەیمانان هێزەکانی سوپایان لە ئەفگانستان و ئێراق و هەندێ ولاّتی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی نەکشێنێتەوە.

شایانی باسە چەندین جاری دیکە بەرلەو مێژووە دوورنیە دوای ئەومێژووەش ، هەڕەشە لە هێزەکانی سوپاو دامو دەزگاکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی و لایەنگرانی بکات ... ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوەکەی و ڕێکخراوی دیکە هاوبەشی ئوسامەو لایەنگرانی و دۆستەکانیان ، گەر شۆڕشگێڕن با خەبات و تێکۆشانیان بخەنەوە ناو ولاّتەکانیان ، بەڕزگارکردنی گەلەکەیان لە ژێر دەستی ڕژێمە داپلۆماسێنەرو چەوسێنەری ولاّتەکەیان .

٢٠٠٦/١/١٩ لە دوای بەرزبوونەوەی فڕۆکەیەکی بارهەڵگری بازرگانی و گواستنەوەی هاوولاّتیان لە سەر ئاسمانی شاری تارانی پایتەختی ئێران ، بە هۆی چەند هەڵەیەکی تەکنیکی و کارەبایی کەوتە خوارەوەو لە ئەنجام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٤٢ هاوولاّتی ناو فڕۆکەکە .

٢٠٠٦/١/١٩ سەرۆك کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران – مەحمودی ئەحمەدی نەژاد – سەردانی کۆماری سووریای کرد ، کە لەو کات و ساتەش هەردوو ڕژێمی شۆڤێنی و بەر چاوتەنگی توندڕەوو دپلۆسێنەرو داگیرکەری ماف و خاکی گەلانی ولاّتەکانیان ، بە تایبەتی گەلی کوردو خاکی کوردستان ، کەوتنە بەر شالاّوی ڕاگەیاندن بە هۆی هەڵوێستی لێك جیاواز ، ئێران بە هۆی بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی ئەتۆمی و سووریاش بە هۆی دەست تێوەردانی

لـه كاروبـاری نـاوخۆی لوبنـان و تیرۆركردنـی سـەرەك وەزیرانـی پێـشووی لوبنان ڕەفیق حەیری ، كە هـەردوو وولآت بەردەوامن بە دەست تێوەردان لـەكاروباری نـوێی نـاوخۆی ئێـراق ودژایـەتی كردنـی ئیـسرائیل ، بـە یارمەتیـدانی پـارت و گروپـە ئیـسلامیە توندڕەوەكانی سـووریاو لوبنـان و فەڵەسـتین و ناوچـەو هەرێمەكـە ، بـە تایبـەتی شـێواندنی بـاری بـەرەو پێشچوونی ئێراق لە لایەن هەردوو ڕژێمی دژ بە مافی مرۆڤو دیموكراتیـەت و چارەسەری كێشە هەڵواسراوەكان .

٢٠٠٦/١/٢٠ كۆمـسیۆنی بـاڵای هەلبژردنـەكانی نوێنـەرانی هەمیـشەیی ئێـراق ئـەنجامی ڕێژەی كورسیەكانی پارت و ڕێكخراو وگروپەكانی عـەرەب و كوردو شیعەو سوونەی ڕاگەیاند .

كـە لیـستی ئیتلافـی شـیعە ١٢٨ كورسـی بـە دەسـت هێنـا ، لیـستی هاوپـەیمانی كوردستان ٥٣ كورسی بە دەستهێنا ، بەرەی تـەوافقی ئێراقی ٤٥ كورسی بەدەست هێنا ، لیستی ئێراقیـە ٢٥ كورسی بـە دەسـت هێنـا ، حیواری نیشتمانی ١٤ كورسی بەدەست هێنا ، ئەوانی دیكـەش هەریـەكەو كورسیەكی بە دەست هێنا لە هەڵبژاردنەكەدا .

٢٠٠٦/١/٢٠ سـەرۆكی فەڕەنـسا جـاك شـیڕاك لـە لێـدوانێكی تەلـەفزیۆنی ڕەسمـی ڕایگەیانـدگوونی:- ئـەویش بە بـەكارهێنانی چـەكی ئـەتۆمی بەرامبـەر بـەو وولآت و ڕێكخـراوو گروپانـەی ، كـە كـاری تیرۆرسـتی لـە فەڕەنساو بەرامبـەر بەفەڕەنسا ئەنجام دەدەن ، لە هەمان كات دوپـاتی كـردەوە ، بـە داواكـردن لـە ڕژێمی ئێران بە دەست هـەڵگرتنی لـە كاری دروستكردنی چـەكی ئـەتۆمی و مـل كـەچی بـۆ داواكـانی كۆمـەڵگای نێوودەوڵـەتی ، بـە تایبـەتی یەكیـەتی ئەوڕوپاو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان .

٢٠٠٦/١/٢٠ یاریەكانی جامی میللەتانی كیشووەری ئەفریكیای تۆپی پێ دەستی پێكرد ، لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسرو لە كۆتایی یاریـەكان یاریزانـانی تـۆپی پێی میسر سەركەوتنیان بە دەستهێنا لە بردنەوەی یاریەكان .

٢٠٠٦/١/٢١ لـە ئاكـامی بـارینی بـەفرو بـارانێكی زۆر لـە مۆسكۆی پایتـەختی ڕووسـیاو دەووروبەری و تەم و مژی ساردی ، كە پلـەی ساردی گەیشتە ٢٣پلـەی ژێر سفر ، لە ئەنجام ٣٥ هاوولآتی گیانیان لە دەستدا ، لە هەمان كات بووە هۆی وەستاندنی هاتوچۆو گەیاندن و بە دەیا ئامێری كارپێكردن لە وولآتەكەدا .

٢٠٠٦/١/٢١ گرێدانی کۆبوونەوەی نا ئاسایی پەرلەمانی کوردستان ، لە پێناو یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی لە یەك حکوومەتی هەرێمی یەککرتووی فرە لایەن .
کە بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی ئامادەی بوون لە گەڵ ئامادە بوونی باڵوێزی ئەمەریکا لە ئێراق زەڵمای خەلیل زادو ، باڵوێزی بەریتانیاو ڕووسیاو ، ئێرانو ، چینی میللیو ، لە گەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی ئێراقیو کوردی لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم.
ئەویش بەخوێندنەوەی ڕێکەوتنی ڕێکخستنەوەی هەردوو ئیدارەو دیاریکردنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو جێگرەکەی لە پێناو دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی بەرفراوان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا...!.

٢٠٠٦/١/٢١ سەرۆکی کۆسۆڤۆ – ئیبراهیم ڕۆگۆڤا – لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ، کە لە ماوەی ژیانی بەردەوام بووە لە خەباتو تێکۆشان لە پێناو بەدی هێنانی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ، کە بووە هۆی دروستکردنی بارودۆخێکی لە بارو گونجاو لە ناوچەکە ، بە هۆی ڕۆڵی کاریگەری لە سەر بە دەستهێنانی ماف لە ڕێگەی ئاشتیو بەیەکەوە ژیانی لە گەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکە بە ناوی –گاندی هەرێمی بەلکان .

٢٠٠٦/١/٢٢ بۆ یەکەمجار لە مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان شانشینی سعوودیەو کۆماری چینی میللی ، بە تایبەتیو جیهان بە گشتی ، شانشین عەبدولڵا شانشینی سعوودیە لە

سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە پەکینی پایتەختی چین ، لە پێناو بە هێزکردنی پەیوەندیەکانی ڕامیاریو ئابووریو ڕۆشنبری ، بە تایبەتی ئابووری ، کە چینی میللی ڕۆژانە ٥٠٠ر٠٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە سعوودیە دەکڕێ . شایانی باسە چینی میللی ڕۆڵی گرنگی لە ڕامیاریەتی نێوودەووڵەتی هەیە بە تایبەتی لە بواری ئابووریو بازرگانی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١/٢٣ لە دوای دەستكێشانەوەی دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین لە دادگای تایبەتی بە دادگایكردنی سەرۆكی ڕژێمی بەعسی ڕووخێندراو لە ئێراق و دارو دەستەكەی ، بە هۆی دەست تێوەردانی لایەنە ڕامیاری و مەزهەبە ئاینیەكان لەحكوومەتی ئێراق ، لە كاروباری دادگایكردن ، كە ڕەئوف ڕەشید عەبدولرەحمان بە داوەری دادگایكردنی سەدام حوسێن و نۆ لە دارو دەستەكەی دانرا كە خەڵكی هەڵەبجەی شەهیدە لە باشووری كوردستان .

٢٠٠٦/١/٢٣ دەست پێكردنی هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنی گشتی و سەرەك وەزیران لە كەنەداو، لە ئاكامی هەڵبژاردنەكان و بە ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن ، كە پارتی پارێزگاران سەركەوتنیان بە دەستهێنا بە وەرگرتنی دەسەڵات لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٦ ١ ٢٤ چوار دبلۆماتكار لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیای یەكگرتوو بە هۆی شارەزاییان لە كاروباری حكوومەت و پەیوەندی كۆمەلایەتی ، لە ئەنجام هەڵسان بە سیخووڕی كردن لە سەر دام و دەزگا گشتیەكانی ڕووسیا ، لە ڕێگەی وێنەگرتن بە ئامێری دروستكراوی تایبەت بەچاندنی لە سەر ڕۆخی شەقامەكان و گۆڕەپانە تایبەتیەكان .

لە ئەنجامی ئەوكارەو ئاشكرابوونی بووە هۆی دروست بوونی تەنگەژەی نێوان حكوومەتی ڕووسیاو شانشینی بەریتانیا بە سەرهەڵدانەوەی شەڕی سارد ، لە پەیوەندیەكانی نێوان ڕووسیاو وولاتانی ڕۆژئاواو ، لە هەمان

کات باڵوێزی بەریتانیا لە مۆسکۆ یارمەتی ڕێکخراوە ناحکوومیەکانی دەدا ، بە پارە لە پێناو جێبەجێکردنی مەرامەکان ، کە بووە هۆکارێکی نا لە باری شەقامی ڕووسیاو پەرلەمانی ڕووسیا – دۆما – و دەسەڵاتی باڵای ڕووسیا لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

٢٠٠٦/١/٢٥ لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانو حکوومەتی فەڵەستینو لە دوای تەواوبوونی لێک جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەران ، لە نێوان جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامیو ڕێکخراوی فەتح ، ئەویش لە بارو دۆخێکی دژواردا چ لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو جووڵانەوەیەو چ لە پەویوەندی هەریەکیان لە گەڵ حکوومەتی ئیسرائیل ، لە ئەنجام جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدست هێنا ، کە بووە هۆی دروست بوونی بارێکی نا لە بارو نگرانی وولاتانی ناوچەو هەرێمو جیهان بە تایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیانو یەکیەتی ئەوروپا ، جگە لە ئیسرائیلیش ، کە کاردانەوەی کاریگەری خراپی کردەسەر دوا ڕۆژی گەلی فەلەستینو پەیوەندیەکان دەکات لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەییو نیشتمانو دەسەلات لە داهاتووی دامەزراندنی دەووڵەتی فەلەستین.

٢٠٠٦/١/٢٩ کۆبونەوەی لیژنەی چوارلایەنەو لە هەمان کات سەردانی پارێزکاری ئەڵمانیا – میکل – بۆ ئیسرائیلو دوایی سەردانی سەرۆکی فەڵەستین مەحمود عەباس لە شاری ڕامەللای کرد ، لە هەمان کات هەڕەشەی ئەمەریکا بە برینی ٢٢ ملیۆن دۆلاری یارمەتیەکانی بۆ دەسەڵاتی فەڵەستین ، بە هۆی

سەرکەوتنی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکان .
لە هەمان کات یەکیەتی ئەوروپا مانگانە ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆی یارمەتی بۆ دەسەڵاتی فەڵەستین دابین دەکرد ، لە هەمان کات بڕینی یارمەتی ئیسرائیل کە مانگانە ٠٠٠ر٠٠٠ر٣ملیۆن دۆلار دابین دەکرا بۆ فەلەستین و چەندین ملیۆن دۆلاری دیکە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دابین دەکرا بۆ فەڵەستین ، کە هەر یەك بەپێی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان .
ئەمەش بە هۆی سەرکەوتنی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی کە ئەو جوولانەوەیە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی جیهان تۆمارکراوە ، کە هەوڵەکانی لە ناوبردنی ئەو جووڵانەوەیە بەردەوامە ، بە تایبەتی لە بواری دەسەڵات و سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/١/٢٩ بە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی بە چەندین وێنەی کاریکاتێری – پێغەمبەری ئیسلام – کە بووە هۆی ناڕەزایی وڵاتانی ئیسلامی ، بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی و هەوڵی پچڕانی پەیوەندی دبلۆماسی و بازرگانی لە گەڵ وڵاتی دانیمارك درا بە تایبەتی خۆراك ، بەو هۆکارە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سەر بە یەکیەتی ئەوروپا دژی وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی وەستاو ڕایگەیاند ، بەوەی کە پچڕانی پەیوەندی ئابووری لە گەڵ دانیمارك پچڕانی پەیوەندیە لە گەڵ یەکیەتی ئەوروپا ، دوای ئەوە هەرەشەی پچڕانی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی کرد.
شایانی باسە شانشینی دانیمارك وڵاتێکی دیموکراتی سەرەکیە کە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن ئازادەو سانسۆری لە سەر نیە لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/١/٣٠ بەرپرسانی کورد لە پارت و دەسەڵات بەیاننامەیەکیان ئاراستەی حکوومەتی ئێراق و پارێزگاری مووسڵ کرد ، بە هۆی کوشتن و تیرۆرکردن و دەربەدەرکردنی خێزانی کورد لە پارێزگای مووسڵ لە ماوەی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە ٤/٩ تاکوو کۆتایی ساڵی٢٠٠٥ کە زیاتر لە ٦٠٠ هاووڵاتی کورد تیرۆرکراون و بە سەدان خێزان دەربەدەرکراون لە پارێزگاکەو ، لە هەمان کات ئەو کارە بەرامبەر بە مەسیحیەکانیش ئەنجامدراوە لە سنووری

پارێزگای مووسڵدا .

٢٠٠٦/١/٣١ لە دوای مشتوومڕێکی چڕو دوورو درێژو بەردەوام لە نێوان وولاّتانی ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەڵمانیا ، لە ئاکام گەیشتنە ئەو هەڵویستەی ، کە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لە پێناو پشکنینو لێکۆڵینەوەو گەیشتن بە یەك هەڵویستی هاوبەش لە لایەن ، ڕووسیاو ، فەڕەنساو ، چینی میللیو ، بەریتانیاو ، ئەمەریکاو ئەڵمانیا... شایانی باسە سەرەتای بڕیاری لێدانی سەربازی ئاڕاستەی ئێران دەکرێت ، لە دوایی هێور بوونەوەی بارودۆخی ئێراق . لەناوچەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٢/٣ بارانێکی بێ وێنە لە هەموو شارو شارۆچکەو گوندەکانی باشووری کوردستان باری ، بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی ، کە ٣٥ کاتژمێر بەبێ پچڕان بارانەکە بەردەوام بوو.... کە بووە هۆی ڕوودانی لافاوو وێرانکردنی سەدان خانوو ڕووخانو زیانێکی مادیو گیانی لێکەوتەوە ، بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی ، کە ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەو جۆرە بارانە لە باشووری کوردستان نەباریووە .

٢٠٠٦/٢/٣ باخیرەیەکی گواستنەوی مرۆڤ و بازرگانی ، کە لە بەندەرەکانی وولاّتی سعوودیە بەرەو بەندەرەکانی وولاّتی میسر بە ڕێکەوت کە زیاتر لە ١٤٠٠ هاوولاّتی لە هەموو نژادەکانی وولاّتانی جیهانی هەڵگرتبوو ، لە ئەنجامی نقومبوونی لە دەریا بووە هۆی گیان لە دەست دانی زیاتر لە ١٠٠٠ هاوولاّتی ، جگە لە زیانی باخیرەکەو کەلوپەلی هاوولاّتیانی ناو باخیرەکەو خۆراك ، کە باخیرەکە خاوەندارێتیەکەی هی وولاّتی میسر بوو .

٢٠٠٦/٢/٤ گیان لە دەستدانی زیاتر لە ٨٨ هاوولاّتی هاندەر لە یەکێك لە یاریگاکانی شاری مانێلاو بە دەیا زامدار .

ئەویش لە ئەنجامی دژایەتی نێوان لایەنگیرانی گروپە یاریکەرەکانی وەرزشی لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٦/٢/٤ سووتاندنی هەردوو باڵوێزخانەی دانیمارکو، نەرویژ لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا ، لە لایەن خۆپیشاندەرانی دژ بە هەردوو شانشینی دانیمارکو ، نەرویژ ، بە تایبەتی دانیمارك لە لایەن ئیسلامە توندڕەوەکان .

بــه هــۆی بڵاوكردنــەوەی وێنــەی پێغەمبــەری ئیــسلام محەمــەد – د.خ – بەشێوەی كاریكاتێر لە ڕۆژنامەیەكی دانیماركیدا .

٢٠٠٦/٢/٤ لە كۆبوونەوەی ناكاوی ئەنجوومەنی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە شاری ڤیێناو بڕیاری ئاڕاستەكردنی دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ درا ، بە تەواوی دەنگ تەنیا سووریاو ، ئێران و ، پێنج لە وولاتانی ئیسلامی نەبێت دژی بڕیارەكە وەستان .

٢٠٠٦/٢/١٠ لە دوای كۆچی دوایی سەرۆكی هەرێمی كۆسۆڤۆ ئیبراهیم ڕۆگۆڤا لە ١/٢١ – فاتمیر سیدیۆ – لە لایەن پەرلەمانی كۆسۆڤۆ ، كە ١٢٠ نوێنەرن بە سەرۆكی هەرێمی كۆسۆڤۆ هەڵبژێردرا ، كە مرۆڤێكی یاساناس و كەسایەتیەكی لێهاتووی ئەو هەرێمەیە.

شایانی باسە فاتمیرسیدیۆ پاڵیوراوی یەكەم بووە بۆ ئەو پۆستەو جێگری سەرۆكی ڕایەڵەی كۆسۆڤۆی دیموكراتی بووە ، كە ئیبراهیم ڕۆگۆڤا سەركردایەتی دەكرد ، كە لە ساڵی ١٩٨٩ دامەزرا بوو. سەرۆكی كارگێڕی نێودەووڵەتی كۆسۆڤۆ سوڕین یسین بیترسۆن لە ڕاگەیاندنێكی خۆشحاڵی خۆی بۆئەوكارە دەربڕی لە پایتەختی كۆسۆڤۆ ، كە بریشتینا گەشتەكەی دواخست بۆ شاری نیویۆرك لە پێناو ئامەدە بوونی دانیشتنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەووڵەتی تایبەت بە كۆسۆڤۆ.

٢٠٠٦/٢/١٠ دەست پێكردنی یاریەكانی بیستەمی ئۆلۆمپیاتی زستانە ، كە تاكو ٢٦ ٢ ی هەمان ساڵ بەردەوام بوو لە شاری تۆرینۆی ئیتاڵیا لە دوای پەنجا ساڵ ، كە لە كورتینا ئەنجامدرا ، كە ٢٥٠٠ یاریزان لە ٨٥ وولاتی جیهان بە شداری تێدا كرد .

٢٠٠٦/٢/١٠ لە هەرێمی ستاخرو بۆڵی لە باشووری ڕووسیا شەڕو پیكدادان بەرپابوو ، لە نێوان هێزەكانی ئاسایشی ڕووسیاو چەكدارە توندڕەوەكانی ئیسلامی شیشان ، كە لە ئاكام بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە ٢٠ چەكدار لە هەردوولایەن .

ئەویش لە دوای گەمارۆدانی حەشارگەیەكی یاخی بووەكانی شیشان لە كۆماری قەوقاز ، كە ماوەی ٢٠ كاتژمێر شەڕەكە بەردەوام بوو... شایانی باسە كە ستاخروبۆڵی ٢٠٠ كیلۆمەتر لە سنووری شیشان دوور بوو لە

ناوچەکە دا .

٢٠٠٦/٢/١٢ لە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی لیستی هاوپەیمانی شیعە دووبارە سەرەك وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری بۆ دوبارە وەرگرتنی پۆستی سەرەك وەزیرانی هەمیشەیی ئێراق هەڵبژێردراوە کە سەرۆکی پارتی دەعوەی ئیسلامی ئێراقەو مرۆڤێکی شۆڤینی دژ بەکوردو خاکی کوردستانە .

شایانی باسە ناوبراو جیاوازی نیە بە هیچ جۆرێك لە گەڵ سەرۆکی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو سەدام حوسێن ، بەڵکو سەدامیش باشتر لە هەموو سەرکردەکان شیعە دوای ڕووخاندنی سەدامو سووننەکان ، دەسەڵاتێکی گەندەڵی و کۆسپ خستنە بەرەو پێشەوە بردنی باری ئێراق بوو ، بە تیرۆرکردنی بیری ڕۆشنبیرو ڕوناکبیرە هەمەلایەنەکانو بە دەیا کاری دیکەی خزمەت گوزاریو ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/٢/١٤ لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشی نێوان سەرۆکی ڕووسیای یەکگرتوو فلادیمیر پۆتینو سەرەك وەزیرانی فەڕەنسا دۆڤێل دۆمینیپال بە دووپاتکردنەوە داوایان لە ئێران کرد ، بە ڕاگتنی کارەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم ، لە پێناو وەبەرهێنانی چەکی ئەتۆمی لە ئیران بە ڕێزگرتن لە داواکاریەکانی نێودەوڵەتی لە بواری کارەهەمەلایەنەکانی ئەتۆمی لە ئێراندا .

٢٠٠٦/٢/١٤ لە کوردستان بە گشتیو لە پارێزگای هەولێر بە تایبەتی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئەنجامدرا ، لە لایەن پارتو ڕێکخراو وجەماوەرێکی زۆری ئیسلامیەکان ، بە سەرکردایەتی زانایانی ئایینی ئیسلامی، بە ڕەزامەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دژی ئەو وێنە کاریکاتیریانەی کە لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە وڵاتی دانیمارك ، ئەویش بە سوکایەتی پێکردنی پێغەمبەری ئیسلام .

شایانی باسە ڕۆژێك لە ڕۆژان نە پارتو نە ڕێکخراوە ئیسلامیەکانو نە ئەنجوومەن ، یاخوود دەستەی زانایانی ئیسلام و نە لە هەموو کوردستانو نە لە باشووری کوردستان ، یاخوود لە یەکێك لە شارەکانی خۆپیشاندانیان دژی کردوەکانی ڕژێمەکانی ئێرانو ، تورکیاو ، سووریاو ، بە تایبەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ئەنجام نەدا ، کە بەرامبەر بە هەڵەبجەی شەهیدو ئەنفالو وێرانکردنی بە هەزارەها مزگەوت لە گوندەکانی کوردستانو وێرانکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندو شارۆچکەو زیندە بەچاڵو گۆڕەبەکۆمەڵەکان ، مەلا ئاینیەکان بێ دەنگ بونیان بە شێوەیەکی گشتی لە پێناو پارەو پارچە زەویو دەمانچەی ژێر عەباکەیانو دوعاکردن بۆ سەدام بە مانەوەی لە بە عەرەبکردنو وێرانکردنی کوردستانو تیرۆرکردنی کوڕو کچو منداڵو ئافرەتی کوردو بەرگری نەکردنیان لە قورئانە سوتێنراوەکان .

شایانی ئاماژە پێکردنە ، کە ووتارەکانی ئایینی ڕۆژانی هەیینیان بەرگری کردن بوو لە سەدامو ڕژێمەکەی، تەنیا هەندێ مامۆستای شۆڕشگێڕو خۆڕاگری نەتەوەیو نیشتمانی گەلەکەمان نەبێت...؟...!.

٢٠٠٦/٢/١٥ لە کۆبونەوەی ئاسایی یەکیەتی ئەوروپا کە پشتگیری تەواوی خۆی بۆ دانیمارك ڕاگەیاند ، کە دانیمارك ئەندامێکی کاریگەری یەکیەتی ئەوروپایەو لە هەمان کات دژی دەستکاری کردنی یاساکانی بیروڕای ئازادن ، هەر لەو کۆبونەوەیە بەڕێزگرتن لە هەموو ئایینە جیاجیاکان لە جیهان ڕاگەیاندو پشتگیری خۆپیشاندانی ئاشتیانەی دوپاتکردەوە ، ئەمەش بە هۆی بڵاوکردنەوەی چەند کاریکاتێرێك لە سەر وێنەی دروستکراوی پێغەمبەری ئیسلام .

٢٠٠٦/٢/١٥ بە هۆی بڵاو بوونەوەی برسیەتیو ژیانی نا لە باری گەلانی سۆماڵ لە دوو هۆکاری سەرەکی ، یەکەمیان :- بە هۆی شەڕو پێکدادانی نێوان هێزە چەکدارە هۆزو تیرە جیاجیاکان ، دووەم :- وشکانی وولاتەکە بە هۆی نەبارینی باران .

سەرەك کۆماری سۆماڵ عەبدوللا یوسف ڕاگەیادنێکی داواکاری ئاراستەی وولاتانی جیهان کرد ، لە پێناو بە دەستهێنانی ٦٠ ملیۆن دۆلار لە پێناو ڕزگارکردنی ٨٫٠٠٠٫٠٠٠ ملیۆن مرۆۆ بەرزگارکردنیان لە مردنی بە مەرگەساتو لە برسان ، بە تایبەتی زیاتر لە ١٫٥٠٠٫٠٠٠ ملیۆن منداڵ ، کە

تەمەنیان لە پێنج ساڵ کەمترە .
هەروا لێدانی زەنگی جەنگ لە نێوان کۆماری ئەسیوبیاو ئەریتیریا و بە دەیا کێشەو گرفتی دیکەی ڕامیاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی تیرەو هۆزدا لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٢/١٥ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناوی ٣٠٠هەزار تیرۆرست لەجیهانی ئیسلامی ، کە ئەو زانیاریانە لە لایەن ١٠ دەزگای سیخووڕی ئەمەریکا وەرگیراوە ، بە تایبەتی لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکاو دەزگای سیخووڕی – ئای .سی.سی – سەربازی ، کە ڕاستیەکەی ئەو ژمارە خۆی لە ٢٠٠ هەزار تیرۆرست دەدات .
ئەویش لە ڕێگەی پیاوانی سیخووڕی ئەمەریکا ، کە لە وولاتان کۆکراوەتەوە ، بە تایبەتی لە پاکستان‌و ، ئەفگانستان‌و ، ئێراق‌و سووریاو ، لوبنان‌و ، جەزائیرو ، وولاتانی دیکەی عەرەبی‌و ئیسلامی ، بە تایبەتی وولاتانی عەرەبی لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٦/٢/١٥ ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا یاسای دژ بە تیرۆری پەسندرکرد لە پێناو ڕێگە گرتنی لە هەموو بوارە جیاجیاکانی کاری تیرۆرستان ، کە بووە هۆی ناڕەزایی‌و دڵە ڕاوکێی گروپە ئیسلامی‌و ئیسلامە دانیشتووەکانی بەریتانیا .



ئەویش بە پێشێلکردنی مافەکانیان‌و ڕێگە گرتن لە جێبەجێکردنی مەرامەکانیان بە ناوی ئاینەوەو دوورخستنەوەیان لە بەریتانیا بەرەو وولاتەکانی خۆیان ، ئەو یاسایەش لە لایەن ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانیا پەسەند کرا ، کە بەرزترین ئەنجوومەنە لە گەڵ دەستکاری پەسندکراو بووە یاسای بنەڕتی ، کارپێکردن بە شێووەیەکی هێمنانەو ڕاستەقینە لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٦/٢/١٦ فرۆکەیەکی مەدەنی گواستنەوەی ئەڵمانی کە لە فرۆکەخانەی باکووری

پایتــەختی ئازربایجـان بــەرەو فرۆکەخانــەی نێوودەوڵــەتی سـلیمانی بـە ەرێکــەوت ، پێـنج هـاووڵاتی کـوردو بیـانی هــەڵگرتبوو لــە نێـوان گونـدی قەراجیان و بۆشین ، کە گوندێکی سەر بە قەزای دوکانی پارێزگای سلێمانیە ، ئــەویش شـاخی چـەوە سپیە بـە بـەرزی ١٦٠٠ مـەتر کەوتـە خـوارەوەو فرۆکەکـە تێـك شـکاو هاووڵاتیـانی نـاو فرۆکەکـە گیانیـان لـە دەسـت دا لـە باشووری کوردستان.



٢٠٠٦/٢/١٦ شـاندێکی ڕێکخـراوی حەماسـی ئیـسلامی فەلەسـتین لــە دوای سـەرکەوتنی لــە هەڵبــژاردنی ئەنجوومــەنی یاسـادانان بــە سـەرکردایەتی سـەرۆکی مەکتـەبی سیاسـی جووڵانــەوەی حــەماس خالید مەشعەل سەردانی تورکیای کـرد ، بـەڵام لـە لایـەن حکوومـەتی تورکیا پێشوازی لێنەکرا . بـە تایبـەتی لـە لایـەن سـەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردگان و وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵا گول ، بەڵام بە نای حزب پێشوازی لێکرا ، لە لایەن عەبدوڵا گول بە هۆی کارتێکردنی پالە پەستۆی رامیاریەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان.

٢٠٠٦/٢/١٦ لە سەر بانگهێشتی – US I P – نوێنـەری حکوومـەتی هەرێمیباشووری کوردسـتان لـە ئیـدارەی هـەولێر بە شـداری لـە کۆبونەوەکـە ئەنجامـدرا ، کـە حکوومەتەکانی دراوسێی ئێراق بەشداربوون ، لە ئەسینای پایتەختی یۆنـان ، کە نوێنەری وولاتانی ئێراق و ، ئێران و ، تورکیاو ، سووریاو ، بە بەشداری چەندین پسپۆڕو شارەزاو زانا ئامادەی بوون لە سەر باری پرۆسـەی ئێسـتاو داهاتووی ئێراق .

٢٠٦/٢/١٧ گرێدان کۆنگرەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ئێراقی فیدراڵ لـە شـاری بەغـدا ، بـە ئامـادە بـوونی ١٥ پارێزگـاو نوێنـەرانی ١٥ پارێزگـای ئێـراق ، جگـە لـە پارێزگاکانی کوردستان .

٢٠٠٦/٢/١٧ ئیدارەی ئەمەریکا لە ڕێگەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش ٥ ملیۆن دۆلاری بۆ ئۆپۆزسیۆنی سووریا بە سەرکردایەتی جێگری سەرەك کۆماری سووریا عەبدولحەلیم خەدام بەخشی ، لە پێناو لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە سووریا .

٢٠٠٦/٢/١٧ لە فیستیڤاڵی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ڤیستڤاڵی بەرلینی سینەمایی نمایشکرا ، کە فلیمێکی کوردی لە سەر شۆڕشی کورد بە ناوی – دەمێ نێرگز بێشکڤن – نمایشکرا ، کە بووە هۆی جێگەی سەرسورمان و لە ئاکام خەڵاتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە دەستهێنا .

٢٠٠٦/٢/١٨ گرێدانی کۆبوونەوەی لیستەکانی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئەلعراقیەو بەرەی تەوافقی نیشتمانی و پارتی ئیسلامی ئێراقی ئەنجامدرا ، بە ئامادە بوونی بەڕێزان سەرەك کۆماری ئێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق لە پێناو گەیشتن بە پێکهێنانی حکوومەتێکی فرەلایەن لە داهاتوی ئێراقی فیدڕاڵ .

٢٠٠٦/٢/١٨ سووتاندنی کونسلیەی ئیتاڵیا لە شاری بەنگازی لە کۆماری لیبیا بە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانی پێغەمبەری ئیسلام ، لە ئاکام بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە ١٠ هاوولاتی توندڕەوی ئیسلامی و دروست بوونی کێشەی نێوان حکوومەتی لیبیاو ئیتاڵیا ، بە پێشێل کردنی یاسا نێوودەوڵەتیەکان .

٢٠٠٦/٢/١٨ بە هۆی ڕمانی زەوی لە ئاکامی بارانێکی زۆر لە وولاتی فلیپین ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار هاوولاتی و وونبوونی زیاتر لە ١٤ گوندو ڕەش بوونەوەی لە سەر زەوی بە لێکەوتنەوەی زیانێکی زۆری گیانی و سامان ، بە تایبەتی هاوولاتیانی هەژاری بێدەرامەت لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٦/٢/١٩ شانشینی ئوردن شانشین عەبدولا حوسێن پێشوازی لە مێرد منداڵی نەزانی مەزهەبە شیعەکان لە ئێراق موقتەدا سەدر کرد ، لە ئاکامی گفتووگۆی نێوانیان و لە دیوانی شانشین ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوەو هەڵوێستە ناڕاستەکانی ناوبراوی بەڕاست و دروست لەقەڵەمدا .

شایانی باسە نەتەوەیەك نیە لە سەر زەوی لە نەتەوەی عەرەب دووڕو و گێرەشێوێن و تێکدەرو نەزان و گەمژە نەبن ، چونکە لە قورئان ئەوەی سەلماندوە ، کە دەفەرموێ – انا انزلنا قرانا عربیا لعلهم تعقلون – هەروا

دەفـەرموێ – ان اعـراب مـن اشـد الكفـارا –... چـونكە عەرەبـەكان كـاری فێڵكردن‌و درۆكردن بە ئازایەتی‌و سەربەرزی دەزانن دوور لە ڕێنمایەكانی ئایینی ئیسلامو ، هەروا باكیان نیە گەر باڵەخانەیەكی ١٠٠ نهۆمی وێران بكەن لە پێناو دووبلۆك ، یاخوود دوو كەرپوچ ، یاخوود پەنجەرەیەك‌و... لە ڕووی ئابڕۆو ئەخلاق هەرباسی مەكە...؟.

٢٠٠٦/٢/١٩ لـە ڕاگەیانـدنێكی ووتـە بێـژی وەزارەتـی نـەوتی ئێراقی – عاسم جیهاد– لە ئـــــەنجامی كـــــارە تیرۆرســـتیەكان‌و گێـــرە شـــێوێن‌و تێكـــدەران بـــە تێكـــشكاندنی پـــڕۆژەو



كارگـەكان‌و دەزگـا بۆڕیـەكانی نـەوت ، كـە زیـاتر لـە ٦٠بلیـۆن دۆلار زیـانی لێكەوتەوە ، بە هۆی ئەو كارانە بووە ، كە ئەویش ٤٠ ملیۆن دۆلار بە هۆی تەقاندنـەوی بۆڕیە نەوتیـەكان بووەو بەرێكخـەری ناردنـە دەرەوە ٧١٠ ملیـۆن دۆلار زیانی بووە، ئەمەو بە دەیا كاری دیكە بە ناو تیرۆریستی.

بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وانیـە بـەڵكو دەسـەڵاتە كاتیـەكانی ئێـراق لـە دوای ڕووخاندنی دەسەلاتی سەدام حوسێن ، بەدزین‌و هاوبەش بوونیان لە گەڵ تیرۆرسـتان‌و گوێڕایـەڵی نـەكردنی یاسـاكان هـەتا یاسـاكانی سـەدام ، كـە چەندین بابەتی باش‌و لێهاتووی تیایە بەرگری لە موڵك‌و سامانی گەل‌و نیشتمان بكات .

٢٠٠٦/٢/٢٠ ڕژێمـی بـەعس لـە سـووریا قوماشـی چـوار ڕەنگـی سـەوزو سـوورو سـپی‌و زەردی قەدەغـەكردو دەزگـا سـیخوڕیەكانی ڕژێـم لـە شـاری قامـشلی خۆرئـاوای كوردسـتانی لكێنـدراو بەسـووریا دەسـتیان بـە سـەر جۆرەهـا قومـاش داگـرت‌و ڕەنگـەكانی سـەرەوەیان تـاڵانكرد ، كـە ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ ئاڵای كوردستان.

شایانی باسە ڕژێمی بەعس لە سووریا بە نەخۆشیەكانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە بوونی كۆتایی دێت لە هەموو ڕوویەكەوە ، جا دوور یا نزیك ، چونكە ئەو جۆرە نەخۆشیە ڕزگاربوونی بۆ نیە لە جیهاندا .



٢٠٠٦/٢/٢١ سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین مەحمود عەباس بە ڕەسمی داوای لە پاڵێوراوی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی بۆ پۆستی سەرەك وەزیران ئیسماعیل هەنیە کرد ، بە پێکهێنانی حکوومەتی فەلەستین ، ئەویش بە دوورکەوتنەوەی جووڵانەوەی فەتح لە گۆڕەپانەکەدا .

٢٠٠٦/٢/٢١ سەرەك کۆماری پاکستان پەروێز موشەرەف و سەرۆکی چینی میللی گیفگن تاو لە پەکینی پایتەختی چینی میللی/١٣ ڕێکەوتنیان لە بوارەکانی وزەو کشتووکاڵ و گەیاندن و هەماهەنگی و هاکاری سەربازی مۆرکرد ، چینی میللی بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری وەك قەرز پێشکەش بە حکوومەتی پاکستانکرد ، ئەمەش لەچوارچێوەی بەرەوپێش بردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ناوچەو هەرێم و جیهان .

٢٠٠٦/٢/٢٢ لە ئەنجامی کارێکی تیرۆری لە لایەن پیاوە بەکرێ گیراوەکانی مەزهەب شیعە ، بە تایبەتی سووپای مەهدی بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر، قوبەی گۆڕی ئیمامی عەلی هادی و ئیمام حەسەن لە قەزای سامەڕا تەقێندرایەوە ، لە گەڵ گوللە بارانکردنی بە دەیان مزگەوتی مەزهەب سووننەی ئیسلامی عەرەبەکان لە شاری بەغدا... بەم بۆنە حکوومەتی ئێراق ماتەمینی بۆماوەی سێ ڕۆژ ڕاگەیاندو هەروا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢/٢٣ی کردە ڕۆژی پشووی ماتەمینی لە هەموو کوردستان...؟.

شایانی باسە مەزهەب شیعەی عەرەب لە ئێراق بە پشتیووانی ڕژێمی بە ناو ئیسلامی ئێران بە نهێنی و ئاشکرا بەردەوامن لە بن بڕکردنی مەزارگە ئاینیەکانی سەر بە مەزهەب سووننە ، ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دیکەش ، بەردەوامن بە لە ناو بردنی توێژی ڕۆشنبیری لە دکتۆرو ، ڕوناکبیرو ، توێژینەرو ، نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ، هونەرمەندو ، کەسایەتی لێوەشاوەی باشوورو ناوەڕاست لە ئێراقدا .



٢٠٠٦/٢/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی خۆیدا بەکۆی دەنگ پەسندی ڕێکەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد ، لەسەر بوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە سەرەك ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان . لە پێناو پێك هێنانی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان.

شایانی باسە لە کابینەی دووەمی حکوومەتی هەرێی کوردستان لە ١٩٩٤/٥/١ بوو بە دوو ئیدارەی دژ بە یەکتری لە پارێزگای سلێمانی و دەورووبەری و چەند ناوچەی دیکەو ، لە پارێزگای هەولێرو دهۆك لە نێوان ئەو دوو پارتە سەرەکیە لە هەموو بوارەجیاجیاکان ، بە تایبەتی لە سەر دەسەلاّت و سامان ، کە تەنیا لە سەر بواری نەتەوەیی و نیشتمانی کۆك بوون... بەلاّم هەر یەك بە شێوازێکی تایبەتی خۆی لە ڕامیارەیەتی پارتەکەیدا لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٦/٢/٢٣ لە گەشتەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گۆندا لیزا ڕایس بۆ ئیماڕاتی عەرەبی و سعوودیەو گەیشتنی بە لوبنان ، لە گەڵ بەرپرسان و کەسایەتیەکانی لوبنان کۆبووەوە ، بەلاّم تەنیا لە گەڵ سەرەك کۆماری لوبنان ئەمین لەحود نەبێت ، ئەویش لە سەر داوای ئەمەریکا و داوای گەلانی لوبنان .



٢٠٠٦/٢/٢٤ سەرۆکی ئەمەریکا جورج بۆش لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند ، کە ئێمە داوا ناکەین کە ئێران چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ ، لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ هەموو وولاّتان بە یەك زمان داواکانیان بەرزدەکەنەوە بە وازهێنانی ئێران لە بەرهەم هێنانی چەکی ناوبراو ، لە هەمان کات لە ڕاگەیاندنەکەی گووتی:-

ئێران یەکەم دەسەلاّتە پشتگیری لە تیرۆر دەکاتو بۆتە مەترسی لە سەر دراوسێکانیو ناوچەو هەرێمەکە بە فراوانکردنی ڕامیاریەتی لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی خواستەکانی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستو کیشووەری ئاسیادا .

٢٠٠٦/٢/٢٤ کۆمەلێك چەکداری توندڕەوی ئیسلامی لە سعوودیە پەلاماری دەزگاو پڕۆژەی پالاّوتنی نەوتیان دا لە ناوچەی – بەقیگ – لە ئەنجام پەلامار دراوەکان کوژرانو بووە هۆی کارلێکردن لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتو زێڕو کاری لە بازاڕی ئابووری جیهان کرد ، بە تایبەتی لە وولاّتانی ڕۆژئاواو هەتا لە بواری گۆڕینەوەی دراوە جۆراوجۆرەکان لەجیهاندا .

٢٠٠٦/٢/٢٥ دەست پێکردنی کۆبوونەوەی نێوان هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلامی عەرەب لە شاری بەغدا ، لە پێناو دامرکاندنەوەی تارمایی هەلگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوونە ، کە بەر لەو مێژووە چەندین شەڕوو پێکدادان لە گەڕەکەکانی بەغدا بەرپابوو ، لە نێوان هەردوو مەزهەب ، بە بلاّوکردنەوەی ڕاگەیاندنێك ، کە لە ١٠ خالّ پێك هاتبوو ، لە نێوان هەردوو دەستەی زانایانی ئیسلامی سوونەو پارتی ئیسلامی ئێراق . لە گەلّ سەرکردایەتی پارتو گروپە شیعەکانو مەرجەعیەتی شیعە ، لە سەرکردایەتی ڕامیاری لە پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق ، کە کورد ڕۆلّی سەرەکی بەرچاوی لەو هەلّوێستانە هەبوو لە هەموو لایەنەکان .

٢٠٠٦/٢/٢٥ ســـەرەك كۆمــاری ســـوودان عومـــەر حەســـەن بەشـیر لــە كۆبوونەوەیـــەكی ڕەسمـــی ڕایگەیانـــد ، كـــە ناوچـــەی دارفور دەكەمە گۆڕستان گەر هێزەكانی یەكیەتی ئەفریكیا بگۆڕن بە هێزی نێوودوولەتی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان ، واتــە دەســت تێوەردانــە لــە كاروباری ناوخۆی وولاتەكە ، بــەڵكو هــەوڵی چارەســەری كێشەكە دەدەین لە گەڵ لایەنە پەیوەنداره ناوخۆیەكان لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٦/٢/٢٦ لە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی شەهیدێكی پارتی كرێكارانی كوردستان لە باكووری كوردستان لە شاری دیاربەكر ، بووە هۆی شەڕو پێكدادان لە نێوان هێزەكانی سووپاو جەندرمەكانی ڕژێمی تورك‌و جەماوەری بە شداربووی خۆپیشاندانەكە ، لە ئاكام بووە هۆی زامداركردنی بە دەیا هاوولاتی كوردی خۆپیشاندەران دژی ڕژێمی توركی داگیركەری باكووری كوردستان .

٢٠٠٦/٢/٢٦ كێشەی شارستانیەت- دژایەتی كردنی یەكتری یاخوود هاوكاری كردن- كۆنفرانسی ئایینە جیاجیاكان بە تایبەتی ئاینی ئیسلام‌و مەسیحی لە شاری سیدنی پایتەختی ئوستڕالیا گرێدرا ، بە ئامادەبوونی ١٢٠ نوێنەرو زانـای ئـایینی، بەشـداربوان لـە پێنـاو بـەرەو چارەسـەركردنی كێـشە هەمەلایەنەكان لە بوارەكانی ئازادی بڕواو بیروو ڕای جیاواز ، لە پێناو خزمەتكردنی كۆمەڵگاكانی جیهان .

٢٠٠٦/٢/٢٦ لە ڤیێنای پایتەختی نەمسا ئۆپرای گەرموو گوڕی بەسەركردنەوە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥٠ ساڵ بە سەر كۆچی دوای مۆزیكاا ژەنی جیهانی – مۆزارت – ئەنجامدرا ، كە زیاتر لە ٤٦٠٠ كەسایەتی لە بواری مۆزیكاو گۆرانی‌و هونەرو هاوولاتیان‌و بەرپرسان بەشداریان تێداكرد .

لە سەرەروەی هەموویان سەرك كۆماری نەمسا .كە هەموو بەشداربوان بە جلوبەرگی سپییەوە ئاهەنگەكەیان برد بەڕێووە .

٢٠٠٦/٢/٢٧ سەرەك كۆماری توونس زەین عابدین عەلی لە بڕیارێکیدا ١٦٠٠ زیندانی رامیاری ئازادکرد ، لەوانە ٧٠ زیندانی ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون و ٦ زیندانیش بە تۆمەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆری بەندکرابوون ، ئەمە جگە لە کەسایەتی دیکەی دیموکراتی خوازو کۆمۆنیست و کۆمەلایەتی بە هۆی دژایەتی کردنی دەسەلاتی سەرەك كۆمارو تاکڕەوی لە دەسەلاتەکەیدا .

٢٠٠٦/٢/٢٧ سەرۆکی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەردانی وولاتی کوێتی کردو لە دوای پێشوازی لێکردن ، ئەنجامەکانی گفتووگۆی لە گەلٚ بەرپرسانی بالای کوێت لە ڕاگەیاندنێکیدا گووتی:- داوا دەکەین کە نەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پاك بکرێتەوە لە چەکی ئەتۆمی و موشەکی دوورهاوێژ ، بەلٚکو پێویستە هەموو جیهان لەو جۆرە چەکانە پاك بکرێتەوە .

٢٠٠٦/٢/٢٨ سەرەك كۆماری ئێراق مام جەلال لەڕاگەیاندنێکیدا دژی هەلوێستەکانی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران ئیبراهیم جەعفەری وەستا ، کە بێ ئەوەی پرس وڕا بە سەرۆکایەتی کۆمەلەی نیشتمانی و سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجوومەنی وەزیران و ڕەزامەندی وەربگرێت ، سەردانی كۆماری تورکیای دژ بە بارودۆخی ئێراق و کوردو ناوچەکە کرد ، ئەمەش کە خۆی لە خۆیدا نیازێکی تایبەتی و گشتی تیابوو ، ئەویش دژی بەرەوباش بردنی باری ئێراق و بە تایبەتی باری کورد لە سەر کێشەی پارێزگای کەرکوك و دروستکردنی کێشەو ململانێی زیاتر لە سەر چارەسەرنەکردنی کێشەکان لەوولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٣/١ دووبارە بوونەوەی کۆمۆنەی پاریس ، کە یەك ملیۆن هاوولاتی لە گەلانی فەڕەنسا ڕژانە سەر شەقامەکانی پاریسی پایتەختی فەڕەنسا دژی بڕیاری کارپێکردنی گەنجانی فەڕەنسا لە دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن و بێکاران لە كۆماری فەڕەنسا .

٢٠٠٦/٣/١ لە سەردانێکی ناکاوی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش و هاوسەرەکەی بۆ پاکستان و ئەفگانستان و دوای چەند کاتژمێرێك گەیشتنە شاری نیودلهی پایتەختی هندستان ، ئەویش لە پێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنی یارمەتی هاوبەشیان لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری ، بە تایبەتی لە بواری ئەتۆمی

مەدەنی لە هیندستان ، کە ئەم سەردانە هۆکاری کاردانەوەی خۆی لە سەر پەیوەندی هیندستان و چینی میللی و هندو پاکستان و بە پێچەوانەشی هەیە لــە هــەموو بــوارە جیاجیاکــان لــە پەیوەندیــەکانی ئــابووری و رامیــاری و بازرگانی و سەربازی و ئەتۆمی و نێودەوڵەتی لە هەرێمەکان و جیهان.

٢٠٠٦/٣/٢ هاوپەیمانی کوردستان لە راگەیاندنێکی لە سەر زاری مەحمود عوسمان بە دووبارە بوونـەوەی سـەرەك وەزیرانـی کـاتی ئێـراق ئیـبراهیم جەعفـەری بـۆ پۆسـتی سـەرەك وەزیرانـی هەمیـشەیی دوای هەڵبـژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی رەتکردەوە ، لە گەڵ هەندێ لایەنی دیکەی سـوورنە بـە هـۆی هەڵوێـستە شـۆڤینی و بەرچـاو تـەنگی و دروسـتکردنی دوبەرەکی و کێشەو جێبەجێ نەکردنی مافەرەواکانی کورد ، بە پێی مادەی ٥٨ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی ئێراق و رێنمایەکان ، بە تایبەتی لە بارەی ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوك و ناوچە دا لێبراوەکان .

٢٠٠٦/٣/٣ لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنی بەرێز فواد مەعصوم ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان گووتی:- سەردانەکەی سەرەك وەزیرانی کاتی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری بۆ تورکیا . مە بەستی دروستکردنی کێشەی نوێ و کۆسپ خستنە پێش چارەسەری گێشە هەڵواسـراوەکانە ، بـە تایبـەتی لـە سـەر بـاری پارێزگـای کـەرکوك و فیدراڵی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە وولاتەکەدا .

چـونکە سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا رەجـەب تـەیب ئـەردۆگان لـە پەرلـەمانی تورکیـا باسـی سـەردانەکەی جەعفـەری کـردووەو چـاوپێکەوتنی لـە گـەڵ وەزیـری دەرەوەی تورکیا عەبـدولا گـوڵ ئەنجامـداوە ، کـە ئەمانـە دەبـێ بـە پێچەوانە بێت لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٣ شـاندێکی جوولانـەوەی حەماسـی ئیـسلامی لـە فەلەسـتین بـە سـەکردایەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسـی حـەماس خالـد مەشـعل لـە سـەر داوای سـەرۆکی رووسـیا فلادیمیر پـۆتین گەیـشتە مۆسـکۆی پایتـەختی رووسـیا ، لـە پێنـاو بەرەو باشبردنی بارو دۆخـی پەیوەنـدی نێـوان حـەماس و ئیـسرائیل لـە دوای سـەرکەوتنی حـەماس لـە هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومـەنی یاسـادانان لـە فەڵەسـتین و، هـەروا دەسـتگیربوون بـەو رێکەوتننامـە نێودەوڵەتیـەکان، ئەویش بە گۆرینی رامیارەتی و دان نان بە دەوڵەتی ئیسرائیل.

سەرەڕای ئەوەی کە شاندەکە چەند مەرجێکی بنەڕتی دانا لە پەیوەندیەکانی لە گەڵ ئیسڕائیل و هەڵووەشاندنەوەی پەرژینی دروستکراوو کشانەوەی بۆ سنووری ساڵی ١٩٦٧ و چەندین داوای دیکە لە نێوان دەسەڵاتی ئیسرائیل و فه لەستین .

٢٠٠٦/٣/٣ تەقاندنەوەی کەنیسەی مەسیحیەکان لە شاری ناسرەی فەڵەستین لەلایەن جوولەکە توندڕەوەکانی ئیسڕائیل ... شایانی باسە کە ئەم کەنیسەیە بە کۆنترین کەنیسە لە جیهان دادەنرێت لە شارەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٣ دادگای ڕژێمی تورکیا شەش ڕۆژنامەنووسی دادگایکرد بە ناوی ئەوەی کە یارمەتی کوردی باکووری کوردستانی داوە لە خۆپیشاندانەکان و پەلاماردانی ئەو دواییانەی تورکیا و بەردەوام بوونی لە شارۆچکەو شارەکانی باکووری کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ڕژێمی تورکیا .

٢٠٠٦/٣/٣ کۆنگرێسی ئەمەریکا لە بڕیارێکیدا داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش کرد ، بە پەلەکردن لە ناردنی هێزیکی پەیمانی ناتۆ بۆ سوودان و دیاریکردنی ناوچەیەکی پارێزراو بە قەدەخەکردنی ئاسمانی ناوچەکە ،



لە پێناو پاراستن و ئارامکردنەوەی باشووری سوودان و لە گەلانی سوودان ، بە تایبەتی دانی هەرێمی دارفورو داوای کرد ، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەزامەندی لە سەر ئەو بڕیارە بکات بۆ وولاتەکە .

شایانی باسە لە هەرێمی دارفور ناوچەیەکی بچوك هەیە کە دانیشتووانەکەی کوردن و ناوزەندە بە کوردڤان و بەر ئەو مەرگەساتە کەوتوون لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بە تایبەتی لە تواندنەوەی نژادی و ڕەگەزی لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٣ لە بڕیارێکی مێژوویيدا پەرلەمانی هەرێمی مۆنتینیگرۆو بە ڕەزامەندی ٦٠ پەرلەمانتار ڕەزامەندی لە سەر ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر ئاییندەی وولاتەکەیان دەربڕی ،

ئەو راپرسیەش لە ٣/٢٣ هەمانساڵ ئەنجامدەدرێت ، بە وەڵامی بەڵێ یان نا ، كـە ئـەمش دەبێتـە هـۆی خـاوەن سـەروەریو شـەرعیەتی یاسـاییو نێوودەوڵەتی بە دەست بێنێ.
شایانی باسە راپرسیەكە بە بەڵێ دەبێتە سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ وەك كۆمارەكانی دیكەی سلۆڤینیاو ، كرواتیاو ، بۆسنەو ، مەكدۆنیا ، كە لە وولاتی یۆگسلافیای پێشوو جیابۆتەوە ، ئەم هەرێمە ناسراوە بە – جەبەل ئەسوەد– لە كێشووەرەكەدا .

٢٠٠٦/٣/٣ هێزەكانی ئاسایشی رژێمی رووسیای سپی – بیلاروسیا – پالێوراوی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرۆكایەتی رووسیای سپی – ئەلكسەندەر گوزولین – دەستگیردەكاتو دوای لێدانو ئەشكەنجەدان ، بە هۆی ركابەری سەرۆكی رووسیای سپی– ئەلسكەندەر لۆكا شینگویان – ، كە ئەو كارەش لە ناوەندی شاری مینسكی پایتەختی رووسیای سپی ئەنجامدراو بە دوای ئۆتۆمبێلێك پەلكێشكرا .
ئەمەش پێش هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی بوو ، كە بڕیارە لە ماوەی ئەم مانگەدا بەڕێوەبچێت .
شایانی باسە ئیدارەی ئەمەریكاو سەرۆكی ئەمەریكا ، سەرۆكی رووسیای دووبارە پالێوراو بۆ سەرۆكایەتی رووسیای سپی تاوانبار كردووە بە پێشێل كردنی ئازادیە رامیاریەكانو مافی مرۆڤو بەندكردنی ئازادی رۆژنامەگەری لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٦/٣/٣ بۆ یەكەم جار لە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی لوبنان لە بەیروتی پایتەختو لە سەر بانگهێشتنی سەرۆكی پەرلەمانی لوبنان – نەبیل بەری– و بە بەشداری فراكسیۆنو لیستە رامیاریەكانی ناو پەرلەمانو هێزو قەوارە رامیاریەكان كۆنگرەی دیالۆگی لوبنانی دەستی بە كارەكانی بكات ، لە پێناو چارەسـەری كێـشە هەڵواسـراوەكان ، لـە نێـوان پێكهاتـە نەتەوییوئایینیو رامیاری لە لوبنان ، لە هەموو بوارەكان بە تایبەتی لە بواری دەسەلاتی رامیاری لە لوبنانو پەیوەندی لە گەڵ دراوسێو هەرێمەكاندا .

٢٠٠٦/٣/٤ سەرەك كۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی لە لێدوانێكی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ، كە مانەوەی سەرەك وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری بۆ وەرگرتنی

پۆستی دووەم جاری بۆ سەرەك وەزیران مەترسی زۆری لە سەر یەکیەتی ئێراق هەیە لە داهاتوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٥ سەرەك كۆماری فەرەنسا جاك شیراك لە سەردانێکی بۆ شانشینی سعوودیەو لە دوای گفتووگۆی نێوان سەرۆکی فەرەنساو شانشین عەبدولاً ، لە هەمان كات جاك شیراك وتارێکی بەرامبەر پەرلەمانی سعوودیە خوێندەوە ، لە بارەی باری ناوچەو هەرێمەکە ، بە تایبەتی ئێراقو پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وولات لە بوارەکانی ئابووریو رامیاریو سەربازی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/٣/٥ دکتۆر بەرهەم صالح بە نوێنەرایەتی هاوپەیمانی کوردستان سەردانی مەرجەعیەتی ئاینی مەزهەب شیعە ئایەتوللاً عەلی سیستانی کرد لە شاری نەجەف ، لە هەمان کات چاوی کەوت بە موقتەدا سەدر لە پێناو هێورکردنەوەی بارو دۆخی ناوەڕاستی ئێراق ، بە تایبەتی لە شاری بەغداو کێشەی نێوان پێکهاتەکان .

٢٠٠٦/٣/٥ زیاتر لە یەك ملیۆن لە گەلانی ئیسلامی لە پاکستان خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجامدا دژی بلاوکراوەی وێنەی کاریکاتێری پێغەمبەری ئیسلام محەمەد – د.خ – لە شاری کۆبنهاگنی پایتەختی دانیماركو بەردەوامبوونی ، کە بووە هۆی کاردانەوەی نا لە بار لە سەر هەلوێستی رامیاریەتی ناو خۆو دەرەوەی پاکستان .

ئەویش بە بەهێز بوونی ڕۆلی جوولانەوەی ئیسلامی و ئیسلامە توندرەوەکان لە پاکستانو کاردانەوەی ناهەمواری دواڕۆژ لە ناوچەی کشمیرو ئەفگانستانو بەنگلادیش لە هەرێمە جیاجیاکان لە کێشووەرەکەدا .



٢٠٠٦/٣/٦ بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی ڕۆیتەر خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی ئێران بەردەوامەو تاکو ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ هاوولاتی کورد زامدارکراون لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێرانی بە ناو

ئیسلامی و زیاتر لـه ٨٠٠ هاووڵاتی زینداني کراون ، خۆپیشاندانەکان لـه شارەکانی ، مەهابادو ، نەغەدەو خانیو ، مەریوانو ، سنەو ، کرمانشاو ، ورمێو ، سۆماو ، ماکۆ بەردەوامە لە گەڵ ئەوەشدا چەندین هاووڵاتی کورد شەهیدکراون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢٠٠٦/٣/٦ لـه ڕۆژنامـەی خـەبات لـە ژمـارە/ ٢٠٧٠ لـه لاپـەڕەی کـورد لـه مەیدانـەکانی جیهانـدا بڵاویکردۆتـەوە - کـە ڕژێمـی تورکیـا مـۆری حکوومـەتی هـەرێمی باشووری کوردستانی لـە سـەر پاسـەپۆرتی گەشتیاران قبوڵدەکاتو لەمەو دواش ئەوانـەی لـە باشـووری کوردسـتانی لکێنـدراو بـە ئێـراق بـۆ تورکیـا سەفەر دەکەن و تووشی کێشەو گرفت نابن .

٢٠٠٦/٣/٦ مـۆرکردنی ڕێکەوتنامـەی هاوکـاریو سـەربازیو سـیخووڕی لــە نێــوان ڕژێمی تورکیاو ئێران دژ بە کوردو کوردستان ، لە دوای دانیشتنەکەی ئەنجوومـەنی بـاڵای

ئاسایشی ئێرانو تورکیا ، کە هـەردوولا ئامادەیی خۆیـان بـۆ پتـەوکردنی پەیوەندیەکان لە بواری ئاسایشی سنووریو ڕاگەیاندن پتەوبکەن .

شـایانی باسـە بەرپرسـانی ڕژێمـی ئێـران تـاکوو ئێـستا زیـاتر لـە ٧٠ چـەکداری P.K.K یـان لـە بـاکووری کوردسـتان دایتـەوە دەسـت ڕژێمـی تورکیاو تورکیاش دانیان بەو کارە ناوە ... لە هـەمان کات هـەردوو ڕژێمـی داگیرکـەری بـاکوورو ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دژی دروسـت بـوونی هـەر دەووڵـەتێکی کـوردین لـە هـەر کـاتو سـاتێك ، گـەر لـە دەسـەڵات مـابن لـە هەرێمەکەدا.

٢٠٠٦/٣/٧ جێگـری سـەرەك کۆمـاری ئەمـەریکا دیـك چینـی لـە لێـدوانێکی تەلـەفزیۆنی ڕایگەیاند ، کە ئەمەریکا بە هێچ شێوەیەك ماوە بە ئێران نادرێت بـە بەرهـەم هێنانی چەکی ئەتۆمیو ئێران چۆتە ڕیزی فاشیەت لە ناوچەکەدا .

ئەمە لـە لایـەكو لـە لایـەکی دیکە وەزیـری بەرگری ئێرانـی بـۆ ئێـراق ڕوانـە دەکـات ، لـە پێنـاو شـێواندنو ئـاڵۆزکردنی بـاری ئێـراق ، لـە هـەمان کـات

وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا گۆنـدا لیـزا ڕایـس بـە هــەمان شـێوەە بـیروو بۆچوونی خۆی ڕاگەیاند بە ناوچەو جیهان .

٢٠٠٦/٣/٨ گواستنەوەی دۆسیەی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی و لـە هەمان کات یەکیەتی ئەوروپاو ئەمەریکا هۆشیاریاندا بە ئێران بە ڕاگرتنـی ڕاستەوخۆی هەموو کارە هەمە جۆرەکانی ئەتۆمی لە ئێران ، لـە هـەمان کات ئاژانـسی وزەی ئـەتۆمی داوای لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـرد ، کـە بـە هۆشمەندیەکی سارد مامەڵە لە گەڵ دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بکات لەجیهان .

٢٠٠٦/٣/٨ وەزیری بەرگری دەسەلاّتی سوودان لـە بەرامبەر خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لـە خـەرتومی پایتـەختی سـوودان ڕایگەیانـد و گـووتی:- ، گـەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی و یەکیەتی ئەوروپا بڕیاری ئەوە بدەن ، کە هێزەکانی سووپای نەتەوە یەکگرتووەکان جێگەی هێزەکـانی سـووپای یەکیەتی ئەفریکیا بگرێتەوە لە هەرێمی دارفوڕو کوردڤان .

دەبـێ ئـەو هەرێمـە ببێتـە گۆڕسـتان بـۆ داگیرکـەران ، گـەر بەڕەزامەنـدی حکوومەتی سوودان نەبێت ... شایانی باسە زیاتر لـە ٢٠ ساڵە سوودان لـە شەڕی ناو خۆو کێشەو ململانێی چارەسەرنەکراوی بەردەوامە ، بە تایبـەتی لە هەرێمی دارفور لە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتیبوونەوە لـە نێـوان حکوومەتی ناوەندی لە باکوورو جووڵانەوەی میللی لە باشووری سوودان .

٢٠٠٦/٣/٨ بۆ یەکەم جارە لـە دوای ڕاگەیانـدنی ئەمـەریکا بـە دەسـتپێکردنی جـەنگی دژ بـە تـیرۆرو تیرۆرسـتان ، سـەرۆکی پاکـستان پـەروێز موشـەڕەف داوا لـە بەرپرس و دبلومـاتی سـەربازی ئەمـەریکا ، ئـەبوو زەیـد بکـات ، لـە پێنـاو یارمەتیدان و لـە هـەمان کـات بۆ یەکـەم جارە ئەبووزەیـد سـەردانی پاکستان بکات بە هۆی لێکترازانی پەیوەندی نێوان پاکستان و ئەفگانستان و چەندین لایەنی دیکەی ڕامیاری و ئاینی و سەربازی و ئابووری لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٩ بە هۆی جمووجۆڵی جەماوەری کورد لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێـر دەسـەلاّتی تورکیا لـە شـاری وان تەقینەوەیـەك ڕوویـدا ، کە بـووە هـۆی گیـان لـە دەسـت دانـی سـێ هـاوولاّتی کـوردو زامـداربوونی ١٤ هـاوولاّتی دیکەی کورد لە شارەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٩ ڕابـەری ئـایینی کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران - عـەلی خامـەنائی- لـە ڕاگەیاندنێکیـدا گـووتی:- ئێمـە بـەردەوام دەبـین لـە بـە ئـەنجام گەیانـدنی

پرۆژەی ئەتۆمی هەتا توشی بە هێزترین پاڵە پەستۆو هێرش ببینەوە ، لە هەمان کات سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژادی هەمان لێدوانی ڕگەیاندو گووتی:- گەر پەلاماری سەربازیش بدرێین ئێمە لە هەوڵەکانمان ناوەستین .

پوتین

٢٠٠٦/٣/١٠ سەرۆکی ڕووسیای یەککگرتوو فلادیمیر پوتین سەردانی وولاتی جەزائیری کردو لە لایەن سەرۆکی جەزائیر عەبدولعەزیز بوتەفلیقە پێشوازی لێکرا ، کە بۆ یەکەم جارە سەرۆکی ڕووسیا سەردانی جەزائیر بکات ، لە ئەنجامی ئەو سەردانە چەندین ڕێکەوتنی ئابووریو ڕامیاریو ڕۆشنبیریو پەیوەندی مۆرکرا ، بە تایبەتی لە بواری سەربازیو فرۆشتنی فڕۆکەو چەكو تەقەمەنی ، لە پێناو گەڕاندنەوەی ڕۆڵی ڕووسیا ، لە گەڵ کۆمەڵگای نێوودەووڵەتی بە تایبەتی جیهانی سێیەمو عەرەبی.

دوای ئەوە سەرۆکی ڕووسیای یەککگرتوو بڕی٤٫٧٠٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکی بەشێوەی قەرزدا بە دەسەڵاتی جەزائیر... شایانی باسە یەکیەتی سۆڤیەت بە هاوکاریو ئامۆژگاری ئەمەریکاو هاوپەیمانیان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە هەرەس پیهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بەخانە خۆێیەتی جەزائیر بە هەردوو سەرۆکی جەزائیری ئەوکاتو سەرۆکی ئێستای جەزائیر عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە...؟...!.

٢٠٠٦/٣/١٠ لە لێدوانێکی کاردنیلاندمارتینۆ لە بارەگای ڤاتیکان لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیاو ووتی:- دەتوانرێ ڕێنمایەکانی ئایینی ئیسلام لە قوتابخانەکانی ئیسلامی بخوێندرێ . ئەم لێدوانە لە پێناو هێورکردنەوەی تەنگەژەی نێوان وولاتانی ڕۆژئاواو جیهانی ئیسلامیو بە تایبەتی لە نێوان دانیمارکو

وولاّتانی ئیسلامی بوو بە هۆی بلاّوکردنەوەی وێنەی پێغەمبەری ئیسلام بەشێوەی کاریکاتێر ، کە بووە هۆی سەرهەلّدانی لێکترازانی پەیوەندی هەندێ لە وولاّتانی عەرەبی و ئیسلامی لە گەلّ دانیمارك .

٢٠٠٦/٣/١٠ گرێدانی کۆنگرەی ڕایەلّەی ئیسلامی لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە سەر بلاّوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێری پێغەمبەر محەمەد- د.خ – لە پێناو هێور کردنەوەی پەیوەندی لێکترازاوی نێوان ئاینی مەسیحی و ئایینی ئیسلامی و ڕاگەیاندنەکان .

٢٠٠٦/٣/١٠ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی لە دوای گەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لە شاری بەغدا ڕاگەیاندنێکیدا لە پێناو گفتووگۆو دانانی بەرنامەو میکانیزمی ڕوون داوەتی هەموو سەرکردە ڕامیاری و ئایینی کرد ، کە بێنە کوردستان لە دوای نەگەیشتن بە هیچ ئامانجێك لە دوای بە دەیا کۆڕو کۆبوونەوەو گفتووگۆو چاوپێکەوتن .

٢٠٠٦/٣/١١ کۆمەلّەی هاووولاّتیانی هیلسینکی و گروپی ئەمپیاتی لە زانکۆی Bilsi لە ئەستەمبۆلّ دا بە ڕێگە چارەکانی کێشەی کورد لە تورکیا کۆنفراسی کورد ئەنجامدرا ، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەکادیمی – ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارانی کوردو تورك بەڕێوەچوو... شایانی باسە ماوەیەك بەر لە ئێستا هەر لەم زانکۆیەدا کۆنفرانسێك سەبارەت بەکێشەی ئەرمەن لە تورکیا سازکرابوو ، کە کێشەی زۆری لێکەوتەوە لە نێوان کۆنفرانسوانان و ڕژێمی تورکیا ، چونکە ڕژێمی عەسکەرتاریەتی تورکیا ماوە بە بوونی نەتەوەی دیکە نادات لە سەر خاکی تورکیا .

٢٠٠٦/٣/١١ وەزیری ناوخۆی ڕژێمی شۆڤینی تورکیا – عەبدولقادر ئاکۆ- گەشتێکی بە ٨١ پارێزگای پارێزگاکانی تورکیا کرد ، بە تایبەتی ٢٤ پارێزگا کوردیەکەی باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاّتی تورکیا ، ئەویش بەجێبەجێکەری پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤، لەو ڕاگەیاندنە گووتی:- نابێ لە جەژنی نەورۆزی ٢١ی ئادار جەژنی سەری سالّی کوردی و نەتەوەیی ئالاّی هیچ لایەنێك بەرزبکرێتەوە تەنیا ئالاّی تورك نەبێت ، مەبەستیش بەرز نەکردنەوەی ئالاّی کوردستان بووە . لە جەژنی نەورۆز لە ژێر دەسەلاّتی تورکیا .

٢٠٠٦/٣/١١ کۆچی دوایی سەرۆکی پێشووی یوگسلافیا سلۆڤۆدان میلۆڤیتیش لە

بەندیخانەی لاهای نێوودەوڵەتی ، کە تاوانبارکرابوو بە تاوانەکانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی... شایانی باسە لە ٢٠٠٤/٤/١ ناوبراو خۆی دا بە دەست دەسەڵاتی نوێی یۆگسلافیاو دوایی گواستراوە بۆ شاری لاهای پایتەختی هۆڵەنـد ، بـە مەبەسـتی دادگـایکردنی لـە سـەر تاوانـەکانی جـەنگ لـە وولاتەکەیدا .

٢٠٠٦/٣/١٢ خۆپیشاندانێکی گەورە لە شـاری قامیـشلی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی لکێنـدراو بـە سـووریا ئەنجامـدرا ، بـە بۆنـەی یادکردنـەوەی ڕاپەڕینەکانی دووەمی شاری قامیشلی و دەورووبەری بە



داواکردنـی قـەرەبوو کردنـەوەی خێزانـە زیـان لێکـەوتووەکان و چارەسـەری کێـشە هەڵواسـراوەکانی مـاف کـوردو ئـازادکردنی زیندانـە نەتـەوەیی و ڕامیاریەکان .

٢٠٠٦/٣/١٢ گرێدانی کۆنگرەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا لـە شـاری واشـنتۆنی پایتـەختی ئەمـەریکا بە ئامـادەبوونی نوێنـەری کـوردو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن .

لــە پێکهاتــەکانی دیکــەی گــەلانی ســووریاو لایەنــە نەتــــەوەیی و ڕامیــــاری و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی کورد ، بـــۆ مـــاوەی دوو ڕۆژ بەردەوامبوو ، لە هـەمان کات کوبونەوەیەك لەو کۆنگرەیە لە

هۆڵی کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەنجامدرا بە پشتگیری لێکردنی چەندین لایـەنی دیکـە بـە هـۆی بـارودۆخی سـووریاو دەسـەڵاتی شـۆڤێنی ڕەگـەز پەرسـتی ڕژێمی بەعسی لە سووریا وهاوبەش و هاوخەباتی ڕژێمی بە عسی لە ئێراق ، کە لە هەمان ڕامیاریەتی نەتەویی و شۆڤینی عەرەبی دەخولێتـەوە سـەرەڕایی

ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ لە لایەن وولآتانی هوپەیمان ...؟...!.

٢٠٠٦/٣/١٤ هێزەکانی سووپای ئیسرائیل بە چاودێری ئەمەریکاو بەریتانیا گەمارۆی بەندیخانەی ئەریحای فەلەستینی دا ، ئەو بەندیخانەیە بەرپرسانی دڵسۆزی بەرگری کردن لە فەلەستینی تیابووە ، کە لە لایەن دەسەڵاتی فەلەستین دەستگیرکرابوون ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە جووڵانەوەی حەماس لە سەر هەڵبژاردنەکان لە فەڵەستین سەرکەوتنی بە دەست هێناو لە هەمان کات لە پێناو پێکهێنانی حکوومەتی فەلەستین.
کە حکوومەتی ئەمەریکاو بەریتانیاو یەکیەتی ئەوروپا بەوە ڕازین کە جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی ببێتە خاوەن دەسەڵات بە تایبەتی ئیسرائیل بە مەرجێ جووڵانەوەی حەماس دان بە ئیسرائیل دابنێ و دەستگیربێ بە ڕێکەوتنەکانی بەر لە سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی فەلەستین ، ئەو بەندیخانەیە ، کە زیاتر لە ١٥٠ بەندو ١٧٠ پۆلیس و بەرپرسی فەلەستینی تیابووە ، یەك لەوانە ئەمینداری گشتی بەرەی میللی فەلەستین – ئەحمەد سەعادات – کە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی مارکسیە ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کە لە ٣/٨ ئاگاداری مەحمود عەباسی کردبوو ، لە بارەی جالیەکانی بەریتانیاو دەسەڵاتی فەلەستینی .
هەروا ئەمەریکاو بەریتانیا لە دوای دەستگیرکردنی بەندکراوەکان و پیاوانی ئاسایش... ئەوەتا حکوومەتی ئیسرائیل پیاوانی جووڵانەوەی حەماس و بەرەی میللی بەرامبەر ٢٢ وولآتی عەرەبی لە شاشەکانی تەلەفزیۆن ڕووت دەکاتەوەو ناتوانن ، یاخوود توانایان نیە بەرگری لە عەرەب و بوونی عەرەب بکەن ، تەنیا پاراستنی کورسی دەسەڵات و سامان نەبێت ، بەڵام بەرامبەر بە کورد لە سەر خاکی خۆی چۆن هەڵوێست دەنوێنن...؟...!.

٢٠٠٦/٣/١٤ لە سەر داوای کۆنگرێسی ئەمەریکا لیژنەیەك لە ١٠ کەسایەتی و بەرپرسی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی پێك هێنرا ، لە پێناو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە . لە سەر ڕامیاریەتی ئەمەریکا لە ئێراق ، ئەمەش کە پەیمانگای ئەمەریکا بۆ ئاشتی ڕایگەیاند .

٢٠٠٦/٣/١٥ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ ڕەزامەندی لە سەر

دامەزرانـدنی ئەنجوومـەنی مـافی مـرۆڤ کـرد سـەرەڕایی نـاڕەزایی ئیـدارەی ئەمەریکا لە سەر ئەو ئەنجوومەنە.

٢٠٠٦/٣/١٥ دادگـایی تاوانبـارو حـەوت تاوانبـاری هاوکـاری دژ بـە مـرۆڤ و مرۆڤایـەتی سـەدام حوسـێن لـە خـولی/ ١٦ی دا ، بـەر لـەو خولـەو دوای ئـەو خولـەش بـە دادگایەکی مەهزەلە دادەنرێت و چەواشەکردنی گەلانی ئێراقەو بە تایبەتی گەلی کوردو خاکی کوردستان .

٢٠٠٦/٣/١٥ گرێدانی کۆنگرەی نێودەوڵـەتی لـە شاری ئەسـتەمبۆلی تورکیا لـە بارەی کۆمەڵ کوژیەکەی ئەرمـەن ، لـە لایـەن دەسـەڵاتی ئیپراتۆریـەتی عوسمـانی لـە ساڵی ١٩١٥... شایانی باسە دەسەڵاتی عوسمانی هەڵسا بە کوشتنی زیاتر لـە ١,٥ملیـۆن و نیوێك لـە ئەرمـەن و زیـاتر لـە ٣٠٠٠٠سـی هـەزار کـورد ، لـە باکوری کوردسـتان و دەربـەدەرکردنیان و دەسـتگیرکردنی بـە سـەدا هـەزار هـاووڵاتی لـە کـوردو ئەرمـەن ، تـاکو ئێـستاش ڕژێمـی تـورك بـە هـەمان ڕامیاریەتی شۆڤێنی و جینۆساید مامەڵـە لە گەڵ کورد بە شێوازێکی دیکە ئەنجامیدەدا لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٦/٣/١٦ جـەماوەری شـاری هەڵەبجـەی شـەهێد خۆپیـشاندانێکیان ئەنجامـدا لـە پێنـاو یارمـەتی و کۆمـەك ، کـە لـە مـاوەی ١٨ سـاڵی ڕابـردوو هیـچیان بـۆ نـەکراوە بـە پێـی پێویست ، کە دڵخۆشکەری خۆیان بێت لە بژێوی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی شـارە زامدارەکـەیان بێـت ، شـایانی باسـە خۆپیشاندانەکە ئاکامی بـووە هـۆی خۆپیـشاندانێکی توونـدو تیـژ لـە گـەڵ هێـزی ئاسـایش ، لـە ئـەنجام هاووڵاتیـەك شـەهیدکراو ١١ هـاووڵاتیش لە جەماوەرو پۆلیس زامدارکران و ئاکامی بووە هـۆی سووتاندنی مینـۆمێنی هێمـای شاری هەڵەبجە لە لایەن چەند گەنجێکی هاندەر جا بە هەر بیانوەیەك بێت... بەڵام...؟...!.



٢٠٠٦/٣/١٦ ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئێراقـــی فیـــدڕاڵی هەڵبـــژێردراو بـــە پێـــی دەسـتووری هەمیـشەیی ، یەکـــەم کۆبوونـــەوەی پرۆتۆکـــۆڵی خـــۆی ئەنجامـــدا لـــە دوای ٩٤ ڕۆژ لـە هەڵبـژاردنی لـە ١٥ /١٢/٢٠٠٥ ، لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێـشە هەڵواسراوەکان ، بە تایبەتی لە بارەی پێکهێنانی حکوومـەت . کە عـەدنان پاچەچی سەرکردایەتی کۆبونەوەکەی کرد ، بە هۆی گەورەیی تەمەنی .

لە هەمان کات بەڕێزان مەسعوود بارزانیو مام جەلال بەشداریان تێداکرد .

لـە هـەمان ڕۆژ هێزەکـانی سـووپای ئاسمـانیو پیادەی ئەمـەریکا بـە هـەموو چەکە جۆراو جۆرەکـان لـە سانـسۆرێکی بـۆ سـەر قـەزای سـامەڕا بـە نـاوی دەسـتگیرکردنی چـەکدارە تیرۆریـستەکان ، کـە ٥٠ فڕۆکـەی هێلیکۆپتـەری جـەنگی بەشـداری تێـداکردو بـە دەیـا حەشـارگەی چـەكو تەقەمـەنی لێدۆزرایەوەو دەستگیرکرا.

٢٠٠٦/٣/١٦ خۆپیشاندانێکی گەورە لە لایەن جەماوەری فەرەنسا لە پاریسی پایتەختی فەرەنـسا ئەنجامـدرا ، بـە هـۆی دەرکردنـی یاسـای کـارپێکردنی نـوێی دەرچوانی قۆناخەکانی خوێندنو بێکاران لە فەرەنسا ، لە ئەنجام بووە هـۆی زامدار بوونی زیاتر لە ١٠٠ پۆلیسو ئاگربەردان لە چەندین کارگەو پـرۆژەو دامودەزگاو سووتاندنی بە دەیا ئۆتۆمبێل .

خۆپیشاندانەکە کاردانەوەی توونـدی کـردە سـەر ڕامیاریـەتی فەرەنسا ، لـە بوارەکـانی ڕامیـاری وئـابووریو کۆمەڵایـەتیو پەڕینـەوەی بـۆ وولاّتـانی دیکەی ئەوڕوپا .

٢٠٠٦/٣/١٧ باڵوێزی ئەمەریکا لە شاری بەغدای پایتـەختی ئێراق ، زاڵمـای خـەلیلزاد لـە لێدوانێکیدا ڕایگەیاندو گووتی:- گفتووگۆی نێوان ڕژێمـی ئیسلامی ئێرانو ئەمـەریکا لـە شـاری بەغـدا دەکرێـت ، لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێـشە هەڵواسراوەکان .

بە تایبەتی لـە سـەر باری ئێـستای ئێراقو لە نێوان پێك هاتـەکانی گـەلانی

ئێراق ، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلامی لە ئێراق .

٢٠٠٦/٣/١٧ جێگری سەرەك كۆماری سووریای پێشوو - عەبدولحەلیم خەدام- لە دوای كۆبوونـەوەی هاوبەشـی بەرهەڵستكاران لـە سـووریا، بـە تایبـەتی لـە نێـوان عەبدولحەلیم‌و سـەرۆكی ئیخـوان مسلمین لـە برۆكسلی پایتـەختی بەلـژیكا ، ئـەویش بەراگەیانـدنی بـەرەی رزگـاری نیشتمانی لـە سـووریا لـە پێنـاو كەتاندنی رژێمی بەعس لە سووریا.

٢٠٠٦/٣/١٨ بۆ یەكەم جار لە باشووری كوردستان ، كۆنگرەی یەكەمی ژینگە لـە هـوتێلی ژیـان لـە شـاری دهـۆك بـە سەرپەشـتی حكوومـەتی هـەرێم ئەنجامـدرا ، كـە نوێنەرانی حكوومەت‌و رێكخراوە كوردستانی‌و ئێراقی‌و جیهانی بەشداریان تێـداكرد ، لــە بــارەی بــاری ژینگــە لــە كوردســتان‌و چارەســەری ئــەو گیروگرفتانەی كە كەوتۆتە پێش چارەسەركردنی ، لە هەمان كات چەندین سمینارو كۆڕو كۆبوونەوە لەم بارەیەوە ئەنجامدرا بە سەر كەوتوانە .

٢٠٠٦/٣/١٩ سەرۆكی حكوومەتی فەلەستینی دەستنیشانكراو - ئیسماعیل هەنیە — لە لایـەن جووڵانــەوەی حەماســی ئیـسلامی‌و داواكردنــی لەلایـەن سـەرۆكی دەسـەڵاتی فەڵەسـتینی مـەحمود عـەباس، كابینـەی حكوومەتەكـەی لـە ٢٤ وەزیر پێك هاتبوو پێشكەشی بە مەحمود عەباس كرد ، لەوانە ئافرەتێك‌و یـەك مەسـیحی تیـابوو بـۆ پەسـندكردنی لـە لایـەن سـەرۆكی دەسـەڵاتی فەلەسـتین‌و پێـشكەشكردنی بـە ئەنجوومـەنی یاسـادانانی فەلەسـتینی و ڕەزامەندی لەسەركرد .

لەلایەكی دیكەوە وتەبێژی ڕەسمی ئیسرائیل لە ڕاگەیاندنێكیدا یارمەتی‌و هاوكاری‌و گفتووگۆی لە گەڵ حكوومەتی حەماس ڕتكردەوە بە هۆی بوونی رێكخراوی حەماس بە رێكخراوێكی تیرۆریست لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٦/٣/١٩ لە دوای مشت‌و مڕو گفتووگۆی چڕی نێوان سەركردایەتی پێكهاتـەكانی گـەلانی ئێـراق ، ئـەویش بـە دامەزرانـدنی دەسـتەیەكی سـەرۆكایەتی لـە دەسـتەی سـەرۆكایەتی كۆمـارو ئەنجوومـەنی وەزیـران‌و ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئێـراق ، لـە نوێنـەرانی پارتـە بەشـداربووەكانی هەڵبـژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥و ، بوونی نوێنەریان بە پێی كورسیەكانی ئەنجوومەن .

لە پێنـاو كەمكردنـەوەی دەسـەڵاتی سـەرۆك ئەنجوومـەنی وەزیـران ئیبراهیم

جەعفەری لە دەسەڵاتەکەیدا .

شایانی باسە ئەم مرۆڤە بەخواستو ویستو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیی و هاوکارانی لە مەزهەب شیعە کاری دەکرد ، بە تایبەتی لە بارەی جێبەجێکردنی ماددەی/ ٥٨ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت تایبەت بە پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابراوەکان .

٢٠٠٦/٣/٢٠ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بیلاڕووسیا – ڕووسیای سپی– کە لۆکاشینکا سەرکەوتنی بە دەستهێنا بۆ دوبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی بیلا ڕووسیا... لە گەڵ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی لۆکاشینکا لەهەڵبژاردنەکانی حکوومەتی ڕووسیای یەکگرتوو پیر ۆزبایی لێکردوو ئەمەریکاش ڕەخنەی لێگرت ، لە هەمان کات یەکیەتی ئەوروپا هەوڵی سزادانی ڕووسیای سپی دەرکرد ، لەلایەکی دیکە لایەنەکانی بەهەڵستکاری لۆکاشینکا داوای هەڵبژاردنەوەی دوبارەیان کرد ، بە هۆی دەست تێوەردان لە کاروباری هەڵبژاردنەکە ، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٢٠ لە سەردانێکی شانشینی وڵاتی مەغریب شانشین محەمەدی شەشەم ، گەیشتە هەرێمی پۆلیساریۆ ، کە بە ناو بانگە بە بیابانی ڕۆژئاوا ... شایانی باسە جووڵانەوەی پۆلیساریۆ یەك لایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، کە ئەو سەردانەش بە دەست پێشخەری دوژمنکاری دادەنرێت بۆ هەرێمەکە.

لەلایەکی دیکە شانشین محەمەد داوا دەکات کە پارتو ڕێکخراوەکانی هەرێمەکە لە ڕێگەی هەڵبژاردن مافی ئۆتۆنۆمی وەربگرن لە ژێر دەسەڵاتی شانشینی مەغریب ، بەڵام بەرەی پۆلیساریۆ ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە سەرەڕای کێشەی نێوانیان ، گەرچی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵواسراوە لە هەرێمەکەدا.

٢٠٠٦/٣/٢٠ ســـەرۆكی ئەنجوومـــەنی بـــاڵای شۆڕشـــی ئیـــسلامی لـــە ئێـــراق‌و سەرۆكی لیستی هاوپەیمانی شیعە عەبدولعـــەزیز حـــەكیم بـــە بۆنـــەی چلەی ئیمـامی حـسێن ووتـارێكی پێـــشكەشكردو تیایـــدا جـــارێكی دیكـە پیرۆزی بـە یەكیـەتی خـاك‌و گـەلی ئێـراق دوپـات كـردەوەو لـە هــەمان كــات دوبــارە بانگەشـــەی دامەزرانـدنی هـــەرێمی فیـدڕاڵی ناوەڕاســت‌و باشـووری ئێراقـی كـرد لـە وڵاتەكەدا .

٢٠٠٦/٣/٢٠ كرێدانی كۆنفرانسی ئایینی لە شاری ئەشبیلەی باشووری ئیسپانیا ، كە لەلایەن سەركردە جوولەكەكان ئەنجامدرا ، لە پێنـاو پەروەردەی ئاشتی لـە نێوان ئاینی ئیسلام‌و مەسیحی‌و جوولەكە بە ئامادەبونی ئەمینداری گشتی نەتـەوە یـەكگرتووەكان – كـۆفی ئـەنان– لـە پێنـاو ژیـانی بەیەكـەوەو دابـین كردن لە هەموو بوارە جیاجیاكان لەجیهاندا .

٢٠٠٦/٣/٢٢ ســەرۆكی ئەمــەریكا جـۆرج بـۆش پیرۆزبـایی جـەژنی نـەورۆزی لـە گــەلانی ئاهەنگێڕی ئەو جەژنەیە كرد ، لە كوردو فارس‌و ئەفگان‌و گەلانی دیكە ، كە ئەم جەژنە بۆتە جەژنێكی نەتەوەیی‌ونیشتمانی سەری ساڵی نوێ بوونـەوە ، بە تایبەتی لەلایەن كوردودوایی فارس لە كێشووەری ئاسیا.

٢٠٠٦/٣/٢٢ بــــەرپابوونی شـــــەڕو پێكـــــدادان لـــــە نێـــــوان هێزەكـــــانی حكوومەت‌وهێزەچـــەكدارەكانی تیرەوهۆزەكـــان لـــە شـــاری مەقادیـــشۆی پایتـەختی سـۆماڵ ، بـە هـۆی دامەزرانـدنی بەرەیـەكی چـەكداری سـەربازی ئیسلامی بە پاڵپشتی ڕێكخراوی قاعدە ، كە زیاتر لە٤٠ هـاووڵاتی لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕكەر كوژران‌و زیاتر لە١٠٠هاووڵاتیش زامدار بوون .

ئـەو بارودۆخـە دژوارە بەردەوامـە لـە هــەموو لایـەنێك بەتایبـەتی لەلایـەنی شـەڕو سـەربازی لـە نێوان پێكهاتـەكانی گـەلانی سـۆماڵ كـە وڵاتێكـە بـاری هۆزو تیرە باڵی بە سەر وڵاتەكەدا كێشاوە .

٢٠٠٦/٣/٢٢ ئەنجوومـەنی یاسـادانانی هۆڵەنـدا لـە بڕیارێكیـدا سەرپۆشـی بـۆ هــەموو

قوتابیانی خوێندنگاکان لە وولآتەکە قەدەخەکرد .

٢٠٠٦/٣/٢٢ بەرپابوونی خۆپیشاندانی گشتی لە هەموو فەرەنسا بە تایبەتی لەپاریسی پایتەخت ، کە بووە هۆی سووتاندنی بەهەزاران ئۆتۆمبێل لە گۆرەپانی گشتی- لیز - لەلایەن خۆپیشاندەران ، ئەوەش لەلایەن قوتابیانی زانکۆو پەیمانگە جۆراو جۆرەکان و گەنجە بێکارەکان ئەنجامدرا ، بەهۆی نەگونجانی یاسای کاری کارپێکردن لە دەرچوانی خوێندنگاکان لە فەرەنسادا .

٢٠٠٦/٣/٢٣ کۆچی دوایی خانمە هونەرمەندی ئۆپرای ئەمەریکا خاتوو- سارا کالروێل - لە سەنتەری مینی ئەمەریکا لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی دڵ ، کە بە یەکەم خانمی ئۆپرای ئەمەریکا دادەنرێت لە هەموو وولایەتەکانی ئەمەریکا.

٢٠٠٦/٣/٢٤ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە هەر دوو پارتی دیموکراتی و کۆماری سەردانی شاری بەغدای پایتەختی ئێراقیان کرد ، لەپێناو بەرەو باشبردنی باری ئێراق ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆبوونەوەو کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرەك کۆماری ئێراق مام جەلال تاڵەبانی ودوایش سەرەك ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری ئەنجامدرا .

لە پێناو پێك هێنانی حکوومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتووی نیشتمانی و بەرەو پێش بردنی دۆسیەی باری ئاسایشی ئێراق و بوارە جیاجیاکانی دیکە لە ئێراقدا .

٢٠٠٦/٣/٢٥ گرێدانی کۆبونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وولآتانی عەرەبی لە قاهیرەی پایتەختی میسر ، لەپێناو داڕشتنی پرۆگرامی ئامادەکراو بۆ لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لەلایەن سەرکردەکانی عەرەب لە سەرەك کۆمارو شانشین وئەمیرەکان ، لە بارەی باری ئێراق و دەست تێوەردانی رژێمی ئێران لە کاروباری ئێراق ، بە پشتگیری کردن لە مەزهەبی شیعەی ئیسلام لە باشووری ئێراق، هەروا بیری گفتووگۆی رژێمی ئێران و ئەمەریکا وچەندین لایەنی دیکە لە بارەی باری ناوچەو هەرێم وجیهان .

٢٠٠٦/٣/٢٦ دەست پێکردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان لە کۆماری ئۆکرانیا لە نێوان سێ پارتی سەرەکی لە وولآتەکەدا ، لە پێناو هەلبژاردنی ٤٥٠ ئەندام بۆ ئەنجوومەنی وولآتەکە .

٢٠٠٦/٣/٢٦ ســـەرۆکی هــەرێمی کوردســـتان مەســعوود بــارزانی لــە هاوینــە هــەواری ســـەلاحەدین پێـــشوازی لـــە هــــەردوو ســــەرۆکی ئەنجوومـــەنی وەزیرانـــی حکوومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان وجێگرەکەی کـــرد ، داوای لێکـــردن کـــە لـــە مـــاوەی ٣٠ ڕۆژ حکوومـــەتی یـــەکگرتووی هـــەرێمی کوردســـتان پێـــك بێـــنن لـــە پارتە کوردستانیەکان .

دوایی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا لە بارەی چۆنیەتی پێکهێنانی حکوومـەت و بـارودۆخی کوردسـتان وئێرق ... بەلاّم دلّخۆشکەری شـەقامی کوردی نەبوو، بە هـۆی دووبارەو سێ بارەودەبارەی هـەمان کاروکردار ، بە پێـی خواسـت و ویـستی دوو پارتـە سـەرەکیەکەی پـارتی و یەکیـەتی سـوورانەوە لـە هـەمان بازنـەی پـاوانکردنی دەسـەلاّت و پـاوانکردنی موڵـك و سامانی گـەل و نیشتمان داهـاتووش شـاهد دەبێ لـە ڕێگـەی چـەند یاسـاو ڕێنمایەکی هاوبەشی نێوانیان...؟..!!.

٢٠٠٦/٣/٢٧ بـەرپابوونی شـەڕو پێکدادان لـە نێـوان هێزەکـانی ئاسایشی ڕژێمـی ئێـران و کورد لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لـە شـاری خـانێ- پیرانشـەهر- بـۆ دەربڕینـی نـاڕەزایی ، کـە ڕۆژانـە دەڕژانـە سـەر شـەقامەکان و لـە ئـەنجام ڕووبـەڕووی هێرشی هێزەکانی سووپای ئێران بوونەوە بە بەکارهێنانی چەك بۆ سـەرکوت کردنـی خۆپیـشاندەرەکان ، لـــە ئـــەنجام ژمارەیـــەك لـــە هـــاوولاّتی کـــورد شـــەهیدکران و ژمارەیـــەکی زۆریـــش زامدارکران وبـــەدەیان هـــاوولاّتی کـــورد دەسـتگیرکران لـە شـارەکانی مـەهابادو کرمانـشان و ئازربایجـانی ڕۆژئـاوای ئێران .

٢٠٠٦/٣/٢٧ لە پرۆگرامی - ماورء الاخیار- لە کـەناڵی ئاسـمانی تەلـەفزیۆنی جـەزیرە لـە شاری دوبەی ، کە پرۆگرامێك بوو لـە سـەر جێگـری سـەرۆك کۆمـاری ڕژێمـی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن - عزەت ئیبراهیم - ی بلاّوکردەوە .

ئـەوش بـە ئاراسـتە کردنـی نامەیـەکی عـزەت دووری بـۆ لوتکـەی کۆمکـاری عەرەبی ، کە لەو ڕۆژە لەخرتوومی پایتەختی سوودان گرێدرابوو ،کە داوای کـرد بـە پاڵپـشتی کردنـی لـە هێزەکـانی بـەرگری نیـشتمانی لـە ئێـراق دژی ئەمەریکاو تاوانبارانی دژ بەگەلی عەرەبی لە ئێراقدا .

سەرەڕای ئەوەی کە عزەت دووری لە لیستی مردووەکان ژمێردرابوو، کە ئەمرۆش لە ناکاو لە ڕاگەیاندنێکی بەنامە ئاڕاستەکراوەکەی بۆ لوتکەی سەرۆکەکانی کۆمکاری عەرەبی هاتەوە گۆڕەپانی ڕامیاری لە ئێراق ، گەرچی بەر لەوەش حکوومەتی ئەمەریکا ١٠ ملیۆن دۆلاری تەخانکردبوو بۆ ئەو کەسەی کە عزەت دووری دەستگیر بکات .

٢٠٠٦/٣/٢٨ لە دوای ئەوەی کە سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل - ئێریل شارۆن- بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە کەوتە نەخۆشخانە - ئەیهود ئۆلمرت- جێگەی گرتەوە ، لە دەسەلاتی سەرەك وەزیران و پارتەکەی پارتی ئەکادیمیای ئیسرائیل ، کە لە هەڵبژاردنەکان توانی ٢٨ کورسی لە کۆی ١٢٠ کورسی لە ئەنجوومەنی کنێسەت بەدەست بێنی ، کە زۆرترین ژمارەی کورسیە تاکو ئێستا ، کە پارتێکی ئیسرائیلی تەمەن کورت بە دەستی هێنابێت .

٢٠٠٦/٣/٢٩ لە دوای بەخاك سپاردنی تەرمی ١٤پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K لە باکووری کوردستان لە شاری دیاربەکر ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی پارێزگای دیاربەکرو ، سیرك و، ئەدەنە ، خۆپیشاندانیان سازکرد ... لە ئاکام بووە هۆی شەڕی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی جەندرمەی ڕژێمی تورك و خۆپیشاندان و پێکدادان لە شارەکان و شارۆچکەکان و گوندەکانی باکووری کوردستان بەردەوام بوو دژی داگیرکەری ڕژێمی تورکیا لە باکووری کوردستاندا .

٢٠٠٦/٣/٢٩ دەستپێکردنی کسوفی ڕۆژ واتە ڕۆژگیران لەباکورو ڕۆژئاواو باشوری کوردستان کە لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد تاکو گەیشتە

شێوەی مانگی کەوانەیی روو لە ڕۆژئاوا، کەمانگ بە شێوەیەکی لارکەوتە بەر نێوان ڕۆژو زەوی، بەڵام لە هەندێ ناوچەی وڵاتانی عەرەبی زیاتر بوو لە هەندێ وڵاتانی دیکە کەمتر بوو.

٢٠٠٦/٣/٢٩ لە دوای هەڵبژاردنەکانی جوولانەوەکانی فەلەستین ، بە تایبەتی لە نێوان جوولانەوەی حەماسی ئیسلامی و جوولانەوەی فەتح ، لە ئاکام جوولانەوەی حەماس سەرکەوتنی بە دەست هێناو دوای ئەوە ئیسماعیل هەنیە پڕۆگرامی حکوومەتەکەو پرۆگرامی ئەندامانی حکوومەتەکەی پێشکەش بە سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستن مەحموود عەباس کرد ، لە هەمان کات ڕەزامەندی لە سەرکراو سووێندی یاساییان خوارد ، لە دوای پەسندکردنی لە لایەن ئەنجوومەنی یاسادانانی فەلەستین لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣٠ ، دەسەڵاتی حکوومەت دەستی بە کارەکانی خۆی کرد ، لە ناو کێشەو ململانێی تووندوتیژ لە نێوان هەردوو جووڵانەوەی ، فەتح و ، حەماس و ، لە نێوان حکوومەتی نوێی فەلەستین و دەسەڵاتی ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی پەیوەندار ، بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی نوێی فەلەستین و ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، یەکیەتی ئەوروپا ، کە دڵگران بوون بەو حکوومەتە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

٢٠٠٦/٣/٢٩ کۆبوونەوە لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئێراق وشیار زێباری و سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین مەحمود عەباس ئەنجامدراو لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوە گفتووگۆی نێوانیان لە سەر باری ناهەمواری فەلەستین و ئاوارەکانی کۆمەڵگای چادری ڕوێشدی سەرسنووری نێوان ئوردن و ئێراق بوو ، لە هەمان کات نوێنەری دەسەڵاتی فەلەیستین لەگەڵ سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تالەبانی کۆبۆوە لە بارەی هەمان کێشەو ئاوارە فەلەستینیەکانی شاری بەغداش ، کە لە بارودۆخێکی نا لە بار دەژین لە پێناو چارەی کێشەکانیان .

٢٠٠٦/٣/٢٩ لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەمیشەیی ئەفگانستان لە نێوان پارت و ڕێکخراو گروپە نەتەوەیی و ئاینیی و هۆزو تیرەکان بە پێی هەڵبژاردنەکە ، کە لە مانگی/ ٢٠٠٥/٩ ئەنجامدرابوو، حکوومەتی ئەفگانستان پێکهێنراو بڕوای پەرلەمانی پێدرا ، سەرەڕای چەندین کێشەو ململانێی نێوان نەتەوە جیاجیاکان و تیرەو هۆزەکان ، کە کوردیش بەشداره لەو پەرلەمانەو حکوومەتە بە پێی ژمارەی دانیشتووان ، کە زیاتر لە٠٠٠ر٣٨٠ هەزار کورد لە ئەفگانستان دەژین بە سەرۆکایەتی حامد کارازای .



٢٠٠٦/٣/٣٠ کۆبوونــەوەی ئەنــدامانی هەمیــشەیی ڕێکخــراوی نەتەوەیــەکگرتووەکان لــە شـاری بـەرلینی پایتـەختی ئـەڵمانیا ئەنجامـدرا ، لـە بـارەی بـاری بـواری چەکی ئەتۆمی ئێـران و پەیوەنـدی نێودەوڵەتی، لە پێناو گەمارۆ خستنە سەر ئێران ، گەر داواو ڕێنمایەکانی کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی جێبـەجێ نـەکات ، لـە هـەمان کـات کۆبوونـەوەی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە شـاری نیۆیـۆرکی ئەمـەریکی بـەردەوام بـوو ، بۆ هـەمان مەبـەست و چـەندین لایـەنی دیکـەی پەیوەنـدی و کێـشەی نێودەوڵەتی و هـەنگاونان بەرەو چارەسـەرکردن و بەرەو پێش بردنی ، بە تایبـەتی لـە بارەی بـاری ئێـراق و ، ئەفگانـستان و ، سـوودان و ، سـۆماڵ و ، پرۆژەی چەکی ئەتۆمی ئێران و ، هەرێمی بەلکان لە کێشووەرەکان .

٢٠٠٦/٣/٣٠ نگرۆبوونی کەشتی باڵ هەڵگری بازرگانی میسر ، کە لـە دوورگـەی محرەقی بەنـدەرەی سـعوودیە بـەرەو میسر بەڕێکـەوت و بـەر لـەوەی بگاتـە میسر لە ڕووداوێکی دەریایی نگرۆبوو ، لە ئاکام بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٤٧ هـاووڵاتی نـاو کەشـتیەکەو زامـداربوونی ٣٥ هـاووڵاتی ، ڕزگـاربوونی ٩٠ هـاووڵاتی و لـە دەسـت چـوونی کەشـتیەکەو چـەندین کەلوپـەلی دیکـەی هاووڵاتیان.

٢٠٠٦/٣/٣٠ سـەرهەڵدانی کێشەیەکی دژوار لـە نێـوان سـەرەك کۆماری لوبنـان و سـەرەك ئەنجوومەنی وەزیران ، لە دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرەی لوتکەی کۆمکاری عـەرەبی لەخـەرتومی پایتـەختی سـوودان ، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی دووبـارە لێکترازانـی بەرچـاوی چارەسـەرنەکراوی کێـشە هەمـە لایەنـەکانی نێـوان سەرکردەکانی لوبنان ، کە سەرەك کۆماری لوبنـان ئـەمین لەحود شـەرعیەتی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی نەماوە بە هۆی ڕەتکردنەوەی زۆرینەی دەنگدەران لـە هەڵبـژاردنی پەرلـەمان و حکوومـەتی لوبنـان ، لـە نێـوان پێکهاتـەکانی لوبنـان و لایـەنگرانی ڕژێمـی سووریاو هەڵوێستی حیـزب و لایـەنی چەکدارو هەڕەشەکردن لە پارت و ڕێکخراوەکان و حکوومەتەکانی لوبنان .

٢٠٠٦/٣/٣١ لە ئاکامی شەڕی نێوان کوردو هێزەکانی ئەمنی ڕژێمـی تورکیا لە پارێزگـای دیاربەکر لە باکووری کوردستان ، کە بووە هـۆی شـەهیدبوونی ٧ هـاووڵاتی

کوردو زامداربوونی زیاتر لە ١٠ هاووڵاتی و دەستگیرکردنی زیاتر لە ٢٧ هاووڵاتی ، ئەویش بە ئاڵۆز بوونی باری پارێزگاکەو لێکترازانی پەیوەندی جەماوەری کورد لە گەڵ ڕژێمی تورکیا ، بە تەشەنەدار بوونی باروو دۆخەکە بەرەو شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان هەنگاوی دەنا .



تورکیا بە هەمان بیروو بۆ چوونە کۆنەکانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رامیاریەتەکەی دەبا بەرێوە لە ناوچەکەدا ، چ بەرامبەر بە کورد لە تورکیاو دەست تێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی ئێراق لە بوونی کەرکوکیەتی کوردستان و چ لە ئێران و سووریا .

بەڵام گەر کێشەی کورد لە ناو وڵاتەکانی خۆیان چارە سەر نەکرێت بە ڕێگەی ئاشتیانە دوا رۆژیان بەرەو هەڵدێریە بە پێی تێپەر بوونی قۆناخەکان

...؟...!.

٢٠٠٦/٣/٣١ ئەنجامدانی فراکسیۆنێکی سەربازی فراوان لە لایەن هێزەکانی سووپای ئێران لە هەموو بوارەکانی سەربازی ئاسمانی ، بە تایبەتی دەریایی و پیادەیی ، کە لە کەنداوی عومان ١٧٠٠٠ هەزار سەربازوو ٥٠٠ قارب بەشداریان تێدا کرد ... لە هەمان کات بە تاقیکردنەوی موشەکێکی ژێر ئاو ، کە بەخێراترین موشەك لە جیهان دادەنرێت ، کە بووە هۆی ناڕەزایی وولاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، فەرەنسا ، کە فراکسیۆنە سەربازیەکەش بەردەوام بوو لە کارەکانی بە پێی پرۆگرامی داڕێژراو لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/٣/٣١ ڕوودانی گومە لەرزەی زەوی لە شاری هەمەدانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕۆژئاوای ئێران بە هێزی ٦ پلە ، بە پێی پێوەری ڕیختەر ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە ٧٠ هاوولاتی و زامدار بوونی ٢٣٦ هاوولاتی و وێران بوونی بە سەدا خانوو کێلگەی کشتووکالی لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/٤/١ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی میسر هەلسان بە دەستگیرکردنی – نەعمان جمعە – و لایەنگرانی لە دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی ، لە ئەنجام بووە هۆی شەڕو پێکدادان و ، لە ئاکام ١٧ هاوولاتی پارتی وەفدی میسری زامدار بوون لە پێش بارەگای پارتەکە ، کە لە سەر سەرۆکایەتی پارت و هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی میسری بوو .

لە گەل ئەوەشدا هۆکاری شەڕەکەی بەرپرسانی پارتی وەفد دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٦/١/١٨ ، کە دەرگای بارەگاکە داخرا لە لایەن مەحمود ئەبازەو لایەنگرانی بە رووبەرو بونەوەیان لە گەل نەعمان جومعە بە سەرۆکایەتی حزب ، دوایی لە چەندین ڕاگەیاندنی دژ بە ئەمەریکا و ، ئیسرائیل وەستا ، لە گەل ئەوەشدا ئەیمەن نور ، کە لایانێکی جیاکەروەی ئەو پارتە بوو بە هۆی جیاوازی بیروو بۆچون ڕۆلی گرنگی هەبوو لە گۆڕەپانی ڕامیاری میسری و ئیدارەی ئەمەریکاش پشتگیری لێدەکات .

٢٠٠٦/٤/٢ پرۆسەی هەلبژاردن لە تایلەند بەڕێوەچوو کە ٤٥,٢٠٠ ملیۆن و دووسەد هەزار هاوولاتی بەشداری تێداکرد ، کە زۆربەیان خەلکی ناوچە گوند نشینەکان بوون ، بێ بەشداری ئۆپۆزسیۆن کە چاودێران لە کاتی هەلبژاردنەکە چەندین کردەوەی توندو تیژی لە شوێنە جیاجیاکانی

وولاتەکەدا بەدەی دەکرا ، کە لە لایەن بەرهەڵستکاران ئەنجامدرا .
کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە پێنج هاوولاتی ، شایانی باسە ماوەی دووبەرەکی لەو هەڵبژاردنە نزیکەی ١٢٠٠ هاوولاتی موسلمان گیانیان لە دەستداوە بە هۆی کێشەی هەمەلایەنەی نێوان پێکهاتەکانی وولاتەکە ... کە سەرۆکی تایلاند - یەتاکسین شینا واتر - کە بە تاوانی گەندەڵی تاوانبارکراوەو گووتی ئەگەر ٥٠٪ دەنگ بە دەست نەهێنی دەست لە کاری سەرۆکایەتی دەکێشێتەوە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٢ هەردوو وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جاك سترۆو ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گوندا لیزا رایس لە ناکاو گەیشتنە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ سەرۆك کۆمار جەلال تاڵەبانی و سەرەك وەزیرانی کاتی ئیبراهیم جەعفەری ئەنجامداو داوای پەلە کردنیان لە پێك هێنانی حکوومەتی ئێراق ، لە هەمان کات لیستی یەکگرتووی مەزهەب شیعەی ئیسلامیان تاوانبارکرد لە دواخستن و دورستکردنی کێشەو چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵواسراوەکان .
لە هەمان کات چاویان کەوت بە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە ئێراق عەبدولعەزیز حەکیم و باسکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و چەندین لایەنی دیکە ، چاوپێکەوتنیان لە گەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی ئێراقی ئەنجامدا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٢ کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرەی ئازادو لە پرۆگرامی - حصاد الیوم - خۆپیشاندان و راپەرینەکانی گەلی کوردی لە باکووری کوردستانی لکێندراو بە تورکیا بلاوکردەوە ، لە پارێزگاکانی دیاربەرکرو ماردین و ئەدەنەو وان و چەندین شارۆچکە دژی رژێمی تورکیا ، بە تایبەتی لە- کیزیلنب - کە ٩ هاوولاتی گیانیان لە دەست داو بووە هۆی سەرهەڵدانی راپەرینی تەواو لە باکووری کوردستان بە سەرکردایەتی پارتی کرێکاران p.k.k ، لە هەمان کات بووە هۆی کاردانەوەی نا لە بار لە سەر داهاتووی رامیاریەتی رژێمی تورکیاو بەرەو شڵەژان و لێك جیابوونەوە لە هەڵوێستەکانی دژ بەیەکتر لە ژێر رەفتارەکانی رژێمی تورکیا .

٢٠٠٦/٤/٢ بەردەوام بوونی خۆپیشاندانی قوتابیان و کرێکاران لە شاری پاریسی

پایتەختی فەرەنساو پەرینەوەی بۆ شاروچکەو فراوانبوونی خۆپیشاندانەکە ، بە بەرزکردنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕیو هێنانەوە بیری حکوومەتی لیبرالی فەرەنسا بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٦٨ی شاری پاریس.
شایانی باشە ئەو خۆپیشاندانە مەزنانە ئەوەندەی نەمابوو حکوومەتەکەی ئەوسای فەرەنسا بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ دیگۆڵ بروخێنێو حکوومەتێکی دیموکراتی لەم وولاتە دابمەزرێنێ ، کە بووە هۆی ئەوەی ، کە وولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا پشتگیری لە حکوومەتەکەی دیگۆل بکەن .
شایانی باسە باری گەلانی فەرەنسا زۆر جیاوازی هەیە لە گەڵ باری وولاتانی دیکەی سەرمایەداری ، کە فەرەنسا سەرچاوەی شۆڕشو مافی مرۆڤو دابینکردنی ژیان بووەو بەردوامە لەو ڕاپەڕینە مەزانانە تاکو بە ئامانجەکانی دەگات بە دوبارە بوونەوەی کۆمۆنەی پاریس ، ئەمجارەیان لە کۆماری فەرەنسا.

٢٠٠٦/٤/٢ کەشتیەکی لە داردروستکراو ، کە ٣٧ هاووڵاتی ئەفەریکیای هەڵگرتبوو بە ڕێگەی قاچاخ لە کەنارەکانی باکووری مۆریتانیا لە تەك پایتەختی نواکشۆت نگرۆ بوو ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٣٧ هاوولاتیەکەی ناو کەشتیەکە ، کە لە پێناو بژێوی ژیان و چیتر نا .
شایانی باسە بە هۆی نەبوونی دادوەری لە دەسەلاٚت و پاوان کردنی سامانی گەل ودابەشکردن و داگیر کردنی لە لایەن دەسەلاٚتدارانی ئەو وولاتەی کە گەلانیان لە برسانو نەبوونی ئارامیوجیاوازی لە نێوان دەسەلاٚتو گەل ، ئەم کارەساتانەی لێدەکەوێتەوە ، کە مانگانە زیاتر لە ٦٠٠ هاوولاٚتی لەو هەرێمە گیان لە دەست دەدەن ، ئەوە جگە لە وولاٚتانی دیکەی جیهان هەتا بگرە لە کوردستان .

٢٠٠٦/٤/٣ سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی سووپای ڕووسیا یۆری بالۆیۆلیسکی لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند ، کە ڕووسیا دەستگیرە بە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە فرۆشتنی چەك بە ئێران بە پێی یاساکانی نێوودەووڵەتیو ڕێکەوتنە مۆرکراوەکان ، لە بواری هەمە لایەنەی سەربازی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/٤/٣ کۆماری چینی میللیو شانشینی ئوستراليا ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە چینی میللی مادەی یۆرانیۆم بکڕێو بفرۆشێتە ئوستراليا بۆ بنکە ئەتۆمیەکان ، کە سەرەك وەزیرانی ئۆستراليا مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنەی بە

ڕێکەوتنێکی باش نرخاندوو دوپاتی ڕاستگۆیی و دەستگیر بوونی چینی بە بڕیارەکـانی نێوودەوڵـەتی لـە بـارەی نەناردنـە دەرەوەی پێداویـستیەکانی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دوپاتکردەوە لە پەیوەندی نێوو دەوڵـەتی لـە جیهاندا .

٢٠٠٦/٤/٤ لە دوای مناوەراتی – مـانۆر – هێزەکـانی سـووپای ئێـران بە تاقیکردنەوەی چـەندین چـەك و موشـەکی نـوێ لـە بـواری بـەرگری ئـەمڕۆش فڕۆکەیـەکی جـەنگی سـەرئاوی تـاقیکردەوە ، کـە ڕادار هەسـتی پێناکـات ، لەگـەڵ موشەکێکی دیکەو کەشتی جەنگی ، کە تۆڕبۆنەکانی ڕادار هەستی پێناکات ، ئەمەش لەوکاتەی کە کێشەی نێوان ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە گەڵ ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو دژواری و تەشـەنەدار هـەنگاودەنێ لـە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٤ بە هۆی لێکترازان و شەڕوپێکدادان و خۆپیشاندانی نێوان کوردو هێزەکانی ڕژێمی تورکیا لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێـر دەسـەڵاتی تورکیـا ، سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا – ڕەجـەب تـەیب ئـەردۆگان – لـە کۆبوونـەوەی پەرلەمانی تورکیا داوای لە پارتی جووڵانەوەی کۆمکاری دیموکراتی کورد کرد ، بە ڕونکردنەوەی هەڵوێستی بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان K.P.K, وناوزەنـدکردنی بـە پـارتێکی تیرۆریـست گـەر نـا هەڵوێـستمان دەگـۆڕێ ، چـونکە ڕووداوەکـانی بـەو دواییـەی بـاکووری کوردسـتان بـە سەرپەرشتی پارتی کرێکاران بووە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا .

٢٠٠٦/٤/٤ بۆ یەکـەمجار لـە مێژووی پەیوەنـدی نێـوان پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکیـەتی نیـشتمانی کوردسـتان و لایەنـە کوردسـتانیەکان کۆبوونـەوەی هاوبـەش ئـەنجام بدرێت ، لـە دوای سپاردنی سـەرەك وەزیرانـی حکوومـەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و جێگری سەرەك وەزیران عومەر فەتاح ، لـە پێنـاو دامەزرانـدنی حکوومـەتی فرەلایەنـەی یـەکگرتوو لـە هـەرێمی کوردستان .

ئـەویش بـە ئامـادەبوونی نێچیرڤان بـارزانی و ، کۆسـرەت ڕەسـول عـەلی و ، نەوشـیروان مـستەفاو ، فـازل میرانـی و ، چـەندین کەسـایەتی و بەرپرسـی دیکەی پەرلەمان ئامادەی بوون . ئەویش بەخوێندنەوەی چەندین ووتـاری پڕشنگدارو بریقەدار .

بـەڵام شـەقامی کـوردی وای بـۆ دەچـێ ، کـە لـە ڕووی کـارو کـردەوە بـە پێچەوانەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، تەنیا بەرەو پێش بردن و پاراستن و پـاوانکردنی سـامانی گەلـە لـە هـەموو لایـەنێك لەلایـەن پـارتی و یەکیـەتی... ئـەویش بـە ٤٢ وەزیـرو چـەندین جێگـری وەزیـرو بـە دەیـا بەڕێوەبـەری گشتی و...هتد...!..؟.

٢٠٠٦/٤/٥ هێزەکـانی سـوپای ئـەمریکاو هاوپـەیمانان لەهەڵمـەتێکی ناکـاوی چـەکە قورسەکانی لە ژێر دەستی مەڵبەندەکانی پۆلیسی شارەکانی ژێـر دەسـەڵاتی مەزهـەب شیعە کشاندەوە، لـە ترسـی بەپابوونی شـەڕی نێـوان لایـەنگرانی جەعفـەری و ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیـسلامی و لایەنـەکانی دیکـەو مەزهـەب سـونە بەتایبـەتی لەشـاری بەغـدای پایتـەخت کـە زیـاتر لـە ٦ر٠٠٠ر٠٠٠ ملیۆن کەسی تیا دەژی.

٢٠٠٦/٤/٥ سەرۆکی دەستەی بە ناو زانایانی ئیسلامی سوونە حارس ئـەلزاری لـە لێـدوانێکی تەلـەفزیۆنی لـە نـاو سـتۆدیۆی کـەناڵی جـەزیرە لـە قەتـەر... ڕایگەیاندو گووتی :– لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣/٤/٩و ، لە بارودۆخی نا لـە باری ئێراقی فیدراڵ ، لـە وەتـەی ئیبراهیم جەعفـەری پۆستی سەرەك وەزیرانی لە ئێراق گرتۆتە دەست، زیاتر لە٤٠ر٠٠٠ هـەزار سوونە کوژراون ، ئیمە دەستبەرداری نابین.

شایانی باسە حارس ئەلزاری بە بەردەوامی دژی پرۆسـەی سیاسی بووە لـە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن و دارو دەستەکەی لە ئێراق .

٢٠٠٦/٤/٥ لە پێنـاو هێورکردنـەوی ئـەو بارودۆخـە دژوارەی کـە لـە نێـوان حکوومـەتی ئەمـەریکاو ڤـنزوێلا بەردەوامـە ، کـە دیبلۆماتکـارانی ڤـەنزوێلاو ویلایەتـە یـەکگرتووەکان کۆبونەوەیـەکی فراوانیـان بـە ئامـانجی هێورکردنـەوە دیبلۆماتکاران لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لەم لایەنەوە ئەنجامدرا ، لە دەرکـردن و تۆمـەتبارکردن بەسیخووڕی کـارلێکردن لـە پەیوەنـدی نێـوان هەردوو وولات لە بارەی گرژیەکی بەردەوامدایە.

لەم بارەیـەوە مـاری بیلـی هرنـانویزی جێگـری وەزیـری دەرەوەی ڤـەنزوێلا گووتی:– لە زۆر بواردا ناکۆکی گەوورە لە نێوان هـەردوولادا هەیـەو گەیشتن بە ڕێکەوتن زۆر گرانە .

٢٠٠٦/٤/٦ بە هۆی کردارە نامرۆڤایەتیەکانی ڕژێمی تورکیا بەرامبەر بە کورد لە باکوری

کوردســتان و دژایــەتی کردنــی کــورد و پێــشێلکردنی مافــە ڕەواکــانی ٤٦ پەڕلەمانتاری یەکیەتی ئەوروپا نامەیەکی بە بەهایان ئاڕاستەی سەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردۆگان و حکومەتی تورکیاکرد، بەتاوانبارکردنی ڕژێمی تورکیا لەبارەی لەبارچونی بارو دۆخی باکوری کوردستان لەهەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی لەبواری نەتەوەیی ونیشتمانی لە باکوری کوردستان.

٢٠٠٦/٤/٦ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێرو بێرتن نەهێرنی ئێرلەندی پەردەیان لــە ســەر نەخــشەی زیندوکردنــەوەی ڕێکــەوتنی پێکهێنــانی حکوومــەتی هەرێمی ئێرلەندای باکور لادرا.

لە دوای تاوانبارکردنی یەکتری لە ڕامیاریەتی ساڵی ٢٠٠٤ ، ڕاوەستاوە ، بەڵام ئەم هەوڵانە بە تیرۆرکردنی – دینیس دونالدسۆن –ی بەرپرسی شین فیستی لەم هەفتەدا بەرداهات ، کە ئەمەش پەردەی لە سەر ئەوە هەڵماڵی و ناوبراو کە سیخوڕێکی بەریتانیابوو لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٦ وەزیــری دەرەوەی ئەمــەریکا گۆنــدا لیــزا رایــس لــە دانیــشتنی پەرلــەمان گــووتی:– ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە بارەی ئەو زانیاریانەی بە ماوەیەکی کورت بەر لە جووڵانەوە سەربازیەکانی ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن حکوومەتی ڕووسیا بە ئێراق درابوو ، بەردەوامین لە لێکۆڵینەوە تا بزانین ئەو زانیاریانە تا چەند ڕاستن ، چونکە مەترسی لە سەر هێزەکانی سووپای ئەمەریکا دروستکردووە .

٢٠٠٦/٤/٧ لــە کۆبوونــەوەی نێودەوڵــەتی لــە ڕبــاتی پایتــەختی مــەغریب نوێنــەری پــەیمانی نــاتۆ لــە گــەڵ نوێنــەری وڵاتــانی ناوەنــد باســی تیرۆرو کۆچڕەوی نهێنــی کــرا ، کــە نوێنــەری حکوومــەتی ئیــسرائیلیش لــەو کۆبوونەوەیــە بەشداربوو ، لە گەڵ چەندین تەوەری دیکە لە ناوەندەکانی کۆبوونەوەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٧ بە هۆی تەقاندنەوەی دوو تیرۆرست لە مزگەوتی شیعەکان – یۆرافا – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٧٩ نوێژکەرو زامداربوونی زیاتر لە ١٦٤ کەسی دیکە ، کە لەوکاتەی ئەندامی پەرلەمانی ئێراقی جەلالەدین سوغەیر وتاری هەینی دەخوێندەوە .

ئەمەش لە ئاکامی کێشەی نێوان هەردوو مەزهەبی سووننەو شیعەی دژ بە یەکتری ڕوویداو ئەم کارانە بەردەوام ، کە ڕۆژانە بەلای کەمەوە ٧٥ کەس

گیان لە دەست دەدات لە ڕێگەی کوشتن و سەربڕین و تەقاندنەوەو ڕفاندن.
شایانی باسە کێشەی نێوان ئەو دوو مەزهەبە ئیسلامیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٧٥٠ زایینی و تاکو ئێستاش بەدەوامەو کۆتایی نایەت لە جیهانی ئیسلامیدا .

٢٠٠٦/٤/٧ لە بڕیارێکی یەکیەتی ئەوروپا بەڕاگرتنی یارمەتیەکانی بۆ گەلی فەلەستین و لە هەمان کات ئەمەریکاش ئەو یارمەتیانەی ڕاگرت بە هۆی سەرکەوتنی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی و بەرەو پێکهێنانی حکوومەت ، لە بیروو بۆچوونی وولاتانی ڕۆژئاوا جووڵانەوەی حەماسی ئیسلام بە جووڵانەوەیەکی تیرۆریست دانراوە... بەڵام داوایانکرد کە یارمەتی دانیشتووانەکانی فەلەستین بدرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .
شایانی باسە لە دوای هەڵبژاردن و بەتایبەتی لە دوای پێکهێنانی حکوومەت و داواکاری نێودەووڵەتی، جووڵانەوەی حەماس دروشمی لە ناوبردنی دەووڵەتی ئیسرائیلی هەڵگرتووەو دانی بەدەووڵەتی ئیسرائیل نەناوەو نایەنێت... چونکە چ جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی و حزبوڵڵای لوبنانی هەڵوێست و ڕەفتارو کارەکانیان لە دەست ئێران و ، سووریاو ، سعوودیەو ، چەند وولاتێکی دیکەی عەرەبیدایە .

٢٠٠٦/٤/٨ لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی بیلاڕووسیا – ڕوسیای سپی– کە سەرۆکی بیلا ڕووسیا ئەلکسەندەر لۆکاشینکا بۆجاری سێیەم بە سەرۆکی بیلا ڕووسیا هەڵبژێردراوەو بەرامبەر پەرلەمان سوێندی یاسایی خوارد ، سەرەڕای ئەوەی بەرهەڵستکاران و وولاتانی ڕۆژئاواو یەکیەتی ئەوروپا ئەو هەڵبژاردنەیان بەساختە لە قەڵەمدا.
لەڕێو ڕەسمی سووێند خواردنەکە زۆر لە وولاتانی بەرهەڵستکار بەشداریان لەو ڕێوڕەسمەدا نەکرد بە ناوی دوا ئیمپراتۆریەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

٢٠٠٦/٤/٩ حکوومەتی ئیسرائیل بە ڕەسمی ڕاگرتنی هەموو پەیوەندیەکانی لە گەڵ دەسەڵاتی نوێی فەلەستین ڕاگەیاند ، کە جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی سەرکردایەتی دەکات و تەنیا لە گەڵ سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین مەحمود عەباس نەبێت... کە مەبەستەکەش دیارە لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکاندا .

٢٠٠٦/٤/٩ هاوپەیمانی کوردستان بە شێووەیەکی ڕەسمی بوونی ئیبراهیم جەعفەریان

بە سەرۆکی حکوومەتی چوار ساڵەی داهاتووی ئێراقیان ڕەتکردەوە ، بە ئاگادارکردنەوەی هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعەو لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەی ئێراق ، بە هۆی هەڵوێستە تێك دەرانەکەی ، بە تایبەتی لە بارەی باری مافەکانی کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

٢٠٠٦/٤/٩ دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پیران لە ئیتاڵیا لە نێوان لایەنگرانی سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا برلسکۆنی و چەپی ناوەند بەسەرۆکایەتی ڕۆمانۆ بڕۆدۆ ، کە نزیکەی ٤٧ ملیۆن دەنگدەر لە ٦٠٠٠٠ هەزار مەڵبەندی هەڵبژاردن بەشداریان لەو هەڵبژاردنەکرد ، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەویش بەسەرکەوتنی ڕۆمانۆ بڕۆدۆ لە هەڵبژاردنەکان بۆ جاری دووەم دەسەڵاتی ئیتاڵیای بگرێتە دەست .

شایانی باسە هەڵبژاردنە گشتیەکەی ئیتاڵیا لە نێوان چەپی ناوەند بە سەرۆکایەتی ڕۆمانۆ بڕۆدۆو ، ناوەندی ڕاست بە سەرۆکایەتی سیلڤیۆ برلسکۆنی ، لە بارودۆخێکی نا لە بارو بە پێی ئەنجامە فەرمیەکانی هاوپەیمانی چەپی ناوەند لە ٤٩,٨٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا لەپەرلەمان

.

بەڵام هەرچی هاوپەیمانی ڕاستی ناوەند بوو لە ٤٩,٧٪ی دەنگەکان بەدەستهێنا ، کە سەرەك وەزێرانی برلسکۆنیە ، کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامە برۆدی ٣٤١ کورسی لە کۆی ٦٣٠ کورسی لەپەرلەمان بەدەست هێنا , بەڵام برلسکۆنی ٢٧٧ کورسی لە پەرلەمان بەدەستهێنا لە وڵاتەکەدا .

بەڵام سەربارەت بە ئەنجوومەنی پیران هاوپەیمانی ناوەندی ڕاست ١٥٦ کورسی لە ئەنجوومەنی پیران بەدەستهێنا بەرامبەر بە ١٥٨ کورسی بۆ ڕۆمانۆ برۆدۆ لە ئەنجوومەنی پیران... کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە هاوپەیمانی چەپی ناوەند حکوومەت بەسەرکردایەتی ڕۆمانۆ بڕۆدۆ پێك بێنێ لە ئیتاڵیا.

٢٠٠٦/٤/١١ بە پێی یاسای دەوڵەتی ئیسڕائیل ، کە هەر سەرۆکێکی حکوومەتی ئیسڕائیل جا بەهەر هۆیەك بێت ، بە تایبەتی نەخۆشی و تەمەن بۆ ماوەیی ١٠٠ڕۆژ لە دەسەڵات لابراو کە جێگرەکەی دەسەڵاتی تەواو دەگرێتە دەست لەڕێگەی کەنێسەی ئیسرائیل ، ئەویش ئەیهود ئەلمرت بڕیاری بەردەوامی بۆ درا بەسەرەك وەزێرانی حکوومەتی ئیسرائیل .

٢٠٠٦/٤/١٢ نوێنـەرانی ٢٤ ڕێکخـراوی جـەماوەری‌و پیشەیی‌و دیمـوکراتی‌و سـەندیکاو سـەنتەر، بـۆ نـاڕەزایی دەربـڕین لـە دژی هـەڵس‌و کـەوتی ڕژێمـی تورکیـا بەرامبـەر بـە کـورد لـە بـاکووری کوردسـتان ، لـە بـەردەم پەرلـەمان خۆپیـشاندانێکیان ئەنجامـدا ، جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان‌و ژمارەیـەك لـە پەرلەمانتارانی پەرلەمان کوردستان پێشوازیان لێکردن بە چەند وتەیەك لـەم بارەیەوەو پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکان دوپات کردەوە لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٦/٤/١٢ سەرەك کۆماری تورکیا ئەحمەد سیزار لە لێدوانێکی بەرامبەر کۆمەڵێك لە ئەفسەرە گەورەکانی سووپای تورکیا ڕایگەیاند ، کە پارتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئۆردۆگان هەڕەشە لە دەسەڵاتی عەلمانی لە تورکیا دەکات بە هۆی خزانەناو دام و دەزگاکانی دەوڵەت ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەحمەد سیزار ماوی ساڵێکی ماوە لە دەسەڵاتی سەرەك کۆماری تورکیا .

کە ئەمەش نامەیەکی بە هێزە ، یەکەم بۆ دەزگاکانی سەربازی دەسەڵاتدارو ، دووەم پارتە ئیسلامیەکان... شایانی باسە لە تورکیا دەسەلات دەسەڵاتی عەسکەر تاریەتەو ماوە بە دەسەڵاتی مەدەنی نادات تەنیا بە پێی دەستوورو یاسا بنەڕەتیەکانی تورکیا نەبێت لە هەموو بوارەجیا جیاکان لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٤/١٣ لـە شـاری – پـەنجالوری– ویلایـەتی کارناکاتـای باشـووری هندسـتان ئەفسانەی سینەمایی – ڕاج کۆمـار– لـە تەمـەنی ٧٧ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد ، کە ئەو مرۆڤە بە توانایە حکوومـەتی هیندسـتان بۆ مـاوەی دوو ڕۆژ پرسـەو ماتـەمینی گـشتی ڕاگەیانـد ، بـە سـازکردنی ڕێـوڕەسمی بـەخاك سپاردنی... شـایانی باسـە ڕاج کۆمـار لـە سـاڵی ١٩٢٩ لـە دایـك بـووەو لـە مـاوەی ژیـانی بـە شـداری زیـاتر لـە ٢٠٠ فیلمـی سـینەمایی کـردووە لـە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٤/١٣ وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا گۆنـدا لیـزا ڕایـس ، لـە لێـدوانێکی تەلـەفزیۆنی ڕایگەیاند ، کە چاوەڕوانی ڕکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات ، لە پێنـاو بە کارهێنانی هێزی سەربازی دژی ڕژێمی ئێران .

بـە هـۆی دەسـت پێکردنـەوەی بە پیتانـدنی یۆرانیـۆم‌و هـەنگاونان بـەرەوە

دروســتکردنی چــەکی ئــەتۆمی ، ئــەویش بــە پێــی بەشــی/ ٧ لــە یاســای نێوودەوڵــەتی لــە بەڵگەنامــەی ڕێکخــراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان ، نــەك گــەمارۆدانی ئابووریو چــەکی هەمــەجۆرو پەیوەنــدی نێوودەوڵــەتی... لــە گــەڵ ئەوەشــدا ڕووســیاو ، چــینی میللــی ، لــە گــەڵ بــە کارهێنــانی هێــزی ســەربازی نین دژی ئێران ، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە ڕێگــەی دبلۆماسی چارەبکرێت لە جیهاندا .

٢٠٠٦/٤/١٣ بەر پابوونی شەڕی نێوان هێزەکای سووپای تشادو هێزە چەکدارە یاخی بووەکان بە نیازی کودەتای سەربازی بە پشتیوانی حکوومەتی سوودان ، بــەڵام لــە دوای شــەڕوپێکادانو بۆردمــانکردنی دەووروبــەری پایتــەختی تشاد ، لە ئەنجام بووە هۆی ئەوەی کە سووپای تشاد دەست باڵابێت لــە سەر تشاد ، بە تایبەتی پایتەختی بنجامینا . لە هەمان کات سەرۆکی تشاد ئیــدریس دوبــی تــوانی دەســەڵاتی بەســەر تــشاد دابــسەلمێنیو ، یەکیــەتی ئــەفریکیا داوای کۆبوونــەوەی ناکــاوی کــرد ، بــۆ چارەســەرکردنی کێــشەی تشاد بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لێی کەوتۆتەوە .

٢٠٠٦/٤/١٣ ســەرەك کۆمــاری پێــشووی ئێــرانو ســــــــەرۆکی دیــــــــــاریکردنی بەرژەوەندیــەکانی ڕژێمــی ئیــسلامی لــــە ئێــــران هــــاشمی ڕەفــسەنجانی سەردانی سووریای کرد ، لە پێناو یەکخــستنی یــەك هەڵوێــستیان ، ئــەویش بــە هــۆی پاڵــە پەســتۆی نێوودەوڵەتی ، بە تایبەتی لەلایەن ئەمــەریکاو ، بــەریتانیاو ، یەکیــەتی ئەورووپا ، لە هەمان کات لەو سەردانەی چاوی کەوت بە سەرۆکی حزبەڵڵای لوبنانی حەسەن نەسروڵڵا ، لە پێناو بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانیان لە ناوچەو هەرێمەکاندا .

٢٠٠٦/٤/١٣ لە کارێکی نەشتەرگەری پزیشکی سەرکەوتوانە لە بەریتانیا لەلایەن دکتۆر مەجدی یــەعقوب لــە گــەڵ کۆمــەڵێك لــە پــسپۆڕانی نەشــتەرگەری لــە ســەر منداڵێکی بەریتانی تەمەن ١٢ ساڵان ، کە ناوی هانا بوو، بەر لە ١٠ ساڵ

پێش ئەمڕۆ دڵێکی دەستکردی لە پاڵ دڵەکەی خۆی چەسپێنرا ، کە دڵە دەستکردەکە لە ٨٠٪ی کارەکانی ئەنجام دەدا لە پاڵ دڵەکەی خۆی ، کە ئەو لە ٢٠٪ی کارەکانی ئەنجام دەدا ، لەم ڕۆژە دڵە دەستکردەکەی هانا ، کە لە پاڵ دڵە ئاساییەکەی خۆی بوو دەرهێنراو دڵە سروشتیەکەی خۆی لە١٠٠٪ کارەکانی خۆی ئەنجامدەدا.

٢٠٠٦/٤/١٤ بە هۆی پەلاماردانی سێ کەنیسەی مەسیحیەکان لە شاری ئەسکەندەریەی میسری ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی مەسیحیەکی قبتی و زامداربوونی حەوتی دیکە .

شایانی باسە بەر لە پێنج مانگ هەمان ڕووداو بۆ سەر کەنیسەکان لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسرو شاری ئەسکەندەریە ئەنجامدرا بوو دژی دانیشتووانە قیبتیە مەسیحیەکان ... شایانی باسە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی میسر قبتین و ئێستا ژمارەیان لە ٠٠٠ ر٠٠٠ر١٢ ملیۆن زیاترە ، ئەمەش بە بە ئیسلام کردن و بە عەرەبکردن بە درێژایی مێژووی بوونی ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتی شۆڤینی عەرەب گەیشتۆتە ئەم قۆناخە..!.

٢٠٠٦/٤/١٤ یەکەم شەری بەرەیی لە نێوان هێزەکانی سووپای حکوومەتی ئەفگانستان و هێزەچەکدارەکانی تاڵیبان دەستی پێکرد ، ئەویش لە دوای ڕووخاندنی حکوومەتی تاڵیبان و ئوسامە بن لادن لە ئەفگانستان.

٢٠٠٦/٤/١٤ لە دوای سەرهەڵدانی کێشەو ململانێی نێوان دسەڵاتی نیپاڵ و بوون گەلانی نێپاڵ ، کە دژی دەسەلاتی توندڕەوی شانشین و حکوومەتی نیپاڵ ، کە شانشین چاندرا دەسەلاتی تاکرەوی لە وولاتەکە دەبات بەڕێوەو ، لە هەمان کات لە وتارەکەی شانشین بە هەڵبژاردن ، کە بووە هۆی زیاتر لە توونددو تیژی و بەرپابوونی خۆپیشاندان و نارەزایی دژی شانشین و حکوومەت لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٦/٤/١٥ ڕۆمان نوسی بە ناوبانگی بەریتانیا خاتوو – مۆریێل سپارك– لە نەخۆشخانەی شارۆچکەی – سیفیتیلا دیلا چینا – ی هەرێمی تۆسایناى ئیتاڵیا لە تەمەنی٨٨ ساڵیدا کۆچی دواییکرد ، خاتوونی ڕۆشنبیرو رووناکبیری ناودار لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری – ئەدەینەرەی– بەریتانیا لە دایك بووە ، شایانی باسە زیاتر لە ٢٠ ڕۆمانی نووسیووە سەرەڕای بە دەیا بەرهەمی دیکە .

٢٠٠٦/٤/١٥ لە دوای ڕاگەیاندنەکەی سەرۆك کۆماری ئێران مـەحمودی ئەحمـەدی نـەژادی بە بوونی ئێران بە دەوڵەتێکی ئەتۆمیو دەبێ بەم جۆرەش مامەڵەی لە گەڵ پەیوەنـدە نێودەوڵەتیـەکانی لـە گـەڵ وولاّتـانی جیهـانو ڕێکخـراوەی نەتەوەیـەکگرتووەکان ئەنجامـدەدات ، کـە سـەرۆکی دیـاریکردنی بەرژەوەندیکانی ئێران ، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ، سەردانی وولاّتـی کـوێتی کـردو لە گەڵ ئـەمیری کوێـت سەباح سالم کۆبوونـەوە ، بە یاوەری بەرپرسە بالاّکانی دسەلاّتی ئەمیری کوێت .

٢٠٠٦/٤/١٦ بۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی باشـووری کوردسـتان لـە ڕێگـەی فڕۆکەخانـەی هەولێری نێودەوڵەتی پۆستەی کوردستان بگاتە دەرەوەی کوردستان... واتـە ڕەوانـەکردنی پۆسـتەی هاوولاّتیـان بـۆ دەرەوەی کوردسـتانو بـە پێچەوانەشەوە لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٤/١٧ سـەرەك وەزیرانـی لوبنـان – سەنیورە– لە سەردانێکی بۆ ئەمەریکاو چاوپێکەوتنی بە سـەرۆکی ئەمـەریکا جـۆرج بـۆشو وەزیـری دەرەوەی ئەمەریکا گۆندا لیزا ڕایسو بەرپرسـانی بـالاّی کۆشـکی سـپی ، لـە پێنـاو بـەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکانی نێوان لوبنانو ئەمـەریکا ، کە ئـەویش خـۆی لە سێ خاڵ دەگرێت ، یەکـەم:– کشانەوەی هێزەکانی سووپای ئیسرائیل لە ناوچەی مـەزار شەبعەو گەڕانەوەی بۆ ژێر دەسـەلاّتی لوبنـان ، دووەم :– لە بارەی چەکدارانی چەکی حزبو للاّو پەیوەندی لە گەڵ سووریا ، سـێیەم:– دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری لە وولاّتەکانیان .

٢٠٠٦/٤/١٩ دەسـت پێکردنـی پرۆسـەی هەڵبژاردنـە گـشتیەکان لـە وولاّتـی تایلانـد بەڕێوەچوو ، لـە پێنـاو هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی نـوێی ئەنجوومـەنی پـیران لـە تایلاند .

٢٠٠٦/٤/٢٠ سەرۆکی چینی میللی - خۆگین تاو- سەردانی ئەمەریکای کردو لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش پێشوازی لێکرا ، کە ئەمە یەکەم سەردانی سەرۆکی چینی میللیە بۆ ئەمەریکا لە ماوەی ٤٠ ساڵ زیاتر... گفتووگۆی نێوانیان لە بارەی باری ئەتۆمی ئێران و کۆریای بارکوورو هەرێمی دارفور بوو لە سوودان... بە تایبەتی لە بارەی باری ئابووری ، کە چینی میللی سوودمەند بووە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ٢٠٠ ملیار دۆلار ، دوایی لە بارەی باری مافی مرۆڤ بووە لە چین ، کە ئەمەش جێگەی لوتکەکانی نێوان سۆڤیەتی پێشوو ئەمەریکای دوێنێ و لوتکەکانی نێوان ئەمەریکاو چینی میللی ئەمڕۆیە .

٢٠٠٦/٤/٢٠ هێزەکانی ئاسمانی سووپای ڕژێمی ئێران لە هێرشێکیاندا بۆسەر بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K لە سەرسێگۆشەی سنووری نێوان هەرسێ وولاتی ، ئێران و ، تورکیاو، ئێراقی داگیرکەر ، لە سەر خاکی کوردستان بە هاوکاری ڕژێمی تورکیا ، کە بووە هۆی شەهیدکردنی بە دەیا لە گەریلاکانی - پێشمەرگە- پارتی کرێکاران و کوژرانی بە دەیا لە سەربازەکانی سووپای ئێران لەو کارە سەربازیەدا لەسەر خاکی کوردستان .

٢٠٠٦/٤/٢١ بارەگای - کەی. جی. بی- واتە موخابەراتی سۆڤیەتی پێشوو لە کۆماری لیتوانیا کرا بە مۆزەخانەی کۆماری لیتوانیا ، لە پێناو نەهێشتنی ئاسەواری مەلبەندی دەسەلاتی سۆڤیەت لە وولاتەکە ، کە ناوزەند بوو بە کۆشکی سوور.

شایانی باسە ئەو باڵەخانەیە ببووە جێگەی ئازاردان و ئەشکەنجەدانی گەلانی کۆماری لیتوانیا ، کە زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار هاوولاتی لیتوانیای تیا شەهیدکرا بوو ، بە هۆی بەرهەڵستکاری رامیاریەتی سۆڤیەت بەرامبەر بەول وولاتەدا .

٢٠٠٦/٤/٢١ لـە دوای کێـشەو ململانێـی دژواری نێــوان ســەرکردەکانی پــارت و ڕێکخــراوو گروپــەکانی عــەرەبی و کــوردی لــە ســەر پێکهێنــانی حکوومـەتی هەمیشەیی لـە ئێراق ، کـە سـەرەك ئەنجوومـەنی وەزیرانـی کـاتی ئێراقـی ئیبراهیم جەعفـەری هۆکـاری ســەرەکی ئـەو کێـشەو ململانێیــە بــووە لــە جێبــەجێ نــەکردنی ئــاوات و ئامانجــەکانی گەلانی ئێراق بە تایبەتی گەل و نیشتمانە داگیرکراوەکەی کورد لەجێبەجێ نەکردنی ماددەی/ ٥٨ لە یاسای ئیدارەی دەووڵەتی ئێراق ، لە دوای دەست کێشانەوەی لـە کاندیدکردنەکـەی بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی دووەم جـاری لـە داهاتووی حکوومـەتی چوار ساڵە ، لیستی هاوپـەیمانی یـەکگرتووی شیعە بـە دانـانی نـوری مـالکی بـە کاندیـدکردنی بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکی حکوومەتی ئێراق .

کە جیاوازی بە هێچ شێوەیەك نیە لە گەڵ ئیبراهیم جەعفەری و کۆپی ئـەوەو خۆیان دروستکەری کێشەو ململانێ و باری دژواری ئێراقن ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بـە تایبـەتی لـە بـاری ئاسایش و بـژێوی ژیـانی گـەڵ و کۆسـپ خستنە پێش کێشە هەڵواسراوەکان و.. چۆن...؟...!.

٢٠٠٦/٤/٢٢ کردنەوەی میهرەجانی هەفتەی – دارالمدی– لـە شـاری هـەولێری پایتـەختی هەرێمی باشووری کوردستان ، لە لایەن بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردستان بـە وتـارێکی لـە بـارو گونجـاو بـە پێـی بـارودۆخی نـاوخۆو نـاوچـەو هـەرێم و جیهــان ، کــە زیــاتر لــە ٥٠٠ لــە ڕۆژنامــەنووس و نووســەرو ڕونـاکبیرو پرۆفیـسۆرو هونەرمەنـدانی کـوردو عـەرەبی و ئێراقـی و وولاتـانی دیکـە ، بەوتارخوێندنـەوە بەشداریان تێداکردو ، لـە هـەمان کـات پێشانگای کتێبـی هـەموو دەزگاکـانی کـوردی و ئێراقی و وولاتـانی دیکـەی عـەرەبی بەشـداریان تێداکرد لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٦/٤/٢٢ گرێدانی کۆبوونەوەی یەکەمی ڕەسمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵی لە پێناو هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن و هەردوو



جێگرەکەی یەکەم و دووەمی ئەنجوومەن هەڵبژێردران ، کە مەحمود مەشهەدانی بە سەرۆکی ئەنجوومەن بە ١٥٩ دەنگ و هەڵبژاردنی خالید عەتیە بە جێگری یەکەم و ، هەڵبژاردنی عارف تەیفور بەجێگری دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق .

ئەویش بە دەنگدانی نهێنی لە ناو ئەندامانی ئەنجوومەن بە پێی دەستووری هەمیشەیی ، سەرەڕای چەندین کۆبوونەوە کە دوادەخرا بە هۆی کێشەی نێوان پارتە ڕامیاری و نەتەوەیی و کوردی و عەرەب و مەزهەبەکانی شیعەو سووننە ، بە پەڕاندنەوەی بۆقۆناخێکی نوێ و لە بارتر ، لە پێناو چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان لە وڵاتەکەدا .

لە هەمان کۆبوونەوە هەڵسان بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکەی ، ئەویش کە مام جەلال بۆ جاری دووەم بە سەرۆك کۆماری ئێراقی فیدراڵ هەڵبژێردراوە ، لە گەڵ هەردوو جێگرەکەی ، عادل عەبدولمەهدی و، تارق هاشمی .

لەو کۆبوونەوە سەرەك کۆمارو وەزیرەکان و سەرۆکی پارت و ڕێکخراوەکانی عەرەبی و کوردی و شیعەو سووننە بەشداریان تێداکرد ، لە گەڵ باڵوێزی ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، چەندین لایەنی دیکە لەو ڕێوڕەسمەدا لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق .

٢٠٠٦/٤/٢٢ بەرپابوونی شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی و ڕێکخراوی فەتح ، لە کەرتی غەزەو ڕامەللای فەلەستین ، ئەوەش لە دوای سەرکەوتنی حەماس بوو لە هەڵبژاردنەکان و دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی و دان نەنان بە دەوڵەتی ئیسرائیل و دان نەنان بە بڕیارو ڕێکەوتنەکانی بەر لە هەڵبژاردنەکان و پەیوەندی نێودەوڵەتی ، بە ڕامیاریەتی توندڕەوی دوور لە خواست و ویستەکانی هەردوولایەن و گەلی

فەلەستین .

٢٠٠٦/٤/٢٢ لە سەردانێکی دیارینەکراوی سەرۆك کۆماری ئێراق و باڵوێزی ئەمەریکا زەڵمای خەلیل زاد ، گەیشتنە هەولێری هەرێمی باشووری کوردستان ، لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینە هەواری سەلاحەدین پێشوازی لێکران و لە هەمان کات دەستیان بەگفتووگۆی نێوانیان کرد ، لە سەرباری ئێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ، ئەویش لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق ڕاستەوخۆ لە ئێراقدا .

٢٠٠٦/٤/٢٣ سەرەك کۆماری چینی میللی – خۆگین تاو– سەردان شانشینی سعوودیەی کردو لە لایەن شانشین عەبدوللا پێشوازی لێکراو، ئەو سەردانەش لە پێناو بە هێزکردنی پەیوەندی ڕامیاری و ئابووری و ئاسایشی ناوچەکە بوو.

شایانی باسە چینی میللی یەکەم وولاتە لە پەیوەندی ئابووری بە تایبەتی کڕینی نەوت لە سعوودیە بە زۆرترین قەبارە لە دوای ئەوەی ، کە چینی میللی لە بواری پەیوەندی ڕامیاری و ئابووری و بازرگانی نێوودەووڵەتی ڕۆڵی گرنگی هەیە ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری ئابووری و بازرگانی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/٤/٢٥ بۆ یەکەم جار ئافرەتە ناوداری کوردو جیهان خاتوو لەیلا زانای تێکۆشەرو سەرکردەی کورد ، سەردانی باشووری کوردستان بکات بەم شێووەیەو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکراو ، دوای ئەوە بیرووبۆچوونی هاوبەشی داهاتووی کوردو خاکی کوردستان ئاڵووگۆڕ بکەن ، لە پێناو یەکخستنی یەك هەڵوێست لە کوردستان .

لە ناوەندی گۆڕەپانی ڕامیاری ناوچەو هەرێم و جیهان ، لە هاوسەنگی و هاوکێشە هەمەلایەنەکان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی ونشتمانیدا .

٢٠٠٦/٤/٢٦ چەکدارە تیرۆریستەکانی شیعەی سەر بەموقتەدا سەدر بە ناوی سوپای مەهدی ڕوو لە شاری کەرکوك دەکەن ، لە پێناو وەستان دژ بە هەرهەوڵێکی

کورد بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگای کەرکوك و گەڕانەوەی پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابراوەکان بۆ باوەشی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

.

تۆماس وابز ڕاوێژکاری ڕامیاری باڵوێزی ئەمەریکا لە شاری کەرکوك گووتی:- موقتەدا سەدر کە سەرکردەی سووپای مەهدیە دوو گرووپی چەکداری بە ژمارە ۱۲۰چەکدار ئامادەکردو بەرەو شاری کەرکوك ڕەوانەی کردون ، جگە لەملاو لەولاش چەکداری دیکەی ڕەوانە کردووە ، بۆ پارێزگاکە.

۲۰۰٦/٤/۲٦ هەردوو وەزیری بەرگری ئەمەریکا ڕامسفلدو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گۆندا لیزا ڕایس ، گەیشتنە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە گەڵ سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق نوری مالکی کۆبونەوە ، لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی لێهاتووی چارەسەرکەری کێشە هەڵواسراوەکان ، دوور لە حکوومەتی مەزهەبی ، بەڵکو بەحکوومەتێکی دیموکراتی یەکگرتووی نیشتمانی لە هەموو پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق .

۲۰۰٦/٤/۲٦ ڕابەری ئاینی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئایەتوڵلا عەلی خامەنائی لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند ، بە پەلاماردانی بەرژەوندیەکانی ئەمەریکا لە وولاتانی جیهان ، گەرهاتوو ئەمەریکا پەلاماری ئێران بدات ، لە هەمان کات سەرۆکی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نەژادی لە لێدوانێکیدا ، ئەویش ڕایگەیاند بەوەی کە هەر بڕیارێکی لە کارخستنی کاری ئەتۆمی ئاشتی لە ئێران بڕیاربدات ، ئێمەش پشتگوێی دەخەین و لە کارەکانما بەردەوام دەبین لە وولاتەکەمان .

٢٠٠٦/٤/٢٧ ڕۆژنامـەی خـەبات لـە ژمـاره/ ٢١٢٦دا ، بلاوی کــــــــردەوە کـــــــــە دەسلاتدارانی ئیسرائیل توانیویانــە مــانگێکی دەســتکرد بــە نــاوی – ئیسرائیل-B – ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەن ، کە ئەو مانگە دەستکردە توانای ئەوەی هەیە وێنەی هەموو جۆرە شتێك لـە سـەر زەوی بگرێـت ، هـەتا گەر قەبارەی ٧٠سم بێت ، ئەمەش لە پێناو چاودێری کردنی جمووجۆڵی سەربازی ئاسمانی وولاتانی ناوچەکە بە تایبەتی ئێران و وولاتانی دیکەی عەرەبی لە کیشوەرەکەدا .



٢٠٠٦/٤/٢٨ لە دوای تەواو بوونی مۆڵەت پێدراوی یەك مانگ بە ڕژێمی ئێران ، ئەمینداری گشتی ئەنجوومـەنی ئاژانسی وزەی ئـەتۆمی ئێـران ، کـە محەمـەد برادعـی راپۆرتێکی بە پێزی لـە سـەر باری ئەتۆمی ئێران پێشکەش بە ئەمینداری گشتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکـە کـرد ، لـە پێنـاو هەلسەنگاندن و بڕیار لـە سەردان چ لـە سـەر دەسـەلاتی ئێـران و پەیوەندیە نێوودەوڵەتیـەکان و دراوسـێکان و چ لـە بـارەی بـواری ئـەتۆمی و پیتانـدنی یۆرانیۆم .

لە پێناو دروست کردنی چەکی ئەتۆمی ، ئیدارەی ئەمەریکا بەوەرەقەیەکی بـەها بەخـشی نرخانـدو ئێـرانیش گـوێی بـە ڕاپۆرتەکـە نـەدا ، بـالوێزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان جۆن بۆلتن لە ڕاگەیاندنێکی گووتی:- بە پێـی بەنـدی/٧ لـە یاسـاکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بڕیـاری لـە بـاری بـۆ وەردەگیرێت .

٢٠٠٦/٤/٣٠ لـە دوای چـەندین کێـشەو ململانێـی نێـوان پـارت و ڕێکخـراوو گروپـە نیشتمانی و ئیسلامی وکۆمەلایەتی لە سەر دەسەلات و مەزهەب و بژێوی ژیان ، لە کۆماری میسر شەڕوپێکدادان و کاری توونـدو تیـژی بـەردەوام بـوو ، کە بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی میسر ، بڕیاری نوێکردنـەوەی بـاری نـا ئاسـایی بۆمـاوەی دووسـالی دیکـە درێـژ بکاتـەوە ، سـەرەڕای بەرەوپێش چوونی باری دیموکراتی لە میسردا .

٢٠٠٦/٤/٣٠ حکوومەتی سوودان ڕەزامەندی لە سەر مۆر کردنی ئەو ڕێکەوتنامەی پێشنیارکراوی یەکیەتی ئەفریکیا کرد ، لە پێناو کۆتایی هێنان بەو کێشەو ململانێیە تەشەنەدارەکان لە هەرێمی دارفورو جوولانەوە یاخی بووەکان .

بەڵام تاکو نووسینی لەم ڕۆژە جوولانەوە یاخی بووەکان ئەو ڕێکەوتنەیان ڕەتکردەوە ، بە هۆی ئاڵۆزی کێشەکان ، ئەویش کە کارەکانی بە دەست یەکیەتی ئەفریکیاو نەتەوە یەکگرتووەکانە . لە گەڵ ئەوەشدا پرۆژەی یەکیەتی ئەفریکیا داواکانی حکوومەتی سوودان جێبەجێ ناکات ، لە هەمان کات بە هەزاران هاووڵاتی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا دژی کۆمەڵکوژی لە هەرێمی دارفورو ناوچەی کودڤان ، کە چەندین ئەندامی کۆنگرێس‌و ڕێکخراوی هەمە لایەن بەشداریان تێداکرد لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/٤/٣٠ نووسینگەی سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی لە ڕاگەیاندنێکی بڵاوی کردەوە ، کە گفتووگۆی لە گەڵ حەوت لە گروپە چەکدارەکانی بە ناوی بەرگری کردن لە ئێراق کردیە ، بە هلوکاری ئەمەریکاو دژی ڕاگەیاندنی زەرقاوی ... دوای ئەوە هێزەکانی سووپای تورکیاو، ئێران ، بە هاوبەشی‌وهەماهەنگی بەردەوام بوون بە بۆردومان کردنی پێگەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K و هاتنە ناو خاکی باشووری کوردستان بە پانی پێنج کیلۆمەتر .

شایانی باسە بەردەوامی هێرشەکانی هاوبەشی هێزەکانی ڕژێمی تورکیاو، ئێران ، بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ، لە سەر سێگۆشەی سەرسنووری نێوان ، ئێراق‌و، ئێران‌و ، تورکیاو ، ناوچەی قەڵادزێ ، بووە هۆی دەربە دەربوونی سەدان خێزانی کورد لە سەر جێگەو شوێنی نیشتەجێی خۆیان لە گوندەکانی خاکی باشووری کوردستان ، بەرەو گوندو شارۆچکەکانی شاری سلێمانی .

لە پێناو حەوانەوەیان‌و لە لایەکی دیکە کچی کورد بە چەکەکەی بەرگری لە کوردو خاکی کوردستان دەکات‌و بێ ئەوەی هەڵوێستی ڕەسمی بەرچاوی هەردوو ئیدارەی سلێمانی‌وهەولێر هیچ ئاکامێکیان هەبێت...؟؟.

٢٠٠٦/٤/٣٠ دەســەڵاتی چــەپڕەوی پۆلیڤیـــا هەڵــــسا بـــــەخۆماڵکردنی مەنجەمــەکان و کێڵگــە کــشتووکاڵی وچەندین پـرۆژەو کارگـەی دیکـەی وولاتەکەی ڕاگەیاند ، لە پێنــاو بوژاندنـــەوەی ئــابووری و ژێرخـــانی ئابووری و دەرهێنانی لە

دەســت ســەرمایە دارەکــانی کــەرتی تایبــەت... دوو ڕۆژ بــەر لــەوەش کۆمارەکـانی ، بۆلیڤیـا و، فنزویلاو، کووبا ، لـە هاڤانـای پایتـەختی کووبا ، پـەیمانی بازرگـانی هاوبەشـی نوێیـان مـۆرکرد لەلایـەن هەرسـێ سـەرکردەی وولاتەکـە- فیـدل کاسـترۆ-ئـەبومۆراس-هۆگـۆ چـاوس- دژی بازارەکـانی ئـازادی ژێـر دەسـەڵاتی ئەمـــــــەریکاو هاوپەیمالەســـــرکردەو چەپرەوەکان ڕێکەووتنی بازرگـانی و هاوکـار بـە یـــەکتریان مـــۆرکرد . جێگــەی باسـکردنە کــە

لەو ماوەی دوایی چەندین وولات لە ئەمەریکای لاتینی هێزە چەپڕەوەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وولاتـەکانیان سـەرکەووتیان بەدەست هێنا بە مەبەسـتی هاوکـاری و هاوپــەیمانی لــە دەســەڵاتەکیانیان و وەســتان دژی ڕامیاریـەتی ئیـدارەی وویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا ، کـە وولاتـانی ئەمەریکای لاتینی بە حەدیقەی دواوەی ناوزەندکردبوو ، لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی لەو هەرێمانەدا .

بەڵام لە دوای سەرکەووتنی هێزی چەپرەو کاردانەوەی لـە سـەر ڕامیاریـەتی

ئەمەیکا و هاوپەیمانەکانی کاریگەر بوو ... ئەوە هەر سێ سەرۆکی کووبا و فنزویلا و پۆلیفیا ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانیان مۆرکرد . بە مۆری سەرۆکی کووبای فیدراڵ کاسترۆ و سەرۆکی پۆلیفیا ئیفۆ مۆرالیس ... ڕێکەووتنەکەش بەناوی – ئەلبا – بوو ، کە جێگرێکی باری سۆشیالیستی بێت بۆ ئەو ناوچەی بازرگانی ئازاد لە هەردوو ئەمەریکا ... ڕێکەووتنەکەش لە چەند خاڵێك پێك هاتبوو ئەویش :-

١- هەڵگرتنی باجی دەرامەت لەکاڵاو شمەکەکانی بازرگانی لە نێوان هەر سێ وولاتدا .

٢- گرنگی دان بە کەمکردنەوەی بێکاری و دۆزینەوەو ڕێگا بۆ لە ناوبردنی بێکاری لە هەرسێ وولات ، لە پێناو بەرەو باشبردنی باری بژێوی هەژار و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری .

٣- هەوڵدان لە پێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێوان کۆمەڵگای ئەو سێ وولاتەدا .

٤- هاوکاریکردنی یەکتری لەبواری تەندروستی و بەربەرەکانی ئەو نەخۆشیە کووشندانەی کە تووشی مرۆڤ دەبن ، بە تایبەتی یارمەتیەکانی کووبا بۆ پۆلیفیا ... هەروا بە دامەزراندنی یەکەی ئابووری و رامیاری لە ئەمەریکای لاتینی بەبێ ئەوەی یارمەتیەکانی ئەمەریکای تیا بێت لە ناوچەو هەرێمەکاندا.

٢٠٠٦/٥/١ نووسینگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ، لە ڕاگەیاندنێکی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر هێرشە هاوبەش و هەماهەنگی نێوان ڕژێمی تورکیاو ڕژێمی ئێران بۆسەر باشووری کوردستان ، لە ناوچەی قەلادزێ و پشدەرو لۆلانەو حاجی ئۆمەران بلاوکردەوە ، کە لە ئاکامی ئەو هێرشە زیاتر لە ١٥ گوندی ناوچەکە بۆردمان کراو لە ئەنجامدا چەند هاوولاتی و گەریلاکان گیانیان لە دەست دا لە گەڵ کوژرانی زیاتر لە ١٥ پاسداری ئێران لە باشووری ئێراق .

٢٠٠٦/٥/١ پەرلـــەمانی نیپـــاڵ ڕەزامەنـدی لـە سـەر پێك هێنـــانی لیژنـــەی نووســـــینەوەی ڕەشنووسـی دەسـتووری لـە وڵاتەكەیـدا كـرد ... ئــــەویش لــــەدوای وەرگـرتنی هەڵوێـستی شانـشینی نیپـال بـە دەسـت لـە كاركێـشانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر دەسەڵاتی حكوومەت بە دامەزراندنی سەرەك وەزیرانـی نوێ لە وڵاتەكەیدا ، لە هەمان كات ئەو دەستووره داهاتووی دەسـەڵاتی شانـشین دیـار دەكـات ... ئـەم هەڵوێـستەش لـەدوای لێـك ترازانـی بـاری كۆمـەڵگاو ئـابووری و ڕامیاریـدا هـات بـەهۆی بـەردەوامی كێـشەو شـەڕو ناكۆكی لە نێوان حكوومەت و چەكدارە ماوەیەكان لە وڵاتەكەدا .

دوای ئەم هەڵوێستەی شانشین چەكدارە ماوەیەكان لە ڕاگەیاندنێك ڕوونیان كردەوە بە ڕاگرتنی شەڕو كاری چەكداری بۆ ماوەی سـێ مـانگ ، ئەویش بە پێخۆشحال بوونی بە هەڵوێستی شانشین ... هەروا سـەركردەی ماویـەكان — بـابورام باتـاری — هەڵوێـستی خـۆی ئاشـكرا كـرد . بە بەشداری كردنـی لـە لیژنەی دەستووری و هەڵبژاردن كە لە وڵاتەكە ئەنجام بدرێت .

چەكدارە ماوەیەكان چەندین ناوچەی فراوانیان لەو وڵاتەدا لەبەر دەستدایە ... لەگەل ئەوەشدا یەك لە داواكاریەكانی چەكدارە ماوەیەكان نەمانی ڕژێمی شانشینیە لـە وڵاتەكە بـە دامەزرانـدنی ڕژێمێكـی كۆمـاری كـە دادپـەروەری لەنێوو كۆمەڵگا مسۆگەر بێت لە وڵاتەكەدا .

٢٠٠٦ ٥ ٢ پەیمانگای لێكۆلینەوەی ئەتۆمی ، كە دەكەوێتە باكووری ڕۆژئاوای شاری مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیای یەكگرتوو ئاگری گرتوو لە ئاكام پەیمانگاكە زیانێكی گەوورەی بە بەڵگەنامەو نووسراوو دانراوی هەمە جۆر ، لـە هـەموو بوارەكانی ئەتۆمی لێكەوتەوە لە وڵاتەكەدا .

٢٠٠٦/٥ ٤ لــە دوا هەڵبژاردنــەكانی ئیــسرائیل و ســەركەوتنی پــارتی كادیمــا بــە ســـەركردایەتی ئـولمرت و دامەزرانـدنی حكوومــەتی ئیـسرائیل . سـەرەك

وەزیرانی نوێی ئیسرائیل ئولمرت سوێندی یاسایی خواردو بە شێوەیەکی ڕەسمی دەسەڵاتی وڵاتەکەی گرتە دەست لە دوای تەواو بوونی کاتی یاسایی ، لە دەسەڵاتی کاتی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل .

٢٠٠٦/٥/٥ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر دەست لە کارکێشانەوەی هەرسێ وەزیری ناوەخۆو بەرگریو دەرەوەی حکوومەتەکەی پەسەندکردو ، خاتوو مارگرێت بیکێت ، بە وەزیری دەرەوە دانرا لە جێگەی وەزیری دەرەوەی لادراو ، جاك سترۆ، ئەمەش بە هۆی سەرنەکەوتنی پارتی کرێکاران بە سەرکردایەتی تۆنی بلێر لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیو بە دەست نەهێنانی دەنگی پێویستی دەنگدەران لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/٥/٥ لە دوای گفتووگۆیەکی درێژخایەن لە نێوان حکوومەتی سوودانوگەورەترین گروپی هەرێمی دارفور ، لە و تووێژکردن بە سەرکردایەتی منی مناویو لایەنی جوولانەوەی ڕزگاری سوودان لە دارفور ئەنجامدرا ، بە مۆرکردنی ڕێکەوتن لە سەر پڕۆژەی یەکیەتی ئەفریکیا ، بە بژیوانی ئەمەریکاو ، فەرەنساو ، بەریتانیا و ، نەتەوەیەکگرتوەکان .

ئەویش بە گۆڕانکاری لە چەندین خاڵی ڕێکەوتنەکە ولە سەر هەمان پڕۆژە بە بەجێهێشتنی دەرگای ڕەزامەندی لە سەر بوون لەلایەن گروپە بەرهەڵست کارەکانی دیکەی هەرێمی دارفور.

ئەویش بە هەڵووەشاندنەوەی چەکدارانی جەنجەویدو دابەش کردنی دەسەڵاتو سامان ، بە هاوبەشی حکوومەتو بەرەی میللی سوودان لە باشووردا .

٢٠٠٦/٥/٥ کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرە لە دوبەی کاسێتێکی لە وتەکانی تیرۆریست زەرقاوی بڵاوکردەوەو لە ناوەڕۆکی کاسێتەکەدا هاتووە دەڵێ:- لە ماوەی سێ مانگی داهاتوو ئیماراتی ئیسلامی لە ئێراق دادەمەزرێنێو لە هەمان کاتدا کۆپی ئەو سیدیە بە دەستی

هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکا کـەوتووە لـە ناوچـەی یوسـفیەی باشـووری شاری بەغدا .

٢٠٠٦/٥/٦ لیژنەیەکی هاوبەش کە لە ئەندامانی یەکیەتی ئەورووپا و، نوێنـەرێکی ڕژێمی تورکیا پێکهاتبوو ، سەردانی شاری دیاربکری باکووری کوردستانیان کرد ، بۆ ئـەوەی لـە ڕەوتـی بەڕێوەچوونی پرۆژەکـان بـە دەسـتەبەر کردنـی مافـە کۆمەڵایەتەکانی کوردی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی تورکیا بکۆڵێتەوە.

سەرۆکی کۆمیۆسیۆنی ئەنجوومەنی هاوبەشی یەکیـەتی ئـەورووپا . جاسـت لاجەندیکی و نوێنەری ڕژێمی تورکیا چەند کۆبوونـەوەیان ئەنجامـدا لـە گـەڵ سەرۆکی شارەوانی پارێزگای دیاربکر عوسمان بایدەمیرو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لـە شارەکە دا ، لـە بـارەی مێـژوو بـاری ڕەسـەنی خـەڵکی ڕەسـەنی ئـەم پارێزگایەو هەرێمەکە لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٦/٥/٦ بـــەهۆی تووانـــاو بـــوونی پێداویـستیەکان لـەم وڵاتـەدا ... بەرازیل چووە ڕیزی یانەی وڵاتـانی تووانـادار لـە پـۆلین کردنی یۆرانیـۆم لــە پێنــاو بەرهــەم هێنــانی ووزە ... کــە حکوومــەتی بــەرازیل لــەکاتی گفتووگــۆی لەگــەڵ ڕێکخراوی نێوو دەووڵەتی بۆ ووزەی گەردیلە ...بە کردنـەوەی مەڵبەنـدی ـ ریــسیندا ـ لــە وڵاتەکەیــدا لــە پێنــاو جــێ بــەجێکردنی پرۆگرامــی پێشکەوتنی ووزە لە بەرازیل .

ئەم هەنگاوەی حکوومـەتی بەرازیل بووە جێگە نارەزایی لەلایـەن وڵاتـانی ئەمـەریکای باشـوور ... هـەر لـەو کاتەشـدا پۆلیفیـا لـە حەفتـەی ڕابـردوو بریاریدا بە خۆماڵی کردنی دام و دەزگا و کۆمپانیـە نـەوتیی و گازیـەکان لـە وڵاتەکەیدا ... کە بەرازیل گەورەیی کریاری گازە لە پۆلیفیا ... کە ئەمـەش یارمەتی دەرە لە پێناو بەهێزکردنی بەرهـەمی ئەتۆمی و سەرەتایەکە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی لە وڵاتەکەدا .

ئەمـەش لـە دوای ڕێکـەووتنی نێوان حکوومـەتی برازیل و ئاژانسی ووزەی

ئەتۆمی – گەردیلەیی – سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هات لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٥/٧ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردگان – لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنی و بەرامبەر بە جەماوەری گەلی کورد لە پارێزگای دیاربکرو جیا لە وتەکانی ڕابردووی ، ئەویش



بە بەڵێنی هەڵگرتنی جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلانی تورکیا لە بواری ئاوەدانکردنەوەو باری ئابووری‌و هەروا گووتی:–

هەموومان بە یەکەوە بەسترابنەوەو کێشەی ئێوە کێشەی ئێمەیە ، گەر ئێوە زەرەر بکەن ئێمەش زەرەر دەکەین – تۆبەی گورگ مەرگە هەرچەند نەترس بێت – ..؟؟...!.

٢٠٠٦/٥ ٧ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان کۆبوونەوەی نا ئاسایی خۆی گرێدا ، بە پەسەندکردنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ، بە سەرکردایەتی نێچیرڤان بارزانی‌وجێگرەکەی عومەر فەتاح‌و ٤٠ لە وەزیرەکان ، لە پێکهاتەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەماکانی ڕێککەوتن لە نێوان پارت‌و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بە تایبەتی لە سەر بەرژەوەندیە تایبەتی‌و گشتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان.

لە کۆبونەوەی کابینەی پێنجەم سووێندی یاساییان خوارد بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و بە ئامادە بوونی بالوێزی ئەمەریکا زەلمای خەلیلزاد لە ئێراق‌و ، سەرۆك پەرلەمانی ئێراق مەحمود مەشهەدانی و ، جێگری سەرەك کۆماری ئێراق عادل عەبدولمەهدی‌و ، نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران‌و ، ڕووسیاو، چینی مللی‌و ، بەریتانیاو، چەندین کەسایەتی دیکەی کوردی و ئێراقی‌و وولاتانی دیکە لە جیهاندا .

دوای ئەوە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرامی داهاتووی حکوومەتەکەی خوێندەوە ، کە هەموو لایەنێکی لە بوارە جیاجیاکانی لە

خۆگرتبـوو ، دوای ئـەوانیش جێگـری سـەرەك كۆمـاری ئێـراق و ، بـالوێزی ئەمـەریكاو ، سـەرۆكی هـەرێمی كوردسـتان ، هـەر یەكـە لەوانـە وتـارێكی پیرۆزبایی و ڕێنمایی لە داهاتووی هەرێمی كوردستان و ئێراق خوێندەوە .
لـە پێنـاو بـەرەو پێشبردنی بـاری كوردسـتان لـە هـەموو بـوارە جیاجیاكـانی نەتـەوەیی و نیـشتمانی و ڕامیـاری و ئـابووری و كۆمەڵایـەتی ڕۆشـنبیری و ئاوەدانكردنـەوەو بـژێوی ژیـان و چـەندین لایـەنی دیكـە لەچارەسـەركردن و بەرەو پێشبردن .
بـۆ مێـژوو...چـینی ملـی ملیارێـك و ٣٥٠ ملیـۆن كەسـە حكوومەتەكـەی پێكهـاتووە لـە٣٠ وەزیـر... بـەڵام حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان لـە سـێ پارێزگـادا ، كـە هەمووشـی لـە بـەر دەسـتانییە ٤٢ وەزیـر بـە سـەرۆك و، جێگرەكەی..؟؟..!. لە باشووری كوردستان .

٢٠٠٦/٥/٧ جێگری سەرۆكی ئەمەریكا دیك چینی لە گەشتێكی بۆ وولاتانی ئۆكرانیاو ، لیتوانیاو ، كازاخستان ، لە ڕاگەیاندنەكاندا داوای لـە حكوومـەتی ڕووسیای یـەكگرتوو كـرد ، كـە هـەنگاو بنـێ بـەرەو ڕژێمـی دیموكراتی وماوە بە وولاتـانی دراوسێی بدات ، بە لە پێناو چوونە ڕێزی پەیمانی ناتۆ.
شـایانی باسـە ئیـدارەی ئەمـەریكا بەردەوامـە لـە جێبـەجێكردنی خواسـتە هەمەلایەنـەكانی ، بـە تایبـەتی لـە بـواری ئـابووری و دەسـەڵات لـە وولاتـانی یەكیـەتی سـۆڤیەتی پێـشوو بـە لێكترازانـدنی زیـاتر ، لـە هـەمان كـات بـە هەڵووەشـاندنەوەی ڕووسـیای یـەكگرتوو ، كـە یەكـەم وولاتـە لـە بـواری چـەكی ئەتۆمی ورۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و بە ڕاگرتنی هاوكێشەوهاوسەنگەكان بە پێی بارودۆخی نێوودەوڵەتیدا .
لە هەمان كات پەیوەندی لـە گـەڵ چینی ملی و، سـەرهەڵدانی شـەڕی سارد لـە بـارێكی دیكـەو لـە گـەڵ وولاتـانی دژ بـە ئەمـەریكا ، وەك ئێـران و وولاتـانی ئەمـەریكای لاتینـی ، بە هـۆی سـەركەوتنی لایەنـە چـەپرەوەكان و بـەرەو گەشـە كـردن ، بـە تایبـەتی لـە دوای كـارە سـیخوورییەكەی فەرمانبـەرانی بـالوێزی بەریتانیا لە مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیادا .
٢٠٠٦/٥ ٨ لـە دوای شكـستهێنانی هەوڵـەكانی حكوومـەتی ئیتاڵیـای هەڵبـژێردراو ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕێككەوتن لە سەر ڕاوبۆچوونەكانیان لە بارەی پالێوراوی سەرۆكایەتی پەرلەمانی ئیتاڵیاو نوێنەرانی هەرێمەكان ، پرۆسەی دەنگدان

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئیتاڵیا ئەنجامدا .
کە زیاتر لە ١٠٠٠ ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری هەرێمەکان بەشداریان لە دەنگدانی هەڵبژردنی سەرۆکی نوێ حکوومەتی ئیتاڵیا کردو لە جێی سەرۆکی ئێستا - کارلۆ نازیلۆ جامبی- کە کۆتایی بە ماوەی وویلایەتەکەی هاتووە .
ئەم هەڵبژاردنەش گرنگی زۆری دەبێت کە ناتوانێ پێش سەرۆکی نوێ حکوومەت پێك بهێنێ .

٢٠٠٦/٥/٨ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا - فلیپ دۆست پلازی- ئاکامی کۆبوونەوەی هەر پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیای ڕاگەیاند .
کە نەیانتوانیە بەرامبەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لە سەر ستراتیژێکی هاوبەش لە دژی ئەم وولاتە ڕێککەوتن ، کە ئەم کۆبوونەوە لە سەر ئاستی وەزیرەکانی دەرەوەی وولاتەکان بووە لە گەڵ ڕێکخەری کاروباری دەرەوەی وولاتانی یەکیەتی ئەورووپا -خافێر سولانە - بەشداری تێداکردووە لە شاری نیویۆرك کۆبوونەوەکان بەڕێوەچوون .

٢٠٠٦ ٥ ٨ بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، پێشانگای جیهان بۆ کتێب لە هەولێری پایتەخت کرایەوە ، کە وولاتانی عەرەبی و جیهان لەو بوارەدا بەشداریان تێداکرد ، کە ڕۆڵێ بەرچاوی بۆ داهاتووی کوردستان دەبێت .

٢٠٠٦/٥,٨ سەرەك کۆماری ئیسلامی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نژاد نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش کردووە لە بارەی باری پەیوەندی دەسەڵاتی نێوان ڕژێمی ئێران و ئیدارەی ئەمەریکا لە داهاتوو ، بە پێی خواستەکانی هەردوو دەسەڵات لە ناوچەو هەرێم و جیهان ، بە تایبەتی لە بواری چەکی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم .

٢٠٠٦ ٥/١١ دوای سەرکەووتنی خاتوو - میشیل باشیلیت - لە هەڵبژاردنەکانی تشیلی سووێندی یاسایی لە ئاهەنگێکی گەوورە خوارد بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی تشیلی ... کە زۆربەی سەرۆك و سەرەك وەزیران و نووێنەری وولاتانی جیهان بەشداریان لەو ئاهەنگەدا کرد.

جێگــەی ئامــاژە پێکردنــە کــە هاوکاری چەپڕەوی ناوەند ماوەی ١٦ ســاڵە دەســەڵاتداریەتی ئــەم وولاتــە دەکــات ... لــەو کاتــەی تــشیلی بووژانــەوەی ئــابووری بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و لـە هــەمان کــات هەوڵــە یەکەمــەکانی خــاتوو باشیلیت چارەسەرکردنی کێـشەکانە لــە گــەڵ وولاتــانی دراوســـێی بەشـــێوەیەکی بنبرکـردن. باشـیلیت تەمـەن ٥٤ سـاڵ و بروانامـەی دکتۆریـای هەیـە و ئـەم خاتوونـەش چـەندین جـار ڕەوانـەی بەندیخانـە کـراوە لەلایـەن سـەربازە دەسەڵاتدارەکان لە وولاتەکەدا ، لەکاتی سووێند خواردنی و لە ووتەیەکیدا خاتوو سیلیت بەڵێنیدا بە دامەزراندنی دام و دەزگای نوێی کۆمەڵگاکە . لە پێناو جێ بەجێکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتی و گیانی لێك بوون وگرنگی دان بە ئافرەت و چارەسەری کێشە هەمە لایەنەکانیان و هەروا دروستکردنی پردێك لەنێوو دەووڵەمەند و هەژاردا .

بەڵام لە هەمان کات گووتی :- گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبواری ئابووری ناکرێت بەهۆی باری باشی ئابووری تشیلی لەنێوو وولاتـانی ئەمەریکای لاتینی ... کـە ئەمـەریکا چـاوەڕوان بـوو لایـەنگرانی لـە هەڵبژاردنـەکان سـەرکەوتن بەدەسـت بێـنن و حەدیقەکـەی دواوەیـان بـە باشـی خزمـەت بکـەن لـە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٦/٥/١٤ لـە دوای هـەوڵێکی چڕ لـە توێژینـەوەو پـشکنین وگەڕان لـە چاوگـەی نـەوت توانرا یەکـەم بیری نـەوت لـە پارێزگـای هـەولێر لـە ناوچـەی قـەزای کۆیـە لـە دەووروبـەری گونـدی شیواشـۆك دەسـت بـە هەلکەنانـدنی بکرێـت ، لـە ژێردەسەلاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە بۆ بە هێزکـردن و گەشـەپێدانی ژێرخـانی ئـابووری و بـژێوی ژیـانی گـەلی کـورد لـە کوردستاندا .

٢٠٠٦/٥/١٥ لە دوای گۆڕین لە ڕامیاریەتی و هەڵوێستی حکوومـەتی لیبیا بە سـەرکردایەتی

موعەمەر قەزاف بە ڕاگرتنی چەکە ئەتۆمیەکانو بەردەوام بوونی گفتووگۆی نێوان ئیدارەی ئەمەریکاو حکوومەتی لیبیا ، لە ئاکام گەیشتنە ڕێکەوتن ، بە کردنەوەی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە لیبیاو بە پێچەوانەو ، سڕینەوەی رژێمی لیبیا لە لیستی وولاتانی لایەنگیرو یارمەتی دەری تیرۆرو رێکخراو گروپە تیرۆستەکان لە شاری تەرابلس لە لیبیا.

٢٠٠٦/٥/١٥ سەرەك وەزیرانی ڕاسپێردراوی ئیتاڵیا ڕۆمانۆ برودی ، بۆ دامەزراندنی حکوومەتی نوێی ناوەندی چەپی ئیتاڵیا لە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانو پێکهاتەی کابینەی حکوومەتەکەی ڕاگەیاند بە پێشکەشکردنی بە سەرۆك جۆرجیۆن بۆلیتانوی ، ئەویش ڕەزامەندی خۆی لە سەرحکوومەتەکەی کردو لە ٥/١٧ کابینەی حکوومەتەکەی سووێندی یاسایی خوارد ، بە سەرۆکایەتی ڕۆمانۆ برۆدی ، لە دوای دانوساندنو گفتووگۆیەکی درێژخایەن ، لە گەڵ هاوپەیمانەکان لەلایەنە ناوەندەکانی چەپ لە سەر پۆستە وەزاریەکان .

شایانی باسە لایەنە چەپڕەو مارکسیەکان لە وولاتانی ئەمەریکای لاتینیو ئیتاڵیا ئێستا دەسەلات دارنو بەرەو پەرەسەندنو پێشکەوتنو گەشەکردن هەنگاودەنێن ، بەهۆی کاردانەوەی رامیاری جیهانگەری تەواو لە سەر جیهان ، لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان ، لە بلاوبوونەوەی برسیەتی لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانوکارو داگیرکردنی وولاتو سامانو بەروبوومی گەلان لە جیهان ، بە تایبەتی لەجیهانی سێیەمدا .

٢٠٠٦/٥/١٨ لە ئەنجامی کێشەی نێوان بیری عەلمانیەتو بیری ئاینی لە ناو ڕژێمو گەلانی تورکیای عەسکەرتاری ، خۆپیشاندانێکی گەورە زیاتر لە ١٠ هەزار تورك لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا ئەنجامدرا

دژی هەڵوویستی حکوومەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ڕەجەب تەیب ئۆردکان ، کە سەرکردایەتی پارتی دادو گەشەپێدان دەکات لە تورکیادا . لە هەمان کات ، ئەم خۆپیشاندانەش بەپاڵپشتی سەرکردایەتی هێزی سووپا بوو ، لە پێناو پتەوکردنی ڕژێمی عەلمانیەتو بەلاوەنانانی ئۆردگان لە

دەسەڵات و دەرکردنی لە وڵات بەرەو ئێران و سەرپۆشەکانیش بەرەو شانشینی سعوودیە ، کە ئەم دوودروشمە دروشمی خۆپیشاندەران بوو. کێشەی نێوان ئەودوو بیرووبۆچوونە بە شێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوە لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بە تایبەتی لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی دەسەڵات و بەتایبەتی لە پەرلەمانی تورکیاو دادگای باڵای تورکیا،... ئەویش لە ئەنجامی کوشتنی چەند دادوەرو ئەندام پەرلەمان و پارێزەر بوو لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا .

٢٠٠٦/٥/١٩ وولاتانی کەنداو بە تایبەتی شانشینی سعوودیەو ، کوێت و ، ئیماراتی‌عەرەبی ، داوای هاوبەشیان ئاراستەی ئیدارەی ئەمەریکا بە سەرکردایەتی جۆرج بۆش کرد ، لە پێناو بەچەك کردنی هێزەکانی سووپای ئەم وولاتانە ، بە هۆی بەهێزی سووپای ئێران و بوونی چەکی نوێی سەردەمی و بەرەو بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و دەست تێوەردانی لەکاروباری ناوچەکەدا . بە تایبەتی لە ئێراق و ، لوبنان و هاوکاری تەواوی نێوان ڕژێمی سووریا وئێران . کە بۆتە مەترسی دوا ڕۆژیان لە دەسەڵات و جیاوازی مەزهەبی ئاینی و نەتەوەیی و چەند لایەنی دیکە... کە هەمان شانۆگەریەکەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بەرەو ئێران هەنگاو دەنیٚ لە داهاتوودا.

٢٠٠٦ ٥ ٢٠ لە هاوینە هەواری شاری شەرمەشێخی وولاتی میسر مونتەدای ئابووری جیهان بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٥٠٠ لە زاناو پسپۆڕو ڕووناکبیرو مامۆستای ئەکادیمی و ڕۆشنبیر

لە بواری ئابووری و چەندین لایەنی دیکە ، بە سەرپەرشتی سەرەك کۆماری میسر حوسنی موبارەك بەڕێوەچوو ،. لەو مونتەدا ئابووریە نێوو دەووڵەتیە جیهانیە ، هەردوو حکوومەتی ئیسرائیل و ئەمەریکا بەشداریان تێداکرد ... لە پێناو بەرەو چاکسازی‌ودیموکراتی و ئاوەدان کردنەوەو ئابووری و پرۆژەی هەمە لایەن لە بوارە جیاجیاکان و ، مونتەداکەش لە لایەن سەرۆکی میسر محەمەدحوسنی موبارەك بە وتارێك کرایەوە .

٢٠٠٦/٥/٢٠ لە دوای کۆڕو کۆبوونەوەو پەیوەندی و گفتووگۆی چڕو درێژخایەن لە ماوەی پێنج مانگدا ، کە لە ٢٠٠٥/٢/١٥ تاکو ئەمڕۆ سەرەك وەزیرانی

ڕاسپێردراو نووری مالکی توانی کابینەی یەکەمی هەمیشەیی حکومەتەکەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە ئێراق ، کە پێکهاتبوو لە ٣٨ وەزیر پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بکات ،. ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵ ڕەزامەندی لە سەر حکوومەتەکە کردو لە هەمان کات سوێندی یاساییان خوارد ، بە بەڵێندان بەجێبەجێکردنی پرۆگرامی حکوومەت لە داهاتوو ، کە لە ٣٠ خاڵ پێکهاتبوو ،. جگە لە وەزیری بەرگریو ناوەخۆ .

لە گەڵ ئەوەشدا بەرەی تەوافقو ئەلعراقیە لە هۆڵی کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانو کابینەکەی نوری مالکی کشانەوەو هۆڵەکەیان بەجێهێشت ، کە کوردیش بەڕێژەی پێویست بە شداری تێدانەکرد... بە هۆی ئەوەی کە ئەو حکوومەتە لە سەر بنەماکانی ڕێکەوتنو بەڕێکردن بوو ، نەك لە سەربنەماکانی هەڵبژاردنو پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق .

٢٠٠٦/٥/٢٠ بەرپابوونی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای ئەفگانستان بە پاڵپشتی هێزەکانی سووپای ئەمەریکاو هاوپەیمانانو هێزەچەکدارەکانی سەرۆکی پێشووی

ئیسلامی لە ئەفگانستان مەحەمەد مەلا عومەر لە باشووری ئەفگانستان لە ناوچەی هەلمەد ؛ کە ناوچەیەکی سەرەکی بنکەکانی تاڵیبانە لەدژی حکوومەتو بەردەوام بوونی شەڕی بەرەیی بە دووبارە بوونەوەی مێژوو ،. گەر بەر لە ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان دژی سۆڤیەتویاوەرەکانی بوو بە پاڵپشتی ئەمەریکا ، ئەمڕۆش دژی ئەمەریکاو هاوپەیمانیەتی لە جەنگکردنو کاردانەوەی کاریگەری هەیە لە سەر ناوچەو هەرێمو جیهان ... ئەمەیە کە دەڵێن – ئەوانەی بیر بۆ کەسانی دیکە لێبدەن بەخۆیان دەکەونە ناوی– .

٢٠٠٦/٥/٢١ دوای ڕەتکردنەوەی پلانی یەکگرتنەوەی هەردوو دوورگەی قووبرسی یۆنانیو تورکی ، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی/ ٢٠٠١/٤ پێشنیاری کردبوو، نزیکەی ٥٠٠ هەزار قووبرسی یۆنانی لە یەکەم هەڵبژاردنی

پەرلەمانیـدا ڕوویـان لـە سـندوقەکانی دەنگـدان کـرد ، بـۆ هەڵبـژاردنی پەرلەمانی نوێی وولاتەکەیان ڕاپرسیەکیش کە لە ڕۆژی ٥/١٤ لەم بارەیەوە ئەنجام درابوو ئاماژە دەکات کە پارتی - تاسوس بابا دویدلوس دیکۆ - کە سـەرۆکایەتی هەڵمـەتی ڕەتکردنـەوەی پلانـی یەکگرتنـەوەی دوورگەکـەی دەکرد ، کە ژمارەی نوێنەرانی لە ٩ نوێنەر بۆ ١٢ نوێنـەر زیـادی کردووە لـە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٥/٢١ میری کوێت فەرمانێکی بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلـەمانی کوێتی مۆرکرد ، چـونکە مـیری کوێـت دەسـەڵاتی هەڵوەشـاندنەوەو بانگـەوازکردنی هەڵبژاردنـەکانی پێـشوەختی پەرلـەمانی هەیـە لـە وولاتەکـەدا ، ئـەم تەنگەژەیـەش لـە ئاکـامی بەرچاوخـستنی پـڕۆژەی نـوێی هەڵبـژاردن سـەری هەڵدا ، کە لە لایەن بەرهەڵستکارانەوە ڕەتکرایەوە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٥/٢٣ سـەرۆکی لێژنـەی ڕاپرسـی تایبـەت بـە مـۆنتینیگرۆ - فرانتیـــــسیک لبتیـــا - بەشـــێوەیەکی ڕەسمـــی ئەنجامـەکانی ڕاپرسـیەکەی ڕاگەیانـــد کـــە نزیکـــەی ٥٦٪ی دانیـــــشتووانی هەرێمەکــە دەنگیــان بــۆ



سـەربەخۆیی وجیابوونەوەی هەرێمەکە یانـدا لـە سـڕبیا... لـە هـەمان کـات بەرپرسـی کاروبـاری دەرەوەو پەیوەندیـەکانی یەکیـەتی ئـەورووپا خـافێر سـۆلانە لێـدوانێکی سـەبارەت بـە ئـەنجامی ڕاپرسـیەکەدا بەرامبـەر بەحکوومەتی سڕبیاو ڕووسیاو گووتی:-

دەبێ هەموو لایەکمان ڕێز لە بڕیارو ئارەزوومەندانەی خەڵکی ئەم هەرێمە بگـرین... شـایانی باسـە هـەرێمی مـۆنتینیگرۆ لـە سـاڵی/ ١٩٩٩ نیمـچە سـەربەخۆیی هەیـەو خـەڵکی ئـەم هەرێمـە لـە بـارێکی ئـارامیو ئـازادیو هەنگاونانی بەرەو پێشەوەو مامەڵەنەکردن بە دراوی یۆگسلافیای پێشوو نـەدەکرد ، بـە ڵکـو بـە دۆلارو یـۆرۆ دەکـرد... کـە موسـوڵمانەکان لـە٢٠ ٪ دانیشتووانی ئەو هەرێمەو وولاتە نوێیەن ، کە ئەو هەرێمە هەرێمێك بووە لە

یۆگسلافیای یەکگرتوو... ژمارەی دانیشتوانی ٦٠٠ هەزار کەسەو لە ٤٢,٢ ٪ . خەڵکی ڕەسەنی هەرێمەکەن کە ٣٢٪ . سڕبیو ٧,٧٪ . بۆسنیو ١,٥٪ . ئەلبانیو ٤٪. خەلکی موسوڵمانو هی دیکەن لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٥/٢٤ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک کە لە بەشی ئەورووپای شاری ئەستەمبۆڵە ئاگری گرت ، کە بەگەورەترین فڕۆکەخانە لە تورکیا دادەنرێت و بووە هۆی وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان... شایانی باسە شاری ئەستەمبوڵ ژمارەی دانیشتووانی ١٢ملیۆن کەسە ، کە لەو ١٢ملیۆنە ٠٠٠ر٥٠٠ر٣ ملیۆنونیوی دانیشتووانەکە کوردن..؟؟...!.

٢٠٠٦/٥/٢٧ وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئێران سەردانی بەغدای پایتەختی ئێراقی کردو لە گەڵ بەرپرسان گفتوگۆو کۆبوونەوەی ئەنجامدا ، دوایی لە ٥/٢٨ سەردانی مەرجەعیەتی ئاینی مەزهەب شیعە عەلی سیستانی لە شاری نەجەف پیرۆز کرد ، دوای ئەو لە گەڵ چەندین بەرپرسو لایەنی دیکەی مەزهەب شیعە گفتووگۆی کرد ، کە بووە هۆی نا ئارامی لایەنی مەزهەب سوونەی ئیسلامی عەرەب ، بەهۆی دەست تێوەردانی ڕژێمی ئێران لە کاروباری ناوەخۆیی ئێراق ، بە تایبەتی دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان شیعەو سوونە لە ناوەڕاستوباشووری ئێراق کە بە قۆناخێکی نا لە بار تێدەپەڕێ .

٢٠٠٦/٥/٢٨ ڕوودانی گوومەلەرزەیەکی گەورە لە هەرێمی جاوای ئەندۆنۆسیا ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە٦٥٠٠ هەزار هاوولاتیو دەربە دەربوونی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هاوولاتیو وێران کردنی بە دەیا هەزار دۆنم لە زەویو کێڵگەو خانوو پڕۆژەی هەمەجۆر ، لە هەمان کات بەرپابوونی گڕکان لە لوتکەی شاخە بەرزەکانی هەرێمەکەو لە دوای ئەو گومەلەرزەیە زیاتر لە ٤٠٠ گومەلەرزە لە ئەندۆنوسیا لە هەرێمەکەو لە دەووروبەری ڕوویدا .

٢٠٠٦/٥/٣١ ئیدارەی ئەمەریکا بە سەرکردایەتی جۆرج بۆش ڕەزامەندی لە سەر ڕاگەیاندنی ڕژێمی ئێران بە دەست پێکردنی گفتووگۆی ڕاستەوخۆی کرد ، لە نێوان هەردوو وولاتی دژ بە یەکتری ، لە پێناو گەیشتن بەرێکەوتن لەبارەی پڕۆگرامی چەکی ئەتۆمی ئێرانو دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ئێراق ،.

هەتاچوونە ڕیز وولاتانی ترۆیکا ، کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێکدێنن ، لە گەڵ ئەڵمانیا ، گەرنا پرسو ڕا بە هاوپەیمانانی دەکات ، لە پێناو سزاخستنە سەر ئێران ، لە ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەزامەندی هەموو لایەنەپەیوەند دارەکان .
بەڵام ئێران لە زۆر هەڵوویستدا نەرمی دەنوێنیّو لە زۆر هەڵوێستیش توندی دەنوێنیّ ، لە پێناو درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی خواستە نەهێنیەکانی ، بە تایبەتی لە لایەنی خۆسەپاندنی لە سەرباشووری ئێراق ، بە رێنمایی کردنی مەزهەب شیعە بەگشتیو باری ئەتۆمی لە وولاتەکەی ، گەرچی هەوڵەکان لە باری چرپرو دژواردا دەخولێنەوەو بۆتە کێشەیەکی چەندین لایەنە لەجیهاندا .

٢٠٠٦/٥/٣١ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا کە لەشەش ئەندام پێکهاتبوو بۆ یەکەم جاری بگاتە هەرێمی باشووری کوردستانو لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکران ، لە هەمان کات لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکراو، باس لەباری ئاسایشو بەرپرسی پێشمەرگەو پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ دراوسێکان کرا لەگەڵ چەندین تەوەری گرنگدار لە بواری ئاوەدانکردنەوەو پەیوەندیو داهاتوی کورد لە کوردستانوئێراقو ناوچەوهەرێم بە تایبەتی باشووری کوردستان.

٢٠٠٦/٥/٣١ لە سەردانێکی ڕانەگەیەندراودا وەزیری دەرەوەی ڕووسیا – سێرگی لافرۆف– گەیشتە تورکیا سەبارەت بە تایبەتمەندیە رامیاریو بازرگانیو پەیوەندیە هەمەلایەنە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەو هەرێمو جیهان .
هەروا لە بارەی پرۆژەی چەکی ئەتۆمی ئێرانو باری ئێراقو، فەلەستینو ، لوبنان ، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرەك کۆماری تورکیا ئەحمەد نژدەت سیزارو ، سەرەك وەزیرانی تورکیا ، ئۆردگانو ، سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا ئەنجامدا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٦/٢, لە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی بیّ وێنە گەلی مۆنتینیگرۆ و لە پێناو دووبارە دەرچوونی لە ژێر یۆگسلافیا و دوایی جیابوونەوەی لە ناو سنووری کۆماری سربیا و بە ئاواتگەیشتنیان ، ئەویش بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆی ئەم هەرێمە بچووکە

لە بەلکان و لە ئەنجام ئاواتەکەیان گەیشتە قۆناخی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بوونی بە وولآتێکی سەربەخۆی نێوو دەوولەتی لە جیهان .

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم دان بەو کۆمارە دانرا لەلایەن وولآتانی جیهان . بە تایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیاو یەکیەتی ئەوروپاو ، هەروا بوونی بە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە – مۆنتینیگرۆ – جەبەل ئەسوەد ... لە دوای سەرکەوتنیان لە ڕاپرسیەکەی ٥/٢١ بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە سربیا بە ڕێژەی ٥٥,٥٪ ... لە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی بووتگۆریتسا ، سەرەك وەزیرانی جەبەل ئەسوەد سەربەخۆیی هەرێمەکەی لە ٢٠٠٦/٦/٣ ڕاگەیاند بە جیابوونەوەی لە سربیا وەك وولآتێکی سەربەخۆیی نێوودەوولەتی خاوەن سنوور لە جیهاندا ... ئەمەش لە دوای ٩٠ ساڵ هات بە گەڕانەوەی سەربەخۆیی هەرێمەکە ، کە لە ساڵی ١٩١٨ ئەم سەربەخۆییەی لە دەست دابوو لە ناو یەکیەتی یۆگسلافیا لە ناوچەی بەلکان .

تێبینی:- نەخشە دانەنان بەهۆی دووبارە بوونەوەیە ، لە بەر ئەوەی لە بەر ئەوەی وێنەکان لە جێگەی دیکە دانراون – تکایە .

٢٠٠٦/٦/٧ ڕژێمی تورکیا میوانداری کۆبوونەوەیەکی کرد ، کە تێیدا هاوشانی دوو کۆنە جاشی وەك ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی و ژمارەیەك پەرلەمانتاری مەزهەب سوونەی عەرەبی ئێراقیش لەوانەی ئەو پەڕی سەرسەختی دژی خواستەکانی گەلی کورد پێشاندەدەن بەشداربوون ... ئەمەش لە پێناو لەتکردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان بوو بەدروستکردنی تابورێکی نوێی شان بەشانی بەرەی تورکمان و کۆنە بەعسیەکان کار بۆ مەرامەکانی ئەو بکات ... کە تورکیاش خوازیاری دواخستنی مادده/١٤٠ بۆ دە ساڵ و شێواندن و پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کوردستان .

٢٠٠٦/٦/١١ سەرۆکی ئەنجوومەنی بالآی شۆرشی ئیسلامی لە ئێراق – عەبدولعەزیز حەکیم لە شاری نەجەف لە میانەی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ژمارەیەك کادیری ئەنجوومەنی شۆرشی بالآی ئیسلامی و هەندێك لە ڕێکخستنەکانی دیکەی شیعەو ئەندامانی ڕێکخراوی بەدرو بزووتنەوەی حزبوڵلآ لە ئێراق گووتی :- هاوسەنگی لە ئێراق دروست نابێت ئەگەر ئێراق نەکرێتە سێ

هەرێمی فیدراڵ .

٢٠٠٦/٦/١٣ رۆژنامەی خەبات ... راپۆرتێکی هەواڵگەری ئەڵمانیا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە موقتەدا سەدر لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ لوبنان لە گەڵ حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری گشتی حزبوڵڵای لوبنانی رێکەوتنیان مۆرکردووە بە پێکهێنانی سووپایەکی هاوبەش ، کە ٥,٠٠٠ هەزار چەکدار لە هەردوولا بە ناوی فەیلەقی – ئەلحوسێن – پێك بهێنن و لەکاتی تەنگەژە لە لوبنان و ئێراق بەکاربهێنن ... بەر لەوەش ٣٠٠ چەکداری هاوبەشی هەردوولا هەبووەو لە شارەکانی نەجەف کەربەلا مەشقی فێربوونیان هەیە .

٢٠٠٦/٦/١٣ رۆژنامەی خەبات ... سەرۆکی کۆمیسیۆنی هاوبەشی تورکیا لە یەکیەتی ئەورووپا – ژۆست لاکەندیکی – رایگەیاند ... کە تورکیا بەبێ ئەوەی لە پردی دیاربکر و قووبرس تێپەربێت ناتوانێ ببێتە ئەندامی یەکیەتی ئەورووپا ... بە گوێرەی ئەو هەواڵەی کە لە زاری ئەندامی یەکیەتی ئەورووپا بڵاوبۆتەوە ... لاکەندیك پێی وایە تورکیا دەبێ بەشی یۆنانی قووبرس بەرەسمی بناسێ و بە زووترین کات هەوڵ و چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بدات ، ئەگینا ناتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکیەتی ئەورووپا .

بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٠٠٦/٦/١٢ وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵڵا گوول و شاندێکی یاوەری و شاندێکی قووبرس ، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان گرێدا لە پێناو ئەو مەبەستانە و داننان بە قووبرس و هێورکردنەوەی بیرووبۆچوون و هەڵوێستەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دژ بە یەکتری لە هەرێم و ئاسانکاری کردن لە پێناو چوونە ناو یەکیەتی ئەورووپا .

٢٠٠٦/٦/١٦ هێزی سەربازی و پۆلیسیەکانی رژێمی شانشینی ئوردن هێرشیان کردۆتە سەر کەمپی روەیشدی سەر سنووری نێوان ئوردن و ئێراق ، کە کوردە ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لکێنراو بە ئێرانی شا ، ئەویش بە هۆی هەڵاتنیان لە ژێر دەستی رژێمی ئیسلامی لە ئێران ... شایانی باسە ئەمە دووەم جارە هێزە سەربازی و پۆلیسیەکانی رژێمی شانشینی ئوردن بەوکارە هەڵدەستێت .

٢٠٠٦/٦/١٨ جێگری سەرۆکی سووریا بۆ کاروباری رۆشنبیری نەجاح ئەلعەتار چاوی

بەسێ سەرکردەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا کەوت ، بۆ دووەم جار سەرکردەکانی عەبدولحەمید دەروێش سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا و نەزیر موستەفای سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا و تاهر سەفوکی سکرتێری پارتی نیشتیمانی لە سووریا .

هەروا لە ڕۆژی ٦/٢٨ هەمان ساڵ جارێکی دیکە چاوی بە هەرسێ سەرکردە کەوت ، مەبەستیش چارەسەکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ، بە تایبەت کە ڕەگەزنامەی سوورییان لێ وەرگیراوەتەوە لەگەڵ کۆتایی هێنانی بە شوێنەواری ئاماری هاودێری ساڵی ١٩٦٢ .

جێگەی باسکردنە لە ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٢٣ حکومەتی سووریا بڕیاری لێ وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی سووریا بووە ، کە لە ١٢٠ هەزار هاووڵاتی کورد لە سووریا وەرگیراوەتەوەو بڕیارەکە لە ١٩٦٢/١١/٥ جێ بەجێ کراوە .

٢٠٠٦/٦/١٨ کۆماری کازاخستان چووە ڕیزی داگیرکردنی گەردوون ... ئەویش بە ڕەوانەکردنی مانگی دەستکرد – بە ناوی مانگی کازسات – کە تایبەتە بە گەیاندن لە بنکەی – بایکوونور – لە ڕۆژئاوای وڵاتەکە ... دوای ئەم کارەی کازاخستان بە هەڵدانی ئەو مانگە دەستکردە ... سەرۆکەکانی کازخی – نور سولتان نزادیاییف – و سەرۆکی ڕووسیا – ڤلادیمێر بۆتین – هۆشداریاندا بە هەڵسان کازاخستان بەو کارە تەکنۆلۆژیایە لەو بنکەیەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران ئەو بنکەی دروستکردووە لە کۆماری کازاخستان کە کۆمارێک بوو لە کۆمارەکانی پێکهاتەی سۆڤیەتی ... هەروا سۆڤیەت لە بواری تەکنۆلۆژیا یەکەم مانگی دەستکردی بە ناوی – مانگی سبۆتنیک – ی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٥٧ بەرەو ئاسمان هاویشت بۆ ئەوەی لە چوار دەووری گۆی زەوی بسووڕێتەوە

، دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت .

ڕووسیا ئەم بنکەیەی بەکرێ گرتبوو بۆ کاری مانگی دەستکرد لەو وڵاتەدا ...دوای ئـەوەش ئـەم بنکــە لەلایــەن رابــەرانی وێــستگەی گــەردوونی نێوودەوڵـەتی بـەکاردێت ... ڕووسـیا بـە پێـی گرێبەسـت رێکـەوتن ئـەو بنکەیـەی بـەکرێ گرتـووەو بـۆ سـاڵی ٢٠٥٠ دەتـوانێ بـەکاری بێنێ بـۆ مەبەستەکانی هەڵدانی مانگی هەمەجۆری دەستکرد ... بەر لەوە بۆ کاری سەربازیــشی بــەکاردەهێنرا ... بــەڵام دوای ئــەوە بــۆ کــاری بازرگــانی بـەکاردەهێنرێ وەك ڕەوانـەکردنی دەوڵەمەنـدە گـەورەکانی جیهـان بـەرەو گەردوون بە مووشەکی دەستکرد ، لە پێناو گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە جیهاندا .

جێگەی زیاتر باسکردنە کە کازاخستان دەیـەوێ ڕۆڵـی هـەبێ لـەم بوارەدا بە هۆی توانای دارایی کە کازاخستان هاوبەشە لـە بەرهـەمی نـەوتی ژێر ئاو لـە دەریـای قـەزوین و لـە هـەمان کـاتیش بـە هاوکـاری ڕووسـیای یـەکگرتوو لـە بواری مانگە دەستکردەکان کاردەکەن .

هەروا بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای بایکۆنوور لـە ئێستادا هـی ڕووسیایە ، لـە گەڵ ئەوەشدا هاوکاری کۆماری کازاخستانیش دەکات لەم بوارەدا ، لە پێناو بــەرەو پێــشبردنی و لــە هــەمان کــاتیش هــەردوو حکوومــەتی ڕووســیا و کازاخـستان هـەوڵی دامەزرانـدنی دەزگـای دیکـەی نـوێ بـۆ موشـەکی نـوێتر دەدەن بەجێگەگرتنــەوەی – مووشــەکی برۆتــۆن – کــە ســووتەمەنیەکەی زیانبەخشە لە هەرێمەکەدا .

سەرچاوە :- BBC.arabic.c .

٢٠٠٦/٦/١٨ بۆ یەکەم جار لە جیهان ئافرەت لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کەنیسە بگرێتە دەست ... جێگەی ئاماژە پێکردنە ، کە کەنیسەی ئەسقەفیەی ئەنجلیکانی لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاتوو – کاترین گیفرتس شووری – لە رێگەی دەنگدان هەڵبژێریٚ بۆ سەرۆکایەتی کەنیسەکە ، کە خاتوو کاترین بووە یەکەم ئافرەت لە جیهانی مەسیحی بتوانیٚ سەرۆکایەتی کەنیسەی ئەنجلیکانی بگرێتە دەست ... کە ئەم کارەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و مشتومڕ و گفتووگۆکردن لە نێوان قەشەکانی کەنیسەی ئەنجلیکانی لە جیهان ... کە خاتوو کاترین ٩٥ دەنگی بەرامبەر ٩٢ دەنگی بەرهەڵستکار بەدەست بێنیٚ ، کە جیاوازیەکە دوو دەنگ بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکە . کە لە نێوان حەوت پاڵێوراو ئەم خاتوونە سەرکەوتنی بەدەست هێنا ... کە ئەمەش بۆ دووەم جارە کێشە لە کەنیسەکانی ئەنجلیکانی سەرهەڵبدات ... کە یەکەم جار لەلایەن وێنەکێش خاتوو – گین رۆبنسۆن – هات ، ئەویش داوای ئەوەی کرد کە دەبیٚ بەپێی پەرەسەندن و پێشکەوتن کارەکانی ئایینی مەسیحی ببریٚ بەڕێووە ... هەروا گووتی :–

دەبیٚ ژن خوواستن لە لایەن قەشەکان هەبیٚ نەک وەک رێنماییە کلاسیکیەکانی پێشوو بە نۆبەکردن بە نەخواستنی ژن و دروست نەکردنی هاوسەریەتی لەناو رێزەکانی بەرپرسان و ڕەهبانەکانی کەنیسە ... کە ئێستا ئەو مشتوومڕە و گفتووگۆیە لە جیهانی مەسیحی بەردەوامە و لە چەندین کەنیسەکانی جیهان ئەو بیرووبۆچوونەیان لە جیهان پەسەندکرد لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارەدا.

٢٠٠٦/٦/٢٤ ســـەرەك كۆمـــاری فلـــپین – گلۆریـان ئـاروبۆ – ڕەزامەنـدی خـۆی بـە مـۆركردنی یاسـای هەڵووەشـــــاندنەوەی لـــــە سێدارەدانی لـە وولاٌتەكـە كـرد ... ئـەویش لـەدوای ڕەزامەنـدی كـــردن بـــە زۆرینـــەی دەنـــگ لەلایـەن كۆنگرێـسی وولاٌتەكـە ... هەڵووەشـاندنەوەی یاسـای لـە سـێدارەدان بـووە هـۆی ئـەوەی كـە ١٢٠٠ بەنـدكراو كـە بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەركرابـوو لەلایـەن دادگـای بـاڵای فلـپین و بڕیـاری لـە سێدارەدان سـووككرایەوە بۆ بەنـدكردنی هـەتا مـردن ... ئـەم بڕیـارەش بە هـۆی پاڵەپەستۆی یەكیـەتی ئـەوروپا و كەنیسەو ڕێكخراوەكـانی مـاڤ مـرۆڤ لەجیهان هات ، كە زیاتر لە حەوت جار كارەكانی لە سێدارەدان لـەم وولاٌتـەدا ئەنجامدراوە .

جێگـەی باسـكردنە كـە حكوومـەتی فلـپین لـە سـاڵی ١٩٨٧ بڕیـاری لـە سێدارەدانی لە وولاٌتەكەی هەڵووەشاندەوە كە لـەو كـات – جۆزێـف ئـسترادا – سەرۆكایەتی فلیپینی لەدەستدا بوو ... بەڵام بە هۆی كاری توونـدو تیژی و تاوان لەم وولاٌتەدا كار بە یاسای لە سێدارەدان كرا لە وولاٌتەكەدا .

لە هـەمان كـات ڕۆژی ٦/٢٦ مـاری ئـەكاتیری سـەرەك وەزیرانـی تـەیمووری خۆرهەلاٌت بەڕەسمی دەست لەكاركێشانەوەی لـە پۆستەكەی ڕاگەیانـدو ئـەو بڕیارەش بووە هۆی ئاهەنگ گێران لەلایەن هەزارا هـاوولاٌتی وولاٌتەكە ، كە بەر لـەوە داوای دەست كێشانەوەی سـەرەك وەزیرانیـان كردبـوو ... چـونكە شـەڕو پێكـدادانی نێـوان ڕیزەكـانی هێـزە چـەكدارەكان كـە ژیانیـان بـەرەو نەهامەتیەكی دیكە دەبرد لە وولاٌتەكەدا .

٢٠٠٦/٦/٢٥ لە دوای لە سەر كارلابردنی سەربازیەكان لە دەسەلاٌت لـە مـانگی ٢٠٠٦/٨/ لە یەكەم هەنگاودا مۆریتانیەكان ڕوویان لـە سندوقەكانی دەنگدان كـرد ، لـە سـەر گۆڕانكـاری لـە دەسـتووری وولاٌتەكـەیان لـە پرۆسـەیەكی ڕاپرسـی

ئازادانەی گەرم ، کە ئامانجی ئەم ڕاپرسیەش زەمینە سازی تەواوە لە بەردەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە ، کە بڕیارە لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجام بدرێت ... ئەم گۆرانکاریەش ماوەی سەرۆکایەتی لە شەش بۆ پێنج ساڵ و داوا دەکات کە تەمەنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی دیاری بکرێت ، کە تەمەنی ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ٧٠ ساڵیش زیاتر نەبێت .

٢٠٠٦/٦/٢٥ سەرەك وەزیرانی ئێراق – نوری مالکی – لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق دەستپێشخەری دیالۆگ و ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی ڕاگەیاند ، کە لە ٢٤ خاڵ پێك هاتبوو لەوانە ڕاگەیاندنی لێبوردن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تاوانی جەنگ و تاوانی تیرۆرستیان ئەنجام نەداوە ، لە هەمان کات چاوخشاندنەوە بە دەستەی ریشەکێش کردنی بەعس و هەڵووەشاندنەوەی و چەندین خاڵی دیکەی ئاسایش و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گفتووگۆو باری ژیان لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٦/٦/٢٧ بەهۆی ڕامیاریەتی نا لە باری هەڵوێستی حکوومەتی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی ، بە کوشتنی دوو سەربازی ئیسرائیل و بەدیل گرتنی سەربازێکی ئیسرائیلی . کە بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی سووپای ئیسرائیل گەمارۆی کەرتی غەزەو دەووروبەری بدات بە ڕووخاندنی پردوو وێستگەی کارەبا و ، دوای ئەوە لە ٦/٢٨ دەستگیرکردنی ١١ وەزیرو ٢١ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی فەلەستینی بە بەردەوامی گەمارۆو ئەنجامدانی کاری سەربازی دژی حکوومەتی حەماس ، لە هەمان کات چوار فرۆکەی سەربازی بە سەر ئاسمانی سنووری سووریا تێپەڕین بەسەر کۆشکی بەشار ئەسەد ، بەڵام بێ ئەوەی هیچ کارێکی سەربازی ئەنجام بدات .

٢٠٠٦/٦/٢٧ لە دوای بەدەست نەهێنانی هەرسێ سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنام لە هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی پارتەکەدا ، کە سەرەك کۆمارو سەرەك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی ڤێتنام دەستیان

لە پۆستەکانیان کێشاوە بۆ ماوەدان بە گەنجان ، ئەویش بە هەڵبژاردنی – نگویان مینەتریت – سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنامی بە سەرۆك کۆماری ڤێتنام بە ڕێژەی ٩٤٪ لەکۆی دەنگەکان.
هەروا – نگویان تان دۆنگ – بەسەرەك وەزیران هەڵبژێردرا ... لەشاری – هۆتشی مبنەی – پایتەختی ڤێتنام ... کە پارتی کۆمۆنیست خاوەنی دەسەڵاتە لە ڤێتنام و یەك پارتە کە دەسەڵاتداریەتی ڤێتنام دەکات لەدوای سەرکەوتنیان لەشەڕی ڤێتنامی ئەمەریکی لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٦/٦/٢٩ دادگای فیدراڵی باڵای ئەمەریکا لە بڕیاریکی دا دژی بڕیاری سەرەك کۆماری ئەمەریکا جۆرج بۆش وەستا بە دادگایکردنی بەندکراوەکانی بەندیخانەی گوانتانامۆی کووبا کە پێویستە دادگای فیدراڵ ئاسایی دادگایی ئەنجام بدات نەك دادگای سەربازی ، بە هۆی هەڵسانیان بەکاری تیرۆرستی دژ بە ئەمەریکا و وولاتانی دیکە نەك تیرۆری سەربازی .

٢٠٠٦/٦/٢٩ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێی ئومەی کوێتی دەستی پێکرد ، لە پێناو هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنێکی نوێ ، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ئەم وولاتە ئافرەت بتوانێ خۆ

بپاڵێورێ و دەنگ بدات لە پێناو بوونی بە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێی

ئومەی کویتی ، کە ئەمەش هەنگاوێکی زانستیانە و دیموکراتیانە لەو وولاتەو گەل بەرەو سەقامگیری و چەسپاندنی رای خۆی بگەیەنێتە ناو دەزگای یاسادانی ئەم وولاتە .

٢٠٠٦/٦/٣٠ رابەری رێکخراوی قاعیدەی تیرۆرست – ئوسامە بن لادن – لە لێدوانێك بۆ رێکخراو و گروپە چەکدارەکانی ئیسلامی لە ئێراق و ئەفگانستان و سۆماڵ ، بە لێدانیی حکوومەتەکانیان بە هەموو شێوەیەك ، بە تایبەت هێزەکانی سووپای ئەمەریکا و هاوپەیمانان .
بەلام بۆ رۆژی دوای ٢٠٠٦/٧/١ تیرۆرستان بە خۆتەقاندنەوەو مینرێژکردنی سەیارە لە گەرەکی سەدر بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٦٠ هاوولاتی و زامداربوونی زیاتر لە ١٠٠ هاوولاتی لە شارەکەدا .

٢٠٠٦/٦/٣٠ دەست پێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی دیموکراسی لە دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەلاتی تاك رەوی لە کۆنگۆ کینشاسا ... هەروا خوولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش لە ٢٠٠٦/١١/١١ ئەنجامدراو ئەنجامەکەی بە سەرکەوتنی لۆرانکابیلا بە رێژەی ٦٠٪ لە کۆی دەنگدەران لە وولاتەکەدا ... لە هەمان کات شەرووپێکدادان لە گووندو شارۆچکەو شارەکان ، بە تایبەتی لە شاری کینشاسای پایتەختی کۆنگۆ بەردەوام بوو لەنێوان حکوومەت بەسەرکردایەتی کابیلاو بەرهەڵستکارانی لە وولاتەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم وولاتە ناوزەندە بە شەڕی ناوخۆیی ، کە لە ئاکامی ئەو شەرە یەك لەدوای یەکانە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسی لەم وولاتەدا لەنێوان لایەن و گروپە دژ بە

یەکترەکان بە تایبەتی دژی دەسەڵاتداریەتی – مۆبۆتۆ – ئەمەش لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان

ئەفەریکیاو جەنگی ناوچەی دەریاچە گەورەکان کە حەوت وولات بەشداری تێداکرد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ – ٢٠٠٢ . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە وولاتی کۆنگۆ بەرەو کەوتن بۆ دۆزەخ هەنگاوینا لە کێشووەرەکەدا .

دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ . ئەمەریکا و ، بەریتانیا و ، فەرەنسا و ، ئەڵمانیا و ، بەلژیکا و، باشووری ئەفەریکیا بووە ژێر دەستەی پارێزراو هێزە نێوودەووڵەتیەکان بە ١٧٠٠٠ هەڤدە هەزار سەرباز بەشداری کرد لە گەڵ ٢٠٠٠ سەربازی ئەورووپی ، لەپێناو بەرەو ئارامکردنەوەی باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکان لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٧/١ سەرۆکی چینی مللی – هۆو جینتاو – گەورەترین هێڵی ئاسنی لە جیهاندا لە ڕێوورەسمێکی تایبەتدا کردەوە بە ناوی – هێڵی کینچای ئەلتبتە – لە سەر تەکنۆلوژیای هندی و درێژیەکەی ١١٤٠ کیلۆمەترەو ٧١٠ میلە و ... کە دەرفەتێکی گەورە بۆ وولاتانی هەژار دەرەخسێت و ناوچەی لاسایەتیت و سەرجەم ناوچەکانی دیکەی چین دەگرێتەوەو تاکو ئێستا و درێژترین هێڵی شاسنی لە جیهاندا ٥٠٧٢ کیلۆ مەترە .

٢٠٠٦/٧/٢ پسپۆڕانی هێزی ئاسایشی هەولێر توانیان پلانێکی گەورەی تیرۆرستی لەناو شاری هەولێر پوچەڵ بکەنەوە ئەویش دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ تیرۆرست – موحسن تەها عەبدوڵلا – کە پۆلیس بووە لە بنکەی ئاگر کوژێنەوەی شۆرش و ئەندامی ڕێکخستنی پارتی کاری چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە هەولێر لە بەر ئەو هۆکارە دادگا بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی داخست لە شارەکەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٢ سەرەك وەزیرانی شانشینی ئوردن – مەعروف ئەلبخیت – لە وەڵامی حکوومەتی ئێراق سەبارەت بە لیستی ناوی ئەو ٤١ داواکراوەی کردبووەوە گووتی :– ڕەغدە سەدام حوسین – لە ژێر چاودێری و میوانداری هاشمیەکانە ... هەروا گووتی :– بوونی ڕەغدە و منداڵەکان لە ئوردەن لە بەر چەند هۆکارێکی مرۆیی پوختەوە ناوبراویش لە میواندارو چاودێری هاشمیەکانە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٢ ڕاوێژکاری ئەمنی نیشتیمانی ئێراقی – موفەق ئەلروبەیعی لیستێکی – ٤١ ناوی لەدارو دەستەو بنەماڵەی سەدام ئاشکراکرد ، کە لە دەرەوەو ناوەوەی ئێراقن لە نێوانیانیش ساجدەی هاوسەری سەدام و رەغدەی کچی سەدام و جێگری سەدام عزەت ئیبراهیم .

٢٠٠٦/٧/٢ دوای دووساڵ لە بێدەنگی هەردوو سەرکردەی کەرتی قووبرسی یۆنانی و قووبرسی ژێر دەستی تورکیا – تاسوسوبابا دوبولوسی – سەرۆکی قووبرس یۆنانی و عەلی تەلعەت سەرۆکی قووبرسی تورکی پاش شکستی گفتووگۆکانی ئاشتی کۆبوونەوە .

٢٠٠٦/٧/٣ وەزیری دەرەوەی ئێراق – هوشیار زێباری – لە سەردانێکی رەسمیدا گەیشتە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا و لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەبدوڵڵا گوول – پێشوازی لێکراو لەهەمان کات چاوی کەوت بەسەرەك وەزیرانی تورکیا – ئۆردگان – و وتووێژەکانیان لە بارەی باری ئێراق و بازرگانی و پەیوەندی و پرسی کەرکوك و پارتی کرێکارانی کوردستان pkk بوو لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٤ پەرلەمانی لیتوانیا بڕیاریدا کیرکیلاس بکاتە سەرەك وەزیرانی وولاتەکە ... شایانی باسە پەرلەمانی لیتوانیا دوای ئەوەی مانگی ڕابردوو پەرلەمانتاران زیمبانتس باکینیسی سیاسی پایە بەرزی پارتی دیموکراتی سوشیالیستی پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرەك وەزیرانی وولاتەکەیان ڕەتکردەوە ، بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا جیدیمیناس کیرکیلانس وەزیری بەرگری پاش هەفتەیەك لە هەڵبژارانی سەرۆکی وەزیرانی لیتوانیا هەڵبژێرێت ... دوای ئەوە پەرلەمان بەردەوام بوو لە گفتووگۆکردن لە گەڵ پارتە رامیاریەکانی وولاتەکە ، لە پێناو پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لیتوانیا .

٢٠٠٦/٧/٤ پەرلەمانی کوردستان دوای چوار ڕۆژ لەدانیشتنی تایبەت بە زۆرینەی دەنگ قانوونی وەبەرهێنان لە کوردستان پەسەندکرا ... ئەویش لە دانیشتنی ژمارە /١٥ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا .

٢٠٠٦/٧/٤ سەرۆکی شارەوانی ئامەد – دیاربەکر – ، – ئوسمان بایدەمیر – لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا ، بە تۆمەتی پەیوەندی بە pkk دەستگیرکرا . لە هەمان کات لێکۆڵەرەوەکانی تورکیا ڕایگەیاند . کە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە

ڕێکخراوی پەکەکە دەستگیرکراوە و چاوەڕوان دەکرێت بۆ ماوەی ١٥ ساڵ زیندان بکرێت لە لایەن دادگای تورکیا .

٢٠٠٦/٧/٥ یەك ملیۆن و حەوسەد هەزار هاوولاتی مەکدۆنیا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بەڕێکەوتن ، لە پێناو هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی مەکدۆنیا ، کە لە ١٢٠ ئەندام پێك هاتووە ، ئەمەش یەکەم هەڵبژاردنە لەدوای سەربەخۆیی مەکدۆنیا لە ساڵی ١٩٩١ .

٢٠٠٦/٧/٥ کۆریای باکوور مووشەکی حەوتەمی دوورهاوێژی تاقیکردەوە لە گەڵ ئەوەی نارەزایی نێوودەوڵەتی هەبوو دژی ئەو کارە ئەنجامدراوە بەر لەوەش ... شایانی باسە لە کاتژمێر



٥,٢٢ دەقیقە کەوتە خوارەوە موشەکەکە لە دەریای ژاپۆن – یابان – کەوتە خوارەوە ... دوای ئەوە ئەمەریکا بەکردارێکی ئیستیفزازی داناو ئەمەش وای لە ژاپۆن کرد داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەت بکات ، کە کۆبوونەوەی تایبەت ئەنجام بدات لەم بارەیەوە لە پێناو چارەسەری ئەم کێشەیە لە کێشوورەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٨ سەرۆکی تەیموری رۆژهەلات لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند کە – خوسیە راچۆی هورتا – کە خەلاتی نۆبلی بۆ ئاشتی وەرگرتووە بە سەرەك وەزیرانی نوێی وولاتەکەی دەستنیشانکراوە – ئستائیلاو داسیلفا – بە جێگیری یەکەمی سەرەك وەزیران دەستنیشانکراوە .

شایانی باسە تەیموری رۆژهەلات دوورگەیەکی بچووکە لە زەریای هادی و لەلایەن ئەندۆنوسیاوە داگیرکرابوو لە ساڵی ١٩٩٩ بە تەواوی ئازادکرا .

٢٠٠٦/٧/٨ کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وولاتی دراوسێی ئێراق ، لە تارانی پایتەختی ئێران بەسترا ، بە ئامادەبوونی نوێنەری میسر و کۆمکاری عەرەبی لە گەڵ وەزیرەکانی دەرەوەی ئێراق و ، سووریا و ، سعوودیە و ، کوێت و ، تورکیا و ، میسر و ، ئێران و ، بەحرێن ، بە هەڵسەنگاندنی دواین پێشهاتەکانی ئێراق و هاوکاری کردنی بەغدا تاوتۆکرا .

١٧ ٧ ٢٠٠٦ مۆرکردنی گرێبەست لە نێوان حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و کۆمپانیای عزەت ئەنتەرگراف سعوودیە ، بۆ دابینکردنی ١٦ فرۆکە بەکرینی لەلایەن حکوومەتی هەرێم لە جۆری شۆیزەر/٣٣٣ ، بە بڕی ٣٥ ملیۆن دۆلار . کە هەشت فرۆکە تایبەتە بە بواری کشتووکاڵ و هەشتەکەی دیکەش بۆ کاروباری پۆلیس ، کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت لەگەڵ ٣٥ ئۆتۆمبیل بۆ هەردوو وەزارەتی کشتووکاڵ و ناوخۆی هەرێمی باشووری کوردستان .

١٧ ٧ ٢٠٠٦ نەخشەی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەوورە لە گۆڤارێکی سەربازی ئەمەریکی بە ناونیشانی – سنووری خوێن – بلاوکرایەوە ... بە پێی ئەم نەخشەیەش سنووری چەندین وولات بە گۆرانکاری دەگرێتە خۆ ، کە ئێران و ، تورکیا و ، ئێراق و ، سعوودیە و ، پاکستان و، سووریا و ، ئیماراتی عەرەبی و ، یەمەن و ، ئوردن و ئەفگانستانە ... بە گۆرینی سنووری ئەم وولاتانە لە بچووک کردنەوەو گەورەکردن و دانانی دەووڵەتی دیکەی نووێ بە پێی نەخشەکە ئەویش :–





ئـەو دەووڵەتـە نوێیانـەی کـە دادەمـەزرێن بەدابەشکردنی ئێـراق بەسـێ دەووڵـەت – دەووڵـەتی کوردسـتان – و شـیعەو ، سـووننە – دەووڵـەتی کوردستان ، گـەورە کـە لـە باکووری ئێراق دەست پێدەکات بە کـەرکوك و هەندێ ناوچە لە پارێزگای مووسڵ و خانەقین و دیالە و بەشـەکانی دیکە لـە سـووریا و ، تورکیـا و ، ئێـران و ، ئـەرمینیا و ، ئازربایجـان ، کـە دەبێتـە دەووڵەتێکی سەر بە ئەمەریکا .

دەووڵەتی شیعە کە لە باشووری ئێراق و بەشێك لە رۆژهـەڵاتی سعوودیە و چەندین پارچە لە رۆژئاوای ئێران – ئەهواز – بە شێوەی پژبێنی لە سـەر دەووری کەنداو ئەنجام دەدرێت .

دەووڵـەتی سـووننەش لەسـەر ئـەو ناوچـانەی کـە لـە دەووڵـەتی ئێـراق دەمێننەوەو دوورنیە لەگەڵ سووریا ببێتە یەك .

دەووڵەتی بلوشستانی نوێ ، کە سنوورەکەی لـە باشـووری خـاکی رۆژئـاوای پاکستان و بەشێك لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران .

تێبـینی :– نامـەوێ بـە درێـژی باسـی چـۆنیەتی نەخـشەی رۆژهـەڵاتی ناوەراستی گەورە بکەم بەهۆی بوونی هەردوو نەخشەی ١ – ٢ ی ئامانجەکە



٢٠٠٦/٧/٢٣ کۆچی دوایی ڕۆشنبیرو نووسەرو ڕوناکبیرو وەرگێری گەورەی کورد ماموستا جەرجیس فەتحوللا لە شاری هەولێری پایتەخت لە هەرێمی باشووری کوردستان .
جێی باسە خوالێخۆشبوو جێ پەنجەی لە مێژووی نووسینی کوردیدا دیارو بەرچاوبوو لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە ، یاخوود لە ڕێگەی کتێب وەرگێردراوییەکان ، کە هەموویان باس لە خەباتی نەپساوەی گەل و نیشتیمانەکەمان دەکات لە هەرێم ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٢٧ لە دوای هاوێشتنی ، یاخوود بەرزبوونەوەی ساروخی ڕووسی ، کە ١٨ مانگی دەستکردی لەسەر پشتابوو لە بنکەی بایکۆنووری ڕووسی لە کۆماری کازاخستان کەوتە خوارەوە ، بە هۆی تەقینەوەی مووشەکەکە لە دوای ٨٦ چرکە ... بەر پرسان لە مەڵبەندی چاودێری کردنی مووشەك ڕوونیان کردەوە ، کە ئامێری کارپێکردن لە پەك کەوت کە ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی کارەسات .
مووشەکەکەش بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر لە بنکەی بایکۆنوور کەوتە خوارەوەو زیانی گیانی لێنەکەوتەوە لەناوچەکەدا ... لەناو ئەو ١٨ مانگە دەستکردە ١٧ مانگ تێك شکان ، کە هی کۆمپانیای بیانیەکان بوو . لەوانە هەندێکیان هی کۆمپانیە ئەمەریکیەکان بوون.
سەرچاوە :- BBC.mmvtt

٢٠٠٦/٧/٢٨ کۆبوونـەوەی سـێ ڕۆژی ٣٦ پـارتی ڕامیـاری ئێراقـی لـە شـــــاری ئەســـــتەمبوڵ کۆبوونـــەوە لەســـەر داوای نوێنــــــەری نەتـــــەوە یـــــەکگرتووەکان ، کـــە پارتەکانی شیعەو سوونەو

کورد و تورکمان بەشداریان تێدا کرد ... لە بارەی بیرووبۆچوونیان لە سـەر چاکسازیە پێویستیەکان ، ئەویش بە داماڵینی چەکی میلیشیاکان و لە هەمان کات باسیان لە شەفافیەتی کاری حکوومەت و ڕێکخستنی سوپا کرد لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٣٠ هێزەکانی ئاسمان سووپای ئیسرائیل بۆردومانی شارۆچکەی – قانای – لوبنانی کردو لە ئەنجام بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٦٠ هاوولاتی . کە زیاتر لە ٢٧ یان منداڵ بوون هەروا لە شارۆچکەی سرفا لە باشووری لوبنان زیاتر لە ٣٠ هاوولاتی کوژران ، جگە لە وێرانکردنی بە دەیا خانوو لە خانوو و دوکان و پرۆژەو دام و دەزگای میری لە شارەکەدا .

٢٠٠٦/٧/٣١ سەرۆکی ئەمەریکا – جۆرج بۆش – لە شاری میامی لە ووتارێکدا لە گەڵ فەرماندەی پاسەوانانی کەنار ، شەڕی ئیسرائیلی دژ بە حزبوڵلاّ بەبەشێك لە شەڕە دژە تیرۆر وەسف کرد و گووتی :- تەنگژەی ئێستا بەشێکە لەخەباتی نێـوان هێـزە ئازادیخوازەکـان و هێـزە تیرۆرســتەکان لـە هـەرێم و ناوچـەو جیهاندا .

٢٠٠٦/٨/١ سـەرۆکی ئەنجوومـەنی شـووڕای ناوەنـدی پـارتی ئیسـلامی ئێـراق و بەنـژاد کـورد – موحسن عەبدولحەمید – لە پەراوێزی کۆڕێك لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا ، کە لە سەر جێ بەجێکردنی فیدراڵیەت لە ئێراق بوو گووتی :- ڕەوشـــی ئـــەمنی ئێـــراق زۆر ئـــاڵۆزەو هۆکارەکـــانی زۆرن ... لەوانـــەش دەســـتتێوەردان و هاتنـــە نـــاوەوەی ژمارەیـــەك ڕێکخـــراوی گوومـــانلێکراوو وولاتانی دراوسێی ئێراق ... سەبارەت بە فیدراڵیەت ناوبراو گووتی :- فیدراڵیـەتی کوردسـتان ڕەزامەنـدی هـەموو لایـەکی لـە سـەرە چـونکە ئـەوان

نەتەوەیەکی جیاوازن و لە سەر خاکی خۆیاندا دەژین و لە سایەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان تووشی گەلێك زوڵم و زۆری و چەوسانەوە هاتوون و ئێمە فیدراڵیەتی کوردستانمان قبوڵە ، بەڵام فیدراڵیەت لە سەر بنەمای تایفیمان پێ ڕاست نیە لە وڵاتەکەدا .

چونکە عەرەبی ئێراق یەك نەتەوەن و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیش یەکە ... هەروا گووتی :- دژی فیدراڵیەتی ناوەراست و باشوورین ... چونکە نەخشەی دابەشکردن لە ئێراق لە گۆریندایە .

٢٠٠٦/٨/٧ ڕۆژنامەی خەبات لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکە نووسیویەتی :- سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردگان – بەردی بناغەی پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوێکی لە سەر ڕووباری دیجلە بە ناوی – ئیلیزبۆی – لە نزیك دارکیتجیت لە دووری ٤٥ کم لە سنووری سووریا دانا . کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شوێنەواری مێژوویی و ئاوارە بوونی هەزاران خێزانی کورد ... لەو بارەوە ئۆردگان گووتی :-

ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئەو بنچینەیە کە حکوومەتی تورکیا دەیەوێت بارودۆخی هەرێمە کورد نشینەکان خۆش بکات و ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ، کە حکوومەتی تورکیا ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای فەرامۆش نەکردووەو ئەمە دەستکەوتێکە بۆ خەڵکی ناوچەکە .

جێی سەرنجە دروستکردنی ئەم بەنداوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی شارۆچکەی حەسنکێف ، کە کەوتۆتە سەر ڕووباری دیجلە ژێر ئاو بکەوێت کە چەندین شوێنەواری دێرین و مێژوویی تیایە ، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری و ڕۆمانی و عوسمانی لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/٨/١٢ سەرەك وەزیرانی ئێراق – نوری مالکی – لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لە گەڵ سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردگان – چەند پرسیارێکی پەیوەست بە هەردوو دەوڵەتیان تاوتۆ کرد ، هەر لە پەیوەندیەکەدا سەرەك وەزیرانی ئێراق بڕیاری حکوومەتی بەغدای سەبارەت بەداخستنی سەرجەم بارەگاکانی پەکەکە لە بەغدا و ڕاگرتنی چالاکیەکانی بە سەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردگان ڕاگەیاند – هاوکات مالکی داوای لە ئۆردگان کرد ، کە ئاسانکاری بخاتە ڕێگەی گواستنەوەی بەروبوومەکانی سووتەمەنی ئێراق لە

بەرامبەردا ئۆرگان بەلێنیدا کە لەو بارەیەوە ئاسانکاری بکات .

٢٠٠٦/٨/١٢ ئەنجوومــەنی ئاسایــشی نێودەوڵــەتی پــڕۆژەی بڕیــاری ئەمــریکا و فەرەنــسای پەیووەسـت بـە ڕاگـرتنی شـەڕی نێـوان ئیـسرائیل – لوبنـان – حزبوڵڵای پەسەند کرد ، بە ژمارە/١٧٠١ و داوا لـە هەردوولایـەنی شـەڕکەر کرا کە ڕۆژی دووشەممەی ٨/١٤ شەڕەکە ڕابگرێ لە نێوانیاندا .

٢٠٠٦/٨/٢١ یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی سەدام حوسین و پیاوەکانی بە تایبەتی عەلی حەسـەن مەجید لـە سـەر ئەنفالکردنی کـورد لـە هـەرێمی باشـووری کوردستان دەست پێکرد ... هەروا سوڵتان هاشم – حوسێن رشید محمد فەریقی روکن – جابر عەبدولعەزیز حسین پارێزگاری بغداد – تاهر توفیق یوسف مستشار فی امانه سر القطر .

٢٠٠٦/٨/٢٣ هێزەکانی سووپای تورکیا لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لکێنراو بـە ئێـراق ، بـە تایبـەتی ئـەو گوندانـەی کـە دەکەونـە نێـوان پیراشمـار و زەردەشـت ئاگاداریـان کردونەتـەوە هـەر لاوێـك بیـەوێ بـچێتە ئـەورووپا حکومەتی تورکیا ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکات ... سەرچاوەیەکی نزیك ئەم هەواڵەی تورکیا بەشەرێکی دیکەی دبلۆماسی دژی کورد دانا .

٢٠٠٦/٨/٢٣ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی – مۆردا قەرەیلان – لە سەرکردایەتی pkk پێشنیاری ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانەی ئاگر بەست و دانووساندی لە گەڵ حکوومەتی تورکیا ڕاگەیاندو گووتی :–

pkk پڕۆژەیـەکی ئاشـتی لەگـەڵ حکوومـەتی تورکیـا هەیـەو ئـەم پـڕۆژەش بەرهـــەمی داواکـــاری حکوومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتانەو ناوەنـــدە جەماوەریەکانە . هەروا گووتی :– ئێمە ئامادەین لە یەکی ئەیلول کە ڕۆژی ئاشـتیە لـە جیهـان شـەڕ ڕابگیرێـت و پێویـستە رژێمـی تورکیـاش ئامـادەی هەبێت .

٢٠٠٦/٩/٢ فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگری گواستنەوە لەکاتی نیشتنەوەی لە فرۆکەخانـەی مەشـهەدی باکووری خۆرهـەڵاتی ئێـران سـووتاو لـە ئاکـام هاووڵاتیـانی نـاو فرۆکەکـە ، کـە ژمارەیـان ٨٠ هـاووڵاتی بـوو گیانیـان لەدەست دا کـە ١٤٧ هاووڵاتی هەڵگرتبوو .

٢٠٠٦/٩/١٢ پاپای فاتیکان – پاپا بندیکتی شازدەهەم – لە کۆڕێکیدا لە زانکۆی Regensburg لە باشووری ئەڵمانیا بەناونیشانی – باوەر و عەقل و زانکۆ چەند یادەوەری و تێرامانێك – پاپا لە ووتارەکەیدا کە باسی لە پەیوەندی نێوان عەقل و توندوتیژی دەکرد لە ئایینی مەسیحی و ئیسلامدا ... لەم بارەیەوە نمونەی بە نووسراوێکی ئیمپۆاتۆری بیزەنتی – مانوێل – ی دووەم – پالابۆلۆگۆس – لە ساڵەکانی ١٣٥٠ – ١٤٢٥ داهێنایەوە .

پاپا ئەو نمونەی لە کتێبێك وەرگتبوو بە ناوی – گفتووگۆیەك لە گەڵ موسوڵمانێکدا – کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم زانای نیولۆژیای ئەلمانی لە بنەرەت لوبنانی – عادل تیدۆر خوری – ١٩٣٠ پرۆفیسۆر و سەرۆکی بەشی نیولۆژیا لە زانکۆی – مونستەر – لە خۆرئاوای ئەلمانیا ئامادەی کردبوو بلاوی کردۆتەوە ، لەم نووسراوەیەدا ئیمپراتۆری ناوبراو گفتووگۆیەکی خۆی دەخاتە روو ، کە لە ساڵی ١٣٩١ دا لە سەربازگەیەکی زستانە لە نزیك شاری ئەنکەرەی تورکیا لە گەڵ زانایەکی موسلمانی فارسیدا ئەنجامی داوە ... ڕەنگە هەر ئیمپراتۆر خۆی ئەو گفتووگۆیەی تۆمارکردبێت ... ئەوەش لەکاتی گەمارۆدانی – کونستا نتینۆبۆلیسدا – لە نێوان ساڵانی ١٣٩٤ – ١٤٠٢ دا ئەم رایەش ڕەنگە ئەوە لێك بداتەوە کە بۆچی بەڵگەکانی خۆی بە دوورو درێژی باس دەکات و بەو شێوەیە بایەخ بە وەڵامەکانی زانا فارسەکە نادات .

شایانی باسە ئەم ووتارەی پاپا لەم زانکۆیە بووە هۆی کاردانەوە لە سەر باری دەروونی ئیسلام و ووڵاتانی ئیسلام ، بە تایبەتی ووڵاتانی عەرەبی و بووە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەرین و پێکدان و کێشەو ململانێیەکی دژوار لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی نێوان ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحی لە جیهاندا .

٢٠٠٦/٩/٢٢ سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا – خۆسێ ماریا ئازنار – داوای لە جیهانی ئیسلامی دەكات ، كە داوای لێبوردن بۆ ٨٠٠ ساڵی داگیركردنی ئیسپانیا بكەن ... ئەمەش لە میانەی داواكاری سەرۆكی زانایانی ئاینی ئیسلامی جیهان – یوسف قەرەزاوی – وولاتانی ئیسلامی و عەرەبی بە لێبوردنی پاپا و پاش گەزبوونەوەی لە ڕاگەیاندنەكانی لە زانكۆیەكی ئەڵمانی بە ناوی ئەوەی ، كە سووكایەتی بە ئاینی ئیسلام كردووە ... نەك داوا لە پاپا بكەن بە داوای لێبوردن لە ئیسلام بەڵكو ، جیهان دەبێ داوای لێبوردن لە ئیسپانیا بكەن بە داگیركردنی بۆ ماوەی ٨٠٠ ساڵ .

٢٠٠٦/٩/٢٧ دوای ئەوە هاو وولاتی – ڕەحیم ئیبراهیم وسو – كە خەڵكی هەرێمی كوردستانە لە لایەن هێزەكانی سووپای ئێرانەوە دەستگیر دەكرێت . لە دوای ئەشكەنجەدانی بە سووتاوی تەرمەكەی درایەوە خانەوادەكەی ، خانەوادەكەی دەڵێن ئەو كوردە هیچ تاوانێكی نەبووە تەنیا لە بەر ئەوەی كوردبوو بەم شێوەیە هەتك كراوە لەلایەن ڕژێمی بە ناو ئیسلامی ئێران .

٢٠٠٦/٩/٢٧ لە چوارچێوەی سەردانەكەی بۆ شاری كەركوك جێگری سەرۆكی پەرلەمانی توركیا – ئۆردوهان جومازی – گووتی :– ئێمەش وەكو ئەمەریكییەكان وولاتەكەمان ماف بوونی لە ئێراقدا هەیە ، ئەویش لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیدا ئۆرهان جوماز لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسیەكەیدا دەربارەی بوونی توركیا لە ئێراق گووتی :–

وەكو دەووڵەتێكی دراوسێیە ماف ئەوەمان هەیە چۆن ئەمەریكییەكان بوونیان لە ئێراق هەیە ئێمەش بوونمان لێرە هەبێت ... دەربارەی چارەنووسی پارێزگای كەركوك گووتی :–

چارەنووسی ئەم شارە خەڵكەكەی دیاری دەكات بە پێی ماددەی /١٤٠ ، كە یەكێكە لە ماددەكانی دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، بەڵام لە چوارچێووەی ئەو ماوەیە هەر شتێك زەرەر لە كەركوك بدات ... ئێمە دژی دەوەستینەوە ، جێی باسە لە چوارچێوەی سەردانەكەی بۆ كەركوك چاویان بە سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی كەركوك كەوت – لە دانیشتنەكەدا ، كە كەركوك لە چوارچێووەی جووگرافیای كوردستانە .

٢٠٠٦/٩/٢٨ ڕێووڕەسمی بە خاك سپاردنی دایكی دوا قەیسەرەكانی ڕووسی – تیقۆلای

دووەم -- ماریا میدوروفناس – لە دەرەوەی شاری سان بترۆسبۆرگ لە باکووری وولات ، کە بەتریك ئەلكسی دووەم سەرۆكی كەنیسەی ئەرسۆزكسیەی ڕووسی سەرپەرشتی مەراسیمەكەی كرد بە دووبارە ناشتنەوەی لە دوای ٧٨ ساڵ لە دانیمارك .

شایانی باسە دایكی قەیسەر نیقۆلای دووەم لە دایك بووی ساڵی ١٨٤٧ لە دانیمارك ، هەروا لە ساڵی ١٩٢٨ هەر لە دانیمارك كۆچی دوایی كرد , لە دوای شۆرشی بەلشەفیەكان لە ڕووسیا و لە سێدارەدانی قەیسەری ڕووسیا ... ناوی تەواوی ئەمیرە بترس پۆلسی ، لە گۆرەپارەپاش بیترۆف لە تەك مێردەكەی قەیسەر – ئەلكسەندەری سێیەم – دەنێژرێت .

٢٠٠٦/٩/٣٠ كەوتنە خوارەوەی فرۆكەیەكی بەرازیلی لە ناوچەی ئەمازۆن كە ١٥٠ هاوولاتی هەڵگرتبوو لە ئەنجامی خۆپێكدادانی بە فرۆكەیەكی تایبەت لە چیای كاتشیمۆ و لە ئەنجام هاوولاتیانی ناو فرۆكەكە گیانیان لەدەستدا و جگە لە تێك شكانی فرۆكەكە .

٢٠٠٦/٩/٣٠ سەرۆكی هەرێمی كوردستان فەرمانی پێكهێنانی لیژنەیەكیدا ئەویش بە ئاگاداركردنەوەی سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران ، لە ژێر چاودێری دادوەرێك بۆ لێكۆڵینەوە لەو دۆسیانەی كە لە هەندێ ڕۆژنامەدا سەبارەت بە سیخوورێتی كردن بۆ ڕژێمی پێشووی بەعسی لە ئێراق و ئەویش لە دوای تەواوبوونی لێكۆڵینەوەكە ڕاپۆرتێكی تێرو تەسەل پێشكەش بە سەرۆكایەتی هەرێم دەكرێت و كارەكانی دادگایی كردنی یاسایی دەست پێدەكات .

٢٠٠٦/٩/٣٠ سەرۆكی فەرەنسا – جاك شیراك – لە سەردانەكەیدا بۆ یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا و لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاندو گووتی :- پێویستە لە سەر توركیا دان بە كۆمەڵ كوژیەكانی ئەرمەنی كە لە ساڵی ١٩١٥ ئەنجامی دابوو بنێ ، لە گەڵ ٣٠ هەزار كورد بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشكەربێت بۆ چوونە ناو یەكیەتی ئەورووپا .

شایانی باسە پارێزگای یەریڤان شارێكی كوردیە لە هەموو ڕوویەكەوە داگیركراوە تاكو ئێستا .

٢٠٠٦/١٠/٢ سـەرۆكی ئـەركانی هێزەكـانی سـووپای توركیـا – ژەنـەراڵ باسر بوبوكاینت – لە وەڵامی ئـەو ئاگربەسـتەی كـە پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان pkk یەكلایەنە ڕاگەیاندو گووتی :– سـووپا تـاكو كۆتـایی دەستبەرداری شـەڕی چـەكدارانی پەكەكـە نابێـت ، لـە چوارچـێوەی ئـەو ووتارەی ، كە لە ئەكادیمیای جەنگ لە شاری ئەستەمبوڵ پێشكەشی كرد ، هـەروا باسر گـووتی :– هێـزە چـەكدارەكانی توركیـا پێشتر چـەندین جـار ڕایانگەیانـدوە كـە لـە شـەڕی خۆییـدا دژی پەكەكـە بەردەوام دەبێت تـا یـەك چەكداری پەكەكە نامێنێ ، چونكە هەڵوێستی حكوومـەتی توركیـا نـەگۆڕەو ناشگۆڕێ ، هـەروا گـووتی پەكەكـە بەبێ جیاوازی واز لـە خـەباتی چـەكداری بێنێ .

٢٠٠٦/١٠/٣ بـاڵوێزی ئـەكوادۆر لـە ڕێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان نیـشانیدا كـەوا گواتیمـالا و فـەنزویلا لـە كێبركێكـانی بـە ئەنـدام بـوونی لـە ئەنجوومـەنی ئاسـایش كـشایەوە ، بـۆ ئـەوەی پەنـەما ببێتـە ئەنـدام ، تـا ئێستاش دوای ٤٧ پرۆسەی دەنگدان هەر گواتیمالا لـە پێشكەوتندا بوو كـە لە لایەن ئەمەریكاوە پشتگیری لێدەكرا .

٢٠٠٦/١٠/٣ سەرەك كۆماری توركیا – نەجدەت ئەحمەد سیزار – بە ڕەسمی حكوومـەتی قووبرسی بەوە تۆمەتباركرد كە ڕۆڵێكی نیگـەتیفی گێڕا لـە دانووسـتانەكانی فینلەنـدا ، كـە بـۆ مەبەسـتی چارەسـەركردنی كێـشەی دوورگـەی قـووبرس ڕێكخـرا بـوو ، توركیـا دووپـاتی كردەوە ، كە حكوومـەتی قـووبرس هۆكـاری یەكەمی سەرنەكەوتنی ئەم دانووستاندنەیە .

شایانی باسە حكوومەتی قووبرس لە بەرایی دانووستاندنەكەدا كشایەوە بە هۆی ناڕازیبوونی لە سەر شێوازی بەڕێووە چوونی دانووستانەكە .

٢٠٠٦/١٠/٤ لـە سەرچـاوەی www.bab.com دا بڵاوكراوەتـەوە كـە لەیـەكێك لـە دوورگەكانی زەریای هندی درەختێك هەیە خەڵك و ئاژەڵان دەخوات بەوەی ،

کە پەلك و لقە زۆرەکانی بەدەووری نێچیرەکەی پێچ دەدات و دەیمژێ و بەری نادات تاکو دەیکاتە پەیکەرێکی مرۆیی ، خەڵکی ناوچەکە لەو بڕوایەدان ڕوحی باپیران و خواوەندەکانیان لەو گەڵاو پەل و پۆی ئەو درەختانە خۆی دەبینێت ، بۆیە دەیپەرستن و بە پیرۆزی ڕایدەگرن و لە سەر شێوەی پەیکەری باپیران و خواوەندەکانیان قوربانی بۆ دەدەن .

٢٠٠٦/١٠/٦ سەرەك وەزیرانی حکوومەتی فەلەستینی و سەرکردەی جووڵانەوەی حەماسی ئیسلامی – ئیسماعیل هەنیە – لە لێدوانێکی دا ویستی بەرگری لە هێزەکانی جێ بەجێکاری حەماس بکات تێیدا هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە – عصابە – ناوبرد .

٢٠٠٦/١٠/٨ تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن کۆریای باکوور ، کە بووە هۆی تەنگەژەیەکی نا لە باری نێوو دەووڵەتی ، بە تایبەتی ئەمەریکا و بەریتانیا و کۆریای باشوور و یابان – ژاپۆن – ، دوای ئەوە بۆرسەکانی ئاسیا لە ١٠/٩ پاشەکشەی بەرچاویان بەخۆدی دوای ڕاگەیاندنی کۆریای باکوور بە دەستپێکردنی ئەزموونی ئەتۆمی وولاتەکەی ، بە تایبەتی لە چین و کۆریای باکوور بە دەستپێکردنی ئەزموونی ئەتۆمی وولاتەکەی بە تایبەتی لە چین و کۆریای باشوورو سەنگافورا .

هەروا ئەو ئەزموونە مەرامێکی ڕامیاری لە ناوچەکەو لە جیهاندا نایەوەو زۆربەی زۆری وولاتان هەرەشەی بڕینی هەموو پەیووەندیەکانیان لەگەڵ کۆریای باکوور کرد ، بە تایبەتی کۆریای باشوور کە دووپاتیکردەوە کەوا کۆریایەکی بێ چەکی ئەتۆمی دەوێت لە کێشوورەکەدا .

٢٠٠٦/١٠/٨ لە دوایین هەڵبژاردنەکانی بەلژیکا پارتی بیلانگی ڕاسترەوی بەرهەڵستکار تووانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ ، پارتی بیلانگی ڕاسترەو ، کە ساڵانێك بوو بە هۆی ووتاری سیاسی ڕەگەز پەرستانە دەنگی پێویستی بەدەست نەدەهێنا بۆ گەیشتن بە کورسیەکانی ئەو ناوچەیەی کە خەڵکەکەی بە هۆڵەندی دەدوێن لە وولات جیا بێتەوە ، کە هەرێمی ئەنتڤێر بە سەرچاوەکانی هەواڵ و چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچن کە پارتی بیلانگ خۆی لە قەیرانێکی سیاسی لەبن نەهاتووە ببینێت .

٢٠٠٦/١٠/١١ فرۆکەیەکی بچووك کە نەوی دەفڕی خۆی بە باڵەخانەی مانهاتندا ، کە

دەکەوێتە ناوەراستی شاری نیورۆکی ئەمەریکی ، کە لەو ڕووداوە دووکەس گیانیان لەدەست داوە ، کە باڵەخانەکە لە پەنجا نهۆم پێك هاتووە ، کە ١٨٣ شووقە لەخۆ دەگرێ .

٢٠٠٦/١٠/١١ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق لە دانیشتنی ژمارە /٤٧ ی بڕیاری لە سەر پرۆژە یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان بڕیاری بۆ درا ، بەڵام بەرەی تەوافق و لیستی ئێراقیە و بەرەی گفتووگۆی نیشتیمان . نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو بریارە نیشاندا .

٢٠٠٦/١٠/١٢ ئیدارەی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕاگەیاندنەکانیان ، پارتی کرێکارانی کوردستان pkk بەوە تاوانبارکرد کە بۆتە هۆی هەڕەشەکردن لە رژێمی تورکیا .

کە ئەم ڕاگەیاندنەش لەلایەن نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ گفتووگۆی نێوان تورکیاو pkk ژەنەراڵی خانەنشین – جۆزێف رالستۆن – .

کە داوای لە پارتی کرێکارانی کوردستان کرد بە فرێدانی چەك و دەست هەڵگرتن لەکاری توندو تیژی و لە هەمان کات هەڵوێستی یەك لایەنەی pkk بەڕاگرتنی شەڕ ، یاخوود ئاگر بەست بەکارێکی باش ناوزەندکرد لە پێناو کۆتایی هێنان بەکێشە دژوارەکان ، کە ئەو ئاگر بەستەش لە ٢٠٠٦/١٠/١ لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا ڕاگەیاندرا بوو .

سەرچاوە:- BBc.arabic

٢٠٠٦/١٠/١٣ وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور – بان کی مۆن – هەڵبژێردرا بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دوای هەڵبژاردنی بۆ ئەو پۆستە لە ووتارێکیدا بەڵێنیدا لە خوولی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان چاکسازی ئەنجام بدرێت .

شایانی باسە ئەمەش لە دوای دە ساڵ لە ئەمینداریەتی گشتی نەتەوە

یەکگرتووەکان دێت لە لایەن – کۆفی ئەنان – لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی ئالۆز ، بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکەی ۲۰۰٦/۹/۱۱ و لێدانی ئەفگانستان و ئێراق و چەندین کێشەی نێودەوڵەتی دیکە لە جیهان .

۲۰۰٦/۱۰/۱۳ سەرۆکی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران – مریەم رەجەوی – خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بڕیاری دادگای ئەوروپی دەربڕی سەبارەت بە هەڵووەشاندنەوەی بڕیاری بلۆککردنی سامانی دارایی بزووتنەوەکە ... هەروا گووتی :– ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە خەبات لە دژی ڕژێمی فاشی ئێران شەرعیە .

ئەم ڕاگەیاندنەی مریەم رەجەوی لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپی بوو ، کە بڕیاری دادگا ناوزەندکردنی بزووتنەوە لە تیرۆر هەڵدەگرێ ... لە هەمان کات مریەم رەجەوی داوای قەرەبووی لە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران کرد بە هۆی زیان لێکەوتنی بزووتنەوەکە .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە بزووتنەوەی موجاهیدی خەلقی ئێران بزووتنەوەیەکی ڕامیاریە ... دوای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزراوە ... بەڵام لە میانەی شەری هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران ئەم بزووتنەوەیە خۆی دا پاڵ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە سەرکردایەتی – سەدام حوسێن – ... دژ بە گەلی کوردستان . کە چەکدارەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەشداریان لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ئازاری /۱۹۹۱ کردووە لە گەڵ ڕژێمی بەعس و خزمەت کردنی ڕژێمی بەعسی دژی ڕاپەڕیووەکانی گەلانی ئێراق بە تایبەتی گەلی کوردستان ... بەڵام دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە دوای ۲۰۰۳/٤/۹ چالاکیەکانی ئەم بزووتنەوە یەکی خراو ئەندامەکانی بۆ وولاتانی ئەوروپا کۆچیان کرد لە ئێراق .

٢٠٠٦/١٠/١٤ - پیتــەر گالبرێــت – بــــاڵوێزی پێـــشووی ئەمــەریکا لــە کرواتیــا دووپاتی کردەوە ، ئەگەر بێت و تورکیا بیەوێت بە شـــەڕ ڕووبـــەڕووی ســـەربەخۆیی هـــەرێمی کوردستان بێتەوە دەبێت شەڕ لە گەڵ سەد هەزار پێشمەرگەی کوردستان بەرپابکات و ئەمەش جەنگێکی گەورەی نێوان هێزەکانی سووپای تورکیا و سووپای ئەمەریکای لێدەکەوێتەوە .

ئەمەش لە لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەی – تایگەر سایتونی – ئەڵمانی ، کە گالبرێت جەختی کردۆتەوە ، کە هەر جۆرە هێرشێکی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان خەونی ئەندام بوونی ئەنکەرە لە یەکیەتی ئەورووپا لە بارە دەبات ، هەروا کورد پێیان دەکرێت ڤێتنامێکی دیکە لەناو تورکیا دروست بکەن لە هەرێمەکەیاندا .

هەروا گالبرێت داوای لە ئەمەریکا کرد ، کە هێزەکانی لە باشووری ئێراق و ناوەراستی بکشێتەوە کوردستان و گەر پێویستی کرد لەوێوە شان بەشانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کارەکانیان ئەنجام بدات .

٢٠٠٦/١٠/١٥ حکوومەتی ئێراق لە بەیانێکیدا ڕایگەیاند ، کە هەردوو حکوومەتی ئێراق و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ، تیمێکی کارکردنیان بۆ جێ بەجێکردنی ڕێکەوتنامەی ئەمنی نێوانیان پێك هێناوەو ئێستا دیراسەی ئالیەتی جێ بەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەکەن .

لە بەیانەکەدا هاتووە ، کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێراق – د. موفق روبەیعی – لە گەڵ وەزیری ئەمنی و ئیستیخباراتی ئێرانیدا کۆبۆتەوە سەبارەت بە کارکردنی کاری ئەو تیمە گفتووگۆیان کردووە ... ئامانج لەم هاوکاریەش گۆڕینەوەی زانیاریە بۆ ڕێگەگرتن لە دەرکردنی تیرۆرستان لە ئێرانەوە بۆ ناو خاکی ئێراقدا .

٢٠٠٦/١٠/١٥ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەکوادۆر دەستی پێکرد ، واش مەزەندە

دەكرێت كە - رافایل كورییا - لەم هەڵبژاردنانە سەركەوتن بەدەست بێنێ .
شایانی باسە ناوبراو هەڵگری هەمان هزرو سیاسەتی هۆگۆ شاڤێزی هەیە لەگەڵ ئەوە تاكو ئەم هەڵبژاردنە ئەكوادۆر دوو سەرۆكی نژاد عەرەب سەرۆكایەتی ئەكوادۆریان كردەیە ، كە یەكێكیان بە هۆی نەخۆشی دەروونی و ئەوی دیكەیان بە هۆی ڕامیاریەتی چەوت دوورخراونەتەوە لە دەسەڵاتەكە .

٢٠٠٦/١٠/١٥ ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی بڵاوی كردەوە ، كە خاتوو - تسیبی لیڤنی - وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل كە ڕۆژی یەكشەمە لە گەڵ كۆمەڵێك باڵیۆزی عەرەب لە شاری قوودس دەعوەتی ئیفتار كراوە ، لە ئوتێلی مەلیك داود و لە دەعوەتەكەش حەنا سەنیورە كە فەلەستینیەكی دانیشتووی شاری قوودسە ئامادە بووە .
لەم دەعوەتەدا باڵیۆزە عەرەبەكان زۆر بەگەرمی و بە ماچ و تەوقەكردن پێشوازیان لە خاتوو لیڤنی كردووە ... بەڵام ڕۆژنامەكە ناوی هەموو باڵیۆزەكانی ئاشكرا نەكردووە تەنها ئەوەندە نەبێت ، كە دەڵێ هەر یەكە لە باڵیۆزانی میسر و ئەردەن و مۆریتانیا بەردەوام لە گەڵ خاتوونەكەی ئیسرائیلدا بوون .

٢٠٠٦/١٠/١٥ كۆمەڵێك لە سەرەك عەشیرەتە هاوردەو داگیركەر لە گوندی هیندیەی نزیك قەزای حەویجە كۆبوونەوە ، كە تێیدا عەبدولرەحمان مونشدعاس دژ بە دەستوورو ئیدارەی كەركوك و هێزەكانی فرە رەگەز ووتەیەكی پێشكەش كردو ئامادەبوانیش بە ئاشكرا وێنەی سەرۆكی روخێندراوی ئێراق سەدەم حوسێنیان هەڵگرتبوو ، كە دژی كورد و هەرێمی كوردستان وەستان لە هەموو بوارەكاندا .

٢٠٠٦/٦/١٦ ڕێكخراوی EUTCC كۆنفرانسی سێیەمی بە ناونیشانی كاتێك بۆ دادپەروەری و دیالۆگ و چارەسەركردنی لە سەر دۆسیەی كوردو تورك ، لە ناو پەرلەمانی ئەوروپا لە شاری برۆكسلی پایتەختی بەلژیكا گرێدا ، ئەم كۆنفرانسە بایەخێكی زێدە گرنگی هەبوو ، لە بەر ئەوەی زیاتر لە ١٥ پەرلەمانتاری ئەورووپی و چاودێران و ئەكادیمی و شارەزایان لە سەر كێشەی كورد تیایدا ئامادە بوون .

شایانی باسه لیژنەی مەدەنی تورکیا یەکێتی ئەوروپا وەك رێکخراوەیەکی قازانج نەویست لە بەلژیکا تۆمارکراوەو لە دەستەیەکی کارگێری و دەستەیەکی راوێژکاری پێك هاتووە ، لە دوای یەکەم کۆنفرانسی نێوو دەوولەتی ، یەکیەتی ئەوروپا و ،تورکیاو ، کورد ، کە لە مانگی /١١/٢٠٠٤ گرێدرا دامەزراوە و سالانە کۆنفرانسێك رێکدەخات .

کۆنفرانسی ٢٠٠٦ بە هۆی باری دژواری کورد لە تورکیا و لە ئاکامی خۆپێشاندانەکان لە باکووری کوردستان بایەخێکی گرنگی هەبوو چونکە خۆپێشاندانەکانی مانگی /٣ و مانگی /٤/٢٠٠٦ ، کە چەندین هاوولاتی کورد بوونە قوربانی لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٦/١٠/١٦ هێزەکانی ئاسایشی رژێمی بەعسی لە سووریا رێگەی نەدا ئۆپۆزسیۆن کۆنگرە رۆنامەوانیەکەی ئەنجامبدات لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا ، کە ئاسایشی سووریا هەموو ئەو رێگایانەیان داخست کە بۆ شوێنی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە دەچوون و ماوەیان بە کۆنگرەوانان نەدا کۆنگرە ساز بکەن .

لە بەیاننامەکیدا نووسینگەی راگەیاندنی دیمەشق روونیکردەوە . کە لەو کاتە سالێك بە سەر دامەزراندنی ئەم دەستەیە تێپەربووەو بریار بوو لەم رۆژەشدا کۆنگرە ئەنجام بدەن ، کە ئاسایشی سووریا چواردەووری کۆبوونەوەکەیان گرتبوو .

٢٠٠٦.١٠/١٦ لە شارۆچکەی چێمای رۆژئاوای وولاتی ئەسیوبیا گەورەترین شەڕ لە نێوان موسولمانان ومەسیحیەکان بەرپابوو ، ئەم شەڕە تەواوکەری شەڕی چوارەم رۆژی رابردووی بووە ، کە بووە هۆی تێکدانی سەدەها مال و بارەگای چەند رێکخراوەیەکی ئایینی ... سەرەرای هەولەکانی حکوومەت لە پێناو بەرپا نەبوونی شەڕی ئایینی نێوان مەسیحی و ئیسلام ، بەلام تاکو ئەمرۆژە نەیانتوانی رێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە .

٢٠٠٦ ١٠/١٧ لە دوای هەول و تەقەلایەکی زۆر وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا رەزامەندی نواند لە کردنەوەی رادیۆی ناوەندی بەریتانیای یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ، کە ئەمەش رۆلی بەرچاوی دەبێ بۆ لاوانی کوردی ئەوروپا و ئێراق و کورنستان .

٢٠٠٦/١٠/٢٠ موفتی موسولمانانی نیشتەجێی ئوستڕالیا – شێخ تاجەدین ئەلهیلالی – لە وتاری نوێژی هەینی و لە مزگەوتەکەی خۆی لە شاری – سیدنی – لە ئوسترالیا ، گووتی :– ئەو ئافرەتە ئوسترالیانەی کە جل و بەرگی ڕووت لە بەر دەکەن ، هانی پیاوانی ئەم وولاتە دەدەن تا دەستدرێژی سێکسیان بکەنە سەر ... هیلالی کە زیاتر لە ٢٢ ساڵە لە ئوسترالیا دەژی و سوودی لە ئازادی و یاساکانی ئەم وولاتە وەرگرتووەو وەسفی ئافرەتە سفوورەکانی ئوسترالیای بە گۆشتێکی فرێدراو لە بیابانێکدا کرد ، کە پڕ بووبێت لە پشیلەو سەگی برسی.

ئەم لێدوانە بووە هۆی ئەوەی کە نارەزاییەکی توند لە نێوەندە رامیاری و ئیسلامیەکانی ئەو وولاتەدا پەیدا ببێت ، کە دەرئەنجام ڕاگرتنی ئەم موفتیەی لە وتارەکەیدا لێکەوتەوەو لە لایەن ئیدارەی مزگەوتەکەی خۆیەوە ، دوا بە دوای بە دیارکەوتنی دەر ئەنجامی ئەو لێدوانە تاجەدین هیلالی لە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن داوای لێبووردنی لە حکوومەت و گەلی ئوسترالیا کرد .

بەڵام سەرەك وەزیرانی ئوسترالیا – جۆن هاوەرد – گووتی : – ئەم داوای لێبووردنە بەس نیە و دەبێ هیلالی و هاوشێوەکانی بزانن ، کە ئوسترالیا وولاتێکی ئازادەو ئەوەی ڕێز لەم ئازادیە ناگرێت لە لای ئەوان جێگای نابێتەوە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/١٠/٢٠ کۆنفرانسی کورد لە پەرلەمانی ئەورووپا ، کە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو ژمارەیەك لە سیاسەتمەداری کورد وەك سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی – ئەحمەد تورك – و – عوسمان بایدەمیر – سەرۆکی شارەوانی ئامەد – دیاربکر – ئامادەی بوون .

شایانی باسە لەو کۆنفرانسەدا داوا لە حکوومەتی تورکیا کرا بە زووترین کات کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی لە باکووری کوردستان بێنێ ، هەروا سەبارەت بە ئەنجامە کۆتایەکانی کۆنفرانسەکە بەیاننامەیەکی لە ٣١ خاڵدا بڵاوکردەوە ، کە پێشێل کردنی ماف مرۆڤ و کەمە نەتەوایەتیەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد گرنگترین بەندەکانی بوون .

هەروا لە بەیاننامەکەدا هاتووە ، کە هەوڵەکانی بە ئەندام بوونی تورکیا لە

یەکێتی ئەوروپا دەبێت بەند بێت بە ئەنجامدانی چاکسازی دیموکراسی کە دەووڵـەتانی ئـەوروپا پـشتگیری لێدەکـەن و ئەوەشـی روونکـردەوە ، کـە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بۆ ئارامی تورکیا زۆر گرنگە و ئاگر بەسـتەکەی پەکەکـەش وەك هـەنگاوێکی ئـەرێنی پێـشوازی لێکـراو کۆنفرانسەکە داوای لـە یەکیـەتی ئەوروپا کـرد رێکخـرەرێکی تایبـەت بـە چارەسـەرکردنی کێشەی کـورد دیـاری بکـات و کۆمیتەیـەکی تایبـەتیش بە ئاشتی دروست بکات.

٢٠٠٦/١٠/٢٤ لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێـشە هەڵواسـراوەکانی نێـوان حکوومـەتی سـەریلانکا و یاخیبووەکـان ، دانووسـتاندنی نێوانیـان لـە وولاتـی سوێسرا بەرێووە دەچێ .

٢٠٠٦/١٠/٢٧ بە درێژایی سێ رۆژ دوو کۆنگرەی جیا لە هەمبەر رەوشی هەنوکەیی ئێراق لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا گرێـدرا ، لـە دوو رۆژی یەکەمـدا لێژنـەی پـشتگیری دیموکراسـی ئێـراق کۆنگرەیـەکی بـۆ زیـاتر لـە ١٠٠ سیاسـەتمەدارو رۆشـنبیری ئـەکادیمی ئێراقـی و کوردسـتانی لـە هـۆڵی سەنتەری رۆشنبیرانی کوردستان لە لەندەن سازکرد .

لەلایـەکی دیکـەوە وەزارەت دیـالۆگی ئێراقـی بـە ئامـادەبوونی – ئـەکرەم ئەلحەکیم – وەزیری دەووڵەت بۆ کاروباری دیالۆگی ئیشتیمانی و ژمارەیەك لە کەسایەتی و نوێنەری پارت و لایەنە رامیاریەکانی ئێراق کۆنگرەیەکیان لـە ١٠/٢٩ ی هـەمان سـاڵ سـاز کـرد ، لـە بـارەی بـاری ئـاڵۆزی ئێـراق و داهـاتوویی ئێـراق لـە بوارەکـانی ئـەمنی و ئـابووری و خزمـەتگوزاری و تیرۆرست و ئاوەدان کردنەوەو پەیووەندی وولاتی دراوسێ ... بەڵام ....!..؟.

٢٠٠٦/١٠/٢٨ ناوەندەکانی هەڵبژاردن لە سربیا دەرگاکانیان کردەوەو دەنگدەران دەنگیـان لە سەر راپرسیەکی گشتی کرد ، دەربارەی دەستووری نوێی وولات ... کە رایدەگەیـەنێت کـە هـەرێمی کۆسـۆڤۆ کـە ئێـستا لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانەوە بەرێوە دەچێت بەشێکە لە سربیا و لێی جیانابێتەوە .

لەحاڵـەتی دەنگـدان لـە بەرژەوەنـدی دەسـتوور کـە ئەمـە دەبێتـە یەکـەمین دەستوور بۆ دەووڵەتی سربیا و بە هەڵووەشاندنەوەی وولاتی یۆگسلافیا .

بەڵام ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ کە نزیکەی ٩٠٪ ی دانیـشتووانی هەرێمەکە پێك

دێنن ، کە ژمارەی ٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆنە ناتوانن دەنگ بدەن ... چونکە ناویان لە لیستی دەنگدەران نیە و لەو کاتەوە ، کە بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٠ نەکرد ، بۆیە کەس لە کۆسۆڤۆ بایەخێك بۆ راپرسیەکە دانانێت و ئەنجامەکەی هیچ کاریگەریەکی لە سەر رەوشی کۆتایی کۆسۆڤۆ نابێت ، گەر زیاتر لە ٥٠٪ دەنگیان لە سەردا لە کۆی ٦,٦٠٠ ملیۆن دەنگدەر .

٢٠٠٦/١٠/٢٨ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا سەرۆکی پێشووی لوبنان – ئەمین ئەلجومەیل – سەردانی کوردستان بکات و لە هەمان کات سەرۆکی پارتی کە تانیبی لوبنانیە و لە لایەن سەرۆکی هەرێم و بە رپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکراو چەند بیروبۆچوون لە بارەی کورد و ئێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆرکرا .

٢٠٠٦/١٠/٢٨ گرێدانی کۆنفرانسی شانۆی کوردی لە شاری منشنی ئەلمانی گرێدرا ، کە شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا و دەست نیشانکردنی ئامانجەکانی پاشە رۆژ و چۆنیەتی پەرەپێدانی شانۆی کورد بوو لە ئەوروپا ئەویش بە :-

١- دامەزراندنی ناوەندێك بۆ شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا .

٢ – دامەزراندنی لێژنەیەك کە پێك هاتووە لە پسپۆرو شارەزاو رەخنەگران

٣- دەستەی ئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی داهاتووی دەستنیشانکرا .

٢٠٠٦/١٠/٢٩ سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردوگان – لە راگەیاندنێکیدا گووتی :- حکوومەتی تورکیا ئامادە نیە هیچ گۆرانکاریەك لە یاسای سزادانی وولاتدا بکات ، ئەو لێدوانەی سەرەك وەزیرانی تورکیا لە کاتێکدایە ، کە یەکیەتی ئەوروپا تورکیای ئاگادارکردۆتەوە ماددەی ٣٠١/ ی یاسای سزادان بگۆردرێت ، کە تایبەتە بە پاراستنی شوناسی تورکیاو بە پێی ئەو یاسایە دەیان رووناکبیری ئەو وولاتە دادگایی کران ... یەکیەتی ئەوروپا ماددەی ٣١٠/ ی یاسای سزادان لە تورکیا بە پێشێلکردنی ئازادی را دەربرین دادەنێت و چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە نەگۆرینی ئەو یاسایە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە زیانی بە ئەندامبوونی ئەو وولاتە لە یەکیەتی ئەوروپا دەگەیەنێت .

٢٠٠٦/١٠/٢٩ کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی سەر بەهێلی ئاسمانی نیژیر کە ١٠٠ سەرنشینی هەڵگرتبوو گیانیان لەدەست داو لە گەڵ تێکشکانی فرۆکەکە ،

کە فرۆکەکە لە شاری لاگۆسەوە لە ڕێگەی شاری ئەبودژە دەیوویست بەرەو سۆکۆتۆ بچێت لە باکووری ڕۆژئاوای وولات لە شاری ئەبووژاش ، کە ١٠ لە سەر نشینەکانی دابەزین ، کە ژمارەیان ١١٠ کەس بوو ئەوەی کە لە ناو فرۆکەکە ماونەتەوە هەموویان گیانیان لەدەست دا ...؟.

٢٠٠٦/١٠/٢٩سەرۆکی کووبا – فیدل کارستڕۆ – دوای ٤٠ ڕۆژ لە چاکبوونەوەی بۆ یەکەمجار لە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن بە دیارکەوێت ... لە پەیامێکیدا بە جەماوەری کووبا کاستڕۆ نیشانیدا ، کە ئەو هێشتا نەمردووە ، کەچی هەواڵی مەرگیان ڕاگەیاندو دووپاتیکردەوە کەوا تەندروستی بەرەو باشی دەچێت .

٢٠٠٦/١٠/٢٩پاش ململانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی و دوای پێشکەشکردنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی دانسقە ، ئەحمەد هەردی شاعیری ، نەتەوەی کورد لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان و خانەوادەکەی کرد و لە ڕێورەسمێکی بەرچاو لە گۆرستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا .

شایانی باسە شاعیری نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە و بەشداری شۆرشەکانی گەلی کوردستانی کردووەو دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە .

شاعیر لە ماوەی تەمەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی دانسقەی پێشکەش بە گەلی کورد کردووە ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری لەندەن نیشتەجێ بووە و دوایی گەراوەتەوە هەرێمی باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی .

۲۰۰٦/۱۰/۲۹ زانـاو رووناکبیری سـۆڤیەتی جـاران و وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەتی جـاران و حکوومـەتی بـۆتینی رووسـیای یـەکگرتوو – یفگـینی بریمـاکۆڤ – ووتـارێکی لـە هـۆڵی کتێبخانەکـەی حـافز ئەسـەدی سـەرۆکی کۆچ کـردووی سـووریا لـە شـاری دیمەشـقی پایتـەختی سـووریا بـۆ ئامـادە بـووان خوێنـدەوە ، کـە زۆربـەی بەشداربووان لـە کۆڕەکەدا لـە بەر پرسانی پارتی بەعسی دەسەڵات دار بوون لە سەر سووریا .

ئەویش بەبۆنـەی بڵاوکردنەوەی کتابەکەی بە نـاوی – الشرق الاوسگ – . المعلوم و المخفی – ... کە کتابەکەی لە سەر باری جووڵانەوەی دیموکراتی و کۆمۆنیـستی لـە وولاتـانی عـەرەبی ، بـە تایبـەتی بەمـەش دیمـوکراتی و ئەسـیووبیا دەکـات ... هـەروا لـەدوای تـەواوبوونی کۆڕەکـەی لـە هۆڵەکـەدا واژووی لە سەر وانەکانی ئەو کتابەی کرد کە پێشکەشی ئامادەبووانی کرد لە هۆڵەکەدا .

جێگـەی باسـکردنە کـە دەسـەڵاتدارانی یەکیـەتی سـۆڤیەتی جـاران و هێڵـی رامیاریـەتی سـۆڤیەت بـە هـەمان شـێوەو شـێوازی وولاتـانی دیکـەی سەرمایەداری بوو ... بەڵام لـە بوارێك و کەش و هەوایـەك و بارێکی دیکەی دەسەڵاتەکەیان مامەڵەیان لە گەڵ وولاتانی جیهان دەکرد .

بـۆ نموونـە :– جووڵانـەوەی رزگـاری خـوازی نیشتیمانی و نەتـەوەیی لـە جیهـان و بزووتنـەوەی پارتـە کۆمۆنیـستەکان لـەجیهان و جووڵانـەوەی دیموکراتی لە جیهان ... کە سۆڤیەت پشتگیری لێدەکرد ، لـە پێنـاو دابەشی جیهان بوو لە ڕووی رامیاری و ئابووری و بازرگانی لە بەرژەوەندی تایبـەتی وولاتەکەی خۆی ئەویش :–

۱– بە پاڵپشتی سۆڤیەت کۆماری کوردستان لە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە

شاری مەهاباد لە ١٩٤٧/١/٢٢ ڕاگەیاندراو هەر بە پشتیوانی سۆڤیەت لە ١٩٤٧/١٢/١٧ ئەم کۆمارە ڕووخێندرا .

٢- بە پاڵپشتی سۆڤیەت کۆماری یەمەنی دیموکراتی لە بەشی باشووری کۆماری یەمەن دامەزرا ، کە پارتی کۆمۆنیست دەسەڵاتداریەتی گرتە دەست و دوای ئەوەش هەر بە پشتیوانی ئەو ، ئەو کۆمارە ڕووخێندرا و هەردوو کەرتی یەمەن یەکیان گرتەوە .

٣- هەروا بە پاڵپشتی سۆڤیەت ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ئەسیووبیا دامەزراو هەر ئەویش ڕەزامەندی لە سەر ڕووخاندنی کرد .

٤- هەروا لە کووبا و، لاوس و ، کەمبۆدیاو ، ڤێتنام و ، جەزائر و ، فەلەستین و چەندین جێگەی دیکە لە جیهان .

٥- دوای هەموو ئەو ڕووداوانە خۆشی لە ١٩٩٢/١٢/٧ لە ڕاگەیاندنێك هەڵووەشێندرایەوە ..

ئەمانە هەموو لە ئەنجامی بەرژەوەندی تایبەتی بوو لە بوارەکانی سەربازی و ئابووری و بازرگانی و ڕێکەوتنە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەو وولاتانەی کە کێشەکانیان تێیدا تەشەنەی کردبوو ... لەوانەش هەر بە چەك و تەقەمەنی سۆڤیەت لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و ، بە تایبەتی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەدرا لە ئێراق ، بێ ئەوەی بەرگری لە گەلانی چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق بکات ... هەروا لە چەندین بواری دیکە لە وولاتە جیاجیاکانی جیهاندا .

٢٠٠٦/١١/٢ لە دوای هەوڵێکی زۆر پەنەما توانی کورسیەکی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوو دەووڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەست بێنێ و هەر بەوبۆنەوە فەنزویلا و گواتیمالا دەستیان لە خۆ پالاوتنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوو دەووڵەتی کشاندەوە ، سەرەرای سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان وولاتانی ناوچەکە لە پەیوەندیە دبلۆماسیەکان .

٢٠٠٦/١١/٣ هەردوو وەزیری ناوخۆی ڕژێمی سووریا و ئێران لیوا بساو عەبدولحەمید لە گەڵ سەرکردەی هێزی ئاسایشی ناوخۆی ئێران عەمید ئیسماعسل ئەحمەدی ڕێکەوتن لە سەر فراوانکردنی – هاوکاری هاوبەشی نێوانیان و

بەهێزکردن و بەرەو پێشبردنی ئەو رێکەوتنامەی کەلە نێوانیان مۆرکرا – .

٢٠٠٦/١١/٣ لە ماوەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان – هاوپەیمانان پارتە نیشتیمانیەکانی لوبنانی راگەیاندرا لە ژێر دروشمی لە رێگای



هەڵسان بە دامەزراندنی بەرەیەکی بەرفراوان لە پێناو دەرچوونی نیشتیمان کە ئەم پارتانەی لە خۆ دەگرت – پارتی سووری نەتەوەیی کۆمەڵایەتی – پارتی پێشکەوتووی لوبنانی عەرەبی سۆشیالیستی – پارتی یەکیەتی – رێکخراوی رێکخستنی ناسری – جووڵانەوەی ناسریەکان – جووڵانەوەی گەل – جووڵانەوەی ناسری بێ لایەن – جووڵانەوەی لوبنانی عەرەبی – پارتی دیموکراتی گەل لە پێناو بەرگری کردن بە هەڵنەگیرسانی شەڕی ناوخۆ و چەسپاندنی ئاشتی و ماوەنەدان بە دەست تێوەرنەدانی دەرەکی لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٤ راپرسیەکانی ئەم دواییەی نیگاراگوا ئەوە دەردەخەن کەوا پێدەچێت لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی نیگاراگوا دانێل ئورتیگای سەرکردەکانی چەپرەوەکان لە دژی رکابەرەکەی ئەدواردۆ ئۆرتیگا سەرکەوتن بەدەست بێنێ ... دانێل ئۆریگا – شایانی باسە لە ساڵی ١٩٧٩ لە هەڵمەتێکیدا دەستی بە سەر زەوی دەووڵەمەندەکاندا گرت و بەو هیوایەی کە کۆتایی بە سیستەمی سەرمایەداری لە وولاتەکە بێنێ .

٢٠٠٦/١١/٤ سەرۆکی فەنزویللا هۆگۆ شاڤێز جارێکی دیکە هەرەشەی راگرتنی نەوتی لە ئەمەریکا کرد ، ئەگەر هەوڵی رووخانی حکوومەتەکەی بدات لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە نەنێت ، کە بەو هۆیەوە جارێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەڵبژێردایەوە .

هەروا ئەوەشی روونکردەوە کە بەرهەڵستکارانی حکوومەتەکەی بە پاڵپشتی ئەمەریکا پیلان لە دژی دەگێرێ بە پاڵپشتی ئەمەریکا .

٢٠٠٦/١١/٥ ئەو باو بارانەی کە ناوچەی سمێلان و بلێی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان گرتەوە زەرەرو زیانی ماددی پێکەوتووە ، کە لە ئەنجامدا تەواوی گووندی بلێ خاپوور بووە ، کە ١٥٠ سەر حەیوان و ٢ تراکتۆر و ٤ ئۆتۆمبیل و ، جگە لە خانووبەرەو کێڵگەو سامانی دیکە ، کە ئەو زیانە مەزەندە دەکرێت بە لە ٩٠٪ لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٥ لە یەکێ لە گۆرەپانەکانی شاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیا بە سەدەها کەس لە راستڕەو و نەتەوەییەکان بریاری قەدەخەکردنی خۆپێشاندانیان لەلایەن پارێزگای مۆسکۆ رەتکردەوە ... ئەم خۆپێشاندانە دژی پەناهەندە کۆچبەرەکان سازکراو تیایدا هەندێکیان دروشمی ئایینی و هەندێکی دیکەیان دروشمی نارەزاییان بەرزکردبووەوە دژ بەو پەناهەندانە . لە لایەکی دیکە وەك کاردانەوەیەك لە دژی ئەم رەفتارەی راستڕەوەکان ، چەپرەوەکان هەڵسان بە خۆپێشاندان وتێیدا دروشمی – من رووسیم – کەواتە فاشی نیم – یان بەرزکردەوە.



شایانی باسە لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوو راستڕەوەکان چەندین خۆپیچشاندانیان لە دژی هاتنی پەناهەندەو کۆچبەران بۆ رووسیا رێکخستبوو تا ئەم مێژووە نزیکەی ٤٠ کەس گیانیان لەدەستداوە و بەسەدا کەسیش زامدارکراون .

٢٠٠٦/١١/٥ وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەبدوڵلا گوول – لە چاوپێکەوتنێکیدا لە رۆژنامەکانی تورکیادا چەندین ووتەی لە سەر باری کوردستان و کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکان و دابراوەکان و ئێراق کرد کە ئاژانسی ئاسیۆشید پرێس ووتەکانی گوولی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە

. دابەشکردنی ئێراق دەبێتە هۆکاری ئاژاوەو خوێنرشتنی زیاتر .

ئەمە بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە دابەشکردنی ئێراق دەبێتە هۆکاری کۆتایی پێهێنان بەو ئاژاوەییە ، لەم بارەوە گوول گووتی :– نابێ هەرگیز بیر لەو ئەلتەرناتیفە بکرێتەوە لە بەر ئەوەی ئێراق بەرەو ئاژاوەیەکی تازە دەبات ئاسیۆشید پرێس نووسیویەتی :–

تورکیا کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێراقدا هەیەو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی کوردی تیایە ... ترسی ئەوەی هەیە سەربەخۆیی کوردستان لە ئێراقدا ببێتە هاندەرێك بۆ کوردەکانی تورکیا و کوردستانی سەربەخۆش ببێتە پاڵپشت بۆیان ، هەربۆیە گوول دەڵێت :– لە کاتی دابەشکردنی ئێراقدا دراوسێکان دەستە وەستان نابن و سەیری بارودۆخەکە بکەن ، لە بەر ئەوەی ئەم کێشەیە تەنیا کێشەی ئێراق نابێت و دەبێتە کێشەیەکی هەرێمی ناوچەیی و جیهان .

لە بارەی هەرەشەکانی بۆسەر هەرێمی باشووری کوردستان و گەرانەوەی شاری کەرکوك بۆسەر هەرێمی باشووری کوردستان ، گوول ئاماژەی بەوە کرد کە نابێ لە سەر خەونی کوردستان بەردەوام بێت ئەنکەرە رەخنەش لەوە دەگرێت ، کە لە نەخشەی کورد سەبارەت بە شاری کەرکوك واتە سەرۆکی دبلۆماتکاری تورکیا گوول دان بە پێکهاتەکان و دەستووری هەمیشەیی ئێراق و ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو حکوومەتەکەی

ئێراق نانێت .

٢٠٠٦/١١/٦ لە ژێر چاودێری حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە هۆڵی میدیا لە شـاری هـەولێری پایتـەخت لـە ژێـر دروشمـی – یـەکگرتن و سـەربەخۆیی ئۆلـۆمپی شـاری پێشکەوتنی وەزرش – کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هـەردوو – لێژنە و ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان گرێدرا – بە ئامادەبوونی شارەزاو کەسایەتی کـورد و بەرپرسـانی حکوومی و پـارتی و رووناکبیران و وەرزش وانان لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٦ رێکخراوی ترانسپێرێنسی ئینتەر ناشـنال ، کە رێکخراوەیەکی نـاحکوومی بە هێزی جیهانیەو بنکەی سەرەکی لە شـاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیایە , ئەم رێکخراوەیە لە سـاڵی ١٩٩٣ دامەزراوە ... کـار بۆ بنبرکردنی گەندەڵی لە جیهاندا دەکات ... ساڵانەش راپۆرتێك لـە سـەر ئاستی گەندەڵی لـە نێوو ژمارەیـەکی زۆر وولاتانـدا دەکـات ، کە تێیـدا ئاستی گەنـدەڵی ١٦٣ وولاتـی جیهانـدا ئاشـکراکرد و بە پێـی ئـەو راپۆرتـە ، کـە ئێـراق لـە خانـەی ١٦١ ی لیستەکەدا جێی گرتووە ، واتە ئێراق لە پلە سێی گەندەڵیە لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١١/٦ بڵاوکردنـــــــەوەی راســـپاردەی گروپـــی لێکۆلینەوەی ئێراق کە لـــە راپۆرتەکـــەی – بیکـــەر – هـــاملتۆن – داهـــــــاتبوو ... راســـپاردەکەی لـــە ٧٩ راســـپاردە پێکهـــاتبوو

... لە هەمان کات ئەم راسپاردانە داوا لە ئیدارەی حکوومـەتی ئەمـەریکا بە سەرکردایەتی جۆرج بۆش دەکات ، کە لە ٢٠٠٦/١٢/٣١ دەکات کە لەگـەڵ حکوومەتی ئێراق هەڵمـەتێکی تازەی دبلۆماسـی دەسـت پێبکـات ، لـە پێنـاو مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ئێراق و ناوچەکەدا .

جێگـەی دیاریکردنـە کـە لـە خـاڵی /٣٠ دا لـە بـارەی پارێزگـاری کەرکوکـدا هاتووە ئەمەیە :-

لــە ژێـر رۆشـنایی ئـەو بارودۆخـە مەترسـیدارەی کـە لـە کـەرکوك هەیـە .

پێویستی بە ناوبژیوانی نێوو دەوڵەتی هەیە بۆ دوورکەوتنەوەی لە توونددو تیـژی تـایفی ، کـەرکوک لەوانەیـە ببێتـە بەرمیلـە باروتێـك ، بـە ئەنجامـدانی راپرسی لە سەر چارەنووسی کەرکوك هەر وەك لە دەستوور هاتووە کە پێش کۆتـایی سـاڵی /٢٠٠٧ راپرسـی لـە سـەر بکرێـت ، ئـەوا ئـەو بەرمیلـە دەتەقێتـەوە ، هـەر بۆیـە پێویستە جیٚ بەجێکردنی دوابخریٚ ، دەبێـت ئـەو کێشەیە لە چوارچێوەی کاری دبلۆماسیدا بخرێتە سەر خشتەی کارەکانی – کۆمەڵەی نێوودەوڵەتی هاریکاریکردن لە ئێراق .

هـەروا لـە بارەی پرۆگرامـی حکوومـەتی مـالکی و هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی پارێزگاکان و چاوخشاندنەوە بە دەستووری ئێـراق ، کە لـە خاڵـەکانی ٢٦ – ٢٧ – ٢٨ – ٢٩ باسی لێوە دەکات ... هەروا ئەو راسپاردانە چەندین لایەنی دیکە دەکاتە پێنووسی راسپاردەکەیان ، لە ئێراق و ، ئێران و ، سووریا و ، توورکیا و ، وولاتـانی دیکـەی دراوسێی ئێـراق ... کە ئەم راسـپاردانە بـووە جێگـەی سـەرهەڵدانی نـارەزایی گـەلی کوردسـتان و چـەندین لایـەنی دیکـەی ئێـراق و وولاتـانی ناوچـەکە ، لـە هـەمان کـات بـووە جێگـەی دڵخۆشـکەری هەندیٚ وولاتی دیکە ، بە تایبەتی وولاتانی دراوسێی ، ئێراق و ، تورکیا لـە سەر باری پارێزگای کەرکوك .

هەرچـەندە ئـەو راسـپاردانە کـاری جیٚ بـەجێکردنی بـە دەسـتگیرنەبوونە لـە لایـەن حکوومـەتی ئەمـەریکا و شـێوەی یاسـایی خـۆی نەگرتـە کارەکـان لـە ئێراق و ناوچەکەو ئیدارەی ئەمەریکادا .

٢٠٠٦/١١/٧ کۆچی دوایـی گـەورە مۆزیکـای سـینەمایی – بـازل پۆلیـدۆریس – بـە هـۆی نەخۆشی شێرپەنجە ... کە لـە مـاوەی ٣٠ سـاڵدا ئـەو خزمەتـەی پێشکەش کردووە .

شـایانی باسـە ئـەو هونەرمەنـدە لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە شـاری کـساس سـیتی هاتۆتە دنیاوە .

٢٠٠٦/١١/٧ راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بە بەرەوپێشچوونی ووتووێژی نێوان حکوومـەتی نیپـال و بەرهەڵـستکارە ماویـەکان دەکـەن ، کـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشە سەرەکیە هەڵواسراوەکانی نێوانیان بەرێکەوتنێك گەیشتوون .

شایانی باسە کە ماوەی ١٠ ساڵ زیاترە شەڕو کوشتار لە نێوان هـەردوو لادا بەردەوامە ، کە بۆتە هۆی کوژرانی زیـاتر لـە ١٣٠٠٠ هـەزار کـەس ، لـە پـاش

راپەرینـە جەماوەریەکـەی پـێش دوو مـانگی رابـردوو لـەم وولاتـە گفتووگـۆ لەنێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە .

هــەر ئـەو راپەرینـەش گیاننــدای پاشــای وولاتەکــەی ناچـارکرد واز لــە فەرمانرەوایی راستەوخۆی ئەو وولاتـە بێنێت و حکوومەتێکی بنکە فراوان لە پارتەکان دابمەزرێنێت ... پەرلەمانی ئەم وولاتـەش بە تێکرایی دەنگ لـە هـەنگاوێکی بوێرانـەدا رژێمـی علمانیـەتی راگەیانـد کـە پێـشتر تاکە مامەڵـە لەگــەڵ هیندۆســیەکان بــوو لــە جیهــان و ئاسـستێکیش بــۆ دەســەلاتە بەرفراوانەکەی پادشای ئەم وولاتەداناو تەنیا وەك هێمایەك مایەوە .

٢٠٠٦/١١/٨ بەرەی تەوافقی مەزهەب سوونەی عەرەبی ئیسلام هەرەشەی چەك هەڵگرتن و کشانەوەی لە پرۆسەی رامیاری ئێراق راگەیاند ... شـایانی باسە لیستی بـەرەی تـەوافقی ئێراقی کـە گـەورەترین لیـستی عـەرەبی سوونەیە لـە نـاو ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئێراق هۆشـداریدا بە حکوومـەتی ئێراق ، گـەر ئـەو داوایانەی کە پێشکەشیکردووە جێ بەجێ نەکرێت بە تایبـەتی لـە هەمبـەری هاوسەنگی لە دانانی پۆستی دەزگاکـانی وولات ... کە ئـەو داوایانـەش دوو هەفتە بەر لـەو مێژوونامەیە ئاراستـەی لایەنە رامیاریـەکانی دیکـەی کـردوو هاوسـەنگی لـە پۆسـتەکانی دەسـەلات و هەڵووەشـاندنەوەی میلیـشیاکان و تەنیا چەك لە دەست دەووڵەت بێت .

٢٠٠٦/١١/٨ حکوومـەتی دانیمـارك داخوازیـەکانی رژێمـی تورکیـای رەتکردەوە سـەبارەت بەداخـشتنی کـەناڵی تەلـەفزیۆنی رۆژ تـی ڤـی کـوردی ، کـە لـە وولاتەکـەی پــەخش دەکرێــت ... حکوومــەتی تورکیــا چــەندین بەڵگــەی پێــشکەشی دانیمـارك کـردووە سـەبارەت بـەوەی ، کـە کـەناڵی رۆژ تـی ڤـی هـەوڵی ئـەوە دەدات تیرۆر لە تورکیا پەرەبسەنێ ... بەلام حکوومەتی دانیمارك بروای بـەو بەڵگانەی تورکیا نـەکردووەو داوای لـە حکوومـەتی تورکیـا کـرد بەڵگەنامـەی بروا پێکراو پێشکەش بکات .



٢٠٠٦/١١/٩ لە دوای هەوڵ و توانایەکی زۆر لە گفتووگۆی نێوان ڕووسیاو وڵاتانی عەرەبی و بە ئەنجام گەیاندنی ئەم گفتووگۆیەو ئەنجامەکەی بووە هۆی ئەوەی ، کە مانگی دەستکرد لە سەر پشتی موشەکێکی ڕووسی لە بنکەی گەردوونی – بایکانوور – لە کۆماری کازاخستان بەرەو ئاسمان رەوانەکرا ، لە پێناو بەهێزکردنی بواری گەیاندن و پەیوەندی بە ناوی – مانگی دەستکردی بەدر /٤ ، کە لە سەر هەژماری دەزگای عەرەبی بۆ گەیاندنی گەردوونی – ئەرەبسان – دوای ئەوە لە ڕاگەیاندنێکی هەردوو ئاژانسی – ئیتارتاس و ئەنترفاکس – ڕووسیا ، کە ئەو مانگە دەستکردە دەتوانێ پەخش و گەیاندنەکانی بگاتە باشووری ئەفەریکحیاو ڕۆژهەلاتی ناوەراست و هەندێك بەشی لە ئەورووپای ڕۆژهەلات لە جیهاندا .

٢٠٠٦/١١/١٠ لێژنەی ڕێکخستنی کار لە نێوان پارت و دەزگاکانی گەلی – کلدان – ئاشوور – سریان – یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی ئەندامانی لێژنەی دارشتنی دەستوور کرد ، لە هەرێمی باشووری کوردستاندا ، کە پانزە خاڵی لەخۆ گرتبوو ، لێژنەکە داوا دەکەن ئامارە بەکوشت و بری نێوان ساڵەکانی ١٩٢٣ – ١٩٦٩ بکرێ و ناویان بەکلدانی ئاشووری سریانی بهێنرێ و بە ڕوونی ماف ئۆتۆنۆمی لە دەستووردا ئامارەی پێبدرێ ، هاوکات داوا دەکەن کە ڕۆژی یەکی نیسانی هەموو ساڵێك – کە جەژنی سەری ساڵی کلدانی ئاشوور سریانیەکان – بکرێ بە پشووی رەسمی لە

هـەرێمی کوردسـتان لـە دەسـتووردا ، هـەروا یاداشـتنامەکە دوای چـەندین کۆبوونەوە لە نێوان پارت و دامەزراوە کلدانی و ئاشووری و سریانیەکانی هـەرێمی کوردسـتان سـەبارەت بـە تێبینیـەکانیان و بیروبۆچوونیان لـە مـەڕ پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان و دوا جـار نوێنـەری هەریـەك لـە پـارتی نیـشتیمانی ئاشـووری و رێکخـراوی کلـدانی ئاشـووری و پـارتی کۆمۆنیستی کوردستان و سەکۆی دیموکراتی کلدان و کۆمەڵەی رۆشنبیری کلـدانی و پـارتی بێـت نـەهرێنی دیمـورکراتی یاداشـتنامەکەیان مـۆرکردو ئاراستەی لێژنـەی دەسـتووری لـە پەرلـەمانی هـەرێمی باشـووری کوردسـتان کرا .

٢٠٠٦/١١/١٢ دەست پێکردنی پرۆسەی دەنگدان لە ئۆنوسیتیای باشوور بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکـە بـۆ بەشـداری کـردن لـە ریفرانـدۆمی سـەربەخۆیی ئۆسـیتیا ... ئۆسـیتیای باشـوور لـە سـاڵی ١٩٩٢ سـەربەخۆیی خـۆی لـە گورجـستان راگەیانـد دوای شـەڕێکی کـورت بـە هـۆی نـەبوونی بـە بەشـێك لـە یـەکێتی ڕووسـیا ، یەکیـەتی ئـەوروپا و ، پـەیمانی نـاتۆ ، رەخنەیـەکی توونـدیان لـەم ریفراندۆمە گرت و بەهۆکارێکی توندوتیژیان دانا .

شـایانی باسـە هاوولاتیـانی ئـەو هەرێمـە تـاکو ئێـستا پاسپۆرتی ڕووسـیا هەڵدەگرن و رۆڵی ڕووسیا بە کاردێنن ، بەڵام زمانەکەیان جیاوازەو نزیکە لـە زمانی فارسی لە ناوچەکەدا .

تێبینی:- لــە جێگەی دیکە بە شێوەیەکی تێروو تەسەل باسی هەدوو هەرێمی ئۆسیتیاو ئەبخازیا کراوە لە بەرگەکانی پێشوو لەگەڵ نەخشەی هەرێمەکان لە بەرگی سێیەمدا .

٢٠٠٦/١١/١٢ دەسـتپێکردنی کۆبوونـەوەکانی لوتکـەی ئاسـیا و ئۆقیانووسـی هـێمن لـە شاری هانۆی پایتەختی ڤێتنام ، کە ماوەی یـەك هەفتـە دەخایـەنێ و تیایدا بـاس لـە پەیوەندیـەکانی بازرگـانی نێـوان وڵاتـانی ئاسـیا و ئۆقیـانووس دەکرێت و چاوەروان دەکرێت یەکێك لە راسپاردەکانی لـە دوا رۆژدا بەسـتنی کۆنگرەیەك بێت لە بارەی ئەزموونی ئۆتۆمیی کۆریای باکوور .

٢٠٠٦/١١/١٢ سەرەك وەزیرانـی بۆسـنیا – عـەدنان ئـازریجی – دووپـاتی کـردەوە کـەوا دەووڵەتی سربستان لـە نێـو بۆسـنیا دانامـەزرێت و بۆسـنیا بـە یـەکگرتوویی

دەمێنێتـەوە ، ئـارزیج سـربەکانی بـەوە تاوانبـارکرد . کـە هـەردەم تەگـەرە دەخەنـە بەردەم ئەو چاکسازیيان کە یەکێتی ئەوروپا داوایدەکات و هـەموو لایـەك کـۆکن لـە سـەر یـەکبوونی خـاکی بۆسـنیا ، بـە تایبـەتی ئەمـەریکا و وولاتە زلهێزەکان ... داواشی کرد کەوا هەموو هاوولاتیانی بۆسنیا بـەرگری لە وولاتی خۆیان بکەن لە دژی سربەکان و بۆسنیا .

٢٠٠٦/١١/١٤ کۆبوونـەوەی لێژنـەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێراق بە سـەرۆکایەتی – جـیمس بیکـەر – و – لـی هـاملتۆن – لـە هـەردوو پـارتی کۆمـاری و ، دیموکراتی و ، ئەندامانیش ، کۆندۆلیزا رایس و ، جۆن هایدن و ، جۆرج نیگرۆ پۆنتی و ، مایکل هایدین و ، زەلمای خەلیلزاد ، لە گەڵ جۆرج بۆش ، لە کۆشکی سپی لە شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا ئەنجامدرا ، کە لەو دیدارە داوا لە جۆرج بۆش کرا کە هەنگاوی کارا بنرێت .

ئەویش بە دانانی پرۆگرامێکی گونجاو و لە بار بۆ هێورکردنەوە و بەرەو باش بردنی باری ئێراق لە سەر شێوازی رژێمی دیموکراتی لە ئەمەریکا لە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت بـە ئێراقێکـی دیمـوکراتی فیـدراڵی لـە هـەموو بـوارە جیاکان و کاردانەوەی لەسەر ناوچەو هەرێم.



٢٠٠٦/١١/١٦ لـەو کاتـەی کـە – مـەحمودی ئەحمـەدی نـەژاد – ی سـەرۆك کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە زانکۆی – ئەمیرکەبیر – لە تارانی پایتـەختی ئێـران ووتـاری پێشکەش دەکرد بۆ قوتابیانی زانکۆکە و قوتابیانی ئامادە بوو ووتاری ئەحمەد نەژادیان بری و بە دەنگی بەرز دروشم لە دژی نـەژاد دەڵێنـەوە ، بـە تایبـەتی لـە دروشمـەکانیان داوای مردنـی دکتـۆر ئەحمـەدی نـەژادیان دەکـرد ... دوای ئـەوە شـەرو پێکـدادان لـە نێـوان قوتابیـانی دژ بـە دەسـەڵاتی نـژاد و هاوپـەیمانانی نژدا لە گۆرەپـانی زانکۆکە بەرپابوو . بەو هۆکـارە سـەرەك کۆماری ئێران ووتارەکەی بری و ئەو کەسانەی بە کەمینەی ستەمکار دانا .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ئـەو ڕووداوە دوای ئـەوە هـات کـە لـە ١١/١٥ سەدان قووتـابی سەر بە باڵی چاکسازیەکان لە زانکۆی – ئـەمیر کـبیر – لـە شـاری تـاران خۆپێـشاندانیان دژی چەوسـانەوە سـازکرد و بـە دەسـەڵاتی داپلۆسێنەریان لە قەڵەمدا ، کە لەو زانکۆیە دوو چاری بوونەتەوە ... هـەروا لـە چـەندین زانکـۆو پەیمانگـەکان لـە شـارەکانی ئێـران دەنگـی نـارەزایی بـەردەوام دژی دەسـەڵاتی بـە نـاو ئیسلامی لـە ئێـران ، بـە تایبـەتی لـە ناوەندەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان .

سەرچاوە :– ئاژانسی هەواڵی نیمچە فەرمی فارسی .

٢٠٠٦/١١/١٧ سەرەك کۆماری پێشووی ئێران – محەمەد خاتەمی – لە کاتی سەردانەکەی بۆ تورکیا ، کە تەلەفزیۆنی ئێن تیڤی تورکی لێدوانەکەی محەمەد خاتەمی بڵاوکردەوە کە گووتی :– چارەسەرکردنی کێشەی یەکەکە لە کوردستانی تورکیا تـەنها بە ڕێگـای سەربازی چارەسەرناکرێت . خاتـەمی گـووتی :– پێویـستە کێـشەکانی گـەلی کـورد لـەو وولاتانـەی کـە تێیـدا دەژیـن چارەسەربکرێت و داواکانیان جێ بەجێبکرێت .

٢٠٠٦/١١/١٧ لـە ڕاگەیاندنێکیانـدا – پـارتی نیـشتیمانی ئاشـووری و ڕێکخـراوی کلـدۆ ئاشـووری – لـە پـارتی کۆمۆنیـستی کوردسـتان و پـارتی بێـت نـەهرێن و کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدانیەکان – داوایان لە حکوومەتی هـەرێمی باشووری کوردسـتان کـرد ... بـە پێـدانی دانیـشتووانی مەسـیحیەکانی رۆژهـەڵات و باکووری پارێزگای مووسڵ بە ماف ئۆتۆنۆمی و ، لـە هـەمان کات داوایـانکرد کـە ئـەو ناوچـانەی دەکەونـە نـاو سـنووری هـەرێمی باشووری کوردسـتان بگەڕێندرێتەوە سەر حکوومەتی کوردستان .

هەر بەم بۆنەش ئەو پارت و ڕێکخراوانە یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلـەمانی هەرێمی باشووری کوردسـتان کـرد ... بە دەسـت گیربوونیـان بـە دەسـتووری هەرێمی باشووری کوردستان و بەو سنوورەی کە نەخشەی کێشاوە بـەپێی بەڵگەنامە مێژوویی و جووگرافیەکان و گەڕاندنەوەی ناوچەی نەینەوا بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردستان .

هەروا داوایـان لـە پەرلـەمانی کوردستان کرد بە هـەمووارکردنی ئـەو برگـەو ماددانـەی کـە پەیووەنـدن بـە کلـدانی و ئاشـووری و سـریان هەیـە لـە سـەقامگیری دادپـەروەری و لـە هـەمان کات داوایانکرد بـە چەسپاندنی ئـەو

ماددەو برگانەش لە دەستووری ئێراق ، لە پێناو دڵنیا بوون لە داهاتوویان لە هەموو بوارەکانی رامیاری و ئابووری و نەتەوایەتی و ئایینی و رۆشنبیری لە وڵاتەکەدا ... لەگەڵ چەندین بیروو بۆچوونی دیکە لەم بوارانەدا .

٢٠٠٦/١١/٢١ کۆچی داویی دەرهێنەری سینەمایی ئەمەریکی – رۆبەرت ئالتمان – لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی لۆس ئەنجلۆس لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا .
شایانی باسە دەرهێنەری سینەمایی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٢٥ لە کەساس سیتی لە ئەمەریکا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

٢٠٠٦/١١/٢٥ وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا – فارشان ئۆسکانیان – لە سەردانەکەی بۆ قووبرس دەستی درێژکرد بۆ تورکیا ، لە پێناو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات ، وەکو پیشەیەك بۆ رێکەوتنی سیاسی لە سەر بابەتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان ، کە لە سەدەی ٢٠ روویدا لە گەڵ ئەوەشدا رایگەیاند ، کە مەبەست دانان بۆ تورکیا بۆ کۆمەڵکوژەیەکەی مەرجی پێشینە نیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکی سروشتی و دراوسێیەتی چاك لە نێوان هەردوو وڵاتدا .
شایانی باسە رژێمی تورکیا پەیووەندیەکانی دبلۆماسی لە گەڵ ئەرمینیای دراوسێ نیە بە هۆی ناکۆکیەکانی لە سەر قەسابخانەی ئەرمەنەکان لە ساڵانی ١٩١٥ – ١٩١٧ لە ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

٢٠٠٦/١١/٢٥ پاپای فاتیکان – پاپا بنیدلکتی شانزەهەم – یارمەتی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە دەدات ، بە هۆی ئەو لافاوانەی کە لە بەرواری ٢٠٠٦/١١/٥ لە تورکیاو کوردستان روویدا و داوای کرد ئەو یارمەتیانە بەبێ جیاوازی دابەش بکرێت بەسەر لێقەوماوان لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٢٥ هێزەکانی سووپای رژێمی ئێران سنووری باشووری کوردستانیان لە سەر سنووری پارێزگای سلێمانی بەزاندو بە نیازی پەلاماردانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان p.k.k بوون لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٢٥ لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارو گووندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی ئێران ، سەدان هاووڵاتی کورد ئامادەی خۆیان

ڕاگەیانـدبوو ، بـەڵام زۆربـەیان ڕێگـەیان پێنـەدراو تـا ئێـستاش هۆکارەکـەی دیار نیە ... ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئێران ، لـە شـارو گونـدەکانی پـاڵێوراو بـوو ڕێگـەیان پێنـەدرا بـە شـداری لـەم هەڵبژاردنە بکەن و مەزەندە دەکرا ، کە تەنیا لە شاری مەهاباد ٧٥٪ ڕێگەیان پێنەدرا ... گەرچی زۆربەی ئەندامانی پێشووی لێژنەکان کورد بوون و لـە شارەکانی دیکـەش بە هـەمان شێوەو و شێواز مامەڵـەیان بەرامبـەر بە کورد کردبوو لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١١/٢٧ لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسـیای یـەکگرتوو ، کۆنفرانسێك بەناوی ڕووسیا و جیهانی ئیسلامی گرێدرا و لەم کۆنفرانـسە پـسپۆڕ و لێکۆڵـەری زۆربـەی وڵاتـە ئیسلامیەکان و ڕۆژهـەڵاتنناس و پـسپۆڕانی زانکۆکـانی ڕووسیا ئامادەی بوون ... کە تـەوەرێکی ئـەو کۆنفرانـسە



تایبەت بوو بە پرسی کورد لە دوا ڕۆژی کۆنفرانسەکە ، کە ژمارەیەك بابـەتی بە پێز پێشکەش کران و هـەر لـە دوای کۆتایی کۆنفرانسەکە دکتۆر ناسح غەفور نوێنەری هەرێمی باشووری کوردستان ئامادەی بوو ، لـە هـەمان کات و لـە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٦ میدالیای پتـەوکردنی پەیوەندیـەکانی ڕووسـیا و کوردستانی پێ بەخشرا .

٢٠٠٦/١٢/٢ پرۆسەی هەڵبژاردن لە سلۆڤاکیا دەستی پێکرد بۆ هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی شـارەوانیەکان ، لـەم پرۆسـەیەدا کۆمـەڵ و گروپـە ڕامیاریـەکان بـە ١٢٧٦ پاڵێوراو بەشداری پارتە ڕامیاریەکانی دیکـەش ، کە بەشێوەی تاك دابـەزی و ٣٨٥٩ پاڵێوراویان هەیە ، هەر لەم پرۆسـەیەدا پراتیسلاڤای هاووڵاتیانی پایتـەخت پارێزگار و ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی شـار هەڵدەبـژێرێت جگـە لـە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی ، بە پێی دوایین هەواڵیش پرۆسەکە بەبێ

گرفت بەرێوەچوو لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/١٢/٢ لێژنەی سەرپەرشتکارانی خەلاتەکانی -- بوٚلتیەرز -- بوٚ روٚژنامەگەری رایگەیاند ، دوای ٢٦ ساڵ و دوا بە دوای ئاشکرابوونی بریاریاندا وێنەگرێکی ئێرانی خەلات بکەن ... جیهانگیر رەمزی ئەو وێنەگرە ئێرانیە بوو ، کە لە مانگی /١٩٧٩/٨ وێنەی لە سێدارەدانی ١١ بەندکراوی ئێرانی لە روٚژنامەیەکی ئێرانی بلاوکردەوە ، بە بیٚ ئەوەی ناوی وێنەگرەکە ئاشکرا بکرێت بە مەبەستی پاراستنی گیانی وێنەگرەکە .

کە دواتر ئەو وێنەیە لە هەموو روٚژنامە جیهانیەکان بلاوکراوە و خەلاتی دەزگای روٚژنامەگەری پوٚلتیەدزی ١٩٨٠ ی بە دەست هێنا ، بەبیٚ ئەوەی خاوەنەکەی دیاربێت لە لایەن خوٚشیەوە -- سیگ گیسلەر -- ی بەرپرسی خەلاتەکانی پوٚلیتەرز ئاشکرای کرد ، کەوا لە سەر داوای رەمزی خوٚی ناوەکەی ئاشکراکراوە و داوەتنامێکیان ئاراستەی رەمزی کردووە تاکو لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەلاتەکانی ٢٠٠٧ ئامادە بێت کە لە مانگی/٢٠٠٧/٣ ئەنجام دەدرێت .

٢٠٠٦/١٢/٣ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ، نەشیروان مستەفا ، دەستی لە کاری پارتایەتی لە یەکیەتی نیشتیمانی کشاندەوە ، دوای ٣٠ ساڵ لە خەبات ، ئەویش بە هوٚی کێشەی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی یەکیەتی ، بە تایبەت لە دوای هەلبژاردنەکان لە مانگی ٢٠٠٦/١٠/١١ .

٢٠٠٦/١٢/٥ بە هوٚی بارودوٚخی باری پارێزگای کەرکوک و ناوچە لێدابراوەکانی و جیٚ بەجیٚ نەرکردنی ماددەی/١٤٠ ی یاسای هەمیشەیی ئێراق ... پارت و رێکخراوە کوردستانیەکانی پارێزگای کەرکوک بیرخەرەویەکیان ئاراستەی لێژنەی بیکەر – هاملتوٚن کرد ، لە بارەی چارەسەرکردنی رەوشی کەرکوک و

داخوازیەکانی پارێزگاکە ، کە ١٦ پارت و رێکخراوی کوردستان لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری ... کە ئەم کۆبوونەش لە بارەی کۆمیتەی ناوخۆی پارتی و کۆمۆنیستی کوردستان بوو لە پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٦/١٢/١٠ جێگری سەرەك کۆماری ئێراق – تارق ئەلهاشمی – لە سەر داوەتێکی رەسمی لە لایەن ئەمەریکا گەیشتە شاری واشنتۆن و چاوپێکەوتنی لە گەڵ سەرۆکی ئەمەریکا – جۆرج بۆش – ئەنجامدا ، لە بارەی باری ئێراق و دۆزینەوەی رێگە چارەی پەیوەندیە ناوخۆیی و ناوچەو هەرێمەکان .

٢٠٠٦/١٢/١٠ دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی لێژنەی بیکەر – هاملتۆن ، هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بەو راپۆرتە ... بیتەر گالیرێس دیبلۆماتی پێشووی ئەمەریکا داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد ئەگەر پێشنیارەکانی لێژنەی ناوبراو لە ئێراقی فیدراڵ جێ بەجێکرا ، ئەوە هەموو پەیوەندیەکانی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی رابگرێت .

راپۆرتەکەی بیکەر – هاملتۆن ٩ خاڵی سەبارەت بە ئێراق و دراوسێکانی لەخۆ گرتووە .

سەبارەت بە کوردستان راپۆرتەکە لە راسپاردەی ژمارە/٣٠ دا داوای دواخستنی ماددەی/١٤٠ ی دەستوورو راپرسی لە سەر کەرکوك دەکات و چارەسەرکردنی بەناوبژیوانی نێوو دەوڵەتی و بە گروپی پشتگیری نێوو دەوڵەتی دەسپێرێ ، هەروا لە راسپاردەی /٢٨ یشدا ، دەسەڵاتی بەناوهێنانی کێڵگەکان نەوت لە هەرێمەکان وەردەگرێتەوە و کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و حکوومەتی مەرکەزی دەگەرێنێتەوە ، پیتەر لە لێدوانێکی تایبەت بە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا ، داوا لە حکوومەتی کوردستان دەکات .

ئەگەر پێشنیارەکانی لێژنەی ناوبراو جێ بەجێکرا ئەوە گشت پەیوەندیەکانی لە گەڵ بەغدا رابگرێ و ریفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی راگەیاندووە ، کە بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری باشی دەبێت لەجێ بەجێ نەکردنی ئەم راسپاردانەو پێویستە سەرکردایەتی کورد لە سەر دژایەتی نەکردنی ئەم راپۆرتە بەردەوام بێت .

٢٠٠٦/١٢/١١ لە دوای ٢٥ساڵ لە دابرانی پەیوەندی لە نێوان هەردوو رژێمی بەعس لە ئێراق و سووریا لە پەیوەندی دبلۆماسی و باڵوێزخانەیی کە ئەمڕۆ باڵوێزخانەی ئێراق لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا کرایەوە .

٢٠٠٦/١٢/١١ گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی رامیاری ئاسایشی نیشتیمانی ئێراق بە ئامادەبوونی بەڕێزان – جەلال تاڵەبانی – و –– مەسعوود بارزانی – و –– مەحمود مەشهەدانی – و –– نوری مالکی – و سەرۆکی ژمارەیەك قەوارەی سیاسی و کوتلەی پەرلەمان بەشداریان تێداکرد ، گفتووگۆکان لە پێناو بەرەو باش بردنی باری ئەمنی و ئیداری و پرۆژەو هەنگاونان بەرەو پێشەوە

.

٢٠٠٦/١٢/١١ وەك هەڵوێستێك دژ بە راپۆرتەکەی بیکەر – هامیلتۆن تەواوی پارتە سیاسیەکانی کوردستان کە پێکهاتوون لە ١٥ پارتی کوردستان لە بارەگای لقی /٢ پارتی کۆبوونەوە لە هەولێر .

٢٠٠٦/١٢/١١ دەنگدانی هەرێمی ئاتشێی ئەندۆنسیا بۆ بەشداری کردن لە یەکەمین هەڵبژاردنی بەرپرسانی خۆجێی روویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد ، ئەمەش لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئاشتی نێوان حکوومەت و جودا خوازەکانی ئاتشێی دێت ... کە لەم دواییە واژووی لەسەرکراو کۆتایی بەو ململانێیە هێنا ، کە زیاتر لە ٢٩ ساڵ کوشتاری خایاند و نزیکەی ١٥ هەزار کوژراوی لێکەوتەوە ، بە پێی رێکەوتنەکە جودا خوازی ئاتشێی دەستبەرداری جیابوونەوە لە ئەندونوسیابوون پاش ئەوەی حکوومەت رازی بوو ئۆتۆنۆمیان پێ بدات و مافی ئەوەیان هەبێت بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٦/١٢/١١ مۆرکردنی رێکەوتنامەی نهێنی لە نێوان کوێت و پەیمانی باکووری ئەتلەسی بە گۆڕینەوەو پێدانی زانیاری ... بە تایبەتی زانیاری لە سەر هەردوو بواری ئاسایش و سەربازیدا ... ئەم رێکەوتنەش لەدوای دەست پێشخەریەکەی پەیمانی ئەتلەس هات ، کە لە ٢٠٠٤/٦/٣٠ کۆبوونەوەی پەیمانی ناتۆ لە شاری ئەستەمبوڵی تورکی ئەنجامدرا .

دوای ئەوە چەندین بەرپرسانی ناتۆ بە وولاتانی کەنداودا سوورانەوەو گفتووگۆیان لەگەڵ بەرپرسانی دەسەڵاتدارانی ئەو وولاتانە ئەنجامدا .

ئەویش لە پێناو بە هێزکردنی هاوکاری لە هەموو بوارەکانی ئاسایش و سەربازی ، بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکەی ٢٠٠١/٩/١١ ، هەردوو شاری واشنتۆن و نیویۆرکی ئەمەریکی و جەنگی ئەفگانستان و ئێراق .

ئەویش بە هۆی لە بارچوونی ئارامی و ئاسایش لە و دوو وڵاتەو دراوسێکان و ناوچەو هەرێمەکان لەجیهاندا ، بە تایبەتی لە کێشووەری ئاسیادا لە هەموو بوارەکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و پەیوەندیە هەمەلایەنەکان ، لە نێوان ئەو وڵاتانەو پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان .

٢٠٠٦/١٢/١٢ لەخوولی/٢٧ سەرانی Gcc لە پایتەختی شانشینی سعوودیە گریداو سەردانی ئەم وڵاتانە بریاری دەرکردنی دراوێکی یەکگرتوو بۆ کەنداو لێکۆڵینەوە لە سەر توانای دەستەبەرکردنی وزەی ئەتۆمیان دەرکرد ... ئەگەرچی دەرکردنی مەسەلەی دراوی یەکگرتوو بۆ وڵاتانی Gcc تازە نیە و چەند ساڵێکە چۆتە ئەجندەی کارەکانی Gcc یەوە ... بەڵام بە ئەگەرەکانی دەستەبەرکردنی توانای ئەتۆمی ئەمە یەکەمین جارە چۆتە ئەجندەی Gcc بەکۆ دەنگی هەنگاوی عەمەلی بۆ دەنرێ ، کە ئەمە خۆی لە دوو بریاری گرنگ دەگرێ ، یەکەمیان :- بە دەرکردنی دراوێکی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠١٠ ، دووەم :- هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی توانای ئەتۆمی لە نێوان وڵاتانی کەنداو ئەویش :- - سعوودیە - قەتەر - ئیماراتی عەرەبی - بەحرێن - عومان - لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٦/١٢/١٣ حکوومەتی چینی مللی لە بریارێکیدا ١٥٠ ملیۆن قووتابی لە گوندو شارۆچکەکان لە باجی خوێندن لێخۆشبوونیان بۆ دەکرا ، بە هۆی نا لە

باری باری ئابووری لە قووتابیانی گووندنشینەکان لە چین ... ئەمەش لە پێناو هەڵگرتنی ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان ناوچە کەناریە

دەوڵەمەندەکانی و هەرێمە هەژارەکاندا هەیە .

ئەم لێخۆشبوونەش لەو قووتابیانەی کە خوێندنیان ماوەی نۆ ساڵە ... ئـەم لێخۆشـبوونەش بودژەکـەی ١٥ ملیـار یوانـە ... کـە دەکاتـە ١,٩٠٠ ملیـار دۆلاری ئەمەریکی ساڵانە ... هەروا چینی مللی بەر لەو بریارەش دیسان ٥٠ ملیـۆن قووتـابی دیکـە لێخۆشـبوونی بـاجی خوێنـدنی بەرکـەوت ... ئەمـەش لـــەدوای بەرزبوونـــەوەی نـــارەزایی جووتیـــارانی نیـــشتەجێی گونـــدو شارۆچکەکان دێت ... کە ئەم هەنگاوەش یارمەتی دەرە بۆ بـەرەو باشـبردنی باری ژیانی جووتیاران و کاسبکاران لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە : رۆژنامەی – تشاینا دیلی /٢٠٠٦/١٢ .

٢٠٠٦/١٢/١٣ سـەرۆکی ئەمـەریکا – جـۆرج بـۆش – داوای کردنـەوەی دۆسـیەی بـاری نـاوخۆی سـووریای کـرد ... هـەروا داوای ئـازادکردنی بەنـدە رامیاریـەکانی کرد لەژێر دەسەلاتی بەعس لـە سـووریا ... هەروا داوای راگـرتنی سـووریای کـرد لـە پـشتگیری کردنـی لایەنـە دژەکـانی ئـارام بوونـەوەی بـاری لوبنـان و دوورکەوتنـەوە لـەو هەلوێـستانەی کـە نائـارامی و بەیەکـەوە ژیـانی گـەلانی لوبنان دەخاتە مەترسی .

ئەمەش لە بلاوکردنەوەی بەیانێك هات لە لایەن – بیت الابیچ – هەروا بۆش داوای ئاشکراکردنی ئەو جێگایە دەکات کە لوبنانیەکانی لیٚ حەشاردراوە ، هەروا داوای لە حکوومەتی سووریا کرد . کە دەست تێوەردان لـە کاروبـاری لوبنان نەکرێت ... هەروا لە بارەی گفتووگۆکردن لە گەڵ سووریا و ئێـران بـە پێـی راسـپاردەکانی – هـاملتۆن – بیکـر – بـەلام بـۆش لـەو راگەیاندنەیـدا روونی کردەوە ، کـە چاوپێخشاندنەوە لـە ئیـستراتیژیەتی ئێـراق و ناوچـەکە دەکرێت .

لـە هـەمان کـات سـەرۆکی ئەمـەریکا بـۆش داوای لـە وولاتـانی دوارۆسـێی ئێـراق کـرد کـە هـەوڵی بـەرەو باشـبردنی بـاری نـاوخۆو پەیوەندیـەکانی لـە دەرەوە بـــدرێت و ، هـــەروا لوبنـــان و دوای ئـــەوە هەوڵـــدان لـــە پێنـــاو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە ناوچەکەدا .



٢٠٠٦/١٢/١٨ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – تـۆنی بلێـر – لـە گـەڵ سەرەك وەزیرانی توركیا – رەجەب تەیب ئۆردوگان – كۆبوونەوەیـــــەكی هاوبەشیان لـە ئەنكـەرەی پایتەختی توركیا ئەنجامدا ... دوای ئـــەوە لـــە كۆنگرەیـەكی رۆژنامەوانیـدا تـۆنی بلێـر گـووتی :– بـە هێزكردنـی رەوتـی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست جەختی لەسەر ئەوەكردەوە ، كە توركیا لە دانوساندنەكانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین خاوەن پێگەیەكی تایبەتە .

هـەروا تـۆنی بلێـر گـووتی :– سـەقامگیركردنی ئاشـتیانە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراست هەوڵی هـەموو لایەكە ... دوای ئەوە بلێر پشتیوانی خۆی بۆ بە ئەنـدام بـوونی توركیـا لـە یـەكێتی ئـەوروپا دووپـاتكردەوە ... دوای جێبـەجێكردنی داواكـانی یەكیـەتی ئـەوروپا لــە وولاتەكەیـدا . ئــەم گفتووگۆیـەی نێوان بلێـر و ئۆردوگـان لـە دوای سـەردانەكەی بلێـر بـوو بـۆ توركیـا ... كـە تـۆنی بلێـر چـەند مـانگێكی لـە دەسـەڵاتداریەتی سـەرەك وەزیرانـی بـەریتانیای مـاوەو هەوڵـەكانی لـە پێنـاو رووسـپی كردنەوەیـە بەرامبـەر بـە هەڵوێـستە جۆراوجۆرەكـانی چ بـۆ نـاوخۆی بـەریتانیا و چ بـۆ وولاتانی جیهان .

٢٠٠٦/١٢/١٨ پرۆسەی هەڵبژاردنەكان لە شاری دوبەی و رەئس ئەلخەیمە درێژەی كێشاو بەرلەوەی بەیانی چوارشەممە لە عەمان و ئەلشارقە و ئەم ئەلقیوین كۆتـایی بێت ، ئەم هەڵبژاردنەش ئامانج لێی دەستنیشانكردنی ٢٠ ئەندامە لە كۆی ٤٠ ئەنـدام ، لـە ئەنجوومـەنی فیـدراڵ . كـە دەسـەڵاتێكی راوێـژكاری هەیـە بۆ ئەوەی فەرمانرەواكانی ئیمارات دابمەزرێنێت .

جێگـەی باسـە بـۆ كردنـە ئەنجامـە فەرمییـەكانی دەریخـستووە كـە رێـژەی بەشداریكردنی لە ئەبوزەبی گەیشتە لـە ٦٠٪ . بەڵام لـە ئەلجەزیرە گەیـشتە ٨٠٪ لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٦/١٢/١٨ لـە دوای گفتووگۆیـەكی چڕو درێژخایـەن لـە تـەلاری ئەنجوومـەنی وەزیرانـی

حکوومەتی ناوەندی ئێراق لە شاری بەغدای پایتەخت ، سەرەك وەزیرانی ئێراق – نوری مالکی ° و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی دۆسیە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوولا ، بە تایبەتی دۆسیەی نەوت و سامانە سروشتیەکان گفتووگۆکرا و بە یەکلادنەوەی دۆسیەی ئەمنی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی ، دوای ئەوەش لە لێدوانێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دۆسیەی بوودژە تەواو بوو بە رێژەی ١٧٪ی بوودژەی ئێراق بۆ هەریمی کوردستان چەسپێندرا .

٢٠٠٦/١٢/١٨ رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکی لە راپۆرتێکی ئەمنی ٤٠ لاپەرەی نهێنی گواستۆتەوە ، کە حکوومەتی سعوودیی ئاماژەی پیٚ کردووە ، ئێران بە شێوەیەکی کردەیی دەوڵەتێکی مەزهەب شیعەی لە ناو دەوڵەتی ئێراقدا دامەزراندووەو هەموو پێداویستیەکیشی بۆ دابینکردووە ... رۆژنامەکە لە راپۆرتەکەی گواستۆتەوە ، کە ئێران چەك بە میلیشیا شیعیەکان دەدات و مەشق و راهێنانیان پێدەکات و زۆرچالاکانەش هاریکاری ئەو سیاسەتمەدارە ئێراقیانە دەکات کە لایەنگیری ئێرانن .

٢٠٠٦/١٢/١٩ دادگای تورکیا دەستی کرد بە دادگایی کردنی چوار کەس بە بیانووی ئەوەی کە بوونی ناسنامەی تورکیان رزاندووە ... لە ماوەی وەرگێراندنی

کتابێك بە ناوی – الاقتصاد اليامی لوسائل الاعلام الجماهيری – کە ئەم کتێبە لەلایەن ئەکادیمی ئەمەریکی – نعوم تشومسنکی – دانراوە ... ناوەرۆکی کتابەکەش باس لە رۆڵی راگەیاندنەکانی تورکیا دەکات لە ئەنجامەکانی گەلانی تورکیا .

هەروا رەخنە لە هەڵوێستی تورکیا دەگریٚ بەرامبەر نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا ... ئەم چوار کەسەش نووسەر --- فاتح تاس وەرگێر ئاتدر أیاد و . لە گەڵ دوو سەرنووسەر– عومەر فارووق کۆرهان – و – تایلان تۆسۆن – بەر لەوەش

یەکێتی ئەوروپا داوای لە تورکیا کردبوو بە چاکسازی کردن لە یاسای تاوانەکان و تورکیا ماوە بەو یاسایە دەدات ، کە ئەمەش کۆسپێکە لە بەرپابوونی ئازادی بیروبۆچوون لە تورکیا ، ئەم یاسایەش دژی نووسەرو رۆژنامە نووسەکانی تورکیایە و بە تایبەتی رۆماننووس – ئۆرهان یاموك – کە هەڵگری پاداشتی نۆبڵە لە ئاداب و هەروا بە دەیا نووسەرو رۆژنامەنووس دیکە لە تورکیا .

٢٠٠٦/١٢/١٩ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵ داوای لە حکوومەتی ئێراق کرد وەك نارەزایی دەربرین دژی گرێدانی کۆنگرەی بەناو پشتیوانی لەخەڵکی ئێراق ، کە لە تورکیا بەسترا ... بەبانگ کردنەوەی باڵوێزی لەو وڵاتەدا ... کە لیژنەکە داوای لە سەرەك وەزیرانی ئێراق کردووە ، کە هیچ شاندێك بۆ تورکیا رەوانە نەکات .

٢٠٠٦/١٢/١٩ داداگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا ، تورکیای بە تاوانبار زانی لە بەر ئەوەی لە پاراستنی ژیانی نووسەرو دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان و خەڵکی سەرکەوتووە نەبووە .

دادگای ئەوروپا رایگەیاند ، کە تورکیا دەیزانی ژیانی سەرکردەی کوردی لە مەترسیدایە . بەڵام هیچ هەوڵێکی جدی بۆ پاراستنی گیانی موسا عەنتەر ئەنجام نەداوە و ناوبراو کە چالاکیەکی رۆشنبیری کوردی تورکیا بوو لە ساڵی ١٩٩٢ کوژرا ، دادگای ئەوروپا دوای تاوانبار ناسینی حکوومەتی تورکیا بوو هەروا داوای کرد کە رێژەی ٢٥٠٠ یۆرۆ کە دەکاتە ٣٢٠٠ دۆلار وەك قەرەبووی حالەتی دەرونی خێزانەکەی موسا عەنتەر و ، هەروا ٢٥٠٠ یۆرۆش بۆ تێچوون و خەرجیەکان بدرێتە منداڵەکانی موسا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە موسا عەنتەر بەرێوەبەری پێشووی مەڵبەندی کوردی بوو لە ئەستەمبۆڵ ، کە بیرۆکەکانی پاراستنی مافەکانی کوردی بەناوبانگ بوو لە شاری دیاربکرو لە لایەن کەسێکی نەناسراو لە کاتی سازدانی ڤیستیڤالێکی خۆجێی تیرۆرکرا ... کە ئێستاش دادگای ئەورووپی لەو لێکۆڵینەوەیە بەردەوامە .

٢٠٠٦/١٢/٢٠ لە ئیمارەتەکانی شارقە و عەجمان و ئوم القدیون دەستکرا بە دوا قۆناخی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەم ئیمارەتانە ، ئەم هەڵبژاردنەش تا ئێستا یەکەمین

پرۆسەی دەنگدانە لە مێژووی وولاتەکە ، لەم پرۆسەیەدا ٥٩٥ هەزار کەس بەشداری تێدا کرد ، کە ١١٦٣ کەسیان ئافرەت بوون ، نوێنەرانی ئیماراتی عەجمانیش ژمارەیان ٤٣٦ کەس ، کە ٢٤ ئافرەت بوون ، لە شاریقە لە کۆی ١٠١٧ کاندیدەکان ٢٧ ئافرەت بوون ، کە تاکو ئێستا بۆ یەکەمجارە ئافرەت لە ئەبووزەبی کورسیەکی پەرلەمانی مسۆگەر کردووە .

٢٠٠٦/١٢/٢٠ لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا ، یەکەمین دوو ستوونی تاوەری ئازادی دانرا ، لە شوێنی تاوەری بازرگانی جیهانی کە لە ٢٠٠١/٩/١١ بەهێرشێکی تیرۆرستی روخێنرا ، ئەم تاوەرە بەرزی ٥٤١ مەترە دەبێتە بەرزترین باڵەخانە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٦/١٢/٢١ دبلۆماتێکی تورکی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات ئەوەی رەتکردەوە ، کە وولاتەکەی هیچ هاوکاریەکی هێزەکانی رژێمی رووخێنراوی بەعسی کردبێت لە شالاوە بەدناوەکەی ئەنفالدا لە ساڵی ١٩٨٨ ... ئەو دبلۆماتکارە لە وەڵامی ئەو بەڵگەنامانەدا کە لەچوارچێوەی دادگایکردنی سەدام و دارو دەستەکەیدا ، کە لە رۆژانی بەر لە ١٢/١٩ باسیان لە هاوکاری نێوان تورکیا و رژێمی بەعسی لە ئێراقدا دەکرد لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا گووتی :-

ئەوە هیچ پەیوەندی بەراستی نیە و ئەوە لە نێوان خوودی ئێراقیەکانەوە بووەو ئێمە هیچ پەیوەندیمان پێوەوە نیە ... هەروا گووتی :- کۆمەڵگای نێوو دەووڵەتی ئەو هاوکاریانەی لە بەرچاوە ، کە تورکیا پێشەکەشی کوردەکانی ئێراقی کردووە ، لە ئاماژەکەیدا بۆ کۆچرەوەکەی ساڵی ١٩٩١ و پەنابەرانی کوردی سەرسنووری تورکیا کە لەسەر خاکی کوردستانە .

شایانی باسە هاوکاریە مۆرکراوەکانی سنووری لە نێوان رژێمی بەعسی و رژێمی تورکیا و وولاتانی دراوسێ و ناوچەو جیهان لەو رێکەوتنامانە ئاگادارن ، کە لە دوای ساڵەکانی ١٩٨٠ لە نێوانیان مۆرکرابوو دژی بزووتنەوەی کورد ، کە لە سەر خاکی هەر چوار پارچەی کوردستان و راگواستنی گوند نشینەکانی بە پانی ٢٠ کم و بە درێژایی سنوورەکەدا .

٢٠٠٦/١٢/٢٥ یەکـەمین ڤیـستیڤاڵی کورتـە فلیمـی نێـوو دەووڵەتی هەولێر ، لە ژێـــر چـــاودێری سـەرۆکی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و بـە ئامـادە بـوونی نوێنـــەری وەزیـــری ڕۆشـــنبیری و وەزیـــری وەرزش و لاوان و ژمارەیـــەك لـــە بەرپرســـان و هونەرمەندانی هـەر چوار پارچەی کوردستان لـە هـۆڵی میدیا لـە شـاری هـەولێری پایتـەختی هـەرێمی کوردسـتان دەسـتی پێکـرد ... کـە ٢٥ کورتـە فلیمی خۆماڵی و ٢٥ کورتـە فلیمی نێوودەووڵـەتی لـەخۆ گرتبوو بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو لە هەرێمەکەدا .

٢٦ ١٢ ٢٠٠٦ئەنجوومـەنی گـەڵ لـە تورکمانـستان کـە باڵاترین دەسـەڵاتی دەسـتووریە لـە وولاتەکەدا بریاریدا لە سەر یاسای هەلبژاردنی سەرۆك لە وولاتەکەدا ، لە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ و لە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی تورکمانستان لە یەکیـەتی سـۆڤیەتی جـاران ... ئەمـەش لـە دوای کۆچـی دوایـی سـەرۆکی تورکمانستان – سابر مورد نیازۆف – کە بە باوکی تورکمان ناو زەند بوو ... بـەر لـەوەش لـە سـاڵی ٢٠٠٣ ، ئەنجوومـەنی گـەڵ لـە سـەر داوای سابرنیازۆف یاسایەکی دەرکرد بە پێکهێنانی دەستەیەکی باڵا کە لە دوو ئەندامی پەرلەمان و ئەندامانی حکوومەت و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی و داواکاری گشتی پێکهاتبوون لە وولاتەکەدا .

ئەم یاسایەش بە هەمان شێوازچەندین ئەندامی لەو دەستەیە گۆری بە جێگە گرتنـەوەیان بە ئەنـدامی نـوێ لە سـەر داوای سـەرۆك و باری نـوێی وولاتەکـە لـە دوای مردنـی نیـازۆف و جێگـەی گرتنـەوەی لەلایـەن بـردی محەمەد دۆف لە سەر دەسەڵاتداریەتی وولاتەکەدا .

٢٦ ١٢/٢٠٠٦ کۆچی دوای سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا – جیرالدفۆرد – لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا – فۆرد – لە ساڵی ١٩١٣ لە ویلایەتی لیبراسکا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... جیرالدفۆرد لەدوای تەوابوونی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا – ریچارد نیکسۆن – لە ساڵی ١٩٧٤ سەرۆکایەتی ئەمەریکای گرتە دەست ... بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٦ بەرامبەر سەرۆکی ئەمەریکا – جیمی کارتەر – دۆراندی و جیرالدفۆرد ٣٨مین سەرۆکی ئەمەریکا بووە .

لە کاتی سەرۆکایەتیەکەی لە ساڵی ١٩٧٥ هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە ... هەروا بەهۆی رامیاریەتی گەلانی ئەمەریکا لە ١٩٧٤/٨/٢٤ لە خۆپێشاندان و مانگرتن و نارەزایی بەرامبەر رامیاریەتیەکەی دەردەبرن بە هۆی دەرکردنی فەرمانی لێخۆشبوون لە سەرۆک – نیکسۆن – کە بەتۆمەتی – وتەرگێت – لەدەسەلات لادرا لە وولاتەکەدا .

٣٠ ١٢ ٢٠٠٦ لە دوای سەردانەکەی پاپای فاتیکان – بێندیکتی شانزەهەم – سەردانی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەدی کردوو رووی کردە مەککە بۆ چەند خولەکێك نوێژی کرد ، بەو سەردانەش پاپا دەبێتە دووەم پاپای فاتیکان کە سەردانی مزگەوت بکات ، ئەوەش دوای پاپا جان پۆلی دووەم دێت کە لە ساڵی ٢٠٠١ سەردانی مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق بکات ... هەروا پاپا سەردانی مۆزەخانەی ئایا سۆفیای کرد ، کە لە بنەرەتدا کەنیسە بووەو لە ساڵی ١٤٥٣ کراوە بەمزگەوت و لە ساڵی ١٩٣٥ یش کراوە بە مۆزەخانە .

پاپا سەردانی کەنیسەی قەدیس جۆرجیۆی کرد ، کە بارەگای پاتریارکی

ئارتۆدۆكسە .

<u>تێبینی:–</u> گەر بەراوردێك لە نێوان وێنەكان بكەیت ، هەر مێژوویەك و وێنەی خۆی لــەگەڵ دانراوە ، لە بەر ئەوەی نەمویستووە وێنەكان دووبارە ببنەوە . تكایە .

۲۰۰۷



۲۰۰۷/۱/۱ زاناكــانی چــینی میللــی دەڵــێن :– ئێمــە دەتــوانین پێـــشبینی بكـــەین بـــە ڕوودانی بوومەلەرزە بەر لە ڕوودانــی بــە چــەند ڕۆژێــك ... بـەویش بـە توانـای ئـەو – مار – انـەی كـە بـەكاریان دێنین بۆ ئەم مەبەستە .
جێگەی ڕوونكردنەوەیە كە ئەو ڕێگایەی زاناكانی چینی میللی گرتۆتیانە بەر لە پەرە پێدانە . ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چاودێریكردنی هەڵس و كەوتی ناسروشتی ئەو جۆرە مارانە لە كاتی ، یا خوود بەر لە ڕوودانی بوومەلەرزەكە ، جا لـە هـەر شـوێنێك بێت بە هۆی تێك چوونی باری جەستەی ئەو مارە ، كە بە ئاسانی مرۆڤ هەستی پێدەكات .

هەروا زاناكانی نووسینگەی بوومەلەرزەی شاری تانینگ لە هـەرێمی گوانگ كسی بـە چـاودێری كردنـی مارەكـانی لـە چـەندین كێڵگـەی كشتووكاڵی لـە مـاوەی ٢٤ كاتـژمێر بـە كامێراكـانی ڤیـدیۆ ، كـە بەسـتراونەتەوە بـە تـۆڕی ئینتەرنێت .

بـە پێـی ووتـەی زاناكان . كـە مـار دەتـوانێ هەسـت بـە بوومەلـەرزە بكـات بـە دووری ١٢٠ كم بەر لە ڕوودانی لە ماوەی ٥ ڕۆژدا ... هـەروا زاناكـان دەڵێن ، ئەمارانەی كە لـە سـەر زەوی بەخشاندنی خـۆی دەڕوات هەسـت دەكـات كـە بوومەلـەرزە ڕوودەدات و بـاری تەندروسـتی و جەسـتەی دەگـۆڕێ و خـۆی بـە دار و دیـوار و بـەردا دەدات ، بـۆ ئـەوەی خـۆی لـەو شـوێنە ڕزگـار بكـات ...

هەروا بەڕێوەبەری نووسینگەی بوومەلـەرزە لـە شاری تانینگ دەڵێ :- مار هەستیارترین گیـان لەبـەرە لەسـەر گـۆی زەوی ، کـە هەسـت بـە بوومەلـەرزە دەکات و هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەر لە ڕوودانی مارەکان لەو جێگایەی لێی خەوتوون ، یاخوود حەشارداوە دەچنە دەرەوە بۆ هەڵاتن جا لە هـەر کـەش و هەوایـەك بێـت - هـاوین یـاخوود زسـتان ، یـا بـەهار ، یـا پـایز - گـەر بوومەلەرزەکەش گەورەبێت ، ئەوا ئەو مارە یاخوود مارەکان وەك چۆن شێت بێت یا وەك لە کاتی گیان لە دەست دانی لێدێت .

ئەم زانیاریانـەش لـە ڕێگـەی چەسپاندنی کامێرای بەردەوام و بەستنەوەی لەگـەڵ تـۆڕی ئینتـەرنێت دەردەکـەوێت و لـەم کـارەش سـەرکەوتنی باشـی بەدەست هاتووە ... هەر بەم هۆکارەش ناوچەی تانینگ هەموو کات ئەگەری ڕوودانی بوومەلـەرزەی لێدەکرێت ، کە یەکێکە لە نێوان ١٢ شاری چینی ، کـە ئـەم کامێرایـەی لـێ چەسـپاندراوە بـۆ چاودێری کردنـی ١٤٣ یەکـەی مارەکان ... لە بەر ئەوە ی چینی میللی وولاتێکە هەردەم بوومەلـەرزەی لـێ ڕوودەدات بـە شـێوەیەکی بـەردەوام ، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٦ بوومەلەرزەیـەکی لێدا ، کە بووە هـۆی گیـان لـە دەست دانـی زیاتر لـە ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سـەد هـەزار کـەس لـە شـاری نانگشان کـە بوومەلەرزەیـەکی وێرانکـەر بـوو لـە وولاتەدا.

سەرچاوە:- bbc arabic

٢٠٠٧/١/٣ کۆماری سلۆڤینیا یەکەم دەوڵەتی کۆمۆنیستی پێشوو بوو بچێتە دراوی یەکیەتی ئەوروپا ... شایانی باسە کە سلۆڤینیا بەشێك بوو لە یۆگسلاڤیا ، ئـەویش بـە بۆنـەی سـەری سـاڵی نـوێی زایینـی لـە وولاتەکـە و جیهانـدا ... ئەویش بە هەڵوەشاندنەوە دراوی ئەو وولاتە کە ناوی --توولار-- بوو ... هەروا سلۆڤینیا لە ناو کۆمەڵە وولاتـەی ڕۆژ هـەڵاتی ئـەوروپا بوو چووە نـاو یەکیەتی ئـەوروپا لـە سـاڵی ٢٠٠٤ کـە ١٠ دەوڵـەت بـوون ... یـەکێك بـوو لـە نـاو ئـەو ١٠ دەوڵەتـە دەسـتگیربوو بـە مەرجەکانی ئابووری پێویـست بـۆ چوونە نـاو یەکیـەتی ئـەوروپا . بـەر لـەوەش سلۆڤینیا سـێ جـۆر لـە دراوی بـەکارهێناوە لــە مامەڵــە پێکــردن و دواییــان تــوولار بــووە ... ئــەویش جیابوونەوەی لە یۆگسلاڤیا لە ساڵی ١٩٨١ . کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی

کـه جـەماوەری سـلۆڤینیا ترسـی لـه بەرزبوونـەوەی نرخـی کـەل و پـەل و پێداویـستیەکانی ژیـان ، وەك هەنـدێ لـە وولاّتـانی دیکـەی نـاو یەکیـەتی ئەوروپا .

٢٠٠٧/١/٥ سەرۆکی بەشی کتێبە دەگمەنەکان و کۆمەڵە کتێبی تایبـەت بـە کتێبخانـەی کۆنگرێـسی ئەمـەریکا – مـارك دیموونیـشن – دڵگرانـی بەرامبـەر – کیـت ئەلیـسۆن – ی ، یەکـەم ئیـسلامی هەڵبـژێردراو بـۆ بـوونی بـە ئەنـدامی کۆنگرێـسی ئەمـەریکی ، کـە رووبـەرووی هێـرش بـووەوە لـە کـاتی سوێند خواردن ، نیازی بوو کە ئەویش بە قورئـان نـەك بـە ئنجیل ، ئەویش لەسەر دانەیـەکی مێـژوویی لـە نێـوان هـەموو دانـە قورئانـەکان ، کـە مێـژووی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی ١٨١٠ کـە خاوەنداریەتەکـەی هـی سـەرۆکی ئەمەریکای پێشوو – تۆماس جیڤرسۆن – بووە لە کتێبخانەکەدا .

لـەو کاتـەی کـە جیڤرسـۆن بـووە سـێیەمین سـەرۆکی ئەمـەریکا لـە نێـوان ساڵەکانی ١٨٠١ – ١٨٠٩ ئاواتی کۆکردنەوەی کتیبی باشـی دەگمـەن بـوو ، کە کتێبخانەکـەی زیاتر لـە ٦٠٠٠ شـەش هەزار کتێبـی تیا بووە ... بـەڵام ئەو کتێبخانەیە لە ساڵی ١٨٥١ تووشی سـووتاندن هـات ، کە زۆربـەی زۆری کتێبەکان سووتان و هەندێکیشیان ڕزگارکران ، یەك لەوانـە ئـە قورئانـە بـوو کە – کیت ئەلیسۆن – نیازی بوو کە سوێندی یاسایی پێخوارد لـە بەرامبـەر دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرێس لە ئەمەرکا .

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەلیسۆن بکەوێتە بەرامبـەر ڕەخنـە لێگرتنی و سەرزەنشتکردنی لـە لایـەن کەنیـسە و پیـاوان و دام و دەزگاکـان کـە هـەڵگری بڕوای مەسیح بوون لە ئەمەریکا و ، هەتا تووشی رەخنە لێگرتن بوو لەلایـەن ئەندامانی کۆنگرێس ... کە ئەندامی کۆنگرێس – فرگیل گوود – ی کۆماری لە ویلایەتی ڤرگینیا نوێنەرایەتی ناوچەیەك دەکات ڕەخنـەی لـە ئەلیـسۆن گـرت و، کەچـی ئـەویش لـە هـەمان وویلایەتـە و نوێنـەری ناوچـەیەکە لـە ئەمـەریکا . ئـەم کارەشـی لـە پێنـاو ڕێزلێگرتنـی ئەلیـسۆن زیاتر بـووە لـە نێووەنـدەکانی هـەڵگری بـڕوای ئیـسلام لـە جیهـان بـە تایبـەتی جیهـانی ئیسلامی لە جیهان .

٢٠٠٧ ١ ٥ پەرلەمانتاران لـە پەرلـەمانی ڕووسـیا – رۆمـا – دڵگران بـوون بـەوەی کـە لـە

دوای وەرگرتنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرێسی ئەمەریکا لەلایەن پارتی دیموکراتی ئەمەریکا ، تووشی کێشە و گرفت زیاتر دەبێت بە هۆی گرژی و دژواری پەیوەندی لە نێوان حکوومەتی ڕووسیای یەکگرتوو و ئیدارەی پارتی دیموکراتی بە ئیدارەی جۆرج بۆش لە جیهان ... کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کۆنگرێسی ئەمەریکا کە زۆرینەی ئەندامانی دیموکراتەکانن و زیاتر چاودێری بخەنە سەر باری دەسەڵاتی ڕووسیا لە بوارەکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و سەربازی و رامیاریەتی ناوەوە و دەرەوەی ڕووسیا و پیوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکانی لە ئەورووپای ڕۆژهەلاتی پێکووتراوی جاران .

لە بەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی ڕووسیا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کۆنگرێسی ئەمەریکا ، لە دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرێس کە پارتی دیموکراتی بووە خاوەنی بڕیار لە کۆنگریس و لەسەر ئەمەریکا و جیهان ، زیاتر پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش ، بۆ ئەوەی لە هەڵس و کەوتی زیاتر توند بێت بەرامبەر بە ڕووسیا لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

ئەمەش دوای ئەوە هات کە ڕاپۆرتێکی ئامادەکراو لەلایەن ئیدارەی لێکۆڵینەی کاروباری دەرەوە و بەرگری و بازرگانی لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکا ... لە ڕاپۆرتەکە دەرکەوت کە تەرازووی پەیوەندیەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لە بارێکی خراپترا بووە سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە رامیاریەتی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٠٦ . ڕاپۆرتەکەش کە لە ٧٥ لاپەڕە پێکهاتبوو لە سەر پەیوەنیەکانی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا بووە بەر لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس . ڕاپۆرتەکەش خۆی لە دوو لایەنی بیروو بۆچوون دەگرت ئەویش :-

یەکەم :- یەکبوونی بیرووڕا لە سەر تیرۆری نێوودەووڵەتی لەلایەن ئیسلامە توندڕەوەکان ، کە هێڵێکی ترسناکی بنەڕەتیە لە سەر ئاسایشی نێوودەووڵەتیووڵاتە جیاجیاکان ... هەروا لە بارەی بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی تەواو و ... لە بارەی هاوکاری لە بواری نەوت و گاز لە جیهاندا

دووەم :– بەڵام تەوەری دووەم لە سەر کودەتابوو لە سەر دیموکراتیەت و رامیاریەتی دوورکەوتنەوە لە بازاڕی ئابووری ئازادی ، لەلایەن دسەلاتی ڕووسیا و دەست تێوەردان لە کاروباری وولاتانی سەربەخۆی دراوسێی ڕووسیا وەك – جۆرجیا و ، مۆلدافیا و ، ئۆکرانیا و ، هەروا هاوکاری لە نێوان ڕووسیا و ئێران لە بواری ئەتۆمی و بەر هەڵستکاری مۆسکۆ دژی سزا خستنە سەر ئێران و چەندین لایەنی دیکە ، لەگەڵ پەیمانی ناتۆ و یەکیەتی ئەوروپا و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و بازرگانی جیهان و پەیوەنیە نێوودەوڵەتیەکان .

٢٠٠٧/١/٨ وەزیری مالیزیا – حەمید ئەلیار – لە لێدوانێکیدا ئەو تۆمەتباریەی کە خراوەتە سەر وولاتەکەی بە فرۆشتنی چەك بۆ ئێرانی ڕەتکردەوە ، کە کۆمپانیای – نارگیت ئێرفریت – ی مالیزی چەکی فرۆشتبێتە ئێران و سووریا .

لە بەر ئەوەی مالیزیا هەر لەو چوارچێوەدا ، ئیدارەی ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر کۆمپانیای ڕووسیا و چینی دا سەپاند ، بە هۆی فرۆشتنی چەك بە دانی بە هەردوو وولاتی سووریا و ئێران و دوورنیە یۆرانیۆمیشی فرۆشتبێتە ئێران ، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئێران لە پێناو دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لە وولاتەکەیدا و بوونی بە وولاتێکی ئەتۆمی و چوونە ڕیزی وولاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا .

٢٠٠٧/١/٩ سەرۆکی ڕووسیای یەکگرتوو – ڤلادمیر پوتین – داوای لە حکوومەتەکەی کرد ، بە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندی ئەوروپیەکان لە بەکارهێنانی نەوت و گاز . ئەویش بە هۆی دروست بوونی کێشەی گومرگی و باج لە نێوان ڕووسیا و ڕووسیای سپی – بیلا ڕووسیا – ئەمەش لە دوای بریارێکی ڕووسیای سپی هات . بە بەرزکردنەوەی نرخی باجی ڕۆیشتنی بۆریە نەوتیەکان بە خاکەکەیدا بۆ ٤٥$ چل و پێنج دۆلار ، بۆ هەر یەك تەن لە نەوتی ڕووسیدا .

بەم هۆیەش ڕووسیای یەکگرتوو ئەو بریارە و داوایەی ڕووسیای سپی ڕەتکردەوە و بووە هۆی ڕاگرتنی هەناردەی نەوت بۆ وولاتانی ڕۆژئاوا و بووە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی نەوت ... کە ئەڵمانیا سێیەکی داهاتی

نەوتی وولاتەکەی لە رووسیاوە بۆی دەچیت ، جگە لە وولاتانی دیکە لە وولاتانی یەکیەتی ئەوروپا و وولاتانی پۆلەنداو سلۆڤینیا لە سەر سنووی رووسیای یەکگرتوو .

شایانی باسە کە رووسیا و رووسیای سپی هاوپەیمانن لە بوارەکانی سەربازی و ئابووری بازرگانی و دامەزرێنەری کۆمەنولسن لە کۆمارەکانی پێك هاتەی سۆڤیەتی پێشوو لە کیشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/١/٩ رۆژنامەی – ئەلقەبەس – ی کوێتی لە زاری بالۆێزی تورکیا لە واشنتۆن بلاوی کردەوە کە – نابی شانسۆ – ی بالۆێزی تورك گووتی :– دوای ئەوەی دیموکراتیخوازەکان دەسەلاتی تەواویان بەسەر کۆنگرێسدا شکا و بالادەست بوون ، حکوومەتی تورکیا نیگەرانە لەوەی کە – لۆبی ئەرمەنی – کاربکات بۆ ئەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکا بریارێك دەربکات سەبارەت بەو قەسابخانەی بەر لە ٩٠ ساڵ پێش ئەمرۆ واتە لە ١٩١٥/٤/٢٤ لە تورکیا بە سەر ئەرمەنەکان هات ، لە لایەن دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان ، کە تیایدا ١,٥ یەك ملیۆن و نیوو ئەرمەنی و ٣٠٠٠٠ سی هەزار کورد لە ناوبران .

لە بەر ئەوەی سەرۆکی کوتلەی دیموکراتەکان – نانسی بلوسی – لە میانەی وتەکانیدا گووتی :– لە کۆنگرێسی ئەمەریکا پشتگیری لە داواکاری ئەرمەنەکان دەکات ... هەروا بالۆێزی تورکیا گووتی :– بۆیە پێویستە کە حکوومەتی تورکیا لە هەموو روویەکەوە هەوڵبدات بەرپەرچی داواکاری ئەرمەنەکان بداتەوە ... لە بەر ئەوەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا – بیل کلنتۆن – و سەرۆکی ئەمەریکا – جۆرج بۆش – داواکاریەکانی ئەرمەنەکانیان فەرامۆش کردووە ، لە بەر ئەوەی تورکیا رۆڵ و شوێنێکی گرنگی لە ناوچەکەدا هەیە .

بەلام دیموکراتەکان دوورنیە ئەو هەڵە بقۆزنەوە لە پێناو بە هێزکردنی جیّ پێگەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکا ، دوای تەواوبوونی ماوەی دەسەلاتی جۆرج بۆش لە دەسەلاتەکەیدا لە ئەمەریکا .

٢٠٠٧/١/١٠ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش رایگەیاند ، بە بلاوکردنەوەی ئەو پلانە

ئیستڕاتیژیه نوێیەی كە نیازیەتی لە ئێراق ئەنجامی بدات بە هۆی هەڵەكردن لـە جـێ بـەجێكردنی پرۆگرامـەكانی لـە ئێراقـی داهـاتوودا . ئـەویش بـە زیادكردنی ژمارەی سەربازەكانی لە ئێراق بە ٢١٥٠٠ بیست و یەك هەزار و پێنج سەد سەرباز ، كە ژمارەی سەربازەكانی ئەمەریكا بەو زیادەیە دەكاتە ١٦٠٠٠٠ سەد و شەست هەزار سەرباز لە ئێراق .

بە بە هێزكردنـی نەخشەی ئاسایشی ئێراق و ٤٠٠٠ چوار هـەزاریش بۆ كـارە سـەربازیەكان لـە پارێزگـای – رومـادی – . هـەروا جـۆرج بـۆش لـە لێدوانەكەیدا هیـوای خواسـت كـە هێـزە فـرە لایەنـە هاوپەیمانـەكانی ڕۆڵـی خۆیان زیاتر بكەن بۆ ئەوەی ئەو قۆناخەی كە ئێستا هێزەكانی هاوپـەیمانان تێیكەوتوون لیی ڕزگاربن .

لەلایـەكی دیكـەش سـەرۆكی ئەمـەریكا داوای لـە كـۆنگریس كـرد ، كـە ڕەزامەندی لە سەر یەك – بلیۆن – دۆلار بكات بۆ خەرجیەكانی بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووری و كۆمەڵگای مەدەنی و ، هەروا بۆ دەسەلاتی داد لە ئێراق .

ئەم ڕاگەیاندنەی بۆش لە ناوەندەكانی بەرهەڵستكاریەتی پارتی دیموكراتی بـوو ، كـە لـە سـەر كـۆنگریس بالادەسـتە و ، لـە هـەمان كـات كۆبوونـەوەی كۆنگرێس بۆ سنووردانان لە زۆری ژمارەی سـەربازانی ئەمـەریكا لـە ئێراق و ئەفگانـستان و بوونی خەرجیـەكی زۆری زیـان بـەخش بـە وولاتەكەیـدا ، لـە هـەمان كاتیـشدا سـەرەك وەزیرانـی ئێـراق – نـوری مـالكی – ڕەزامەنـدی و پـشتگیری لـە مەرجەعیـەتی تـایفی مەزهـەب شـیعە – عـەلی سیـستانی – وەرگـرت ، بـە دامـاڵینی چـەك لـە دەسـت ڕێكخـراو و گروپـە ئیسلامیەكانی هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلامی لە ئێراق .

جێگەی باسكردنە كە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پارتی بەعسی لە ئێراق لـە ٢٠٠٣/٤/٩ گۆڕەپانی ئێراق لـە ناوەند و باشووری ئێراق ، بووە گۆڕەپـانی ململانێـی نێوان شـیعە و سوونەی عـەرەب ، لـە پێنـاو دەسـەلات و سـامان . نەك لە پێناو ڕزگاركردنی گەلانی ئێراق ، لەو مەرگەساتەی كە ماوەی ٤٠ ساڵ بوو تێی كەوتبوو ، لە لایەن ڕژێمـی بەعس بە سەركردایەتی سەدام حسین – و هاپەیمانەكانی لە كورد و عەرەب و توركمان لە وولاتەكەدا .

لە بەر ئەوەی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا رووخاندنی ڕژێمی بەعسی مەزهەب سوونەی ئیسلامی لە ئێراق دەسەڵاتدار بوو لە هەموو بوارەکاندا و بە ئارەزووی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ گەلانی ئێراق دەکرد ، کە مەزهەب شیعەی ئیسلامی عەرەب لە هەموو بوارەکان لە ژێر ئێش و ئازار دابوون ... بەلام کە سەدام لە ناوبردرا ، مەزهەب شیعەی ئیسلامی عەرەب توانیان ببنە خاوەن دەسەلات لە ئێراق . بە پێچەوانەی ٨٠ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی مەزهەب سوونەی عەرەبی ئیسلام .

ئەو ململانێ و کێشەی نێوان ئەو دوو مەزهەبە گەیشتە ئاستی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی نێوانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە شارەکانی بەغدا و مووسڵ و سەلاحەدین و دیالە و ، لە شارەکانی دیکەی باشووری ئێراق ، بە تایبەتی لە شاری بەغدا ، کە ڕۆژانە لەو شارانە بە ڕێژەی ١٠٠ کەس دەکوژرا لە هەردوو لایەن بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و کەسانی تیرۆرست لە هەندێ جێگەش شەڕی گەڕەك و شەقامیش ڕووی دەدا لە شاەکانی ناوەندو باشووریدا .

ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە دزینی سامانی گەلانی ئێراق لە لایەن ئەو دوو مەزهەبە ، بە تایبەتی نەوت و سامانە بە نرخەکانی گەلانی ئێراق . لایەنی سێیەمیش کە کورد بوو ، ئەویش درێخی نەکرد لەم بوارەدا بە پاوانکردنی سامانی گەلانی دانیشتووی هەرێمی باشووری کوردستان و پشتگوێ خستنی لە داهاتووی ئامانجەکانی گەلی کوردستان . لە هەموو بوارەکاندا ، بە تایبەتی لە پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابڕاوەمانی دیکەی هەرێمی کوردستانی ژێر دەسەلاتی بەعس و دوایی مەزهەب شیعە و سوونەی عەرەبی ئێراق .

ئەتوانین بە قۆستنەوەی ئەو هەلە لە بارانەی کە لە ئێراق بۆ کورد هاتوونەتە پێشەوە بە هۆی پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان ، کە یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون ، بە لاوەنانی بەرژەوەندی گشتی کورد و بەتایبەتی لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانیدا ... ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە

ڕۆژ له دوای ڕۆژ جێ پێگەی عەرەب له ئێراق بەهێز بووه به پێچەوانەی جێ پێگەی كورد ، كه ڕۆژ له دوای ڕۆژ لاواز دەبوو... وەك دەڵێن – دەم دەخوات و چاو شەرم دەكات – سەركردایەتی كورد كه بەند بوون بەو دوو پارته كه داهاتووی كورد بەرەو هەڵدێر دەبەن له هەموو بوارەكاندا له هەرێمەكەدا .

٢٠٠٧/١/١٠ جێگری سەرۆكی شارەوانی تارانی پایتەختی ئێران – محەمەد هادی حەیدەری – له ووتەیەكیدا بۆ ڕۆژنامەی – ئیعتماد ملی – ئێرانی كه پیس بوونی كەش و هەوا له تاران گەیشتۆته ئاستێكی مەترسیدار له شارەكه و دەوروبەریدا . و لەو كاتەش به تایبەتی كه باری پیس بوونی كەش و هەوا گەیشتۆته پلەی ١٠٠٪ به بێ ئەوەی هەستی پێبكرێت تەنیا لەلایەن ئەو كەسانه نەبێت ، كه تووشی نەخۆشی تەنگەی هەناسه كێشان دەبن و ، یاخوود ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەیه .

ئەم هۆكارەش بۆته هۆی ئەوەی كه له ماوەی یەك مانگدا ٣٦٠٠ كەس گیان له دەست بدەن بەم هۆیەوه . به پێی ڕاپۆرتی شارەوانی تاران له ڕاپۆرتەكەیدا و بۆته هۆی ئەوەی ، كه له شاری تاران و سنووری شارەوانیەكان ڕۆژانه ١٢٠ سەد و بیست كەس گیان له دەست دەدەن ، هەروا له ماوەی ئەو مانگەدا ٤٥٠ چوارسەد و پەنجا كەس گیانیان لەدەست داوه ، كه ٨٠٪ به هۆی پیسی كەش و هەوا بووه ... هەر لەو ڕووەوه جێگری سەرۆكی شارەوانی تاران له ووتەكەیدا بۆ ڕۆژنامەی – ئیعتماد ملی – گووتی :-

پێویسته شۆڕشێكی ڕاستەقینه بكەین بۆ له ناوبردنی ئەو دیاردەیه له شاری تاران و هەموو شارەكانی دیكەی ئێران و ، له ئێران بەتەواویدا . هەروا گووتی :– له ماوەی مانگی/ ٢٠٠٥/٣ تاكو كۆتایی ٢٠٠٦ ، ٩٩٠٠ نۆ هەزار و نۆ سەد كەس به هۆی پیس بوونی ژینگه گیانیان له دەست داوه ... هەروا پیسبوونی كەش و هەوا له ئاكامی فرێدانی گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و به هۆی خراپی و زۆری ئۆتۆمبێل و ، تاران بۆته پیسترین شار له جیهان ، به هۆی پیسی كەش و هەوا كه زیاتر له ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن ئۆتۆمبێل له شاری تارانه له وولاتەكەدا .

٢٠٠٧/١/١٠ لـە شـاری سـلێمانی لـە هـەرێمی باشـووری كوردستان سەرۆك كۆماری ئێراق – جەلال تاڵەبانی – و بـاڵوێزی پێـشووی ئەمـەریكا لـە ئێـراق – زەلمـای خـەلیل زاد – لـە كـۆنگرەی ڕۆژنامەوانیـدا . گـووتی :– ئـەرك و كـاری كەسـانی دەرەوەی دەیانەوێ كار لە هەست و خواس لە سەر كاروباری ناوخۆی ئێراق بكەن ... هەروا گووتی :–

پەیوەندی تایبەت لە نێوان كورد و واشنتۆن بەهێزە و دەستكەوتەكانی بە هاوكاری و هاوپەیمانیـەتی كوردەوە بـووە ... كـە كـورد پاڵپـشتی تـەواوی ئەمەریكا بووە ، بۆ سەركەوتن و كە بەشێكی سەركەوتنەكەش بۆ ئارامگیری ئاسایشی كوردستان دەگەڕێتـەوە ... هـەروا باڵوێزی پێشووی ئەمـەریكا لـە ئێراق گووتی :–

ئێستا لە قۆنـاخی كاركردنداین بۆ سـەقامگیری و ئارامی بارودۆخی ناوچە تـازە ئـازاد كراوەكـانی كوردسـتانین بـە گەڕاندنـەوەیان بـۆ سـەر هـەرێمی كوردستان ... هەروا باری هەرێمی كوردستانی بە سەركەوتوو ناو زەند كرد لە بواری ئابووریدا ... هەروا گووتی :–

ئەمـەریكا بۆ ئازادكردنی ئێراق هـاتووە نـەوەك بۆ داگیر كردنـی ناوچـەكە جێگەی باسكردە كە ئەمەریكا هەموو هەڵ و توانایـەكی لە پێنـاو پاراستن و بـەهێزكردن و بتـەوكردنی بەرژەونـدی تایبـەتی خۆیـەتی لـە بوارەكـانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و سەربازی ، بە پێی رامیاریەتی جیهانگەری لە جیهـان ... ئەمـەریكا پێی لـە سـەر جەسـتە مرۆڤایـەتی دادەنـێ بـۆ ئـەوەی سەركەوێ لەو ئامانجانەی كە داپڕشتووە لە هەموو بوارەكان و شـوورەیی لـە لانیە بۆ یارمـەتی دان و هاوكاریكردنەكانی لەلایـەن دەسـەڵات و نەتـەوەكانی ژێردەستە .

لەوانە گەلی كوردستان لـە هـەرێمی باشـووری كوردستان ، بە چ هاوكاریـەك

بۆ ئەمەریکا چووە پێشەوە و کوردیش هیچ مەرجێکی نەبوو بۆ داهاتووی گەل و نیشتیمانەکەی و تەنیا ئامانج رووخاندنی رژێمی سەدام بوو لە ئێراق . ئەی دوای رووخاندنی سەدام ، کورد دەبێت چی بکات بۆ گەیشتنی بە مافەکانی لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی نیشتیمانی . بەلاّم بە داخەوە سەرکردایەتی کورد بە تایبەتی سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی هەموو هەولّ و توانا و ئاواتەکانیان خۆ دەوولّەمەند کردن و داگیرکردنی دەسەلاّت و پاوان کردنی داهات و ... هەروا ... ؟ ... ! .

٢٠٠٧/١/١١ لە هێرشێکی کۆماندۆزەکانی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا بۆ سەر کۆنسلیەی ئێران لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان بە دەستگیرکردنی – ئاغای جەعفەری – کە لە رۆژی ١/١٠ بەسەردانێکی نهێنی گەیشتە شاری هەولێر ، لە پێناو چاوپێکەوتنی بە سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان – مەسعوود بارزانی .

جێگەی ئاماژە پێکردن و روون کردنەوەیە کە ئاغای جەعفەری لە شاری سلێمانیەوە بەرەو هەولێر هاتبوو ... ئەمەریکیەکان لە رێگەی سیخوورەکانی خۆی زانیاریان لە سەر سەردانی نهێنی ئەم گەورە تیرۆرستەیان پێ گەیشتووە . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم هێرشە ئەنجام بدرێت ... ئاغای جەعفەری یەکێکە لە گەورە تیرۆرستەکانی سەر بە کۆماری بە ناو ئیسلامی لە ئێران ... کە دەستی لە شەهید کردنی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەلاّتی کوردستانی ژێر دەسەلاّتی ئێران هەبووە .

لەلایەکی دیکەش دەلّێن کە ئاغای جەعفەری دەستگیرکراوە بە یارمەتی دانی لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرباز کراوە ... هەر لەم بارەیەوە سەرەك کۆماری ئێراق و سکرتێری گشت یەکیەتی نیشتیمانی جەلال تالّەبانی و مەسعوود بارزانی لە کاتێکی وا ناسك و دژواردا و لە ناو هەنگلی ئەمەریکیکان پێشوازی لە تیرۆرستێکی وا دەکەن...! . ئاغای جەعفەری لەکاتی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران بەرپرسی هەوالّگەری و قەرارگەری رەزامەندی سووپای پاسدارانی ئێران بووە ... لە هەمان کاتیش دۆستی هەردوو سەرکردەی کورد جەلال و مسعوود بارزانی

بووه و ، پەیوەندیان بێ پچڕان بوو لە نێوان هەردوولایەندا ... ئەم جۆرە پەیوەندی و کارانە داهاتووی کورد و کوردستان دەخەنە مەترسی لە داهاتوودا لە ناوچەکە دا .

٢٠٠٧/١/١٢ سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردوگان – هەڕەشەی بە کوردستانبووی شاری کەرکوك لە باشووری کوردستان دەکات ... لەسەر کێشەی کەرکوك و کوردستانی بوونی ئۆردوگان وەهای لێهاتووە کە لە هەموو بۆنەیەکدا ئەگەرە وەکو پەیوەندی بە کەرکوك و کوردستانبوونی نەبێت ... ئەو باس لە کێشەی کەرکوك دەکات و بە کێشەی تورکی دەزانێت ، باس لە هێزی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان – PKK – دەکات ... و بە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر تورکیا دەزانێت . لە خۆبایبوونی ئەو سیاسەتمەدارە ڕەگەز پەرستە بەرچاوتەنگە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ، کە لە هەموو کات و ساتێکدا هێرش بکات بۆ سەر داگیرکردنی هەرێمی باشووری کوردستان ، کە بەڕەوا و مافێکی نەتەوەیی تورکی دەزانێت .

سەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردوگان ئەو مافە بەخۆی و بە دەوڵەتەکەی دەدات ، کە هەمیشە دەست بخاتە کاروباری ئێراق و کوردستانەوە بە ئەرگۆمێنتی هاتنی ئەمەریکیەکان بۆ ئێراق چۆن مافێکە ئەمەریکیەکان بە خۆیانداوە ، ئاواش تورکیا مافی کەرکوك لە دەستی کوردەکان دربهێنێت و هێرش بکاتە سەر هەرێمی باشووری کوردستان .

دوژمنان و ناحەزان و نەیارانی کورد هەموو جۆرە مامەڵەیەك لە پێناو کۆتایی هێنان بە باری هەرێمی باشووری کوردستان بە ڕەوا دەزانن . ئەوەی پارێزگای کەرکوك و شاری کەرکوك و ئاسایشی نەتەوەیی کوردی بەلاوە گرنگ نەبێت ، سەرانی کوردن و هەر بۆیە هەموو دەنگێك بۆ کەرکوك و پاراستنی کوردستانیەتی کەرکوك دەنگێکی ڕەواو هەست و هۆشێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیە ... نەبوونی پێچەوانەکەیەتی ، پێویستە لەسەر هەموو میدیاکانی کورد کە تەواوی وزە و هێز و توانای خۆیان بۆ ئەم مەبستە بخەنە گەڕ ، لە پێناو بەگەیاندنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان .

٢٠٠٧/١/١٣ سەرۆکی پاکستان – پەرویز مووشەرف – و سەرەك وەزیرانی پاکستان–

شەوکەت عەزیز – لە گەڵ وەزیری دەرەوەی هندستان – برناب موکرگی – لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان کۆبوونەوە بە شێوەیەکی فەرمی ... گفتووگۆکانیان لە سەر پەیوەندی نێوان ئەم دوو وولاتە دژ بە یەکتر بوو ، لە سەر هەرێمی کەشمیری دابەشکراو لە نێوان هەردوو وولاتدا ، لە دوای بە دەست هێنانی سەربەخۆیان و دەرچوونیان لە ژێر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای مەزن .

ئەمەش لە دوای هێرشەکەی چەکدارە ئیسلامیەکان هات بۆ سەر شاری مۆمبای هندی لە مانگی/ ٢٠٠٦/٧ ، کە لە ئاکامی ئەو هێرشە ١٨٦ کەس گیانیان لە دەست دا ... هەروا گفتووگۆکان لەسەر باری پەیووەندیەکانی ئەم دوو وولاتە بوو ، لە بواری ئابووری بە بوژاندنەوەی ڕێکەوتنەکانی بازرگانی لە باشووری ئاسیاو ، هەروا هێڵی بۆڕیە نەوتیەکانی نێوان ئێران و پاکستان و هندستان و گاز بوو ... هەروا بە گۆڕینەوەی کۆنسلیە و کردنەوەی بارەگاکانیان لە شارەکانی کەراتشی و مۆمبای لە وولاتەکانیاندا .

٢٠٠٧/١/١٤ سەرۆکی پێشووی لوبنان – ئەمین جومەیل – بۆ یەکەم جار لە سەردانێکیدا لە ٢٠٠٦/١٠/٢٩ گەیشتە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان و لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – مەسعوود بارزانی – و – کەریم سنجاری – پێشوازی لیکرا . بەڵام ئامانجی ئەم سەردانەی سەرۆک کۆماری پێشووی لوبنان بۆ کوردستان نادیار بوو ، کە لە پێناو چی و بۆچی سەردانی باشووری کوردستانی کرد .

جێگەی باس کردنە کە سەرچاوە لوبنانیەکان و عەرەبیەکانیش ئەو سەردانەی ئەمین جومەیل بە سەردانێکی پەیوەندی تایبەتی دادەنێن ، وەك لە بەر ئەوەی بە ماوەی سێ هەفتە لە دوای گەڕانەوەی ئەمین جومەیل بۆ لوبنان کورەکەی – بیار جومەیل – لەلایەن چەند چەکدارێك تیرۆرکرا ... کورەکەی ئەمین جومەیل وەزیر و پەرلەمانتارێکی لوبنانی بوو ... بەر لە کوشتنی بیار جومەیل بە چەند ڕۆژێك ئاسایشی لوبنان دەستی بەسەر ٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠$ هەشت سەد ملیۆن دۆلاردا گرتبوو لە فڕۆکەخانەی لوبنانی ، کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر بۆ لوبنان لە چەند سەندوقێك ڕەوانەی

لوبنان کرابوو .

کە بۆ بیار جومەیل ڕەوانە کرابوو لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی ... بە پێی ئەو سەرچاوە لوبنانیانە ڕەوانە کردنی ئەو پارەیە بە ڕێکەوتن بوو ، لە نێوان ئەمین جومەیل و مەسعوود بارزانی و لە پێناو ڕەوانەکردنی بۆ بانکە تایبەتیەکانی خۆیان . کە پارەکە بە پارەی ڕەش حساب دەکرا و ، بۆ ئەوەی بۆی سپی بکرێتەوە لە ڕێگەی خستنە ناو بانك و مامەڵە پێکردن .

بەلاَم مافیاکانی لوبنان هەر زوو هەستیان بەو کارە کردووە و لە ئاکام بیاریان تیرۆر کرد و پارەکەی کەوتە بانکی لوبنان ، بە لە ژێر دەست ئاسایشی لوبنان ... بردنی پارە و ڕەوانە کردنی بۆ لوبنان ڕاستە ، بەلاَم ناوەڕۆکی کارەکە چۆنە ، ئەوە پەیوەندی بە مەسعوود بارزانی و ئەمین جومەیلەوە هەیە لە ئەنجامدانیدا ....؟..!.

http.syriatrutn.org/a/. hakikah/index.php? option= com .cantent.

٢٠٠٧/١/١٤ لە پێناو بە دەست هێنانی سەر بەخۆیی بۆ هەرێمی کۆسۆڤۆ و سەرۆکی حکومەتی کۆسۆڤۆ – ئەگیم تشیکۆ – داوای لە دانیشتووانی سربەکان کرد ، لە هەرێمەکەدا لەگەڵ کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەی هەرێم ، بە پاڵپشتی کردنی لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی کارە هەمەلایەنەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمەکە ، وەك دەووڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سنووری دانپێنراو لە ناوچەکەدا .

هەروا داوای لە سربە هەلاَتووەکان و کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکە کرد بگەڕێنەوە سەر سامان و ماڵەکانیان و لەلایەن حکوومەتی کۆسۆڤۆ مافیان و سامانیان پارێزراوە . ئەم لێدوانەی تشیکۆ لەو کاتە هات کە لەگەڵ دانیشتووانە سربەکان لە یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی – برزرین – لە باشووری هەرێمەکە ئەنجامیدا ... هەروا لەلایەکی دیکە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناوداری ناوچەکەو سربیا فیتوون سووروی لە ڕاگەیاندنێکیدا ، کە لە شاری برشتینای پایتەختی سربیا بوو گووتی :– بڕوا بکەن کە کۆمەڵگای نێوودەووڵەتی دان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دەنێ و دەچنە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ، بە ئامانجگەیاندنیشی بەر

لــه مــانگی/ ٩ ی داهــاتوودا ... ســووروی ئەنــدامی شــاندی ئــەلبانی گفتووگۆکەر بووه لەگەڵ سربیا بە چاودێری ڕێکخراوی نێوودەوڵەتی – مارتی ئهتیسار – له پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کۆسۆڤۆ له ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/١/١٤ پەرلەمانی بۆسنه – هرسك ، کە لە ٤٢ ئەندامی موسڵمان و سربیەك و کرواتیەك پێکهاتووه ... بە زۆرینەی ٢٩ دەنگ ڕەزامەندی کرد لەسەر دامەزراندنی سربی – نیکۆ شبیرتش – ی تەمەن ٥٠ ساڵ بە سەرۆکی نوێی حکوومەتی کۆماری بۆسنه – هرسك . لە جێگەی سەرۆکی حکوومەتی ئایین مسلم – عەدنان تیرزیتش – بە هۆی تەواوبوونی ماوەی دەسەلاتەکەی لەسەر وولاتەکەدا .

ئەم دامەزراندنەش بە پێی دەستووری وولاتەکەیە کە سەرۆك بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت بە پێی ڕێکەوتنی – دایتۆن – کە دەبێ گۆڕینەوەی دەسەلات بە نۆبە بێت لە نێوان پێکهاتەکانی بۆسنەی ئیسلام و کروات و سربەکان لەسەر پۆستە سەرەکیەکانی ئەم وولاتەدا .

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی دەوڵەت بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری –– بۆسنه – هرسك –– ە و لە سێ سەرۆك پێکهاتووه . لە ئیسلامێك و سربیەك و کرواتیەك ... کە بۆ هەریەکەیان لەو سێ سەرۆکە مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە لە بڕیارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ، گەر بڕیارەکە لە بار نەبوو بە پێی دەستوورو ڕیکەوتنی دایتۆن ... هەر یەك لەو سێ سەرۆکە سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی دەگرتە دەست بۆ ماوەی هەشت مانگ . سەرەڕای بوونی هەندێ مەترسی لە لێدوانەکەی سەرۆکی هەڵبژێردراو لە وتەکانیدا لە داهاتووی بۆسنه و هرسك ، بە هۆی بوونی بیروو بۆچوونی توندی نەتەوەیی سربی لەلایەن دانیشتووانی وولاتەکە .

٢٠٠٧/١/١٥ سەرۆکی دەسەلاتی فەڵەستین – مەحمود عەباس – لە ڕاگەیاندنێکیدا لە بەردەم وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا – کوندالیزارایس – لە شاری ڕامەلا گووتی:– چارەسەری کاتی بۆ دەووڵەتی کاتی ڕەتدەکەینەوە ، کە هەر شتێکی کاتی بە بڕیارێك ، یاخوود بە بیروو بۆ چوونێك داهاتووی کێشەدار دەبێت و ئێمەش لەگەڵ دەووڵەتی کاتی و چارەسەری کاتی بۆ کێشەی نێوان دەووڵەتی فەڵەستین و ئیسرائیل نین .

لە هەمان کات و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لێدوانەکەی سەرۆکی فەلەستینی بە باشی هەڵسەنگاند و تێگەیشت ... بەر لەوەش لە ڕۆژی ١/١٤ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن لە گەڵ شا عەبدوڵلا کۆبوونەوە و شا عەبدوڵلاش ئەو هەڵوێستەی ڕەتکردەوە بە پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کاتی فەلەستین ... و ئێمە لەگەڵ دەوڵەتێکی فەلەستینی خاوەن سنووری سەربەخۆیین شان بە شانی دەوڵەتی فەلەستینی و بەردەوام بوونی هاوکاری و برایەتی و بەیەکەوە ژیان لە دراوسێیەتی لە ناوچەکەدا .

هەروا سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کوندالیزاش هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو ، کە لێی سەرنەکەت و سووڕانەوەیەکی بە وولاتانی سعوودیە و میسر کرد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا .

٢٠٠٧/١/١٥ دادگای تێهەڵچوونەوەی دەستووری لە وویلایەتی – باڤاریا – ی ئەڵمانیا داوایەکی – ڕایەڵەی ئیسلامی – ڕەتکردەوە لە بارەی پۆشین لەلایەن دانیشتووانە ئیسلامەکان ، بە تایبەتی مامۆستایانی ئافرەتی هەڵگری بڕوای ئاینی ئیسلام ، لە دام و دەزگاکانی حکوومی و قوتابخانەکان لە وویلایەتەکەدا.

باڤاریا هەرێمێکی سەربەخۆیە لە ناو سنووری ئەڵمانیای یەکگرتوو ، مافی خۆیەتی کە هەر یاسایەك دەربکات کە پەیوەند بێت بە وویلایەتەکە و گونجاو بێت لە گەڵ دەستووری ئەڵمانیا . هەروا لە لایەکی دیکە دانیشتووانە ئیسلامەکان نارەزاییان دەربڕی بەرامبەر بەو یاسایە و قەدەخەکردنی پۆشین لە ساڵی ٢٠٠٤ و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە بیروو بۆچوون و بڕوای هەموو ئاینەکان گیراوە و کاردانەوەی خراپی نیە لە سەر وویلایەتەکەدا .

٢٠٠٧/١/١٧ گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هاوکاری وەزیرەکانی دەرەوەی کەنەدا و لە شاری کوێتی پایتەختی دەوڵەتی کوێت و بە بەشداربوونی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا – کۆندالیزا رایس – لە کۆبوونەوەکە و لەگەڵ وەزیرەکانی ، میسر و ، ئەردەن و ، هەروا شانشینی سعوودیە ، دوای یەك هەفتە لە ڕاگەیاندنە ستراتیژیەکەی سەرۆکی ئەمەریکا ، لە پێناو بەرپا

کردنی باری ئارامی و ئاسایش لە ئێراق و بەتایبەتی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق .

لەو کاتەشدا شاری بەغدا و شارەکانی دیکەی ئێراق تووشی چەندین کردەوەی تیرۆرستی بووە ، کە بووە هۆی کوژرانی ١١٥ کەس وزامدار بوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەس .

هەروا لە دوای کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ وەزیرەکانی ئەنجوومەنی هاوکاری وولاتانی کەنداو لە شاری کوێت ، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە نێوان کۆندالیزا رایس و وەزیری دەرەوەی سعوودیە – سعوو فەیسل – گووتی :–

سعوودیە لە ١/١٦ داوای لە حکوومەت و پێك هاتەکانی ئێراق کردووە ، کە هەموارکردن لە دەستووری ئێراق بکرێت ، ئەویش بۆ دابینکردن و ماوەدان لە پێش پیك هاتەکانی گەلانی ئێراق ، بەشداری کردنی هەموو لایەنەکان لە کارە رامیاریەکان ... هەروا گووتی :– سعوودیە لەگەڵ ستراتیژیەکەی ئاسایشی سەرۆکی ئەمەریکا – جۆرج بۆش – دایە لە ئێراق .

شایانی باسە کە دەسەلاتدارانی سعوودیە رۆلی بالایان لەگەڵ وولاتانی ئێران و ، تورکیا و ، سووریا هەیە لە دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئێراق ... بە تایبەتی دژی رژێمی فیدرالین لە ئێراق و فیدرالیەتی کوردیش لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، جێگەی دلە راوکێیانە لە ئێراق و مەترسی دەسەلاتی نوێی ئێراق لە سەر ناوچەکە و کارلێکردن لە دەسەلاتەکانیان لە ناوچە و وولاتەکانیان .

٢٠٠٧/١/١٧ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بریاریدا بە پێدانی هەر خێزانێکی دەرکراو لە سەردەمی رژێمی بەعسی لە ئێراق تا رووخاندنی لە ٢٠٠٣/٤/٩ بە پارچە زەویەکی جێنشین لە پارێزگاکە و ، بە تایبەتی لە شاری کەرکوك لەگەڵ برە پارەیەك کە ١٠,٠٠٠,٠٠٠ دە ملیۆن دینارە ، بۆ ئەوەی بگەرێتەوە سەر شوێنی پێشووی خۆی لە شارەکەدا .

لە هەمان کات سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هۆشداریدا بەوەی عەرەبە هاوردەکان و تورکمانەکانی بەرهەلستکار و دژی ئاسایی کردنەوەی کەرکوك

لە داهاتوودا ، کێشە بۆ پارێزگاکە و بە تایبەتی شارەکە دروست دەکەن ...
هەروا لیژنەی بالآی جێ بە جێکردنی مادەی/ ١٤٠ لە دەستووری ئێراقی لە ١/١٦ کۆبووەوە لە بارەگای ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیران لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق . سەرۆکی نووسینگەی کەرکوك لە لیژنەکەدا لە لێدوانێکیدا کە کۆبوونەوەکە لە دوو تەوەردا خۆی گرتووە ئەویش :-

یەکەم :- دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خێزانە عەرەبانەی کە لە سەردەمی دەسەلآتی سەدام هێنراونەتە شارەکەو هەموو پێداویستیەکی ژیانیان بۆ دابین کرابوو لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، بۆ ناوچەو شارەکانی پێشووی خۆیان ... کۆ لیژنەکە لەسەر ئەو تەوەرە ڕێکەوتن بۆ دۆزینەوەی ئاسانترین و لەبار ترین ڕێگا لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارەدا .

دووەم :- تەوەری گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق لە شارەکە و پارێزگاکە دەرکراون بۆ ناوچەکانی دیکەی هەرێمی باشووری کوردستان و جێگە پڕکردنەوەیان بە خێزانە عەرەبەکان و بە پێدانی هەر خێزانێك بە پارچە زەویەك و ١٠,٠٠٠,٠٠٠ دە ملیۆن دینار بۆ هەر خێزانێك لە پارێزگاکەدا .

جێگەی باس کردنە کە پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان شارێکی پڕ لە سامانی نەوت و گازە ، لە سالّی ١٩٢٧ ئەم شارە بەرهەمی نەوتی لێ ئەنجام دەدرێت و ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت ، کە ئەمەش بۆتە جێگەی گرنگی پێدان لە لایەن وولآتانی عەرەب و دراوسێی ئێراق ، بە تایبەتی تورکیا و ، وولآتانی دیکە وەکو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە دەست تێوەردانی لە کاروباری ئاسایی کردنەوەی شارەکەو کۆسپ خستنە پێش جێ بەجێکردنی مادەی/ ١٤٠ ی دەستووری ئێراقی ، کە لە ٧٥٪ ی زیاتر دەنگی بۆ دراوە و لەسەری ڕێکەوتن لە قۆناخی نوێی ئێراق و بنیادنانەوەی و چارەسەرەسەرکردنی کێشە تەشەنەدارەکانی هەلّواسراو بوونە لە ماوەی دەسەلآتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق .

بگرە لە دامەزراندنی دەوولّەتی ئێراق لە سالّی ١٩٢٠ بۆ ڕژێمی شایەتی و

دوایی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨ و ، دوایش ڕژێمەکانی بەعس لە ئێراق ، کە کێشەی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزتر هەنگاوی پێدەنرێ ، سەرەڕای داننانی بە مافی کورد لە ساڵی ١٩٥٨ تاکو ڕێکەوتنامەی ئاداری/ ١٩٧٠ . بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی بە مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنووری ئێراق ، لەوانەش ئیدارەی کەرکوک لە نێوان کوردو عەرەب هاوبەش بێت لە پارێزگاکە و ، بە تایبەتی لە شاری کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی وەك خورماتو و مەخموور و چەندین جێگەی دیکەی سەر بەو پارێزگایە بوون .

کەچی لە دوای ڕێکەوتنامەی ئاداری/ ١٩٧٠ دەست کرا بە گۆڕنی دیموگرافی جووگرافی و سنووری بەر لە ساڵی ١٩٦٨ . بە نانەوەی کێشەی دژوار و چارەسەر کردنی وا بە ئاسانی ناکرێت .

هەر لەم بارەیەوە دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان ، کە لە سێ ماددەی سەرەکی پێکهاتووە ئەویش :- بەمافی چارەی خۆنووسین و ناسنامەی پارێزگای کەرکوك ، بە تایبەتی شاری کەرکوك و ئەو ناوچە دابڕاوانەی کە لەسەردەمی بەعس لە پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی هەرێم لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی گوازراونەتەوە سەر پارێزگاکانی مووسڵ و سەلاحەدین و دیالە .

بەڵام ئێران و سووریا و تورکیا ، هۆشداریان داوەتە لایەنە رامیاری و نەتەوەیی و ئاینی و ووشیار بوونیان لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لەلایەن پەرلەمان و دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکەدا .

کەچی ئێران ١٩٥,٠٠٠ سەد و نەوەد و پێنج هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و زیاتر لە ١٢,٥٠٠,٠٠٠ دوانزە ملیۆن و پێنج سەد هەزار کوردی پێوە لکاوە ... هەروا سووریا زیاتر لە ١٧,٠٠٠ حەڤدە هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و زیاتر لە ٢,٥٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار کوردی پێوە لکاوە و ، هەروا تورکیا زیاتر لەو سێ وولاتەی ئێران و ئێراق و سوریا کە ٢١٥,٠٠٠ دوو سەد و پانزە هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و زیاتر لە ٢٢,٠٠٠,٠٠٠ بیست و دوو ملیۆن کوردی پێووە لکاوە کە دانیشتووی ٢٤ پارێزگان لە ناوچەکەدا .

ئەمانە مافی خۆیانە گەر هەركێشەیەك بۆ گەلی كورد لە هەرێمی باشووری كوردستان دروست بكەن ... بەلاٌم ئەمڕۆ ... كورد دەبێتە خاوەنی دەوولەتی خۆی ، گەر سەركردایەتی كورد یەك هەلوێست بێت ئەویش بە بەلاوە نانی بەرژەوەندیە تایبەتیەكان لە كۆكردنەوەی سامان و پارە و پاوانكردنی دەسەلاٌت و خۆ دەوولەمەند كردن .

كە ئەم دەوولەتانە هەموو هەولەكانیان بە رێژەی ٧٥٪ ی بۆ خزمەتكردنی گەل و نیشتیمان و دەسەلاٌتەكانیانە و ٢٥٪ بۆ خۆیان و پارتەكانیانە بە پێچەوانەی سەركردایەتی كورد كە لە ٧٥٪ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە و لە ٢٥٪ لە پێناو گەل و نیشتیمانەكەیانە ، كە ئەمەش بە شێوەیەكی دادپەروەرانە نیە لەلایەن سەركردایەتی كورد لە كوردستان ، بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری كوردستان ...!...؟.



٢٠٠٧/١/١٩ تیرۆركردنی نووسەر و ڕۆمان نووس و ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی – ئاگوس – – هیرانت دینك – لە شاری ئەستەبوڵی توركیا ، لەلایەن گەنجێكی تەمەن ١٨ ساڵان بە دەمانچە و لێدانی چوار گوللە لە ڕێی چوونەوە ماڵەكەیدا.

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە هیرانت دینك بە هۆی نووسینی لە سەر قەسابخانەكەی ئەرمەن لە باكووری كوردستان كە لە ١٩١٥/٤/٢٤ لەلایەن ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئەنجامدرا . لەلایەن دادگایی ئەستەمبوڵ لە مانگی/ ٢٠٠٥/١٠ بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی كرا . هەروا بە هەوڵیداوە نزیك بوونەوە لە نێوان گەلی تورك و ئەرمەن لە ناوچە و وولاٌتەكەدا و لەو

پێناوەش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەی ئەنجامداوە .
دوای تیرۆرکردنــی هیرانــت ســەرەك وەزیرانــی تورکیــا – ڕەجــەب تــەیب ئۆردوگــان – لــە لێــدوانێکی ڕۆژنامەوانیــدا گــووتی :– کوشــتنی هیرانــت کوشــتنی هــەموو لایەکمانــە ... بــەلاّم هــەر لــەو کاتــەدا پەرلــەمان و ســەرۆك کۆمــاری ئــەرمینیا – ڕۆبــەرت کۆشــاریان – گووتیــان تــیرۆر کردنــی هیرانــت نیشانەی سەرسوڕمانی لێدەکەوێتەوە لێرە بە دواوە ، لـە بەر ئـەوەی هیرانت مرۆڤێکی ئەرمەن و تێکۆشەرێکی ڕاست گۆ بوو ، لە پێناو ڕاست کردنـەوەی هەڵەکان و بەرپاکردنی بەیەکەوە ژیان لـە نێوان گـەلانی ناوچەکە و بـەرگری کـردن لـە مـافی گـەلانی تورکیا ، بەتایبـەتی گـەلی ئەرمـەن لـە وولاّتەکـە و لـە جیهاندا .

٢٠٠٧/١/٢٢ پاســــەوانی شۆڕشــــی ئێرانــی دەســتی کــرد بــە تـــــاقی کردنــــــەوەی مووشــــەکی فرجــــای/٥ ، کــــە لــــە دووری ٧٥ کیلۆمـــەتر لـــە نیـــشان دەدات . ئەمـەش بـە هـۆی جموو جۆڵیـەکانی هێزەکانی سووپای ئەمـەریکا بووە کـە کەشتی هـەڵگری فڕۆکـەی ڕەوانـەی ئـاوی کەنـداو کردبوو لـە ناوچـەکەدا. هـەر لـەو کاتەشـدا ململانێی نێوان ئیدارەی ئەمەریکا و سـەرکردەکانی پارتی دیموکراتی ، کە زۆرینەن و کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانیـان لـە دەسـت دایـە و هۆشـداریان دایـە ئیدارەی سـەرۆکی ئـەمریکا – جـۆرج بـۆش – کـە لـە هـەر بڕیـارێکی بـۆ هێرش کردنـە سـەر ئێران ، تـا بێ بـە بێ بڕیارو ڕەزامەنـدی هـەردوو ئـەنجام هیچ بکات لە ڕامیاریەتی نێوو دەوولەتی لە جیهاندا .



٢٠٠٧/١/٢٣ چینی مللـی دوورپـاتی سـەرکەوتنی تاقیکردنەوەکـەی کـردەوە بـە کەوتناندنـەوەی مانگێکی دەستکرد ، کە ئەمـەش بـووە هـۆی نانـەوەی کێشە لەلایەن



ڕای گشتی وولاّتانی جیهان ، بە تایبەتی ئەمەریکا و وولاّتانی هاوپەیمانی لە ئەورپای ڕۆژئاوا دا .

لـەو کاتەشـدا ووتـە بێـژی فـەرمی وەزارەتـی دەرەوەی چـینی مللـی لـە لێـدوانێکی دا گـووتی :- چـینی مللـی سـەرەڕای هەوڵـەکانی ، بـەلاّم لـە ڕامیاریـەتی نێـوو دەووڵـەتی و تاقیکردنـەوە ئاشتیەکانی خـۆی لانـادات لـە پەرەسـەندن و پێشخـستنی توێژینـەوەی گـەردوونی لـە دەرەوەی سـەرگۆی زەویـدا. ئـەم تاقیکردنـەوەش بـە بـەکارهێنانی مووشـەکێکی جـۆری زەوی ئاسمانی مـام ناوەنـد بـە لـەناو بردنـی مـانگی دەسـت کردی تایبەتمەنـد بـە لێکۆڵینەوەی باری کەش و هەوا .

کە ئەمەش بۆ یەکەم جارە لـە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو ، دوای بەدەسـت هێنـانی چـینی مللـی لـەو تاقیکردنەوەیـە دا ، یابـان و ئوسـتڕالیا و ئەمـەریکا تووشـی مەترسـی بـوون ، لـەوەی کـە ئـەم تاقیکردنـەوە ببێتـە هۆکـاری پێشبڕکێی چەك لـە گـەردوون دا . هـەروا چینی مللـی لـە لێدوانی ووتەبێـژی فەرمی خۆی ، ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە بەر لەو تاقیکردنوە ئاگاداری وولاّتـانی دیکـە بـە تایبـەتی ئەمـەریکای کردبـوو لـە بـە ئـەنجام گەیانـدنی تاقیکردنەوەکەی لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠٧/١/٢٣ شانـشین عەبـدوللاّ عەبدولعـەزیز شانـشینی سـعوودیە نامەیـەکی دەسـت نووسی خۆی ئاڕاستەی سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردوگان کـرد ، کـە نـاوەڕۆکی نامەکـە باسـی لـە بـارودۆخی ناوچـەکە دەکـرد ، بـە تایبـەتی ، ئێـراق و ، لوبنـان و ، فەڵەسـتین و ، پەیوەندیـەکانی وولاّتـانی

ناوچەكە و پەیوەندی نێوان سعوودیە و توركیا .

نامەكەی بە دەستی وەزیری دەرەوەی سعوودیە – فەیسەڵ ئەلسعوود – لە كاتی سەردانە كورت و ناكاویەكەی بۆ توركیا ، دای بە دەستی ئۆردوگان و لـە كۆبوونەوەیـەكی كـورتی یـەك كاتـژمێری و ، دوایـی وەزیـری دەرەوەی سعوودیە بەرەو پاریسی پایتـەختی فەرەنسا كەوتـەڕێ بۆ بەشداری كردنـی كۆنگرەیـەك ، كـە لـە سـەر بـاری لوبنـان و ناوچـەكەدا ئـەنجام دەدرێـت لـە فەرەنسا .

٢٠٠٧/١/٢٤ پەرلـەمانی كوردسـتان لـە كۆبوونەوەیـەكی نائاسـاییدا ، كـە سـەبارەت بـە هەڕەشـەكانی توركیـا و دەسـتتێوەردانی لـە كاروبـاری نـاوخۆی هـەرێمی كوردسـتان سـازیكردبوو ، دوای كۆتـایی هـاتنی دانیشتنەكە ڕاگەیانـدێكی بڵاو كردەوە كە ئەمەش دەقەكەیەتی :–

١– ڕەتكردنـەوەی هـەموو جـۆرە دەسـتتێوەردانێكی توركیـا لـە كاروبـاری ناوخۆی ئێراق و هەرێمی كوردستان ، كە خزمـەت بە بەرژەوەنـدی دۆسـتانە و دراوسێیەتی نێوان هەردوولا ناكات .

٢ – هەموولایـەكمان پابەنـدین بـە دەسـتووری هەمیشەیی ئێـراق و جـێ بـە جێكردنـی مـاددەی / ١٤٠ ، بـە هـیچ شـێوەیەك قبـوڵ ناكـەین ، جـێ بـە جێكردنـی ئـەو ماددەیە و پرسـەی ڕاپرسـی لـە سـەر ئاینـدەی كـەركوك لـە مـاوەی دیاریكراوی خۆیـدا دوابخرێـت . هـەروا پێویـستە هـەر كێشەیەكی پەیوەسـت بـە ئاسایشی سـنوورەكانی نێـوان توركیـا و ئێراقـی فیـدڕاڵ ، لـە ڕێـی پابەنـد بـوون بـە یاسـا نێودەووڵەتیـەكان و ڕێزگـرتن و پاراسـتنی سـەروەری نیـشتیمانی ، بـە ڕێگـای دایـەلۆگی سیاسـی و لێكتێگەیـشتن چارەسەربكرێت .

٣ – پێویـستە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئێـراق و حكوومـەتی فیـدڕاڵ ، هەڵوێـستی لێپرسـراوانەیان دژ بـەم جـۆرە دەسـتتێوەردانانەی دەووڵـەتی توركیا هەبێت ، و ڕێگا بە هیچ دەووڵەتێكی بیانی نـەدەن بـەو جـۆرە دەست لــە كاروبــاری نــاوخۆی ئێــراق وەربــدات . هــەر وەك پێویــستە پارتــە رامیاریـەكانیش كە لـە پەرلـەمان و حكوومـەتی فیدڕاڵی بـەژدارن ، ئـەوانیش ڕێگا بە ئەندامەكانیان نەدەن بەشداری لەو جۆرە كۆنفرانسانەدا بكەن ، كە

پێشتر مـەرام و ئەنجامـەکانی ئاشکرایە . چونکە کاریگـەری خـراپ دەکاتـە ســـەر پرۆســـەی رامیـــاری و پەیوەندیـــەکان و هاوپەیمانیـــەتی نێـــوان پێکهاتەکانی ئێراق .

٤ – داوا لــە وویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا و بــەریتانیا و یــەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین ، کە فشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئێراق . هاوکاری و پشتیووانی مللــەتی ئێـراق بکـات ، نـەك لـە ڕێـی بەسـتنی ئـەم جـۆرە کۆنفرانـسانە و هەڕەشەکردنی بەردەوام دژ بە گەلی کوردستان و دەستخستنە ناو ئیرادەی گەلانی ئێراق ، کە پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا .

٥ – دووپاتکردنــەوە لــە ســەر بــوونی پەیوەنــدی دۆســتانە و پاراســتنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و هـەرێمی باشووری کوردستان و ئێراق دەکەینەوە . کە پێویستە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دراوسێیەتی و بەرژەوەندیە هاوبەشەکان بەرەو پێش بچێت .

٦ – لە ڕێی ئەم ڕاگەیاندنەوە داوەتی ، نوێنەرانی پەرلەمان و حکوومـەت و هـەر لایـەنێکی دیکـەی تورکیـای پەیوەندیـدار بـەو مەسـەلەیە دەکـەین ، سەردنی کوردستان بکەن ، بۆ باسکردنی هەموو کێشەکان و گەیشتن بە ڕا ستیەکان ، کـە بـە شـێوەیەکی چەواشـەکارانە دەگاتـە دەسـت بەرپرسـانی تورکیا ... سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان .

٢٠٠٧/١/٢٤ گرێدانی کۆنگرەی – داڤووس – لە سویسرا بە ئامادە بوونی کۆمـەڵێك لـە کەسایەتی گەورەی پیاوانی کارەکانی ڕاگەیاندن و میداکان لـە جیهانـدا . لـە نێـوان بەشـدار بـوون – شـای ئـوردن و ، سـەرەك وەزیرانـی بـەریتانیا و ، سـەرۆکی دەسـەلاتی فەلـستینی و ، ئەنـدامانی کۆنگرێـسی ئەمـەریکی و ، وەزارەتەکانی وولاتانی عـەرەبی و ، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل و ، لـە گـەڵ بەژداربوونی سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە وولاتەکەدا .

زۆر لەلایەنە ڕامیاری و ئابووریـەکان ، وا تەماشـای ئـەو کۆنگرەیـە دەکـەن کە هەلێکی بێ وێنەیە بۆ سەرکردەکان لە جیهان ، بۆ گفتووگۆکردن لەسـەر ئـەو بـارە و ئـەو تـەوەرەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتـەوە لـە بوارەکانی ڕامیـاری ئابووری لە جیهاندا

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم جۆرە کۆنگرانە لە پێناو رزگار بوونی کێشەو گرفتەکانی وولاَتانی زلهێزی سەربازی و ئابووری و بازرگانیە لە جیهان ، لە پێناو پتەو کردن و ماوە چۆل کردن لە بەرامبەر کۆمپانیاو دام و دەزگا تایبەتیەکانیان ، بە گەورەترین و زۆرترین قازانج لە سەر حسابی خوێن مژینی هێزی جەستەی هەژاران و کەم دەرامەتان و داگیراوان لە جیهان ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە جیهان و لە گۆرنانی دادپەروەری لە ماف و ئەرك و ژیان لە سەر گۆی زەویدا .

٢٠٠٧/١/٢٤ رۆژنامەی ئیماراتی ئەمرۆ ، لە بابەتێکیدا بلاَوی کردەوە کە لە ناوچەی کەنداو نزیکەی ٣٠٠ فرۆکەی تایبەت هەیە ، کە خاوەنەکانیان – بیزنسمانی – وولاَتانی کەنداون و زۆربەیان خەلکی سعوودین ... هەروا ٥٠ بیزنسمانی ئیماراتیش فرۆکەی تایبەتیان هەیە.



جێگەی باسکردنە کە جێگری سەرۆکی جێ بە جێکردنی کۆمپانیای – رۆیالگیت – بۆ فرۆکەوانی – بیلال یوسف – بە رۆژنامەی ئیماراتی ئەمرۆی راگەیاند کە :– کردەوە تیرۆرستیەکان کە بە فرۆکە ئەنجام دەدرێن وای لە بیزنسمانەکان کردووە روو لەبەکارهێنانی فرۆکەی تایبەت بە خۆیان بکەن بۆ ئەنجام دانی کارەکانیان .

بە پێی سەرژمێریەکی کۆمپانیای رۆیالگیت مانگانە نزیکەی ٢٠٠ گەشتی تایبەت لە ئیمارات ئەنجام دەدرێت ، ئەمەش لە ئەنجامی بەرز بوونەوەی ئاستی داهاتی کۆمپانیاکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا جیهانیەکانە لە وولاَتەکەدا ، کە لقیان لە ناوچەکەدا کردۆتەوە ... هەروا زۆربەی بیزنسمانەکان حەز دەکەن بە فرۆکە تایبەتیەکانی خۆیان گەشت بکەن لە وولاَتەکەدا .

٢٠٠٧/١ ٢٥ لە سەر بریاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان بە نووسراوی ژماری / ٧١٦ لێژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی مینحەی سەنتەرە

رۆشنبیریەکان و ئەو رێکخراوانە پێك هات ، کە مینحەی مانگانە لە حکوومەت وەردەگرن و لە ئاکامی چەندین کۆبوونەوەی لێژنەکەو پێشنیار گەیشتە ئەوەی کە مانگانە ٢ دوو ملیارو ٣٩٨ ملیۆن دینار بە ٥١٢ سەنتەر و رێکخراو دەدا.

کە مانگانە ٤١١ ملیۆن دینار دراوەتە ٢٩٨ سەنتەرو رێکخراو لە شاری سلێمانی و ، ٩٨٦ ملیۆن دینار دراوەتە ٢١٤ سەنتەرو رێکخراو لە شاری هەولێر و دهۆك و ، لە کۆبوونەوەی یەکەی لێژنەکە کە لە هەشت کەس پێك هاتبوو لە ٢٠٠٧/٢/١٩ بڕیاریدا کە مینحەی ٨٦ سەنتەر لە دهۆك و هەولێر و ٤٨ سەنتەر و رێکخراو لە سلێمانی ببڕدرێتەوە .

ژمارەی سەنتەرو رێکخراوەکان لە ٥١٢ سەنتەر و رێکخراوەوە ببێتە ٣٧٨ سەنتەرو رێکخراو ... ئەمەیە دادپەروەری مافی مرۆڤ لە ژیان و لە کار ، کە لەوکاتە رێزلێنان لە دەووری ٤٠٠ ملیۆن دینار بوو هەموویان بڕی ، کە ئەمەش ئەو پارەتە سەرەکیانە لێی بەرپرسیارن ، کە خۆیان دروست کەری کێشەکانن بە هۆی دژایەتی کردنی یەکتری لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکان و گەل و نیشتیمان ....؟..!.

٢٠٠٧/١/٢٥ سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سامانەکانی خۆی بۆ ئەندامانی رێکخراوەکە ئاشکرا کرد ، کە سامانەکەی ٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلارە.

جێگەی باسکردنە کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – بان کی مۆن – وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور بووە لە وولاتەکەی و بە هۆی لێهاتوویی ئەم مرۆڤە و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی لە پۆستە

جیاجیاکانی و هەوڵەکانی ، لە پێناو بەرقرار کردنی ئاشتی لە جیهان ، بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا ، بە پشتگیری کردنی لە لایەن ئەمەریکاو وولاتانی هاوپەیمان .

بان کی مۆن ، جگە لەو برە پارەیە خاوەنی خانووەکە لەگەڵ دوو پارچە زەوی لە شاری سیئۆل پایتەختی کۆریای باشوور ... ئاشکرا کردنی سامانەکەی بان کی مۆن بە پێی بڕیارێکی ڕێکخراوەکە بووە ، بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە چ سامانێکیان هەبووە بەر لە بوونیان بە ئەندام ، یاخوود بە سکرتێرو دوور کەوتنەوەیان لە هەر کێشەیەك ، کە دێتە پێشیان لەرووی دارایی و داهاتەکانیان لە ماوەی پلەکانیاندا .

٢٠٠٧/١/٢٥ بە پێی سەرژمێریەکی نوێیدا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی سعوودیە ئەنجامدراوە ، بەر لەچەند ڕۆژێك بلاوکراوەتەوە ، کە ئەو ئافرەتانەی تا کۆتایی

ساڵی ٢٠٠٦ ئۆتۆمبێلیان کریووە یا ئۆتۆمبێلیان بەناویان کراوە گەیشتۆتە ٧٥ هەزار ئۆتۆمبێل ... هەروا ئەو ئافرەتانە نزیکەی ١٢٠ هەزار ئۆتۆمبێلیان هەیە و لەوانەش تەنیا یەك ئافرەت ٦٣٠ ئۆتۆمبێلی بەناو بووە ، کە لە تۆمارگای هاتووچۆی وولاتی سعوودیە بەناو کراوە و ... بەلام دیار نیە کە ئەو ئۆتۆمبێلانە هەمووی هی خۆیەتی ، یاخوود تەنیا بە ناوی ئەو ئافرەتە کراوە و یەکێکی دیکەیە بە هۆی باج بەناو ئەو کراوە .

جێگەی باسکردنە ئەو ئافرەتانەی کە ئۆتۆمبێلیان بەناو تۆمار کراوە ژمارەیان بەرێژەی ٦٠٪ زیادی کردووە ، بە بەراورد لە گەڵ ساڵی ٢٠٠٣ ... هەروا ئافرەتانی سعوودیە بەپێی یاسا بۆیان نیە ئۆتۆمبێل لێبخوورن و ئافرەتانی ئەم وولاتە بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی یاسایەك ڕێگەیان

پێبدات بەلێخوڕینی ئۆتۆمبێل شان بەشانی پیاوان لە وولاتەکەیاندا.

٢٠٠٧/١/٢٥ لە ئەنجامی خۆ لێکدانی دوو فڕۆکـــەی هێلیکۆپتـــەری سەربازی لە نزیك شاری – مانتـا – ی ئیکـوادۆر ، کـە دەکەوێتە سەر زەریای هێمن ... یەکێك لەو هیلۆکۆپتەرانە وەزیـری بـەرگری گوادالـوب

لاریڤای ئیکوادۆری هەڵگرتبوو لە گەڵ کچەکەی کە تەمەنی ١٧ ساڵان بوو گیانیان لە دەست دا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە خاتوو لاریڤا تەمەن ٥٠ ساڵ لە ١/١٥ی ئەم ساڵە پۆستی وەزارەتی بەرگری گرتبووە دەست ... ئەویش کە لە پارتێکی چـەپڕەوی بـچووك بـوو لـە وولاتەکـەی و لـە دوای سـەرکەوتنی سـەرۆکی چـەپڕەوی ئیکـوادۆری – رۆفائیـل کۆریـا – ئـەو پۆسـتەی بـە خـاتوو – گوادالوب لاریڤا – بەخشی لە حکوومەتەکەی لە وولاتەکەیدا.

٢٠٠٧/١/٢٥ لـە کـاتی گرێدانی کۆنگرەی مونتـــەداری کۆمەڵایـــەتی جیهـانی لـە شـاری نـایرۆبی پایتـەختی کینیـا ... و لـە هـوتێلی پێـنج ئەسـتێرە – وندسـوور – کـە نرخـی یـەك ژەم خواردن بە ٧ دۆلار بوو

. لەوکاتەشـدا منداڵـەکانی شـەقامە جیاجیاکـانی شـارەکە ، لـە برسـان هێرشیان کردە سەر هۆل و چێشتخانەی هوتێلەکەو هەرچی خواردنی سەر مێزەکان و ناو چێشتخانەکانەکە هەبوو هەموویان خوارد و ئەوەی بردیان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە خالەکانی ئەم کۆنگرەیە لە باری کۆمەڵایەتی و برسێتی بوو لـە جیهـان و ، ئەنـدامانی کۆنگرەکە ئـەو کارەشیان بە چاوی خۆیـان دیـت لـەم شـارە و بـاری هـەژاری لـەم وولاتـە و لـە وولاتـانی دیکـەی

جیهاندا .

٢٠٠٧/١/٢٥ سەرۆكی فەرەنسا جاك شیراك لە لێدوانێكیدا لە كۆنگرەی پاریس /٣ بە پشتیووانی كردن لە لوبنان ، گەیشتنە رێكەوتن لە سەر ئەوەی كە ٧,٦٠٠ بلیۆن دۆلار ، وەك پشتگیری بدرێت بە لوبنان لەوانە وولاّت و حكوومەتی شانشینی سعوودیە بە ١,١٠٠ بلیۆن و سەد ملیۆن دۆلاری بەر كەووت بە پشتگیری كردنی لوبنان . ئەمەش لە پێناو ئاسانكاری كردن لە هەڵسووراندنی كاروباری وولاّتەكە و بەهێز كردنی ژێرخانی ئابووری ، لەوانەش ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری كاش درایە حكوومەتی لوبنان لەلایەن وولاّتانی بەشدار بوو لە كۆنگرەی پاریسی /٣ لە فەرەنسادا.

٢٠٠٧/١/٢٥ سەرۆكی رووسیای یەكگرتوو -- ڤلادیمێر پوتین -- لەكاتی سەردانەكەیدا بۆ هیندستان ، ئەویش بەشداری كردن لەكەرنەڤالێكی سەربازی بە بۆنەی یادكردنەوەی راگەیاندنی كۆری هیندستان لە كیشووەری هیندیدا ، لەكاتی سەردانەكەی بۆ هیندستان چەندین رێكەوتنی ئابووری و بازرگانی و سەربازی مۆر كرد ، لە گەڵ سەرۆك وەزیرانی هیندستان -- مان موهان سینگ -- و -- سەرۆكی هیندستان — عەبدوكلام — لە شاری نیودەلهی پایتەختی هیندستان ، هەروا رێكەوتنیان لەسەر چوار بنكەی ووزەی ئەتۆمی كرد .

جێگەی باسكردنە كە پەیوەندیەكانی نێوان رووسیاو هیندستان لە سەردەمی یەكێتی سۆڤیەتی جاران وە تاكو ئێستاش بەردەوامە و هیند لە پێشەوەی وولاّتانی جیهانە لە كرینی چەك وتەقەمەنی لە رووسیا و چەكی بچووك تا دەگاتە مووشەك و فرۆكەو پەیوەندی سەرباز لە نێوانیان زۆر بەهێزو ، جگە لە پەیوەندیەكانی ئابووری و بازرگانی و رامیاری و رۆشنبیری .

هەروا جگە لە چەندین رێكەوتن لە نێوان رووسیاو هیندستان بە دوو لایەنە . بەلاّم بریاریاندا بەرێكەوتنی سێ لایەنە لە نێوان رووسیا و هیندستان و چینی میللی ، لە بوارەكانی ئابووری و سەربازی و ئەتۆمی و بازرگانی . كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە وولاّتانی رۆژئاوا دڵگران بكات بە تایبەتی ئەمەریكا .

٢٠٠٧/١/٢٦ نووسـەرو رووناکبیری پۆڵەنـدی – ریـزارد کایۆتشتـسکیی – لـە تەمـەنی ٧٤ سـاڵیدا ماڵئـاوایی لەگـەڵ پۆڵەندا و جیهان کرد لە وولاتەکەیـدا . ئـەم

نووسـەرە بـەکارکردن لـە ڕێکخـراوە هەمەلایەنـەی و ململانێـی ڕامیـاری لـە جیهانی سێیەم ناسراو بووە ... کایۆتشتسکیی دەربارەی زۆر لە شۆڕش و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە نووسینی لە سەریان بەردەوام بووە ، لەوانەش لەسـەر سـەرکردە و شۆڕشـگێڕی نـاوداری ئـەرژەنتینی و جیهـانی –تـشی گیڤارا – ی نووسیووە

هەروا لـە سەر زیاتر لە ٢٧ شۆڕشی دیکەی جیهانی نووسییوە و یـەکێك بووە لـە کاندیدکراوە هـەرە بەهێزەکان بۆ خـەلاتی نۆبلی ئاداب بۆ ماوەی چـەند ساڵ . لەگـەڵ ئەوەشدا هیچ نووسـینێکی لـە بارەی شیعر و ڕۆمـان نەنووسیبوو . کایۆتشتسکیی لـە ساڵی ١٩٥٩ تـا ١٩٨١ کاری ڕۆژنامـەوانی کردووە و خاوەنی چەندین کتێبە ، کە بۆ ٣٠ زمانی بیانی وەرگێڕدراوە کە گرینگترینیـان کتێبەکەیـەتی کـە بـە نـاوی – ئیمپراتـۆر – ی بـووە و کاردانەوەی بەر چاوی هەبوو لەلایەن رووناکبیرانی جیهانیدا .

٢٠٠٧/١/٢٨ هاوولاتیـانی ڕەسـەنی وولاتی یەمەنی هـەڵگری بـڕوای جوولەکـە لـە گوندی سالم کە نزیکەی ٤٥ خێـزان بـوون . ئەویش بە هۆی هەڕەشە لێکردنیـان لەلایـەن ئیـسلامە توونـدڕە و

ئیسلامەکانی دیکەی عەرەب ناچار بوون جێگەو شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن

و ڕووو له هوتێلێکی یەمەن بکەن لە باکووری وولاتەکە . ئەم خێزانانش بەر له ١٠ ڕۆژ هەلاتبوون لە جێگەی خۆیان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دانیشتووانی وولاتی یەمەنی هەلگری بڕوای جوولەکە بەر لە زایینی و ئیسلامیش لەو ناوچە و هەرێمانە ژیاون و دوای دامەزراندنی دەوولەتی ئیسرائیل لە سالی ١٩٤٨ زۆربەی هەرە زۆریان کۆچیان بۆ دەوولەتی جوولەکە کرد ، کە زیاتر لە ٦٠,٠٠٠ شەست هەزار خێزان دەبوون ، لەوکات و دوای ئەویش بە هۆی دروست بوونی ترس لەلایەن بەرامبەر بە ئیسلامەکان ڕوویان لە ئیسرائیل کردوو ، ئەوەی کە لەو وولاتەش ماونەتەوە هەمووکاتێ لەوە دەترسن کە لەلایەن ئیسلامەکان پەلامار بدرێن . بەم هۆکارەش چەند سەدێك لە خێزانەکان لە وولاتە ماوون .

گەر ئیسلام بە تایبەتی ئیسلامی عەرەب دەسەلات و توانایان هەبێ ئەوەی هەلگری بڕوای ئیسلامی نەبێ بەزیندی چاوان زیندە بەچالیان دەکەن و . ماوە بە کەسی تاك و کۆمەلێ و خێزان و بنەمالەو نەتەوە نادەن ، بە ئارەزووی خۆیان ژیان بەرنەسەر و تەنیا لە ژێر ڕەشمالی عەرەب و ئیسلام بن لە هەموو بوارە جیاجیاکان

گەر مێژووی نەتەوەی عەرەب لە بیابانی دوورگەی عەرەب بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت.

کە چ نەتەوەیەکی دواکەوتوو بوونە بە تایبەتی بەهاتنی ئیسلام لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ، بە تایبەتی لە بواری ئابرووییی – ئەخلاق – هەروا دوای ئیسلامیش و تاکو ئێستاش بەعەقلیەتی دوو هەزار سالێ بیردەکەنەوە ، لە مامەلە کردن و چارەسەر کردنی کێشەکان و دانانی غەیرە ئیسلام بە کافر .

وا بیردەکەنەوە تەنیا عەرەبی ئیسلام لە پلە یەکە لە ئاین و غەیرە عەرەب پلە دوو بە ناو ئایینی ئیسلام و دواتریش.

هەروا عەرەب خۆی بەخاوەنی هەموو شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەزانێ و بەخاوەنداریەتی و خۆی دەزانێ ، لە کۆشك و تەلار و بالەخانەو پرد و گۆڕو مەزارگەو نووسینەکان .

لەگەلێ ئەوەشدا هیچیان هەر عەرەبی و ئیسلامی نین ... ئەهراماتی وولاتی

مصر و ، بابل و ، ئاشوور و ، سۆمەر ، لە وولاتی نێوان دوو زێی – میزۆپۆتامیا – هی عەرەب نیە و یەك عەرەبیش کاری لەو شوێنەوارە شارستانیەتانە نەکردووە ، گەر دەستی عەرەبی تیا بووایە هەمووی وێران دەکرد و ئاسەواری نەدەما لە جیهانی ئیسلامی ... هەروا دەسەلآتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەتایبەتیش تورکمان ، تەنیا شارستانیەت و شوێنەوارەکانیان دروستکردنی مزگەوت و تەکیە و دیوەخان و باڵەخانەی تایبەت بە دەسەلآتەکانیان بووە ، ئەویش بە بەنجەی دەستان دەژمێردرێن لە جیهاندا .

گەر عەرەب و تورکمان خاوەنی شارستانیەتن لە جیهان ... بۆچی لە سەرەتای بوونی عەرەب و دەسەلآتی عوسمانی و ، بەتایبەتی ئیسلام نەیان توانییە کارگەیەکی بچووك لە دەرزی دروستکردن ، تا دەگاتە چەك و تەقەمەنی و ئەلکترۆن و تەنکنەلۆژیا بکەن ... ڕاستە شارستانیەتی عەرەب و ئیسلام کوشتن و وێرانکردن و تۆقاندن و داگیرکردن و ئەنفال کردن و زیندە بەچاڵکردن و تالآن و سووتاندنی گەلآنی جیهان بووە ، لەو ناوچە و هەرێمانەی دەستیان پێ ڕاگەیشتووە و بەخاوەنداریەتی خۆیان زانیووە لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، بە تایبەتی بەرامبەر بە کورد و ئەرمەن لە سەر خاکی کوردستان ...!...؟.

٢٠٠٧/١/٢٩ کۆمەڵگای ڕووسیای یەککگرتوو تووشی مشتوومرێکی بەردەوام بوونە لە دوای هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت لە دوای ساڵی ١٩٩٢ ... لە داهاتووی جەستەی مۆمیاکراوی



دامەزرێنەری دەووڵەتی سۆڤیەت و سەرکردەی شۆڕشی سۆشیالیستی ڕووسیا – ڤلادمیر ، لینین – هەروا بەرامبەر بە مەزارەگەکەی کە بە دیواری کەرملین نووساوە لە گۆرەپانی سوور لە مۆسکۆی پایتەختدا .

جێگەی باسکردنە کە تەرمەکەی ئەم سەرکردەیە لە دوای مردنی لە

١٩٢٤/١/٢٤ بـه هـۆی نەخۆشـی راسـتەوخۆ جەسـتەکەی مۆمیـە کـراو لـە گـۆڕێکی بەتەختـەدار دروسـتکراو لـە تـەك دیـواری کـەرملین لـە نـاو شوشەبەندێك دانرا.

بەڵام دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٣٠ ئـەو مـەزارەی ، یـاخوود ئـەو گـۆڕەی کـە ئێستا هەیەتی ، لەلایەن حکوومەتی سۆڤیەتی جاران دروستکراو – لینین – بە تەواوی جلەکانی خۆی لە ناو شوشە بەندێك دانراو رۆژانـە بەسـەدا کـەس سەردانی گۆڕەکەی دەکرد ، بە هۆی بەهێزی و توانای ئەم مرۆڤە بێ وێنەیـە لە جیهاندا.

بەڵام لـە دوای نـەمانی یەکیـەت سـۆڤیەت و پـارتی کۆمەنیـست لـە دەسـەڵات دوو بیروبۆچوونی لێك جیا دەرکەوت کە :-

یەکـەم:- زۆربـەی چـەپرەو و زانـا و رووناکبیران و کەسـایەتیە سـەربازی نەوەی سۆڤیەت وایان پێ باشـە ، کـە هـەر وەك خـۆی بمێنێ لـە بـەر ئـەوەی لینین و گۆڕەکەی هێمای سەرکەووتنە لەهەموو بوارە جیاجیاکان .

دووەم:- بیروبۆچوونێکی وایان پێ باشە تەرمەکەی لـە گۆڕسـتانێك بەخاك بسپێردرێت لە سەر رێنماییەکانی ئایینی مەسیحی و بەهۆی نـەمانی رۆڵـی بیروبۆچوون و دەسەڵات و سەردەم سەردەمی دیموکراتیەت و بـازاڕی ئـازاد و بەیەکەوە ژیانە.

بەڵام سـەرەرای کـەم و کـوڕی و کێشەو گرفتەکان ئەو دادپەروەریـەی کـە لـە رژێمـی سۆشیالیستی یەکیـەتی سۆڤیەت و وڵاتـانی دیکـەی نـاو پـەیمانی وارشۆ هەبوو ، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی سەرمایەداری و هاوپەیمانـەکان و وڵاتە دیموکراتەکانی دیکە بەدی نەدەکرا لە جیهاندا .

٢٠٠٧/١/٣٠ کۆچی دوایی نووسەرو بەرهەم هێنەری ئەمـەریکی -- سـیدش شـیلرۆن -- لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا ، لە ناوەندی ئایزنهـاوری پزیـشکی لـە رانـشۆمیراج لـە رۆژهەڵاتی وویلایەتی لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکا ... بە نەخۆشـی هـەوکردنی سـیەکانی ... شـایەنی باسـە ئـەم نووسـەرە لـە سـاڵی ١٩١٧ لـەدایکێکی جوولەکـەی ئـەڵمانی و بـاوکێکی جوولەکـەی رووسـی چـاوی بـە جیهـان هەڵهێناوە ... سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەم نووسـەرو بەرهـەم هێنـەرە لـە ساڵی سیەکان بووە . شایەنی باسە بەرهەمەکانی ئەم نووسـەرە بۆ ٥١ زمـان وەرگێـردراون و بـە ١٠٨ وڵات بڵاوبوونەتـەوە ، لـە سـاڵی ١٩٤٨ خـەڵاتی

ئۆسکاری پێ بەخشراوە ... ئەم نووسەرە لە ژیانیدا درێخی نەکردووە لە نووسینەکانی لە پێناو خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و مرۆڤ لە سەر گۆی زەویدا .

٢٠٠٧/١/٣٠ دادگای فیدراڵی ئەمەریکا سزای بەندکردنی بۆ – رۆبیرت شتاین – بە حەوت ساڵ بڕیەوە ... هەروا سزاکەشی بە بڕی ٦,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن بۆ بەرپرسێکیدی بڕیاردا ، کە تۆمەتی بەشداریکردنی لە تۆڕێکی ساختە و سپیکردنەوەی پارەدا لە سەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە ئێراق تۆمەتبار کرابوو .

جێگەی روونکردنەوەیە کە رۆبیرت شتاین لە مانگی/ ٢٠٠٦/٢ بەگەندەڵی و دزی تۆمەتبار کراوە و دانی بە دزینی پارە لە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی ئێراق ناوە ، لەوکاتەی کە رۆبیرت بەرپرسی دارایی ئەو سندوقە بووە . رۆبیرت شتاین بە یارمەتی چەند بەرپرسێکی دیکە توانیوویەتی زیاتر لە ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە سندووقەکە بۆ ژمارەی بانکی بە ناوی – بزنس مانێکی – ئەمەریکی لە رۆمانیا بگۆری لەوکات .

هەروا شتاین دانی بەو کارەی ناوە لەکاتی کارکردنی لە ئێراق ، بە بەرتیل وەرگرتنی بە بری ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلار و ئۆتۆمبێل و چەندین کەل و پەلی دیکەی وەرگرتووە ... شتاین بەو پارە دزراوە چەك و تەقەمەنی کریووە و رەوانەی ئەمەریکای کردووە ، بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاری تیرۆری تایبەت بەخۆی لە وڵاتەکەدا.

٢٠٠٧/٢/١ لە سەرداەکەی بۆ تورکیا ، وەزیری دەرەوەی سووریا – ولید موعلم – لە دوای چەندین جار لە گفتووگۆی هاوبەشی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەبدوللاّ گولّ – و بەپرسانی تورکیا رێکەوتنێکیان مۆرکرد ، کە لە پێنج خاڵ پێك هاتبوو لە سەر باری ئەمنی ئێراق و ناوچەکە . ئەویش :– بە ئاشتبوونەوەی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی میلشیا و خشتەی کشانەوەی هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان .

هەر لەو کاتەشدا سەرۆکی سووریا – بەشار ئەسەد – پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی زانایانی ئیسلامی سووننە – حارس زاری – کرد و گفتووگۆکانیان بە ئارەزوو و خواستی خۆیان کۆتایی پێ هێنا ، لە بارەی باری ئێراق و داهاتووی ، ئەمەش لەو کاتە هات کە یەك هەفتە دوای

سەردانەكەی سەرەك كۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی هات بۆ سووریا .
سەرەڕای ئەوەش دانیشتووان و حكوومەتی سووریا دڵخۆش نەبوون بە لێدوانەكانی حارس زاری لە سووریا و ناوچەكە ، بە هۆی دەست تێوەردانی لە كاروباری ناوخۆی ئێراق لەلایەك و جێ بەجێكردنی ماددەی /١٤٠ لە لایەن كورد لەلایەكی دیكە لە وڵاتەكەدا .

٢٠٠٧/٢/٢ كۆچی دوایی سەرۆكی توركمانستان – سابار موراد نیازۆف – ماوە دانێك بوو بۆ بیست ساڵی ڕابردوو بەشێكردنەوەو گفتووگۆ لە سەر ڕێرەوی داهاتووی دەوڵەت و دەسەلأت ، لە پێش سەركردەكانی دیكەی توركمانستان بەتایبەت جێگرەكەی . هەروا لە هەموو كات و ساتێك و سەردەمێك ، كە سەركردەی یەك كەسی كێشە و



نائارامی لە دوای خۆی بەجێ دێلی ، جا لە هەر وڵاتێك بێت و جاریش هەیە سەركردایەتی بە كۆمەڵیش كە سەركردەی دەستەیەك ، یاخوود ئەنجوومەنێك كۆچی دوایی دەكات ، یاخوود دەسەلأت بەجێ دێلی ئەو وڵاتە و دەسەلأتەكەی دوای خۆی تووشی كێشە و ململانێ دەكات ، جا بەهەرەس هێنانی ، یاخوود پەرینەوەی بە قۆناخێكی نادیار و پر لە گرفت .
بۆ نموونە:–
دەست كێشانەوەی سەرۆكی باڵای یەكیەتی سۆڤیەت میخائیل گوریانشۆف بووە هۆی هەرەس هێنانی یەكیەتی سۆڤیەت ، كە پەرلەمانی یەكیەتی سۆڤیەت لە ٢٥٠٠ ئەندام پێك هاتبوو لە گەڵ ٣٥ وەزیر لە ئەنجوومەنی وەزیران و ١٢ ئەندامی دەستەی ئەركانی سووپا و دەستەكانی دیكەی دەسەلاتی دەوڵەتی سۆڤیەت .
لێرەدا دەسەلأتی تاكرەوی هۆكار و كاردانەوەی خۆی دەنوێنێ . گەر دەسەلاتەكەی دكتاتۆر نەبێت و دیموكراتیش بێت ... لەو كاتەی سابار

موراد نیازۆف ، کە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی کۆماری تورکمانستان بوو لە ساڵی ١٩٨٥ ، کە سەرۆکی ئەو وولاتە بوو ... دوای ئەوەی کە هەلبژێردرا بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بالآ لە سالی ١٩٩٠ و ، دوای ئەویش بە سەرۆکی تورکمانستانی سۆڤیەتی هەلبژێردرا بە کۆی دەنگی ٩٣٪ . دوای بڕیار دان لە سەر دەستوور لە ١٩٩٢/٦/٢١ و دوای ئەوەش لە هەڵبژاردنی نوێ ، دیسان لە ٩٩,٥٪ ی دەنگەکانی بە دەست هێنا ، کە پاڵێوراوی یەکەم بوو بۆ پۆستی سەرۆکی تورکمانستان .

دوای وەرگرتنی دەسەلآت لە سەر هەموو دام و دەزگا بالآکانی کۆماری تورکمانستان لە ساڵی ١٩٩٣ ڕایگەیاند ، کەخۆی هەموو شتێکە بەناوی – تورکمانیاس – واتە باوکی تورکەکان . دوای ئەوە لە مانگی/ ١/١٩٩٤ لە کاتی ڕاپرسیەك لەلایەن گەلی تورکمانستان ، دیسان ماوەی دەسەلآتەکەی بۆ پێنج ساڵی داهاتووی بۆ سەر سەر وولآتەکە درێژکرایەوە و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٩ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بڕیاردرا کە – نیازۆف – دەسەلآتدار بێ لەو پلە و پایەدا هەتا هەتایە ، واتە تاکو مردنی لە سەر وولآتی تورکمانستاندا.

لە نیووەی دەسەلآتی نیازۆف ، کتابێکی دەرکرد بەناوی – روخناما – کە ژیان وچەند چیرۆکێکی تیا کۆکردبووە ، کە ئەم کتابە لە هەموو قوتابخانەکان ببووە کتابی خوێندن و لە هەموو کاتەکان و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن . لە گەڵ چەندین بیروبۆچوونی دیکە ... لە وولآتەکەدا.

لێردا سەیر ئەوەیە کە لە مرۆڤێك و لە سەرکردیەتی چەپرەو بەرەو مرۆڤێکی دکتاتۆر لە سەر دەسەلآت . هەر لە دوای مردنی نیازۆف تورکمانستان بووە گۆرەپانی گورزەکێشکانێ لە نێوان وولآتانی ناوچەکە و جیهان ، بەتایبەتیش ئەمەریکا . کە ئەم وولآتە تووشی بارێکی نالەبار بوو ، بە سەر هەڵدانی تەواوی کێشە تەشەنە دارەکان و بەرپابوونی شەڕی نێوان لایەنگرانی نیازۆف و بەرهەڵستکارانی لە وولاتەکەدا . کە کێشەی نەوت و گازیش کێشەیەکی سەرەکی بوو لە نێوو وولآتانی کێشووەرەکەو جیهاندا .

بەلآم بە هۆی یارمەتی دانی و گەمارۆدانی بارودۆخەکەو دیاریکردنی رۆژی هەلبژاردن لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی تورکمانستان لە ٢٠٠٧/٢/١١ و

لـه ئـەنجامی هەلبژاردنـەکانی – کوریـان گـول بیردمخەمـەدۆف – بەسەرۆکی تورکمانستان هەڵبـژێردرا . بـەلام لـە کـەش و هـەوا و بـارێکی نـوێی دوای مردنی نیازۆف لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٢/٣ وەزیری کشتووکاڵ و چاککردنی کشتووکاڵ لە ڕژێمی بەعس لـە سووریا ، نووسـراوێکی بـە ژمـارە/ ١٦٨٢ دەرکـرد و بـەپێی ئـەو نووسـراوە کـردەی دابەشـکردنی باخـەکانی دەووڵـەتی لـە ناوچـەی درێـك لـە سـەر سـنووری باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق دەست پێکرد و ، هەر بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی کشتووکاڵ و چاککردنی کشتووکاڵ لە پارێزگای حەسەکە ، هەڵسا بـە مـۆرکردنی گرێبەسـت لـە نێـوان کۆمەڵـەی جووتیـاران و شـاری دێریـك و ١٥١ خێـزان لـەو خێزانانـەی کـە لـەکاتی فراوانکـردن و چـەپەی عەبدوالعزیز و به سەر پەرشتی باسل له تووشی زەرەرو زیان هاتبوون و ، که له ٦/١٣ هەمان ساڵ لە پێناو بە دەست هێنانی ئەم زەویانەی خوارەوە کە لە سەر سنووری تورکیا وئێراقدان کە خاکی کوردستانە ئەویش:–

- تەعریبکردنی خەرابە و رەشك و گۆڕینی ناوەکەی بۆ سوویدیە شرقیە کە رووبەرەکەی ٣٥٢٠ دۆنمە.
- تـەعریبکردنی قەدیربـەگ و گـۆڕینی ناوەکـەی بـۆ تـل الاحـراء کـە رووبەرەکەی ٢٢٠ دۆنمە .
- تەعبیرکردنی فزرچی و گۆڕینی ناوەکەی بۆ قفاء رجب کە رووبەرەکەی ٨٠ دۆنمە .
- جێگەی ئاماژە پێکردنە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس لە سووریا ئەم خێزانـە عەرەبانـەی لـە گونـدەکانی شـاری شـەدادە هێنـابوو ، کـە ١٠٠ کیلۆمـەتر کەوتۆتـە باشـووری شـاری حەسـەکە ، بـۆ گونـدە کوردنـشینەکانی گونـدەکانی شـاری دێزیـل و نزیکـەی ٥٦٠٠ دۆنمـە لەو زەویە لە خاکی کوردستان بە سەریان دابەشکرا .

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە/ ٢٥٨٧.

٢٠٠٧/٢/٥ لە ڕاگەیاندنێکی پزیشکی کۆمپانیای – کلۆنید – بـە هەڵسانی بـە کـۆپی کردنـی شەشـەمین منـداڵ لـە ئوسـترالیا ، کـە منداڵەکـەش کـوڕە . سـەرەرای ئـەوەی کـە دەسـەلاتەکانی پزیـشکی و زانـستی و دەسـەلاتە

رامیاریەکان لە ئوستراليا ، ئەم کارە رەتدەکەنەوە ، بەلام کارە زانستیەکانی پزیشکی گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز لەم بوارەدا.

جێگەی باسکردنە کە لە راگەیاندنێکی کومپانیای کلۆنیدا ، کە یەکەم منداڵ کە کچ بووە لە سالی ٢٠٠٢ لە دایك بووە لە رێگەی کۆپی کردن . ئەو منداڵە کۆپی کراوانەش هەمووی تەندروستیان باش بووە بە شێوەیەکی رێك وپێك لەم وولاَتەدا.

سەرەرای ئەوەی کە وەزیری تەندروستی ئوستراليا – تۆنی ئەیووت – لە ووشەیەکدا دژی ئەو کارە وەستاو بەرێگەیەکی نا یاسایی ناو زەند کرد کە داهاتوویەکی خراپی لێدەکەوێتەوە ، کەچی ئەم کومپانیایە بەردەوامە لە کارەکانیدا بە بلاَوکردنەوەی لە سەر تۆری ئەنتەرنێت بەرەو راگەیاندنەکانی جیهان .

سەرچاوە :– BBC,dkabic.com یان Reuteks

٢٠٠٩/٢/٦ دادوەری مەدەنی ئەمەریکای پێشوو – پۆل پریمەر – لە ئێراق بەرامبەر لێژنەی کۆنگرێسی ئەمەریکی وەستاو بەرگری لە هەلس و کەوت و رەفتارەکانی خۆی کرد ، کە لەو کاتەی دادوەری ئەمەریکا بوو لە

ئێراق لە سالەکانی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤ ، ئەویش بە خەرج کردنی بە دەیان ملیار دۆلار لەو وولاَتەداو دیارنەبوونی چەندین ملیار لەوکاتەی کە پۆل پریمەر بەرپرسیاریەتی ئەو وولاتەی لە دەست بوو.

ئەم برە دولارەش لە داهاتەکانی نەوت و ئەو پارەی کە بلۆکرابوون لە

خەزنــەکانی وولآتــانی دەرەوەی ئێــراق ، لەلایــەن ئەمــەریکا و ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان . بەلام پۆل پریمەر بە بەرگری کـردن لـە خۆی و لـە دەسەلاتەکەی ، کە لەو ماوەی لە ئێراق بووە ، ئەویش بـە خـەرج کردنـی ئـەو پارەیە لە دام و دەزگاکانی لە ئێراق و نۆژەنکردنەوەی و هەروا خـەرجکردنی مووچەی بە مەلآینی خێزانە ئێراقیەکان.

ئـەویش بـە هـۆی لـە بارچـوون و بەرزبوونـەوەی نـارەزایی لەلایـەن پێـك هاتەکانی گەلانی ئێراق ، لە بوارەکـانی رامیاری و ئابووری و کۆمەلآیـەتی و شەڕی ناراستەوخۆی ناوخۆی ئێراق . ئەمانە بوون بە هۆکاری خـەرجکردنی ئـەو بـرە پارەیـە و لـە پێنـاو هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـەو بەرەوباشـبردنی ماوەی دەسەلآتی ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئێراقدا .



٢٠٠٧/٢/٧ دەســـەلآتدارانی نەمـــسا توانیـــان تۆرێـــك لـــە بازرگانـەکانی کـە بازرگـانی بـــە منـــدالآن بکـــەن دەسـتگیرکردن ، کـە زیـاتر لـە ٢٣٦٠ گومـان لێکـراون کە لە زیاتر لە ٧٧ وولآتدا لە جیهاندا.

لەم بارەیەوە وەزیری ناوخۆی نەمسا – گینـتیر بلاتـر – لـە ڕاگەیاندنێکیـدا گـووتی :– ئەوانـەی کـە گومانیـان لێـدەکرێت پارەیـەکی زۆریـان داوە بـۆ ئەوەی تەنیا تەماشای کارە سێکسیەکان بکەن ، کە بەشێوەیەکی نامرۆڤانـە بەرامبەر بەو مندالآنە ئەنجام دەدرێت.

ئەمەش لە دوای بلآوکردنەوەی کاسێتی ڤیدیۆدا هـاتووە لـە سـەر سـایتێکی ئەنتــەرنێت ، کــە کۆمپانیایــەکی نەمــسا ئەنجامــدەری بــووە لــە وولآتەکــەدا. نەمساش دەستی بە لێکۆلێنەوە لە گەلْ وولآتانی پەیوەندار کردووە . هـەروا لەگەلْ ئەمەریکا و ئەلمانیاش.

هــەروا وەزیــری نــاوخۆی نەمــسا گــووتی :– نووســینگەی لێکۆلێنــەوەی

فیدراڵی ئەمریکا – ئیف بی ئای – لێکۆڵینەوە لە گەڵ ٦٠٠ گومانلێکراو ئەنجامدەدات . هەروا ئەلمانیاش لێکۆڵینەوە لە گەڵ ٤٠٠ گومانلێکراو ئەنجامدەدات و ، هەروا فەرەنساش لە گەڵ ١٠٠ گومانلێکراو دەدات . لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەو کارانە تۆمەتبار کراون تەمەنیان لە نێوان ١٧ تا ٦٩ ساڵە.

دوای ئەوە پۆلیسی نەمسا گووتی :– ئەم کارە گورزێکە لە مێژوودا لە نەمسا بەگرتنی تۆری بازرگانی کردن بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجامدەدرێت لە جیهان ...؟...!.

سەرمایەدارو رژێمی ئیمپریالیازم و وولاتانی فاشی و رەگەز پەرستی و شۆڤیتی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا بەرپرسیارن لەو مەرگەساتە لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٢/٨ تابلۆی وێنە کێشی ناوداری هۆڵەندی و جیهانی رامیرانت لەخانەی سۆنبیز بۆ زیاد کردنە ئاشکراکان لە شاری نیۆرکی ئەمەریکا راگەیاندرا ، کە تابلۆکە بە ٢٨,٨٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی فرۆشرا ... کریاری ئەم تابلۆیە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات . ئەم تابلۆیە کە نرخەکەی ١٨ هەزار دۆلار بوو ، بەلام لە ئاکامی زیاد کردن گەیشتە ملیۆن دۆلار .

شایەنی باسە ئەم تابلۆیەی رامیرانت لە سالی ١٦٦١ وێنەی کێشا بوو ... واتە ٨ بەر لە کۆچی دوای ... درێژی تابلۆکە ٩٢×٧٥ سەنتیمەتر بوو ... ئەم تابلۆیە لە بارێکی سەخت لەلایەن رامبرانت وێنەی بۆ کێشراوە کە کاتێك ناچار کرا بۆ ئەوەی دەست لەسەر ماڵ و سامانی خۆی هەڵبگرێت.

٢٠٠٩/٢/٨ لەم رۆژەدا باراك ئۆباما پاڵاوتنی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەمەریکا راگەیاند ، لەناو پارتی دیموکراتی لە ئەمەریکا ، ئەویش شان بەشانی ، هیلاری کلنتۆن و ، ئەدوارد جۆنز و ، جۆن

بایدن . دوای ئەوەی كە لە هەڵبژاردنی سەرەتایی كە لە مانگی/ ٢٠٠٨/١ لە ویلایەتـەكانی ئەمـەریكا ئەنجامـدرا ، بـاراك ئۆبامـا سـەركەوتنی باشـی بەدەسـت هێنـا ، هـەروا بـاراك ئۆبامـا لـەكاتی پروپاگنـدەكانی رامیـاری هەڵبژاردن ، توانی دوو كتێب بەرهەم بهێنێت .

یەكـەمیان :- بـەناوی -- احـلام مـا والیـدی – لـە سـالی ١٩٩٥ كـە بـاس لـە ژیانی منداڵی و پەیوەندی لەگەڵ باوكی دەكات .

دووەم :- كتێبی بەناوی -- الجـراە علـی الامل -- كە لـە سـالی ٢٠٠٦ بـە چاپی گەیاند ، كە باس لە باری رامیاری وداهاتووی ئەمەریكا دەكات ، كە ئەم كتێبەی بە سەركەوتووانە دەفرۆشرا لە جیهاندا .

جێگەی باسكردنە كە باراك حەسن ئۆباما لە شاری هۆنۆلولو لە ویلایـەتی هاوای لە ١٩٦١/٨/٨ لە دایكێكی سپی پێستی ئەمەریكی لـە كانساس و لـە باوكێكی ئەفەریكی لە كینیا چاوی بە جیهان هەلهێناوە . دوای دوو ساڵ لـە دایك بوونی ئۆباما دایك و باوكی لێك جیادەبنەوەو دایكی شوو بە پیاوێكی ئەندەنووسی دەكات و ئۆبامای لە گەڵ خۆی بردە ئەندۆنوسیا ، دوای ئـەوە ئۆباما گەرایەوە ئەمەریكا و لە گەڵ دایكی ، واتە داپیری ژیانی بردە سەر.

ئەم كەسایەتیە لە بنەماڵەیەك و خێزانێكی هەژار لە دایك بووە و پـەروەردە كـراوە لەلایـەن داپـیری ، بـەڵام بـە هـۆی زیرەكـی و توانـای هۆشمەندیـەتی وسـەركەوتوویی دەسـتی بـە خوێنـدن كـرد لـە قوتابخانـەی – یۆنـاهۆ – لـە هۆنۆلولو . كە ئەو قوتابخانەیە ، تەنیا منداڵە سپی پێستە دەوولەمەندەكان تیایـان دەخوێنـد ، بـاراك ئۆبامـا لـە خوێندنـەكانی بـەردەوام بـوو تـاكو بروانامەی بەكەلۆریۆسی لە یاسا بەدەست هێنا .

دوای ئـەوەش پەیوەنـدی بـە پـارتی دیمـوكراتی ئەمـەریكی كـردو تـا بـووە سـیناتۆر لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئەمـەریكا ، تـوانی لـە هـەموو بـوارە جیاجیاكان سەركەوتن بە دەست بێنـی . ئۆباما دژی رامیاریـەتی سـەرۆكی ئەمەریكا جۆرج بۆش بوو ، بە لێدانی ئێراق و ئەفگانستان و شـەڕی دژ بە ئێراق و چەندین بواری دیكە.

دوای ئـەوە بـاراك ئۆبامـا لـە هەڵبـژاردنی سـەرۆكایەتی ئەمـەریكا ، كـە لـە ٢٠٠٨/١١/٤ ئەنجامدرا . توانی سـەركەوتنێكی بـێ وێنە بە دەست بێنـێ بە

بوونی بە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکای رەش پێست لە بنچنەدا ئەفەریکایی بوونی بە ٤٤ مین سەرۆکی ئەمریکا ، هەروا سەرکەوتنی بە ٣٤٩ دەنگ بەرامبەر ١٦٢ دەنگ بۆ جۆن مەکینی پالیۆرواوی پارتی کۆماری . کە ئەمەش بووە هۆی داگیرکردنی هەردوو ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا.

هەروا باراك ئۆباما لە ماوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی ٤٥٤ ملیۆن دۆلار خەرجی بوو ، تا بە سەرکەوتنی لە هەلبژاردنەکە ، بەرامبەر بە جۆن مەکینی ، کە خەرجیەکانی لەو هەڵبژاردنە ٢٣٠ ملیۆن دۆلار بوو . واتە بەهەردووکیان ٦٨٥ ملیۆن دۆلار خەرجی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوو لەلایەن هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی .

باراك ئۆباما دوو کچی هەیە بە ناوی مالیا ١٠ ساڵان و ساشا ٧ساڵانە خێزانەکەی مێشل کە دەرچووی کۆلیژی یاسایەو مامۆستای زانکۆیە . باراك ئۆباما سەرکردەیەکی راستەقینە بە مانای سەرکردە ، لە بەر ئەوەی بە توانا و زیرەکی خۆی گەیشتە ئەو پلەو پایە بەرزە لە خێزانێکی هەژاری هەژارپەرست و بوونی بە سەرۆکی زلهێزترین دەوڵەت لەسەردەمی نوێی جیهاندا .

٢٠٠٧/٢/١٢ لە دوای یەك رۆژ لە گەرانەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەبدوللا گول – لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا ، سووپاسالاری هێزەکانی تورکیا – یەشار بوویۆك ئەنیسنی – لە سەردانێکی چوار رۆژەیدا گەیشتە شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا . لەم سەردانەشی – بوویۆك – چاوی بەجێگری سەرۆکی ئەمەریکا – دیك چینی – کەوت و لە هەمان کات لەگەڵ سووپا سالاری ئەمەریکا – پیتەر بیس – جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا – ئەریك ئەدیلمان – کەووت.

لە لێدوانی ئەم بەرپرسانەدا گووتیان:– ئێراق و پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – لە باکووری کوردستان و لەم وولاتە وهەوڵەکانی ئەرمەن بۆ رازی کردنی کۆنگرێسی ئەمەریکا ، ئەویش بۆ دەرکردنی بریارێك ، کە تورکیا بە ئەنجامدانی کوشتارکەی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ تۆمەتبار بکات ، کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە باکووری

كوردستان ئەنجامدرا . لە پێشەوەی ئەو ووتەو باسانەن كە سووپاسالاری توركیا – ئەنیت – لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریكا باسیان دەكات .

جێگـەی باسـكردنە كە پەیوەندیەكانی نێوان توركیاو ئەمـەریكا لـە دوای ئەوەی كـە پەرلـەمانی توركیا رازی نـەبوو هێزەكـانی سووپای ئەمـەریكا بـە خاكەكەیدا بۆ ناو ئێراق گوزەر بكـەن ، و ساردی تێكەوتووە ، بەرپرسـانی توركیـا دەیانـەوێت لـە رێگـەی پەیوەنـدیان بـە ئەمـەریكاوە رامیاریەتـەكانی خۆیان لەناوچەكەدا بینە پێشەوەو رامیاریەتی خۆیـان لـە ناوچـەكە مسۆگەر بكـەن ، بـە گەیانـدنی ئاواتـەكانیان بـە تایبـەتی لـە سـەر خـاكی بـاكووری كوردستان .



٢٠٠٧/٢/١٢ لـــــە دوی هەواڵـــــەكانی حكوومـــــەتی هـــــەرێمی باشـــووری كوردســـــتان گەیـشتە ئـەو قۆناخـەی كـە لــە بـواری بەرهــەمهێنانی نــــەوت ســـــەركەوتنی بەدەســـت بێنـــێ ، بـــەڵام حكوومەتی ناوەنـدی بەغدا و پەرلەمانی ئێراق و لەلایەن ئەندامانی هـەردوو مەزهـەب شیعە و سوونەی عەرەب ، دژایەتی هەواڵەكانی كوردیان دەكرد ، كە ئەویش رێكنەكـەوتن بـوو لـە سـەر یاسـای وەزارەتـی نـەوت ، كـە بریتیـە لـەو بۆندانـەی كـە حكوومـەتی هەرێمی كوردستان مۆری كردون لەگەڵ كۆمپانیە بەرهەم و دەرهێنانی نەوتە بیانیەكان لە هەرێمەكەدا .

جێگەی روونكردنەوەیە كە لە دوای زنجیرەیەك كۆبوونەوە لە كۆبوونەوە لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئێـراق لـە بـارەی یاسـای نـەوت . كـە ئەنجوومـەن بـەكۆی ٩٥٪ هـەنگاوەكان بـۆ بڕیـاردان لەسـەر یاسـای ئـەو وەزارەتـە تـەواو بوونە ، بـەڵام خـاڵی سـەرەكی كە وایكـردووە تاكو ئێستا ئەو پرۆسـەیە دوا بكـەوێت ، كـە بریتیـە لـەو بۆنـدە نەوتیانـەی حكوومـەتی هـەرێمی باشـووری كوردسـتان بـۆ وەبـەرهێنانی نـەوت لـە كوردسـتان مـۆری كـردوون . لــەم

بارەیەوە گفتووگۆکان سەبارەت بە یاسای وەزارەتی نەوت ئێستا روو لە تەواو بوونە و زۆریان نەماوە.

بەلاّم حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا داوا دەکات گشت بۆندە نەوتیەکان بەسەرپەرستی بەغدا بەرێوەبچێت ، ئەمەش لە کاتێکدا کە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان مافێکی دەستووری خۆیەتی سەرپەرشتی بۆندەکانی وەبەرهێنانی نەوت لە کوردستان بکات ... لەگەلّ ئەوەشدا دەستووری هەمیشەیی ئێراق بریاری لەسەر ئەوە داوە ، کە کوردستان مافی ئەوەی هەیە کە سەرپەرشتی وەبەرهێنانی نەوت لە کوردستان بکات . سەرەای تەواو بوونی پرۆسەی بڕیاردان لە سەر یاسای وەزارەتی نەوت . بەلاّم دوای ئەوە چەندین مادده و برگەو خالّ لە یاساکە دەستکاری کراو تاکو کۆتایی سالّی ۲۰۰۸یش ئەم یاسایە مۆرنەکراو لەلایەن ئەنجوومەنی ئێراق پەسەند نەکرا .

۲۰۰۷/۲/۱۲ لە هەولّەکانی رژێمی ئیسلامی لە ئێران ، بەردەوام بووە لە بەهێز کردن و زۆر کردنی ژمارەی سەربازەکانی و هێزی پۆلیس لە سەر سنووری نێوان حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و ئێران هەرچەند ئەو سنوورەشی لەسەر خاکی هەرێمی رۆژهەلاّتی کوردستانە ، ئەویش لە دژی بزووتنەوەی رزگاری کورد لە رۆژهەلاّتی کوردستان و لێدانی بنەکەو بارەگاکانی لە چیا بەرزەکانە لە سەر سنوور و قەدەخەکردنی هاتوو ، ئەویش لە رێگای تۆپباران کردنی ناوچەکان بە تۆپ و تۆپی گەورەو هاوەن . ئەمەش بە هەماهەنگی لە گەلّ رژێمی تورکیا ، کە هەردوو رژێمی ئێران و تورکیا لە سەر بزووتنەوەو دژ بە مافی کورد هاوپەیمانن لەناوچەکەدا .



٢٠٠٧/٢/١٢ سەرۆك كۆماری گینیا – لانسانا كۆنتی – لە لێدوانێكی تەلەفزیۆنیدا باری ناكاوی – واتا یاسای عورفی – راگەیاند ، لە وولاتەكەیدا بەتایبەتی لە پایەتەخت ، بە هۆی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی سەندیگای كرێكاران لە وولاتەكەدا . ئەمەش بە هۆی بەردەوام بوونی لانسان لە دەسەلات بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ و گوێ نەدانە داخوازییەكانی گەلی گینیا ، بە تایبەتی چینی هەژار و كاسب كارو كرێكاران . لە هەمان كاتیش دامەزراندنی سەرۆك وەزیران – دانی دەسەلات بەو و دانی دەسەلاتی حكوومەت بە – ئۆژینی كامبرا -- كە ئەو كەسە نزیكترین كەسە لە لانسانا لە وولاتەكەو جێ بە جێكەری داخوازی و بریارەكانی سەرەك كۆماری گینیایە لە ناوچەكە .

هەروا دوای راگەیاندنی باری ناكاوی و دانی دەسەلات بە هێزەكانی سووپای گینیا بە بەرپەچدانەوەی خۆپیشاندەران لە پایتەخت و شارەكانی دیكەی وولاتەكە ، كە ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی كە بارودۆخی ناوخۆی نێوان دەسەلات و گەلی گینیا بەرەو لێك ترازان هەنگاو بنێ و كاردانەوەی لەسەر بواری و ئابووری و رامیاری و كۆمەلایەتی هەبێ لە وولاتەكەدا.

٢٠٠٧/٢/١٣ لە لێدوانێکی گووتە بێژی فەرمی حکوومەتی رووسیای یەکگرتوو – میخائیل گامیتین – بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە بەیاننامەیەکیدا رایگەیاند . کە لە رێگەی بالیۆزی ئەمەریکا لە شاری مۆسکۆ ، داوامان لە واشنتۆن کردووە کە بۆ مۆسکۆی روون بکاتەوە ... ئایا لێدوانەکانی وەزیری بەرگری ئەمەریکا – رۆبرت گیتس – هەلوێستی فەرمی ئیدارەی ئەمەریکایە ، یاخوود بیروبۆچوونی تاکە کەسی خۆیەتی .

جێگەی باسکردنە کە لە هەفتەی رابردوو وەزیری بەرگری ئەمەریکا – گیتس – لە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا رایگەیاند ، کە پێویستە واشنتۆن هێزە سەربازییەکانی بەرەو پێش ببات بۆ رووبەروو بوونەوەی بارودخە گوماناوییەکان لە هەندێ وولاتی وەك – رووسیا ، چینی میللی ، کۆریای باکور ، ئێران – لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٢/١٣ بە بۆنەی یاد کردنەوەی ٢٨ ساڵەی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران ، لە کۆشکی – گۆرەپانی نێوان ئەمەوییەکان و نویەلا – کە ١٢٠٠ لە بەرپرسانی دام و دەزگاکانی دەسەلاتدارانی رژێمی سووریا ئامادە بوون لەسەر داوای بالیۆزی ئێران – حەسەن ئەختەری – لە سووریا . کە بەرپرسانی سووریا لە دام و دەزگا و پارتی بەعس و کەسانی رامیاری و سەربازی و ئەمنی و ئایینی و رۆشنبیری ئامادەی ئاهەنگەکە بوون ، هەروا سەرۆکی پەرلەمان – مەحمود ئەبرش و ، سەرەك وەزیرانی سووریا محمد ناجی و ئەمینداری پارتی بەعس عبدالله الاحمر و، بە دەیا بەرپرسی دیکە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا .

لەو ئاهەنگەدا سەرەك وەزیرانی سووریا لە ووتەکەیدا گووتی :– هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان هەردوو وولاتی سووریاو ئێران تاکە

ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاڵە پەستۆ ی دەرەوەی سووریاو ئێران لە وولاتەکان و لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٢/١٣ لە ڕاگەیاندنێکی ووتە بێژی فەرمی حکوومەتی کۆریا باکوور گووتی :- لە دوای کۆبوونەوەکانی ئەمرۆ بە لێنیداوە کە کۆریای باکوور چالاکیە ئەتۆمیەکانی رابگرێت و گشت کارگەکانی

تایبەت بەم بوارە دابخات ، لە بەرامبەریشدا یارمەتی لە بواری ووزە پێدەگات .

هەروا بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی دەنگووباسی فەرەنسا ، دووپاتی راستی ئەو لێدوانەی کردەوە کە کۆریای باکوور لە بەرامبەر راگرتنی چالاکیە ئەتۆمیەکانیدا ، یارمەتیەك لە بواری ووزە وەردگرێت کە دەگات ١٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن تەن لە نەوت ، بە مەرجێك ڕێز لەو بەڵێنە بگرێت . کە کۆبوونەوەکەی ئەمرۆ داویەتی . هەروا نوێنەری ئەمەریکا لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی دا ، کە کۆریای باکوور لە لیستی وولاتانی پاڵپشت کاری تیرۆر بسرێتەوەو سزا بازرگانیەکانیشی لەسەر هەڵگرێت لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٢/١٤ لە جیهانی ئادەمیزاد کە – بینگ یانگ – کە خەڵکی هەرێمی مەنگۆلیایە بە درێژترین مرۆڤ لە جیهاندا دادەنرێت ، کە درێژی بەژنی ٢,٤٠ دوو مەترو چل سانتیمەترە ، هەر لەم ماوەیەدا – بینگ – ژیانی هاوسەرگیریەتی پێکەوە نا لە گەل خاتوو – کسیا – کە تەمەن ١٨ ساڵە و درێژی بەژنی ١,٧٠ مەترێك و حەفتا سانتیمەترە .

ئاهەنگی گواستنەوەش لەلایەن کۆمپانیایەکی چینی ئەنجام درا لە پێناو پروپاگندەی خۆی بە بەرز بوونەوەی رۆڵی ئەو کۆمپانیا لە شاری – ئیردۆسی – چینیدا . ئەم بەژن درێژییە کێشەی بۆ دروست کردبوو کەس لە کچان رازی نەدەبوون بە هاوسەرگیریەتی لە گەڵ بینگ ، بەلام لە دوای هەوڵێکی زۆر خاتوو کسیا رەزامەندی لە سەر هاوسەرگیریەتی لە گەڵ بینگ کرد ، هەروەك لە ئینسکلۆ پیدیای گینس داهاتووە . کە بینگ درێژترین مرۆڤە لە مێژوویی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەویدا لە جیهان .

٢٠٠٧/٢/١٥ سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردگان – ئەمرۆ لە لێدوانێکیدا گەشبینی خۆی لەمەڕ پەیوەندی کردن بە هەرێمی باشووری کوردستان دەربری و رایگەیاند ، کە دەکرێت وولاتەکەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان بەهێزتر بکات .

لێدوانەکەی سەرەك وەزیرانی تورکیا ئەنکەرەی بە سەر دوو بەرە دەسەلات و حکوومەت و دەسەلاتی سەربازی دابەش کرد ، کە سەرەك کۆماری تورکیا – ئەحمد سیزار – خۆی خستە پاڵ بەرەی سەربازی وولاتەکەی . چونکە بەلای ئەوانەوە دانووستان و پەیوەندی کردن بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێلی سوورە بۆ تورکیا .

جێگـەی باسـکردنه کـه ئۆردوگـان لـه رێگـەی سـەردانەکەیدا بـۆ کۆمـاری تورکمانـستان ، ئـەم لێدوانانـەی لـه بـارەی پەیوەنـدی حکوومـەتی تورکیـا لەگەڵ حکوومەتی هـەرێمی باشووری کوردستان راگەیاند و گووتی :- ئـەم پەیوەندییـــەش پێویـــسته لـــه بەرژەوەنـــدی و ئاشـــتەوایی وســـەقامگیری ئاسایشی هەردوولا بێت .

هـەروا رێکخـەری تورکیـا بـۆ دۆسـییەی پەکەکـه – ئـەدیب یاشـەر – لـه لێـدوانێکی گووتویـەتی :- ئەگـەر بـزانین پەیوەنـدی و دانووسـتاند لەگـەڵ حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان لەمەر چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکه ، و له بەرژەوەندی ئێمـەدا بێت ، ئەوا ئەنکەره ئامادەیه ئەم هـەنگاوە بنێت لـه نێوانماندا .

ســەرەرای ئـەوەش بەرپرســانی تورکیــا زۆربـەی لێدوانـەکانیان لــه ســەر ئەنجامـدانی ئۆپراسـیۆنی سـەربازییه لـه سـەر خـاکی هـەرێمی باشـووری کوردســـتان ، بـــەلام ئەمـــەریکا لەمـــەر ئـــەم لێدوانانـــه هۆشـــداری داوەتـــه حکوومەتی تورکیا .

٢٠٠٧/٢/١٦ راگەیاندنی ووته بێژی فەرمی حکوومەتی ژاپۆن – پاسۆ ئیسا شیۆزاکی – گووتی:- حکوومەتی ژاپۆن بریاریداوه کـه سزای بازرگانی ئـەتۆمی بەسـەر ئێران بسەپێنێت ، بۆ ئەوەی بەرنامه ناوەکیەکانی خۆی بووەستێنێت . ئـەم هەوڵەش له مالپەری – ئیلاف – بلاوکراوەتەوه ، کە ووته بێژی حکوومـەتی ژاپـۆن لـه کۆنگرەیـەکی رۆژنامەوانیـدا گـووتی:- پێویـسته پارێزگـاری لـه ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراست بکەین و رێگه له بلاوبوونەوەی چەکی ئـەتۆمی بگرین .

له بەر ئەوه پێویـسته هەنـدێك رێوشـوێنی توونـد لـه بەرامبـەر ئێـران بگرینـه بەر . هـەروا گـووتی :- ئـەو سزایەی کـه ژاپـۆن بریاریـداوه لـه سـەر ئێـران بیسەپێنێ ، بریتیـه لـه بلـۆك کردنـی پـارەی ١٠ دەزگـا ، لـه گـەڵ پـارەی ١٢ کەسـی سـەرمایەدار کـەوا مەزەنـده دەکرێـت . کەپەیوەنـدیان بـه بەرنامـەی ناوەکییـەکانی ئـەتۆمی ئێـران هـەبێت . هـەروا قەدەخـەکردنی فرۆشـتنی هـەر کەرەسـتەیەکی تەکنـەلۆژایی کـه پەیوەسـت بێـت بـه چالاکی نـاوەکی . ئـەم بریـارەی حکوومـەتی ژاپـۆنیش پـشت بەسـته بـه بریـاری ئەنجوومـەنی

ئاسایشی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهاندا.

٢٠٠٧/٢/١٧ لە بابەتێکی بڵاوکراوەی دنگووباسی – ئەسیۆشیێتدپرێس – دا ، لە سەر زاری ناوەندەکانی دەنگووباسی نەمسا بڵاویان کردەوە . کە ئەو چەکانە بە وەزارەتی ناوخۆی ئێران فرۆشاون ، لەم بارەیەوە بەرپرسانی نەمسا رەزامەندیان لە سەر هەناردەکردنیان داوە ، لەم بارەیەوەش وەزارەتی دارایی نەمسا رایگەیاند ، کە وەزارەتەکەیان لە مانگی/ ١ی ئەم ساڵ فرۆشتنی چەکی جۆری – گلاك – یان بە رێگەی یاسایی کردووەو ئێرانیش بەڵگەنامە پەیوەندارەکانی مۆرکردووە ، کە ئەو چەکانە نەداتە هیچ لایەنێکی دیکە .

جێگەی باسکردنە کە ئێران ٣٠,٠٠٠ سی هەزار پارچە چەکی گلاکی لە نەمسا کریووە ... لە رۆژی سێشەمەی رابردوو رۆژنامەی – دیلی تیلگراف – بلاوی کردەوە ، کە هێزەکانی سووپای ئەمەریکا دەستیان بە سەر زیاتر لە ١٠٠ پارچە چەکی جۆری – ئستیر – دا گرتووە ، کە لە وولاتی نەمسا بەرهەم دەهێنرێت ... ئەم چەکانەش بە ئێران فرۆشراون بەبێ رەزامەندی ئەمەریکا لە گەڵ ئێران مۆریان کردبوو لەنێوانیاندا .

٢٠٠٧/٢/٢١ لە شاری تارانی پایتەختی ئێران و لە زانکۆی تاران ، سەدان قوتابی کورد لە بەر دەرگای کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆ ، کۆبوونەوەو دوای

سروودی ئەی رەقیب داوایان لە هێزە رامیارییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کرد ، کە بەرەیەکی کوردستانی پێك بیهێنن .

ئەم کۆبوونەوەیەش بە بۆنەی رۆژی جیهانی – زمانی دایك – ئەنجامدراو . دوای ئەوە یەکێك لە قوتابیەکان بابەتێکی لەمەر بارودۆخی رامیاری وئابووری کوردستان خوێندەوە ، لە گەڵ تاوانبار کردنی دەسەڵاتدارانی ئێران ، دوای ئەوە قوتابیەکی دیکە بابەتێکی درێژی لە سەر زانستی زمان

پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

هــەروا ئــەو قوتابیانــەی کــە لــە نەتــەوە کــوردیش نــەبوون پالپــشتیان لــە داخوازییەکانی قوتابیانی کورد کردوو لە دواییدا قوتابیە کوردەکان بە سروود و هەڵدانی چەند دروشمێکی رامیاری کۆتاییان بە کۆبوونەوەکەیان هێنا .

٢٠٠٧/٢/٢٢ لە راگەیاندنێکی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە سووریا کە ئەمرۆ رۆژی – پێنج شەممە – بە ئامادە بوونی دادوەرێك ، دادگای سەربازی هێزەکانی سووپای رژێمی بەعسی لە سووریا ، ٥٠ هاو ولاتی گەنجی کوردی لە رۆژئاواو شارەکانی دیکەی ئەم وولاتە دادگایکرکرد ، ئەویش بە تاوانی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە دوای تیرۆر کردنی – شێخ مەعشوق خەزنەوی – لە وولاتەکەدا .

هــەروا لــە راگەیاندنەکــەی رێکخــراوی مــافی مرۆڤدا هــاتووە ، کــە ئــەم ٥٠ گەنجــە کــوردە لــە دوای تــیرۆر کردنــی شــێخ مەعــشوق خەزنەویــدا لــە ٢٠٠٥/٦/٥دا هاتووە لە شاری قامشلی لە رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا ، لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی رژێمی بەعسی لە سووریا . بەتاوانی خۆپشاندان دەستگیر کراون.

بــەلام تــەواوی دەســتگیرکراوەکان لــە خۆپیــشاندانەکان بەشــدار نــەبوون ، بەڵکو زۆربەیان بە شێوەیەکی هەرەمەکی دەستگیرکران ، لە بەر ئەوەی کورد بوون . هەروا لە راگەیاندنەکەی مافی مرۆڤدا هاتووە ، کە دۆسییەی ئەو ٥٠ گەنجــە ، پــاش دەســتگیرکردنیان لــە قامــشلیەوە بــۆ دادگایکردنیــان گواسترانەتەوە بۆ دادگای سەربازی لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا . سەرپێچیەکی نایاساییان ئەنجامدا بێت . هەروا دادگای ناوبراو پێشێلی لە مافەکانی مرۆڤ و بنەما یاساییە نێوودەوڵەتیەکانی کردووە لە وولاتەکەدا .



٢٠٠٧/٢/٢٣ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پیرانــــی مەکــــسیکی ، وویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمــەریکا بــە کۆمــەڵ کــوژی گــەلی ئێــراق تۆمــەتبار کــرد ،

ئەمەش لە کاتی پەسەند کردنی یاداشتنامەی تاوانبارکردنەکەی دادگایی کردنی سەربازێکی ئەمەریکی بەرەچەڵەك مەکسیکی دێت ، بەتۆمەتی هەڵاتن لە راژەی سەربازی ، بە هۆی رەتکردنەوەی بە بەشداری کردنی لە شەڕی دژ بە ئێراق .

ئەم سەربازەش ناوی – سەرگەنت ئۆگستان ئۆگوابۆ – کە تەمەنی ٣٥ ساڵ بووە و لە دایك بووی مەکسیکە ، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ رەگەزنامەی ئەمەریکی وەرگرتووە ، ئێستا لە بەندیخانەی سەربازگەی ئەمەریکایە لە – مانهایم – لە ئەڵمانیا بەند کراوەو لە چاوەروانی دادگایی کردنیەتی . هەروا ئەنجوومەنی پیران لە مەکسیك – ئۆگوابۆی – بە یەکێك لە قوربانیەکانی راو حەزەکانی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا داناوە ، ئەگەر ئەوەش دەکرێت کە دادگا بڕیاری حەوت ساڵ زیندانی بەسەر ئۆگوابۆت بسەپێنێت .

٢٠٠٧/٢/٢٣ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا رەزامەندی خۆی دەربڕی لە سەر هەوڵەکانی حکوومەت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە تورکیا بە رێگەی دبلۆماسی . ئەنجوومەنی نەتەوەیی تورکیا ئەوەشی روونکردەوە ، کە هەوڵە دبلۆماسیەکان دەیەوێت رەوشی شاری کەرکوکیش چارەسەر بکات .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا کە بڵاوی کردەوەو گووتی :– شتێکی باش دەبێت ئەگەر هەوڵە دبلۆماسیە رامیارییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk و گرژیەکانی ئێراق بە هۆی ناکۆکی لەسەر شاری کەرکوك بخرێتە گەڕ .

هەورا بەیاننامەکە لە کۆبونەوەیەك دەرچوو ، کە سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەبیب ئۆردگان و سەرکردەی مەدەنی و سەربازییەکانی تورکیا بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیە کرد.

جێگەی روونکردنەوەیە کە بابەتی گفتووگۆکردن لە گەڵ سەرکردە رامیارییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ، یەکێك بووە لەو بابەتە رامیاریانەی کە ماوەیەکە لە نێوو حکوومەتی تورکیا لێکۆڵینەوەی چڕی لە بارەیەوە دەکرێت ... هەروا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ، وەك ئاماژەیەك بۆ حکوومەتی تورکیا دێتە هەژماردن

تاکو دەست بە گفتووگۆ لە گەڵ سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان ئەنجام بدرێت لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٧/٢/٢٤ لــــە ســـــەردانێکیدا ســـــەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردگـــــان – بەســـــەرۆکایەتی شـــاندێکی ئـــابووری و ئـــایینی گەیشتە شاری ریازی پایتەختی ســــعوودیەو ، لەگــــەڵ شـــا عەبـــدوڵڵای شـــای ســـعوودیە دەستیان کرد بە گفتووگۆکانیان . ئەمـەش بـە هـۆی گۆرانکارییـە ناوچەییەکان ، بارودۆخی ئێراق ، کێشەی فەلەستین و شـێوەی پەرەپێـدانی هاوکارییـە دوولایەنـەکان لـە نێوانیاندا تەوەری سەرەکی گفتووگۆیەکانیان بوو لەناوچەکەدا.

هەورا وەزیری دەووڵەت بۆ کاروباری ئایینی – محمد ئایدەن – ، و وەزیری دەرەوەی تورکیا – عەلی باباجان – و چەند بەرپرسێکی باڵای دیکە ئەندامی شـاندەکە بوون . لـە مـاوەی یـەك سـاڵدا سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا سـێ جار سـەردانی سـعوودیەی کـردو لەگـەڵ بەپرسـانی ئـەم وولاتـە سـەبارەت بـە کاروباری ئایینی و ئابووری پەیوەندییـەکانی دیکە لە گفتووگۆو پەیوەندی بەردەوامن .

لەوکاتەشـدا سـەرەك کۆمـاری سـووریا – بەشـار ئەسـەد – داوای لـە شـای سعوودیە شا عەبدوڵڵا کرد ، بە داوەتـی فـەرمی سـەردانی سووریا بکات لە پێناو بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی وولاتانی عەرەبی لە سووریا سەبارەت بە باری ئێراق و لوبنان و فەلەستین گفتووگۆ بکەن لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٢/٢٧ لە دوا رووخاندنی رژێمـی بـەعس لـە ئێراق بەسـەرکردایەتی کردنـی سـەددام حوسینی لە ٢٠٠٣/٤/٩ و سەرهەڵدانی کێشەی نێوان پێکهاتـەکانی ئێـراق و ، بە تایبەتی کێشەی نێوان مەزهـەب شیعە و سوونـنەی ئیسلامی عـەرەب و ئـایین و کاردانـەوی لـە سـەر بیرووبـڕوای گۆمـەڵگای ئێـراق و پـەلاماردانی

ئایینـەکانی مەسـیح و سـابیئە لـە ئێـراق و بـووە هـۆی کـۆچ پێکردنیـان بـۆ دەرەوەی ئێراق ، بە تایبەتی رووکردنیان بۆ هەرێمی باشووری کوردستان .

لەوانەش هەڵگری بڕوای سابیئەی ئایینی زەکەریا یەحیا و رووکردنیان بۆ هـەرێمی کوردسـتان ، لـە گونـد و شـارەدێ و شارۆچـکە و شـارەکانی وەك پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی ، بەتایبەتی پارێزگای هەولێر کە تاکو ئەم مێـژووە زیـاتر لـە ٥٦ خێـزان لـەو تایەفـە روویان لـە هـەرێمی باشـووری کوردستان کردووە .

لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی ئەنـدامانی ئـەو ئایینـە بـەرەو وڵاتـانی ئـەوروپا رۆیشتن و ، هـەروا بۆ وڵاتـی سـووریاو ئوردنیش کۆچیان کـردووە . بـەڵام هەنـدێ لـەو خێزانانـە پێیـان بـاش بـوو روو لـە هـەرێمی کوردسـتان بکـەن و دەسـەڵاتی هـەرێمیش ئاسـانکاری بـۆ کـردوون و لێژنەیـەکی بـۆ راپەرانـدنی کارەکانیان پێك هێنرا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە هەڵگری بڕوای ئایینی – سابیئە ، مەندائی – ژمـارەی دانیـشتووانیان لـە ئێـراق زیـاتر لـە ١٥٠ هـەزار خێـزان دەبـێ و لـە پارێزگاکـانی باشـووری ئێـراق و بەغـدا نیـشتەجێن لـە وڵاتەکـەدا ، لـە بـەر ئـەوەی هـەڵگری ئـەم ئاینـە بـەر لـە هـاتنی ئیـسلام و فتووحـاتی ئیـسلامی بـۆ ئێـــراق ، بـــە ژمارەیـــەکی زۆر دانیـــشتووی وڵاتـــی نێـــوان دوو زێـــێ – میزۆبۆتامیا – بوونەو لە بنچەدا عەرەب نین و ئارامین .

بەڵام بە هۆی پاڵە پەسۆو ماوە دەدانیان زۆربەیان بە زۆر کراون بـە ئیسلام و بە عەزرەب بە هۆی بەرپابوونی بارو دۆخی ئایینی و شاڵاوە ئازاردانـە یـەك لـە دوای ئەکـەکانی عـەرەبی شـۆڤێنی ئیـسلامی لـە ناوچـەکەدا ، هـەروا وەك نەتەوەو ئلیینەکانی دیکە کە بە زۆری زۆردارو بـە زەبـری هێـزی شمـشێر بـە ئیسلام کـردن و بـە عـەرەبکردن و بـە داگیرکـردن بـەردەوام بوونـە لـە ناوچـەو هەرێمـە جیاجیاکـان ، لەوانـەش ئـەم خێزانـە سـابیئەی مندائی . لـە جیهـانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئیسلام .

سەرچاوە:– BBC,aradec.com

٢٠٠٧/٢/٢٧ لـە راگەیانـدنێکی وەزیـری پلانـدانانی ئێـراق – عـەلی بابـان – بـۆ رادیـۆی – سەوا – گـووتی :– ئەنجوومـەنی وەزیرانـی ئێـراق بـە کـۆی دەنـگ بریـاری لـە

ســەر یاســای نــوێی نەوتــدا کــرد ، کــە لــەم یاســایەدا کێــشەی داهــات و خاوەندارێەتی نەوتی ئێراق یەکلاکراوەتەوە .

هــەورا وەزیــری پلانــدانان گــووتی :- لــەم یاسایە کێشەی مــافی گــەران و پشکنین چارەسەر کراوە و گشت لایەنەکان لە سەری رێك کەوتوون ، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران . بەکۆی دەنگ بریاری لە سەر یاسای نوێی نەوتدا ، کە لەم یاسایە کێشەی داهات و خاوەنداریەتی نەوتی ئێراقی بلاوکردەوە .

هــەروا گــووتی:- لــەم یاســایەدا هــیچ مــاف و ئاســانکاریەك بــۆ کۆمپانیــا ئەمەریکیــەکان نــەکراوە ، بــەڵکو رەچــاوی بەرژەوەنــدی گــشتی گــەلی ئێــراق

• کراوە لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٢/٢٨ گرێدانی کۆنگرەی نێوودەوڵەتی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە پێنــاو چارەســەرکردنی کێــشە ئەمنیــەکان لــە ئێــراق ، بــە بەشــداربووانی وولاتــانی دراوســێی ئێــراق وەك :- ئێــران ، ســووریا ، تورکیــا ، ســعوودیە ، ئوردن ، کوێت ، لەو کۆنگرەیەش هــەر پێنــج وولاتــی ئەنــدامی هەمیــشەیی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکاش بەشداریان تێدا کــردوو ، لــە گەڵ ئەمیندارو دەستەی سەرۆکایەتی کۆمکاری عەرەب .

ئەم کۆنگرەیەش بۆ یەکەمجارە لە ئێراق گریَ دەدرێت ، بە گفتووگۆکردن لە سەر کێشە و گرفتەکانی ناوخۆی ئێراق و دراوسێکانی لە ناوچەکەدا .

جێگــەی باســکردنە کــە ســەرکەوتنی ئــەم کۆنگرەیــە بەرچــاو نابێــت لــە داهاتووی ئێراق ، لە نــاوخۆو لــە پەیوەندیــەکانی لەگــەڵ وولاتــانی دراوســێی گــەر دەســت تێــوەردان لــە کاروبــاری نــاوەخۆی ئێــراق بــەردەوام بێــت و کێشە هەڵواسراوەکانی کۆن و دوای رووخاندنی رژێمی بەعس هــەوڵی چارەســەری بۆ نەکرێت بە پێی دەستووری ئێراق .

هــەروا لەلایــەکی دیکــەش بەشــداری ئێــران و ســووریا لەگــەڵ ئەمــەریکا لــە پێنــاو رازی کردنــی دیموکراتەکانــە لــە کــۆنگرێس و ئەنجوومــەنی پیرانــی ئەمەریکا ، لــە دوای ســەرکەوتنیان و زاڵ بوونیــان لــە هــەردوو ئەنجوومــەن لــە ئەمەریکا .

٢٠٠٧/٢/٢٨ لە رۆژنامەی – صباحی – تورکی ، بابەتێکی بڵاوکردەوە کە سەرەك کۆماری پێشووی تورکیا – کەنان ئەوران – کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ، کە پێویستە وڵاتەکەی هەڵوێستی برایانەی لەگەڵ کورد هەبێ و پاڵپشتی لە ووتەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد ، بۆ گفتووگۆ کردن لە گەڵ سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان ... هەر رۆژنامەی صباح لە ژمارەی ئەمرۆیدا . هەروا سەرۆکی پێشووی تورکیا ئەگەری ئەوەشی دا کە تورکیا لە داهاتوودا پەیرەوی لە سیستەمی ئەیالەتی بکات .

جێگەی روونکردنەوەیە کە کەنان ئەوران لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٢ – ١٩٨٩ سەرەك کۆماری تورکیا بووە . هەروا لە سەر کێشەی پارێزگای کەرکوك و شاری کەرکوك ڕایگەیاندووە ، کە – ئێمە مافمان لە کەرکوکدا هەیە ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت ، کە دەست بەسەر کەرکوکدا بگرین و خۆم دژی ئەوەم . ئەگەر تورکیاش بچێتە ناو خاکی کەرکوك هەموو جیهان بەرامبەر بە تورکیا دەوستن ، هەروا سەرۆکی پێشووی تورکیا داوای لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد – DTP – کرد ، کە وەکو گشت پارتەکانی دیکە بچێتە ناو پەرلەمانی تورکیاو ڕێژەی دەنگدانی بۆ چوونە ناو پەرلەمان ، نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم پارتەکەدا .

هەروا سەرۆکی پێشووی تورکیا – ئەوران – گووتی :– من دەتوانم لەو بارەیەوە لەگەڵ خاتوو – لەیلا زانا – دابنیشم و گفتووگۆی لەگەڵ بکەم . هەروا سەبارەت بە گفتووگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان گووتی :– من پاڵپشتی خۆم بۆ ووتەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوللا گول دووپات دەکەمەوە .

لەلایەکی دیکەو لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا ، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند ، کە ئامادەین بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان گفتووگۆ

لەگەڵ سەرکردایەتی رامیاری کورد بکەن . و هەروا ناوبراو گووتی :– کە ئێستا بوونی دەووڵەتی کوردی بۆتە ڕاستیەك و پێویستە کاربەدەستانی تورکیاش ئەمە قبوول بکەن لەناوچەکەدا .

تێبینی:– خوێنەری بەرێز ، دانەنانی هەندێ وێنە لە گەڵ مێژووەکەی یاخوود ڕووداوەکەی ، بۆ دووبارە نەبوونەوەی وێنەکەیە یاوێنە بەر دەست نەکەوتووە ، تکایە .

٢٠٠٧/٣/١ لە هێرشێکی ناکاویدا هێزەکانی ئەمنی ئێرانی ١٧ هاوولاتیان لە چەکدارە کەردەکان شەهید کرد لە هەرێمی ئازربایجانی ڕۆژئاوا لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران ، لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕی نێوان چەکدارانی ئەمنی ئێران و چەکدارانی بزوتنەوەی – بیژاك – ی کورد لە ناوچەکەدا .



جێگەی باسکردنە کە لەو شەڕەدا چوار لە پاسەوانانی شۆڕشی ئێرانی کوژران ، کە سێ لەوانە ئەفسەر بوونە . لەو کاتەشدا هەرێمی ئازربایجانی ڕۆژئاوا چەندین زنجیرە شەڕی لێ ئەنجامدرا لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ، هەروا ڕۆژی ٢/٢٩ زیاتر لە ٣٠ هاوولاتی شەهید کران لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی شۆڕشی ئێران ، لە ئەنجامی شەڕو پێکدادان لە هەرێمەکەدا ، لە هەرێمی سیستان و بلوشستان لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئێران . هەروا ١٤ لە سەربازانی ئێرانیش کوژران لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی سەربازی لەلایەن چەکدارانی کورد لە هەرێمی ئازربایجانی ڕۆژئاوا .

هەروا جوولانەوەی بیژاك جوولانەوەیەکی کوردیە لە ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان ، شەڕی پارتیزانی ئەنجاە دەدەن و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان pkk دا هەیە لە سەر خاکی کوردستان .

سەرچاوە :– BBC Arabic.com

٢٠٠٧/٣/١ ڕێکخراوە نێوودەووڵەتیەکان ڕەخنەی توندیان لە ڕژێمی شانشینی سعوودیە گرت ، بە هۆی زۆر بوونی لە سێدارەدان لەو وولاتەدا

هەروا ڕێکخراوی لێبووردنی نێوودەووڵەتی – هیومان رایتسی ۆوتش –

ئەویش ڕەخنەی توندی لە دەسەڵاتدارانی سعوودیەو دادگا تایبەتیەکانی سعوودیە گرت بە زۆر بوونی بڕیاری لە سێدارەدان لە سێدارە دەدران لەو وولاتەدا .

جێگەی باسکردنە کە دادگای سعوودیە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ ١٧ هاوولاتی دەرکرد و لە سێدارە دران ، هەروا لە ٢٠٠٧/٢/١٩ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ چوار هاوولاتی سریلانکا دەرکرد ، بە ناوی بەکارهێنانی چەك و لاشەکانیان بە هەڵواسراوی مایەوە لە گۆڕەپانی لە سێدارەدانەکەدا .

ئەنجامدانی لە سێدارەدان لە وولاتانی عەرەبی بەردەوامە بە شێوەیەکی بەرچاو ونهێنی ، کە دژی دەسەڵاتەکانیانە . لە هەمان کات بەناوی کارێکی دیکە لە سێدارە دەدرێن . هەروا لە ئێرانیش بە هەمان شێوەو شێواز لە وولاتانی ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٢ لە داوایەکی بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی چینی مللی – کین جانگ – گووتی:– چینی مللی داوایەکی ئاراستەی ئیدارەی ئەمەریکا کردووە ، کە ئەو ژمارە مووشەکانەی کە بڕیارە بیفرۆشێتە تایوان هەڵیوەشێنێتەوە . کە ٤١٨ مووشەکی دوورهاوێژی مام ناوەندی و ٢٣٥ مووشەکی بۆشایی ئاسمانی لە جۆری – فامزیك – بە بڕی ٤٢١ ملیۆن دۆلار.

جێگەی باسکردنە تایوان بەشێکە لە چینی مللی و چینی مللیش تایوان بە بەشێك لە خاکی خۆی دەزانێ ، ماوە بە هیچ لایەنێکی نێوو دەووڵەتی نادات دەست تێوەردان لە کاروباری تایوان بکات دژی چینی مللی لە کێشووەرەکەدا.

هەروا لەلایەکی دیکە ئیدارەی ئەمەریکا لە ڕێگەی ئاژانسی هاوکاری ئەمنی ئەمەریکی داواکەی چینی مللی ڕەتکردەوەو گووتی :– ئەمەریکا دەستگیر نیە بە یارمەتی نەدانی تایوان بە هۆی بوونی ڕێکەوتنی ئەمنی و

ئابووری و بەرگریکردن لە یەکتری لە نێوان ئەمەریکا و تایوان لـە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٢ لـە ڕاگەیانـدنی لیژنـەی چـاودێری هەڵبژاردنەکانی وولاتـی سـەنیگال – عەبـدوللا واد – بـۆ خـوولی دووەمـی ســـەرۆکایەتی کردنـــی کۆمـــاری سەنیگال بەرامبەر بە پالێوراوەکانی بەرهەڵستکاری ، کـە سـەرۆك واد بـە ڕێژەی ٥٠٪ زیاتری بـە دەسـت هێنـا و دووەم پـــالێوراویش ســــەرەك وەزیرانـی پێـشوو ئیـدریس سـیل ١٤,٩٣٪ و پـــالێراوی ســـێیەمیش پالێـــەراوی پـــارتی سۆشیالیـــستی بەرهەڵستکار – تاتۆر دینگ – ١٣,٥٧٪ .

جێگـەی باسـکردنە کـە سـەنیگال تاکـە وولاتـە لـە وولاتـەکانی کێشووەری ئەفەریکیا کودەتای سەربازی تیـا ئـەنجام نـەدرابێت و ، لـە هـەمان کـات تاکـە وولاتە کە زۆری دانیشتووانەکەی موسڵمان بێت و تاکە وولاتیشە هەڵبژاردن بـە شـێوەیەکی ڕێـك و پێـك و لـە بـارێکی دیمـوکراتی ئەنجامبـدرێت لـە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٣ لـە دوای هـەوڵێکی زۆر دەسەڵاتدارانی جەزائیر توانیـان نزیکـەی ١٠٠٠٠ دە هەزار تاوانبار لە سەر بازرگانی کردن لە ماددەی بێهۆشکەر زینـدانی بکـەن . ئـەم ڕاگەیاندنـەش لەلایـەن دیـوانی نیشتیمانی بـۆ لـە نـاوبردنی مـاددەی بێهۆشکەر لەڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە لە جـەزائیر . جێگـەی ڕوونکردنەوەیە کە لە ڕاگەیاندنەکەی دیوانی نیشتیمانی بەم شێوەیە ووتـی :- کـە ٩٨٧٩ هـەزار کەسـی دەسـتگیر کردووە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ کـە لـەو ژمارەیـەدا ٨٦٩٨ هـەزار کـەس تاوانبـار کـراون ، لـەو ژمارەیـەش ٩٧٨٩ هـەزار کـەس خـەڵکی جـەزائیرن و ٩٠ کەسـیش بیـانین ، کـە ژمـارەی تاوانـەکان گەیـشتە ٦٨٨٠ ، لەوانەش ١٩٧٤ کەس بەهەڵسانیا بە بازرگانی پێکردن بووە لەو ماوەیەدا .

هـەروا لـە ڕاگەیاندنەکـەی دیـوانی نیـشتیمانیدا ئەوەشـی دەرخـست کـە دەسەڵاتدارانی جەزائیر توانیویانـە ١٠,٠٤٦ کیلۆگرام لـەو مـاددە دەسـت بە

سەر دابگرن لە — قنب هندی — و ٥٢٧ کیلۆ گرام لە حەشیشەی کیف و ٨٥٨ کیلۆگرام لە تۆی قنب هندی و ، ٧٥٧ تویکلی قنب هندی ، ٣١٩٠١٤ لە حەبی هلوسی جۆراو جۆر ، لە گەڵ ئەوەشدا دەست بەسەرا گرتنی ٧٧٧٤ کیلۆگرام لە کۆکایین و ٢٥ کیلۆگرام لە هیرۆیین و ١٢ کیلۆگرام لە ئەفیوون .

هەروا بەڕێوەبەری گشتی دیوان عەبدولمەلك سایح بۆ ئاژانسی فەرمی ئەوەی ڕاگەیاند ، کە لێکۆڵینەوە بەردەوامە و بەرگریکردنیش بەردەوامە دژی ئەو کارە نامرۆڤیە لە هەموو لایەنەکانی وولاتەکەدا ، بە هاوکاری وولاتانی دراوسێی جەزائیر لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە :- ڕۆژنامەی /دار الحیاە

٢٠٠٧/٣/٣ دادگای تورکیا فەرمانی دەستگیر کردنی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا -- ئەحمد تورك -- و جێگرەکەی ئایسەڵ ئۆگلوك — بە تۆمەتی بەزاندنی یاساکانی پارت و ڕێکخراوەکان تاوانبارکراون لە وولاتەکەدا.

شایانی باسە بە پێی یاساکانی تورکیا بەکارهێنانی هەر زمانێك جگە لە زمانی تورکی لە بلاوکراوە رامیاریەکان قەدەخەیە ... جێگەی ئاماژە پێکردنە پارتی دیموکراتی لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە و ئیستا بە هێزترین پاتی کوردیە ، کە لە گەڵ دەسەلاتی تورکیا بەشداری پەرلەمانی کردبێت بە هاوکاری و یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان ، کە هەوڵی بەشداربوونی پەرلەمانی تورکیا دەدەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٣ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا — دۆست پلازی — لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا گووتی :- هەر پێنج وولاتە ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا لە سەر دیاریکردنی چوارچێووەی قۆناخی داهاتووی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێك کەوتن ، لە هەمان کات روونی کردەوە کە شەش وولاتەکە لە سەر کارکردن بە بریاری بەندی/ ٤١ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێك کەوتن .

هەروا لەلایەکی دیکە ووتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا — گوان

مـۆر – لـه ووتەکەیـدا گـووتی :– نوێنـەرانی شـەش وولأتەکـه لـه رێگـەی تەلەفۆنـەوه گفتووگـۆی باشـیان ئەنجامـداوەو بڕیـارە ، ئـەمرۆش درێـژه بـه گفتووگۆکانیان بدەن و چاوەڕێ دەکرێت پرۆژه بڕیارێك لـه هەفتـەی داهـاتوو گەلاڵـه بکرێـت لـه دژی ئێـران ، کـه گەیـشتنه رێکـەوتن کـه بەرێکـەوتنی چوارچێووه ناسراوه . بەلأم ئێران بەردەوامه لـه سەر پیتاندنی یۆرانیۆم لـه وولأتەکەیدا .

٢٠٠٧/٣/٣ لـه ئاکـامی بـارو دۆخـه تێـك هەڵکشاوەکان و چاره سـەر نەکردنی پشتگیری لـه کێشه هەڵواسـراوەکانی کـورد لـه هـــەرێمی باشـــووری کوردســتانی لکێنــدراو بــه ئێـراق ، کێـشەکانی دیکـەی گـــەلانی ئێـــراق . کێـــشەی

نێـوان مەزهـەب سـووننه و شـیعه و ئاینـەکانی دیکـەی ئێـراق ، پەیوەنـدی نێـوان دەسـەلأتی کـوردی لـه گـەڵ دەسـەلأتی ناوەنـدی ئێـراق ، لـه شـاری بەغدای پایتـەخت . ئـەمرۆ باڵیۆزی ئەمەریکا لـه ئێراق زەلمای خەلیلزاد و سـەرۆکی کوتلـەی ئەلعراقیـه ئـەیاد عـەلاوی و ئەنـدامی پەرلـەمانی ئێـراق عـەدنان پاچەچـی ، گەیـشتنه شـاری سلێمانی و لـه شارۆچکەی دووکان لـه پێنـاو گفتووگـۆکردن لـه گـەڵ سـەرەك کۆمـاری ئێـراق و سـکرتێری گـشتی یەکیـەتی نیـشتیمانی جـەلال تاڵـەبانی ، کۆبوونـەوه ئەنجامـدەدرێت لەگـەڵ ئەنـدامانی بـیرۆی ڕامیـاری یەکیـەتی لـه پێنـاو رێگـه خۆشـکردن لـەجێ بـەجێکردنی کێشەکان بەگـشتی و کێـشەی کـورد بـه تایبـەتی لـه هـەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٣/٣ کۆریای باشوور گومانی لە ووشەکانی سەرەك وەزیرانی یابان کرد ، کە سەرەك وەزیرانی یابان تووڕەیی خۆی لە لێدوانەکانی بەرپرسانی کۆریا لە ٢٠٠٧/٢/٢٩ دەربڕی بەو هۆیەی کە گوایە دەسەلأتی شانشینی لە یابان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهان زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئافرەتی ناچار کردووە بە تێرکردنی سەربازەکانی هێزی سوپای کۆریا بەکاری سێکسی .

بەلأم یابان ئەو هەوالٚ و زانیاریانەی ڕەتکردەوە . هەر لەو کاتەشدا وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور ڕاگەیاندنەکانی سەرەك وەزیرانی یابانی بە درۆ خستەوەو گووتی :- سەرەك وەزیرانی یابان زانیاری لە سەر ئەم کردارانە نیە ، کە کاتی خۆی دەسەلأتی یابان پێی هەلٚساوە هەروا گووتی :- پێویستە سەرەك وەزیرانی یابان و دەسەلأتدارانی یابان ڕووبەڕووی ئەم ڕاستیانە ببنەوە ، کە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی دەسەلأتداران پێی هەلٚساون .

دوای ئەوە سەرەك وەزیرانی یابان - شینزۆ ئابی - لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گووتی :- مشتوومڕێکی زۆر هەیە لەم بارەیەوە کە ئافرەتانی یابان ناچار کرابن بە تێرکردنی سەربازە یابانیەکان بە سێکسی ئافرەتان و هەروا گووتی :-

بەلٚگەی تەواو ڕاستیەکان لە بەر دەستدا نیە ، کە ئەم کارانە بسەلمێنیٚ . هەر لەو کاتەشدا ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا ، ئەوەی خستە ژێر لێکۆلٚینەوە ، کە ئەمەش بووە هۆی نارەزایی حکوومەتی یابان و وەزیری دەرەوەی یابان گووتی:-

پڕۆژەی ئەو یاسایە هیچ سەرچاوەیەکی ڕاستی نیە لە وولأتەکەدا ، بەلأم سووپای ئیمپراتۆری یابان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهان ، بەم کارە هەلٚساون بە ناچارکردنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئافرەت بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی لە گەلٚ سەربازەکانی جەنگی یابان بۆ تێرکردنی جەستەی

سەربازەکانی سووپای یابان و ، هەر بەم هۆکارە چەندین ئافرەت داوایان لە سەر بەرپرسانی سووپاو حکوومەت تۆمار کردووە .

دوای ئـەوەش حکوومــەتی یابــان هەڵــسا بــە دامەزرانــدنی ســندووقی قەرەبۆکردنەوەی ئەو ئافرەتانە ، بە کۆکردنەوەی پارەی قەرەبوکردنـەوەیان ، نەك لـە لایـەن حکوومـەت پشتگیری لێبکرێـت ، بـەڵکو پـشتگیریەکە لەلایـەن دەووڵەمەندان و کۆمپانیاکانی یابان بێت لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٣ لـە دوای دەســت نیـشان کردنــی رەمـــەزان کـــادیرۆڤ ، لـــە لایـــەن ســەرۆکی ڕووســیای یــەکگرتوو – فلادمێـــر پـــوّتین – پەرلـــەمانی شیشان بە کۆی دەنگ رەزامەندی لە سەر پاڵاوتنی کادیرۆڤ کرد بە بوونی بە سەرۆکی شیشان .

جێگـەی باسـکردنە کـە روزامـەن کـادیرۆڤ ، کـوری سـەرۆکی تیرۆرکـراوی کۆماری شیشانە – ئەحمـەد کـادیرۆڤ – کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بە هـۆی بـوونی شـەڕو پێکـدادان لـە نێـوان هێزەکـانی دژ بـە دەسـەڵاتی ڕووسـیا و هێـزە چــەکدارەکانی لایــەنگرانی ڕووســیا و هێزەکــانی ســووپای ڕووســیا . دامەزرانـدنی رەمـەزان کـادیرۆڤ بـە سـەرۆکی شیـشان بـووە هـۆی جێگـەی نارەزایی بە هۆی بوونی بە سەرکردەی کۆمەڵێك لـە چەکداری دژ بە یـەکێتی سۆڤیەتی جاران لە تەمەنی ١٦ ساڵاندا .

بـەڵام دوای ئـەوە وازی لـە دژایـەتی کردنـی ڕووسـیا هێنـاو بـووە لایـەنگری ڕووســیا و ســەرۆکی ڕووســیا پــوّتین ، دژی بەرهەڵــستکارانی دەســەڵاتی شیشانی سەر بە ڕووسیا

لە گەڵ ئەوەشدا رەمەزان کادیرۆڤ بەر لە بوونی بە سەرۆکی شیشان سەرەك وەزیرانی حکوومەتی شیشان بوو .

ئەم کارەش بەرای مۆسکۆ چاوەروانی ئەوەی لێدەکرا ، کە کـادیرۆڤ توانـای بنبرکـردن و لـە نـاوبردنی هێـزە چـەکدارەکانی شیـشانی دژ بـە ڕووسـیا و

حکوومەت و دەسەلاّتی شیشان هەیە لەناوچەکەدا و پاڵپشتی بە هێزی ڕووسیایە لە ناوچە و هەرێمەکەدا .

٤.٣.٢٠٠٧ لە هەوڵە بەردەوامەکانی کۆماری چینی میللی لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی و سەربازی و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری ، ووتەبێژی فەرمی بە ناوی کۆنگرەی نیشتیمانی گەل



لە پەکینی پایەتەختی چینی میللی گووتی :- چینی میللی بەنیازە بوودژەی دابینکراوی بەرگری بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بگاتە ڕێژەی ١٧,٠٨٪ لە وولاّتەکەدا . هەروا گووتی :-

بۆ ساڵی ٢٠٠٨ی داهاتوو بودژەی دیاریکراو دەگاتە ڕێژەی ٣٥٠,٩٢ ملیار ییوان ، بە زیادەی ٥٢,٩٩ ملیار ییوان . هەروا گووتی :-

بەرز بوونەوەی بودژەی سەربازی و بەرگری گەیشتۆتە ١٤,٧٪ لە ساڵی رابردوو ، کە بووەتە ٣٦,٦ ملیار دۆلار ، بەلاّم ئەمەریکا ئەو لێدوانەی ڕەتکردەوە و گووتی :- بە پێی سەرچاوە چاودێریەکان ڕێژەی دیاریکراو لەلایەن حکوومەتی چین زۆر لەوە زیاترە ، کە باسی لێوە دەکەن .

کە ئەمەش بۆتە جێگەی دڵخۆشنەکەر لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکا . هەروا جێگری سەرۆکی ئەمەریکا – دیک چینی – لە ڕاگەیاندنێکیدا گووتی :- پێشبرکێی چەکی چینی و تاقی کردنەوەی مووشەکی نوێی لە مانگی/ ١ی رابردوو ، بە تەقاندنەوەی مانگی دەستکرد لە بۆشایی ئاسمان لە گەڵ رامیاریەتی ئاشکرای چین ناگونجێنێ . بەلاّم چینی میللی ئەو لێدوانانەی ڕەتکردەوە و گووتی :- هەوڵەکانی چینی میللی لە پێناو بەرگری کردنە و بەس لە وولاّتەکەدا .

هەروا لەلایەکی دیکە ئەم ڕاگەیاندنە بەر لە یەك ڕۆژ هات کە کۆنگرەی ئەنجوومەنی گەلی چینی ساڵانە دەیبەستێ ، کە ٣٠٠٠ نوێنەر لە هەموو

هەرێم و ناوچەکانی وولاّتەکە ئامادە دەبێ ، ئەم کۆنگرەیەش لە پێناو پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشەپێکردنی وولاّتەکەیە لە هەموو بوارەکانی رامیاری و سەربازی و ئابووری و بازرگانی کۆمەلاّیەتی ورۆشنبیری وپەیوەندیە ناوخۆییەکان و دەرەوەی چینە لە چەسپاندنی رژێمێکی دادپەروەرانە لە وولاّتەکەیاندا .

٢٠٠٧/٣/٤ لە کەش و هەواو بارو دۆخی نوێیی ئێراق ، لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن ، کە بووە هۆی بازرگانی کردنێکی هەزاران بە شوێنەوارەکانی ئێراق بە تایبەتی لە شاری



شوێنەواری بابل و دەسەلاّتدارەکانی بەر لە مێژووی زایینی لە وولاّتی نێوان دوو زێدا - مێژۆپۆتامیا .

ئەویش بە دزینی – سەبەتەی بچووك و پەیکەری ئاسن و فەخفووری و پارچەی دراوی بابلی عیری و کەرپوچی کۆن و پارچە تابلۆی دیوار ، کە هەموو وێنەی شووێنەوار و نووسینەکانی بزماری و سۆمەر و کەل و پەلی قاپ و قاچاخ ، کە ئەم کەل و پەلانە مێژوویان بۆ ٢٥٠٠ سالّ بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە .

جێگەی روونکردنەوەیە کە شووێنەوارەکانی بابل کە ٢٥٠ جێگەی شووێنەواری هەیە ، بە تایبەتی لە ناوچەی – برس – کە مەحرەقەی پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیل و شوێنەواری نەمروود و – کیش – تیایا لەگەلّ کفلی جوولەکەکان .

هەروا ئەو گوندانەی کە لە دەووروبەری شوێنەواری بابل بوونە ، وەك – گوندی جمجمە – و – گوندی کوێرش – و – گوندی برتوون – کە دەکەوێتە باکووری شاری حیلە ، بە دووری ١٠٠ کیلۆمەتر لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق . هەروا بوونی – مسلەی حامووڕابی و پاشماوەی

نبووخزنەسر – لە گەڵ چەندین شتی دیکە لە دەسەلاَتداریەتی ئەوکات .
لە گەڵ ئەوەشدا شوێنەواری بابل لە ناو لیستی ڕێکخراوی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو ، بە یەکێك لە شوێنەوارەکانی جیهان ، بەلاَم لە دوای دەستکاری کردنی لە لایەن سەرۆکی ئێراق سەدام حوسێن لە دیوارو شوێنە گرنگەکانی شوووێنەواری بابل و چۆلکردنی گوندەکانی دەووروبەری و دروستکردنی کۆشکی سەرۆکایەتی لەو جێگایەدا ، ڕێکخراوی یونسکۆ شووێنەواری بابلی لە لیستەکە دەرهێنا .
دوای ئەوەش کە رژێمی بەعس لە ئێراق نەما هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان کۆشکی سەرۆکایەتی سەدامی پێشویان کردە بارەگای هێزەکانی سەربازیان و دەستکرا بە دزین و وێرانکردنی ئەم جێگە شووێنەوارە پیرۆزە لەو ناوچەیەدا ، کە هەمووی تەواوکەری یەکتر بوون لە گەڵ قەلاَی هەولێر و شوێنەواری نەمروود لە ڕۆژهەلاَتی مووسڵ و شووێنەواری خەزەر لە باشووری مووسڵ و چەندین جێگەو شوێنی دیکەی شووێنوار لە وولاَتی نێوان دووزێیدا .
لێرەدا من نامەوێ بە بیروو هەستێکی نەتەوەیی بەرچاو تەنگ بچمە ناو ئەو تێبینیانە ، بەڵکو ئەوە دەسەلمێنم ، کە عەرەب و تورك بە تایبەتی عەرەب و هەڵگری ئاینی ئیسلامی بە تایبەتی عەرەب کە ئاینی ئیسلام بە هی خۆیان دەزانێ و قورئان بە زمانی عەرەبییە و خۆیان بە پلە یەکی ئیسلام و نەتەوە دەزانێ لە هەموو بوارەکاندا .
بەلاَم عەرەب خاوەنی هیچ شووێنەوارێك نیە لە سەر گۆی زەوی ، تەنها مزگەوت نەبێت و گەرچی هەموو شووێنەوارەکانی ئێراق و سووریا و میسر و وولاَتانی دیکە بە هی خۆیان دەزانێ ، بەلاَم مافی ئەوانی پێووە نیە هەموو کات ئامادەن وێرانی بکەن ، کە بازرگانی پێووە کردن و پاڵەپەستۆی وولاَتانی جیهان نەبێت لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٣/٤ لــه دوای هــەوڵ و گفتووگــۆی بەردەوام لە نێوان دەسەڵاتدارانی ساحل عاج و بەرهەڵستكارانی ، كــە لــە ئــەنجام بــووە هــۆی مۆركردنی ڕێكەتننامــەی ئاشـتی لە وولاتی بۆركینا ڤاسۆ لە نێوان ســەرۆكی سـاحل عـاج – لـۆران ژیاژبۆ – و سەركردەكانی بەرهەڵستكارانی لـە پێنـاو بـەرەو باشبردنی باری وولاتەكە لە هەموو بوارەكاندا .

ئەمەش لە پێناو یەكگرتنی وولاتەكە ، كە بووە دووبەشی دژ بـه یـەكتری لـە دوای دەست بە سەراگرتنی بەرهەڵستكاران لە باكووری وولاتەكە ، لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٢ ، ئــەویش بــەپێك هێنــانی حكوومــەتێكی هاوبــەش كــە بەرهەڵستكاران بەشـداری تێـدا بكـەن . ئـەویش بـە دەركردنـی یاسـایەكی بنەڕەتی ، بۆ ئەوەی لـە هەڵبژارنەكانی داهاتوو دیاریكرێت ، كە كێ مـافی دەنگدانی دەبێت لە هەڵبژاردنەكاندا لە ساحل عاج لە نێوانیاندا .

سـەرەڕای ئەوەی كە بڕیـار بوو هەڵبـژاردن لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ئەنجام بدرێت بەڵام بۆ ماوەی دووجار ئەو هەڵبژاردنە دواخرا لە پێنـاو گەیشتن بەڕێكـەوتن و نەمانی كێشەكان . هەر لەو ماوەیەشدا كە زۆربەی دانیشتووانی باكووری ساحل عاج ئیسلامن و هەوڵی كودەتایان داوە دژی دەسـەڵاتی لـۆران ژیـاژیۆ لە مانگی /٩-٢٠٠٢/١٠

هـەروا بە هـۆی نالـەباری بارو دۆخـی وولاتەكە و شـەڕو پێكـدانان نزیكـەی ١٠٠٠٠ دە هەزار سەربازی فەرەنسا و نەتەوە یەكگرتووەكان لەو وولاتەن بە ناوی ئاشتی پارێز بە چاودێركردنی وەستاندنی شەڕ لە وولاتەكەدا .



٢٠٠٧/٣/٤ گەلی هەرێمی ئەبخازیایە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان هەنگاوییننا لە پێناو هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی ناوخۆی هەرێمەکە . لەو کاتەشدا دەسەڵاتدارانی ناوەندی لە جۆرجیا پەیمانی گەڕاندنەوەی هەرێمەکەیاندا ، بۆ ژێر دەسەڵات و سنووری کۆماری جۆرجیا ، کە هەرێمی ئەبخازیا پشتگیری تەواوی لەلایەن ڕووسیای فیدڕاڵی لێدەکرێت لە پێناو جیابوونەوە لە جۆرجیا و ڕاگەیاندنی ئەبخازیای سەربەخۆ لە ناوچەکەدا .

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە هەرێمی ئەبخازیا و ئۆسیتیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەوڵی سەربەخۆیی هەرێمەکانیان دەدەن چ لە ناو ڕژێمی ڕووسیای قەیسەری پێشوو چ لە کاتی دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت و چ دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ، بەتایبەتیش لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی جۆرجیا ، کە چەندین جار شەڕو پێکدانان لە نێوان حکوومەتی ناوخۆیی و هێزەکانی سووپای جۆرجیا ڕوویداوە .

لەم هەڵبژاردنەش ئەندامانی پاڵێوراو ئامانجیان گەرانەوەیە بۆ ژێر دەسەڵاتی جۆرجیا و بەهێزکردنی هەڵوێستە بۆ ئەبخازایەکی سەربەخۆ لە داهاتوو و داننان پێیان لە لایەن وولاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . بەڵام دەسەڵاتدارانی ناوەندی لە جۆرجیا ئەم هەڵبژاردنەیان بە نا یاسایی داناو دژی وەستان ، کەچی ڕووسیای فیدراڵ پشتگیری لەو هەڵبژاردنە دەکرد لە هەرێمەکەدا .

لە لایەکی دیکە کێشەی نێوان ئەبخازیاو جۆرجیا و شەڕو پێکدادان وایکرد ، کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس لەو هەرێمەدا کۆچ بکەن ، سەرەڕای گەڕانەوەی هەندێ کەس لە خێزانەکان بۆ هەرێمەکە بە هۆی وەستانی شەڕ

لـە نێوان هـەردوو لایەنـدا . بـە تایبـەتی دانیـشتووانە جۆرجیـەکان ، کـە بڕیاریاندا بەشداری هەڵبژاردنەکە نەکەن

لە گەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ئاشتی پارێزی ڕووسیای فیدڕاڵ جێگرن لە هــەرێمی ئــەبخازیاو ئۆسـیتیا ، بــە پــشتگیری کردنــی ئەبخازیــە ســەربە ڕووسیەکان لە بواری ڕامیاری و ئابووریدا . سەرەڕای چەندین بیرووبۆچوون و لێـدوانی دژ بـە یـەکتری لـە نێـوان ڕووسـیا و جۆرجیـا و لایـەنگیرانی هەردوولایان ... بەڵام ئەبخازیاو ئۆسیتیا دەبنە دەوڵەتی خاوەن سنوور لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٤ لـە لێدوانـەکانی سـەرکردەی سابئە مندائیەکانی داهاتوو ، کە خێزان و کەسانی هـەڵگری بـــڕوای ئـــاینی ســـابئە و مندائیـەکان تووشـی توانـەوە هــەنگاو دەنـێن ، بــە هــۆی پاڵەپەسـتۆی هـەلگری بڕوای ئیسلام لـە ئێڕاق ، بەتایبـەتی لـە دوای ڕووخانـدنی ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـڕاق لـە ٢٠٠٣/٤/٩ و بـەرفراوان بوونی ماوە لە پێش هەردوو مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلام لە ئێڕاقدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم ئاینە سەر بە – ئادەم و نووح و یوحەنامعەمەدان – ن . کـە بڕوایـان بەتوونـدو تیـژی و تـیرۆر و لێـدان و کوشـتن و بـڕین و دژایەتی کردنی یەکتری نیە . هەڵگری بڕوای ئاینی سابئە لـە ئێڕاق بەر لـە ئیـسلام و مەسـیح بـووە ، واتـە دانیـشتووانی ئارامیـەکان لـە ئێڕاق بـەر لـە عەرەب و دانیشتووانەکانی دیکە بوونە ، واتە عـەرەب بە خـەونیش ئێڕاقیـان نەدیبوو لـە وولاتـی نێوان دووزێـی – میوزۆپۆتامیا – و باشووری ئێـستای ئێڕاق .

واتـە ئاینەکـەیان ئـاینی پێغەمبـەر یـەحیا زەکەریایـە و ئارامیـە . لـە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس زیاتر لە ٨٠٪ ی دانیشتووانی ئەم ئاینە لـە ئێڕاق هەڵاتوون و ڕوویان لە سووریا و ئوردن و وولاتانی دیکە کردووە بە تایبـەتی

لە باشووری کوردستان ، ئەوەی ماوەتەوە لە ژێر ترس و تۆقاندنن لە لایەن ئیسلام و زۆریشیان بە زۆر کراونەتە ئیسلام لە ڕێگەی ترساندن و لێدان و کوشتن و پەلاماردانیان .

ئەمەش بە هۆی بارودۆخی ئێراق و خۆ بەزل زانین لە لایەن ئیسلامەکان بە هەردوو مەزهەبەکانیەوە ، ئەوەیە ئاینی – تەسامح و ئاشتی و بەیەکەوە ژیان – بەڵام گەر دەسەڵاتیان نەبێ – گەر دەسەڵاتیان هەبێ بە پێچەوانەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، نەك هەر لە ئێراق بەڵکو لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٣/٦ کۆچی دوایی فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرەنسی -- جان بودیار-- لە تەمەنی ٦٨ساڵیدا لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ... شایانی باسە ئەم فەیلەسوفە لە ١٩٢٩/٦/٣٠ لە شاری ڕیمی فەرەنسا چاوی بە دونیا هەڵهێناوە ... هەروا ئەم فەیلەسوفە تەنیا بایەخی بە هزرو فەلسەفە نەداوە ، بەڵکو شیکەرەوەیەکی دیاری ڕووداوە ڕامیاریەکان و وێنەگرێکی شارەزاش بووە . بە هۆی کۆمەڵێك پەرتوکی فەلسەف و ڕامیاری ناوبانگی بە جیهان بڵاوبۆتەوە .

لەوانە -- جەنگی کەنداو – فانتازیا – جان بودیار ، لە ئەڵمانیا و زانکۆی سۆربۆنی پاریس خوێندنیەتی ، کە ماوەیەك وەك وەرگێر و ڕەخنەگر کاری کردووە و درێژەی بە خوێندن داوە ، تاکو پلەکانی خوێندنی تەواو کردیە و لە ساڵی ١٩٦٦ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە بە ناونیشانی سیستەمی شتەکان ... ئەم فەیلەسوفە زیاتر لە ٥٠ بەرهەمی هەیەو وەك کەلتورێك بۆ گەل و نیشتیمانەکەی جێ هێشتووە لە وڵاتەکەی و جیهان .



٢٠٠٧/٣/٦ تورکیا دادگایکردنی ئەحمەد تورکی ڕاگەیاند کە سەرۆکی پارتی – دەتەپە – یە بە ناوی ئەوەی کە ناوی عەبدوللا ئۆجەلان بە – بەڕێز ئۆجەلان – هێناوە نەك بە تاوانبار ، بەم هۆکارەش بە دەیا کەس لەلایەن دام و دەزگا ئەمنیەکانی

ڕژێمــی تورکیــا دەســتگیر کــراون و پــەلاماردانی ئەنــدامانی ئــەو پارتــەش بەردەوامە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانی ئەو پارتە لە وولاتەکەدا .

هــەروا لــە لایــەکی دیکــە دام و دەزگــا پەیوەنــدارەکان بــەردەوامن لــە لێکۆڵینەوەی ئەو لێدوانانەی کە بە ناوی ئەوە درکانــدن ئەنجام دەدەن ، کە گوایــە عەبــدەللا ئۆجــەلان دەرمــان خــوارد کرابێــت لەلایــەن دەســەڵاتدارانی تورکیا ، ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕەتکردەوە کە بەرامبەر بە ئۆجەلان کرابێت لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٦ لــە شــاری لــۆزانی سویــسرا داواکاری گشتی داوای کــرد بــە زیندانی کردنی سەرکردەی تورک – دوگــو برینــژیك – بــە زینــدانی شەش مانگ ، بە تاوانبار کردنی بــە بــەرگری کــردن لــە ڕژێمــی عوسمانی و دەوڵــەتی تــورك بــە نــە بــوونی کۆمــەڵ کــوژی لــە ژێــر دەســــەڵاتەکانی تورکیــــا چ لــــە ســــــــەردەمی دەســــــــەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چ لە



دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا ، بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئەرمــەن و کــورد لــە باکووری کوردســتانی داگیرکــراوی ژێــر دەســەڵاتی تورکیــا ، بــە پێــی پەیمانی مۆرکراوی لۆزانی لە ساڵی ١٩٢٣ دا .

جێگەی باسکردنە کە دادگای سویسرا ، بڕیاری دادگایکردنی سەرکردەی نەتەوەی تورك دوگوی دا ، بە هۆی دان نەنانی بە کۆمــەڵ کوژیەکــەی ئەرمــەن لە ساڵی ١٩١٥ لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانی لە باکووری کوردستان . هەروا یاســای سویــسرا و حکوومــەتی سویــسرا ، دانــی بــەو کۆمــەڵ کوژیــە نــاو دەسەڵاتی تورك و عوسمانی تاوانبــار کرد ، کە کارێکی جینۆساید و نــەژاد پەرســتە ، هــەروا پەرلــەمانی سویــسرا دانــی بــەو کۆمــەڵ کوژیــە نــا دژی

دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕژێمی تورکیای نوێ لە ناوچەکەدا .

لێرەدا کە دوگو برینـژیك سـەرۆکی پـارتی کرێکـارانی تورکیـا بـووەو لـە لێدوانێکی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری لۆزان ، دانی بەو کۆمەڵ کوژیـە نەنا و بەرگری لـە دەسـەڵاتی عوسمـانی و تورکیای نـوێ کـرد . کـە لـە کـاتی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دەسـەڵاتی عوسمـانی پیلانـی لـە نـاوبردنی ١,٥ ملیـۆن و نیوێـك ئەرمـەنی داڕشـت ، کـە زیـاتر لـە ١٢ دەووڵـەت و چـەندین دەستەو ڕێکخراوی نێوو دەووڵەتی دەسەڵاتی عوسمانی تاوانبار دەکەن بـەو کۆمـەڵ کوژیـە ، بـەڵام دوای هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیش دەسـەڵاتی نـوێی تورکیـا دان بـەو ڕاسـتیە نانێـت کـە ئەنجامـدراوە لـە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٦ لـە بڕیـارێکی دەسـەڵاتی ناوەنـدی بۆسـنەدا ، بـە وەرگرتنـەوەی ڕەگەزنامـەی زیاتر لە ١٥٠٠ عەرەبی دانیشتووی بۆسنە ، بە تایبەتی لە شاری سەرایڤۆی پایتەخت کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە عەرەبە دانیشتووانەکان لـە شـاری سەرایڤۆ خۆ پیشاندان و ناڕەزایی بەرامبەر بەو بڕیـارە و حکوومـەتی بۆسـنە دەربڕن لە وولاّتەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەو عەرەبانە زیاتر لە ١٥ ساڵە ڕوویـان لـەو وولاّتانـە کـردووە لـە پێنـاو هاوکـاری کردنـی ئیسلامەکان ، لـە بـواری چەکداری دژی ئیسلامەکان لـە هـەرێمی بـەلکان بـە نـاوی – موجاهـدین – بـەم هۆیـەش ئـەم عەرەبانـە لـە ئاسـیا و ئەفـەریکیا ڕوویـان لـەو هەرێمـە کـردووە ، بـۆ یارمـەتی دانی ئیسلامەکان لـە شـەڕی نێوان ئیسلام و مەسیحی و ئاینـەکانی دیکـە ، ئەویش لە ڕێگـەی یارمەتیـەکانی عـەرەبی و ئیسلامی لـە ساڵەکانی ١٩٩٢ – ١٩٩٥ گەیـشتوونەتە ئـەم ناوچـە و بـە هـۆی مانـەوەیان ، زۆر لـەو عەرەبانـە ژنیان لە بۆسنیەکان هێناوەو ماڵ و منداڵیان هەیە . ئەم عەرەبانەش لە کاتی چوونە ناو سنووری بۆسنە ناونووس کراون بە گەڕانـەوەیان لـە دوای تـەواو بوونی کارە مرۆییەکانیان لە وولاّتەکەدا .

بەڵام ئەوەی ڕاستبێ لـە پێنـاوی یارمـەتی مرۆیـی نـەبووە ، بـەڵکو لـە پێنـاو شـەڕ کـردن بـووە ، لـە پـاڵ ئیسلامەکان دژی مەسـیحیەکان و کەسـانی دژ بـە ئیـسلام و بـە هێـز کردنـی جـێ پێگـەی خۆیـان و هـەلاّتنیان لـە وولاّتـەکانی

خۆیان و ڕووكردنیان لەو ناوچەو هەرێمانە ، بۆ شێواندن و تێكدانی باری ئـەو وولاّتانـە و نانـەوەی ئاژاوە وەك ئەفگانـستان و پاكستان و كـەشمیر و هندستان و چەندین وولاّتی دیكە .

لە گەلّ ئەوەشدا عـەرەب زیاتر لـە ٢٢ دەوولّـەتیان هەیـەو زیاتر لـە چـەندین دەوولّــەتی ئیــسلامیش هەیــە بــۆ یارمــەتی لێقــەوماوەكانی عــەرەب لــە وولاّتەكانیان لـە جیهانی ئیسلامیدا . ئـەم بڕیارەش لـە دوای ناڕەزاییـەكانی ئەمەریكا و وولاّتانی ئەوروپا هات ، كە بۆسنە و ناوچەكە بەرەو بە ئیسلام كردن و بە عەرەبكردن كارێكی بەر چاو و دیارە لە ناوچەو وولاّتەكەدا .

٢٠٠٧/٣/٧ لە كیشووەری ئەفەریكیا ، لە تەمەنی درێژ و ڕێز لە یەكتر گرتن بۆتە بارێكی لە بار و گونجاو لە وولاّتـی سـەنیگال ، ئـەم هۆكارەش بووە هـۆی ئـەوەی كـە سـەرۆكی سـەنیگال -- عەبـدەلّلاّ واد -- دەسـەلاّتەكەی تـەواو بێـت و لـە ٢٠٠٧/٢/١٥ توانی بە سـەر ١٤ پـالّێوراو سـەركەوێت لـە هەلّبژاردنـەكان ، بە پێی ڕاگەیاندنی فەرمی ئـەو وولاّتە بە بە دەست هێـنانی ٥٥,٨٦٪ لـە كـۆی دەنگی دەنگدەران ، كـە دەكاتـە ١,٩١٠,٣٦٨ لـە كـۆی ٣,٤١٩,٧٥٥ دەنگـدەر لە وولاّتەكەدا .

بـەلاّم پـالّێوراو -- ئیـدریس سـیل -- كـە سـەرەك وەزیرانـی پێـشووی سەنیگال بوو بە پلە دوو سەركەوتنی بە دەسـت هێـنا بە ڕێـژەی ١٤,٩٣٪ . بەلاّم پالّێوراوی پارتی سۆشیالیستی ئوسمان تانگوردینگ بە پلەی سێیەم هات و بەرێژەی ١٣,٥٧٪ ی بە دەست هێنا لە هەلّبژاردن لە وولاّتەكەدا .

سەرەڕای ئەوەش ڕەخنـەی زۆر ئاراسـتەی دەرچوونی عەبدوللاّواد كرا بە ناوی ئەوەی نابێ لە خوولی یەكەمی هەلّبژاردن ئەو ڕێژەیە بە دەسـت بێنـی ، ئەمەش بە گێرەی ڕاپۆرتی گروپی ئابووری وولاّتـانی ئەفـەریكیا – ئیكـواس – هات كە ئەو هەلّبژاردنـە چەند خالّێكی سەرپێـچی لێ بـەدی كـراوە ، گـەرنا هەلّبژاردنـەكان بـە شـێوەیەكی خـاوێن و ڕێـك و پێـك بـە ئەنجامگەیـەنراوە لـە وولاّتەكەدا .

جێگـەی ڕوونكردنەوەیـە كـە – عەبدوللاّ واد لـە تەمـەنی ٨٠ سـالّیدا تـوانی هەلّبژاردنـەكانی ٢٠٠٠/٣/١٩ ، گـەورەترین سـەركەوتن بـە دەسـت بێنـیّ بـە سـەر سـەرۆكی پێـشووی سـەنیگال– عەبـدە زیبیـوف – كـە تـوانی میراتـی دەسەلاّت لە سەنیگال بگرنە دەست لە گەلّ سەركردەی مێژووی سـەنیگال –

لیوبۆلد سیدار سنگوور – ی شاعیر و رووناکبیر لە وولاتەکەدا . ئەم سەرکردیەش – سیدارسنگوور – لە ساڵی ١٩٦٠ دەسەلاتدارە لە سەنیگال ، لە دوای بە دەست هێنانی سەرخۆیی سەنیگال لە ژێر دەسەلاتی فەرەنسا .

دەرچوونی ئەم دوو سەرکردەیەش لە دەسەلاتی سەنیگال ، بە هۆی تەمەن گەورەیی و نەتوانینیان بە هەلسوراندنی کاروباری وولاتە کە و بە هۆی بەر بلاوبوونەوەی هەژاری بە ریژەی ٥٠٪ ی دانیشتووانی وولاتەکەدا . سەرەرای ئەوەش ئارامی و ئاسایش لەم وولاتەدا بەرقرارە لە هەموو وبوارەکان ، بە پێی راپۆرتە هەمەلایەنەکان لەو وووڵاتەدا .

تێبینی :– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی – ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان – لە دانانی / عەلی کەندی – چاپی دووەم / ٢٠٠٨ .

٢٠٠٧/٣/٧ لەم رۆژەدا زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە – وحدەویین – کە زۆربەیان لە پرۆتستانتەکان ، و کۆماریەکان ، کە زۆربەیان کاسۆلیك بوون ، بەرەو سندووقەکانی دەنگدان هەنگاویاننا بە دەست نیشان کردنی نوێنەری – پەرلەمان – کە ١٠٨ ئەندام هەلدەبژێرن لە نێوان ٢٥٠ پالێوراو ، کە لە پارتە جیاوازەکان پێك هاتوون لە کەرتەکەدا – واتە ئیرلەندە – بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و ، یاخوود بە یەکگرتنەوەی دوورگەی ئیرلەندە بە شێوەیەکی تەواو لە هەموو بوارەکان لە کێشووەرو ناوچەکەدا . جێگەی رونکردنەوەیە کە سەرکردەی یەکگرتنەوەکە – ئایان بیلسی – بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتی ئیرلەندەی باکوور – ئیلستر – دەگرێتە دەست ، کە بە مافی ئۆتۆنۆمی شادە ، لە ناو شانشینی بەریتانیا بە هاوکاری – جیری ئادامز – سەرکردەی پارتی – شینی فین – لاباڵی رامیاری لە سووپای کۆماری ئیرلەندە .

لێرەدا کە ئایان بیسلی بە ئەسپی جەنگ ناوزەندکراوە و ، جیری ئارامز – – بە ڕێوی – ناوزەندکراوە . هەروا لە گەڵ پێك هێنانی ئەو حکوومەتە کەوا بڕیارە لە ٢٦/ ٣ ی ئەمساڵ بڕیاری بۆ بدرێ ، بە حکوومەتێکی فرە لایەنە کە هەموو پارت و ڕێکخراوەکان بەشداری تێدا دەکەن .

ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٩٨ کە لە لایەن سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – تۆنی بلێر – و سەرەك وەزیرانی ئیرلەندەی باکوور – بیرتی ئیهرن – مۆرکرا ، بە پێك هێنانی حکوومەتی تێکەڵاو لە کەرتەکەدا ، کە بە مافی ئۆتۆنۆمی شاد دەبێ ، بە پێی بوونی دەسەڵات لە سەر کاروباری بەرگری و دەرەوە لە وولاتەکەدا .

لە گەڵ ئەوەشدا ڕووبەری ئایلستر شەش یەکی دوورگەی ئیرلەندیە، لەو کاتەی کە شانشینی بەریتانیا و لکاندیەیە ژێر دەسەڵاتەکەی لە ساڵی ١٨٠١ بە پێی یەکیەتی لە نێوان بەریتانیا و ئیرلەندا ، کە لە ساڵی ١٥٤١ دامەزرا ، دوای ئەوە لە سەردەمی شانشین ئەلیزابیتی یەکەم و شانشین جیمسی یەکەم ، شەڕ و پێکدادان لە ساڵی ١٦٠٧ دەستی پێکرد ، بە هۆی کۆچ کردنی دانیشتووانە ئینگلیزیەکان بۆ کەرتەکە ، واتە ئیرلەندەی باکوور لەوکاتدا .

دوای ئەوە دووبارە لە ساڵی ١٩١١ شەڕی نێوان چەکدارانی ئیرلەندا و بەریتانیا دەستی پێکردەوە و کاری کۆچکردن بەردەوام بوو لە دوای ئەوەی ، کە ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا نەیتوانی بگاتە ڕێکەوتن لە گەڵ بەرپرسانی کەرتەکە ، واتە دورگەی ئیرلەندە .

ئەویش بە پێدانی نیمچە سەربەخۆیی ناوخۆیی لە دوورگەکەدا ، بە هۆی ڕازی نەبوونی ئەنجوومەنی لۆردات ، کە ئەنجوومەنی باڵای بەریتانیا و بڕیاری کۆتایی لە لای ئەو ئەنجوومەنیە لە بەریتانیا . کە ئەو کات زۆربەی ئەندامانی لۆردات لە لاباڵی ڕاستڕەوەکان بوون و هەوڵەکانیان بە ئینگلیزکردنی دوورگەکە بوو ، دژی دانیشتووانی ڕەسەنی دوورگەکەدا . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پرۆتستانتەکان برچەك بکرێن دژی کاسۆلیکەکان ، کە بە هەزاران هاووڵاتی بەرەو ئەمەریکا و کەنەدا کۆچیان کرد لە دوورگەکەدا .

بەڵام لە ساڵی ١٩٢١ ئیرلەندەی باشوور سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و شاری – دبلینی – کردە پایتەختی کۆماری ئیرلەندە ، و بە مانەوەی ئیرلەندەی باکوور لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا .

دوای ئەوەی سەرەك وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا – وینستۆن چرچل – لە ساڵی ١٩٤٠ هەوڵیدا ، کە ڕێکەوتن لە گەڵ حکوومەتی ئیرلەندای باشوور مۆر بکات لە پێناو شەڕکردن لە گەڵ ئیرلەنەی باکوور و بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیرلەندای باکوور و باشوور لە یەك وولاتدا . بەڵام ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو لە وولاتەکەدا

دوای ئەو هەموو هەوڵ و پلانەو نەخشە جۆراو جۆرانە لە ساڵی ١٩٧٣ دەست بە شەڕی نێوان سووپای کۆماری ئیرلەندە و سووپای بەریتانیا کرا ، سەرەڕای ئەوەش شەڕی مەزهەبی لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت پەرەی سەند لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرەك وەزیران – مارگرێت تادشەر – بە ئەنجامدانی قەسابخانە لە لایەن هێزەکانی سووپاو پۆلیسی بەریتانیا ، دژی مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحی لە دوورگەی ئیرلەندەی باکوور .

بەڵام لە سەردەمی سەرەك وەزیران جۆن مێجەر دەست کرا بەگفتووگۆی نهێنی لە نێوان هەردوولایەنی بەریتانیا و ئیرلەندەی باکوور ، لە پێناو چارە سەرکردنی کێشەکان ، لە دوای ئەوەی کە سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی یارمەتی بەچەکردنی هێزی سووپای کۆماری ئیرلەندەی باکووری دەکرد ، دژی ئەو کارەی کە ئەمەریکا پێی هەڵسا ، بە بۆردومان کردنی شاری تەرابلسی لیبیا لە بنکە سەربازیەکانی بەریتانیا . ئەم شەڕو پێکدادانە بەردەوام بوو لە نێوان هەردوولا تاکو ڕێکەوتنی ئاشتی ، بە یارمەتی سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلنتۆن لە ساڵی ١٩٩٨ مۆرکرا ، لە نێوان سەرکردەکانی ئیرلەندەی باکوور و حکوومەتی بەریتانیا و ، بارو دۆخەکانی نێوانیان بەرەو چارەسەرکردن هەنگاو دەنێ لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە دوورگە کە و لە بەریتانیا و لە ناوچەکەدا . دوای ئەو هەموو ململانێ و کێشە و گرفتانە و گەیشتنی بە بیروبۆچوونی راستی ، ئەوە بوو لە ٢٠٠٧/٣/٢٦ ڕێکەوتنی مێژوویان مۆرکرد بە دابەشکردنی دەسەڵات لە دوورگەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٧ هـەردوو وولآتـی – ئیمـارەتی ئـەبوو زەبـی و کۆمـاری فەرەنـسا رێکـەوتنی رۆشنبیریان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ مۆرکرد ، بە دروست کردنـی مۆزەخانـەی – لۆڤـەر ئـەبوو زەبـی – وەك مۆزەخانەیـەکی نێوودەوڵـەتی لـە ژێـر ناوچـەی رۆشنبیری لە دوورگەی – سەعدیە – بە دووری ٥٠٠ مەتر لە سەر رووبەری ٢٤٠٠٠ هـەزار مـەتر چوارگۆشـەدا لـە هـەموو پێداویـستیەکانی لـە ژوور و هۆڵەکانـدا . لـە کـەناری پایتـەختی ئـەبوو زەبـی . ئـەم رێکەوتنـەش لـە لایـەن سـەرۆکی دەوڵـەتی ئـەبوو زەبـی -- شـێخ خەلیفـە زایـد ئـال نهیـال -- و نوێنـەری سـەرەك کۆمـاری فەرەنـسا جـاك شـیراك مـۆرکرا بـە خوێندنـەوەی ووتـەی هـەردوولای رێکەوتنەکە ، لـە رێـورەسمی کردنـەوەی دانـانی بـەردی بناخەی مۆزەخانەکە .

دوای ئەوە کاری پرۆژەکە کەوتە کارکردن و لـە سـاڵی ٢٠١٢ کۆتـایی دێـت . بـە کردنـەوەی لـە مـانگی/ ٢٠١٢/٣ دا لـە لایـەن هـەردوو وولآت . هـەروا لـە لایـەکی دیکـە ئـەبوو زەبـی خـەرجی نۆژەنکردنـەوەی – شـانۆی ئـۆپرا – ی پایتەختی لە کۆشکی – مۆنتان یلو – ی بە ناو بانگی خستە ئەستۆی خۆی ، کـە لـە سـاڵەکانی ١٨٥٢--١٨٥٦ لـە لایـەن – هیکتـۆر لیفـول – دیزاینەکـەی بـۆ نەخـشە کێـشرابوو ، تـاکو ئێـستاش شـێوە جـوان و بـەهرەدارەکانی بـە خـۆوە هێشتووە لـە کـاتی دروسـتکردنی هـەر وەك خـۆی مـاوە ، کە شـانۆی ئـۆپرا نـاوی -- شـێخ خەلیفـەی -- سـەرۆکی ئیمـارات هەڵـدەگرێ . هەرلـە رێکەوتنەکـە چـەندین برگـەو مـاددە و خـاڵی هاوکـاری رۆشـنبیری لـە خـۆ گرتـووە ، بـە دانـانی ئـەو شـوێنەوارە دێرینانـە لـە مۆزەخانـەی ئـەبوو زەبـی نێـوو دەوڵـەتی لـە کاتـەکانی پێویـست بـە پێـی رێکەوتنەکە لە وولآتەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٨ لە ئاهەنگێکی دڵخۆشکەردا سەرەك كۆمار و دەسەلاتی سووریا – بەشار ئەسەد – قۆناخی یەکەمی کارگەی دروستکردنی ئوتومبێلی بە هاوکاری و هاوبەشی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە ، کە جێگری سەرۆکی ئێران – بارفیز داودی – ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی کارگەکە کردو بریادرا ، کە لە مانگی /٤/ی هەمان ساڵ ئەم کارگەیە دەست بە کارکردن بکات ، کە ساڵانە ١٠ دە هەزار ئوتومبێل بەرهەم دێنێ بە ناوی ئوتومبێلی – شام – لە سووریادا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە سەرۆکی سووریا ئەسەد لە ئاهەنگەکەدا رایگەیاند ، کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان لە ٤/٢٢ی هەمان ساڵ ئەنجام دەدرێت ، بە پێی مەرسوومی کۆماری . هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی هەر چوار ساڵ جارێك لە سووریا ئەنجام دەدرێت ، بەڵام کاتی دیاری کردنی هەڵبژاردنەکان بە مەرسوومی کۆماری دەبێت ، نەك بە پێی دەستووری ئەو وولاتە .

سەرەڕای ئەوەی کە چوار لە بەرهەڵستکارانی رژێمی سووریا لە مانگی/ ٢٠٠٣/٣ بەژداری هەڵبژاردنی نوێنەرانیان نەکرد ، بە هۆی هەڵوێستە شۆڤینیەکانی دەسەلاتی سووریا ، بە نەبوونی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ ، کە ژمارەی دانیشتووانی سووریا نزیکەی ١٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە و لەو ژمارەیەدا ٧,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە لە وولاتەکەدا .

هەروا لە و ٧,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆنەش زیاتر لە ١,٥٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار لە گەڵ کورد مافی دەنگدانیان هەیە لە رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا و لە تەواوی وولاتی سووریا . بەڵام . کورد ... ؟...! .

٢٠٠٧/٣/٩ لە هەوڵێکی چارەسەرسازی قووبرسە یۆنانیەکان ، دەستیان کرد بە هەڵگرتنی کەرتێکی گرنگ لە پەرژینی دروستکراو لە نێوان هەردوو قووبرسی تورکی و یۆنانی کە لێك جیا دەکەنەوە لە هەردوو لایەنی



نیکۆســیای پایتــەختی قووبرس .

جێگـەی باسـکردنە کـە ئەم پەرژینـە ناوزەند بوو بـە – هێلـی سـەوز – لـە نێـوان هـەردوو کۆمـەڵی یۆنانی و تورکی لە ساڵی ١٩٧٤ تـاکو ئـەم رۆژە لـە هەرێمەکــەدا ، لــە دوای داگیرکردنی لە لایـەن هێزەکانی سـووپای رژێمـی تورکیـا . هـەڵگرتنی ئـەم پەرژینەش لە کاتە تاریکەکان بوو بەر لەوەی رووخاندنەکەی ئاشکرا بکرێت . ئەمـەش لـە دوای رووخانـدن ، یـاخوود هـەڵگرتنی پردێـك بـوو بـە هـەمان شێووە لە نێوان هەردوو کەرتی دابەشکرا و لە هەرێمی دوورگەکەدا.

هـەروا لـە لایـەکی دیکـە تورکـەکانیش پردێکیـان لـە مـانگی/ ٢٠٠٦/١٢ رووخانـد ، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ دروسـتکرابوو ، بـە یارمـەتی و پـشتیوانی حکوومـەتی تورکیـا . ئـەم کـارەش لـە پێنـاو رێگـە خۆشـکردن بـوو بـۆ یەکگرتنــەوەی هــەردوو کــەرتی قووبرســی یۆنـانی و تـورکی ، لـە رێگـەی گەیشتن بە رێکەوتنی ئاشتی یەکجارەکی لە هەموو بوارەکانی یەکگرتنـەوە لە دوورگەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٩ گرووپێــك لــە زاناکــانی فەرەنـساو سویـسریەکان توانیان ئامێرێك بە ناوی ربووتــــــا – robot – دروست بکـەن ، لـە پێنـاو زانینـی چـۆنیەتی یەکـەم هەنگاوی گیـان لە بـەر کـە بـە سـەر وشـکانیدا بـڕوات . ئـەم ئـامێرەش لـە شـێوەی گیـان لـە بـەری – سلمندەری ئاوی – لە شێوەی کرم ، بەڵام پێستەکەی لە پێستی بۆق دەچێ



، ڕۆیشتنەکەشی لە شێوەی مارە ، یاخوود کرمی گەوورە .

لە توانای زاناکاندا هەیە هۆشداری بدەنە ئەو ئامێرە لە ڕێگەی ئامێری ئەلیکترۆنی بە گۆرینی ڕێگەی جوولانەوە و ، یاخوود بە مەلە کردنی لە ناو ئاودا . ئەم ئامێرەش دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ ، کە ئەو گیان لە بەرەی کە بە شێوازی مارەزبچکی دەروات چۆن دەتوانێ لە ئاو و لە سەر وشکانی بروات ، کە دوو جۆر لە ڕۆیشتنی لە جەستەدا جێگیرکراوە ، بە پێی شانەکانی هەستیاری لە سەری ، یاخوود لە جەستەیدا . دوای ئەوە زاناکان توانیان ئەو زانیاریە بە دەست بێنن ، کە ئەم جۆرە گیان لەبەرە بەر لە ٣٦٠ ملیۆن ساڵ ئەو جۆرە ڕۆیشتنە لە ناو ئاو و دوایی لە سەر وشکانی زەوی ئەنجام بدەین .

ئەم تاقیکردنەوانەش لە سەر ڕۆخەکانی دەریاچەی شاری ڤیەننا ئەنجامدراوە و لێی سەرکەوتوو بوونە .

دوای ئەو تاقیکردنەوەیە زانا -- ئۆکی یان ئیسبیرت -- کە یەکێکە لەو گروپە زانایانە دەڵێ :- مووخ ناتوانێ هیچ کارێك ئەنجام بدات ، تەنیا لەو کاتە نەبێت کە بە کارەکە هەڵدەستێت و ڕوو لەو شوێنە دەکات ، کە خواستیاریەتی ، یاخوود هەر کارێکیدێکە ، وەك چۆن مریشکێك سەردەبری و بێ سەرە ، بەڵام بۆ ماوەیەك دەڕوات بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی دیاریکراوی هەبێت ... زا نست پیرۆزەو بە پیرۆزیش بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ لە هەموو بوارەکاندا .

٢٠٠٧/٣/١٠ لە کەش و هەوایەکی دۆستانەیان هەردوو وەزیری بەرگری سووریا - عماد حەسەد تورکمانی و ، وەزیری بەرگری ئێرانی - ژەنەڕاڵ مستەفا نەجار - دەستیان کرد بە گفتووگۆی نێوانیان ئەویش بە - فراوانکردنی هاوکاری و قووڵکردنەوەی یارمەتی بەرگری و پەلە کردن لە جێ بەجێکردنی ڕێکەوتنەکانی مۆرکراو لە نێوان سەرۆکی هەردوو دەوڵەتی ئێران و سووریا لە تاران و دیمەشق . بە تایبەتی هاوکاری و پەیوەندی سەربازی لە نێوان هەردوو وولاتدا لە هەموو بوارەکانیدا ، لە پێناو پشتگیری کردنی یەکتری لە هەر ئەگەرێکی ناکاو لە ڕوودانی بۆ سەر هەردوو وولاتدا .

ئەمەش لە دوای سەردانەکەی سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد هات بۆ

ئێـران و ئەنجامــدانی گفتووگــۆكردن لــه گــەڵ ســەرۆكی ئێــران مــەحمودی ئەحمــەدی نــەژاد ، ئـەویش لـه پێنـاو چەسـپاندنی ئـارامی و ئاسـایش لـه ناوچەكه و له هەردوو وولاٚتدا .

جێگـەی روونكردنەوەیه كه كۆماری ئێران زیاتر له ١٩٥ هـەزار كیلۆمـەتر چوار گۆشه و زیاتر له ١٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیـۆن كـورد كەوتۆته ژێـر دەسەلاٚتی ئێــران ، هــەروا كۆمــاری ســووریاش زیــاتر لــه ١٧٠٠٠ هــەزار كیلۆمــەتر چوارگۆشــه و زیــاتر لــه ٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیــۆن كــوردی پێــووه لكێنــدراوه و كێشەوگرفتی نێوان كورد و دەسەلاٚتدارانی ئەو دوو وولاٚتـەو وولاٚتـانی دیكه بەردەوامه ، به هـۆی جێ بەجێ نـەكردن و دان نـەنان به مـافی تـەواوی گـەلی كوردستان له سەر خاكی كوردستان.

٢٠٠٧/٣/١٠ لــه كــاتی ســــەردانەكەی سەرۆكی ئەمـەریكا جۆرج بــۆش بــــۆ بــــەرازیل ، چەندین رێكەوتنی له گەڵ ســـەرۆكی بــــەرازیل --- لــــویس ئگناســـیوو -- مۆركرد له بواری ئابووری

و تەكنــەلۆژی ، لــه پێنــاو پەرەپێـدان و گەشـەپێكردنی لـه نێـوان هــەردوو وووڵاتدا . له بواری پیشەسازی ئۆتومبێل و بەرهەمی سووتەمەنی و نـەوت . لـەو كاتــەش كـه سـەرۆكی ئەمـەریكا لـه سـووڕانەوەیەكیدا بـەردەوام بـوو بـۆ پێــنج وولاٚت ، وەك ، كۆلۆمبیــا و ، گواتیمــالا و ، مەكـسیك و ، بـەرازیل و ، مۆنتیفیـدیۆ . لـه پێنـاو گەڕانـەوەی بەرژەوەندیـه لـه دەسـت چـووەكانی لـه كێشووەری ئەمەریكای لاتینی ، كه لەوكاتەشدا سەرۆكی فەنزوێلا – هۆگـۆ شافێز -- سەردانی ئەرژەنتینی دەكرد له پێناو به هێـز كردنـی هاوكـاری و هاوپەیمانی و برایـەتی ، دژی رامیاریـەتی ئەمـەریكا و رژێمـی سـەرمایەداری له جیهاندا .

جێگـەی باسكردنه كه سەردانی سـەرۆكی ئەمـەریكا بۆ ئـەم وولاٚتانـه ببووه جێگـەی نـارەزایی و تـوورەیی دانیشتووانی ئـەم وولاٚتانـه بـه خۆپیـشاندان وەلاٚمی سـەردانەكه و پێشوازیكردن بوو لـه جۆرج بۆش ... به پێچەوانەی

سەردانەکەی هۆگۆ شافێز بوو کە بەخۆشحاڵی و چەپڵەڕێزان پێشوازیان لێدەکرد لە وولاتەکەی کە رووی تێ دەکرد لە کیشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٣/١١ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکیا بلاّویکردەوە ، کە هێزەکانی پۆلیسی تورکیا لە پارێزگای وانی باکووری کوردستان ٢٧ هاولاّتی کوردی لە میانەی ئەو رێپێوانانەی کە لە شارەکانی وان و دیاربەکر بۆ پالپشتی کردن لە کۆمەڵەیەکی دیموکراتی سازکرا دەستگیر کردووە لە هەرێمەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە تورکیا وولاتێکە و ڕژێمەکەی عەلمانیە تا ئێستا دانی بە مافە سەرەتاییەکانی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا نانێت و پارت و رێکخراوە کوردیەکان قەدەخە دەکات و بەشداری رامیاری لە بەردەم هاوولاّتی کورد بەرتەسك دەکاتەوە لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا .

٢٠٠٧/٣/١٣ لە دوای هەوڵێکی زۆر توانرا کۆنگرەی گەلی کلدانی ئاشووری لە رۆژی ٣/١٢ ئەنجام بدرێت لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ... لە ئەنجامی گفتووگۆی کۆنگرەوانان ، توانیان یاداشتێك ئاراستەی لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بکەن . کە داوای هەموارکردنی چەند ماددە و برگە و خاڵێکیان لە دەستوورەکەدا کردبوو .

سەبارەت بە دیباژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم لە یاداشتەکەدا هاتووە :- زۆر پێویستە ئازار و مەینەتەکانی گەلەکەمان لە گەلّ ئازارو مەینەتەکانی گەلی کورد هاوشان بکرێت . بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانێکی هاوبەشانە و بوونیاتنانی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان قوولتر بکرێتەوە .

هەروا سەبارەت بە مافە مەدەنی و ئازادیە گشتیەکان کە لە ماددەی /٢١ ی برگەی / ٢ و ماددەی /٢٣ لە برگەی /١ و ماددەی ٤٩ . کە تایبەتە بە مافەکانی ئافرەتان و یەکسانیکردنیان بە پیاوان و بەشداریکردنیان لە پەرلەمان و ئەنجوومەنە ناوچەییەکان هاتووە ، کە یاداشتەکە داوایکردووە کە ئەو ماددانە لە چەمکە خێلاّیەتی و هاوسەرگیری بە زۆرەملیّ رزگار بکرێن .

هەروا لە یاداشتەکەدا ، سەبارەت بە پێکهێنانی کوردستان دا هاتووە ، کە

لە ماددەی /٦ ی دەستووری هەرێم هاتووە ، کە کۆنگرەکە پێی وایە ئەو ناوهێنانە لە گەڵ راستیەکانی یەکگرتووی گەلی . کلدانی سریانی ئاشووری نگونجێت . لە بەر ئەوەی رەشنووسی دەستورەکە ئاماژە بە کلدان و ئاشووری دەکات ، دوو گەلی لێك جیا . ئەمەش لە داهاتوو رەنگدانەوەی باشی نابێت لە ناو پێك هاتەکانی ئاشووری لە گەڵ گەلانی دیکەی هەرێمی باشووری کوردستان .

هەروا سەبارەت بە مافەکانی ئیدارەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری لە یاداشتەکەدا هاتووە :- لە بەر ئەوەی ماددەی /٢ی دەستووری هەرێم هەموو ئەو ناوچانەی گەلەکەمان تێیدا دەژین خستۆتە چوار چێوەی سنووری هەرێمەوە . بۆیە ئەو مافانەی کە لە دەستووری ئێراقیش بە هەرێمەکان دەدرێت . دەبێ لە دەستووری هەرێمی کوردستان جێی بکرێتەوە ، تاکو بتوانین مافە ئیداریەکان لەو شوێنانەی کە زۆرینەی گەلەکەمانی تێدایە پیادە بکەین .

تێبینی:- سەرچاوە:- لە راگەیاندنی یاداشتننامەی ئاراستە کراو بۆ پەرلەمانی کوردستان ، لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

٢٠٠٧/٣/١٤ لە دوای دەرکەوتنی نەخۆشی ناکاوی سەرەك کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – جەلال تاڵەبانی – کە لە ٢٠٠٧/٢/٢٥ گواسترایەوە بۆ شاری عەممانی پایتەختی ئوردن ، لە پێناو چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی لەو ووڵاتە دا.

دوای تەواو بوونی چارەسەرکردنەکەی سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی لە رێگەی فرۆکەخانەی نێوو دەووڵەتی لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان ئەمرۆ پاش نیوەرۆ گەیشتەوە شاری سلێمانی و لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی پارتەکان پێشوازی لێکراو گەیانرا جێگەی حەسانەوەی لە شارەکەدا .

٢٠٠٧/٣/١٤ لە دوای ئەوەی کە فلیمی – داڤیدتوولهێلدان – ی دەرهێنەری کورد – مانۆ خەلیلی – بریاری بەشداریکردنی درا ، کە لە ڤیستیڤالی سینەمای ئیماراتی عەرەبی بکات . بەڵام رژێمی تورکیا لە رێگەی باڵیۆزخانەکەی خۆی لەم وولاتەدا رێگەی بە نمایشکردنی ئەم فلیمە نەدا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە ڤیستیڤاڵی سینەمایی ئیماراتی عەرەبی ، کە لە رۆژی ٣/٧ ی رابردوو دەستی بە کارەکانی نمایشکردن کردوو ماوەی شەش رۆژ بەردەوام بوو ، بریار وابوو کە لە رۆژی پێنجەمی ڤیستیڤاڵەکە ئەم فلیمە کوردیە نمایشبکرێت . بەڵام حکوومەتی تورکیا توانی رێگە لە نمایشکردنی ئەم فلیمە بگرێت ، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەم فلیمە هاندانە بۆ تیرۆر ، هەروا ئەم فلیمەش بەرهەمی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی وولاتی سویسرا بووە ، لە گەڵ ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری سویسرا و دەزگای هاندانی کاری سینەمایی سویسری لە لۆران بەرهەم هێندراوە .

ئەم کارەی رژێمی تورکیا دوور لە کارەکانی مرۆڤایەتیە و ناشارستانیە و بە دەست تێوەوەردانی لە بواری رۆشنبیری و هونەری وولاتی ئیماراتی عەرەبی خستە روو . ئەمەیە دوژمنانی کورد و ، هەست و هۆشی کورد توانای رۆشنبیرانی کورد لە سەر خاکی کوردستان و دەرەوەی خاکی کوردستان .

٢٠٠٧/٣/١٤ لە هەوڵە بەردەوامەکان لە لایەن پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، رۆژی چوارشەممە بە ئامادە بوونی چەند وەزیرێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی پارتە کوردستانیەکان و یەکە ئیداریەکان لە شارەکانی خانەقین و سەعدیە و جەلەولا و مەندەلی لە شاری خانەقین کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان گرێدا .

لــه پێنــاو دۆزینــه‌وه‌ی رێگــا چاره‌ی جــێ بــه‌جێکردنی مــادده‌ی /١٤٠ ی ده‌ســتووری هه‌میــشه‌یی ئێراق ، کــه به‌نــده بــه چاره‌ســه‌رکردنی کێــشه هه‌ڵواسراوه‌کانی ناوچه دابڕاوه‌کان لـه هـه‌رێمی باشووری کوردسـتان و به تایبه‌تی پارێزگای که‌رکوك له هه‌رێمه‌که‌دا .

٢٠٠٧/٣/٢٠ لــه ســێداره دانــی جێگــری ســه‌رۆك کۆمــارو ســـه‌رۆکی ئه‌نجوومـــه‌نی سـه‌رکردایه‌تی شۆڕش و سـه‌رکرده‌ی هێزی سووپای ئێراق – ته‌ها یاسین ره‌مه‌زان – ناسـراو بـه – ته‌هاجه‌راوی – له دوای چوار ساڵ له رووخاندنی ڕژێمـــی بـــه‌عس لـــه ئێـــراق بـــه سه‌رکردایه‌تی سه‌دام حوسێن .

جێگـه‌ی باسکردنه که سـه‌دام لـه ٢٠٠٦/١٢/٣٠ لـه سێداره دراو ، بـه‌رزان تکریتـی و عـه‌واد به‌نـده‌ر لــه ٢٠٠٧/١/١٤ لــه ســێداره دران . لــه مــاوه‌ی ده‌سـه‌ڵاتی ئه‌حمـه‌د حه‌سـه‌ن به‌کر و سه‌دام حوسێن ، تـه‌ها یاسین ره‌مـه‌زان چه‌ندین پۆستی گرنگی گرتۆته ده‌ست ، له پێناو خزمه‌ت کردنی ده‌سه‌ڵاتی بـه‌عس و لـه نـاوبردنی ئـێش و ئازاردانی گـه‌لانی ئێـراق بـه تایبـه‌تی گـه‌لی کوردستان ، کـه رۆڵـی باڵای هـه‌بوو لـه راگواستنی دانیشتووانی کـورد لـه پارێزگای کـه‌رکوك و پارێزگای مووسڵ و پارێزگای دیالـه ، تا ڕووخانـدنی ڕژێمه‌که‌یان لـه ٢٠٠٣/٤/٩ لـه لایـه‌ن هێزه‌کانی سووپای هاوپـه‌یمانان ، بـه سه‌رکردایه‌تی وویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له ناوچه و ئێراق . تـه‌ها یاسـین ره‌مـه‌زان لــه مــانگی /٢٠٠٣/٨ لــه لایــه‌ن پێشمه‌رگه‌کانی یــه‌کێتی نیشتمانی کوردستان ده‌ستگیرکرابوو ، دوای ئـه‌وه درایه ده‌ست هێزه‌کانی سووپای هاوپـه‌یمانان له ئێراقدا .

٢٠٠٧/٣/٢٤ بـه بۆنـه‌ی ئاهه‌نگـه‌کانی سـه‌ری سـاڵی کـوردی و چـه‌ژنی نـه‌ورۆزی کـورد و نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ی کیشووه‌ری ئاسیا ، رژێمی تورکیا لـه رێگـه‌ی هێزه‌کانی پۆلیس و ئه‌منی ڕژێمی تورکیا ده‌ستی کرد به ده‌ستگیرکردنی زیاتر له ٤٣١ گـه‌نجی کـورد ، لـه کـوڕ و کـچی دانیـشتووانی بـاکووری کوردســتان و

شارەکانی دیکەی ناو وولاتی تورکیا ی به زۆر دروستکراوی له سەر خاکی گەلانی هەرێمەکە . لەو کاتەش کە ڕژێمی تورکیا دانی بە چەژنی نەورۆز ناوە بە یادکردنەوە و ئاهەنگ گێڕان لەم وولاتەو ، بە تایبەتی لە باکووری کوردستان لە لایەن گەلی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئەم وولاتە لە هەرێمەکەدا .



٢٠٠٧/٣/٢٤ لــە دوای پــالاوتنی دادوەر-- ڕەناباگوانداس -- بە سەرۆکی دادگای بالای پاکستان ، سووێندی یاسایی خوارد بەرامبەر بە بەرپرسانی دادگا لە پاکستان ... جێگای باسکردنە کە دامەزراندنی ڕەنا لەم پۆستە گرنگەدا لە پاکستان لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی دادوەری بالای پاکستان – افتیخار مەحەمەد شودری – هات بەر لە دوو هەفتەدا ، هەروا دادوەر ڕەنا لە کەمە نەتەوایەتی هیندۆسییە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی بوونی پاکستان هیندۆسی ئەم پۆستە بگرنە دەست . لە گەلّ ئەوەشدا دامەزراندنی ڕەنا بووە جێگەی دلّ گرانی توێژی پارێزەران و مافپەروەران لە پاکستان وە بووە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی شەش لە دادوەرەکان لە وولاتەکەدا .

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش سەرۆك کۆماری پاکستان پەروێز موشەرەف کە لە ڕێگەی کودەتا لە سالّ ١٩٩١ دەسەلاتی گرتە دەست بەردەوام بوو لە دەسەلات و دەیویست لە دەست سەرۆکی دادگای بالای پاکستان ئیفتیخار ڕزگاری بێت ، بۆ ئەوەی نەبێتە کۆسپ لە پێش خۆ پالاوتنی بۆ سەرۆکایەتی پاکستان .

٢٠٠٧/٣/٢٩ لە لێدوانێکی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا – سێرگی لاڤرۆڤ – هۆشداریدا بە ئیدارەی ئەمەریکا ، بە ئەنجام نەدانی مانۆری سەربازی خۆی لە ئاوەکانی کەنداو بۆ ئەوەی ئەو بار گرژییەی کە لە نێوان ئەمەریکا و تاران دایە و زیاتر لەوە پەرە نەسێنێت ، بە هۆی نەبوونی

هێزی دەریایی لە ئەمەریکا لە ئاوەکانی کەنداوی فارسی ، ئەمەش لە ڕۆژی پێنج شەممە کە لە ڕۆژنامەی – خەلیجی فارسی – وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی لاڤیرۆڤ داوای کرد .

که هیچ مانۆرێکی تایبەتی لە لایەنی دەریای ، یاخوود سەربازی نەگرێتە بەر تاوەکو بار گرژییەکە زیاتر پەرە بسێنێت ، کە ئێستا لە ئارادایە ئەمەش لە دوای بڕیاری ئیدارەی ئەمەریکادا هاتیە ، کە بڕیارە لە هەفتەی داهاتوو مانۆڕی سەربازی لە ئاوەکانی کەنداو ئەنجام بدات ، لەم بارەیەوە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بڕیاری دا پەلە لە بەڕێوەبەردنی ئەو مانۆڕە تایبەتییەی کەنداو بکات لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٣/٢٩ ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان ئەنجام درا ئەم ئەنجوومەنەش لە پارتەکانی :– پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ، پارتی کۆمەنستی کوردستان ، پارتی سۆشیالیستی کوردستان ، پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان .

بەژداریان لە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە کرد ، لە گەڵ ئەوەشدا ئاشوورییەکان و کلدانیەکان و تورکمانەکانیش دەتوانن بەژداری تێدا بکەن لە گەڵ سەرۆکی حکوومەتی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکانیان ، لە گەڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان .

ئەم ئەنجوومەنەش مانگی جارێك بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم ، یان شووڕای کوردستان کۆدەبنەوە لە پێناو هەڵسەنگاندنی بارودۆخە

هەنووکەییەکان لە ناوخۆی هەرێم و ئێراق و پەیوەندییەکان ، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی لە هەرێم و ناوچەکەدا و پەرەسەندنەکانی قۆناخی پێشکەوتن لە بواری ڕامیاری و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ... بەڵام ... ؟ ...!.

٢٠٠٧/٤/٣ گرێدانی کۆنگرەی پێنجەمی وەقفی مەزهەب سوونەی ئیسلام لە ئێراق لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن ، بێ ئەوەی مەزهەب شیعەی ئیسلامی عەرەب بەشداری تێدا بکات . بە ئامادە بوونی ٢٠٠ کەس لە پیاوانی ئاینی دوور لە ئێراق ، کە سەرکردایەتی ئەو وەقفە لە بەهاری /٢٠٠٣ گۆڕانکاری تێدا کرد

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە ئەم لایەنە مەزهەب ئیسلامیە لە ئێراق ، ڕۆڵی خراپیان گێڕا لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، لە بەر ئەوەی هەر لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە لایەن بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی ، ئەو مەزهەبە سوونە ئیسلامیە عەرەبە لە ئێراق ، دەسەڵات دار بوو تاکو ٢٠٠٣/٤/٩ بە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ئێراق .

هەروا بە هۆی کێشەو شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوو مەزهەب شیعە و سوونەی ئیسلامی عەرەب لە ئێراق ، بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٦٠ کەسایەتی ئاینی لە مزگەوت و مەزارگەکان و پەرستگاکان ، و تێکدان و ڕووخاندنی زیاتر لە ١٩٠ مزگەوت و بلۆکردنی زیاتر لە ٤٠ مزگەوت لە دوای تەقاندنەوەی مەزارگەی ئیمام عەسکەری لە شارۆچکەی سامەڕا لە مانگی /٢٠٠٦/٢ .

بە هۆی بیروو بۆ چوون و بڕوای ئایینی ئیسلام زیاتر لە ٦٠٠٠ مزگەوت لە ئێراق دروستکراوە ، جگە لە شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان . هەر لەو کۆنگرەیەشدا باڵوێزی ئێراق لە عەمان بەشداری تێداکرد ، دوای ئەوەش لە کۆنگرەی شەشەمی وەقفی سوونە لە ٢٠٠٧/٤/٥ ئەنجوومەنی زانایانی مەزهەب سوونەی پێك هێنا لە ئێراق .

٢٠٠٧/٤/٣ لــە ســەردانێکی ئاشــتەوایی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمــەریکا – نانــسی بیلوســی – گەیــشتە شــاری دیمەشــقی پایتەختی سووریا ، کە ئەمە یەکــەم ســەردانی بەرپرێــسکی باڵای ئەمەریکایە بۆ سووریا ، بەر لە ماوەیەکی زۆردا بە هۆی بوونی کێشەی نێوان ئەمەریکا و سووریا .

جێگەی باسکردنە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا ، بەر لەوەش چاوی کەوت بە سەرۆکی فەڵەستینی مەحمود عەباس لە شاری ڕامەڵلای فەڵستینی و سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل ئیلهوود ئۆڵمەرت لە شاری قوودس و نامەیەکی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیلی هەڵگرتبوو بۆ سەرەك کۆماری سووریا بەشار ئەسەد .

لە کاتی سەردانەکەیدا بیلوسی لە لایەن بەر پرسانی سووریا پێشوازی لێکراو بیلوسی لە لێدوتنەکانیدا گووتی :-

سووریا ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە ڕامیاریەتی ناوچەکەدا و ئەویش لە پێناو شکاندنی ئەو کێشە و گرفتەی کە لە نێوان سووریا و ئەمەریکا دا هەیە و پێویستە چارەسەربکرێت و بارودۆخەکە بەرەو ئارامگری هەنگاوی پێ بنرێ و سووریاش هەوڵی بەربەرەکانی تیرۆر بدات شان بە شانی وولاتانی دیکە لە جیهاندا .

هەر لەو سووڕانانەوە و سەردانانەیدا لە گەڵ سەرۆکی لوبنان و سەرەك وەزیران فوئاد سەینورە و بەرپرسانی دیکەی لوبنان گفتووگۆی ئەنجامدا . هەروا لە لایەکی دیکە ئیدارەی ئەمەریکا ڕەخنەیان لە بیلۆسی گرت بە هۆی

سەردانی بۆ سووریا و لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٤/٣ لە کۆماری ئۆکرانیا بە هۆی بوونی کێشەی نێوان ڤیکتۆر یـــانۆکۆفیتش لایـــەنگری رووســـیای یـــەکگرتوو و ، یۆشـــینکۆی لایـــەنگری ئەمـــەریکا . بـە تایبـەتی لـە دوای هەڵوەشـــــاندنەوەی

پەرلـەمانی ئۆکرانیا لـە لایـەن یۆشـینکۆی دەسـت کـردن بـە هەڵبـژاردن لـە وولاتەکـەدا ، کـە ڤیکتـۆر یـانۆکۆڤیتش ئـەو هـەنگاوەی بـە کودەتایـەکی رامیـاری ناوزەنـد کـرد ، کـە لـەو کاتـە بـە هـەزار هـاولاتی لایـەنگرانی خۆپیشاندانیان بەرامبەر باڵەخانەی حکوومەتی ئۆکرانیا ئەنجامدا بوو لە شاری کیفی پایتەختی ئۆکرانیا .

جێگەی باسکردنە کە سەرۆکی ئۆکرانیا یۆشینکۆ لە ٤/٢ لە بڕیارێکییدا پەرلەمانی وولاتەکەی هەڵوەشاندەوە و داوای هەڵبـژاردنی کرد لە مـانگی/٥ ی هەمان ساڵ ، واتە لە مانگی /٥ ی داهاتوو لە وولاتەکەدا .

بـەلام ڤیکتـۆر ئـەو بڕیـارەی یۆشـینکۆی بـە دوور لـە دەسـتووری ئۆکرانیـا ناوزەنـدکرد لـە دوای وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکی ئۆکرانیـا ، بـە ڕێگـای نایاسایی بە تێرکردنی ئەندامانی پەرلەمانی لایە نگری خۆی لەوولاتەکەدا . لـە گـەڵ ئەوەشـدا لایـەنگرانی ڤیکتـۆر لـە پەرلـەمان بـالا دەسـتن و داوای مانـەوەیان کـردووە ، بـەلام بڕیارەکـەی یۆشـینکۆی بـە کودەتایـەکی خـراپ ناوزەندکرد .

لە بەر ئەوەی یۆشینکۆ سەرۆکی ئۆکرانیا و ڤیکتۆریش سەرەك وەزیرانی ئۆکرانیایە کە یۆشینکۆ دەسەلاتی تـەواوی لەسەر ئۆکرانیا هەیـە لـە هـەموو بوارەکانی دەسەلات لە سەر وولاتەکەدا . لە لایەکی دیکەش لە کۆبوونـەوەی ئەنجوومـەنی وەزیـران وەزیـری بەرگری – ئـەناتۆلی هراتسینکۆ – ڕایگەیاند کە هێزەکانی سووپا دەتگیرن بە بڕیاری سەرۆکی ئۆکرانیا – یۆشـینکۆ – ڕایگەیانـد کـە هێزەکـانی سـووپا دەسـتگیرن بـە بڕیـاری سـەرۆکی ئۆکرانیـا

یۆشینکۆ ، هەروا لەم کات وساتەشدا لایەنگرانی هەردوو کۆمەڵ بوون لە بەردەمی باڵەخانەی حکوومەت و پەرلەمان لە شاری کیف لە ئۆکرانیا .
کە بووە هۆی دروست بوونی کێشەوگرفت و ئاڵۆزبوونی کێشەکە ، هەر وەك لە شۆڕشی پرتوقالی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕوویدا و بووە هۆی سەرکەوتنی یۆشینکۆ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کردنی ئۆکرانیا ، سەرەڕای ئەوەش یۆشینکۆ توانی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی/١/٢٠٠٥ ، سەرکەوتن بە دەست بێنیٚ بە سەر ڤیکتۆر یانۆکۆفیتش و ، لە هەمان کات دانی بەو سەرکەوتنە هێنا . ئەو کێشەو گرفتەش تاکو ئیستا بەردەوامە و دوور نیە لە داهاتوو ئۆکرانیا ببێتە دوو وولاتی لێك جیا بە هۆی بوونی دانیشتووانی رووسەکان لەم وولاتەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژهەلاتی ئۆکرانیادا .

٢٠٠٧/٤/٣ لە کۆماری نێجیریا دادگای فیدراڵی بالاّ ، فەرمانی بە لێژنەی هەڵبژاردنەکاندا بە رێگەپێدان بە جێگری سەرۆك – ئەتیکۆ ئەبووبەکر – کە بچێتە ناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئێستا ئەنجام دەدرێت لە مانگی/٤ لە وولاتەکەدا .
هەروا لە فەرمانەکەی دادگای بالاّدا دەلیٚ لە دەسەلاّتی لێژنەی هەڵبژاردن نیە کە ئەبووبەکر لە هەڵبژاردنەکان بیٚ بەش بکات ، کە ئەمەش لە ڕێنماییەکانی دادگا ناگونجیٚ لە گەڵ بە ئەنجامگەیاندنی ڕێوورەسمی هەڵبژاردن .
جێگەی روونکردنەوەیە کە ئەبووبەکر بووە سەرکردەیەکی بالاّ لە ئۆپۆزسیۆن لە دوای دروست بوونی کێشەی لە گەڵ سەرۆکی پێشووی نێجیریا – ئۆلۆسیگون ئۆباسانگلۆ – لە وولاتەکەدا .
بەلاّم بەر لەوەش لێژنەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەبووبەکری بە کەسایەتیەکی گەندەڵ دانا لە ماوەی دەسەلاّتەکەی ، بە تایبەتی لە بارەی بواری نەوت بە شێوەیەکی فەرمی ، کە ئەمەش لە لایەن ئەبووبەکر

ڕەتکرایەوە لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا لە سەر نیجیریا .

الشهيدة دعاء خليل اسود — العمر ١٧ عاماً

٢٠٠٧/٤/٧ لــە کردەوەیــەکی نامرۆڤانــەی چــەند کەســانێکی توونــدڕەوی هــــەڵگری بــــڕوای ئێزیدیــــە کوردەکــان ، کــچە گــەنج و بــێ تــاوان – دوعا – کوژرا ، بەڵام چ کوشتنێك ، بە بلۆك و لێدانی لـە بەر چاوی دانیشتوان لە قەزای شەنگال لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

لـە دوای ئـەو کـارە ناشیرینە و لــــە هەڵمــــەتێکی تۆڵــــە ٢٤ کرێکــاری ئێزیــدی هــەژار لــە لایــەن تیرۆرســتانی ئیــسلامی توندڕەو شەهیدکران.

هـەر بەم هۆکـارە دڵتەزێنـە ٥٠ ڕێکخــراوی ئافرەتــان و ژنــان و ژمارەیــەکی زۆر لــە کەســایەتی کــوردی دانیشتووی کوردستان ، سەبارەت بە کوشتنی خاتوو دوعا خۆپیشاندانیان ئەنجامـدا بۆ بـەردەم پەرلـەمانی کوردسـتان و دوای ئـەوە یاداشـتنامەیەکیان ئاراســتەی پەرلــەمانی کوردســتان و وەزارەتــی داد و وەزارەتــی نــاوخۆ و وەزارەتــی مـافی مـرۆڤ کـرد و ، داوای تۆڵەسـەندنەوەی خـوێنی پـاکی خـاتوو دوعایان کردو ، ئەم لایەنە پەیوەندارانە ، بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان . بەڵێنیاندا بە وەرگرتنی تۆڵەی دوعا و پشتگیری لە دایك و باوکی و خوشك و براکــانی دوعــا ، کــە بــە کردەوەیــەکی نامرۆڤانــە و دوور لــە هەســتی مرۆڤایـەتی و ئـایینی و یاسـا ئـەنجام درا لـە ناوچـەکە دا ، کـە بـووە هـۆی زرینگانـەوەی ئـەو باسـە نـەك هـەر لـە کوردسـتان و ئیراق بـەڵکو لـە هـەموو جیهاندا .



٢٠٠٧/٤/٧ لە ئاكامی نا لە باری بارودۆخی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان لە پاكستان و بەرز بوونەوەی ئەو بارودۆخەو كاردانەوەی لە سەر باری ئایینی ، كە لە ئەنجام بووە هۆی ئەوەی كە شەڕو پێكدادان لە نێوان مەزهەب سوونەی ئیسلامی زۆرینە و مەزهەبی شیعە ی كەمینە روویدات لە باكووری رۆژئاوای پاكستان .

ئەم رووداوە لە ئەنجامی پەلاماردانی مەزهەبی شیعە بوو لە لایەن مەزهەب سوونەی ئیسلام لە شاری – پارشینار – كە كەوتووتە رۆژئاوای ویلایەتی بشاوری سنووری رۆژئاوای پاكستان ، دەسەڵاتدارانی پاكستان دڵگرانن لە كێشەی نێوان ئەو دوو مەزهەب ئایین ئیسلامیە لە وڵاتەكەدا ، كە بۆتە هۆی بەر بڵاوی نا ئارامی و سەقامگیر نەبوونی بارودۆخەكە و بەكار هێنانی چەك دژی یەكتری لە وڵاتەكە دا

٢٠٠٧/٤/٨ لە لێدوانێكی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئیراق و لە سەر لیستی هاوپەیمانی كوردستان – سەعدی بەرزنجی – رەتیكردەوە كە كۆنگرەی وەزیرەكانی دەرەوەی دراوسێی ئێراق ، بە هۆی كاریگەری لایەنی رامیاری كوردی لە توركیا بۆ میسر گوازرابێتەوە و ئەوەشی راگەیاند ، كە گورێنی شوێنی كۆنگرەكە لە جێگەی خۆیدا بوو نەك بە پێچەوانە .

لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتا ئێمە لە هاوپەیمانی كوردستان و رەنگە زۆربەی ئێراقیە كانیش متمانەمان بەوە نیە كە ئەنكەرە شوێنێكی لە باربێت بۆ

سازدانی هەر کۆنگرەیەك دەربارەی ئێراق .

هەروا گووتی :- ئێمە لە سەرەتا پێمان باشبوو ئەم کۆنگرەیە لە ئێراق سازبدرێت ، بەڵام نا لە باری ئاسایش کێشە بوون لەبەردەمی کۆنگرەکە . بەڵام لە بەر ئەوەی ئەنکەرە ئەجیندای خۆی لە ئێراق هەیە ، لەو پێناوە دا تورکیا هەوڵی ئەوەی دەدا کە کۆنگرەکە لە خاکی ئەودا سازبدرێت . بەڵام بێگومان سازدانی ئەم کۆنگرەیەش لەو وڵاتە کارگێری تورکیای لە سەردە بوو .

بۆیە وا باشتر بوو کە شوێنەکەی بگوازرێتەوە بۆ شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ، بەڵام گواستنەوەی کۆنگرەکە لە سەر داوای ئێراقیەکان بووە ، نەك هەر بە تەنها لیستی هاوپەیمانی کوردستان . بەڵام سەبارەت بە نارەزایی عەرەبە سوونەکان بە گواستنەوەی کۆنگرەکە بۆ شاری قاهیرە لە میسر ، ئەوان پێیان باش بوو کۆنگرەکە لە تورکیا سازبکرێت ، لە بەر ئەوەی تورکیا زیاتر پشتگیری سوونەکانی دەکرد ، بەڵام حکوومەتی میسر بە دیدێکی یەکسان کۆنگرەکەی بەرێووە دەبرد و بروانێتە چینی پێك هاتەکانی گەلی ئێراق و ، لە گەڵ ئەمەشدا لایەنگیری لایەنێك ناکات و هەوڵدەدات کۆنگرەکە بە بەشداربوونی هەموو لایەنەکان سەربکەوێت .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە وەزارەتی دەرەوەی میسر رایگەیاند ، کە ئەو کۆنگرەیە لە ٥/١٣ دەست پێدەکات لە شاری شەرمشێخی میسر ، کە وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی ئێراق و ، هەر پێنج وڵاتەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ، وڵاتانی هەرێمی ، هێزە نێوو دەووڵەتیەکان ، پیشەسازیەکان و ، نوێنەری کۆمکاری عەرەب و ، کۆنگرەی ئیسلام بە شداری تێدا دەکەن لە وڵاتەکە دا

٢٠٠٧/٤/٩ لە راگەیاندنێکی ئەندامی دەستەی نیشتیمانی بۆ کاروباری مین لە ئێراق گووتی :- لە ماوەی مێژووی رووداوەکانی شەڕی ئێراق لە گەڵ ئێران



و کوێت و بەر لەوەش لە هەرێمی کوردستان ، زیاتر لە ٢٥ ملێۆن مین لە سەر خاکی ئێراق چێندراوە ، لە پێناو بەرگری کردن لە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانیان لە ئێراقدا.

جێگەی باسکردنە کە لە گەڵ یادکردنەوەی رۆژی جیهان و پشت بەستن بە راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ژمارەی ئەو مینانەی کە تاکوو ئێستا لە ژێر زەوی ماون زیاتر لە ٢٥ ملیۆن مین , کە ئەمەش بۆتە هۆکارێکی مەرگەساتی بۆ گەلانی ئێراق ، کە رۆژانە چەندین هاوولاّتی کەم ئەندام دەبن بە هۆی تەقینەوەی لە ژێر پێیان و و لە دەست دانی قاچ و دەستەکانی ، بە تایبەتی ئەو هاو ولاّتیانەی کە کاری کشتووکاڵی و کاسبکاری دەکەن لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٤/٩ لە هەوڵەکانی رژێمی تورکیا بۆ گەمارۆدانی کورد لە هەموو بوارە جیا جیاکان ، بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەوانی لەم وولاتەدا ، هەڵسا بە داخستنی رۆژنامەی رۆژانەی – گۆندم – بۆ ماوەی / ١٥ رۆژ ، بە هۆی بلاوکردنەوەی بابەتی بەرگری کردن لە مافەکانی کورد.



ئە م رۆژنامەیەش لە توورکیا دەردەچێت و رۆژانەی گۆندەم دابخرێت بەلکوو لە ٢٠٠٧/٣/٦ دیسان بۆ ماوەی یەك مانگ دەرگای دەرچوونی لە سەر داخرا لە لایەن دادگای تورکیا ، بە هۆی بەرگری کردنی لە مافەکانی کورد لە باکووری کوردستان .

هەروا دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی لە لایەن دادگای توورکیا بریاری راگرتنی دەرچوو لە وولاتەکەدا .



٢٠٠٧/٤/٩ سەرەك وەزیرانی توورکیا — رەجەب تەیب ئۆردگان — لە م رۆژەدا هۆشداری دا بە سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان — مسعوود بارزانی — بە هۆی لێدوانەکەی دژی توورکیا ، بە دەست تێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی هەرێم و لە پێناو لە ناو بردن و لە باربردنی ئەو ئەزموونەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستان هاتۆتە کایەوە ، ئەم لێدوانەی سەرەك وەزیرانی توورکیاش لەو کاتە هات کە سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان ، بە هۆی کردارەکانی توورکیاو رێز نەگرتن لە هەڵوێستی کورد ، ئەوا کورد دەتوانیٚ خەباتی زیاتر بگوازێتەوە ناو شارەکانی ژێر دەسەلاتی توورکیا لە باکووری کوردستان لە توورکیا.

رژێمی توورکیا دەسەلاّتدارێکی داگیرکەری خاکی کوردستانە لە دوای دامەزراندنی دەووڵەتی توورکیا و بەر لەوەش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاکوو ئەو رۆژەش توورکیاو تۆرانی هەرچی بە هەستیان داهاتوو بەرامبەر بە کوردو ئەرمەن ئەنجامیان داوە ، لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی لە سەر خاکی کوردستان ، گەرچی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی لە جێگەی خۆی بووەو دە بوایە زیاتریش بوایە دژی هەڵوێستەکانی دەسەلاتدارانی مەدەنی و سەربازی لە توورکیا .

لێرەدا هەڵوێستەکانی توورکیا دژ بە کووردوخاکی کوردستان ، وای کردیە کە لە دوای ساڵی ١٩٨٤ تاکوو ئەم رۆژە زیاتر لە ٣٧٠٠٠ هەزار کەس گیانیان لە دەست بدات جگە لە گیان پیٚ لە دەست دانی کورد لە باکووری کوردستان بە سەر کردایەتی و شۆرشگێرانەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان.

٢٠٠٧/٤/١٢ لە داواكاریەكی سەركردەی ئـــەركانی هێزەكـــانی سووپای توركیا – ژەنەڕاڵ یاشار بویوكانیـت – دا بـە جـێ بـەجیكردنی كـاری سـەربازی لـــە هـــەرێمی باشـــووری كوردســـتان – دژی جەكـدارو گـەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان ، لە شاخ وچیا بەرزەكانی كوردستان .

ئەم داواكاریـەی سـەرۆكی ئـەركانی توركیا لـە كۆنگرەیـەكی رۆژنامەوانیـدا هات و داوای كرد ، كە كارێكی پێویستیە بە هەڵسانی سووپا لـە باكووری ئێـراق . هـەروا گـووتی :– بـەر لـەوەی ئـەو كـارە ئەنجامبـدرێت پێویـستە بریـاری رامیـاری لـە پەرلـەمانی توركیا بـۆ وەربگیرێـت و مـاوە بـە هێزەكـانی سـووپا بـدرێت ، بـە ئەنجامـدانی ئۆپراسـیۆنیكی سـەربازی فـراوان دژی چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان لە سەر سنوورەكانی نێوان توركیا و ئێران و توركیاو ئێراق .

جێگـەی باسكردنە كە ئەم لێدوانەی یاشار لە دوای پـەلامار و هێرشە بـەر چـاوەكانی گـەریلاكانی پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان هـات دژی هێزەكـانی سـووپای توركیـا و پێگـەیانـدنی زیـانی گیـانی و كـەل و پـەلی سـەربازی لـە ناوچەكەدا .

لە گەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی مەدەنی و سەربازی لـە توركیا داوایان لـە حكوومـەتی ئێـراق و ئەمـەریكا كـردووە ، كـە پـەلاماری چـەكدارانی پـارتی كرێكـاران بدەن و لـە سـەر سـنوورەكان دەریانبكـەن ، بـەڵام نـە حكوومـەتی ئێـراق و نـە ئەمـەریكا بـەو كـارە هەڵنەسـتاون و ئەمـەریكاش دژی لێـدوانی سـەركردەی ئـەركانی سـووپای توركیـا وەسـتا لـە بـارەی ئەنجامـدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی و چوونە ناو خاكی هـەرێمی باشووری كوردستان لـە ناو سنووری ئێراقدا .

۲۰۰۷/٤/۱۳ لـە نامەیـەکی پـارت و ڕێکخـراوە کوردیـەکانی ڕۆژئـاوای کورسـتان لکێنـدراو بـە سـووریا ئاراستەی ڕژێمی تورکیا و دەسەڵاتدارانی تورکیا کراو ، داوایان لە تورکیا کرد کە

دان بە مافە ڕەواو ئاسایەکانی گەلی کوردا بنێت . هەروا ئەو هەڕەشانەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستان دەکات ، کە هەرێمێکی ئارامە و هەموو بوارەکانی پەیوەندی تیا مسۆگەرە ، کە لە سەر تورکیاش پێویستە هەوڵی باشترکردنی پەیوەندیە دراوسێیەکانی لە گەڵ وولاتانی ناوچەکە و حکوومەتی هەرێم بدات ، هەروا داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات ، کە پاڵە پەستۆ بخاتە سەر تورکیا ، بە چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەم وولاتەدا ، بە ڕێگەی ئاشتیانە لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان .

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە ئەو بەیاننامەیان ئاراستەی تورکیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتانی پەیوەندندار کردووە ئەمانەن ئەویش :-

۱- پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا ... ۲- پارتی یەکیەتی کـورد ... ۳- یەکیەتی دیموکراتی کورد ... ٤- ڕێکخراوی فەرنـسا ... ٥- ڕێکخـراوی کورد لە سووریا .

۲۰۰۷/٤/۱٤ لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا زیاتر لە ۳۰۰,۰۰۰ سێ سەد هەزار کەس خۆپیشاندانیان ئەنجامدا دژی دەسەڵاتی سەرەك وەزیران -- ڕەجەب تەیب ئۆردگان -- و پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداری ئیسلامی لە تورکیا . ئەم خۆپیشاندانەش لە پێناو جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات بوو ، بە بەرزڕاگرتن و بەردەوام بوون لە سەر ڕژێمی زانستی – عەلمانی – لە تورکیا.

هەروا دژی ئۆردگان وەستان بە خۆنە پاڵاوتنی بۆ سەرۆك کۆماری تورکیا . ئەم خۆپیشاندانەش لە بەردەم مەزاری کەماڵ ئەتاتورك بوو لە ئەنکەرە و

ڕێزگـرتن لـه ڕامیاریـەتی کـەماڵ ئـەتاتورك و وەسـتان دژی ئـەردۆگان . ئـەم خۆپیـشاندانەش لـە بـەر دوو ڕۆژ هـات بـە خۆپـالاوتنی ئـەردۆگان بـۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە تورکیادا .

٢٠٠٧/٤/١٦ لــە دوای ســەرکەوتنی ســەرۆکی ئــەکوادۆر – ڕەفایل کۆریا – لە ڕاپرسی گەلانی ئەکوادۆر ، لە پێناو هـەموار کردنی بنەڕەتی لە یاسای ڕامیاری بنەڕەتی . دوای ئەوە کۆریا پشتگیری



لە جەماوەری وولاتەکەی کرد ، بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی گول لە جیاتی پەرلەمان بۆ دووبارە نووسینەوەی دەستووری نوێ ، کە لە بەرژەوەندی و خزمەتی گەلی ئەکوادۆر بێت .

بەڵام ڕەخنە گران وای بۆچوون کە کۆریا هەمان پلان و نەخشەی سەرۆکی ڤـەنزوێلا هۆگـۆ شـاڤێزی گرتۆتـە بـەر لـە وولاتەکـەدا و ، بـە شـێوازێکی نـا دیمـوکراتی هـەڵس و کـەوت دەکـات ، ئەمـەش لە دوای گەندەڵیـەکی بەرچاو هـات لـە لایـەن پەرلـەمانی ئـەم وولاتـە و گـەلی ئـەکوادۆر بـە زۆرینـەی دەنـگ پشتگیریان لە کۆریا کرد لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٤/١٦ لــە دوای گەیــشتن بــە ڕێکــەوتن لــە نێــوان حکوومـەتی سـاحل عـاج و چـەکدارەکان لـە بـاکووری وولاتەکەدا .



ئەویش بە هەڵکگرتنی ئەو پەرژینــە ، یــاخوود ئــەو بەربەسـتەی کـە بـاکوور و باشوور لێك جیا دەکاتەوە لە وولاتەکەدا .

ئەمەش لە گەڵ سەردانەکەی سەرۆك کۆمار لۆراند باگیۆ و سـەرەك وەزیـران

، کە بەرەو ناوچەکە چوون بۆ هەڵگرتنی ئەو ناو بڕەی کە هەردوو هەرێم لێک جیـا دەکاتـەوە ، ئـەویش بـە لابردنـی لـە ئاهـەنگێکی گـەورەدا ، لـە پێنـاو چارەسەر کردن و بنبڕکردنی هەموو کێشەو گرفتێك لە وولاتەکەدا .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا زیاتر لـە ۱۱۰۰۰ هـەزار سـەربازی فەرەنسا وەك ئاشـتی پارێز لەو ناوبڕەدا کە درێژیەکەی ٦۰۰ کیلۆمەتر بوو نیشتەجێن لە پێناو چاودێریکردنی ئاگربەست و جێ بەجێکردنی ڕێکەوتنەکە لە نێوان هـەردوو لایەن ، ئەمەش لە دوای پەیوەندی باش هات لە نێوان سەرەك کۆمار لۆرانت و سـەرکردەی چـەکدارەکانی بـاکوور – گۆیـام سـوورو – بـە مـۆرکردنی ڕێکـەوتن لـە مـانگی/۲۰۰۷/۳ لـە نێـوان هـەردوو لایـەن ، لـە پێنـاو یەکگرتنەوەی هەردوو هەرێم و ڕێگە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردن لـە وولاتەکـەدا

.

۲۰۰۷/٤/١٦ لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری – دیرشبیگل – ی ئەڵمانی ، سەرەك وەزیرانی تورکیا – ڕەجەب تەیب ئۆردگان – گووتی :– تورکیا و ئەڵمانیا مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە لە پەیوەندیە دێرینەکانی نێوان هـەردوو وولات ، بۆیـە هەڵەیەکی گەورەیە کە حکوومەتی ئەڵمانیا بانگهێشتی تورکیای نەکردووە کـە بـە شـدار بێـت لـە یادکردنـەوەی پـەنجا سـاڵەی دامەزرانـدنی یـەکێتی ئەوروپا ، کە لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ئەنجامدەدرێت .

هـەروا سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا گـووتی :– ئێمـە دەمانـەوێت بـەروارێکی دیاریکراو هەبێت لە وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لـە ۲۰۱٤ یـان لـە ۲۰۱٥ ، کـە ئەمـەش نەبۆتـە مێـژووی دیـاریکراو بـۆ وەرگرتنـی تورکیـا لـە یەکێتی ئەوروپا بەڵکو ئەگەرە .

جێگەی باسکردنە کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا – ئەنگێلا میرکل – دژی ئەوەیـە کە تورکیا ببێتـە ئەندام لـە یـەکێتی ئـەوروپا و ، هـەروا فەرەنسا و چـەندین وولاتی دیکە لە ئەوروپا ، بەڵام هیچ لەو وولاتانە لاریانیە پەیوەندیەکان لـە گەڵ تورکیا بەردەوام بێت لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

۲۰۰۷/٤/١٦ کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووسیا ناسراو بە کەناڵی دووەمی ڕووسیا ، ڕاپۆرتێکی لە سەر هەڕەشـەکانی ڕژێمـی تورکیا بـۆ سـەر هـەرێمی باشـووری کوردسـتان بڵاوکردەوە لە گەڵ ڕاگەیاندنـەکانی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان . هـەروا هەڕەشـەکانی تورکیـا و دەسـت تێـوەردانی لـە هـەرێمی کوردسـتان ، سـنوور

بەزاندنە و دەست تێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی وولاتێکی سەربەخۆ لە ناوچـەکەدا و پێـشێلکردنی پرەنـسیپەکانی مـافی نێـوو نەتـەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە .

هەروا لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە کێشەی هەرچوار پارچەی کوردستان و ئەو ئارامیەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستان هەیە کرد . هەروا باسی لە پەیووەندیەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا کرد ، لە پێناو پتەوکردنی ئەو پەیووەندیە بە کردنەوەی کۆنسڵی ڕووسیا لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٤/١٧ گرێدانی کـۆنگرەی ڕێکخـراوی پەنابـەرانی سـەر بـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان ، بە ئامادە بوونی ٦٠ وولات لە شاری ژنێف سازکرد ، هەر لـەو کاتـە بەڕێوەبـەری نووسینگەی کۆمسیۆنی کاروبـاری پەنابـەران لـە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست – رادهوان نووير- گووتی :-

ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن و هیـوا خـوازین ئـەم کۆنگرەیـە چارەسـەرێك بـیّ بـۆ تەنگەژەی پەنابەرانی نێوو دەووڵەتیەکان ، بە تایبەتی پەنابەرە ئێراقیەکان سەرەڕای بوونی چەندین کێشە لە لایەن وولاتانی پەیوەندار . بە تایبـەتی ئـەو وولاتانـەی کـە خـەڵکی ڕوویـا تێکـردوون بـە هـۆی بـاری ناهـەموار و نـا ئارامی لە وولاتەکانیان.

لـەم کۆنگرەیـەدا کـە دوو ڕۆژ دەخایـەنیّ زیـاتر لـە ٤٥٠ کەسـایەتی تیایـدا بەشدار بوون ، کە نوێنەرایەتی وولات و ڕێکخراوی نێوودەووڵەتی دەکەن . کـە وەزیـری دەرەوەی ئێـراق سـەرکردایەتی شـاندی ئێـراق دەکـات لـە کۆنگرەکەدا .

٢٠٠٧/٤/٢٠ لـە هەڵمـەتێکی دژایـەتی کـردن ، هێزەکـانی سـووپا و ئاسایـشی ڕژێمـی بـەعس لـە سـووریا هەڵیانکوتایـە سـەر نوسـینگەی مافی مرۆڤ و ماوەی بە ئەندامانی نەداوە و ڕێگەیان بە بەشداربووان نـەداوە لـە خۆپیـشاندانەکە ڕۆڵـی خۆیـان بگێـڕن و دوای ئـەوە

نوسینگەکەیان داخستووە و ناوی ئەندامەکانیان نوسیووە و بە کارێکی قە دەخـەکراویان داناوە ، دوای ئـەوە رێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لـە سـووریا – سواسـیە – راگەیانـدنێکی بلاوکـردەوە دژی دەسـەلاتدارانی سـووریای بـەم کارە هەلساون بە دووبارە نەبوونەوە و بە رێزگرتن لە مافە ئازادیەکانی مرۆڤ و داوای هەنگاونانی راست و دروستیان لـە دەسـەلاتدارانی سووریا کـردووە لە ولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٤/٢٣ کۆچـی دوایـی سـەرەك کۆمـاری رووسـیای فیـدرالی ، یـاخوود رووسـیای یـەککگرتوو – بۆریس یەلسن – لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی رووسـیا لـە تەمەنی ٧٦ سالیدا ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە بۆریس یەلسن رۆلی بالاو گرنگی هەبوو لە هەلوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی ، بە هاوکاری سەرۆکی یـەکێتی سـۆڤیەت میخائیل گۆرباتـشۆف لـە ولاتەکـەدا لـە سـالی ١٩٩١ . هەروا رووسیای بەرەو ولاتیکی دیموکراتی و باری ئازاد هـەنگاو پێنـان لـە دوای بـوونی یەکـەم سـەرۆکی رووسـیا لـە سـالی ١٩٩١ بـە سـەرکەوتنی لـە هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە کۆماری رووسیای نـاو یـەکێتی سـۆڤیەت لـە دوای رووخانی رژێمی کۆمۆنستی لە کیشووەرەکەدا .

<u>تیبینی:–</u> لە ناوەرۆکی ئەم مێژوونامەیە باس لە چۆنیەتی هەلوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت دەکا لە بەگی سێیەمدا .

٢٠٠٧/٤/٢٨ نووسینگە کۆمـەلگای حکوومـەتی رووسـیای یـەکگرتوو لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی رووسیا ، بۆ دابینکردن و پاراستن و پێشخـستنی پیـشەسازی و بەرهەمهێنانی ناوەکی رووسیا ، کە ئەرکی ئێستا و پێویستەکی هەنووکەیە لە ولاتەکەدا . هەروا گووتی :–

حکوومەتی رووسیا کۆمپانیایەکی نوێ دادەمەزرێنێت بە ناوی – کرۆم – بۆ ئەوەی بتوانێ لە بازاری نێوودەوولەتی لە بواری وەزەی ناوەکی ململانێی لە گـەلْ ولاتـانی دیکـەی جیهـان بکـات ، بۆیـە بریـاری داوە کـە لـە مـاوەی ١٢ سالی داهاتوودا ٢٦ وێستگەی ناوەکی دابمەزرێنێت .

جێگەی باسکردنە کە لە ماوەی دەسـەلاتی یـەکێتی سـۆڤیەتی جاران تـەنیا ٣٠ وێستگەی ناوەکی دامەزراوە لە ولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٤/٢٨ لـە دوای هـەولْ و مانـدوو بـونێکی زۆر لـە نێـوان چـەندین لایـەن لەوانـە یـەکگرتووی ئیسلامی کوردستان گەیشتنە ئەوەی کە بەرەیـەکی پتـەو پێـك

بێنن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان .



جێگـەی روونکردنەوەیــە کـە ٨ لایـەنی ئێراقــی و لەوانـەش یـەکگرتووی ئیـسلامی کوردسـتان لـە هـەرێمی باشووری کوردستان ، لـە شـاری قاهیرەی پایتەختی میسر بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندنیان کرد ، بە نـاوی بـەرەی قاهیرە ، کـە هـەموو لایەنـەکان لـە سـەر ئەو پرۆگرامـە مۆریان کـرد . کـە ئـەم بەرەیــە دان بــە سیـستەمێکی فیـدراڵی لــە ئێــراق دانــانیێ و ناســنامەی عەرەبیەتی و ئیسلامی ئێراق دەپاێزێ .

لـەو کاتەشدا هـەردوو پارتی سـەرەکی لـە هـەرێمی باشووری کوردسـتان ، یــەکێتی نیــشتمانی کوردســتان و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان ، لــە بەیاننامەیـەکی هاوبەشـدا هێرشـیان کـردە سـەر ئـەو بـەرە رامیاریـەی کـە بەیاننامەکە بە بەرەیەکی گومان لێکراوی ناوزەند کرد .

هــەروا بەیاننامەکــە داوا لــە یــەکگرتووی ئیــسلامی کوردســتان و پــارتی ئیــسلامی ئێراقــی و لیــستەکەی ســەرەك وەزیرانــی پێشووی ئێــراق ئــەیاد عەلاوی دەکات ، کە شانبەشانی چەند لایەنێکی دیکەی سوونەی بەشداری ئـەو کۆبوونـەوەیان کردبـوو ، کـە لـەو بەرەیـە بکشێنەوە و بگەڕێنـەوە ڕیـزی هاوپەیمانی و هێز و لایەنە رامیاریە ئێراقیەکان لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان شانشینی سعوودیە و ئیماراتی عـەرەبی لـە شـاری ریـازی پایتـەختی سـعوودیە ، ئـەم ڕێکەوتنـەش بـە گواسـتنەوەی هاوولاتیـانی هـەردوو وولات بـە ڕێگـەی ناسـنامەی کەسـی – ناسـنامەی کەسی – لـە سـەر دەربەنـدەکانی دەشـتایی و دەریـایی و ئاسمانی ، بە پێی

ڕێکەوتنەکەو ڕێنماییەکانی کە لە سەر بنەماکانی ئەو ڕێکەوتنە دەردەچێت لە نێوان هەردوو وولاّتدا . کە وەزارەتی ناوخۆی هەردوو وولاّت لەم کارە دا بەر پرسیارن .

جێگەی باسکردنە کە ئەم دوو وولاّتەش ئەنجوومەنی هاوکاری کە نداو بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە و بڕگەیەکە لە ئامانجەکانی ئەو ئەنجوومەنە لە هەموو بوارەکانیدا .

٢٠٠٧/٥/١ لە ووتەیەکیدا بە بۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهانی لە شاری کاراکاسی پایتەختی فنزوێلا ، سەرۆکی فنزوێلا -- هۆگۆشافێز -- ڕیگەیاند بە کشانەوەی لەخەنەی دراوی نێوو دەووڵەتی و بەنکی نێوو دەووڵەتی ، لە دوای دانەوەی قەرزەکانی بەو دوو دەزگایە و تەنیا مانەوەی وەك بەشدار بوو لەم دوو دەزگایەدا .

هەروا سەرۆکی فنزوێلا سافێز گووتی :-

زیاتر لەوە نامانەوێ ڕوو لە ئەمەریکا بکەین بۆ یارمەتی دان و هاوکاری کردن ئەویش لە دوای سەرکەوتنی لە هەموو بوارەکاندا . هەروا سافێز بڕیاریدا بە زیادکردنی مووچەی کرێکارانی بە ڕێژەی ٢٠٪ لە مووچەکەیان . و فەرمانیدا بە وەزیری دارایی وولاّتەکەی – ڕوودریگۆ کابیزاس – بە جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارە لە وولاّتەکەدا و ڕێو ڕەسمی کشانەوەی لەخەنەی دراوی نێوو دەووڵەتی و بانکی نێوو دەووڵەتی . و هەروا گەڕانەوەی سامانەکان .

هەروا سەرۆکی فنزوێلا سافێز گووتی :- دەمانەوێ فەنزوێلا هەنگاو پێ بنێین بەرەو دەووڵەتێکی سۆشیالیستی .

حێگەی باسکردنە کە فنزوێلا پێنچەم وولاّتە لە بەرهەم هێنانی نەوت لە جیهان کە ئەمریکاش زیاتر لە ٢٠٪ ی ئەو نەوتە بۆ وولاّتەکەی دەکرێ ، لە پێناو دابینکردنی پێداویستیەکانی سووتەمەنی . لە بەر ئەوەی ئەو دوو دەزگایە بارەگایان لە ئەمریکاو قەرز بە وولاّتانی جیهان دەدەن ، بە تایبەتی وولاّتانی تازە پێگەیشتوو و لە خشتە بردنیان لە ڕێگەی قەرزو ، قازانجێکی زۆریش بە دەست دێنێ لە وولاّتانی هەژار لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٥/٢ لە لێدوانێکی تەلەفۆنیدا سەرۆکی ئەمەریکا -- جۆرج بۆش -- ڕایگەیاند

و گـووتی :- ئەنـدامانی هـەردوو ئەنجوومـەنی نوێنـەران و پـیران ، پـرۆژە یاسایەکیان ئامادە کردووە و بەم هۆیەوە بیروورای سیاسەتمەدارانمان بە سەر فەرمانی سەرکردە سەربازیەکانمان زاڵ دەکات و پێش چەند ساتێك مافی خۆم بۆ ئەو پرۆژە یاسایە بەکارهێناوە لە وولاتەکەدا .

هەروا سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش گووتی :- مافی ڤیتۆ بەکار دێنم لە دژی پاشەکشەکردنی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئێراق .

جێگـەی باسـکردنە دیموکراتـەکان کـە زۆرینـە لـە هـەردوو ئەنجوومـەنی نوێنـەران و ئەنجوومـەنی پـیران پێـك دێـنن ، سـەرکەوتوو بـوون ، لـە پەسـەندکردنی پـرۆژە یاسـای پـارە دابینکردنـی شـەڕی ئێـراق و دانـانی خشتەیەك بۆ کشانەوەی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئێراق .

٢٠٠٧/٥/٣ سـەرۆکی فەرەنسا -- جاك شیراك -- خەڵاتی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بە ئافرەتە ڕۆژنامەنووسی لوبنانی -- مەی شریاق - بەخشی ، کە بە هۆی هەڵوێستە ڕۆژنامەییەکانی دووچاری برینێکی قووڵ هاتبوو ... سەرۆکی فەرەنسا ناوبراوی بە هێمای ئازادی ڕۆژنامەنووسی ناو برد ، کە بە هۆی ئـازادی هەڵوێـستەکانی دووچـاری هێرشـێکی تیرۆرسـتی بـووە و لــە ٢٠٠٥/٩/٢٥ دا ، کـە بـەو هۆیـەوە دەسـت و قاچێکی لـە دەسـتدا . هـەروا ڕۆژی ئـازادی خـاتوو مـەی شـدیاق لـە سـاڵی ٢٠٠٦ یـش خـەڵاتی جیهـانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە لایەن ڕێخراوی یونسکۆی پێ بەخشرا ... لە دوای ئـەو کارانـەش خـاتوو مـەی لـە کـارە ڕۆژنامەنووسـی و نووسـینەکانی بەردەوامە .

٢٠٠٧/٥/٣ لـە شـاری هـەولێری پایتـەختی هەرێمی باشووری کوردستان و لـە هـۆڵی فـەرهادی لـە زانکـۆی سـەلاحەدین ، کۆڕێـك بـۆ شوێنەوارناسـانی ڕووسـیا - ستانیلاگریگۆڤ - ڤیاگیلاڤ - لادائیڤاسکۆ - ئەنجامدرا .



ئـەم کـۆڕەش بـە هەڵسەنگاندنی بـاری شـوێنەواری لـە هـەرێمی باشـووری

کوردستان بە پێی تێپەربوون و گواستنەوەی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان و ، رۆڵی کورد لەم قۆناخانەدا . هەروا شوێنەوارناسەکان جەخت لە سەر یەکێك لە تیۆورە مێژووییە شوێنەوایە گرنگانەیان کردەوە ، کە ئەمڕۆ لە جیهان ژمارەیەکی زۆر لە مێژوو نووسان باوەڕیان بەم بوارەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە نەتەوە هیندۆ ئەوروپیەکان لە خاکی کوردستانەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی جیهان کۆچیان کردووە ، بەمەش کوردستان دەبێتە لانەی ئەو نەتەوە هیند و ئەورووپیانە و جێگەی سەرنجی مێژوونووسان و شوێنەوارناسان و توێژەرانی مێژوون لە سەرانسەری جیهان .

هەروا ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مێژووی بوونی کورد لە سەرەتاوە تاکو ئێستا و کوردستانیش دەبێتە بەشێکی گرنگی مێژوو و شارستانیەت لە جیهان . ئەم هەوڵەش بە هاوکاری لە نێوان مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی کوردستانی لە گەڵ شوێنەوارناسان و مێژوو نووسانی جیهان ئەنجامدرا ، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٥/٣ کۆچی دوایی – بزنە – بەناوبانگەی باشووری سوودان ، لە دوای یەك ساڵ لە مێرد کردنی بە تۆمبی .

جێگەی روونکردنەوەیە کە چیرۆکی ئەو بزنە پەیوەندە بە داب و نەریتی دانیشتووانی باشووری سوودان ، ئەویش تۆمبی کاری سێکسی لە گەڵ ئەو بزنە ئەنجامدەدات و ... کە خاوەنەکەی بەو کارە دەزانێ و روو لە دادگا دەکات بە تۆمارکردنی داوا لە سەر تۆمبی ، کە پڕیداوەتە بزنەکەی کە ئەویش لە لای دانیشتووانی باشووری سوودان ئابڕوو بردنە .

دوای ئەوە دادگاش بڕیار دەدات کە دەبێ تۆمبی بزنەکە کە ناوی – رۆز – ە مارەبکات و ببێتە هاوسەری و ، لە ئەنجام تۆمبی ناچاردەکرێت رۆز مارە بکات بە پێشینەی ١٥ هەزار دیناری سوودان و دەچێتەوە ماڵەکەیان جووبای پایتەختی هەرێمی باشووری سوودان .

دانیشتووانی باشووری سوودان لە داب و نەریت و کەلتورێکی پارێزەرانە دەخولێتەوە ، بۆ نموونە :– هەرکەسێك پەلامار ، یاخوود کاری سێکسی لە گەڵ کچێك ، یاخوود ئافرەتێك ئەنجام بدات . ئەوا دەبێ ببێتە

هاوسـەری یـەکتری ، ئـەویش لـە پێنـاو پاراسـتنی ئـابڕووی ئـەو خێزانـە ، یاخوود ئەو بنەماڵەیەدا .

ئەم دەنگ و باسەش لە لایەن ڕۆژنامەی – جۆبا پۆست – کە یەکەم ڕۆژنامە بوو ئەو باسەی بڵاو کردەوە ، کە سەرنووسەرەکەی – تۆم ڕۆدس – گووتی :- بڵاوکردنەوەی ئەم باسە بە هۆی بڕیاری دادوەران هات ، کە وەك ئابرو بردنێك بێت بەرامبەر بە تۆمبی و کەسایەتی ڕەگەزی نێر لە هەرێمەکەدا .

کـە ڕۆژیـش مرۆڤێکـی بەریتانیـەو گـووتی :- هـیچ مانـدوو بـوون و کێشەیەکمان تووش نـەبووە لـە بلاوکردنـەوەی ئـەو باسـەدا لـە هەرێمەکـەو سوودان و جیهاندا .

سەرچاوە:- bbc. Arabic . com

٢٠٠٧/٥/٣ گرێدانی کۆنگرەی شاری شەرمشێخی میسری بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٦٠ وولات ، کە خۆی لـە دوو کۆبوونـەوەی گرنگدا ، کە یـەکیان لـە سـەر باری ئێـراق و ئەویدیکـەیان لـە نێـوان وولاّتـانی زلهێـزی سـەربازی و توانـاداری ئابووری بوو ، کە ئەمەریکاو کۆمکاری عەرەبی بە شداریان تێدا کرد .

جێگـەی باسـکردنە کـە کۆنگرەکـە لـە لایـەن ئەمینـداری گـشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کۆتـایی پـێ هێنـرا ، ئـەویش بە یارمـەتی دانـی ئێـراق و بە پلانـی پێنجـەکی یارمـەتی دانـی ئێـراق . کۆنگرەکـە بـە سـڕینەوەی حـەوت دەووڵەت لە قەرزەکانیان لە سەر ئێراق کە نزیکەی ٢٠ بلیۆن دۆلار بوو ، کە بەشی سعوودیە بە تـەنیا ١٦ بلیۆن دۆلار بوو بە سڕینەوەی قـەرزەکانی لـە سەر ئێراق.

ئەم قەرزانەی سـەر ئێراق لە لایەن وولاّتـانی جیهانی و عـەرەبی بە هـۆی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران بوو لـە لایەن ڕژێمـی بەعسی لـە ئێراق ، ئەویش بە کرینی چەك و تەقەمەنی بە هـەموو جۆرەکـانی و ، خـۆراك و یارمەتیدانی پارەش بۆ ئەوەی لـەو شـەڕەدا سـەرکەوێت ، بە تایبـەتی لـە لایـەن وولاّتـانی عـەرەبی وەك سـعوودیە و کوێت بـە ئامۆژگـاری ئەمـەریکا لـە ناوچەکەدا.

٢٠٠٧/٥/٤ لە هەوڵەکانی بەرپرسانی ڕامیاری لە ڕاستەوی سویسرا دەستیان کرد بە ڕێکخـستنی ڕاپرسـیەك ، لـە پێنـاو ڕێگـە گـرتن ، یـاخوود قەدەخـەکردنی

بانگدان لە سەر مزگەوتی ئاینی ئیسلام لەو وولاتەدا ، کە بانگدان هێمای ئایینی ئیسلامە و بە دەسەلاتێکی ئایینی و رامیاری دەژمێردرێت ، بەلام لە گەلْ ئەوەشدا پارت و رێکخراوە راستڕەوەکانی سویسرا لاریان نیە لە بە ئەنجامگەیاندنی رێوورەسمی ئایینی بە پێی دەستووری وولاتەکەیاندا .

جێگەی باسکردنە کە لە بەیاننامەکی بالاترین کۆمەلی نوێنەرانی پارت لەو وولاتەدا ، وەك – یەکیەتی دیموکراتی ناوەندی – راستڕەو – و ، پارتی یەکیەتی دیموکراتی فیدرالی – راستڕەوی مەسیحی – ئەویش بە راگرتنی هەولەکانی ناوەندە ئیسلامیەکان و سەپاندنی یاسا لە سەر بە یاساکردن و رێگە گرتن لە هەولەکانیان . ئەو راپرسیەش دەبێ لە ۱۰۰,۰۰۰ سەد هەزار واژوو زیاتر بێت ، بۆ ئەوەی ببێتە لێکۆلینەوەیەکی دەستووری و ، دوایی بۆ دەنگدان لە سەری ئامادە دەکرێت و ئەوەش تاکو ۲۰۰۸/۱۱/۱ دەبێ بۆ دەنگ ئامادە بکرێت .

هەروا چەندین ئەندام پەرلەمانتاران – کریستیان وایبر – و ، ئۆلریخ سلویر– و ، ئۆسکار فربزینگر – گووتیان قەدەخە کردنی بانگدان مانای وانیە مزگەوتیش قەدەخەبکرێت و ... هەروا بانگدان لایەنێکی ئیمپریالی هەیە ، و لە هەمان کاتیش منارەی مزگەوتەکە لایەنێکی جیهادی هەیە . ئەم سەرهەلدانەش لەم بوارەدا ، کە ۳۱۱ هەزار ئیسلام لە سویسرا هەیە ، کە ژمارەی دانیشتووانی ۷,۵۰۰,۰۰۰ ملیۆن کەسە لەو وولاتەکەدا .

۲۰۰۷/۵/٤ لە بریارێکی پەرلەمانی رووسیای یەکگرتوو ، بە گەراندنەوەی ئالای – چەکووش و داس – بە ئالای فەرمی هێزەکانی سووپای رووسیای یەکگرتوو لە وولاتەکە لە سەر بالەخانەو دام و دەزگاکاندا .

جێگەی باسکردنە کە ئالای چەکووش و داس ، لە گەلْ سەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفی لە سالی ۱۹۱۷ ئالای یەکیەتی سۆڤیەت بوو تاکو هەلوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی لە سالی ۱۹۹۱ دا . دوای ئەوە سەرۆکی رووسیای فیدرالْ -- بۆریس یلسن --ئالایەکی دیکەی دروست کرد لە جیاتی ئالای چەکووش و داسەکە .

ئەم بریارەی پەرلەمانیش بەم هۆکارە بوو ، کە لە سەرکەوتنی یەکیەتی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهان ، کە لە مانگی/۱۹٤٥/٥ پەرلەمانی

ئەڵمانی – رایخستاژ – بەرزکرایەوە لەو کاتەی هێزەکانی سووپای سوور چوونە ناو ئەڵمانیا و پایتەختەکە لە شاری بەرلین ، ئەویش لە لایەن دوو سەربازی کورد – بفرۆۆ و کانتیاریا – لە ١٩٤٥/٥/٢ دا .

٢٠٠٧/٥/٥ لە دوایی فرینی فرۆکەیەکی کامیرۆن لە فرۆکەخانەی ساحل عاج بەرەو کامیرۆن ، لە ئاکامدا کەوتە خوارەوە و بووە هۆی گیان لە دەست دانی ١١٥ هاووڵاتی سەرنشینی ناو فرۆکەکە .

کە ١٠٦ هاووڵاتی هەڵگری فرۆکەکە بوون لە گەڵ گرووپی فرۆکەکە ، کە لە ٩ هاووڵاتی پێك هاتبوو لە شوفێر و چاودێر و ئەندامانی گروپەکە .

کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکە لە شارۆچکەی – نایتی – لە باشووری شاری کریبی لە کامیرۆن ، کە دەکەوێتە سەر سنووری لە گەل وولاتی گینیای کەمەرەیی لە ناوچەکەدا . ئەم فرۆکەیەش لە جۆری – بوینگ /٧٣٧–-٨٠٠ بوو ، سەر بە کۆمپانیای ئاسمانی کینیە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٦ لە سەر رووباری زێی گەورە لە شارۆچکەی خەبات ، کە سەر بە پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستانە ، بۆ یەکەم لەم شارۆچکەیەدا ئاهەنگی هاوسەرگیری تایەفەی سابئە مەندائی بەرێووە بچێت

جێگەی باسکردنە کە ئەم تایەفە هەڵگری بروای ئایینی یحیا زەکەریەن و ژمارەیان بەرچاوە لە ئێراق ، و بە هۆی رەوشی نا لە باری باری ناوەندو باشووری ئێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە ، لەم ئاهەنگەشدا سەرۆکی تایەفەی سابئە مەندائی – شێخ مەلۆ – کە لە شاری بەغدا رووی لەم شارۆچکەیە کرد بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە هاوسەرگیریەدا .

هەر بەم هۆکارە زیاتر لە ٦٠ خێزان روویان لە کوردستان کردووە و لە

شارۆچکە و شارەکانی نیشتەجێن . دوای ئەوە سەرۆکی تایەفەی ساوبئە شێخ مەلۆ داوای کرد کە پەرستگایەك بۆ بەڕێووەبردنی ڕێوورەسمی ئاینەکە لە کوردستان دروست بکرێت . ئەم ئاهەنگەش لە سەر دەستی پیاوەکی ئایینی بەرز بەڕێووە دەچێت .

هەڵگری بڕوای سابئە مەندائی ، ئارامیین و خۆیان بە عەرەب نازانن و بەڵکو لە ژێر زەبرو زەنگی شمشێری بە ئیسلام کردن لە کاتی فتووحاتی ئیسلامی گەمارۆی ئایینەکانی ، سابئە و مەندائیش لەم هەڵمەتە بە عەرەبکردن و بە ئیسلام کردنە بێ بەش نەبوونە لە ناوچەو هەرێمەکانی وولاتی نێوان دوو زێی – میزۆبۆتامیا – و شام لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٦ لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و پارتە رامیاریەکان و کۆمەڵایەتیەکانی سووید ڕاگەیەندرا .

کە کۆنفراسێك ئەنجامدەدرێت بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال دژی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق .

کۆنفراسەکەش چەند تەوەرێکی لە خۆگرت وەك – ژیانی ژنانی ئەنفال لە کوردستان – بێ دەنگی ئەوروپا لە سەر تاوانی ئەنفال – لە کاتی دەست پێ کردنی کۆنفراسەکە فلیمێکی دیکیۆمێنتی سەبارەت بە ئەنفال نمایش کرا ، دوای ئەوە چەندین بابەت بە ناونیشانی – شالاوی ئەنفال بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد ، تاوانێکی سەدام بوو دژی گەلی کورد لە ئێراق .

هەروا لە بەیاننامەکەدا هاتووە ، کە تاکو ئێستا ٤١ ئەندام پەرلەمان و ٣ پارتی سوویدی و ٣ سەرۆك پارت دانیان بەوە داناوە کە ئەنفال جینۆسایدە . وتاری پێنج پارتە سوویدیەکانیش لە لایەن ئەمانە پێشکەش کرا .

١-- پارتی چەپی سوویدی – باكوب بۆهانسۆن – ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و پەرلەمانی سووید . ٢-- یۆهانسۆن :- ئەندام پەرلەمان لە پارتی سەنتەری سوید . ٣-- میرتۆفت :- ئەندام پەرلەمان لە پارتی ژینگەی سوید . ٤-- مالم :- ئەندام پەرلەمان لە پارتی گەلی سووید . ٥-- رید ریكسۆن :- نوێنەری سۆشیال دیموكراتی سووید .

٢٠٠٧/٥/٨ لە لێدوانێكی ووتە بێژی فەرمی ، بە ناوی هێزەكانی پاراستنی هەرێم – جەبار یاوەر – گووتی :- سەبارەت بە ئامادەكاریەكانی توركیا بۆ ئەنجامدانی



ئۆپەراسیۆنێكی سەربازی لە هەرێمی كوردستان ، كە توركیا نیازی وایە ئۆپەراسیۆنیك لە ناوچەكانی باشوور و باشووری توركیا ، كە دەكاتە باكووری كوردستان ئەنجامبدات . ئەویش لە پێناو كۆنترۆل كردنی شاخەكانی شاری شەرناخ و ناوچەكەیە ، كە لەم ماوەیەدا چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان pkk لە باكووری كوردستان چالاكیان لەو ناوچانە بەردەوامە .

ئەمە لە لایەك و لە لایەكی دیكەش ، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی هیچ پەیوەندیەكی بە هەرێمی باشووری كوردستانەوە نیە و پێشتریش توركیا ئەو هەلمەتەی خۆی راگەیاندووە ، كە لە ناوچەكانی شەرناخ و كێوی جوودی لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ راوەدونان و وەدەرنانی پەكەكە ئەنجامیداوە .

لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیانەی كە هێزەكانی سووپای توركیا دەیانەوێ بەشداری تێدا بكات بە ٢٠,٠٠٠ بە بیست هەزار سەرباز مەزەندە دەكرێت ، لە بەر ئەوەی چەندین جاری دیكە توركیا ئەو هەولانەی خستۆتە گەڕ ، بەلام ئەم جۆرە كارە سەربازیانە سەركەوتوو نابێت ، خۆی تووشی باری نا

لەباری زیاتر دەکات و ناتوانێت سنووری هەرێمی باشووری کوردستان ببەزێنێت ، کە ئەم لێدوانانە تەنیا هەرەشەیەکی ڕاگەیاندنەو دەیەوێ باری ناوخۆی تورکیا زیاتر ئارام بکاتەوە بەهۆی کێشە هەمەلایەنەکان لە ناو تورکیادا .

٢٠٠٧/٥/٨ گووتە بێژی فەرمی حکوومەتی ئەرمینیا – کاربتیان – لە وەزارەتی دەرەوەی ئەرمینیا رایگەیاند :– کە وولاتەکەی ڕێگەی بەو هەشت چاودێرە نەداوە . بچنە ناو خاکی ئەرمینیا لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی کە لە ٥/١٢ ی ئەم ساڵ ئەنجامدەدرێت .

جێگەی باسکرنە کە حکوومەتی ئەرمینیا ماوەی بەو چاودێرە تورکانە نەدا ، کە سەر بەرێکخراوی ئاسایش و هاوکارین لە ئەوروپا بچنە ناو سنووری ئەرمینیا .

هەروا بەرێوەبەری نووسینگەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە رێکخراوی ناوبراودا کە بارەگای لە شاری – ڤییەنا – یە گووتی :– ڕێگە گرتن و نەدان بەم چاودێرە تورکانە کە بە شداربن لە چاودێری کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ، کارێکی دیموکراسی نیە و لە گەڵ بنەماکانی شەفافیەت و بابەتیانەیە کە پێویستە ئەم بنەمایە لە هەڵبژاردنی دیموکراسی هەبێت لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٩ لە ئاکامی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری مینرێژکراو توانی لە بەردەم باڵەخانەی وەزارەتی هەرێم ، بۆ کاروباری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بتەقێنێتەوە ، کە لە ئاکامی ئەو خۆتەقاندنەوەیدا بووە هۆی شەهید بوونی ١٤ هاولاتی و زامدار بوونی ١٢٣ هاولاتی دیکە .

جێگەی باسکردنە کە تیرۆرستان ئەمە یەکەمجاریان نیە کە لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتومبێل لە شارۆچکە و شارەکانی کوردستان پێی هەڵدەستن ، ئەمەش لە ڕێگەی کوردە خۆفرۆش و عەرەبە ناوخۆیی ئێراق دراوسێکانی

ئێراقە ، ئەویش لە پێناو شێواندن و لە باربردنی ئەو بارە لە بارەی کە لە هــەرێمی باشــووری کوردســتانی لکێنــدراو بەئێراقــدا هاتۆتــە کایــەوە لــە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٠ کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیری ئینگلیزی -- دوردەن سمیس -- لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە بەریتانیا ... شایانی باسە ئەم نووسەرە لە سێ لایەنی جیاوازدا کاری کردووە ... سەرتا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٠ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٠ و ، ڕووسیای یەککرتوو لە ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٩٠ دا .

بەرلە ڕووخان و دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٤ – ١٩٩٧ زنجیرەیەك گۆشەی هەفتانەی بۆ مۆسکۆ تایمز نووسی و سەرەتا لە تەلەفزیۆنی بەریتانیا وەك ئامادەکاری پرۆگرام کاری کردووە و هەر بە هۆی ئەویشەوە ناوی دەرکردوو ناسرا ... دوای ئەوە فلیمێکی بەرهەم هێنا و فلیمەکە دەربارەی کۆنسێرتی -- جۆنی کاشرە -- لە ساڵی ١٩٦٩ ، کە لە زیندانی نیشتمانی سان کبینتن بوو لە کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا

.

دوای ئەوە لە ئەمەریکا گیرسایەوە و ووتاری رامیاری ڕوایکالانەی لە ڕۆژنامەکانی شاری نیۆرۆك بلاودەکردەوە . لە ساڵی ١٩٧٦ پەرتوکێکی ڕەخنەگری بلاوکردەوە بەناوی -- کێ جۆرج جاکسۆنی کوشت -- لە دوای ساڵەکانی ١٩٨٠ دوردەن سمیس ڕووی کردە ڕووسیای سۆڤیەت ، چیرۆکێکی نووسی بە ناوی ئەوەی کە بە ڕووسیا سەرسام بووە ... دوای ئەوە گەرایەوە بەریتانیا و ژیانی تەرخان کرد ، بۆ بەرهەم هێنانی فیلم دەربارەی ڕووسیا و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە BBC سیدیەکی دوو دەنگی پەخش کرد ، کە دەربارەی ئولیگارشیی ڕووسیا بوو ... ئەم نووسەرە لە کارەکانی بەردەوام بوو تاکو کۆچی دوایی کرد .

٢٠٠٧/٥/١٠ لە هەڵمەتێکی واژوو کۆکردنەوە لە پارێزگای دهۆک ، لە پێناو گرنگی دان بە زاراوەی زمانی کرمانجی ژووروو ، گرووپی - تەهروین - کە



لە چەند ڕێکخراو و سەنتەرێکی ڕۆشنبیری پێك هاتووە ، لە هەوڵەکانیان زیاتر لە ٢٠٠٠٠ بیست هەزار واژوویان کۆکردۆتەوە و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە ، لە پێناو گرنگی دان بە زاراوەی کرمانجی ژووروو لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆك لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٠ لە سەر کێشەی کوشتنی خاتوو - دوعا - ی کچە کوردی ئێزیدی و دوای ئەوەش هەڕەشەی ئەمیری بە ناو دەووڵەتی ئیسلامی لە ئێراق ، زیاتر لە هەزار هاووڵاتی کوردی دانیشتووی شاری مووسڵ ، شارەکەیان لە ترسان جێ هێشتووە بەرەو پارێزگای دهۆك و قەزای شێخان .

هەر بەم هۆکارەش لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بە هەڕەشەی ئیسلامە دواکەوتووەکان لە قوتابی و کاسبکارانی کوردی ئێزیدی ، شارەکانی هەولێرو سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی جێ هێشتوو ، بەرەو ناوچە نشینەکانی کوردی ئێزیدی گەڕاونەتەوە کە ژمارەیان زیاتر لە ١٥٠٠ قوتابی و کاسبکار دەبوو ، ئەمەش بووە هۆکارێکی نا لە بار لە سەر پەیوەندیەکانی نێوان کوردی سووننەی ئیسلام و کوردە ئێزیدیەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان ، هەرچەندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون لە ئارامکردنەوەی ئەو کێشە لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٠ لە هەولێکی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و بەشداری کردنی لە سەقامگیری پرۆسەی ئازادی لە ناوەندو باشووری ئێراق بێت . بڕیاریدا ١٠٠٠ هەزار پێشمەرگە ، کە لە دوو لیوا پێك هاتبوو لە خاڵەکانی سنووری و خاڵەکانی پشکنین کارەکانیان ئەنجام

بدەن .

ئەم هەوڵەش لە پێناو ڕێگە گرتن لە تیرۆرستانی کۆمەڵی ئەنسار و ئیسلام بگرن . سەرەڕای ئەوەش کە کورد لایەنێکی بنەڕەتی و سەرەکی بوو لە بەرەو باشبردنی باری ئێراق لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری ئاسایش و ئارامی ئاوەدانکردنەوە ، بەڵام لایەنە عەرەبەکان دژی ئەوەن ، کە کورد ڕۆڵی باڵای هەبێ بە چاو پێ هەڵنەهاتنیان بە کورد لە ئێراق .

٢٠٠٧/٥/١٥ لەم ڕۆژەدا حکوومەتی ئێراق بڕیاری دا ، کە ڕۆژی ٥/١٦ ی هەموو ساڵێك یادکردنەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بێت لە ئێراقدا .

جێگەی باسکردنە کە لە ٢٠٠٣/٥/١٦ و لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، گەورەترین گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە . کە لە لایەن ئەو ڕژێمە لە ڕێگەی کوشتن و گولله بارانکردن و زیندەبەچاڵ بە کۆمەڵ لە ژێر خاك نراون ، بە تایبەتی لە باشوور و باکووری ئێراق .

واتە بە لە ناو بردنی کورد و عەرەبی مەزهەبی شیعەی ئیسلام لە ئێراق بە تایبەتی گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە بێ وێنە بوو لە جیهان ، بە ئەنجامدانی لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن و داروودەستەکەی جا بە هەر جۆرێك و شێوازێك بۆیان گونجابێت لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٦ گیان لە دەست دانی بە دەیا کەس و زامدار بوونی بە دەیا کەسی دیکە لە نێوان هێزە چەکدارەکانی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلام و چەکدارەکانی

جوولانەوەی فتح لە کەرتی غەززەی فەلەستین ، بە هۆی بەردەوام بوونی کێشە چارەسەر نەکراوەکانی نێوانیان لە شارەکەداو لە فەلەستین بە شێوەیەکی گشتی ، ئەمەو جگە لە بوونی کێشەی بەردەوام لە نێوان دەسەڵاتی فەلەستینی و دەسەڵاتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

ئەم شەڕو پێکدادانەش لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی حەماس هات لە فەلەستین ، بە هۆی هەڵوێستە توند ڕەوەکانی لە دەسەڵات و دژی سەرۆکایەتی فەلەستین و ، لە لایەکی دیکەش دژی دەوڵەتی ئیسرائیل و ، پێشێل کردنی یاسا نێوودەوڵەتیەکان و ڕێکەوتنە مۆرکراوەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە ناوچەکەدا .

٢٠٧/٥/١٦ شاری ماری شوێنەوار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ئامادەیە بۆ چوونە ناو لیستی شوێنەواری جیهانی لەم ساڵەدا . ئەویش لە دوای چوونە ناو ئەو لیستە هەردوو شوێنەواری – حەسین و سەلاحەدینی ئەیوبی – لە ساڵی ٢٠٠٧ دا .

جێگەی باسکردنە کە لە ڕاگەیاندنێکی بەڕێوەبەری شوێنەوارو شارستانیەتی جیهانی لە ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان – ڤالیری باندریم – کە ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات شاری ماری شوێنەوار ، کە دەکەوێتە پارێزگای دێرەزۆر بکەوێتە ناو لیستی شوێنەواری جیهان لەو ساڵەدا .

هەروا ناوچەی ماری شوێنەوار ناودەنگێکی بەرچاوی جیهانی هەیە ، کە دەکەوێتە ڕۆخی ڕاستی زێی فورات لە نزیك شارۆچکەی – ئەلبووکەمال – کە گردەکە ناوزەندە بە گردی – حەریری – کە لە سەر ڕووبەری ١٠٠٠ مەتر درێژی و پانی ٦٠٠ مەتر لە دەڤەرەکەدا .

هەروا دووپاتی ئەوە دەکرێتەوە لە سەرچاوە مێژوویەکانی ، کە شانشینە کۆنەکان دەسەڵاتدار بوونە لە سەر ماری لە هەزارەی سێیەمی بەر لە مێژووی زایینی ، کە ژمارەیان ١٣ شا بووە ، کە ناوزەند بوونە بە ڕەچەڵەکی دەیەم لە سەر شاکانی ماری ، کە ئەو شایانە پەیوەندیان هەبووە لە گەڵ شانشینەکانی سۆمەری لە وولاتی نێوان دوو زێی – میزۆپۆتامیا – ی کۆن و ئێراقی ئێستا .

لە گەڵ ئەوەشدا لە کاتی دەرکەوتنی دەسەڵاتی ئەکەدیەکان لە سەردەمی دامەزرێنەرەکەی – سارکۆن – ماری هەر وەك خۆی مایەوە و پارێزگاری لە خۆکردووە بە دەڤەری دوای خۆی ، ئەویش ڕەچەڵەکەکانی ئەکەدی . لە دوای گەران و پشکنین لە هۆڵەکانی کۆشکی شوێنەواری ماری ، بە دەیا

پەیکەرو بەردی گەورە و وێنەی دیواری ڕەنگاوڕەنگ ، کە پەیوەند بوون لەو کات بە دیواری ئایینی و رامیاری ، کە وێنەکان بێ وێنەن لە ڕەنگەکان بەر لە ٤٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا .

هەروا لە کتێبخانەی کۆشکی ماری ئەرشێفی ماری دۆزراوەتەوە ، کە زیاتر لە ٢٠ بیست هەزار تابلۆی بزماری لەخۆ دەگرت ، کە لە نامەی ئایینی و نامە گۆرینەوە و گرێبەست و نامەی دبلۆماسی پێك هاتبوو بە گۆرینەوەی لە نێوان دەسەلاٌتی ماری و ئەو ویلایەتانەی کە سەر بە دەسەلاٌتی ماری بوون ، وەك – عەشارە ، ترکی ، وتیتۆل – هەروا شاکانی دیکەی وەك – سیدا و سەری شمرا و ئوگاریت و دەسەلاٌتی – یماحاز ، لە حەلەب ، و کرکمیش ، ژرابلس . لە ناوچەکەدا .

لێرەدا ئەو دەقەرە بەشێکە لە خاکی کوردستان و هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی دیکەی وەك عەرەب و تورك بوونیان نەك هەر لەو ناوچەیە نەبووە ، بەڵکو باسیان لە بوونی ئەو دوو نەتەوە نەکراوە نەك هەر لە ناوچەکە بەڵکو لە بیابانی دوورگەی عەرەبی و بیابانی مەنگۆلیای نێوان ڕووسیا و چینی مللی ئێستا لە جیهان . بەلاٌم کورد ....! ....؟ .

سەرچاوە:– www.daralhayt .com.

٢٠٠٧/٥/١٧ لە هەردوو لایەنی وولاٌتی کۆریای باکوور و ، کۆریای باشوور هێلی ئاسنی شەمەندەفەرەکانیان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد بە پەڕینەوەی هەر یەك لە شەمەندەفەری کۆریای باکوور و باشوور لە سنووری ئەو یدیکە و دەست کردنیان بە گواستنەوەی هەڵگری باڵ و مرۆڤ و پێداویستیەکانی هەردوو وولاٌت لە کیشووەرەکەدا ، کە بە نیمچە دوورگەی کۆریا ناوزەندە .

جێگەی باسکردنە کە ئەمە بۆ یەکەم جارە لە دوای جەنگی نێوان هەردوو کۆریا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ – ١٩٥٣ ، ئەمەش بە ڕووداوێکی مێژوویی هەژمار دەکرێت لە نێوان هەردوو کۆریا لە کیشووەرەکەدا . ئەم دوو شەمەندەفەرەش ، کە یەکیان لە وێستگەی مۆنسان لە کۆریای باشوور لە پەرینەوەی هێڵی جیا کەرەوەی هەردوو کۆریا ، ئەم هەوڵەش بۆ تاقی کردنەوە بوو ، کە یەکەم جارە و تەنیا هاوولاٌتیانی هەردوو کۆریایان هەڵگرتبوو ، یەکیان بۆ وولاٌتی ئەوی دیکە . ئەم ڕووداوەش لە ئاهەنگێکی

فراوان لە هەردوو کۆریا ئەنجام درا لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٧ لە کۆتایی کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە شاری ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان ، ئەویش بە گفتووگۆ کردن لە سەر باری ڕامیاری و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و پەیوەنیەکانی نێوان وولاتانی ئیسلامی لە گەڵ وولاتانی دیکەی جیهان .

جێگەی باسکردنە کە ئەم کۆبوونەوەیە لە سەر کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و ئێراق و ئەفگانستان و پاکستان و سوودان و ، چەندین جێگەی دیکە باسکران و چەندین بیروو بۆچوون و پێشنیار دەرخران ، ئەویش لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم لە هەرێم و ناوچە وجیهان . لەم کۆبوونەوەش وەزیری دەرەوەی ئێراق ئامادەی بوو لە هەموو لایەنەکانی کۆبوونەوەکە و گفتووگۆ کردن لە سەری .

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کە ئەو ٥٠ دەووڵەتە ئیسلامیە ڕوویا وەرنەگێڕا بۆ کێشەی کورد و چارەسەر کردنی ، چ بە پێی ئەو ئایەتەی کە لە قورئاندا هاتووە – ان خلقنا قبائل و شعوباً لتتعارف – یاخوود بە پێی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا ...!...؟.

٢٠٠٧/٥/١٧ لە کاتی پێشوازی لێکردن لە بالیۆزی ئێران لە ئێراق – حەسەن کازمی قومی – لەلایەن وەزیری نەوتی ئێراقی – حوسێن شەهرستانی – ڕێکەوتنێکی ئابووریان مۆرکرد ، بە دامەزراندنی لولەنەوتی ، واتە بۆری گواستنەوەی نەوت لە ئێراق بۆ ئێران ، بە ڕێژەی ٢٠٠ دووسەد هەزار بەرمیل نەوت لە باشووری ئێراق بۆ ناو خاکی ئێران ، ئەویش بۆ پاڵاوتنی ئەو نەوتەو کردنی بە بەنزین و نەوتی سپی و پێداویستیەکانی دیکە لە بەرهەمی نەوت لە پاراوگەی ئەبادانی ئێرانی ، کە ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی پێداویستیەکانی ئێراق لەم بوارەدا .

٢٠٠٧/٥/١٧ لە دوای تاوانبارکردنی سەرۆکی بـانکی نێـوو دەوڵـەتی – بـۆك وولفۆیتز – بە کارێکی گەندەڵی ، کە مووچەی هاورێیەکی خۆی لـەم بانکـەدا پـێ بەخـشیووە و ئەمــەش بــە پێـی رێنمـایی و یاساکانی بانکی نێوو دەوڵەتی بـەکاری گەنـدەڵی دادەنرێـت لـە کارگێری بانکەکەدا .

هەر بەم هۆکارە سەرۆکی بانکی نێوو دەووڵـەتی بۆل لە راگەیاندنێکیدا گووتی :– من لـە ٦/٣٠ ئەم دەستکاری پۆستی سەرۆکایەتی بانکی نێوو دەووڵەتی دەکێشمەوە ، سەرەڕای دڵگرانی ئەمەریکا لەم هەڵوێستەی بۆل و لـە هـەمان کـات وولاتـانی ئـەوروپا کارەکـەی بۆلیـان بـە کـارێکی گەنـدەڵی لەقەڵەمدا .

٢٠٠٧/٥/١٨ بـۆ یەکـەم جـار خـاتوو – رەشیە داتـی – لـە رەچـەڵەك مـەغربی پۆسـتی وەزارەتێك لە وەزارەتەکانی فەرەنسا بگرێتە دەست لە وولاتەکەدا .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە خـاتوو رەشـیدە داتـی لـە ١٩٦٥/١١/٢٧لـە ناوچەی– سان ریمی – لە باوکێکی مەغربی و دایکێکی جەزائیری چاوی بە جیهان هەڵێناوە لە فەرەنسا ، کە خاتوو داتی دووەم منداڵە لـە نێوان ١٢ برا و خوشکێك لەو خێزانە هەژارەدا .

لەو کاتەی کە خاتوو داتی لە دایك دەبێ لە خێزانێکی خوێندەوار و هەژار ، ئەمەش وای کرد کە لە بواری پەرستیاری کاربکات ، لە پێناو باش کردنـی بـژێوی ژیـانی خێزانەکـەی و خـەرجی تایبـەتی خـۆی بـۆ تـەواو کردنـی قۆناخەکانی خوێندن . دوای ئەوەی کە کاتی بۆ دەرەخسێ دەچێتە زانکۆ و لە بەشی ماف دەست بە خوێندنی یاساو هەژمار دەکات .

دوای ئـەوە بـە هـۆی توانـای ئـەم خاتوونـە ، بـە فەرمانبـەر لـە کۆمپانیـای نـەوتی فەرەنـسی – ئێلـف – دادەمـەزرێت ، لـە هـەمان کـات لـە خوێنـدنی ماستەر بەردەوام دەبێت ، دوای ئەوە لە ساڵەکانی ١٩٩٣ – ١٩٩٣ لە بەشـی

وردبین لە بانکی ئەورووپی بۆ ئاوەدان کردنەوە و گەشە پێدان لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کاردەکات ، هەروا دوای تەواو کردنی خوێندن لە یاسا ، دەستی کرد بەکاری پارێزەری و هەر لەوکاتەی وەزیری ناوخۆی فەرەنسا ، نیکۆلا سارکۆزی داوای دەکات و لە ساڵی ٢٠٠٢ بە بەرپرسی تاوانەکان دایدەمەزرێنێت .

دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆڵی باڵای دەبێ لە پێناو چارەسەر کردنی کێشەی نێوان سارکۆزی و سەرۆکی فەرەنسا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا .

دوای ئەوە لە مانگی/ ٢٠٠٦/١ پەیوەندی بە پارتی یەکیەتی لە پێناو جوولانەوەی مللی بە سەرکردایەتی سارکۆزی دەکات . دوای ئەوەش نیکۆلا سارکۆزی لە ٢٠٠٧/١/١٤ بە ووتە بێژی فەرمی دایدەمەزرێنێت لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لە فەرەنسا . خاتوو داتی بە هۆی تواناى رۆشنبیری و ئازایەتی ناوزەندێکی باش لە ناوەندەکانی گەلی فەرەنسا بەدەست دێنێ و دبێتە کەسایەتیەکی لێهاتوو لە فەرەنسادا .

٢٠٠٧/٥/١٨ لە ووتەیەکیدا سەرۆکی فنزوێلا – هۆگۆ سافێز – داوای لە پاپای ڤاتیکان – بندیکتی – کرد کە داوای لێبوردن لە گەلانی بنچەیی ئەمەریکا بکات ، بە هۆی لێدوانەکانی پاپا لە بەرازیل ، کە گوتوو بووی کەنیسەی کاسۆلیکی ئایینی مەسیحی بەسەر گەلانی بنچەیی ئەمەریکای لاتینی دا ناسەپێنیٚ و ڕێژەی هەڵگری بڕوای مەزهەبی کاسۆلیك لە ئاپینی مەسیحی لە ساڵی ٢٠٠٠ کەم بۆتەوە و بۆتە ٧٤٪ کەچی لە ساڵی ١٩٨٠ لە ٨٩٪ هەڵگری بڕوای مەزهەبی کاسۆلیك بوون لە بەرازیل .

٢٠٠٧/٥/١٨ لە دوای سەرکەوتنی پاڵیوراوی سەرۆکایەتی فەرەنسا –– نیکۆلا سارکۆزی –– بە سەرۆکی فەرەنسا ، ئەمرۆ توانی ناوی حکوومەتەکەی ئاشکرا بکات ، کە لە ١٥ وەزیر پێك هاتووە لە جیاتی ٣٠ وەزیر ، کە بەر لە دەسەڵاتی ئەو حکوومەتی سەرۆکی فەرەنسا جاك شیراك دایمەزراندبوون لە وولاتەکەیدا .

ئەویش بە دامەزراندنی– فرانسوو ڤیون – بە سەرەك وەزیران و هەروا – برناد کۆشنەر – بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا . کە زۆربەی حکوومەتەکەی لە وەزارەتەکانی ئافرەتن لە فەرەنسا و چەندین وەزیرەکانی سەردەمی جاك شیراك پۆستی وەزارەتیان پێ سپێردرا لە فەرەنسا .

٢٠٠٧/٥/١٨ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی جەزائیر ، بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ، و پارتە گەورەکە ، کە ناوی بە پارتە هاوپەیمانیەکەی سەرۆکایەتییە لە جەزائیر ، پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا ، ئەم ئەنجامەش لە لایەن وەزیری ناوخۆی جەزائیر – یەزید زرهونی – ڕاگەیاندرا .

جێگەی باسکردنە کە سێ پارت لایەنگری سەرۆکی جەزائیر عەبدولعەزیز بووتەفلیقەیان کرد ، بەڵام کورسیەکانی دیکە بەر پارتەکان کەوتن وەك :-

١-- بەرەی ڕزگاری نیشتمانی جەزائیر / FLIV توانی ١٣٦ کورسی لە کۆی کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەست بێنی لە هەڵبژاردنەکان ... ٢-- هەروا پارتی دووەم کە لە ناو هاوپەیمانیە لە کۆمەڵی نیشتمانی دیموکراتی RND توانی ٦١ کورسی بەدەست بێنیٚ لە هەڵبژاردنەکان ... ٣-- هەروا جوولانەوەی کۆمەڵگای ئاشتی –خمس – توانی ٥٢ کورسی لە هەڵبژاردنەکان بە دەست بێنیٚ لە وولاتەکەدا .

جەزائیر ژمارەی دانیشتوانی ١٨,٧٠٠ ملیۆن کەسە ، کە تواناى دەنگدانیان هەیە و لە هەمان کات پسوولەی دەنگدانی بە ڕێژەی ١٠٪ زیادی کردووە بۆ پارتە بچووکەکان .

٤-- هەروا پاڵێوراوە بیٚ لایەنەکان لە جەزائیر توانیان ٣٣ کورسی بەدەست بێنن لە هەڵبژاردنەکان ... ٥-- هەروا پارتی کرێکاران لە جەزائر توانی ٢٦ کورسی بە دەست بێنیٚ لە هەڵبژاردنەکاندا .

٢٠٠٧/٥/١٨ گرێدانی کۆبوونەوەی مونتەدای ئابووری جیهانی لە سەر کەناری دەریای مردوو لە وولاتی ئوردن بە ئامادە بوونی ١٥٠٠ کەسایەتی ڕامیاری و ئابووری لە ٥٥ وولات لە جیهان .

جێگەی باسکردنە کە ئەو مونتەدایە لە ساڵی ١٩٧٣ وەك ڕێکخراوەیەك کۆبوونەوەکانی خۆی ساڵانە و ، هەرساڵێك لە وولاتێك ئەنجام دەدات . ئەویش لە پێناو بەرەو باشبردنی باری پەیوەندی و ئابووری و کەمکردنەوەی کێشەکانی و نەهێشتنی برسیەتی و ، کەش و هەواو ، ڕێگەگرتن لە شەڕو کێشەو یارمەتی دانی وولاتانی هەژارو ، قەرزو بازرگانی و پەیوەندیەکانی دیکەی هەمەلایەن لە نێوو وولاتانی جیهاندا .

ئەم کەبوونەوەیەش لە بارەی ئاشتی و سەقامگیری ئارامی و داواکانی

شـەڕو كاريگـەرى لـە سـەر بـارى ئـابوورى و بووژاندنـەوەى لـە رۆژهـەلاتى ناوەڕاست ، هـەروا دانيشتنە لابەلاكانى ئـەو كۆبوونەوەيە لـە سـەر كێشەو ئـاوو كەرتـەكانى دابـين و وزە و فێركـردن و تـەكنۆلۆژياو زانياريـەكان ، سەرەڕاى بوونى پارت و گروپ و رێكخراوى ئيسلامى لە ناوچەى عەرەبيدا ، لە گەل چەندين بابەتى ديكە .

هـەروا لـە ناوەنـدەكانى ئـەم كۆبوونەوەيـە ، كۆمـەلى gll بـۆ رۆژى دوايـى كۆبوونـەوەى خـۆى گرێـدا ، كـە دووەم كۆبوونـەوەى ئەنجامـدراو لـە دواى سـالّى /٢٠٠٥ لـە سـەر بـارودۆخى پەيوەنديـەكان لـە هـەموو بوارەكانـدا لـە جيهان .

٢٠٠٧/٥/١٩ لە دواى چەندين پەيوەندى و گفتووگۆى سەركەوتوانە لە نێوان حكوومـەتى هـەرێمى كوردستان ، لە باشوورى كوردستان و بەريتانيا ، تا ئەو كاتـەى توانرا كونسلخانەى بـەريتانيا لـە شـارى هـەولێرى پايتـەخت بكرێتـەوە بـە دامەزرانـدنى خـاتوو –ئەليسن – بە كونسلى گشتى بەريتانيا لـە هـەرێمى كوردستان .

دواى ئەوە لە ئاهەنگێكى قەشەنگ بە ئامادە بوونى بەرپرسـانى پەيوەنـدار لـە حكوومـەتى هـەرێمى كوردسـتان و سـكرتێرى يەكـەمى باڵيۆزخانـەى بـەريتانيا لـە شـارى بەغـداى پايتـەختى ئێـراق – تـۆم ميـل – و چـەندين بەرپرسـى ديكـەى حكـوومى و پـارتى لـە هەرێمەكـەدا ، بەشـداريان لـە كردنەوەى كونسلخانەكە كرد لە شارى هەولێر لە هەرێمەكەودا .

٢٠٠٧/٥/١٩ گرووپێك لە توێـژەرانى خەزنـەى دەريـايى ، واتـە لـە قووڵايى دەريا ، توانيـان نيـوو مليـۆن پارچـە دراوى زێـڕ و زيـوو بدۆزنـەوە ، كـە لـەو كەشـتيە نگرۆبووەكانى لە زەرياى ئەتڵەسى تووشى بووە .

جێگەى باسكردنە كە كۆمپانياى – ئۆديس – بارەگاكەى لە بەريتانيايە لە سالّى ١٨٦٥ بالێكى لە دراوى زێڕو زيوو بە ژمارەى ٢٠ هـەزار پارچـەى هـەلگرتبوو ، دواى چـەند رۆژێـك پەيوەنـدى ئـەو كەشـتيە لـە گـەلّ لايەنـە پەيوەنـدارەكانى پـچڕا ، كـە قـووڵايى زەريـا لـە جيهـان زيـاتر لـە ٣ مليـۆن كەشتى تيا نگرۆبووە .

هـەروا ئـەو خەزنەيە بە ٥٠٠ مليۆن دۆلار مەزەنـدە دەكرێت ، كە ئەوكاتە

بووە ، کە ئەمەریکا ژێر دەستەی بەریتانیا بووە لە کیشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٥/١٩ لە هەوڵە بەردەوامەکانی تیرۆرستانی ئیسلام و دژ بە کورد و خاکی کوردستان ، کۆمەڵە چەکدارێك لەو شەوەدا هەڵسان بە گەمارۆدانی گوندی کورد نشینی – حەمید شفی – لە نزیك شارۆچکەی مەندەلی سەر سنووری نێوان ئێراق و ئێران .

دوای ئەوە بە ناوی پاراستی ئاسایش لە ناوچەکەدا و دەرکردنی ژن و منداڵ و پیاو لێك جیاکردنەوەیان ، دوای ئەوە ١٥ هاولاّتی کورد گوللە باران دەکەن ، لەوانە ١٣ هاوولاّتی هەر ئەو کات گیان لە دەست دەدەن و ، دوایی دوو هاوولاّتی دیکەش گیان لە دەست دەدەن ، بە هۆی زامدار بوونەکەیان لە گوندەکەدا لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٥/٢١ لە ڕاگەیاندنێکی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە شاری کابوولی پایتەختی ئەفگانستان گووتی :– ڕژێمی ئێرانی ئیسلامی زیاتر لە ٧٠,٠٠٠ حەفتا هەزار پەنابەری ئەفگانی لە وولاّتەکەی دەرکردووە .

جێی ئامارە پێکردنە کە بە هۆی شەڕی ناوخۆی ئەفگانستان لە دوای داگیر کردنی لەلایەن هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت و ، دروست بوونی پارت و ڕێکخراو و گرووپی ئیسلامی ، بە تایبەتی لە لایەن تاڵیبان و ئوسامەبن لادن و شەڕکردن دژی سۆڤیەت ، تا دوای ساڵەکانی ١٩٨٩ بە دەرچوونی هێزەکانی سووپای سوور لەم وولاّتەدا و نەمانی دەسەلاّتی کۆمۆنستی و بەرپا بوونی شەڕی نێوان پێکهاتە ئیسلامیەکان لە ئەفگانستان .

لە هەموو بوارەکان و شلەژانی ژێرخانی ئابووری و لێك ترازاندنی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان ، کە ئەمەش بووە هۆی هەلاّتن و دەربەدەر بوونی دانیشتووانی هاوولاّتیانی بێلایەن و هەژار بۆ وولاّتانی دیکەی دراوسێکانی ئەفگانستان ، وەك پاکستان و ئێران ، ئەویش لە دوای لێدانی ئەفگانستان لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن ئەمەریکا و وولاّتانی هاوپەیمان .

ئەم هۆکارانەش بووە هۆی ئەوەی کە پەنابەرە ئەفگایەکان لە لایەن حکوومەتی ئێران دەربکرێن و ، بە گەڕانەوەیان بۆ وولاّتەکەی خۆیان ، کە لە

ماوەی ٢١/٤/-- ٨/٥/٢٠٠٧ زیاترلە ٥٢,٠٠٠ پەنجا و دوو هەزار ئەفگانی ڕەوانە بکرێنەوە و دوور کەوتنەوە لە ناو سنووری ئێران . ئەمەو سەرەڕای یارمەتیدانیان لە لایەن ڕێکخراوی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان ، بەلاّم ئەم هەولاّنە چارەسەری کێشەکان ناکات لە وولاّتەکەدا .



٢١/٥/٢٠٠٧ لە داوایەکی دەسەلاّتدارانی ناوەندی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ئەویش بە دواخستنی ماددەی ١٤٠/ بۆ سێ ساڵی دیکە دوابخرێت .

جێگەی باسکردنە کە حکوومەتی ئێراق لە ڕێگەی هەوڵەکانی سەرەك وەزیرانی ئێراق نووری مالکی ، داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان کردووە ، کە جێ بەجێکردنی ماددەی ١٤٠/ بۆ سێ ساڵ دوابخرێت ، بەلاّم حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، ئەو داوایە و ئەو بیروو بۆ چوونانەی ڕەتکردەوە و داوای جێ بەجێکردنی بە پێی دەستوور کردووە لە سەر ئەو ناوچانەی کە لە سنووری هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکە لە کوردستان دابڕاون ، لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن و دارو دەستەکەی لە وولاّتەکەدا .

ئەم زانیاریەش لە ئەنجامی کۆڕێکی جەماوەری لە شاری دهۆك لە هۆڵی جەزیری لە لایەن ئەندامی بیرۆی ڕامیاری یەکیەتی نیشتمانی مەلا بەختیار ئاشکرا کراوە .

لە لایەکی دیکە حکوومەتی ئێراقی ناوەندی زۆرینەی هەردوو مەزهەبی شیعە و سوونەی ئیسلامی عەرەب هەوڵەکانیان ، لە پێناو جێ بەجێنەکردنی ئەو ماددەیە بەردەوامە و بە سەدا بیان و و تەگەرە دروست دەکەن . ئامانجیش لەمە بەهێز کردنی جێ پێگەی خۆیان و دوایی وەستان

دژی داخوازیەكانی كورد لە ئێراق ، بەڵام ....!...؟ ئەی كورد ....!.

٢٠٠٧/٥/٢١ لە ڕاگەیاندنێكی وەزیری بەرگری پۆڵەنـــــدا – ئەلكـــــسەندەر شتـــــشیگیلۆ – گـــــووتی :- سیـستەمی قـەلغانی مووشـەكی وویلایەتـــە یــــەكگرتووەكانی ئەمــــەریكا لـــە ســـاڵی ٢٠١٠ كارەكـانی لـە وولاتـی پۆلەنـدا تەواو دەبێت .

جێگـــەی باســـكردنە كـــە ئەمەریكا بە هاوكاری پەیمانی ناتۆ لە هەوڵێكی چڕ دایە بۆ ئەوەی بنكەی قەلغانی مووشەكی لە هۆڵەندا دابمەزرێنێت لە گەڵ كۆماری تشیك ، ئەویش بە مەبەستی دەستەبەر كردنی دڵنیایی لە پێناو چاودێری كردنی بۆ سەر بەرژوەندیەكانی ئەمەریكا ، كە لە دوایاندا مەترسی لە هەرەشەكانی ئێران .

هەروا لە لایەكی دیكە ئەم كارە و هەڵوێستە بۆتە كێشەیەكی دژوار لە نێوان ڕووسیای یەكگرتوو و ئەمـەریكا و وولاتـانی دیكـەی هاوپـەیمانی ئەمـەریكا لـە پـەیمانی نـاتۆ ، هـەروا وەزیـری دەرەوەی ڕووسـیا – سێرگی لافرۆڤ – لە ڕاگەیاندنێكیدا گووتی :- ئەمـەریكا لـە ڕێگـەی ئـەو سیستەمە گـەمارۆی ڕووسـیا دەدات و ڕووسـیاش ئەمـەی پـێ قبـوول ناكرێـت لـە ناوچەكەدا ، بە تایەتی لە كیشوەری ئەورووپای ڕۆژئاوا لە جیهادا .

٢٠٠٧/٥/٢٢ لـە ڕاگەیانـدنێكی ووتـە بێـژی حكوومـــەتی توركیـــا ، كـــە ژەنـــەڕاڵی خانەنـشین كـراو – ئـــەدیب یەشـــار – ڕێكخـــەری وولاتەكـــەی بـــۆ كـــاروباری دۆسـیەی پەكەكـە لـە سـەر پۆسـتەكەی لادرا ، بە هـۆی ئـەنجام نـەدانی كارەكـانی لـە چارەسـەركردنی

کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان p.k.k لە باکووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە دوای لادانی یەشار لە سەر پۆستەکەی – رەفئەت ئوگونا – ی لەو پۆستە دامەزراند ، بۆ هاوکاریکردن لە گەڵ – جۆزێف راستن – رێکخەری واشنتن لە سەر چارەسەری دۆسیەی پەکەکە لە تورکیا و دراوسێکانی ، بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٥/٢٢ سیاسەتمەداری دکتۆر -- مەحمود عوسمان -- لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند ، کە ئەو گفتووگۆیانەی کە لە نێوان سەرەك وەزیرانی ئێراق و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا ، لە مەڕ یاسای

نەوت و گاز و لە گەڵ ئەمەشدا وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، بۆ بڕیاردانی ئەم یاسایە گوشاری خستۆتە سەر هەموو لایەنەکان لە ئێراقدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەمەریکا خۆی خاوەن ماڵە و دوا بڕیاریش لە دەست ئەمەریکایە ، بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە پێی بەندی /٧ لەو بڕیارەدا لە دوای داگیر کردنی ئێراق . هەروا لەو کاتە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرەك وەزیرانی ئێراق ، لە سەر یاسای نەوت و غاز و گفتووگۆکردنیان پێشوازیان لە دوو شاندی ئەمەریکا و بەریتانیا کرد .

هەروا لە بارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە سەر داهات و چاودێری کردنی و چوار لە پاشکۆکانی یاسای نەوت ، کە دەسەڵاتی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و بابەتی هەڵکەندنی بیرە نەوتی تازە ، گرنگترین ئەو خاڵانەیە کە هەردوو لایەن یاسای نەوت و غاز گفتووگۆی لە سەر دەکەن .

لێرەدا ئەو کێشانەی نێوان حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و حکوومەتی ناوەندی ئێراق ، بەردەوامە و نەگەیشتوونەتە هیچ رێکەوتنێك بۆ ئەوەی ئەو یاسایە مۆر بکرێت ، لە نێوان هەردوو لایەن پەیوەندار ، تاکو تەواو کردنی ئەم مێژوو نامەیەدا لە ئێراقدا .

٢٠٠٧/٥/٢٣ لـە هەوڵـە سـەربازیەکانی و فرەوانکردنـــی هێـــزی سـەربازی ئـەمرۆ حـەوت کەشـتی جـەنگی ئەمـەریکا گەیشتنە ئاوەکانی کەنداو ، ئەمـەش بۆ یەکـەم جارە لـە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کەشتیە جەنگیـەکانی هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکا بگەنـە ناوچـەکە و بـەژداری کردنیان لە مانۆرە سەربازیەکەی ئەمەریکا لـە کەنداو و لـە پێناو زیاتر بەر سەقامگیری و ئارامی لـە ناوچەکەدا بەر پەرچدانەوەی لـە هـەر ئەگـەرێکی روودانـی شـەڕ لـە گـەڵ ئێران و پاراستنی سنوورەکانی ئێراق . ئەمـەش لـە لێدوانەکـەی ئـەدمیرال – کـیفن کۆسـگریف – هـات لـەم بارەیـەوە لـە لایـەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ناوچەکەدا .



٢٠٠٧/٥ ٢٣ لـــە دوایـــین دانیـــشتنیدا دادگای نێوو دەووڵـەتی لـە شــاری لاهــای پایتــەختی هۆڵەندا ، بڕیاری ١٧ ساڵ زینـدانی بـە سـەر بازرگـانی ماددەی کیمیاوی – فرانس ڤان ئەنرات – سـەپاند ، کە تاوانبــارە بـــە بازرگـــانی ماددەی دروستکردنی کیمیایی و فرۆشتنی بە سـەرۆکی رژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن .

جێگـەی باسـکردنە کـە دادگاکـە بـە ڕاشـکاوی سـەلماندویەتی کـە ئـەو مادانەی – ڤان ئەنرات – لە ناوچە کورد نشینەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان و باشـووری کوردسـتان بـەکارهێنراوە لـە لایـەن رژێمی بەعسی لـە ئێراق . هـەروا پەیوەندیـەکانی فرانس ڤان ئـەنرات و رژێمـی بەعـسی لـە ئێراق . بۆ دادگا روون بۆتەوە ، کە چەندین جار رژێمی بەعسی لـە ئێراق و بە تایبـەتی

سەدام حوسێن ڕێزو سووپاسی ڤانی کردووە ، کە ئەمانە هەمووی بوونەتە بەڵگە لە لایەن دادگای نێودەووڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دیکەی پەیوەندار لە جیهاندا .

هەروا خاڵێکی گرنگی سەپاندنی حووکمەکە ئەوەیە ، کە بڕیارەکە بە پێی ئەو بەڵگە و دیکیۆمێنتانەیە کە وولاّتانی ئەوروپی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا سەلماندویانە ، کە سەدام حوسێن دژ بە گەلی کورد تووشی ژینۆساید بووە ، هەروا لە سەرەتای ساڵی ساڵی ٢٠٠٣ فرانس ڤان ئەنرات ، بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ بە ١٥ ساڵ زیندان و قەرەببوو کردنەوەی زیان لێکەوتان و ١٥ سکالاّکاری دۆسیەی زیندانی کرابوو .

کە لەم ١٥ سکالاّکارە ١٢ کەسیان خەڵکی ئێران و دووەکەی دیکەشیان خەڵکی شاری هەڵەبجەی هەرێمی باشووری کوردستان بوون ، بەلاّم بۆ دواجار دادگای تێهەڵچوونەوە لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندا – فرانس ڤان ئەنرات – ی بە ٦٥ ساڵ زیندانی کرد ، ئەویش بە هۆی دروستکردنی ماددەی کیمیاوی و فرۆشتنی و هاوکاری کردنی لە ئەنجامی تاوانی جەنگ دژی گەلی کورد لە کوردستان .

تێبینی:– لە ناوەرۆکی ئەم کتێبەدا ژیان و کارەکانی ڤان ئەنرات بە شێوەیەکی ڕێك نووسراوەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیان و کارکردنی لە ژیانیدا

٢٠٠٧/٥/٢٤ لە پێشانگای نێوو نەتەوەیی شێوەکاری – ئاشتی منالاّن – کە هەموو ساڵێك لە شاری هیرۆشیمای وولاّتی ژاپۆن بەرێوەدەچێت ، و پێنج لە مندالاّن و مێرد

مندالاّنی شێوەکاری بۆ دووەمین جارە چەندین خەلاّتی پڕ بایەخ لەوانە دیبلۆماسی شانازیەکان بەرهەکانیان بە پلەی باشترین بەرهەمیان بەدەست هێنا لەو پێشانگایەدا .

جێگەی باسکردنە کە هونەرمەند – دارا مورادی – کە تەمەنی ١١ ساڵە لە

ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، لـە ٢١ یەکـەمین خـوولی کێبڕکێـی نێوونەتـەوەیی شێوەکاری لە شاری هیرۆشیمای ژاپۆن بەشداریکرد و توانی پلەی باشترین شـێوەکار بەدەسـت بێنـێ . ئـەم پێشانگایەش لەلایـەن مێـرد منـداڵان لـە تەمـەنی ٧ تـا ١٥ سـاڵی ئەنجامـدەدرێت ، کـە وولاّتـەکانی وەك -- کۆریـای باکوور ، ئەمەریکا ، چینی مللی ، ژاپۆن ، ئوسـترالیا ، ڕووسـیا ، فەرەنسا ، و سەریلانکا -- بەشداریان تیدا کرد ، هەروا لـە دوای ئـەو خوولـە منـداڵانی ئێرانیش دەتوانن ساڵانە بەرهەمـەکانیان لـە چوارچێوەی هونـەری – ئاشـتی – بۆ بەشداریکردن لەم کێبڕکێیە نێوو نەتەوەییە ئامادە بکەن لەم وولاّتەدا .

لـە بـەر ئـەوەی بۆتـە پردێکـی پەیوەنـدی لـە نێـوان هـەردوو – مۆزەخانـەی ئاشتی لـە شـاری هیرۆشـیماو قوربانیـانی چـەکە کیمیاییـەکانی ئێـران ، بـە تایبەتیش لێدانی شاری سەردەشتی کوردستان لـە ئێران لـە لایـەن ڕژێمـی بەعـسی لـــە ئێـــراق ، کـــە زیـــاتر لـــە ٥٠٠٠ هـــەزار هـــاوولاّتی شـــارەکە و دەووروبەری تووشی نەخۆشی هەمەجۆر بوون ، لە ئاکامی بۆردمان کردنـی ئەو شارە بە چەکی کیمیاوی لە ناوچەکەدا ، بە هـۆی شـەڕی هەشـت سـاڵەی نێوان ئێران و ئێراق و لێدانی کورد لە کوردستان .

٢٠٠٧/٥/٢٤ لـە سـوورانەوەیان بـە سـەر ئاسمـانی ئێراقـدا و لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، کـە دوو لـە فرۆکـە جەنگیـەکانی هێـزی سـووپای ئەمـەریکا لـە جۆری – ئێف/١٦ – سنووری تورکیایان بۆ ماوەی چوار خوولـەك بەزانـد ، بـەم هۆکـارەش بـاڵوێزی ئەمـەریکا لـە تورکیـا – ڕۆس وللـسن – داوای لێبووردنی لـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا کـردووە ، بـە هـۆی بەزانـدنی سـنووری تورکیا لە لایەن فرۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا ، لە سەر پارێزگای هەکاری لـە ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا ، واتـە سـەر ئاسمـانی هـەرێمی باکووری کوردسـتان لـە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٢٤ سەرۆکی فەرەنسا -- نیکۆلا سارکۆزی -- لە لێدوانێکیدا بە فەرمی ڕیگەیاند ، کە وولاتی تورکیا لە ناو یەکیەتی ئەورووپا و بوونی بە ئەندام لەو یەکیەتیە جێگەی نابێتەوە ، هەروا گووتی :- ئەو پێشنیارە پێویستە بخرێتە پێش دەمی لوتکەی یەکیەتی ئەورووپا و ، پێویستە لوتکەی یەکیەتی ئەورووپا گرنگی بە بابەتی بوونی تورکیا بە ئەندام لەو یەکیەتیە ، لە بەر ئەوەی ئەو کارە هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە.

جێگەی باسکردنە کە چەندین وولاتانی ئەندام لە یەکیەتی ئەورووپا ڕازی نین کە تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکیەتی ئەورووپا ، ئەویش لە بەر دوو هۆکاری گرنگ ئەویش :-

یەکەم :- بوونی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی و دەسەڵاتداری حکوومەتەکەش ئیسلامەو ئەندامە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و زۆربەی ڕووبەری خاکی تورکیا دەکەوێتە کیشووەری ئاسیا نەك ئەورووپا .

دووەم :- بوونی بە وولاتێکی عەسکەرتاریەت و لە هەمان کات نەبوونی دیموکراتی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و چەوسانەوەی باری نەتەوەیی و نیشتمانی و زمان و کەلتور و داب و نەریت ، بە تایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد و ئەرمەن و کارەساتەکانی ، کە لە لایەن دەسەڵاتەکانی عوسمانی کۆن و تورکیای نوێ بەرامبەر کورد و ئەرمەن لە وولات ئەنجامی داوە لە باکووری کوردستان لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٢٤ لــە کۆنگرەیــەکی رۆژنامەوانیــدا ووتــە بێــژی فــەرمی حکوومــەتی ئێـراق – عــەلی دەبــاغ – لــە گــەڵ شــاندی کــوردی لــە هــەرێمی باشـــووری کوردســـتان بـــە ســـــەرۆکایەتی ســـــەرۆکی حکوومــەتی هــەرێمی کوردســتان -- نێچیر بارزانی -- ڕایگەیانــد و ووتــی :– کــە هــیچ کێــشەیەك لــە نێــوان شــاندی حکوومــەتی هــەرێمی کوردستان نیە ، هەروا گووتی :– ماددەی /١٤٠ ی دەستوور لە وادەی خۆی جیٚ بەجیٚ دەکرێت .

جێگەی باسکردنە کە شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکوومەت نێچیر بارزانی سەردانی بەغدایان کرد ، لە پێناو گفتووگۆکردن لە سەر ئەو بوارانەی کە بۆتە کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی بەغدا ، بە سەرۆکایەتی نووری کەمال مالکی و ، چەندین کۆبوونەوە و چاو پێکەوتن ئەنجامدرا لە پێناو گەیشتن بە رێکەوتن لە سەر ماددەی ،١٤٠ و یاسای نەوت و بودژەی پێشمەرگە و هەموار کردنی دەستوور و چەندین لایەنی دیکە .

بــەڵام بەداخــەوە تــاکو کۆتــایی ســاڵی ٢٠٠٨ ووتــەکانی ووتــە بێــژی حکوومەتی ئێراق عەلی دەباغ بە باداچوو ، ئەو ووتانەی ئەو تاکو مێژووی دیاریکراو هەر وەك خۆی ماونەتەوە و بەڵکوو زیاتر هەوڵی ئاڵۆزکردنی دەدەن ، لە لایەن مالکی و لایەنەکانی دیکەی عەرەب لە بەغدای پایتەختی ئێــراق و ، هــەوڵی گــەمارۆی دەســەلاتی کــوردی لــە هــەرێمی باشــووری کوردستان دەدەن و کۆسپ دەخەنە پێش جیٚ بەجێکردنی ماددە و برگە و خاڵــەکانی دەســتوور ، نــەك هــەر بــۆ کــورد ، بــەڵکوو بــۆ هــەموو ئێــراق بــە تایبەتی بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٥/٢٤ لە هەوڵە تیرۆرستیەکانی ئیسلامە توندڕەوەکانی ئیسلامی ، هەڵسان بە تەقاندنەوەی پردی نێوان شاری خانەقین و



گوندی ئیمام ، لە هەرێمی باشووری کوردستان . ئەم پردەش گوندی ئیمام بە شارۆچکەی خانەقین دەبەستێتەوە . ئەم پردەیەش بە پردی ژمارە/١ یەك و بە پردی سەوز ناو زەند بوو ، هەروا ئەم پردەش ناوچەکانی جەلەولا و دەوورووبەری بە شاری خانەقین دەبەستێتەوە لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٢٥ لە هەوڵە جۆراو جۆرەکانی سەربازیدا و لەم ڕۆژەدا هێزەکانی سووپای ئەمەریکا دەستی کرد بە مانۆڕێکی سەربازی لە دەریای کەنداو ، لە



ئاوەکانی بەحرێن و ئێران دەستیان پێکرد ، کە ئەم مانۆڕە سەربازیە ژمارەیەکی زۆری کەشتی جەنگی هاتوونەتە ناو ئاوی کەنداو و لە ناویاندا دوو فرۆکە هەڵگری گەورە هەیە ، کە وزەی ناوەکی هەڵدەگرن .

هەروا ئەفسەری دەریاوانی ئەمەریکی – دینز گارسیا –– گووتی :– ئەو مانۆڕە سەربازیە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادیە لە ئێراق ، هەروا بۆ ئەوەی سەربازەکانمان زیاتر توانای ڕاهێنانیانی هەبێت لە هەموو بوارەکانی سەربازیدا لە ناوچەکەو جیهاندا .

٢٠٠٧/٥/٢٥ ئەمەریکا و ، بەریتانیا و ، فەرەنسا و ، ژاپۆن . ڕەخنەی توندیان لە لێدوانەکەی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی وزەی ناوەکی – محەمەد بەرادعی – گرت کە سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی ئێران دابووی .



جێگــەی باســكردنە نوێنــەرانی ئــەم چــوار وولاّتــە لــە میانــەی كۆبوونەوەیەكدا لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا رەخنــەیان لــە بــەرادعی گـرت ، لـە بـەر ئـەوەی لـە لێـدوانێكی رۆژنامەوانیـدا گووتبـووی :- پێویـستە رێگـە بـە ئێـران بـدرێت بەردەوامبێت لە سەر ئەنجامدانی بەشێك لە بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم . لـەو كاتەشدا نوێنـەرانی ئـەم چـوار وولاّتـە پێیـان وایـە ئـەم جـۆرە لێدوانـە هەلوێستی رامیاری نێوودەوولەتی بەرامبەر بە دۆسیەی نـاوەكی ئێـران لاواز و بـێ هێـز دەكـات . هـەروا داوایـان لـە بەرێوەبـەری گـشتی ئاژانسی وزەی نـاوەكی محەمـەد بـەرادعی كـرد پابەنـد بێـت بـە بڕیارەكـانی ئەنجوومـەنی ئاسایـشی نێوودەوولـەتی ، كـە داوا لـە ئێـران دەكـات بەرنامـەی پیتانـدنی یۆرانیۆم بە تەواوی ڕابگرێت لە وولاّتەكەیدا .

٢٠٠٧/٥/٢٥ لـە دوای گەرانـەوەی لـە ئێـران – موقتـەدا سـەدر – لـە مزگـەوتی كوفـەی سـەر بـە پارێزگـای نەجـەف لـە باشـووری بەغـدا ، لـە ووتەكەیـدا داوای كرد كە هێزەكانی سووپای هاوپـەیمانان و

، بەتایبەتی هیزەكانی سووپای ئەمەریكا لە ئێراق بچنە دەرەوە . لە لایـەكی دیكە ووتەبێژی كۆشكی سپی ئەمەریكا داوای لـە موقتـەدا سـەدر كـرد ، كـە رۆلّی كەسایەتیەكی رامیاری لە ئێراق بگێرێت لە پێناو بەرەو باشبردنی بارو دۆخی ئێراق .

جێگـەی باسـكردنە كـە موقتـەدا سـەدر و ئەوانـەی هاوشـێوەی ئـەون ، تـا

ڕژێمی سەدام لە ئێراق لە دەسەڵات بەردەوام بوون ، پیاوی ئەو ڕژێمە بوون لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە ئێراق .

بەڵام لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن ، ئەم جۆرە پیاوانە بوونە فسۆس پاڵەوانی گۆڕەپانەکە و دروست کردنی ئاژاوە و لە بار بردنی باری هەوڵەکان ، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی جێ بەجێ نەکراو لە ماوەی ٨٦ ساڵی رابردوو دا لە ئێراق ، کە ئەمانەش بە هەمان بیروو بۆچوون و هەست مامەڵە لە گەڵ بارو دۆخەکە و داهاتووی ئێراق دەکەن .

کە هیچیان وەك ، مالکی و ، جەعفەری و ، ئەیاد عەلاوی و ، عەبدولعەزیز حەکیم و ، مەشهەدانی و ، عەدنان دلێمی ، لە سەدام باشتر نین و ئەوانەی لە شێووەی ئەوانەشن ، بەڵکوو سەدام لە چاو ئەوانە بە سەد ئاو شووراوەتەوە لە بەر ئەوەی سەدام خاوەنی ووتەی خۆی بوو لە ئێراقدا .



٢٠٠٧/٥/٢٨ لە ڕاگەیاندنێکی ئەنجوومەنی ئێراق و لایەنە رامیاریەکان و ئاینیەکان لە ئێراق ، تەقینەوەی مەزارگەی شێخ عەبدولقادر گەیلانیان لە شاری بەغدا تاوانبارکرد ، کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٢٤ هاووڵاتی و زامدار کردنی ٦٨ هاووڵاتی دیکە لە هەموو ڕەگەزەکان و تەمەنەکاندا . لە لایەن تیرۆرستە ئیسلامیە توندرەوەکانی عەرەب لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، و بەردەوام بوونیان لە تەقاندنەوەی مزگەوت و مەزارگە و پەرستگا ئاینیەکان لە ئێراق لە نێوان هەردوو مەزهەب شیعە و سوونەی ئیسلامی عەرەب لە ووڵاتەکەدا .

٢٠٠٧/٥/٢٨ لە هەوڵەکانی یەکلاکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا پەرلەمانی تورکیا بۆ جاری دووەم لە خوێندنەوەی یەکەمیدا بریاری لە سەر چەند یاسای دەستووری دا ، بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەر بێت لە پێناو کاندیدکردنی سەرەك کۆمار بە هەڵبژاردنی ئازادانە لە لایەن جەماوەر بە شێوەیەکی

ڕاستەوخۆ .

جێگـەی باسـکردنه کـه لـه کۆبوونـەوەی پەرلـەمان مـشتوومڕێکی تونـدی لێکەوتـەوە لـە نێـوان ئەنـدامانی پـارتی داد و گەشـەپێدانی دەسـەڵاتدار لـە حکوومەت و ئەندامانی بەرهەڵستکار لە پەرلەماندا . هەر لەو کاتەش سەرەك کۆمـاری تورکیـا – ئەحمــەد نــەژدەن ســیزار – هەفتــەی رابــردوو ئــەم هەموارکردنەی رەتکردەوە ، کە گوایە ناگونجێت لە گەڵ یاسا و سیستەمی دیموکراتی ، هـەروا ئەندامی پەرلـەمانی سەر بە پارتی داد و گەشەپێدان ، لێدوانەکەی سیزاری رەتکردەوە و بە لێدوانێکی رامیاری و یاسایی دانـەنا بە پێی دەستووری وڵاتەکە لە تورکیا .

٢٠٠٧/٥/٢٩ لـە هەوڵـەکانی تورکیـا لـە پێنـاو گـەمارۆدانی راگەیاندنـەکانی کـوردی بـە تایبەتی لـە سایتەکانی ئەنتـەرنێت بەردەوامە ، ئەویش لـە هاك کردنـی ئـەو سـایتە کوردیانــە جــا لــە هــەر شــوێنێك و جێگایــەك بێــت لــەم بــوارە تەکنۆلۆژیایەدا لە پێناو رێگە گرتن لە بڵاو کردنەوەی زانیاری لـە سـەر باری کورد لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و زمـان و داب و نــەریت و مێــژوو ، یــان کــەلتوور و کۆمەڵایــەتی و بــە تایبــەتی لــە لایــەن هەوڵەکانی دیالۆگ .

کە تورکیـا دژی هەوڵـەکانی کورد و دوورە لـە زمـانی دیـالۆگ ، جـا بـە هـەر جۆرێـك کـە بتـوانێ رێگـەگربێت لـە گـەلی کوردسـتان و دواجـاریش سـایتی گۆڤـاری گـولانی هـاك کـرد و ، ئەمــەش یەکـەم جـاری نیـە کـە بـەم کـارە هەڵدەستێت ، بەڵکوو بەردەوامە بەرامبەر بە کورد جا کەسایەتی کورد بێت ، یاخوود پارت و رێکخراوەکان بێت ، یاخوود نووسـەر و هونەرمەند و مێژوو نـووس و رونـاکبیر بێـت ، بـە هـاك کردنـی سایتەکانیان گـەر لـە بەرژەوەنـدی تورکیاش بێت ، تەنیا لە بەر ئەوەی دژی کوردە و مافی کوردی لاڕەوا نیە لـە هەموو بوارەکان لە سەر خاکی کوردستان .

<u>تێبینی</u>:– خوێنەری بەرێز هەر مێژوویەك و وێنەی لە گەڵ دانراوە ، بەڵام هەندێکی کە وێنەی لــــە گەڵ نیە ، نەم ویستووە وێنەکان زۆر دووبارە ببنەوە ... لە رێزمدا .

٢٠٠٧/٦/٤ لــە ڕاگەیانــدنێکی ووتــە بێــژی فــەرمی ســەرەك وەزیرانــی بــەریتانیا بـۆ ڕۆژنامەنووسـان ڕایگەیانـد ، کـە وڵاتـانی ئـەوروپا بـە تێکـرا سـەبارەت بـە

هەڵوێستی رووسیا هەست بە نیگەرانی دەکەن .
هەروا ووتی :- کە ئێمە دەمانەوێت پەیووەندی و دانووستاندنی ئەرەنی سەبارەت بە ئێران و ، کۆسۆڤۆ و ، هەندێك پرسی دیکە لە گەڵ سەرۆکی رووسیا پۆتین ئەنجامبدەن ، هەروا ووتی :-

مەبەست لە سیستەمی دژە مووشەکی ئەمەریکا لە ئەورووپا ... بە ئامانج گرتنی رووسیا نیە ، بەڵکو بۆ خواستنی ئەمەریکا لەو وولاتانەی کە دەیانەوێت چەکی ناوەکی بەدەست بێنن ... ئەویش :- وەك ئێران و کۆریای باکوورە لە ناوچەکاندا .

هەروا سەرۆکی رووسیا – فلادیمیر بۆتین – گووتی :- ئاراستەکردنی مووشەکەکانی رووسیا بەرەو ئەورووپا ، بۆ هەر ئەگەرێکی کارلێکردنی ئاسایشی نەتەوەیی رووسیا نەك ئەورووپا ، بە هۆی کێشەی قەلخانی مووشەکی :- وولاتی تشیك و پۆلەندا لە لایەن پەیمانی ناتۆ لە جیهاندا .

هەروا بۆتین بۆ رۆژنامەی – کۆرییلا دیلا – ی ئیتاڵی گووتی :- ئەگەر ئەمەریکا تواناداە مووشەکەکانی خۆی بگەیەنێتە پۆلەندا و کۆماری تشیك – رۆژهەڵاتی ئەورووپا – ئەوا دەبێ رووسیا ئامانجی نوێ لە ئەورووپا بگرێتە بەروو ، هەروا گووتی :- بەم کردەی ئەمەریکا ، ئەورووپا دەبێتە – بەرمیلێك باروود – و ئارامی و سەقامگیری لەم کێشووەرە نامێنێت .

٢٠٠٧/٦/٤ لە هەوڵەکانی رژێمی تورکیا لە پێناو رێگەگرتن لە جمووجۆڵی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk لە باکووری کوردستان ، راپۆرتێکی ئاراستەی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان کردووەو لە هەمان کات نوێنەری تورکیا لە نەتەوە یەککگرتووەکانی – باکی ئیلکین – لەم بارەیەوە دانووستاندن لە گەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان – بان کی مۆن – ساز دەدات ، لە پێناو چارەسەری کێشەو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە ناو خاکی هەرێمی باشووری کوردستان .

هەروا لە لایەكی دیكە ئەمەریكا نایەوێت ، كە توركیا دەست لە كاروباری هەرێمی كوردستان وەربدات ، بۆ ئەم هەنگاوە وەزیری بەرگری ئەمەریكا – رۆبەرت گیتس – لە ٦/٣ جەختی لە سەر ئەوە كردەوە ، كە نابێت توركیا بە بیانووی ڕاوەدوونانی چەكدارانی پەكەكە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام بدات ، كە كێشەكە زیاتر بەرەو ئالۆزبوون دەبات لە ناوچەكەدا .

٢٠٠٧/٦/٥ لە داوایەكی وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا – كۆندالیزا رایس – كە ئاراستەی كۆنگرێسی ئەمەریكای كردبوو ، بە تەرخان كردنی ٧٥ ملیۆن دۆلار لە بوودجەی ئەمساڵ ، بۆ بەرنامەی دیموكراسی لە ئێران ، بەڵام تا ئێستا ٦٦ ملیۆن دۆلار لەو بڕە پارەیە بۆ ئەم بەرنامەیە تەرخانكراوە .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند ، كە تاكو ئێستا ٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەرنامەی بڵاوكردنەوەی دیموكراسی تەرخان كراوەو ١٢ ملیۆن دۆلاریش لە پارەكە دراوە بە بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێ .

هەروا سایتی ڕادیۆی – سەوا – بابەتێكی بڵاوكردەوە ، كە كۆنگرێسی ئەمەریكا لە لایەن خۆیەوە ٣٦ ملیۆن دۆلاری تەرخان كردووە بۆ پرۆژەی پەخشی تەلەفزیۆن ، بۆ ئێران و هەروا ٥ ملیۆن دۆلاری تەرخان كردووە بۆ بەرنامەی ئاڵووگۆر كردنی رۆشنبیری و فێركردن لە گەڵ چەندین لایەنی دیكە لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٦/٥ لە لێدوانێكی سەرۆكی هاوپەیمانی ئەمەریكیا بۆ قەرزدان و گەشەپێدان – میناتا تۆریە – بۆ رۆژنامەنووسانی خوێندەوەو گووتی :– بانكی هەژاران لە دژی بانكی دەوڵەمەندەكانە ، كە ئابووری وڵاتمان هەڵدەلووشێ دایمەزرێنین .

ئەم لێدوانەشی لە ئەنجامی كۆتایی لووتكەی هەژاران هات لە پایتەختی وڵاتی – مالی – ئەویش بە دامەزراندنی – بانكی باشوور – یان لە بەرامبەر – بانكی باكوور – دا ، كە كرووپی هەشت وڵاتە پیشەسازیەكە پێك هاتووە هەروا گووتی :– ئامانجیش لە دامەزراندنی بەنكەكە گەشەپێدانی باری كۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتانی هەژارەو بانكی نێوو

دەووڵەتیش پێویستە هەڵووەشێتەوە لە جیهان ، نەك دەست بەسەراگرتنی ئابووری جیهان لە ڕامیاریەتی جیهانگەری بەرەو وولاتانی هەژار لە جیهان .

٢٠٠٧/٦/٦ لیفنت بیلمان ووتە بێژی فەرمی بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری تورکیا گووتی :- ئەگەر سەرکردەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ڕێوو شووێنی پێویست لە دژی چەکدارانی پەکەکە بگرنە بەر ، لەو کاتەدا ئامادەین گفتووگۆ لە گەڵیاندا ئەنجام بدەن .

هەروا گووتی :- ئەگەر بێت ئەو مەرجەی ئێمە جێ بەجێنەکرێت ئەو گفتووگۆیە لە میارەیەوە هیچ سوودێکی نابێت ، هەروا گووتی:-

سەرکردایەتی ڕامیاری کوردستان پێیان وایە گفتووگۆی مەرجدار نابێت بخرێتە پێش چارەسەری کێشەکان لە گەڵ دەسەلاتدارانی تورکیا .

هەروا لەم بارەیەوە لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا سەرەك وەزیرانی ئێراق نووری مالکی و سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان مەسعوود بارزانی ، سەبارەت بە هەرەشەی سنوور بەزاندنی هەرێمی کوردستان لە لایەن هێزەکانی سووپای تورکیاوە داوایان کرد ، کێشەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان لە ڕێگەی دبلۆماسی چارەسەربکرێت ، نەك لە ڕێگەی سەربازی کە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی کێشەکان لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٦/٨ وەزیری گەیاندنی ئیسرائیل – شاتوول مۆفاز – دووپاتی ئەوەی کردەوە کە پەیووەندی لە نێوان ئیسرائیل و سووریا بەردەوام لە ڕێگەی نامە گۆڕینەو بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ئەنجامدراوە ، ئەویش لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو وولات لە سەر گردۆلکەکانی جۆلانی داگیرکراو لە لایەن دەسەلاتی ئیسرائیل لە کاتی شەڕی نێوان ئیسرائیل و عەرەب لە ١٩٦٧/٦/٥دا.

هەروا سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل – ئەیهود ئولمەرت – چەندین جار نامەی ئاڕاستەی سەرۆکی سووریا – بەشار ئەسەد – کردووە و داوای لێکردووە کە ئیسرائیل لە گردۆلکەکانی جۆلان دەست هەڵدەگری ، بەمەرجێك سووریا پەیووەندیەکانی خۆی لە گەڵ ئێران و حزبوللای لوبنانی بپچرێنێت ، بەلام سەرۆکی سووریا وەلامی نامەکانی نەداوەتەوە بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجێکی

باش .

لـه بـەر ئـەوەی تـەوەری نێـوان ئێـران و حیزبـوللای لوبنـان و جووڵانـەوەی حەماسـی فەلەسـتینی – رایـدکالین – و بـەرەو بـەهێزبوون هـەنگاو دەنـێن ، گەرچـی ئیـسرائیل و ئەمـەریکاش هەوڵـدەدەن تـەوەری لایـەنی سـعوودیە و ئوردن و میسر ، بەهێز بکـەن کـە هـەوڵی چارەسـەری کێشەکان لـە ڕێگـەی ئاشـتی و گفتووگـۆ دەدەن لـە نێـوان ئیسرائیل و وولاتـانی پەیووەنـدار ، بە تایبەتی چارەسەری کێشەی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

٢٠٠٧/٦/١١ لە شاری دیاربەکر – ئامەد – لە باکووری کوردستان ڕادیۆی بەشـی کوردی لە ڕادیۆی – جاگری fm – بەخشەکانی خۆی بڵاوکردەوە ، هەروا بەرپرسی بەشی ڕادیۆی کوردی – عومەر جەلیل – لە لێدوانێکی بۆ سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەپێکراو ڕایگەیاند ، کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تورکیا مۆڵەتی پێدراوە کە ماوەی پەخشی ڕادیۆکە یەك کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا .

٢٠٠٧/٦/١١ لە هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل ، ئەمرۆ مانگێکی دەستکردی بە ناوی – ئۆفەك /٧ – هەڵدایە ئاسمانی ناوچەکانی پڕۆژەی ئەتۆمی ئێران ، بۆ ئـەوەی چاودێری تـەواوی جمووجۆڵیـەکانی حکوومـەتی ئێـران بکـات ، لەمەڕ بەدەست هێنانی چەکی ناوەکی .

جێگــەی باســکردنە کــە حکوومــەتی ئیــسرائیل لــە ڕابــردووش مانگــە دەســتەکردەکانی بــە نـاوی – ئۆفـەك/٥ – و – ئۆفـەك /٦ – بـەرەو ئاسمـان هەڵـداوە ، کـە مـاوەی پێـنج ساڵ لـە کارەکـانی چاودێری لـە سـەر ئێـران و ناوچـەکەدا بەردەوامـە ، بـە کۆکۆدنـەوەی زانیـاری لـە سـەر جمووجۆڵیـە سەربازیەکان و کارەکـانی دیکـەی سیخووری سەربازی لە ناوچەکەدا ، کە دژی ئیسرائیل و هاوپەیمانـەکانی ئـەنجام دەدرێـت لـە ناوچەکەو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا .

لـە بـەر ئـەوە ئیـسرائیل لـە چالاکیە ناوەکیـەکانی ئێران نیگەرانـەو کۆماری ئیـسلامی ئێـرانیش بـە یەکـەمین دوژمـنی خـۆی دەزانـێ ، لـە بـەر ئـەوەی مەحمودی ئەحمەدی نژادی سـەرۆکی ئێـران ، لـە مـاوەی دەسـت بەکاربوونی چەندین جار هەڕەشەی سڕینەوەی دەووڵەتی ئیسرائیلی کردووە لە لێدوان و ڕامیاریەتەکەیدا.

٢٠٠٧/٦/١٢ لە ڕاگەیاندنێکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان پەکەکە شەڕی دژ بە ڕژێمی تورکیا و هێزەکانی سووپای تورکیا وەستاند و لە هەمان کات لە ڕاگەیاندنەکەیدا ئەوەشی ڕوونکردەوە ، کە هێزە چەکدارەکانی پارتی کرێکاران تەنیا بەرگری لە خۆ دەکات و داوا دەکات کە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی گفتووگۆ چارەسەر بکرێت لە وولاتەدا .
ئەم ڕاگەیاندنەش لە بارەگای پارتی کرێکارانی کوردستان بوو لە وولاتی بەلژیکا ، لە گەڵ ئەوەشدا هێزەکانی سووپای تورکیا لە سەرەتای مانگی/٤ بەردەوامن لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن دژی چەکدارانی پەکەکە و دانیشتووانە کوردەکانی باکووری کوردستان ، سەرەڕای ئەوە ئەمەریکا و یەکیەتی ئەورووپا دژی کردارە سەربازیەکانن کە لە لایەن هێزەکانی سووپای تورکیا ئەنجام دەدرێت لە سەر خاکی باکووری کوردستان .

٢٠٠٧/٦/١٣ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە کەنێسەی ئیسرائیل – شیمۆن بیریز – سەرکەوتنی بەدەست هێنا بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئیسرائیل .
جێگەی باسکردنە کە سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل – موشیە کاتساف – بە هۆی گەندەڵی لە دەسەڵات دەستی لە کاری پۆستی سەرۆکایەتی ئیسرائیل کێشاوە لە سەر بڕیاری کەنیسەت و لە ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠ ، کە کاتساف بۆ پۆستی سەرۆکایەتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا .
هەروا بیریز ئەندامی پارتی کاربووە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ، بەڵام بەهۆی چەندین کێشە وازی لە پارتی کاری ئیسرائیلی هێناو چووە ناو پارتی کادیمای ئیسرائیل ، کە ئەم پارتە لە لایەن سەرەك وەزیرانی پێشوو – ئیریل شارۆن – دامەزرابوو ، کە دوای ئەوە بە هۆی نەخۆشی کەوتە نەخۆشخانەو تاکو تەواوبوونی ئەم مێژوونامەیە چارەنووسی دیار نیە لە گۆرەپانی ڕامیاری و دەووڵەتی ئسرائیل .

٢٠٠٧/٦/١٤ کۆچی دوایی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرەك کۆماری نەمسای پێشوو – کۆرت فالدهایم – لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە نەمسا .
جێگەی باسکردنە کە کۆرت فالدهایم لە ١٩١٨/١٢/٢١ لە – سانکت ئەندرا وردیرن – لە نزیك شاری ڤیێنا لە نەمسا چاوی بەجیهان هەڵهێناوە . دوای تەواو کردنی قۆناخەکانی خوێندن بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە لە ساڵی

١٩٤٤ به دەست هێناوە ، هەروا له ئەکادیمیای ڤیێنا دەرچووە ، دوای ئەوە بۆتە ئەفسەر لە ریزەکانی سوپا ، لە بەر ئەوەی ئەنجوومەنی جوولەکەی جیهانی فالدهایمی تاوانبار کردووە بەوەی کە لەوکاتەی بەرپرسی یەکێك لە یەکەی سووپا بووە زیاتر لە ٤٢٠٠٠ هەزار جوولەکەی یۆنانی ڕەوانەی سەربازگەکانی نازی ئەلمانیا کردووە .

کە ئەو یەکە سەربازیەش بەرپرسیاربووە لە قەسابخانەکەی کە بە هەزارا جوولەکەی یۆگسلاڤ کوژران لە چیای کوزارا ، بەڵام کۆرت فالدهایم ئەو پڕوپاگندەی ڕەتکردەوەو بە ئەرکێکی سەربازی ناوزەندکردوو خۆی لەو داوایانە دوورخستەوە .

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٢ – ١٩٨٢ کۆرت فالدهایم بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککرتووەکان هەڵبژێردرا ، هەروا دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٦ بە سەرەك کۆماری نەمسا هەڵبژێردرا ، سەرەڕای ئەوەی کە گوایە فالدهایم خزمەتی هەبووە لە سووپای نازی ئەلمانیاو دەستی لە کۆمەڵکوژیەکەی جوولەکەدا هەبووە .

لە ماوەی دەسەڵاتی لە ئەمینداریەتی نەتەوە یەککرتووەکانن سەرکەوتووانە کارەکانی بە ئەنجام گەیاندووە لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرکردن ، بە تایبەت لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی لە جیهان .

٢٠٠٧/٦/١٥ لە وتەیەکی سەرۆکی ئەرژەنتین – نیستوورکیرتشنر – بە بۆنەی یادکردنەوەی ٢٥ ساڵەی تێپەربوون بە سەر کۆتایی هاتنی جەنگی دوورگەی فۆکلاند کە دەکەوێتە باشووری زەریای ئەتڵەسی ، کە ئەرژەنتینیەکان پێی دەڵێن دوورگەی – ئەلمالعیناز – لە ناوچەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە کێشەی نێوان بەریتانیاو ئەرژەنتین لە سەر ئەو دوورگەیە زۆر کۆنەو چەندین جەنگی لە سەرکراوە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ، کە دوا جەنگیان لە ١٩٨٢/٦/١٤ بوو ، بۆ داگیرکردنەوەی دوورگەکە لەلایەن بەریتانیا بەهێزی سووپا لەوکاتدا .

هەر بەم بۆنەوە سەرۆکی ئەرژەنتین لە وتەکەیدا گووتی :– بەریتانیا لە ڕێگەی داگیرکردن دوورگەکەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و ئێمەش لە ڕێگەی ئاشتی و بە یاساکانی دادگای نێوو دەووڵەتی دوورگەکە

دەگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمان و وڵاتەکەمان ... کە لەو جەنگەدا نزیکەی ٩٠٨ کەس لە نێوان هەردوو وڵات گیانیان لە دەست دا ، کە ٦٥٠ کەس لە ئەرژەنتینیەکان ، و ٢٥٥ کەسیش لە بەریتانیەکان لە دوورگەکەدا .

٢٠٠٧/٦/٢١ بەپێی هەواڵی BBC زنجیرەی حەوتەمی چیرۆکەکانی -- هاری بۆتەری -- خاتوو -- ج.ك.رۆلینکی -- رۆماننووسی ئینگلیزی بکەوێتەوە بازارەوە ، کە تا ئێستا لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت نزیکەی ١,٦٠٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە ... خاتوونی نووسەر بەم دواییە ڕایگەیاند ، کەوا بۆ ئەم بەشەی زنجیر جەربەزەییەکەی بۆتەر ناونیشانی -- کەڵێنەکیلۆنەکان -- ی هەڵبژاردوەو لەناویشیدا دوو کەسایەتی سەرەکی دەمرن .

بەمەش ڕێگا بە چەند و چوونی زۆری جیهانی دەدات ... شایانی باسە تا ئەم رۆژە ٣٥٢ ملیۆن دانە لە پەرتووکی هاری بۆتەر فرۆشراوە بۆ سەر ٦٤ زمانیش وەرگێردراوەو پێنج بەشیشی سەرکەوتووانە کراون بە فلیمی سینەمایی ... کەواتە ئەوەندە بەسە بۆ توواناداری خاتوونی نووسەر و دەوڵەمەند بوون لە جیهاندا .

سەرچاوە :- رۆژنامەی خەبات /٢٥٥٠ .

٢٠٠٧/٦/٢٥ لە بەردەم کۆشکی کۆنگرەکانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە شاری ماجستەر خۆپێشاندانێك دژ بە ڕامیاریەتی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا - گۆردن براون - ئەنجامدرا و داوایان کرد بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرەك وەزیران و وڵاتەکەیان بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی سووپای بەریتانیا بدات لە ئێراق . هەروا داوای خۆ پێشاندەران ئەوە بوو کە براون لە هاوهەڵوێستی بەریتانیا لە ئاست وویلایەتە یەکگرتووەکان دژ بە ئێران و جێگەکانی دیکە لە جیهان دووركەوێتەوە لە ڕامیاریەتی دەرەوەی وڵاتەکەدا .



٢٠٠٧/٦/٢٥ لـە لێـدوانێكی سـەركردەی رێكخـراوی قاعیـدەو دووەم كەسـایەتی ئـەو رێكخـراوە بـە – ئەیمـەن زەواهـری – پـشتیووانی خـۆی بـۆ بزوتنـەوەی حەماسـی فەلەسـتینی ، كە بە تـەواوی دەسـتی بەسـەر كـەرتی – غـەزە – دا گرتـووە و داوای رێكخـستنی رێزەكـانی لـە گـەڵ جیهادیـەكان كـرد بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێرشـێك لـە ڕەنگەیـە بـە هاوكـاری میـسرو وولاتـانی دیكەی عەرەبی و ئیسرائیل بكرێتە سەری .

هەروا داوای كرد كە زیاتر رێزەكانیـان رێكخەن لـە گەڵ برا موجاهیدەكانی فەلەستین و جیهان و دووركەوتنەوە لە كێشەو ململانێ و هەوڵەكان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان بێت .

هـەر لـە لێدوانێكیدا بەر لـە مـانگی /٣ی رابردوو رەخنـەی لـە جووڵانـەوەی حەماس گرت ، بە هۆی مۆركردنی رێكەوتنامە لە گەڵ جووڵانـەوەی فـەتح بـە نـاوی رێكەوتنامـەی – مەككـە – لـە سـعوودیە بـە چـاودێری شانـشین عەبدوللای شانـشینی سـعوودیە ، لـە پێنـاو بـەلاوە نـانی كێـشەی نێـوان هەردوو جووڵانەوەكەی فەلەستین .

٢٠٠٧/٦/٢٥ لـە دانیـشتنێكی نهـێنی سـەركردەكانی ئـەركانی سووپای توركیا لە شاری ئەنكـەرەی پایتـەختی توركیا ، چەند تـەوەرێكی تایبەت بە ڕەوشی ئەمنی و دوا پێشهاتەكانی ئێراق و بە تایبـەتی كوردسـتان

خستۆتە بەر باس ، دوای ئەوە لەم بارەیەوە راپۆرتێكی ١٤ خاڵی بە نـاوی ئـەو ڕەوشـەی ئێـستا ئێـراق هەیـەتی و ئـەو هەڵوێـستانەی لـە بەرامبـەردا وەرگرتـووە ، كـە لـە زۆربـەی خاڵەكانـدا نیگـەرانی لـە هەمبـەر هـەر پێـشكەوتنێكی هـەرێمی باشـووری كوردسـتان دەسنیـشانكردووە و پێیـان وایە كە كۆسپێكی گەورەیان بۆ توركیا دروست كردووە .

دانیشتنە نهێنیەكەی سووپای توركیا ، كە وێنەیەكی دەست ڕۆژنامـەی –

دێلی تورکی – کەوتووەو لە ژمارەی ئەمرۆیدا بڵاوبۆتەوە ، کە تێیدا هاتووە ئەو کارانەی لە ئێراق و بەتایبەت لە کوردستان ڕوودەدەن ، وا لە مەترسیەکانی سەر تورکیا دەکەن کە کێشەکان نە لە ڕێگەی دبلۆماسیانە و نە لە ڕێگەی سەربازییەوە ناتوانرێت هیچ چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە .

هەروا لەم دانیشتنە نهێنیەدا سوپای تورکیا ئاماژەی بەوە داوە ، کە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ، بە دامەزراندنی لە شکرێکی سەربازی سەردەمیانە هەنگاو دەنێن ، لە ناو ئەو لە شکرەشدا ۱۷۰۰ چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە هەیە لە هەرێمەکەدا .

هەروا لە خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە :- ئەو ڕەوشەی لە ئێراق دروستبووە و بە تایبەتیش ئەو گۆرانکاریانەی کە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە کایەوە ، لە بارەی باری ئاڵۆزی بارودۆخەوە مەترسی بۆ سەر داهاتووی تورکیا هەیە و بەرەو ئاراستەیەك دەچێت کە چارەسەر نەکرێت .

هەروا لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ئەو مەترسیانەی بە هۆی پێشهات و دوا گۆرانکاریەکانی لە ئێراق و بە تایبەتی لە کوردستان ڕوودەدەن ، لە داهاتوودا لە ڕێگەی یاسا نێوو دەوڵەتیەکانیش چارەسەری بۆ ناکرێت ...

هەروا پلانێك بۆ داهاتوویەکی نزیك دارێژراوە ، کە تەواوی تورکمان ، لە سەرجەم مافەکانیان بێ بەش بکرێت ، گەر ئەو پرۆسەیە بەردەوام جێ بەجێ بکرێت نە لە ڕێگەی دبلۆماسی و نە ڕێگەی سەربازییەوە ناتوانرێت هیچ چارەسەرێکی بۆ بکرێت .

هەروا لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە :- ئەو ڕەوشەی لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە کایەوە ، بە هیچ شێوەیەك لە لایەن تورکیاوە قبووڵ ناکرێت و ناشێت دەرفەتی پێ بدرێت .

هەروا سووپای تورکیا سەبارەت بەبوونی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان چەند خاڵێکی دیاریکردووە وەك :-

١- چەکدارانی پەکەکە لە هەرێی کوردستان بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەك ببنەوە بەردەوام لە هەوڵی خۆ ڕێکخستن و لە گەڵ هێزە ڕامیاریەکانی کوردستانیش لە یەك نزیك دەبنەوە .

٢- چەکدارانی پەکەکە بە ڕێژەی ١٠٠٪ پاڵپشتی و هاوکارییە

لۆژستیەكانی له ئێراقەوە پێدەگات ، بۆیە ئەم ڕێكخراوە پێویستی بەوە نیە بە یارمەتی دانی هیچ وولاتێكی دیكە .

٣- چــەكدارانی پەكەكــە تــەواوی مەشــق و ڕاهێنــانی ئەنــدامانی لــە هەرێمی كوردستان دەبینن .

٤- پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان ، لە هەوڵەكانیان بۆ دامەزراندنی لەشكرێكی سەردەمیانە بەردەوامن و تا نزیكەی ٢٠٠ چەكداری پەكەكە لە ناو ڕیزی هێزەكانی پارتی و٥٠٠ چەكداریش لە هێزەكانی یەكیەتین .

٥- چەكدارانی پەكەكە لە هەرێمی كوردستان لە شاخدان نزیكەی ١٥٪ تا ١٨٪ ی خەڵكی ئێراقن .

ئەمــەو چــەندین خــاڵی دیكــە لــە كۆتــایی ڕاپۆرتەكــەدا هــاتووە:- شــەڕێكی دەروونی بۆ سەربازانی توركیا لە مەڕ گۆڕانكاری و دوا پێشهاتەكانی ئێراق و ناوچەكە و هەرێمەكەدا لە ئارادایە .

٢٠٠٧/٦/٢٦ لــە ڕاپــۆرتێكی ڕێكخــراوی نەتــەوە یــەكگرتووەكان ، كــە لــە لایــەن – تۆمــاس بیتشمان – ئامادەكراوە لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا لە سەر بەرهــەم هێنــانی مــاددە بێ هۆشــكەرەكان ، كــە ئەفگانــستان لــە ٩٢٪ ی سەرچاوەی بەرهــەم هێنــانی ئەو ماددە بێ هۆشكەرانەیە ، كە لەجیهان بازرگانی پێوەوە دەكرێت ، هــەروا ڕاپۆرتەكــە ئەوەشــی دیــاریكرد ، كــە چــاندنی گــوڵی – خــشخاش – لــە ئەفگانستان بە ڕێژەیەكی زۆر زیادی كردووە ، بە قەد سێ ئەوەندەی جاران ســەرەڕای بــوونی زیــاتر لــە ٣٠,٠٠٠ هــەزار چــەكدار لــە هێزەكــانی نێــوو دەووڵەتی لەو وولاتەدا .

جێگەی باسكردنە كە ئەفگانستان لە ساڵەكانی ١٩٨٠ لە ٣٠٪ بەرهەمی ئەو جۆرە ماددەی بەرهەم دەهێنا ، بەڵام ئەو بەرهەمە سێ جار بەقەد ئەوەنــدەی زیــادی كــردووە . هــەروا لــە ڕاپۆرتەكــەدا هــاتووە ، كــە هــەرێمی – هلمەنــد – هەرێمێكە كە نیووەی بەرهەمی ئەو ماددە بێ هۆشكەرە لە جیهان بەرهــەم دێنێ ، كە هەرێمی هلمەند زیاتر لە ٧٠ هــەزار هكتــار لــە زەوی بۆ چــاندنی ئــەفیوون بــەكاردێنن ، كــە ئەمــەش بۆتــە ســێیەكی ئــەو زەویانــەی كــە هــەردوو

وولاتی – میانمارو بۆرما – ئەفیوونی لێدەچێنرێت .
کە ئەمەش بۆتە کارێکی چارەسەر نەکراو سەرەرای بوونی دەسەلاتی ئیسلامی لە ئەفگانستان و ئێران و ، بەلکوو دانیشتووانی ئەم دوو وولاتەش زیاتر لە هەموو دانیشتووانی وولاتانی دیکە بە کاری دێنن ، وەك ژەمێکی خواردن بەرامبەر بە وولاتانی دیکەی جیهان .

٢٠٠٧/٦/٢٧ لە دوای سەرکەوتنی لە کۆنگرەی پارتی کرێکارانی بەرتانیا ، بە سەرۆکی پارت و بوونی بەر سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – گۆردن براون – بەرەو کۆشکی – باکنگهام – بەرێکەوت ، بۆ دەست ماچکردنی شانشین ئەلیزابێت و پیرۆزکردنی بەو پۆستەی کە سەرەك وەزیرانی ژمارە /٥٣ یە لە بارەگای حکوومەت – ١٠ داونەنگ ستریت – لە سەردەمی – رۆبرت و بۆل – کە لە سالەکانی ١٧٢١ – ١٧٤٢ دەسەلاتداریەتی بەریتانیا کردبوو .
سەرەك وەزیرانی نوویێ بەریتانیا – گۆردن براون – تەمەن ٥٦ سال و لە بنچەدا ئەسکەتلەندیە و لە خێزانێکی قەشە گەورە بووە ، لە تەمەنی ١٦ سالیدا چۆتە زانکۆو بەر لە ٢٤ سال پێش ئێستا بۆتە ئەندامی پەرلەمانی گشتی بەریتانیا ، هەر لەو ماوەش توانیوویەتی بروانامەی دکتۆرا لە فەلسەفە بەدەست بێنێ ، بەر لە بوونی بە سەرەك وەزیران ، کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە ، رۆژانە ١٨ کاتژمێر کاری کردووە ... هەروا لە تەمەنی ٤٩ سالیدا لە گەل خاتوو – سارە ماکۆلی – هاوسەرگیریان پێکەوە ناوە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا .
تێبینی :– سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – تۆنی بلێر – لە رۆژی ٦/٢٧ دەستی لە پۆستی سەرەك وەزیران کێشاوەو – گوردن براون – لە ٦/٢٨ پێك هاتەی حکوومەتەکەی راگەیاند لە سەر بەریتانیا .

٢٠٠٧/٦/٢٧ سەرەك کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان – جەلال تالەبانی – لە فرۆکەخانەی سلێمانی نێوو دەوولەتی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند ، کە رژێمی ئیسلامی ئێران لێپرسراوان و ئەندامانی گروپەکانی جووند و مجاهدی ئیسلامی دەستگیرکردووەو بارەگاکانی داخستوون بەلام لە راستیدا ئەم دەستگیرکردنەی بەرپرسەکانی ، کە تیپەکانی کوردستان زیاتر دەستگیرکردنێکی رەمزی بوونەو چونکە

تاکو ئێستاش رژێمی بە ناو ئیسلامی ئێران کۆمەك و یارمەتی دەری گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانن و بەڵگەش ، ئەو هێرشە بوو کە ٢٠٠٧/٧/١٥ کردرایە سەر پاسەوانانی سنوور و لە ئەنجام بووە هۆی کوژرانی٩ لە پاسەوانانی کورد لە سەر سنووری نێوان ئێران و هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٦/٢٩ سەرەك کۆماری ئێراق - جەلال تاڵەبانی - لە بەرامبەر کۆنگرەوانانی نێوودەوڵەتی لە شاری ژنێڤی وولاتی سویسرا رایگەیاند :- کە ئێراق بەرەنگاری هێرشی تیرۆرستانی عەرەبی دەبێتەوە لە هەر یەك لە وولاتانی ، مەغربی عەرەبی و ، سعوودیەو ، سووریا و ، میسرو ، لیبیا .

هەروا گووتی:- ئێراق بەرەنگاری دوژمنداریێتی عەرەب دەبێتەوە لە بەرامبەر کورد و سووننەو شیعەو هاوکاربوونە ، لە پێناو دەرکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش کە داگیرکاری سەپاندە سەر ئێراق ... ئەوان و لە هەمان کات کاك جەلال تاڵەبانی ئەو رێکەوتنەی ئاشکراکرد ، کە لە نێوان سەرۆکایەتی کۆمارو حکوومەت هەیە لە پێناو دروستکردنی سەرکردایەتیەکی بە کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفت و گلەیەکانی نوێنەرانی عەرەبی مەزهەب سووننە ، بۆ مومارەسەکردنی رۆڵی سەرکردایەتی بڕیارەکان و چاودێری کردنی کاروباری دەووڵەت .

٢٠٠٧/٦/٢٩ کۆچی دوایی سیاسەتمەداری ناسراوی کورد و پەرلەمانتاری کوردی پێشووی پارتی رنج و دیموکراسی ناوداری کورد لە باکووری کوردستان — ئۆرهان دۆگان – لە شاری وانی باکووری کوردستان ، بە هۆی سەکتەی دڵ لە کاتی ووتار خوێندنەوەی لە ڤیستیفاڵی چاندو هونەری بایەزیدی ئاگری بۆ هەزاران هاووڵاتی کورد لە نەخۆشخانەی سەدەی بیستەمی زانکۆی وان .

بەم بۆنە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی لە شارەکانی ئامەد و سەرجەم ناوەندو پێکهاتەکانی پێویست بەم پارتە ٣ رۆژ ماتەمی گشتی ڕاگەیاند ... شایانی باسە ئەم سیاسەتمەدارە لە ساڵی ١٩٥٥ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە ئاوایی -- دارگەچیت – لە شاری ماردین چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی بەخوێندنی یاسا کردووە لە زانکۆی ئەنکەرە ... لە ساڵی ١٩٨٩ ئۆگان کۆمەڵەی ماف مرۆڤی لقی جەزیرەی دامەزراندو پاشان وەکو یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی پارتی رەنجی گەل

ناسراو لە ساڵی ١٩٩١ لە سەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی تورکیا بە نوێنەری خەڵکی شرناخ چوو بۆ پەرلەمانی تورکیا و پەرلەمان لە هەوالآنی دیکەی هاوبیرو کوردی پارتی رەنج و دیموکراتیان دامەزراند .

لە ١٩٩٤/٥/٢ لە گەڵ هەڤاڵەکانی بە تایبەت لەیلا زانا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ زیندانی کرا و لە ٢٠٠٤/٦/٩ ئازاد کران ، ئەم سیاسەتمەدارە کوردە لە خەبات و تێکۆشان و خۆراگری لە پێناو گەل و نیشتیمان بەردەوام بوو تاکو ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد لە باکووری کوردستان .

٢٠٠٧/٧/٢ هێزەکانی ئاسایشی چەمچەماڵ دەست بەسەر ٧٠ تەن چای بەسەرچوو داگرت ، کە لە ئێرانەوە رەوانەی هەرێمی باشووری کوردستان کرابوو.... بە مەبەستی فرۆشتنی بە بازرگانانی ئێراق و دابەشکردنەوەی بەسەر هاولآتیاندا.... لە هەمان رۆژیش ئاسایشی کەرکوك دەستی بە سەر لۆریەك چا داگرت ، لە کاتی بەتاڵ کردنی چاکەو بۆ هەمان مەبەست لە ئێراق و لە کوردستان .

٢٠٠٧/٧/٣ رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ کە بنکەی سەرەکیان لە ئەمەریکایە راپۆرتێکی ٩٣ لاپەرەی سەبارەت بەرەوشی خراپی زیندانیانی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە زیندانەکانی ئاسایشی حکوومەتی هەرێم ئامادەکردبوو ، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە هەولێری پایتەختی هەرێم ناوەرۆکەکەی بلآو کردەوە ، کە -- سارالی ویتسن -- بەرێوبەری رۆژهەلآتی ناوەراست و باکووری ئەفەریکیای رێکخراوەکەی مافی مرۆڤ ، ئەویش لە سەر ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی هەرێمی باشووری کوردستان گووتی :-

هێزەکانی ئاسایش بە شێوەیەکی رۆتین دەستگیرکراوان دەخەنە بەر ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردنی دیکە ... دوای ئەوە جێگری سەرەك وەزیرانی ئێراق وئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان دکتۆر بەرهەم سالح لە ٢٠٠٧/٧/٩ لە بابەتێکدا چەندین تێبینی و پێشنیاری لە رۆژنامەی خەبات خستە بەرچاو ، بۆ دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم ، بە تایبەتی ئاسایش و بەندینخانەکانی پارتی ویەکیتی ، کە هۆکارەکانی ئەو پارتە دەسەلآتدارانە لە هەموو بوارەکانی حوکمرانی لە

هەرێمەكەداو ، دوای ئەوە ڕۆژنامەی خەبات بەشێوەیەكی ناڕەزایی وەڵامی نوسینەگەی دكتۆر– بەرهەم سالح – یان دابووەوە.
هــەر لــە ســەر ئــەم بابەتــەش نووســەری ئــەم كتێبــە لــە چــاوپێكەوتنێكی ڕاســتەوخۆدا لــە ۷/۱۱ /۷/ ۲۰۰۷ . لــە گــەڵ كــەناڵی ئاســمــانی تەلــەفزیۆنی سەحەری ئیرانی باسی لەم لایەنە كرد....كە ئەم ڕاپۆرتەشی كاردانەوەی داهاتووی خراپی نواندە سەر باری دەسەلاتی كورد و هەرێم و جیهان .

۲۰۰۷/۷/۳ كۆچی دوایی گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمەریكی خاتوو-- بیڤرلی سیلزی – – لە تەمەنی ۷۸ساڵیدا ، بە نەخۆشی شێرپەنچە لە سنگیەوە.....شایانی باسە ئەم خاتوونە لە ساڵی ۱۹۲۹ لەگەڕەكی بیرۆلكینی شاری نیورۆك چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .
ئەم خاتوونە لە ماوەیەكی كەمدا بەسەر پلیكانەی ناوبانگی گۆرانی ئۆپیرالی هەلـدەزنیٚ . لـە سـاڵی ۱۹۵۵ بـە سـەرۆكی خانـەی مـیترۆ پولیتـان ئـۆپیرای شـاری نیـۆرك دادەنرێـت ... كـۆی بەرهەمـەكانی زیـاتر لـە ۷۰ شـانۆگەری ئاهەنگسـازی و ۱۸ شـانۆگەری ئـۆپیرالی وچـەندین كۆنسـێرتی تایبـەت دادەنرێت ، چەندان جاریش خەلاتی بەرزی پیٚ بەخشراوە ، لەوانە خەلاتی ئازادی سەرۆكایەتی لە ساڵی ۱۹۸۰.
هـەروا خـەلاتی سـەنتەری كیتری لـە سـاڵی ۱۹۸۵ وچەندان خـەلاتی دیكـەی پیشەیی ، لەوانە چوار خەلاتی تیمی بە دەست دێنیٚ لە وولاتەكەیدا .

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە/۲۵۰۰

۲۰۰۷/۷/٤ سـەرەك وەزیرانـی پێشووی ئێـراق و سـەرۆكی پـارتی دەعـوەی ئیـسلامی مەزهــەب شــیعەی تونــدرەو -- ئیــبراهیم جەعفــەری – بــە ڕەسمــی پرۆژەیـەكی داواكـاری پیشكەش بـە نوێنـەری سـەرۆكی ئەمـەریكا جـۆرج بـۆش لـە ئیراق كـرد ، كـە لـە ۹ خـاڵ پێك هـاتبوو...یـەكێك لـەو خالانـە كـە داوای كردبـوو ، بـە پێدانی پۆسـتی سـەرەك كۆمـاری ئێـراق بـە مەزهـەب

سوونەنەی ئیسلام و، پێدانی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بە کوردو خۆشی پۆستی سەرەك وەزیران وەرگرێتەوە ، لە پاڵ ئەوەشدا بە جێ بە جێکردنی مادەی/ ١٤٠ بە رازی کردنی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستانی بە ئێراق لکێندراو لەو وولاتە داو لە گەڵ چەندین پێشنیار و بابەتی دیکە و لە پێناو جێ بە جێکردنی خواست ونیازە شۆڤینیە توندرەو لە سەدام چووەکەی لەو وولاتەدا.

٢٠٠٧/٧/٦ یانەی وەرزشی هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە تۆپی پێ مێژوویەکی بۆ شاری هەولێرو کوردستان تۆمار کردو بۆ یەکەم جار لە مێژوویدا توانی ببێتە پاڵەوانی خوولی بژاردەی ئێراقی فیدراڵ.....کە هەردوو یانەی هەولێرو جەوییەی بەغدا لەو یاریەدا روبەرووی یەك بوونەوەو ، لە ئاکام یانەی هەولێر توانی بە گۆلێك لە خوولی یەکەمدا سەرکەوتن بەسەر یانەی جەوییە بە دەست بێنێ و تەواوی جەماوەری یاریگاکەی هێنایە هەژان ، کە زیاتر لە ٢٠ هەزار هاندەر ئامادەی بوون لە یاریگاکەدا .



٢٠٠٧/٧/٧ لە شاری لشبۆنەی پایتەختی پورتووگال سەیرو سەمەرە نوێیەکانی جیهان راگەیاندرا ، ئەو کردارەش لە رێگەی دەنگدان بە هۆی ئینتەرنێت و نامەی تەلەفۆنی بچووکەوە بەرێووە چوو . لەم کارەشدا ٧٠ حەفتا ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا بەشداریان تێدا کرد ، هەروا ئاژانسەکانی هەواڵ هەریەك لە شوورەی مەزنی چینی مللی و ، پەیکەری مەسیحی و ، ودلسۆز لە بەرازیل و ، پەرستگای تاج مەحەل لە هندستان ، بە سەیرو سەمەرەی نوێی جیهان دانران .

هەروا شاری بەترای ئوردن و ، کۆلیزێ لە رۆماو ، شووێنەواری ماتچوبیکتۆچکۆ لە پیرۆو ، شاری شیشن ئیتزا ، کە پاشماوەی شارستانیەتی مایایە لە مەکسیك خرانە ناو لیستە نوێیەکان .

هەروا رێکخەران رایانگەیاند



، کـه ئەهرامـەکانی جیـزەش خرایــە دەرەوەی کــێ بــر کێیەکـە ، لـە بـەر ئـەوەی بـە سـەیرو سـەمەرەی شـەرەف دانــران . هــەر یــەك لــە ئەکرۆپۆڵ لە شاری ئەسینا ، یـاخوود تـاوەری ئیڤـل لـە شــاری پــاریس و ، پەیکـەرەکانی مـەوای لـە دوورگەی ئیسستەر ناویان لە لیــستەکەدا نــەهاتبوون . رێکخـراوی یۆنیسکۆ رژدبـوو لـە سـەر ئـەوەی کـە کـەمترین بــەراورد لــە نێــوان دەستپێشخەری راگەیاندن بۆ ٧ حــەوت ســەرو ســەمەرە نوێیــەکانی جیهــان و کــاری زانــستی و پــەروەردەیی لــە ئــارادا نییــە ســەبارەت بــە خستنە ناوەوەی شوێنەکان لە لیستی کەلەپووری جیهانیدا .

هـەروا ئاهـەنگی راگەیانـدنی ئەنجامـەکانی کـە ئەکتـەری بـەریتانی -- بـن کینگـسی -- و ئەکتـەری ئەمـەریکی -- هـیلاری سـوانگ -- لـە لشبۆنە پێشکەشیان کرد . هەروا وادەیەکی رەمزیان بۆ دانا ئەویش رۆژی ٧/٧ بوو ، هەروا کۆمەڵێك ئەستێرەو کەسایەتی دیار ئامادەی بوون لـە ناونیشاندا -- نیل ئەرمستۆنگ -- و ئەکتـەرو گۆرانیبێژ -- جنیڤـەر لۆپێزو ، سـەرەك وەزیرانی پورتووگال خۆسێ سوکراتیس ، و ئەستێرەی تۆپی پێی رۆنالدۆ لە بەرازیل .

جێگەی ئاماژە پێکردنە ، کە شاشەکانی تەلەڤزیۆن ئاهەنگەکەیان بۆ ١٧٠ وولاتــی جیهــان گواســتەوە . هــەروا پێــشنیار کــرا ، کــە ســەیرو ســەمەرە کۆنـەکانی جیهـان زینـدوو کرانەوەیـەکی مللـی بـۆ بکـرێ . کـە لـە لایـەن --

هیرۆدۆتی میژوونووسی یۆنانی ٤٢٥--٤٨٤ ی پیش زاین و زانا کالیماخۆس ٢٤٠--٣٠٥ ی پیش زاین ، کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ بەر لە زاین و خرایە لیستیك لە مۆزەخانەی ئەسکەندەریە لە وولاتی میسردا .

ئەو لیستەی کە ئەمرۆ ئیمە پیی ئاشناین لە سەدە ناونجییەکان کۆکرایەوەو لەو کاتیشدا زۆر لەو شووینانە لە سەر گۆی زەوی نەمابوون ، کە بریتی بوون لە :-

١- هەرەمی گەورە لە شاری جیزە ،کە لە دەورووبەری ساڵانی ٢٥٠٠-٢٦٥٠ ی پیش زاین دروستکاوە ، تا ببیتە گۆرستانی شاری فرعەونەکانی میسری خۆفۆ . کە لە بنەماڵەی چوارەمەو تا ئیستاش هەر گەوورەکە ماوە لە وولاتەکەدا .

٢- باخچە هەڵواسراوەکانی بابل لە باشووری ئیراقی ئیستادا ، کە لە ساڵی ٦٠٠ ی پیش زاین دروستکراو بەر لە سەدەی یەکەمی بەر لە زاین بە هۆی بوومەلەرزەیەکەوە ویران بوو .

٣- پەیکەری ئەرتمیس لە ئەفسوس لە تورکیای ئیستادا ، کە لە ساڵی ٥٥٠ ی پیش زاین دروستکراوە ، بۆ بەرز راگرتنی خواوەندی گریك ئەرتمیس تەرخان کراو ساڵی ٣٥٦ هیرۆستراتۆس پەیکەرەکەی خاپوور کرد .

٤- پیکەری زیۆس لە ئۆلۆمپیا لە یۆنان کە لە ساڵی ٤٣٥ ی پیش زاین دروستکراوە و بەرزایەکەی ١٢ مەترە ، فەرمانرەوایانی مەسیحی لە نیوان هەردوو سەدەی ٥-٦ بۆ زاڵبوون بە سەر بتپەرستی هەڵیان وەشاندەوە لە وولاتەکەدا .

٥- ئارامگای مووسولوس لە هالیکار ناسۆس ، کە ئیستا باشووری رۆژهەلاتی تورکیای ئیستایە - واتە ئەوەی لە تورکیایە لە سەر خاکی کوردستانە - کە لە ساڵی ٣٥١ ی پیش زاین دروستکراوەو بەرزیەکەی ٤٥ مەتر بووە . هەر چوار لاشی بە نیگاری دیار رازیندرابووەوە . بە هۆی روودانی بوومەلەرزەوە زیانی پیگەیشتووەو لە ساڵی ١٤٩٤ ی پیش زاین خاچپەرستانی ئەورووپا بە تەواوی ویرانیان کرد .

٦- پەیکەری زلی رۆدس کە لە ساڵی ٢٨٠-٢٩٢ ی پیش زاین دروستکراوە ، کە پەیکەریکی زلی برونزی خواوەندی گریك هیلیۆس بووە . کە بە هەمان

بارستایی پەیکەری ئازادی نیورۆکی هەبووە لە ئەمەریکا . لە ساڵی ٢٢٤ پێش زاین بە هۆی بوومەلەرزە خاپوور بووە .

سەرچاوە :– www.moheet.com

٢٠٠٧/٧/٧ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا --گۆردن براون -- داوای لە فەرمانگەی كۆچ كرد ، كە چاو بە بارودۆخی ئەو وەرگێرە ئیراقیانە بخشێننەوە كە لەگەڵ هێزەكانی سووپای بەریتانیا كار دەكەن ، كە ژمارەیان ٩١ وەرگێرە – مترجم -- كە ئەوان داوایان كردبوو بە پەنا هەندەیی لە بەریتانیا وەربگیرێن ، ئەم وەرگێرانەش كە لە بەرژەوەندی هێزەكانی بەریتانیا ئەم كارانەیان ئەنجام دەدا.

بەڵام داوای وەرگێرەكان لەلایەن فەرمانگەی كۆچ رەتكراوەتەوە سەرباری داواكردنی ئەو داوایە لەلایەن ئەفسەرێكی پایە بەرزی بەریتانی لە ئیراقدا .

٢٠٠٧/٧/٩ نووسەری ناوداری كورد پرۆفیسۆر عەبدولرەحمان حاجی مارف كۆچی دوایی كرد ، بە هۆی رووداوی ئوتومبێل لە نێوان رێگای كەركوك -- سلێمانی ، شایانی باسە پرۆفیسۆر عەبدولرەحمان لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .؟

خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان تەواو كردووە ... بەكالیۆرۆس و دكتۆرای لە یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو لە زمان وئەدەبی كوردیدا بەدەست هێناوە ... پرۆفیسۆر عەبدولرەحمان لە تەمەنبدا توانیویەتی خزمەتێكی زۆری زمان وئەدەبی كوردی بكات ، كە زیاتر لە ٣٠ كتێبی قەبارە گەورەی بە نرخ بگەینێتە دەست خوێنەران وكتێبخانەی كوردی لە كوردستان .

٢٠٠٧/٧/١١ رۆژنامەی توركی بەناوی – تودەی زەمان – رەخنەی لە حكوومەتی یۆنان گرت ، كە ئەویش لە رێگەی وەزیری دەرەوەی توركیا بوو ، بە هۆی ئەو نەخشەیەی كە تێیدا هەرێمی باشووری توركیای وەكو بەشێك لە دەوڵەتی كوردستانی سەربەخۆ پێشانداوە ... ئەم نەخشەیە لە شاری ئەسینای پایتەخت یۆنان ،

ئەویش لە كۆنفراسێكی سەربازی لە ژێر ناوی بەرێوەبەری قەیران پێشانداوە ... لە كۆنفراسەكەدا نوێنەری سووپای توركیا و نوێنەرانی

سەربازی چەندین وولاّتی دیکە بەژداریان تێدا کردو بە نیشاندانی نەخشەی کوردستان لە کۆنفراسەکەدا ... تورکیا بە توندی تورە کرد . پرۆفیسۆر مازیس ، کە شارەزایەکی رامیاری بوو ، کاروباری ستراتیژی و سەربازیە لە ووتەکانیدا لە کۆنفرانسەکە ،سوودی لە نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو وەردەگرێت .

کە بۆ یەکەم جارە لە گۆڤارێکی سەربازی ئەمەریکا بلاّو کراوەوە پاشان لە کۆلیژی سەربازی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆش وانەی لەسەر وتراوەتەوە . ئەمەش ئەفسەری تورکی بەژداربوو لە کۆنفراسەکەو ناڕەزای توندی پێشانداو کۆنفراسەکەی جێ هێشت ، دوای ژەنەرال و حکوومەتی تورکیا نامەی ناڕەزاییان ئاراستەی حکوومەتی یۆنان و، ئەمەیان بە هەلێکی گونجاو لە قەلەمدا بۆ دابەش بوونی تورکیا.

ئەم سمینارە کە پەیوەست بوو بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانی ڕامیاری وسەربازی لە ناوچەو ناوخۆی ئەزمونی سەربازی نوێنەرانی وولاّتانی جیهانی بوو لە لایەنی ئەنیستیتۆی ئانالایزی بەرگری یۆنانیەوە بەڕێوە چوو لە وولاّتەکەدا .

شایانی باسە لە سالی ٢٠٠٦ لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا ، هەمان نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو لە کاتی وانە گووتنەوە بۆ ئەفسەرانی وولاّتانی پەیمانی ناتۆ بەکارهاتبوو ، کە ئەمەش بووە هۆی گرژی نێوان رژێمی تورکیا و ئەمەریکا و ئیتالیا .

٢٠٠٧/٧/١٢ کۆچی دوایی زانای ناسراوی کورد دکتۆر -- محەمەد موکری -- لە شاری ئیڤری ، لە نزیك شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە تەمەنی ٨٦ سالیدا ... شایانی باسە دکتۆر محەمەد لە سالی ١٩٢١ لە شاری کرماشان لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانی داگیرکراو لە لایەن ئێران ، چاوی بە جیهان هەلّهێناوە لە هەرێمەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دکتۆر محەمەد لە بنەمالّەی سیفەدین موکریە ، کە لە سەدەی هەژدەمدا حاکمی سەربەخۆی کوردستانی موکری بووە . لە مندالیەوە بە گوێرەی ڕێنوێشینەکانی باوکی.پارەلێك لەگەلّ زمانی فارسی ، زمان وڕێزمانی عەرەبی دەخوێنیّ...لە تەمەنی ١٣ سالیدا کرماشان جیّ

دێلیَ و روو له شاری تارانی پایتەختی ئێران ، دەکات و ئامادەیی شەرەف له تاران تەواو دەکات ، دواتر له کۆلیژی ئاداب له سالی ١٩٤٩ کارنامەی دکتۆراکەی له بارەی دیالێکتی ئاخێوەرەکانی رۆژئاوای ئێران تەواودەکات .

له سالی ١٩٤٦ یەکەمین ئیدارەی تەعلیماتی ئێرانی و هۆزە کۆچەرەکانی ئــــێران دادەمەزرێنیَ ، له ســـالەکانی ١٩٤٧ _ ١٩٥٠ چەندین بابەت و لێکۆلینەوە کۆدەکاتەوە و چەندین دەست نووسی بلآوکردۆتەوە و زۆرشی له دوای خۆی جێهێشتوە ... له سالی ١٩٥١ بووەتە بەرێوەبەری گشتی له وزارەتی فەرهەنگی نیشتمان . سەرنووســـەری گواری – ماه -- بەخستان بووە ... له سالی ١٩٥٤ له دوای کودەتاکەی شا به سەر موسەدەق موکری زیندان دەکریَ .

دوای ئازادکردنی له سەر داوەتی پرۆفیـــسۆر ماسینۆن میندرسکی ماسیَ بێنیسفینست دەچێتە فەرەنسا .... له سالی ١٩٥٤ تاکو ١٩٧٩ چەندین بەرهەم و بابەت به فەرەنسی بلآودەکاتەوە و هەر بەم بۆنەیە پاداشتی دەوولەتی فەرەنسا وەردەگریَ ... دوای روخاندنی رژێمی شا دەگەرێتەوە ئێران و دەیکەنە بالیۆزی فەوقەلعادەی ئێران له مۆسکۆ و دواتر مەنگۆلیا ... له ســـالی ١٩٨٩ دەگەرێتەوە فەرەنســـا .

٢٠٠٧/٧/١٦ کۆچی دوایی زاناو نووسەری کورد -- سەلام حەیدەری -- له تەمەنی ٨٠ سالیدا ، به نەخۆشیەکی درێژ خایەن له مالەکەی خۆیدا ... مامۆستا سەلام حەیدەری خاوەنی چەندین پەرتوکە ، وەك شەوێك لەگەلَ خەیام – خەوننامەی کوردی – مەولود نامەی کوردی لایەنیکی ونیوو له مێژووی کورد . ئەم نووسەرە له سەردەمی کۆماری کوردستان له مەهاباد ، به بریاری پێشەوا قازی محەمەد دەکرێتە سکرتێری رۆژنامەی کوردی له هەرێمەکەدا .

دوایی روخاندنی کۆماری کوردستان له لایەن رژێمی ئێران دەچێتە پرووسیا و پاشان وولاتەکانی ئەفگانستان و ، ئەردەن و ، میسر و ، سعودیە دەگەریَ . هەروا سەلام حەیدەری ئەندامێکی چالاکی ژیَ کاف بووە و له سالی حەفتاکان به بریاری سەرکردایەتی کورد دەکرێتە قازی له پارتی دیموکراتی

کوردستان لە دەڤەری بێتواتەی سەر بە قەزای رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی باشووری هەرێمی کوردستان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا سەلام حەیدەری لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا خەڵاتی گەورەی پێ دەبەخشرێ ، کە یەکێکیان لە لایەن مستەفا بارزانی و ئەوی دیکەیان لە لایەن زانکۆی ئەزهەر. تەرمی سەلام حەیدەری لە گوندی دواوەی ناحیەی بێتواتە لە گۆرستانی مەلا زادە دەنێژرێ لە هەرێمی باشووری کوردستان.

٢٠٠٧/٧/١٦ بۆ بینینی زیاتر لە ٤٥ هەزارجۆرە گوڵی رەنگاورەنگ لە پیشانگایەك ، کە لە شاری برۆکسل ئەنجامدراو زیاتر لە ٧٠,٠٠٠ هەزار کەس سەردانی ئەو پیشانگایەیان کرد . کە ساڵانە ئەم پێشانگایە ئەنجام دەدرێت لە ڤیستیڤاڵی گوولْ ، کە لیژنەیەکی جیهانیش تەرخان دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی جوانترین گوولْ لە ڤیستیڤاڵەکەدا .

٢٠٠٧/٧/١٦ لە دوای ٤٠ ساڵ لە دەربەدەری نووسەرو شاعری ناوداری گەورەو یەکەمی فەلەستینی و عەرەبی مەحمود دەرویش گەرایەوە شاری حەیفای فەلەستین .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مەحمود دەرویش ماوەی ٥٠ ساڵ بەرگری لە کێشەی گەلی فەلەستین کرد بە بێ پچران . کە بە شاعیرو نووسەرو روناکبیرێکی چەپرەو ناوزەند بوو ، لە هەموو بوارەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە و نیشتیمان و سەربەخۆی گەلان و دادپەروەری لە دەسەڵات و ژیان و.لە کار...!...؟.

٢٠٠٧/٧/١٦ لە ئەنجامی تەقینەوەی چوار ئوتومبیلی مینرێژکراو لە لایەن تیرۆرستانەوە لە شاری کەرکوك لە نزیك بارەگای یەکیتی نیشتیمانی کوردستان ، چەندین جێگەی دیکە ، کە لە ئاکامدا بووە هۆی شەهید بوونی زیاترلە ١٠٠ هاووڵاتی و زامداربوونی زیاترلە ٢٠٠ هاووڵاتی کورد لە شارەکەدا .

٢٠٠٧/٧/١٧ سەرەك کۆماری سووریا بەشار ئەسەد لە وتەیەکیدا بە بۆنەی نوێکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ حەوت ساڵی دیکە رایگەیاند رێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ پێدانی رەگەز نامەی سووری بە ژمارەیەك لە کورد ، بە تایبەتیش ئەوانەی کە لە بەشی باکووری وولاتدا دەژین ... هەروا

بەشار ئەسەد گووتی:-
کۆ دەنگیەك هەیە لە سووریا لە سەر پێویستی چارەسەر کردنی مەسەلەی سەر ژمێری ساڵی ١٩٦٢ ... ئەمەش لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەو کوردانەی کە لەو سەر ژمێریەدا ناونووس نەکران و بەو هۆیەوە رەگەز نامەیان پێنەدرا ... هەروا ئاماژەی بە پرۆژەی یاسایەك کرد ، کە کاری لە سەر دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە .
شایەنی باسە کۆنگرەی حزبی بەعس لە سووریا کە لە مانگی ٢٠٠٥/٦ بەسترا ، داوای چارەسەرکردنی کێشەی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ لە شاری حەسەکە کردبوو ، کە نزیکەی یەك ملیۆن و نیوو کوردی تێدا نیشتەجێیە و گرنگیان بە بوژانەوەی ئەو ناوچەیە نەداوە . هەندێ لە پارتە کوردیەکان لە سووریا دوپاتی دەکەنەوە کە ٢٢٥٠٠٠ هەزار هاو وولاتی کورد لە ڕەگەزنامە بێ بەشکران لە وەتەی ئەو سەرژمێریە لە ساڵی ١٩٦٢ ئەنجامدراوە لە هەرێمەکەدا.

٢٠٠٧/٧/١٧ ڕۆژنامەکانی ڕووسیای یەکگرتوو دەرکردنی ٤ دیپلۆماتکاری ڕووسیان لە بەریتانیا بە شەڕێکی دیپلۆماتی ناو برد ، کە بەریتانیا دژی ڕووسیا بەرپای کردووە ... ڕۆژنامەی ئەزڤیستیای نزیك لە کەرملێن نووسیویەتی:- سەرۆك وەزیرانی تازەی بەریتانیا گۆردن براون شەڕی لە دژی ڕووسیا ڕاگەیاند ، بە شەڕی دیپلۆماتی و شەڕی ڤیزا .
هەروا نووسیویەتی:- کە پێویستە کرملێن بە زووترین کات وەڵامێکی گونجاو بداتەوە ، هەروا ڕۆژنامەی کۆمەر سانق ئابووری لەلاپەڕێکی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە ، کە ڕووسیا و بەریتانیا دەستیان بە شەڕێکی دیپلۆماتی کردووە ... کە بەریتانیا ڕۆژی ٧/١٦ چوار دیپلۆماتکاری ڕووسیای دەرکردبوو و ڕایگەیاندبوو ، کە چاو بە هاوکاری نێوان لەندەن ومۆسکودا دەخشێنێتەوە .
ئەمەش لە وەڵامی بە دەستەوە نەدانی چوار گومانلێکراو لە مەسەلەی کوشتنی سیخورێکی پێشووی ڕووسیا یەکگرتوو ، بە ناوی ئەلکسەندەر لێڤینیسکۆ ، کە لە شاری لەندەن ژەهر خوارد کرابوو لە لایەن مۆسکۆوە .
ئەمەو چەندین بابەتی دیکە لە ڕۆژنامەکان باسی لێوە کرا لەم بارەیەوە .

٢٠٠٧ ٧ ١٧ بڕیـاری لـە سـێدارە دانـی عـەدنان حەسـەن یـووری ڕۆژنامـە نـووس و بەڕێوەبەری هەفتە نامەی ڕاگیراوی کوردی فارسـی ئاسۆ لـە لایـەن دەزگای شۆڕشی شـاری مەریوانـەوە بۆیـان دەرچـووە ، لـە لایـەن کۆمـاری ئیسلامی ئێران ... شایانی باسە ئەم دوو کوردەی شاری سنە دەست بەسـەر کـران ، کە هیوا بۆ تیماریش لـە شـاری مـەریوان ماوەی نزیکـەی ٧ مـانگ دەسـتگیر کرابوو .

٢٠٠٧/٧/١٧ سـەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش بە فەرمانێکی سـەرۆکایەتی ماڵ و دارایـی گشت ئەو وولاّتانەی کە واشنتۆن گومـانی ئـەوەیان لێکراوە کـە پاڵپشتی لـە تێکدانی باری سەقامگیری ئێراق دەکەن ... بلۆك کرد . لەم باریـەوە کۆشـکی سپی گووتی :- ئامانج لەم بڕیارە گەمارۆدانی ئەو گروپە تیرۆریستانەیە کـە لـە لایـەن سـووریا و ئێـران ، یارمـەتی دەدرێـن ... لـەم بـارەوە سـەرۆکی ئەمـەریکا دەقی بڕیارەکەی لە پاش دەرچونیەوە دەبێتە یاسا و دەست بە جـێ بـە جێکردنـی دەکرێـت ... هـەروا سـەرۆکی ئەمـەریکا ئـەم کارانـە بـە هەڕەشـەیەکی گـەورە و مەترسـیدار دەخاتـە سـەر ئاسایـشی نەتـەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و باری ئێراق بەرەو حکوومەتێکی دیموکراتی لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٧ ٧ ١٨ بە بۆنەی ٨٩ ساڵەی ساڵیادی لە دایك بوونی سـەرۆکی ئـەفریکیا ، بـە پێـك هێنـانی گروپێکـی هـزری ڕاگەیانـد . کـە ژمارەیـەك لـە کۆنـە سـەرکردە و کەسایەتی لە خۆ دەگرێت و وەك مانـدێلا گـوتی:-دەتـوانین بـە ئـازادی و دڵنیایـەوە ئاخـاوتن بکـەین و لـە چارەسـەر کردنـی کێـشە مرۆییـەکان لـە جیهاندا .

هەروا هاوکاری بکەن و دەتوانین بە ئاشکراو نهێنـی کاربکـەن . ئەمـەش لـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە جۆهانسبۆرگ ، ماندێلا کە خەلاّتی نۆبلی بۆ ئاشتی وەرگرتووە و بە پاڵەوانی دژ بە نەژاد پەرست ناسراوە وگـووتی:- هیوادارم ئەم گروپە بتوانێت تاریکی ئەم جیهانە ڕوناك بکەنەوە.

٢٠٠٧ ٧ ١٨ زیـاتر لـە ١٠٨ شـارەزای ئێراقـی لـە بـواری نەوتـدا نامـەیکی کراوەیـان ئاراستەی پەرلـەمانی ئێراقـی فیدراڵ کـردووە و تیایدا داوایـان لـە پەرلـەمان کردووە ، کە پەلە لە یاسای نەوت و غاز نەکەن ... ئەو شارەزا ئێراقیانـەی

که له عەرەبی هەردوو مەزهەب شیعەو سووننەی ئیسلامی پێك هاتبوون له نامەکەیاندا گوتوویانه:-
بەرنووسی یاسای نەوت و غاز که خراوەته بەردەست پەرلەمان له ناوەرۆکدا جیاوازی لەگەڵ پەرنووسەکەی پێشوو نییه جگه لەوەی که ئەمجاره به زمانێکی پاراوتر دارێژراوه ... چونکه ئەو پەرنووسه هەموو تێبینیەکانی ئەنجوومەنی شووراي دەوڵەت تێبینیەکانی شارەزایان که کۆرەکەی عەمانی پایتەختی ئوردن و کۆرەکەی سەندیگاکانی کارمەندان نەوت و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژمارەیەك له لایەنه رامیاریەکان پشتگوێ خستووه ... هەروا داوایان کرد که ئەم یاسایه دەبێ له بەرژەوەندی تەواوی گەلانی ئێراق بێت له وڵاتەکەدا.

٢٠٠٧/٧/١٨ سیاسەتمەداری کورد خاتوو لەیلا زانای نوێنەری پێشووی پەرلەمانی تورکیا له میتینگێکی پروپاگەندەیدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا ، که بریاره له ٢٠٠٧/٧/٢٢ ئەنجام بدرێت ، داوای پێك هێنانی سیستەمی فیدراڵی و سازبوونی هەرێمی کوردستان و دانانی به هەموو مافەکانی رەوای گەلی کوردستان له باکوری کوردستان ، له ئەنگەره خواست و هەرەشەی ئەوەیکرد ، که کورد بۆ دواین جار دەستی ئاشتی بۆ رژێمی تورکیا درێژدەکات ... ئەگەر ئەم مافانه مسۆگەر نەکرێن , تورکیا تووشی پارچه بوون دەبێت .
خاتوو لەیلا زانا پەرلەمانتاری پێشووی پارتی رەنج و دیموکراتی و پشتیوانی له کاندیدەکانی کوردی سەربەخۆی سەربه ده تەپه بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا کرد ، که لەو کۆبوونەوەیه به دەیا هەزار هاووڵاتی کورد ئامەددا ، که هەرەشەی ئەوەیکرد که کورد داوای چارەسەری کێشەکه به ئاشتیانه دەکات و ، گەر تورکیا دەستی نەگرێت و پێشوازی له چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نەکات ، ئەوه گەلی کورد چیدیکه دەست درێژ ناکاتەوه ... له گەڵ دەیا ووتەی دیکه به بەرگری کردن له مافەکانی گەلی کوردستان له باکووری کوردستان .



٢٠٠٧/٧/١٨ هێزەکانی سوپای ڕژێمی تورکیا بەردەوامە لە بۆردمان کردنی گوندەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و هەرێمی باشووری کوردستان و بۆتە هۆی ئەوەی ، کە بە دەیا گوندنشینەکان گوندەکانیان جێ بهێلن و ڕوو لە ناوچە ئارامگرەکان بکەن ،

شایانی باسە ڕێکەوتنامەی پاراستنی سنووری نێوان ئێراق وتورکیا و ئێران ، بە هاوکاری هەردوو ڕژێمی ئێران و تورکیا دژ بە چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوامە ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناو خاکی تەواوی تورکیا لە خەبات بەردەوامن دژ بە ڕژێمی تورکیا .

ئەویش لە پێناو بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانیان و ئەمەو چەندین مانگە تورکیا بە دەیا هەزار سەربازی بە هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنی سەردەمی ، لەو کارانە بەردەوامە و هەرەشەی هێرشکردنە سەر هەرێمی باکووری کوردستان دەکات ، لە پێناو شێواندن ودروستکردنی دوودڵی و نا ئارامی لەم هەرێم و مەترسی بوونیان لە داهاتووی دەسەلاتەکانیان و هۆکارەکانی دیکەی وەك ڕاگەیاندنێکی بە پێز بۆ هەڵبژاردن دوای ڕۆژی ٧/٢٠و چەندین باری دیکە لەو ناوچەدا.

٢٠٠٧/٧/٢٠ لیژنەی شەش قۆلی تایبەت بە دۆسیەی ئەتۆمی کۆریای باکوور لە شاری پەکینی پایتەختی چینی مللی ، کۆبونەوەکانی خۆی ئەنجامدا لە پێناو گەیشتنی بە ڕێکەوتنێك بۆ دیاریکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بهاوێژرێت ، ئەویش کۆتایی هێنان بە بەرنامە ئەتۆمیەکەی کۆریای باکوور.

شایانی باسە لە رابردووش کۆریای باکوور پێنج دامەزراوی ئەتۆمی خۆی داخست ، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ لێك هەڵوەشانەوەیان بەرامبەر بە دابین کردنی برێکی زۆری سووتەمەنی هەر وەك ڕیکەوتنەکەی مانگی ٢٠٠٧/٢ لە نێوان کۆریای باکوور و کۆمەڵگای نێوودەوڵەتی ، کە جەختی لە سەر دەکردەوە ... سەرەرای ئەوەش کۆریا پابەندی خۆی بە هەڵوەشاندنەوەی

دامەزراوە ئەتۆمیەکان دوپاتکردەوە لە وولاتەکەیدا .

٢٠٠٧/٧/٢٠ تیمەکانی بواری جیولۆژی دارفوور لە سوودان بە هاوکاری تیمێکی گەوورە لە زانایانی ئەمەریکی ، لە ئەنجامی پشکنینێکی بەردەوامیاندا بۆیان دەرکەوت ، کەوا لە ژێر خاکی ئەو هەرێمە دەریایەکی گەوورە هەیە ... کە بە زۆری کەوتۆتە ناوچە وشك هەلاتووەکانی دارفوور.

شایانی باسە کە ئەم تیمەش بە هاوکاری مانگە دەستکردەکان توانیان ئەم دەریا ژێر زەویە بدۆزنەوە و بە پەیامێکی ئاشتیان بۆ دارفوور ناوزەند کرد و ، هیوای باشتربوونی باری ژیانی خەلکی دارفۆریان بۆ خواست . ئەم هەولەش بە هاوکاری بنکەی ئاسمانی ناساو وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاو ، بە بەکار هێنانی سێ مانگی دەستکرد موژدە بە دایکبوونی . یاخوود دۆزینەوەی دەریایەکی ئاو لە ژێر خاکی دارفوردا .

کە دەکرێ بۆ بواری کشتووکالی زیاتر لە ٦٠ هکتار زەوی بە کار بێنێ و باری گوزەرانی و ژێرخانی ئابووری هەرێمەکە بەرەو باشتر ببات .

٢٠٠٧/٧/٢٢ کۆچی دوایی دوا شانشینی ئەفگانستان -- محەمەد زاهر شا -- لە تەمەنی ٩٢ سالیدا لە شاری کابوولی پایتەختی ئەفگانستان ... شایانی باسە محەمەد زاهر لە سالی ١٩٣٣ پۆستی شانشینی ئەفگانستانی گرتە دەست تاکو سالی ١٩٧٣ . کە لە ئەنجامی کودەتایەك لە دەسەلات لادرا و بەرەو ئیتالیا رۆیشت و لە لەو وولاتە جێ نشین بوو تاکو ڕوخاندنی رژێمی کۆمۆنیستی وجوولانەوەی تالەبان .

لە سالی ٢٠٠٢ بە یاوەری سەرۆکی ئەفگانستان حامد کارازی گەراوە ئەفگانستان و لە خانووە کۆنەکەی خۆی نیشتە جێ بوو تاکو کۆچی دوایی کرد . لە ماوەی دەسەلاتی محەمەد زاهر ئەفگانستان ئارامی وئاسایشی بە خۆوە دیت ، سەرەرای هەژاری وولات لە بواری ئابووری و ژێرخانی ئابووری و چەندین لایەنی دیکەدا .

بەلام لە دوای کودەتاکە لە سالی ١٩٧٣ و لە دەسەلات لابردنی تاکو کۆچی دوایی زاهر شا ، هەموو کات لە شەڕ و ئاژاوە وکێشە ناوخۆیەکانی ئاینی و نەتەوەیی و رامیاری و کێشەی دراوسێیەتی و ئابووری و بازرگانی و دەربەدەری لەو وولاتە بەردەوام بوو لە ناوچەکەدا .

٢٣ /٧/ ٢٠٠٧ رۆژنامەی خەبات لە ژمارە /٢٥٦٤ بلاوی کردەوە ، کە ماڵپەری israein بابەتێکی لە سەر جیاکردنەوەی پێك هاتەکان لە کوردستانی کلێندراو بە سووریا بلاوکردەوە ... بابەتەکە باسی لە دەربڕینی ناڕەزایی لەلایەن سەرکردەکانی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی سووریا دەکات . دژی بەشار ئەسەدی سەرەك کۆماری سووریا و بە جیاکردنەوەی پێك هاتەکان تۆمەتباری دەکەن .

ئەمەو هەوڵەکانی ڕژێمی سووریای بەعسی جیاکردنەوەی سووریەکان لەگەڵی کوردی ئێراق ، بە گواستنەوەی بنەماڵە عەرەبەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەلاتی سووریا . سەرەك کۆماری سووریا بەشار ئەسەد دەڵێ :- کورد پەیوەندیان لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکا هەیە ... کێشەی نێوان کورد لە سووریا و رژێمی بەعسی لە سووریا دەگەرێتەوە بۆساڵی ١٩٦٠ . کە کاتێك حکوومەتی سووریا بە هۆی بڕیارەکانیەوە دژی کوردلەو وولاتەدا .

کە کوردی تووشی هەژاری و برسیەتی و دەربەدەری کرد ... لەمە بە دواوە کورد بوونە مەسەلەی سەرەکی و بەردەوام زەویەکانیان لێ زەوت دەکرا و مافی هاوولاتی بوونیان لێ زەوت دەکرا . کە بە هەزار کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە سووریا گیانی پێ لە دەست دراوە و رەوانەی زیندانیەکان کراون و بە هەزارا خێزانی لە جێگەو شوێنی رەسەنی خۆی ڕاگوێزنران وجێگەیان بە عەرەب پڕ کراوەتەوە لە ناوچەکانیان .

٢٠٠٧/٧/٢٣ بە پێ هەواڵێکی ماڵپەری شاشفخ thn ow lian لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٧/٧/٢٢ لە ٢٠٠٧/٧/٢٣ لە ناوچەی سێیەمی ئەستەمبۆڵدا ....خاتوو سەباحەت تونجەلی کاندیدی سەربەخۆ . کە کوردەو لە لە گرتووخانەی کەیژەدابوو .

دوای ئەوەی کە سەرکەوتنی بە دەست هێنان ئازاد کراو چووە پەرلەمانی تورکیا .

شایانی باسە خاتوو سەباحەت تونجەلی بە تۆمەتی ئەندامبوونی لە پارتی کرێکارانی کوردستان ، دەستگیر کرابوو لە باکووری کورد\ستان ، لە هەمان کات سکرتێری گشتی پارتی بزووتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا --جیهان

پاچەچی – دووپاتی کردەوە لە سەر ئەوەی کە پارتەکەی بە نیازە لە پەرلەماندا لە گەڵ کاندیدە سەربەخۆکانی کوردا ململانێی تووند بکات ...
بەگوێرەی هەواڵێکی -- ئێن تیڤی -- جیهان پاچەچی گووتویەتی:-
پارتی بزووتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا لە جێ ئەوەی کە هەوڵی ململانێی توونـد بدات ، تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی لە گەڵ لایەنە جیاوازەکاندا بە تایبەتی کوردیش رێکەوتن ئەنجام بدەن .
جێی ئاماژە پێکردنە کە دەووڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا ، تەئکیدی کردبوو ، کە ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی سەر بە پەکەکەن و پێویستە رێگەیان پێ نەدرێ بچنە ناو پەرلەمانی تورکیا ... هەروا سەرۆکی پارتی دیموکرات لە تورکیا محەمەد ئاغار بە هۆی سەرنەکەوتنی پارتەکەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ٢٠٠٧/٧/٢٢ دەستی لە کاری پارتایەتی کێشاوە و بڕیار درا دوای ٤٥ رۆژ کۆنگرەی گشتی پارتەکە ئەنجام بدرێت و سەرۆکێکی نوێ بۆ پارتەکە هەڵبژێرن لە تورکیا.

٢٠٠٧ ٧.٢٤ بە هۆی باری نا لە باری دوورگەی سۆلۆمۆن لە سەر زەریای هێمن ونەمانی توانی حکوومەتی ئەم وولاتە بە زاڵ بوونی

بە سەر کێشەکان و بەردەوامی لە خۆپێشاندان و نارەزایی و بەرهەڵستکارانی حکوومەتەکە بە سەرکردایەتی -- ئالان کیماکیزا -- و ناچار بوونی بە چوونە ناو ئەو وولاتە و گەراندنەوەی ئارامی بۆ دوورگەکە ، حکوومەتی ئوسترالیا زیاتر لە ٢٢٢٥ سەرباز و پۆلیسی رەوانەی ئەم دوورگەیە کرد ئەویش بە دوانزە فرۆکەی سەربازی لە پێناو ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە لەو وولاتەدا .
لەوکاتەشدا سەرەك وەزیرانی سۆلۆمۆن ، ئالان کیما کیزا ، بە کەشتیەك لە هۆنیارای پایتەختی سۆلۆمۆن لەو وولاتە چووە دەرەوە بە هۆی گومان

کردن لە فراندنی لە لایەن هێزە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی لەو وولاتەدا .
جێگەی ئاماژە پێ کردنە کە ئەم دوورگەیە ژمارەی دانیشتوانی ٤٥٠ هەزار کەس دەبێت و پێشوازیان لە هێزەکانی سووپای ئوستراليا کرد لە پێناو سەقامگیر کردنی ئارامی و ئاسایش بۆ وولاتەکە ، ئەویش بە هۆی لێکترازانی باری ئابووری و رامیاری کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی شەڕ و ئاژاوە لە نێوان حکوومەتی سۆلۆمۆن لە گەڵ یاخیبووەکان لەم وولاتەدا .

٢٠٠٧ ٧/٢٤ وەزارەتی دەرەوەی کۆماری بولگاریا لە ڕاگەیاندنێکیدا :- کە دەسەلاتدارانی کۆماری لیبیا بە تایبەتی سەرۆکی لیبیا معەمەر قەزافی بریاری لێخۆشبوونی و ئازادکردنی بۆ هەر/٥ پەرستارە بولگاریەکە و دکتۆرە فەلەستینەکەی دەرکرد . ئەمەش لە فرۆکەخانەی سۆفیای پایتەختی بولگاریا لە لایەن سەرۆکی بولگاریا و ژمارەیەك لە بەر پرسان پێشوازیان لێکردن .
ئەمەش بە فرۆکەیەکی سەرۆکایەتی فەرەنسا و بە یاوەری هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلای سارکۆزی لە شاری تەڕابلسی لیبیا گواسترانەوە بولگاریا ... جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەمانە لە دوای تاوانبار کردنیان بە بلاوکردنەوە و گواستنەوەی فایرۆسی ئایدز بۆ مندالانی کۆماری لیبیا تاوانبار کرابوون و بریاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو .
بەلام پاش ماوەیەك بریارەکە سووك کرا بۆ بەنکردنی هەتاهەتایە و دوای ئەوەی بە هۆی گفتووگۆی چڕ لە نیوان یەکێتی ئەوروپا و ، فەڕەنسا و ، قەتەر لە گەڵ کۆماری لیبیا و پالەپەستۆی بەردەوام ، لە ئاکام گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی . کە ئەم پەرستارانە و دکتۆرە فەلەستینیەکە ئازاد بکرێن .
ئەم کارە مرۆڤایەتیە بووە هۆکری یەکەم یارمەتی دانی مندالان و خێزانەکانی مندالانی تووشبوو بەو نەخۆشیە لە بواری یارمەتی و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە ، چ بە کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت لە لیبیا و ، چ بە چارەسەر کردنی مندلانی تووشبوو بە نەخۆشی ئایدز ، چ لە دەرەوەی وولات . لەلایەکی دیکە باری ئابووری و بازرگانی و رامیاری و پەیوەندی بە نێوو دەوولەتیەکانی لیبیا لە قۆناخێك گواستەوە بۆ قۆناخێکی لە بار و گونجاوتر لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لەگەڵ وولاتانی ڕۆژئاوا

و یەکێتی ئەوروپا .

٢٠٠٧/٧/٢٤ بە هۆی باری دژواری کوردستان و ئێراق ، لە بوارەکانی ڕامیاری وئابووری و بێکاری و نەبوونی مافی مرۆڤ لە ژیان ولە کار و نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی و دەسەلا ت وچارەسەر نەکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان و نەبوونی پالپشتی بۆ گەنجان و دەرچوانی قۆناخەکانی خوێندن و کاردانەوە وکارلێکردنی باری پارتایەتی لە سەر کۆمەلگای ئێراق بە تایبەتی لە کوردستان و پاوانکردنی سامانەکانی گەل لە بواری سامانی سروشتی و دارایی پلە و پایە جۆراوجۆرەکان و کاردانەوەی لە سەر دەروون و داهاتووی گەنجانی کوردی و ئێراق .

ئەمەش کە بۆتە هۆی ئەوەی لە ماوەی ٢٠٠٦/١/١ تاکو ٢٠٠٦/١٢/١٣ دا ، ٩٨٤٦ کەس لە تورکیاوە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل سنورداش بکرێنەوە بۆ کوردستان ، کە ژمارەو شوێنی نیشتەجێ بوونیان و ، ١٠٧٩ کەس هی پارێزگای هەولێر و ، ٤١٤٦ هی پارێزگای سلێمانی و ، ١٩٩٣ هی پارێزگای دهۆك و ، ٤٤٦ هی شاری بەغدا و ، ٣٠٩ هی پارێزگای کەرکوك و ، ٩٥١ هی زاخۆ و ، ٧٥٢ هی شاری موسڵ و ، ٧٠٦ کەس هی سنورداش کراوی پارێزگاکانی دیکەی ئێراقی .

ئەمەو لەلایەنی دیکە لە ٢٠٠٦/١٢/١٤ تاکو ٢٠٠٧/٧/١٣ ، ٦٤٦٠ کەس لە تورکیاوە سنورداش کراونەتەوە بۆ کوردستان لە ڕێگەی ئیبراهیم خەلیل ئەویش ، ١٣٦٩ کەس هی دهۆك و ، ٢٠٩٤ هی سلێمانی و ، ٧٩٩ هی پارێزگای هەولێر و ، ٤٠٩ هی زاخۆ و ، ٣٠٨ هی شاری بەغدا و ، ٤٢٨ هی شاری موسڵ و ، ٣٠٩ هی شاری کەرکوك و ، ٤ هی شاری نەجەف و ، ٤ هی کەربەلا و ، ٤ هی ناسریە و ، ١٩ هی بەسرە و ، ١ هی بابل و ، ١ کەس سنورداشکراوی خەلکی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان .

واتە کۆی گشتی دەکاتە ١٦٣٠٦ کەس لە ٢٠٠٧/١/١ تاکو ٢٠٠٧ ٧/١٣ سنورداش کراونەتەوە هەرێمی باشوری کوردستان... ئەم زانیاریەش بە پێی نوسراوی ژمارە/٨٢١٢٦٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٢٥ و هەروا لە ٢٠٠٧/٧/١٣ لە ژووری بازرگانی پیشەسازی هەولێر ، وەك ناوێکی بازرگانی تۆمارکراوە و لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی زاخۆ و دهۆك بە تایبەتی لە شاری هەولێر ، زانیاری زیاتری دیکە هەن زۆربەی هەرە زۆریی

لەم بوارەدا .

٢٥ ٧ ٢٠٠٧ مۆرکردنی نوسراوێکی رێکەوتن لە نێوان حکوومەتی لیبیا و فەرەنسا ئەنجام درا ، بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی ئەتۆمی شارستانی و ئاوی دەریا و بواری سەربازی ... ئەمەش دوای ئازادکردنی تیمە پزیشکە بولگاریەکان ... هەر لە دوای ئەوە رێکەوتنەکە بلاو کرایەوە لە مانۆری سەربازی نێوان فەرەنسا و لیبیا و لەگەڵ چەندین بواری دیکە لە نێوان هەردوو وولات لە ناوچەکەدا .

لە هەمان کات هەنگاو نان بەرەو بەرز بوونەوەی پەیوەندی لە حکوومەتی لیبیا لە گەڵ وولاتانی دیکەی جیهان ، بە تایبەتی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ، بەریتانیا و ، یەکیتی ئەوروپا و ، بانکی نیوو دەووڵەتی و ، رێکخراوی بازرگانی جیهان .

٢٠٠٧/٧/٢٦ روودانی تەقینەوەیەکی گەوورە لە بنکەیەکی سەربازی سووری لە ناوچەی موسلمییەنی نزیک شاری حەلەب و لە ئاکامدا ١٥ سەرباز کوژران و ژمارەیەکی دیکەش زامداربوون ، ئەویش لەکۆگایەکی تایبەت بەفێرگەیەکی سەربازانی پیادە ، کە دەکەوێتە دووری ١٠ کم لە باکووری شاری حەلەبەوە ، کە بە دووەم شاری سووریا دێت لە دوای شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا .

٢٠٠٧/٧/٢٦ بە مەبەستی رێگەگرتن لە فرۆشتنی کومپانیای ستراتیژی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش یاسایەکی مۆرکرد ، کە بە گوێرەی ئەم یاسایە ئەمەریکا بە پێ راوێژکردن بە دەزگا هەواڵگەریەکان . هیچ کۆمپانیایەکی ستراتیژی وەبەرهێنەری بیانیەکان نافرۆشێت ... چونکە بە بۆ چوونی سەرۆکی ئەمەریکا ، ئەو کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە ستراتیژیانە بەشێکن لە گەرەنتی سەروەری و ئاسایشی ئەمەریکا .

هەر لەم بارەیەوە حکوومەتی رووسیای یەکگرتوو لە ٧/٢٣ پرۆژە یاسایەکی هاوشێووەی خستۆتە بەردەم پەرلەمانی رووسیا -- دۆما -- و هەروا وولاتانی یەکێتی ئەورووپاش بە هەمان شێووە و شێواز هەنگاویان هاوێشتووە ، ئەم کارانەش دەبێتە هۆکاری رێگە گرتن لە بازاری ئازادی بێ نەخشەو پلانی لێهاتوو لە جیهاندا.



٢٠٠٧/٧/٢٧ لــــە دوای گفتووگـــۆی بەردەوام لە نێوان هەردوو پـــارتی دەســـەڵاتدار لـــە هـــەرێمی باشـــووری کوردســــتان ، پـــارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یــەکێتی نیــشتیمانی کوردســتان ، ئـەویش بـە مـۆرکردنی ڕێکەوتنامـەی بـە نـاو سـتراتیژی بـۆ مـاوەی / ١٠ سـالْ ، لـە شاروچکەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی ، لە لایەن سکرتێری گشتی یـەکێتی نیـشتیمانی جـەلال تاڵـەبانی و سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان مەسعوود بـارزانی و بە بە ئامـادە بـوونی ئەنـدامانی هـەردوو مەکتـەبی سیاسـی پارتی و یـەکێتی و لـە دوای مـۆرکردنی ڕێکەوتنامەکـەی نێوانیان ڕاگەیاندنی کۆتاییان ڕاگەیاند لە نێوانیاندا .

بەڵام دەقی ڕێکەوتنەکە بلاْو نەکرایەوە ، ئەمەش بە پێی خواستی هـەردوو پارتی دەسەڵاتدار بوو ... ئەمەش بە دابەشکردنی دەسەڵات و پارە و سامان و ، بـەلاوە نـانی پارتـەکانی دیکـەی گۆڕەپـانی رامیـاری و نەتـەوەیی و نیـشتیمانی لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان و ، بـەلاوە نـانی ئـاوات و ئامانجـەکانی گـەلی کوردسـتان . لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکـان ، بـە نـاوی چاکـسازی و مـافی مـرۆڤ و ئاوەدانکردنـەوە و بـەرەو پێـشبردنی بـاری کوردستان و هەڵسەنگاندنی باری کوردستان و ئێراق و ناوچە و پەیوەندی لە گەلْ وولاْتانی دراوسێی کوردستان.

کـە لـەو کاتـەی ڕژێمـەکانی ئێـراق و تورکیـا بـە توانـای هێـزی سـووپای ڕژێمەکانیان بەردەوامن لە بۆردمان کردنی سەر سنوورەکانی نێوان هـەرێمی باشووری کوردستان و ، ڕژێمەکانیان لـە سـەر خاکی کوردستان بێ ئـەوەی بتوانن هەنگاوێکی بەرچاو هـەبێ لـە تاوانبارکردنی هـەردوو ڕژێم و گـەمارۆ دانی کوردستان و دەیا کێشە و ناکۆکی و نا لـە باری لـە هـەرێمی باشووری کوردستاندا .

٢٠٠٧/٧/٢٧ لە دوای چـەندین جار لـە کردنـەوە و داخستنی خـاڵی گومرگی پاشماخی

سەر سنووری نێوان هەرێمی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەویش بە کردنەوەی ئەم خاڵە سنووریە وەك مەڵبەندێکی گومرگی سنووری نێوودەووڵەتی ، لە لایەن پارێزگاری سنە و پارێزگاری سلێمانی لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی کرایەوە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە پتە و کردنی باری ئابووری و بازرگانی و هاتووچوونی هاولاتیان ، لە هەردوو لایەنی هەرێمی باشووری کوردستان و ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێراق و ئێران و گەشتی هاوولاتیان بۆ جیهان .

٢٠٠٧/٧/٢٧ سکرتێری تایبەتی پاپای ڤاتیکان -- بندێکتی شانزەهەم -- جاینزفن ، هۆشداریدا ... کە دەبێت ئەوروپاییەکان بێنەوەو پارێزگاری لە مەسیحیبوونی خۆیان بکەن .

جێگەی ئاماژەیە کە جاینزفن پشتگیری لەو وتارەی پاپا بندێکت کرد ، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کۆڕێکی قوتابیانی زانکۆی ئەلمانیا رایگەیاندبوو ... کە ئیسلام لە ڕێگەی توند و تیژیەوە بلاوبوونەتەوە و ناڕەزاییەکی زۆری لە ناو جیهانی ئیسلامیدا دروستکردوە ... کە ئێستاش کێشەی نێوان هەردوو ئایینی ئیسلامی و مەسیحی لە جیهان بەرەو بەرزبوونەوە هەنگاو دەنێ ، بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکەی ٢٠٠١/٩/١١ لە شارەکانی نیورۆك و واشنتۆنی ئەمەریکا .

٢٠٠٧/٧/٢٧ لە دوای ڕووداوەکەی مزگەوتی سوور لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان و گۆڕینی باری ناوخۆی پاکستان و دروست بوونی کێشەی نێوان لایەنە ئایینیەکان ، لە گەڵ حکوومەتی پاکستان و بەرزبوونەوەی کێشەو گرفت لە بوارەکانی دەسەلات و سەربازی و ئابووری و بازرگانی ، بە تایبەتی بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان دەسەلاتی سەرەك کۆمار -- پەروێز موشەڕەف -- و کۆمەڵگای پاکستان ، کە بووە هۆی ئەوەی پەروێز موشەڕەف هەنگاوبنێ بۆ بەرەو باشبردنی باری وولاتەکەیان لە کێشووەرەکەدا .

ئەویش بە چاوپێکەوتنی بە سەرۆکی پارتی گەلی پاکستان خاتوو -- بەنازیر بۆتۆ -- لە شاری ئەبوو زەبی و ڕێکەوتن لە سەر داهاتووی پەیوەندیان و ، لە پێناو بەرەو باشبردنی باری پاکستان و ، هەروا چارەسەر

کردنــی کێــشەکان . بــە تایبــەتی لــە دوای هەڵبژاردنــەکانی داهــاتووی سەرۆکایەتی و پەرلەمان لە وولاتەکەیاندا.

٢٠٠٧/٧/٢٨ لـە هـەرێمی – بیراکـس-- ی ڕۆژهـەلاتی مەکـسیك ١٢ هـەزار بـووك و زاوا زەماوەنـدێکی بـە کۆمـەڵیان سـازکرد ، کـە بـووە گـەورەترین زەماوەنـد لـە مێژوودا و ، بەمـەش ئـەم زەماوەنـدە چووە ئەنسکلۆپیدیاکەی گینیتسی بۆ ژمارە بێ هاوتاکان , ئـەم زەماوەنـدە بـە کۆمەڵـە بەبۆنـەی ٥١٤ مین سـاڵیادی دەرچوونی یاسای خوازبێنی مەکسیکی ئەنجام درا لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە:- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە /٢٥٧٠.



٢٠٠٧/٧/٢٨ لە لێدوانێکدا – ئەحمەد تــورك – ئەنــدامی پەرلــەمانی تورکیــا دووپاتی کردەوە لە سەر ئـەوەی کـە هـیچ یـەك لـە پەرلــــەمانتارە ســەربەخۆکانی پــارتی کۆمـەڵگای دیمـوکراتی لـە پەرلەمانـدا بـە زمـانی کـوردی سوێندی یاسـایی نـاخۆن . هـەروا تـورك گـووتی :- کاندیـدە سـەربەخۆکانی پـارتی کۆمـەڵگای دیموکراتی بڕیاریانداوە کارێك نەکەن کە ببێتە مایەی زیاد بوونی گرژی و هەسـتیارییەکان و هـەوڵ ئـەوەش دەدەن کـە بـە پێـی یاسـا و ڕێـساکانی پەرلەمان بجولێنەوە .

سـەبارەت بە مەسـەلەی هەڵبـژاردنی سـەرۆك کۆمـاری نـوێی تورکیا ئەحمـەد تورك گووتی :- ئامادەین کاندیـدە سـەربەخۆکانی پێشاندا بۆ ئەوەی کە یارمەتی پارتی دادو گەشە پێدان بدەن ... بەلام لە لایەکی دیکە سەرۆك و ئەنـدامانی پـارتی ڕەگـەز پەرسـتی تورکیـا ، بەوە ڕازی نیە یـەکێك ببێتـە سەرەك کۆماری تورکیا ئیسلامی بێت ، چونکە تورکیا ڕژێمێکـی عەلمانیـەو ماوەیان پێنادرێت لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٧/٢٨ ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئەمـەریکا ، یاسـای بەرنگاربوونـەوەی تـیرۆری پەسەند کرد . کە یاساکە بودژەیەکی زیاتر بۆ ئەو کارانە تەرخان دەکات ،

کە زیاتر دووچاری هەرەشەی تیرۆر دەبنەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە ، کە دەبێ دەسەڵاتدارانی ئەمن و ئاسایش بە وردی گشت فرۆکە و پاپۆرە بارهەڵگرەکان بپشکنن .

ئەم یاسایەش بەکۆی / ٣٧١ دەنگ بەرامبەر / ٤٠ دەنگ ڕەزامەندی خۆی پیشاندا لە سەر یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر لە ماوەی ٤ ساڵدا ، کە بڕی ٤ چوار ملیار دۆلار بۆ ئەمنی گەشتیاران تەرخان دەکرێت و ٧٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەمنی فرۆکەخانەکان و ملیارێك و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو شارانە تەرخان دەکات ، کە زیاتر دوچاری هەرەشەی تیرۆر دەبنەوە و سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش یاساکەی مۆر کرد .

٢٠٠٧/٧/٢٨ لە دوای ٣٠ ساڵ لە دابڕانی پەیوەندی ئەتۆمی لە نێوان هندستان و ئەمەریکا ، ئەویش بە مۆرکردنی ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی لە بواری مەدەنیدا بە کار بێت ... لەم بارەیەوە هەریەك لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، کۆندالیزا رایس و ، شوی برتاب مەخرەج هاوتا هیندیەکەی لە بەیاننامەیەکیاندا دوپاتیان کردەوە ، کە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکارێك بۆ جێ بەجێکردنی بەلێنەکەی سەرەك بۆش ، کە پێشتر بە سەرۆکی هندستان دابوو .

دەقی ڕێکەوتنەکەش جەخت لە سەر دابین کردنی سووتەمەنی ئەتۆمی لەلایەن ئەمەریکا بۆ هندستان دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی لە بواری ئاشتیدا بەکاری بهێنێت ، ئەمەش وەك هەردوو وڵات دوپاتیان کردەوە ، یارمەتی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەدات لەلایەن خۆیەوە -- نیکۆلاس پێرنز -- یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، دوپاتی کردەوە ، کە ڕێکەوتنەکە نامەیەکی گرنگە و ئاراستەی ئەو وڵاتانە دەکات ، کە لە یاسا دەرچوون ، وەك ئێران ، کە ناوەرۆکەکەی دەلێت ... ئەگەر بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە لە بواری خۆ پڕ چەککردن هەڵسوکەوتتان کرد و پابەند بوونی خۆتان بە یاساکانی نیشاندا ئەوا ئێوەش بۆ نموونە ئەندام لە یانەی وڵاتە ئەتۆمیەکان بانگهێشت دەکرێن لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٧/٢٨ حکوومەتی کاتی فەلەستین بە سەرکردایەتی سەلام فەیاز لە بڕیاریکدا ووشەی بەرگری چەکداری لە دژی حکوومەتی ئیسرائیل لابرد ، ئەویش لە پێناو بەرەو پێشبردنی گفتووگۆی ئاشتیانەی نێوان ئیسرائیل و دەسەلاتی

فەلەستینی بە سەرکردایەتی مەحمود عەباس لە نێوانیاندا ، ئەویش بە ئامۆژگاری و پاڵپشتی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و ، دوای ئەوانەش کۆمکاری عەرەبی لە ناوچەکەدا بە کۆتایی هێنان بە داگیر کراوی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لە سەرجەم ناوچەکانی کەناری ڕۆژئاواو کەرتی غەزە ، کە پایتەختی قوودس بێت و ، هەروا چارەسەری دادوەرانەی سەرجەم پەنابەرە فەلەستینیەکان ... بەڵام بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی بە سەرکردایەتی خالد مەشعل ئەو بڕیارەی ڕەتکردەوە .

٢٠٠٧/٧/٢٩ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق یاسای گۆڕینکاری پێکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنەکەی پەسند کرد ... کە ئامانج پڕکردنەوەی شوێنی ئەندامە مردوو یان ئەوانەی دەستیان لە کار کێشاوەتەوە ... ئەنجوومەنی نوێنەران ئەگەر لە کۆی ٦٠ دانیشتنی ئەنجومەندا لە بیست دانیشتنیدا ئامادە نەبێت ، ئەوا مافی ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نامێنێت و دەبێت دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕابگەینێ لە ئەندامیەتی ئەنجوومەنەکەدا .

٢٠٠٧/٧/٢٩ بە پێی فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم بە ژمارە /٥٢ لە ٢٠٠٧/٦/١٢ دەستەی نوێی دەزگای ئەکادیمیای کوردی ، کە پێشتر بە کۆڕی زانیاری کوردستان ناسرابوو دامەزرابوو ... کە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لەم ڕۆژەدا لە لایەن دەستەی نوێی ئەنجامدا ... سەرەتا بە یادی -- دکتۆر ئاو ڕەحمان حاجی مارف -- کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەکادیمیای کوردی لە باشووری هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر ، دەستیان بە گفتوگۆ کرد ... ئەم کارەش کە ماوەیەکی درێژ خایەنە و هەوڵی بۆ دراوە و بە یاسا و پڕۆگرامێکی نوێی سەردەمیانە بێتە کایەوە لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ئەویش لە پێناو پەرە پێدانی لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

٢٠٠٧/٧/٢٩ مۆرکردنی پڕۆژەیەکی بازرگانی لە نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی باشووری کوردستان و لێپرسراوی تیمی سەربازی مەدەنی سووپای ئەمەریکا موقەدەم -- کریس برگر-- ... ئەویش بە مەبەستی فرۆشتنی مافوری کوردستان لە ئەمەریکا ... ئەوەش یەکەمین پڕۆژەی بەرهەمهێنانە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەنجامی دەدات ... کارگەی مافورەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ژمارەیان ٧ کارگەیە و٤١٢ کرێکار کاری تێدا دەکەن

و سەر بە وەزارەتی ڕۆشەنبیرین .

شایانی باسە ئەمەریکیەکان تا وەکو ئیستا مافوریان لە وولآتانی تورکیا و ئێران و هیند و کینیا دەکڕی و کوردستانیش دەبێتە بەشێك لەو وولآتانەو بەرهەمەکەی بە ئەمەریکا بفرۆشێت و لێی بکرێت .

٢٠٠٧/٧/٢٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراقی لە یاریگای شاری جاکارتای پایتەختی کۆماری ئەندنۆسیا و بە ئامادە بوونی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی – فیفا –– و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و بە ئامادە بوونی ٤٥ هەزار کەس لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق ، توانی ببێتە پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا و بە سەر هەڵبژاردەی تۆپی پێی وولآتی سعوودیە سەرکەوێت .

ئەویش بە هێرشبەری تۆپی پێی ئێراق لە گێمی دووەم توانی گۆلێك تۆمار بکات ، کە ئەمەش بەس بوو بۆ سەرکەوتنی ئێراق بە بوونی بە پاڵەوانی کیشووەری ئاسیا

جێگەی ئاماژە پێکردنە و وەبیرهێنانی گەلی کوردستانە ، کە خۆم لە ماوەی هەردوو گێمدا ، چرکە بە چرکە ئاگاداری یاریەکە بووم و لە هیچ شاشەکانی تەلەفزیۆنی ئێراقی وعەرەبی ، بە تایبەتی ئێراقی ناوی کورد و ئێراقی فیدراڵ و ئێراقی تەئاخی و برایەتی بێت تەنیا یەك جار ناوی شاری هەولێر هاتووە لەگەڵ یەکجار باسی عەرەب و کورد و تورکمان کراوە ، ئەویش بۆ چەواشە کردنی کورد و گەنجی کورد .

کە زیاتر لە ١٠٠ جار باسی ئالآی ئێراقی کردیە ، ناوی علم والعرب و ئێراق و ، ئێراقی عروبە و ، بەغدادی عروبە و ، فەریقی عەرەب و عروبە و ، تاکو کۆتایی یاریەکە ... سەیر لەوە گەنجی کورد لە گەڵ سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئێراق ، ئاهەنگیان گێرا تاکو دوای کاتژمێر ١٢ی شەو بە بەرگری کردنیان لە لە ئوومەی عەرەبی و ئێراقی عەرەب و بەغدای عروبە و ئالآی عەرەب و ئالآی ئێراقی عەرەب ... ئا ئەمەیە کورد و هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە گەلانی دوژمنکار لە سەرتای بوونی کورد تاکو نوسینی ئەم هەوڵە .

٢٠٠٧/٧/٢٩ گروپێکی چەکداری بە چوار ئوتومبێل مەزارگەی دانیاڵ پێغەمبەریان لە

ناحیـەی وەجیهیـەی سـەر بـە قـەزای مقدادیـەی باكووری ڕۆژهـەڵاتی باقوبـە تەقێندرایەوە و ، تەقاندنەوەكە لە ڕێگەی دانانەوەی بۆمبی چێندراو و دواتر تەقاندنەوەكە ، كە بـووە هـۆی هەڵوەشاندنەوە و ڕووخانـدنی زۆربـەی زۆری بەشەكانی مەزارگەكە لە ناوچەكەدا و ، دوای ئەوەش هێرشیان كردۆتە سـەر گوندی وەجیهیە و لـە ئـەنجام ٥ كەسـیان كوشـت و ١٣ كەسـیان ڕفانـدوە بۆ جێگەی نادیار.

٢٠٠٧/٧/٣٠ گەورە دەرهێنەری سویدی -- ئینگمار بریگمـان -- لـە تەمـەنی ٨٩ ساڵیدا لە ماڵەكەی خۆی لە دوورگەی – فارۆ--ی سەر دەریای بەلیك كۆچی دوایـی كرد ... شایانی باسە بیگمان تا ساڵانی دوایی تەمەنی هەركاری دەرهێنەری و هونەری كردووە و توانیویەتی لە سنووری وولاتەكەیدا خۆی تێپـەڕێنێ و ببـێ بـە دەرهێنــەرێكی بـە ناوبـانگی جیهـانی ... هــەروا لــە درێــژەی چالاكیەكانی چوار خەلاتی ئۆسكاری وەرگرتووە جگـە لـە چەندین خـەلاتی بایەخداری دیكە لە جیهان .

٢٠٠٧/٧/٣٠ ڕاپـۆرتی ڕێكخـراوی چاودێری مـافی مـرۆڤ -- هیومـان رایـش ووچ -- لـە ڕاپۆرتێكیـدا بـلاوی كـردەوە ، كـە لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٠ تـا ئـەمڕۆ ئیسلامیەكان ، لەوانە كۆمەڵـەی ئـەبو سـەیاف ١٧٠٠ هاولاتییـان لـە فیلیـپین كوشـتووە و برینـدار كـردووە ... بـە پێـی ئاژانسـی هـەواڵی فـرانس پـرێس ، ڕێكخراوی هیومان دووپاتی كردەوە . كە ئەم ژمارەیە زیاترە لە و كەسانەی لـە كـردەوە تیرۆریـستیەكانی ئەندۆنوسـیای دراوسـێی لـە توندوتیژیـەكانی باڵی لە ساڵی ٢٠٠٢ كوژراون ... شایانی باسە ڕاپۆرتەكە لـە ٢٨ لاپـەڕە پێك هـاتبوو ، بە نـاوی كوشـتنی خـەڵك لـە باسـێكی تێروتەسـەلی توندوتیـژی لـە ناوچـەكان میـداناو باسـیلیان و چـەند دەرگەیـەكی دیكـەی فلیپینـی تێـدا ڕوونكراوەتەوە.

٢٠٠٧/٧/٣٠ ئیدارەی ئەمەریکا لە میانەی ستراتیژیەکانیدا لە پێناو رووبەرووبوونەوەی ئێران ، هەوڵی بنکەیەکی سەربازی گەورە لە دورگەی مەسیرەی عومانی لە کەنداو دروست بکات ... بە پێی راپۆرتی هەواڵی ئەلخیمەی عومانی ولە سایتی -- دێ بکای -- ئیسرائیلی بڵاوکراوەتەوە . کە ئەمەریکا لە ستراتیژیە نوێیەکەیدا بۆ رووبەرووبوونەوەی رژێمی ئێران ، پلانێکی گەورەی دارشتووە ، کە سێ رێرە و ، یان هێڵ لە خۆ دەگرێت .

یەکەمیان :- فراوانکردنی هێزی ئاسمانی سعوودیە بۆ ئەوەی بە قەدی هێزی ئاسمانی ئێران بێت .

دووەمیان :- زیاد کردنی ژمارە وقەبارەی سووپای سعوودیە و کوێت وعومان و ئەردەن وئیسرائیل .

هێڵی سێیەم :- بنکە سەربازیەکانی ئەمەریکا لەو وولاَتانە فراوان دەکات و بنکەیەکی سەربازی گەورە لە دوورگەی مەسیرەی عومان لە کەنداو دروست دەکات ... یەکەی سەربازی پیادەی دەریاوانی مارینزی ئەمەریکا ، بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کوێت دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی نزیك بێت لە شاری بوشەهری ئێرانی ، کە کوورەی ناووکی لێیە .

٢٠٠٧/٧/٣١ بە پێی راپۆرتێکی رۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمەریکی کە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لەم ماوەیەدا زیاتر گرنگی بە پلانی سیناتۆری ئەمەریکی -- جۆزیف بایدن -- دەدات سەبارەت بە دابەشکردنی ئێراق بۆ سێ قەوارەی ، کورد و ، سووننە و ، شیعە ، لە داهاتوودا سەرەرای هەرێمی باشووری کوردستان ، کە وەك کیانێکی سەربەخۆ لە باکووری ئێراقدا هەیە ... ئەم پلانەش لەلایەن شارەزایان لە رۆژهەلاتی ناوەراستیش گرنگی

پێدەدرێت .
ئەمەش بە هۆی شکست هێنانی ئاشتەوایی لە نێوان هەردوو مەزهەب شیعە و سوننە ی ئیسلامی عەرەب و ، بەردەوام بوونی کارە تیرۆریەکان و کێشە و گرفتی دیکە ... دوای ئەوە هەر وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە هەرێمی شاری مووسڵ و ، بەغدا و ، کەرکوك ، پێك هاتەی نەتەوەیی و تایەفی جیاوازیان تیادا دەژی و دەتوانن بچنە پاڵ یەکێك لەم کیانانەی کە پێك دەهێنرێت لە ئێراقدا .

٢٠٠٧/٧/٣١ بۆ یەکەم جارە ئێران ئەوەی دووپاتکردەوە ، کە بریاری لە سێدارەدانی بەسەر دوو رۆژنامە نووسی کورد سەپاندووە ... بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە ئەوانە دوژمنی خودان ... ووتە بێژ بە ناوی دادی ئێران عەلی رەزا جەمشیدی رایگەیاند ، کە دادگای مەریوان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە١٦/٧/٢٠٠٧ . عەلی عەبدولواحید یوتیمار و عەدنان حەسەنپوری بە لە سێدارەدانی دادگایی کرد ، بە ناوی ئەوەی دوژمنی خودان لە هەڵوێستەکانیاندا .
بەلام ووتە بێژەکە ئەو تۆمەتانەی روون نەکردەوە ... هەروا گووتی:- نازانرێ دادگای بالا دادگاییکردنەکە پەسند دەکا یا نا .
جێگەی ئامارە پێکردنە کە ریکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور سەرکۆنەی سەپاندنی بریاری لە سێدارەدانی بە سەر دوو رۆژنامە نووسەکەی کورد ، لە لایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە دەکات .

٢٠٠٧/٨/١ سەرەك کۆماری تورکیا ئەحمەد نەژدەت سیزەر بە مەبەستی پیرۆزبایی لێکردن لە سەرجەم ئەو پارتانەی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧/٧/٢٢ بە دەست هێنا تەنیا پیرۆزبایی لە – دەتەپە --نەکردو داوەتی نەکردن . لە مبارەیەوە پێشوازی لە هەریەك لە دینیز بایکال سەرۆکی chp و باخچەلی سەرۆك mhp کەوت و بریاریشدا چاوی بە سەرۆکەکانی دیکەش بکەوێ .

جێگەی ئامارەیە کە سەرکەوتنی ٢٤ کورد لە کۆمەلگای دیموکراتی کە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا جێگەی خۆشحالی رژێمی تورکیا و پارتە رامیاری و نەتەوەیی و ئایینی تورکیا نیە .

٢٠٠٧/٨/١ بە بۆنەی ٨٠ ساڵەی جەژنی سووپای چینی مللی ئاهەنگێکی بێ وێنە گێردرا ، حکوومەتی کۆمۆنیستی لەم ڕۆژەدا پەیمانی دا کە هێزەکانیان ببێتە گەورەترین هێز لە جیهان ... سەرۆکی چینی مللی خۆجینتاو لە بەردەم هەزاران کس لە جەماوەری چینی گووتی :- لە گەڵ بەرەو پێش چوونی باری ئابووری و بازرگانی وولات ، هەوڵ دەدەین هێزە چەکدارەکانمان بە هێز بکەین و ببێتە هێزێکی تاکیش لە کێشووەری ئاسیا .

شایانی باسە ژمارەی هێزی سەربازی چینی ٣,٢٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن و دووسەد هەزار سەربازە لە هەموو بوارەکانی سەربازیدا ... پیادە و ئاسمانی و دەریایی و ، بوودژەی بەرگریش ٤٥ ملیار دۆلارە و ژمارەی خەلکی چینیش ٨,١٧٪ . گۆی زەوی داپۆشیووە لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/١ هێزەکانی سووپای دانیمارك لە ئێراق ، ئەرکە سەربازیەکانی دابە دەست هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، دوای کشانەوەی لە ناو قەزای قورنەی سەر بە پارێزگای بەسرە لە باشووری ئێراق ... جێگەی ئامارە پێکردنە کە ژمارەی سەربازە دانیمارکیەکان لە ئێراق ٦٢٠ سەرباز بوو کە لەگەڵ هێزە بەریتانیەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتنە ئێراق ، جگە لە هێزی دیکەی فرە ڕەگەزی سەربازی بە ژمارەیەکی کەم .

٢٠٠٧/٨/١ لە دوای سەرهەڵدان و گفتوگۆی نێوان بەرەی تەوافق و حکوومەتی نوری مالکی و نەگەیشتنیان بە ڕێکەوتن لە سەر جێ بە جێکردنی داواکاریەکانی بەرەی تەوافق ، بە ڕەسمی کشانەوەی خۆی لە حکوومەتی نوری مالکی ڕاگەیاند ... سەرەڕای بەردەوام بوونی هەوڵەکان بە تایبەتی لە نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوونەی ئیسلامی عەرەب ، کە ئێستا هاوپەیمانی شیعە زۆربەی هەرە زۆری دەسەلات و بریارەکان لە دەست ئەوانە لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٨/٢ نووسینگەی ژمێریاری سەر بە هێزەکانی سووپای ئەمەریکا بێ سەر و شوێن چوونی ١٩٠ هەزار پارچە چەکی ڕاگەیاند ، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ دراونەتە هێزە ئەمنیەکانی ئێراق .

لە ڕاپۆرتێکی نوسینگەی ناوبراو روونیکردەوە ، کە سووپای ئەمەریکا

ناتوانێت چارەنووسی ١١٠ هەزار پارچە كلاشینكۆف و نزیكەی ٨٠ هەزار دەمانچە و ١٣٥ هەزار گوللە بەند و ١١ هەزارخوودە دیاریبكات ... كە لە ساڵی ٢٠٠٤ سووپای ئەمەریكا بە شێوەیەكی ڕێك وپێك لیستی ئەو چەكانە و بەرواری وەرگرتن وپێدانی ڕێكنەخستووە ، هەتا ئەو یەكانەی كە ئەم چەكانەشیان وەرگرتووە .

ئەم ووتانە بنەمای نیە و ئەمەریكا هەندە گێل نیە بە دیارنەبوونی ١٩٠ هەزار پارچە چەك و ، خۆی باش دەزانی بە كێی داوە و چۆن كاری پێدەكرێت لە ئێراق .

خەبات ژمارە / ٢٥٧٤.

٢٠٠٧/٨/٢ لە ئاكامی لێكۆڵینەوەی ١٥٠ زانا و پسپۆری ڕووسی لاهووت لە كۆنگرەیەكدا ، لە نهێنی تێكنەچوونی لاشەی ڕەبەنێكی بووزی كۆڵییەوە بە ناوی – ئیتیگیلۆۋ -- كە بەر لە ٨٠ ساڵ مردبوو . پرۆفیسۆر ڤیكتۆر زڤیكیان ، لە ناوەندی پزیشكی دادوەری لە وەزارەتی تەندروستی ڕووسیا گووتی :– لاشەی ڕەبەنەكە زۆر جیاواز نییە لە لاشەی كەسێك بەر لە ١٢ كاتژمێر مردووبێت .

زاناكان لەو كۆنگرەیەدا و بەر لەوەش هەوڵیان دابوو نهێنی ئەو كۆدانە یاخوود ئەو پێشبینیانە بدۆزنەوە ، كەوا بروایە ، كە ئەو ڕەبەنە لە ناو كتێبێكدا بە زمانی مەنگۆلی كۆن نووسیبووی . بە تەماشن ئەو كۆدانە یارمەتیان بدات لە دۆزینەوەی هۆی تێكنەچوونی لاشەكەی ... ئەم ڕەبەنەش لە ساڵی ١٩٢٧ مردووە ، ئەویش كاتی دانیشتنێكی ڕامان نوێژ بە شێوەی – لۆتست – لە كاتی یوگا كردن .

لاشەكەش خرابووە ناو تابووتێكی تەختەی سنەوبەر ، كە بە خوێ داپۆشراو ... ڕەبەنەكە بە هەمان شێوەی مردنی لەو سندوقە دانرابوو ... هەندێ بوزی وایان باوەرە كە مامۆستاكەیان گەیشتبووە پلەی ئەو پەڕی ڕاستی ، یاخوود پاكیی تەواوی لەش و گیانی .

هەفتەنامەی هەولێر بە ژمارە/ ٣٦ .

٢٠٠٧/٨/٥ هێزەكانی سووپای ڕژێمی توركیا ، كە بە درێژایی سنووری نێوان هەرێمی باشووری كوردستان و خۆی بە هەموو جۆرە زرێ پۆش و تانگ و جۆرە

چەکێك کۆنترۆڵی کردووە و دەست بە بۆردمان کردنی ناوچەکانی قەزای ئاکرێ و زاخۆ و مێرگەسۆر ، بووەتە هۆی دەربەدەربوونی بە دەیا خێزان لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان .

جێگەی ئاماژەیە کە سووپای تورکیا بە هەماهەنگی هێزەکانی سووپای ئێران ناوچەکانی هەرێم بە بەردەوامی بۆردمان دەکەن بە ناوی ئەوەی کە چەکدارانی پەکەکە لەو ناوچانە هێرش دەکەنە سەر ڕژێمی تورکیا لەو کاتەی ، کە جمووجۆڵی -- پەکەکە -- لە ناو قووڵایی خاکی تورکیا و باکووری کوردستان هێرش دەکەنە سەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی تورکیا ، لە پێناو بەرگری کردن لە مافی ڕەوای گەلی کوردستان .

٢٠٠٧/٨/٥ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا ، پرۆژەی یاسای سیخووری کردن لە سەر پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان لە کۆنگریس پەسند کرا .

شایانی باسە بەو پێیە دەزگا هەواڵگەریەکانی ئەمەریکا مافی سیخووریکردنیان هەیە لە سەر گشت پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان ، ئەمەش بە پێی دەقی یاسەکە ، کە بەشێکە لە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایش و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ... ئەو یاسایە وێنەیەکی هەموار کراوی یاسایەکی هاوشێوەی خۆیەتی ، کە لە ساڵی ١٩٧٨ دەرچوو بوولە لایەن ئیدارەی ئەمەریا .

جیاوازیەکەشی ئەوەیە کە یاساکەی ١٩٧٨ تەنها بە یاداشتنامەیەکی قەزاییەوە ڕێگای بە دەزگا هەواڵگەریەکان دەدا ، کە گوێ بە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان بگرن ... بەڵام ئەم یاسا نوێیە بە کۆی ٢٢٧ دەنگ بەرامبەر بە ١٨٣ دەنگی لە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسند کرا.

٢٠٠٧/٨/٦ لە هەوڵێکی پزیشکی نەشتەرگری لە ئەڵمانیا , دکتۆرەکان توانیان لە ئەنجامی نەشتەرگری لە سەر خاتوو-- مارگریت فیگنیر-- ئەنجام بدەن بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا .



جێگـــەی باســـکردنە کـــە خاتوو فیگنیر لە تەمەنی چوارســـاڵیدا بـــە هـــۆی یـاریکردن بـه پێنووسێك لـــە روومەتـــەکانی روو چـــووە بـــە درێـــژی دوو ســـــانتیمەتر و تـــــا گەیـــشتۆتە نـــاو ئـامێری هەستیاری لـه سـەریدا لـه ڕێگـــەی ماســـوولکەکانی سەر چاوی ڕاستەیدا .

ئـــەم کـــارە نەشـــتەرگەریەش دوای ٥٥ ســـاڵ بـــۆی ئـــەنجام درا بـــە هـــۆی تووشبوونی سەر ئێشەو کار لێکردن لە سەر هەست و هۆشیدا و بۆتە هۆی هاتنە خوارەوەی خوێن لە لووتەکانیدا .

ئەم کارە نەشتەرگەریەش لە لایەن دکتـۆر -- هـانس بیریـووم -- ئەنجامـدرا بـه سـەرکەوتوانە و لـه ڕاگەیاندنێکـدا گـوتی:- خـاتوو فیگـنیر لـه مـەودوا تووشـی سـەر ئێشەو ئـازار نایـەت سـەرەرای مانـەوەی ئـەم پێنووسـە بـۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ناو سەریدا .

٢٠٠٧/٨/٦ لـــە بڵاوکراوەیـــەکی ســـایدی موحیـــت دا ، کـــە تیمێکـــی زانـــای ڕووســـیای یـــەکگرتوو بـــە سەرپەرشـــتی پرۆفیـــسۆر -- ئیگـــۆ ئۆستریتـــسۆف -- پرۆژەیەکی نوێ لە بواری وزەی ئەتۆمی جێ بە جێ دەکەن ، کە لە توانایدا هەیـــە کێـــشەی پاشمـــاوە ئەتۆمیـــەکان چارەســـەر بکـــات و ڕێگـــەش لـــە بڵاوکردنـەوەی چـەکی ئـەتۆمی بگرێـت ، لـەو تـەکنۆلۆژیا نوێیـەدا بە هـۆی نیترۆناتـــەوە ئەتۆمـــە قۆرســـەکانی ، وەك ســـودیۆم پارچـــە پارچـــە بکـــرێن و هەڵیدەوەشێنێتەوە و بەکار هێنانی ئەو نیترۆناتە و وزە بەرزەش ڕێگە لە بە کـار هێنـانی ئـەو پرۆژەیـە دەگرێـت بـۆ دروسـتکردنی چـەکی ئـەتۆمی لـه جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/٦ گەریـــدەی ئـــەلمانی -- کۆنـــسەر هـــۆلترۆف -- تەمـــەن ٧٠ ســـاڵ لـــە گـــەڵ

كورەكەی ، كە دەرچووی لیژە گەیشتنە شاری هـەولێری دێرینی پایتـەختی هەرێمی باشووری كوردستان .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە گەریدەی ئەلمانی هۆلترۆف لەگەڵ كورەكەی لـە سـاڵی ۱۹۹۰ لـە ئـەلمانیا دەسـت بـە گەشـتێك دەكـەن بـە سـورانەوەیان بـە وولاتانی جیهان ، كە تاكو گەیشتنە خاكی كوردستان ۱٤۰ وولاتیان كردبوو و گەشتەكەیان تاكو ساڵی ۲۰۰۹ بەردەوام دەبێت .

گەریدەی ئەلمانی هۆلترۆف لە لێدوانێكیدا گوتی:- لەو گەشـتەماندا لـە دوو وولات پێشوازی گەرمیان لێكردین و چایان پێداین ، یەكەم وولاتـی عومـمـان و دووەمیش كوردستان بوو . بڕیاری ئەم گەشتەشیان لـە سـاڵی ۱۹۸۸ بـوو بە نێوو وولاتانی جیهان .

رۆژنامەی خەبات ژمارە /۲۵۷۹.

۲۰۰۷/۸/٦ لـە دوای ۸ دانیـشتنی نـا ئاسـیی پەرلـەمانی كوردسـتان لـە هــەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری كوردستان و پاش گفتووگۆیەكی تێروتەسەل یاسای نەوت و گازی كوردستان پەسند كرا .

شایانی باسە لە دوا دانیشتنی پەرلەمان ، كە تایبەت بوو بە پرۆژەی یاسای نەوت و گاز . ئەویش لە سـەر لایـەن و دەسـەلاتەكانی نـاو یاسـاكە و خـستنە رووی تێبینی و سەرئەنجامەكان ، لـە لایـەن ئەنـدامانی پەرلـەمان كە پێنج/٥ مادده لە پرۆژەی یاساكە لابردران و كۆی ماددەكانی دیكەش پەسندكران .

دوای ئـەوەش لـە سـەر داوای ئەنـدامانی پەرلـەمان وەزیـری سـامانە سروشتیەكان دوو مادده بۆ پرۆژە یاساكە زیاد كرا . كە یەكێك لەو ماددانـە بریتی بوو لـە دانـانی بەشێك لـە داهـاتی نـەوت بۆ خێزانـە شـەهید وكەمینـە نەتەوەیی و نابیناكان و ژینگە تەرخان بكرێت ... بەلام ئەی...؟...!.

۲۰۰۷/۸/۷ لـه ڕاگەیاندنێکی زانای شــوێنەواری کوێــت و یۆنانیـــەکان ، کـــە دەیانـەوێ پـشکنین لـە دوورگەی -- فیلکە -- بکـەن بـە دۆزینـەوەی دیـــوار و خـــانوو و کەرەســـــــــتە شـــــوێنەوارەکانی



ئەسکەندەری مەکدۆنی ، کە لەو کات کەوتبووە ژێر دەسەلاتی لە ئەنجامی داگیرکردنیدا.

جێگەی باسکردنە کە دوورگەی فیلکە جێگایەکی پێشکەوتووی سەربازی هێزەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بووە ، کە ئەو جێگایە دەکەوێتە سەر تێك کردنـەوەی هـەردوو زێـی دیجلە و فورات و چوونە نـاو دەریـای کەنـداو لـە باشووری پارێزگـای بەسرا و نـاو سنووری دەوڵـەتی کوێت , کە لـەو کاتـە هێزەکـانی سـووپای ئەسـکەندەر تـوانی کێـشوورەی ئاسـیا لـە سـەدەی چـوارەمی پـێش زاییـنی داگـیر بکـات و بیخاتـە ژێـر دەسـەلاتی خـۆی ، کـە دەسـەلاتی ئەسکەندەری مەکـدۆنی بگرە لـە چین و هیندستان تاکو وولاتـی میسری ئێستاکەو ژێر دەسەلاتی , کە لەسەردەمی ئەو بووژانەوەی ئابووری و بازرگانی گەشەی سەند بوو لەم کیشووەرانەدا.

ئەم هەوڵەش لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی وەزیری ڕۆشـنبیری یۆنـانی هـات ، کـە لـە سـایتی - بـی بـی سـی -- بـلاوی کردبـووەوە , کـە تـاکو ئێـستا دروستکراوەکانی سەردەمی ئەسکەندەر لەم شوێنەدا ماوە لە دیوار و خانوو دروسـتکراوی دیوار و پەیکـەر و چەندین کـەل و پـەلی دیکـە . ئەسـکەندەری مەکدۆنی لە سالی ۳٥٦ پێش زایینی لە دایك بووە ، کـە ئـەو کـات مەکدۆنیا سـەر بـە ئیمپراتۆریـەتی یۆنـانی بـووە و لـە تەمـەنی ۳۰ســی سـاڵیدا سەرکەوتنی باشی بە دەست هێنا بوو ، بە درێژ کردنەوەی دەسەلاتەکەی لە میسرەوە تاکو هندستان .

دوای ئەو هەموو کارانەی لە تەمەنی سی وسیٚ ساڵیدا لە وولاٚتی بابل ، کە دەکاتە پارێزگای حیلەی ئێستای باشووری ئێراق ، بە هۆی نەخۆشی گرانە ، تا کۆچی دوایی دەکات ... هەروا ووشەی فیلکە ووشەیەکی یۆنانیەو بە مانای جێگەی سەربازی پێشکەوتوو دێت . هەروا ئەم دوورگەیە بەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنی لە لایەن شارستانیەتی – دیلموون -- ئاوەدان کراوەتەوە لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٨/٧ دوای ژمارەیەك کۆبوونەوە لە سەر چۆنیەتی پوختکردنی کارە سەرەتایەکان ، بە دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ، ئەویش بە ئامادە بوونی هەر حەوت ئەندامی دامەزرێنەر لە تەلاری پەرلەمان ، بە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆتایی بە دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان .

شایانی باسە ستافی دامەزراندنی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ٤ ئەندامی پەرلەمانی پێشووی کوردستان و ٣ ئەندامی پەرلەمانی ئێستای کوردستان پێك هاتووە ... ئەم یەکێتیەش لە پێناو دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانی ئێراق و پەرلەمانەکانی دیکەی وولاٚتانی جیهان ... هەروا ئەو ئەندامەی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوون لە خوولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ وخوولی دووەم ، کە کاری پەرلەمانتاری دەکەن و ئەو ئەندام پەرلەمانتارانەی ئێراق مافی بە ئەندام بوونیان لەو یەکێتیەدا هەیە لە ناو ئێراق و کوردستاندا .

٢٠٠٧/٨/٧ لە ئەنجامی گفتووگۆی چڕو درێژ خایەن لە نێوان ڕووسیا و ئەفگانستان ، لە ئاکام هەردوو لایەن بە سەرپەرشتی وەزیری دارایی ڕووسیا -- ئیکسی کودین -- و وەزیری دارایی ئەفگانستان -- ئەنوەر ئەلحەق -- لە ڕاگەیاندنێکیدا ڕایگەیاند ، کە ڕووسیا لە ٩٠٪ لەو قەرزانەی کە لە سەر ئەفگانستان هەبووە لێی خۆشبووە ، کە دەکاتە ١١,١٣ ملیار دۆلار .

شایانی باسە ئەو قەرزەش بەر لە حکوومەتی تاڵەبانی ئیسلامی و حکوومەتی دوای تالیبان بووە ، کە بە سەر کردایەتی حامد کارازای بەڵکو ئەم قەرزە لە کاتی دەسەلاٚتی دوای داگیرکردنی سۆڤیەتی پێشوو دێت ، ئەویش بە دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆمۆنیستی لەو وولاٚتەدا تاکو ساڵی ١٩٨٩ ، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای سۆڤیەت لە وولاٚتەکەدا .

ڕۆژنامەی خەبات / ١٥٧٩ .

٢٠٠٧/٨/٧ سەرەك وەزیرانی ئێراق -- نوری مالیکی -- و شاندێکی یاوەری گەیشتنە تورکیا و ، لە دوای پێشوازی لێکردن لە لایەن وەزیری دەوڵەتی تورکیا -- کۆرشات تۆزمەن -- لە فرۆکەخانەی ئەسەنیۆگا و دوای ئەوە لە گەڵ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی تورکیا کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا و گفتووگۆی نێوانیان لە سەر بار و بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بوو ، دوای ئەوەش لە سەر پەیوەندیەکانی نێوان ئێراق و تورکیا بوو لە ناوچەکەدا .

شایانی باسە لە لێدوانێکیدا نوری مالکی پەکەکەی بە پارتێکی تیرۆر شان بە شانی تیرۆر لە ئێراق و ناوچە و جیهان ناوزەند کرد . کە ئەمەش داهاتووی پەیوەندیەکانی تورکیا و ئێراق بەرامبەر بە کورد و کاردانەوەی ناهەمواری دەبێ و دوای سەردانەکەی بۆ تورکیا بەرەو ئێران ڕۆیشت بۆ هەمان مەبەست لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٧/٨/٨ ستیڤن ئەلکسندەر کە هاو وڵاتیەکی تەمەن ٤٣ساڵی ئوسترالی دوای ئەوەی کە پشیلە خۆشەویستەکەی دەمرێت و بە دیاریەوە دادەنیشێ و دەگری ، دایك و باوکیشی گاڵتەی پێ دەکەن بەمە ستیڤن تورە دەبێ و باوکەکەی کە تەمەن ٨٨ ساڵ دەبێ و دایکیشی تەمەن ٧٧ ساڵ دەبێ ، هەردووکیان بە تەور دەکوژێ و دوای ئەوە پۆلیس دەستگیری دەکات و لە بەرامبەر دادگا دان بە تاوانەکەی دەنێ بە کوشتنی باوك و دایکەکەیدا .

٢٠٠٧/٨/٨ بۆ یەکەم جار لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کارگەیەکی دروستکردن و لێکدانی فرۆکە دابمەزرێت ... شایانی باسە حکوومەتی هەرێم مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەیەکی تایبەت بە دروستکردنی فرۆکەی شارستانی لە شاری هەولێر بدات ، یەکێك لە سەرمایەدارەکانی کورد بە هاوبەشی بە ڕپرسانی کورد ، کە ئەم کارگەیەش لە سەر ڕووبەری ٢٠٠٠ هەزار مەتر لە ناوچەی پیشە سازی لە هەولێر دەبێت و سەرمایەی ئەو کارگەیەش ١٥٠ ملیۆن دینارە ... کە ساڵانە دەتوانی ٢٤ فرۆکە بەرهەم بێنی بە مەبەستی خزمەت کردنی بواری پیشەسازی و ئابووری و گەشتیاری و کشتووکاڵی لە هەرێمەکەدا .



٢٠٠٧/٨/٨ دۆزینەوەی گەورەترین ئەســتێرە لــە دەرەوەی کۆمەڵـــەی خـــۆر لـــە گەردونـدا , ئـەویش بـە ڕاگەیاندنی ئـەو هەواڵـە لە لایەن گروپی زانایانی گەردونناســــــــــی نێودەوڵـەتی ، بـە دۆزینـەوەی ئەسـتێرەیەکی زەبـەلاح ، کـە لـە دەرەوەی بازنەی ئەستێرەی دیکەی بێچگە لە کۆمەڵەی خۆر دەسووڕێتەوە .

ئەستێرەی گواستراو , واتا ئەم ئەستێرەیە لـە گەردونـدا وەسـتاوە لـە نێوان ڕۆژ و زەویدا ، کە گەورەترە لە ئەستێەرەی مووشتەری بەڕێژەی ٧٠٪دا کە گەورەترە لـە کۆمەڵـەی خـۆر . ئـەو ئەسـتێرە هەیـە لـە دەرەوەی کۆمەڵـە , لـە کۆمەڵــەی هرقـلْ , و دە سـووڕێتەوە لـە دەووری ئەسـتێرە ، کـە دووری لـە کۆمەڵەی خۆر نزیکە ١٤٣٥ ساڵی ڕووناکیە .

هەروا ئەستێرەی tres4 ئەوەندە دوور نیە لـە ئەسـتێرەی دایـك ، تـەنیا -- حەوت ملیۆن -- کیلـۆ مـەتر نـەبێت و پلـەی گـەرمی زۆر بـەرزە ، کـە دەگاتـە ١٣٢٧ پلەی سەدی . هەروا سووڕانەوەی خۆی لە دەووری ئەستێرەی دایك بە سێ ڕۆژ و نیوو تەواو دەکات .

٢٠٠٧/٨/٨ بە ئامادە بوونی چەند وولاتێك ، کـە لـە ناویانـدا وویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـــەریکا و ، بـەریتانیا و ، فەرەنـسا ، کۆبوونــەوە لــە پێنــاو ســەقامگیری ئاسایشی ئێراق ، لە شاری دیمەشقی پایتـەختی سووریا لـە گـەڵ وولاتـانی سعوودیاو ، ئێران و ،ئەردەن و ، تورکیا و ، میسرو ، کویت و ، بەحرین و ، ڕووسیاو ، چین .

هــەروا نوێنــەری نەتــەوە یــەکگرتووەکان و کۆمکـاری عـەرەب ... لـە پێنـاو یارمـەتی دانـی گـەلانی ئێـراق ، بـۆ ئـەوەی لـەو تەنگـژە نائـارامی ونالـەبارو رامیـاری و ئـابووری و بازرگـانی وکۆمەلایەتیـەو شـەڕ وپێکـدادان ڕزگاریـان بێت لە ناوچەکە کە تێیکەوتوون .

٢٠٠٧/٨/٨ لە ئەنجامی کارەساتە سروشتیەکانی مانگی ٢٠٠٧/٧/ . نزیکەی ٩٠٠ هاو

وولاّتی لە چینی مللی گیانیان لە دەست دا ، ئەمەش بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی جاینا دەیلی لە ٨/٨ , بە بلاّوکردنەوەی بەیاننامەیەکی وەزارەتی کاروباری مەدەنی ، لە ئەنجامی زریان ولافاوەکانی ٧١٢ هاو ولاّتی گیانی لە دەست داو ١٦٣ هاو ولاّتیش بزرن ... سەرەرای ئەو ژمارەیەش زیاترلە ١٥ ملیۆن کەسیش بێ شوێن بوون و زیانەکانیش بە ١٤ ملیار دۆلار مەزەندە کرا .

شایانی باسە ئەم ڕووداوە سروشتیانە ، وولاّتەکانی بەنگلادیش و ، پاکستان و ، هیندستانیشی گرتەوە ، بەلاّم بە ڕێژەیەکی کەمتر لە چینی میللی لە هەرێمەکان و کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٨/٨ پەسند کردنی یاسای نەوت و غاز لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کاردانەوەی نەرێتن لە لایەن هەندێك لایەنی ئێراقی لێکەوتەوە ، لەوانە بەیاننامەی دەستەی بە ناو زانایانی

ئیسلامی مەزهەب سووننە لە ئێراق و لەو بەیاننامەیە داوایان لە کۆمپانیا بیانیەکان کرد .

کە پرۆژەکانیان لە هەرێمی باشووری کوردستان وەگەڕنەخەن و گرێبەستی کارکردن لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆرنەکەن ، چونکە یاساکە ناڕەوایە و مافی دەرچوونی دەبێ لە لایەن حکوومەتی ئێراقەوە بێت و یاساکەیان بە هەڵوەشانەوە ناوزەند کرد .

شایانی باسە کە یاساکە لە چوار چێوەی دەستوور دەرنەچووە و کوردیش مافی خۆیەتی یاسای نەوت و غازی هەبێت ، کە لە بەرژەوەندی هەموو پێك هاتەکانی گەلانی ئێراق بێت ، نەك بە تەنیا کورد و نەتەوەکانی سەرخاکی کوردستان ، کە کورد خاوەنی دەووڵەمەنترین سامانی سروشتیە و لێی زەوت کراوە و بە دەیا ساڵە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق و ئێران

بەرهەمی دێنن و بە چەك و تەقەمەنی و موچەی دوژمنان کورد دەدەن ، لە پێناو لە ناوبردن و ڕەشکردنەوەی کورد و ناسنامەی کورد و خاکی کوردستان ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

٢٠٠٧/٨/٨ لە دوای گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی تورکیا و سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی ، بەرپرسانی حکوومەتی تورکیا لە ئەنکەرەی پایتەخت ، بە گومان بوون لە جیّ بە جێکردنی بەڵێنەکان مالکی بە دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان – پەکەکە – لە هەرێمەکەدا .

لە کاتی گفتووگۆی نێوان سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی و سەرەك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەییب ئۆردوگان . کە نوری مالکی چەندین بەلێنی بە حکوومەتی تورکیادا بە لێدانی پەکەکە و دانەوە دەستی بەرپرسانی پەکەکە بە حکوومەتی تورکیا ... ئەم ڕێکەوتن و بەڵێنانەی لە نێوان هەردوو حکوومەتی ئێراق و تورکیا پێویستی بە یارمەتی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان هەیە و بە بیّ ئەو ناتوانری هیچ کارێك ئەنجام بدرێت ، واتە ڕێکەوتنی سیّ قۆڵی لە نێوان سەرەك وەزیرانی ئێراق و ، تورکیا و ، ئێران ، بەردەوامە .

یەکەم :– لە پێناو لێدانی جوولانەوەی ڕزگاری کورد لە باکووری و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و لە بار بردنی ئەو بارو دۆخە و پرۆسە ئازادیەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستان هەیە.

شایانی گووتنە هەر ئەگەرێکی نا لە بار بێتە پێش جوولانەوەی کوردو سەرکردایەتی کورد لێی بەر پرسیارە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٨/٨ گرووپێك لە زانا فەرمیکان ڕایانگەیاند بە لە ناو چوونی – دۆلڤین – لە ئاوە زلکاوەکان لە چینی مللیدا ، کە جۆری دۆلڤینەکان سپی بوو بە ناوی – بای گی – کە لە رووباری – بانگ تسی –



دەژین لە رۆژهەلاتی چینی مللی .
ئەمەش بە هۆی زۆری سوورانەوەی بەلەمەکان لەو رووبارانەدا و پیسکردنی ئاوی رووبارەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و لە هەمان کات بە هۆی دروستکردنی سێ بەنداو لە سەر رووبارەکەدا . هەروا بە هۆی راوکردنی زۆری دۆلفینەکان ، کە ئەمەش بەشێکە لە لێکۆلینەوە لە سەر ئەم بارەداو دیار بوونی هۆکارەکانی لە ناوچوونی ئەم جۆرە ماسیە بە ناوی دلفین لە ناوچەکەدا .
هەروا ووتە بێژ بە ناوی رێکخراوی ژینگە ئەوەی دووپاتکردەوە ، کە ناتوانین بە تەواوی لە ناوچوونی دلفین بسەلمێنین بۆ ماوەی ٥٠ ساڵی دیکە ، کە بە تەواوی بزر دەبێ ، کە دوا دلفین – بای گی – لە ساڵی ٢٠٠٤ دیتراوە ، هەروا ئەندامی گروپی لێکۆلینەوەی بەریتانیا – سام توورمن – ئەوەی راگەیان کە لە ناوچوونی دلفینی سپی کارەساتە ، لە بەر ئەوەی جۆرێکە جیا بۆتەوە لە هەموو جۆرەکانی دیکە .
ئەویش بۆ ماوەی ٢٠ ملیۆن ساڵ ، و بزر بوونی دۆلفین کە کۆتایی لقێکی تەواوە لە لقەکانی ژیان لە سەر زەویدا ، ئێمەش بەرپرسیار نین لەو رووداوانەی کە روو دەدەن لە سەر گۆی زەویدا .
٢٠٠٧/٨/٩ گرێدانی کۆبوونەوەیەکی گەورەی سەرەك هۆز و تیرەکانی هەردوو ووڵاتی ئەفگانستان و پاکستان لە شاری کابوولی پایتەختی ئەفگانستان ، بە ئامادە بوونی ٦٠٠ کەسایەتی لە هەردوو ووڵاتدا بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەفگانستان حامد کارازای و بە ئامادە نەبوونی سەرۆکی پاکستان پەروێز موشەرەف و بەشدار بوونی سەرەك وەزیرانی پاکستان شەوکەت عەزیز لەگەڵ شاندی ووڵاتەکەیدا.
لە وتەیەکی سەرۆکی ئەفگانستان بۆ کۆنگرەوانان لە ژێر خیوەتێکی زەبەلاح بە ناوی -- ئەنجوومەنی شووری هۆزە بەشدار بووەکان -- جیرجا ووتی :- کە هەردوو حکوومەتی پاکستان و ئەفگانستان بە یارمەتی ئێوە دەتوانرێ چەکدار و رێکخراوی قاعیدەی سەر بە تالیبان و ئوسامە بن لادن لە ناو ببرێن و کۆتایی بە کێشەکان بهێنرێت و هەردوو ووڵات بەرەو ئارامی و بە یەکەوە ژیان هەنگاو بنێ .

بەڵام لە لایەکی دیکە بەشدار نەبوونی سەرۆکی پاکستان پەرویز موشەرەف لەو کۆبوونەوە ، هۆی سەرنەکەوتنی بووە , لە بەر ئەوەی هێزەکانی هۆزو تیرەکانی پاکستان لە دوای گەمارۆی مزگەوتی سوور هێرشیان کردە سەر هێزەکانی سووپای پاکستان و ئەو ئاگر بەستەی لە نێوانیان هەبوو لە لایەن سەرەك هۆزەکان هەڵوەشێندرایەوە و بووە هۆی پەلاماردانی چەکدارانی هۆزەکان لە هەرێمی وەزیرستانی پاکستاندا .

لەگەڵ ئەوەشدا چاودێران وای بۆ چوون ، کە ئەم کۆبوونەوەیە هەولێکی باشە بۆ ئارمکردنەوەی بارودۆخەکە ، گەر سەرکەوتن بە دەست بێنێ بەڵام ئەمە مەحاڵە لەگەڵ سەرەك هۆزو تیرەکان و باری ناوخۆ و دراوسێیەتی هەردوو وولات و کاریگەری ڕێکخراوی قاعیدەش لە سەر باری هۆزو تیرەکانی ئەم دوو وولاتەدا .

٢٠٠٧/٨/٩ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەرۆکی ئەمەریکا -- جۆرج بۆش -- هۆشداریدا بە سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی بەوەی کە ئاسانکاری بۆ رامیاریەتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەکات لە ئێراق ،سەرەڕای ئەوەش ، کە ئێران بەڵێنی بە ئێراق داوە کە ئاسانکاری بۆ دەسەلاتی ئێراق بکات بە بەرە و باشبردی باری ئارامی و ئاسایش لە وولاتەکەدا .

ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئەمەریکاش لە دوای گفتووگۆی نێوان سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی و بەرپرسانی ئێران هات لە تارانی پایتەختی ئێران . هەر لە ووتەکانی سەرۆکی ئەمەریکا گووتی:--

ئێمە نامەمان ئاراستەی حکوومەتی ئێران کردووە لە ڕێگەی بالوێزی ئەمەریکا لە ئێراق -- رایان کرۆکەر-- بەوەی کە ئەگەر ئێران چەك و تەقەمەنی بۆ تیرۆرستان و کەسانی ئیسلامی توندڕەو رەوانە بکات لە ئێراق ، دوا ڕۆژی بەرەو خراپی دەچێ لە ناوچەکەدا .

ئەویش بە کوشتنی ئەمەریکیەکان , هەروا گووتی :-- رەوانە کردنی ئەم چەکانە بۆ پارت و گروپە ئیسلامیە شیعەکان و سوونەکانی ئێراق دەبێتە هۆی زیاتر شێواندن و ئالۆزکردنی باری ناوخۆی ئێراق لە هەموو بوارەکاندا . لەوکاتەشدا کۆنگرەی -- لیژنەی هاوکاری و هەماهەنگی ئاسایشی وولاتانی دراوسێی ئێراق -- کۆتایی هاتبوو لە شاری دیمەشقی پایتەختی

سووریا ، بە بەشداری کردنی چاودێرانی هەر پێنج وولاتی گەوورە , بە ڕێکەوتن لە سەر هەنگاونانی بەرچاو لە نێوانیاندا ,بە گرێدانی کۆبوونەوەی شارەزایانی سنووری لە ئێراق و دراوسێکان , بە چاودێری سنووری لە ئێراق و لەگەڵ وولاتەکانی سووریا و ، سعوودیە و ، کوێت و ، ئێران و ، تورکیا ، لە پێناو ڕێگە گرتن لە نەچوونە ناو خاکی ئێراق و بەرەو باشی بردنی باری ئێراق لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری ئەمنیدا.

٢٠٠٧/٨/١٠ جێگری وەزیری بەرگری ڕووسیای یەکگرتوو -- ئەلیکسەندەر بیلوسۆڤ -- لە ڕاگەیاندنێکیدا گووتی :- حکوومەتی ڕووسیا پلانی داناوە بۆ ئەوەی تاکو ساڵی ٢٠١٢ چەکە کیمیاویەکانی خۆی لە ناو ببات .

هەروا گووتی :- حکوومەتی ڕووسیا بارێکی باش باشی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی لە قۆناخی یەکەمدا تا ساڵی ٢٠٠٩ ، ١٨,٥ تەن لە یەدەگی چەکە کیمیاویەکانی خۆی لەناو دەبات , کە ئەمەش ڕووسیا بەرەو بارێکی دیکەی باشتری سەربازی دەبات لە لایەن بوارەکانی دیکەی سەربازی سەردەمی لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٨/١٠ دەست پێکردنی مانۆرێکی سەربازی گەوورەی بێ وێنە لە نێوان ڕووسیای یەکگرتوو و چینی مللی ، لە ناو چوار چێوەی ڕێکخراوی -- شەنگەهای -- لە گەڵ ئەوەشدا چوار



وولاتی ئاسیایی بەشداریان تێدا کرد ئەویش:- ئۆزبەکستان و ، کازاخستان و ، کرگیزستان و ، تاجیکستان لە کیشووەرەکەدا.

لەم مانۆرە سەربازیەدا نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار سەرباز لە هێزەکانی سووپای ئەو وولاتانە بەشداریان تێدا کرد , کە نزیکەی ٢٠٠٠ هەزار سەربازی ڕووسیا و ١٧٠٠ سەربازی چینی مللی ، بەشداریان تێدا کرد , بە بەکارهێنانی زیاتر لە ١٠٠٠ تانك و زریێ پۆش و فرۆکە و چەك و تەقەمەنی جۆراو جۆری دیکەی نوێی سەردەمیانە لەو مانۆرە سەربازیە لە نێوانیاندا .

ئەم مانۆرە سەربازیەش لە ناوچەکانی شاری -- ئۆرۆمتش -- چینی وکەرتی -- تشیلیابینسك -- ی ڕووسیای یەکگرتوو ، بە بەردەوام بوونی تاکو ٨/١٧ی هەمان ساڵ . ئەم مانۆرە سەربازیەش بە ناوی مانۆری -- هەوڵەکانی ئاشتی /٢٠٠٧ ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەم مانۆرە سەربازییەی نێوان چین و ڕووسیا و هەر چوار وولاتی دیکەی ئاسایی بووە ، جێگەی ناڕەزایی وولاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمەریکا و تایوان .

جێگەی باسکردنە کە بە هەمان شێوە و شێواز یەکەم مانۆری سەربازی لە نێوان چین و ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا ، ئەویش بە مەشق پێکردنی سەربازەکان بە فێکردنی هەر شارێك و ناوچەیەك کە لە لایەن تیرۆرستان داگیر دەکرێت بە ڕزگار کردنی لە نێوانیاندا .

بەڵام ئەمەریکا ئەوەی وا ناوزەند کرد ، کە بە هێزکردنی ڕێکخراوی شەنگەهایە کە بە بەناوبانگترین ڕێکخراوی سەربازی دادەنرێت لە هەرێمەکەدا . ئەمەش لە دوای ڕێگە پێدانی ، ئێران و ، هند و ، پاکستان و ، ئەفگانستان و ، مەنگۆلیا ، بە بوونیان بە ئەندامی چاودێر لەو ڕێکخراوەیەدا .

٢٠٠٧/٨/١٠ سەرەك وەزیرانی کەنەدا لە ڕاگەیاندنێکیدا دووپاتی ئەوەی کردەوە ، کە خاوەنداریەتی جەمسەری باکووری

بەستەڵەك خاوەنداریەتی هی وولاتەکەیتی ، ئەمەش لەو کاتە هات کە سەرەك وەزیرانی کەنەدا -- ستیڤی هاربر -- سەردانی ناوچەکەی کردبوو لە دوای چەند ڕۆژێك بە هەمان هەنگاو ، کە ڕووسیای یەکگرتوو هەنگاوی بۆ نابوو لە ناوچەی جەمسەری باکووری بەستەڵەکیدا.

ئەم سەردانەی سەرەك وەزیرانی کەنەدا لە دوای کارەکانی ڕووسیا هات کە دەریاوانەکانی ڕووسیا توانیان ئاڵای وولاتەکەیان بچێنن بە قووڵی ٤٢٠٠

مەتر لە ژێر بەفردا لە جەمسەری باکوور, کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی گەرم لە نێوان ڕووسیا و کەنەدا .

هەروا لە لایەکی دیکە کێشە لە نێوان کەنەدا و ئەمەریکاش سەری هەڵدا لە بارەی داهاتووی ، بە ناوی ڕێگەی باکووری ڕۆژهەڵات , کە ڕێڕەوێکی ئاوی بەستەڵەکیە و هەردوو زەریای ئەتلەسی و هێمن بە یەك دەبەستێتەوە و ئەمەریکا دەڵێت ، ئەم تەنگەبەرە نێوو دەووڵەتیە , بەڵام سەرەك وەزیرانی کەنەدا گووتی:- ئەم خاوەنداریەتیە هی کەنەدایە . سەرەرای ئەوەش ئەم ناوچە لە ژێر چاودێری بەردەوام دایە لە لایەن ئەو سێ وولاتەدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم کێشەیەش لە دوای ئەوە دێت ، کە بەفرو شاخە بەفریەکان بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوێتەوە بە هۆی گۆرانکاری لە باری کەش و هەوادا و دەرکەوتنی جێگەی بە پیت لەم ناوچەدا بۆ بواری ئابووری و بازرگانیدا .

٢٠٠٧/٨/١٠ لە ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی نەوتی ئێراقدا ، ئەویش بە مۆرکردنی پەیماننامەیەکی نێوان ئێراق و ئێران ، لە سەر دروستکردنی لوولە نەوتێك بۆ گواستنەوەی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکانی ئێراق بۆ ئێران ، لە بەندەری بەسرەی باشووری ئێراق بۆ بەندەری بەندەری عەبادانی باشووری ڕۆژئاوای ئێران . ئەویش لە پێناو پاڵاوتنی و ڕەوانە کردنەوەی بۆ ئێراق ، بە بەرهەمەکانی بەنزین و نەوت و گاز و ڕۆن و چەندین بواری دیکە . لە نێوان هەردوو وولات ئەمەش بە هۆی باری نا لە باری ئێراق دێت لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٨/١٤ لە ئاکامی ئەو لافاوەی کە بە هۆی باران بارینی وەرزیەوە کۆریای باکووری گرتەوە ، بە سەدان هاووڵاتی ئەو ووڵاتە گیانی لە دەستدا و شوێنبزر بوون ، لە هەمان کات زیانێکی زۆریش بە ژێرخانی ئابووری ئەو ووڵاتە لە رووی وێستگەکانی وزەو تۆرەکانی گەیاندن و دار و درەخت کەوت و زیاتر لە ٣٠ هەزار خانووش ژێر ئاو کەوتن و چەندین بواری دیکەش وەك زیان لێکەوتنی ٨٠٠ باڵەخانە و ٥٤٠ پرد و ٧٠ هێڵی ئاسنینی لە ووڵاتەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە کۆریای باکوور بە هۆی گەمارۆی ئابووری بە سەر سەپاندنی لە لایەن ئەمەریکا و کۆریای باشوور ووڵاتانی هاوپەیمان لە بواری ئابووری و بازرگانی ، کاری کردۆتە سەر بە هۆی بوونی چەکی

ئەتۆمی ئەو وولاّتە و بوونی ڕژێمێکی کۆمۆنیستی و چەندین لایەنی دیکەی ڕامیاری پەیوەند بە نێوو دەووڵەتیەکان لە دوورگەی کۆریا لە کیشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٨/١٤ لە دوای هەولّ و کۆششێکی زۆر لە ناو پارتی لیکودی ئیسرائیل و لە کۆنگرەی پارتەکەدا ، دووبارە سەرەك وەزیرانی پێشووی ئیسرئیل -- بنیامین نەتەنیاهۆ-- بە سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا بە ڕێژەی ٧٣٪ . دەنگی ئەندامانی پارتی لیکودی ئیسرائیل ، بەرامبەر بەرهەڵسکاری موشیە فیجلین -- بە ڕێژەی ٢٣ ٪ ڕای دەنگی ئەندامانی پارتی لیکودی ئیسرائیل .

جێگەی باسە کە بنیامین نەتەیناهۆ لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری تەل ئەبیب لە دایك بووە . هەروا لە ساڵەکانی ١٩٦٧--١٩٧٣ لە ریزی سەربازی خزمەتی کردووە , لە ساڵی ١٩٨٤ بووتە باڵوێزی ئیسرائیل لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان , لە ساڵی ١٩٨٨ بووەتە ئەندامی کەنیسەی ئیسرائیل , لە ساڵی ١٩٩٦ بووەتە سەرەك وەزیرانی حکوومەتی ئیسرائیل , لە ساڵی ١٩٩٩ لە هەڵبژاردن سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا ، لە ساڵەکانی ٢٠٠٢--٢٠٠٣ بووتە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل , لە مانگی/ ٢/٢٠٠٣ تاکو مانگی/ ٢٠٠٥/٨ بووەتە وەزیری دارایی ئیسرائیل .

دوای ئەوە لە مانگی/ ٢٠٠٥/١٢ بووەتە سەرۆکی پارتی لیکودی ئیسرائیل ، هەروا پارتی لیکود لە ماوەی خەباتیدا لە ئیسرائیل توانیویەتی سەرکەوتن و هەڵاتن بە دەست بێنێ بە پێی باری ناوخۆ و دەرەوەی دەووڵەتی جوولەکە لە ئیسرائیلدا .

٢٠٠٧/٨/١٤ لە ئەنجامی تەقاندنەوەی دوو ئوتـــــــومبێلی مینرێــژكراو لــە هــەردوو گونــدی -- گرعــوزێر , سیپا شێخ خدر-- سەر بـە قــەزای شــەنگال لـە هــــەرێمی باشـــووری كوردســـتان . كـە بــووە

هـۆی شـەهید كردنـی زیـاتر لـە ٨١٠ هـاو ولاّتـی و زامـدار بـوونی بـە دەیـا هاوولاّتی لەو هەردوو شوێنەدا .

جێگـەی باسـكردنە كـە دوای ئـەم ڕووداوە دڵتەزێنـەی كـە بەرامبـەر بـە دانیشتووانەكە كرا ، كە كوردن و هـەڵگری بڕوای ئاییـنی یەزیـدین و تـاكو ئێـستاش سـەر بـە پارێزگـای مووسـڵە و نـە گەڕێندراوەتـەوە سـەر هـەرێمی باشووری كوردستان .

هەر بە بۆنـەی ئـەم كـارە نامرۆڤایەتیە ووتـە بێژی سـەربازی هێزەكـانی فـرە ڕەگـەزی لـە ئێـراق ڕایگەیانـد ، كـە وولاّتـی سـووریا و ڕژێمـی بەعـسی لـە سـووریا دەسـتی بـەو كـارە تیرۆرسـتیە نـا مرۆڤایەتیـەدا هـەبووە ، لـە پێنـاو نانـەوەی ئاژاوە و جـیٰ بە جـیٰ نـەكردنی مـادەی/١٤٠ وئـاڵۆزكردنی زیـاتری باری ئێراق و نانـەوەی تەنگـەژە لـە نێوان حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان و حكوومـەتی ئێـراق و كـورد و عـەرەب و دەسـت تێـوەردانی لـە كـارو بـاری ناوخۆی ئێراقدا .

هەروا بە هـۆی ئـەم كـارە دڵتەزێنە سـەرۆكی ئەمـەریكا جـۆرج بـۆش لـە ٨/١٩ بروسكەی ماتـەمینی بـۆ گـەلی كورد و كوردە ئێزیدیەكان ناردو لە هـەمان كـات ڕەخنەی لە دەسـەلاّتی سـەرەك وەزیرانـی ئێراق نوری مـالكی گـرت و بـەوەی ناوزەنـد كـرد ، كـە كەمتەرخەمـە لـە جـیٰ بـە جێكردنـی پڕۆگرامـەكانی لـە هەردوو بواری ئارامی و ئاسایش لە وولاّتەكەدا .

هــەروا ئەمینــداری گــشتی ڕێكخــراوی نەتــەوە یــەكگرتووەكان لــە ٨/١٧ بروسـكەی ماتـەمینی بـۆ سـەرۆكی هـەرێم و سـەرەك وەزیرانـی ئێـراق ڕەوانـە

کرد و پشتگیری و هاوکاری ڕێکخراوەکەی دوپاتکردەوە بە ڕێگە گرتن لە تیرۆرستان لە ئێراقدا.

هەر بە هۆی ئەم کارەساتە سەرەك وەزیرانی ئێراق لە ٨/١٦ ، ٩٥٠ ملیۆن دیناری پێشکەش بە خانەوادەی شەهیدان و بریندارانی کارە تیرۆریستیەکە کرد ، لەو کاتەی کە سەردانی ئەو دوو شوێنەی کرد لە گر عوزێر و سیپان شێخ خدری سەر بە قەزای شەنگال لە هەرێمی باشووری کوردستان .

٢٠٠٧/٨/١٥ ڕێکەوتنی وولاتەکانی ، میسر و ، سووریا و ، ئوردن و ، لوبنان بە گۆڕینی بۆریە گازەکانی عەرەب بە بەستنەوەی بە تۆری عەرەب بە گواستنەوەی گاز لەگەڵ تۆری ئەوروپیدا لە دوای ڕەزامەندی ئێراق بە چوونە ناو ئەو تۆرە بە شێوەیەکی فەرمی .

دوای ئەوە وەزیرەکانی نەوت و گازی ، سووریا و ، لوبنان و ، ئوردن و ، میسر ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە شوێن و جێگەکان دیار بکەن و لە هەمان کات بە بەشداری وەزیری وزەی تورکیا ، ئەویش بە هەناردەو هاوردەی گاز بۆ ئەو وولاتانە و بەستانەوەی هێڵی بۆری لە نێوان ئەو وولاتاندا ، بە پێی پێویست لە تۆری هێڵی بۆری ئەوروپیدا .

٢٠٠٧/٨ ١٦ کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی لووتکەی بالای سەرکردەکانی وولاتانی ئەندام لە ڕیکخراوی شەنگەهای لە شاری – بەشکیك--ی پایتەختی کیرکیزیا , لە لایەن سەرۆکی ڕووسیا و ، کرکیزیا و ، چینی مللی و ، ئۆزبەکستان و ، تاجیکستان و ، کازاخستان

. لە گەڵ سەرۆکی ئێران و ، ئەفگانستان . کە ئەم دوو وولاتە ئەندامی چاودێرن لەو ڕێکخراوەیەدا ، لە گەڵ هندستان و ، پاکستان و ، مەنگۆلیا . بە مۆرکردنی هەشت ڕێکەوتن ، لە بوارەکانی هاوکاری و ئارامی و ئاسایش وسەربازی , دوای ئەوە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان لە بنیاتنانی جیهانێکی هەمە جۆری جەمسەری لە جیهاندا .

سەرکردەکانی ئەم وولاّتانە هەوڵەکانیان لە پێناو بەهێزکردن و سەرکەوتن بوو ، لە پێناو بە جێ گەیاندنی ڕێکەوتنەکانیان سەرەڕای ڕەخنە لێگرتنیان لە لایەن وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وولاّتانی دیکەی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە جیهاندا . بە هۆی ئەوەی کە ئەم وولاّتانە داوایان لە ئەمەریکا کردووە ، کە بنکە سەربازیەکانی لە هەرێمی ئاسیای ناوەند بکێشێتەوە لە دوای کارەساتەکەی ٢٠٠١/٩/١١ کە بەرامبەر ئەمەریکا ئەنجامدراوە ، هەر بەو هۆیەش ئەم بنکە سەربازیانەی دامەزراندووە لە کیشوەرەکەدا.

ڕاگەیاندنی سەرۆکەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی شەنگەهای بە دیارکردنی هەشت بەڵگەنامە و ناوزەند کردنی ئەم کۆبوونەوە بە ڕاگەیاندنی بە شکیك ، کە ڕەخنەی لە یەك جەمسەری دەسەلاّت گرت کە ئەمەریکا بەڕێوەی دەبات لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/١٦ لە ڕاگەیاندنێکی سەرۆك کۆماری فەنزویلا – هۆگۆشافێز–گووتی:– پلانێك لە بەر دەستدایە بە هەموارکردنی دەستووری وولاّتەکە بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ چەندین خوولی سەرۆکایەتی کردنی فەنزویلا خۆی هەڵبژێرێ .



جێگەی باسکردنە کە بە پێی دەستووری فەنزویلا هۆگۆشافێز دەبێ لە ساڵی ٢٠١٢ کۆتایی بە پۆستی سەرۆکایەتی بێ و خۆی هەڵنەبژێرێ بە سەرۆکایەتی وولاّتەکە . بەڵام هەموار کردنی دەستوور چەندین ماددە و بڕگە و خاڵ لە خۆ دەگرێ ، بە گرتنە دەستی سەرۆکایەتی کردنی شارەوانیەکان لە فەنزویلادا .

هەروا سەرۆکی فەنزوێلا شافێز ئەو ڕەخنە ئاراستکراوانەی کە ڕووبەڕووی ببووەوە ڕەتی کردەوە و گووتی:– داهاتویەکی ڕووناك بەرەو ئایندەی فەنزویلا هەنگاو پێدەنرێت لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

هەروا گوتی:– ئەو هەموارکردنانە هەڵوەشاندنەوەی چەندین جارە بە خۆ

پالاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی فەنزویلا و زیادکردنی ماوەی دەسەلاتی سەرەك کۆمار لە ٦ ساڵ بۆ ٧ ساڵ و دیاریکردنی کاتی کاتژمێری کارکردنی رۆژانە بە ٦ کاتژمێر کارکردن بۆ کرێکاران لە دام و دەزگا حکوومیەکان و کەرتی تایبەت و تێکەلاو لە فەنزوێلا و بە هێزکردنی دەسەلاتی دەوڵەت لە سەر باری ئابووری بوونی دەسەلات لە سەر کۆمپانیا تایبەتیەکان ، بەر لە مۆلەت وەرگرتن لە دادگادا . هەروا ئەو رشاگەیاندنەی شافیز لە کاتی ووتارەکەی بوو بەرامبەر ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی فەنزوێلا , بە چاوەڕوانکردنی بە هەموار کردنی دەستوور لە چەند مانگی ئایندەدا .

لەو کاتەشدا بە هەزارا کەس لە لایەنگرانی شافیز لە بەردەم کۆمەڵەی نیشتیمانی پیرۆزباییان لە شافیز دەکردو یادی شۆرشگێر و قارەمانی وولاتەکە پۆلیڤار بەر لە ٢٠٠٠ ساڵ دەکردەوە لە وولاتەکەدا.

٢٠٠٧/٨/١٦ لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق -- سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تالەبانی و ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی و ، سەرەك وەزیرانی ئێراق نووری مالکی و ، جێگری سەرەك کۆمار عادل عەبدولمەهدی -- رێکەوتنی چوار قۆلیان مۆر کرد .



ئەم رێکەوتنامەیەش خۆی لە چەندین خاڵ گرتبوو لە پێناو بەرەو باشبردنی باری ئێراق ، لە هەموو بوارە جیاجیاکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و کۆمەلایەتی ، بە تایبەتی باری ئارامی و ئاسایشی ئێراق و هەماهەنگی بەردەوام لە پێناو جێ بە جێکردنی مادەی/ ١٤٠ ی دەستووری ئێراق ، لە پێناو ئاسایی کردنەوەی ناوچە کێشە دارەکان و یاساکانی نەوت وگاز و پێشمەرگە و هاوکاری زیاتر لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

ئەویش بە رێگە گرتن لە هەوڵە تیرۆریەکان و پەیوەندی لە نێوان ئێراق و

وولاّتانی دراوسێ ، بە پێی بەرژەوەندیە گشتیەکان ، هەروا بەردەوام بوون لە سەر خزمەتکردنی گەلی ئێراق ، بە یاساکانی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی بە پێی دەستووری هەمیشەیی ئێراق , هەروا بەردەوام بوون لە کۆبوونەوەی هەفتانە و ، یاخوود خولی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران .

هەروا بە یەک بوونی هەلۆێستی یەکگرتوو لە کاتی سەرهەلّدانی کێشەی زیاتر و لە پێناو بە ئامانجگەیاندنی گەلانی ئێراق بە مافە ڕەواکانیان لە مەزهەبە ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و بەقەرارکردنی ئازادییە سەرەکیەکانی گەلانی ئێراق لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

بەلاّم دوای ئەوە لیستی بەرەی تەوافووقی ئێراق ڕەخنەی لەو ڕێکەوتنە چوار قۆلیەی نێوان هەردوو پارتی کوردی یەکێتی و پارتی و هەردوو پارتی عەرەبی ، پارتی دەعوە و ئەنجوومەن بالاّی شۆرشی ئیسلامی مەزهەب شیعە گرت لە ئێراقدا .

١٦ ٨ ٢٠٠٧ هێزەکانی سووپای ڕژێمی ئێران و تورکیا ناوچەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران و هەرێمی باشووری کوردستان بە هەماهەنگی هاوبەشیان بۆردومان دەکەن ، بە تۆپی قورس و درێژ هاوێژ ... بەر لەوەش هەردوو ڕژێمی داگیرکەری خاك و گەلی کوردستان بەردەوام بوونە لە بۆردمان کردنی دانیشتووانی ناوچەکانی پشدەر و قەندیل و قەلاّدزێ و پێنجوین لە پارێزگای سلیمانی و ناوچەکانی مێرگەسۆر و ئاکرێ و زاخۆ لە پارێزگای دهۆك و لە هەمان کاتیش ڕژێمی سووریا بە شێووە و شێوازێکی دیکەی نوێ ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەلاّتەکەی بە عەرەبکردن دەکات ، بە پێی خواست و ویستی ئوومەی عەرەبی و ئوومەی ئیسلامی لە سەر خاکی کوردستاندا .

٢٠٠٧/٨/١٧ لە مانۆرێکی سەربازی هاوبەش لە نێوان ڕووسیای یەکگرتوو و چینی مللی ، لە ناوچە چیاکانی ئۆرالی ڕووسیا بە

بەشداری ٦٠٠٠ هەزار سەرباز بە چەك و تەقەمەنی نوێی سەردەمیانە لە هەموو بوارەکانی سەربازی ، بە ئامادە بوونی سەرۆکی ڕووسیا -- ڤلادمێر پۆتین -- و سەرۆکی چینی مللی -- خۆگینتاو -- لە گۆڕەپانی مانۆرە سەربازیەکەدا .

ئەم مانۆرەش یەکەم مانۆرە کە بەم جۆرە ئەنجام دەدرێت لە شارۆچکەیەکی کە گوایە یاخی بووەکان دەستیان بە سەر داگرتووە لە پێناو تاقیکردنەوەی توانای هێز و سەربازەکانی ڕووسی و چینی بۆ ئەگەری هەر ڕووداوێك لەم جۆرەدا . کە هاوکاری ڕووسیا و چینی گەیشتۆتە ئاستی ڕاستەقینە و دیاریدەیەکی بەرچاوە بەرامبەر بە وولاتانی جیهان ، بە تایبەتی پەیمانی ناتۆ لە نێوان وولاتانی سەرمایەدار لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/١٧ لە دوای جێهێشتنی و بەشداری نەبوونی هەردوو لیستی بەرەی تورکمانی و گردبوونەوەی عەرەب لە ٣/٢٩ی هەمان ساڵ ، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك , دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆر درا بەگەڕانەوەیان و ئەوانیش مەرجێکیان دانا بە وەرگرتنی پۆستێکی سیادی لە کارگێری پارێزگای کەرکوك ، کە پۆستە سیادەکانیش -- پارێزگار ، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا ، قائمقام .

کە ئەم پۆستانەش مافی ئەوانی پێووە نیە ، لە بەر ئەوەی هەردوو لیستی بەرەی تورکمان و گردبوونەوەی عەرەب پۆستی جێگری پۆستە سیادەکانیان بە دەستە و تەنیا نانەوەی کێشە و گرفتە لە بەردەم چارەسەر نەکردنی کێشەکانی دیکە و بەرەو پێشبردنی باری پارێزگای کەرکوك لە هەموو بوارەکانیدا .

٢٠٠٧/٨/١٧ تێپەڕ بوونی چارەگە سەدەیەك بە سەر دروستکردنی یەکەم کاسێت لە لایەن کۆمپانیای_فلیپس -- ی ئەلمانیا , کە ئەمەش



لە دوای شۆرشێکی مەزن کە جیهانی مۆزیکای هەژاند . ئەم کارەی

کۆمپانیای فلیپس بووه هۆی ئەوەی کە ٢٠٠ ملیۆن سیدی بفرۆشێت لە بازارەکانی جیهاندا و تاکو ئێستاش یەکەم ڕێگایە سەرەرای بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای نوێ لە جیهاندا .
جێگەی باسکردنە کە هەردوو کۆمپانیای فلیپس و سۆنی دەستیان کردووە بە پەرەپێدانی ئەو سیدیە لە ساڵی ١٩٧٩ . ئەم هاوکاریەی نێوان هەردوو کۆمپانیا بووە کارێکی لە ناکاو لە لایەن کۆمپانیای فلیپس و یەکەم کاسێت تۆمارگە لە سەر کاسێت لە مانگی ١٩٨٢/١١/ کەوتە ناو بازاڕ ئەویش بە تۆمارکردنی مۆزیکای کلاسیکی لە سەر ئەو کاسێتانە و بڵاوبوونەوەی بەرەو وولاتانی جیهان .

٢٠٠٧/٨/١٨ خاتوو -- تەسلیمە نەسرین - نووسەر و ڕۆژنامە نووسی بەنگلادیشی ، بە هۆی نووسینی کتێبی— شەرم -- کە باسی لە ئازار و ئەشکەنجەدانی ئافرەتان و توونـد و تیـژی دەسـەڵاتی بـەنگلادیش دەکـات و هـەروا باسـی لـە نـا دادپـەروەری دەسـەڵاتەکە دەکـات ، لـە جێ بـە جێ نـەکردنی مـافی کەسـە نەتەوایەتیەکان و مافی ئافرەت و مرۆڤ لە وولاتەکەیدا .
بـەم هۆکـارە حکوومـەتی بـەنگلادیش بڕیاریـدا بـە دادگـایی کردنـی بـە دەرچوونی فتـوا لـە لایـەن ، کەسـایەتیە ئاینیـەکانی ئیسـلام لـەم وولاتـەدا و دەسـتیان کـرد بـە کۆکردنـەوەی کتێبـی – شـەرم -- بـۆ ئـەوەی لـە بـازاڕدا نەفرۆشێت .
جێگەی باسکردنە کە خاتوو تەسلیمە نەسرین لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٢ لـە شـاری – میمتـسینگك--ی بەنگلادیشە و مـاوەی ١٠ سـاڵە لـە وولاتـی هندستان ژیان بەسەر دەبات , بە هۆی نووسینەکانی کە لە ساڵی ١٩٩٣ دوا بە دوای زنجیرە گووتارێکی ڕۆژنامەوانی ، کە تیایدا ڕەخنەی لە شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتان لە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا گرتبوو , هـەر بـەم هۆکـارە بنـەرەتخوازە ئیسـلامیەکان فتوایـان لـە دژی دەرکـرد , کـە

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم خاتوونە روو لە ئاوارەیی بکات و دەرچێت لە وولأتەکەیدا .

٢٠٠٧/٩/١٩ لـــە هەڵبژاردنـــەکانی نوێنـەران وسـەرۆکایەتی لە کۆماری کازاخستان ، کـە لـە رۆژی شـــەمەی رێکـــــەوتی ٨/١٨ ئەنجامدراو ئەنجامەکەی ئـــەمرۆ راگەیانـــدرا بـــە

سەرکەوتنی پارتی – نور ، ئوتان – بە سەرکردایەتی سەرۆکی کازاخستان -- نور سلتان نزار باییف -- بە رێژەی ٨٨٪ . لە کۆی دەنگدەران کە لە ٦٦٪ . لە دەنگدەرانی وولأتەکە دەنگیان بۆ دا .

جێگەی باسکردنە کە سەرەك کۆماری کازاخستان نزار باییف بۆ ماوەی ١٨ ســاڵ دەســەڵاتداریەتی کازاخـستانی کـرد و لـە ســاڵی ٢٠٠٩ دووبـارە دەسـەڵاتی وولأتەکە بە دەست دەگرێتەوە ، لە دوای تەواو بوونی مۆڵـەتی پۆستەکەی ، ئەویش لە پێناو هەموار کردنی دەستووری وولأتەکەو زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی باری دیموکراتی و بە هێزکردنی باری ئابووری و بازرگانی و بەرەو باشبردنی باری ژیان و کار لەو وولأتەدا .

هەربەم بۆنە لە شاری ئەستانەی پایتەخت ئاهەنگێکی گەوورە گێردرا بە هۆی سەرکەوتنی پارتەکەی سەرەك کۆمار. بەڵام پارتە بەرهەڵستکارەکانی کازاخستان نەیانتوانی لە ٧٪ ی دەنگ زیاتر بە دەست بێنن بە مسۆگەر کردنی کورسی لە پەرلەمانی کازاخستان . لە گەڵ ئەوەشدا دانیشتووانی نژار پرووسی زۆری تیایە ، زیاتر لە وولأتەکانی دیکەی ئاسیای ناوەند , کە پێشتر کۆمارێك بوو لە لە کۆمارەکانی پێك هاتەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران .

٢٠٠٧/٨/١٩ لە ژێر زنجیرە ووتارێکدا خوولی رۆشنبری بۆ وتار بێژی مزگەوتەکان لە لایەن کەسایەتی و پسپۆری ئایینی دکتۆر -- مستە فا زەلمی -- پێشکەش کرا و چەند لایـەنێکی گرنگی بەرامبەر بە کەسایەتی و زاناکانی ئایینی عرەب

روونکـردەوە گـووتی:- زیـاتر لـە ٥٠ سـاڵە لـە نـاو عەرەبـدا دەژیـم و بـۆ یـەکمجاریش گـوێم لێنـەبووە زانیـەکی موسـلمانی عـەرەب باسـی لـە مەزلومیـەتی گـەلی کـوردی موسـلمان بکـات و بڵـێ ، ئـەوە بۆچـی ئـەو موسلمانانە ئەنفال و کیمیاباران و دەربەدەر دەکەن .

لە هەمان کات گووتی:- ئەمەریکا مەلائیکەت نیە و ٣ هەڵە و خیانەتی لە کورد کـردووە ، لـە کـاتی تەنگانـەدا بـە جێی هێشتووە ، هـەروا گـووتی :- ئەگـەر مـەلا و شـێخ و سـەیدەکانی کوردسـتان لـە سـەردەمی شـێخی نـەمر مەحمود حەفیددا بەریتانیای بە کافری دانەنابایە . ئێستا زیاتر لە هەشتا ساڵ بوو کورد خاوەنی دەووڵەت بووە لە کوردستان .

٢٠٠٧/٨/١٩ لە کۆبوونەوەی سەرکردە رامیاریەکانی ئێراقدا و بەردەوامی کۆبوونـەوەکان ، کـە تایبـەت بـوون بـە خستنە رووی ئـەو پرۆژانـەی کـە لـە لایـەن لێژنـەی ئامادەکاری درابووە سەرکردە رامیاریەکان .

کە دیارترینیان یاسای پارێزگاکان بوو و بڕیاری یەکلاکردنـەوەی بۆ درا و دۆسـیەکانی دیکـەش وەك یاسـای نـەوت و گـاز و داهـاتی نیـشتیمانی و پێداچوەنەوەی دەستوور و چەندین بابەتی دیکە .

لە هەمان کات وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بێرنارد کۆشنەر لـە سـەردانەکەیدا بـۆ ئێـراق کۆبوونـەوەی لـە گـەڵ سـەرکردە رامیاریـەکان کـرد و گفتووگـۆی گونجاویان ئەنجامدا ، کە سەردانی کۆشنـەر کاریگـەری و کاردانەوەی خۆی لــە ســەر بــەرە و باشــبردنی بــاری ئێــراق و پەیوەنــدی نێــوان پــارتی و ڕێکخراوەکانی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مەزهەبی و ئایینی و کۆمەڵایـەتی دەبێت لە ئێراق .

٢٠٠٧/٨/٢٠ سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە شاری دیمەشـقی پایتـەختی سـووریا و لـە لایـەن وەزیـری دەرەوەی سـووریا – ئەلمعـەلم -- پێـشوازی لێکـراو ، دوای ئـەوە دەسـتیان کـرد بـە گفتووگـۆی نێوانیان ، ئەویش بە نوێکردنـەوەی پەیوەندیـە هەمەلایـەنەکان ، بـە تایبـەتی پەیوەندی ئاسایشی ئێراق و ڕێگە گرتن لە تیرۆرستان و ، پەیوەندیەکانی ئابوری و بازرگانی و ڕامیاری و ئاوارەکانی ئێراق ، کە روویـان لـە سووریا کردووە ، بە هۆی باری نا لە باری ناوخۆی ئێراق و چەندین بواری دیکەی

نێوان حکوومەتی ئێراق و سووریا .



٢٠٠٧/٨/٢٠ بە هۆی بەردەوامی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپا و پاسدارانی ئێران ، لە گەڵ پارتی ژیانەوەی کوردستان و لێکەوتنی زیانی ماددەی و جەستە لە ناو ڕێزەکانی سووپای ئێران و بەردەوام بوون لە تۆپبارانکردنی ناوچەکانی پشدەر لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە لە ئەنجام بووە هۆی چۆڵکردنی زیاتر لە پێنج گوند و دەربەدەربوونی زیاتر لە دانیشتووی ١٥٠ گوند ، کە خۆی زیاتر لە ١١٠٠ هاوڵاتی کورد لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر دەگرێ . حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی کردنەوەی خیوەتگایان بۆ دەدا لە گەڵ دابین کردنی خۆراك نەك بەرگری کردن لە ناوچەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە هەوڵە هەمە جۆرەکانی وەك ڕاگەیاندن و خۆپێشاندان و دەربرینی ناڕەزایی و ڕەوانە کردنی شاندی تایبەت لەم بارەیەوە بۆ ئێران .



٢٠٠٧/٨/٢١ دەست پێکردنی دانیشتنەکانی دادگایی کردنی تاوانبارانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی بە هاری/ ١٩٩١ ی مەزهەب شیعەکان ، دەستی پێکرد ... کە ئەم دادگایی کردنەش سێیەمین کێشەیە کە دادگای باڵای تاوانی ئێراقە و هەر یەك لە --- عەلی کیمیاوی و ، سولتان هاشم و ، حوسین ڕەشید و ، عەبدحەمید مەحمود و ، ئیبراهیم عەبدولستار و ، وەلید محەمەد و ، ئەیاد فەتییح و ، سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن و ، عەبدوغەفورفلایح و ، ئەیاد تەها شەهاب و ، سابر عەبدولعەزیز ئەلدوری و ، چوار تۆمەتباری دیکەش لە دانیشتنەکانی دادگاکەدا بە تۆمەتی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان دادگایی کرد لە باشووری

ئێستای ئێراق و ، هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

٢٠٠٧/٨/٢١ هێزەکانی سووپای ئێران لە بەرزترین لوتکەی کوێستانەکانیان لە هەرێمی باشووری کوردستانی داگیر کرد ، کە بە مێرگە سێر ناسراوە .

کە بە پەرەشوت چەکدارەکانی کۆماندوزیان دابەزین و سێ شۆفەڵ بە پشتیووانی چەندین دەبابە و چەکداری پیادە لە شەگەلەوە ڕێگای ئۆتومبێل دەگەیاندە مێرگە سۆر، لە هەمان کات هێزەکانی سووپای ئێران تۆمبارانی بناری شاخی قەندیلیان کرد و لە بەردە بانەش دوو کەسیان شەهید کرد .

لە هەمان کات لە ڕێگەی بلاۆکراوەیەکی هێزەکانی سووپای ئێران کە داوای لە دانیشتووانی گوندەکانی سەر سنووری هەرێمی باشووری کوردستانی لە گەڵ ئێران ، کە ناوچەکە چۆڵ بکەن ، ئەمەش لە ئاکامی شەڕی توندی نێوان هێزەکانی سووپای ئێران و پارتی بوژانەوەی کوردستان ، کە زیانێکی زۆر بە هێزی سووپای ئێران کەوتووە .

جێگەی ئاماژەیە کە پارتی بوژانەوە لقێکی -- پەکەکە --یەو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دانیشتووی ڕۆژهەلاتن ، دژی ڕژێمی ئێران دەجەنگن لە سەر خاکی کوردستان .

٢٠٠٧/٨/٢٢ پارێزگاری کەرکوك و هەردوو بەرێوەبەری سەرچاوە ئاویەکان و بیرە ئیرتوازیەکان پرۆژەی بەنداوی شارۆچکەی – ناحیە – ی لەیلان بەردی بناغەی بۆ دانرا .

شایانی باسە کە شارۆچکەی لەیلان دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان لە دۆلی شیرین و بەنداوەکەشی بە ناوی شیرین دەستی پێکرد ، کە درێژیەکەی ٤٢٦ مەترە و توانای ئەمبار کردنی یەك ملیۆن مەتر چوار گۆشە ئاوی هەیە . ماوەی تەواو بوونی ١٣ مانگی خایاندو ، بڕی ٥ ملیار و ٣٠٠ ملیۆن دیناری ئێراقی نوێی بۆ خەرجیەکانی بەنداوەکە تەرخان کرابوو ... کە ئەم بەنداوەش سوودێکی لە بار و گونجاوی دەبێت بۆ بواری کشتووکاڵی لە پارێزگاکە و ناوچەکەدا

٢٠٠٧/٨/٢٢ بەڕێوەبـــەری پۆلیـــسی پارێزگـــای کـــەرکوك لـــە چـــاوپێکەوتنێکی لەگـــەڵ هەفتــە نامــەی هــاوولاتی ڕایگەیانـد ، کـە لـە مـاوەی مـانگی/ ٢٠٠٧/٧ نزیکـەی ٦٠٠٠ هـــەزار خێزانـــی

عەرەب لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی پارێزگای کەرکوك نیشتەجێ بوون ، کە هەندێکیان بە ڕەزامەندی بەرپرسان بووە و هەندێکیان بە دزەکردن و یارمەتی دانیان بە پارە گەیشتوونەتە شاری کەرکوك .

تەعریب کردنی خاکی کوردستان ، بە تایبەتی پارێزگای کەرکوك بە شێوە و شـێوازێکی دیکـەی یاسـایی و هاوکـاری لـە کـاتی بـەعس بەردەوامــە و متشتومڕو کێشمە کێشمەی جێ بە جێکردنی مادەی/ ١٤٠ یش بەردەوامـە ، بـەڵام سـەرکردایەتی کـورد لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ... ؟...!...؟... سامان ... پارە ... کورسی ....؟.

٢٠٠٧/٨/٢٤ کۆچی دوایـی سـەرەك کۆمـاری ئێراق و ئەمینداری گشتی پـارتی بـەعس لـە ئێراق و ئەندامی سـەرکردایەتی شـۆڕش عەبـدولرەحمان محەمـەد عـارف ، لـە کۆمەڵگای حوسێنی پزیشکی لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن لـە تەمـەنی ٩١ ساڵیدا .

شـایانی باسـە لـە دوای مردنـی عەبدولـسەلام محەمـەد عـارفی بـرای لـە ١٩٦٦/٤/١٦ تاکو ١٩٦٨/٧/١٧ سـەرۆکاتی کۆمـار ومـارو لاباڵی چەپرەوەی پارتی بەعسی لە ئێراق گرتە دەسـت ، لـە کودەتـا سـەربازیەکەی بـەعس بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سـەدام حوسـێن ١٧--٧/٣٠/ ١٩٦٨ لە دەسەڵا ت لادرا و لەگەڵ خێزانەکەی ڕەوانەی دەرەوەی ئێراق کران .

٢٠٠٧/٨/٢٦ لـە دوای زنجیرەیـەك لـە کۆڕ و کۆبوونـەوەی نێـوان سـەرکردە ڕامیاریـەکان لـە پێـك هاتــەکانی گــەلانی ئێــراق و پارتــە ڕامیاریــەکان یەکیــەتی نیــشتیمانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکلراتی کوردسـتان و ئەنجوومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسلامی و حزبی دەعوەی ئیسلامی و پارتی ئیسلامی ئێراق ، بەیاننامـەی

کۆتاییان ڕاگەیاند ، کە لە دوو خاڵ پێك هاتبوون ، کە خاڵی یەکەم لە چوار بڕگە و ، خاڵی دووەم لە حەوت بڕگە پێك هاتبوو . ئەویش لە پێناو چارەسەر کردنی کێشە هەڵواسراوەکان و بەرەو پێشبردنی باری ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە لە ئێراق و ، پەیوەندیە ناوچەیی و هەرێم و جیهان.

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە/٢٥٩٩

٢٠٠٧/٨/٢٦ بە هۆی تەشەنە کردنی نەخۆشیەکانی سکچوون و ڕشانەوە لە شاری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی باری نا ئاسایی لە پارێزگاکە ڕاگەیاند ، کە شاری سلێمانی بە بارێکی نا ئارامی تەندرستیدا تێپەڕ دەپەرێت.

شایانی باسە باری نا لە باری تەندروستی هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بە هۆی هێنانی هەموو ئەو خواردنەمەنیانەیە ، کە کۆمپانیاکانی کوردستان بە هاوکاری بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیهێننە ناو هەرێمی باشووری کوردستان و، ستۆك بوونە ، واتە ماوەی بە کار هێنانی بەسەر چووە لە ڕۆن و دەرمانچا و دەرمانی پزیشکی و خۆراکە هەمە جۆرەکان دیکە ، لە هەمان کات بە دەیا خاوەن کۆمپانیا دەستگیر کراون و دوای بە ڕێکەوتن ئازاد کراون و هاووڵاتی کوردستانیش بە چەند قۆناخێکدا تێدەپەرێ لە لایانی گرنگ نیە ....!...؟.

٢٠٠٧/٨/٢٧ هێزەکانی سووپای ئێران لە تۆبرانکردنی ناوچە سنووریەکانی نێوان هەرێمی باشووری کوردستان و دەسەڵاتەکەی بەردەوامە و زۆربەی گوندەکانی سیکەنە و سەرخان و سوێسنێ هەرچەند زیانی گیانی لێنە کەوتۆتەوە ، بەڵام ڕەز و باخ و دارستانەکان ئاگریان گرت و ، لە ئاکامدا زۆربەی زۆری سووتاندوە و دانیشتووانی ئەم گوندانە و گوندی دیکە ، ناچار بوون شووێنەکانی خۆیان جێ بهێلن . لە لایەکی دیکە هێزەکانی سووپای ئێران لە سەر شاخەکانی کوێستانەکانی پرژی ڕادارێکی سەربازی جێگیر بکەن دەیروانیە سەر ناوچەی باڵەبیان . هەروا شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سووپای ئێران و پارتی ژیانەوەی کوردستان بەردەوامە و

زیانی گیانی و چەك و تەقەمەنی بە هێزەکانی سووپای ئێران کەوتوون .

٢٠٠٧/٨/٢٧ لە دوای وتارەکەی سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلای سارکۆزی لە بەردەم بالۆێزەکانی فەرەنسا لە جیهاندا ، سەبارەت بە رامیاریەتی دەرەوەی وولاتەکەی ، کە کۆمیسیۆنی یەکیەتی ئەوروپا لە ٨/٢٨ خۆشحالی خۆی لە سەر ئەو هەلوێستەی سەرۆکی فەرەنسا سەبارەت بە وەرگرتنی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا دەربڕی .

لە وتارەکەیدا سەرۆکی فەرەنسا لاری نەبوونی خۆی ڕاگەیاند بە دەست پێکردنەوەی دانوساندنی نێوان یەکیەتی ئەوروپا و ڕژێمی تورکیا لە پێناو بوونی بە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا یا نا ... بە مەرجێك لە گەلْ ئاییندەی پەیوەندی نێوانیان بگونجێت .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دانوستانی وەرگرتنی لە ٣٥ بەش پێك هاتووە کە پلە بە پلە یەك لە دوای یەك ئەم بەشانە دەکرێتەوە و لە هەر بەشێکیشدا رازیبوونی وولاتانی ئەندامی پێویست لە یەکیەتی ئەوروپا ... هەروا سەرۆکی فەرەنسا لە وتارەکەیدا گووتی:- کە فەرەنسا دەستە وەستان نابێت لەو کاتەی کە توندو تیژی تایفە گەری لە ئێراق درێژەی هەیە و مەترسی گەورەش لە سەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان دروست دەکات و ڕێگە چارەی رامیاری باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ئێراق .

٢٠٠٧/٨/٢٨ لە دوای دوو خوولی هەلْبژاردن ، سەرەك کۆماری تورکیا , لە خوولی سێیەمی هەلْبژاردن سەرەك کۆماری تورکیا ، وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوللا گوولْ بە سەرەك کۆمار هەلْبژێردرا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە یەکەم سەرۆکە سەر بە ڕەوتێکی ئیسلامی بێت . کە بگاتە کۆشکی سەرۆکایەتی تورکیای عەلمانی ، کە گوول لە کۆی ٥٥٠ دەنگی پەرلەمان . توانی ٣٣٩ دەنگ بە دەست بێنیْ ... کە پارتی دادو و

گەشە پێدانی دەسەڵاتدار تێیدا زۆرینەیە ... بەوەش توانی بە ژمارەیەکی کەمی دەنگەکان زۆرینەیەکی کەم بە دەست بێنێ بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی تورکیا .

کە هەردوو ڕکابەرەکەی گول ، چەکەك ئوگلو لە پارتی کاری نەتەوەیی راسترەو ، حوسێن نیڤۆن نایجلی لە پارتی چەپ ڕەوی دیموکراتی توانیان ٧٠ بە ١٣ دەنگ بە دەست بێنن ... کە سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئوردگان ڕۆژی ٨/٢٩ کابینەی نوێی حکوومەتەکەی خستە بەردەم سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی کۆماری تورکیا .

٢٠٠٧/٨/٢٨ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئاگادار کردنەوە لە مردنی یەکێك لە مەزنترین نووسەر و ڕۆژنامە نووسی هاوچەرخی ئیسپانی -- فانسیسکۆ ئۆمیرال -- کە لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا ، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کتوپڕ بە وەستانی دڵ گیانی دەسپێرێت .

شایانی باسە ئۆمیرال لە مانگی/ ١٩٣٥/١١ لە شاری مەدرید لە چاوی بە جیهان هەڵهێناوە و لە نەخۆشخانەی مۆنتیرنسیبی دی بوادیا دڵ مۆنتی دەوورووبەری مەدرید کۆچی دوایی دەکات ... کە ٨٠ هەشتا کتێبی بە چاپگەیاندوە ... لە وانە مۆرتال ئای رەسا لە ساڵی ١٩٧٥ ، تریلۆخیادی مەدرید لە ساڵی ١٩٨٤ ... هەروا بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی لە ئیسپانیا بە دەست هێناوە ... لە وانە بنسبیی دی ئیستۆریاسی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٩٦ و خەڵاتی سرفانتس لە ساڵی ٢٠٠٠ .

ئەم کەسایەتیە لە ساڵی ١٩٥٨ دەست بە نووسینی ووتار کردووە لە ڕۆژنامەی ئورتی دی لستیان هەرێمی ... دوای ئەوە کاتەکانی ژیانی بۆ کاری نووسینەکانی ئەدەبی تەرخان کردووە و بۆتە کەسایەتیەکی ئیسپانی و جیهانی لە بواری نووسینەکانیدا .

٢٠٠٧/٨/٢٨ لە دوای تەواو بوونی قۆناخی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردن عەبدوڵلا گوول توانی لە قۆناخی سێیەم ٣٣٩ دەنگ بە دەست بێنێ لە کۆی ٥٥٠ دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی نیشتیمانی تورکیا و بە سەرکەوتوانە پۆستی سەرەك کۆمار بگرێتە دەست و پۆستی سەرەك وەزیرانیش رەجەب تەییب ئۆردگان بگرێتە دەست لە وولاتەکەیاندا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە -- رەجەب تەیب ئۆردگان و ، عەبدوڵلا گوول و ، بوڵند تەرنگ و ، عەبدوللە تیف شەتەر-- بە یەکەوە پارتی داد و گەشە پێدان لە ساڵی ٢٠٠١ دابمەزرێنن , ئەو چوار کەسە کۆڵەگەی دروستکەر و داهێنەری ئەو پارتە بوون و --- ئۆردوگان --- بووە سەرۆکی ئەو پارتە و گول و بڵند ئەرنگ و عەبدوللەتیف شەنەر هەرسێکیان بوونە جێگری ئۆردگان ، لە دوای ماوەیەکی کورت هەڵبژاردنی گشتی پێش وەختی پەرلەمانی گەورەی تورکیا بە هۆی نەخۆشی سەرەك وەزیرانی پێشوو بڵند ئەجەوید لە ٢٠٠٢/١١/٣ دا هاتە پێشەوە .

لەو هەڵبژاردنەدا پارتی داد وگەشەپێدان هەر چەندە تەمەنی دروستبوونی زۆر کورت بوو , بەلام – ئۆردگان و، گول و ، ئەرنگ و ، شەنەر -- وەك یەك تیمی بە هێزی پارتی داد لەو هەڵبژاردنەدا گەورەترین سەرکەوتنیان بە دەست هێناو لە کۆی ٥٥٠ ئەندام پەرلەمان توانیان ٣٦٥ کورسی لە پەرلەمان بە دەست بێنن ، کە دەکاتە ٣٤,٣٪ی تەواوی دەنگەکانی ئەو کاتی دەنگدەران .

ئەم سەرکەوتنەش بووە هۆی ئەوەی کە بتوانن حکوومەتی زۆرینە بە تەنیا پێك بێنن . ئەو کات بە هۆی کێشەی دادگایکردنی پێشوو , ئۆردگان نەیتوانی خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمان بپالێورێ , بۆیە هەر وەك سەرۆکی پارتی داد بەردەوام بوو , بە پێی دەستووریش سەرۆکی وەزیران دەبوایە

ئەندامی پەرلەمان بێت . بۆیە لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەش ئۆردگان نەیتوانی ببێتە سەرەك وەزیران .
بەڵام رەجەب تەیب ئۆردگان وەك وەفاداری بۆ عەبدوڵلاَ گوول و دۆستایەتی بە هێزی نێوانیان و بڕوای تەواوی بە عەبدوڵلاَ گول ، ئەوە بوو گوولی هێناو کردیە سەرەك وەزیرانی حکوومەتەکەی خۆی لە سەر تورکیا . هەروا بلَند تەرنگ بووە سەرۆکی پەرلەمان و عەبدوللەتیف شەنەر بووە جێگری سەرەك وەزیران و حکوومەتێکی بە هێزی بۆ عەبدوللاَ گول پێك هێنا لە تورکیا .
لە ماوەی دەسەلاَتی عەبدوڵلاَ گوول و سەرۆکی پەرلەمان ، توانیان چەندین بڕگە و مادده و خاڵ لە دەستووری تورکیا بگۆڕن ، لە پێناو بە هێزکردنی جێ پێگەی پارتەکەیان و پشتیوانی کردن ل داهاتووی رەجەب تەیب ئۆردگان لە سەر تورکیادا . دوای ئەوە بە هۆی واز هێنانی ئەندام پەرلەمانێك لە پارێزگای --- سیرت --- هەلَبژاردنیان لە پارێزگای سیرت دووبارە کردەوە و ئۆردگان لەو شارەدا خۆی بۆ ئەندام پالاَوت و لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٩دا هەلَبژاردن ئەنجامدرا و ئۆردگان لە شوێنی ئەو ئەندام پەرلەمانە ، وەك ئەندام پەرلەمانی سیرت هەلَبژێردرا و بووە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا . بەم جۆرە بوو ، گوول ڕێگای بۆ ئۆردگان خۆشکرد و شوێنی خۆی کە سەرەك وەزیرانی تورکیا بوو بۆ ئۆردگانی جێ هێشت ...
ئەمەیە سەرکردایەتی ڕاستەقینە
ئا لێرەدا دەمەوێ شتێك روون بکەمەوە ، ئەویش بەراوردێکە لە نێوان حکوومەت و پێك هاتەی تورکیا و هەرێمی باشووری کوردستان .
تورکیا ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ٧٢ ملیۆن کەسە و ٨١ پارێزگایە و پەرلەمانەکەشی ٥٥٠ ئەندامە و حکوومەتەکەی لە ٢٥ وەزیر پێك هاتووە
بەلاَم لە هەرێمی باشووری کوردستان کە سنوورەکەی دانی پێنەنراو وولاَتێکی سەربەخۆی نیە و لە هەموو لایەك گەمارۆدراوە و داهاتووی گەشی بینی نیە ، گەر بەراورد لە ڕابردوو ئێستای کوردستان و داهاتووی بکەی ، کە پەرلەمانەکەی ١١١ ئەندامە و حکوومەتەکەی ٤٥ وەزیرە و دەسەلاَتەکەشی لە سەر سێ پارێزگای ناتەواوە ، بە هۆی نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلیمانی و دهۆك . کەچی

دەسەلاتی هەرێمی باشووری کوردستان نیمچە دەسەلاتێکی دان پێنراوە بە پێی دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، بەلام تورکیا دەوڵەتێکی خاوەن سنوور و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامی پەیمانی ناتۆ و ئەندامی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیە ، لە گەڵ چەندین ڕێکخراوی دیکە و دەوڵەتێکی کاریگەرە لە ناوچەکە و جیهاندا .

<u>تێبینی:-</u> زۆر شتی دیکە ماوە بیلێم ، بەلام ئەوەندە بەسە بۆ سەرکردەکانی کورد وەك دەلێن :- ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە ...!... ؟.

٢٠٠٧/٨/٢٨ لە ئاکامی ئاگر بەربوون لە دارستان و پارك و کێلگە کشتووکاڵیەکان لە یۆنان لە ئەنجام بە دەیا هکتار زەوی ئاگری گرت و زەرەرو زیانەکان بە ملیارێك ونیوو یۆرۆ مەزەندە کرا . لە هەمان کات حکوومەتی یۆنان یەك ملیۆن یۆرۆی بۆ ئەو کەسەی و لایەنانە وەك پاداشت بەخشی کە ناوی ئاشکرا بکات .

جێگەی ئاماژەیە کە زیاتر لە ٦٤ هاوولاتی گیانی لە دەست داو هەروا کاردانەوەی لە سەر باری ژێخانی ئابووری و باری ژیانی هاوولاتیان کردەوە و لەلایەکی دیکەش هەرەشەی لە شوێنەوارەکانی ئۆلەمپیات و مۆزەخانەیەکی گرنگی تایبەت بە مێژووی کۆنی یۆنان لێیە و بەرپرسانی تیمەکانی فریاگوزاری بس دووپاتیان کردەوە ، کە ٦ فرۆکە و ٢ هەلیکۆپتەر و ١٥ ئوتومبێلی ئاگر کوژێنەوە و ٤٥ کرێکار خەریکی دابین کردنی سەلامەتی ئەو ناوە مێژوویانە بوونە لە وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٨/٢٩ کەسایەتی ناوداری ئەفەریکیا و جیهان -- نلسن ماندێلا-- لە ماوەی ژیانی لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە و هیچ کاتێك مل کەچی نەکردووە بۆ داخوازیەکانی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی لە وولاتەکەی و لە کیشوەرەکەو لە جیهان ، هەموو کاتەکانی ژیانی

تەرخان كردبوو لە پێناو بنبركردنی تیۆری رەگەز پەرستی لە وولاتەكەی و جیهان و لابردنی جیاوازی رەنگ و بیروو بۆ چوون و هەڵویست ، ئەویش لە پێناو خزمەتكردن و یارمەتی دانی هەزاران لە هەر كوێەك بن لە سەر گۆی زەوی لە جیهاندا .

بە هۆی ئەم هەڵوێستە بوێرانەی نلسن ماندێلا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەڵسان بە دانانی پەیكەری نلسن ماندیلا لە گۆرەپانی بەر پەرلەمانی گشتی بەریتانیا ، وەك رێزلێنانێك بۆ ئەم كەسایەتیە بێ وێنەو نەبوونی هاوتای لە جیهان ، لە تەك پەیكەرەكانی ناودارانی جیهان وەك :-ئەبراهام لینكۆن ، ئۆلیڤەر كرمۆیل ، ونستۆن تشرشل ، ئەوانی دیكەی كە مێژوویان دروستكردووە ، هەروا دادپەروەری و دیموكراتیان دروستكردیە و ، هەروا ئەوانەی راستگۆ بوونە لەگەڵ پێنووسەكانیان لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/٢٩ سەرەك ئەركانی هێزەكانی سووپای توركیا یەشار بویوك ئانیت لە رێورەسمی سووێند خواردنی سەرەك كۆماری نوێی توركیا عەبدوڵلا گول ئامادە نەبوو ... بە پێچەوانەی رێورەسمەكانی پێشوو ، كە دەبێ زۆربەی بەرپرسانی ئەو وولاتە بەشداریان لە سووێند خواردنەكە بكردایە ... بەر لە یادكردنەوەی دامەزراندنی سووپای توركیا سەرۆكی ئەركان یەشار بویوك لە لێدوانێكیدا راگەیاند بۆ ناوخۆ و دەرەوەی وولات ، كە لە ناوبردنی رژێمی عەلمانی لە مەترسیدایە و رایگەیاند ، كە سووپای توركیا پشتگیری تەواوی سیستەمی رژێمی عەلمان دەكات لە هەموو بوارە جیاجیاكاندا .

٢٠٠٧/٨/٢٩ سەرەك وەزیرانی توركیا رەجەب تەیب ئۆردگان لە بەیاننامەیەكیدا گووتی :- دەمەوێ جەخت بكەمەوە سەر ئەوەی كە ئەمرۆ لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستیمان بەوەیە ، كە ناكۆكیەكانمان بەلاوە بنێن و ریزەكانمان یەكخەین و لە سەر بەهاكانی نەتەوەكان و بنەماكانی كۆمار و ئامانجە هاوبەشەكانمان كۆك بین .

جێگەی باسە كە ئۆردگان لە دوای هەڵبژاردنی عەبدوڵلا گول بە سەرەك كۆماری توركیا ، ئەو نامەی ئاراستەی هێزەكانی سووپا و پێك هاتەكانی توركیا كرد و لە نامەكەیدا گووتی:- ئەمرۆ توركیا لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستی بە یەك ریزی هەیە ... ئەمەش بەر لە ئاهەنگەكانی ٨/٣٠ دێت كە بە رۆژی سەركەوتن ناو دەبرێت و بە بۆنەیەك دادەنرێت بۆ رێزگرتن لە

سووپای تورکیا .

٢٠٠٧/٨/٢٩ ڤیستیڤالی ٥٧٥ مین بۆ ٧٥ فیلمی نایابی جیهان لە شاری ڤینیسای ئیتالی نمایش کرا ... ڤیستیڤاڵەکە بە فیلمێکی دەرهێنەری ئیتالی – جورانت -- کرایەوە ، ڤیستیڤاڵەکە تاکو ٢٠٠٧/٩/٩ بەردەوام دەبێت ... خەڵاتی تایبەتی -- شێری زێڕینی -- دەبەخشرێتە دەرهێنەری ناسراوی ئیتاڵی -- برناردۆ برتۆلنۆش -- تەمەن ٦٦ ساڵ ... ئەمەو جگە لە بەخشینی ٢٢ خەڵاتی دیکە بە سەر فیلم لە بازنەی پێشبرکێیەکەدا لەم ڤیستیڤاڵەدا .

٢٠٠٧/٨/٢٩ لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوو کە ڕێژەی ٩٥٪ ماددە بێهۆشکەرەکانی جیهان لە ئەفگانستان بەرهەم دەهێنرێت ... شایانی باسە بە بەراوردکردنی لە گەڵ ساڵی ٢٠٠٦ ڕێژەی زیادبوونی لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٧ ١٨٪ بووە و زۆربەی بەرهەم هێنانی ئەو ماددەیە لە ناوخۆی ئەفگانستان ، لە ویلایەتی هیلمندی باشووری ئەو وولاتەیە ، کە ژمارەیەکی زۆر چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان خۆیان تێیدا حەشارداوە و وولاتێکی ئیسلامی و هەردوو مەزهەبی شیعە و سوونەی تیایە و لە بارێکی توندڕەوی ئیسلامی دا دەژی و دژی هەموو بیروو بۆچوونێکی زانستی سەردەمین لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٨/٣٠ زیاتر لە ١٧٠ هەزار پەنابەری ئێراقی داوای مافی پەنابەریان لە وولاتانی جیهان کرد ، کە بە پێی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەوانەی بە زۆر کۆچیان بۆ ناوچەیەکی دیکەی ناو ئێراق پێکراوە و ئەوانەی کە ناچاربوونە بە هۆی بارودۆخی ئەمنی ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشتبووە گەیشتۆتە چوار ملیۆن و دوو سەد هەزار کەس .

هەروا کۆمیسیۆنی ناوبراو لە بەیاننامەیەکیدا گووتی:- لە سووریا و ئەردەن و میسر ... هەروا گووتی :- ئەم زانیارانە لە مانگی سووری ئێراقی وەرگێراوە و ئەوانەی ناو نووسکراون زیاترن لە ١٧٠ هەزار کەس بۆ ئەوەی سیفەتی پەنابەریان پێبدرێت لە وولاتانی جیهان .

٢٠٠٧/٨/٣١ سووپای تورکیا لە جەژنی سەرکەوتنیدا داوەتی هاوسەری سەرەك کۆماری نوێی تورکیا عەبدوڵلاَ گول نەکرد و لە هەمان کات داوەتی هاوسەری سەرەك

وەزیـران ڕەجـەب تـەیب ئۆردگـان نـەکرد ... بـە بوونی ڕەوتـی ئیـسلامیان و بـوونی خواسـتی سـەرپۆش بـۆ هـەردوو ئـافرەتی سـەرەك كۆمـار و سـەرەك وەزیران .

هەر لـەو كاتەشدا داوەتی ئەندام پەرلەمانە كوردەكانی نـەكرد ، كە لـە نـاو پـارتی كۆمـەڵگای دیموكراتی خۆیـانْ بـۆ بـە ئەندام بوونیـان لـە پەرلـەمان كاندید كردبوو ، كـە ئەمـەش كـارێكی شـۆڤینی و ڕەگـەز پەرسـتی و جـودا خوازیە لە لایەن هێزی سووپای توركیا ، لە هـەمان كـات سـەرۆكی ئـەركانی سووپای توركیا ژەنـەراڵ یەشار بویوكانتی لەوتەكەیدا بەرگری تـەواوی لـە ڕژێمی عەلمانیەتی توركیا كرد و گووتی :-

ماوە بە هیچ لایەنێك نادرێت دەست تێوەردانی و پێشێلی ڕژێمی عـەلمانی بكات بە هەر نرخێك بێت لە توركیا .

٢٠٠٧/٨/٣١ ڕێكخـراوی پـەیامنێرانی بـێ سـنوور ، كـە بارەگاكـەی لـە پاریـــسی پایتـــەختی فەرەنـــسایە ، ئـــەمڕۆ ڕایگەیانـد كـە لـە مـانگی/ ٢٠٠٣/٣ تـاكو ئـەمڕۆ ٢٠٠ ڕۆژنامــە نـووس لـە ئێـراق گیانیان لە دەست داوە ، بە هۆی كارە تیرۆریستیەكان و لـە كـاتی كـاركردنی ڕۆژنامە نووسان لە كاتی بە جێ گەیاندنی ئەركی ڕۆژنامەوانی لە ئێراقدا . كە كوشـتنی ئـەم ڕۆژنامە نووسـانەش مەبەسـت دار بووە , كە تـەنیا سـاڵی ٢٠٠٧ ، ٤٩ ڕۆژنامە نووس لە شارە جیاجیاكانی ئێراق كوژراون .



٢٠٠٧/٨/٣١ لــە دوای هــەوڵێكی زۆر لــە لایـــەن شوێنەوارنناســـانی كـوردی و فارسـی لـە ئێـران تـــوانرا پێناســـە كردنـــی شـــوێنەواری مێـــژوویی تەپۆڵكەی قەڵای – زەینـال –

- کە یەك کیلۆ مەتر لە گوندی -- مەرگە مووری -- دووره و سەر بە پارێزگای ئیلامە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان .
جێگەی باسکردنە کە ئەم شوێنەوارە دەرکەوت کە سەردەمی کۆنی ئەم ئەگەرێتەوە بۆ - کالکۆتیك -- مەفرەك و ئاسن و پاش سەردەمی هیخامە نشین .لە دوا پێناسە کردن و کۆتایی هاتنی قۆناخەکانی تۆمارکردن , چووە ناو لیستی شوێنەوار و بەرهەمە نەتەوەییەکانی ئێران . هەروا ناوی تەپۆلکەی قەلاّی زەینال لە ناوی یەکێك لە خانەکانی ناوچەیی بە ناوی -- زەینال خان -- هاتووە ، کە تەپۆلکەی مێژوویی دەشتی -- سەمیرە -- یە و قەلاّی زەینال لە سەر ئەم تەپۆلکەیە هەلّکەوتووە , کە مێژووی دەگەرێتەوە بۆ ۳۰۰ سالّ لە مەوبەر تایبەت بووە بە --زەینال خانی کەلانتەر -- هەروا ژمارەی شوێنەوار و بەرهەمە نەتەوەییەکانی پارێزگای ئیلام گەیشتۆتە ۳۵۷ بەرهەم و بەرە و زیادبووندایە لە داهاتوودا لەم پارێزگایەدا .

۲۰۰۷/۸/۳۱ لە هەولّە بەردەوامەکانی زانا شوێنەوارەکان لە هەموو جیهان لە پێناو گەیشتن بە زانیاری تەواو لە سەر چۆنیەتی بوونی مرۆڤ لە هەرێم و ناوچە جیاجیاکانی سەرگۆی زەویدا .
هەر لەو هەولاّنەشدا زاناکانی شوێنەوار توانیان لە گردی -- تەل بەراك -- لە ڕۆژ هەلاّتی باکووری سووریا ، کە خاکی ڕۆژئاوای کوردستانە ,شوێنەواری ئێسك وپروسکی بە دەیا کوڕ و کچی گەنج بدۆزنەوە ، کە وایان مەزەندە دەکرد ، کە ئەو ئێسك و پروسکانە لە ئەنجامی شەڕێکی خوێناوی بووە بەر لە ٦٠٠٠ هەزار سالّ پێش ئێستا لەم ناوچەیەدا .
ئەویش لە دوو گۆڕی بە کۆمەلّ ، کە یەکەمیان لە نزیك گردەکە بووە کە

لاشەی ٣٤ کچ و کوڕی تیا بووە و , دووەمیان بە دووری چەند مەترێك لە گۆڕە لە کۆمەڵەکەی یەکەمدا ، کە لاشەی ١٢ کچ و کوڕی تیابووە لەو جێگایەدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم هەواڵەش لە لایەن زانای شوێنەوار -- ئۆگوستا ماکماهۆن -- شارەزای شوێنەوار لە زانکۆی - کمبریگ--ی بەریتانیا , کە دەڵێ :- ئەم شارە واتە -- تەك بەراك -- بەر لە ٣٠ساڵ پێش ئێستا شوێنەوارەکەی دۆزراوەتەوە و هەوڵەکانی وەك ئێستا بەردەوام نەبووە . لە دۆزینەوەی شمکە شاردراوەکانی و دەرکەوتنی زانیاری زیاتر وەك ئێستا کە هەوڵی بۆ دەدرێت .

هەروا دەڵێ :- ئەو لاشانە بە رووتی دانراون لە دوای کوشتنیان و تاکو بۆگەن بوونە و تەنیا ئێسکەکانیان لە جێگەی خۆی وەك خۆی ماونەتەوە , کە ئەمەش لاشەی چەند کەسانێکە لە هەزاران لاشەی دیکە کە تاکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە . ئەم هەواڵەش لە گۆڤاری -- ساینس --ی بەریتانی بلاۆکراوەتەوە .

٢٠٠٧/٩/١ مۆرکردنی رێکەوتننامە لە نێوان کومپانیای رینۆی فەرەنسا بە نوێنەرایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی کاگێری کومپانیاکە - کارلۆس گسن - و سەرەك وەزیرانی شانشینی مەغرب - ئیدریس جتوو - بە ناوی - پرۆترۆکۆڵی نوایا - ئەمەش لە پێناو دامەرزراندنی کارگەیەکی لێکدانی پارچەکانی ئۆتوومبێلی رینۆ لە شاری - تەنجە - ی مەغرب ، کە شاری تەنجە دەکەوێتە رۆژئاوای مەغرب ، ئەم رێکەوتنەش بە بڕی ٦٠٠ ملیۆن یۆرۆ بوو ، کە دەکاتە ٨١٧ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی .

هەروا لە گەڵ ٣٥٠ ملیۆن یۆرۆ ، بۆ جێ بە جێکردنی پرۆژەکە لە قۆناخی یەکەمدا ، کە ساڵانە ٤٠٠ هەزار ئۆتوومبێل بەهەم دێنێ ، بەلاٚم لە قۆناخی یەکەم ٢٠٠ هەزار ئۆتوومبێل بەرهەم دێنێ لە وولاٚتەکەدا بۆ ساڵی ٢٠١٠ . ئەم رێکەوتنەش دەبێتە هۆکاری رەخساندنی ٦٠٠٠ هەزار کار بۆ فەرمانبەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ٣٠ هەزار کار بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ .

هەروا کومپانیای رینۆ جمووجۆلیەکی بەرچاوی لە وولاٚتی مەغرب هەیە لە رێگەی لقەکانی ، وەك لقی / سۆماکا ، کە کومپانیای لۆساکا ئەم لقەی لە

شاری واری بیزا دامەزراندووە ، لە ساڵەکانی شەستەوەو هەروا لقی / لۆگان ، کە تایبەتمەندە بۆ ناردنە دەرەوەو ، هەروا لقی / کاسگۆ ، کە ئەمەش کارێکی وەبەرهێنانی هاوبەشە . لە لایەن حکوومەتی مەغرب و کومپانیای رینۆ ،کە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بتەو کردن و بە هێز کردنی ژێرخانی ئابووری وولاتەکە.

سەرچاوە :- . bbc . arabic . com

٢٠٠٧/٩/١ سەرەك کۆماری پۆلیڤیا – ئیفۆ مۆرالس – خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بری بەرامبەر بە دانیشتووانە رەسەنەکان لە جیهاندا .

شایانی باسە کە دانیشتووانە رەسەنەکانی پۆلیڤیا لە هۆزی ئیمارسی هندیە . ئەمەش بریارێکە بە پاراستنی مافلی دانیشتووانە رەسەنەکان لە جیهـان . ئەمـەش دان پێنانێکـە لـە لایـەن کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە دانیشتووەانە رەسەنەکان لە جیهان ، کە لە زۆربەی هەرە زۆری وولاتان مامەڵەی پلە دوو و سێی لە گەڵ دەکرا ، بە تایبەتی لە گەڵ گەلی کوردستان لەو وولاتانەی کە کورد و نیشتیمانەکەیان بە سەردا بەشکراوە وەك ، تورکیا ، ئێران ، ئێراق , سووریا . و وولاتانی دیکەی ، کە یەکیەتی سۆڤیەتی جارانی لێ پێك هاتبوو لە کێشووەرەکەدا .

بە تایبەتی لە کۆماری ئەرمینیا ، کە پارێزگای یەریڤان و تەواوی دەورووبەری خاکی کوردستانە . ئەمەش لە دوای گفتووگۆی چرو بە پێز لە لایەن ١٤٣ وولات رەزامەندیان لە سەر ئەم بریارە کرد ، بەرامبەر بە چوار دەووڵەت و دەنگ نەدانی ١١ دەووڵەت لە سەر بریارەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢ سەرەك کۆماری ئێران – مەحموودی ئەحمەدی نەژادی – لە راگەیاندنێکیدا گووتی:- ئێران سەرکەوتنی بە دەست هێناوە بە گەیشتنی بە ئامانجەکانی سەرەکی لە ناو پرۆگرامی ئەتۆمی و ، ئێستاکە ئێران ٣٠٠٠ هەزار ئامێری دەرکردنی مەڵبەندی هەیە ، ئەویش بۆ پۆلینکردنی یۆرانیۆم لە وولاتەکەدا . ئەم راگەیاندنەش بەرامبەر کۆنگرەی دەیەمی یەکیەتی کۆمەڵەی ئیسلامی بۆ قوتابیانی زانکۆکانی ئێران هات و ئەوەشی راگەیاند:- کە ئێستا ئێران وولاتێکی ئەتۆمیەو ، ئەو کێشەیەش کۆتایی پێ هاتووە لە وولاتەکەدا .

سەرەرای چەندین جار هۆشداریدان بە ئێران ، لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ، ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، یەکیەتی ئەوروپا .
بەلاّم حکوومەتی ئێران بە سەر کردایەتی ئحمەدی نەژادی لە هەلّس و کەوتەکانی لە بواری ئەتۆمی وولاّتەکەی و بەرامبەر بە ئامۆژگاریەکانی وولاّتانی جیهان بەردەوامە . کە ئەمەش کاردانەوەی ترسناکی دوا رۆژی دەبیّ بۆ ئێران و هەرێم و ناوچەو هەتا جیهانیش ، بە تایبەتی کە ئێران دەست تێوەردان لە کاروباری ، لوبنان و ، فەلەستین و ، بە تایبەتی ئێراق ، لە کێشووەرەکەدا دەکات .

٢٠٠٧/٩/٢ سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردگان – بەرامبەر بە پەرلەمانی تورکیا لە وتەیەکیدا گووتی :– لە پێناو چوونە ناو یەکیەتی ئەوروپا و جیّ بە جێکردنی ئەو خالاّنەی کە لە سەری رێککەوتووین لە هەموو بوارەکانی چاکسازی و ئاوەدان کردنەوە و کەم کردنەوەی باجی دەرامەت و بەرز کردنەوەی باری ژیانی کۆمەلّگای تورکیا ,
هەروا بەردەوام بوونی لە جیّ بەجێکردنی پرۆگرامی چاکسازی ئابووری و ئابووری بازار ... کە ئەمەش دەبێتە بە هێزکردن و بووژاندنەوەی ئابووری و کەمکردنەوەی بێکاری و هەلاّوسان و بەرزکردنەوەی داهاتی تاك لە ٥.٥٠٠ هەزار دۆلار مانگانە بۆ ١٠,٠٠٠ هەزار دۆلار مانگانە .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە حکوومەتی پارتی داد و گەشەکردن لە تورکیا توانیویەتی هەلاّوسان بەرەو کەمی هەنگاوی پیّ بنیّ بۆ خوار لە ١٠٪ . کە بۆ یەکەم جارە لە ماوەی ٢٠ سالی رابردوو . هەروا بەرز بوونەوەی بوژانەوە بۆ لە ٧٪ . لە گەلّ بوونی گرفتی دارایی لە سالّی ٢٠٠١ .
هەروا باری دراوی تورکی ... لیرە توانی گرانی خۆی بۆ ٢٪ . بەهێز بکات بۆ ١,٢٩٧ بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی لە بازارەکان و لە نێوان بانکەکان ...
هەروا بەهێزکردنی یاسای دابین کردنی کۆمەلاّیەتی . کە خەزنەی کاشی نێوودەوولەتی داوایکردووە .
بە هەر حالّ پارتی داد و گەشە پێدان کە دەسەلاّتداریەتی تورکیا دەکا توانیویەتی لە هەموو بوارەکان هەنگاوی باش بنیّ ، تەنیا لە بواری باری رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئازادیەکانی بیروو بۆ چوون نەبێت ، بە

تایبەتیش بەرامبەر بە گەلی کورد و ئەرمەن لە باکووری کوردستان و بەردەوامی باری نا ئارامی لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٣ بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی شاری دەکای پایتەختی بەنگلادیش – ئەنوەر حوسێن -- لە راگەیاندنێکیدا . ئەویش بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیر کردنی سەرەك وەزیرانی پێشووی بەنگلادیش خاتوو – خالیدە زیبا عەبدولرەحمان و کورەکەی – عەرەفات عەبدولرەحمان . دوای ئەوە رەوانەی دادگا کران ، کە بە تۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵی دارایی و چەندین هۆکاری دیکەی خرابووە پاڵیان .

شایانی باسە کە خالیدە زیبا سەرۆکی پارتی نەتەوەیی بەنگلادیشەو لە مانگی /٢٠٠٧/٤ رێگای پێنەدراوە کە بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆ بکات لە ناوەو دەرەوەی وولاتەکەیدا .

هەروا خاتوو خالیدە لە دوو خوولی سەرەك وەزیرانی بەنگلادیش پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتۆتە دەست لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩١ --- ١٩٩٦ و دوایی لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٦ لە سەر وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٣ سەرکردەو سیاسەتمەداری کوردو جیهان و پەرلەمانتاری پێشووی پارتی رەنج و دیموکراسی ، لە پەرلەمانی تورکیا ، خاتوو – لەیلا زانا – لە لقی/٦ ی دادگای سزای گرانی لە شاری دیابەکر لە باکووری کوردستان بە تۆمەتی پروپاگەندەی پارتی لە رێورەسمی ئاهەنگەکانی نەورۆزی ئەساڵ دادگایی کرا.

شایانی باسە کە خاتوو لەیلا زانا لە دانیشتنی یەکەمی دادگایی کردنەکەی بە هۆی نەخۆشی نەیتوانی ئامادە بێت ... بەڵام لقی/٦ ی دادگای تاوانی گرانی دیاربەکر ، داوا دەکات کە خاتوو لەیلا پەرلەمانتاری پێشووی پارتی رەنج و دیموکراسی و ژنە سیاسەتمەداری کورد لە لێدوانەکانی نەورۆزی ٢٠٠٧ لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان ، پروپاگەندەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – کردووە و بە پێی یاسایی دژە تیرۆر هەڵس و کەوتی لە گەڵ دەکرێ ، و داوای ٥ پێنج ساڵ زیندانیشی بۆ کراوە ... ئەگەر تۆمەتەکانی بە سەردا بسەلمێ ، بەڵام خاتوو لەیلا زانا نەك لە دادگا ، بەڵکوو لە هەموو دوژمنانی کوردو کوردستان بەهێزترە لە جیهان .



٢٠٠٧/٩/٦ گـۆرانی بێـژی گـەورەی ئـۆپرا – لۆژانۆ پەڤەرۆتی – سەر لە بەیانی ئـەمڕۆ لـە تەمـەنی ٧١ سـاڵیدا ماڵئاوایی کرد ... ئەم هونەرمەندە لە شاری مۆدەنا لە هەرێمی ئیمیلیا رۆمانیـا لـە بـاکووری ئیتاڵیـا لـە سـاڵی ١٩٣٦ چـاوی بـە جیهـان هەڵهێناوە .

هـەروا لـە سـاڵی ١٩٦٨ پەڤـەرۆتی دەستی کردووە بە هونەری ئۆپرا ، هەر لـەو کاتـە جـەماوەرێکی زۆری بـۆ خۆی گڵدایەوە ، کە هاورێکانی دەنگی ئەم هونەرمەندە بوون ... دوا ئۆپرای پەڤـەرۆتی لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بـوو لـە سـەر شـانۆی – خانـەی ئـۆپرای میترۆبۆلینان – لە شاری نیورۆکی ئەمەریکا پێشکەشی کرد.

هەروا پەڤەرۆتی وەکوو گۆرانی بێژێکی ئۆپرا لە هـەموو وولاتـانی جیهانـدا ناسـراوبوو ، بـە هـۆی دەنگـی ڕەسـەنی و تایبەتیـەکی بەخـشیبووە گۆرانیەکانی و ... جێگەی و ئاماژە پێکردنە کە پەڤەرۆتی لە ساڵی ٢٠٠٦ دووچـاری نەخۆشـی شـێرپەنجە ببـوو . لـە دوای ئەنجامـدانی چـەندین نەشتەرگەری نەتوانرا لە نەخۆشیەکەی رزگاری بێت ... کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە بووە هۆکاری دروست بوونی بۆشایەکی تەواو لە جیهانی ئۆپرا لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/٦ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێك لە لایەن ٨ هەشت فرۆکە لە جۆری – f 15 – ی هێزەکانی سووپای ئیسرائیڵ بۆ سەر سووریا لە دوای بەزاندنی ئاسمانی سووریا و بۆردمان کردنی جێگەی مەبەست لە پارێزگای – دێرەزوور – لە سووریادا .

جێگـەی باسکردنە کـە ... بەر لـەو هێرشـە ئاسمانیـەدا هێرشـێکی لـە سـەر زەوی ئەنجامداوە بۆ شارەزایی زیاتر لە بارەی شوێنە بۆردمانکراوەکە ... کە چەند سەر بازێکی کۆمادۆز لە یەکەی تایبەتی سووپا بە جلی سەربازی سووپای سووریا توانیان لە سنوور دەربازبن و بەرەو دەزگا سەربازیەکانی

سووریا برۆن لە پارێزگای دێرەزوور لە باکووری سووریا لە ئاکامدا توانیان چەندین بەلگە بۆ رازیبوونی واشنتۆن بێننە دەست . ئەویش بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانیان .

هەروا هەردوو رۆژنامەی – سەندی تایمزی بەریتانی و نیورۆك تایمزی ئەمەریکا ئەوەیان ئاشکرا کرد لە سەر زاری چەند بەرپرسێکی هەردوو وولآت ، کە فرۆکەکانی تەلئەبیب چەند شوێنێکیان بۆردمان کردووە ، کە بە پێی زانیاریەکانی دەزگای هەواڵگەری ئیسرائیلْ یارمەتی بەرنامەی ناوەکی کۆریای باکوور دەدات .

ئەم زانیاریەش دوای تێکچوونی گفتووگۆکانی پەکین و ئیسرائیلْ روونبووەوە ... دوای ئەوەی کە چین رێگەی پێنەدا ... ئەم گفتووگۆیانەش دەربارەی پرۆگرامی ئەتۆمی کۆریای باکوور هات ، هەروا چاوەروانیش دەکرا کە بەرپرسە ئەمەریکیەکان ئەم پرسە بکەن ... ئەمە لە لایەك و لە چەندین لایەنی دیکە لە پەیوەندی نێوان سووریاو کۆریای باکوور و ، پەیوەندی نێوان کۆریا و ئێران و پەیوەندی نێوان ئیسرائیلْ و ئەمەریکا ، لە گەڵ سووریاو ئێران و هەروا لە گەڵ کۆریای باکوور ، کە چەندین لێدوانی دژ بە یەکتری و چەندین پرسیار لە کێشەو ململانێ و ئەو گفتووگۆیانە سەریان هەڵدا . ئەویش رووداوەکان وەڵامیان دەداتەوە لە داهاتووی هەر وەك لە ناوەرۆکی ئەم کتێبەدا هاتووە لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٩ سەرۆکی ئەفگانستان حامد کارازای لە کاتی خوێندنەوەی وتارێك لە بەرامبەر هەزاران هاوولآتیانی ئەفگانی لە یاریگای وەرزشی لە شاری کابوولی پایتەخت .

ئەویش ناچار بوو لە وتار خوێندنەوەکەی لە یاریگاکەدا دوور کەوێتەوە ، ئەویش بە هۆی

گوێبیستنی لە دەنگی تەقەی چەك و ، دوای ئەوە بەرپرسێکی ئەفگانی لە وەزارەتی بەرگری نزیك لە سەرۆکایەتی کۆمار رایگەیاند ، کە تەقەی چەك نە بووە ، بەلکوو بەردی دەست هاوولاتیان بوو ، کە لە دەرگاکانی یاریگایەکەیان دەدا ، بۆ ئەوەی بچنە ناو یاریگاکە ، کە لەو کاتەی ئەو ئاهەنگە ماتەمینیە بۆ یادکردنەوەی شەشەمین سالیادی تیرۆرکردنی سەر کردەی ئەفگانی – ئەحمەد شا مەسعوود – بوو

گەر هێزەکانی تالیبان بونایە دەیانتوانی حکوومەتەکەی حامد کارازای برووخێنن کە بە دەنگی بەرد گۆرەپان جیّ بهێلّیّ . لە کابوولی پایتەختی ئەفگانستان .

٢٠٠٧/٩/٩ بەبۆنەی کردنەوەی پارکی یەشار کەمال لە ناوچەی باتمان لە باکووری کوردستان – سەباحەت تۆنجەلی -- پەرلەمانتار وەلامی ئەو داوایەی سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردگان – ی دایەوە ، کە داوای لە پارتی کۆمەلگای دیموکراتی کورد لە تورکیا کرد بوو ، کە پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – بە تیرۆرست بسەلمێنیّ .

لە وولامدا گووتی :– نابیّ هیچ کەس ئەوە بەسەر ئێمەدا بسەلمێنیّ و چاوەروان بێت و براو کورەکانمان بە تیرۆرست بناسێنین و هیچ تاکێکی کورد ئەوە ناکات و ، گەر بشیکات ئەوە دوژمنی کوردو کوردستانە .

٢٠٠٧/٩/٩ رێکخەری حکوومەت بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە بەرپرسانی ١٠ دە رێکخراوی کۆمەلگای مەدەنی کرد ، کە نوێنەرایەتی ٢٢ بیست و دوو سەندیکاو یەکیەتی و رێکخراوی ناحکوومی و چەندین کەسایەتی سەربەخۆ لە هەرێمی باشووری کوردستان کرد .

ئەویش لە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە هاتبوونە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ، بە مەبەستی دەربرینی نارەزایی خۆیان و جەماوەری کوردستان لە بەرامبەر ئەو تۆپبارانەی کە ئێران بۆ سەر خەلکی مەدەنی ناوچە سنووریەکانی ئێران و هەرێمی باشووری کوردستان دەیکات لە هەرێمەکەدا .

کە خۆپیشاندەران داوای پالپشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەلگای مەدەنی و وولاتانی دۆستی کوردی کرد ، بۆ راگرتنی

تۆپبارانکردن و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ، لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا ڕێکخەری حکوومەتی یاداشتێکی لە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران وەرگرت .

٢٠٠٧/٩/٩ بڕیار بوو هەرسێ تاوانبارانی ڕژێمی بەعسی ، وەزیری بەرگری سوڵتان هاشم و ، سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی سووپای بەعس لە ئێراق حوسێن ڕەشید و ، ئەندامی سەرکردایەتی بەعس لە ئێراق عەلی حەسەن مەجید لە سێدارە بدرێن .

بەڵام پارێزەرێك بە ناوی -- بەدیع عارف -- کە پارێزەری بەرگریکردن بوو لە سەرانی ڕژێمی بەعسی رووخێندراو لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند ، کە ئەمەریکیەکان ڕازی نەبوونی خۆیان ڕاگەیاند بە نەدانە دەستەوەی تاوانباران بە حکوومەتی ئێراق ، بۆ ئەوەی بە پێی بڕیاری دادگا لە سێدارە کردنیان ئەنجام بدرێت و لە هەمان کات بە هۆی نەبوونی مەرسوومی کۆماری بەرامبەر بە تاوانبارانی ئەنفال لە سێدارە نەدران .

٢٠٠٧/٩/١٠ ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران لە هەوڵەکانی بەردەوامە لە گەمارۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و ، نیشتیمانی و ، مێژووی کورد ، کە لە بڕیارێکیدا ڕێگەی بە چاپکەیاندنی کتێبی جوولانەوەی کورد گرت بۆ چاپکردنەوەی ، کە یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی ناو زانکۆکانی جیهان سەبارت بە مێژووی کورد .

شایانی باسە کە ئیبراهیمی یونسی نووسەرو وەرگێری بەناوبانگی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی ئێران ، ئەو کتێبەی وەرگێراوەتە سەر زمانی فارسی لە ئێران .

سەرچاوە :- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە/٢٦١٣

٢٠٠٧/٩/١٠ بۆ پێك هێنانی لیژنەیەکی هەماهەنگی لە پارت و هێزە رامیاریەکانی ئێراق لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆبوونەوە ، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەو لایەنە ڕامیاریانە کە ، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و ، نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و ، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق و ، پارتی دەعوەی ئیسلامی لە ئێراق و ، یەکیەتی

ئیسلامی تورکمانی ئێراق و ، هاوپەیمانی دیموکراتی ئێراق .
ئەویش بە هەڵسەنگاندنی بارو دۆخ و رەوشی ئەمرۆی ئێراق . هەروا ئەو گیرووگرفتانەی کە دەبنە بەر بەست ، لە بەردەم چەسپاندنی یاساو بوونیاتنانەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدراڵ .
کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو لە سەر دەستووری هەمیشەیی و ماددەی/١٤٠ ی دەستوورو بە مەبەستی بوونیاتنانەوەی دەوڵەتی ئێراق و یاساو رێزگرتن لە مافی مرۆۆ لەم وولاّتەدا .



٢٠٠٧/٩/١٠ دوای ٧ حەوت ساڵ لە ئاوارەیی سەرەك وەزیرانی پێشووی پاکستانی لادراو – نەواز شەریف – بە رێگەی کودەتای سەربازی لە لایەن پەرویز موشەرەفی سەرەك کۆماری ئێستای پاکستان و ، ئەویش بە هۆی لێکترازانی باری رامیاری و ئایینی و هۆزو تیرە و نەتەوەیی و کۆمەلأیەتی لە رێگەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گەرایەوە پاکستان و لە شاری ئیسلام ئابادی پایتەخت لە فرۆکەخانە هاتە خوارەوەو لە لایەن ژمارەیەك لە لایەنگرانی لە دەرەوەی فرۆکەخانەکە پێشوازی لێکرا .
هەر لەوکات لە لێدوانێکیدا دوای دابەزینی لە فرۆکە گووتی :- هەست بە خۆشی دەکەم و ئامادەشم بەرەنگاری هەر هەڵوێستێك ببمەوە و لە هەمان کات لایەنگرانی نەواز شەریف هەولّی چوونە ژوورەوەی ناو فرۆکەخانەکەیاندا و رووبەرووی پۆلیس بوونەوەو ژمارەیەك لە لایەنگرانی دەستگیر کران .
دوای ئەوە بە بریارێکی پێشووی دەستەی دەسپاکی بە تۆمەتی گەندەڵی دووبارە بۆ وولاّتی سعوودیە رەوانە کرایەوە .
لە دوای لادانی شەریف لە پۆستی سەرەك وەزیران و زیندانی کردنی بە

هەتاهەتایە بە هۆی ناوزەند کردنی بە گەندەڵی و ، دوای ئەوە لە رێکەوتنێك بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بۆ وولاتی سعوودیە دوور خرایەووە لە وولاتەکەی .

٢٠٠٧/٩/١٠ دەسەلاتدارانی تورکیا لە راگەیاندنێکیدا چاوەروانی وەلامی حکوومەتی ئیسرائیلی دەکرد ، دەربارەی ئەو دوو تانکیە بەنزینەی کە لە نزیك سنووری نێوان سووریاو تورکیا دۆزراوەتەوە و رەنگبێت ئەو دوو تانکیە لە فرۆکە کەوتبێتە خوارەوە .

وەزیری دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان لە کۆنگریەکی رۆژنامەوانی هاوبەش لە گەڵ وەزیری دەرەوەی سووریا وەلید ئەلموعەلم ... کە ئەو پەرەسەندنە مایەی قبووڵ کردن نیە ... ئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بوونی کێشەی زیاتر لە نێوان سووریاو تورکیا ، لە لایەك و کێشەی نێوان سووریاو ئیسرائیل لە لایەکی دیکە لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١٠ بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئێراق و ناوچەکە ، کۆنگرێسی ئەمەریکا گفتووگۆو پرسیارو وەلامی لە سەر هەردوو راپۆرتی فەرماندەی هێزەکانی فرەرەگەزەکان لە ئێراق – دیڤید پترایۆس – و باڵوێزی ئەمەریکا لە ئێراق – رایان کرۆکەر – کرد .

لەوکاتەش ژمارەیەك لە لایەن چەند کەسێکەوە لە هۆڵی دانیشتنەکە هەبوو ، کە پاسەوانان رەوانەی دەرەوەیان کردن ، لە سەرەتاوە پترایۆس ئاماژەی بەوەدا کە ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە ئێراق ئامانجە سەربازیەکانی بە شێوەیەکی فراوان بەدی هێناوە ، بەلام بە کشانەوەی هێزەکانی زیان بە ئێراق دەگەیەنێ .

دوای ئەویش رایان کرۆکەر راپۆرتەکەی خوێندەوەو ئاماژەی بەوەدا کە سەر لە بەری دەزگاکانی سەردەمی سەدام نەماون و ئێراق کۆمەڵگایەکی ئازار دیدەیە و دەیەوێ رزگاری بێت

شایانی باسە کە راپۆرتی هەردوو بەرپرسی باڵای ئەمەریکا لە ناوەرۆکی راپۆرتەکانیان ئاماژەیان بە چەندین لایەنی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و ئاوەدان کردنەوە و ئاسایش و پەیوەندیەکان کردووە . لە ناوەوەو دەرەوەی ئێراق و هەرێم و ناوچەو جیهان و ، پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو مەزهەب

شیعەو سوونننەی عەرەب و ، کوردو ، باری تەواوی ئێراق و کاردانەوەی لە سەر دراوسێکان و ناوچەکەو دەست تێوەردانی دراوسێکان لە سەر باری ئێراق .
هەروا لەو کاتەش کۆبوونەوەی نێوان ئەمەریکاو بەعسیەکانی لابالی عزەت دووری لە بڕێوانی سەرەك وەزیرانی پێشووی ئێراق – ئەیاد عەلاوی – بەردەوامە و چەند لایەنێکی رامیاری ئێراقیش بەوە رازی نین و ، لە هەمان کاتیش کورد چاوپێکەوتنی لە گەڵ لابالی عزەت ئەنجامدا\اوە .
ئەم هەولانەش تاکو ئێستا نەیانتوانیە باری ئێراق و چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان چارەسەر بکات . لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و ئابووری و بژێوی ژیانی گەلانی ئێراق و چەندین بواری دیکە ، بە تایبەتی لە بواری ئەمنی و ئارامی لە ئێراقدا .

٢٠٠٧/٩/١١ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سنوورو دیاریکردنی سنووری نێوان هەرێمی باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ، کە هەر لە سەر خاکی کوردستانە ، ... شاندێکی حکوومەتی ئێراق بە سەرکردایەتی محەمەد ئەنباری بەرێوەبەری گشتی سنوور لە وەزارەتی دەرەوەی ئێراق و بە ئەندامیەتی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان و نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق سەردانی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەرانیان کرد لە هەرێمەکەدا .
ئەویش لە کۆمەڵگای گومرگی حاجی ئۆمەران لە گەڵ شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە سەرۆکایەتی کازمی فروتانی سەرۆکی دەستنیشانکردنی سنوور لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران کۆبوونەوە ... دوای کۆبوونەوەکە سەردانی چەندین ناوچەی سنووریان کرد ، کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە خاکی خۆی دەزانێ و ، دوای ئەو سنوورانەوەش ، دووبارە دەستیان بە کۆبوونەوە کرد ، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو لە نێوانیاندا . بەلام لە ئاکامدا نەگەیشتنە هیچ رێکەوتنێك .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ناکۆکیەکانی سنووری لە نێوان هەردوو رژێمی شایەتی لە ئێران و ، بەعس لە ئێراق ، دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥ . ئەویش لە ئەنجامی رێکەتنە شۆمەکەی ١٩٧٥/٣/٦ ی جەزائر بوو ، کە

رژێمی ئەوسای بەعس لە ئێراق بۆ دژایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلول ڕووبەرێکی زۆری لە خاکی ئێراقی بە ئێران بەخشی ،... کە سنووری هەردوو وولاّتی دروستکراو لە سەر خاکی کوردستانە ، بە پێی نەخشەی دارێژراوی پەیمانی سایکس بیکۆی ١٩١٦ و جیٚ بە جێکەرەکەی پەیمانی لۆزانی سالّی ١٩٢٣ بوو ، بە دابەشکردنی خاك و گەلی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١١ سەرۆکی کۆمەلّگای دیموکراتیك و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و نوێنەری پارێزگای ماردین – ئەحمەد تورك – لە لێدوانێکیدا گووتی :- گەر دەسەلاّتدانی ڕژێمی تورکیا ڕێگەیان لێگرتین و ڕێگەی ئاشتی دابخەن ، ئەوا پەرلەمانتارە کوردەکان لە پەرلەمان دەکشێنەوە.

کە ئەمەش کاریگەری تەنها لە سەر – دەتەپە – نابێت ، بەلّکو کاریگەری لە سەر هەموو لایەنەکان دەبێت . لە هەمان کات ڕاشیگەیاند ، کە هەسیٚ پەرلەمانتاری کوردی ئافرەت خاتوو – ئایسك توگلوگ ، و ، ئایلا تاکات ئاتاو , سەباهەت تونگلّ – لە لایەن دادگای نۆهەمینی شاری ئەستەمبوّل دادگایی دەکرێن و ، ئەگەر لە سەر ئەوسیٚ پەرلەمانتارە هیچ کۆمەلّێك هەبیٚ ئەوا لە ئەندامیەتی پەرلەمانی تورکیا دوور دەخرێنەوە و لەم ڕووەشەوە لە سەر فراکسیۆنی دەتەپە لە ناو پەرلەمان نامێنن .

کە دادگای نۆیەمی تورکیا پێشێلی دەستووری تورکیا دەکات . لە بەر ئەوەی بە پێی ماددەو برگەکان و خالّەکانی دەستووری تورکیا هیچ پەرلەمانتارێك نابیٚ دادگایی بکرێت لە وولاّتەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١١ دانووستانێك لە نێوان هەردوو شاندی نووسینگەی سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری مالکی و ، بالوێزێخانەی ئەمەریکا لە شاری بەغدا بەرێووە چوو . ئەویش بە مەبەستی وەرگرتنی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە –

عەلی كیمیاوی – لە ئێراق و عەرەب و لە جیهاندا .
شایانی باسكردنە كە ئەمەریكیەكان بەر لەو كۆبوونەوەیە ئامادە نەبوون عەلی كیمیاوی رادەستی لایەنی ئێراق بكەن ، كە وەك پێشتر بریاری لە سەر درابوو . هەروا حكوومەتی ئێراق بریاری لە سێدارەدانی عەلی كیمیاوی داوەو هەركاتێ ئەمەریكا ئەو تاوانبارە بداتەوە دەست حكوومەتی ئێراق راستەوخۆ لە گرتووخانەی كازمیە لە شاری بەغدا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا جێ بە جێ دەكرێت لە لایەن دادگای ئێراق .

٢٠٠٧/٩/١١ سەرەك كۆماری هەڵبژێردراو لە پارتی دادو گەشەپێدان – عەبدوڵلا گووڵ – یەكەم سەردانی لە ناو وولاتی توركیا بۆ پارێزگاكانی باكووری كوردستان بوو ، كە یەكەم سەردانیشی بۆ شاری وان بوو ، لە باڵەخانەی پارێزگا لە گەڵ نوێنەری رێكخراوی سڤیلەكان دیدارو كۆبوونەوەی ساز كرد لە شارەكەدا .
لەو كۆبوونەوەیە عەبدوڵلا گووڵ لە وتەكانیدا گووتی :– ماوەیەكی دوورو درێژە لە توركیا لە نێوو سیاسەتدا كار دەكەم وەك هەر كێشەیەكی دیكە پێزانینم لە سەر كێشەی كورد هەیەو لەو كاتەشدا ئێمە ئەو كێشەیە دەخەینە ناو بەرنامەكان و هەوڵی چارەسەر كردنی دەدەین .
دوای ئەوە سەردانی باشكەڵای سەر بە وان و جۆلە مێرگ و گەڤەریشی كرد ، و دوای ئەوانە سەردانی شاری ئەمەدی كردو لە لایەن سەرۆكی شارەوانی ئەمەد – دیاربەكر – ئوسمان بایدەمیر دۆسیەكی پێشكەش بە سەرەك كۆماری توركیا كرد لە بارەی باری پارێزگاكەو هەرێمەكەدا .

٢٠٠٧/٩/١١ حكوومەتی سعوودیە رێكەوتنی كرینی ٧٢ فرۆكەی لە – بۆرنایتر – لە جۆری تایفۆن لە گەڵ كومپانیای – بی ئایەتی – مۆركرد ، بە بری ٨,٨٤٠٠ ملیار دۆلار بەرامبەر ٤,٤٢٠٠ ملیار ژوونەی ئیسترلینی .
شاینی باسە كە ئەمەش بۆتە جێگەی گفتووگۆ و نووسینی بابەتی لە رۆژنامە بەریتانیەكان لە دوای راگەیاندنی وەزیری بەرگری سعوودیە بە كرینی ئەو فرۆكانە ، ئەمەش بە هۆی كێشەی نێوان سعوودیە و بەریتانیا ، كە كاتی خۆی چەندین رێكەوتن لەم شێوەیە مۆركراوە لە سالی ٢٠٠٥ ، ئەویش بە وەرگرتنی یەك ملیار دۆلار بەرتیل لە پێناو مۆركردنی

گرێبەستەکە بە ٤٣ ملیار دۆلار لە نێوان سعوودیە و بەریتانیا لە لایەن بالویزو راوێژکاری سعوودی – ئەمیر بەندەر سولتانی کوری وەزیری بەرگری سعوودیە .

هەروا لە هەمان کات وەزارەتی دادی ئەمەریکا لە مانگی /٦/٢٠٠٧ هەلسا بە لێکۆلینەوە لە سەر هەلویست و گرێبەستەکانی ئەم کومپانیایە و بەربەرەکانی کردنی گەندەلی لە فرۆشتن و گرێبەستەکانیدا .

لە هەمان کات کۆمەلگایەکی پیشەسازی کە کومپانیاکانی ، بەریتانیا و ، فەرەنساو ، ئیتالیا و ، ئەسپانیا ، کاری دروستکردنی فرۆکە جەنگیەکانی ئەوروپا دەکەن ، بە ناوی یۆرۆفایتر لە پێناو بەهێزکردنی باری سەربازی و فرۆشتنی بە وولاتانی دیکە لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/١٢ رۆژنامەی خەبات کە لە سایدی – a f p -- وەرگرتبوو بلاوی کردەوە کە رێکخراوی تەندروستی جیهان ٧٠٠٠ هەزار حالەتی تووشبوون بە نەخۆشی کۆلێرا لە کوردستان بەدیکردووە لە پارێزگاکانی سلێمانی و ، کەرکوك و ، هەولێر ، لە باشووری کوردستان .

کەچی ٢٩٠ حالەت لە تاقیگەکان دووپاتکراونەتەوە ، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەل بوونی ئاوی خواردنەوەی بۆری راکێشراو لە گەل ئاوی ئاوەرۆکان و ئاوی پیس و خواردنی ماوە بەسەر چوو ، کە لە رێگەی بازرگانەکانی کوردستان دەهاتنە ناو هەرێمی کوردستان .

٢٠٠٧/٩/١٢ گەوورە بازرگانی ماددە بێ هۆشکەرەکان – دیگۆلیۆن مۆنتۆیا – لە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی لە لایەن هێزەکانی سووپای کۆلۆمبیا دەستگیرکرا ، و دوای دەستگیرکردنی رەوانەی شاری بۆگۆتای پایتەختی کۆلۆمیا کرا .

شایانی باسکردنە کە ئیدارەی ئەمەریکا ماوەی حەوت سال هەولی دەستگیر کردنی دیگۆلیۆن دەدات ، ئەم بازرگانە گەوورە جیهانیە لە چەندین وولات کێشەی جۆراوجۆری نابووەو هەر لە بەر ئەوەش ئەمەریکا بری ٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو کەسە تەرخان کردبوو ، کە زانیاری راست و دروست بداتە ئەمەریکا ، لە پێناو دەستگیر کردنی دیگۆلیۆن لە هەر وولاتێك لە وولاتەکانی جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/١٢ دادگـای بـاڵای حکوومـەتی فلـپین لـە راگەیاندنێکیـدا لـە شـاری مـانێلای پایتەخت ، ئەویش بە زیندانی کردنی سەرۆکی پێشووی فلپین – جۆزێف ئیستراداً – ئـەویش بـە تۆمـەتی گەنـدەڵی دارایـی ... چـونکە لـە مـاوەی دەسەڵاتەکەی سەرۆك کۆماری فلپین ئیسترادا بۆ ماوەی دوو ساڵ نزیکەی ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری بە رێگەی نا یاسایی بە دەست هێناوە .

هەروا دادگا بریاریدا بەوەی کە هەرچی پارەو سامانی ناوبراو کە لە ناو بانکەکان هەیە بلۆك بکرێت ،... شایانی باسە کە لە ئەنجامی شۆڕشێکی مللـی لـە سـاڵی ٢٠٠١ بـە هاوکـاری سـوپا لـە دەسـەڵات لادرا لـە سـەر وولاتەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١٢ دوای زنجیرەیەك لە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو شاندی حکوومەتی ئێراق و حکوومەتی ئیسلامی ئێران ، بە ئامادەبوونی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان ، سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورو بە فەرمیکردنی دەروازەی حاجی ئۆمەران ، وەك دەروازەیەکی بازرگانی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران .

ئەویش بە مۆرکردنی رێکەوتن لە سەر بەفەرمی ناساندنی دەروازەی حاجی ئۆمەران وەك بازارێکی بازرگانی هاوبەش و . هەروا هاووڵاتیانی هەردوو لایەن دەتوانن بە رێگەی پاسەپۆرت هاموشۆ لە خاڵە سنووریەکان بکەن . بۆ ئێران و بە پێچەوانەش .



٢٠٠٧/٩/١٣ ئاژانسی گەردوونی یابان – ژاپۆن – یەکەم مانگی دەستکردی بە ناوی – مسیار – ی گەردوونی بەرەو بۆشایی گەردوون رەوانە کرد ، ئەرکەکانی ئەو مانگە کارەکانی دۆزینەوەی رووی مانگە ... ئەو مووشەکەی کە مسیاری هەڵگرتبوو لە مەڵبەندی گەردوونی لە دوورگەی تاتیکاشما رەوانە کرد لە وولاتەکەدا .

مسیار هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بوونی مانگ و پەرەسەندنی لە ماوەی مێژووی لە ماوەی یەك ساڵدا ، ئەم کارەش زۆر گرانە کە بەر لەوەش ئاژانسی ناسای گەردوونی و پرۆگرامی ئەپۆلۆ ، بۆ دۆزینەوەی زانیاری لە ساڵەکانی ١٩٦٠ – ١٩٧٠ دا ، کە زاناکانی ئەم بوارە لە سەر مانگ هاتنە خوارەوە بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەر رووی مانگ ... گرانی ئەو مسیارە /٣ تەنە و هەڵگری ناوی – سیلینی – پێووەیە .

بەلأم ناوەکەی دیکەی بە ناوی ئافرەتێکە کە لە چیرۆکەکان باسی لێووە دەکەن بە ناوی – کاژۆیا – کە گوایە لە سەر رووی مانگ هاتتە خوارەوە ، بەر لەوەی مسیار لە سەر مانگ دەسووڕێتەوە لە ماوەی ٣٨٠ هەزار کیلۆ مەتر . لەو کاتە دێتە سەر مانگ ، دوو مانگی دەستکرد لێی جیا دەبنەوە بە دووری ١٠٠ کیلۆ مەتر لە سەر رووی مانگ .

٢٠٠٧/٩/١٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی وتار خوێنەکانی مزگەوتەکانی کوردستان بە تایبەتی لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان ، داوا بکەن کە قوتابخانەو نەخۆشخانە دروست بکرێت لە جیاتی دروستکردنی مزگەوت ، ... ئەمەش بە هۆی جیاوازی رێژەی زۆری لە نێوان مزگەوت و قوتابخانەکان ، کە رێژەی مزگەوت زۆرترە و گەلی کوردستان پێویستی بە قوتابخانەو نەخۆشخانە زیاتر هەیە لە هەرێمەکەدا .

ئەمەش بە داواکردنیان – مەلا ئاینیەکان –– لە خاوەن سەرمایەکان و خاوەن کومپانیاکان و خێرخوازانی کوردستان ، کە دەست بکەن بە دروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانە لە جیاتی مزگەوت لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١٦ زیاتر لە ٣٠ سیی رێکخراوی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ لە ٥٠ پەنجا وولأت لە خۆپیشاندان کردنیانە رۆژی جیهان ، لە پێناو هەرێمی دارفوور لە سوودان ، بەلأم رێکخراوە سوودانیەکان دژی ئەو رێپێوان و خۆپیشاندانە بوون و وایان ناوزەند کرد ، کە ئەوە پیلانێکی ئیسرائیلیە و لە هەمان کات ، سەرەك وەزیرانی بەریتانیا گۆردن براون هەرەشەی سزادانی زیاتری سوودانی کرد ، بە هۆی نا لە باری و پێشێل کردن و تواندنەوەی نژادی و ئاینی و دەربەدەر کردنی دانیشتووانی هەرێمەکەو لە ناویاندا ناوچەی کوردڤان ، کە بە ناوچەیەکی کوردنشین ناوزەندە لە وولأتەکەدا .

ناوچەی کوردڤان لە کاتی دەسەڵاتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی برایەکی فەرمانرەوای ئەو ناوچەیە بووەو پاشماوەی دانیشتووانەکە لە کوردن . لە لایەکی دیکە یەکیەتی ئەفەریکیا لە راگەیاندنێکیدا بۆ تەواوی کردنی هێزی سەربازی پارێز گەیشتە ٢٦ هەزار سەرباز لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١٦ لە ئاکامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی تایلەندی لە فرۆکەخانەی دوورگەی – ڤیوکییتی – تایلاندی ٨٠ هەشتا کەس بوونە قوربانی و ٤٠ کەسیش زامداربوون ... کە ١٢٣ کەس لە گروپی فرۆکەوانەکان ... لە کاتی هاتنە خوارەوەی فرۆکەکە هەلخلیسکا بە هۆی باوبارانێکی زۆرو بە هێز کە بووە هۆی ئاگر بەربوون لە فرۆکەکەدا .

هەروا فرۆکەکەش سەربە کومپانیای – وان تۆژوو – بوو ، کە لە شاری بانکۆکی تایلاندی و زۆربەی هاوولاتیانی ناو فرۆکەکە تایلاندی نەبوون و فەرەنسی و ، بەریتانی و ، ئتالی و ، سوویدی و، ئێرانی بوون ، ئەمەش بە هۆی نەدیتنی فرۆکەوانەکە بە هۆی تەم و مژی و بارانبارین بوون و فرۆکەخانەو جێگەی هاتنە خوارەوەی فرۆکەکە .

٢٠٠٧/٩/١٧ بالوێزی پێشووی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان – جۆن بۆلتن – لە میانەی چاوپێکەتنێکی لە گەڵ کەناڵی ئاسمانی /١٠ی ئیسرائیلی گووتی :– بروام وایە ئەم نامە ئاشکرایە تەنها بۆ سووریا نیە ، بەلکوو بۆ ئێرانیشە و ئاگاداری دەکاتەوە ، کە لە بوونی چەکی ناوەکی ئێران دا بیٚ دەنگ نابێت و تاکو ئێستا کە ئیسرائیل لە بۆردمان کردنی ناوچەیەکی گرنگی ناو خاکی سووریا بێدەنگە .

ئەمەش کە گوایە دامەزراوەیەکی ناوەکی بووەو کەلوپەلی تاقیگەی پیٚ گەیشتووە ... بۆلتن روونیکردەوە . ئەگەر گرنگیەکی زۆری نەبوایە لە رووی هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ناوەکی لە لایەن سووریاوە ، ئیسرائیل ئەو هێرشە ئاسمانیەی ئەنجام نەدەدا لە ناوخاکی سووریا .

٢٠٠٧/٩/١٧ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێراق ئەشرەف قازی سەردانی قەزای شەنگالی لە هەرێمی باشووری کوردستان کردو لە لایەن جێگری پارێزگای مووسڵ و دام و دەزگا پارتی و حکوومی لە قەزاکە پێشوازی لێکرا .

هەروا ئەشرەف قازی سەردانی شووێنە زیان لێکەوتووەکانی قەزاکەی کرد

و بەرپرسان و جەماوەرێکی زۆری قەزاکە یاداشتننامەیەکیان دەربارەی جێ بە جێکردنی ماددەی/ ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق و رەوشی کورد لە دەڤەرەکە دا پێشکەشکرد ، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان داواکاریەکانی خەڵکی شەنگالی بە گرنگ و بایەخ زانی و بەڵێنی گەیاندن و هەوڵی جێ بە جێکردنی یادلشتننامەکەیدا .

٢٠٠٧/٩/١٨ سەرۆکی کۆماری فەنزویلا – هۆگۆ شاڤێز – هەرەشەی داخستنی لە قوتابخانە تایبەتیەکان کرد ، گەر بێتوو پرۆگرام و ئامانجی سۆشیالیستی نەگرنەبەر و لە هەمان کات گووتی :- پێویستە ئەو قوتابخانانەو خوێندنی تیادا لە پێناو بەرزکردنەوەی گیانی برایەتی و هاوکاری تیادا پیادە بکرێت لە وولاتەکەدا ... هەروا گووتی:-

رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی رابردوو نەیانتوانیە رابردووی وولاتەکەیان بگەیەننە گەلی فەنزویلا و لایەنێکی بنەرەتی لە رۆشنبیر کردنی گەل ، ... شایانی باسە کە هۆگۆ شاڤێز بروبۆچوون و هەڵوێستەکانی رووەو رژێمێکی سۆشیالیستیە و دژ بە ئەمەریکایە .

٢٠٠٧/٩/١٨ حکوومەتی ئۆکرانیا رەزامەندی لە سەر داپۆشینی وێستگەی تشیرنۆبڵی ئەتۆمی کرد بە بەرگێکی فولازی ... ئەمەش بە هۆی کارەساتە بێ وێنەکەی ئەم وێستەگیە دێت لە مێژووی جیهاندا . ئەم



هەنگاوەش لە دوای ئەوە دێت ، کە وێستگەی ئەتۆمی تشیرنۆبڵ لە ساڵی ١٩٨٦ تەقیەوە و حکوومەتی ئۆکرانیا ماوەیەکە لە هەوڵەکانی بەردەوامە لە گەڵ کومپانیە فەرەنسیەکان ، لە پێناو بەرگ کردن و داپۆشینی دەزگاکان و کارگەکانی ئەم وێستگەیە بە فولازو خەرجی داپۆشینی مەزەندە دەکرێ بە ١,٤٠٠ ملیار دۆلار و ماوەکەشی ٥ پێنج ساڵ دەخایەنێ .

هەروا دوای ئەوە دەسەلاتدارانی ئۆکرانیا دەتوانن ئەم وێستگەیە هەنگاو بە

هــەنگاو هەڵوەشــێننەوە و وولاَتــانی یارمــەتی دەریــش بــەڵنی یارمــەتی حكوومــەتی ئۆكرانیایانــدا ، لەوانــە بــانكی ئــەورووپی ، لــە پێنــاو ئــاوەدان كردنــەوەو گەشــەپێدان . بــۆ ئــەم بەرگــە داپۆشــراوە ، كومپانیــای نۆڤاركــای فەرەنسی بەو كارە هەڵدەستێ بە شێوەی كەوانەیی بە درێژی ٢٠٠ مـەتر و پـانی ١٩٠ مـەتر ... تـاكو ئێـستاش لـە ٩٥٪ . مـاددە ئەتۆمیـەكان لـە نـاو خەزنەكانـدا هــەر مــاوە . لــە هــەمان كــات كومپانیــای هــۆڵتكی ئەمــەریكا رێكەوتنی دروستكردنی كۆگای دانانی پاشماوەی ئەتۆمی كە لـە وێستگەی تشیرنۆبلٚ دەردەچێت مۆركرد .

٢٠٠٧/٩/١٨ حكوومەتی كۆریای باكوور ئەو رەخنەو تاوانباریەتـەی كە ئاراستـەی كۆریـا كرابـوو لـە مەڕدامەزرانـدنی دەزگـای ئـەتۆمی لـە سووریا و هاوكـاری كردنـی سووریای لـەم بـوارەدا رەتكـردەوە ، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو بۆردمانـەی كـە لـە ٢٠٠٧/٩/٦ فرۆكـەكانی هێـزی سـووپای ئیـسرائیل بۆردمـانی ناوچـەیەكی گرنگی سەربازی كردبوو لە ناوخاكی سووریا ، ئەویش بـە بیانووی ئەوەی كە لۆریەكی گەورەی بارهەڵگری پڕ لە چەك و تەقەمەنی و بردنـی بۆ پـارت و حزبوڵڵای لوبنان .

لـە هـەمان كـات رۆژنامـەی تـایمزی ئەمـەریكی لـە راپۆرتێكیـدا پەیوەندیـەتی نهێنیـەكانی نێـوان كۆریـا و حكوومـەتی سـووریای بـڵاو كـردەوە لـە بـارەی دامەزراندنی دەزگای چەكی ئەتۆمی لە سووریا .

بـەڵام كۆریـای بـاكوور ئـەو لێدوانـەی كـە لـە لایـەن بەرپرسـانی سـەربازی و مەدەنی لە لایەن هەردوو حكوومەتی ئەمەریكاو ئیسرائیل رەتكردەوەو بە لە بار بردنی پەیوەندیە نێوو دەوڵتیەكانی نێوان وولاَتانی جیهان وەسف كـرد لە جیهان و لە لایەن ئەمەریكادا .

٢٠٠٧/٩/١٨ رۆژنامـەی خـەبات لـە ژمـارە/ ٢٦٢١ بـڵاوی كـردەوە كـە وەزیـری دەرەوەی پێـشووی ئەمــەریكا – هنــری كسنژەر – لـە بابەتێكیـدا ، كـە لـە رۆژنامـەی خەلیج تایمز بڵاوكراوەتەوە باسی ئەوەی كردووە ، كە كشانەوەی هێزەكانی سووپای ئەمەریكا لە ئێراق ، دەبێتە هۆی دروستبوونی جەنگێكی ناوخۆیی بەهێز لە ئێراقدا . كە تەنانەت رەنگە بگاتە ئاستی پاكتاوكردنی نـەژادی لـەو وولاَتەدا .

هەروا کیسنژەر نووسیویەتی ، کە پێشبینی ئەوەش دەکات کە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئێراق ، ڕەنگە ئێران و تورکیا جەنگێکی فراوان لە دژی کورد بەرپابکەن ، کە خوازیاری سەربەخۆیی وولآتەکەیانن لە ناوچەکەدا .

شایانی باسە کە کیسنژەر ئەو کەسە بوو کە ئامۆژگارو سەرپەرشتیاری ڕێکەتننامەکەی ١٩٧٥/٣/٦ ی جەزائر بوو لە نێوان هەردوو ڕژێمی ئێران و ئێراق دژ بە کورد و هەرەس پێهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٩/١٨ حکوومەتی سعوودیە لە زاری وەزیری ناوخۆی – ئەمیر نایف – ڕایگەیاند ، کە حکوومەتی سعوودیە گرێبەستی دروستکردنی دیوارێکی ئەلکترۆنی و کۆنکریتی و پشت بەستن بە کامیرا ، بە درێژایی سنووری نێوان ئێراق و سعوودیە ڕاگەیاند . کە خەرجی ئەو دیوارە هەمە لایەنە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تێدەچێ .

ئەمەش لە پێناو ڕێگە گرتن لەو تیرۆرستانەی کە لە سەر سنووری نێوان هەردوو وولآت هاتوو چۆ دەکەن ، بە تایبەتی لە لایەنی سعوودیە بۆ ئێراق و ڕێگەگرتن لێیان بۆ ئەوەی بتوانرێ باری ئێراق و ناچەکە بەرەو ئارامی و بتەوکردنی ئاسایش بروات لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٧/٩/١٩ وەقفی هێنرش یوبل نوێنەری ڕێکخراوی ئەلمانی سەر پەرشتی کۆنفرانسێکی کرد بە ناوی کوردی تورکیا ... هێنرش لە ڕاگەیاندنێکیدا باسی ئەوەشی کرد ، کە ژمارەیەکی زۆر لە زاناو شارەزایانی بواری کێشەی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی تورکیا بەشداری لەو کۆنفرانسە کرد ، کە لە هۆڵێکی شارەوانی لە شاری دیاربەکر – ئامەد – لە باکووری کوردستان بەڕێووەچوو . لەو کاتەشدا کە وەزیری دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری واشنتۆنی ئەمەریکا گووتی:-

حکوومەتی تورکیا خوازیاری ئەوەیە کە یەکپارچەیی خاکی ئێراق پارێزراوبێت و سەرچاوە سرووشتیەکانی ئەو وولآتەش لە نێوو هەموو ئێراقیەکاندا بە یەکسانی دابەش بکرێت .

هەروا لە لایەکی دیکەش بە هۆی شەڕو پێکدادان لە نێوان پارتی کرێکارانی

کوردســـتان – پەکەکـە – و هێزەکـانی سـووپای تورکیـا و جاشـە کـوردە خۆفرۆشـەکان ١٤٧ سـەربازی تورکیـا و ٢٥ چـەکداری گـەریلاکانی پەکەکـە کوژراون لە مانگی ٢٠٠٧/٨/ . ئەویش لە ئەنجامی ٤٥ هێرشی سـەربازی بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە ، پەکەکەش ٥٨ چالاکیان لە ناو خاکی کوردستانی داگیرکراو لە لایەن رژێمی تورکیا ئەنجام داوە لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢٠ سـەرۆکی پـارتی گـەلی تورکیـا – دنیز بایکـال – دژایـەتی خـۆی پیشاندا بۆ ئەوەی ، کە پەروەردە بە زمانی کوردی لە تورکیا سەربەست بکرێت ، بایکال لە لێدوانێکیدا گووتی :– ئەگەر هەر کەسێ بە زمانی خۆی ئاخاوتن بکـات ، زۆری پێناچێت تورکیاش وەك دەوڵـەتی یۆگسلافیای لێدێت و خاکەکەی پارچە پارچە دەکرێت .

شایانی باسە کە پارتی دادو گەشەپێدان چەند رۆژێك پێش ئێستا ، زمـانی کـوردی وەك زمـانێکی بیـانی لـە قەلەمـداوەو دووپـاتی کردۆتـەوە لـەوەی کـە دەکرێت وەکو زمانێکی بیانی مـافی پەروەردە بە زمانەکەیان ئازاد بکرێت ... لـە گـەڵ ئـەم هەڵوێـستەدا کـە زیـاتر لـە ٢٥ ملیـۆن کـورد لـە بـاکووری کوردستانی داگیرکراو لـە لایـەن رژێمـی تورکیاو تورکیـای عوسمـانی بـەر لـە ٥٠٠ ســاڵ داگیرکــراوە . کــورد بــەر لــە ١٥٠٠ ســاڵ پــێش بــوونی تــورك نیشتەجێی سەر ئەم خاکە بوونە لە هەرێم و کێشووەرەکەدا هەروا ئەرمەن لە هەرێمەکەدا .

دوای ئەوەش عەرەب و نەتەوەی دیکە و گەر بەراوردی بکەیت بە کۆی ئـەو نەتەوانە نەتەوەی تورك کەمایەتیە لە هەموو بوارەکان لـە تورکیـای ئێستاداو بۆ سـالأنی ٢٠١٥ تا ٢٠٢٠ رێـژەی ژمـارەی دانیشتووانی کـورد و بە رێـژەی ١٠٪ . لە تورك زیاتر دەبێت لە تورکیا ، جەگە لە خاکی باکووری کوردستان

.

٢٠٠٧/٩/٢١ ئاهەنگ گێران لە شاری پەکینی پایتەختی چینی مللی بە بۆنەی دامەزراندنی – جۆزێف لی شان – یەکەم قەشەی کاسۆلیکی لە وولاتی چین ، ئەویش لە سەر رەزامەندی پاپای فاتیکان لە ماوەی ٥٠ پەنجا سالدا .



جێگەی ئاماژە پێکردنە کە قەشەکان چ لە رێگەی هەڵبژاردن ، یاخوود بە دامەزراندن لە سەر کەنیسەکان ، یاخوود بە سەرکردایەتی کردنی کارە ئایینیەکان ، وەك رابەر ، یاخوود پێشەوا لە چین بێ ئەوەی رەزامەندی پاپای فاتیکان وەربگرن ، ئەویش بە هۆی پچرانی پەیوەندی لە نێوان حکوومەتی چین و فاتیکان لە ساڵی ١٩٥١ بە هۆی دان پێنانی بە حکوومەتی تایوان .

هەر بەم هۆکارەش پاپاش دوو لە قەشەکانی لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرکرد ... هەروا ژمارەی هەڵگری مەزهەبی کاسۆلیك لە چینی مللی بە ١٢,٥ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت لە وولاتەکەدا .

ئەم ١٢,٥ ملیۆن مەسیحیە کاسۆلیکیەش بوونە دووبەش ... بەشێکیان پشتگیری لە حکوومەتی چین دەکەن و ، بەشەکەی دیکەیان بە نهێنی پەیوەندیان بە فاتیکان هەیە . ئەمەش لە دوای ئەوە هات ، کە پەیوەندی نێوان چینی مللی و فاتیکان بە شێوەیەکی فەرمی بووەو ئەویش بە دەست پێشخەری پاپا – بندکتووسی شانزەهەم – لە نێوانیاندا .

٢٠٠٧/٩/٢١ راپۆرتی دەرچوو لە کۆمەڵەی شانشینی ... کە بالاترین دەزگای زانستیە لە بەریتانیا ... هۆشداریدا بە کۆکردنەوەی ماددەی بلوتنیۆم لە کۆگاکان ، کە ئەمەش کارێکی مەترسیدارەو ترسناکترین ماددەی ژەهراویە لە وێرانکردنی مرۆڤ و ژێرخانی ئابووری و خاوەنداریەتی کۆمەڵگاکان لە جیهاندا .

هەروا راپۆرتەکە ئەوەی روونکردەوە ، کە ئەو مادده کۆکەرەوە لە کۆگا تایبەتیەکان لە ماوە دواییەکانی سەدەی بیستەم ... دەتوانرێ لەم مادده بلوتنیۆمە ١٠,٠٠٠ دە هەزار بۆمبی ئەتۆمی لێدروست بکرێت ، کە هەر بۆمبێك بە قەدەی ئەو بۆمبە ئەتۆمیەیە کە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری ناکازاکی دا ، کە بووە هۆی وێرانکردنی شارەکەو ئەوەی لە ناو ئەو شارەدا هەبوو لە مرۆڤ و ئاژەڵ و گیانەوەر و دارو درەخت و کژوگیا و ئاووخاك .

سەرەرای ئەوەش ماددەی بلوتنیۆم کە بەکار دەهێنرێ بۆ کاری ئەتۆمی لەو ووڵاتەدا . هەروا ئامادەکاری راپۆرتەکە – گیوفری بۆلتوون – کە ئەوەی روونکردەوە ، کە ٦ شەش کیلۆ لە بلوتنیۆم بەسە بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی لە جۆری ئەو بۆمبەی کە لە شاری ناکازاکی درا . لە لایەن ئیدارەی ووڵاتە ئەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

هەرچەند حکوومەتی بەریتانیا لەو هەوڵە دایە کە ئەو ماددەیە خەرج بکات لە دەزگا خزمەتگوزاریەکان ، وەك بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا و چەندین کاری دیکەی خزمەت کردنی گەلی بەریتانیا و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و دوور کەوتنەوەی لەو مادد مەترسیدارە لە ووڵاتەکەدا .



٢٠٠٧/٩/٢٢ حکوومـەتی ئێـران بـۆ یەکـەم جـار مووشـەکێکی نوێی بە نـاوی – قـەدەر – ی دوور هاوێـــــــــژی تــاقیکردەوە ، کــە ئــەو مووشـــەکە لـــە ١٨٠٠ کیلۆمـــەتر دەتـــوانێ نیشانەی دیاریکراو تێك بـشکێنێ ...ئەمـەش لـەو کاتە هات کە هێزەکانی سووپای ئێران بە بۆنـەی یادی ٨ هەشت ساڵەی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لـە نمایشێکی سـەربازیدا ، کە سـەرۆکی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نژادی لە وتەکەیدا گووتی :-

ئێران هێزێکی دەست ڕۆیشتووە لە ناوچەکەو لە جیهاندا . کە ئەو هێزە هەر لە خزمەتی ئاشتیدا بووە و بوونی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لـە ناوچەکە هۆکاری سەرجەم ناکۆکیەکانە .

هـەروا لـە کۆبوونـەوەی ئاژانسی نێودەوڵـەتی وزەی ئەتۆمیـدا لـە شـاری ڤیـەنای پایتـەختی نەمـسا ئەنجامـدرا . بەرپرسـانی ئێـران و ئیـسرائیلْ بـە شێوەیەکی پێشینە یەکتریان تۆمەتبار کرد .

٢٠٠٧/٩/٢٣ وەزیـری دەرەوەی فەرەنـسا – برنـارد کۆشـنێر – لـە بـەر دەم بەشـداربووانی کـۆنگرەی ئاوەدانکردنـەوەی ئێـراق لـە بارەگـای نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە شـاری نیورۆکی ئەمـەریکا . هـەرێمی باشووری کوردستـانی بە ناوچەیەکی ئـارام ناوزەنـد کـرد و داوای کـرد کـە لـە کوردسـتانەوە دەسـت بـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنەوەی ئێراق بکرێت

هـەروا لـە وتەکەیـد لـەو بارەیـەوە کۆشـنێر پێشنیازی ئـەوەی کـرد ، کـە لـە ناوچـە ئارامەکانـەوە دەسـت بـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوە بکرێـت و دوایـی قۆنـاخ بـە قۆنـاخ ناوچـەکانی دیکـەش بگرێتـەوە و داوای کـرد ، کـە هـەرێمی باشووری کوردستان ببێتە دەروازەیەك بۆ ئەو پرۆسەیە لە ئێراقدا .

٢٠٠٧/٩/٢٣ وەزیری دەرەوەی کۆماری بە نـاو ئیـسلامی لـە ئێران لـە ٩/٣ تۆپبـارانکردنی

ناوچـه سـنووریەكانی هـەرێمی باشـووری كوردسـتان رەتكـردەوە . بـەڵام ژەنەراڵ یەحیا رەحیمـی سـەفەوی راوێـژكاری تایبـەتی رێبـەری بـاڵای ئاینی كۆمـاری ئیـسلامی لـە ئێـران عـەلی خامـەنائی بـۆ كاروبـاری سـەربازی لـە لێدوانێكیدا بۆ كـەناڵی . پـاریس تیڤـی –ی ئێرانـی دووپـاتی كـردەوە ، كە تۆپخانەی سەربازی ئێران چەكدارانی – پژاك – لە ناو خاكی ئێراق بۆردمان دەكات لە ناوچەكەدا .

هەروا گووتی :– لە بەر ئەوەی ئەوان دزە دەكەنـە نـاو خـاكی ئێران و بۆمـب دەتەقێننـەوەو رەوشـی ئاسایش تێك دەدەن و لـە گـەڵ چـەندین هەڵوێـستی دیكەی دژ بە كوردو خاكی كوردستان و پێشێل كردنـی مـافی مرۆڤ و مـافی نەتەوەو نیشتیمان لە ناو گەلانی ئێران و بە تایبـەتی حكوومـەتی هـەرێم لـە باشووری كوردستان .

جێگـەی باسـكردنە كـە رژێمـە یـەك لـە دوای یەكـەكانی فـارس بگـرە لـە ساسانیەكانەوە ، بە تایبـەتی لـە دوای رێكەوتننامـەی زەهـاوی سـاڵی ١٦٣٩ ی نێـوان ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و سـەفەوی فـارس زیـاتر لـە ٢٠٠,٠٠٠ هەزار كیلۆمەتر چوار گۆشـەی لـە خـاكی كوردسـتانی داگیر كردووە لـە گـەڵ زیـاتر لـە ١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن مرۆڤـی كـورد و هـەموو مـافێكی مـرۆڤ و نەتەوەو نیشتیمان و زمان و كـەلتوورو داب و نـەریت و شـوێنەواری گـەمارۆ داوەو بە خواست و نیاز و ویستی خۆی مامەڵە لە گەڵ كورد دەكـات لـەو بەشـە كوردسـتانەی كـە لـە ژێـر دەسـتی دایـە و جگـە لـە نەتـەوەكانی دیكـەی ئەزەرو عەرەب ، كە بە ناو دەووڵەتی ئیسلامیە لە ئێران .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا شـەڕو پێكـدادان لـە نێـوان چـەكدارانی پـژاك و هێـزەكـانی سـووپاو پاسـدارانی ئێـران لـە شـارەكانی كوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی ئێـران بەردەوامەو بەرەو بەرز بوونەوە هەنگاو دەنێ دژ بـە رژێمـی بـە نـاو ئیـسلامی لە ئێراندا .

٢٠٠٧/٩/٢٣ كۆمیـسیاری ئـەوروپا لـە چـوار چـێوەی هەفتـەی ئـەوروپایی بـۆ جوولـە رایگەیانـد ، كـە لـە ١٣٠٠ شـاری وولاّتـانی ئـەوروپا بەشـداری لـە بۆنـەی رۆژێكـی بـێ ئوتومبێل دەكـەن . دەسـتەی جـێ بـە جێكـردن لـە كۆمیـسیاری ناوبراو لە راگەیانەكەیدا ، كە چەند شارەوانیەك لـە وولاّتـەكانی – بـەرازیل و

، کەنەداو ، کرواتیاو ، ئەکوادۆرو ، تایلاندیش ، بەشداری لەم رۆژەدا کرد .
ئەویش بە پێی ئەو رێورەسمەی ئەو رۆژە هیچ ئوتومبێلێك نابێت بێتە ناو شەقامەکانی شار ، تەنیا بۆیان هەیە لە دەوورووبەری شار هاتوو چۆ بکەن و خەڵکیش بۆ هاتووچۆ کردن هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی بە خۆرایی دەبێت و هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا ئەم یادە دەکەنەوە لە وڵاتەکانیاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٤ سەرکردەی ٨٠ هەشتا وڵات لە جیهان دەستیان بە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد ، سەبارەت بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی لە



بارەگای کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری نیورۆکی ئەمەریکا . ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – بان کی مۆن – بە ووتارێکی کردنەوەکەی دەست پێکرد .
ئەم کۆبوونەوەش دوای چەند رۆژێك لە راگەیاندنی راپۆرتێك لە لایەن زانایانی ئەم بوارەدا هات . کە ئەو چەندیە بەفرەی کە تووادەتەوە لە ماوەی ئەم ساڵ لە جەمسەری بەستەڵەکی و زیاتر لە ماوەی مێژووی بوونی زەوی . ئەم کۆبوونەوەش بە گەورەترین لوتکە دادەنرێت ، کە ١٥٠ وڵات و ٨٠ سەرکردە بەشداریان تێدا کرد ، لە بەر رۆشنایی گۆرانی کەش و هەوا لە جیهان .
جێگەی روونکردنەوەیە کە گۆڕانی باری کەش و هەوا لە سەر گۆی زەوی هۆکارەکانی دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ و مەترسیدار لە جیهان ئەویش :-
١-زۆری کارگە هەمە جۆرەکانی بەرهەم هێنان ... جا بیناسازی بێ ، یاخوود لە پێناو بازرگانی پێکردن بێت .
٢- زۆری کارگەی بەرهەم هێنانی هەمەجۆری سەربازی ، وەك دروستکردنی

چەك و تەقەمەنی بە هەموو جۆرەکانی ... بگرە لە دروستکردنی گوللەی تاپر تا دەگاتە چەکی ئەتۆمی لە هەموو بوارەکانی سەربازیدا .

٣- بوونی شەڕی بەردەوام لە چەندین هەرێم و ناوچە لە وڵاتە جیا جیکانی جیهان . وەك شەڕی ئێراق و ئەمەریکا ، شەڕی ئەفگانستان و ئەمەریکا . هەروا شەڕی ناوخۆی ئەم وڵاتانە و وڵاتانی دیکەی وەك ، شەڕی نیوان ئیسرائیل و فەلەستین ، هەروا شەڕی ناوخۆی سوودان و ، سۆماڵ و ، تشادو ، فلیپن و ، سەریلانکاو ، چەندین جێگەی دیکە ، کە ئەمە هەمووی رووناکی و بۆنی ژەهراوی لێدەر دەچێت و دەبێتە هۆی پیس کردنی ژینگە ، جا لە ئاو بێت ، یاخوود لە دارو درەخت و زەوی لەم جێگایانە لە جیهاندا

٤- بلاوبوونەوەی زۆری دووکەڵی ئەو بۆریە گازانەی کە لە ئەنجامی بەرێکردنی نەوت دێت لە وڵاتەکانی بەهەمهێنەری نەوت لە جیهان ..

٥- زۆری ئوتومبێلْ لە جیهان کە ئێستا وامەزەندە دەکرێت کە بە ملیار ئوتومبێلْ بە هەموو جۆرەکانی کاری پێدەکرێت ، جگە لە ئوتومبێلی سەربازی هەمەجۆر ،

بۆ نموونە :- لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی ئوتومبێلْ بە هەموو جۆرەکانی لە هەرێمی باشووری کوردستان – ئێراق ، دەگاتە نزیکەی یەك ملیۆن ئوتومبێلْ . کە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بەرامبەر ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار بۆری نەوتی ئاگر تێپەر بوونەو کاردانەوەی ئێجگار زۆری هەیە لە سەر ژینگە . جگە لە کارەکانی دیکەی سووتەمەنی لە هەموو بوارەکانی سووتاندنی و بە کار هێنانی لە جیهاندا .

٦- زۆری پاشماوەی کەل و پەلی – شمکەکان – جەنگە یەك لە دوای یەکەکان ، بە تایبەتی چەکی ئەتۆمی و ماددەی کیمیاوی و ئەتۆمی و هی دیکە لە جیهاندا . بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەمەریکاو ، بەریتانیاو ، فەرەنساو ، رووسیاو ، ئەڵمانیاو ، کۆریای باکوورو ، چینی ماای و ، هندستان و ، پاکستان و ، ئێران و ، چەندین وڵاتی دیکە .

ئەمانە هەمووی هۆکاری پیس بوونی ژینگەن و کاردانەوەی لە سەر گۆرینی کەش و هەوا و بەرەو گەرمبوونی و کەم بوونەوەی باری ساردی لە سەر

گۆی زەوی و تا دەگاتە چینی ئۆزۆنی و بەرەو هەورازتریش .

ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە لە بواری کشتووکاڵی ، کە ئەویش بە هۆی گرنگی نەدان بەم بوارە گرنگە ، کە هۆکارێکی بنە رەتیە لە پاك و خاوێنکردنی ژینگەو دابین کردنی خۆراك بۆ کۆمەڵگاکانی سەر زەوی و بەرز بوونەوەی ئۆکسیدی کاربۆن بە پێچەوانەی بواری پیشەسازی لە هەموو بوارە جیا جیاجاکان ئەویش :-

١- وێرانبوونی بە ملیار هکتار زەوی بە هۆی پیس بوونی ژینگە و مردنی دارو درەخت و سووتاندنی ، بە تایبەتی لە ناوچە شەڕ لێکراوەکان و بەردەوام بوونی شەڕەکان .

٢- گرنگی نەدان بە کێڵگەی فراوان لە دروستکردنی دارستان و باخچەو چاندنی فریز لە ڕێگەی ئاو ئاودێر کردنی لەم بوارەدا .

٣- گرنگی نەدان بە پاك و خاوێنی شارەکان ، بە تایبەتی گەرەکە هەژارەکان لە ڕێگەی دروستکردنی شەقام و باخچەو پرکردنی شەقامەکان لە دارودرەخت و نەبوونی پەرژینی دارودرەخت لە چوار دەووری ئەم شارانەو جێگە دەشتایەکان ، کە بۆ چاندن سوود مەندنین و بۆ دارو درەخت سوود مەندن .

٤- کەمی دەریاچە و رووبارو جۆگەی ئاو دروستکردن ، کە ئەمەش هۆکارێکی گونجاوە بۆ پاك و خاوێن کردنی ژینگە .

بۆ نموونە :- وەك ئێستای لە هەرێمی باشووری کوردستاندا هەیە . لە گەڵ چەندین جێگەی دیکە لە جیهاندا . کە ئێستا هۆکاری پیس بوونی ژینگە بە ڕێژەی ٣٠٪ . زیاتر لەوەی کە ژینگە لە پیس بوونی بپارێزرێت .

ئا لێرەدا جیهانگەری لە رامیاریەتی وولاتانی سەرمایەداری ، بە تایبەتی ئەمەریکاو هاپەیمانەکانی لە بوارەکانی سەربازی و رامیاری و ئابووری و بازرگانی و راگەیاندن و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکان نیە بە تەنیا ، هەتا بواری کەش و هەواو گۆرینی باری ژینگەشی گرتۆتەوە ، بە هۆی ململانێی سەربازی و ئابووری و هەمبارکردنی چەك و تەقەمەنی و ئامێر ، لە هەموو بوارەکان لە جیهاندا .

سەرمایەدار و ئیمپریالیزم نەك هەر ئاواتی پاوانکردنی سامان و داگیر

کردنـی داتـی ئـابووری و دارایـی و نەوتـە ، بـەڵکوو دژی بـوونی ژیـانی بـە یەکەوەیە لە ئاشتی و ئارامی و کۆمەڵگای جیهـان و کـەش و هـەواش بـەرەو هەردێر دەبات لە هەموو بوارەکاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٤ هێزەکـانی سـووپای ئیـسرائیل سـایدێکی ئـەلکترۆنیان لـە تـۆری ئـەنترنێت دیـارکرد بـە نـاوی – سـایدی هۆشـداری پێشوەختە – بـۆ هـەر هێرشـێکی چاوەروانکراو ... ئەمـەش لـە دوای ئـەوە هـات کـە سـووپای ئیـسرائیل خاڵـە شکستەکانی لە جەنگی لە گەڵ حزب وڵڵای لوبنانی دیاریکرد ، ئەویش لـە پێناو دووبارە نەبوونەوەی ئەو خاڵانە لە جەنگەکانی داهاتوو ، یاخوود ئـەو هێرش و پەلاماردانانەی کە چاوەروان دەکرێن لـە لایـەن ئێـران و سـووریا و لوبنان لە ناوچەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هێزێکی کۆماندۆی سووپای ئیسرائیل لە ٩/٦ لە هێرشـێکی ناکـاوی بـۆ سـەر رۆژهـەڵاتی بـاکووری سـووریا لـە ناوچـەی دێرەزوور ئەنجامـدا بـە لێدانی بنکەیـەکی دروستکردنی چـەکی ئـەتۆمی ، دوای ئەوە بە دۆزینەوەی چەندین کەل و پەلی ئامادە کراو لـە بواری چەکی ئەتۆمی و بەردەوامی پشکنین لە سەری ، کە دەر کەوت ئەمە لە لایـەن ئێران و کۆریـای بـاکوور سـوودی لێـوەرگیراوە ، لـە پێنـاو دروستکردنی مـاددە ئەتۆمیـەکان ، جا لـە پێنـاو ئاشـتی و بـواری پیشەسازی بێت ، یاخوود لـە پێناو کاری سەربازی و بەرگری بێت لە وڵاتەکەیدا .

ئەمەش لەو کاتە دێت کە باری نێوان ئیسرائیل لە گەڵ لوبنـان و سـووریا و هەتا لە گەڵ ئێران بە قۆناخێکی ترسناکدا تێدەپەری ، بە تایبەتی لە بواری سەربازی لە ناوچەکەدا .



٢٠٠٧/٩/٢٤ بـە هـۆی دەسـتگیر کردنـی ئەنـــدامێکی شـــاندی بازرگانی ئێران بە ناوی – ئاغـــای فـــەرهادی – لـــە هـوتێلی شـیرین پـاڵاس لە شـــاری ســـلێمانی لـــە هـــەرێمی باشـــووری

کوردستان لە لایەن هێزێکی کۆماندۆی سووپای ئەمەریکا و گومان لێکردنی بە سیخوورەیەتی و بوونی لە موخابەراتی ئێران .

بەم هۆیە حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران هەڵسا بە داخستنی هەر پێنج دەروازەی سنووری نێوان حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان و وولاتەکەیدا . سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی هەرێم و سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی داوای بە پەلەی ئازاد کردنی فەرهادی لە هێزەکانی سووپای ئەمەریکا کرد . کە ئەمەش بووە هۆی وەستاندنی ئاڵووگۆری کارەکانی بازرگانی لە نێوان هەرێمی باشووری کوردستان و ئێران و ، کاردانەوەی لە گران بوونی کاڵاو شمکەکانی ، کە لە ئێرانەوە بەرەو هەرێمی باشووری کوردستان دەهاتن و بە پێچەوانەش بۆ ئێران .

٢٠٠٧/٩/٢٤ کۆچی دوایی گەورە هونەرمەندو ئەکتەری ئاماژەکاری – ئیمان – ی فەرەنسی – مارسێل مانگیلی – ناسراو بە مارسێل مارسۆن لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا . دوای ئەوەی کە ٦٠ ساڵی تەواو فرمێسکی قەتیسماری چاوەکانی لێیە وەستاوی راگرت .

شایانی باسکردنە کە مارسێل مارسۆن لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری ستراسبۆرگ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... ئەم هونەرمەندە هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی مۆزیکاژەنی و شانۆ دەبێ ، بە فلیمە بێ دەنگەکانی چارلی چاپلن و باستمکیتۆن و مارکس برازری کاردانەوەی کاری گەری کردۆتە سەر ، لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە ریزەکانی بەرگری کردن لە وولاتەکەی دەکات ، دژی داگیر کەرە نازیە ئەڵمانیەکان .

لە ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە ناو تیپی – ونو ، پارۆ – ی هونەری لە شانۆ گەری باینست ... مارسۆن لە ماوەی کاروانی ٦٠ ساڵەی هونەریدا چەندین نازناوو خەڵاتی گەورەی پێ بەخشراوە لەوانە ، نازناوەکانی – پادشای ئامارژەکاری – گەورە ئەکتەری ئامارژەکاری – پیارۆی غەمبار – پاڵوان –– لە وولاتەکەیی و جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٥ بەڕێوەبەری کارگێری گشتی بۆ بازرگانی دارایی لە بانکی ناوەندی سوودان – حەسەن یەحیا جنکولْ – لە راگەیاندنێکیدا بلاوی کردەوە کە حکوومەتی سوودان بریاریدا بە کارپێکردنی دراوی یۆرۆ لە بانکەکانی ناوخۆو

بازرگـانی نـاوخۆ و دەرەوەی سـوودان . لـە جیـاتی کـار پێکردنـــــی دراوی دۆلاری ئەمــەریکی لــە رامیاریــەتی وولاتەکەیدا .
مەبەســتیش لــەم بریــارەدا رێگــە گرتنــە لــە رامیاریــەتی ئەمەریکا لە بریارەکانی کە دژی وولاتـی سوودان و وولاتـانی دیکە بە سزا خستنە سەر ئەو وولاتانەو بە کارهێنـانی دۆلار بارێکی رامیـاری گـرنگ و سەرەکیە و وەك چەکێك بە کار دەهێنێ لە کاتی سپاندنی سزا بە سەر هەر دەوولەتێك ، گەر ئەو دەوولەتە پاشەکەوتەکەی دۆلار بێت لـە بە کار هێنـانی لە بواری ئابووری و بازرگانی و پەیوەندیە جیاجیاکان لە ناوخۆو دەرەوەدا ، هــەر وولاتێـك لـە وولاتـانی جیهـان کـە دەسـتگیر نـەبێت بەرامیاریـەتی و هاوکاری نەکردنی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی ، بە تایبەتی لە بوارەکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی لە وولاتە جیاجیاکانی جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٥ کۆنگرێسی ئەمـەریکا لـە بریارێکیدا بە کۆی ٣٩٧ دەنگ پەسندی بوونی پاسـەوانی شۆڕشـی ئیسلامی لـە ئێـران کـردە رێکخراوەیـەکی تیرۆرستی و خستیە نـاو لیسـتی رێکخـراوە تیرۆرستیەکان لە جیهـان ، بەرامبـەر دەنـگ نەدانی ١٦ ئەندام لە ئەندامەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا .
هــەروا دەنگــی لــە ســەر پرۆژەکــانی وەبەرهێنـانــدا لــە پــرۆژە بیانیــەکانی وەبەرهێنان لە ئێران ، بە تایبەتی لە کەرتی ووزە ... ئەویش بە پێشنیاری سیناتۆری دیموکراتـەکان – تـۆم لانتـۆس – وا چاوەروانیش کـرا ، کـە ئـەو بریارە لـە لایـەن هاوپـەیمانانی ئەمـەریکا بـەر هەڵستکاری دەکرێت لـە لایـەن وولاتان و کومپانیا گەورەکان لە بواری وەبەرهێنان لە جیهاندا .
هـەروا لـە لایـەکی دیکـە وەزیـری دەرەوەی فەرەنسا – برنـارد کۆشـنێر – لـە لێدوانێکیـدا ، داوای کـرد هـەر بریارێـك لـەم جـۆرە نـابێ وولاتـانی ئـەوروپا بگرێتەوە ، کە کاری وەبەرهێنان لە ئێران ئەنجام دەدەن .
جێگـەی باسکردنە کە هـەر یاسـایەك لـەم جـۆرە یاسـایانە دەبـێ سـەرۆکی

ئەمەریکا پەسندی بکات ، گەرنا نابێتە یاساو بە جێبەجێکردنی لە ئەمەریکاو دەستگیر بوونی لە لایەن وولاتانی دیکەی جیهان ، بە تایبەتی لە لایەن وولاتانی تواناداری ئابووری و خاوەن تەکنۆلۆژیای سەردەم لە بوارەکانی وەبەرهێنان لە جیهاندا .

ئەم پرۆژە یاسایەش لە دوای راگەیاندنەکەی سەرۆکی ئێران – مەحمودی ئەحمەدی نژادی – هات لە سەر کردنی – مەحرەقەی نازیەکان ، ئەلهۆلۆکۆست – و دوو دڵی لە ناسنامەی جێ بەجێکەری هێرشەکانی کارەساتی ٢٠٠١/٩/١١ لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمەریکا .

دوای ئەوە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش سەردانی زانکۆکەی کرد و لە گەڵ سەرۆکی زانکۆکە – لیی بۆلینگەر – تووشی دەمەتەقێ هاتن لە ئاکامی ئەوەی کە سەرۆکی ئێران ویستی وتەیەك بەرامبەر قوتابیانی زانکۆ ئاراستەی قوتابیان بکات ... ئەمەش بووە جێگەی مشتومڕیان لە سەر دۆسیەی ئێران لە مەحرەقەی هۆلۆکۆست و پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکادا .

٢٠٠٧/٩/٢٥ یەکیەتی ئەوروپا لە رێنمایەکانی بلاوی کردەوە کە ناوی تورکیا لە سەر دراوی یۆرۆی یەکیەتی ئەوروپا هەڵدەگرێ . کە بریارە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپی نوێی دراوەکە ، ناوی تورکیا لە سەر نەخشەی سەر دراوەکە ، ناوی تورکیاو نەخشەی تورکیا لە سەر دراوەکە نەمێنێ بە هۆی جێ بە جێنەکردنی خاڵ و بەندەکانی رێکەوتنی نێوان تورکیا یەکیەتی ئەوروپا و جێ بە جێنەکردنی رێکەوتننامەکە بە شێوەیەکی گونجاو لە ناو سنووری تورکیاو دەرەوەی تورکیا .



ئەویش لە پێناو بەرەو باش بردنی باری ناوخۆی تورکیاو چارەسەر کردنی کێشە هەڵواسراوەکان ، بە تایبەتی لە بواری ئازادیەکانی بیروو بۆ چوون و نەتەوەیی و رامیاری و کۆمەڵایەتی لە وولاتەکەدا ... لەو کاتەی کە تورکیا

هەمو هەوڵەکانی لە پێناو بوونی بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپایە .

٢٠٠٧/٩/٢٥ بەردەوام بوونی نارەزایی و خۆپیشاندان لە شاری – رانگۆن – ی پایتەختی میانمار – بۆرمای پێشوو – و شارەکانی دیکەی ئەم وڵاتە دژی دەسەلاتی سەربازی داپلۆسێنەر لە لایەن

هەڵگری بڕوای ئاینی بووزی لەم وڵاتەدا . کە ئەمەش بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو ، کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس بەشداری لەو خۆپیشاندانە کردو حکوومەتی سەربازی لە میانمار بە هێزی سوپا وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە .

کە لەو کاتە شەقامەکانی پایتەخت و شارەکانی دیکە پرکرابوون لە ئوتومبێل و زرێپۆش و تانکی سەربازی ... خۆپیشاندەران وێنەی سەرکردەکەیان – ئۆنگ سان –ی کۆچکردوو وباوکی سەرکردەی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی سەربازی کە لە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی میانمار گیانی لە دەست دابوو لەم وڵاتەدا .

ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانەش زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار خۆپیشاندەر گیانیان لە دەستدا ، کە ئەمەش لە ماوەی ٢٠ ساڵ کاری وا رووی نەداوە لەم وڵاتەدا ... وا چاوەروانیش دەکرێت ، کە حکوومەتی میانمار تووشی سزای هەمە لایەن بێت بە هۆی رامیاریەتی داپڵۆسین و نەبوونی مافی مرۆڤ و ئازادی هاووڵاتیان لە وڵاتەکەدا ، بە تایبەتی رێز نەگرتن لە بڕوای ئاین و ئەنجامدانی رێورەسمەکانی ئاینی لە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢٥ فەرماندەی هێزی پیادەی سووپای تورکیا و جێگری فەرماندەی گشتی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سووپا ژەنەراڵ – ئیکلەر باشبگ – لە لێدوانێکیدا لە ئەکادیمیای سەربازی هێزەکانی پیادەی وڵاتەکەیدا گووتی –:

حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێك بەهێزتر

بووە و کورد لە رووی ئابووری و رامیاری و دەروونی و سەربازیشەوە توانایەکی زۆریان پەیدا کردووەو لەوانەیە کوردەکانی تورکیاش لە داهاتوودا ئەو حکوومەتەی هەرێمی باشووری کوردستان بکەن بە مۆدیلێك بۆ خۆیان . و هەروا لە وتەکانیدا گووتی :-

هەر چەندە حکوومەتی تورکیا ناتوانێت ریگا لە پێشکەوتنی حکوومەتی کوردی بگرێت . بەڵام دەتوانێت کێشەی بۆ بنێتەوەو پێویستە ئەمەریکاش ئاگادار بکرێت لەوەی کە هیچ پلانێك لە ئێراقدا بەبێ رەزامەندی تورکیا سەر ناگرێت لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢٥ وەزیری ناوخۆی ئێراق – جەواد پۆلانی – لە سەردانەکەیدا بۆ شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا و ، هەر لە فرۆکەخانە لێدوانێکیدا وەك پیشەی کۆنی سەرانی رژێمی بەعسی روخێندراو دژی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵوێست و نیازە شۆڤینیەکانی خۆیان دەردەخەن بێ ئەوەی بیر لە بارودۆخ و قۆناخ و هەستی مرۆڤایەتی بکەنەوە و گووتی:-

ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی سەرجەم پرسەکانی نێوان ئێراق و تورکیا چارەسەر بکەین ، کە مومکین نیە رێگە بە هیچ کەسێك و لایەنێك بدەین تورکیا بکاتە ئامانجی خۆیی و خۆشی لە ناو ئێراق شاردبێتەوە – مەبەستی یەکەکەو بزووتنەوەی کوردە بە گشتی – ئەمەش بە پێی هەواڵی cnn-turk . هەروا پۆلانی لە سەردانەکەی بۆ چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ، چاوی کەوت بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگەری و سووپا سالاری تورکیا .

شایانی باسکردنە کە لە مانگی ٢٠٠٩/٨/ ی رابردوو سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری کامل مالکی لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا یاداشتێکی لەیەکگەیشتنی لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا مۆرکرد .

بەڵام رێکەوتنی کۆتایی یاداشتەکە بریار بوو دوو هەفتە دوای سەردانەکەی مالکی شاندێکی ئێراق سەردانی تورکیا بکات بۆ مۆرکردنی رێکەوتنەکە ، بەڵام بە هۆی هەندێ هەڵوێست راگەیاندنی دوور لەو قۆناخەی کە ئێراق پێیدا تێپەدەپەری و بووە هۆی دواخستنی شاندەکە ... ئێستاش شاندەکە بە سەرۆکایەتی جەواد پۆلانی سەردانەکە ئەنجامدرا و هەمان هەڵوێست و بیروو بۆ چوون دەرخرایەوە ، کە ئەو رژێمانەی کە کوردو خاکی کوردستانیان پێلکێندراوە و داگیریان کردووە ، گەر

دەسەلاَتیش بگۆڕێ جا بە هەر جۆرێك بێت لە مامەڵەکردندا .
بەلاَم هەڵوێست و بیروو بۆ چوونی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی و دوژمنکاری کردنی دژ بە گەلی کوردستان ناگۆڕێ لە هەر یەك لەو وولاَتانە و هەموو کات رامیاریەتیان بەرامبەر بە کورد هاوسەنگ و هاوکێشە و هاوبەشە لە ناوچەکەدا دژ بە کورد و خاکی کوردستان .

٢٠٠٧/٩/٢٦ کردنەوەی پیشانگایەك دەربارەی باری ئافرەتان لە جیهان ، لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ... ئەم پیشانگایەش لە بواری بازرگانی کردن بوو بە ئافرەت بۆ کاری سێکسی لە

بەریتانیا ... پیشانگاکەش لە ژێر ناونیشانی – کاروان – بوو ، بە دەرخستنی باری دڵتەزێنی ئافرەتان و فراندنیان بۆ بەریتانیا لە ڕێگەی تیرۆرستی تاوانی ڕێکخستنەکان و ناچار کردنی ئافرەت لە چۆنیەتی کار پیکردنی لە کاری سێکسی نهێنیدا .
هەروا پیشانگاکەش لە –– ٧ حەوت حاویەی ئاسن –ی پێك هاتبوو بۆ کاری گواستنەوە لە ڕێگەی دەریا . هەر یەکێك لەو حاویانەش قۆناخێك لە قۆناخەکانی ئەم کارانە لە خۆی دەگرت . لە ژیانی ئافرەتانی ناچار کراو بە بە کار پێکردنیان لەو کارە نالەبارەدا .
حاویەی یەکەم ژیانی ئەو ئافرەتە لە خۆ دەگرێ ، کە لە وولاَتی رەسەنی خۆی لە ئەورووپای ڕۆژهەلاَت و کۆتایی بە حاویەی حەوت ، بە دیاریکردنی باری ئافرەت لە یەکێك لە خانووەکانی نیشتەجێی لە بەریتانیا ... ئەم پیشانگایەش لە لایەن دەزگای – هێلین یامبر – ئەنجامدرا ، لە پێناو پشتگیری و یارمەتی دانی ئافرەت و بەرگری کردن لە ماف و پاراستنی داواکانی ئافرەت و دوور خستنەوەی لە کاری توونـد و تیژی بەرامبەر بە ئافرەت و بازرگانی نەکردن بە ئافرەت لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنیان بە هۆی نالەباری باری نەبوونی پێداویستیەکانی ژیان و ناچاربوونیان لەم بوارەدا و ، هەوڵدان لە پێناو باشکردنی باری ژیانی هەژاران لە جیهان و مسۆگەر

کردنی دادپەروەری لە ژیان و لە کار لە جیهاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٦ ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا بە کۆی دەنگی/ ٧٥ دەنگ و دژە وەستانی ٢٣ دەنگ رەزامەندی لە سەر پلانی دابەشکردنی ئێراق بۆ سێ هەرێمی – کورد ، سوننە ، شیعە –

پەسند کرد ... ئەویش بە هۆی باری لێك ترازاوی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو سێ لایەنە گرنگە لە ئێراقدا . ئەم قرۆژەیەش لە لایەن جۆزێف بایدەن لە پارتی دیموکرات بۆ رزگار کردنی ئێراق و هێزەکانی ئەمەریکا لە ئێراق . پێشکەش بە ئەنجوومەنی پیران کرد . بە سێ هەرێمی فیدرالی لە ئێراقدا . سەرەرای ئەوەی کە کورد و ، مەزهەب شیعەی ئیسلام لە ئێراق بەم پلانە رازیین . بەلام مەزهەب سوونەی ئیسلام ئەم پلانەی رەتکردەوە ... ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە ، سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – تۆنی بلێر – لە وتەیەکی رۆژنامەوانیدا ، ئەوەی دووپاتکردەوە ، کە بریاری دابەشکردنی ئێراق بۆ سێ هەرێمی فیدرالی لە خۆنەو بە خۆیان دەتوانن بە ئازادانە ئەم بریارەو هەر بریارێکی دیکە بدەن و کەس بۆی نیە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی پێك هاتەکانی ئێراقدا بکات .

هەروا وتە بێژی کۆشکی سپی – تۆنی فرانۆ – گووتی :– ئەو پەسند کردنە لە سەر پلانی دابەشکردنی ئێراق بۆ سێ هەرێم ، ئەوەندە گرنگ نیە وەك هەندێك وای بۆ دەچن و کەس پابەند ناکات بە جێ بە جێکردنی لە وولاتەکەدا . کەچی بریارەکە لە رۆژی ٩/٢٦ بوو . بەلام رەتکردنەوەی لە لایەن ئیدارەی ئەمەریکا لە رۆژی ٩/٢٧ بوو .

ئەمەیە دیموکراتیەت لە وولاتێکی کە لە سەدەی بیست و یەك سەرکردایەتی

جیهان دەكات لە هەموو بوارە جیا جیاكان لە جیهاندا...؟...!.

٢٠٠٧/٩/٢٦ وەزیـری بـەرگری ئەمـەریكا – رۆبـرت گێیـتس – داوای لـە كۆنگرێـسی ئەمــەریكا كرد بە رەزامەندی كردن لە سـەر ١٩٠ ملیـار دۆلار ، لە پێنــاو بــەردەوام بــوونی پاڵپــشتی هەوڵــەكانی جـەنگی ئەمـەریكا لـە هـەردوو وولاتـی ئێـراق و ئەفگانـستان . ئـەم بـڕە پارەیــەش بــۆ مەشــق پێكردنــی ســەربازو كرینــی ئوتومبێــل و تانــك و پێداویستیەكانی جەنگ و مەشق پێكردنی هێزەكانی ناوخۆو سەربازەكانی ئێراق و ئەفگانستان .

سـەرەرای ئـەوەی كـە جـەنگی دژ بـە ئێـراق و ئەفگانـستان لـە لایـەن گـەلانی ئەمەریكا رەتدەكرێتەوە بە هۆی كاردانەوەی لە سەر باری ژێرخانی ئابووری و بژێوی ژیانی ئەمەریكیەكان .

جێگەی باسكردنە كە لـە دوای رووداوەكـەی ٢٠٠١/٩/١١ لـە ئەمـەریكا تـاكو ئەم رۆژە ئیدارەی ئەمەریكا زیاتر لـە ٦٠٢ ملیـار دۆلاری وەك خـەرجیـەكانی جـەنگ خـەرج كـردووە لـە ئێـراق و ئەفگانـستان و وولاتـەكانی دیكـە . ئـەم داواكاریـە و چـەندین كـاری دیكـە بۆتـە كێشە لـە نێـوان سـەرۆكی ئەمـەریكا جۆرج بۆش و ئەنجوومەنی پیران لە وولاتەكەدا .

كـە زیـاتر لـە ١٦٨ هـەزار سـەربازی ئەمـەریكا و هـەموو پێداویـستیەكانی لـە ئێراق لە كاری جەنگی بە ناو دژ بە تیرۆر بەردەوامە ، جگە لە ئەفگانـستان و وولاتانی دیكە لە جیهان .

٢٠٠٧/٩/٢٧ لـــە دوای تـــەواو بـــوونی سـەردانەكەی سـەرۆكی ئێران – مـەحمودی ئەحمـەدی نـژادی – بۆ شـاری نیـورۆكی ئەمـەریكا و بەشـــداری كردنـــی لـــە كۆبوونەوەی ساڵانەی كۆمەڵەی

گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، سەردانی وولاتی پۆلیڤیای کردو لە گەڵ سەرۆکی پۆلیڤیا – مۆرالیس – کۆبوونەوەو ڕێکەوتنی پیشەسازیان لە نێوان هەردوو وولات مۆرکرد ، ئەویش بە بڕی یەك ملیار دۆلار بۆ ماوەی پێنج ساڵ .

هەر لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکی ئێران بۆ پۆلیڤیا بڕیاریدا یەك ملیار دۆلار وەك یارمەتی بدات بە حکوومەتی پۆلیڤیا ، لە پێناو بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری ، بە تایبەتی لە بواری نەوت و گاز و دام و دەزگاکانی حکوومەت لە وولاتەکەدا . هەر لەو سەردانەی سەرۆکی ئێران لە گەڵ سەرۆکی پۆلیڤیا بە لێنیاندا بە نوێ کردنەوەو بتەو کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وولاتی ئێران و پۆلیڤیا . لە هەمان کات بەلێنیاندا بە بنبرکردنی باری هەژاری لە وولاتەکانیان و چارەسەری کێشەکان .

جێگەی باسکردنە کە پۆلیڤیا وولاتێکی دەوولەمەندە لە بواری نەوت و سووتەمەنی ، بە تایبەتی یۆرانیۆم ، کە ئەویش لە پێناو بەکاهێنانی لە بواری ئەتۆمی ئاشتی و خزمەتگوزاری لە وولاتەکەیدا . بەلاّم ئەم وولاتە لە ڕووی دارایی و داهات کەم دەرامەتە و ، ئێران بەلێنی دا بە یارمەتی دانی دارایی لە پێناو کەمکردنەوەی باری دام و دەزگا و پرۆژەو کارگە هەمە لایەنەکانی لە وولاتەکەدا .

ئەم سەردانەی سەرۆکی ئێران بۆ پۆلیڤیا بووە جێگەی ڕەخنەو نارەزایی ئیدارەی ئەمەریکا و وولاتانی دیکەی هاوپەیمانی لە جیهاندا ... لە بەر ئەوەی پۆلیڤیا ڕووەو چەپ هەنگاو دەنێ شان بە شانی وولاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتینی ، کە ئەمەریکا بە باخچەی دواوەی داهاتووی وولاتەکەی ناوزەند کردبوو لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢٧ بەرز بوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە جیهان و بە زۆری ئەو بێکاریەش وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتۆتەوە ، ئەم ڕێژەیەش لە راپۆرتی سالانەی ڕێکخراوی کاری نێوودەوولەتیدا هاتیە

. کـه ژمـارەی بێکـاری لـه جیهـان کـەم نەبۆتـەوه سـەرەرای بـەرەو پێـشەوه چـوونی بـاری ئابووری لـه جیهاندا بـه شـێوەیەکی گشتی بـه بەرزبوونـەوەی دەر ئـەنجامی نـاوخۆیی و مـاوه دان بـه دۆزینـەوەی کـار بـۆ بێکـاران و کەمکردنەوەی باری هەژاری له جیهاندا .

ئەوانەی که بێکار بوون له ساڵی ۲۰۰٦ گەیشتۆته ۱۹٥,۲۰۰ ملیۆن کـەس ، که دەکاتـه ٦,۳٪ . لـه کۆی هێـزی کرێکار لـه سـەر ئاسـتی جیهـان بـه پێـی راپۆرتەکه ، که له مانگی ۲۰۰۷/۱/ بلاو کراوەتەوه ... هـەروا بەرز بوونـەوەی ژمارەی بێکاران له کارکردن به رێژەی ۳٤,٤٪ . ملیۆن کەس له ساڵی ۲۰۰٦ بەرامبەر به ساڵی ۱۹۹٥ . که گەیشته ۱۹٥,۲۰۰ ملیۆن که له ساڵی ۲۰۰٥ . ۱۹۱,۸۰۰ ملیۆن بێکار بووه ، به زیاد بوونی رێژەی ۲,۲٪. ملیۆن لـه سـاڵی ۲۰۰٤ دا .

ئەوانەی بێکارن له جیهان تەمەنیان له نێوان ۱٥ــــ۲٤ سـاڵ دەبـێ ... هـەروا له رۆژهـەلاتی ناوەراسـت و باکووری ئەفـەریکیا ، کـه وولاتـانی عـەرەبیش لـه خۆ دەگرێ ، رێژەی بیکاری زیاتره له سەر ئاسـتی جیهـان ، کـه دەگاتـه ۱۲٪ . لـه کۆی گـشتی هێـزی کرێکـار ... گـەر چـی لـه رۆژهـەلاتی ئاسـیا دەگاتـه ۳,٦٪. کـه زۆر کـەمتره ... هـەروا رێـژەی بێکـاری لـه لایـەن ئافرەتـان دەگاتـه ٤۰٪. له قەبارەی هێزی کرێکار له جیهاندا .

۲۰۰۷/۹/۲۷ دوای سەردانەکەی وەزیری نـاوخۆی ئێـراق – جـەواد پـۆلانی – بـۆ تورکیـا ، ئـەمرۆ هـەردوو وولاتـی تورکیـا و ئێـراق لـه شـاری ئەنکـــەرەی پایتـــەختی تورکیـا رێکـەوتن لـه سـەر

بەرەنگار بوونـەوەی تیرۆرو رێگـه گرتن و چاره سـەری کێشەی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکه – له باکووری کوردستان ، مۆرکرا ، که سووپای تورکیا چەندین جار به بیانووی هەبوونی چەکدارانی پەکەکه خاکی هەرێمی باشووری کوردستانی بۆردمان کردووەو خاکی هەرێمەکەی بەزاندووه .

ئەم رێکەوتنەش لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئێراق و بەر پرسانی تورکیا مۆرکرا ، هەروا تورکیا چاوەروانی رەزامەندی لایەنی ئێراقی دەکات بۆ راوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق .

جێگەی روونکردنەوەیە کە رژێمی تورکیا نەك هەر مەبەستی هێزی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستانە لە باکووری کوردستان ، بەڵکو مەبەستی لە ناوبردن و لە بار بردنی ئەو بارو دۆخەو پرۆسە ئازادیەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستان هەیە ، بە بوونی پەرلەمان و حکوومەت و سەرکردایەتی هەرێم و پەیوەندیەکانی لە گەڵ جیهانی دەرەوەو رۆڵی کاریگەری لە سەر بەرەو باشبردنی باری ئێراقی داهاتوو لە ناوچەکەدا . و بە تایبەتی چاو برینی تورکیا لە پارێزگای کەرکوك و خەونە کۆنەکانی بەرامبەر بە ویلایەتی مووسڵ .

کە ئەم خەونەش خەونی حووشترەو تا ئەوان ماون نایەتەدی و کوردیش ئەمرۆنا بەیانی دەبێ ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ، نەك لە باشووری کوردستان ، بەڵکو لە سەر خاکی کوردستان بە پشتیووانی رۆڵە بە وەفاکانی گەلی کوردستان .



٢٠٠٧/٩/٢٨ بەردەوام بوونی کێشە لە نێوان دەسەڵاتدارانی سەریلانکا و چەکدارانی — نموری تامیل — لە باکووری رۆژهەلاتی دوورگەکە ، لە پێناو بە دەست هێنانی دەوڵەتێکی سەر بەخۆ لە هەرێمی تامیلیەکان ، کە ماوەی ٢٠ ساڵ زیاترە ئەم کێشەیە لە نێوان هەردوو لایەن بەردەوامە و لە ئاکامی شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوو لایەن زیاتر لە ٧٠,٠٠٠ حەفتا هەزار هاووڵاتی لەو وڵاتەکە و لەو هەرێمەدا گیانیان لە دەست داوە .

لەوانەش ٥٠٠٠٠ پێنج هەزار هاو وڵاتی گیانی لە دەست داوە لە ماوەی

دوو ساڵی رابردوو . لەم رۆژەشدا شەڕێکی دژواری کەشتیە جەنگیەکانی هــەردوو لایــەن هەڵگیرســا لــە هــەرێمی نمــوور لــە بــاکووری ســەریلانکا . سەرەرای ئەوەش حکوومەتی سەریلانکا دان بە مافی نموورەکان نانێ ، کە زۆربــەی دانیــشتووانی لــە ســەنهالیەکانە و هــەوڵی یــەکگرتوویی وولاتــی سەریلانکا دەدەن.

٢٠٠٧/٩/٢٩ بۆ یەکەم جار لە تورکیا مــاوە بــە گرێــدانی کۆنفرانــسێك بــە نــاوی کوردســـتان بـدرێت لــە شـــاری دیاربـــەکر لـــە باکووری کوردستان ، بە ســـــەر پەرشـــــتی ئەنجوومـەنی شـارەوانی

دیاربەکر کـە – هانـدریك بـۆك – بـە وتارێـك کۆنفرانـسەکەی کـردەوە ... کـە ٥٠٠ کـەس لـە کەسـایەتی کـوردو تـورك و بیانی بەشـداریان تێـدا کـرد لـەم وولاتـەدا .

خاڵـەکانی کۆنفرانسگێران لـە سـەر چارەسـەری کێشەی چەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان – پەکەکـە – و دانـانی چـەك و کەوتنـەناو گۆرەپـانی رامیـاری و رۆشـنبیری ، هـەروا خـاڵێکی دیکـەی کۆنفرانـسوانان لـە بـارەی حکوومـەتی تورکیـا بـوو ، لـە دەسـت تێـوەرانی لـە کاروبـاری حکوومـەتی هەرێمی باشووری کوردستان .

هـەروا لـە گـەڵ چـەندین تـەوەری دیکـە لـە لایـەن کۆنفرانسوانان لـە پێنـاو چارسـەر کردنـی کێـشەی کـورد لـە تورکیـا و وولاتـانی دیکـەی کوردسـنان پێووە لکێندراو لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/٩/٢٩ سـەرۆکی ئەفگانـستان – حامـد کـارازای – لـە لێدوانێکیدا هەوڵـەکانی خـۆی ئاشـکرا کـرد ، بـە ئامـادە بـوونی لـە پێنـاو گرێدانی کۆبوونـەوە لـە گـەڵ -- تاڵیبان ، مەلا عومەر ، و ، قەلبەدین حکمەتیار – سـەرکردەی ئیسلامی ، کـە یەکێکە لە کۆمەڵی دیکەی چەکدار دژی حکوومەتی ئەفگانستان بە هاوکاری

سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفگانستان .
ئەویش لە پێناو گفتووگۆی ئاشتیانە بە بێ ئەوەی هیچ مەرجێك لە نێوانیاندا هەبێت ، بە کشانەوەی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆ لە وولاتەکەدا ، ئەم لێدوانەی حامد کارازای لە دوای گەرانەوەی لە ئەمەریکا بە گفتووگۆ کردنی لە گەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش هات ، هەروا گفتووگۆی لە گەڵ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – بان کی مۆن – لە شاری نیورۆکی ئەمەریکا .

هەروا لە دوای ئەو لێدوانە رۆژنامەوانیەدا هەردوو سەرکردەی بەرهەڵستکار رەزامەندیان لە سەر بیروو بۆ چوونەکەی سەرۆکی ئەفگانستان دەربڕی . سەرەرای ئەوەی کە هەردوو سەرکردەی ئیسلامی مەلا عومەرو حکمەتیار لە لیستی داواکراون لە لایەن ئیدارەی ئەمەریکا . هەروا کارازای لە لێدوانەکەیدا بەڵێنیدا کە چەندین پلەو پایەی باڵا تەرخان دەکرێ بۆ لایەنگرانی ئەو دوو سەرکردیە لە پۆستەکانی حکوومەتی ئەفگانستان لە دوای ڕێکەوتنیان بە کۆتایی هاتنی کێشەکانی نێوان حکوومەت لە گەڵ مەلا عومەرو حکمەتیار ، و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ دەتوانن خۆیان بپاڵێورن لە هەڵبژاردنەکەدا . لە لایەکی دیکە سەرۆکی ئەفگانستان گووتی :– بەردەوام دبین تا بارو دۆخەکە بە تەواوی ئارام دەبێتەوە و وولاتەکە دەکەوێتە قۆناخی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوە لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

٢٠٠٧/٩/٢٩ لــه دوای تەقاندنــەوەی هــەردوو مەزارگـــەی – عـــەلی هـــادی و ئیمـــام حەسەن عەسكەری – لـه شـــاری ســـامەرا لـــە باكووری ئێراقی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین – تكریـت – لـه سـاڵی ٢٠٠٦ لـه لایـەن ئیـسلامه توونـدڕەوەكانی ئێـراق ، ڕێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان بـۆ پـەروەردەو زانـستی و ڕۆشـنبیری – یۆنسكۆ – بڕیاری چاكردنەوەی هەدوو مەزارگەكەیدا .

كە مەزارگەیـەكی گرنگـی مەزهـەب شیعەكانە ، نـەك هـەر لـە ئێـراق بـەلكوو مەزارگەیەكی گرنگ و پیرۆزە لە لایەن هەموو ئیسلام لە جیهاندا .

جێگـەی ئامـاژە پێكردنـە كـە ئیمـام عـەلی هـادی لـە ٨٦٨/١/١ كۆچی دوایـی كردووە و كورەكەی ئیمام حەسەن عەسكەری لە ٨٧٤/١٠/١٦ كۆچی دوایـی كردووە و تەرمی هەردوو ئیمام لەو مزگەوتە نێژراون لە شارەكەدا .

٢٠٠٧/٩/٣٠ كۆنگرەكـــــانی ١ــــ كـــۆنگرەی نەتـــەوەی عـەرەب . ٢ــــكۆنگرەی نەتــەوەیی ئیــسلامی . ٣ــــكــۆنگرەی گــشتی پارتە عەرەبیكان ... ئەم سێ كۆنگریە لە كات و ساتێكدا بڕیـاری كۆنگرێـسی ئەمـەریكایان بـە دابەشـكردنی ئێراق بـۆ سـێ هەرێمی – كوردی ، عەرەبی سوونەی ئیسلام ، عـەرەبی شیعەی ئیسلام – ڕەتكردەوەو بە پیلانێكی سەهیۆنیزمیان دانا .

كە كۆنگرەی نەتەوەیی عەرەب كۆمەڵێ كەسایەتی ڕامیاری و بیریە لـە لابـاڵی نەتـەوەی عـەرەبی ، بـەلام نەتـەوەیی ئیسلامی ، ئـەویش كۆمـەڵی هـەمان شێوازە ، كە نەتەوەی عەرەب و ئیسلام بە یەك كۆدەكاتەوە .

ئەو کۆنگرانە بریاری کۆنگرێسیان بە کارێکی شەڕ دانا لە سەر ئێراق و زامدار کردنی وولاّتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیو بە برگەیەك لە برگەکانی رۆژهەلاّتی ناوەراستی گەوورەو ئەفەریکیایان داناو ، ئەم پیلانەش لە یەکەم کۆنگرەی سەهیۆنیزم لە ساڵی ١٨١٧ وە بەردەوامە تاکوو ئێستا بە لێك ترازاندنی هاوخەباتی یەکگرتوویی عەرەب و ئیسلام ، سەرەرای ئەوەی کە کورد و عەرەبی مەزهەب شیعەی عەرەب لە گەڵ بوونی هەرێمی فیدراڵێن لە ئێراقێکی فیدراڵی یەکگۆتوو ، تەنیا عەرەبی مەزهەب سوونە نەبێت ... کە کورد بە پێی دەستووری ئێراق هەرێمێکی دانپێنراوەی فیدراڵیە لە هەرێمی باشووری کوردستانی بە زۆر لکێندراو بە ئێراق ، بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن بەریتانیاو ، فەرەنساو ، ڕووسیاو ، ئەمەریکا ، لە هەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/١ لە بریارێکی رژێمی بەعسی لە سووریا ، ئەویش بە جێ بە جێکردنی مافی مۆڵەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئێراق بەرەو سووریا هەڵدێن بە هۆی باری

ناڵەباری ئاسایشی ئێراق جێگەی باسکردنە کە دەسەلاّتدارانی سووریا لە ٢٠٠٧/٩/١ ماوەی بە ئێراقیە هەلاّتووەکاندا لە رێگەی مۆڵەت وەرگرتن لە سەر پاسە پۆرتەکان بۆ چوونە ناو خاکی سووریا ، لە بەر ئەوەی پەنابەرانی ئێراقی بە شێوەی لێشاو روو لەو وولاّتە دەکەن . ئەویش لە دوای ئەوە هات ، کە شانشینی ئوردنیش ماوەی بە پەنابەرە ، یاخوود خێزانە هەلاّتووەکانی ئێراق نەدەدا تاکوو ماوەی مۆڵەت لە پاسەپۆرتەکانیان دیاری نەکرێت بە شێوەیەکی فەرمی .

لە بەر ئەوەی زیاتر لە ١,٥٠٠ ملیۆن و نیوو لە ئێراقیەکان روویان لە وولاّتی سووریا کردووە بە هۆی ناڵەباری باری ئێراق ، جگە لە ئوردن ، کە ئەمەش

وایكـرد كـه رۆژانـه زیـاتر لـه ٢٠,٠٠٠ هـەزار هـاو وولاّتـی ئێراقـی روو لـه هەردوو وولاّتی سووریاو ئوردن بكەن .

٢٠٠٧/١٠/١ سەرۆكی ئەركانی جەنگی سووپای توركیا ژەنـەراڵ – یەشار بویوكانیـت – لـه لێدوانێكیـدا گـووتی :– سـووپای توركیـا بـه شـێوەیەكی رێـك و پێـك و ئامادەباشی بەر پەرچی هـەموو هـەوڵێك دەدات دژی دوژمنـانی لـه نـاوەوەی توركیاو دەرەوەی توركیا.

هەروا گـووتی :– سـووپای توركیا دژی دامەزرانـدنی دەووڵـەتی سـەربەخۆی كوردیـه لـه بـاكووری ئێـراق – واتـه هـەرێمی باشـووری كوردسـتان – كـه ئەمەش دەبێتە هۆكارێكی خراپ نەك هەر لـه سـەر ئاسایشی توركیا بەلكوو بۆ ناوچەكەش ... هەروا ئەو ئاماژە پێكردنـەی ژەنـەراڵی توركیاو سەرۆكی ئەركانی سووپای توركیا مەبەستی گەلی كورد و پارتی دادو گەشه پێدانی دەسـەلاّتداره لـه توركیـا بـووه ، ئـەویش بـه هـۆی دژایـەتی كردنـی جیاكردنەوەی دەووڵەت لە ئایینە لە توركیادا .

گەر چی سووپای توركیا زۆر دڵگرانه لە بارو دۆخەكە و هەوڵەكانی له پێناو پاراسـتن و بـه هێزكردنـی دەووڵـەت و دەسـەلاّتی عەلمانیـه لـه توركیـادا ... سـەرەرای ئـەوەش سـەرەك كۆمـاری توركیـا عـەبوڵلاّ گـووڵ دژی ئـەو لێدوانـه بووەو نیـازی پـارتی دادو گەشـه پێدانـه لـه توركیـاو لاوازكردنـی دەسـەلاّتی عەلمانی نیه بۆ بەهێز كردنی دەسەلاّتی ئیسلامی بەلكوو به پێچەوانەوه .

جێگـەی روونكردنەوەیـه كـه هێزەكانی سـووپای توركیـا لـه دوای سـاڵەكانی هەشـتا چـەندین جـار كودەتـای سـەربازیان ئەنجامـداوه دژی دەسـەلاّتی مەدەنی ئیسلامی له توركیادا .

٢٠٠٧/١٠/١ كۆچـی دوایـی سـەرەك كۆمـاری سـرب بۆسـنه – كۆمـاری سربریسكا ، میلان یلیتش – به هـۆی نەخۆشـی دڵ ... جێگـەی باسـكردنه كـه سـەرۆك كۆمـاری بۆسـنه سرب سـەرەك كۆمارێكی شـەرەفی بـوو ، كـه لـه

مانگی/١٠/٢٠٠٦ ئەم پۆستەی گرتبووه دەست ، لـه گـەڵ ئەوەشدا ئەنـدامی پـارتی سوشیالیسـتی دیمـوكراتی بـوو ، كـه پـارتی كۆمۆنیسـت بـوو لـه

پێشوودا .
هەروا بۆسنە پێك هاتیە لە دوو كۆماری سربریسكا لە تەك یەكیەتی ئیسلامەكانی كۆماری كروات . هەروا كەسایەتیەكی كاری ئابووری بووە ، واتە بازرگانێكی بە توانا بووە لە وولآتەكەدا .



٢٠٠٧/١٠/١ دەقی نامەیەكی سیناتۆر – جۆزێف بایدەن – كە ئاراستەی سەرۆكی ئەمەریكا جۆرج بۆشی كردووەو تێیدا هاتووە كە دەڵێ :-
بەرێز جەنابی سەرۆك :-
چەند مانگێك بەر لە ئێستا پرۆژەی بریارێكمان پێشكەش كرد ، كە بانگەشە بۆ سەقامگیری باری رامیاری ئێراق لە سەر بنەمای فیدرالیزم دەكات . وەك دەزانن لە كاتی گفتووگۆ كردنی بریاردانی لیستی فیسكاڵی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەرگری لە ٢٠٠٧/٩/٢٦دا . ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریكا بە ٧٥ دەنگ بەرامبەر ٢٣ دەنگ پشتیووانی لە پێشنیارەكەمان كرد ... ئەم دەنگدانە یەكەم ئاماژەدانی دوای ئەم چەند مانگەیە .
هەروا سەرجەم لایەنەكانی ئەم مشتوومرە كۆك وتەبابوون ، كە كلیلی سەرەكی سەقامگیری لە ئێراق پێشڤەچوونی رامیاریە ، لە دوای دەنگدانی پێشنیارەكەم ، وەك رێگەی ئەو بەرەو پێشچوونە لە لایەن هەردوو پارتەكە و پابەند بوونێكی بە هێزی بە خۆیەوە بینی و بەشی هەرە زۆری هەڤاڵەكانمان پشتیووانیان لەو بیرۆكە كرد لە ئەنجوومەنەكەدا .
لە بەر ئەوەی باشترین دەرفەتە بۆ ئێراق دێنێتە ئاراوە ، بۆ ئەوەی سەقامگیر بێت و بە پێكەوەیی بمێنێتەوە و نەبێتە پەناگەیەك بۆ تیرۆرستان و هەرەشەش لە دراوسێكانی نەكات ... روخساری پێشنیارەكەمان دیارو روونە . بانگەشە بۆ سەقامگیری رامیاری لە سەر بنەمای پرەنسیپەكانی فیدرالیزم دەكات ... كە لە دەستووری ئێراقدا دەنگی داوەتەوەو پەرلەمانی

ئێراقیش پەسندی کردووە لە وولاّتەکەدا .

هەروا تیشك دەخاتە سەر گرنگی پشتیووانی نێوو دەووڵەتی لە ئێراقێکی فیدرالّ و یەکسانی دابەشکردنی داهاتی نەوت ، لە هەمووان گرنگتر داوا لە حکوومەت دەکات ، کۆنفرانسێك بۆ ئێراقیەکان ساز بکات بۆ ئەوەی بە سەقامگیریەکی گشتی رامیاریەوە بگەن لە بارەی فیدرالیزم و دوور لە بانگەشە کردن بۆ پارچەکردنی ئێراق ... وەك ئەوەی لە رۆژی ٩/٣٠ لە لێدوانی بالوێزی ئەمەریکا لە بەغدا خراوەتە روو . پێشنیارەکەمان بۆ رێگە گرتن لە پارچە بوونەو هەڵوەشاندنەوەی ئێراق باشترین دوا چانسە .. ئێمە دەمانەوێ دەربارەی پرۆژە بریاەکەمانەوە لە گەڵ کەسایەتی تۆ گفتووگۆ بکەین . ئەگەر هەر خراپ تێگەیشتنێك هەیە روونی بکەینەوەو گفتووگۆش لە بارەی ئەوەوە بکەین . کە چۆن دەتوانین سوود لەم دەرفتە بێوێنەیە وەربگرین ، بۆ جێ بە جێکردنی ئەو پلانەی کە لە لایەن زۆرینەی هەردوو پارتەکە رەزامەندی لە سەر کراوە ... ئامادەی دیداری جەنابتانین لە نزیکترین دەرفەتدا .

٢٠٠٧/١٠/٣ تیپی مۆزیکی منداڵانی کورد لە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان ، دوای بەشدار بوونیان لە ڤیسڤاڵی مۆزیکی جیهانی لە ئەمەریکا ، بە ئاڵای کوردستان و

مارشی ئەی رەقیبان چری ... دوای ئەوەی تیپی مۆزیکی منداڵانی کوردی دیاربەکر بە فەرمی لە لایەن بالوێزخانەی ئەمەریکا لە شاری ئەنکەرە بۆ ڤیستڤاڵی مۆزیکی جیهانی بانگهێشت کران . کە ئەم هەوڵەش لە ماڵپەری کورد نێت و ئاژانسە تورکیەکان بلاّو کرایەوە.

جێگەی باسکردنە کە ئەم ڤیستڤاڵە لە ١٠/٣ تا ١٠/٧ بەردەوام بوو ، ئەم تیپە کە لە سەر تەختەی شانۆ لە ئەمەریکا ناسێندران بە ناوی منداڵانی

کورد لە دیاربەکر ناسێندران بە – ئەی رەقیب – و بە چەندین گۆرانی دیکە لەم ڤیستڤاڵە بەشداربوون .
تیپی مۆزیکی منداڵانی کورد لە پارێزگای دیاربەکری سەر بە شارەوانی شاری ئامەدەو لە ١٥ ئەندام پێك هاتووەو بە ٨ هەشت زمان گۆرانی دەڵێن لەوانەش – کوردی ، تورکی ، ئینگلیزی ، ئەڵمانی ، رووسی ، و هەروا .

٢٠٠٧/١٠/٤ لە دوای ٥٠ پەنجا ساڵ لە پچرانی پەیوەندی لە نێوان هەردوو کۆریای باکوور و باشوور ، بە هۆی جەنگی نیمچە دوورگەی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٣ دا ... هەردوو سەرەك کۆماری کۆریای باشوور و کۆریای باکوور رێکەوتن لە سەر راگەیاندنی بەیاننامەی هاوبەش بە دروستکردنی باری ئاشتی بەردەوام لە نیمچە دوورگەی کۆریا . لە دوای کۆتایی گفتووگۆی نێوانیان لە ماوەی ٣ سێ رۆژدا .
هەروا رێکوتنی هاوکای ئابووریان لە نێوانیان مۆرکرد بە گۆرینەوەی پێداویستیەکان لە رێگەی دەشتایی لە نێوانیاندا ، هەروا رێکەوتن کە بەردەوام بن لە گفتووگۆ کردن بە هاوکاری کۆماری چینی مللی و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، بە مۆرکردنی رێکەوتنی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە کاری جەنگ و ناکاوی لە نیمچە دوورگەی کۆریا . کە بەردەوام بووە لە ساڵی ١٩٥٣ تاکو ئێستاکە .
هەروا رێکەوتن لە سەر دیاریکردنی جێگەی دەریایی بۆ راوکردنی هاوبەش لە سنووری دەریای نێوانیاندا ، کە ئەویش کێشەی لە سەرە . ئەم رێکەوتنەش لەوکاتەدا هات ، کە کۆریای باکوور دەستگیری خۆی دووپاتکردەوە بە هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگاو بنکە ئەتۆمیەکان لە ماوەی ساڵێکدا ، ئەمەش بە پێی دیاریکردنی رێکەوتنەکە ، بە جێ بە جیکردنی لە لایەن شارەزایان لەم بوارەدا .

٢٠٠٧/١٠/٤ ئەمرۆ ٥٠ پەنجا ساڵ بە سەر تەمەنی یەکەم مانگی دەستکرد تێدەپەرێ ،

كـــه لـــه لایـــەن مـــرۆڤ دروســـــتكرا و بـــەرەو بۆشـایی دەرەوە هەڵـدرا لـــه لایـــەن شـــارەزاو پـــسپۆرانی یەكیـــەتی ســـۆڤیەتی جـــاران لـــه ١٩٥٧/١٠/٤ دا .

جێگـەی باسـكردنه كـه مـــانگی دەســـتكرد بـــه نـــاوی – ســـپۆتنیك – دەستكەوت و بەرهەمێكی زانستی و تەكنەلۆژیای مەزن بوو ، له هـەمان كـات سـەركەوتنێكی گـەوورە بـوو بـۆ یەكیـەتی سـۆڤیەت بـه جمووجۆڵیـەكانی راگەیانـدن لـــه مـــاوەی شـەڕی ســارد ، لــه نێــوان هــەردوو جەمـــسەری سوشیالیستی و سەرمایەداری له هەردوو كێشوەری ئەوروپای رۆژهـەڵات و رۆژئاواو له جیهاندا .

هەروا هەڵدانی مانگی دەستكردی سپۆتنیك هۆشداریەك بوو له پێناو كێ بڕ كێـی داگیركردنـی گـەردوون ، لـه نێـوان سۆڤیەت و ئەمـەریكا و بـووە هـۆی ناوزەنـد كردنـی سـەردەمی گـەردوون ، یـاخوود بۆشـایی ئاسمـان ، هـەروا سەفەرەكەی سپۆتنیك بۆ گەیشتن به چوار دەووری گۆی زەوی ماوەی ٩٨ چركەی خایاند ، به هـەڵگرتنی لـه سەر پشتی مووشـەكی نـوێ لـه جـۆری – ئار/٧ له بنكەی مووشەكی له – تیوارتم – له كۆماری كازاخستان .

ئـەم پێشنیارەش لـه لایـەن ئەنـدازیار – كۆرولـف عـەلی مـوراده – لـه مـانگی ١٩٥٦/١/ پێشكەش به سەركردایەتی سۆڤیەت كراو رەزامەندی پێوەرگیرا لـه پێناو تەواو كردنی ئـەم كارەو پێشكەوتنی پێش ئەمـەریكا ، لـه بـەر ئـەوەی ئەمەریكاش لەو هەوڵە بەردەوام بوو ، بەڵام شارەزایان و پسپۆرانی سۆڤیەت تواناداتر بوون و دەستی خۆیان پێش ئەمـەریكا خست ، به هەڵدانی ئـەم مانگه دەستكردە بۆ سوورانەوەی به بازنەی گۆی زەویدا .

٢٠٠٧/١٠/٥ لە هەوڵە بەردەوامەکانی پۆلیسی ئەسکلەندی نێوانیان تابلۆی – ئەلعەزراء وەلمەعزەل –– بدۆزنەوە ، کە بەناوبانگترین تابلۆن لە تابلۆکانی هونەرمەندی ئیتاڵی – لیۆناردۆ دافنشی – لە دوای چوار ساڵ بە سەر پێپەر بوونی دزینی ئەم تابلۆیە .

جێگەی باسکردنە کە ئەم تابلۆیە بە ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن ژوونەی ئسترلینی خەملێندراوە ، لە ماوەی گەڕان بە دوای ئەم تابلۆیە لە شاری ژلاسکۆ ، ئەم تابلۆیەش لە لایەن چوار لە گەشتیاران لە مانگی/٢٠٠٣/٨ دزراوە لە کۆشکی دراملانگریك کە خاوەنداریەکەی بۆ بنەماڵەی – رۆق بۆکلۆش – دەگەڕێتەوە کە لە مانگی/٢٠٠٧/٩ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ، هەروا ئەم تابلۆیەش لە سەدەی سانزەهەم لە لایەن دافنشی وێنەی کێشراوە بە ناوی – عزراو مەغزەل – لە سەر ئەرکی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی فەرەنسا – لویسی دوانزەهەم –– . هەروا وێنەی کۆپی کراوی ئەم تابلۆیەش لە مۆزەخانەی ئەمەریکادا هەیە ، ئەم تابلۆیەش بەرامبەر تابلۆی مۆنالیزایە ، کە لە مۆزەخانەی لۆڤەری فەرەنسیە لە شاری پاریس لە فەرەنسا .

٢٠٠٧/١٠/٦ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و هەردوو پەرلەمانی نوێنەران و پیران و پەرلەمانی ویلایەتەکانی پاکستان بە سەرکەوتنی سەرۆکی پاکستان – پەروێز

موشـەرەف – بە ٢٥٢ دەنگ لـە کۆی ٢٥٧ دەنگ لـە هـەردوو ئەنجوومـەنی نوێنـەران و ئەنجوومـەنی پـیران ، هـەروا سـەرکەوتنێکی بـێ وێنـەی لـە پەرلەمانـەکانی هەرێمـەکان بەدەسـت هێنـا ... واش بریـارە کـە لـە ١٠/١ ئەنجامی هەڵبژاردنە لەلایەن دادگای باڵای پاکستان بە شێوەیەکی فەرمی رایگەیاندرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لـە کۆبوونـەوەی دەنگدان لـە پەرلـەمانی پاکستان ئەندامانی پـارتی گـەلی پاکستان بەسـەرکردایەتی سـەرەك وەزیرانـی پێشوو خـاتوو – بـەنازیر بۆتـۆ – لـە پەرلـەمان کـشانەوە ، بـەهۆی بـوونی کێـشە لـە نێـوان پۆستەکانی سـەرۆکایەتی و ئەنجوومـەنی سـەربازی ، کە پـەروێز موشـەرەف سەرۆکی پاکستان و سەرکردەی گشتی هێزەکانی سووپای پاکستانە ، کە ئەمەش لەگەڵ دەستووری ئەم وولاتەدا ناگونجێت

هەروا سەرکەوتنی پەروێز موشەرەف بۆ خوولی دووەمی وەرگرتنی پۆسـتی سـەرۆکایەتی پاکـستان ، بـووە هـۆی زیـاتر قووڵبوونـەوەی کێشە لـە گـەڵ پارتی گەلی پاکستان و لایەنە رامیاری و ئایینی دیکە لە وولاتەکەدا ، کە بە بارو دۆخێکی نالەبارو تەنگەژەدا تێدەپەرێت لە کێشووەرەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٧ سـەرۆکی دەسـتەی زانایـانی ئیـسلامی مەزهـەبی سـوننە لـە ئێـراق – حـارس ئـەلزاری – لـە چـاوپێکەوتنەکەیدا لەگـەڵ کـەناڵی ئاسمـانی ئەلجـەزیرە روونیکـردەوە ، کـە نزیکـەی ٩٠٪ی ئەنـدامانی رێکخـراوی قاعیـدەی تیرۆرسـتی

ئیسلامی توونـدرەو ئێـراقین ، بۆیە رێکخـراوی قاعیـدە بەشـێکە لە ئێمـە و ئێمەش بەشێکین لە رێکخراوی قاعیدە .

هەروا ناوبراو لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەدا گووتی :-

سـەرەرای ئـەوەی ئەنـدامانی رێکخـراوی قاعیـدە چـەندین جـار هێرشـیان کردۆتە سەر هاووڵاتیانی مەدەنی و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی شەڕ لە نێوان قاعیدەو گرووپە بەرهەڵستکارەکانی دیکە دروست بێت ، بەڵام پێویستە ئەو

گروپانە بەرەنگاری ڕێکخراوی قاعیدە نەبنەوە ، لە بەر ئەوەی شەڕ کردن لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە لەلایەن ئێراقیەکانەوە ، تەنها خزمەت بە داگیرکەر دەکات لە ئێراقدا .

٢٠٠٧/١٠/٧ بە هۆی کوژرانی ١٣ سەربازی تورکیا لە ١٠/٦ لەلایەن چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk لە ناوچەی سیرناك لە باکووری کوردستان ، کۆبوونەوەی حکوومەتی تورکیا بەسەرکردایەتی

سەرەك وەزیران – ڕەجەب تەیب ئۆردوگان – ئەویش لە پێناوی تێکۆشان دژی چەکدارانی پەکەکە ، بە ناوی ئەوەی کە تیرۆرستن لە ڕۆژهەڵاتی باشووری تورکیا .

جێگەی باسکردنە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە سەر ڕامیاریەتی داپلۆسین و گرتن و کوشتن و دەربەدەرکردنی گەلی کورد بەردەوامن لە باکووری کوردستان بەهێزی سەربازی و شێواندن و ئاڵۆزکردنی بارو دۆخەکەو دەست تێوەردانیان لەکارو باری ناوخۆی هەرێمی باشووری کوردستان .

لە پێناو لە ناوبردنی ئەو پرۆسە ئازادیەی کە لەم هەرێمەدا بەرقەرار بووە ، لە دوای ڕاپەرینەکەی بەهاری / ١٩٩١ . چ لە ڕێگەی پیاوەکانیان لە بەرەی تورکمان و چ لە ڕێگەی سەربازی بە هاتنە ناو خاکی هەرێمی باشووری کوردستان بە ناوی ئەوەی کە لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن .

ئەمەش لە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی ئەمنی دێت ، لە نێوان هەردوو وەزیری ناوخۆی ئێراق و تورکیا لە مانگی /٢٠٠٧/٩ . بە هاوکاری و هاوبەشی لە لایەنی بەربەرەکانی کردنی تیرۆر ، بەڵام لایەنی ئێراق ئەوەی ڕەتکردەوە کە هێزەکانی تورکیا ماوەیان پێ بدرێت بێنە ناو خاکی ئێراق و لە هەرێمی کوردستان جموجۆڵیە سەربازیەکان دژی چەکدارانی پەکەکە ئەنجامبدات لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٧ توركیا دووپاتی ئەوەی كردەوە بۆ سووریا كە پەیوەندی سووریاو توركیا زۆر لەوە بەهێزترە ، كە توركیا ماوە بە ئاسمانی خۆی بدات بۆ لێدانی سووریا لەلایەن فرۆكە جەنگیەكانی ئیسرائیل .

جێگەی باسكردن كە فرۆكە جەنگیەكانی ئیسرائیل لە رۆژی ١٠/٦ هێرشیان كردە سەر سەربازیەكی سووریا لە قووڵایی خاكی سووریا ، لەوكاتشدا وەزیری دەرەوەی توركیا – عەلی باباجان – سەردانی سووریای كردوو لە گەڵ سەرەك كۆماری سووریا – بەشار ئەسەد – كۆبووەو لەو كۆبوونەوەیەدا بۆ بەشار ئەسەدو حكوومەتی سووریای دووپاتكردەوە . كە توركیا ماوە نادات بە فرۆكە جەنگیەكانی ئیسرائیل لە ناو ئاسمانی و خاكی توركیا پەلاماری سووریا بدات ، هەروا سەردانی وەزیری دەرەوەی سووریا بۆ ئەم مەبەستە بووە كە باری ناوچەكە ئاڵۆز نەبێت و دوای سەردانەكەی بۆ سووریا بەرەو ئیسرائیل بەرێكەوت و هەوڵی ئارامكردنەوەی باری ناوچەكە بدات ، لە گەڵ پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان توركیا ، لە گەڵ هەردوو وولاتی دژ بە یەكتری سووریا و ئیسرائیل لەناوچەكەدا .

٢٠٠٧/١٠/٨ كۆمپانیا توركیەكانی كە لە هەرێمی باشووری كوردستان لە بواری وەبەرهێنان كاریان دەكرد ، دەستیان كرد بە كشانەوەیان لە هەرێمەكەدا بە هۆی هێرشە راگەیاندنەكانی رژێمی توركیا بەهاتنە ناو خاكی هەرێمی كوردستان ، لە پێناو پەلاماردانی چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان – پەكەكە – بە هێزی سەربازی و بە یەكلایەنە .

جێگەی باسكردنە كە كۆمپانیا توركیەكان لەدوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان روویان لە هەرێمی باشووری كوردستان كرد ، بە دەستپێكردنی كاری وەبەرهێنان لە هەموو بورەكاندا ، كە ئەم كارە وەبەرهێنانە بە ٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەكرێت .

ئەمەش لە دوای كوژرانی ١٥ سەربازی هێزەكانی سووپای توركیا دێت لە ئەنجامی شەڕی نێوان سووپای توركیا و چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان لە رۆژهەڵاتی باشووری توركیا ، كە باكووری كوردستانە لە سەر سنووری نێوان ئێراق و توركیا لەسەر خاكی كوردستان .

هەروا چەندین كۆمپانیا لە شارەكانی هەولێر - دهۆك - سلێمانی - زاخۆ - و شارۆچكەكانی دیكە كاریان دەكرد ، كە ببوە هۆی كارپێكردنی زیاتر لە ١٠ هەزار كرێكاری كورد لە هەرێمەكەدا .

هەروا بەو هۆكارە وەزیری بەرگری ئەمەریكا - رۆبەرت گێیتس - هۆشداریدا بەحكوومەتی توركیا بە هێرشكردنە یەك لایەنەی بۆسەر هەرێمی باشووری كوردستان ، بە هۆی بۆردومان كردنی هێزەكانی سووپای توركیا لە هەرێمی باشووری كوردستان ، لەگەڵ چەندین كار و هۆكاری دیكە چ لە لایەن توركیا و هەرێمی باشووری كوردستان .

٢٠٠٨/١٠/٨ بە هۆی زریانی بە هێزی باو بارانی - كرۆسا - لە باشووری رۆژهەڵاتی چینی مللی زیاتر لە ٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن كەس دەربەدەربوون ، بەر لەو زریان و باو بارانە بە هێزە ، دەسەڵاتدارانی چینی مللی توانیان زیاتر لە ١٤٠,٠٠٠ هەزار خێزان بگوازنەوە بۆ ناوچە ئارامەكان و زیاتر لە ٢٧٠٠٠ هەزار راو راوچیەكان لە ناوچەكە دووربخەنەوە ، كە خێرایی باو بارانەكە دەگەیشتە ١٨٥ كیلۆمەتر لە كاتژمێرێكدا . هەروا بووە هۆی ئەوەی كە زیاتر لە ٢,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن كەس بێ شوێن و جێگە بمێننەوە لە ناوچەكەو هەموو

پێداویستی ژیانیان لە سەر ببڕێ . هەروا بەر لە چینیش ئەم باو بارانە بەهێزە لە باکووری تایوان و ڤێتنامی دابوو ، کە بە هەمان شێووە زیانێکی زۆری بەدام و دەزگا و کارەبا و کێڵگە کشتووکاڵیەکان و خانوو و زەوی گەیاندبوو ، کە بە ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا .

٢٠٠٧/١٠/٨ لە دوای چەندین جار لە داخستنی دەروازی سنووری نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی چەندین کێشەی

رامیاری و سەربازی ، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان لە باشووری کوردستان ، لێی بەرپرسیارنیە تەنیا دروستکردنی کێشەو گرفت نەبێ ، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران و رەچاوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی دۆستەکانی دژ بە کورد و کوردستان .
جێگەی باسکردنە کە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ، بەر لە دوو هەفتە سنووری حاجی ئۆمەرانی داخست و بووە هۆی کارلێکردن لە بازارەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ، لە دوای هەولێکی زۆر توانرا ئەمرۆ ئەم دەروازە سنوورەی حاجی ئۆمەران بکرێتەوە ، بە رێکەوتن لە نێوان شاندەکانی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

٢٠٠٧/١٠/٩ لە راگەیاندنی دەستەی بەخشینی خەلاتی نۆبڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بریار درا بە پێدانی ئەم خەلاتە بە هەردوو زانای سەرکەوتووی فەرەنسی – ئەلبیرفیرو

، ئـەلمانی – بیتـەر گرونبیرگ – بـە هـۆی دۆزینـەوەی بـەرگری موگناتیسی مـەزن – چـی ئم ئار – بـە خوێندنـەوەی زانیاریـە کۆکراوەکـان لـە کاسێتی بەهێزی ئامێری هەژماردن .

جێگـەی باسکردنە کـە زانـای فەرەنسی بـە ناوبـانگ و تەمـەن ٦٩ سـاڵ و لـە دایك بـووی شـاری کاکاسـۆنە لـە فەرەنسا و بەرێوەبـەری زانستی یەکـەی هاوبەشی فیزیایە لە مەلبەندی نەتەوەیی بۆ توێژینـەوەی زانستی – تـاڵ لـە ئۆرسای لە دوای ساڵی ١٩٩٥ دا لە وولاتەکەدا .

هـەروا زانـای ئـەڵمانی بیتـەر گرونبیرگـی بـەناوبانگ و تەمـەن ٦٨ سـاڵ و مامۆستایە لـە پـەیمانگای فروشونگسنتوم بـولس لـە ئـەڵمانیا ، هـەروا لـە سـاڵی ٢٠٠٦ ئـەم خەلاتـە بەخـشرا بـە دوو زانـای نـاوداری ئەمـەریکا ، ئەوانیش – جۆن فاتر – و – جۆرج سموت – بوون بە پاداشت کردنیـان بـە هۆی هەڵسانیان بە کاری تایبەتی بە بنچەی ئەستێرەکان .

٢٠٠٧/١٠/٩ ووتـە بێـژی فـەرمی بـە نـاوی کۆشـکی سـپی وویلایەتـــــــــــــــە یــــــــەکگرتووەکانی ئەمــــەریکا – گـــۆردن گـــۆنرۆ – رایگەیانـــد و گـــووتی :– ئەمـــەریکا پابەنـدە بـە هاوکـاری و

یارمەتیـدانی تورکیـاو ئێراق لـە مـەر بـەرەنگار بوونـەوەی چەکدارانی پـارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – لە باکووری کوردستان .

هـەروا ووتـە بێژەکـە جەختی لـە سـەر پابەنـد بـوونی ئەمـەریکا کـردەوە بـۆ یارمەتیدان و پشتیووانی لێکردنی لە هەردوو وولاتی تورکیاو ئێراق ، بە بێ ئـەوەی هـیچ روونکردنەوەیـەك لـە مـەر هەڵوێستی کۆشـکی سـپی بـدات لـە بەرامبـەر بریـاری لەشکرکێـشی تورکیـا بـۆ نـاو خـاکی هـەرێمی باشـووری کوردستان ... هەروا گووتی :–

تورکیـاو ئێـراق ئارەزوومەنـدن لـە سـەر ئـەوەی کـە بـۆ چارەسـەر کردنـی کێـشەکان . واشـنتۆن هاوکاریـان بکـات ، کـە زۆرتـرین رێگـەی کاریگـەرو

گونجاویش لە پارێزگاری کردنی گیانی خەڵکی هەردوو وولاتە .

تێبینـــی :– ئەمــەریکا لــە هــەموو کــات و ســاتێك و وەختێكــدا بەرژەوەندیەکانی خۆی بە قوربانی کەس نەکردووە لە هەموو بوارەکاندا ، لە بەر ئەوەی ئەوەندە یارمەتیدەرە تـــا بەرژەوەندی پارێزراو بێت و پێچەوانەش راستە . لە بەر ئەوەی ئەمەرکا و وولاتانی هاوپەیمان لە رژێمی ئیمپریالیەت هـــەموو شتێك لە پێناو پارەو سامانە و گـــەلانی جیهانی ژێر دەستەو هەژار بە تاك و کۆمەڵ دەکاتە ســـووتەمەنی بەرژەوەندیەکانی خۆی ، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و سەربازیدا لە جیهان .

٢٠٠٧/١٠/٩ نووسینگەی سەرەك کۆماری تورکیا لە بەیاننامەیەکیدا رایگەیاند ، کە عەبوڵڵا گووڵ نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش کردووەو لە نامەکەیدا هۆشداری لە بارەی ئەو زیانانەوە ، کە لە ئەنجامی راگەیاندنی یاسای تایبەت بە لە ناوبردنی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥ دروست دەبن .
جێگـەی روونکردنەوەیــە کــە لیژنــەی کاروبــاری دەرەوە لــە ئەنجوومــەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لە رۆژی ١٠/١٠ پرۆژە بریارێکی تایبەت بە پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژی ئەرمەنـەکان لـە ١٩١٥/٤/٢٤ لـە سـەر دەسـتی دەسـەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بخاتە دەستی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا . لە گەڵ ئەوەی ئیدارەی جۆرج بۆش دژی ئەو بریارەیە .
بەڵام پارتی دیموکراتی ئەمەریکا لە ئەنجوومەنی نوێنەران پاڵپشتی لەو بریارە دەکەن و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران – نانسی بیلوسی – پێش ماوەیەك بریاریدا ، کە ئەو پرۆژە یاسایە دەنگی لە سەر بدرێت ، هەر بەم هۆیەوە سەرەك کۆماری تورکیا گووڵ سوپاسی خۆی ئاراستەی جۆرج بۆش بەو هەڵوێستەی کـە هیبـووە دژی بریارەکـە و لـە هـەمان کـات ، سـەرۆکی تورکیا گووتی :– ئەگەر بێتوو ئەو پرۆژە یاسایە سەرکەوتن بە دەست بێنێ لە دەنگدان ، ئەوا تورکیا پاڵپشتیەکانی بۆ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئێراق دەوەستێنێت لە وولاتەکەدا .
لـە بـەر ئـەوەی بەشـی هـەرە زۆری پاڵپشتیەکان بـۆ هێزەکتـانی سـووپای ئەمەریکا لە ئێراق لە رێگەی بنکەی سەربازی ئەنجەرلیکەوە لە باشووری تورکیاوە دێن بۆ ئێراق لە هەموو بوارەکانی سەربازیدا .

٢٠٠٧/١٠/١٠ووتە بێژی فەرمی کۆمیسیۆنی یەکیەتی ئەوروپا – کریستیان ناگی – بۆ

کاروباری فراوانکردنی یەکیەتەکە گووتی :- یەکیەتی ئەوروپاو تورکیا بەردەوام پابەندو پەیوەستن بە سەروەری و یەکیەتی و سەلامەتی خاکی ئێراق . هەروا هیواشی خواست ، کە تورکیا بەردەوام رۆڵی باشی هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و توونند و تۆلکردنی هاوکاری هەرێمی . لە هەمان کات سەرکۆنەی هێرشەکانی ئەم دواییەی چەکدارانی – پەکەکە –ی لە باکووری کوردستان کردو گووتی:-

ئێمە لە نیگرانیەکانی تورکیا دەگەین و پێویستیشە لە سەری رووبەرووی تیرۆر ببینەوەو رێگە لە هێرشی تیرۆرستی بگیرێت ... بەلأم لە هەمان کات کریستیان ناگی گووتی :-

یەکیەتی ئەوروپا پێداگری لە سەر ئەوە دەکات ، کە پێویستە ئەنکەرە بە مەبەستی رووبەروو بوونەوە لە گەڵ ئەو کێشە رێگای هەماهەنگی و هاوکاری لە گەڵ دەسەلأتدارانی تایبەت بەو بارە بدات لە ناوچەکەدا .

جێگەی گووتنە کە هەرچوار وولأتی کوردستانی پێ لکێندراو ، تورکیاو ، ئێران و ، ئێراقی کۆن و نوێ و ، سووریاو وولأتانی دیکەی عەرەبی و ئەوروپای رۆژئاوا ، تا راپەرینەکەی بەهاری/١٩٩١ کوردیان بە تیرۆر و یاخی بوو دادەنا و بە هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنیەك و بە ئاگرو ئاسن لە کوردیان دەدا ، لە رێگەی ئەنفال و کیمیا باران و وێرانکردنی گوندو شارەدێ و شارۆچکەو ، بە عەرەبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردن و هەتا بە مەزهەب کردن بە شیعە لە مەزهەب سووننە بۆ شیعە بەردەوام بوونە لەو کارانە بە هاوکاری و یارمەتی و هەماهەنگی یەکتری دژی کورد و خاکی کوردستان لە ناوچەکەدا .

بەلأم دوای راپەرینی بەهاری /١٩٩١ لە سووریا و ، تورکیا و ، ئێران ، هەتا لە ئێراقی نوێش بە هەمان شێوەو شێواز بەردەوامن لە تواندنەوەو رێگەگرتن لە مافەکانی کورد لە سەر خاکی کوردستان .

ئەمرۆش پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان – پەکەکە – بە پارتێکی تیرۆرست و بەربەرەکانی دەکرێت ، کە لەو کاتەی تاکە پارتە شانی دابێتە بەر چەك و بەرگری لە کوردو کوردستان بکات ، سەرەرای کەموو کوریەکان و چەند هەڵوێستێکی ئاڵۆزی کاریگەر لێکراو لە لایەن رامیاریەتی نێوو دەوولەتی و ناوچەو وولأتانی داگیرکەر و رێگە خۆشکەر بۆ دژایەتی کردنی ئەم پارتە و پارتەکانی دیکەی تورکیا و ، سووریا و . ئێران

بەڵام لە راستیدا خۆیان تیرۆرستن و داگیرکەرن لە هەموو بوارە جیا جیاکان ، بە تایبەتی لە رووی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ویژدان لە هەستی ئەم دەسەلاّتە و پارت و گروپ و رێکخراوە کەسایەتیانە نیە ، کە بە کورد دەگووترێ تیرۆرست . هەتا گەر سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان بێت و پێویستە کورد لەو هەلّ و مەرجەی دوای روخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت و رژێمی بەعس لە ئێراق و هاتنە کایەوەی سەردەمی نوێی مافی مرۆڤ ، خۆی نەداتە بەر لەعنەتەکانی مێژوو ، چ لە رابردوو ، چ لە ئێستاو چ لە داهاتوو ، لە کوردستان . بەڵام کورد ....؟...!.

٢٠٠٧/١٠/١١ ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی مللی رزگاری لە باشووری سوودان – باجان ئاموم – رایگەیاند ، ئەویش بە دەست کێشانەوەی خۆیی و لایەنگرانی لە حکوومەتی نیشتیمانی هاوبەش لە گەلّ حکوومەتی سوودان و پارتی کۆنگرەی نیشتیمانی دەسەلاّتدار لە سوودان .

جێگەی باسکردنە ئەم بزووتنەوەیە بە پارتێکی سەرەکی لە باشووری سوودان دادەنرێت و ماوەی زیاتر لە ٢١ ساڵ بەردەوام بوون لە شەڕو قێکدادان و ململانیّ لە گەلّ حکوومەتی سوودان لە باکووری سوودان ، و دوای رێکەوتنی هەردوو لایان لە ساڵی ٢٠٠٥ بە رێکەوتنی ئاشتەوایی و کۆتایی هێنان بە کێشەی نێوانیان و بەشداریان لە دەسەلاّت بە دابەشکردنی دەسەلاّت لە نێوان باکوورو باشوور لە هەموو بوارەکاندا .

بەڵام بە هۆی جێ بە جێنەکردنی ماددەو خالّ برگەکانی رێکەوتنەکە لە لایەن حکوومەتی ناوەند ، ئەم هۆکارەی لێکەوتەوە لە گەلّ چەندین هۆکاری دیکە لە وولاّتەکەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی ناوەرۆکی بەرگی سێیەم بخوێنیتەوە دەربارەی رووداوەکان لە سوودان .

٢٠٠٧/١٠/١١ لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەكی زانستیانەی ڕێكخراوە نا حكوومیەكان ، لە وانەش ڕێكخراوی – ئۆكسفام – ئەویش بە خەرجیەكانی كێشەی چەكداران لە كێشووەری ئەفەریكیا لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو ، بە ٣٠٠ ملیار دۆلار خەملێندرا ، كە خەرج كراوە بۆ بنبركردنی ئەم كێشانە ، ئەمەش یەكەمجارە ئەم لێكۆلینەوەیە ئەنجام بدرێت لە سەر كێشەی ململانێی چەكداری و شەڕو پێكدادان ، كە ٢٣ وولاتی ئەفەریكی لە ناو ئەو گیژاوەن لە نێوان ساڵەكانی ١٩٩٠ –٢٠٠٥ كە بۆ هەر ساڵێك زیاتر لە ١٨ ملیار دۆلار خەرج كراوە لەو پێناوەدا .

ئەمەش بە زیاد كردنی خەرجیەكانی سەربازی و ماندووبوونی باری ئابووری و بەردەوام بوونی تاكو چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە . سەرەرای ئەوەش حكوومەتە جیا جیاكانی ئەم كێشووەرە هەنگاوی باشیان هاوێشتووە بۆ چارەسەر كردنی كێشە هەمە لایەنەكانی باری چەكداری و كۆتایی هێنان بە شەڕو ململانێ لە سەر هەموو بوارە جیا جیاكان .

هەروا راپۆرتەكە ئاماژە بەوەش دەكات ، گەر هاتوو ئەو برە پارەیەی سەرەوە لە بنیاتنانەوەی ئەو وولاتانە خەرج بكرێت ، بە دروستكردنی خان و باڵەخانە وقوتابخانەو نەخۆشخانەو بوارەكانی ئاو و كارەبا ، ئێستا باری ئابووری و بازرگانی و كۆمەڵایەتی گەلانی وولاتانی ئەفەریكیا لە بارێكیدا خۆی دەدۆزیەوە ، نەك لە باری هەژاریدا بەردەوام بێت لە كێشووەرەكەدا سەرەرای یارمەتی دانیان لە بواری مرۆییدا لە لایەن وولاتانی تواناداری ئابووری لە ئەورووپا دا .

٢٠٠٧/١٠/١١ سەركەوتنی نووسەری بەریتانی خاتوو – دوریس لیسینگ – بە پاداشتی خەڵاتی نۆبلْ لە ئاداب بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بە هۆی كۆمەڵە كارەكانی لە ماوەی ٥٧ ساڵی رابردوودا .

جێگـەی باسکردنه کـه خـاتوو – دوریـس – لـه مـاوەی ژیـانی لـه نووســـینەکانی توانیویـــەتی چـــەندین بەرهـــەمی بـــه پێـــز بکەیەنێتـه ئـەنجام لەوانـەش :- نامیلکەی زێرینـی ، یاداشتەکان ، ئـەو هاوینـەی کـه هـاوینێکی تاریك بوو – هەروا خاتوو دوریس یانزەمین ئافرەته ، کـه خـەلاتی نۆبلی پـێ ببەخشرێت لـه سالی ۱۹۰۱ تـاکو ئێستا و دووەم نووسـەری بەریتانیـه بـه سـەرکەوتنی لـه وەرگرتنـی خـەلاتی نۆبـل . کـه لـه سـالی ۲۰۰۵ نووسـەری بەریتانی – هارۆلد بیتەر – ئەم خەلاتەی به دەست هێناو ، لـه سالی ۲۰۰٦ یش نووسـەری تـورکی – ئۆرهـان یـاموك – ئـەم خەلاتـەی بـه دەسـت هێنـا لـه جیهاندا .

۲۰۰۷/۱۰/۱۱ کۆچـــی دوایـــی نووســـەرو روونـاکبیری نـاوداری کـورد – محەمـــەد ئـــۆزۆن – لـــه نەخۆشـخانەی – دیجلـه – لـه شـاری دیاربـەکر لـه بـاکووری کوردستان ، بـه هـۆی نەخۆشی شـــێرپەنجه ... جێگـــەی روونکردنەوەیـه کـه نووسـەری

نـاوداری کـورد ئـۆزۆن لـه سـالی ۱۹۵۳ لـه شـاری – سـێوەرەك –ی سـەر بـه پارێزگای ئۆرفه – له باکووری کوردستان چاوی به جیهان هەلهێناوە .
هـەروا نووسـەر لـه سـەرەتای سـالی هـەفتاکان بـه هـۆی نووسـین بـه زمـانی کوردی و تورکی ، لـه سـالی ۱۹۷۷ لـه لایـەن رژێمـی تورکیا دەستگیر کرا ، هـەروا محەمـەد ئۆزۆن لـەو سـالەی کـه بـه هـۆی نووسـین بـه زمـانی کـوردی و پەرەپێدانی دادگایی توانی بەرەو هەندەران خـۆی دەربـاز بکـات و لـه وولاتـی سووید جێگیر بوو ، له ماوەی مانەوەی له وولاتی سووید بوو به ئەندامی رێکخراوی ئەدەبی – پەناکورد – و پلەی یەکیـەتی نووسـەرانی کورد بـووە .
هەروا نووسـەری نـاوداری کورد لـه سـالی ۲۰۰۱ دا تـوانی خـەلاتی torny

segerstedtوەرگرێت.
دوای ئەوە ئۆزۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ گەرایەوە وولاتی تورکیا و لە شاری ئەستەمبۆڵ نیشتەجێ بوو . هەروا لە کۆتایی ئەو ساڵەشدا لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان لە لایەن حکوومەتی هەرێم خەلاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشرا . دوای ئەوەش لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاشکرا بوو ، کە ئۆزۆن دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە ، کە لە لایەن پزیشکانی سووید و ئەمەریکا چارەسەری بۆ نەکرا .
نووسەری ناوداری کورد محەمەد ئۆزۆن ، لە دوای خۆی چەندین بەرهەمی ئەدەبی بۆ نەتەوەکەی جێ هێشتووە لە وانەش :-
ڕۆژێك ژ ڕۆژێن عەڤدالێ زەینکی ، لە ساڵی ١٩٨٧ بلاو کردۆتەوە . مردنی پیرە مێردیکی خۆشەویست ، لە ساڵی ١٩٨٩ بلاو کردۆتەوە ، سێبەری خۆشەویستی لە ساڵی ١٩٩٢ بلاو کردۆتەوە ... لە گەڵ چەندین بەرهەمی دیکەی لە دوای ساڵی ١٩٩٠ بلاو کردۆتەوە .

٢٠٠٧/١٠/١١ لە سەر بانگ هێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر -- ئیبراهیم داقووقی -- نووسەر و ڕۆشەنبیر گەیشتە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی باشوری کوردستان , و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ساڤدرا , لەم کۆنگرەیەدا داقووقی باس لە تاقیکردنەوەکانی خۆی و ڕەوشەکان کرد کە لە سەری وەستاوە و لە نووسینەکانی ئاماژەی پێداون , لە وانە پەیوەندی نێوان کورد و تورکمان و مافەکانیان .
هەروا لە وتەکانیدا داقووقی تیشکی خستە سەر ئەو کارانەی کە پێی هەستاوە لەوانە ، کردنەوەی سەنتەری ئەکادیمی بۆ دیراساتی ڕاگەیاندن ,

هەروا ئاماژەی بەوە دا ، کە یاداشتێکیان بۆ سەرۆك بارزانی بەرز کردۆتەوە لە ڕێگـەی وەزیـری ڕۆشـنبیری بـۆ کردنـەوەی لقێکـی ئـەو سـەنتەرە لـە کوردستان.

هەروا لە سەر کێشەی کورد لە تورکیا ئیبراهیم داقووقی گـوتی:- کـاتیٚ من کتێبـێکم لـە سـەر کێشەی کـورد لـە تورکیـا نووسـی ، جۆرەهـا تۆمـەتم بـۆ دروسـتکرا . هـەروا گـووتی :- هەنـدێك لـە پارتـە پێشکەوتووخوازەکان لـە سـاڵانی هەشـتاکانەوە لـە گـەڵ ئـەوەن کـە مـافی کـورد بدرێت ، ئەمـەش بـە هـەوڵی نووسـەری بـە نـاو بـانگ -- عـەزیز نەسـینی -- سـەری هەڵـدا ، کـە پشتی بە بەڵگە نامەیەك بەست بوو کە لـە لایـەن -- مستەفا کـەمال ئـەتا تورك -- دەربارەی بەشداری کردنی کورد لە مافەکانیان لـە تورکیا نووسـرا بوو .

بـەڵام دوای مردنـی دامەزرێنـەری کۆمـاری تورکیـا مـستەفا کـەمال ئـەو بەڵگـە نامەیـە سـەرە نگـوم کـرا و لـە لایـەن ژەنـەڕاڵ و دەسـتەی ئـەرکانی سـەربازی تورکیـا لـە نـاو بـران . هـەروا دەربـارەی بـۆ چـوونی خـۆی سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە داقووقی گـووتی:- سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا ڕەجەب تەیب ئۆردگان گەیشتە ئەو پۆستە و سەرکەوتنی لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و هەڵبـژاردنی ئـەم ڕواییەشـی لـە سـەر ئـەم بنەمایـە بـوو , پێموایـە ئۆردگـان سیاسیەکی باشە وبەرە بەرە ئەو کێشە چارەسەردەکات .

جێگەی باسکردنە کە ئیبراهیم داقووقی لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە شارۆچکەی -- داقـووقی- ی سـەر بـە پارێزگـای کـەرکوك چاوی بە جیهـان هـەڵهێناوە و بـە ڕەگـەز تورکمانـە....!. هـەر لـە کـەرکوك خوێنـدنی تـەواو کـردووە و لـە شـاری بەغداش کۆلیژی یاسای تەواو کردووە ، چەندین جار لە سەر نووسـینەکانی بەند کراوە و خاوەنی ٣٣ کتێبە لە نووسین و وەرگێران .

٢٠٠٧/١٠/١٢ سەرەك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئۆردگان لە لێدوانێکدا گووتی:- بۆ هێرش کردنە سەر هەرێمی باشووری کوردستان ، بە مەبەستی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە - لە باکووری کوردستان و سەر سنوورەکان , تورکیا ئامادەیە ڕەخنەکانی کۆمەڵگای نێوو دەوڵـەتی بێنێتە سەر خۆی ، هەروا ئۆردگان گووتی :-

تورکیـا ڕێـز لـە یـەك پارچەیی ئێـراق دەگرێـت ، بەڵام ئێستا بە مەبەسـتی

قەدەخە کردن و ڕێگە گرتن لە چەکدارانی پەکەکە هیچ کارێکی نەکردووە ، هـەر بۆیـە ئەنکـەرە خـۆی ئـەو کـارە دەکـات . وداوای لـە پەرلـەمانی تورکیـا کـردووە کـە هەفتـەی داهـاتوو ڕێگـە بـە سـووپای وولاتەکـەی بـدات بـۆ هێرشکردنە سەر چەکدارانی پەکەکە لە سەر خاکی هەرێمی کوردستان .
دوای ئەم لێدوانانە و هەڕەشە کردنە کۆمەڵگای نێوو دەووڵەتی لەم بارەیەوە تورکیایـان هۆشـدالر کـردەوە , لەوانـە ڕێکخـەری بـالآی سیاسـەتی دەرەوەی ئـەوروپا -- خـافێر سـۆلانە-- گـووتی:- هـەر ئـالۆز کردنێکـی دیکـەی ڕەوشی ئێراق پێشوازی لێناکرێت . لە بەر ئەوەی ئالۆز کردنی باری ئێراق ، زیاتر ئالۆزکردنی باری ناوچەکەیە بە گشتی پەیوەندیەکان لە نێوان تورکیا و کۆمەڵگای نێوو دەووڵەتی بە تایبەتی یەکێتی ئەورۆپا .
هەروا لە لایەکی دیکە بە پێی هەواڵی ئاژانسی -- بی بی سی -- بەریتانیا ڕاگەیاندنەکانی سـەر بە پەکەکە بلأویـان کردۆتـەوە ، کە چەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـە نیـازن ناوچـە شـاخاویە سـنووریەکانی هـەرێمی کوردسـتان -- تورکیا , بەرەو نـاو خـاکی تورکیـا جێ هێڵن لـە نـاو تورکیـا هێـرش بکەنـە سـەردام و دەزگـای دەووڵـەتی تورکیـا و پـارتی داد و گەشـە پێدان .

٢٠٠٧/١٠/١٢ ڕێکخـراوی ڕاگەیانـدن و ئاسایــــشی ڕۆژنامــــە نووســـان لـــە ئیتاڵیـــا ڕایگەیانـد ، کـە خـەڵاتی ئـەم سـاڵی -- ئـازادی ڕۆژنامە گەری ئیتاڵیا -- بـە هـەردوو ڕۆژنامـە نووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان -- عەدنان حەسەن پوور ، و هیوا بوتیمار -- دەبەخشرێت کە بەر لـە چەند مانگێك ئێران بڕیاری لـە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد .
خـەڵاتی ئـازادی ڕۆژنامـە گـەری کـە بـۆ ڕۆژنامـە نووسـە چالاکەکانی بـواری کۆمەڵایەتیـە بـۆ ئـازادی ڕادەربـڕین , کـە پـار سـاڵ بەخـشرا بـە ڕۆژنامـە

نووسێکی کورد و ڕۆژنامە نووسێکی ئاشووری .
ئەم هەواڵەش لە لایەن هەواڵەکانی ڕادیۆی فەرەدەی فارسی ، کە بارگاکەی لـە ئەمەریکایـە بـلاوی کـردەوە و ، بڕیـار وایـە ئـەم خەلاتـەش لـە مـانگی/ ۲۰۰۷/۱۱ ی داهتوو لە بارەگای شارەوانی شاری – سییەنای ، ئیتالیا -- ببەخـشرێ بـە بنەماڵـەی هـەردوو ڕۆژنامـە نـووس ، کـە ئێـستا لـە زینـدان ژیانیان بە سەر دەبەن و پێشتر دادگای باڵای ئێران بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرکردووە ، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەو دوو ڕۆژنامە نووسە -- دوژمنـی خودان -- بەڵام بە پێچەوانە .
دامەزرێنەرو بەڕێوەری ئەم ڕێکخراوە -- ئیستیڤانۆ ماجێلی -- دەربـارەی بەخـشینی ئـەم خەلاتـە گـووتی :- هۆکـاری سـەرەکی هەڵبـژاردنی ئـەو دوو کەسە بۆ خەلاتی ئەمساڵی ئازادی ڕۆژنامە گـەری ئیتاڵیـا ، دژایـەتی ئێمـە لـە هەمبەر بڕیاری لە سێدارە دانی ئەو دوو ڕۆژنامە نووسە و پشتگیری ئێمە بۆ کوردەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانە کـە بـەم دواییانـە سـەرکووت دەکـرێن . و ئەوان دەیانەوێ هاوکاری خۆیان لە گەڵ کوردەکان دووبارە بکەنەوە .
Id=2584 httb= www. Peymner. Com .

۲۰۰۷/۱۰/۱۲ سەرۆکی ڕووسیای یەکگرتوو – – فلادمێـر پـۆتین -- لـە میانـەی کۆبوونـەوەی لـە گـەڵ هەریـەك لـە وەزیـــری دەرەوەی ئەمـــەریکا گۆنـــدالیزارایس و وەزیـــری بەرگری ئەمەریکا ڕۆبەرت کێتس ، لـە ووتەکەیـدا هەڕەشـەی لـە واشنتۆن کرد ، کە ووڵاتەکەی لە پەیماننامەی ڕێگرتن لە موشەکی مام ناوەندی لە ئەوروپا هـەڵبوە شێنێتـەوە .

سەرۆکی ڕووسیا لە بارەگای خۆی لـە -- نۆڤۆ ئوگـاریڤۆ – لـە کـەنارەکانی شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی ڕووسیا گـووتی :- بـۆ ئێمـە گرانـە لـە چـوار چێوەی ئـەو ڕێکەوتنـە بمێنینـەوە . هـەروا ئاماژەیـدا ، کـە بـە بۆچـوونی

ڕووسیا پێویستە ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ئەمەریکاو ڕووسیا گۆرانکاری تیا بکرێت و مۆرکێکی جیهانی وەربگرێت .

جێگەی ئامارژە پێکردنە کە ئەو ڕێکەوتنامەیە لە مانگی/ ١٢/١٩٨٨ لە نێوان ئەمەریکاو ڕووسیا مۆرکراوە و لە سالی ١٩٨٨ کەوتە بواری جیٚ بە جێکردنەوە ، کە ماوەکەی دیاری نەکراوە تیایدا لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە ، کە ئەو موشەکەی بالیستیانەی ئەمەریکا و سۆڤیەت قەدەخەکراون ، کە دوایی لە نێوان ٥٠٠ تا ٥٥٠٠ کیلۆمەتر دبڕن لە جیهاندا .

٢٠٠٧/١٠/١٢ لیژنەی دابەشکردنی خەلاتەکانی نۆبلٚ ڕایگەیاند ، کە خەلاتی نۆبلٚ بـۆ ئاشـتوایی بـۆ سـالی ٢٠٠٧ بەخـشرایە جێگـری پێـشووی سەرۆکی ئەمەریکا -- ئالٚ گۆر -- و دەستەی گۆرینکاریە کەش و هەواییەکانی سەر بە نەتەوە یە گرتووەکـان . هـەروا ئـەکادیمیای دابەشکردنی خەلاتەکانی نۆبلٚ لە ڕاگەیاندنەکەیدا ، ئامارژەی بەوەدا کە هەولەکانیان لە بارەی چاودێریکردنی بۆ گۆرینکاریە کەش و هەوییەکان دەگەرێتەوە .

ئالٚ گۆری جێگری سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو -- بیل کلینتۆن -- و کاندید کراوی سالی ٢٠٠٠ بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا .

ئەو خۆی بە داکۆکی کەری کێشە کەش و هەواییەکان دەخاتە ڕوو . هـەروا دەسـتەی گۆرینکاریـە کـەش و هەواییـەکان ، کـە سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتووەکانە زیاتر لە ٢٠٠٠ زانا و شارەزای هەیە , کە زیاتر کار لە سەر کاریگەری گەرما دەکەن لە جیهاندا .



١٢/١٠/٢٠٠٧ لـه چوار چێوەی کـار و چـالاکیەکانی کـەمبینی بـــە جیهـــانکردنی شـــالاوەکانی ئـەنفال و کیمیابـارانی هەڵەبجـەو ناوچـــەکانی دیکـــەی هـــەرێمی باشـــووری کوردســـتان ... کـه لـه پێنـاو بـە جینـۆ ساید ناسـاندنی ئـەو تاوانانـه دامـەزراوە ... ئەمـەش لـه سەر پێشنیاری پـارتی ژینگـەی سـەوزی نەرویـژی milgoparnet de gromne لـه کۆنفراسـی ساڵانەی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا ، کە لە شاری ڤێنیای پایتـەختی نەمسا گرێـدرا ، کـە سـەرجەم پارتـه سـەوزەکانی ئـەوروپا ، کـە ژمارەیـان ٣٣ پارتـه شالأوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە یان وەك جینۆ ساید ناساند

کە فیدراسیۆنی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا -- EGP-- بۆ یەکەم جار لـه ساڵی ١٩٩٣ لە میلاند دامەزراوە و سەرجەم پارتە سەوزەکان لە نەرویـژ و ، ماڵتـا و ، ئیرلەنـدا و بـۆ جۆرجیا دەگرێتـەوە ... سـەرەرای ئـەوەش داوایـان کـرد ، کـه سـەرجەم ئـەو کارانەی کـه چـەکی ژەهراویان بـه رژێمـی روخـاوی بـەعس لـه ئێـراق فرۆشـتووە دادگـایی بکـرێن و سـزا بـدرێن ... لـەو کاتـەش داوایان لە وڵاتانی یەکیـەتی ئـەوروپا کـرد کـه سـەردانی هـەرێمی باشـووری کوردستان بکەن .

٢٠٠٧/١٠/١٢سـەرەك كۆمـاری ئـەرمینیا -- رۆبرت كۆجاریان -- پێشوازی لەو دەنگدانـەی لێژنەكـەی دەرەوەی سـەر بـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئەمەریكا كرد , كە تیایدا كوشتنی نزیكـەی ١,٥٠٠ ملیـۆن و نیوێـك ئەرمەنی لە ١٩١٥/٤/٢٤ بە دەستی عوسمانیـەكان بـە كـاری كۆمـەڵ كـوژی – جینۆسـاید-- وەسفكرد بوو.



هەروا سەرۆكی ئەرمینیا ئاماژەیدا ، كە توركیا ناتوانێت ڕێگە لە وولاّتانی دیكە بگرێت كە دان بە كۆمەڵكوژی ئەرمەنەكان نەنێن .

هـەروا گـووتی :- ئەو وولاّتانـەی كە دان بە كۆمـەڵكوژی ئەرمـەن لـە ئاستی حكوومەتەكانیان ڕەتدەكەنەوە ، لەوە دەترسـتن كە پەیوەندیـەكانیان لـە گـەڵ توركیا ئالۆزی تێ كەوێت .

هەروا سەرۆكی ئـەرمینیا ڕۆبرت كۆجاریان هیوای خواست ، كە دەنگدانی لێژنەیـەكی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئەمـەریكا برۆسـی دان پێنـانێكی بـە تەواوی بێت لە لایەن ئەمەریكا ، سەبارەت بە وەی ئەو كارەی عوسمانیـەكان كۆمـەڵكوژی بووە لـە ڕۆژهـەلاّتی باشووری ئێستای توركیـا ، واتـە باكووری كوردستان , لەو كارە كۆمەڵكوژیە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ سـی هـەزار كوردیش بە هەمان شێوەو و شێواز بەر ئەو كۆمەڵكوژیە كەوتوون لە هەرێمەكەدا.

٢٠٠٧/١٠/١٣ چـەند بەرپرسـێكی ئەمـەریكا ڕایانگەیانـد ، كە ئەگەر هاتوو توركیا لـە سـەر هەڕەشـەكانی بـەردەوام بێـت و جێبـە جێیـان بكـات ، ئـەوا ئەمەریكا دەروازەیەكی یاخوود ڕێگایەكی دیكە دەدۆزێتـەوە جگـە لـە



توركیا بۆ ئەوەی پالیشتیەكان بۆ هێزەكانی سووپای لە ئێراق بنێرێت .
ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـەو كاتـەدا هـات ، كـە لیژنـەی كاروبـاری دەرەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی ئەمـەریكا دەنگی لـە سـەر پـرۆژە یاسـای قڕ كردنـی ئەرمـەكانی بڕیـاری لـە سـەر دا , هـەروا لـە سـەر هەڕەشـەكانی توركیـا و بەردەوام بـوون لـە بەرەو ئالۆزكردنی باری ناوچەكە بە گشتی و ئێـراق بـە تایبەتی , كە ئەم ڕاگەیاندنەش لە پێناو دۆزینەوەی جێگەی لە بارترە ، كە گوایە لە وولاّتی ئوردنە و ئەویش چەند مانگێك دەخایەنێت لەم كارەدا.

٢٠٠٧/١٠/١٣بـە هـۆی بـەرەو تێـك چوونی بـاری ئـارامی لـە نــاو خــۆ و دەرەوەی توركیـا و پەیوەنـدی لـە گــەڵ ئەمـــەریكا و بــارودۆخی چـەكدارانی پەكەكــە و هەڕەشــەی توركیا بە هێرشكردنە سەر خاكی هەرێمی باشووری كوردستان .
ئەمڕۆ دوو بەر پرسی ئەمەریكی بەرە و توركیا بە ڕێكەوتن ، كە ئەندام بوون لـە شـاندی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمــەریكا بـە یـاوەری وەزیـری دەرەوەی ئەمەریكا كۆندا لیزا رایس بۆ مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیای یەكگرتوو .
ئەم دوو بەر پرسەش , یەكیان بالوێزی ئەمەریكا بوو لـە ئەنكـەرە -- ئیریل ئلـدرمان -- و یاریـدەدەری وەزیـری وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریكا -- ودان فرید -- بوون . لە پێناو گفتووگۆ كردن لە گەڵ وەزیری دەرەوەی توركیا و بەر پرسـانی دیكـەی توركیـا ، لـە پێنـاو هێوركردنـەوەی بارودۆخەكـە چ لـە لایەن هەڕەشەكانی توركیا بۆ سەر خاكی هەرێمی باشووری كوردستان ، بە نـاوی ڕاوەدوونـانی چـەكدارانی پەكەكـە و چ بـە هـۆی تەنگـەژەی پەیوەنـدی نێـوان توركیـا و ئەمـەریكا ، بـە هـۆی بڕیـاری كۆنگریـسی ئەمـەریكا بـە بـە جینۆساید ناساندنی كۆمەڵكوژیەكەی ئەرمەنەكان لـە ساڵی ١٩١٥-- ١٩١٧ لە لایەن دەسەلأتدارانی عوسمانیەكان لەوكاتدا.
جێگەی باسكردنە كە ئەمەریكا هۆشداری دابووە توركیا لە بارەی بۆردمان

کردنی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی باشووری کوردستان . هەروا لە لایەکی دیکە تورکیا لە دوای بڕیاری کۆنگرێس ، بالوێزی خۆی لە واشنتۆن بانگ هێشت کردووە . هەروا لە لایەکی دیکەش تورکیا مەڵبەندێکی گرنگە بۆ کارەی سەربازیەکانی ئەمەریکا ,سەردانی ئەم دوو بەرپرسەش ، لە پێناو چارەسەر کردنی ئەم کێشانە بوون لە ناوچەکەدا سەرەڕای بەردەوام بوونی تورکیا لە هەڵوێستەکانی لە بەرامبەر ئەو کێشانەدا.

٢٠٠٧/١٠/١٤کۆچی دوایی تیرۆرست و کودەتاچیە بەناوبانگەی فەرەنسا -- بۆب دینار -- لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیە کوشندەکەی لە فەرەنسادا. جێگەی باسکردنە کە بۆب دینار بە ناوبانگ بووە لە ڕەوشتە خراپەکانی بە سەرکردایەتی کردنی کودەتاکان ، بە تایبەتی چوار کودەتای لە دوورگەی قەمەر ئەنجامدراوە ، دوا کودەتای لە ساڵی ١٩٩٥ دابووە . هەر بەم هۆکارەوە دادگای فەرەنسا تاوانباری کردیە بەشداری کردنی لەو کودەتایە لە وولاتی -- بەنین -- لە ساڵی ١٩٧٧ و دوورگەی قەمەر . هەروا دادگایکردنی لە ساڵی ١٩٩٥ بە بەشدار نەبوونی بە هۆی نەخۆشی . هەروا بەشداری لە کورەتاکانی ئەنگۆلا و نیجیریا و کۆماری کۆنگوی دیموکراتی کردووە . ئەم کودەتایانەش بە پاڵپشتی بەرپرسانی فەرەنسا بووە و بۆب دینار ڕۆڵی باڵای هەبووە و ناسراوە بە -- سەگی جەنگ-- لەم کیشووەرەدا .

٢٠٠٧/١٠/١٤گۆڤاری – ئیکۆنۆمیستی – ی بەریتانی لە بابەتێکدا بڵاوی کردەوە ، کە بە ناونیشانی تورکیا دۆستە دێرینەکانی خۆی لە دەست دەدا ، کە لەو ساڵانەی دواییدا تورکیا پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ دەووروبەر ، بە تایبەت سووریا و ئێراق و فەلەستین توند و تۆڵ کردووە و دۆستایەتی ئەمەریکای لە بیرکردووە ... لە هەمان کات روونیشی کردەوە :– ڕێگە دان

بـە گواسـتنەوەی غـاز و نـەوتی ئێـران لـە خـاکی تورکیـاوە بـۆ ئـەوروپا بانگهێـشت کردنـی بزوتنـەوەی حـەماس بـۆ تورکیـا ... وای کـردووە کـە پەیوەندیەکانی نێوان ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا و واشـنتۆنی پایتـەختی ئەمـەریکا گرژی و ئالۆزی تێکـەوێت و پەیوەندیـەکانیش لـە گـەڵ ئیـسرائیل بەرەو سارد بوونەوە هەنگاو بنێ .

هـەروا بـڵاوی کردۆتـەوە ئـەو گۆڕانـەی هەڵوێستی تورکیا وای کـردووە کـە کۆنگرێـسی ئەمـەریکا کۆمـەڵکوژی ئەرمەنـەکان لـە سـاڵی ١٩١٥ لـە لایـەن دەووڵەتی عوسمانی وەك جینۆ ساید بناسێنێت و ، بۆیە چیدیکە ئەمەریکا و تورکیا متمانـەیان بە دۆستایەتی نێوانیـان نـەماوە ، لـە بـوارە گرنگـەکانی سەربازی و ئابووری و بازرگانی و چەندین بواری دیکە لە نێوانیاندا .

٢٠٠٧/١٠/١٧ لە ئاکامی هەڕەشـەکانی ڕژێمـــی تورکیـــا ، بـــۆ ئـــەوەی لەشکرکێـــشی بکاتـــە ســـەر هـــەرێمی باشـووری کوردسـتان , بـەناوی ئـەوەی کـە ڕاوە دوو چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان PKK لـە بـاکوری کورردسـتان دەنـێ , لـە سـەر سـنووری نێـوان هـەرێمی کوردستان و نورکیا بە مەبەستی دەست تێوەردان لە کاری ناوخۆی هـەرێمی کوردستان .

هەر بەم هۆکارە جەماوەری کوردستان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان لـە پارێزگاکـانی هـەولێر ودهـۆك وسـلێمانی و شارۆچـکەکان خۆپیـشاندان ئەنجامدرا ، کە لە ڕۆژی ١٠/١٧ لە پارێزگای دهۆك و لە ١٠/١٨ لە پارێزگای هەولێر و لە ڕۆژی ١٠/١٩ لە پارێزگای سلێمانی .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئەمـەریکا و یەکیـەتی ئـەوروپا و چـەندین وولاتـی دیکـە ، دژی بڕیـاری پەرلـەمانی تورکیـا و حکوومـەتی تورکیـا وەسـتان لـە بەرامبـەر

لێدوانەکانی و ئالۆزکردنی باری ئێراق لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا ، کە لـەو خۆپێـشاندانە ٣٠ ڕێکخــراو ســەندیکا و یەکیــەتی و ناوەنــدەکانی رۆشــنبیری و مــەدەنی و پیــشەیی بەیاننامەیــەك دەرکــرا و پێـشکەش بـە نوێنەری حکوومەتی هەرێم و نوێنـەری ڕێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و پەرلەمان و حکوومەتی تورکیا و یەکیەتی ئەوروپا کرا .

هەر لەو کاتەدا حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان هەڵوێستی فـەرمی خـۆی لـە بەیاننامەیەك ڕاگەیاند ، لە بارەی کێشە دروست کراوەکان لە لایەن تورکیـا و لایەنگرانی و بەرگری کردن لە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستان .

٢٠٠٧/١٠/١٧ پەرلـەمانی تورکیـا بڕیـاری لەشکرکێـشی کردنـە سـەر هـەرێمی باشـووری کوردسـتانی پەسـند کـرد ... بـۆ ڕاودونـانی هێـزە چـەکدارەکانی پـارتی کرێکــارانی کوردســتان PKK ... کــە ٥٠٧ پەرلــەمانتار دەنگیــان بــۆ لەشکرکێشەکەدا و لـە بەرامبەریشدا ١٩ ئەندام دەنگیـان بـۆ بڕیارەکـە نـەدا ... بە پێی ئەم بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا حکوومەتی ئەنکەرە مۆڵـەتی یـەك سـاڵی پێدراوە ، بۆ لەشکرکێشی کردنـە سـەر هـەرێمی کوردسـتان ... بۆ نەهێـشتنی بـوونی پەکەکـە لـە ناوچـە جیاجیاکـانی هـەرێمی باشـووری کوردستان ... بزن گەر ئەجەلی بێ نانی شوان دەخوات...!...؟.

لـە هـەمان کـات وتـە بێـژی فـەرمی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسا -- باسـکال ئەنـدریان -- لەڕاگەیاندنێکیدا گـووتی :- گـرژی و ئالۆزی نێوان تورکیـا و ئێـراق لـە بـارەی چـالاکی چـەکدارانی پەکەکـە بووتـە هـۆی دروسـتبوونی مەترسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ... هەروا گووتی:-

ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا بۆ ڕاودونانی چەکدارانی پەکەکە لـە هـەرێمی باشووری کووردستان و ئێراق ، جێگەی مەترسیە و ئەگەری ئـەوەش هەیـە ، کە کارەساتی زیاتر ڕووبەڕووی ناوچەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت بکاتـەوە .

باسکال گـووتی:- حکوومـەتی فەرەنسا هیـوادارە ئـەو گـرژی و ئالۆزیـەکانی نێوان تورکیا و ئێراق لـە کۆبوونـەوەی داهـاتووی وولاتـانی دراوسـێی ئێـراق چارەسەر بکرێت و پێش بە هێرشکردنی سووپای تورکیا بگیرێت .

ئەمـە و چـەندین لایـەنی دیکـەی ڕامیـاری و وولاتـانی دیکـەی جیهـان و ، بـە تایبـەتی ئەمـەریکا و بـەریتانیا ویەکیـەتی ئـەوروپاش ، بـە هـەمان شـێووە

هەڵوێستی حكوومەتەكانیان ئاشكرا كرد بە شێوەیەكی فەرمی ... بەڵام هەڵوێستە نهێنیەكان هەر خۆیان ...!...؟. لە ناوچە و هەرێم و جیهان ....لە بەر ئەوەی خواستیاری جێ بە جێنەكردنی چارەی كێشەی كوردن لە ئاسیا ، كە كێشەیەكی تەشەنەدارە لە كیشووەرەكە ، لە نێوان چوار وڵاتی دروستكراوی داگیركەر لە دوای جەنگی یەكەمی جیهان لە لایەن بەریتانیا وئەمەریكا و فەرەنسا و ڕووسیادا .



٢٠٠٧/١٠/١٧ كۆماری لیبیا ڕەزامەندی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانی بە دەست هێنا بە وەرگرتنی كورسیەك لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەووڵەتی نەتەوە یەكگرتووكان ، ئەویش لە دوای ساڵێك بە سڕینەوەی ناوی كۆماری لیبیا لە لیستی ئەمەریكا بەرامبەر ئەو وڵاتانەی پشتگیری لە ڕێكخراوە تیرۆرستەكان دەكەن .

هەر لەم كۆبوونەوەیەدا كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووكان كۆماری لیبیای بە ئەندامی نا هەمیشەیی هەڵبژارد بۆ ماوەی دوو ساڵ ، كە لە مانگی/ ٢٠٠٨/١ دەست پێدەكات , بە كۆی دەنگی ١٧٨ دەنگ لە كۆی گشتی ١٩٢ لە دەنگەكانی دەووڵەتەكان , ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كۆماری لیبیا بگەڕێتەوە گۆڕپانی ڕامیاری نێوو دەووڵەتی لە جیهاندا .

ئەو وڵاتانەی كە ئەندامی هەمیشەیی نین و لە ناو ئەو ١٥ وڵاتەن لە گەڵ پێنج ئەندامە هەمیشەییەكەی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەكگرتووكان ئەوانیش :- بەلژیكا , ئەندۆنوسیا , ڤێتنام , ئیتالیا , باشووری ئەفەریكیا , پەنەما , بۆركینا ڤاسۆ , لیبیا , كرواتیا , كۆستاریكا .

٢٠٠٧/١٠/١٧ كردنەوەی خوولی ٥١ ی ڤیستیڤاڵی لەندەنی سینەمایی و بەردەوام بوونی تاكو ٢٠٠٧/١١/١ لەم وڵاتەدا .



جێگەی باسکردنە کە ئەم ڤیستیڤاڵە لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە و ساڵانە ئەم ڤیستیڤاڵە ئەنجام دەدرێت ، بەشداری هەموو وولاّتانی جیهان لە بواری سینەمادا بە هەڵواسینی فلیمە بەرهەم هێنراوەکانیان لە کێبرکێەکی بە هێزدا و بە سەرکەوتنی هەرفلیمێك خەلاّتی خۆی وەردەگرێ بە پێی دەرچوونی فلیمەکان .

ئەم خەلاّتانەش لە ساڵی ١٩٥٨ وە بە سەرکەوتنی باشترین فلیم دەبەخشرێ

.

ئەم فلیمانەش لە ١٦ هۆڵ پەخش دەکرێن لە ناوەڕاستی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لە مەڵبەندی سینەمای بەریتانیا لە سەر ڕۆخی باشووری کەناری زێی تایمز .

لەو ڤیستڤاڵەدا کە ٤٣ وولاّت بەشداری تێدا دەکات بە کورتە فیلم , لەوانە ٧ فیلم بۆ یەکەمجارە بەخش دەکرێت , هەروا ٢٩ فیلم بۆ یەکەم جارە لە ئەوروپا و ١٢٨ فیلم بۆ یەکەم جارە لە سەر شاشەکانی بەریتانیا هەڵدەواسرێن , واتە پەخش دەکرێن .

تێبینی:- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە سەر bbc arabic لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/١٣

٢٠٠٧/١٠/١٧ لە ووتەکانی سەرۆکی ڕووسیای فیدراڵ -- فلادمێر پۆتین -- کە لە گەڵ سەرەك کۆماری ئێران -- مەحمودی ئەحمەدی نەژاد -- لە تارانی پایتەختی ئێران ئەنجامیدا ، بە دووپاتکردنەوەی پشتگیری ڕووسیا بۆ ئێران و ماوە نەدان بە پەلامارنەدانی ئێران ، بە هێزی

سووپا لە لایەن ئەمەریکا و وولأتانی هاوپەیمانی لە جیهاندا.
جێگــەی باســکردنە کــە ســەرۆکی ڕووســیا لــە دوای لوتکــەی نێــوان سەرکردەکانی وولأتانی دەریای قەزوین – ڕووسیا و ، ئێران و ، ئازربایجان و ، کازاخستان و ، تورکمانستان لە کێشووەرەکەدا .
بەلێنیانـدا بـە مـاوە نـەدان بـە پـەلاماردانی ئێـران لـە سـەر ئاسمـان و خـاکی وولأتەکانیان کە ببێتە هۆکاری ئەم پەلاماردانە بۆ سەر ئێران .
هـەر دوای کۆتـایی هـاتنی ئـەم لوتکەیـە سـەرۆکی ڕووسـیا پـۆتین سـەردانی ئێرانی کردوو چاوی کـەوت بـە سـەرۆکی ئێران و ڕابـەری ئیسلامی ئێران – خامەنانی -- لە تارانی پایتەختی ئێران .
ئـەم ووتانـەی پـۆتین لـە گـەڵ هەڵوێسـتەکانی ئێـران خۆیـان جـووتکرد , کـە لەوکاتـەی کێشـەی چـەکی ئـەتومی و پیتانـدنی یـۆرانیۆم ، بۆتـە کێشـەیەکی گــەورەی نێــوان ئێــران و ئەمــەریکا و یەکیــەتی ئــەوڕوپا ، لــە ڕێگــەی ئەمینداریەتی گشتی ئاژانسی وەزی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان .
هەروا لە لایەکی دیکە ئێران هاوکاری و یارمەتی لـە ڕووسیا وەردەگرێت بۆ تەواو کردنی بنکە ئەتۆمیە ئاشتیەکان لە بنکەی بووشەهر لە ئێراندا .



٢٠٠٧/١٠/١٨ وولأتــی چــینی مللــی بالوێزی خۆی لـە ئـەمەریکا بانگهێــشت کــردو ئــەم بانگهێـشت کردنــەش وەك نارەزاییەکە ، کە بەرامبەر بەو ئاهەنگە ڕێزلێنانەی کە ئەمـەریکا لـە ١٠/١٧ بـۆ – دالای لامـا -- لـە شـاری واشنتۆن سازیکرد و تیایدا مەدالیای زێرینی پێشکەش بە دالاس لاما کرد ، کـە ئـەوەش گـەورەترین مـەدالیای ڕێزلێنـانی مەدەنیـە ، کـە کۆنگرێـسی ئەمەریکا لە میانەی ئاهـەنگی فـەرمی دەی بەخشێت بە جۆرە کەسایەتیانە لە وولأتەکەدا .
هـەر لـەو کاتـەدا ووتـە بێـژی فـەرمی حکوومـەتی چین بانگهێشتی بـالوێزی

ئەمەریکا کلارك راندت و ، وەزیری دەرەوەی چینی کردو بە توندی رەخنەو نارەزایی چینی لە بەرامبەر ئەو کارە ئاراستەی حکوومەتی ئەمەریکا کرد ، هەروا وتە بێژی چین ئەو کارەی ئەمەریکای بە دەست خستنە ناوەوەی ئاشکراو روون لە کاروباری چین لە قەڵەم دا و گووتی:- ئەو کارەی ئەمەریکا هەست و سۆزی گەلی چین بریندار دەکات و ئەگەری خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ سەر پەیوەندی دوو وولاتی گەورەی وەك ئەمەریکاو چین .

جێگەی باسکردنە کە دالای لاما دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٩ بزووتنەوەی یاخیبووەکانی لە ناوچەی – تبت – ی وولاتی چین دامەزراند و ، دوای ئەوە بەرەو وولاتی هندستان رایکرد و ئێستا لە شاری – دارامسلا – لە باکووری هندستان نیشتەجێیە لە ناوچەکەدا .

١٨/١٠/٢٠٠٧ لە دوای ٨ هەشت ساڵ لە پەنا بەری سەرەك وەزیرانی پێشووی پاکستان و سەرۆکی پارتی گەلی پاکستان خاتوو – بەنازیر بۆتۆ – گەرایەوە پاکستان ، بە هاتنە خوارەوەی لە فرۆکەخانەی نێوودەووڵەتی لە شاری – کەراتشی – کە فرمێسکی خۆشی لە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوەو لەو کاتەدا زیاتر لە ٢٠٠ دووسەد هەزار کەس لە لایەنگرانی پێشوازیان لێدەکرد ، لە رێگەی فرۆکەخانە بە پێشوازیکردنی بەنازیر بۆتۆ لە ئەندامانی پارتەکەو لایەنگرانی و دۆستانی لە پاکستان .

جێگەی باسکردنە کە لەو گەرانەوەیدا زیاتر لە ٢٠ بیست هەزار سەرباز بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شارەکەو رێگەکەی کە لە فرۆکەخانە تا ماڵەکەی پاسەوانیان لێدەکرد ، سەرەرای ئەنجامدانی دوو تەقینەوە ، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٩٠ کەس و زامدار بوونی بە دەیا کەسی دیکە

لە شارەکەدا .

هەر چەندە بەنازیر بۆتۆ ژیانی لە هەندەران بۆ ماوەی ٨ هەشت ساڵ بردە سەر ، بەڵام کەسایەتی و خۆشەویستی لە دەست نەدابوو ، بەلکو زیاتر جێگەی متمانەو بروا پێکردن بوو لە لایەن گەلانی پاکستان ، تەنیا ئیسلامیەکان نەبێت .

هەروا گەرانەوەی بۆتۆ لە سەر داوای سەرەك کۆماری پاکستان پەرویز موشەرەف بوو ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکات و دادگای وولاتەکە رێگەی پێبدات بە پێی دەستووری پاکستان .

٢٠٠٧/١٠/١٨ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – بان کی مۆن – حکوومەتی تورکیای لە هەر هەوڵێکی لەشکرکێشیەك بۆ سەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان ئاگادار کردەوە و هۆشداریدا ، کە بارو دۆخی ناوچەکە بەرگەی تەنگەژەی زیاتر ناگرێت ... جێگەی باسکردنە کە هۆشداریەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای پەسند کردنی بریاری لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان دێ ، کە ئێوارەی ١٠/١٧ پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ بریارەکەی پەسند کرد .

هەروا زۆر لە وولاتان ، حکوومەت و پەرلەمانی تورکیایان لە مەر ئەم بریارە ئاگادارە کردۆتەوە و ئەو بەیاننامەشیان راگەیاندووە ، کە بەر لەوەی هانا وەبەر رێگەی سەربازی بەرێت پێویستە رێگەی دیبلۆماسی و دیالۆگ بگرنە بەر بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان .

دوای ئەوە سەرەك وەزیرانی تورکیا – رەجەب تەیب ئۆردگان – لە کۆنگریەکی رۆژنامەوانیدا لە ١٠/١٩ گووتی :– ئەو شتەی کە هەردوو لامان رازی دەکات ئەوەیە کە ئێراق دژایەتی پەکەکە بکات ، و چالاکییەکانیان لە

ناو خاکی وولاتەکەی نەهێلێت و سەرکردەکانی پەکەکەش دەستگیر بکات و رادەستی تورکیا بکاتەوە ... هەروا سەرەك وەزیرانی تورکیا لە کاتی ووتەکانی لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەیدا ، هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی ئێراق – هۆشیا زێباری – بەرز نرخاند ، کە داوای لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – کردووە بۆ ئەوەی ئێراق جێ بهێڵن . ئەم لێدوانەی وشیار زێباری لە رۆژی ۱۰/۱۸ بوو ، لە پێناو پاڵپشتی کردنی رژێمی تورکیا دژ بە کورد و خاکی کوردستان .

۲۰۰۷/۱۰/۱۸ لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەهێز کردنی جێ پێگە و پەیدا کردنی لایەنگیری حکوومەتەکەی لە بارەی هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان -- پەکەکە -- و هێرشکردنە سەر هەرێمی باشووری کوردستان ، و بۆ ئەوەی هێرشی سەربازی بکاتە سەر بنکەو بارەگاکانی ئەم پارتە ، وەزیری دەرەوەی تورکیا -- عەلی باباجان – سەردانی وولاتی میسری کردو لە گەڵ وەزیری دەرەوەی میسر و سەرۆکی میسر محەمەد حوسنی موبارەك ، کۆبووەو هەڵوێستی تورکیای پێ راگەیاند لە بارەی پلانەکانیان دژی – پەکەکە -- لە ناو خاکی باکووری ئێراق – واتە هەرێمی باشووری کووردستان .

بەڵام هیچ لێدوانێك لە لایەن دەسەڵاتی میسر دەر نەکرا بە هەڵوێستی میسر لەم پلانەی تورکیا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی – پەکەکە – لە رێگەی کارە سەربازیەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

هەر لەو کاتەدا وەزیری بەرگری تورکیا – وەژدی گوتول – لە گەڵ وەزیری بەرگری ئەمەریکا رۆبەرت گێتس کۆبوونەوە ، لە پێناو گفتووگۆ کردن لە سەر ئەو کێشەیە لە نێوان هەردوو وولاتی هاوپەیمان و ئەندام لە پەیمانی ناتۆدا ... ئەویش لە پەراوێزی کۆبوونەوەی لوتکەی مونتەدای نێوودەووڵەتی کە لە شاری کیڤی پایتەختی ئۆکرانیا دەستی پێکردبوو لەو

وولاّتەدا .

٢٠٠٧/١٠/١٨ نووســەرو وەرگێــری کــورد ، لــە باشــووری کوردســتان و لــە شــاری هــەولێری پایتــەخت . مامۆســتا – سـلاح سـەعدوڵلاّ – ماڵئـاوایی لـە نووســـەرو رۆشـــنبیران و گـــەلی کوردستان کرد لە هەرێمەکەدا .

جێگـــەی ئاماژەپێکردنـــە کـــە مامۆستا سلاح لـە سالّی ١٩٣٠ لە شـاری زاخـۆ چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە . ئەسـتێرەیەکی گەشـی بـواری نووسـین و وەرگێـران بـوو ... لـە کـاتی خوێنـدنی لـە بـەریتانیا هاوبەشـی دامەزرانـدنی لیژنـەی کـوردی لـە ئەوروپا کردووەو بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە هەڵبژێردراوە ... هـەروا لـە سالّی ١٩٧٣ بە سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری لە شاری کەرکوك هەڵبژێردراوە .

هـەروا ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نیشـتیمانی بۆ ئاشـتی و هاوکـاری کـردن لـە ئێـراق بووەو بەشـداری لـە کـۆنگرەی هێزەکـانی ئاشـتی لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە شاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیا کردووە .

هــەروا یەکــەم کتێبــی لــە ســالّی ١٩٥٨ بــە چـاپکەیاندووە ، کـە بـە نـاوی کوردستان بووە . لە دواییدا وەریگێراوەتە سـەر زمـانی کـوردی و عـەرەبی و ئـەڵمانی و رووسـی ... لـە سـاڵی ١٩٥٩ بروانامـەی دبلـۆم لـە بـەریتانیا بـە دەســت دێنــێ و دەگەرێتــەوە وولاّت و لــە بــواری نــەوت کــار دەکــات لــە وولاّتەکەدا .



۲۰۰۷/۱۰/۱۹ لە بابەتێکی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی – کریستیان ساینس مۆنیتۆر – ی ئەمەریکی کە تیایدا هاتبوو :–

ئەو رامیاریەتەی کە کۆماری چینی مللی لە پلانێکیدا گرتیە بەر لە بارەی پرۆگرامی یەك منداڵ بۆ هەر خێزانێك ئەویش کوڕ بێت ، ئەمەش بۆتە هۆی کاردانەوەی خراپ بۆ دوا رۆژی داهاتووی چین . لە بەر ئەوەی لە هەر شەش منداڵ کە کوڕن ، یەکیان کچە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوودا گەنجانی چینی مللی ناتوانن ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن .

جێگەی باسکردنە کە ئەم پرۆگرامە بە ناوی – نارنجۆکی جیوسیاسی دانراو – ناو زەند کرا . سەرەڕای ئەوەی بیروو بۆچوون بە زیاد کردنی بوونی کور زۆر لە وولاّتانی جیهان ، بە هۆی زیاد بوونی رێژەی بوونی مێینە و دروستبوونی کێشەی ئابروو لێك ترازاندنی باری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی لەش فرۆشی و کاری سێکسی و بەرەڵا بوونی رەگەزی مێ زیاتر لە پیاوان و بازرگانی پێوەکردنیان لە زۆربەی وولاّتانی ئەمەریکا و هندستان و بەریتانیا و چینی مللی و وولاّتانی عەرەب و ئیسلامی و وولاّتانی دیکە دا

ئەویش بە هۆی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕەکانی دیکەی وولاّتان ، بە تایبەت لە هەردوو کێشووەری ئەفەریکیا و ئاسیا و زۆربوونی رەگەزی مێینە و کەمبوونەوەی رەگەزی نێرینە لە لە جیهاندا .

بەلاّم بوونی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ ئەم بیروو بۆ چوونە و نەبوونی بە تاوان و رێکخستنی باری کەسیەتی بە راستکردنەوەی باری پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی لە هەموو جیهاندا ، لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بە هاوکاری وولاّتانی پەیوەندار بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو جیهاندا .

٢٠٠٧/١٠/٢٠ ســـەرەك وەزیرانـــی تورکیـــا -- رەجـــەب تـــەیب ئۆردگـــان -- لـــە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ کەناڵی ٢٤ی تورکی رایگەیاند و گووتی :- هەر کێشەیەکی رامیاری هەبێت پێویستە لە ژێر سایەی پەرلەمان چارەسەر بکرێت و یەك لایی بکرێتەوە ، ئەگەر پەکەکەش بتوانێت بڕیارێکی لەو جۆرە بدات و تیایدا سەرکەوتوو بێت ، ئەوکاتە بەرەو پارتێکی ڕامیاری دەگۆڕێت و ناوچەکەش سەقامگیر دەبێت .

هــەروا لــە درێـژەی ووتەکانیـدا گـووتی :- ئـەو دیـوارەی کـە لـە ڕابـردوو بەربەست بوو لە بەر دەم پێك گەیشتن و تێکەڵبوونی دەوڵت لە گەڵ میللەت ، ئێـستا ئـەو دیـوارە رووخـاوەو نـەماوە ، لـەو ناوچـانەی کـورد تیایـدا نیـشتەجێن دەیـانگوت قوتابخانـە و نەخۆشـخانەی تیـا نیـە ، بـەلاَم ئێـستا دەلێن هەیـە . و لـە شـارەکانی هـەکاری و دیاربـەکر و شـەمزینان و چـەندین جێگەی دیکە رێگا و بانی بۆ چووە و بەرە و ئاوەدان کردنەوە هـەنگاو دەنـێ .

هەروا سەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردگان ئەوەشی ڕەتکردەوە و گووتی :- پێویـستە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان -- پەکەکـە -- چـەك دابنێـت و رامیاریەتی خۆی لە پەرلەمان بکات ، ئەگـەر هـاتوو ئەو کارە بکات دەبێتـە پارتێکی شارستانی و شاخ جێ دەهێڵێ ، ئەگـەر بڕیـارێکی لـەو جۆرەی دا مـن لـەو بڕوایـەم کـە لـە وولاَتەکـەی ئێمـەدا ئـەوانیش ئامادەییـان لـە نێـوو خانەوادەکانی خۆیان و ناوچەکەش بە خێرایی دەگاتـە سـەقامگیری و هـەروا گووتی :- گفتووگۆ و رێگە چارەی رامیاریە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لـە وولاَتەکەدا .

جێگـەی باسـکردنە کە پارتی کرێکانی کوردستان پەکەکە چەندین جار بڕیـاری یەکلایەنـەی ئاگر بەست و وەسـتانی شـەڕی راگەیانـدووە . لـە دوای دەسـتگیر کردنـی دامەزرێنـەری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان عەبـدوللا ئۆجـەلان . بـەلاَم دەسـەلاَتدارانی مـەدەنی و سـەربازی رژێمـی تورکیـا ئـەو ڕاگەیاندنـەیان رەتکردۆتـەوە و زیـاتر هەرەشـەیان لـە کـورد کـردووە لـە هەرێمەکەدا .

هەروا دوای ئەوە لـە ١٠/٢٢ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بڕیاری

ئاگربەستی راگەیاند ، لە دوای ووتەکانی سەرەك وەزیرانی تورکیا ئۆردگان . بەلآم لە ١٠/٢٣ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشی نێوان وەزیری دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان و وەزیری دەرەوەی ئێراق زێباری ، عەلی باباجان ئەو ئاگربەستە یەك لایەنەی پەکەکەی رەتکردەوە و گووتی:-
ئێمە رێکەوتن لە گەڵ دەووڵەت و حکوومەت دەکەین نەك لە گەڵ پارتێکی تیرۆرستی و ، لە هەمان کات زێباریش پشتگیری خۆی بۆ عەلی باباجان دوپاتکردەوە و پەکەکەی بە پارتێکی تیرۆرست ناوزەند کرد .

واتە لێرەدا چارەسەر نەکردنی کێشەکە بە کێشەکە خۆی لە مافەرەواکانی گەلی کورد لە کوردستان دەگرێ و دوژمنانی کورد نایانەوێ مافەکانی بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت لە هەرێمەکە و ناوچەکەدا ... ؟ ....!.

٢٠٠٧/١٠/٢٠ سەرکەوتنی هەڵبژاردەی باشووری ئەفەریکیا بە جامی جیهانی لە وەرزشی - رەجەبی - کە لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بە رێووە چوو .

ئەمەش بۆ دووەم جارە هەڵبژاردەی باشووری ئەفەریکیا ئەم جامەی بەدەست دێنێ لە پاڵەوانیەتیەکە لە مێژووی یاریەکانیدا بەرامبەر هەڵبژاردەی ئینگلیزی .

لە هەمان کاتدا سەرەك وەزیرانی بەریتانیا گۆردن براون و سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی ئامادەی یاریەکان بوون و لە دوای سەرکەوتنی هەڵبژاردەی باشووری ئەفەریکیا سەرۆکی فەرەنسا جامی جیهانی پێشکەش بە سەرۆکی هەڵبژاردەی باشووری ئەفەریکیا ویلیم ویب ئیلیس کرد .

٢٠٠٧/١٠/٢٠ ســەرك كۆمــاری ئێــراق و سـكرتێری گـشتی یەكیـەتی نیـشتمانی كوردسـتان جـەلال تاڵـەبانی رەخنـەی توونـدی لـە لێدوانـەكانی سـەرەك كۆمـار و رژێمــی بــەعس لــە ســووریا بەشـار ئەسـەد گـرد ، لـە پشتگیری كردنـی بـۆ توركیـا بـە هاتنـە نـاو خـاكی بـاكووری ئێـراق ، واتـە هـەرێمی باشـووری كوردسـتان ، و لێـدانی بنكـە و بارەگاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان پەكەكە لە هەرێمەكەدا.

هـەروا جـەلال تاڵـەبانی لـە لێدوانێكیدا بـۆ رۆژنامـەی شـەرق ئەوسـەتی سعوودی كە لە لەندەن دەردەچێ گووتی :- لێدوانـەكانی سـەرۆكی سووریا بەشـار ئەسـەد هـەموو هێڵـەكانی تێپەرانـدووە و دەبوایـە وەك وڵاتـانی یەكیەتی ئەورووپا و ئەمەریكا لێدوانەكانی رایگەیاندبایە نەك بەم شێوەیە .

لە بەر ئەوەی نە ئێراق و نـە توركیاش بە هێزی سەربازی ناتوانن پارتی كرێكارانی كوردستان پەكەكە دەربكـەن و شـەڕیان لـە گەڵدا بكـەن ، بـە هـۆی سەختی ناوچەكە و بوونی شـاخی بـەرز و نالـەباری باری كـەش و هـەوا لـەم جێگە و شوێنەی كە چەكدارانی پەكەكەی تێدا بەرگری لە خۆیان دەكەن .

جێگــەی باسـكردنە كــە پــارتی كرێكــارانی كوردســتان داوای مــافی ئۆتۆنۆمی دەكەن لە توركیا و لە چوارچێوەی سنووری توركیا ، وەك چۆن لە هــەرێمی باشـووری كوردسـتان هاتۆتـە كایـەوە و لـە گـەڵ پێـدانی مـافی نەتـەوەكانی دیكـەی توركیـا و بـەرەو وڵاتێكـی نـوێ ، كـە مـافی مرۆڤ و نەتـەوەكانی تیا مسـۆگەر بێت لـە زمان و مێژوو كـەلتوور و داب و نـەریت و بوارەكانی دیكەدا .

٢٠٠٧/١٠/٢١ لە ووتەكەیدا پاپای ڤاتیكان – بنـدیكتی شـانزەهەم –– داوای لــە ســەركردە ئاینــەكان لــە جیهانكرد بە ناونـەهێنانی خـوا لـە كـاتی ئەنجامـدانی تـاوان و

کاری نامرۆڤانە و شێواندنی باری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئاینەکان لە جیهاندا •

جێگەی باسکردنە کە لوتکەی ئاشتی کە لە شاری – ناپۆلی – لە ئیتالیا بە ڕێوەچوو ، بە بە شداربوونی سەرکردە و ڕابەرانی ئاییینەکانی مەسیحی و ئیسلام و جوولەکە و بووزی و هندۆسی و زەردەشتی ، بە سەرپەرشتی کۆمەڵگای قەدیس ئیگیدیۆ ، کە ڕێکخراوەیەکی کاسۆلیکی مەسیحیەکان و جوولەکە و ئیسلام و بووزیەکان و زەردەشتیەکان بەشداریان تێداکردووە ، ئەویش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو ، لە پێناو جیهانێکی بێ توندوتیژی و ژیانی ئاشتیانەو چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگەی کۆنگرە و دایلۆگ و سەرکردە ئاییینەکان •

٢٠٠٧/١٠/٢١ لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە پۆڵەندا و سەرکەوتنی پارتی – منبەری مەدەنی – بە سەرپارتی یاساو دادی پارێزگار بە سەرۆکایەتی یاروسلاف ککنسکی لە وڵاتەکەدا .

هەروا لە دوای سەرکەوتنی منبەر بە ٩٠٪ ی دەنگەکان بە سەرکەوتنی بەسەر پارتی یاساو داد ، بە جیاوازی ١٠ خاڵ لە کۆی دەنگەکان . کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارتی منبەر دەتوانێ حکوومەت پێك بێنێ و وڵات بەرەو گۆڕیانی ڕامیاری و پەیوەندیەکان بباتەوە و ، لە هەمان کات لایەنگیری یەکیەتی ئەورووپایە و هیوای بەهێز کردنی پەیوەندیەکانە لە هەموو بوارە جیاجیاکان .

هەروا پارتی منبەر دەتوانێ حکوومەت پێك بهێنێ لە گەڵ پارتی جووتیارانی پۆڵەندا ، کە بە ٣٥ کورسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە پەرلەمان ، کە دەکاتە ٨,٩٪ دەنگەکان ، حکوومەتی داهاتوو ٢٤٠ کورسی بە دەست هێناوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پۆڵەندا ، هەروا پێشوازی کردن

لـه هەڵبـژاردن گەیشتە ٥٣,٨٪ ی دەنگدەران ، کـه ئـەم رێژەیـەش بـەرزترین رێژەیە لە دوای هەرەس هێنانی دەسەڵاتی کۆمۆنستی لە پۆڵەندا دا .

هەروا سەرۆکی لیستی پەرلەمانی منبەری مەدەنی – یوگدان زدروگفسکی – داوای لـە سـەرۆك ككنسکی کـرد ، کـە داوا لـە سـەرۆکی پـارتی منبـەری مەدەنی – دۆناڵد ناسك – بکات بە پێك هێنانی حکوومەتی پۆڵەندا .

هـەروا لەلایـەکی دیکـە سـەرۆکی پێـشووی پۆڵەنـدا – لـیخ فالیـسا – لـە لێدوانێکیـدا گـووتی :– پێویـستە حکوومـەتی داهـاتوو پـشتیووانی لـە ئۆپۆزسـیۆن بکـات دژی حکوومـەتی ئێـستا و هـەوڵ بـدات پرۆگرامـەکانی خزمەتی گەلی پۆڵەندا بکات و سوود لە توانای یەکیەتی ئەورووپا وەربگرێت . هەروا ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی پۆڵەندا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو لـە نێـوان پارتـە بەشـداربووەکان لـە هەڵبژاردنەکـەدا ... سـەرکەوتنی پـارتی منبەری مەدەنی بە ٤١,٤٪ لە دەنگەکان کە دەکاتە ٢٠٩ کورسی لـە پەرلـەمان کە لە ٤٦٠ کورسی پێك هاتووە . بەرامبەر بە ٣٢,٢٪ دەنگ کە پارتی یاسا وداد بـە دەسـتی هێنـاوە کـە دەبـێ دەسـەڵات بداتـە منبـەری مـەدەنی لـە وڵاتەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٢٣ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گۆندا لیزا رایس و وەزیری دەرەوەی بـەریتانیا دیڤیـد میلیبانـــد داوایـــان لـــە حکوومــــەتی ئێــــراق و حکوومــــەتی هـــەرێمی کوردسـتان کـرد ، کـە رێـوو شوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە سەرەکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان .

هـــەردوو وەزیـــری دەرەوەی ئەمـــەریکا و بـــەریتانیا لـــە بەیاننامەیەکـــدا رایانگەیاند :– کە هاکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئێراق و تورکیا رێگایـەکی کارایـە بـۆ لـە نـاو بردنـی چالاکیەکانی پەکەکـە . هـەروا لـە بەیاننامەکـەدا جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە ، کە پێویستە حکوومەتی ئێراق کار بکات لە

پێناو هێنانەوەی ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە . و هەدوو بروایان وایە کە ئەو تەنگەژەیە بە ڕێگایەکی ئاشتی چارەسەر دەکرێت لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٢٣ لە بەیاننامەکەی سەرۆك وەزیرانی ئێراق نووری مالیکی ڕایگەیاند ، کە هەموو نووسینگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان –پەکەکە – لە ناو سنووری ئێراق دادەخات و ماوە نادات ئەو پارتە جموجۆڵی لە ناو خاکی ئێراق ئەنجام بدا.

هەروا لە بەیاننامەکەیدا هاتووە کە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆرستیە و بریاری خۆمان داوە بە داخستنی هەموو نووسینگە و جێگە و شوێنەکانی کە کاری تیادەکەن لە ناو خاکی ئێراق ، هەروا گووتی :– ئەو پارتە زیان بە ئێراق و تورکیا دەگەیەنێ لە هەموو بوارەکاندا .

ئەم بەیانەش لە دوای چەند کاتژمێرێك هات کە وەزیری دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان سەردای ئێراقی کردو لە گەڵ وەزیری دەرەوەی ئێراق وشیار زێباری کۆبوونەوە و دوایی لە گەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێراق نووری مالکی و بەهەمان هەڵوێست زێباری ڕاگەیاندنەکانی دووپات کردەوە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان .

بەڵام وەزیری دەرەوەی تورکیا لە میانەی گفتوگۆی لە گەڵ بەرپرسانی ئێراقدا لە ووتەیەکیدا گووتی :– تورکیا دەتوانێ ڕێگەی گونجاو بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی بوونی تیرۆرستان و پارتی کرێکارانی کوردستان بە ڕێگەی دیبلۆماسی و ڕێگەی سەربازیش هەوڵێکی دیکەیە لە بەر دەستدا .



٢٠٠٧/١٠/٢٣ لــــە کێبڕکێیــــەکی ئاشکرا دا لە هۆڵی – کریـــــستی – لـــە بەریتانیا دانەیەك لە قورئانی پیرۆز فرۆشا بـــە دوو ملیـــۆن و دووسەد و سی و یەك هـــــــەزار دۆلاری ئەمـــــەریکی لــــە کێبڕکێیەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم دانەیە لە قورئانی پیرۆز نووسینەکەی بە زێر نووسراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٠٣ . هەروا ئەم دانەیە لە کاتی فرۆشتنی دەرکەوت کە دانەیەکی هونەری ئیسلامیە و هندیە و قازانجی گەیشتە ١٢ ملیۆن دۆلار ... سەرەڕای ئەوەی کە قورئانەکە بە زێر نووسراوەتەوە پەراوێزەکەی بە زیوو نووسراوە ، کە بە کۆنترین دانە لە قورئان دادەنرێت لە جیهانی ئیسلامیدا .

٢٠٠٧/١٠/٢٣ سەرۆکی بزووتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا – دەووڵەت باخچەلی – رەخنەی توندی ئاراستەی حکوومەتی وولاتەکەی کرد ، سەبارەت بەوەی کە دەست بەجێ لەشکرکێشی ناکاتە سەر هەرێمی باشووری کوردستان گووتی :– پێویست حکوومەتی تورکیا سەبارەت بە لەشکرکێشی کردنە سەر باکووری ئێراق و چاوەڕوانی ئەنجامدانی دیدارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش و رەجەب تەیب ئۆردگان نەکات ، کە بریارە لە ١٠/٢٥ ئەنجامی دەدەن .

هەروا گووتی :– کە سووپای تورکیا تا ئەو کاتەی پەکەکە بە تەواوەتی لە ناو دەبات لە باکووری ئێراق –– واتە هەرێمی باشووری کوردستان –– بمێنێتەوە پلانی لەشکرکێشیەکە بەم جۆرە ئامادە کراوە .

٢٠٠٧/١٠/٢٤کۆماری چینی مللی توانی بۆ یەکەم جار مانگی دەستکرد هەڵبداتە ئاسمان بۆ ئەوەی لە دەوری مانگ بسووڕێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ و بە دۆزینەوەی زانیاری و بەردەوام بوون لە کارەکانیدا .

هەروا مانگی دەست کردی چینی بە ناوی – تشانگ / ئر / ١ – لە بنکەی تیشانگ لە هەرێمی یشوان لە باشووری رۆژئاوای چینی لە کاتژمێر شەشی ئێوارە بەرەو بۆشایی ئاسمان هەڵدرا . ئەم هەوڵەی چینی مللیش لە پێناو بەردەوام بوونی لەو کارەدا تاکو ساڵی ٢٠٢٠ ، دەتوانێ شارەزا و زاناکانی بە مانگی دەست کرد ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات .

هەروا چینی مللی لە ٢٠٠٣ بووتە یەکەم وولاتی ئاسیایی لە بەکار هێنانی مووشەکێك لە بەرهەمی تایبەتی خۆی و بە کابتنێك بەرەو بۆشایی ئاسمان بڕوات .

٢٠٠٧/١٠/٢٤کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە گەڵ کۆماری چینی مللی رێکەوتننامەیەکیان مۆر کرد کە لە ماوەی ساڵی داهاتوودا ٢٤ فرۆکەی شەڕکەر لەجۆری – ١٠ جی – لە چینی مللی بکرێت , کە ئەم فرۆکانە لاسایی شێوەی فرۆکەی – ١٠جی – ئیسرائیلی کراوەتەوە .

لەم بارەیەوە ماڵپەر– نۆڤۆستی – ڕووسی بڵاویکردەوە ، کە ئەو فرۆکانەی کە ئێران بە نیازە بیکرێت توانای گەیشتنی بۆ سەر ئاسمانی ئیسرائیل هەیە . هەروا پسپۆرێکی ڕووسی بەناوی – کۆنستانتین ماکینکۆ – ئاماژەیداوە کە ئەم فرۆکانە لە پێناو پارێزگاریکردن لە وێستگە ناوەکیەکانی وەکو وێستگەی بووشەهر دەکرێت .

جێگەی باسکردنە کە ئیسرائیل مۆڵەتی بە کۆماری چینی داوە بە هەمان شێووە و ناوی جۆری – لافی – دروستیکات , هەر بۆیە چینی مللی لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٤ و ناوەڕاستی ئەمساڵ نزیکەی ٨٩ فرۆکەی

جۆری – ١٠ جی – دروستكردووە . ئەم ڕێكەوتنەی نێوان ئێران و چین بووە هۆی زیاتر بەرزكردنەوەی كێشەی نێوان ئێران و ئەمەریكا و وولاَتانی هاوپەیمانی بە تایبەتی ئیسرائیل لە ناوچەكەدا .

٢٠٠٧/١٠/٢٦ كۆنفرانسی كورد لە شاری میونخی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو , كە دووەم كۆنفرانسی شانۆكارانی كورد بوو لە ئەورووپا و دووەمین كۆنفرانسی شانۆكارانی كورد بوو كە لە هۆڵی-jugendgaesiehaus- بەڕێوەچوو .

جێگەی باسكردنە كە شانۆكاری و كۆنفرانسەكە بە چەند پارچە مۆزیكی كوردی و ئەمەریكی ژەنراو ، لە هەمان كات فلمێكی بەڵگەنامەیی لە سەر كێشە و گرفتەكانی شانۆ لە شاری كەركوك بە ناوی – سەكۆی سووری كەركوك – نمایشكرا . كە میوانی شەوی یەكەمی كۆنفرانسی – دبالمە – سەرۆكی بەشی زانستی شانۆ لە شانۆی lmu لە شاری میونخ باسێكی دەربارەی شانۆ و ئۆپرای ڕۆژهەلاَت پێشكەش كرا .

هەر لە بەردەوامی كۆنفرانسەكە چەندین كۆڕ و كۆبوونەوە و سمینار دەربارەی شانۆی ڕۆژهەلاَت و باشووری كوردستان پێشكەش كراو لە كۆتایی بەرنامەكان شانۆنامەی – ئازارەكانی ئەو دیوی پەنجەرەكان – لە نووسین و دەرهێنانی و پێشكەشكردنی – شوان كەریم – نمایش كرا .

٢٠٠٧/١٠/٢٦ ڕۆژنامەی تەلگرافی بەریتانیا ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ١٠ جێگە شوێنەواری لە جیهان بڵاوکردەوە , کە چیای نەمروود لە چیاکانی باکووری کوردستان لە ناو لیستی ئەو ١٠ جێگەیەدا تۆمارکراوە .

جێگەی باسکردنە کە لە گووری نۆچەیەکدا دیارنامە , ساڵانە بە ملیۆنا کەس بە مەبەستی گەشت و گوزار سەردانی چیای نەمروود دەکەن ، وەك شوێنێکی پیرۆز و شووێنەواری لە باکووری کوردستان.

هەروا چیای نەمروود لە ساڵی ١٨٨١ سەردانی کراوە ، ئەو شووێنەوارەی لێ دۆزراوەتەوە کە بەرزی چیاکە ٢١٥٠ مەتر لە سەر ئاستی دەریا بەرزە .

ئەو شووێنەوارەش چەندین پەیکەری تیایە لە سەر مرۆڤ ، کە بەرزی ئەو پەیکەرانە لە ٨ تا ١٠ مەترە و پاشماوەی ئەو پەیکەرانە بۆتە جێگەی سەرنج ڕاکێشی گەشتیارانی لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٢٧ بە شێوەیەکی گشتی میدیا و ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیای فیدراڵ باس لە هەرەشەکانی ڕژێمی تورکیا بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان دەکەن .

هەروا زۆرینەی ئەو بابەتانەی باسیان لەم مەسەلەیە کردووە لایەنگیری باشووری هەرێمی کوردستانیان پێووە دیارە .



هەروا لەلایەكی دیكە جێگری سەرۆكی پەرلەمانی رووسیا لە لێدوانێكدا بۆ كـەناڵێكی رووسـی ئاشـكرای كـرد ، كـە بـە دەسـتەكانی خـۆی نەخـشەی كوردسـتانی گـەورەی كێـشاوە . بـەڵام وەزارەتـی بـەرگری وویلایەتـە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا ئەم نەخشەیان لێ دزیووە .

دوای ئـەوەی پەرلـەمانی توركیـا یاداشـتی لەشكركێـشكردنی بـۆ سـەر هـەرێمی باشـووری كوردسـتان پەسـەند كـرد ، بەشێوەیەكی گـشتی میـدیا دەزگاكـانی راگەیانـدنی رووسـیا بـاس لـە هەرەشـەی توركیا دەكـەن و لـەم بارەیەوە دەنووسن , بە تایبەتی لە رۆژنامـەكانی – بیرسـانت , ئیزڤیستیا , ئیزڤیـستیا گازێتـا – زۆرتـرین بابـەتی لـەم بارەیـەوە روونكراوەتـەوە ، كـە زۆرینـەی نووسـەری ئـەم بابەتانـە هەسـتی دڵـسۆزیان لەگـەڵ كێـشەی كـورد هەیە ، كە بە نووسینەكانیانەوە دیار بووە .

هـەروا لـەم بارەیـەوە كـەناڵی – تـی ڤـی سـێنتەر – ی رووسـی چاوپێكـەوتنی ۳۰ خولەكی لە گەڵ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی رووسیا – ژیرینۆفسكی – سازدا , كە لە درێژەی ووشـەكانی ژیرینۆفسكی زۆر بە هاودەردیـەوە باسـی كێـشەكانی گـەلی كـورد كـرد و گـووتی :– مـن بـە دەسـتی خـۆم نەخـشەی كوردسـتانی گـەورەم كێـشا بـوو , بـەڵام وەزارەتـی دەرەوەی ئەمـەریكا – بنتـاگۆن – ئـەو نەخـشەیان لێـدزیووم و ئێـستا ئـەوان بـاس لـە كوردسـتانی

گەورە دەکەن .



٢٠٠٧/١٠/٢٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد – سەدیق زوهری – لە شاری سەقز لە رۆژهەلاتی کوردستان بە نەخۆشی گورچیلەکانی لە دوای ململانێیەکی زۆر لە گەڵ ئەم نەخۆشیەدا .

جێگەی باسکردنە کە هەنەرمەند سەدیق زوهری لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری سەقز لە رۆژهەلاتی کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .
قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری سەقز تەواو کردووە و بڕوانامەی دیبلۆمی بە دەست هێناوە , دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٤ وەك مامۆستا دامەزراوە و بۆ ماوەی ٩ نۆ ساڵ لە قوتابخانەی گوندەکان وانەی گووتۆتەوە , دوای ئەوە لە قوتابخانەکانی شاری سەقز درێژەی بە وانە گوتنەوە داوە , تا لە ساڵی ١٩٩٣ خانەنشین کراوە .
ئەم هونەرمەندە کوردە لە ماوەی ژیانیدا بەردەوام بووە لە خزمەتکردنی هونەری گۆرانی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان و باشووری کوردستان , کە لە گەڵ چەندین گروپی موزیکی بەشداری کردووە و لە چەندین کۆنسێرت گۆرانی گووتووە بە سەرکەوتوانە بە گۆرانیەکانی وەك – ترووکە ترووکەی بەفر , کوێستانانی گرتی , گوڵی بەهار , ئای لەو ناوچەوانەی , نەغمەی ئازادی – لە گەڵ دەیان گۆرانی دیکە کە خاوەنداریەتی کوردی پێوەوە دیارە لە کوردستان .

٢٠٠٧/١٠/٣٠ رێکخراوی – هیومان رۆچ – لە نامەیەکیدا بۆ حکوومەتی تورکیا داوای کرد کە میلیشیا چەکدارەکانی بە ناوی – نیزامی پاسەوانی گوند – هەڵوەشێنێتەوە . کە مەترسیدار و گەندەڵیە لە سەر باری حکوومەتی تورکیا و پێویستە رێورەسمی قەدەخە کردنیان بگرێتە بەر ... سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی حکوومەتی تورکیا ... بەڵام حکوومەتی تورکیا هیچ

کــارێکی فــەرمی بەرامبــەر بــەو پاســەوانانە ئــەنجام نــەداوە ... چــونکە حکوومەتی تورکیا پێی وایە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا زەخیرەیەکی باشن بۆ دەنگدان ... جێگەی ئاماژە پێکردنەکە کە ئەو میلیشیا چەکدارانە کە بە پاسەوانی گوند ناو دەبرێن .

ئەمـەیان بـاش نیـە و ناویـان بـە قاچاغچی مـاددە هۆشـبەرەکان و ڕفانـدن و کوشـتن بەسـتراونەتەوە ... ئەمە و بـەپێی ئامـارە ڕەسمیـەکان – ٥ – هـەزار کەس لەوانە بە تاوانی کوشتن تاوانباران .

٢٠٠٧/١٠/٣٠ بەنـــــداوی مووســـــڵ



گــەورەترین بەنــداوە لــە ئێـراق و چـوارەم بەنـداوە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ، ئـەم بەنـداوە دەکەوێتـە بـاکووری شـاری مووسـڵ بـە دووری ٥٠ کیلـۆ مـەتر لە پارێزگای نەینـەوا . کـە دەکەوێتـە باشووری ڕۆژئاوای شـاری دهـۆك و لـە ناو خاکی هەرێمی باشووری کوردستانە .

جێگەی باسکردنە کە بەنداوی مووسڵ بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لـە ئێـراق بـە سـەرکردایەتی سـەدام حوسـێن ، نـاوی بەنـداوی سـەدام بـوو نـەك بەنداوی مووسـڵ . کـە بـەر لـە ئێسـتا ئـەم بەنـداوە بەرهـەمی وزەی کارەبـای ٣٢٠ مێگـاوات بـوو , بـەڵام لـەو بەنـداوەدا چـوار تـۆربین کاریـان دەکـرد و تۆربینێك ٢٠٠ مێگاوات لە وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنا .

هـەروا ئـەم بەنـداوە لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە سـەر زێـی دجلـە دەسـتی بـە دروسـت کردنی کرا لە لایەن چەند کۆمپانیایـەکی ئـەڵمانیا و ئیتالیـا – جیمـوود – و دیزاینـتی ئـەم بەنـداوەش لـە لایـەن کۆمـەڵێك لـە ڕاوێـژکاری سویـسری – سـویس کونـسلتانتس گـروپ – ئەنجامـدراو لـە سـاڵی ١٩٨٥ تـەواو کـراو بەنداوەکە پڕ ئاو کراو بووە دەریاچەی بەنداوی مووسڵ .

هەروا ئەم بەنداوە لە سەر ڕووبەرووی ٣,٢٠٠ کیلۆمەتر و بەرزی ١٣١ مـەتر دروسـتکراوە و زیـاتر لـە ١١,١٠٠ هەزار و سـەد مـەتر سێجا ئاو دەگرێ و

بەکار هێنانی ئەو ئاوەی کە بۆ وزەی کارەبا بەکاردێت ٨,١٠٠ ملیار مەتر سێجا .
بەلاَم لە دوای ساڵی ١٩٩١ ئەم بەنداوە هیچ کاری لە سەر نەکراوە بە نۆژەنکردنەوەی بۆتە هۆی دروستبوونی مەترسی لە رووخانی ئەم بەنداوە و دەبێتە هۆی لە ناوبردنی شاری مووسڵ لە ناوچەکەدا .

٢٠٠٧/١٠/٣١هێزێکی زۆر لە سووپای تورکیا بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر و تانکە وە هێرشێکی فراوانیان بردە سەر چیای چوودی و لە ئاکامدا لە گەڵ هێزی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان p.k.k رووبەرووی یەك بوونەتەوە و لەو شەڕەدا هەلیکۆپتەرێك بە تەواوی سەرنشینەکانی کەوتە خوارەوە ، کە ٦ سەرباز کوژران لە گەڵ ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب .
بەلاَم لەو شەڕەدا زانیاری لە بارەی زیانی چەکدارانی p.k.k. نەزانرا بە هۆی بوونیان لە سەنگەرە بە هێزەکانی ناو چیای چوودی لە باکووری کوردستان .

<u>تێبینی:- ئەم کتێبە لە ٢٠٠٩/8/٣٠, لە کاتژمێر ١٠ دەی ئێوارە تەواو بوو ... کە لە ٢٠٠٦/٣/١ دەستکرا بە ووربین کردن و ووێنە دانان ، کە رۆژانە بە رێژەی پێنج کاتژمێر کاری لە سەر کراوە لەم ماوەیەدا</u>

سەرچاوەکان

١- میدیا (ئی - م- دیاکۆنۆف) دار الحکمة - لندن.
٢- چەند لاپەڕیەك لە مێژووی کورد- لازاریف.
٣- الثقافة الجدیدة- گۆڤارێکی مانگانەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقە.
٤- بیری نوێ- گۆڤارێکی وەرزی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانە.
٥- کوردستان والکرد- جواد مەلا- وطن مقسم وامة بلا دولة.
٦- رادیۆی لەندەن- پرۆگرامی السائل والمجیب.
٧- رۆژ ژمێری - پانۆرامای کوردستان.
٨- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی کورد بەشی /١-٢، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.
٩- هەوڵم داوە لەتەلەفزیۆن و گۆڤارو رۆژنامەکان کۆم کردۆتەوە لەگەڵ نووسینەکانی خۆم کە دەستنووس بوونەو بابەت لەدوای بابەتی جیاجیا بڵاووکراونەتەوە.
١٠- کوردستان‌و کورد- شەهید دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ.
١١- شۆرشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری- محەمەد حەمە باقی .
١٢- شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان.
١٣- کورد- باسیلی نیکیتین- وەرگێرانی: دکتۆر نووری تاڵەبانی .
١٤- المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط- د. حامد محمود عیسی .
١٥- ساڵنامەی کوردستان- دانانی: عەلی کەندی - چاپی سێیەم - تاران- ٢٠٠٦.
١٦- تأریخ الدولة العثمانیة - مامۆستا محمد فرید المحامي ، چاپی نۆیەم - دار النفائس- بیروت .
١٧- سنتان فی کوردستان- ١٩١٨-١٩٣٢ - دیلیوە- آ- هی فەرمانرەوای رامیاری هەولێر- وەرگێرانی: فوئاد جەمیل -چاپی یەکەم- بەیرووت.
١٨- القانون الدولي العام - دکتور عصام العطیة - چاپی شەشەم- ٢٠٠١ - وەزارەتی باڵای فێرکردن‌و تووێژینەوەی زانستی- بەغدا.
١٩- رۆژنامەی (الحیاة) چاپی بەیرووت - ژمارەی ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠٠٢-٢٠٠٣-٢٠٠٤-٢٠٠٥- ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ .

٢٠- رۆژنامەو گۆڤارەكانی هەرێمی كوردستان- خەبات - كوردستانی نوێ - گوڵان- رامان - كاروان - سەردەمی عەرەبی- رێگای كوردستان- گوڵانی عەرەبی- سەنتەری برایەتی.

٢١- فەرهەنگی رووداوەكانی كوردستان‌و وڵاتانی جیهان- دانانی: عەلی كەندی - چاپی یەكەم- تاران - ٢٠٠٥.

٢٢- كەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرە - پرۆگرامی (في مثل هذا اليوم).

٢٣- اسرائيل الكبرى - دراسة في فكر التوسعي الصهيوني - دكتور اسعد زوق - دار الحمراء-بيروت. الطبعة الرابعة - ٢٠٠٣.

٢٤- تأريخ اوروبا في العصر الحديث- دانانی : هـ. ا. ل. فيشر- دار المعارف- چاپی نۆیەم.

٢٥- قصة الحضارات - دانانی - ول ديورانت - وەرگێرانی: محمد بدران- مصر- مهرجان القراة للجميع.

٢٦- معجم الحروب - دانانی : دكتور فردريك معتوق- چاپی یەكەم- بەیروت- لوبنان.

٢٧- لمحات اجتماعية عن تاريخ العراق الحديث - دكتور علی الوردی - توزيع مكتبة الصدر- تاران - ئێران.

٢٨- التاريخ الاسلامی - دانانی: دكتور محمد شاكر - المكتبة الاسلامية- چاپی هەشتەم- بەیروت - ٢٠٠٠.

٢٩- الارهاب الدولي وانعكاساته على الشرق الاوسط خلال الاربعين قرنا- دانانی سفير: دكتور حسين شريف- الهيئة المصرية العامة للكتاب- ١٩٩٧- میسر.

٣٠- دراسات في الحركة الكردية المعاصرة- ١٨٣٣ -١٩٤٦ دانانی: دكتور عوسمان عەلی- چاپخانەی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی باشووری كوردستان.

٣١- القاموس السياسی - ئامادەكردنی: احمد عطية - چاپی سێیەم- دار النهضة العربية -شارع عبدالخالق - قاهیرە - میسر.

٣٢- تاريخ الوزارات العراقية - دانانی : عبد الرزاق ئەلحوسنی - چاچی شەشەم- بيروت - ١٩٨٢,

٣٣- نەتەوەكان‌و دەوڵەتی سۆڤیەت - هیلین كاريردا كلوس- وەرگێرانی بۆ زمانی عەرەبی: هزی عبود - بەیروت - چاپی یەكەم- ١٩٧٩.

٣٤- مقالاتی - شەهید سامی عەبدولرەحمان- باشووری كوردستان- هەولێر.

٣٥- عەبدولكەریم قاسم - رؤية بعد الشعرين- حسن العلوی- چاپی یەكەم- العراق..

٣٦- الحياة السرية لصدام حسين - دانانی: انيس الرغيدی- چاپی یەكەم -٢٠٠٤- میسر.

٣٧- راپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دەریسم- هانز- لۆکای کبیسیر- ١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیریٚ- وەرگێرانی لەفەڕەنسیەوە - نەجاتی عەبدوڵڵا.

٣٨- کوردستانی پشت قەفقاس- دکتۆر -ئەفرسیاو هەورامی - لەبڵاوکراوەکانی - ژین- باشووری کوردستان- سلێمانی.

٣٩- تاریخ العراق بین احتلالین - پارێزەر - عەباس عەزاوی چاپی یەکەم- هەشت بەشەکە.

٤٠- شەرەفنامە -شەرفخانی بەدلیسی -وەرگێرانی هەژار - ١٩٧٣ لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد بەچاپ گەیاندراوە- چاپخانەی نعمان - نەجەف.

٤١- کوردو کوردستان - بەرگی ١-٢-٣ محەمەد ئەمین زەکی - لە دار اسلامی بغداد بەچاپگەیاندراوە -١٩٣١.

٤٢- کوردو عەجەم - نەوشیڕوان مستەفا ئەمین - مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران - سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلێمانی -٢٠٠٥.

٤٣- کورد - تورک - عەرەب- سیسیل جون ئیدمۆندی- وەرگێرانی حامد گەوهەری- دەزگا، چاپ و بڵاووکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤.

٤٤- فی الاداب (ف. إ. لینین) - وەرگێرانی لە رووسیەوە- یوسف حلاق بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری - دیمەشق -سوریا -١٩٧٢.

٤٥- مێژوو - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد - بە یاریدەدەری ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری ولاوان چاکراوە -بەغدا ١٩٨٣.

٤٨- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد- بەرگی دووەم- ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە- هەولێر - چاپی یەکەم - ٢٠٠١.

٤٩- یاداشتەکان - رەفیق حلیمی -بەشی یەکەم و دووەم - کوردستانی ئێراق شۆڕشەکانی شێخ مەحمود -چاپخانەی رۆشنبیری - بەغدا - ١٩٨٨.

٥٠- هەڵوێستنامە- عەلی کەندی - بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٦.

٥١- قصة الدیانات -سلیمان مەزهەر - کتێبخانەی مەدبولی - چاپی دووەم - کۆماری میسر - ٢٠٠٣ .

٥٢- کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهان - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد - وەرگێرانی بۆ عەرەبی: دکتور محەمەد مەلا عەبدولکەریم - چاپی دووەم - بەغدا - ١٩٨٤.

٥٣- راپــەڕینی شــێخ ســەعیدی پــیران - رۆبــەرت ئۆلــسن -١٨٨٠-١٩٢٥ وەرگێرانــی ئەبوبەکر خۆشناو- زەنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم - سلێمانی - ١٩٩٩.

٥٤- تــاريخ الاكــراد- تۆمــاس بــوا- وەرگێرانــی - محەمــەد تیــسیر مېرفــات - دار الفكــر المعاصر- بيروت -لوبنان - چاپی یەکەم -٢٠٠١.

٥٥-حول مسألة الاقطاع بين الاكراد - أ. شاميليۆف- وەرگێرانــی- دکتــۆر کــەمال مەزهــەر ئەحمەد - چاپی دووەم- بەغدا - ١٩٨٤.

٥٦- قضايا كردية معاصرة - كركوك والانفــال -الكــردو توركيــا - دكتــور جبــار قــادر - دار ئاراس للطباعة والنشر - چاپی یەکەم - ٢٠٠٦.

٥٧- کورد لەجەنگی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا . پ. ی- ئەڤیریانۆف -وەرگێرانــی لــە رووسیەوە دکتۆر ئەفرسیاو هەورامی -سلیمان -٢٠٠٤.

٥٧- كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير - دراسة وثائيقة عــن قــضية الكرديــة في العــراق - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد= بەشی یەکەم - وەزارەتی رۆشنبیری حکومــەتی هەرێمی کوردستان -سلێمانی .

٥٨- المستبد - زهیر ئەلجەزائری - صناعة القائد - صناعة الشعب- چاپی یەکەم - بیروت -بەغدا -٢٠٠٦.

٥٩- عــصر نــاپلیۆن - تــاريخ الحــضارة الاوروبيــة ف ١٧٨٩-١٨١٥ - ول ديورانــت - وەرگێرانی دکتۆر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا شێخ - دار الجبل - بيروت -٢٠٠٢.

٦٠- تاريخ الرومان - دانانی نجيب ابراهيم طراد -تقديم دكتور محمد رينهم عــزب - مكتبــة ومطبعة القدر-١٩٩٧.

کورتەیەك لە ژیاننامەی - نووسەر



گەر بەراوود لە نێوان ژیاننامەی نووسەران بکەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەران، یاخوود دانەران ، جا لە هەر بوارێك بن ، بگرە لە نووسینەوەی مێژووو جووگرافیاو زمان وکەلتوورو داب ونەریت و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەك لە سەر گۆی زەویدا .

کە ژیاننامەی نووسەران زۆر لە یەك دەچێ ، جا لە بواری هەژاری و کەم دەرامەتی بێت ، یاخوود لە ئاستی بڕوانامەی خوێندن بێت ، یاخوود لە ئاستی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان بێت .

بەڵام سەرچاوەی بوونی تووانای نووسەر لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا ، هۆکاری ئێش وئازار و نالەباری ئەو نووسەرەیە لە ناو پەیووەندیەکانی کۆمەڵگاو لە نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا .

ئەویش بە هۆی چەوسانەوەو نەبوونی داد پەروەری لە دەسەڵا ت و پەیووەندیەکان لە هەموو بووارەکانی ڕامیاری و ئابووری بازرگانی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و زمان و مێژوو داب و نەریت و و کەلتوورو شارستانیەت.

بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردو مێژووی چەوسانەوەی داگیرکردنی و لەت لەتکردنی لەلایەن ڕژێمەکانی دابەش کەر، لە پێناو پاراستن و بتەووکردن وبە هێز کردنی بەرژەوەندیەکانیان . بە دروستکردن و پێکهینانی دەووڵەت لەسەر خاکی گەلانی دیکە لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا ، لەوانەش گەلی کوردو خاکی کوردستان .

جا علی کەندیش یەکێکە لەو نووسەروو دانەرانەی کە بەو قۆناخە نا لەبارانە تێپەر بووەو بۆتە هۆی سەرچاوەی پێنووسەکەی بەنووسین و گەیاندنی پەیامەکەی بۆ کۆمەڵگای گەلی کوردستان . کە ئەویش:-

ناوی تەواوی — عەلی عوومەر عەلی فەتاح - ە و ناسراو بووە بە – عەلی کەندی — و لەساڵی ١٩٥٣ لە گووندی سەر بەشاخ ، کە مەڵبەندی هۆزی سیانەو سەر بەناحیەی دیبەگەی سەربە قەزای مخموری پارێزگای هەولێرە لە باشووری کوردستان ، چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جووتیار لەم گووندەدا .

هەروا عەلی کەندی بۆ یەکەم جار لە لای مەلای ئاینی ئیسلامی دەستی کردووە بە خووێندن لە حووجرەی فەقێیان لە مزگەوتەکان .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٠ چۆتە قوتابخانە لە قەزای مەخموور . جا لەوکاتە بەهۆی هەژاری خێزانەکەی و نەبوونی توانای دارایی باوکی ، لەگەڵ خووێندن لە پشووی هاوینە کاری کردووە ، بە کاری بەرخەوانی و شووانی و کرێکاری درووێنە کردن و جووت کردن و کاریدیکەی لە توانایدا هەبووە ، لە پێناو بەرەو باش بوونی باری گووزەرانی ژیانی خێزانەکەو یارمەتی دانی باوکی لەم بووارەدا .

هەروا دوای تەواوکردنی قۆناخی خووێندنی سەرەتایشی بە دەرچوونی بە پلەی دووەم لە سەر ئاستی قەزای مەخموور لە خووێندن و بەهۆی باری رامیاری و بیروو بۆچوونی ئەو خێزانەوە ، لە هەمان کات بە هۆی هەڵوویستی عەلی کەندی فەرمانی دەست گیر کردنی لە مانگی/ ١٩٦٦/٧ لەلایەن داروودەستەکەی رژێمی بەعسی بۆ دەردەچێ لە قەزاکەدا .

هەر بەم هۆکارەش لە ١٠/ ٩ / ١٩٦٧ ڕووی لەشاخەکانی کوردستان کرد بە پەیووەندی کردنی بە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلولی مەزن لە لقی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لقی / هەرێمی کوردستان ، لە دەڤەرەکانی ڕانیە و قەلادزێ و ڕەواندوزو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو بە ردەوام بوونی تاکوو ٢٠ /٣ /١٩٧٢ .

لەو ماوەیەشدا بەهۆی خراپی باری خێزانەکەی لە کاتە بەردەستەکانی کاری کردووە بۆئەوەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەرەو باشتر ببات لەو کاتدا .

دوای ئەوە گەراوەتەوە پارێزگای هەولێرو چۆتە قەزای مەخموور بۆ کاری پارتایەتی و بۆتە کادیر لە قەزای مەخموورو بە بەردەوام بوونی لە پایەکانی لە پارتی کۆمۆنیست تاکوو ١٩٧٩/٣/١٢ ، کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیست بووە لە لیژنەی پاریزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

دوای ئەوە لە ١ / ٧ / ١٩٧٥ چۆتە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەویش بە خووێندنی لە پەیمانگای زانستە کۆمەلایەتیەکان ، ی سەر بە ئەکادیمیای زانستی کۆمەلایەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە دەر چوونی بە پلەی زۆر باشە لە پیمانگایەدا ، تاکوو ١٥/ ٨ / ١٩٧٧ دا و دوای ئەوە گەراوەتەوە کوردستان لە

پارێزگای هەولێر قەزای مەخموور لە دەڤەرەکەدا .
دوای گەرانەوەی لە سۆڤیت لە ١٩٧٨/١٢/١٢ خێزانی پێك هێناوە و باوکی پێج کورە ، و هەموویانی بە ئامانجێکی باش گەیاندوو لە پلەکانی فەرمانبەریەتی و سێ لە کورەکانی خێزاندارن لە شاری هەولێردا .
هەر لە ١٩٧٩/٣/١٢ بە فەرمانبەر دامەزراوە لە بەرێوەبەرایەتی گەشت و گوزار لە هاوینە هاواری سەلا حەدین – پیرمام - لە کۆمەلگای سەرە رەش لە پارێزگای هەولێر ، بە بەردەوام بوونی کاری فەرمانبەرێتی . سەرەرای ئەوەش لە دوای سالی هەشتاکان بەهۆی مل کەچ نەکردنی بۆ داخوازیەکانی دارو دەستەکی بەعس لە کوردو عەرەب ، کە لە ١٩٨٢/٢/١٣ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمی هەولێر دەست گیر کراوەو رەوانەی – الهیئة الخاصة – لە شاری کەرکوك زیندانی کراوەو بـــــــۆ ماوەی حەوت مانگ گیراوە تاکوو ٦ / ٨ /١٩٨٢ . ئازاد کراوە بێ ئەوەی هیچ کەسێك لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکان و کە سایەتیەکان تووشی ئێشوو ئازارو ئەشکەنجە بکات – واتە ئیعتراف نەکردن – و بە سەربەرزی لەو زیندانانەی شەقلاوەو مسیف سەلاحەدین وهەولێرو کەرکوك دەرچووە .
دوای ئەوە بۆ جاری دووەم لە ١٩٨٥/٥/١٩ لە لایەن پیاوانی موخابەراتی پارێزگای مووسڵ ، کە لەو کاتە سەرباز بوو لە مەدرەسە قتالی مووسڵ دەستگیر دەکرێ و رەوانەی موخابەراتی گشتی شاری کەکوك دەکرێت ، کە ئەم بەرێوەبەراتیە گشتیە بۆ هەموو شارەکانی کوردستان بوو وەك مووسڵ و کەرکوك و هەولێرو سلێمانی ودهۆك . کە فەرمانی دەست گیرکردنی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرو ئەمنی باکوورو ئیستخبارات و موخابەرات لە هەردوو پارێزگای مووسڵ وهەولێری بۆ دەرچوو بوو .
لەئاکام لەم رۆژەدا دەستگیرکراو لـــــــە زیندانەکانی مووسڵ وکەرکوك مایەوە تاکوو ١٧ / ٩ / ١٩٨٥ بە ئازادکردنی لە دوای داد گایی کردنی ، کە هیچ بەلگەیەك نەیتووانی تاوانباری بکات بەهۆی دان نەنانی بە کارە نەهێنیەکانی کە لەو کاتدا ئەنجامی دەدا.
هەوا بۆ جاری سێیەم لە ٢٥ / ٩ /١٩٩٠ لە لایەن ئەمنی هەولێر دەستگیرکراوەتەوە لەسەر هەمان بیروو بۆچوو ن وهەلوویست . بەلام بۆ ماوەیەکی کەموو دوای ئەوە ئازاد کرا .
لە دوای ٣/١٢ /١٩٧٩ تاکوو راپەرینی گەلی کوردستان لە ١٩٩١/٣/٥ بە سەدان جار لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات لە پارێزگای هەولێر بانگ هێشت کراوەو لێکۆلینەوەی لە گەلّ کراوەو لە دوای ووتە ناشیرینەکانیان و ئیهانە کردنی عەلی کەندی ئینجا رێگەیان پێداوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانیان دەرچێ .

سەرەرای ئەوەش بۆ دووجار لە ریزی سەربای سووپای ئیراق بووه بۆماوەی ٤،٥ چوارسال و نیوو ، بەلأم ئەو کەسانەی کە کورد بوون و رەفیق حزبیی و ئەمن جاشی خۆ فرۆش ودووژمنی کوردو کوردستان بوون دژی مامۆستا عەلی کەندی بوون بە نووسینی راپۆرت لەسەری و بە زیندانی کردنی ...؟...! . کە ئێستاش لەجاران رۆلأیان و باری ژیانیان باشترە لە هەمان دام ودەزگا ئەمنیەکان و حکوومەت و خاوەنی هەموو شتێکن ، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ، بەلأم مامۆستا عەلی کەندی تا تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە خاوەنی – یەك سم زەوی نیە نەك لە سەر گۆی زەوی بگرە لەسەر خاکی کوردستانیشدا و ماوەی ژیانی لە کرێ چییایەتی بردۆتە سەر لەم بارو دۆخە تەنگەدا ، و عەلی کەندیش هەر وەك جارانە لە بیرو بۆچوون و هەڵوێستەکانی بەردەوامەو رۆژێك لە رۆژانیش مل کەچی هیچ لایەنێك نەبووە ، نە لەڕابردوو و ئێستادا ، بۆ سەلماندنی ئەم ووتان . نووسینەکان ودانراوەکانیشی شاهیدن بۆ ئەم ڕاستیانە .

لە بەرهەم وبلأکراوەکانی– دانەر – نووسەردا

لە گەڵ ئەوەشدا عەلی کەندی لە بارەی دەستکردنی بە نووسینەکانی کە دەگەرێتەوە بۆ سالی ١٩٧٤ ، کە لەو کاتەی لە شاری بەغا بوو ، یەکەم بابەتی لە رۆژنامەی — تەریق ئەلشەعب – کە زمانحالی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوو ، لە سەر باری رامیاری و نەتەوەیی بلأوکردەوە لە رۆژنامەکدا . دوای ئەوە لە نووسین بەردەوام بووە بە پێی باروو دۆخەکانی رامیاری و نەتەوەیی و بووارەکانیدیکەدا . بەرهەمەکانیشی ئەمانەن :-

١- ساڵنامەی کوردستان ، کە یەکەم بەرهەمی نووسینەکانە .

٢- فەرهەنگی رووداوەکانی کوردستان و وولأتانی جیهان ، کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان – چاپی یەکەم /٢٠٠٥ .

٣- مێژوونامە – کە ئێستا لە بەردستدایە ، چاپی یەکەم / ٢٠٠٦ .

٤- زانین – کە فەرهەنگێکی – کوردی – عەرەبی – رووسیە ، کە ئەویش بەرەوە بە چاپکەیاندن هەنگاو دەنێ .

٥- نەخشەی جیهان – بە زمانی کوردی بە ناونیشانی – کورد لە نێوو نەخشەی رامیاری جیهان – کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان . ئەم نەخشەیە ١٠٠٠٠ دە هەزار دانەی لێ چاپکرا لە ئێران ، بەلأم لە لایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران دەستگیر کرا . دوای ئەوە وەك هەدییە لە ٢٠٠٨/٨/٤ پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا ، لە ریگەی بەرێوە بەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان – کاك

ئاراز نەجمەدین — لە هەولێر .

٦- سالنامەی کوردستان — بە شێوەی بچووك — تقویم مەنزەدی — کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان .

٧- هەلوویستنامە - ٢٠٠٦ – بەرگی یەکەم ، کە ئامادەیە بۆ چاپکردن .

٨ ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان —چاپی دووەم /٢٠٠٨ .

٩- ئافرەت لە پەیووەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ، هەنگاو دەنێ بەرەو بە چاپگەیاندن .

١٠- دەفتەری زانیاری — بەندە بە پارکی سامی عەبدولرەمان لە شێووەی — شریت — کە ٢,٥٥ مەتر درێژیەتی ،ئەویش بۆ یەکەم جار بووە لە کوردستان .

١١- بلاوکردنەوەی زیاتر لە — ٧٥ — بابەت و لێکۆڵینەوە لە بووارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و جووگرافی وپەیووەندی کۆمەڵایەتی و ئافرەت و توویژی گەنج ، لە رۆژنامە وگۆڤارەکان ، لە سەر باروو دۆخی کوردو رووداوەکان لە گەڵ وولاتانی داگیر کەری کوردو کوردستان و رامیاریەتی لە پەیووەندی نێوو دەووڵەتیدا .

١٢- لە دوای ئەوانە ، ئەوا ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەتان بە چوار/٤ بەرگ کەوتە بەردەستتان وەك بڵێی هەگبەی مێژوو لە بەر دەستتان بێت لە هەموو بووارەکانی — رووداوو ، بە سەرهات و ، رێکەووتن و ، شەرو ، ئاشتی و ، نەتەویی و ،نیشتیمانی و، رامیاری و ، جووگرافی و ، سەر بازی و ، ئابووری و ، بازرگانی و ، کۆمەڵایەتی و ، رۆشنبیری و ، مێژوو و ، زمان و ، داب و ، نەریت و ، کەلتوور و ، شارستانیت , لە گەڵ رووداوەکانی پزیشکی و ، گەردوونی و ، وەرزش و ، رووداوەکانی فرۆکە و ، گرکان و ، گوومە لەرزەو ، ئاژەڵ و ، چەندین بوواری دیکە لە جیهاندا .

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٣٦٢	البعد السياسي للمشكلات القومية "الكرد نموذجا"	د.خليل اسماعيل محمد	دراسة	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٣	خۆری نارابخا کەرکوك و ژیانی عەبدولڕەحمانی نفووس	زانیار سەردار	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٤	الاعلام... والصحافه	صابر محمود عبدالله	دراسة	١٥٠٠	١٢٠
٣٦٥	هەڵوێستەکان، دەسکەوتەکان و وتارو دیمانەکانی (سەرۆك مسعود بارزانی)	ئا: مستەفا سلیم	وتارو دیمانە	-	٥٥٢
٣٦٦	لە درزی هزرەوە	بەهزاد حەویزی	وتار	١٥٠٠	٢٥٦
٣٦٧	توانەوە	غەفوور ساڵح عەبدوڵلا	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٤
٣٦٨	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الاول	٦٠٠٠	٧٨٤
٣٦٩	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الثاني	٧٠٠٠	٨٩٦
٣٧٠	ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی	د. شێرکۆ بابان	لێکۆڵینەوە	٣٠٠٠	٣١٢
٣٧١	مێژووی هونەری فۆتۆ	د. فەرهاد پیرباڵ	لێکۆڵینەوەی مێژوو	٣٠٠٠	٩٦
٣٧٢	پەنکە زێرینە	سەید مەولود بێخاڵی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	٨٠
٣٧٣	کێ پەنیری من ڤەگوهاست؟	و:ناهیدا دری	چیرۆك	١٥٠٠	١٠٤
٣٧٤	کانەبییان	ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٢٤
٣٧٥	مناخس الالم	د.بشير الطوري	شيعر	١٠٠٠	٢٢٤
٣٧٦	مسرحيتان كوميديتان	عادل دنو	مسرحيه	١٠٠٠	٤٨
٣٧٧	چنینەوە	د. لەتیف محەمەد حەسەن	شیعر	٢٠٠٠	٤٤٨
٣٧٨	کورد و سیستمی نێو دەوڵەتی	د.عوسمان عەلی میرانبەگ	لێکۆڵینەوە	١٥٠٠	١٥٢
٣٧٩	ئاسمانی گەڵا بابردووەکان	نەرمین جەعفەر	شیعر	١٠٠٠	١٢٠
٣٨٠	گۆڤەندێك لە هەڵبەست	موسی زاخۆرانی	شیعر	١٠٠٠	١٠٤
٣٨١	کەلەپووری کوردەواری	عەباس چنارانی	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٨٨
٣٨٢	تراژیدیای کوردان	وریا ڕەحمانی	ڕاپۆرتی سیاسی	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٣	بانگهێشتێك بۆ سەرهەڵدان	ئاشتی فەلەکەدین	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٤	لە پێناوی تازەگەریی فیکریدا	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٥٤٤
٣٨٥	ئاگرپژێن و بوومەلەرزەکان	و: ئەمیرە ئیسماعیل	زانستی	٣٠٠٠	١٤٤
٣٨٦	ملحمة سيامند وخجه	مصطفى خۆشناو حمو	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١١٢
٣٨٧	گەشت و گوزار	قادر باوەجان	گشتی	٥٠٠٠	٤٠٠
٣٨٨	نامەیەك لە قوبرسەوە	ئازاد کەریمی	کورتە چیرۆك	١٠٠٠	٨٠
٣٨٩	چەند لایەنێك ژدیرۆکا ئیسلاما سیاسی	و. جەمال عەبدوڵا	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	٩٦
٣٩٠	چالاکیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری/٢٠٠٨	ئا: ڕوقیە عەبدوڵا	چالاکی	---	١٦٠

٣٩١	جەژنێك بۆ پیر	رەووف مەحمود پوور	لێكۆڵینەوە	٤٠٠٠	٣٦٨
٣٩٢	دوایین هەستی ترسناك	سەرهەنگ جەمال	رۆمان	١٥٠٠	١٣٦
٣٩٣	پەرەسەندنی کوردستانی نوێ	و.جەمیل محەمەد نەرگوشی	رامیاری	٤٠٠٠	٦٤٠
٣٩٤	فرمێسك و تەمەن و خەون	ماریە ئەحمەد	شیعر	١٠٠٠	١٧٦
٣٩٥	برکان التنهدات	دانیال شابۆ	شیعر	١٠٠٠	١٦٠
٣٩٦	دیپلۆماتیك	ماجید نوری	پرۆژە	٥٠٠	٤٠
٣٩٧	مێژووی هاوچەرخ	خالید حەرکی	مێژوویی	٤٠٠٠	٦٦٤
٣٩٨	ناوکبڕینی بۆشایی	محەمەد باوەکر	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٣٩٩	لەپێناوی تازەگەری فیکریدا - بەشی دووەم	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٤٠٨
٤٠٠	رێنسا	محەمەد وەسمان	پەروەردەیی	٢٠٠٠	٨٠
٤٠١	ستاتیکای شاکاری کوردی	تاریق کارێزی	شێوەکاری	١٥٠٠	١٢٠
٤٠٢	ماڵئاوایی	مجوول ئیسماعیل	شیعر	١٠٠٠	٨٠
٤٠٣	کورد... عەرەب... شۆڤێنیزم	بەهرام محەمەد (کاکل)	سیاسی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٤	رەنگدانەوەی زەمبیل فرۆش لە ئەدەبی میللی کوردیدا	ئیدریس عەبدوڵلا	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٥	ئەفسانەی میرە گوڵ	محەمەد رەشید فەتاح	رۆمان	١٥٠٠	٢٦٤
٤٠٦	کەلەپوورنامەی کوردەواری	یاسین حەسەن گۆران	فۆلکلۆری	٢٠٠٠	٢١٦
٤٠٧	کورتنووسی لە زمانی کوردیدا	وشیار بەشیر مستەفا	زمانەوانی	١٥٠٠	٢٢٤
٤٠٨	المدن ولعبة الاجیال	محمد مسعود محمد	دراسة	٣٠٠٠	٣٧٦
٤٠٩	أمتلیء عشقا منك	فریدون سامان	ترجمة شیعریة	١٥٠٠	١٣٢
٤١٠	هونەرێ ئەڤاندنێ	د. لەزگین ئاڤدرەهمانی	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٠
٤١١	خەزینا زانستی د (١٠٠٠٠) پرسیار و بەرسڤادا	محەمەد ساڵح پێندرۆیی	رۆشنبیری گشتی	١٠٠٠٠	٨٣٢
٤١٢	دیوانی خاڵۆ	مەهدی فاتیح	شیعر	٤٠٠٠	٤٦٤
٤١٣	گرافیکەکانی کوردستانی	محەمەد عارف	هونەری شێوەکاری	٥٠٠٠	٦٧٢
٤١٤	یۆگا	و: حەمید گەردی	گشتی	٤٠٠٠	٦٢٤
٤١٥	شەوێ بەیادی گەڕانەوەت	دەرباز یونس	شیعر	١٥٠٠	٢٠٤

٤١٦	ئەڵمانیا.. جوگرافیا .. کلتور	باهۆز مستەفا	گشتی	٤٠٠٠	٢٢٤
٤١٧	با پەیفەکان بەردەوام بن	و: خەسرۆ پیربال	شیعر	١٥٠٠	١٤٤
٤١٨	یاشام پۆتاسیندا پیشەن سوزجوکلر	حسام حسرت	شیعر	١٥٠٠	١٦٠
٤١٩	پاییز فەراموش بکە	و: لەیلا محەممەد تەها	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٨
٤٢٠	خمسون أعجوبة من عصر (توت عنغ امون)	ترجمة: نضال الاغا	تأريخي	٤٠٠٠	١١٢
٤٢١	المنهاج الصحي الاول	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	٢٥٠٠	٢٦٤
٤٢٢	التغذية الصحيحة أساس الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	١٦٠
٤٢٣	برنامج نمط الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٠٠٠	٤٨
٤٢٤	اناستاسيا	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	٢٢٤
٤٢٥	هونەری هێلکاری گیانداران	و: پەروین خدر ئیبراهیم	هێلکاری	٦٠٠٠	١٤٤
٤٢٦	کێشەی کورد	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٦٤
٤٢٧	بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٣٢٠
٤٢٨	کوردستان یان نەمان	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٨٠
٤٢٩	کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو ١٩٥٤	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٢٤
٤٣٠	سەفەرێك بۆناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان	و. ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	٦٠٠٠	٥٤٤
٤٣١	بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا	و. ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	١٤٤
٤٣٢	پەل و خولی	تەحسین ناڤشکی	رۆمان	١٠٠٠	٤٢٤
٤٣٣	بەیانیت باش کۆمپیوتەرەکەم	ئەنوەر خدر بایەزید	زانستی کۆمپیوتەر	٨٠٠٠	٥٣٦
٤٣٤	تفەنگا ب خوین	عەگیدێ چەرکس	رۆمان	٣٠٠٠	٤٠٨
٤٣٥	أبو اسحق الصابي: درر النثر وغرر الشعر	قيس مغشغش السعدي	تأريخي	٣٠٠٠	٤٦٤
٤٣٦	ئاڵای کوردستان لە نێوان شەریعەت و یاسادا	عەبدولستار ئەحمەد	توێژینەوە	١٥٠٠	٦٨
٤٣٧	کیژە سابلاغی	ئیبراهیمی قادری	گۆرانی و ژیاننامە	٤٠٠٠	٤٥٨
٤٣٨	ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە (٤) بەرگ	علی کەندی	گشتی	١٠٠٠ بۆ بەرگ	٦٨٠

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ENCYCLOPEDIA OF HISTOGRAPHY

1/1/2001 - 31/10/2007

Ali Kandy

لەم مەیدانە گرنگەی کولتوری هەموو نەتەوەیەك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە . ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە ، بەڵکو لە هەموو گیتیدا سوود بە خوێنەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن کەچی نووسینەکانیان دەبن بە سەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك .

د. مارف خەزنەدار

ی مایسی ٢٠٠٧

ئەم خەمخۆرییە تاقەکەسییە کەلەلایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆر و ئارامیکی ئەیوبییانەی گەرەکە، لەبەر ئەوەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لەخۆ دەگرێ.

تارق جامباز

٢٠٠٩/٨/١٠

کارێکی کەلتووری مەزن ... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە ((ئینسکلۆپیدیایە- مێژوونامە)) قەلایەکی کلتووری مێژووی مەزنە، وەکو قەلای شاری مێژوو - هەولێر-، هەردەم زیندووە.

مومتاز حەیدەری

٢٠٠٩/٧/٧

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەش کتێبخانەی کوردی بکات، بەتایبەت کەهێشتا کتێبخانەی کوردی لەزۆر بواردا هەژارە.

د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور

٢٠٠٩/٧/٢٥

Second Edition - 2009

Shouthern of Kurdistan - Erbil

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر